هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٢

ساڵی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و دوو

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٠٤

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی (٢٠٠٣)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
بەرگی: ٣٢
چاپی یەكەم: ٢٠٠٤
تیراژ: ٥٠٠
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١) خولی گواستنەوە — هەینی ٢٠٠٢/١٠/٤ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی گواستنەوە — سێ شەممە ٢٠٠٢/١٠/٨ ل٣٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی گواستنەوە — سێ شەممە ٢٠٠٢/١٠/١٥ ل٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤) خولی گواستنەوە — پێنج شەممە ٢٠٠٢/١٠/٣١ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی گواستنەوە — سێ شەممە ٢٠٠٢/١١/٥ ل١٠٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ٢٠٠٢/١١/٦ ل١٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی گواستنەوە — پێنج شەممە ٢٠٠٢/١١/٧ ل٢١١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی گواستنەوە — سێ شەممە ٢٠٠٢/١١/١٢ ل٢٣٤

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٩) خولی گواستنەوە — شەممە ٢٠٠٢/١٢/٧ ل٢٦٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ٢٠٠٣/١/٨ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١١) خولی گواستنەوە — پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٣/١ ل٢٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٢) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ١٥/ ٢٠٠٣/١ ل٢٩٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ٢٩/ ٢٠٠٣/١ ل٣٥٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ٥/ ٢٠٠٣/٢ ل٣٧٥


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی گواستنەوە — پێنج شەممە ٦/ ٢٠٠٣/٢ ل٤٠٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی گواستنەوە — چوار شەممە ١٩/ ٢٠٠٣/٢ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی گواستنەوە — سێ شەممە ٢٥/ ٢٠٠٣/٢ ل٥١٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی گواستنەوە — یەك شەممە ٢/ ٢٠٠٣/٣ ل٥٢٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٩) خولی گواستنەوە — یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٣/٣ ل٥٥٧



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)**

**هەینی رێکەوتی ٤\١٠\٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)ی خولی گواستنەوە

## هەینی رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٤

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز درۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله

سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(١)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق،دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی گواستنەوە لە کات (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی هەینی رێکەوتی ٤\١٠\٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- وتاری سەرۆکایەتی.
٢- پرکردنەوەی (نیساب) بە پێی رێکەوتننامەی واشنتۆن (١٧\٩\١٩٩٨).
٣- پەسەند کردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن لە (١٧\٩\١٩٩٨).
٤- وتاری بەڕێز کاك مەسعود.
٥- وتاری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی.
٦- وتاری خاتوو میتران.
٧- خوێندنەوەی بروسکەی پیرۆزبایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە یەکی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، زۆر بەڕێز جەنابی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کاکە مسعود بارزانی، زۆر بەڕێز جەنابی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال تاڵەبانی، زۆر بەڕێز مەدام میتەرانی خۆشەویست، بەڕێزان سەرۆك وەزیران و خوشك و برا وەزیرەکان، رێزداران میوانە بەڕێزەکان، خوشك و برا پەرلەمانتارەکان، جێگای سەربەرزیمە ئەمڕۆ بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان گەرمترین سلاّوتان ئاراستە بکەم، رێزو سوپاستان بۆ بخەمە ڕوو، زەحمەت کێشانتان و ئامادە بوونتان مایەی ئەوپەری شانازیمانە. بەڕێزان ئەمڕۆ بەحەق رۆژێکی مێژووییە لە ژیانی گەلی کوردستاندا کە دەبینین هۆڵی پەرلەمان گشت ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی سەرەکی و لیستە پەرلەمانییەکانی گرتۆتە باوەش، پاش لێك جودابوونەوەی ساڵانی رابردوو، ساڵانی بارگرژی ناوخۆ کە بەسەر کوردستاندا هات،کە ئاوات خواز بووین هەر نەهاتبووایە ئەو کارەساتە رەش و نابەجێیە روی نەدابوایە.

ئێستاش بەڕێزان شاراوە نییە لە کەس کە هیوایەکی هەمە لایانەیە ئەم رووداوە ببێت بە دەرس و پەند بۆ هەمووان،ئیتر گەلەکەمان و هێزە نیشتمان پەروەرو خەبات گێڕەکانی دووچاری ئەم کارەسات و مەینەتە نەبنەوە،ئەو ئەزمونە تاڵەی کەچوو ئەولاتر بچێت و هەر گیز نەیەتەوە، بەڵکو ببێتە هاندەر بۆ بەهێزکردنی گیانی لێبوردن و رێزگرتن لە ئازادی بیرو بۆچوون و رەچاو کردنی معامەلەو بنەماکانی دیموکراسییەت.

بەڕێزان.

هەڵکەوتنی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لە ١٠/٤ بۆنەکەمان مەزنتر دەکات، چونکە لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ وئا لەم هۆڵە پیرۆزەدا دە ساڵ لەمەو پێش پەرلەمانی کوردستان بەتێکرای دەنگ بڕیاری فیدرالیزمی دا،وەك شێوازێك لە پەیوەندی و سیستەمی دەستوری لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمڕۆش ئومێدمان پێوە کە یەکەم بڕیاری ئەم قۆناغەی کاری پەرلەمانیمان بە پەسەند کردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن ١٩٩٨ دەست پێ دەکات،کە تایبەتە بە بەرقەرار کردنی ئاشتی ناوخۆ لە کوردستاندا،ئەنجومەن بە یاسا هێزی پابەندبوون و جێبەجێ کردنی پێبدات، و لە راپەراندنی بەندەکانیدا رۆڵی خۆی ببینێت،کە ئەویش دیسانەکە دەبێتە مایەی نزیك بوون لە گەیشتن بە ئامانجی بڕیاری رۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان.

گەلەکەمان خەباتێکی نەپساوەی دوورو درێژی سەختی کردووە، لە رۆژانی بەرەنگار بوونەوەو داکۆکی لە بوونی دژ بە جینۆساید، جینۆساید بە کیمیاباران و ئەنفال و راگواستن و تالان و کوشتن و ماڵوێرانکردن و بەزۆر بە عەرەب کردن ....هتد، هەزاران شەهیدی سەروەرو سەربەرزی بەخشیوە بەبێ کۆڵدان بەردەوام بووە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی خۆی وەك گەلانی تری جیهان لە نێو چوارچێوەی پەیماننامەو رێکەوتنە نێودەوڵەتییە دان پێدانراوەکان، ئەم ئامانج و ئاواتەش وەك خەونێك بوو بەنیسبەت گەلی کوردستانەوە تاکو باهۆزی گۆڕانکاری بەسەر جیهاندا هاتوو خۆری نوێی سیستەمی جیهانی لە سەرەتای دواین دەیەی سەدەی بیستەم هەڵات و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کوردستاندا شنە بای شۆڕش و راپەرینەکانی لەگەڵ باهۆزی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا یەکان گیربوو و،ئاسۆیەکی بەر فراوان والأبوو بۆ وەدی هێنانی ئاوات و خواستەکانی و هەر ئەوەش بوو دەرفەتی پێکهێنانی ئەم جۆرە سیستەمە سیاسییەی بۆ گەلەکەمان رەخساند،کە لەماوەی دەساڵی رابردوودا مافە سیاسی و مەدەنیەکانی تیادا بەکار دێنێت.

بەڕێزان.

لە پاش راپەرینە شکۆدارەکەی ئاداری ١٩٩١ پارتە کوردستانییەکانی ناو بەرەی کوردستانی ئەم هەڵەیان لە دەست نەدا و هەنگاوە مێژوویەکەیان بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩ هاویشت،کە تیایدا کوردو تورکمان و ئاشوری لە کوردستاندا بە ئازادی لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، هەڵبژاردنەکان بە گوێرەی پرنسیپی دەنگدانی گشتی نهێنی و راستەوخۆ بەڕێوە چوو و،یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هێنایە کایەوە کە بە پێی بنەماو پێوەرە دیموکراتییە باوەڕپێکراوی جیهانی پێکهاتووە، بەو شێوەیەش

بەردی بناغەی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی دانراو سەرچاوەیەك بۆ شەرعییەت دامەزرا، کە پشت بە خواست و ویستی گەل ببەستێت ولێی هەڵقوڵێت، کە ئێستا خۆی لەم ئەنجومەنە دەنوێنێت، کە لەژێر سایەیدا کۆبووینەتەوە، جێی گەلێك شانازییە کە لە مێژووی عێراقدا وێنەی ئەم دەزگایە نەبووە کەوا ئازادانە هەڵبژێردرابێت و بەشێوازێکی دیموکراتییانە کاری کردبێت و بەراست و ڕەوانی نوێنەرایەتی گەل و داکۆکی لە مان و خواستەکانی کردبێت.

بەڕێزان.

ئەگەر چی بارودۆخی ناوخۆیی برینێکی قوڵی لە جەستەی ئەزمونە دیموکراتییەکەو سیستەمە سیاسیەکەمان کرد، بەڵام شوکر وا ئەبینین ئەمڕۆ ئەم برینە وردە وردە سارێژ دەبێتەوە بە هەوڵ کۆششی سەرکردایەتی و پارتە کوردستانییەکان و بگرە گشت دڵسۆزانی گەل و نیشتمان دەرفەتی لە مەترسی دەرچون بۆ ئەم ئەزمونە دیموکراتییەمان دەرەخسێ و ئەو درزە کوشندە و نابەجێیەی بڕای بڕای شوێنەواری نامێنێت، هەرچەندە ڕێگامان هێشتا هەورازەو زۆرمان ماوە، بەڵام ئەمڕۆ بەوە گەشبینین کە برایانمان یەك دەگرنەوەو بەگەرموگوڕی جاران لە ژێر خێوەتی پەرلەماندا، بەگیانی ئەو ڕۆژانە دەست بەکار دەبنەوە کە تیایدا (٥٩) پەرلەمانتار لە هەردوو فراکسیۆن لە ١٩٩٤/١٢/٢٣ تا سەرەتای نیسانی ١٩٩٥ بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ ئا لەم تەلارەدا مانیان گرت و پاناگیربوون، دروشمی ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆو گەڕاندنەوەی شەرعییەت و ئاشتیان بەرز ڕاگرتبوو.

بەڕێزان.

وا ئیمڕۆ ئەم دروشمە جێبەجێ دەبێت و، ئومێدمان زۆرە کە ئەم ڕۆژە ببێتە خاڵی وەرچەرخانێکی گرینگ و ئیجابییانە لە مێژووی پڕ سەروەریی گەلەکەمان و بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و قولکردنەوەی ئامرازەکانی و بڵاوکردنەوەی بنەما ژیاریەکانی و چەمکە گشتییەکانی بە تیۆری و بە پراتیزەکردن، وەرێز گرتن لە راو بۆچوونی جیاوازو ئازادی دەربڕینییان، چ لەناو هۆڵی ئەم پەرلەمانە چ لە دەرەوە.

بەڕێزان.

لەم بارو دۆخەی ئێستادا لە هەموو کاتێکی تر پێویسترین و پەلەترین ئەرکمان ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆمانە، کە دەبێت بە گوتارو ڕەفتارێکی سیاسی یەگرتوو کاربکەین کارو کۆششمان یەك بێت لە چوارچێوەی گشتی خەبات و، مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بۆ ئازادی، بۆ ئاشتی، بۆ دیموکراسی و دژبە تیرۆر، بەڕێزان دووبارە بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەناوی گشت خوشك و برا پەرلەمانتارەکانەوە، بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەمەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و گەلی کوردستان دەکەم، سوپاس و ڕێزی بێ پایەنتان ئاراستە دەکەم، هەروەها جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانین ئاراستەی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتیانە چ خۆماڵی بێت چ بیانی بکەم کە هاوکار بوون و هاوکارن بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا، سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی کوردو کوردستان و بۆ هەموو ئەوانە دادەنوێنین کە گیانیان لە پێناو ئاشتی و دادپەروەری و ڕاستی بەخشیوە، هەر بژی کورد هەر بژی کوردستان هەر شادبن.

بەرێزان.

بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، بەرنامەی كاری ئەم دانیشتنەمان لە (٧) خاڵ پێكهاتووە، خاڵی یەكەمیان كۆتایی پێ هات، خاڵی دووەم: خوێندنەوەی بروسكەی پیرۆزبایی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بەرێز كۆلین پاوەڵ، پاش ئەوان وتاری مەدام میتەرانی خۆشەویستە، پاش وتاری بەرێز مەدام میتەران پڕكردنەوەی نیسابی پەرلەمان بە پێی ڕێكەوتننامەی واشنتۆن لە ڕێكەوتی ٩/١٧/ ١٩٩٨،خاڵی دوای ئەوە پەسەند كردنی ڕێكەوتننامەی واشنتۆن، پاشان وتاری بەرێز كاك مسعود بارزانی و،وتاری بەرێز مام جەلال تاڵەبانی هەروەها چەندین بروسكەو نامەمان بۆ هاتووە لەوانەیە ئەگەر مەجالی خوێندنەوە هەبوو بیان خوێنینەوە ئەگەر نا ناوی ئەو لایەنانە دەڵێین كە بروسكەكەیان ناردووە،بە ئینگلیزیەكە نامەی بەرێز كۆلن پاوەل دەخوێنمەوە، بە ئینگلیزی دەیخوێنمەوە ئەگەر پێویستیشی كرد بە هاوكاری لەگەڵ برای بەرێزم كاك د.فوئاد دەیكەین بە كوردی:

پێویست دەكات بیكەین بەكوردی؟

**بەرێز د.كمال فوئاد:**

ئێمە بە عەرەبی بە نوسراوی لەبەر دەممانە بەڵام بە كوردی نەنوسراوە، هەر بە عەرەبی دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی خێراتر كارەكە بڕوات و جێبەجێ بێت:

رسالة الى اجتماع المجلس المشترك للبرلمان الكوردي ٤/ تشرين الاول/٢٠٠٢.

تهانينا لكم على هذا الأجتماع المشترك التأريخي لمجلسكم لقد قطعتم طريقاً طويلاً وأحياناً بالصعوبة لبلوغ هذه المحطة، والآن حيث تجلسون في نفس قاعة المجلس فأننا نشعر بأنكم ملتزمون سويةً بتحقيق الأمن والرفاهية والحرية لجميع العراقين سواءً في موطنكم الذي تمثلونه أو في العراق ككل، ان تحقيق الحكومة النيابية التمثيلية ليس أمراً سهلاً لأنه يتطلب التضحيات والتسويات، ان هذه الجلسة التأريخية للمجلس تبرهن على انكم تدركون الحقيقة الجوهرية وهي انكم قدمتم التضحيات وأقدمتم على التسويات وتجاوزتم المظالم الماضية لكي تجتمعوا اليوم كهيئة تشاورية، ان الطريق أمامكم هو طريقٌ صعب حيث تتأملون مستقبلاً أفضل لمنطقتكم وللعراق، فأنني اشجعكم للمضي قدماً لهذا الطريق الهام بنفس الروحية والوحدة والمساومة التي أوصلتم الى المحطة هذا اليوم، انني فخورٌ بأنكم بين شركاء الولايات المتحدة في المعركة ضد الاستبداد و الارهاب و بأنكم تشاركوننا في الرؤية المستقبلية لعراق ديموقراطي تعددي و العراق الموحد و المصان لوحدة لأراضي الاقليمية و بحكومة تحترم حكم القانون و حقوق جميع العراقيين و ندعو الباري ان ينشر و يمد نفوذكم لكي نرى اليوم الذي يتوحد ويتحرر فيه جميع العراقيين لتحقيق الرفاهية والحرية التي يستحقونها بجدارة.

كولن باول

وزير خارجية حكومة الولايات المتحدة الأمريكية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان.دووبارە بەخێر هاتنێکی تایبەتی دۆستی بەڕێزو دێرینی گەلی کوردستان مەدام میترانی خۆشەویست دەکەین، ئەو زاتە بەرزو ناسکەی هەر وەك پەپولە لە دەوری هەموو پەژارەکانی کێشەی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەخولێتەوە، تکای لێ دەکەین بفەرموێت گەورەمان بکات بە وتارێك.

**بەڕێز مەدام دانیال میتران:**

خانمان و ئاغایان،بەڕێزان نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، نوێنەرانی دامەزراوە مەدەنیەکانی کوردستان، دۆستانی خۆشەویستم.

بەڵێنم دابوو، بەڵێنەکەی خۆشم بەجێ هێنا،هەرچەندە گیروگرفتی تایبەتی و شەخسیم هەبوو کە دەبوونە ڕێگر لە بەردەم ئامادەبوونم، خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لە گەڵتانم، (١٠) ساڵ لەمەو پێش نوێنەرەکانتان هەڵبژرد بۆ ئەوەی بە دیموکراسی بە هەڵبژاردنێکی ئازادانەو سەربەخۆ ژیان لە دیموکراسیدا دەست پێ بکەن،ئەو دەم من شاهێدی ئەو ڕۆژە گەورەیە بووم، خۆشحاڵ بووم کە حکومەتێك لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆ هاتە ئارا، جەژنێکی گەورە بوو، کرانەوەی دەرگایەکی گەورە بوو بۆ کوردستان بەرەو دونیایەکی ئازاد، میللەتی کورد دەبوو بە ریفرانس و دەبوو بە نموونە بۆ تەواوی ئەو میللەتانە کە پێویستیان بە پشتیوانی هەیە، بۆ ئەوەی لە پێناو ئازادی خۆیان هەوڵ بدەن.

پێم خۆشە پێتان بڵێم کە پرەنسیپی دیموکراسییەت وەختێك بە شێوەی ڕۆژانە بەڕێوە دەچێت پێویستی بە فەزایەکی دیموکراتی هەیە،پێویستی بە کەش و هەوایەك هەیە کە لەوانەیە زۆر جار ڕێککەوتن لەسەر گرفتەکان زۆر ئاسان نەبێت، پێویستی بە ویستێکی سیاسی هەیە کە خۆی بسەپێنێ و ببێت بە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو لایەنانەی لە دەوروبەرتان دەژین و گرفتتان بۆ بنێنەوە،ئەو گرفتانەی لەنێو ئێوەو براکانتان ڕویدا،بوون بە مایەی ئەوەی کە تا ڕادەیەك پەرلەمانی کوردستان نەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی کاری خۆی بباتە پێش، بە ئامادەبوونی ئێوە پێم خۆشە ستایشی ئەو نوێنەرانە بکەم کە وێڕای هاتنە پێشی ئاستەنگەکان بە سەر بڵندی و بوێری و ویستی زۆر،هاتن و بەشدارییان لە کاری پەرلەمان کرد و،بەو شێوەیە هاتن بۆ بردنە پێشی کارەکان.

بۆمن جێگەی داخ بوو کە پەرلەمان نەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆی بکات و نەچێتە پێش، من هەر بەتەنها نەبووم، هەموو دۆستانی گەلی کورد بەم کێشەیە ناڕەحەت بوون، من بە دڵێکی زۆر بە ئێش و ناڕحەتییەوە بەڵێنم دابوو کە نوێنەرانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تەنیایی وەرنەگرم،تاوەکو بەیەکەوە بڕیار دەدەن و بە یەکەوە بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە دەست بەدۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دیموکراتییانە دەکەن و بەیەکەوە بۆ ئازادی تەواوی نەتەوەکانی عێراق بەتایبەتی نەتەوەی کورد هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ. ئەمڕۆکە هەنگاوتان ناوە بۆ یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان و بڕیارتان دا ئەو هەنگاوانە بەجێ بگەیەنن کە بەشێوەیەکی نیوەچڵ مابوونەوە،بەم شێوەیە ئێوە هەنگاوێکی مێژوویی دەنێن بۆ ئەوەی ئاشتی

و دیموکراتی لەو ناوچەیە بەرقەرار بێت کە پێویستی پێیەتی بە داخەوە، ببێت بە شێوەیەك بۆ موبارەزەیەکی جیهانی کە ئامانجەکەی بهێنێتەدی.
من پیرۆزباییتان لێ دەکەم و،دووبارە ستایشی گەلی کورد دەکەم کە بەم شێوەیە دەبێت بە مۆدێلێك بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکە و بەتەواوی ئەو گەلانەی، کە هەقیانە مافی چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بێت.
دیموکراسیەت ناتوانێت خۆی بسەپێنێ ئەگەر هەلومەرجێکی ئاشتیخوازانەی هاوتا نەبێت و کەسێك ڕێز لە مافی ئەوەی دیکە نەگرێت.
ئێمە هەموومان دەزانین کە لە وڵاتانی ئێمەدا پەرلەمان و دیموکراسییەت چەند ساڵە کاری خۆی دەکات وێرای بوونی کەم و کووڕی توانیویەتی لایەنە باشەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت.
هەروەك ئێوەش دەزانن کە ئەگەر ڕێز، ویستی خەڵك نەگیرێت، ئەو کارە ئەو بەرهەمەی نابێت.
وشەی ئاشتەوایی و ئازادی زۆر جار دێتە نێو پەیامەکان، من کاتێك لەگەڵ ئازیز و دۆستانم بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەین،بەتایبەتیش کە بارودۆخێکی ناخۆش و شەڕو ئاڵۆزی دێتە گۆڕێ، بۆ من ئاشتی و ئاشتبوونەوە بە تەنها مانای ئەوە نییە کە شەڕ نەمێنێت، بەڵکو بەم شێوەیە ئەم وڵاتە بەجێ دەمێنێ،کە ئیمپریالیزمی ئابووری دەستی بەسەردا دەگرێت.
ئاشتی ڕاستی و بنچینەیی،ئەو ئاشتییەیە کە بەرئەنجامی فەرهەنگێکە، فەرهەنگێك کە ڕێز لە ژیان دەگرێت و ڕێز لە گۆی زەوی دەگرێت،فەرهەنگێك کە بە ئاشتی پرەنسیپێك دروست دەکات بۆ ژیانی هەموو ئەم هاووڵاتیانەی کە لەم وڵاتەدا دەژین.
لە ئەزموونی ئەو پەیمان و ڕێککەوتننامەش کە دانراون بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ، ناتوانن ئاشتی بێنن و بیسەپێنن و گرەنتی ئاشتیش بکەن،ئەمەش شێوە بیروباوەڕێکە کە دەبێت لەنێو هەموو میللەتاندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە بژین و ڕێز لە مافی ژیان بگرن، چونکە ئەمە تەنها مافێکە کە دەبێت هەموو مرۆڤێك بە مرۆڤێکی دیکە گرێ دەدات.
ئەو کەسانەی کە پێیان وایە تایمی چارەنووسی گەلان بکەن و پێیان وایە کە بە بۆمباران کردنی ئەو میللەتانەی لە مێژە زوڵمیان لێ دەکرێت و گوشاریان بۆ دێت و، پێیان وایە دەتوانن بارودۆخی جیهان بگۆڕن،ئەوانە بەتەنها تۆی دووڕوویی و ناڕەحەتی لە نێو میلەتاندا دەچێنن، فەرهەنگێکی جیهانی کە من پێی دەڵێم فەرهەنگی ئاشتی لێرەو لەوێ خەریکە خۆی لە جیهاندا بڵاو دەکاتەوە،من پێم خۆشە وای ببینن کە ئێوەش لە بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی ئەم فەرهەنگەن لە ناوچەکەدا،ئەوە تۆوێکە کە جوڵانەوەیەك بۆ ئاشتی دەباتە پێش، بۆ دونیایەکی دیکە کە لەوانەیە جیابێت لە دونیای حکومەتەکان،دەیانەوێت بە قودرەتی نیزامی گەورە خۆیان بسەپێنن،ئەگەر هەموو ڕۆژێك وەك ئێمە لەسەر ئینتەرنێت بگەڕێین، حەتمەن ئەو کارە دەکەن، ڕۆژێك نییە کە نەکرێت چاومان بە کەسانێك نەکەوێت کە بەشێوەی دیموکراتی و ئاشتەوایی ڕووداو دێنە ئاراوە.
من پێم خۆشە ئێوە وەکو کەسانێك ببینم کە لەو ناوچە پڕ لە شەڕو ناخۆشییەدا کەسانێکن کە بۆ برایەتی کار دەکەن،کەسانێکن کە لە ئاشتی و برایەتی دەرسێك دروست دەکەن بۆ پرۆگرامی قوتابخانەی منداڵان،منداڵانی ئێمە هەموو هەقیان هەیە مێژوو بناسن، بەڵام بەتەنها مێژووی

شەڕەکان لەبەر دەکەن، یا فێربن بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ دونیا بەرخود بکەن، یا فێربن بە جۆرێکی دیکە بیربکەنەوە هەتا بۆ پەیدا کردنی ڕێگە چارەیەکی دیکە کە مانسیڤێك بۆ ڕێگەی ئاشتی خوازانە بدۆزێتەوە.

ئەمە شێوەی منە کە بۆتانی باس بکەم کە لە باشترین کۆمەڵگای دونیادا ئاشتی و دیموکراسی دوو شتن ناتوانن دەوامیان هەبێ بەبێ ئەوەی مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێت بەبێ ئەوەی کە هیچ شتێکی لێ کەم ببێتەوە،من قامك دادەنێم لەسەر ئارتیکلی بەندی سێیەمی بەیانییەیی بەندی مافی مرۆڤ کە دەڵێ هەموو مرۆڤێك مافی ژیانی هەیە، مافی ئازادی هەیە و، دەبێ بوونیشی پارێزراو بێت، هەوڵ بدەین مافی تەواو بۆ خۆتان دابنێن بۆ خاتری ئەوەی کە مافێکە ڕێگا بۆ چارەسەری هەموو ناخۆشیەکانی داهاتوودا دەکاتەوە، بەو شێوەیە پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستانی دەتوانی تەسمیم بکرێت کە لە حوکمی سێدارەدان لەغوو بکاتەوە، ئەوە کارێکە بەم شێوەیە لەگەڵ بەیانییەی مافی مرۆڤ هەماهەنگ دەکات هەر ئەم بەیاننیە جیهانیە کە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووکانی پێك هێناوە، هەر بەم پەیمانەشە کە سەرۆکی نەتەوەکانمان زۆر ئیشارەت دەکەن و هەوڵ دەدەن کە تەسمیمەکانیان لەسەر ئەوە دابمەزرێنن، ئێمە دەتوانین پێکەوە بەندی( ٥١) ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەغوو بکەینەوە بۆ خاتری ئەوەی کە ئەو پەیمانە کە بە ناوی مافی مەشروعی بەرگری لەوڵاتەکەی مافی شەرتێك دێنی بۆ وڵاتەکانی گەورە،لە پاش ئەم هەموو مافانە حەز دەکەم قامك لەسەر مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی فەرهەنگیك دابنێم ئەوانە وەختێك دەتوانن موحتەرەم بن وەختێك دەتوانن ئیحترامیان بۆ دابنرێت کە ئەو سیستەمەی کە ئێوە پێکی دێنن بۆ ئەوەی کە ڕێگا چارەیەك بێنێ بۆ تەواوی نابەرابەرییەکان لە ناو بچن، باوەڕم پێ بکەن کە خەڵك دەتوانێ لەو بارەدا زۆر تەئسیری هەبێت زۆر پەرەی پێبدات، زۆر پێخوش حاڵم کە دەبینم مافی کەمایەتیە نەتەوەییەکان و مەزهەبییەکان لە کوردستاندا ڕێزی لێ دەگیرێ و، زۆر خۆش حاڵم کە چاپکراوەکان مافی هەیە و ئازادە، و،خەڵك دەتوانێ حزب و دەستەی سیاسی پێك بێنن و جەمعیات دروست بکەن، زۆر خۆش حاڵم کە دەبینم دیموکراسی لە وڵاتی ئێوە بەم شێوەیە کار بکات، هیچ کەس ناتوانی بڵێت داهاتوو چۆن دەبێت، شەرائیتی ئەمڕۆی وڵاتی ئێوە لەسەر لاپەڕەی هەموو هەواڵ و میدیای جیهانە، بە هەرحاڵ هەر جۆرێك بێت وەزعیەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان موستەجید دەبێت بە مەسائیلی کولی لە عێراق و لەم ناوەدا ئێوە وەکو نوێنەرانی پەرلەمان کاتەکەتان لا زۆر خۆشەویستە و پێتان خۆشە کە لە دەستی نەدەن بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەدا بەدی بهێنن، چارەنووسی میللەتی کوردستان پەیوەستە بە حوکمی ئێوە و بە پشتگیری ئێمە و هەموو جیهان، دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی لە وڵاتێکدا بۆ خۆی نموونەی ئەوەیە کە دەوڵەت بەرگری لە ویستی میللەتەکەی بکات و بۆ ئەوەی ئێمە هیچ کاتێك ناچار نەبین جرائمی دژی مرۆڤایەتی باس بکەین و ناچار نەبین جارێکی تر باسی ئەنفال و هەڵەبجە بکەینەوە و، هیوادارین کەوا دیموکراتیەت سەرکەوێت،کاتێ کە دەگەڕێمەوە بۆ فەرەنسا بە خۆشییەوە

باسی ئەو رۆژە پیرۆزە دەکەم ئەوە ئومێدێکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن هەموو جیهان لە دنیایەکی پڕ لە حەرەکەت و پڕ لە ئازادیدا دروست بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز خاتوو میترانی خۆشەویست دەکەین بۆ ئەو وتارە بەنرخەی کە پێشکەشی کردین،ئێستاش بروسکەی پیرۆزبایی کۆمەڵەی پەرلەمانی گشت حزبە بەریتانییەکانتان بۆ دەخوێنمەوە:(پیرۆزبایی کۆمەڵی پەرلەمانی گشت حزبە بەریتانییەکان دەربارەی کوردستانی عێراق:بەیاننامە دەربارەی دەست پێکردنەوەی دانیشتنە هاوبەشەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان(٣/ تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٢) بۆ گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە جیاتی کۆمەڵەی پەرلەمانی گشت حزبە بەریتانییەکان پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی بەستنەوەی دانیشتنە پەرلەمانییە هاوبەشییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەنێرین،هەروەها پشتیوانی و هاوکاری خۆمان لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنی پەرلەمان و فراکسیۆنی مەسیحی بەشداربووی کارەکانی پەرلەمان دەردەبڕین، کۆمەڵەی پەرلەمانی گشت حزبە بەریتانییەکان سلاو لە ئەم بۆنە مێژووییە و ستایشی ئەنجامدانی ئەم پێشکەوتنە گەورەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق دەکات، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەین کە ئەم هەوڵ دانە یارمەتی دەدات بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکان و ئاسایشی زیاتر بۆ کورد و تورکمان، کلدان و ئاشوری و خەڵکانی دیکەی هەرێم دەدات، پێك هاتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان رووداوێکی مێژوویی و هەنگاوێکی ژینەوەر بوو، بەرەو دەستپێکی تاقیکردنەوەی دیموکراتی کوردی و راگەیاندنی بەگشتی دەنگی فیدرالیزمی دەربڕی ئیرادەی گەلی کورد بوو، وەکو رێگا چارە بۆ کێشەی سیاسی عێراق کە لەلایەنی دەزگایەکی یاسادانانی هەڵبژێردراو و نوێنەری راستەقینەی کوردی عێراقەوە دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کراوە، ئێمە لە نزیکەوە بەدوای پرۆسەی عێراقدا دەچین، تاقی کردنەوەکەتان لە مومارەسەی دیموکراتیدا هۆکارێکی ئیجابی ئاسایی عێراق فەرا هەم دەکات، هیواخوازین ئەو پرۆسەیە یاریدەدەر بێت بۆ بەدیهاتنی رژێمێکی دیموکراتی بۆ میللەتی عیراق بەگشتی لە عیراقێکی ئازاد و عادیلانەدا لەسەر دەسەلاتی یاساو کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادییە دیموکراتیەکان دامەزرا بێت،بارودۆخی عێراق رۆژانە لە پەرەسەندن دایە، کورد جارێکی دیکە لە مێژووییاندا خۆیان لەبەر دەم دوو رێیان دەبینن،هەر بۆیەشە کە یەکێتی کورد لە هەموو کاتێك گرنگ ترە، کۆمەڵەی پەرلەمانی جارێکی تر دووپاتی دەکاتەوە کە پشتگیری کۆشش و تەقەلاتان دەکات، لە پێناو بنیات نانەوە بە پێی پرنسیپە دیموکراتیەکان و ئارەزووی سەرکەوتنانە و، لە ئایندەشدا هەموو پشتیوانیەکی ئێمەتان دەبێت لە پێناو ئەم پرۆسەیەدا.

ئیمزا( تۆم کلارك)سەرۆکی پەرلەمانی گشت حزبە بەریتانیەکان دەربارەی کوردستانی عێراق.

ئەم بەڕێزانەش لە جیاتی کۆمەڵەکە ئیمزایان کردووە.

بەڕێز د. جینی تۆم ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا.

بەڕێز جیرمی کۆبن ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا.

ئەم بەڕێزانەش لە ئەندامانی پەرلەمان ئیمزایان کردووە.
هەروەها لە مەجلیسی عمومی بارۆنیس کووک نوسراوە لە ئەندامانی پەرلەمان، بارۆنە CUA

مایك وایەر MP
مایکل کۆنەرتی MP
د. بوب سپینك MP
جیم کەلینگهام MP
لورد احمد ئۆف MP
لۆرد هاریس ئۆف هاریری MP
دییمی ویلیامز MP
کریس سمپیس MP
رودی بایس MP
ئیان داڤیدس MP
مارتن ئۆنیل MP
ڤارۆلی پۆکنس MP
ئاندرۆ هانتەر MP
ئەنتۆنی ستین MP
دایڤید ئیمس MP
لۆرد لاکیانا یجل جۆنس MP
نایجل جۆنس MP
بارۆنیس لات فۆرت MP
کیڤن ماك نمارا MP

بەڕێزان:

بە پێی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پڕکردنەوەی نیسابی پەرلەمان بە پێی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن(١٩٩٨)،لەبەر واز لێهێنانی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان سەر بە لیستی سەوز پێویست دەکات جێگای ئەمان پڕ بکرێتەوە بۆ ئەوەی فراکسیۆنەکە (٤٩)ئەندامی تەواوی هەبێت،پێشەکی ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، تکا لەوانە دەکەم کە ناویان دەخوێنمەوە کە پێویست دەکات سوێند بخۆن، پاش ئەوەی ناویان خوێندرایەوە لە لایەن ئێمەوە لای ڕاستی پەرلەمان ریز بن بۆ ئەوە بێن سوێند بخۆن، ئەو بەڕێزانەی وازیان لە کار هێناوە ئەمانەن:

١- شێرکۆ عبدالله بێکەس.
٢- عمر عبدالله محمد.
٣- هێرۆ ابراهیم احمد.
٤- محمد تۆفیق رحیم.

٥-  د. حسن بامرنی.

٦-  ایاد حاجی نامق.

٧-  قادر عزیز محمد امین.

٨-  د. محمد فوئاد معصوم خضر.

٩-  پەریخان محمود عبدالقادر.

١٠-  حازم احمد محمد الیوسفی.

١١-  حسن عبدالکریم برزنجی.

١٢-  خسرۆ گوڵ محمد.

١٣-  کوسرەت رسول علی.

هەروەها لەبەر واز هێنانی بەڕێزان ( سەعید علی خان عبدی، سەلام کریم خان محمود، مەلا تەها محمد، عبدالخالق زەنگەنە، محمد حسن عبدالحمید باڵتە)، ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەبنە ئەندام لە جێگایان، هەروەها وەفات کردنی خوالێخۆشبووان.

١-  نەژاد احمد عزیزاغا.

٢-  عوسمان حسن دزەیی.

٣-  د. صلاح الدین محمد حفید.

٤-  سیروان عبدالحمید نۆرۆلی.

بەڕێز احمد علی شریف تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز کاك احمد فەرمووو، هەروەها بکراحمد یعقوب تەرشیح دەکرێت لەلایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز چەتۆ رۆوفمحمد حوێزی تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزحیدر اسماعیل عبدالله تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز لطیفعبدالقادر صادق تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز محمد عباس عولا

تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا،بەڕێز مناف نادر قادر تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز نعمە عبداللە پیرداود تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز یاسین محمد عبد القادر تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزانە جعفر مصطفى علی تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز رزگار صابر محمد تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز رؤوف فرج محمد تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز عمر سید علی تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز مصطفى قادر محمود تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز سالار عزیز اسماعیل تەرشیح دەكرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس،

بەگشتی دەنگ وەرگیرا،بەڕێز احمد علی شریف تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز اسماعیل ابراهیم مردان تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز صباح حسین عثمان تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز عماد احمد سیفور تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا،بەڕێز محسن علی اکبر تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس،ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز نجم الدین رشید امین تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەك ئەندام پەسەندی ناکات، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا،بەڕێز حسین جنبلی عبدالله تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێز احمد عبدالرحمن قصاب تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزلەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا،بەڕێز شێخ عبدالکریم حاجی کاکە حمە تەرشیح دەکرێت لە لایەن خاوەنی لیستەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم هەستنە سەر پێ بۆ سوێند خواردن، بەڵام میوانە بەڕێزەکان پێویست ناکات هەڵبستن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز أحمد شريف على، فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف علي:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێزبكر احمد يعقوب، فەرموو.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز چەتۆ رؤوف محمد حوێزی، فەرموو.

**بەڕێز چەتۆ رؤوف محمد حوێزی:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز حيدر اسماعيل عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز حيدر اسماعيل عبدالله:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق، فەرموو.

**بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز محمد عباس عولا، فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عولا:**

(بـەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و بەرژوەندییە بالآکانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز مناف نادر قادر، فەرموو.

**بەڕێز مناف نادر قادر:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز نعمە عبدالله پیرداود، فەرموو.

**بەڕێز نعمە عبدالله پیرداود:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز یاسین محمد عبدالقادر، فەرموو.

**بەڕێز یاسین محمد عبدالقادر:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز جعفر مصطفى علی، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى علی:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز رزگار صابر محمد، فەرموو.

**بەڕێز رزگار كایل محمد:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز رؤوف فرج محمد، فەرموو.

**بەڕێز رؤوف فرج محمد:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و بەرژوەندییە باڵاكانی بپارێزم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز عمر سید علی، فەرموو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو کاتی ئیستیقالەم کرد بوو.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من عمر سید علی حسین

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالأکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز مصطفى قادر محمود فەرموو.

**بەڕێز مصطفى قادر محمود:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من مصطفى قادر محمود

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالأکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز سالار عزیز اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز سالار عزیز اسماعیل:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من سالار عزیز اسماعیل

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالأکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز اسماعیل ابراهیم مردان فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل ابراهیم مردان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من اسماعیل ابراهیم مردان

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالأکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز صباح حسین عثمان فەرموو.

**بەڕێز صباح حسين عثمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من صباح حسين عثمان

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز عماد احمد سيفور فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد سيفور:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من عماد احمد سيفور

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز محسن علی اكبر فەرموو.

**بەڕێز محسن علی اكبر.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من محسن علی اكبر

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز نجم الدين رشيد امين فەرموو.

**بەڕێز نجم الدين رشيد امين:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من نجم الدين رشيد امين

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز حسين جمبلی عبدالله فەرموو.

**بەڕێز حسین جمبلی عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من حسین جمبلی عبدالله

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز احمد عبدالرحمان قصاب فەرموو.

**بەڕێز احمد عبدالرحمان قصاب:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من احمد عبدالرحمان قصاب

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز شیخ عبدالکریم حاجی کاکە حمە فەرموو.

**بەڕێز شیخ عبدالکریم حاجی کاکە حمە:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من شیخ عبدالکریم حاجی کاکە حمە

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیرۆزبایی لە هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەندامەتیان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پەسند کراو، سوێندی یاساییان خوارد، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین و هیوادارین لە کارەکانیان سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بن بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و کێشەی رەوای میللەتەکەمان.

بەڕێزان:

بەپێی بەرنامەی کار پەسند کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە نێوان بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی ئیمزا کرا لە ژێر چاودێری حکومەتی ئەمریکی، لە ژێر چاودێری مەدام ئولبرایت. شاراوە نیە لەلای هیچ لایەنێکتان گرنگیی ئەو رێککەوتننامەیە و،رۆڵی ئەو رێککەوتننامەیە یان جێ بەجێ کردنی ئەو رێککەوتننامەیە لە پێشخستنی کاروباری ئاشت بوونەوە و ئاشتی گشتی لە کوردستاندا و پێشخستنی کاروباری گەل و وڵاتەکەمان و،هەموو لایەکتان ئەو رێککەوتننامەیەتان خوێندۆتەوە و، چوار ساڵە کاری

لەسەر دەگرێت،کە ئەمڕۆ هەنگاوی هەرە گەورە و گرنگی دەهاوێژین بە سەرکەوتوویی، بۆیە زۆر لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە نادوێین، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەیخەینە بڕیار دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن پەسند دەکەن و ئەرکەکانی دەخەنە سەر شانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ڕێککەوتننامەی واشنتۆن پەسند کرا.

بەڕێزان:

ئینجا کاتی خۆماڵیش هاتووە،تکا لە بەڕێز جەنابی کاک مەسعود دەکەم بفەرمووێتە سەر سەکۆیەکە بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕۆژی ١٠\٤ ڕۆژێکی گەش بوو لە مێژووی گەلەکەماندا، بەڵام بەڕاستی بەم دانیشتنە ئەو ڕۆژە گەش تر بوو.

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، بەتایبەتی بەخێرهاتنێکی گەرمی مەدام میتران دەکەم کە دەگوترا دایکی کوردە، بەڕاستی ئیمڕۆ ئیسپاتی کرد دایکێکی زۆر زۆر میهرەبانە،هەروەکو خۆشی فەرمووی هەرچەندە نەخۆشیشی هەبوو و مەشاکلیشی هەبوو، بەلاّم هەمووی بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی ئیمڕۆ سەربەرزمان بکات و دڵخۆشمان بکات و بەشداریمان بکات لەم دانیشتنەدا،ئەو بەڕێزە لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان تووشی ئەنفال و کیمیاباران دەبوو بە هەموو لایەك ئەم گەلەیان دەخنکاند، ئەو دەنگی گەلی کوردستان بوو و، ڕای گشتی دروست کرد، نەك هەر لە فەرەنسا، بەڵکو لە تەواوی ئەوروپا و لە ئەمریکاش بۆ ئەوەی پشتگیریی لە کێشەی گەلی کورد بکرێ و ئەو فەزڵی یەکجار زۆرە لەسەر ئێمە وەکو کورد، جارێکی تریش زۆر زۆر بەخێرهاتنی دەکەین و، هەروەها بە سوپاس و پێزانینەوە ڕۆڵی هاوسەرە بەڕێزەکەشی یاد دەکەینەوە سەرۆکی مەرحوم میتران کە دۆستێکی گەورەی گەلی کورد بوو و، بڕیاری ٦٨٨ فەزڵەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەم جار بوو بڕیارێك بدرێت دەربارەی کێشەی گەلی کورد لە مەجلیسی ئەمن.

بەڕێزان:

جارێك هەر لەم شوێنە پیرۆزە گوتم کاتێك کە بەرژەوەندی گەلی کورد پێویست بکات من دڵنیام چ ئێمە وەك پارتی چ یەکێتی چ خۆم شەخسی چ برای بەڕێز جەنابی مام جەلال، ئێمە هەموو بەرژەوەندییە تەسکەکان بەلاوە دەنێین و بەرژەوەندی گەلی کوردستان هەڵدەبژێرین و، ئیمڕۆ ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو دونیا کە ئێمە بەرژەوەندی بەرزی گەلی کوردستانمان هەڵبژارد.

ئامادەبوونی برای بەڕێز جەنابی مام جەلال، خۆم و، هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بەهێزە بۆ هەموو لایەك کە ئێمە سوورین لەسەر تەبایی، لەسەر ئەوەی ئاشتی

بچەسپێنین و، لەسەرئەوەی کە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن جێ بەجێ بکەین، ئیمڕۆ هەنگاوی هەرە ئەساسییە بۆ جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و لە (٨)ی مانگی (٩)ی ڕابردوو ئێمە دەستمان پێکرد هەنگاو بە هەنگاو و خۆشبەختانەو سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ برای بەڕێز جەنابی مام جەلال کە سەرکەوتین لەوەی دیارییەکی گەورە پێشکەش بە گەلی کوردستان بکەین، من ئیمڕۆ ئەم دانیشتنە بەقەد هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە گرنگی دەزانم.

برایان، خوشکان:

پەرلەمان، پەرلەمانی خۆتانە، سەروەریەکی زۆر گەورەیە بۆ یەکێتی و بۆ پارتی و بۆ حزبە کوردستانییەکان کە ئەم پەرلەمانەتان دامەزراند، بەداخەوە گیروگرفت و کۆسپ هاتە سەر ڕێگا، بەڵام ئێمە تەنها گەلێك نین لە دونیادا کە تووشی ئەم گیروگرفتانە بێ، نەتیجە شەرتە، ئەنجامەکەی ئینشائەڵلا هەر برایەتی و تەبایی دەبێ.

بێگومان زۆر زۆر جێگەی داخێکی گرانە ئەو شتانەی کە ڕوویاندا، بەڵام ئومێدەوارم کە ئەمانە ببن بە پەند، بەدەرس و عیبرەت بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە گیانی برایەتی و تەبایی و هاوکاری و پێکەوە ژیان هەڵبژێرین.

سەروەرییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێوە کە ئەم پەرلەمانەتان دامەزراند و دەبێ بشیپارێزن، پەرلەمان پەرلەمانی کوردستانە و بۆ ئێمەمانان کە پێشمەرگە بووین لە شاخ سەروەریەکی گەورەیە لە خەباتی چەکدارییەوە بێین پەرلەمانێك هەڵبژێرین، حکومەت دامەزرێنین، ئازادی بەرقەرار بکەین، ئاشتی بەرقەرار بکەین، بەڕاستی ئەمانە هەمووی سەروەریی گەورەن و دەبێ شانازی پێوە بکەین و، هەروەکو گوتیشم دەبێت ئەو هەڵانەی ڕابردوو ببن بە دەرس و عیبرەت بۆ هەموومان.

من لێرە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەت و حزب و ڕێکخراو و کەسایەتیانە بکەم، کە هەوڵیان داوو یارمەتیان داین بۆ ئەوەی ئاشتی بچەسپێ و چەندین هەوڵ و تەقەلا کرا، هەروەها سوپاسی خۆڕاگری گەلی کوردستان دەکەین و بەتایبەتی سوپاسی لیژنەی باڵای ئاشتی دەکەین کە زۆر ماندوو بوون، ڕەنگە هەر لەناو خودی یەکێتی و پارتی زۆر کەس هەبووین نائومێد بووین، ڕەنگە هەندێك جار هەتا تەعنیشیان لێ داین لەو هەڤاڵانە، بەڵام بەڕاستی خزمەتێکی گەورەیان کرد و من بەدڵ سوپاسیان دەکەم و، بە پێویستیشی دەزانم سوپاسیان بکەم.. هەروەها سوپاسی ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا دەکەین بۆ ئەو حیمایەی، کە دابینیان کردووە بۆ گەلەکەمان و سوپاسی (UN) و هەموو ئەو ڕێکخراوە مرۆییانە دەکەین، کە یارمەتییان داین لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە وێرانکراوەکەمان.

ئێمە زۆر سەربەرزین وەکو گەلی کوردستان، ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەرەغمی ئەوەی کە ژن و منداڵانی ئێمە هەمیشە تووشی ئیرهاب بوون، تووشی غەدرێکی یەکجار زۆر گەورە بووە میللەتەکەمان، بەڵام قەت و قەت پەنامان نەبردە بەر تیرۆر، ئیمڕۆ بەشایەدی هەموو دنیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد زۆر سەربەرزە بەوەی کە لەبەرەی دژی تیرۆردایە، دژی تیرۆر بووین و دژی تیرۆریستان بووین و دژیان دەبین لە ئایندەش بەهێز و توانایەکی زیاتریشەوە،

خاڵێکی تر کە پێم وایە زۆر گرنگە،ئێمە ئەم دانیشتنە پەیامێکە بۆ دراوسێکانیشمان، ئێمە تەمەنا دەکەین لە هەقیقەتی ئێمە بگەن،ئێمە دەستی دۆستایەتییان بۆ درێژ دەکەین، پێمان خۆشە هاوکاربین، دۆست بین،برا بین نە لە بەرژەوەندی ئەوان دایە نە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە گیروگرفت هەبێ لە نێوانماندا، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ ئەمنی ئەوان، بۆ بەرژەوەندی ئەوان، بۆ سنوری ئەوان،بۆ سیادەی ئەوان تەوەقوعمان وایە ئەوانیش ڕێز لە مافەکانی ئێمە بگرن، دنیا دنیای لێك تێگەیشتنە، دنیای حیوارە، دنیای گەف و گوڕ نیە، چونکە بە هیچ ئەنجامێك ناگات و،ئێمە دەستی دۆستایەتییان بۆ درێژ دەکەین و داواشیان لێدەکەین کە بە غەڵەت لە ئێمە تێنەگەن،چ زەمانەتێکیان دەوێ بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشیان کە ئێمە نابینە سەرچاوە بۆ تەهدیدی ئەمنی ئەوان، ئێمە ئامادەین ئەو زەماناتە بدەین، بەڵام دەبێ خەڵکی عێراق ئازاد بن،بەتایبەتی خەڵکی کوردستان لەوەی کە بڕیاری لێ دەدەن چارەنووسی خۆیان دیار بکەن بەبێ ئەوەی دەستێوەردانێك لە دەرەوە هەبێت.

میللەتی کورد بەوە ناسراوە کە گیانی لێبوردەیی زۆر بووە، ئەمڕۆش ئێمە برایەکانمان، تورکمان، ئاشووری، کلدانی دڵنیا دەکەین کە ئەمانە برای ئێمەن، هاوبەشن لەم وڵاتەدا، ئێمە خۆمان وەکو کورد من بەناوی برای بەڕێز مام جەلال، بەناوی خۆشم تەئکیدیان بۆ دەکەین کە ئێمە بەرگری لە مافەکانی ئەوان دەکەین.

پێویست ناکات هیچ کەسێك نەفشار بێنێ و نەخۆی بکات بە خاوەنی ئەم برایانە، چونکە برای ئێمەن و شەریکن لەماڵەکەدا،ئومێدەوارین ئەوانیش ڕێز لە ئینتمای نیشتمانیی خۆیان بگرن.

هەوڵی ئێمە نەك ئەوەیە تەنها بەختەوەری بۆ گەلی کوردستان دابین بکەین، بەڵکو بۆ هەموو گەلی عێراق سەروەرییەکی گەورە دەبێ کە ئێمە بتوانین ئەم ئەزموونە بکەین بە نموونەیەك بۆ هەموو عێراق،زەمانی ئەوەیە ئێمە ڕێز لە یەکتری بگرین، ڕێز لە مافی مرۆڤ، ڕێز لە مافە سیاسیەکان،لە ئازادی سیاسی بۆ هەموو لایەك بگرین و ئێمە بەوە دەبەینەوە.

تەجرووبەی تاڵی شەڕی ناوخۆ، تەجروبەیەکی زۆر زۆر ناخۆش بوو، با ئێمە هەموو کەسێك بگەڕێینەوە بۆ دەروونی خۆمان لە خۆمان بپرسین چ سوودێکمان وەرگرت لە شەڕی ناوخۆ، چ وەکو ئەشخاس چ وەکو ئەحزاب لە غەیری زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی میللەتەکەمان.

من ئومێدەوارم ئەوە ببێتە دەرس بۆ ئەوەی لە ئایندە برایانە یەکتری قەبووڵ بکەین، ڕێز لە مافی یەکتری بگرین، ڕێز لە مافی خەڵکی تریش بگرین و، سەروەریەکی گەورە دەبێ ئێمە ببینە هۆی ئەوەی،کە دیموکراتیەت و ئازادی لە کوردستان و لە عێراق دا بچەسپێ و ببێ بە شتێکی مەلموس بۆ هەموو کەسێك و بۆ هەموو ڕێکخراوێك.

من ئومێدەوارم پەرلەمان ئیتر بە ڕۆڵی سەرەکی خۆی هەڵسێ و بەڵێنتان پێ دەدەین، کە بە هەموو توانایەك پشتگیریی لەم پەرلەمانە بکەین.

جارێ گوتم بەناوی برای بەڕێز جەنابی مام جەلالیش ئێمە سەربازی ئەم پەرلەمانەین ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە،ئێمە سەربازی ئەم پەرلەمانەین و لە خزمەتی ئێوەدا دەبین، ئێوەش ڕۆڵی خۆتان ببینن بە چاکی، ئێوە نەهێڵن هیچ کەسێك نە لەناو پارتی نە لەناو

یەکێتی یان لە هیچ لایەکی ترەوە ئەم وەزعە جارێکی تر تێك بداتەوە، ئێوە دەتوانن، چونکە دنیاش لە پشت ئێوە دەبێ ئەگەر هەڵوێست وەربگرن، بڕوا بکەن جارێکی تر کەس جورئەت ناکات شتێکی غەڵەت بکاتەوە.

ئومێدەوارم بەهەمان گیانی برایەتی و تەبایی هەنگاو بنێین بۆ هەڵبژاردنێکی تازە، گرنگیش لێرەدا ئەوە نییە کێ دەیباتەوە، یا کێ چەند دێنێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیانە ئەنجام بدەین، گرنگ ئەوەیە ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنی تازە بگرین و، من پێم وایە هەموو لایەك ئێمە پابەندی ئەوەین و، ئومێدەوارم ئیتر جارێکی تر ئەو شتە دڵتەزێنانە دووبارە نەبنەوە و، من لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی گەلی کوردستان بکەم و، لە هەمان کاتدا داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆ دەکەم، لە غەیری داوای لێبوردن شتێکی ترمان نییە بیلێین، بمان بوورن گەورەیی خۆیانە، نەشمان بوورن ئەمە ملی ئێمە و ئەوە چەقۆی ئەم میللەتە.

ئومێدەوارم جارێکی تر خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێتەوە و، خوێنی هیچ کەسێکی بێ گوناه لە هیچ کوێیەکی دونیا نەڕژێتن و، زۆر زۆر سوپاس والسلام علیکم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتاری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر بەڕێز جەنابی برای خۆشەویستمان کاك مسعود بارزانی.

زۆر بەڕێز دایکی کوردان خاتوو دانیال میتران.

لە پێشەوە من پشتیوانی خۆم بۆ هەموو قسەکانی جەنابی کاك مەسعود دەردەبڕم و زۆر سوپاسی دەکەم کە کۆمەڵێك شتی لە کۆڵ من کردەوە.

هەر لە بەخێرهێنانی مەدام میترانەوە تا سەر قسە نایابەکانی و، بەڵێنە باشەکان، هەمووی بە دڵ و بەگیان پشتیوانی لێدەکەم و، هیوادارم وەکو هەمیشە ئەو شەرەفەمان هەبێت پێکەوە ئاشتی و برایەتی بپارێزین لە کوردستان و ئەم پەرلەمانە سەربخەین، کاك مەسعود ماوەی بۆ نەهێشتمەوە بەخێرهاتنی خاتوو دانیال میتران بکەم لە جیاتی منیش و لە جیاتی هەموتان، ئەوەی کە شایستەی ئەو و سەرۆك میترانی خوالێخۆش بوو بوو گوتی.

خوشك و برایانی خۆشەویست:

داوای لێبوردن دەکەم من دەمێکە لەم پەرلەمانە قسەم نەکردووە لەبەر ئەوە ڕەنگە درێژەی بدەمێ، داوای لێبوردن دەکەم.

خوشك و برایانی خۆشەویست:

بەسڵاوێکی برایانەی گەرمەوە پیرۆزبایی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانتان لێدەکەم، کە بەم کۆبوونەوەتان ئاواتێکی گرنگی گەلی کوردسستانتان هێناوەتەدی، ئاواتی

یەکێتی ریـزەکانی پەرلـەمان،کـە دەکاتە یەکێتی ریزەکانی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکی کوردسـتان،ئـەم کۆبوونەوەیـە ئەهەمـیەتەکەی لـە یەکـێتی ریـزەکانی گەلەکـەمان دایـە، ئـەم یەکێتییـەی کـە مـاك و سەرچـاوەی یەکێتیـیەکانی تـریش دەبـێ، یەکـێتی هـاودەنگی سیاسـی کوردایـەتی، یەکێتی هەڵوێستی هـەردوولا، یەکـێتی نیشـتمانیی کوردسـتان و پـارتی دیموکراتی کوردسـتان بەتایـبەتی و، حـزبە کوردسـتانییەکانی تـریش بەگشـتی. چـونکە ئـەم یەکێتییـە بـەردێکی گـرنگی بـناغەی یەکـێتی عێراقیشە، هی یەکێتی ریزەکانی موعارەزەی عێراقییە، هی یەکـێتی و بـرایەتی،قەومـەکانی کوردسـتان و عـێراقە بـە کـورد و عـەرەب و تورکمـان و ئاشووریشـەوە، چـونکە ئـەم یەکێتییەی ئیمڕۆ دەبینوێنین لە رۆژێکی گرنگدایە، رۆژێکی پیرۆز لـە مـێژووی عـێراق بـە کوردستانەکەشیەوە، رۆژی ئیعلان کردنی ئیرادەی سەربەست و ئازادی هـەموو خـەڵکی کوردسـتان کـە مانـەوەی لـە چوارچێوەی عێراقـێکی دیموکـراتدا هەڵبـژاردووە بەشـێوەی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئەو عێراقە دیموکراتییەدا، واتە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خـەڵکی کوردسـتانی عـێراق لەم رۆژەدا بەگشتی دەنگ بڕیاریان داوە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکـراتی یەکگـرتوودا بـە دیموکراسی و مـافی مـرۆڤ و فیدرالـیزم شـاد بـبن، واتـە سەر لەنوێ عـێراقی دابەشـکراو، عـێراقی پارچـەپارچـە کـراو لەلایـەن دیکـتاتۆریەتەوە یـەك بخەنـەوە، سـەروەری و سـەربەخۆیی بـۆ دابـین بکەنەوە، بەمەش هەموو بالۆرە درۆزنەکانی جیاخوازی و جـیابوونەوەی کوردسـتان لـە عێراق و دانـانی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتان بـە رەسمـی بە درۆخسـتەوەو دەپاتـیان کـردەوە، کـە خەڵکی ئێمە بە هەموو هێزە سیاسییە ژیرەکانییەوە توند تونـد دەسـتیان بـە ئاڵقـەی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەوە گرتووە، یەکێتی نیشـتمانیی عێراقـیان گەرەکـە،دەیانـەوێ یـەك تاکە عێراقی دیموکراتی پەرلەمانی فیدرالیان هەبێـت،کـە لـە حکومەتـە مەرکەزیەکـەیدا کورد و عـەرەب و تورکمـان و ئاشـووری و شـیعە و سـوننە و موسڵمان و مەسیحی بەشداریی راستەقینـەیان هەبێت، وەك یەکیی تەواویان هەبێـت لە هەموو ماف و سەرپەستییەکاندا.

بۆیـە هەقـە هـەموو خـەڵکی عـێراق بگرە هەموو دراوسێکانیشمان بەم یەکێتییەی ئیمڕۆ ئێمە دەبینوێـنین شـاد و ئاسـوودە و دڵشـاد بـن، چـونکە بـەم یەکێتیـیەمان نـەك هەر خیتابی سیاسی کورد دەربـارەی کێشە و هەلومەرجەکان و وەزعی ناوخۆ یەکدەخەین، بەڵکو دەربارەی کێشەی عـێراق و موعـارەزە و هەڵوێسـت لـە دەروجیرانـیش یەکدەخـەین و هـەموو ئەوانـە دڵەڕاوکـەی جـیابوونەوەی کوردیـان کـە نـاو بـەناو دەیهێنـنەکایەوە دەبـێ بڕەوێنێـتەوە، کەواتـە ئـەم یەکێتییـەمان دژی کـەس نییـە، دژی دەوڵەتانی دراوسێ نییە، بەپێچەوانەوە ئەم یەکێتییە کە بـەم ئـازادی و لـەم شـارە دێریـنە خۆشەویستەی پایتەختی دووەمی عێراقدا دەری دەبڕین هەم بـەری خـەبات و رەنـج و فیداکاری دەیان ساڵەی خەڵکەکەمانە، هەم بەری خوێنی دەیان هەزار شـەهید و پـتر لـە دووسـەد هـەزار ئەنفالکـراوی بـێ سـەرو شـوێنە، هـەم بـەری مـاندووبوون و فیداکاری و فرمێسك و ئارەقەی کۆمەڵانی خەڵکەکەمانە.

هـەم سـەبارەت بـە یارمـەتی و پشتیوانی و پارێـزگاری وڵاتـە یەکگـرتووەکانی ئەمـریکا، تورکـیا، بریتانـیا، فەرەنسایە کـە هـەم لە زەمانی (mcc) ەوە و هەم لە کاتی دانانی ناوچەی (ملاذ الامن)

ەوە کە بۆیان دروستکردین و هەم بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش کە بۆیان دەرچواندین و هەم ناوچەی دژە فڕینیشیان بۆ دابین کردین، بۆیە زۆر پێویست و ڕەوایە کە لێرەوە سوپاس و پێزانینی وەفاداری خەڵکی کوردستان دووپات بکەینەوە بۆ ئەمریکا و تورکیا و بریتانیا و فەرەنسا بە تایبەتی و هەموو دەوڵەتەکانی ئەوروپای تریش، کە لە بەدیهێنانی ئەمڕۆشدا هاریکاریمان بوونە. ناکرێ چاکەی زۆروزەوەندی جمهوری ئیسلامیش یاد نەکەینەوە و سوپاسی زۆریش بۆ ئەوان ئەنێرین، کە لە ڕۆژەکانی ڕەش و تەنگانەدا، هەر لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەوە بگرە تا سەر داڵدەدانی سەدان هەزار ئاوارەی کورد و پشتیوانی لە خەباتگێڕانی کوردستان کۆمەکیان کردووین، پێویستە سوپاسێکی گەرمی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالیش بکەین کە هەمیشە بە دەنگمانەوە هاتوون، هەمیشە پشتیوانیان لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان کردووە و هەمیشە هەوڵیانداوە بۆ ئەم یەکێتییەی، کە ئەمڕۆ هێناومانەتەدی، بەڵام جێی شادی وسەربەرزی و سەروەریمانە کە خۆمان ئەم یەکێتییەمان هێنایەدی.

بەم جۆرە دەبینین کە ئەمیەکێتییە پیرۆزەمان لە سەردەمێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازدا هاتۆتەکایە، هەر بۆیەش یەکجار گرنگ و پیرۆزە، پێویستە وەکو بیلبیلەی چاوەکانمان بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین، ئیمڕۆ دڵسۆزی و پەرۆشی و ئەمەکداری بۆ کوردەواری، بۆ کوردایەتی، بۆ دیموکراسی، بۆ برایەتی کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوری، بۆ خوێنی شەهیدەکانمان و ئاواتی دێرینیان لە پاراستن و گەشەپێدانی ئەم یەکێتییە پیرۆزەی ئیمڕۆماندایە کە دەبێ لە هەوراز هەموو دەستکەوتێکی حزبی و تایبەتی ناوچەگەریدا بێت، پێویستە ئەم ئەڵقە پیرۆزە بێت کە هەموومان توندتر دەستی پێوەبگرین، بە تایبەتی سەبارەت بەم ڕاستییەش کە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی لەباری نێودەوڵەتی و ناوچەییش، کە کەڵك وەرگرتن لەم گۆڕانکارییە گرنگە ڕەچاوکراوانەی عێراقیش هەر بەم یەکێتییە دەبێت، هەر بە چەسپاندن و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ئەم یەکێتییە پیرۆزە دەبێت.

بەڵێ ئیمڕۆ هەلومەرجێکی لەبارمان بۆ ڕەخساوە، لە ڕووی بابەتییەوە کوردەواری و کوردایەتی لە ناو جیهانگیری ئەم سەردەمەدا شوێنی خۆیان وەك هێزێکی دیموکرات و پێشکەوتنخواز کردۆتەوە. بە پێچەوانەشەوە دوژمنەکان دیکتاتۆر و کۆنەپەرستن کەوتوونەتە بەر باهۆزی هەڵکردووی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، لە ڕووی بابەتیشەوە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی گەلەکەماندا چیتر هەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان پشت و پەنامان نین، بەڵکو ئیمڕۆ هێزی گەورەی بەربڵاوو دەسەڵاتداری وەك سوسیالیست ئینتەرناسیونال پشت و پەنامانە، دەوڵەتی گەورەی وەك ئەمریکا ڕاستەوخۆ دانوستاندن و پەیوەندیمان لەگەڵ دروست دەکات و گەشە پێدەدات لەسەر بناغەی هێنانە دی عێراقێکی دیموکرات و پەرلەمانی فیدراڵ، کە لە حوکمە مەرکەزیەکەشیدا کوردیش بەشداری ڕاستەقینە بن. بۆ یەکەم جارە کە بریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، سوید، نەمساو چەندین وڵاتی ترو، پەرلەمانی ئەوروپا پشتیوانی لە مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ناوچەکەمان و پاراستنی گەلەکەمان دەکەن، بۆ یەکەمجارە هەموو موعارزەی عێراقی ڕەسەن دان بە فیدرالیزم بۆ کوردستان دادەنێن، بۆ یەکەمین جارە لە چەندین وڵاتی گرنگی عەرەبی وەك میسرو سوریا ڕێز لە گەلەکەمان و مافەڕەواکەمان دەگرن. لە ناو

سەرانی عەرەبیشدا کاك موعەمەر قەزافی لە خۆمان زیاتر داوای مافەکانمان بۆ دەکات. جا لەم هەل ومەرجە نایابەو تایبەتییەدا خۆشمان بۆ یەکەمین جارە لە مێژوو ئەم جۆرە حزب و ڕێکخراوە دیموکراتی و پەرلەمانە، بە داخەوە دوو حکومەتمان هەبێت، مەقسەدم ئەوەیە بریا یەك با، بۆ یەکەمین جارە دەیان هەزار پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش وەرزیدەو تەجروبە پێکراومان هەبێت، بۆ یەکەمین جارە ئەم یەکێتییەمان هەبێت، کە هەر خۆشی دەستەبەری کەڵك وەرگرتن و بەدی هێنانی ئاوات و ئامانجە مێژووییین و دێرینی باب و باپیرانمانە. لەم هەلومەرجەدا، لێرەودوا پێویستە بە سەربەستی دان بەم ڕاستییەشدا بنێم کە ئەرکی سەرەکیی پاراستن وگەشە پێدانی هەمەلایەنەی ئەم یەکێتییە لە ئەستۆی پارتی و یەکێتی نیشتمانی دایە، بەگشتی و لە ئەستۆی برای خۆشەویستمان جەنابی کاك مسعود بارزانی و بەندەی موخلیستان دایەبەتایبەتی بۆیە هە درێغی و کەمتەرخەمییەك ئۆباڵێکی قورس دەخاتە ئەستۆمان و باش و ژیرانەش بەدیهێنانی ئەرکە پیرۆزەکەمان مایەی سەروەری و سەربەرزی مێژووییمانە. پێویستە ئەم ڕاستیەش بسەلمێنین کە شەڕی گڵاوی ناوخۆ زۆر زەرەروزیانی لە گەلەکەمان داو تاقیکردنەوە دیموکراتییەکەمانی دواخست، قوربانییەکی زۆرو زەوەند بە فیڕۆ دراوە لە شەڕی گڵاوی ناوخۆدا، بۆیە جوبران کردنەوەشی، سڕینەوەی شوێنەوارەکانیشی هەر دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی و پارتی، جا سەرەڕای داوای لیبوردن کردن لە خەڵکی کوردستان پێویستە هەوڵ و کۆششی زۆر و زەوەندیش بدین بۆ پاراستنی ئاشتبوونەوەی گشتیمان و ئەم یەکێتییە پیرۆزەمان ، تا ئەو ڕادەیەی ئیجازە بفەرموون پێشنیارێکتان بۆ بکەم کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان قانونی تحریم و تەجریمی شەڕی ناوخۆ، شەڕی کورد بە کورد بە کوشتندان دەربکات. تا بە هیچ جۆرێك لە هیچ کات و ساتێکدا کەس زات نەکات بیر لە شەڕی کورد بە کورد بە کوشتندان بکاتەوە. بەڵکو هەر بیر لە ململانێی بە نموونەیی خزمەت کردنی خەڵك و دەربڕینی هەڵوێستی ڕاست و ڕەواو چڕەی سیاسی و برایانە و دیموکراتیانەی گیروگرفتەکان بکەینەوە.

خوشك وبرایانی خۆشەویست:

بێگومان هاوکاری و هاریکاری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ وەدی هێنانی ئەرکە پیرۆزەکەمان و گەشەپێدانی ئەم یەکێتییەمان زۆر پێویست و گرنگە، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە، بەڵکو پێویستیمان لە لایەك بە هاوکاری و هاریکاری هەیە لەگەڵ حزب و تاقمە ڕەسەنەکانی کوردستان کە خاوەنی خەبات و فیداکارین و بە هاوکاری و هاریکاری برایانەی توند وتۆڵ لەگەڵ برا تورکمانەکانمان، برا ئاشووریەکانمان هەیە، لەسەرێکی تریشەوە پێویستیمان بە هاوکاری و هاریکاری هەیە لەگەڵ هەموو هێزەکانی نیشتمانی و شۆڕشگێڕ و دیموکرات و ئیسلامی و نەتەوەیی ڕاستەقینەی عێراقی ئێستامان. چونکە هەمووشیان خەبات و فیداکارییان کردووە، ڕەنجیان کێشاوەو قوربانییان داوە. لێرەدا دەمەوێ هەڵوێستێك بکەم لەسەر دوو خاڵ، یەکێکیان هاوکاری و برایەتی لەگەڵ تورکمان و ئاشووری، خەڵکی کوردستان خۆی زۆر لە ئازاردانی نەتەوایەتی و پاکسازی نەتەوەیی و زوڵم و زۆرداری داگیرکەرانی چەشتووە، بۆیە بۆتە دوژمنی سەرسەختی هەموو جۆرە ئازاردان و زوڵم و زۆرێك. هەر بۆیەش ئێمە مانانی خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری و دیموکراسی عێراق پێویستە لەسەرمان بە هەموو هێزو توانامانەوە

دژی هەموو جۆرە ئازاردانێکی نەتەوایەتی و،پاکسازی نەتەوایەتی و پێشێل کردنی مافەکانی دیموکراسی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندواری و مافە رەواکانی تری قەومیەتی تورکمانی و قەومیەتی ئاشووری بوەستین، خەباتیان لە دژ بکەین، بۆ لە رەگ و ریشە هەڵکەندنیان لە عێراقی دوا رۆژدا لە کوردستانی فیدراڵدا، ناو ئەو عێراقە دیموکراتییی و پەرلەمانییە یەکگرتووەدا پێویستە خەبات بکەین بۆ دابین کردنی هەموو مافە رەواکانیان دەوڵەتێکی دۆستمان دەڵێ:تورکمان مافیان دەبێ وەك ماڤ برا تورکەکانی بولغارستان بێ، ئێمەش دەڵێین لەوەشیان دەبێ باشتر و زیاتر هەبێ،بەڵام بە هەمان شێوە بۆ برا ئاشووریەکانیشمان ئێمەی خەباتگێرانی کوردایەتی پێویستە رێبەری ئەو خەباتە بین بۆ دابین کردنی هەموو مافەرەواکانی قەومیەتی تورکمانی و قەومیەتی ئاشووری لە چوارچێوەی عێراقی دیموکرات و فیدراڵدا و لەناو ئیقلیمی فیدراڵی کوردستانیشدا،هەموومان هەرسێ لامان کوردو تورکمان و ئاشووری دەبێ دژی شۆڤینیزم بین و دژی ئینکاری بوونی ناوی یەکتر بوەستین، دژی ئینکاری ناوی کوردستان و ناوچەی کوردستان بوەستین.

پێویستە لەسەر بنەمای راستییە مێژوویییەکان وەك یەکێتی برایەتی و هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی پێکەوە براو تەبا بین،درێژە بە خەبات بدەین بۆ هێنانە دی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکرات و فیدراڵ. ئەم برایەتی و هاوخەباتییە لە هاودەردی و هاوچارەنووسی و هاوولاتی بوون و پێکەوە ژیانەوە هاتووە. لەبەر خاتری کەس و لە ترسی کەسیش نییە، بەڵکو سەرەتاو بیروباوەڕی خۆمان سەرچاوەی ئەم هەڵوێستەمانە.

دووەم:هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ موعارەزەی عێراقی بۆ هێنانەدی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتی فیدراڵ،بۆ هێنانەکایەی حکومەتێك کە تێیدا کوردو و عەرەب وتورکمان و ئاشووری و شیعە و سوننە،پێکەوەیان بەشدارو بەرێوەبەری حوکمەکە بن هیچ قەومیەتێك یان تایفەیەکی مەزهەبی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ نەبێ و دەستڕۆیشتی نەبێت، ئێمەی خەباتگێرانی رێگای دیموکراسی و فیدرالیزم دەتوانین و دەبێ لە عێراقی داهاتوودا پارێزەری ئەو بالأنسە بین و ماوەنەدەین کەس زوڵم لە کەس بکات،بەڵکو هەموومان وەك برا پێکەوە حوکمی عێراقی خۆمان بکەین،لە موعارەزەشدا کورد پەروەران هەمیشە رۆڵی گرنگیان بووە، ئێستەش هەر دەبێ بە هەمان رۆڵ و بە هەمان ئەرك هەڵسن.هەموومان پێکەوە شوێنەواری سیاسەتی شۆڤێنی دژ بە کوردو تورکمان و ئاشووری بسڕینەوە،شوێنەواری سیاسەتی گلاوی پاکسازی نەتەوەیی نەهێڵین و کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشووری هەموویان بچنەوە شوێنی باب و باپیری خۆیان، ئەو شوێنەی لێی بەزۆر دەرکراون و راگوێزراون بگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان و ئاوارەو دەرکراوەکانیش بچنەوە شارەکانی شەنگارو شوێنەکانی زەمارو عین زالەو شێخان و مەخمورو کەرکووك و دوز و داقوق و خانەقین و مەندەلی و بەدرەو دەوروبەری، پێویستە پێکەوەمان شوێنەواری سیاسەتی دژایەتی شیعەی عێراق بسڕینەوەو وەك یەکیی راستەقینە دروست بکەین بەمەش سیاسەتی تایفی زۆردارانە لە رەگ و ریشە هەڵکەنین بێ ئەوەی تۆزقاڵێك لە مافەرەواکانی برا عەرەبە سوننەکانمان بخورێت، بەڵکو ئەوانیش وەك یەك لەگەڵ برا شیعەکانمان و برا کوردو تورکمان و

ئاشوورییەکانیان بەسەربەرزی و سەربەستی لە عێراقی یەکگرتووی هەموومانداا بژین و بە دیموکراسی و ئازادی و سەربەستییە جۆراو جۆرەکان شاد بن.

خوشك وبرایانی خۆشەویست: کۆتایی وتەکەم بەچەند خۆزگەیەك دەهێنم:

خۆزگە بە خۆزگە شەڕی برا کوژی کە شەڕی خۆکوژی بوو رووی نەدابا.

خۆزگە ئەنجومەنی نیشتمانییەکەمان دوو پارچە نەبووبا.

خۆزگە حکومەتەکەمان دوو لەت نەبووبا، خۆزگە هەرچی زووە یەك بێتەوەو یەك حکومەتمان ببێت بە بەشداریی برا تورکمان و برا ئاشووری و حزبە رەسەنەکانی کوردستانیش.

خۆزگەبرا تورکمان و برا ئاشووریەکان و هەموو برایانی تریش کە دوور خراونەتەوە دەهاتنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و هیچ نەبێ ئەو قانونەی حکومەتی عێراق دەریکردووە، چی هی ئۆتۆنۆمی و ناونانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی و دام ودەزگاکانیان دەسەلماند، هیچ نەبێ قاونەکانی حکومەتەکانی عێراقمان لێ قبولّ بکەن و هیچ سڵیان نەدەکردەوە لە ناو هێنانی ناوە مێژووییەکەی ناوچەکەمان وەك لە قانونەکانی عێراقدا هاتووە.

خۆزگە هەرچی زووترە هەڵبژاردنێکی نوێ بکەینەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە نیازی بەشدارکردنی برا تورکمان و ئاشووری و ئەوەندەی حزبەکانیش دەنگ دەهێنین بە گوێرەی قانونێکی نوێی هەڵبژاردن کە ئەو کۆسپی (٧٪) نەمێنێ و بۆیان ببێتە ١ یان ٢٪.

خۆزیا کۆبوونەوەی داهاتووی موعارەزەی عێراقی سەرکەوتوانە بە ئەنجامی راست و رەوای خۆی دەگەیندرا. خۆزیا کارێکی وامان دەکرد کە چیتر و بڕای ببرای شەڕی خۆکوژی، براکوژی تەنانەت بەخەیاڵیشدا نەدەهات و وا دزێوو پیسی بکەین وا پڕ تاوان و ناشرینی بکەین لەبەر چاومان کە قێزو بێزمان لێ ببێتەوە بە تاوانی نیشتمانی و ئینسانی دابنێین.

خۆزیا ئەم برایەتییە، ئەو یەکێتییەی ئیمرۆمان وەك بیلبیلەی چاوەکانمان هەتاسەر، هیچ نەبێ هەتا رزگاری تەواو و بەدیهێنانی هەموو مافەکانمان دەپارێزین. ئیتر هەر شادو سەربەرز و سەرکەوتووبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی بەڕێز مام جلال تاڵەبانی، بەڕێزان چەندین بروسکە و وتارمان بۆ هاتووە لەبەر کەمی کات تەنیا هەڵبژاردەیەکیان لێ دەخوێنینەوە، ئەوانی تریش لەدەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان دەکەینەوە:

وتارێك دەربارەی کردنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی سویدی کە نوێنەرایەتی گشتی حەوت حزبەکە دەکەین بەو پەڕی دڵسۆزییەوە حەز دەکەین لە کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان دا کە هەموو ئەندامانی هەڵبژێراو کە بەشداری تێدا دەکەن پیرۆزباییان پێ رابگەیەنین،لە بارێکدا کە هێشتا نا دڵنیایی لە ئارادایە زۆر گرنگە کە سەرکەوتن و سەقامگیرکردنی ئایدیاڵە دیموکراسیەکان زامن بکرێت و، پرۆسەی دیموکراسی سەربکەوێت بەسەر ئەو هێزەدا کە دەیەوێ دووبەرەکی و جیابوونەوە بسەپێنێ و، دەشمانەوێ لەم بۆنەیەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە دەست پێکردنی هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد لەنزیکترین ئایندەدا زۆر گرنگە،

کوردستانێکی یەکگرتوو لە عێراق و پەرلەمانێکی دیموکراتیانەی هەڵبژێراو لەگەڵ حکومەتێکی یەکگرتوو بەردی بناغەی دیموکراسیەو دوایش بەهێزکەری پرۆسەی ئاشتی، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە (١٠٥) ئەندام پێك دێ،وەکو ئێمە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها شەش ئەندامیان ئافرەتن،زۆر گرنگە کە پەرلەمان و پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بایەخ بە زامن کردنی هاوبەش بوونی ئافرەت بدەن لە پرۆسەی سیاسی دا،هەروەها گرنگیشە کە کەناڵەکانی رێکخستنی پەرلەمان بەجۆرێك دابڕێژرێ کە پیاو وژن بەو پەڕی تەواوییەوە کارو سەرپەرشتییەکانیان جێ بەجێ بکەن. بەو پەڕی حەزمانەوەچاودێرین لەسەر گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی مافی مرۆڤ کە لە بڕیاری (٦٨٨) دا دەستنیشان کراون،هەروەها پارێزگاری و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان لە هەر رووداوێکی دەست درێژیکەرانەی چاوەڕێ نەکراو بەو پەڕی گرنگییەوە دەخەینە بەرچاو. بە شانازییەوە حەزمان دەکردکە لە رێورەسمی ئەم بۆنەیەدا تێیدا هاوبەشیمان بکرادایە، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی سویدەوە بەداخەوە پێمان ناکرێ. بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەو کارانەی کە ئێستاو ئایندە لەسەر شانیانە سەرکەوتن دەخوازین.

ستۆکهۆلم ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ ولا هۆڤمان پارتی چەپ، مورگن یو هانسن سۆسیال دیموکرات، پیرل بیل حزبی ئیعتیدال، ئەریك ئۆلن هارك حزبی لیبرال، هولگر گوستافسن حزبی مسیحی، لینا ئیك پارتی سەنتەر، کیرسن ماریا ستالین پارتی سەوز.

**بەڕێز د.کمال فوئاد:**

نامەیەکی پیرۆزبایی لە پارتی سۆسیالیستی فەرەنساوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

پارتی سۆسیالیست. سکرتاریەتی نیشتمانیی پاریس ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٠٢:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

گرووپی پەرلەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

گرووپی پەرلەمانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

گرووپی پەرلەمانی ئاشوری.

بەڕێز جەنابی سەرۆك.

پارتی سۆشیالیست دەعوەتنامەکەتانی سەبارەت بە بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پێگەیشت کە لە رۆژی ٢٠٠٢\١٠\٤ دا لە هەولێر دەبەسترێ،سەبارەت بەوە بە گەرمی سوپاستان دەکەین، وەك دەزانن پارتی سۆسیالیست کەوا بەستەی بەرگری کردنە لە مافەڕەواو دیموکراتیەکانی گەلی کوردی عێراق پیرۆزبایی لەو ئەزموونە دیموکراتیەی کوردستانی عێراقی کردووە،کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان خرایە ئەستۆ کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ ئەنجامەکەی بوو،لەو کاتەوە ئێمە دەستمان لە هەوڵ وکۆششی خۆمان هەڵنەگرتووە کە ناوبژیکەر بۆ ئاشتی و یەکخستنەوەی بزووتنەوەی کوردی عێراق، هەر بۆیەش زۆر خۆشحاڵ بووین بە ئیمزا کردنی ئەو رێککەوتننامەیەی (٨)ی ئەیلولی ٢٠٠٢ لە نێوان حزبەکانتاندا کە

ڕێگە دەدات سەر لەنوێ کۆبوونەوەی یەکخستنی پەرلەمانی کوردستان بێتە دی. ئێمە پێمان وایە کە بنیات نانەوەی ژیانی دیموکراسی لە کوردستاندا دەبێتە هاندانێك بۆ سەرجەم گەلی عێراق کە شەیدای ئاشتی و دیموکراسیە. بە داخەوە دەعوەتنامەکەتان لە کاتێکدا هات کە بوارمان پێ نادات وەکو ئەوەی کە بە ئاواتەوە بووین بەشدار بین لەو کۆبوونەوەیەدا کە گرنگیەکی مەزنی هەیە، زۆر بەداخەوە دەڵێین تکاتان لێ دەکەین کە هیوای گەرمی ئێمە بۆ سەرکەوتنتان بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان رابگەیەنن.

بەڕێز جەنابی سەرۆك:

جوانترین ڕێزو سلاوەمان بفەرموون، ڕێجی پانسیرۆ، وقاف عارف سکرتێری نیشتمانی بۆ کاروباری نێو نەتەوەیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەها ئەم بروسکەش لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری هاتووە :

السيد مسعود البارزاني المحترم.

السيد جلال الطالباني المحترم.

السادة رئيس و اعضاء البرلمان المحترمين.

ايها الحضور و الضيوف الكرام.

يسعدنا باسم الحركة الديمقراطية الاشورية ان نتقدم اليكم بخالص التبريكات بانعقاد هذه الجلسة المشتركة لبرلمان اقليم كوردستان العراق والتي طال انتظارها، هذه الخطوة التي ستدشن مرحلة جديدة من تجربة الاقليم الديمقراطية، و مسيرة السلام و المصالحة والتي نأمل ان تسير بخطا حثيثة نحو توحيد الادارة و الحكومة الموحدة الموسعة و الائتلافية وان تحقق الهدف المنشود في اجراء انتخابات جديدة حرة و نزيهة تمثل ارادة الشعب لكون هذا الهدف هو استحقاق تأخر تنفيذه في سنوات منصرمة و حان الاوان لبذل جهود من اجله، ايتها السيدات والسادة في هذه المناسبة يسعدنا في الحركة الديمقراطية الاشورية ان نؤكد هنا على صواب الموقف السياسي المنطلق من نهج و مبادئ حركتنا و الجهود التي بذلتها و مساعيها مع القوى و الاحزاب الحليفة من اجل السلام و المصالحة الوطنية في الاقليم وفي هذا اليوم انتصرت ارادة السلام التي هي ارادة الطرفين التي هي البارتي و الاتحاد و ارادة الاحزاب الحليفة و القوة الدولية الصديقة هي في المقدمة الارادة الشعبية و الجماهيرية و اهمية هذه الخطوة تأتي من ناحية اخرى بسبب التطورات الراهنة والاحداث المرتقبة و المداولات التي تجري على الصعيدين الاقليمي و الدولي بشأن وطننا العراق مما يتطلب من كافة القوى بذل الجهود من اجل وحدة الصف و المساهمة الفاعلة و الايجابية في احداث التغيير الديمقراطي في عموم الوطن واقامة نظام يحترم التعددية و ارادة القوميات المتآخية من العرب و الكورد و الاشوريين و التوركمان و جميع فئات الشعب و مذاهبه و طوائفه وشرائحه المختلفة، و في هذه المرحلة الانتقالية فاننا نتطلع من خلال الاحزاب و القوميات الشقيقة و فصائل التيارات الوطنية ان تقدر مدى الغدور التي لحقت بشعبنا بعهود الطويلة وان تحترم ايرادة وحقوقه المشروعة دستوريا و ايضا احترام خصوصيتنا و وحدتنا الداخلية و التعاطي مع قضية شعبنا وفق

الاسس المبدئية و الوطنية تستند الى العلاقات التأريخية و مبادئ شراكة و احترام متبادل و الارادة الحرة، ختاما نبارك هيئة برلمان لاقليم كوردستان العراق و لجميع ابناء الشعب هذه الخطوة المباركة و عهدنا على مواصلة العمل المشترك على طريق التقدم و الازدهار.والسلام عليكم.

اربيل ٢٠٠٢\١٠\١٤

الحركة الديمقراطية الاشورية

بەڕێزان وەكو باسم كرد چەندین بروسكەو پیرۆزباییمان بۆ هاتووە لەبەر كورتی كاتەكە ناتوانین ئێستا بیانخوێنینەوە لە ئایندەدا بڵاویان دەكەینەوە و،بۆ ئاگاداریش پاش ئەم كۆبوونەوە و پاش نان خواردن هەردوو بەڕێزان كاك مسعود بارزانی و مام جلال تاڵەبانی كۆنگرەیەكی رۆژنامەگەری لە هۆڵی فراكسیۆنی زەرد دەبەستن بۆ ئاگاداری، لێرەدا كۆتایی دێنین بە دانیشتنەكەی ئیمرۆمان فەرموون بۆ پشوودان بۆ هۆڵی پەناگیری.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی عێراق

د. رۆژ نوری شاویس
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٨\١٠\٢٠٠٢

خولی گوستنەوە

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)ی خولی گواستنەوە

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/١٠/٨

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق كاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/١٠/٨، بەئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری و، بەڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢)ی خولی گواستنەوە، ساڵی (٢٠٠٢) خۆی بەست.

**بەڕێز د.كمال فؤاد- سەرۆكی كۆبوونەوە:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، كۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەست پێ دەكەین.

بەڕێز سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان مام جلال، بەڕێز سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان كاك مسعود بارزانی، بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەكان ونوێنەرانی ڕێكخراوە دیموكراتیەكان، خوشك وبرایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، بە ناوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەكەم و سوپاسی ئامادەبوونتان دەكەم.

بەڕێزان...

پاش شەش ساڵ دابڕان و لە یەكتر دووركەوتنەوە، پاش گەلێك فرمێسك وخوێنی بە ناهەق ڕژاو ویستی نەگۆڕی كۆمەلانی خەلكی كوردستان و دۆستانی مەسەلەی كورد سەركەوت وكۆی كردینەوەوزۆر بەداخەوە لەم ماوەیەدا ژمارەیەك لە هاوڕێیانی پەرلەمانتارمان گیانیان بە خاك سپارد و بەم رۆژە پیرۆزە نەگەیشتن،ڕێگام پێ بدەن بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە درودو سلاوی گەرم بۆگیانی پاكیان بنێرین و یادیان بەخێربێنینەوە.

بەڕێزان...

هەواڵی كۆبوونەوەی یەكگرتووی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دڵ و دەروونی هەموو كوردێكی دڵسۆزی گەشاندەوە و دۆستانی مەسەلەی كوردی شاد كرد. لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا سەدان نامە و بروسكەی پیرۆزبایی و پشتیوانیمان لە ناوەوە ولە دەرەوەی وڵات پێگەیشت،كە ئاراستەی سەركردایەتی یەكێتی و پارتی و سەرۆكایەتی ئەنجومەن كراون، ئەم بڕوا و پشتگیرییە نابێ بدۆڕێت، دەبێ ببێتە هەوێنی هاودەنگی و هاوكارییەكی بەهێز و پتەو بۆ جێبەجێ كردنی هەموو بەندەكانی ڕێككەوتننامەی واشنتۆن كە لەلایەن هەردوو بەڕێزانەوە مام جەلال و كاك مسعود لە ١٩٩٨\٩\١٧ مۆر كراوە و لە كۆبوونەوەی پێشووی ئەم خولەی ئەنجومەن بە گشتی دەنگ بڕیاری لە سەر درا، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێككەوتننامەیە و كۆبوونەوە مەراتۆنییەكانی كۆمیتەی باڵای ئاشتی (MCC) لەسەرەتای ئەم مانگەدا هەردوو مەكتەبی سیاسی لە سەر(١٤)خاڵ ڕێككەوتن كە جێبەجێ كردنی بەشی هەرە گرنگی بەرەو رووی ئەم خولەی ئەنجومەن كراوەتەوە، لەوانە بەهاوكاری لە گەڵ MCC سەرپەرشتی كردنی پرۆسەی

ئاسایی کردنەوەی سەرتاسەری بارودۆخی کوردستان بە کردنەوەی مەڵبەند و لق و دەزگا حزبیەکان لە هەردوو لا، ئاسانکردنی هاتوچۆ بەبێ بروسکە، لابردنی گومرگ لە نێوان هەردوو بەشەکەی هەرێم. بەوشێوەیەی کە دەزگاکانی دارایی هەردوولا رێنمایی بۆ دادەنێن.

هەنگاونان بەرەو یەکخستنەوەی ئیدارەکان، هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن و هەموو ئەو کارانەی کە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەوە هەیە، بڕیاردان لە سەر دەستوری هەرێمی کوردستان لە سیستەمێکی فیدرالی عێراقدا، دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دامەزراندنی حکومەتێکی ئینتیقالی یەکگرتوو پاش ئەوەی لەلایەن هەردوولاوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، هاودەنگی و هاوکاری لە نێوان هەردوو ئیدارەکە لە دەرەوەی وڵات تا ئەو کاتەی ئیدارەکان یەك دەخرێن، خۆشبەختانە هەر لە گەڵ دەستپێکی کۆبوونەوەی ئەنجومەندا بڕیار لە سەر رێککەوتننامەی واشنتۆن درا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە دەست بکرێ بە جێبەجێ کردنی بە تایبەتی ئەو خاڵانەی پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە و زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی نوێ و یەکخستنەوەی ئیدارەکانەوە هەیە، جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە پێویستی بەهەوڵ و کۆشش وهاوکاریی نێوان هەموو هێزە نیشتمانییەکان وهەموو هێزە نیشتمانییەکان و هەموو کوردێکی هۆشیار و دڵسۆز هەیە، ئەوانەی کە بەتەنگ بەرژەوەندی و دوا رۆژی گەل و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و راپەڕینەوەن.

خوشك و برایانی بەرێز:

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە گەلێك یاسای باشی دەرکردووە و گەلێك بڕیاری باشی داوە، کە ئەگەر پەیڕەو بکرانایە هەرگیز تووشی کارەساتی شەڕی ناوخۆ نە دەبووین، پەیڕەوکردنی بڕیارو یاساکانی پەرلەمانیش پەیوەندی بە هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە بەداخەوە لەلای ئێمەدا هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێستامان هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکوڕییە تا بتوانین هەنگاو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی بنێین و شوێنەواری شەڕی ناوخۆ و دیاردەی میلیشیاکان نەهێڵین، پاراستنی مافی مرۆڤ وسەروەریی یاسا دابین بکەین، یەکسانی و دیموکراسی و ئازادی بۆ کۆمەلانی خەڵك بهێنینە دی ، بەرەو ئاشنابوون بە گۆڕانکارییە گەورەکان لە بواری زانست و تەکنیك لە جیهانی ئەمڕۆدا هەنگاو بنێین، بە تایبەتی لە سەردەمێکدا کە سەرتاسەری جیهان خۆی لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورەدا دەبینێ.

بەرێزان...

سەرەرای باری ئاڵۆزی کوردستان و شەڕی ناوخۆ و گەڕ و گێچەڵی دوژمنان بۆ نانەوەی ئاژاوە و گێرە شێوێنی و تێکدانی باری وڵات، گەلەکەمان سەلماندی کە ئەگەر لە وڵاتی خۆیدا بە ئازادی بژی و خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێ دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ، لە کاتێکدا کە ئیدارەی پاش راپەڕین هاتۆتە سەر وڵاتێکی کاولکراو، بۆیە دەبێ دڵنیابین لەوەی کە هەرکات ریزەکانی ناوخۆ تەبابن و هاوکاری یەکتربن لە هەموو روویێکەوە دەتوانین هەنگاوی گەورە بهاوێژین و وڵاتەکەمان باشتر ئاوەدان بکەینەوە و ئاستی ژیانی کۆمەلانی خەڵکیش باشتر بکەین، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ بارودۆخی جیهان و ناوچەکە و رووداوە

چاوەڕوانکراوەکان زیاتر بەلای کێشەی گەلانی ستەم لێکراودا وەرئەچەرخێن، با ئێمەش خەباتمان یەك خەین و ئەم هەلە مێژووییە لە دەست نەدەین.

بەڕێزان ...

جارێکی تر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز،بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات لە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانە دابوون بۆ بەرپابوونی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی و گەیشتن بەم رۆژە پیرۆزە.بە هیوای عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی کە هەموو نەتەوەکان لە ژێر سایەی دا بحەسێنەوەو بە مافە رەواکانی خۆیان بگەن، ئیتر بە خواتان دەسپێرم.

ئامادەبووانی بەڕێز ئێمە تکادەکەین لە هەر دوو بەڕێزان کە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەن، ئەگەر وتار و فەرمایشێکیان هەیە پێشکەشی بکەن،مەسەلەکەش بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵین کە لەو بارەیەوە ئەگەر بیانەوێ قسەیەکمان بۆ بکەن، بەڕێز مام جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال تاڵەبانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

برای خۆشەویست و بەڕێز کاك مسعود بارزانی.

خوشك وبرایانی خۆشەویست.

جارێکی تر پیرۆزبایی ئەم رۆژە مێژووییەتان لێ دەکەم کە بە هەوڵ و کۆششی هەمووتان و بەتایبەتی هەوڵی دلێرانە و ژیرانەی برای خۆشەویستمان جەنابی کاك مسعود و هەموو لێپرسراوان هاتۆتە دی،ئەم رۆژە پیرۆزە رۆژی یەکێتی ریزەکانی گەلەکەمانە، رۆژێکە کە هیوادارین رۆژ بە رۆژ باشتر و چاکتر بە تەوژم و گوڕەوە ناوەڕۆکەکەی بۆ پێشەوە بڕوات، ناکرێ لەم بۆنەیەدا رۆڵی گرنگی کاك مسعود رەچاو نەکەین و،ئەم هەقەی نەدەینێ کە بەراستی لە کردنەوەی گرێ کوێرەکاندا ئازایانە و بوێرانە و دلێرانە هاتە پێش. لە ٨ی مانگی رابردوو، کە تاوەکو ئێستا یەك مانگی بەسەردا تێ دەپەڕێت تا ئەمڕۆ ئەو کارانەمان ئەنجام دا، کە دەبوایە لە پێشوو ئەنجامیان بدەین،لە ماوەیەکی کەمدا ئەم کارانە ئەنجام دران، دەتوانم بڵێم لە ماوەی ١٥ تا ٢٠ رۆژدا،کە چەندین وەخت بوو گەلەکەمان خەونیان پێوە دەبینی و، من دڵنیام لەوەی بێ هیمەت و هاوکاری و پشتیوانی کاك مسعود ئەم کارانە نەدەهاتنە دی، من خۆم دڵنیا بووم لەوەی کە نیەت و ویستی کاك مسعود چییە،بۆیە هەر لە واشنتۆنەوە بڕیارم دا کە بە سەلاحەدیندا بگەڕێمەوە، شاهێدیشم هەیە، من پێم وابوو کە ئەم سەردانە بە هیمەتی کاك مسعود و برایانی تری سەرکردایەتی پارتی دەبێتە سەرەتایی کردنەوەی هەموو گرێ کوێرەکان و پێشخستن، هەر بەو نیازەش کە هاتم هەر لە پێشوازی گەرمەوە بۆم دەرکەوت کە بە هەڵەدا نەچوومە و بۆچوونەکەم راست بووە و هەر زوو لە یەکەم دانیشتندا کاك مسعود گرێ کوێرەکانی کردەوە و، ویستی خۆی دەپات کردەوە کە دەبێت بگەین بە یەك هەڵوێست و هەموو گیروگرفتەکان چارەسەرکەین و ئیتر هەتاهەتایە برایەتی وتەبایی شوێنی ئەو کاتە ناخۆشە بگرێتەوە و بگرە جبرانیشی بکەین بۆ ئەوەی چاکتر و زیاتر خزمەتی خەڵکانی کوردستانی پێ بکەین، ئەم کۆبوونەوانە لەم شارە دێرینەی کوردیدا کە شاری هەڵمەت و قوربانییە لە مێژووی گەلەکەماندا و لە ئەسڵدا بۆ پایتەختی بابان دروست کراوە، دیسان دەبێت هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی یەکێتی

ریـزەکانمان باشــتر بەهـێز کـەین و چـاکتر و باشـتر خـەبات بکـەین بـۆ هێـنانە دی هـەموو ئامانجـەکانمان،ئـەم پەرلەمانـە هیوا و ئـاواتی گەلەکـەمانی پـێوە بەسـتراوە، بۆیـە مـن دڵنـیام کـە هەموو بەشدار بووەکانی لە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەدا دەبن و من بەش بەحاڵی خۆم، دەتوانم بە نـاوی بـرای بەڕێزیشـم کـاك مسعود و بەندەی موخلیسیشتان بەڵێنتان بدەمێ، کە ئێمە هەمیشە پشتیوانتان دەبـین و پێشمەرگەتان دەبین لە بەدی هێنانی کارەکانتان و، ئێوەش بوێرانە و ژیرانە بتوانن یاسا پێویستەکان دەرکـەن لـە پێش هەمووشیانەوە یاسای تەحریم و تەجریمی شەڕی برا کـوژی و، یاسـای بەشـێوەی چارەسـەر کـردنی گیروگرفـتەکان بەشـێوەیەکی دیموکـراتی و چـەندین یاسـای تـربەتایـبەتی مەسـەلەی دراو و ئـەو شـتانە کـە هـەمووی پـەیوەندی بـە ژیـانی خەڵکەوە هەیـە،جـارێکی تـر مـن ئـاواتی سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم و زۆر بـە گـەرمی بەخـێرهاتنی بـرای بەڕێزم کاك مسعود بارزانی دەکەم و هیوادارم تەشریف هێنانی بۆ سلیمانی وەك هەمیشە هۆیەکی تـری گەشـە پـێدان و پەرەپـێدانی ئـەم یەکێتیـیە پـیرۆزە بێـت، کـە سـەرەتا و مونـتەهای هـەموو سەرکەوتنەکانمانە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال فوئاد:**

زۆر سـوپاس بـۆ بەڕێـز مـام جـەلال بۆ وتە بەنرخەکانی، ئەگەر بەڕێز کاك مسعودیش بفەرمووێ چەند قسەیەکمان بۆ بکات پێ خۆشحاڵ دەبین.

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

زۆر زۆر سوپاسـی بـرای بەڕێـز جـەنابی مـام جـەلال و بـرایانی سـەرکردایەتی یەکـێتی نیشتمانیی کوردسـتان دەکـەین بـۆ ئـەو پێشوازییە گەرمەی کە لێمانیان کرد، سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەو دەرفەتـەی پـێ بەخشـین جارێکی تر برایانەو تەبایانە پێکەوە دانیشین. چەند ڕۆژێك لەمەو بەر لـە شـاری هەولـێری پایتەخـت،شـاری مـێژوو دانیشـتین و ئەمـڕۆش لـە شـاری هەڵمەت و قوربانی شـاری شـێخ مــەحموودی نەمـر، شـاری بـارزانی نەمـر پـێکەوە دادەنیشـینەوە، ئـەم هەنگاوانـە هەموویان تەواوکەری یەکترین و نامەیەکی بەهێزن بۆ گەلی کوردستان و بۆ هەموو دۆستەکانمان، کـە ئـێمە زۆر جدیـن و زۆر سوورین لە سەر چەسپاندنی ئاشتی، وای لێ نەیەت کە من و جەنابی مـام جـەلال مـەدحی یـەکتر دەکـەین، بـەڵام بەراستی ناچاری کردم کەوا منیش مەدحی ئەو بکەم، ئەگـەر هـیمەتی ئـەویش نەبووایـە زۆر شت نەدەکـرا، مـن نامـەوێ بـە خـەیاڵـیش بـۆ ئـەو کاتـە ناخۆشـەی شـەڕی نـاوخۆ بگەڕێمەوە، بەڵام ئەگەر دادگایەکی عادیلانە بکرێت هەرچەندە ئێمە لە مەسئوولیەت ڕاناکەین، بەڵام باوەڕ کەن بێ گوناهترین کەس ئێمە ئەم دووانە دەر دەچین، گرنگی ئـەم ڕۆژە لە چییەوە دیار دەبێت؟ لەوەوە دیار دەبێت کە ئەبینین میللەتی کورد تێکڕای هەمووی دڵ خۆشـە و هـەموو پیرۆزبـایی لـێ دەکات و دۆسـتەکانمان ڕۆژ نیـیە کە چەندین نامە و فاکسیان نەیـەت پیرۆزبـایی لـەم هەنگاوە دەکەن، سەروەرییەکی یەکجار زۆر گەورە دەبێت بۆ هەردووکمان، بۆ پـارتی و یەکـێتی و بـۆ جـەنابی مـام جەلال و منیش، کە ئێمە بەم ئاشتییە و، هەنگاوە بەردی بـناغە بۆ عێراقی ئایندەش دابنێین، عێراقێکی فیدرالی، دیموکراتی و پەرلەمانی و، بەم بۆنەیەوە مـن دەمـەوێ تەئکیدیش بکەمـەوە کـە هەڵوێستی ئـێمە ئەوەیە کە دەمانەوێ عێراقێکی فیدرالی،

پەرلەمانی و دیموکراتی بێنینە کایەوە و، چارەسەرێکی عادیلانەی فیدرالی بۆ کێشەی گەلی کوردیش بدۆزینەوە و، هەرچی دەگوترێ، یا هەرچی مەخاوفێکی تر کە نیشان دەدرێت بەراستی بێ ئەساسە، بە هاوکاری حزبە هاوپەیمانەکان و بە هیمەتی میللەتی کورد ئێمە دڵنیاین ئینشا الله هەموو هەنگاوەکانی داهاتووشمان بۆ ئەوە دەبێت ئەم ئاشتییە ببێتە ئاشتییەکی تەواو و جارێکی تر کەس دەرفەتی ئەوەی نەبێ بیریش لەوە بکاتەوە، کە جارێکی تر خوێنی کورد بە دەستی کورد برژێت و، من نامەوێ زۆر درێژە بە قسەکانم بدەم و، ئەو قسانەی کە لە رۆژی ١٠/٤ کردمان دووبارەی بکەمەوە، بەڵام جارێکی تریش زۆر سوپاس بۆ جەنابی مام جەلال و بۆ هەمووتان و داواکارم کە خوای گەورە پشتیوانمان بێت و، ئینشا الله پشتمان بگرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر ئەم نەهجە و لە سەر ئەم رێبازە، رێبازی ئاشتی و برایەتی و تەبایی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. کمال فوئاد\ سەرۆکی دانیشتن:**

زۆر سوپاسی برای بەڕێز کاک مسعود بارزانی دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخانەی کە پێشکەشی کردین و ئەو مژدانەی کە پێی داین لەم کۆبوونەوەیەدا، ئێمەش پێویستە هەموومان پشتیوانی لەو بۆچوونانە بکەین و هەوڵ بدەین ئەو پرۆسەیەی کەوا دەستمان پێ کردووە بە سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێنین زۆر سوپاس. ئامادە بووانی بەڕێز ئێستا لەم ماوەیەدا زۆر نامە و بروسکە و پەیامی پیرۆزبایییمان بۆ هاتووە، بەراستی کاتی ئەوە نییە کەوا ئێمە هەموویان بخوێنینەوە تەنها ئەگەر نامەیەکی وای تیا بوو کە پێویستی کرد کە ئێوەی بەڕێز لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار بن، وەکی تر من تەنها ناوی ئەو حزب و لایەن و کەسایەتییانە دەخوێنمەوە کە نامەیان بۆ ناردووین، بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی نامەکە بخوێنمەوە، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، خانەوادەی جگەر خوێن، حیکمەت تۆفیق فیکرەت، کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە ئەمریکای باکوور، الحزب الوطني الاشوري، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی کۆماری کوردستان، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، دەستەی باڵای هاریکاری هونەرمەندانی کوردستان، حزبی رزگاری کوردستان، کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، رێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆمەڵێک ناوی تریش هاتووە لەگەڵ ئەم ناوانەدا کە لە دەرفەتێکی تردا دەیخوێنینەوە، ئێستا بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە دامانناوە نۆبەی کۆمیتەی باڵای ئاشتییە(MCC) بۆ ئەوەی وتاری خۆیان پێشکەش بکەن، هەر وەکو ئاگادارکراین کەوا هەردوو بەڕێزان کاک عمری سید علی و کاک سامی عبدالرحمان وتاریان هەیە، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

بەڕێز جەنابی مام جەلال- سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

بەڕێز جەنابی کاک مسعود بارزانی- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی کۆبوونەوەکە.

بەڕێزان سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکان.

بەناوی ستاف لیژنەی تەنسیقی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و (MCC)وە، بەخێرهاتنی گەرمی میوانە بەڕێزەکان و پەرلەمانتارەکان دەکەین بۆ ئامادە بوونیان بۆ کۆبوونەوەی

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان خولی گواستنەوە لە سلێمانی، ئەوەی راستییە ئەم لیژنەیە لە هەردوولا بەرهەمی دەستپێشخەری هاوڕێ و کەسایەتی خەباتگێڕی گەلەکەمان کاك عزیز محمدە کە داوای لە بەڕێزان مام جەلال و کاك مسعود بارزانی کرد، رۆڵی خۆیان لە پرۆسەی ئاشتی ببینن و سەنگیان بخەنە سەر سەرخستنی پرۆسەکە، دوای نامەی ١٩٩٧/١٢/٣١ی بەڕێز مام جەلال بۆ بەڕێز کاك مسعود بارزانی و وەڵام دانەوەی پۆزێتیفی بەڕێزی، هەروەها ئاڵوگۆڕی چەندین نامە لە نیوانیان بۆئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی و کۆتایی هێنان بە شەڕی دزێو و نەگریسی ناوخۆ و پێچەوانەی ئەو لاپەڕەیە لە مێژووی گەلەکەماندا بە یەکجاری، ئەم لیژنەیە پێکهات، بە ناوی لیژنەی بالای ئاشتی کە دوایی بووە لیژنەی تەنسیقی بالای هەردوولا، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ١٩٩٨/٢/١٢لە شەقلاوە بەست بە ئامادە بوونی هاوڕێ عزیز محمد، بەڕێزان لەلایەن لیژنەکەوە بەرنامەی کار دانرا و کۆمەڵێك کۆمیتەی فەرعی دروست کرا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان لە پێش هەموویانەوە راوەستانی هەموو جۆرە تەقەیەك لە بەرەکانی شەڕ لە هەردوولاوە تا کێشانەوەی هێزەکان لە هێڵی تەماس،ئازادکردنی گیراوەکان بەبێ قەید و شەرت و، وەستانی راگەیاندنی سلبی و، گەڕانەوەی ئاوارەکان و،هاوکاری و هاوهەڵوێستی هەردوولامان لەبەردەم دامودەزگا نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی تەنسیقمان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦ نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە کوردستان،هەروەها ئازادی هاتووچۆ و یەکخستنەوەی ئەنجومەن و حکومەتە کەرتکراوەکەی هەرێمی کوردستان،بە مانایەکی تر لە کوێ بچڕاوە لەوێ گرێی بدینەوە،پاش حەوت مانگ گفتوگۆ و دان وستاندن لە شقلاوە و کۆیە و سلێمانی و سەلاحەدین و هەوڵدان بۆ چوونەپێشەوەی پرۆسەکە،لەلایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە هەردوو سەرکردەی بەڕێز و خۆشەویست بانگهێشت کران بۆئەمریکا لە بەردەمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و خاتوو مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رێککەوتننامەی واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧مۆرکرا، بووە بنەمایەکی بچینەیی و بەرنامەی کاری هەردوولا بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی تا رادەیەکی زۆر ئەزموونەکەمانی لە مەترسییەکانی ناوەوە و دەرەوە رزگار کرد، کە حەز و ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بهێنێتە دی ،کە تینووی ئاشتی و برایەتی و پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەڕین بوون،هەردەم لە خەم و پەژارەی قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆ بوون و، هەمیشە لە دڵەراوکێ و مەترسی لەناوچوونی ئەم ئەزموونە نیشتمانی و دیموکراتییەماندا بوون، بۆیە جەماوەر بەچاوی رەخنەوە سەیری کارەکانی لیژنەی تەنسیقی بالایان دەکرد و جێگەی پلار و تیر و توانج و تەنانەت نوکتەیان بۆ هەڵدەبەست، یان لەسەر رووی رۆژنامە و گۆڤارەکان، یان لە کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا و،هەنگاوەکانی لیژنەی تەنسیقی بالایان بە رۆیشتنی کیسەڵ دەشوبهاند،بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا فشاری جەماوەر و تووڕەییان زیاتر پشووی درێژ دەکردین و سوور دەبووین لەسەر بەرەو پێش چوونی رەوتی ئاشتی و پێکەوە ژیان و دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ رزگار بوون لە کێشە و گرفتەکان،ئەمرۆش بارو دۆخی کوردستان و ناوچەکە و جیهان و هەلومەرجی بابەتی تا دێت زیاتر زەمینە بۆ ئاشتی درەخسێنی و پاڵی زیاتر بە سەرکردایەتی جولانەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمانەوە دەنێت،کە مل بۆ ئەو چارەنووسە بدات و ئاوڕ لە گرفتەکانی سیاسی و ئیداری و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان بداتەوە، مەسەلەی بەرژەوەندی بالای

گەل و نیشتمان،هەوراز هەموو مەسەلە خۆییەکان ببینێ و ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی بەرکەمال بکات، ماڵی کورد یەك بخاو، خۆی بۆ ئامادە بکات بۆ گۆڕانە گرنگەکان لە ئایندەدا.

خۆشەویستان:

ئەمڕۆش ئێوەی بەڕێز کە لێرەدا کۆبوونەتەوە، نوێنەری راستەقینەی هەڵبژێردراوی گەلەکەمانن، بە هەموو چین و توێژەکانەوە، بە هەموو رەنگەکانەوە، بە کورد و تورکمان و ئاشورییەوە، نوێنەری جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانن، ئیقرار بە ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی و یەکخستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە و بەرهەمی زیاتر لە(٨٠) کۆبوونەوەی لیژنەکەمانە، بە کۆبوونەوەکانی حوزەیرانی(١٩٩٩) و (٢٠٠٠)ی ئەمریکاشەوە، هەروەها کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان هەردوو بەڕێزان کاك مسعود و مام جەلال،کە بەرهەمەکانی ئازادکردنی سەدان گیراوو، گەڕانەوەی هەزاران ماڵ لە ئاوارەکان وئازادیی هاتووچۆ و هاوهەڵوێستیمان لە بواری سیاسی و چارەنووسساز لە بەردەم دامودەزگا نێودەوڵەتیەکاندا بوو، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەنجومەن و لیژنەی تەنسیقی باڵا هەوڵی جیدی بدات بۆ زووتر جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن کە ئەنجومەن بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەر داوە، هەروەها رێککەوتنی لوتکەی هەردوولا کە لە ٢٠٠٢/٩/٨لە سەلاحەدین مۆرکرا لە نێوان ئەو دوو جوامێرەدا، کە بەگشتی کاری هەرچوار لیژنەکە ئەمانەباتەوە بۆ یەکخستنەوەی ئیدارە کەرتکراوەکەمان، پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکە و ئاسایی کردنەوەی سەرتاسەری و بنچینەیی لە زاخۆوە تا خانەقین، هاوهەڵوێستی چەسپاومان بۆ هێنانە دی سیستمێکی دیموکراتی و فرە حزبی و پەرلەمانی و فیدرالی لە عێراقدا بە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی،کە ئازادی و سەربەستی و بەختیاری و خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی بۆ گەلانی عێراق بەگشتی و،سڕینەوەی ئاسەوارە دزێوەکانی جینۆساید و کۆچ پێکردنی کورد و تورکمان و ئاشووری و دابینکردنی مافە رەواکانیان دێنێتە دی بەتایبەتی.

بەڕێزان

سەرەڕای گەشبوونەوەی هیوای گەلەکەمان بە هەستکردنی سەرکردایەتیەکەی بە لێپرسراوێتی ئەرکە مێژوویییەکەی سەرشانی و،هاوسۆزی دۆستەکانمان لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دەر و دراوسێ بەرەوایەتی مافەکانمان و کێشەکانمان، پشتگیرییان بۆ چارەسەری دیموکراتیانە کە مایەی شانازی گەلەکەمانە، لێرەوە سوپاسی رۆڵیان و پشتیوانیان دەکەین، شان بە شانی رۆڵی لایەن و حزب و رێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی ناوخۆ بۆ سەرخستنی ئاشتی و ئەزموونەکەمان، دیارە نابێ لەبیرمان بچێت مەترسیەکانمان زیاتر دەبن و ناحەزان پیلان و نۆکەرەکانیان دەخەنە گەڕ بۆیە پێویستمان زیاتر بە وریایی و لەخۆ بوردوویی و یەکگرتنە بۆ ئاشتی و تەبایی ویەکخستنەوەی ماڵی کورد و بۆ ئاوەدانکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال فوئاد\ سەرۆکی دانیشتن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك عمر بۆ ئەو وتەی کە بەناوی کۆمیتەی باڵای ئاشتییەوە(MCC) پێشکەشی کرد،ئێستاش با کاك سامی عبدالرحمن بفەرموویێ لەو بارەیەوە وتەی خۆی و بیروڕای خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن:**

بە ناوی خودای گەورە و دلۆڤان.

بەڕێز سەرۆکی هێژا کاك مسعود بارزانی.

بەڕێز جەنابی سکرتێری گشتی مام جەلال تاڵەبانی.

بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

میوانانی قەدر گران.

بەناوی لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیژنەی باڵای ئاشتی، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوە و میللەتی کوردستان دەکەین بەم بۆنە تاریخییەوە، بۆنەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بە تێکڕای ئەندامانییەوە.

سوپاسی سەرۆك کاك مسعود بارزانی و سکرتێری گشتی مام جەلال تاڵەبانی دەکەین، کە بەڕێنمایی ئەوان و هاوکاری و ماندووبوونی گشت ئەندامانی لیژنەی باڵای ئاشتی سەرەنجامی پرۆسەی ئاشتی بەم قۆناغەی ئەمڕۆ گەیشت.

بەڕێزان، یەکەم دانیشتنی لیژنەی باڵای ئاشتی لە (١٢)ی شوباتی ساڵی ١٩٩٨ لە شەقڵاوە ئەنجام درا، ڕۆژێکی سارد و سڕبوو بە مانای ماددی و مەعنەوی، بەڵام بە ئیرادەی وەفدی پارتی و وەفدی یەکێتی ئەو ڕۆژەمان کردە ڕۆژی دایەلۆگ و دانوستاندنێکی گەرم و گوڕو بنیاتنەر و، سەرەتای پەیوەندییەکی پێکەوەکارکردن، نەك تەنها ئەمە بەڵکو لە ئەنجامدا پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتی لە نێوان هەڤاڵانی هەردوولادا دامەزرا، نامەوێ وەها پیشان بدەم کە هەموو کۆبوونەوەکان بێ گیروگرفت و لەبار بوون، بەڵام قسە خۆشەکانی کاك د.کەمال فوئاد و تێبینییە بەنرخەکانی مامۆستا عەزیز محمد و بڕیاری خۆمان بەو سیفەتەی کە لەو دانیشتنەدا خانەخوێ بووین، کە دەبێ ئەوپەڕی ڕێز و ئیحتیرام بنوێنین، هەر لە یەکەم دانیشتنەوە ئارودۆخێکی ئەوتۆی خوڵقاند کە توانیمان بەسەر زۆر لەو شتە نێگەتیڤانەدا زاڵ بین کە دەهاتنە پێش.

ئازیزان، لە هاوینی ئەو ساڵەدا کاتێ دیپلۆماتی ئەمریکی بە توانا دیڤید وێلش سەردانی کوردستانی کرد و بە چاوی خۆی ئەو پێشکەوتنەی بینی، کە بە هەوڵ و کۆششی ناوخۆ لە پرۆسەی ئاشتیدا ئەنجام درابوو، کلێ لە هەردوولاوە گوێبیستی قسەی ئیجابی بوو سەبارەت بە ڕەوتی ئەم پرۆسەیە، ئەوە پتر هانی دا کە بێنە ناو پرۆسەکە و میوانداری کاك مسعود و مام جەلال بۆ ئەمریکا بکەن، کە سەرەنجام ڕێککەوتنی مێژوویی واشنتۆنی لێکەوتەوە، کە بە چەندین پێوەر سەرکەوتنێکی گەورە بووە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

ئەو ڕێککەوتنە نەخشەی ڕێگای ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی بە تەواوی دیارکرد و، لە ئەنجامدا پرۆسەی ئاشتی هەنگاوی تری گرنگ چووە پێشەوە، بەڵام کۆبوونەوەکان درێژەیان کێشا، بۆیە هەندێ خەڵك ئومێدیان لاوازبوو، زۆر جار تیروتوانج ئاراستەی لیژنەی باڵای ئاشتی دەکران، بەڵام وەڵامی ئێمە هەمیشە ئەوە بوو سەدەها سەعات گفتوگۆ، نەك یەك سەعات شەڕی ناوخۆ، سەدەها ڕۆژ گفتوگۆ، نەك یەك سەعات شەڕی ناوخۆ گرنگ ئەوەبوو کۆڵمان نەدا.

ئەمڕۆش کە پرۆسەی ئاشتی و پێکهاتن گەیشتە دانیشتنی پەرلەمان بە کۆی ئەندامانییەوە، واتە یەکخستنی دەسەلاتی تەشریعی، بەم زووانەش دادگای تەمییز یەك دەخرێ، واتە دەسەلاتی قەزائیش دەبێتەوە یەك.

دەبێ بلێین پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە رەنگدانەوەی ئیرادەی هەردوولایە و، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی تری سەرکردایەتی هەردوولا تێدا بەشداربوون، لە راستیدا رێککەوتن تەعبیر لە ئیرادەی گشت حزبە کوردستانییەکان و هەموو میللەتی کوردستان دەکات، بە پشتگیری دۆستانی میللەتەکەمان لەسەرتاسەری دنیادا.

ئامادەبوونی مەدام میتران و نامەی کۆلن پاوڵ و پەیامی پەرلەمانتارانی بەریتانیا و ئەمریکا وزۆر پەیامی تر نموونەی ئەو پشتگیریەن. یەکخستنی دەسەلاتی تەشریعی کلیلە، کلیلە بۆ جێبەجێ کردنی چەندین برگەی تری گرنگی رێککەوتننامەی واشنتۆن، تەوژمێکی بەهێزی بۆ پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە دروست کردووە، نابێ بە هیچ جۆرێك رێگا بدەین ئەو تەوژمە خاو ببێتەوە، تاکو ئومێد و هیواکانی میللەتەکەمان دێنە دی. لە کۆتاییدا دەلێم پەیامی لیژنەی بالای ئاشتی کۆلنەدانە لە پێناوی ئاشتی و تەبایی و برایەتیدا و، پەیامی پەرلەمانی کوردستان لەم رۆژەدا دیموکراسی و یەکێتی ریزەکان و فیدرالیزمە، ئەم پەیامە وەکو مەشخەلێك لە کوردستانەوە بەرز هەلدەگرین بۆ کۆنگرەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی لە برۆکسێل. ئومێدەوارین ئەم پەیامە هاندەر بێت بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە و ئەزموونی کوردستان لە ئازادی و دیموکراسیدا ببێتە نموونە و مۆدێل بۆ عیراقێکی فیدرالی، دیموکراتی. ئیتر هەر شاد و سەرکەوتووبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال فوئاد \ سەرۆکی دانیشتن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز کاك سامی عبدالرحمن دەکەین بۆ ئەو زانیارییە بەنرخانەی کە پێشکەشی کردین و، لە ریگای ئەو قسانەشەوە توانی نەختێك لە دەردەکانی دلی ئێمەی ئەندامانی لیژنەی بالای کۆمیتەی ئاشتی دەربڕێ و، سوپاسیشی دەکەم کەوا ناوی منی هێنا و منیش بەرامبەر بەوە دەلێم سەبر و خۆڕاگری ئەویش و بەتایبەتی ئەو دەفتەرانەی کە پێی بوو زۆر هاوکاری دەکردین بۆ ئەوەی کاروبارەکانمان نەپسێ و بەردەام بێ و، ئێستا هیوامان وایە کە کۆمیتەی بالای ئاشتی هەر بەردەوام بێت لە سەر کاروبارەکانیان هەتا پرۆسەی ئاشتی ئەگەیەنن بە ئەنجام. بەڕێزان وەکو وتمان کۆمەلێکی زۆر بروسکە و نامەمان بۆ هاتووە ئێستا هەندێکیان دەخوێنینەوە، لەوانەیە ئەگەر فریا کەوین ناوەرۆکی هەندێکیان بخوێنینەوە، الحزب الديمقراطي التركماني الكوردستاني، حزبی دیموکراتی بیت النهرين، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بنکەی رۆشنبیری فەیلی، قوتابیانی بەشی خوێندنی ئیسلامی کولێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین، رێکخراوی زمناکۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خوارووی سوید، د. قسمەت میرخان، کریستینا ستات سوید، رئیس حزب رزگاری الكوردي اللبناني، رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان مامۆستا جمال عبدول، هونەرمەند نەجمەدین غولامی، بەڕێز کاك خوسرەوی خەلیلی، نوێنەرانی هەر حەوت پارتەکەی لە پەرلەمانی سوید، ئەوە لە کۆبوونەوەی پێشوودا پێشکەشمان کرد، نوێنەرانی پارتە

سیاسییەکانی دانیمارك، کە ئەوانەش ژمارەیان چوار حزبە، سەرۆکی پارتی سوسیالیست، پارتی سۆسیال دیموکرات، پارتی سۆسیال لیبرال، پارتی لیبرالی چەپ، چەند کەسایەتییەکی رۆشنبیر و سەرمایەدار لە سلیمانی، خۆزگە ئەو سەرمایەدارانە هەندێ یارمەتی ئەو پرۆسانەیانە ئەدا، کە پەیوەندی بە کاروباری پەرلەمانەوە هەیە سوپاسیان دەکەین، رێکخراوی یەکێتی ژنانی کورد لە سوید، سوپاس.

**بەرێز د.رۆژ نوری شاوەیس:**

منیش ئێستا چەند بروسکەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە، بروسکەی سوسیال ئینتر ناسیونال هاتووە لەلایەن لویس ئایالاوە، بەلام ناوەرۆکەکەیمان هێشتا پێ نەگەیشتووە، هەروەها نامەیەك لە یازدە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکییەوە پێمان گەیشتووە، لە هەردوو حزبی جمهوری و دیموکراتییەوە هاتووە، تیایدا پیرۆزبایی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بە تێکرای ئەندامانییەوە دەکەن، هەروەها پشتگیری خۆیان ئەخەنە روو بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا، هەروەها بروسکەیەکی حزبی شیوعی فەرەنسییمان پێ گەیشتووە کە تاوەکو ئێستا ناوەرۆکەکەیمان پێ نەگەیشتووە هەر کاتێ گەیشت بۆتانی دەخوێنینەوە، نامەی یەکێتی نووسەرانی کورد، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، یەکێتی زانایانیی ئاینی ئیسلامی کوردستان، منظمة العمل الاسلامي العراقي، المكتب التنفيذي للمجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق، شورای ئێلی جاف، بەرێز ئێلگا فوئاد هاوسەری بەرێز د.کمال فوئاد لە بەرلینەوە، یانەی کوردی نوێرنبێرگ لە ئەلمانیاوە، المكتب التنفيذي للمجلس العام للكورد الفيليين، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلیمانی، هەروەها چەندین نامە و بروسکەی تریشمان هەیە و بەرێگاوەیە.

**بەرێز د.کمال فوئاد \ سەرۆکی دانیشتن:**

تاوەکو ئەو بروسکە و نامانەمان پێ دەگات حەز دەکەم وەکو فراکسیۆنی کەسك روونکردنەوەیەك بە ئێوەی بەرێز پێشکەش بکەم، ئەم روونکردنەوەیە لەلایەن فراکسیۆنی کەسك بۆ ئێمە هاتووە و ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیەیە، ئێمە لە کۆبوونەوەی پێشووماندا لە ٤/١٠ پێویست بوو بڕیار لەسەر مەسەلەیەك بدەین کە گرنگ بوو بەلای ئێمە، ئەویش رێککەوتننامەی واشنتۆن بوو، بۆ ئەوە کاك فرست زۆر هاوکاری کردین بۆ ئەوەی ئێمە کارێکی وا بکەین کەوا زۆرترین کەس لەو دەنگدانەدا بەشدار بن و، بە پێی ئەوە ئێمە دانیشتین و ئەو ژمارەیەی کە دانرابوو پڕمان کردەوە، بەلام لەبەر ئەوەی کاتەکە کەم بوو و هەموو زانیارییەکان وەکو پێویست لەبەر دەستمان نەبوو و هەندێ خەلەل هەبوو لەو ناوانەی کە پێشکەش کران، ئێمە بڕیارمان وایە لە دانیشتنی داهاتوودا کە دانیشتنی سێیەمی خولی گواستنەوەیە، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو کێشانە یەکلا بکەینەوە، کە هەندێکی پەیوەندی بە فراکسیۆنی سەوزەوە هەیە و هەندێکی کەمیشی پەیوەندی بە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، کە ئەوانیش ئەندامێکیان نەیتوانی ئامادە بێت، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیلێم ئەو هەواڵەی کە بلاو کرایەوە کە گوایە کاك کۆسرەت ئیستیقالەی کردووە لە پەرلەمانی کوردستان هەواڵێکی راست نییە، چونکە کاك کۆسرەت هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات کە ئەندامی پەرلەمان بێت، ئێمەش سوپاسی دەکەین بۆ ئەو شانازییەی،

بەڵکو یەکێکیش بووە لەو کەسانەی کە رۆڵێکی گرنگی هەبوو کاتی دامەزراندنی پەرلەمان، جا لەو بارەوە داوای لێبوردنی لێ دەکەین و ئۆباڵی ئەو هەڵیەش دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە وەکو فراکسیۆنی کەسك،ئەگینا بە هیچ شێوەیەك گوناهی پەرلەمانی تیادا نییە، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین،بەلآم ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان دەکەینەوە کەوا دانیشتنی داهاتوومان لە ١٠/١٥ دەبێت لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەلەمان لە هەولێر، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **دکمال عبدالکریم فؤاد** | **د. رۆژ نوری شاویس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **سەرۆکی دانیشتن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

سێ شەممە رێکەوتی ١٥\١٠\٢٠٠٢

خولی گواستنەوە

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)ی خولی گواستنەوە

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/١٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی سێ شەممە ڕێکەوتی٢٠٠٢/١٠/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز درۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق،دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣) لە کاتژمێری (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم:تەواوکردنی ژمارەی ئەندامانی کتلەی یەکێتیی نیشتمانیی بەپێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، وەك ئەمەی خوارەوە:

١بەرچاوخستنی دەست لەکار هەڵگرتنی هەریەکە لەم ئەندامانە:

أ- ارسلان بایز.

ب- جلال جوهر.

ج- شالاو علی عسکری.

د- محسن علی اکبر قاسم.

هـ- نسرین مستەفا مەزهەر.

و- کمال جلال غریب.

ز- د.فائق محمد گوڵپی.

٢-بەرچاوخستنی قبوڵکردنی دوو ئەندامی یەدەگی ئەنجومەن لە کتلەی یەکێتیی نیشتمانی کە ئەم بەڕێزانەن:

ا- عبدالله رسول علی(کۆسرەت).

ب- هێرۆ ابراهیم احمد.

دووەم:تەواوکردنی ژمارەی ئەندامانی کتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن.

ئەویش بە بەرچاوخستنی قبوڵکردنی ئەندامێتیی ئەندامی یەدەگ (فلك الدین صابر کاکەیی).

سێیەم:بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری ناوزەدکردنی خولی گواستنەوە (الانتقالي) و چەسپاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و جێگرایەتی سەرۆك.

ڕێکخستنی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەم جۆرەی خوارەوە:

بەرچاوخستنی چەسپاندنی سەرۆك، بەرچاوخستنی چەسپاندنی جێگری سەرۆك.

چوارەم:خوێندنەوەی وەڵامی ئەو بروسکەیەی کە ڕێزدار کۆڵن پاول وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناردی بۆ پیرۆزبایی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە گشت ئەندامانییەوە.

پێنجەم:خوێندنەوەی ئەو پەیامەی کە بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بۆ ڕێزدار (مدام میتران) ئاراستە دەکرێ بۆ گرنگی دان بەو هەڵوێستەی بەرامبەر ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی عێراق نواندی و نرخاندنی ئەو ماندوبوونەی سەفەری کە لە ڕێی ئامادەبوونی لە دانیشتنەکەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ ئەنجومەندا کێشابووی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە پێنج خاڵ پێکهاتووە، بەرنامەکە بە چاپکراوی لە بەردەم بەڕێزتان دایە، بەڕێزان. ئێستا دەست بەکار دەبین،

خاڵی یەکەم:تەواوکردنی ژمارەی ئەندامانی کتلەی یەکێتیی نیشتمانیی بەپێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن،ئەویش بەبەرچاوخستنی دەست لەکار هەڵگرتنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە:

ا- بەڕێز کاك ئەرسەلان بایز،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کارکێشانەوەی پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

ب- بەڕێز کاك جەلال جەوهەر،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز کاك جەلال جەوهەر پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

ج-دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز کاك شاڵاو علی عسکری ،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کارکێشانەوەی پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

د- دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز کاك محسن علی اکبر قاسم ،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کارکێشانەوەی پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ دەست لەکارکێشانەوەکە وەرگیرا.

هـ-دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز نسرین مستەفا مەزهەر،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

و-دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز کاك کمال جلال غریب، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەست لە کارکێشانەوەی پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

ز-دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز كاك د.فائق محمد گوڵپی، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

بەڕێزان. ئێستا دەست بەكار دەبین، خاڵی یەكەم: تەواوكردنی ژمارەی ئەندامانی كتلەی یەكێتیی نیشتمانیی بەپێی ڕێكەوتننامەی واشنتۆن،ئەویش بەبەرچاوخستنی دەست لەكار هەڵگرتنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە:

ا- بەڕێز كاك ئەرسەلان بایز،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا.

ب- بەڕێز كاك جەلال جەوهەر،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی بەڕێز كاك جەلال جەوهەر پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا.

ج-دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز كاك شاڵاو علی عسكری ،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

د- دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز كاك محسن علی اكبر قاسم ،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە،بەگشتی دەنگ دەست لەكاركێشانەوەكە وەرگیرا.

هـ- دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز نسرین مستەفا مەزهەر، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

و-دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز كاك كمال جلال غریب، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

ز-دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز كاك د.فائق محمد گوڵپی، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دەست لە كاركێشانەوەی پەسەند دەكەن دەستییان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستییان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

بڕگەی دوو:بەرچاوخستنی قبوڵكردنی دوو ئەندامی یەدەگی ئەنجومەن لە كتلەی یەكێتیی نیشتمانی كە ئەم بەڕێزانەن:

ا- عبدالله رسول علی(كۆسرەت).

ب- هێرۆ ابراهیم احمد.

لە ڕاستیدا وەك لە دانیشتنی پێشوودا (دانیشتنی دووەم) ١٠/٨ بەڕێز كاك د.كمال فوئاد ڕوونی كردەوە كە ئەم بەڕێزانە دەست لەكاركێشانەوەیان پێشكەش نەكردووە و، دەست لەكاركێشانەوەكە بەهەڵە بووە، بۆیە تەنها پێویست بەوە دەكات كە ئێمە تەنها ئەوە قبوڵ بكەین كە بەهەڵە بووە

و، جێگای تەبیعی خۆیان وەربگرنەوە،تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستییان بەرزکەنـەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسەندکرا.

خاڵی دووەم:تەواوکردنی ژمارەی ئەندامانی کتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان. نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوێنمەوە لەم بارەیەوە:

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجەمەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز

سلاّوێکی گەرم

نیشانە بە ماددەی (٤٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن ساڵی ١٩٩٨،بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کە تێیدا پارتیمان (٥١) کورسی و یەکێتی نیشتمانی (٤٩)کورسی بەردەکەوێت کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ بە تێکرای دەنگ پەسەندکرا بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کورسییەی کە ماوەتەوە لە فراکسیۆنی پارتیمان بەڕێز (فلك الدين صابر کاکەیی) پاڵێوراوی ئێمەیە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان تکایە بۆ هۆی پێویست.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

لەگەڵ ڕێزمدا

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەندامیەتی بەڕێز کاك فلك الدين صابر کاکەیی پەسەند دەکەن دەستییان بەرزکەنـەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستییان بەرزکەنەوە،بەگشتی دەنگ ئەندامیەتی بەڕێز کاك فلك الدين صابر کاکەیی پەسەندکرا. تکا لە بەڕێز کاك فلك الدين صابر کاکەیی دەکەین بفەرموێت بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

**بەڕێز کاك فلك الدين صابر کاکەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من (فلك الدين صابر کاکەیی)م سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاّکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری ناوزەدکردنی خولی گواستنەوە (الإنتقالي) و چەسپاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و جێگرایەتی سەرۆك.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والفقرة (١)من المادة (٦١) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ مايلي:

أولاً:

تكون مدة عمل المجلس الوطني لكوردستان العراق ابتداءاً من ٢٠٠٢/١٠/٤ ولغاية اجراء انتخابات الدورة الانتخابية الثانية للمجلس وانعقاد جلسته الأولى بأسم (الدورة الانتقالية).

ثانياً:

يكون رئيس المجلس من كتلة الحزب الديمقراطي الكوردستاني ونائب الرئيس من كتلة الاتحاد الوطني الكوردستاني لمدة ثلاثة أشهر اعتباراً من بداية الدورة الانتقالية للمجلس ولمدة الشهرين التالية يتناوب نفس الرئيس والنائب منصبيهما ويتم التبادل والتناوب بينهما على نفس المنوال لحين اجراء إنتخاب الدورة الانتخابية الثانية للمجلس.

ثالثاً:

لايعمل بأي نص يخالف أحكام هذا القرار.

رابعاً:

ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

د.رۆژ نوري

شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. تكایە بڕگەی یەكەم بخوێننەوە لەگەڵ دیباجەكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والفقرة (١)من المادة (٦١) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ مايلي:

أولاً:

تكون مدة عمل المجلس الوطني لكوردستان العراق ابتداءاً من ٢٠٠٢/١٠/٤ ولغاية اجراء انتخابات الدورة الانتخابية الثانية للمجلس وانعقاد جلسته الأولى بأسم (الدورة الانتقالية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگەی یەكەم؟ ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستییان بەرزكەنەوە تاكو ناونووسیان بكەین، بەڕێز كاك سەعدی پیرە فەرموو.

**بەرێز سەعدی احمد پیرە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئینتخاباتی داهاتوو من پێم وایە لە ڕێككەوتننامەی واشنتۆنیش لە ڕێككەوتننامەكانی خۆشمان مودەیەك دانراوە ئەگەر ئەم مودەیە زكر بكرێت باشترە ماوەی نۆ مانگ ئەگەر هیچ نەبێت،ئەو كاتە بە زروفی قاهیرە ناو براوە ئەگەر هیچ ڕوداوێكی چاوەڕوان نەكراو ڕوونەدات، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەپێی ئیتفاقی ٩/٨ئەو سیغەیەی لە نێوان سەركردایەتی هەردوولا ئیمزای لەسەر كراوە ئەو ئیشارەتەی تیایە كە دەورەی ئینتقالی تا ئینتخابات دەكرێت بەردەوام دەبێت، نەك نۆ مانگ یان شەش مانگ، ئەبێ لە ماوەی نۆ مانگ هەڵبژاردن بكرێت ئەگەر هەڵبژاردن نەكرا لە ماوەی نۆ مانگ لەبەر زروفێكی (اضطراري)ئەوا ئەبێت هەردوو لا مەوعیدێكی تر دابنێن ئەنجومەنیش بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت،ئەو سیاغەی لێرە وەرگیراوە لەم سیغەوە وەرگیراوە، فەرموو.

**بەرێز سعدی احمد پیرە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە كۆبوونەوەی یەكەمی ئەم ساڵ،چواری مانگ دەنگمان لەسەر ڕێككەوتننامەی واشنتۆن داو جێگیرمان كرد،لە ڕێككەتننامەی واشنتۆن لە پاش دانیشتنی یەكەم ماوەی نۆ مانگ كراوە بەو فەترەیەی كە پێویستە ئینتخاباتی لێ بكرێت، ئەم دەقە لەوانەیە تعارز بكات لەگەڵ ڕێككەوتننامەی واشنتۆن كە ئێمە تەبەنیمان كردووە، ئەوە یەك. ڕەقەم دوو: من پێم وایە زروفی قاهیرەمان تەعریف كرد ئەو كاتە یا فەیزانێ ڕوویدات یان سوپای وڵاتێك بێتە ناوەوە یان خوانەكات شەڕی ناوخۆ ڕوویدات،بۆیە من دیسان تەئكید دەكەمەوە ئێمە شتەكەی كە دەكەین با تەعاروز نەكات لەگەڵ ڕێككەوتننامەی واشنتۆن كە ئێمە بەتێككرای دەنگ قبوڵمان كردووە و، ڕێككەوتننامەی واشنتۆنیش مەبنای ئەم دانیشتنەی یەكەم و دووەم و سێیەمە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرێز كاكەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەرێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو سیغەیەی كە هاتووە نیهائییەن تەعاروز ناكات لەگەڵ ڕێككەوتننامەی واشنتۆن، چونكە ڕێككەوتننامەی واشنتۆن دەڵێت ئینتخابات بكرێت خلالی نۆ مانگ، ئێمە لێرە تەقییدمان نەكردووە دەڵێین تاكو ئینتخابات دەكرێت انشاءالله خلالی سێ مانگی تر دەكرێت، پاشی دوو مانگی تر دەكرێت،تەقیدی تێدا نییە نهائییەن چونكە دەڵێ ئینتخابات بكرێت خلالی نۆ مانگ، ئەگەر بكرێت زووتریش باشترە،لەبەر ئەوە حاجەت نییە تەحدیدی مودە بكەین بۆ ئینتخابات چەند زووتر بكرێت باشترە كە ئیمكانە بكرێ و جیبەجێ بكرێت، لەبەر ئەوە لە ڕووی قانونییەوە هیچ تەعاروز دروست ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك عومەر سەید عەلی فەرموو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕێككەوتین و،بڕیارەكەش وابوو لە شەش مانگ بۆ نۆ مانگ وەكو لە ڕێككەوتننامەی واشنتۆنیش هاتووە،بەڵام ئەگەر ناوی بێت باشترە لەوەی كە ناوی نەیەت، چونكە ئێرە بەرزترین دەسەڵاتی تەشریعییە لەمڕۆوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ناوی بێت باشترە. جگە لەمە وەكو لە دەقەكەش هاتووە ١٠/٤یەكەم كۆبوونەوە بووە دیارە ئەمەی سلێمانی دووەم كۆبوونەوەیە ئەمەشیان سێیەم كۆبوونەوەی ئەنجومەنە لە خولی كواستنەوە، لەبەر ئەمە ئەگەر ناوی بێت باشترە بۆ ئەوەی ئیتمیئنان زیاتر بۆ میللەتەكەمان و خەڵك و بۆ هەموو لایەنەكان زیاتر جێبەجێ دەكات،لەبەر ئەوە ناوی بێت هیچ گۆڕانكارییەك ناكات، لە كاتێك وەكو ئەوەی كاك سەعدی ڕوونی كردەوە خوانەخواستە ئەگەر تەداخولێكی بێگانە یان خوانەخواستە شەڕی ناوخۆ یان كارەساتێكی سروشتی ڕوویدا، با هەردوو لا كۆببنەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك عومەری سەید عەلی، بەڕێز شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى علي:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە سەركردایەتی هەردوو حزب هەردوو مەكتەبی سیاسی لە دوای (٨٠) دانیشتن مەجموعەیەك قەراراتیان داوە، ئەو قەراراتانە هەقە بێتە ئێرە لێرە تەصدیق بكرێت، ببێت بە قانون بۆ جێبەجێ كردن،چونكە هیچ قەراراتێك لەو قەرارانەی كە لەنێوان هەردوو لا دراوە ئەگەر نەیەتە ئێرەو تەصدیق نەكرێت هیچ مەفعولێكی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە جارێك موناقەشەی بڕگەی یەك دەكەین، سەركردایەتی هەردوو حزب لەسەر ئەوە ئیتفاقیان كردووە بەپێی مەحزەرێك كە لەنێوان هەردوو لا ئیمزا كراوە ئەوە ئیتفاقی نێوان دوو حزبەلە ناو ئەو ئیتفاقە نوسراوە هەر شتێك پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێت پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، وەكو ناوی دەورەی ئینتقالی بۆ نمونە وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان و تەبادولی ئەم سەرۆكایەتییە كە لە موستەقبەل دەكرێت، ئەمە هەمووی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیەو دێتەوە پەرلەمان، پەرلەمانیش خۆی بڕیاری لەسەر ئەدات، جا ئەم هەنگاوەی ئەمڕۆمان لە ڕاستیدا ئەوەیە دوو شتمان ئەساسییە، یەكەم تەنها بۆ ئەوەیە كە پێشانی دەین لە ١٠/٤وە تا ئینتخابات دەكرێت ئینتخاباتی دووەم دانیشتنەكان ناوی دەورەی ئینتقالی دەبێت،ئەمە ئیتفاقی نێوان هەردوو حزبە ئەمە هیچ گرفتێكی تێدا نییە، لە یەكەم دانیشتنەوە ١٠/٤تا هەڵبژاردن دەبێت ناوی دەورەی ئینتقالییە پەیوەندی بە دیاریكردنی هەڵبژاردنەوە نییە پەیوەندی بە شتی ترەوە نییە تەنها پەیوەندی بەناوی دەورەكەیەوە هەیە، دەورەكە ئینتقالییە ئیتفاقمان لەسەر كردووە،خاڵی دووەم كە ئیتفاقمان لەسەر كردووەو پەیوەندی بە پەرلەمانەوە

هەیە زۆر ڕوونە دەڵێت: سەرۆکایەتی لە دانیشتنی سێیەم هەڵدەبژێردرێت ئەوە جێگیر دەکرێت چی ناو دەنێن ناوی بنێن،سەرۆکایەتی بۆ سێ مانگی یەکەم نوێنەری پارتی سەرۆکایەتی دەکات پاش ئەوە یەکێتی سەرۆکایەتی دەکات، پاش ئەوە سێ مانگ پارتی دوو مانگ یەکێتی، بەم شێوەیە ئەڕوات ئەویش تاکو دەورەی ئینتقالی تەواو ئەبێت، کەی دەورەی ئینتقالی تەواو دەبێت ئەوە لە ئیتفاقدایە لە نێوان هەردوو حزب ئیتفاقێکی ڕێك و موفەصەڵ و نوسراو هەیە، ئێمە پێویست ناکات ئەم ئیتفاقە بێنینە ناو پەرلەمانەوە، چونکە پەیوەندی بە زۆر شتی ترەوەش هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە مەجالیش هەیە سەیری ئیتفاقەکەش بکەن کە بڵاودەکرێتەوە لە وانەیە بە هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بگات ئەو کاتە چیتان بە چاك زانی ئیزافەی بکەنە سەری، دەتوانن ئیقتراح بکەن،بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەم دوو شتە بە زەروری دەزانین بۆ ئەوەی ئیشەکەمان بە ڕێکی بڕوات، فەرموو قوربان.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی لە ڕووی قانونییەوە ڕوونی کردەوە، ئەگەر خاڵی سێیەم (لايعمل بأي نص يخالف أحكام هذا القرار.) بابەتی دەورە ئینتقالییەکە دەگرێتەوە، بابەتی هەڵبژاردن ناگرێتەوە،چونکە ئەگەر هەڵبژاردن بگرێتەوە مانای وایە ئەو بڕیارەی کە لە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هەیە ئەو کاری پێ ناکرێت کە لە نۆ مانگدا هەڵبژاردن بکرێت، لە ئیشکالەکەی من ئەگەی؟ دەڵێ بە هیچ دەقێکی تر کار ناکرێت پاش ئەم بڕیارە. ئەو دەقە ئەگەر ڕێککەوتننامەی واشنتۆن دەگرێتەوە ئەوە خراپە ئەگەر بابەتی دەورە ئینتقالییەکە بێ یان نەبێ ڕازین لەسەر ئەو دەقەی کە هەیە،ئێستا جەنابیشت شەرحت کرد کە ئەوە تەنها دەورەی ئینتقالی دەگرێتەوە بۆیە گرفتەکەی من چارەسەر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. فەرموو.

**بەڕێز د.کمال فوئاد:**

بەڕێزان.ئێمە ئەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێککەوتوین واتە لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی ولە نێوان کاك سامی عبدالرحمان و بەندەوە مۆرکراوە،یەکێك لەم خاڵانە دەڵێت پاش کۆبوونەوەی یەکەمی دەورەی ئینتقالی ئەبێت هەڵبژاردن لە ماوەی نۆ مانگدا بکرێت، ئەگەر هاتوو لەبەر بارودۆخێکی نالەبار (ظروف قاهرة) هاتنە ناوەوەی هێزێکی بێگانەی داگیرکەر، شەڕی ناوخۆ، کارەساتێکی سروشتی،نەتوانرا لەم ماوەیە هەڵبژاردن بکرێت ئەو کاتە بە ڕەزامەندی هەردوو لا کاتێکی تر بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکرێت،ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان تا هەڵبژاردنی نوێ لە کاروباری خۆی بەردەوام دەبێت.ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە دێتە بەردەمی ئەم کۆبوونەوەیە دێتە بەردەم کۆبوونەوەی پەرلەمان و، لەوێ بڕیاری لەسەر دەدرێت، چونکە لە خاڵی (١٤)دا ئەڵێ: ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوو لاوە ئیمزا دەکرێ و بڵاو دەکرێتەوە، ئەنجومەن تەنها بڕیار لەسەر ئەو بەندانە ئەدات کە پەیوەندیان بە ئەرك و کاروباری ئەنجومەنەوە هەیە.

جا ئەمە بێگومان پەیوەندی بە کاروباری ئەنجومەنەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئەوەی کە داوا دەکرێت ئێمە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی تر دێینە سەری و بڕیاری لەسەر ئەدەین، بەم شێوەیەی کەوا من پێشکەشم کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە بۆیە ئەم دوو خاڵەمان هەڵبژاردووە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر، چونکە ئەگەر ئەم دوو خاڵە بڕیاری لەسەر نەدەین بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناتوانین ناوی خول بگۆڕین، ناتوانین ئسلوبی سەرۆکایەتیش بگۆڕین،ئەو پەیڕەوە ناوخۆییەی کە هەردوولامان بە ئامادە بوونی هەردوو کوتلە کاتی خۆی بڕیای لەسەر دراوە لە ساڵی ١٩٩٢ ، هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاك شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیى محمد عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر وەك جەنابی کاك دکەمال ئیشارەتی بۆ کردو، ڕوونکردنەوەکەش بەڕێز کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد،شتەکە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە بەتایبەت ئێمە خاڵی دووەمان تەصدیقی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنە،ڕێککەوتننامەی واشنتۆنیش تەصدیق بکرێت وابزانم هیچ گیروگرفتێك لە نێوان ئەو نۆ مانگ و شەش مانگەیە یان هەر چەندە نامێنێت، زۆر بەڕێکوپێکی هاتووە،بەڕاستی پێشنیارێکی تریشم هەیە لەسەر بابەتی ١٠/٤ ئەم چواری دەیە ئەگەر لە ١٠/١٥ بووایە وابزانم تاریخەکە باشترو مەزبوتتر دەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزت تەواو بووی؟

**بەڕێز یحیى محمد عبدالكريم:**

بەڵێ، ئەو پێشنیارەشم هەیە کە ١٠/٤ ئەگەر بکرێتە ١٠/١٥ لەم کۆبوونەوەیەوە دەست پێبکات لەوانەیە باشتر بێت، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.:**

ئەو پێشنیارە وانییە چونکە یەکەم دانیشتنی خولی ئینتقالی کە بوو بە خولی ئینتقالی یەکەم دانیشتن ١٠/٤ یە،دووەمیش ئەوەی سلێمانییە ئەمەیان سێیەمین دانیشتنە، بەلام ئێمە ئێستا وەکو پەرلەمان بڕیاری ناوی خولەکەمان نەداوە،دەبێ ئەم بڕیارە دەرکەین کە ئەمە خولێکی ئینتقالییە، بۆ ئەوەی ئیشەکەمان بە ئسوڵی بڕوا، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کرا تەقریبەن هەر ئەوەیە،ئەوە هیچ موجەب نییە تەحدیدی هەڵبژاردن بکرێت، لە قانون ئەوە تەحدید ناکرێت چونکە هیچ شتێك نییە ڕێگا لە هەڵبژاردن بگرێت، نیهائییەن ڕێگا لە هەڵبژاردن ناگرێت بەتایبەتی کە پەرلەمان خۆی ماوەی تەواو بوو، کە ماوەی تەواو بوو مانای وایە هەر فرسەتێك بێتە پێشێ دەبێت هەڵبژاردن بکەی، چونکە ئەساسەن ئەوە ماوەی ئیستسنائییە، چونکە هەڵبژاردن ناکرێت، ئەگەر بکرێت شتێکی زۆر ئاساییە، تەحدیدیش بە نۆ

مـانگ نەکـەین یـان دوو مـانگ نەکـەین،انشاءالله بە دوو مانگ دەکرێت بە سێ مانگ دەکرێت، بە زووتـرین کات بکرێـت هەڵبـژاردنەکە باشـترە بۆ ئەوەی پەرلەمانی تر دەورەی هەڵبـژاردنی دووەم، ئـێمەش دەسـتمان بـەتاڵ بێـت بـرادەرانی تازە دێن انشاءالله خزمەتی میللەتی خۆیان دەکەن وەکو پێویست ئەرکەکە تەحەمول دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی، بەڕێز کاك عماد احمد فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسـبەت ئـەم دەورەیـە ئەگـەر ئێمە ماوەکەی تەحدید نەکەین و بە کراوەیی بمێنێت، ماوەکەی دەورەی ئینـتقالی کـەس ناتوانێـت بڵێـت چۆنەو چۆن نییـە، لـەو بـڕگەش ئـێمە وەکـو مەکـتەبی سیاسـی ڕێککەوتـنمان لەسـەر کـردووە دەورەی ئینتقالییەکە تـەحدید کـراوە ڕەبـت کـراوە بـە هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردنەکەش لە نۆ مانگ تێنەپەڕێت، ئەگەر بکرێت یان بڕیارێکی تر دەرکەین چونکە پێشـتر بـڕیار وابـووە پەرلـەمان چوار ساڵ جارێك هەڵبـژاردن بکات، ئـەوەمان جێبـەجێ نەکـردووەئەگـەر بێـت و ئـەم دەورەیـەش تحدیدی مـاوەی هەڵبژاردنەکە نەکـەین لەوانەیە هەر وەکـو کـراوە بمێنێـت و،لـەوێش ڕێککەوتـنمان کـردووە یـا بـڕگەیەك زیاد بکەین یان بڕیارێکی تر دەربکـەین بڵێین:مـاوەی ئینتقالییـەکە بـەندە بە هەڵبژاردن کە لە ماوەی نۆ مانگ ئەبێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، پرسیارەکەم دیارە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئێوە کە هەوڵتاندا و، نیصابی قانونی پەرلەمانتان تەواو کرد لە هەردوو لیستەکە، ئایا پێویست نەبوو کە هەیئەتی سەرۆکایەتیش تەنزیم بکەن؟ ئینجا نوقاتی موناقەشەی ماددەکان بێنە پێشەوە، چونکە ئێستا لەلای ئێمە تەنیا کاك فرست بە قانونی سکرتێری پەرلەمانە، نازانم د.ڕۆژ و د.کمال وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دانیشتوون یان سەرۆك و جێگری پەرلەمانن، پێویست بوو ئەمانە بخرێتە دەنگەوە و تەسبیت بکرابایە، ئینجا موناقەشەی ماددەکانیان بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێمە تەسبیتی ماددەکان دەکەین بۆ ئەوەی بە پێی ماددەکان تەسبیتی سەرۆك و جێگری سەرۆك بکەین،جەنابت لەو دیوە سەیری دەکەی ئێمە لەم دیوە سەیری دەکەین.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موناقەشەی شتێك دەکرێ دەبێ لەپێشەوە لەگەڵ دەزگا ڕەسمیەکە بێت و، دەزگا ڕەسمیەکەی ئێمە ئێستا پەرلەمان بێ نەك مەکتەبی سیاسی دوو حزبەکە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا سەرۆكایەتی پەرلەمان لێرە دانیشتووە، بەڕێز حمە علی توفیق، فەرمووو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بەرنامەی لەبەردەستدایە بەرنامەی ڕێكخستنی كاروبارەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانە لە فەترەی گواستنەوە، ئەمە پەیوەندی بەوە نییە كە چۆن و لەسەر چی ڕێك بكەوین، مەبەستەكە ئەوەیە كە كاروباری خۆمان تەنزیم بكەین بۆ ئەو فەترەیەی تاكو هەڵبژاردنی تازە دەكرێ، ئەوی تر كە پەیوەندی بە ئیتیفاقیەی واشنتۆن هەیە ئەوە بڕیارێكی ترە لەبەردەستماندایە، پاش ئەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت ئیتر هەر خاڵێك لە ئیتیفاقیەی واشنتۆن هەبێ لەوێ تەسبیت دەبێ، لەبەر ئەوە ئەم بڕیارە من پێم وایە تەنیا ڕێكخستنی كاروباری خۆمانە بۆ ئەو فەترەیەی كەوا گواستنەوەیە كاری لەسەر دەكەین و بەتەئكید دەسنیشانی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی و جێگری سەرۆك كراوە، كە هەر لێرە ئێستا دەنگی بۆ دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەسەوڕ دەكەین كفایەت دراوە بە موناقەشە كردنی ئەم بابەتە، بۆ ڕوونكردنەوە جارێكی تر ئەوە ڕای ئێمەیە لێرەوە، ئەمە تەنیا بۆ تەنزیمی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقە، بۆ ئەوەی لێرە بتوانین ئیشەكانمان بكەین بە پێی ئەو ئیتیفاقەی كە كردومانە، ئەوە عیلاقەی بە نۆ مانگی هەڵبژاردنەوە نییە، ئەوە لە ئیتیفاقیەی هەردوو حزبدا هەیە، ئەگەر پێویستی كرد پەرلەمان بڕیارێكی بەرامبەر بەوە وەردەگرێت، ئەوە هەردوو مەكتەبی سیاسی ئیتیفاقی لەسەر دەكات هیچ لاری ئەوەمان نییە، ئەگەر ئەم دووخاڵە نەكەین، یەكەم ناتوانین خولەكە ناو لێ بنێین خولی ئینتیقالی، دووەم ناتوانین بەشێوەیەكی ئوسوڵی هەڵبژێرین، بۆیە لێرە كۆتایی دێنین بە موناقەشە كردنی خاڵی یەكەم و، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی یەكەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ خاڵی یەكەم وەرگیرا، تكایە دووەم بخوێننەوە، دووەم گۆڕانكاریەكمان خستە ناوی بەگۆڕانكاریەوە بیخوێنەوە

**بەڕێز فرست احمد عبداللە\ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانیا:

یكون رئیس المجلس من كتلة الحزب الدیمقراطي الكوردستاني و نائب الرئیس من كتلة الاتحاد الوطني الكوردستاني لمدة ثلاثة اشهر اعتباراً من ٢٠٠٢\١٠\١٥ و لمدة شهرین تالیین یتناوب نفس الرئیس و النائب منصبیهما و یتم التبادل و التناوب بینهما علی نفس المنوال لحین اجراء انتخابات الدورة الانتخابیة الثانیة للمجلس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

گۆڕانكاریەكە تەنیا لە سەرەتای دەورەی ئینتیقالیەوە نییە، بەڵكو ئەمڕۆ دەست پێدەكات، چونكە ئەمڕۆ تەسبیت دەكرێ، بۆیە ئەم گۆڕانكاریەمان خستە ناوی، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، بەڕێز كاك كمال شاڵی فەرموو.

بەڕێز كمال ابراهیم فرج شاڵی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لە ماددەی دوودا لە كۆتایی دێردا دەڵێ (یتم التبادل و التناوب بینهما علی نفس المنوال لحین اجراء انتخابات الدورة الانتقالیة) لای ئێمە وا نوسراوە، ئێمە ئەوەمان بەدەست گەیشتووە لەگەڵ ماددەكەشدا ناگونجێ، سوپاس.

بەڕێز فرست احمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

دەورەی انتخابیە، بە هەڵە هاتووە لە چاپ بووەتە دەورەی ئینتقالیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

بەڕێز حاكم سفر فەرموو.

بەڕێز سفر محمد حسین:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لە بڕگە یەك هاتووە فەترەی انتقالی بەردەوام دەبێت تاكو (لحین انتخابات وانعقاد جلسته الاولی) نازانم و، لە بڕگەی دوو باسی جەنابی سەرۆك دەكات و جێگری سەرۆك دەكات كە چۆن تناوب دەكەن، من بەباشی دەزانم لە كۆتایی فەقەرەكە ئەو تناوبە بەردەوام دەبێت تاكو(انعقاد جلسته الاولی)، چونكە ئەمە مەوزوعێكی جیاوازە بەردەوام دەبیت تاكو هەڵبژاردن و دانیشتنی یەكەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

خۆی تەسەوڕ دەكەین بەو سیغەی كە هاتووە تەواوە ئەو سیغەیە دەگونجێ لەگەڵ ڕاوبۆچوونی هەردوولا، هەردوو كتلە، لەڕاستیدا (لحین اجراء انتخابات) دیارە لەسەر ئەمە تێبینی زۆر نییە بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە بڕگەی دووەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، بەگشتی دەنگ بڕگەی دووەم وەرگیرا. تكایە سێیەم بخوێنەوە.

بەڕێز فرست احمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ثالثاً:

لایعمل بأي نص یخالف أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، تحصیل حاصلە دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لە ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە بڕگەی سێیەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، بەگشتی دەنگ بڕگەی سێیەم وەرگیرا بڕگەی چوارەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابعاً: ینفذ هذا القرار من تأریخ صدوره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە بڕگەی چوارەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، بەگشتی دەنگ بڕگەی چوارەم وەرگیرا. هەموو بڕیارەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەموو بڕیارەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، بڕیارەكە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بەشی دووەمی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی كارمان، خاڵی یەكەم بەرچاوخستنی چەسپاندنی سەرۆكایەتی لە كتلەی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، بەڕێز كاك د. ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، بۆ بەكارخستنی بەندەكانی رێككەوتنامەی واشنتۆن، بەناوی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، پێشنیار دەكەین كاك د. رۆژ نوری شاوەیس تەسبیت بكرێتەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز كمال عبدالكریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ پێشنیار هەیە بۆ قسەكانی كاك د. ناصح پێشكەشی كرد، فەرمووو كاك عمر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە رووی رێزمانییەوە، كاك د. ناصح داوای كرد تەسبیت بكرێتەوە، خۆی تەسبیت بكرێت، كاك د.رۆژ تەسبیت بكرێت نەك تەسبیت بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كمال عبدالكریم فوئاد:**

هەردووكی بەیەك سیغە هاتووە، یەعنی بەنیسبەت سەرۆكی پەرلەمان و جێگری سەرۆكی پەرلەمانەوە، بەڵام ئەگەر شتێكی تێدا هەبێت لەرووی رێزمانییەوە، ئەوە بێگومان راست دەكرێتەوە، قسەكە وایە كەوا تەسبیت كردنی كاك د. رۆژ نوری شاوەیس بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، هیچ قسەیەكی تر هەیە لەم بارەیەوە، ئەگەر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكایە

ئەوانەی کەوا رەزامەندن لەسەر ئەو پێشنیازەی کەوا لە لایەن کاك د. ناصح غفورەوە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرا دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، کەواتە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار، بەرچاوخستنی چەسپاندنەوەی د. کمال فؤاد لە کتلەی یەکێتی نیشتمانییەوە بۆ جێگرایەتیی سەرۆکی ئەنجومەن، بۆ بەکارخستنی بەندەکانی رێککەوتننامەکەی واشنتۆن، بەڕێز سەرۆکی کتلەی سەوز، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

لە پێناو باشتر بەرەو پێش بردنی ژیانی پەرلەمانی و دەست پێکردنەوەی جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، ئێمە بەڕێز د. کمال فؤاد پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، هیچ تێبینی نییە، بەڕێز د. عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز د. عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم بەنیسبەت کاك د. کمال پێشتر جێگر نەبووە، ئەمە یەکەم جارە ببێت بە جێگر، لەبەر ئەمە خۆی زمانەوانە بەرچاوخستنی چەسپاندنەوە یەعنی هەبووە هەڵی بژێرین، نەخێر هەڵبژاردنی د. کمال من وام پێ باشە، چونکە د. کمال خۆی زۆر جار لەرووی زمانەوە هەڵەمان لێدەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پێشنیارەکە چۆنە ئێمە وای وەردەگرین، لەناو بەرنامەی کارەکە بە پێچەوانەوە نوسراوە، برادەران بە جۆرێکی تر تەرحیان کرد، لەبەر ئەمە دەبێت بە یەك سیغە بێت، خۆی یەك سیغەیە و یەك پرۆسەسە، لەوە زیاتر وا بزانم هیچ تێبینی نەما، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە چەسپاندنی بەڕێز د. کمال فؤاد بۆ جێگری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بەگشتی دەنگ وەگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان خوێندنەوەی وەڵامی ئەو بروسکەیەیە کە رێزدار کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناردی بۆ پیرۆزبایی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە گشت ئەندامانییەوە.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فوئاد:**

تا كاك فرست دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم نامەیە بێنێ، بروسكەیەكمان بۆ هاتووە بروسكەی پیرۆزبایی لە لایەن شاعیری ناوداری كورد مامۆستا احمد هەردی لە لەندەنەوە پیرۆزبایی دەكات لە كۆبوونەوەی پەرلەمان سەرلەنوێ، دەقی نامەكە بەم شێوەیەیە نامەی پیرۆزباییەكە:

بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە بۆنەی بەستنی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بە ئامادەبوونی هەردوو لیستی زەرد و سەوز گەرمترین پیرۆزبایی خۆمتان ئاراستە دەكەم و هیوای بەردەوامی هەمیشەیی و سەركەوتنتان لە هەموو رووداوەكان بۆ دەخوازم، ئێوە بەم هەنگاوە ئومێدتان لە دڵی خەڵكی كوردستان زیندوو كردەوە و پلان و خەونی دوژمناتان نایە چاڵەوە، كە گرەویان لەسەر پارچە پارچە بوون و یەك نەگرتنەوەی ماڵی كورد دەكرد، هەروەها دەست خۆشیەكی گەرم لە سەركردەی هەردوو حزبە تێكۆشەرەكەی كوردستان دەكەم، كە بە گیانێكی برایانە و هەست كردن بە بەرپرسیاریی، ئێوە هەموو بەرژەوەندییەكی تەسكی حزبیتان بەلاوە ناوە لە پێناو داهاتوویەكی گەشتر بۆ كوردستان دەستی ئاشتی و برایەتیان بۆ یەك درێژ كرد، هیوادارم ئەم هەنگاوە هەنگاوی تری بە دوادا بێت و،هەرچی زووتر كۆی كێشەكانی تر وەك یەكگرتنەوەی ئیدارەكان و گەڕانەوەی ئاوارەكان و مەسەلەی گومرگ چارەسەر بكرێت و، بناغەیەكی پتەو بۆ ئاشتیەكی سەقامگیر و هەمیشەیی دابمەزرێنرێت، دووبارە دەست خۆشیتان لێ دەكەم هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازم.

احمد هەردی

لندن

٢٠٠٢\١٠\٨

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك د. كمال فوئاد بۆ خوێندنەوەی بروسكەكە، بەڕێزان وەكو خۆتان دەزانن نامەكەی كۆڵن پاوڵ نامەیەكی مێژووی بوو، كە بۆ یەكەم جارە لە مێژوویی گەلەكەماندا وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بروسكەیەكی وا راستەوخۆ ئاراستەی دەزگایەكی هەڵبژاردراوی شەرعی گەلەكەمان بكرێت،ئەمە خۆی لە خۆیدا مانایەكی زۆری هەیە لە راستیدا پشتگیریەكی مەعنەوی زۆر پڕ بە هایە بۆ كێشەی گەلەكەمان،بۆیە هەوڵ درا بە هاوكاری هەردوو سەركردەی بەڕێزەوە كە وەڵامی ئەم نامەیە بدرێتەوە بە ئەو پەڕی جدیەت و بە شێوەیەكی واش بدرێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ رۆحی بروسكەكە خۆی،ئێستا دەقی ئەو بروسكەتان بە ئینگلیزی بۆ دەخوێنمەوە.

رۆژی ١٠\١٠ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان نامەیەكی ئاراستەی بەڕێز كۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا كرد لە بەرامبەر ئەو نامە پیرۆزباییەی كە ئاراستەی كۆبوونەوە مێژووییەكەی رۆژی٤\١٠ی پەرلەمانی كوردستانی كرد بوو ئەمەش دەقی نامەكەیە:

١٠ی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٢

جەنابی كۆڵن پاوڵ، وەزیری دەرەوە، وەزارەتی دەرەوە، واشنتۆن دی سی.

بەڕێز مستەر كۆڵن:

ئێمە دەخوازین پڕ بە دڵ سوپاست بکەین بۆ ئەو نامە پیرۆزباییەی ئاراستەی کۆبوونەوە مێژووییەکەی پەرلەمانی ئێمەت کردو، بۆ ئەو پشتەوانیەی لە دووبارە نوێ کردنەوەی پرۆسەی دیموکراتیت کرد، کە ئێمە بە کردەنی پێوەی پابەندین و وەك پەرلەمانێکی نوێنەرایەتی یەکگرتوو لەدوای بە هێز کردنی داین.

نامە گرنگەکەت بە حەماسەوە وەرگیراو بە گەرمی پێشوازی لێکرا، نەك تەنها بە هۆی داننانی بە خەباتی مێژووییمان دژی چەوسانەوە بۆ بینادنانی دیموکراسی لە هەرێمەکەماندا، بەڵکو دیسان بۆ ئەو دووبارە دڵنیاکردنەوەیەت کە ئەمەریکا بەشداری دەکات لە ئامانجەکانماندا لە دیموکراتی، فرە حزبی و عێراقێکی یەکگرتوو و لەسەر بنەمای حوکمی یاساو رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤدا، کاریگەری مەزەندەو بینینی ئێوە دەربارەی ئایندەی وڵاتەکەمان مەعنەوییات لە نێو گەلی کوردی عێراق بەرز دەکاتەوە و هێزێکی پشتەوانیمان پێ دەبەخشێ سەبارەت بە پابەندبوونمان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی بۆ هەموو گەلانی عێراق کە ماوەیەکی زۆر درێژ و پڕ کارەساتە لێی بێ بەشەو پێی نەدراوە.

وەك دەزگایەکی شەرعی و هەڵبژێردراوی نوێنەرایەتی کوردی عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان شانازی دەکات کە وڵاتەکەمان لەسەر بنەمای پرانسیپەکانی دیموکراتی، فرە حزبی و نوێنەرایەتی و حکومەتێکی بەرپرس و کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومی یاسا سەرکردایەتی رێگا بکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و ئازاد.

بەشدار بوونی تەواوی ئەندامەکانی پەرلەمان ئەو راستیە دەردەخات کە یەکگرتوویی پرانسیپ و یەکگرتوویی ئامانج زۆر لە جاران گرنگترە، هەروەها پابەندبوونمان بۆ پێکەوە کارکردن روون و ئاشکرایە لە میانەی هەنگاوە بونیادنەرو بەرهەمدارەکانی کە لە لایەن هەموو لایەنەکانەوە وەگیراون بەرەو زنیدوو کردنەوەی پەرلەمان و بەرەو چارەسەرێك بۆ یەکێك لە خاڵە گەورەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن.

لەو کاتەی ئێمە رووبەرووی ئایندەیەکی نادیار دەبینەوە، ئێمە دووبارە بەڵێنی بریکاری خۆمان بۆ(US)ی نوێ دەکەینەوە لە راوەستاندا دژی تیرۆر و ئەوانەی کە هەڕەشە لە پرۆسەی دیموکراسی دەکەن.

دیسان زۆر سوپاسی ئەو بەشدارییە بە نرخەی (US) دەکەین کە بۆ پاراستنی ئەزموونە دیموکراتیەکەمان لە کوردستانی عێراق دەیکات، ئومێدەوارین نمونەکەی ئێمە سەقامگیری بۆ هەموو کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەوانی دیکەی لە هەرێمەکەماندا زیاد بکات و پێشیەیەکیش بۆ گۆڕانکاری دیموکراسی لەسەرانسەری عێراقێکی یەکگرتوو و ئازاد دابنێ.

لە جیاتی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

د. رۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان(KNA)

ئەمە وەڵامەکەیەتی، و بەو شێوەیە هەڵگیراوە کە تەئکید دەکاتە سەر هەموو خاڵێك بەو روحیەتەو بەم شێوەی کە خۆی لە نامەکەیدا نوسیویەتی تەئکید دەکرێتەوە سەر دیموکراتیەت و سەر شەراکەت لەگەڵ ئەمەریکا لە دەوری دژیایەتی ئیرهاب و خەباتکردن بۆ دیموکراتیەت و

هەروەها سوپاس و تەقدیر بۆ ئەو بروسکەی کە ناردوویەتی و، کە دەورێکی بالأی هەبووە لە پشتگیری مەعنەوی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئەم برادەرانەی کە ئەم مسوودەیان ئامادە کردووە تەرکیزیان کردۆتە سەر ئەم خالأنەی کە کۆلن پاول نوسیویەتی، ئەمە بە کورتی، فەرموو.

**بەرێز سعدی احمد پیرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ ئەم نەی کۆلن پاول نەبووە لەمەو پێش لە لایەن وەزارەتی خارجی ولأتێك بەرەسمی بۆ ئیدارەیەك کە لە قانونی نێو دەوڵەتی وەزعی زۆر موشەخەس نییە، من پێم وایە راگەیاندنی هیچ حزبێك لە حزبەکان هەقی خۆی نەداوەتێ لە نوسین لەسەر نەسەکەی، بەلأم ئەم نامەیە مادام وەلأمەکەی بە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە وشەی مستر پاول نابێت، چونکە ئەو وەزیری خارجییە تۆش بەناوی پەرلەمان وەلأمی دەدەیتەوە، ئەو فۆرمە وابزانم فۆرمێکی بە ئینگلیزی پێی دەلێن(not prop awing).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(Honorable Colin Powell). کاك سعدی ئەمە ئینگلیز نوسیویەتی لەسەرەوە نوسراوە

**بەرێز سعدی احمد پیرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلأم مستر پاول نییە لە زمان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان زمانەوان نوسیویەتی.

**بەرێز سعدی احمد پیرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلا لە حزبی سەوزەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە تەئکیدی لێ دەکەین، بەرێز کاك شێخ موحسن.

**بەرێز محسن خالد مصطفی مفتی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زیاتر حالی بوون پێم باش بوو یان بە عەرەبی یان بە کوردی تەرجمە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەمە بۆ موناقەشە کردن نییە بۆ ئیتلاعی بەرێزتانە لەسەری کە ئیشی سەرۆکایەتیە لە بەینی هەردوولا موافەقەتی لەسەر کراوە، بەرێز کاك شمایل، فەرموو.

**بەرێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مثل ما اشرت جنابك هي فقط للاطلاع، لكن اريد أن اسجل ملاحظة، حقيقة نحن خمس او اربع نواب في البرلمان، البرلمان لحد الان يسير وفق قانون رقم (١) للبرلمان وفي قانون في موضوع تسمية

شعبنا هناك تسمية موحدة لشعبنا رسمياً نمثل هذا الشعب وفق هذا القانون مع كل الاسف اني الاحظ في البرقية ذكر شعبنا باسمين هذه ملاحظة اريد اسجلها واعتقد انها مخالفة للقانون الذي نحن بصدده، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رسالة تجاوب مثل ماهي مكتوبة، عندما يطلب وزير خارجية امريكية مراعاة حقوق قومية و ديموقراطية للكورد و التركمان و الآشوريين و الكلدان، يجب ان يكون الجواب بنفس الصياغة، هذا تقدير رئاسة البرلمان.

ئەم خاڵە وەکو ئیتلاع بووە وەکو باسمان کرد داخیلی مەحزەر بووە بەو شێوەیە وەڵام دەدرێتەوە.

بەڕێزان.

خاڵی پێنجەم لە راستیدا نووسراوە خوێندنەوەی ئەم پەیامەی کە بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بۆ رێزدار مدام میتران ئاراستە دەکرێت بۆ گرنگی دان بەو هەڵوێستەی بەرامبەر ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی عێراق نواندنی و نرخاندنی ئەو ماندووبوونی سەفەرەی کە لە رێی ئامادەبوونی لە دانیشتنەکەی رۆژی٢٠٠٢\١٠\٤ ئەنجومەندا کێشابووی، لە راستیدا ئەم نامەمان ئامادە نەکردووە، بەڵام ویستمان نێردراوەکەتان بۆ بخەینە روو و، لەم دانیشتنەدا دیسان سوپاسمان ئاراستەی مدام میتران بکەین، چونکە ئەو لەو وەزعە تەندروستیە نالەبارەی خۆی لە وەزعێکی خراپدا هاتە ئێرە، بەڵام کۆبوونەوەکەی ئەم بە هەموو ئەندامانیەوە لای ئەو گرنگ بوو، کە وای لێکرد بە رەغمی هەموو وەزعێکی ناتەواوی ئەو زەحمەتە بخاتە سەر شانی خۆی و بەو رێگا نارێکە تا دەگاتە کوردستان و لە هەولێر لە کۆبوونەوەکە ئامادە بێت و، هەروەها سەردانی سلێمانی بکات و چەند رۆژێك لە هەرێمدا بمێنێتەوە، بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە کە سەرۆکایەتی بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە نامەیەکی سوپاسی بە شێوەیەکی تایبەتی ئاراستەی مدام میتران دەکات،هەروەها وەڵامی ئەم نامە و بروسکانەی تریش ئەداتەوە کە بۆمان هاتووە بۆ ئاگاداریتان بۆ ئەم بابەتەش، داوامان ئەوەیە لە هەردوو کتلە لە کتلەکان هەموو جارێکی تر سەیری پێکهاتی کۆمیتەکانی لیژنەکانی پەرلەمان بکەن و، کە قەوائیمیان بە ئیتیفاق لەگەڵ سکرتێری ئەنجومەندا ئامادە بێت بۆ ئەوەی ئیعادەی تەرتیبی لیژنەکان بکەینەوە، هەموو لیژنەکان بکەوەنەوە کار،هەروەها بیر لەوە بکرێتەوە لە لایەن هەردوو کتلە چۆن وبەچ شێوەیەك باشترین تەنسیق و تەعاون لەگەڵ کۆمیتەی باڵا دەکرێت (MCC)، من تەسەور دەکەم هەردوو کوتلە قسەیان هەبێت، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر روخسەت هەبێت،ئێمەش چەند وتەیەکمان هەیە پێشکەشی بکەین بەو بۆنەیەوە، سوپاس بۆ خۆ بۆ هەوڵ و هیمەتی دڵسۆزانی گەلەکەمان کە توانیمان جارێکی تر پێکەوە لە هۆڵی پەرلەمان بەکۆی گشتی ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی سەوز و لیستی مۆرەوە لەم هۆڵە پیرۆزەی پەرلەمان کۆببینەوە، ئەمڕۆ

دانیشتنی ژمارە سێی خولی گواستنەوە جێ بەجێی بکەین، بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەمڕۆ و ئایندەی پەرلەمانەکەمان کە تاکە دەزگای شەرعی و یاسادانانی کوردستانە.

بەڕێزان:

بەناوی گشت ئەندامانی فراکسیۆنمان، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش لە هەڤاڵان و پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بەڕێزان جەنابی کاك مەسعود بارزانی و جەنابی مام جەلال تاڵەبانی دەکەین، لەم ڕۆژەدا جارێکی تر ئیرادەی پۆڵاینی گەلەکەمان سەرکەوت و ئاواتی لە مێژینەی هاتە دی، بەمەش هەنگاونانێکی گرنگ بۆ یەکخستن و ڕێکخستنەوەی ماڵی پتەوی کورد و چەسپاندنی ئاشتی و تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیان لەسایەی ئەزموونەکەمان دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەربخەین و گروتینێکی بەهێزتر بە پەرلەمانەکەمان بدەین و دڵی گەلەکەمان و کوردستان شاد بکەینەوەو ئەزموونەکەمان بپارێزین و گەشەی پێ بدەین، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی درەوشاوە بۆ عێراقی ئاینده و ڕۆژهەلاتی ناوەراست، ئێمەی ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرەوانی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر بەڵێن وپەیمان نوێ دەکەینەوە، کە چۆن تاکو ئێستا خەمخۆر و ئاڵا هەڵگری ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و برایەتی و پارێزەری مافی مرۆڤ بووینە، هەردەم لە خەبات و کۆششدا بووینە بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە پیرۆزانەو قوربانیشمان لەو پێناوەدا داوە و، بۆ نموونە ڕاوەستانمان لە دژی شەڕی ناوخۆ و چوونمان بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ ناوبژیوانی، بەشداری کردنمان بە (٣٥) پەرلەمانتار لە کۆی (٥٩) پەرلەمانتارو ئەندامی پەرلەمان لە مانگ گرتن و پەناگیری لە یەکێ لە هۆڵەکانی پەرلەمان، کە دواتر ناوی لێنرا هۆڵی پەناگیری کە بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ بوو، کە لە ڕۆژی ( ٢٣-١٢-١٩٩٤)ەوە دەستی پێکرد تاکو سەرەتای مانگی نیسانی (١٩٩٥) درێژەی کێشا، ئەمەش نواندنی باشترین هەڵوێست و وەلامدانەوە بوو بۆ بەرپەچدانەوەی شەڕ و شەڕخوازان لەو بارودۆخە سامناکەدا، ئێستا و لەمەو دواش ئێمە هەموو تواناکانمان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزانە تەرخان دەکەین، چونکە ئێمە دڵنیاین کە مانەوە و بەهێز بوون و سەرکەوتن و گەشەکردنمان هەر لەسایەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیان و دابین کردنی مافە سروشتیە رەواکانی هەر تاکێکی کورد و هەموو گەلی کوردستاندا دەبێت، مێژوو کە دەبێتە بەسەرهات و ڕابردوو ناتوانێت هەموو ئاکام و دەرئەنجامەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ڕامالێت، بۆیە ئەگەرچی ئێمەی کورد بەداخەوە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە وەکو پێویست سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین، دەنا هیچ نەبێت ئەمڕۆ بەخۆمان دابچینەوە، بیر لە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان بکەینەوە، سوود لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی خۆمان وەربگرین و یەك ڕیز و یەك دەنگ بین و نەهێڵین نە یاران دەست لەکاروبارمان وەردەن و یاری بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە بکەن.

بەڕێزان:

ئێمە لەم پەرلەمانەدا ئەرکەکانی ئەمڕۆ و داهاتوومان لەکار و ئەرکەکانی رابردوومان سووکتر و کەمتر نین، بگرە زۆر گەورەتر و فراوانتر و چارەنووس سازترن، چونکە ئەو پرۆژانەی ئاراستەمان دەکرێن و دێنە بەردەممان بۆ گەلاڵە کردن و وتوێژ کردن لەسەریان وبڕیار وەرگرتن دەربارەیان و پەسند کردنیان، ئایندەی کورد و کوردستانیان پێوە بەندە، بۆیە ئێمە دەبێت لە ئاستی تێگەیشتنی رووداوەکان و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانمان بین و وەکو تیمێکی یەکگرتوو دڵسۆزانە کار بکەین، چونکە بارودۆخی ئەمڕۆکەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە هەلومەرجێکی دژوارو تایبەتی دایە، جودابوونەوە و دووبەرەکی و دابڕان لە یەکتر، نەك هەر دەبێتە دەردێکی کوشندە و زیانێکی زۆرمان پێ دەگەیەنێت، بەڵکو ئەگەر خوانەخواستە کار لەکار ترازا و نەمانتوانی سوود لە بارودۆخەکە وەربگرین و پێکەوە بەرگری لە ئەزموونەکەمان و بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و کوردستان بکەین و بیان پارێزین و گەشەی پێ بدەین، ئەو دەمە رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن و پەشیمانی دادمان نادات.

خاڵێکی تری گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم ئەویش هەڵسوکەوتی شارستانیانەی خۆمان ئەندامانی پەرلەمانە لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمان، بەتایبەتی پابەند بوونمان بە پێڕەوی ناخۆی پەرلەمان و رەچاو کردنی دیسپلین و کاروباری پرۆتۆکۆلی و ئیتیکێتی هۆڵی پەرلەمان و رێزلێنانی یەکتر و بایەخدانی جددی بە وتوێژ و دەربڕینی بەرامبەر بە پرۆژە گرنگەکان و گوێ گرتن و رێز گرتن لە بیروڕای ئازادانەی یەکتری و پەسند کردنی ئەوەی باشترە بۆ کورد و کوردستان، بۆ ئەوەی کە چۆن تاکو ئێستا دۆست و دڵسۆزانمان شانازیمان پێوە دەکەن، ئاماژە بە هۆڵ و نموونەیی پەرلەمانەکەمان و ئەندامانییەوە دەکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەر بەو جۆرەش هەمان ئاست و بەرچاو بوونمان رابگرین و باشتری لێ بکەین، بژی کورد، بژی کوردستان، بژی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان نوێنەری راستەقینەی گەلە کۆڵنەدەرەکەمان نەمری بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان و، بەتایبەتی بۆ شەهیدانی پەرلەمانی کوردستان و، ئیتر ئێوەش هەر شاد و سەرفراز و سەرکەوتوو بن، سوپاس.

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك سەعدی پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی سەرۆکایەتی پەرلەمان، خوشك و برایان، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

رۆژی( ١٠\١٤) رۆژێکی مێژوویی بوو لە مێژووی گەلەکەمان و، پێویستە لێرە سوپاسی هەموو ئەو دۆست و لایەنانە بکەین کە بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هاوکاریان کردین، بۆ ئەوەی ئێمە لە ئاسەواری شەڕی نەگریسی ناوخۆ نەجاتمان ببێت و، بتوانین بگەینە ئەنجامێکی باش،

ئەوەی پەیوەندی بە جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هەیە، لێرەدا خۆ پێویستە سوپاسی هەموو ئەو ئەندامانەی هەردوولا بکەین کە زۆر چالاکانە لە کۆبوونەوەکانی پرۆسەی ئاشتی بەبێ ماندوو بوون هەوڵی کەم کردنەوەی خاڵە عوقدەکانیان دا بۆ هێنانە پێشەوەی خاڵە موشتەرەکەکان، تا لەسەر ئەساسی ئەم خاڵە موشتەرەکانە، بتوانن کارێکی لەو بابەتە ئەنجام بدەن، ئێمە هەمیشە چ وەکو فراکسیۆن، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، فراکسیۆنی سەوز، چ وەکو سەرکردایەتی و جەنابی سکرتێری گشتی، ئێمە رامان وا بووە هەزار گفتوگۆ باشترە لە نیو سەعات شەڕ و، هەمیشە هەوڵی ئەوەمان داوە کە ڕێگا بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگای دیالۆك بە ئیعتماد لەسەر کەفائەت و توانای خۆمان لەناوەوە کۆتایی بە کێشەکانی ناوخۆمان بێنین، چونکە پێم وایە یەکێك لە شاکارەکانی کورد لە کوردستانی عێراق، پاش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە زەمانی شەڕ لە پاش ڕاپەرینە مێژووییەکەی ئازاری (١٩٩١) بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و بە قانونی کردنی داخوازیە ڕەواکانی گەلی کورد، کە لێرەوە پێویستە سەرچاوە بگرن، وەکو یاسا دانەر بۆ دەزگاکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراق و، پێویستە ئێمە پێش هەموو کەس، پێش ئەوەی داوا لە خەڵکی تر بکەین ڕێز لە پەرلەمان بگرێ، پێویستە خۆمان ڕێز لە پەرلەمان بگرین و، ڕێز لە بڕیارەکانی بگرین و هەڵسوکەوتمان، هەڵسوکەوتی پەرلەمانی بێت و، خۆمان ڕێز لە یاساکان بگرین، دیارە مەوزوعی زۆر کە پاش (٨٠) کۆبوونەوەی (MCC) لیژنەی بالای ئاشتی زۆر مەسەلەکانی گەلاڵە کرد و زۆر لە مەلەسەکان چەند جار موناقەشەی کرد و، خاڵە لاوازەکانی یان خاڵە پڕ لە کێشەکانی دەست نیشان کرد بوو، بەلام لەو سەفەرە مێژووییەی بەڕێز مام جەلال بۆ واشنتۆن و بەشدار بوونی لە کۆبوونەوەکانی واشنتۆن و، بڕیاری لە کاتی گەڕانەوەی هەڵوێستەیەك لە صەلاحەدین بکات و لەگەڵ برای بەڕێز کاك مەسعود کۆببێتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببێتەوە، دیارە تەکانێکی تری یان تەوژمێکی تری باشی دا بە پرۆسەی ئاشتی و، دڵنیام لەوەی ئەگەر بڕیاری ئاشتی نەبووایە لەهەردوولا مومکین نەبوو کێشەی دەیان ساڵ و، کێشەی وا زەقی وەکو ئەو چەند ساڵەی رابردوو کە لە ماوەی سێ حەفتەدا لە چوار وەرقەی تێرو تەسەلدا کۆبکرێەوە و، تەصدیق بکرێت و، لەهەمان کاتیشدا پەرلەمان تەکلیف بکرێت کەبەرنامەکانی بە هاوکاری لەگەڵ (MCC) جێ بەجێ بکرێت، لێرەدا ئێمە ئەکید یەکێ لە وەزیفە گرنگەکانمان ئەوەیە نەك تەنها کۆبوونەوە و یاسادانان، بەڵکو وەزیفەی پەرلەمان لەمەوپاش ئەوەش دەبێت کە چۆن دەتوانین لە هەلومەرجێکی سیاسی وا گرنگی وەکو ئەمڕۆ کە لە دەوروبەری عێراق و لەناوەوەی عێراقدا و، هەموو سەنتەرە بڕیار بەدەستەکان لە دونیا باسیان باسی نیزام گۆڕینە لە عێراق، ئێمە چۆن بتوانین سوود وەربگرین، ئێمە چۆن دەتوانین مۆدێلێك پێشکەش بکەین کە بەشێوەیەك ڕۆنەقدار بێت کە بتوانێ ببێتە مۆدێلێك تەعمیم بکرێت لەسەر هەموو عێراق، وەکو ئەوەی لە نامەی بەڕێز (کۆلن پاول)دا هاتووە، ئێمە چۆن دەتوانین جێگای متمانەی دۆستەکانمان بین بەلای کەمیەوە، ئەگەر ئەوەی لەوەو پێش گوترا بە خۆمانەوە

دانەچینەوە و هەوڵی ئەوە نەدەین رەفتارمان قانونی بێت و هەوڵ نەدەین لەبواری ماف مرۆڤ لەبواری تێگەیشتن و تێك گەیشتن وخوێندنەوەی بەرامبەر، داوا کردن لە بەرامبەر کە ئەمە بخوێنێتەوە، مومکینە نەتوانین ئیسپاتی بکەین بۆ دۆست و دوژمن کە ئێمە تواناو کەفائەتی خۆبەرێوە بردنمان هەیە و، توانا و کەفائەتی پێکەوە ژیانمان هەیە بەو مەفهومە، من پێم وایە بەگوێرەی ئەو سێ کۆبوونەوەیەی کردمان بە کۆبوونەوەی ئەمرۆشەوە لەوە دەچێت کە بە نەفەسێکی باش دەستمان بە ئیش وکارەکان کردبێت و، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، یان وەکو فراکسیۆنی سەوز بەتەئکید ئەمرۆش لە کۆبوونەوەکە دەمانویست بە برادەرانی تر بڵێین ئەم هۆڵە جارێکی تر یەك رەنگ نیە، دوو رەنگ و سێ رەنگە، بۆیە موناقەشاتیش دروست دەبێت لاتان سەیر نەبێت، لەمەودواش موناقەشەکان لێ دروست دەبێت، بەلام موناقەشاتەکان بۆ تەواو کردنی بیرو بۆچوونەکانی یەکترن، نەك بۆ لێك ترازان و، بۆ دۆزینەوەی باشترین صیغەیە، چۆن راژە وخەدەمات پێشکەش بە میللەتەکەمان دەکەین و، چۆن داخوازییەکانی لە چوارچێوەیەکی قانونی رێکوپێك کە قابیلی قەبول بێت لەلایەن هەموو نێوەندە نێو نەتەوەییەکان صیاغە دەکەین، من پێم وایە دیسان جارێکی تر دەبێت هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین کە دەنووك لەسەر ئاسەوارە سەلبیەکانی شەڕی ناوخۆ هەڵ نەگرین، بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ ببێتە پەندێك، دەرسێك و، وتنەوەشی بۆ ئەوە بێت کە دووبارە نەبێتەوە، نەك وتنەوەی بۆ ئەوەی بێت کێ لە کەپکی فلان بوو، کێ لە کەپکی فلان نەبوو بێت و، ئێمە هەمیشە دەبێت تەماشای زەرەری شەڕی ناوخۆ بکەین کە چەند هەنگاو کێشەی گەلەکەمانی دوا خستووە و، چەند هەنگاو یان چەند داخیلیەتی ئەم قسانەی کە دەیکەم، ئەو قسانەی کە دەیکەم هیچی نوێ نییە، جارێکی تریش لەوەوپێش کردوومانە، بەلام لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ بەشێك لە راستگۆیی خۆی لە دەست دابوو، پێویستە ئەو راستگۆییە ئیستیعادە بکەینەوە، چۆن دەتوانین ئەوە ئیستیعادە بکەینەوە، ئەوە ئەرك و واجیباتی ئەو ئەنجومەنەیە کە هەوڵی ئەوە بدات ئەو دەستکەوتانەی لەوەوپێش لە دەست چوون، ئەو پشتیوانانەی لەوەوپێش لەدەست چوون، ئەو دۆستانەی لەوەوپێش لە دەست چوون بیانگێرێتەوە و، بتوانین جارێکی تر ئەو ئەزموونە بەرەو قۆناغێکی باشتر و بە سەرکەوتن کۆتایی بێت، زۆر سوپاسی هەموو برادەرانی کە لێرە لەو چەند رۆژە یان لەو سێ کۆبوونەوەیە یان بەلای کەمی دوو کۆبوونەوە لێرە بوون کۆمێکیان کرد بە هەموو هەڤاڵنی ئەندامان، ئەندامانی پەرلەمانی فراکسیۆنی سەوز و، هەروەها زۆر سوپاسی هەموو ئەو برادەرانە دەکەین کە ئەرکیان کێشا، بەگیانێکی لەخۆ بردووانە و، وەلاوە نانی هەتا ئەگەر شتی شەخسیش بووبێت لەوەوپێشەوە، ئەوە روونکردنەوەی لاپەرەیەکی تازەیە، بەرەو نەفەسێکی تازە، بەرەو قۆناغێکی تازە و، بەو مەفهومەش پیرۆزبایی لە خۆمان وەك فراکسیۆنی سەوز و، لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان و لە گەلەکەمان و لە کادیرو پێشمەرگە و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و برایانی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بەیەك پشتیوان وەکو وەعدیان داوە پشتیوانی چەسپاندنی ئاشتی سەقامگیر کردنی بۆ بەرەو پێش

بـردنی، وەکو لـە نووسـینەکان و لـە رەفتارەکانی رابردوودا و، لەمەودوادا بەشێوەیەکی باشترو پەسند تر و، لەهەمان کاتشدا ئەوە لە فراکیسۆنی زەرد چاوەڕوان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس بۆ  بەڕێز کاك سەعدی ئەحمەد پیرە کە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزە، لیستی مۆر هیـچ وتاریـان هەیـە، دیـارە نـیانە، بەڕێـزان لـێرەدا کۆتایی دێت بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان، لـەکاتی کۆبوونـەوەی داهاتوومـان ئاگادارتـان دەکـەین، جـارێکی تـر سوپاسـی هـەموو لایەکـتان دەکەین، دووبارە سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)**

**پێنج شەممە رێکەوتی ٣١\١٠\٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣١/١٠/٢٠٠٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٣/١٠/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٤)ی خولی گواستنەوەی، سالّی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٣١\١٠\٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- وتاری دۆستی دێرینی کورد سیاسەتمەداری ناودار رێزدار کاك د. برنارد کوشنەر.

٢- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری پرۆژەی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕێگام پێ بدەن پێشەکی بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی دۆستی دێرینی گران بەهای کوردستان رێزدار د. برنارد کۆشنەر بکەم، دکتۆر کۆشنەر لەساڵی ١٩٧٤ لە کوردستان ئامادە بووە و هاوکاری کردووە و ئەو کاتە دکتۆرێکی ناو کۆمەڵی دکتۆرە بێ سنورەکان بوو، هەروەها بارزانی نەمری دیتوە، گەلی کوردستان ئەو رۆڵە گەورەیەی د.کۆشنەری لەبەرچاوە بەتایبەتی لەکاتی کۆڕەوەکەدا کە گێڕای بۆ هاوکاری گەلی کوردستان و، دەور بینینی لە وەرگرتنی بڕیاری ٩٨٦ کە ئەو کاتە لە حکومەتی فەرەنسا وەزیر بوو، کاتێ کە خوالێخۆشبوو فرانسوا میتران سەرۆکی فەرەنسا بوو، لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو کاتە بەڕێز برنارد کۆشنەر بە وەزیرە کوردەکە ناسرا بوو، کە داوای قسەی دەکرد پێیان دەووت فەرمووو کوردەکە با قسە بکات. هەروەها د.برنارد کۆشنەر لە ساڵی ١٩٩٢ لە پەرلەمان ئامادە بووەو، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پشتگیری ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی گەلی کوردستان، هەروەها لە گفتوگۆکانی پاریسدا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەورێکی دیاری هەبووە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئەمڕۆ ئامادە بوونی لێرەدا لە کوردستان نیشانەی پشتگیریە بۆ گەلی کوردستان و پشتگیریە بۆ ئەزموونە دیموکراتیەکەمان، لە هەمان کاتدا نیشانەی پشتگیریە بۆ پرۆسیسی ئاشتی و سەرکەوتنی ئەم پرۆسیسە، لە هەمان

کاتیشدا ئاشتبوونەوەیەکی گشتی لە کوردستان دا. بەڕێز برنارد کۆشنەر دەورێکی باڵای هەبوو لە چارەسەری کێشەی کۆسۆفۆ، کە کێشەیەکە بە شێوەیەك یا بە شێوەیەکی تر لە کێشەی گەلی کوردستان دەچێت، ئێمە ئیمرۆ هیوادارین کە برنارد کۆشنەر خۆشەویستیی خۆی و ئەو ئەزموونە زۆرەی کە هەیەتی لە چارەسەری ئەو کێشانەدا بخاتە گەڕ بۆ هاوکاری گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بە چارەیەکی دیموکراتی وعادلانەی کێشەکەمان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا، جارێکی تر بەخێرهاتنێکی گەرمی د.برنارد کۆشنەر دەکەین و تکای لێ دەکەین بفەرموێتە سەر مەنەصەکە بۆ ئەوەی وتارێکمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز د. برنارد کۆشنەر:**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ من کە لێرە لە ناو ئێوەدا ئامادەبم، لە یادمە لە ساڵی (١٩٩٢)دا، کاتێك کە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان بەسترا، لەگەڵ مەدام میتران لەگەڵ ئێوەدا ئامادە بووین، لەو کاتەشەوە تا ئەمرۆ وەختێکی زۆر بەسەرچووەو بۆ ئێوە وەکو گەلی کورد بەرپرسیارێتی نوێ دروست بووە کە لەگەڵ ئەم کاتەدا جیاوازی هەیە.

پێم خۆشە جارێکی دیکە پێتان رابگەیەنم کە شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ من کە لەم بارودۆخەدا، لێرە لەگەڵ ئێوەم و لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئامادە دەبم.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز

ئێوە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر ناسك دان سەبارەت بە کێشەی کوردو بەرپرسیارێتییەکی زۆر زۆر گەورە رووبەڕووی ئێوە دەبێتەوە. لە درێژەی کێشەی ئێوەدا، ئەوانەی کە گیانیان لە دەست داوەو ئەو خێزانانەی بێ سەرو شوێن بوون، دێنمەوە یادم، هەروەها ئەو تاوانانە دێنمەوە یاد کە رژێم بەرامبەر بە ئێوەی ئەنجامداوەو، ئەمرۆ هەموو ئەم شتانە دێنمەوە بیر.

جەنابی سەرۆك و ئەندامانی بەڕێز

لە سەدەی رابردوودا، بێگومان کورد رەنجی زۆری کێشاوە و زەحمەتی زۆریشی بینیوە، ئێوە نوێنەری ئەو گەلەن کە بەنیازن ئازادی و دیموکراسی لەم وڵاتەدا بەدی بێنن، هەروەها هەڵبژاردنێك رێك بخەن کە ئەنجامەکەی سەد دەرسەد نەبێت. دەزانم چی لە بیری ئێوەدا هەیە، دەزانم کە خەباتێکی دوورو درێژتان کردووە، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەیە، لەبەرچاوی خۆتان بگرن و بە لەبەرچاو گرتنی ئەم کێشەیەش، بڕواننە کێشەی گەلی کورد. بێ تاقەت نەبن، پەلە نەکەن، ئێوە شۆڕشێکی دوورو درێژتان کردووەو زۆر ماندوو بوون، بەڵام لەم کاتە ناسکەدا پەلە لە کاروباری خۆتان دا نەکەن و بەرامبەر بە رووداوە نێودەوڵەتییەکانیش بە توانا بن، هەروەك چۆن سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێکرد، بەڵێ لە ساڵی ١٩٧٤، واتە (٢٨) ساڵ لە مەوبەر، بۆ یەکەم جار بارزانیی نەمرم بینی و لە ساڵی ١٩٩٢ شدا بەشدار بووم لە کاتی دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی کوردی، بەڵام با لە یادمان نەچێت کە دوا بە دوای کۆبوونەوەی (رامبۆیە) لە فەرەنسا کە پارتی و یەکێتی بەشدارییان تیادا کرد، دوای ئەم دانوستاندنە شەڕێکی براکوژی لە

کوردستان دەستی پێکرد، ئەمڕۆش زۆر زۆر ئاسوودەو خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە هەمووتان پێکەوە لێرە دەبینم.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان:

ئێوە دەتوانن باوەڕ بە دۆستانی گەلەکەتان بکەن کە (٣٠-٤٠) ساڵە چاودێری کێشەی ئێوە دەکەن، من و برادەرانم کە بە دوای ئەم کێشەیەدا دەچین، بێگومان جاری وا هەبووە رەخنەیەکی زۆرمان لە ئێوە گرتووە، لەبەر ماوەی رابردوو، بەڵام تکایە ئاگاداربن کە دوا رۆژی گەلی کوردو، تەنانەت دوا رۆژی گەلی عێراقیش بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و ئازادی و دوا رۆژێکی گەش لە دەست ئێوە دایەو، هەموومان دەزانین کە عێراق چەند پێویستی بەو ئازادی و سەربەخۆیی و دیموکراسییە هەیە، ئێوەن کە ئومێدی ئەو دوا رۆژە گەشە دەبەخشن و، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە ئێوە هەیە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

بەڵێ ئەندامانی بەڕێز، بەمە لاپەڕەیەکی نوێ لە بەرامبەر کوردستان و عێراق و ناوچەکەش دەکرێتەوە. ئێرە ناوچەیەکی زۆر هەستیارەو پێویستە بوار نەدەین کە شەڕێك لەسەر حیسابی ئێوە رووبدات، چونکە وڵاتی دیکە لە ناوچەکەدا هەن و هەستیاریی ناوچەکەش لە بوونی ئەو وڵاتانە دایە، من راستەوخۆ بە ئێوە رادەگەیەنم کە ئەمە بەرپرسیارێتیەکەو لەسەر شانی ئێوەیەو، هیواداریین دوا رۆژێکی گەشتان هەبێت و دووچاری گرفتی دیکە نەبنەوە.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان:

ئێوەن بێگومان کە دەتوانن سنوورەکانی عێراق بپارێزن، ئێوەن کە توانای پاراستنی فرە ئایینیتان هەیە لە عێراق، ئێوە دەتوانن دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلی عێراق و کوردستان دابین بکەن. زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو خاڵمان ماوە لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، ئەویش خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق و خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی دەستوری فیدرالی عێراق، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشە ئەگەر رێگە بە سەرۆك فراکسیۆنەکان بدەی بەلای کەمی سوپاسی خۆیان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی فراکسیۆنی کەسك، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان زۆر سوپاسی بەڕێز د.برنارد کۆشنەر دەکەین، و بەو شێوەی کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێکرد، کە بەڕێز برنارد کۆشنەر یەکێکە لە سیاسەتمەدارە کەمەکانی کە بە پەنجە دەژمێردرێن لە ئەوروپا و لە هەموو

کاتێکی حەساسدا سەردانی کوردستانی کردووە، ئەگەر تێبینی بکەن لە ساڵی ١٩٧٤ دا سەردانی ئێرەی کردووە کە نزیك بوونەوەیەك لە نێوان رژێمی عێراق و شاهەنشا هەبووە بەرەو رێکەوتننامەی جەزائیر، کە خەتەرێکی گەورەی لە ئایندەدا دروست کرد لە پاش گفتوگۆ لەسەر کورد، و ئەگەر تێبینی بکەن لە ساڵی١٩٨١ و ١٩٨٣ دیسانەکە شەڕی ئێران و عێراق لە بەرزترین پلەی دابووە و، هەروەها لە پاش ئەنفالە بەدناوەکە یا دەست پێکی ئەنفال و راگواستن، کورد لەبەردەم ئەوە دابووە کە خەتەرێکی گەورە چاوەڕێی بکات، یا گفتوگۆ لەگەڵ رژێم بکات ساڵی ١٩٩١ پاش داگیر کردنی کوێت لەلایەن عێراق دیسان کۆڕەوە مێژووییەکە، کە دەتوانرا وەربگێڕێ بە سەرکەوتنێکی گەورە دیسان سەردانی کردووە وچووە بۆ سنوورەکان ولێپرسروانی کوردی دیوە، ئەوە بوو وەرگێڕدرا بە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و یەکێکە لە میعمارەکانی بڕیاری (٦٨٨) کە ئەو بڕیارە بە بڕیاری کوردی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا بەناوبانگە، هەروەها ساڵی ١٩٩٣ سەردانی کوردستانی کردووە و دیسان لە کاتێکی زۆر ناسك بووە و، ئێستاکەش کە دنیا و هۆکانی راگەیاندنی ناوەندەکانی دەسەڵات باسی ئایندەی عێراق دەکەن و، هەروەها گەلەکۆمەکێکی ناوچەیی لە کورد هەیە و موقابیلی ئەوەش یەك ریزی لە کوردو لە ئەوەو ئەوە تەشەنە دەکات و بەهێز دەبێت، وەکو دۆستێکی دێرین و ماندوو نەناس دیسان فریای ناوچەکە کەوت بۆ ئەوەی ئیمکانیات وتواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ کۆمەکی هەوڵ و تەقەلاکانی ئێمە. دیارە یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی ئۆڵۆمپی کە تەنانەت لە ساڵی ١٩٧١ بیری کردۆتەوە لە دامەزراندنی دکتۆرانی بێ سنور، کە لە کوردستانیش ئەم بەرنامەیان جێ بەجێ کرد، من پێم وایە یەکێکە لە هەنگاوەکانی عەولەمە ئەو کاتە بەزاندنی سنوور لە کوێ مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ رەنگە مەسەلەی سیادەی دەولی وئیش وکاری ناوخۆ ئەوەندە لەرووی قانونی دەولی یەوە گرنگی پێ نەدرێ. ئێمە زۆر سوپاسی ئەو هەوڵ و تەقەلایە دەکەین، هیواداریین وانەزانێ تەواوی کردووە، تا قۆناغی کۆتایی لەگەڵمان بێت، و هیواداریین کە نموونەی زۆر بێت و ئامۆژگاریمان بکات بۆ ئەوەی نەوەی تازە لە حزبە پێشکەوتنخوازو مرۆڤ دۆستەکانی ئەوروپا بە ئومێدی ئەوەین کە لوبیەکی بەهێز بۆ کورد دروست بکرێت و پشتیوانی لە داخوازییەکانی کورد بکرێت، چونکە کورد یەکێکە لەو میللەتە ماندووانەی کە بە درێژایی مێژوو غەدری لێکراوە، کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ئازارەکانی بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سعدی سەرۆکی فراکسیۆنی کەسك، بەڕێز د. ناصح سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز جەنابی برنارد کۆشنەر دەکەین، کە تەشریفیان هێناوە بۆ کوردستان کە جارێکی تر لە پەرلەمان ئامادە بوو و بەشداریمان لەگەڵدا دەکات، نامەوێ قسەکانی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دووبارە بکەمەوە کە بەروونی و بەباشی باسی رۆڵی دیاریکراوی جەنابی برنارد کۆشنەری کرد، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکان و تاکو ئەمڕۆ بۆ هاوکاری کردن و

پشتگیری کردنی دۆخە ڕەواکەمان و ناساندنی کێشەکەمان بە فەرەنسا و بە گەلانی تر، بێگومان ڕۆڵی جەنابی تەنها دیارە دوای ئەوەی کە بایەخێکی تایبەتی بە کورد داو ڕۆڵی بینی، ئەوە بوو تەنها ئەو بایەخدانەی ئەو وئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە بواری کوردستان بینی هانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دا کە ڕۆڵێکی تایبەتی بەو بدەن و، لە بەلقانیش کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەو ماوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەویٚ، ئێستاش کە جارێکی تریش هاتۆتەوە بۆ لای ئێمە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی دەکەینەوە، و ئومێد دەکەین ئەو ڕۆڵەی کە تاکو ئێستا گێڕاویەتی بە هەمان شێوە بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕۆڵە پیرۆزەی بۆ پشتگیری کردنی کێشە ڕەواکەمان، بۆ هاندانمان و پشتگیری کردنمان و ئامۆژگاری کردنمان و ڕێنمایی کردنمان بۆ بەرەو پێش بردنی دۆزە ڕەواکەمان. ئەو قسانەی کە ئەمڕۆ لەم هۆڵەدا کردی بەراستی جێی دڵخۆشییە کە ئەو ئاوا بەرزو ڕۆڵی بارودۆخی ئەمڕۆی گەلی کوردستان دەنرخێنێ لە دیاریکردنی ئایندەی عێراق و کوردستان، ئەمەش جێی شانازی یە کە چاودێرێك بایەخ بە کێشەکەمان دەدات، ئەو چاودێرە بەم شێوەیە دۆزە ڕەواکەمان و بارودۆخی ئێمە و ڕۆڵی کوردو کوردستان لەم ڕووەدا بنرخێنێ لە دیاریکردنی ئەمڕۆی گەلەکەمان بە کوردو تورکمان و ئاشوری و کلدان و کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان و عێراق، جارێکی تر بەخێرهاتنی دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین هیواداریین ئەو ڕۆڵەی کە ئەیگێڕیٚ بەردەوام بێت و، دۆستی وەکو ئەو هاوکاریی وەکو ئەو لە فەرەنساو لە وڵاتانی تری ئەوروپا و ئەمریکا هەر زیاد بن، جارێکی تریش بەخێر بێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی کاك د. ناصح دەکەین، لیستی مۆر ئایا هیچ تێبینیتان هەیە، فەرموو کاك شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم.

نرحب بالاستاذ برنارد كوشنر و نقيم عالياً مواقفه حقيقةً كشخص ومواطن فرنسي وفرنسا معروفة بمواقفها أزاء الشعوب المضطهدة وأزاء نضال الشعوب عموماً وحقيقةً السيد كوشنر موقفه مع القضية الكوردية مثلما أشار السيد رئيس المجلس واضحة على مدى سنوات طويلة، كما نقيم عالياً حقيقة الكلمة التي القاها اليوم حيث أشار الى الكثير من الجوانب المهمة التي يفترض أن نأخذها بنظر الإعتبار ونراعيها في هذه المرحلة الحساسة جداً من تاريخ العراق ونأمل أستمرار ومواصلة هذا الدعم لقضية الشعب الكوردي وللقضية العراقية عموماً من اجل ان يتحقق حلم كل العراقيين بالخلاص من المعاناة والمأساة التي أستمرت سنوات طويلة في أن يعيش حاله حال بقية الشعوب ونحن خصوصاً نعيش في بلد وهبه الله الكثير من الخيرات ووهبه الله موقع ستراتيجي من الممكن لو كانت هناك قيادة حكيمة أن تحول هذا البلد الىجنة تفيد شعبه وتفيد العالم ككل، وأخيراً أتمنى ايضاً أن يحضى شعبنا المسكين(اسيريو كالگن) بأهتمام أكبر فنحن قد تحولنا الى أقلية ولنا تأريخ تشهد عليه متاحف العالم كله ولكن كانت هناك ظروف قاسية وأحداث دامية جعلت من شعبنا أن يتحول الى أقلية، في هذا اليوم عالم العولمة وعالم حقوق الإنسان نتمنى أن لايتم التعامل على أساس عدد القومية هناك خصوصية هناك طموحات نتمنى أن نعيش بسلام وأن تتحقق لنا الشراكة الكاملة في وطننا وشكراً جزيلاً ومرحباً بكَ مرةً ثانية، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك شمائیل بۆ تێبینییەکانی، بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق، تکایە بەڕێز کاك شێروان حیدری و کاك عیدۆ بابەشێخ فەرموون بۆ سەر مەنەصەکە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، کە لە خوارەوە ئیمزایان کردووە، هاوپێچ پڕۆژەی پێشنیاز کراوی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقتان پێشکەش دەکەین، هیوادارین پێش چاوی پەرلەمانی کوردستانی بخەن، تا رێکاری پێویست (بۆ دامەزراندنی) وەکو دەستوور بۆ هەرێمەکە لەسەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی عێراق وەربگرێت.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو بەڕێزانەی کە پڕۆژەکەیان ئیمزا کردووە:

١- بەڕێز نهلە محمد سعدالله
٢- بەڕێز گەلاوێژ جباری
٣- بەڕێز عیدۆ بابەشێخ
٤- بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق
٥- بەڕێز شێخ عبدالکریم
٦- بەڕێز احمد شریف
٧- بەڕێز رزگار حاجی طاهر
٨- بەڕێز یاسین محمد عبدالقادر
٩- بەڕێز شوکت حاجی مشیر

ئەوە لە فراکسیۆنی کەسك، بەنیسبەت فراکسیۆنی زەرد ئەم بەڕێزانەن:

١- بەڕێز د.ناصح غفور
٢- بەڕێز فلك الدین کاکەیی
٣- بەڕێز حمە علی تۆفیق
٤- بەڕێز فاضل رؤوف
٥- بەڕێز انور شوکر
٦- بەڕێز عفان نقشبندی
٧- بەڕێز رجب شعبان
٨- بەڕێز سعید هروری
٩- بەڕێز مەلا هادی خضر

١٠- بەڕێز جلال خۆشناو

لەلیستی مۆریش بەڕێز كاك بطرس سخريا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك شێروان حیدری، با ئەحكامی عامە بخوێندرێتەوە پاش ئەوە پشویەك دەدەین، ئینجا تكایە لەپڕۆژەكە بابی یەكەم و ئەحكام عامە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**الباب الاول**

**الاحكام العامة**

**المادة الاولى:**

اقليم كوردستان من اقاليم الجمهورية الفدرالية العراقية ويكون نظامه السياسي جمهورياً برلمانياً ديمقراطياً.

**المادة الثانية:**

يتكون اقليم كوردستان من محافظات كركوك و السليمانية و اربيل بحدودها الادارية قبل عام ١٩٦٨ و محافظة دهوك و أقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر و نواحي زمار و بعشيقة و القوش و اسكي كلك من محافظة نينوى و قضائي خانقين و مندلي من محافظة ديالى و قضاء بدرة و ناحية جصان من محافظة واسط.

**المادة الثالثة:**

الشعب مصدر السلطات و أساس شرعيتها.

**المادة الرابعة:**

يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و الاثنيات القومية (التركمان و الآشوريين و الكلدان و الارمن و العرب) و يقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقليم كوردستان.

**المادة الخامسة:**

تكون مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان.

**المادة السادسة:**

لاقليم كوردستان علم خاص به الى جانب علم الجمهورية الفدرالية العراقية و له شعار و نشيد و ينظم ذلك بقانون.

**المادة السابعة:**

لاقليم كوردستان قوات مسلحة دفاعية خاصة به.

**المادة الثامنة:**

١- اللغة الكوردية هي اللغة الرسمية في اقليم كوردستان.

٢- تكون المراسلات الرسمية مع السلطات الفيدرالية و الاقاليم الاخرى باللغتين العربية و الكوردية.

٣- تعتبر اللغة التركمانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للتركمان و اللغة السريانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للناطقين بالسريانية و العربية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك شێروان، بەڕێزان لێرەدا پشویەك دەدەین بۆ ئەوەی بەڕێز د. برنارد کۆشنەر بەڕێ بکەین، جارێکی تر بەناوی ئێوەو بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق سوپاسی بەڕێزیان دەکەم، سوپاسی بەڕێز برنارد کۆشنەر دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و، بەخێر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، داوا لە هەردوو بەڕێزان کاك شێروان حەیدەری و کاك عیدۆ بابە شێخ دەکەم بفەرموون بۆ سەر مەنەسەکە، فەرموو کاك شەوکەت.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ڕایەکی خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم ئەو موناقەشەو خوێندنەوەی ئەم پرۆژەیە هەرچەندە کراوەتە بەرنامەی کار، بخرێتە کاتێك کە موناقەشەی تێدا بکرێت و، ئەو مەوزوعی دەستورە، مەوزوعی دەستوری هەرێمی کوردستانیش، بۆ ئەوەی ئاخیر جار بێتە پەرلەمان بۆ موناقەشە کردن و خوێندنەوە و، بخرێتە بەر گفتوگۆ لەناوەندەکانی ڕاگەیاندنی خەڵکدا و پسپۆڕو شارەزایان، مادام ئێمە جارێکی تریش دەیخەینەوە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، هەمووشمان خوێندەواریمان هەیە و لامانە بیخوێنینەوەو ڕا و تێبینیمان بدەین و بینووسین، ئەو کاتە بیخەینە گفتوگۆی ناو پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شەوکەت، لە حەقیقەتدا قانونی پەرلەمانە، پرۆژەی هەر یاسایەك، هەر پرۆژەیەك دەبێت جارێك لە پەرلەمان بخوێندرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش چاپ دەکرێت بۆ هەموو پەرلەمان و، ئیمرۆ موناقەشە ناکرێت، ئیمرۆ بەس خوێندنەوەی یەکەمیەتی، لە دانیشتنێکی تردا موناقشە دەکرێت خاڵ بەخاڵ موناقەشە دەکەین، تەبیعی ئەم پرۆژانەش هەموو ئەحزابی کوردستانی تێدایە لە جەرائیدا چەند جار بڵاو بۆوەتەوە، لەوانەیە ماوەی بەمورەکزی دوو سێ مانگی ئەخیرە هەموو لایەك باسی دەکات و لە هەموو شوێن لەسەری نووسراوە و، ئەو تێبینیانە هەمووی لەلای لیژنەی یاسایی و لای پەرلەمان کۆبووتەوە، تەبیعی عادەتیش وایە بۆ خستنەوە بیر هەر مەشروعێك جارێك دەخوێندرێتەوە لە پەرلەمان، پاش خوێندنەوەی تەحویلی لیژنەکانی موختەس دەکرێت، ئەو لێژنەی پەیوەنداره پرۆژەکەی تەحویل دەکرێت و، پاش هاتنەوەی جوابی لێژنەکە ئەو کاتە گفتوگۆی دەکرێت خاڵ بە خاڵ و بەند بە بەند و، تەسەوەر دەکەم کە فەترەیەکی کافی هەبێت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەمووی بخوێننەوەو ڕای خۆیانی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس جارێکی تر، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شيروان ناصح حيدرى:

## الباب الثاني

## الحقوق و الواجبات الاساسية

**المادة التاسعة:**

١- المواطنون متساوون أمام القانون في الحقوق و الواجبات دون تمييز بسبب الجنس او العرق او اللون او المنشأ الاجتماعي أو الدين أو المذهب او الحالة الاجتماعية.

٢- تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل.

٣- الاسرة اساس المجتمع و حماية الامومة و الطفولة مكفولة و تلتزم السلطات و المجتمع برعاية النشء و الشباب و حماية القيم الاخلاقية و الوطنية الاصيلة و التراث التاريخي لشعب كوردستان و ذلك في حدود القانون.

٤- مبدأ تكافؤ الفرص مضمون لجميع المواطنين.

**المادة العاشرة:**

١- العقوبة شخصية و لاجريمة و لا عقوبة الا بنص و لا تفرض العقوبة الا على الفعل الذي اعتبره القانون جريمة عند اقترافه و لا تطبق عقوبة اشد من العقوبة النافذة وقت ارتكاب الجريمة.

٢- المتهم بريء حتى تثبت ادانته.

**المادة الحادية عشرة:**

١- حق الدفاع مقدس و مكفول في جميع مراحل التحقيق و المحاكمة وفق أحكام القانون.

٢- جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية وفق أحكام القانون.

**المادة الثانية عشرة:**

١- للمساكن او ما في حكمها حرمتها و لايجوز انتهاكها او دخولها او تفتيشها او مراقبتها إلا في الاحوال و بالطرق التي نص عليها القانون.

٢- لايجوز تفتيش الاشخاص او مقتنياتهم الا بموجب القانون.

٣- كرامة الانسان مصانة و تحرم ممارسة اي نوع من انواع التعذيب الجسدي او النفسي بحقه.

٤- لايجوز حجز انسان او توقيفه او حبسه او سجنه الا بقرار صادر من جهة قضائية مختصة طبقاً للقانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

سرية المراسلات البريدية (العادية و الالكترونية و البرقية و الهاتفية) مكفولة و لايجوز كشفها الا لضرورات العدالة وامن الاقليم و بقرار من جهة قضائية مختصة و ضمن الحدود التي يقررها القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

حق الملكية مصان و لايجوز حجز الاموال المنقولة و غير المنقولة إلا بموجب قانون و لا تنتزع الملكية الخاصة الا لأجل النفع العام ووفق القانون و لقاء تعويض عادل.

**المادة الخامسة عشرة:**

لايجوز منع مواطني اقليم كوردستان من السفر الى خارج الجمهورية الفيدرالية العراقية او من العودة اليها و لايجوز تقييد تنقلهم او تحديد اقامتهم الا في الحالات التي ينص عليها القانون.

**المادة السادسة عشرة:**

حرية الرأي و التعبير و النشر و الطباعة و الصحافة و حق الاجتماع و التظاهر و الاضراب سلميا و تأسيس الاحزاب و الجمعيات و النقابات مكفولة و تنظم وفق القانون.

**المادة السابعة عشرة:**

حرية الدين و المعتقد و ممارسة الشعائر الدينية مكفولة على ان لا تتعارض و أحكام دستور الجمهورية الفدرالية العراقية و هذا الدستور و النظام العام و الاداب العامة.

**المادة الثامنة عشرة:**

لايجوز تسليم اللاجيء السياسي.

**المادة التاسعة عشرة:**

١- التعليم الابتدائي في اقليم كوردستان الزامي و ينظم ذلك بقانون.

٢- تلتزم السلطات في اقليم كوردستان بمكافحة الامية و تكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني في مختلف مراحله الابتدائية و الثانوية و الجامعية و تطوير التعليم المهني و الفني (التكنيكي).

**المادة العشرون:**

حرية البحث العلمي مكفولة ضمن القانون و يجب تشجيع و مكافأة و رعاية التفوق و الابداع و الابتكار و مختلف مظاهر النبوغ في المجالات العلمية و الفكرية و الثقافية و الفنية.

**المادة الحادية و العشرون:**

١- العمل حق لكل مواطن وواجب عليه يمارسه اينما شاء و تسعى سلطات الاقليم لتوفيره لكل مواطن قادر عليه.

٢- تضمن السلطات تحسين شروط العمل و ظروفه و تعمل على رفع مستوى المعيشة و الخبرة و الثقافة للعمال و توفر الضمانات الاجتماعية لهم في حالات المرض و العجز و البطالة و الشيخوخة.

٣- لايجبر احد على مزاولة عمل معين من دون عوض الا في حالة دفع ضرر عام مفاجيء.

**المادة الثانية و العشرون:**

١- تلتزم السلطات بحماية الصحة العامة عن طريق التوسع المستمر في توفير الخدمات الطبية و الصحية.

٢- تلتزم السلطات بحماية البيئة و تحسينها و تطويرها.

**المادة الثالثة و العشرون:**

اداء الضريبة واجب على كل مواطن و لا تفرض و لا تجبى و لا تعدل الا بقانون.

**المادة الرابعة و العشرون:**

تقديم الشكوى و رفع العرائض الى السلطات حق مكفول للمواطن و عليها البت فيها خلال مدة محددة معقولة.

**المادة الخامسة و العشرون:**

القضاء في اقليم كوردستان هو المرجع في حماية الحقوق الواردة في هذا الباب و على المحكمة ان تحكم بالعقوبة او التعويض او بهما عند تعيينها مدى مسؤولية الجهات العامة او المسؤولية الشخصية المباشرة او كليهما.

## الباب الثالث

## سلطات اقليم كوردستان

## الفصل الاول — السلطة التشريعية

## المجلس الوطني لاقليم كوردستان

**المادة السادسة و العشرون:**

المجلس الوطني لاقليم كوردستان هو السلطة التشريعية في الاقليم و يتكون من ممثلي الشعب و يجري انتخاب اعضائه بالاقتراع العام الحر السري المباشر.

**المادة السابعة و العشرون:**

١- تعين طريقة انتخاب اعضاء المجلس الوطني لاقليم كوردستان و كيفية اجرائه و تحديد موعده و نسبة التمثيل و شروط الناخب و العضو بموجب القانون.

٢- يراعى في تكوين المجلس التمثيل العادل للاثنيات القومية في اقليم كوردستان.

**المادة الثامنة والعشرون:**

١- الدورة الانتخابية للمجلس أربع سنوات تبدأ من تأريخ اول اجتماع له.

٢- يجتمع المجلس بدعوة من رئيس الاقليم خلال خمسة عشر يوما من تاريخ اعلان النتائج النهائية للانتخابات و في حالة عدم صدور الدعوة اليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.

**المادة التاسعة و العشرون:**

يعقد المجلس جلسته الاولى برئاسة اكبر اعضائه سناً وينتخب بالاقتراع السري رئيساً و نائباً للرئيس و امينا للسر.

**المادة الثلاثون:**

يؤدي عضو المجلس قبل المباشرة بمهامه اليمين التالية:

(اقسم بالله العظيم ان احافظ على مصلحة كوردستان ووحدته و كرامته و حقوق و حريات ابنائه و ان اقوم بمهام العضوية بصدق و اخلاص).

**المادة الحادية و الثلاثون:**

١- يتم النصاب القانوني في المجلس بحضور اغلبية اعضائه و تصدر القرارات بالاغلبية المطلقة للحاضرين مالم ينص القانون على خلاف ذلك.

٢- لعشرة من اعضاء المجلس اقتراح مشروع قانون او قرار.

**المادة الثالثة و الثلاثون:**

تحدد تفاصيل سير العمل في المجلس و كيفية عقد جلساته العادية و الاستثنائية و حالات انتهاء العضوية و كيفية ملء المقاعد الشاغرة بقانون.

**المادة الرابعة و الثلاثون:**

يمارس المجلس الاختصاصات الاتية:

١- تعديل دستور الاقليم باغلبية ثلثي عدد اعضائه دون المساس بالحقوق و الواجبات الاساسية المنصوص عليها في هذا الدستور.

٢- تشريع القوانين و تعديلها و الغائها.

٣- منح الثقة بالوزارة و اعضائها و سحبها منهم.

٤- اقرار الموازنة العامة لاقليم كوردستان او اجراء المناقلة بين ابوابها و المصادقة على كل انفاق لم يرد ذكره فيها.

٥- انشاء الضرائب و الرسوم و تعديلها و الغائها.

٦- المصادقة على الاتفاقيات التي تعقد من قبل السلطة التنفيذية مع الاقاليم الاخرى للجمهوريه الفيدرالية العراقية و الجهات الاجنبية و اقاليم الدول الفدرالية في المجالات الاقتصادية و التنموية و الثقافية و التعليمية و الانسانية و الشؤون الادارية و الامنية الحدودية و شؤون الجوار.

٧- الفصل في صحة العضوية في المجلس.

٨- اصدار القرارات اللازمة لملء المقاعد الشاغرة في المجلس وفقا للقانون.

٩- الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية لاقليم كوردستان و مساءلة رئيس مجلس الوزراء و نوابه و الوزراء.

١٠- وضع نظامه الداخلي و تحديد ملاكاته و تقدير موازنته و تعيين موظفيه و تحديد رواتبهم.

١١- تشكيل اللجان التحقيقية في المسائل التي يرتئيها.

**المادة الخامسة و الثلاثون:**

١- للعضو حصانة برلمانية و له حرية الكلام ضمن الحدود المبينة في النظام الداخلي للمجلس.

٢- لايجوز التحقيق مع العضو او القبض عليه او تقييد حريته او مراقبته او تفتيشه اثناء دورة الانعقاد من قبل اية جهة كانت دون اذن من المجلس إلا في حالة التلبس بجناية مشهودة.

٣- لايجوز ملاحقة العضو او القاء القبض عليه خارج اوقات انعقاد دورات المجلس دون اذن من رئيسه إلا في حالة التلبس بجناية مشهودة و يخطر المجلس فور انعقاده بما اتخذ من اجراءات بحقه.

**المادة السادسة و الثلاثون:**

١- للمجلس حل نفسه بأغلبية ثلثي عدد أعضائه.

٢- يحل المجلس بمرسوم من رئيس الاقليم في الحالات الاتية:

أ- إذا استقال اكثر من نصف عدد اعضائه.

ب- إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و اربعين يوماً من تاريخ دعوته للانعقاد.

ج - إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء ثلاث مرات متتالية.

د - إذا تم تغير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فاقل.

**المادة السابعة و الثلاثون:**

في حالة حل المجلس او انتهاء دورته الانتخابية يجب اجراء انتخابات عامة جديدة لانتخاب مجلس جديد خلال مدة اقصاها شهران.

**المادة الثامنة و الثلاثون:**

إذا انتهت الدورة الانتخابية للمجلس و تعذر اجراء انتخابات جديدة بسبب الحرب او الكوارث الطبيعية فيستمر في مهامه لحين انتخاب المجلس الجديد و انعقاد جلسته الاولى.

## الفصل الثاني

## السلطة التنفيذية

### المبحث الاول

### رئيس اقليم كوردستان

**المادة التاسعة و الثلاثون:**

للاقليم رئيس يسمى (رئيس اقليم كوردستان) و هو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية و يمثل رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية و ينوب عنه في المناسبات الوطنية و القومية و يتولى التنسيق بين سلطات الاقليم.

**المادة الاربعون:**

ينتخب رئيس اقليم كوردستان بالطريقة التي ينتخب بها رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية و ينظم ذلك بقانون.

**المادة الحادية و الاربعون:**

تحدد طريقة انتخابات رئيس اقليم كوردستان و شروط الترشيح و كيفية اتهامه و محاكمته و حالات انتهاء ولايته بموجب قانون خاص.

**المادة الثانية و الاربعون:**

يؤدي رئيس الأقليم و قبل مباشرته بواجباته اليمين الدستورية الاتية امام المجلس الوطني لاقليم كوردستان.

(اقسم بالله العظيم بأن احافظ على حقوق و مكتسبات ووحدة و مصالح شعب كوردستان و ان احترم و التزم بدستور الجمهورية الفدرالية العراقية و اقليم كوردستان و ان اؤدي مهامي بصدق و اخلاص).

**المادة الثالثة و الاربعون:**

تكون مدة ولاية رئيس اقليم كوردستان اربع سنوات و يجوز اعادة انتخابه لمرة واحدة.

المادة الرابعة والاربعون:

يمارس رئيس اقليم كوردستان الصلاحيات الاتية:

١- إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للاقليم.

٢- إصدار مرسوم لاجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للاقليم.

٣- إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للاقليم الى دورة الانعقاد الاولى.

٤- إصدار مرسوم تشكيل مجلس الوزراء بعد نيله الثقة في المجلس الوطني للاقليم.

٥- دعوة مجلس الوزراء لاجتماع أستثنائي كلما أقتضت الضرورة لذلك ويكون الاجتماع مقصوراً على المواضيع التي أوجبت الدعوة اليه ويترأس تلك الجلسة عند حضوره اليها.

٦- إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور مع رئيسي المجلس الوطني للاقليم ومجلس الوزراء وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على أن تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند أول اجتماع له فاذا لم تعرض أو عرض ولم يقرها المجلس زالت عنه الصفة القانونية.

٧- إعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

٨- الصلاحيات التي يخولها له رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية.

٩- تحريك القوات المسلحة وقوات الامن الداخلي للاقليم بالاتفاق مع مجلس وزراء الاقليم.

١٠- ادخال قوات مسلحة اتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء بموافقة المجلس الوطني للاقليم.

١١- الاشراف على أجهزة الامن الفدرالية العاملة بصفة وقتية أو دائمية في الاقليم وتوجيهها.

١٢- إصدار مرسوم باستقالة مجلس الوزراء أو الوزير عند سحب الثقة منها.

١٣- إصدار مرسوم بقبول إستقالة مجلس الوزراء او الوزير في حالة طلبهم لها وتكليفهم بمهامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

١٤- العفو الخاص عن المحكومين.

١٥- المصادقة على احكام الاعدام او تخفيفها الى السجن المؤبد.

١٦- تعيين اصحاب الدرجات الخاصة والحكام ورئيس الادعاء العام للاقليم والمدعين العامين ونوابهم و رؤساء الوحدات الادارية، و عزلهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد بقانون.

١٧- منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة للاقليم وقوى الامن الداخلي وطردهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

١٨- منح الاوسمة والانواط التي يحددها القانون.

١٩- تعيين وعزل ممثلي الاقليم في مجلس الاقليم وبناءاً على اقتراح مجلس الوزراء ومصادقة المجلس الوطني لاقليم كوردستان.

**المادة الخامسة والاربعون:**

يحدد راتب ومخصصات رئيس اقليم كوردستان بقانون.

**المادة السادسة والاربعون:**

يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعين واجباته وتشكيلاته بقانون.

**المادة السابعة والاربعون:**

١- إذا استقال رئيس اقليم كوردستان او توفي او اصيب بعجز دائمي ينتخب خلفاً له بنفس الطريقة.

٢- عند فراغ منصب رئيس اقليم كوردستان يتولى رئيس المجلس الوطني لاقليم كوردستان القيام بمهامه لحين انتخاب رئيس جديد.

٣- عند غياب رئيس اقليم كوردستان أو تمتعه باجازة يتولى رئيس مجلس وزراء الاقليم القيام بمهامه وكالة.

## المبحث الثاني

## مجلس وزراء اقليم كوردستان

**المادة الثامنة والاربعون:**

مجلس وزراء كوردستان هو الهيئة التنفيذية والادارية العليا في الاقليم و يؤدي مهام السلطة التنفيذية تحت اشراف وتوجيه رئيس اقليم كوردستان.

**المادة التاسعة والاربعون:**

١- يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونوابه و عدد من الوزراء على ان لا يقل عددهم عن (١٥) خمسة عشر وزيراً.

٢- يكلف رئيس اقليم كوردستان عضو المجلس الوطني للاقليم المرشح من قبل كتلة الاغلبية البرلمانية بتشكيل الوزارة.

٣- يقوم رئيس الوزراء المكلف بأختيار نوابه و الوزراء من بين أعضاء المجلس الوطني للاقليم أو غيرهم ممن تتوفر فيهم شروط عضوية المجلس الوطني للاقليم.

٤- يقدم رئيس الوزراء المكلف وبعد مصادقة رئيس الاقليم مجلس وزارته الى المجلس الوطني للاقليم لطلب منحها الثقة وبعد نيلها يصدر مرسوماً بتشكيلها.

٦- يترأس رئيس مجلس الوزراء جلسات المجلس بأستثناء جلسات التي يحضرها رئيس الاقليم.

**المادة الخمسون:**

يراعى تمثيل الاثنيات القومية في تشكيل مجلس وزراء اقليم كوردستان.

**المادة الحادية والخمسون:**

الوزراء متضامنون امام المجلس الوطني للاقليم في المسؤولية عن الشؤون المتعلقة بمجلس الوزراء وكل وزير مسؤول بصورة منفردة عن أعمال وزارته.

**المادة الثانية والخمسون:**

يمارس مجلس الوزراء الاختصاصات الآتية :

١- تنفيذ القوانين والانظمة والقرارات والمحافظة على أمن الاقليم والاموال العامة.

٢- رسم السياسة العامة للاقليم بالتعاون مع رئيس اقليم كوردستان.

٣- أعداد مشاريع خطط التنمية واتخاذ ما يلزم لتنفيذها.

٤- اعداد مشروع الموازنة العامة للاقليم.

٥- الاشراف على أعمال الوزارات والمؤسسات والمرافق العامة في اقليم كوردستان وتوجيهها ومتابعتها ومراقبتها والتنسيق بينها وله الغاء أو تعديل قراراتها.

٦- إصدار القرارات التنفيذية والادارية وفقاً للقوانين والانظمة.

٧- اعداد مشاريع القوانين واصدار الانظمة.

٨- تعيين الموظفين وتحديد رواتبهم وترفيعهم وفصلهم وعزلهم واحالتهم على التقاعد وفقاً للقانون.

**المادة الثالثة والخمسون:**

الوزير هو المسؤول الاول والمباشر عن جميع الامور المتعلقة بوزارته.

**المادة الرابعة والخمسون:**

١- يعتبر مجلس الوزراء مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.

٢- يعتبر الوزير مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.

**المادة الخامسة والخمسون:**

تحدد بقانون كيفية مساءلة رئيس مجلس الوزراء ونوابه والوزراء وكيفية اتهامهم ومحاكمتهم.

## الفصل الرابع

## السلطة القضائية

**المادة السادسة والخمسون:**

تنظم السلطة القضائية في الاقليم بمختلف درجاتها و أنواعها وهيئاتها وطريقة تشكيلها وشروط اجراءات تعيين اعضائها ونقلهم و مساءلتهم بقانون.

**المادة السابعة والخمسون:**

للقضاء الولاية العامة على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية العامة والخاصة الا ما أستثني منها بقانون.

**المادة الثامنة والخمسون:**

القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون.

**المادة التاسعة والخمسون:**

تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان اضافة لاختصاصاتها الاعتيادية بتفسير هذا الدستور والبت في الدفع بعدم دستورية القوانين المقدمة في الدعاوى المقامة أمام القضاء وينظم ذلك بقانون.

**المادة الستون:**

ينوب الادعاء العام عن المجتمع في الدفاع عن الحق العام وتحقيق العدالة.

**المادة الحادية والستون:**

للطوائف غير المسلمة انشاء مجالسها الروحانية والقضائية وفق قانون خاص ولهذه المجالس حق النظر في كل ما له مساس مباشر بالاحوال الشخصية لتلك الطوائف والتي لا تدخل ضمن أختصاص محاكم الأحوال الشخصية.

**المادة الثانية والستون:**

تصدر الأحكام والقرارات القضائية بأسم الشعب.

## الباب الرابع

## الادارة والمجالس البلدية

**المادة الثالثة والستون:**

تجرى التقسيمات الادارية لاقليم كوردستان وفق قانون اقليمي وبما لا يتعارض وأحكام هذا الدستور مع مراعاة الحقوق الادارية للأثنيات القومية في الوحدات الادارية التي يؤلفون غالبية سكانها.

**المادة الرابعة والستون:**

للاقليم استحداث الوحدات الادارية (المحافظات والاقضية والنواحي) وتشكيل مجالسها المحلية وتعيين وتغيير مراكزها وتثبيت وتعديل حدودها وفك ارتباطها والحاقها بوحدات ادارية أخرى وينظم ذلك بقانون.

**المادة الخامسة والستون:**

يكون لمركز المحافظة والقضاء والناحية والقرية التي لا يقل عدد سكانها عن ثلاثة آلاف نسمة بلدية تدار من قبل مجلس وتتولى تقديم الخدمات العامة لمواطنيها.

**المادة السادسة والستون:**

١- يتم انتخاب رئيس وأعضاء المجلس البلدي من بين سكان المنطقة بالاقتراع العام الحر السري والمباشر.

٢- يراعي في تشكيل المجالس البلدية التمثيل العادل للأثنيات القومية في اقليم كوردستان.

**المادة السابعة والستون:**

تحدد أنواع البلديات وكيفية انتخاب رئيس وأعضاء المجلس البلدي وصلاحيات المجالس البلدية ومدة العضوية فيها وسائر شؤونها الأخرى بقانون.

## الباب الخامس

## الاحكام المالية

**المادة الثامنة والستون:**

لا يجوز فرض ضريبة أو رسم أو تعديلها أو الغائها أو اعفاء أحد منها الا بقانون.

**المادة التاسعة والستون:**

لسلطات الاقليم فرض وجباية الضرائب والرسوم في الاقليم أو تعديلها أو الغائها مع مراعاة قاعدة العدالة والمساواة والتوحيد بين مواطني الجمهورية الفدرالية العراقية.

**المادة السبعون:**

تتكون واردات اقليم كوردستان من:

١- عائدات الضرائب والرسوم وأجور خدمات المرافق العامة وايرادات المؤسسات والشركات والمصالح العامة في الاقليم.

٢- عائدات استثمار الموارد الطبيعية في الاقليم.

٣- المنح والهبات و عوائد الاكتتابات و اليانصيبات.

٤- القروض الداخلية والخارجية الخاصة باقليم كوردستان.

**المادة الحادية والسبعون:**

يكون اقليم كوردستان من الناحية المالية خلفاً لسلطات الاتحاد بما لها من استحقاقات مالية ومتأخرات الضرائب والرسوم التي تخص الاقليم.

**المادة الثانية والسبعون:**

تحدد السنة المالية بقانون.

**المادة الثالثة والسبعون:**

يشرع في كل سنة مالية قانون الموازنة الموحدة لاقليم كوردستان وتتضمن الواردات و المصروفات التخمينية.

## الباب السادس

## الاحكام الختامية

**المادة الرابعة والسبعون:**

يعتبر باطلاً كل قانون أو نظام أو قرار أو مرسوم اذا كان يؤدي الى الانتقاص أو الحد من الحقوق القومية للشعب الكردي أو مواطني اقليم كوردستان أو اذا كان يتعارض مع أحكام هذا الدستور.

**المادة الخامسة والسبعون:**

لايجوز تغيير الكيان أو النظام السياسي للجمهورية الفدرالية العراقية دون موافقة المجلس الوطني لاقليم كوردستان وبعكسه لشعب اقليم كوردستان ممارسة حقه في تقرير المصير.

**المادة السادسة والسبعون:**

اذا حصل نزاع أو خلاف دستوري بين سلطات اقليم كوردستان وسلطات كل من الجمهورية الفدرالية العراقية أو سلطات اقليم آخر فيحال على المحكمة الدستورية الاتحادية للبت فيه.

**المادة السابعة والسبعون:**

يحق للجهات التالية تقديم الاقتراح بتعديل الدستور:

١- رئيس الاقليم.

٢- مجلس الوزراء.

٣- عدد لا يقل عن ربع عدد أعضاء المجلس الوطني.

**المادة الثامنة والسبعون:**

ينشر هذا الدستور في الجريدة الرسمية للاقليم بعد اقراره من قبل المجلس الوطني بأغلبية ثلثي أعضائه ويعتبر نافذاً من تاريخ نشره.

الأثنين ٢٠٠٢/٩/٢٣

صلاح الدين

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان، تکایە خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری پرۆژەی دەستوری کۆماری فیدرالی عێراق، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی داوای ئەندامانی پەرلەمانتان بۆ دەخوێنمەوە سەبارەت بە پێشنیاری دەستوری کۆماری فیدرالی عێراق:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، پرۆژەی پێشنیاز کراوی دەستوری کۆماری فیدرالی عێراقیتان پێشکەش دەکەین، هیواداریین پێش چاوی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێزی بخەن تا پرۆژە پێشنیاز کراوەکە بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە وەربگیرێت و، پێشکەش بە حکومەتی فیدرالی عێراقی داهاتوو بکات، هەر کاتێك کە ڕاگەیاندرا، لەگەڵ ڕێزماندا.

لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:

یەك: بەڕێز کاك عیدۆ بابە شێخ.

دوو: بەڕێز کاك لطیف عبدالقادر.

سێ: بەڕێز نهلە محمد سعدالله.

چوار: بەڕێز گەلاوێژ جەباری.

پێنج: بەڕێز شێخ عبدالکریم حاجی کاکە.

شەش: بەڕێز کاك احمد شریف علی.

حەفت: بەڕێز کاك رزگار حاجی کایل.

هەشت: بەڕێز کاك یاسین محمد.

نۆ: بەڕێز کاك بهمەن حسین.

دە- بەڕێز کاك شەوکەت حاجی مشیر

لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:

١- بەڕێز ناصح غفور رمضان

٢- بەڕێز کاك فلك الدین کاکەیی

٣- بەڕێز کاك حمه على توفيق

٤- بەڕێز کاك فاضل رؤوف

٥- بەڕێز کاك انور شوكر

٦- بەڕێز کاك عفان نقشبندى

٧- بەڕێز کاك رجب شعبان

٨- بەڕێز کاك سعيد هرورى

٩- بەڕێز کاك ملا هادى خضر

١٠- بەڕێز کاك جلال خوشناو

له ليستى مۆر بەڕێز کاك بطرس سخريا ئيمزاى کردووه، زۆر سوپاس.

دەقى پرۆژەکە:

**مشروع دستور الجمهورية الفيدرالية العراقية**

**الباب الاول**

**تأسيس الاتحاد**

**المادة الاولى:**

العراق دولة اتحادية (فيدرالية) ذات نظام جمهوري ديمقراطي برلماني وتسمى بالجمهورية الفيدرالية العراقية.

**المادة الثانية:**

تتكون الجمهورية الفدرالية العراقية من:

اولاً: الاقليم العربي ويضم المنطقتين الوسطى والجنوبية من العراق ومحافظة الموصل (نينوى) في الشمال باستثناء الاقضية والنواحي ذات الاغلبية الكوردية والواردة ذكرها في الفقرة ثانيا ادناه.

ثانياً: اقليم كوردستان ويضم محافظات كركوك والسليمانية واربيل بحدودها الادارية قبل عام ١٩٦٨ ومحافظة دهوك والاقضية عقرة والشيخان وسنجار وتلعفر وناحيتي زمار وبعشيقة والقوش واسكي كلك من محافظة موصل، وقضائي خانقين ومندلي من محافظة ديالى، وقضاء بدرة وناحية جصان من محافظة واسط.

**المادة الثالثة:**

الشعب مصدر السلطات واساس شرعيتها.

**المادة الرابعة:**

يتكون الشعب العراقي من قوميتين رئيسيتين هما القومية العربية والقومية الكوردية ويقر هذا الدستور حقوقهما القومية على اساس الفيدرالية كما يقر الحقوق المشروعة للاثنيات القومية في اطار الجمهورية الفيدرالية العراقية.

**المادة الخامسة:**

تكون بغداد عاصمة الجمهورية الفيدرالية العراقية.

**المادة السادسة:**

للجمهورية الفيدرالية العراقية علم وشعار ونشيد خاص على ان تتضمن جميعها رموز للاتحاد والتعايش والتاخي بين القوميات وينظم ذلك بقانون.

**المادة السابعة:**

تكون العربية والكوردية لغتى الاتحاد الرسميتان وتكون العربية اللغة الرسمية للاقليم العربي والكوردية اللغة الرسمية لاقليم كوردستان.

## الباب الثاني

## الحقوق والواجبات الاساسية

**المادة الثامنة:**

اولاً: المواطنون سواسية امام القانون دون تفريق بسبب الجنس او العرق او اللون او اللغة او الدين او المذهب او المنشأ الأجتماعي أو الحالة الاجتماعية.

ثانياً: تكافؤ الفرص لجميع المواطنين مكفول في حدود القانون.

**المادة التاسعة:**

الأسرة نواة المجتمع وتكفل الدولة حمايتها ودعمها وترعى الأمومة والطفولة.

**المادة العاشرة:**

تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل.

**المادة الحادية عشرة:**

أولاً: المتهم بريء حتى تثبت ادانته في محاكمة قانونية.

ثانياً: حق الدفاع مقدس في جميع مراحل التحقيق والمحاكمة وفق أحكام القانون.

ثالثاً: جلسات المحاكمة علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية وفق أحكام القانون.

رابعاً: العقوبة شخصية ولا جريمة ولا عقوبة الا بناءا على قانون ولا تجوز العقوبة على الفعل الا اذا أعتبره القانون جريمة أثناء اقترافه ولايجوز تطبيق عقوبة أشد من العقوبة النافذة وقت ارتكاب الجريمة.

**المادة الثانية عشرة:**

أولاً: كرامة الانسان مصانة وتحرم ممارسة أي نوع من أنواع التعذيب الجسدي أو النفسي.

ثانياً: لايجوز القبض على أحد أو توقيفه أو تفتيشه الا وفق أحكام القانون.

ثالثاً: حرمة المنازل مصانة ولايجوز دخولها أو تفتيشها الا وفق الأصول المحددة في القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

سرية المراسلات البريدية (العادية والالكترونية) والبرقية والهاتفية مكفولة ولايجوز كشفها الا لضرورات العدالة والأمن وبقرار من جهة قضائية وضمن الحدود التي يقررها القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

لايجوز منع المواطن من السفر الى خارج البلاد أو العودة اليها ولايقيد تنقله داخل البلاد الا في الحالات التي يحددها القانون.

**المادة الخامسة عشرة:**

حرية الدين والمعتقد وممارسة الشعائر الدينية مكفولة على أن لايتعارض ذلك مع أحكام هذا الدستور والدساتير الاقليمية والقوانين الاتحادية وأن لايتنافى مع النظام العام والآداب العامة.

**المادة السادسة عشرة:**

التعليم الابتدائي الزامي وعلى الدولة وحكومات الأقاليم مكافحة الأمية وأن تكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني بمختلف مراحله الابتدائية والثانوية والجامعية والتعليم المهني والتقني.

**المادة السابعة عشرة:**

حرية البحث العلمي مكفولة ضمن القانون ويجب تشجيع ومكافأة ورعاية التفوق والابداع والابتكار في المجالات العلمية والفكرية والثقافية والفنية.

**المادة الثامنة عشرة:**

تكفل حرية الرأي والنشر والطباعة والصحافة والاجتماع والتظاهر والاضراب وتأسيس الأحزاب السياسية والنقابات والجمعيات وفق أحكام القانون.

**المادة التاسعة عشرة:**

أولاً: لايحرم أي مواطن من جنسيته العراقية.

ثانياً: لايجوز تسليم اللاجيء السياسي.

**المادة العشرون:**

أولاً: العمل حق لكل مواطن وواجب عليه يمارسه أينما شاء وتسعى سلطات الدولة لتوفير فرصة العمل لكل مواطن قادر عليه.

ثانياً: تكفل الدولة تحسين ظروف العمل ورفع مستوى المعيشة والخبرة والثقافة لجميع المواطنين العاملين كما توفر لهم الضمانات الاجتماعية في حالات المرض والعجز والبطالة والشيخوخة.

ثالثاً: لايجوز اجبار أحد على القيام بعمل معين الا في حالة دفع ضرر عام مفاجيء وفق القانون.

**المادة الحادية والعشرون:**

تكفل السلطات الاتحادية والاقاليم حق الملكية وتنظم القوانين ذات العلاقة مضمونها وحدودها.

**المادة الثانية والعشرون:**

أولاً: تتكفل الدولة بحماية الصحة العامة عن طريق التوسع المستمر بالخدمات الطبية في مجالات الوقاية والعلاج والدواء.

ثانياً: تتكفل الدولة بحماية البيئة وتحسينها وتطويرها.

**المادة الثالثة والعشرون:**

أداء الضريبة واجب على كل مواطن ولا تفرض أو تجبى أو تعدل الا بقانون.

**المادة الرابعة والعشرون:**

تقديم الشكوى ورفع العرائض الى السلطات المختصة حق مكفول للمواطن وعليها البت فيها خلال مدة محددة ومعقولة.

**المادة الخامسة والعشرون:**

القضاء هو المرجع في حماية الحقوق الواردة في هذا الباب وعلى المحكمة ان تحكم بالعقوبة أو التعويض أو بهما معا عند تعيينها مدى مسؤولية السلطات المختصة أو المسؤولية الشخصية المباشرة أو كليهما.

## الباب الثالث

## السلطات الأتحادية

### الفصل الاول – السلطة التشريعية

**المادة السادسة والعشرون:**

تتألف السلطة التشريعية الأتحادية من مجلسين هما البرلمان الأتحادي ومجلس الأقاليم.

### المبحث الأول

### (البرلمان الأتحادي)

**المادة السابعة والعشرون:**

أولاً: يتكون البرلمان الأتحادي من ممثلي الشعب في الاقليمين ويتم أنتخابهم بالاقتراع العام الحر السري والمباشر وينظم ذلك بقانون.

ثانياً: لكل مواطن أكمل الثامنة عشرة من العمر ويتمتع بالأهلية الكاملة حق الأنتخاب.

ثالثاً: لكل مواطن أكمل الخامسة والعشرين من العمر ويتمتع بالأهلية الكاملة حق الترشيح للبرلمان الأتحادي.

**المادة الثامنة والعشرون:**

الدورة الانتخابية للبرلمان الاتحادي أربع سنوات تبدأ من تأريخ أول اجتماع له.

**المادة التاسعة والعشرون:**

تحدد طريقة الانتخابات وكيفية اجرائها ونسبة التمثيل وتحديد موعدها بقانون.

**المادة الثلاثون:**

أولاً: لايجوز الجمع بين عضوية البرلمان الأتحادي والعضوية في مجلس الأقاليم أو برلمانات الأقاليم أو العضوية في مجالس الادارات البلدية والمحلية.

ثانياً: لايجوز الجمع بين عضوية البرلمان الأتحادي والوظيفة العامة.

ثالثاً: يعتبر عضو البرلمان مستقيلاً من الوظيفة العامة من تاريخ أدائه اليمين الدستورية أمام البرلمان الاتحادي.

**المادة الحادية والثلاثون:**

يعقد البرلمان أول أجتماع له برئاسة أكبر الأعضاء سناً وينتخب بالأقتراع السري رئيساً ونائباً للرئيس وأميناً للسر من بين أعضائه.

**المادة الثانية والثلاثون:**

أولاً: يعقد البرلمان الاتحادي أجتماعاته بأغلبية أعضائه وتصدر قراراته بالأغلبية المطلقة مالم ينص هذا الدستور على خلاف ذلك.

ثانياً: يفصل البرلمان في صحة العضوية.

ثالثاً: يقرر البرلمان تشكيل لجانه.

## المبحث الثاني

## مجلس الأقاليم

**المادة الثالثة والثلاثون:**

يتألف مجلس الأقاليم من عشرين عضواً يمثلون كل من الاقليم العربي واقليم كوردستان وبعدد متساو من الأعضاء لكل منهما.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

يسمي كل اقليم ممثليه في مجلس الأقاليم ويعزلهم وفق الطريقة التي يحددها دستور الاقليم.

**المادة الخامسة والثلاثون:**

أولاً: يصادق مجلس الأقاليم على مشاريع القوانين والقرارات التي يقرها البرلمان الأتحادي.

ثانياً: في حالة عدم اقرار مشروع القانون من قبل مجلس الأقاليم يعاد الى البرلمان للنظر فيه ثانية.

ثالثاً: اذا أصر مجلس الأقاليم على موقفه للمرة الثانية يصرف النظر عن مشروع القانون.

## المبحث الثالث

## أختصاصات البرلمان الأتحادي

**المادة السادسة والثلاثون:**

يختص البرلمان الأتحادي في ممارسة السلطات الاتية:

أولاً: تعديل الدستور الأتحادي بأغلبية ثلاثة أرباع أعضاء كلا المجلسين على أنفراد.

ثانياً: المصادقة على المعاهدات والأتفاقيات الخارجية وبموافقة ثلاثة أرباع عدد أعضاء كلا المجلسين على أنفراد.

ثالثاً: اعلان الحرب أو ابرام الصلح ويشترط موافقة ثلاثة أرباع عدد أعضاء كلا المجلسين على أنفراد.

رابعاً: تشريع القوانين الأتحادية.

خامساً: منح الثقة للوزارة الأتحادية وأعضائها وسحبها منهم.

سادساً: المصادقة على الميزانية الأتحادية والحسابات الختامية.

سابعاً: فرض الضرائب والرسوم وتعديلها والغائها.

ثامناً: الرقابة على أعمال السلطة التنفيذية الأتحادية.

تاسعاً: وضع نظامه الداخلي وتحديد ملاكاته واقرار موازنته وتعيين موظفيه وتحديد رواتبهم.

## الفصل الثاني

## السلطة التنفيذية الأتحادية

### المبحث الأول

### رئيس الجمهورية

**المادة السابعة والثلاثون:**

رئيس الجمهورية هو رئيس الدولة والقائد العام للقوات المسلحة في البلاد.

**المادة الثامنة والثلاثون:**

ينتخب رئيس الجمهورية بالأقتراع العام الحر السري والمباشر أولاً (من قبل البرلمان الاتحادي) لمدة أربعة سنوات ويجوز اعادة أنتخابه لمرة واحدة.

**المادة التاسعة والثلاثون:**

يشترط في المرشح لمنصب رئيس الجمهورية مايلي:

أولاً: أن يكون عراقياً وقد أكمل الأربعين من العمر.

ثانياً: أن يكون متمتعاً بحقوقه المدنية والسياسية.

**المادة الاربعون:**

يؤدي رئيس الجمهورية قبل تولي مهام منصبه اليمين الدستورية الاتية أمام البرلمان الأتحادي ومجلس الأقاليم في جلسة مشتركة.

(أقسم بالله العظيم أن أحترم دستور الجمهورية الفيدرالية العراقية وأن أسهر على أستقلال الوطن وسيادته وأن أعمل مخلصاً لتحقيق مصالح الشعب وحرياته وكرامته.......)

**المادة الحادية والاربعون:**

في حالة أستقالة رئيس الجمهورية أو وفاته أو عجزه الدائم يتولى نائبه مهام رئاسة الجمهورية للفترة المتبقية من ولاية الرئيس.

**المادة الثانية والاربعون:**

يمثل رئيس الجمهورية الدولة الأتحادية في الخارج وهو الذي يبرم بإسمها المعاهدات مع الدول الأجنبية كما يعتمد ويستقبل المبعوثين الدبلوماسيين.

**المادة الثالثة والاربعون:**

يتولى رئيس الجمهورية ممارسة الأختصاصات التالية:

أولاً: المحافظة على أستقلال الجمهورية الفيدرالية العراقية و وحدة أراضيها وحماية أمنها الداخلي والخارجي.

ثانياً: تعيين نائب رئيس الجمهورية بعد ترشيحه من قبل مجلس الأقاليم.

ثالثاً: اصدار المرسوم الخاص بتشكيل الوزارة الأتحادية بعد نيلها الثقة من البرلمان الاتحادي.

رابعاً: اصدار المرسوم الخاص باجراء أنتخابات البرلمان الأتحادي.

خامساً: اصدار القوانين الأتحادية.

سادساً: تعيين وإعتماد الممثلين الدبلوماسيين العراقيين لدى الدول الأخرى والمنظمات والمؤتمرات الدولية.

سابعاً: تحريك القوات المسلحة وقوى الأمن الداخلي وفق مقتضيات المصلحة العامة بما لايتعارض وأحكام هذا الدستور ودساتير الاقليم.

ثامناً: اعلان حالة الطوارئ وينظم ذلك بقانون خاص.

تاسعاً: منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة وقوى الأمن الداخلي وطردهم من الخدمة وإحالتهم على التقاعد وفق القانون.

عاشراً: منح الأوسمة والأنواط.

حادي عشر: تعيين أصحاب الدرجات الخاصة والقضاة ورئيس الإدعاء والمدعين العامين ونوابهم في الأتحاد.

المادة الرابعة والاربعون:

يكون إتهام رئيس الجمهورية بأغلبية ثلثي أعضاء البرلمان الأتحادي وتتم محاكمته في جلسة مشتركة للمحكمة الدستورية العليا ومجلس الأقليم تعقد برئاسة رئيس المحكمة الدستورية العليا وتصدر قرارها بأغلبية الثلثين.

المادة الخامسة والاربعون:

يستمر رئيس الجمهورية في أداء مهام منصبه طيلة فترة أتهامه.

المبحث الثاني

مجلس الوزراء

المادة السادسة والاربعون:

مجلس الوزراء هو الهيئة التنفيذية العليا في الأتحاد.

المادة السابعة والاربعون:

يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونوابه والوزراء الذين يمثلون الاقليمين المتحدين وبحسب نسبتيهما السكانية.

المادة الثامنة والاربعون:

إذا كان رئيس الجمهورية من أحد الاقليمين فيكون رئيس الوزراء من الاقليم الآخر.

المادة التاسعة والاربعون:

اولاً: يقدم رئيس الوزراء المكلف من قبل البرلمان الأتحادي قائمة بأعضاء وزارته الى رئيس الجمهورية للمصادقة عليها.

ثانياً: يقدم رئيس الوزراء المكلف قائمة بأعضاء وزارته بعد المصادقة عليها من قبل رئيس الجمهورية، الى البرلمان الأتحادي لنيل الثقة وبعد نيلها يصدر رئيس الجمهورية المرسوم الجمهوري الخاص بتشكيلها.

المادة الخمسون:

يمارس مجلس الوزراء الأختصاصات التالية:

اولاً: تنفيذ القوانين الأتحادية.

ثانياً: المحافظة على أمن البلاد وسلامتها.

ثالثاً: إعداد مشاريع القوانين الأتحادية وإحالتها على البرلمان الأتحادي.

رابعاً: إعداد ميزانية الأتحاد.

خامساً: الإشراف على الوزارات والمؤسسات والمرافق العامة الأتحادية.

سادساً: إصدار الأنظمة الأتحادية.

سابعاً: إعداد الموازنة العامة للأتحاد والحسابات الختامية.

ثامناً: عقد القروض ومنحها والإشراف على الشؤون المالية.

تاسعاً: تعيين الموظفين المدنيين في الأتحاد وترفيتهم وإحالتهم على التقاعد وفق القانون.

**المادة الحادية والخمسون:**

أولاً: لرئيس الجمهورية دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع كلما اقتضت الضرورة لذلك ويكون الأجتماع مقصوراً على المواضيع التي أوجبت الدعوة اليها.

ثانياً: له حق طلب التقارير الخاصة بعمل المجلس والوزارات.

**المادة الثانية والخمسون:**

أولاً: للبرلمان الأتحادي سحب الثقة من:

الوزارة وتعتبر مستقيلة من تاريخ سحب الثقة منها.

الوزير يعتبر مستقيلاً من تاريخ سحب الثقة منه.

ثانياً: تستمر الوزارة المستقيلة في تصريف الأمور الأعتيادية لحين تشكيل وزارة جديدة.

## الفصل الثالث

## المحكمة الدستورية العليا

**المادة الثالثة والخمسون:**

تتألف المحكمة الدستورية العليا من عدد من الأعضاء المشهود لهم بالكفاءة والخبرة والنزهة من بين القضاة وأساتذة القانون في الجامعات والمحامين الذين لاتقل ممارستهم عن عشرين سنة في مجال القضاء أو التدريس أو المحاماة ويرشح كل اقليم نصفهم.

**المادة الرابعة والخمسون:**

تكون رئاسة المحكمة الدستورية العليا دورية ويتناوب عليها كل سنة ممثل أحد الاقليمين.

**المادة الخامسة والخمسون:**

لايجوز عزل عضو المحكمة الدستورية العليا إلا في حالة أتهامه بعدم النزاهة ويجري أتهامه ومحاكمته وإدانته من قبل مجلس الأقليم.

**المادة السادسة والخمسون:**

لايحال عضو المحكمة الدستورية العليا على التقاعد بسبب بلوغه السن القانونية للتقاعد إلا بناءاً على طلبه.

**المادة السابعة والخمسون:**

تختص المحكمة الدستورية العليا بمايأتي:

أولاً: تفسير هذا الدستور.

ثانياً: النظر في دستورية القوانين الصادرة عن البرلمان الأتحادي والقرارات الصادرة عن السلطة التنفيذية الأتحادية وينظم ذلك بقانون.

ثالثاً: الفصل في النزاعات المتعلقة بتطبيق هذا الدستور والتي تقع بين الأتحاد والأقاليم.

رابعاً: الفصل في النزاعات المتعلقة بتطبيق هذا الدستور والدساتير الاقليمية والتي تقع بين الأقليم.

**المادة الثامنة والخمسون:**

تصدر المحكمة الدستورية العليا قراراتها بأغلبية ثلثي أعضائها.

## الفصل الرابع

## أختصاصات الأتحاد

**المادة التاسعة والخمسون:**

تمارس سلطات الأتحاد الاختصاصات التالية وفيما عداها تكون من أختصاص سلطات الاقليم.

أولاً: رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي والقنصلي.

ثانياً: عقد المعاهدات والاتفاقيات الدولية.

ثالثاً: شؤون الدفاع ويشمل القوات المسلحة بصنوفها المختلفة.

رابعاً: إعلان الحرب وإبرام الصلح.

خامساً: العملة وإصدار النقود ووضع السياسة الأئتمانية والمصرفية وعقد القروض الأتحادية.

سادساً: وضع المقاييس والمكاييل والأوزان وتعيين السياسة العامة في ميدان الأجور.

سابعاً: وضع الخطط الأقتصادية العامة التي تهدف الى تنمية الأقليم في ميدان الصناعة والتجارة والزراعة.

ثامناً: وضع الموازنة العامة للأتحاد.

تاسعاً: شؤون الأمن الفدرالي.

عاشراً: شؤون الجنسية والإقامة والأجانب.

حادي عشر: الثروة النفطية.

## الباب الرابع

## التنظيم الدستوري للاقليم

**المادة الستون:**

يؤسس كل اقليم دستوره الخاص به مع مراعاة الشرطين الآتيين:

أولاً: تبني النظام الجمهوري الديمقراطي البرلماني.

ثانياً: عدم تعارض أحكامه مع هذا الدستور.

**المادة الحادية والستون:**

ينتخب شعب الاقليم وبالأقتراع العام الحر السري والمباشر ممثليه في المجلس الوطني للاقليم وتعين طريقة أنتخابه وكيفية إجرائها ونسبة التمثيل وتحديد موعدها بقانون خاص.

**المادة الثانية والستون:**

تحدد إختصاصات المجلس الوطني للاقليم وعلاقته بالسلطات الأخرى بموجب دستور الاقليم.

**المادة الثالثة والستون:**

تتكون السلطة التنفيذية للاقليم من:

أولاً: رئيس الاقليم.

ثانياً: مجلس وزراء الاقليم.

**المادة الرابعة والستون:**

ينتخب شعب الاقليم (أو المجلس الوطني) رئيساً يسمى (رئيس الاقليم) هو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية كما يمثل رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية في الاقليم في المناسبات والمراسيم البروتوكولية.

**المادة الخامسة والستون:**

تحدد طريقة وشروط أنتخاب رئيس الاقليم ومدة ولايته وأختصاصاته وعلاقته بمجلس الوزراء الاقليمي وبالسلطات الأخرى في الاقليم بموجب دستور الاقليم.

**المادة السادسة والستون:**

يتألف مجلس وزراء الاقليم من رئيس مجلس الوزراء ونوابه وعدد من الوزراء ويتولى ممارسة السلطة التنفيذية الاقليمية.

**المادة السابعة والستون:**

تحدد كيفية تشكيل مجلس وزراء الاقليم وأختصاصاته وعلاقته برئيس الاقليم بموجب دستور الاقليم.

**المادة الثامنة والستون:**

تختص المحكمة العليا في الاقليم (محكمة التمييز) إضافة لأختصاصاتها الاعتيادية بتفسير دستور الاقليم والبت في الدفع بعدم دستورية القوانين المقدم في الدعاوى المقامة أمام القضاء.

**المادة التاسعة والستون:**

يمارس القضاء في الاقليم سلطة قضائية مستقلة تضم كافة درجات المحاكم بما في ذلك محكمة تمييز الاقليم التي تنظر في الدعاوي المدنية والقضايا الجزائية والأخرى بدرجة أخيرة وينظم ذلك بقانون اقليمي.

**المادة السبعون:**

للأقليم ممارسة السلطات المختلفة ماعدا تلك المفوضة الى الاتحاد بموجب أحكام هذا الدستور وخاصة بموجب الفصل الرابع من الباب الثالث منه.

**المادة الحادية والسبعون:**

كل نزاع يحصل بين الأتحاد والأقاليم أو بين الأقاليم ذاتها بشأن ممارسة الأختصاصات الواردة في هذا الدستور يعرض على المحكمة الدستورية العليا للفصل فيه.

## الباب الخامس

## الأحكام المالية

**المادة الثانية والسبعون:**

لاتفرض الضريبة ولاتجبى أو تعدل إلا بقانون أتحادي أو اقليمي.

**المادة الثالثة والسبعون:**

لسلطات الأتحاد وحدها فرض ضريبة الصادرات والواردات (رسوم الكمارك) وجبايتها.

**المادة الرابعة والسبعون:**

لسلطات الاقليم فرض الضرائب والرسوم والأجور التالية:

أولاً: ضريبة الدخل.

ثانياً: ضريبة التركات.

ثالثاً: ضريبة العرصات.

رابعاً: ضريبة الأرض الزراعية وبدلات إيجارها.

خامساً: رسوم التسجيل العقاري.

سادساً: رسوم المحاكم.

سابعاً: رسوم الإجازات وأجور الخدمات كالماء والكهرباء وغيرها.

**المادة الخامسة والسبعون:**

لكل اقليم حصة من عوائد الثروة النفطية ورسوم الكمارك والمنح والمساعدات والقروض الأجنبية حسب عدد سكانه الى مجموع سكان البلاد.

## الباب السادس

## أحكام ختامية وأنتقالية

**المادة السادسة والسبعون:**

لايجوز إجراء أي تعديل على حدود الاقليمين إلا بموافقة المجلس الوطني للاقليم ذي العلاقة وبأغلبية ثلاثة ارباع أعضائه.

**المادة السابعة والسبعون:**

أولاً: يعين مواطنو اقليم كوردستان في المناصب الهامة في الوزارات والهيئات الأتحادية في الداخل والخارج وخاصة وكلاء الوزارات والدرجات الخاصة والمدراء العامين وذلك حسب نسبة سكانه الى مجموع سكان الجمهورية الفدرالية العراقية.

ثانياً: يراعي المبدأ ذاته فيما يخص:

١- تعيين السفراء وأعضاء السلك الدبلوماسي والقنصلي وممثلي الأتحاد في الهيئات والمنظمات الدولية والاقليمية.

٢- التعيين في مناصب القوات المسلحة والأمن الفدرالي.

٣- المشاركة في الوفود العراقية الرسمية والمفاوضات الجارية لعقد الاتفاقات الدولية.

٤- قبول الطلاب في البعثات والزمالات والإجازات الدراسية في الخارج.

٥- قبول الطلاب في أكاديميات وكليات الجيش والشرطة ودوراتها في الداخل والخارج.

**المادة الثامنة والسبعون:**

أولاً: تكون قوات البيشمەرگە وتشكيلاتها الحالية جزءاً من القوات المسلحة لاقليم كوردستان.

ثانياً: يؤدي ابناء كل اقليم الخدمة العسكرية في اقليمهم.

**المادة التاسعة والسبعون:**

أولاً: تزال آثار تغيير الواقع القومي الذي تم تنفيذه في مناطق من اقليم كوردستان ويعاد المواطنون الكورد من مناطق محافظة كركوك ومخمور وسنجار وزمار وشيخان وخانقين و

ومندلي وغيرها الى أماكن سكناهم السابقة ويعاد المواطنون العرب الذين تم إسكانهم من قبل السلطات العراقية السابقة في تلك المناطق الى محلات سكناهم السابقة خارج اقليم كوردستان.

ثانياً: يسري حكم الفقرة أولاً أعلاه على المواطنين المهجرين من التركمان والآشوريين والكلدان.

ثالثاً: تعاد جيمع الأموال المنقولة وغير المنقولة الى المواطنين المهجرين ويتم تعويضهم عما لحق بهم من أضرار تعويضاً عادلاً.

رابعاً: يعاد الكورد الفيليون المهجرون والمبعدون الى أماكن سكناهم السابقة وتعاد اليهم جنسيتهم العراقية وأموالهم المنقولة وغير المنقولة ويتم تعويضهم عما لحق بهم من أضرار تعويضاً عادلاً.

**المادة الثمانون:**

يعد هذا الدستور القانون الأعلى للبلاد ويعتبر باطلاً كل قانون يصدر بخلافه.

**المادة الحادية والثمانون:**

أولاً: لايجوز تعديل أحكام هذا الدستور إلا بموافقة ثلاثة أرباع أعضاء كل من البرلمان الأتحادي ومجلس الأقليم على الانفراد.

ثانياً: يحق للجهات التالية تقديم الإقتراح لتعديل الدستور:

١- مجلس الوزراء الأتحادي.

٢- عدد لايقل عن ربع عدد أعضاء البرلمان الأتحادي.

**المادة الثانية والثمانون:**

تلتزم الجمهورية الفدرالية العراقية أمام هيئة الأمم المتحدة بضمان حقوق وحدود وسلطات كل من الاقليمين والمنصوص عليها في هذا الدستور والدساتير الاقليمية كما تلتزم بضمان النظام الديمقراطي المؤسس بموجب هذا الدستور واحترام مبادئه وكل إخلال بما ورد في هذه المادة يعد تهديداً للأمن والسلم الدوليين.

**المادة الثالثة والثمانون:**

لايجوز تغيير كيان الجمهورية الفدرالية العراقية أو النظام السياسي فيها والمبين في هذا الدستور إلا بموافقة السلطة التشريعية لكل من الاقليمين، وبخلافه يكون لشعب اقليم كوردستان ممارسة حق تقرير مصيره بنفسه.

**المادة الرابعة والثمانون:**

يعمل بأحكام هذا الدستور بعد موافقة المجلس التأسيسي عليه ونشره في الجريدة الرسمية.

٢٠٠٢/٩/٢٣

صلاح الدين

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان بۆ خوێندنەوەی هەردوو پرۆژەکە، بۆ ئاگاداری ئەندامانی بەڕێز لە کۆتایی پرۆژەکە مێژوویەك نووسراوە، ئەو مێژووە عیلاقەی بەو پرۆژەیەوە نییە، ئەوە مێژووی ئەوەیە کە هەردوو مەکتەبی سیاسی، هەردوو کوتلەی گەورەی ناو پەرلەمان ئیتیفاقیان

لەسەر کردووە، وەرەقەی رەسمی ناو پەرلەمان ئەو مێژوویەی پێوە نییە، هەر بۆ تەوزیح، جا ئەو نوسخەی لاتانە، ئەوەی مێژووەکەی پێوەیە، ئەوەی دەیەوێ ئەو مێژوویە بسڕێتەوە، با بسڕێتەوە، ئەوەی دەیەوێ نەسڕێتەوە، با نەیسڕێتەوە، هیچ ئیشکالی تر نییە، هەردوو پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین و، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تر، ئەگەر تێبینیان هەیە، یان هەر تێبینییەکیان هەیە، دەتوانن ئەو تێبینیانە ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەن، بۆ ئەوەی تێبینیەکانیان وەربگیرێت و، ئەوەی مومکین بێت گۆڕانکاری لە پرۆژەکەدا بکرێت، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەمان، کۆبوونەوەی داهاتوومان، ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز سەعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە خوێندیانەوە، ئەم پرۆژەیە دوو جانبی هەیە، جانبێکی یاسایی ئەوەی کە فەرمووت تەقدیم دەکرێت، لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ داڕشتنەوەی و ئیزافە کردنی و تەرح کردنی ئەو پێشنیارانەی کە دێن، جانبی دووەم جانبی سیاسیە، من دڵنیام لەوەی هەموو یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان بەبێ گوێدانە فراکسیۆن و رەنگ، تووشی موناقەشە و ئیراد و مەسرەفێك دەبێت لەمەودوا، من پێم باشە وەختێك دابنێن بۆ موناقەشە کردنی جانبی سیاسی، ئەو مەوزوعە بەلای کەمی بۆ تەسلیح کردنی، یەعنی چەکدار کردنی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دەرەوە پشتیوانی لەم پرۆژەیە دەکەن، یان ئەو کەسانەی لە موناقەشاتی پێش داڕشتنی ئەم پرۆژەیە، یان ئەگەر ئیجابی کرد سەرۆکایەتی پەرلەمان (تفویض) بکرێ دەعوەتی کێ دەکات لە کاتی ئەو موناقەشەیەدا، یان لە نێو دانیشتنێکی پەرلەمانی، یان دانیشتنێکی پەرلەمان بۆ ئەم موناقەشەیە، پێم وایە زۆر لە برادەران، خوشك و برایانی پەرلەمان یان ئەندامانی پەرلەمان پێویستیان بەم روون کردنەوەیە هەیە، یان بەلای کەمی لێکچوونی راو بۆچوونەکانمان، لە کاتێکدا لێمان بپرسێ یان دیفاعی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە بە قەناعەتی من جارێ بە دوو شێوە دەکرێت، یەکەمیان کوتلە دەتوانێت بیکات، ئەوە ئیشی خۆیەتی هەر کوتلەیەك لەگەڵ ئەندامانی خۆی کۆبوونەوەیەك لەسەر مەوزوعی ئەم پرۆژانە بکات، تەبیعی ئەم پرۆژانە ماوەیەکی زۆر ئیشی لەسەر کراوە، صیاغەکەی تەقریبەن صیاغەیەکی کۆتاییە، یەعنی گۆڕانکاری تیا بکرێت، مومکینە زۆر گۆڕانکاریەکی بەسیتی تیا بکرێت، یان گۆڕانکاریەکی وای تیا بکرێت کە لە جەوهەرەکەی قەت نەگۆڕێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەر کوتلەیەك لەبەینی خۆیاندا کۆبوونەوە بکەن و، ئیلتیزام بە راو بۆچوونی قیادەی حزبەکانیان بکەن لەم بارەیەوە، دووەمیش ئەگەر بە زەروریتان زانی، ئەو کاتە سەرۆکی هەر کوتلەیەك یان سەرۆکی فراکسیۆن با بێن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن کۆ دەبینەوە و، بڕیاری لێ دەدەین چۆن دانیشتنێك بکەین یان کۆبوونەوەیەکی قەزائی بکەین، ئەو کاتە هیچ موشکیلە نییە، هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. کمال عبدالكريم فوئاد\جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

وەکو ئەو پرۆژەیە پێشکەشتان کرا، ئەوە لە لایەن هەردوو نوێنەرانی حزبەکان و دکتۆر رۆژ و منەوە لە رۆژی ۲۲-۱۰ لە سەلاحەدین ئیمزا کراوە، ئەوە وەکو ئەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە، بەلاَم ئێستا کە چۆتە بەردەم پەرلەمان بە پێی ئەو دەستورەی کەوا پەیڕەو دەکرێ و لەسەری دەڕۆین، پێویستە هەر پرۆژەیەك بەلای کەمەوە لەلایەن دە کەسەوە ئیمزا بکرێ و پێشکەش بکرێ ئینجا ئەوەی کەوا لەبەردەمی پەرلەمان دایە وەکو پرۆژەیەك پێشکەش کراوە لە مێژووی ئەمرۆوە دیاری دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەکە، وەکو دەزانن ئەمەی کەوا پێشکەشتان کراو خوێندرایەوە جگە لەوەش لەلایەن (۳٦) حزب ولایەنی ترەوە پێشنیازو گۆڕانکاری پێشکەش کراوە، کە هەمووی زۆر بە شێوەیەکی جوان لە نامیلکەیەکدا نوسراوە، ئەمە دەچێتە بەردەمی کۆمیتەی یاسایی و ئەو کۆمیتەی یاساییە ئەو وەختە لەسەر پرۆژەکە وەکو پێشکەشتان کرا و بەرەچاو کردنی ئەو پێشنیازو تێبینی و سەرنجانەی کەوا لەو نامیلکەیەدا هەیە و بەسەریدا دەچنەوە و بەشێوەیەکی نوێ دایدەڕێژنەوە و، ئەو کاتە وەکو کاك د.رۆژ روونی کردەوە بزانین میکانیزمێك دەدۆزینەوە بزانین کارێکی وا بکەین کە کاروبارەکان بەرێك وپێکی و بەباشی بڕۆن بەرێگاوە، ئینجا لەو بارەیەوە هەردوو فراکسیۆن دەتوانن لەگەڵ سەرۆکایەتیدا و یا لەگەڵ کۆمیتەی یاسادا لەوانەیە پێویست بەوە بکات کەوا سوود لە شارەزایان و کەسانی دەرەوەی پەرلەمانیش وەربگرین بۆ ئەوەی کە هاتەوە بەردەمی پەرلەمان شتێکی رێك وپێك و پاك و پوخت کرابێت، وەکو خۆشتان بێگومان هەستتان پێکردووە کە ئێمە کاروباری حکومەتی ئایندەی عێراقیشمان زۆر ئاسان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد عبدالكريم (مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە، پێم وابێ ئەو شتانەی کە باستان کرد سەبارەت بە لیژنەی یاسایی و سەبارەت بە راوێژ کردن بە هەموو حزبە کوردستانیەکان ئەمانە هەمووی کارێکی زۆر گرنگن، هەمووشمان دەزانین کە کاتێکی وامان بەدەستەوە نەماوە کە بتوانین دوا فۆرمیلای ئەم پرۆژانە پەسەند بکرێت لە پەرلەماندا، بەلاَم من تصورم وایە نە حزبە کوردستانیەکان بەگشتی و نەئێمەش کە لەم پەرلەمانە دانیشتووین و نە هەردوو فراکسیۆن دوا تواناکانی گەلی ئێمە نین لە ناو کۆمەڵی کوردیدا، توانای تر هەیە، قابیلیاتی تر هەیە، عەقلی تر هەیە، ئاستی تر هەیە کە ئەوانیش بۆیان هەیە ئازادانە مشتومڕێك لەسەر دەستوورێك بکەن، کە چارەنووسی هەموویانی پێوە بەندە کە بەتایبەتی لە دەستوورەکە باسی هاووڵاتی و مافی هاووڵاتی و ئەو شتانە زۆر کراوە، من پێشنیار دەکەم کە بوارێکی کەمیش بێت بۆ ئەوەی بتوانین تەسەلتر

و تێر تر قسە لەسەر مەسەلەکان بکات خەڵك و بوارێکی کەمیش بێت ئەم مەسەلەیە بخەینە ناو ڕۆژنامە و، تەلەفزیۆن و، گفتوگۆیەکی ئازادی لەسەر بکرێت، بەڵکو ڕایەك هەبێت کە بەراستی لەلای ئێمە لێی نەکۆڵرابێتەوە و ڕای باشیش بێت بەنیسبەت دەستوورەکەوە و ئەوەش کارێکی دیموکراتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا موناقەشەی دەکەین ماوەی ئەوە دەبێت کە ئەگەر ڕای تر هەبێت کە باسی بکەن و تەرحی بکەن و بگاتە پەرلەمان، هیچ ئیشکالی تێیدا نییە، بەلاّم هەر بۆ زانیاری ماوەیەکی زۆرە بلاّوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەکاندا، لەرۆژنامەکاندا لەسەری نوسراوە و لە وەسائیلی ئەعلامدا لەسەری باس کراوە و نەدواتی لەسەر کراوە، یانی تصور ناکەم هیچ قانونێك یان هیچ پڕۆژەیەك بەم شێوەیە باسی لێوە کرابێت، بەلاّم ئەوەش راستە ئەوەی هێشتا لە توانایەتی ئیزافە بخاتە سەر ئەمە حەقە درێغی تێدا نەکات و، ئێمە لەو مینبەرەوە داوا لە شارەزایانی کوردستان دەکەین، ئەوەی کە توانای هەیە ئیزافەیەك بخاتە سەر ئەم پڕۆژەیە ڕەئی خۆی دەرببڕێ و پێشنیارەکانی چ لە وەسائیلی ئیعلام دا بلاّوی بکاتەوە، و چ بینێرێ بۆ پەرلەمان راستەوخۆ. بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئیمڕۆمان، وەکو باسیشم کرد بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)**

**سێ شەممە رێکەوتی ٥\١١\٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٥)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢\١١\٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێك دەربارەی چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا.

٢- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر کردنی پرۆژەی پێشنیازکراوی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر کردنی پرۆژەی پێشنیازکراوی دەستووری کۆماری فیدراڵیی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە پێنجی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە پێنجمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێك دەربارەی چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا.

٢- بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی پێشنیازکراوی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی پێشنیازکراوی کۆماری فیدراڵیی عێراق.

بۆ ئەوەی دەست بەکاربین تکایە چۆن ئیتفاق کراوە ئاگادار نین، تکا لە بەڕێزان شارەزایانی هەردوو کوتلەکە دەکەین لەهەر کوتلەیەك دوو بەڕێز بفەرموونە سەر سەکۆیەکە، فەرموو کاك حوسێن، پێمان باشە یەکێك لە کوتلەی سەوز ئامادە بێت کە ئیشی لە دەستورەکە کردووە لە یەکەمەوە، عەلەل ئەقەل کاك حوسێن، چونکە پێویست بە جواب دانەوە دەکات، جەنابیشت کاك ئەحمەد هەر لایەی دوو کەس. خاڵی یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا. تکایە خوێندنەوەی یەکەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان)

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی داوای ئەندامانی پەرلەمانتان بۆ دەخوێنمەوە سەبارەت بە پێشنیازی پرۆژەی تایبەت بەچۆنییەتی هەڵسوکەوتی پەرلەمان لەگەڵ هەردوو ئیدارە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/پێشنیاری پرۆژەی بڕیار

ڕێزوسلاو

تکایە بەڕێزتان بفەرموون بەپێی بڕگە (١)ی مادده (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، ئێمەی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لە خوارەوە ناومان نوسیوە، پێشنیاری پرۆژەی یاسای چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەن دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە پرۆگرامی کاری ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیمزایان کردووە:

١- بەڕێز کاك د. ناصح غفور.
٢- بەڕێز کاك احمد سالار.
٣- بەڕێز کاك جلال خۆشناو.
٤- بەڕێز کاك عفان نقشبندی.
٥- بەڕێز کاك یوسف جمیل میران.
٦- بەڕێز کاك محمد امین مولود.
٧- بەڕێز کاك د. رزگار.
٨- بەڕێز کاك احمد علی عمر.
٩- بەڕێز کاك سەفەر محمد حسین.
١٠- بەڕێز کاك سوارە محمد امین.
١١- بەڕێز کاك ڕەجەب شەعبان.
١٢- بەڕێز کاك حەسەن صالح.
١٣- بەڕێز کاك یار احمد هەورامی.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئیمزایان کردووە:

١- بەڕێز کاك عیدۆ بابە شێخ.
٢- بەڕێز خوشکە گەلاوێژ.
٣- بەڕێز کاك مصطفی قادر مصطفی.
٤- بەڕێز کاك شەوکەتی حاجی موشیر.

٥- بەڕێز كاك جوامێر رەشید.

٦- بەڕێز كاك جعفر مصطفى علی.

٧- بەڕێز سام رۆستەم.

٨- بەڕێز خوشكە نهلە محمد سعدالله.

٩- بەڕێز كاك مەلا شاخی.

١٠- بەڕێز كاك بكری حاجی سەفەر.

١١- بەڕێز كاك علی عبدالله احمد.

١٢- بەڕێز كاك اسماعیل مەردان.

١٣- بەڕێز كاك نعمت عبدالله.

دەقی پرۆژەكە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءا على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ مايلي:

١- يتعامل المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال دورته الانتقالية مع الادارتين الموجودتين لحين توحيدهما أو لحين اجراء الانتخابات العامة للمجلس في اقليم كوردستان العراق ايهما اقرب.

٢- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان — العراق

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

پرۆژەكە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەكەین، خاڵی دووەمی بەرنامەی كارمان، تكایە پرۆژەی دووەمی دەستوری هەرێمی كوردستانی عێراق باب بە باب بخوێندرێتەوە، تێبینیت هەیە؟ خۆی ئەمە پرۆژەیە هەر كاتێك وەلامی پسپۆڕە یاساییەكان هات گفتوگۆ دەكرێت، ئەو كاتە لەوانەیە خاڵ بە خاڵ موناقەشەی بكەین وشە بە وشە موقتەرەحی ترمان هەبێت، فەرموو.

بەڕێز سعدی احمد پیرە:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێستا ئەم پرۆژەیە جارێكی تر دەچێتەوە لیژنەی قانونی سیاغە دەكرێتەوە ئەوجا دەدرێتە دەنگ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باب بە باب بیخوێنەوە، فەرموو.

بەڕێز حسين عارف عبدالرحمن:

## مشروع دستور اقليم كوردستان — العراق

## الباب الاول

## الاحكام العامة

المادة الاولى:

اقليم كوردستان من اقاليم الجمهورية الفدرالية العراقية ويكون نظامه السياسي جمهورياً برلمانياً ديمقراطياً.

المادة الثانية:

يتكون اقليم كوردستان من محافظات كركوك و السليمانية و اربيل بحدودها الادارية قبل عام ١٩٦٨ و محافظة دهوك و اقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر و نواحي زمار و بعشيقة و القوش و اسكي كلك من محافظة نينوى و قضائي خانقين و مندلي من محافظة ديالى و قضاء بدرة و ناحية جصان من واسط.

المادة الثالثة:

الشعب مصدر السلطات و اساس شرعيتها.

المادة الرابعة:

يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و الاثنيات القومية (التركمان و الآشوريين و الكلدان و الارمن و العرب) و يقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقليم كوردستان.

المادة الخامسة:

تكون مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان.

المادة السادسة:

لاقليم كوردستان علم خاص به الى جانب علم الجمهورية الفدرالية العراقية و له شعار و نشيد و ينظم ذلك بقانون.

المادة السابعة:

لاقليم كوردستان قوات مسلحة دفاعية خاصة به.

المادة الثامنة:

اللغة الكوردية هي اللغة الرسمية في اقليم كوردستان.

تكون المراسلات الرسمية مع السلطات الفيدرالية و الاقاليم الاخرى باللغتين العربية و الكوردية.

تعتبر اللغة التركمانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للتركمان و اللغة السريانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للناطقين بالسريانية و العربية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك حسین عارف بۆ خوێندنەوەی بابی یەکەم، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەم بابە تێبینییان هەیە دەستییان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن. ناوی ئەم بەڕێزانە نووسراوە لای ئێمە ئەو بەڕێزەی ناوی نەنووسرابێ ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسین. ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: علی عبدلله، د.عزالدین، نهله محمد، شوکت حاجی موشیر، سعدی احمد پیرە، د.رزگار، جمیل سندی، ابراهیم سعید، احمد علی عمر، احمد سالار، زهرا حاجی، رجب شعبان، حمە علی تۆفیق، مەلا محسن موفتی، د.ادریس هادی، فازڵ رەئوف. پسپۆرە یاساییەکان ئەگەر روونکردنەوەی خۆیان هەیە، با جارێك روونکردنەوەکەی خۆیان بکەن، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەنیسبەت ماددەی دوو من تێبینییەکەم لەسەر بابەتی(١٩٦٨)ە، تەبعەن (١٩٦٨) بەپێی ئەو ماددەی ئێستا هاتووە تەنها ئەوە سلیمانی و کەرکوك و هەولێر دەگرێتەوە، بەینەما لەوانەیە گۆڕانکاریەکانی تر هەموو لە قەزاکانی تر کراوە لە سنجار کراوە لە بەعشیقە کراوە لە فلان شت کراوە، جا بەڕای من ئێستا من دەقێکم نووسیوە کە ئەم ساڵی ١٩٦٨ شمولی هەموو قەزاو ناحیەکان بکات، هەمووی سنووری ئیداری پێش ساڵی ١٩٦٨ بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، تەنها دهۆك پاشی ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پارێزگا، دهۆك ئیعتبار بکەین بە سنوری ئیداری ئێستا ئەوانی تریش هەمووی پێش سنووری ئیداری ساڵی ١٩٦٨، بەم شێوەی خوارەوە ماددەی دوو بەم شێوەیە بێت:

یتکون اقلیم کوردستان من محافظة دهوك بحدودها الاداریة الحالیة ومحافظات کرکوك و السلیمانیة و اربیل و اقضیة عقرة و شیخان و سنجار و تلعفر و نواحي زمار و بعشیقة و القوش و اسکي کلك من محافظة نینوی و قضائي خانقین و مندلي من محافظة دیالی و قضاء بدرة و ناحیة جصان من واسط بحدودها الاداریة قبل عام ١٩٦٨.

مانای ئەو هەمووانە پێشی ساڵی ١٩٦٨، بەینەما تەنها دهۆك بە هی ئێستا، چونکە پاشی ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پارێزگا لەکاتی خۆی قەزا بووە. بەنیسبەت ماددەی پێنج بەڕای من کە دەڵێ: (تکون مدینە کرکوك عاصمە لاقلیم کوردستان.) وا نەی بەستینەوە بە توندی تەنها ئەوە بێت ئەگەر نەکرا؟ بەڕای من شتێکی تر ئیزافە بکەین بڵێین (تکون مدینة کرکوك عاصمة لاقلیم کوردستان وأیة مدینة أخری تختاره المجلس الوطني لکوردستان العراق) بەپێی زروف ئەگەر چ ئیمکان هەبوو ئەوی بکەنێ، ئەگەر کەرکوك بوو بوو، ئەگەر نەبوو ئەنجومەنی نیشتمانی پارێزگایەکی تر هەڵبژێرێت نەك لایەنێك. بەنیسبەت ماددەی چوار بەڕای من بەنیسبەت ئەقەلیات ئەرمەن زۆر زۆر کەمن، لەوانەیە لە هەموو عێراق دە خێزان نەبێت پێی ناوێت وەکو ئەوانی تر بە ئەقەلییە حسابیان بکەین، بەڕای من ئەرمەن هەر دەربچێت لەم ماددەیە هەر نەمێنێت، (الترکمان و الآشوریین و الکلدان و العرب) و یقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقلیم کوردستان. لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی، بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دووەمەوە منیش پشتگیری لەو پێشنیارەی کاك کاکەرەش دەکەم، پێم وایە ئەوەیان شامل تر دەبێت و هیچ شتێکی موبهەمی تێدا نامێنێت و، پارێزگای دهۆك وەکو باسی کرد لەدوای ساڵی ١٩٦٨ هاتووە، ئەوانی تر هەمووی پێش ساڵی ١٩٦٨ هاتووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچە کورد نشینیانە بگرێتەوە، هەموو ناوچە کوردستانییەکان بگرێتەوە، بۆیە ئەو شتانەی ئەو باسی کرد وابزانم شتێکە لە جێگای خۆیەتی. بەنیسبەت ئەرمەنەوە ماددەی چوار دیسانەکە ئەرمەن وەك ئەقەلیەتێکی قەومی لە کوردستاندا نییە، ڕاستە هەندێ ماڵ هەن لە شارەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە زاخۆ یان لە شاری کەرکوك، بەلام لە شوێنەکانی تر ئەوەندە نین ئەگەر هەشبن تاك و تەروکن، بۆیە منیش پێم وایە وەکو ئەقەلیەتێکی قەومی ناوی نەیەت باشە. بەنیسبەت ماددەی پێنجەم کە دەڵێن کەرکوك پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەو پێشنیارەی کە جەنابی کاکەرەش کردی بۆ ئەوەی یان هەر شارێکی تری کوردستانی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی بە پەسەندی بزانێت، ئەوە تەبعەن من وا تێگەیشتووم مەبەستی ئەو ئەوەیە ئەگەر لەم بارودۆخەی ئێستادا تەبیعی کەرکووك ئێستا ئازاد نییە نەکەوتۆتە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمەوە و، لە ئاییندەش زانراو نییە چۆن دەبێت، بۆیە ئەوەی ئەو پێشنیارەی کردووە (تکون مدینە کرکوك عاصمةً لاقلیم کوردستان) ئەوە هەر دەمێنیتەوە بەلام بەتەئکیدیش هەموو کاتێك ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش بۆی هەیە، کە مادەم تەئکید کراوەتەوە لەسەر کەرکووك کە پایتەختی کوردستانە و، هەر شارێکی تریش لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجومەنی نیشتمانیی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بەپێویستی بزانێت بیکات بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، من پێم وایە پێشنیارەکەی ئیحتیمالە لە جێگای خۆیدابێت، بەلام ئەمەش قابیلی نیقاشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ناصح غەفور، بەڕێز کاك سەعدی أحمد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە برگەی دوو و برگەی پێنج، هەر تەئییدی پێشنیارەکەی کاك کاکەرەش دەکەم، ئیزافەم تەنها ئەوەیە ئەویش لە ماددەی حەفتەم (لاقلیم کوردستان قوات مسلحة دفاعیة خاصة بە) ئێمە لە سەر نیزامی فیدرالی بین بەشێك لە عێراقین لە ئیختصاصاتی مەرکەزی، دیفاع، خاریجییە، سنوور، سیاسەتی عوملە، تیجارەتی خارجی یە. ئەگەر ئێمە دیفاعی تایبەت بەخۆمان هەبێت نەوعی پەیوەندی چۆن دەبێت؟ ئەو کاتە تەعاروز ناکات لەگەڵ ئەو پێشنیارەی بۆ قانوونی عێراقمان کردووە لەگەڵ ئەوەی یەکێك لە ئیختصاصاتەکانی مەرکەزی بابەتی دیفاعە، من پێم وایە بۆ ئەمەش بیرێکی لێ بکەینەوە و سیغەیەك بگونجێنین کە لە موستەقبەل وەکو مەوزوعی کەرکووك دەستمان نەبەستینەوە، چونکە من موتەئەکیدم بەو سیغەیەی کە هاتووە زەحمەتە بتوانین لەناوەوەی عێراق دۆستی بۆ پەیابکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سەعدی، بەڕێز مامۆستا مەلا موحسین موفتی فەرمووو.

**بەڕێز ملا محسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشەو بەپێویستی دەزانین وەکو دانیشتنەکانی پەرلەمان چۆن بەناوی خوداوە دەکرێتەوە، ئەم دەستورە دەستوری هەرێمی کوردستانە و، دەستوری شتێکی پیرۆزو موقەدەسە لەلایەنی گەلی کەوردستانەوە ئەولەویەتی هەیە، بەپەسەندی دەزانین (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان) بکرێتەوە، بە پێویستی دەزانین. دووەم لە سەرەتای ماددەکانەوە ماددەیەکی پێویست پێشنیار دەکەم، بەپێویستی دەزانین وەئەمەش دەنگی زانایانی کوردستانە کە ئەیگەینینە پەرلەمانی بەڕێز، کە دینی رەسمی لە هەرێمی کوردستان ئیسلام بێت، چونکە ئەوە شتێك نییە کە ئێمە پێی بدەین، میللەتی کوردیش خصوصیەتێکی تایبەتی هەیە و، ئەمە لەگەڵ هەموو ئەو پێشنیارانەی کە لە ماددەکانی تر هاتووە بۆ ئەوەی سەربەستی و ئازادی دراوە بە هەموو بیروباوەڕەکان و بە هەموو دیانەتەکان کە بە ئازادی خۆیان لە کوردستان ئازاد بن، بۆ ئەوەی کە هەر بیرو رایەکییان هەیە مادەم تەناقوزی نەبێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام مادەم دژایەتی نەبێت لەگەڵ ئاین و موقەدەساتی ئەم میللەتە ئەتوانن بە ئازادی خۆیان بیربکەنەوە، بەلام شتێکی موتەبەعە لە هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان کە دینی رەسمی لە هەرێمی کوردستانی ئێمەشدا بنووسرێت ئیسلامە، چونکە لە (٩٨ ٪)ی ئەو شەعبە ئیسلامە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا محسن موفتی، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد امین فەرمووو.

**بەڕێز ملا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی کە جەنابی کاك کاکەرەش پێشکەشی کرد و، پێشنیارەکەی بێگومان من وەکو واقع ئەیبینم وایە، بەلام لەم وەختە بە خاڵێکی ئیجابی نازانم ئێمە هیچ نەوعە تەرەدودێك بەشێوەی ئەو پێشان بدەین لەسەر کەرکووك، خۆ ئێستا تەحسیلی حاسڵ ئەگەر نەبێت ئەمە پرۆژەیە ئامادە کراوە، ئەم پرۆژەیە دەچێتە بەردەم موعارەزەی عێراقی، دەچێتە بەردەم هەموو کاربەدەستانی دونیاش، پرۆژەیەکە کە پەرلەمانی کورد خاوەنێتی، وشەی (ئەو) کەمێك تەرەدود دروست دەکات، ئێمەش خەڵکی ئازارو مەینەتدیدەکەمان بەڕاستی خەڵکی کەرکووك و دەورو بەرەکەیەتی، پێم چاك نییە هیچ وشەیەکی کە تەعبیر لە تەرەدود بکات لەسەر ئەوەی کە کەرکووك پایتەختی کوردان بێت لە پرۆژەکەی پەرلەمانی کوردستان نەیەت و، بێگومان ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە لە عێراق نەبێت ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر ئەوە هەیە کە هەولێر پایتەختی کوردستانە، بۆیە ئەم تەرەدودە بەباش نازانم و، ئەوەی کە جەنابی مامۆستا مەلا محسن فەرمووی هەموو پرۆژەکان (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان) دەست پێ بکات خراپ نییە، بەلام لێرە بنووسین ئیسلام دینی دەوڵەتە من ئەوە نازانم باش لێی تێناگەم، چونکە ئێمەش لە یەکێتی زانایانی کوردستان کە (١٤٥٠) مەلا لە سلیمانی و دەوروبەری هەیە کۆبوونەوەی خۆمان کردووە قسەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، ئێمە هیچ

تەرەددودێکمان لەوە نییە کە دینی دەوڵەت، دینی ئیسلامە لێرە و، هیچ پێویست ناکات مەشکوکییەك هەبێت لەوەی بڵێین، چونکە ئێمە کە دەڵێین دەقەکان هیچ کەسێك ناتوانێت لێی لادات و، (لا إجتهاد في مورد النص) مامۆستایانی قانونی لێرەن مەبەستمان لە نەصەکان ئەو نەصە قورئانیانەن کە قەتعین و دەلالەن گۆڕانیان تیا نییە، بەڵام ئەو نەصانەی کە زیمنی و دەلالەن موجتەهیدێك دوو موجتەهید قسەی لێ کردووە، دوو ڕەئی هەیە دەکرێت ئەمڕۆ بکرێت بە سێ ڕەئی بە چوار ڕەئی، بۆیە من پێم وایە هیچ پێویستییەکی وانابینم چونکە بێگومان دینی ئیسلام دینی دەوڵەتەو، هیچ کەسێك مەشکوکییەتێکی لەم بابەتەیەوە نییە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستپێکی بۆچی تەعاریف نەهاتوونە؟ چونکە گەلێ جار کەلیمە تکرار بوویە ئەگەر تەعریف هەبا باشتر بوو، کورتکراوە هەبا بۆ نموونە (اقليم كوردستان) (اقليم) بایە، یان حکومەت بۆ نموونە کە باسی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بڵێت (مجلس) یەعنی ئەو شتانە وەکو پێشتر لە قانون چۆن هاتووە بە کورتکراوەیی لە تەعریف هاتبا باشتر بوو لە پێشەکی تەعریف کرابا. هی دووەم (ماددەی دووەم) بەڕاستی یەعنی هەڵبژاردنی ئەم ناوچانە بەوردی هەڵبژێردراوە، بەڵام من شێوەی هاتنە خوارێ بەشێوەی دارشتن بەباشی نازانم ئەگەر بە ژمارە باشترە بۆ نموونە:

يتكون اقليم كوردستان من:

١- محافظات كركوك و السليمانية و أربيل.

٢- محافظة دهوك.

٣- تفك اقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر و نواحي زمار و بعشيقة و القوش و اسكي كلك من محافظة نينوى.

٤- يفك قضاءاً خانقين و مندلي من محافظة ديالى.

لە ئاخیرا هەمووی هاتووە (من)(من محافظة ديالى ومن محافظة نينوى) لەدوای ئەو هاتووە (في محافظة واسط) ئەویش ئەبێ (من) بێت، بۆچی ئەو (في) بێتن؟ ئەوە دیارە هەڵە هاتووە لەوێ. بێمە سەر بابەتی ئەرمەن بەڕاستی یەعنی لە ماددەی نۆ کە باسی حقوق و واجبات دەکات دەڵێت (المواطنون متساون) هاوڵاتییان مادەم یەکسانن یەعنی کوردستان إنشاءالله...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆ نەگەیشتوین ئێستا؟

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٤٥) خێزان یان (٤٠) خێزان دەبینین لە زاخۆیە تەقریبەن (١٠) خێزانیش لە دهۆکە، هەورێسکێش گوندێکیان بوو ئێستا کەسی لێ نەماوەو ژمارەیان زیاتر لە (١٢٠-١٤٠) خێزان نابێتن، ئەگەر ژمارەشیان زۆربا تەماشا دەکەین بۆ نمونە تورکمان لەوەی تر هاتووە کە زمانی تورکمانی بخوێنن،

ئاشوری و کلدان هاتووه ئەوان بە زمانی سریانی بخوێنن، کەچی لەم ماددەیە ئیشارەتی بە ئەرمەنیان نەکردووە، مانای ئیعتباریان کردووە کە کەماتییەکن ئەوەندە نابن کە تەعلیمیان لەبۆ هەبێتن، جا وابزانم بابەتی ئەرمەنیش لەوێ زیادە. شتێکی تر بەڕاستی ماددەی حەوت منیش بە شتێکی ئەوە دەزانم، یەعنی (قوات مسلحە) ئەبێت مەرکەز بێتن و پێشمەرگە بۆ نمونە ببنە حەرەس حدود و ببنە هێزی ئاسایشی ناوەکی تابعی هەرێم ببێت، ئەگەر مەبەستییان (قوات مسلحة) جەیش بێتن وابزانم ئەوە دەبێتە تابعی حکومەتی مەرکەزی، زیاتر لەسەر ئەوە ناڕۆم مەجال دەدەمە برادەران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئیبراهیم سعید، بەڕێز کاك مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(ملا بختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لە ڕاستیدا، یەکێکی لەسەر ماددەی دووە تۆزێك لە ڕووی زمانەوانییەوە وا هەست دەکەم کە ئەڵێ قەزاو ناحییەکان (من محافظة) فلان (من محافظة) فلان وەکو وایە لە ئەسڵا حەلاڵی ئەوان بووبێت ئێستا ئەمانەوێت لەوانی دابڕین، تەصەورم وایە دارشتنەکەی وابێت کە (الأقضة والنواحي الواقعة الآن ضمن محافظات) فلان و فلان و فلان و تۆزێك وەکو وایە شەرخێك بێت یان وەکو وایە هی ئێمە بێت وبردبیانەتە سەر پارێزگاکانی خۆیان، تۆزێك ڕوونتر دەبێت، بەلام کە دەڵێی (من محافظات) فلان بەتەصەوری من تۆزێك ئیحائێکی تر ئەدات بە دەقەکە ئەمە یەك، دووەم سەبارەت بەوەی سوپامان هەبێت لەشکرمان هەبێت، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەمە پاساوێکی قانونی هەبێت پێویستە نموونەیێك لە نموونەکانی دونیا لەبەر دەستمان بێت بۆ بەیانی و دوو بەیانی لە کۆنگرەکانی دەرەوە لە ڕۆژنامەکانی جیهان بتوانین وەلامیان بدەینەوەو بەش بەحاڵی خۆم موختەس نیم لەم کارەدا، بەلام ئەوەندەی پێشنیارێکم لەسەر ئەمە هەبێت لە هیچ ولاتێکی فیدرالیدا سوپای تایبەت نییە بە فیدرال لە ڕاستیدا، بۆیە بە تەصەوری من موناقەشەیەکی باشی ئەمە بکەین بۆ ئەوەی بەیانی و دوو بەیانی نەکەوینە بەر گیروگازی فشاری عەرەب و تورك و ئەملاو ئەملا لەسەر ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا بەختیار، بەڕێز کاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دیارە بۆ جاری یەکەمە کورد دەنگێشەی دەستوری قانونێکی ئەساسی بۆ خۆی دانێتن ئەمەش شتێکی مێژوویی زۆر گرینگەو خۆمان بە سەربەرز و سەر بڵند دەزانین کە بەشداری لەم دەستورە بکەین. من چەند تێبینییەکم هەیە پێشکەشی جەنابتان و پەرلەمانی دەکەم، لەسەر ماددەی یەك: لەوێ هاتووە (اقلیم کوردستان من اقالیم الجمهوریة الفدرالیة العراقیة) دیارە ولاتی ئێمە لەسەر دەرگای گۆڕانکاریەکی گەورەیە، وەکو دیارە حەتمی دێنە کرن بەقەناعەتی من ئەگەر دەستی خۆ ببەستین بە نیزامی جمهوری ئیحتیمالە دەستبەستنێکی بزانم ئەمە دەمینێت مەتروك بۆ میللەتی

عێراقی پاشە رۆژێ ئەوەکان سیستەمی دیاری بکەین، لەبەر هەندێ بەقەناعەتی من جێگیری بکەین گەلێك باشە ئەویش فی رەنگی دەبێت: (اقليم كوردستان من الأقاليم العراقية الفدرالية ويكون نظامه السياسي برلمانيا ديمقراطيا.) دەستی خۆمان نەبەستینەوە بە نیزامێکی کۆماری، سبەی رۆژێ میللەتی عێراق غیر سیستەمێ بۆ خۆی دیار بکاتن ئێمەش لەگەڵ ئەوان هیچ مانعمان نەبێت بەرای من باشترە، دوو: ماددەی سێ دبێژێت:( الشعب مصدر السلطات و اساس شرعيتها). ئیحتماله وەکو موستەڵەح هەندێك مانای هەبێتن، بەرای من بزفڕێینەوە بۆ بەیاننامەی ماڤی جیهانێ دبێژیتن: إرادة الشعب هي مصدر السلطات. نەك (شعب) (ارادة شعب) بۆیە بە قەناعەتی من وشەی (إرادة) لێرە بە قوەتر دەبێت. بەڵێ سەرۆکی پەرلەمانێ من لەگەڵ وشەی (إرادة)م ئەگەر بزفڕێینەوە سەر بەرنامەی ماڤی ئینسان ئیحتماله لەوێ ببینن لە ئیعلان عالەمی حقوقی ئینسان، لە ماددەی (٢١) وشەی (إرادة)ی داناوە، بە قەناعەتی من گەلێك بۆ کوردان گونجاوتر دەبێت بەتایبەتی وەکو ئیستلاحێکی شارستانی زیاتر بێتە ئیستعمال کردنێ و دوو ماددەی پێنجەم:( تكون مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان). بەقەناعەتی من حەقی کوردە شارێکی بۆخۆی دابنێت بە پایتەخت و تەجاوزی حقوقی خۆمان ناکەین و حەقی میللەتی کوردە هەر شارێك ببتە پایتەختی خۆ، وەکو کەرکووکیش تەبعەن لامان گرینگە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی هەیە، ئەمەش دەزانین چ بەسەر خەڵکەکەی هاتووەو بۆچی ئەوە هاتۆتە هەڵبژاردن، من ئیسرار دەکەم ئەوە بمینێت وەکو تەقدیر بۆ فیداکاری و تایبەتمەندی شاری کەرکووك، بەڵام مانعمان نییە ئەگەر ئەمە ئیزافە بکرێت: ويجوز إتخاذ أي مدينة عاصمةً للأقليم. ئەوجا (عند الضرورة) بەس. ماددەی حەفتەم لەسەر هێزی چەکداری دیفاعکەر، من پێشنیار دەکەم بۆ تەنزیم و رێکخستنی ناحیەی قانونی (وتنظم تشكيلاتها بقانون) ئەم عیبارەیە بێتە ئیزافە کردنێ، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د.رزگار، بەڕێز کاك عزالدین فەرمووو.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لەناو کوردستان ئەو شوێنانەی کە دەستنیشانمان کردووە ئێمە قەزای (عەلی غەربی)مان لەبیر چووە، (عەلی غەربی) نیسبەتی کورد هەر وەکو (بەدرە و مەندەلی) ئەوانە وابێت، بەڵام لە عەمارە هەر ئەو کلکەیە کە دەچێتە خوارەوە بەلای چیای پشتکۆوە، وابزانم (عەلی غەربی)ش بخەینە سەری، هەرچەندە زۆریش ناهێنی بەڵام با هەبێت، بۆ (تلکیف و ئەلقۆش و بەعشیقەمان) هەیە ئەوا برا ئاشوری و براکانی بادینان قەراری بدەن ئایا (تلكيف) لەسەر کوردستانە یان نا؟ چونکە لە سنوۆری کوردستاندایە، ئەوەش تۆزێك لێی وردبینەوە وابزانم شتێکی باشە، لەم ماددەیە ئاشوری و کلدان ئەمیش وابزانم لە خۆیان بپرسین، چەنکە لەناو خۆیان کێشەیەکی وا هەیە کە کلدان بە قەومییەت نازانن، کلدان مەزهەبە، کە بە حسابی خۆیان هەموویان خۆیان بە ئاشوری دەزانن زمانەکەش زمانی سریانییە، ئارامی یان ئەوانەیە، هەر چەندە ئەو وشەیە بەعسییەکان دروستیان کردووە (الناطقين بالسريانية) کە هەموویان دەگرێتەوە ئەوان بۆ ئەوەیان بوو یەکسەر

بیانکەن بە عەرەب هەر هەموویان پێکەوە، بەڵام وابزانم ئەمەش ئاشورین و کلدان وەك دوو فكرەن ئێمە لێرە قەومییەت باس دەکەین، مەزهەب باس ناکەین ئەگەر مەزهەب و دینیش باس بکەین ئێمەش خەڵکمان هەیە کوردن و موسڵمان نین بۆ نمونە، جا ئەوەش وابزانم هەستی ئەوان وەربگرین و پرس بەوان بکەین بۆ مەسەلەی ئاشور و کلدان، یان ئەگەر شتێکی تر دەست کەوێ هەر حقوقی دینی و مەزهەبی ئەبێ ئەقەلیاتی دینی و مەزهەبی لە کوردستان، ئەگەر ئەویش ببرێ یان نەبرێ قەیناکە بە کوردەوەو بە ئاشورەوە بە عەرەبیشەوە بە خەڵکی ترەوەش. مەسەلەی سوپا ئەوەی کە ئێمە لە بیرمانە شتێکی وا بڵێین لە دەوری پاشایەتیدا فرقەی دوو لە کەرکوك مەرکەزی فرقەی دوو خۆی چوار فرقە بوو هەموو کورد لەوێ خزمەتی دەکرد، سەرباز لەوێ بوو، ئەفسەرە کوردەکان زۆربەی لەوێ بوو، زۆر جار قائید فرقە لەوێ هەموو شیمالی دەگرتەوە، هەموو شیمال مەبەستم موصلیشە، سلیمانی و کەرکوك و هەولێر و موصل لەوێ بوو مانای زەمانێ کە ئەو جەیشەی هەیە کوردە، دەقێکی وا بدۆزینەوە کە بەم جۆرە نەبێت، ڕەنگە بیکەن بە هەرا چونکە ئێستا هیچ نەگوتراوە، من گوێم لە هەندێك شوێن بوو لە ڕادیۆ و شت بوو دەڵێن داوای کەرکووك دەکەن بە پایتەخت بە نوقتەی یەکەم، داوای ئەوە دەکەن کە سوپای خۆیان هەبێت. من کەرکووك هەر لەگەڵیام با هەبێت کەیفی خۆیانە، ئێمە کەرکووك لامان پیرۆزەو ئەمانەوێ فعلەن، ڕەنگە هەولێر لەم ڕووەوە کە لە ناوەڕاستدایە باشتر بێت، بەڵام هەولێریش بۆ کەرکووك وازی لێ دەهێنن لە پایتەختییەکە، بۆ سلیمانی وازی لێ ناهێنن، بەڵام بۆ کەرکووك وازی لێ دەهێنن، من ئەوە لەگەڵدام چی ئەڵێن با بیڵێن، کورد هەمووی پێی خۆشە ئەگەر ئەم چەند خاڵە بخرێتە پێش چاو بەلامەوە شتێکی باشە وسوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر د.عزالدین، تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم چیتر وەرەقەم بۆ نەنێرن ناویان بنووسم، ئەوانەی دەستیان بەرزکردۆتەوە ناویان نووسراوە ئەوانەی تا ئێستاش وەرەقەیان نارد ناویانمان نووسین لەوە زیاتر نانووسین، مەجالی موناقەشەو ئەوانەش زۆر دەبێت، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر زین العابدین فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت تەوجیهت دا کاتی خۆی دانیشتنی پێشوو، ئەوەی کە تێبینی هەیە بیدات بە لێژنەی بەڕێزی یاسا، من تێبینی خۆم داوە لەوێ ڕەنگە بەنیسبەت من تکرار بێت داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام هەندێك شت هەیە ئینسان، مادەم حوریەت و ئازادی هەیە با ئینسان قسان بکات لەم پەرلەمانە بە ڕێکوپێکی بەبێ تەحەفوز ڕای دەربڕێت بەڕاستی، ئەم ماددانەی ئێمە (أحكام عامة) هەشت ماددەیە من تێبینیم لەسەر ئەمەیە ئەگەر ببێتە نۆ ماددەو دینی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر ئیسلام بێت تەبعەن هیچ خەلاتێك نییە کەس بمان داتێ، ئەوە تەحسیل حاسڵە، بەڵام چونکە (أحكام عامة)یە حەقە ئەم تەحسیل حاسڵە تکرار ببێتەوە، بەلامەوە لە (أحكام عامة) حەقە ئەوەی تیا بێت، دووەم: لە (یکون و تکون)ی ئەو دوو ماددەیە ماددە یەك و ماددە پێنج (یکون نظامە السیاسي جمهوریاً برلمانیا.) من پێم وایە (ذو نظامین) ئەی چەند ساڵە ئەم خەڵکە

تەبعەن چی کردووە (ذو نظام سياسي جمهوري برلماني) (يكون) جەنابتان هەمووتان دەزانن د.عزالدين لەوانەیە چاك بزانێت پسپۆڕی زمانەوانییە (يكون) بۆ موستەقبەلە زیاتر، کە گوترا (تكون) بۆ کەرکووك (تكون) تەکونە ئەگەر بۆ نموونە بۆ خۆی بمێنێتەوە، (تكون) ئەمەش بۆ موستەقبەلە تەبعەن، ئەمەش پرۆژەیەکە بریاری لەسەر دەدرێت، ئەم پرۆژەیەش قابیلی قسەیە، قابیلی ئەوەیە کە پرۆژە بێت، گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و گەلی کوردستان ئەوەیان قبوڵە کەوا پرۆژە بێت قابیلی گۆڕان بێت دوایی تەبعەن لەسەر ئەم خاڵانە قسان دەکات، بۆ بابەتی ئایندەی کوردستان بۆ لە ئایندەی عێراقدا. تێبینییەکی تریش بوو بەنیسبەت تەبعەن (الشعب مصدر السلطات وأساس شرعيتها) من پێم وایە (الشعب مصدر السلطات وأساس شرعيتها يمارسها بالأستفتاء أو عن طريق ممثليه) بۆ ئەوەی کەوا شتەکە بېڕێتەوە، بە حەقیقەت هەندێ گومان هەیە بەنیسبەت ئەم ماددەیەوە نەبڕێت هیچ کەسێك وانەزانێت کەوا کەسێك هەیە خەڵقی ئەحکام دەکات یان بۆ نموونە خەڵقی حاڵ و ئەحواڵ دەکات، حەقیقەت کۆمارییەت یان پەرلەمانییەت بریتییە لەوەی کە رەئی شەعب هەموو کۆدەبێتەوە لەلای مومەسیلەکانی ئەو بریار ئەدات بە حەقیقەت، رێکخستنی ئەحکام و تەنفیزی بۆ شەعبە خوای گەورە ئەگەر دانەبەزیوەتە سەر زەوی بۆ ئێمە کەوا ئەحکامەمانی تەنفیز بکات، داویەتییە عەبدانی خۆی بە فوقەها بە پەرلەمانتاران کەوا خۆیان بۆ خۆیان ئەحکامی خۆیان و ئموری خۆیان رێکبخەن و تەنفیزی بکەن، جا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت (يمارسها عند الأستفتاء أو عن طريق ممثليه) پێموایە شتەکە ئەبڕێتەوە، پێشنیارێکی تریش ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن (الجمهورية الفدرالية العراقية) من پێم قورسە ئەگەر بڵێین (الجمهورية العراقية الفدرالية) پێم سوکترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر، بەڕێز عیدۆ بابەشێخ فەرموو.

**بەڕێز عیدۆ بابە شێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە من ناوم نەنوسیبوو، چونکە ئەو پێشنیارەی من دەمکرد کاك کاکەرەش پێشکەشی کرد بەنیسبەت کەرکووك و ئەوانە، ئەوە پێشنیاری من بوو لێژنەی قانونی پێشکەشی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عیدۆ کەواتە پێشنیاری هەردووکتانە؟ بەڕێز کاك علی عبدالله فەرموو.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ خاڵم هەیە، یەکەم پێم باشە پێشەکییەك بۆ دەستوور دابنرێت، چونکە هەموو دەستوورەکانی دونیا بە پێشەکییەك دەست پێ دەکەن، ئەو پێشەکییە لەم پرۆژەیەی دەستوورە نییە. لە ماددەی شەش پێم باشە برگەیەك زیاد بکرێت بۆ جەژنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوە لە زۆربەی دەستوورەکانی تردا باسی جەژنی نیشتمانی دەکرێت بەڵام لێرە نەکراوە. بەنیسبەت ماددەی حەفتەوە منیش لەگەڵ بۆچونەکەی بەڕێز کاك سعدی احمد پیرەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك علی، بەڕێز زەهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زهراء طه حاجی سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر ماددەی یەکە: (اقلیم کوردستان من اقالیم الجمهوریة الفدرالیة العراقیة ویکون نظامه السیاسي جمهوریاً برلمانیاً دیمقراطیاً.) من دەبینم وشەیەکی تەعەددودی هەبێتن، مادام دیموکراتیيە نیزامی ئێمە، با وشەی تەعەددودی ئیشارەت پێ بدەن باشترە. تێبینی دووەمم لەسەر ماددەی چوارە، من ئەبینم وشەی ئەرمەن لە جێی خۆی هاتووە بە تەسەلسولێکی باش هاتووە (تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەن و عەرەب) چونکە ئەو شەریحانە پێ دەحەسن ڕاستە هەر چەندە چەند ساڵە ناوی ئەوان نییە یان لەبیر کراون، لەبەر هەندێ داکۆکی ناوهێنانی وان وەك حەساسیەکی چێ نەبێت دەبینم چ زەرەرێکیشی تێدا نینە وشەی ئەرمەن بمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ زەهرا خان، بەڕێز نهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ خاڵم هەبوو وابزانم برادەران زۆربەیان باسیان کرد، یەك لەوانە (اقلیم کوردستان من اقالیم الجمهوریة الفدرالیة العراقیة) پێم باشە وەکو مامۆستا باسی کرد (الجمهوریة العراقیة الفدرالیة) تەنها سیغەکەی بگۆڕێت، هەروەها ماددەی پێنجەم (تکون مدینة کرکوك عاصمة لاقلیم کوردستان.) منیش پێم باشە کە شتێکی بۆ زیاد بکرێت (أو أی مدینة أخری) چونکە کەرکووك لە موستەقبەل ئیحتیمال هەیە نەکرێت ئەگەر نەکرا حەلێکی بۆ دابنێین کە مەدینەیەکی تر بێت. ماددەی حەفتەمیش (لاقلیم کوردستان قوات مسلحة دفاعیة خاصة به.) وەکو کاك مەلا بەختیار باسی کرد، هیچ هەرێمێکی فیدرالی نییە هێزی تایبەت بەخۆی هەبێت، یان دەقێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە یانیش شتێکی تری بۆ بدۆزنەوە، نازانم ئەمە بۆنی ئیستقلالیەتی لێ دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ نهلە خان، بەڕێز کاك جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەك هاتووە (اقلیم کوردستان من اقالیم الجمهوریة الفدرالیة العراقیة) ئێستا ناوی عێراق (جمهوریة العراق) ئەگەر فیدرالیش بگوترێ (من اقالیم الجمهوریة العراقیة الفدرالیة) چونکە دەبێت ئیحترامی عێراقیش بگرین و ناوی ئەو حالیەن کۆماری عێراقە لە هەموو رەسمییاتێکدا. ماددەی دوو هێژا سەرۆکی پەرلەمان، پارێزگاو قەزاکانی هەرێمی کوردستان، لێرە (تلکیف) نەهاتۆتە کردن، (تلکیف) زۆربەی عێراق پتر هەمی کلدان و ئاشورینە، ناحیەی وانە هەمووی کوردن لەوانەیە هەندێك عەرەب هاتبنە ئیسکان کردن، لەبەر ئەوە پێویستە (تلکیف) بێتە

ئیزافه کردن، ڕاسته ناحیەی (ئەلقۆش) هاتۆته زیادکرن، (ئەلقۆش) هەمووی کوردن ئەگەر هەندێك عەرەب پشتی ١٩٦١ هاتبنە ئیسکان کردن، بێته ئیزافه کردن چاتره. له ماددەی چوار هاتووه (یتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و الاثنيات القومية (التركمان و الآشوريين و الكلدان و الارمن و العرب)) ئەبینین چاکتره ناوی ئاشوری و کلدانی بەری غەیری وان بن، چونکه عێراقی کەونن، ئەسڵین، ناوی ئاشورین و کلدانین بەری غەیری وان بن دەبینم پتر ئینسافه، وەلەو برادەرانی ئاشوری دەبوایه ئەم تێبینییەیان گوتبا. ماددەی هەشت...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوره ئەم خاڵه تێنەگەیشتین هەندێك ڕوونی بکەرەوه.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی چوار هاتووه (یتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و الاثنيات القومية (الآشوريين و الكلدان)) له پێش ئەوانی تر بن چونکه حەقی خۆیانه عێراقی کەونن و ئەسیڵن، هەروەها له هەموو شۆڕشێك پیشکدار بووینه، چونکه هەندێکی ئەبەد نه ماندوو بووینه ئەمەش فەرقه، مانای ئاشورین و کلدان له هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بەشداریان کردووه، خۆی عێراقی کەونن یەعنی بێینه کاتی ئاشورین یان بابلین حەقی وانه، چونکه هەندێکی دی موهاجر بوونه هاتوونه لەبەر هەندی دەبینم (الآشوريين و الكلدان والتركمان و الارمن و العرب) . ماددەی هەشتەم له ریزی کۆتایی ( العربية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.) لێره لایەنی زمانەوانییه (واللغة العربية) وشەی (لغة) زیاد بکرێت چاکتره (واللغة العربية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك جەمیل، بەڕێز کاك مصطفى قادر فەرموو.

**بەڕێز مصطفى قادر محمد(چاورەش):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی پێنجا که دەڵێ: (تكون مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان). دیاره ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاکەرەش پێم شتێکی باشه، چونکه ئێستا خۆتان ئاگادارن ئەوا له چەند ڕۆژی داهاتوودا موناقەشه دەکرێت لەسەر ئەوەی که خۆمان تەقدیمی ئەکەین بەدەستی موعارەزه، ئەوه شتێکیش نییه که ئینسان ئەوه حەزی هەموومانه ڕەنگه ئەگەر به دەستمان بێت خوارتریش پایتەختی کوردستان بێت، بەڵام که شتێك دەکەین ڕەنگه بۆ ئەوه بێت لێمان قبوڵ بکرێت، ڕاسته بۆ مێژووه بۆ موستەقبەلی کورده هەموو خەڵك ڕەنگه بڵێن ئێستا بۆ ئەوه دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمه هەموومان به ئاواتی ئێمه بێت به حەزی هەموومان بێت پێمان خۆشه لەوه زیاتر بێت، بەڵام ئێمه شتێك تەقدیم دەکەین که قابیلی قبوڵ بێت و موناقەشه بکرێت، ئەوه شتێك نییه کەوا نوسیمان یەکسەر قبووڵ کرا، من پێم باشه ئەگەر بکرێت ئینسان موناقەشەیەکی زیاتر بکات و، بۆ ئەوەی کەوا زەقیش نەبێت، شتێك ئەوەی کاکەرەش باسی کرد شتێك ئیشاره بدرێت بۆ ئەوەی

ئەگەر یەکێك قسەی کرد جوابەکی بدرێتەوە، جا لەبەر ئەوە من پێم باشە ڕاستە پرۆژەکەی لە لایەن پسپۆڕانی هەردوولاوە و شارەزایانی هەردوولا قسەیان لەسەر کردووە، بەڵام جاری وایە پیاو ئەمەی لا قورسە، چونکە خۆمان دوژمنەکانی خۆمان ئەوەندە بینیوە لەسەر حەقێکی خۆمان نەك کەرکووکمان داوا کردووە شتی تریشمان داواکردووە چیمان بەسەر کراوە، بەڵام ئەگەر ئەوە چارەیەکی بکرێت سوپاستان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك مصطفى قادر، بەڕێز کاك فلك الدين کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەم شوێنە گۆڕانکاری لەسەر هەندێك خاڵ ببێت باشە، لە ماددەی هەشت منیش پەسەندی ئەوە دەکەم کە بە ژمارە دابنرێت، (يتكون اقليم كوردستان من : ١ ، ٢، ٣ ) ئەوە زۆر باشترەو لە زۆر شت رزگارمان دەکات. دوو ئەوانەی کاکەرەش باسی کرد (١٩٦٨) پێوە ببەسترێت، ئەو پێشنیارەش کەکرا کە چۆن چۆنی ناوی ئەو قەزاو ناحیانە بێنین کە لەو پارێزگایانەی ئێستان، باشترین شت ئەوەیە ئەگەر بڵێین بۆ نمونە سنجار و تەلعەفەر و زمار و، لە کۆتاییەکەی (الملحق حالياً) (الملحقة بمحافظة موصل وفكها وربطها بمحافظة فلان) یەعنی ئێمە کاف نییە تەنها ناوی بێنین، دەبێت ناوی ئەو پارێزگایە بهێنین کە پێوەی دەلکێنین. بۆ نمونە: خانەقین و مەندەلی، دەبێ بڵێین خانەقین و مەندەلی (الملحقتين بمحافظة ديالە وفكهما وإلحاقهما بمحافظة فلان) نابێت هەر ئەوها بەرەڵا بمێنێتەوە، یەعنی قەزایەك یان ناحیەك نابێت ئەوها بمێنێتەوە دەبێ ببەسترێت بە پارێزگایەکەوە، لەبەر ئەوە دەبێت دووبارە دابڕێژرێتەوە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە (١ ،٢ ، ٣ ، ٤ ) و، هەر فەقەرەیەکیش بەشێوەیەکی تر ئەوە بکرێت و ناوی پارێزگاکان بێت خراپ نییە. بەنیسبەت ماددەی چوار، دوو سێ شتی چەمکی سیاسی و هەتا فکریش تێکەڵاوی دەبێت، چونکە دەڵێت: (يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و الاثنيات القومية) باشە بۆ نەڵێت (من كافة القاطنين في الأقليم من كورد ....وإلخ) بۆ ئەوەی جیاوازی نەکەن ئەگەر بمانەوێت نەختێك مساوات بێت و، عەرەب خراوەتە ئاخیر فەقەرە کەوا نییە، عەرەب ئەگەر بە ژمارە دانرابێت، ئەگەر ئەو سنوریە ئیدارەی ئێمە داومانەتە سنوری هەرێم، عەرەب لە تورکمان زۆرتر دەبێت ئەگەر وابێت و جێبەجێ بکرێت، ئێمە هەموو خەریتەکە بخەینە بەرچاومان، گەورەترین ڕەسەن دوای کورد عەرەب دەبێت لە هەرێم ئینجا تورکمانە بە ژمارە، ئەگەر تەماشای سەرژمێری بکەین، ئاشوری و کلدانی و ئەرمەن من دەمەوێ ئەرمەن بمێنێت گرفت نییە، سابیئەش هەیە لە کەرکوك (٢٠٠٠) ئەرمەن زیاتر هەیە، ڕاستە دیانەتە زیاتر، بەڵام قەومیەتێکی سەربەخۆن، ئەگەر ئەوان بمێنن (والسابئة والأرمن وغيرهم) یەعنی (غيرهم) زیادبکەین، ئەو (غيرهم) زۆر شت دەبڕێتەوە، ئەگەر ئەرمەنیش نەنووسرێت ئەوا (غيرهم) بنووسرێت هەموو شتێك دەگرێتەوە ئەگەر ئەرمەن نەنووسرێت، مەبەستم ئەوەیە عەرەب نەکەوێتە دوای هەمووی، نەلایەنی سەرژمێری و نەلایەنی ئەهەمیەتی دەستوورەکەش دروستە. (تكون مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان.) ئێمە هەموو موتەفقین

ئەبێت کەرکوك پایتەختی کوردستان بێت ئومێد و هیوامان ئەوەیە، خەباتمان بۆی کردووە، بەڵام لەبەر ئیحتیاتێکی سیاسییە ئێمە لە ماددەی دوو دامان ناوە لە هەرێمی کوردستان، خۆی مانای وایە لە هەرێم هەیە لێرە ناوی بێت یان نەیەت لە هەرێم هەیە، بەڵام ئێمە واحسابی دەکەین کە لە ئایندەدا کەرکوك دەگەوێتە سەر هەرێمی کوردستان سنوورەکەی و، بۆ ئیحتیات وادابنێین (ویجوز للبرلمان تعیین مدینة کوردستانیة اخری) ئەمە بۆ ئیحتیاتێکی سیاسییە، چونکە وەزعی سیاسی هەموو شتێك بە دەستی ئێمە نییە، دەبێ حسابی بۆ بکەین موعادەلاتی دەوڵەتی هەیە، موعادەلاتی هەرێمی هەیە، موعادەلاتی ناوخۆ هەیە، بۆ ئیحتیات ئەو (یجوز)ە دابنێین بۆ ئایندە، دەنا ئێمە بڕوامان هەیە کە کەرکووك ئەبێت پایتەختی کوردستان بێت. بۆ ئەوەی کە ماددەی حەفت کە دەڵێت (لاقلیم کوردستان قوات مسلحة دفاعیة خاصة بە.) ڕاستە ئەمە لەوانەیە هەندێك گومان وهەندێك مقۆ مقۆ دروست بکات، باشترە یان نەبێت وەکو برادەران گوتیان یان ئەگەر دابنرێت وادابنرێت: (لاقلیم کوردستان قوات محلیة خاصة بە) یان (تشکیلات نظامیة) جا نازانم وشەی (نظامي) مانای پۆلیس ئەدات مانای ئەوە ئەدات، مانای وشەیەك بێت بۆ ئیدارەی محەلی بێت، نەك بۆ ئیشی هێزی چەکداری جەیش بێت، بەڵام فەقەرەیەکی پێویستە لەم ماددەیە یان لە ماددەکانی تر ئەوە بکرێت وەکو وابزانم مامۆستا مەلا بختیار یان د.عزالدین بوو ئیشارەتی بۆ کرد کە خدمەی عەسکەری لە کوردستان بێت جا نازانم لە جێگای تر هاتووە ئەوە زۆر گرینگە، لە ماددەی هەشت بڕگەی سێیەم دیسان عەرەب خراوەتە کۆتایی، من ناڵێم یەعنی لەبارە ئەوە زمانی عەرەبی مادەم ئێمە لە بڕگەی دوودا دەڵێین موراسەلات بە زمانی عەرەبی و کوردییە، کە دێتە بڕگەی سێیەم دەبێتە زمانی عەرەبی یەکەم جار عەرەبییەکە بێت ئەوجا تورکمانی و ئەوانە، یەعنی نەختێك بچووك دەبێتەوە شتەکە ڕەنگە لەڕووی نەفسی و لەڕووی فکری و سیاسییەوە زۆر دروست نەبێت، بڕگەی سێ بەم شێوەیە بێت: (تعتبر اللغة العربیة لغة ثقافة و تعلیم الی جانب اللغة الکوردیة) ئەمجارە تورکمانی و ئەمجارە سریانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك فلك الدین کاکەیی، بەڕێز کاك شوکەت حاجی موشیر فەرموو.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دووەم کە ناوی شوێنەکانی تابع بە پارێزگای دیالە هاتووە بە پێویستی دەزانم ناوی شارەبانیش بنوسرێت، چونکە شارەبان عێراق ناوی گۆڕیوە کردویەتی بە (مقدادیە) ناوی شارەبانیش بێت لەگەڵ ئەم ناوانەی کە نوسراوە، لە ماددەی پێنجیش بەڕێزان قسەیان زۆر لەسەر کرد، کەرکووك پایتەختی هەرێمی کوردستان بێت، بەڕاستی هەمووومان ئاواتمان ئەوەیە، بەڵام خۆمان نەبەستینەوە بە هەندێك شتەوە کە دوایی حەساسییەتمان زیاتر بۆ دروست بکات، هەمووشمان باسی ئەوە دەکەین بە هەردوو حزبە گەورەکەشمان کەرکووك شاری برایەتی و پێکەوە ژیانی قەومییەتەکانی ترە، سیغەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە. لە ماددەی حەفتیش وەکو کاك بەختیار گوتی و برادەرانی تریش باسیان کرد، لەهیچ هەرێمێکی فیدرالی دونیا هێزی چەکداری

تایبەت نییە، بۆیە ئەوەی کاك فلك الدین باسی کرد هێزی ناوەکی هەبێت باشترە نەك بەم شێوەی هێزی چەکداری تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك شەوکەت، بەڕێز کاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باری سەرنجم لەسەر باری زمانەوانییە لەسەر جۆری ناوبردن و ناوهێنانەکەی کۆمارەکە کۆماری عێراق، فدرالی وەسفە بۆی سیستەمەکەیە لەبەر ئەوە لە ڕووی زمانەوانی چ بەکوردی بێت و چ بە زمانی عەرەبی بێت دوای وشەی عێراقییە. لەبەر ئەوە دەبێت بچێتە دواوە نەك لە پێشەوە بێت، کۆمارەکە عێراقە، سیستەمەکەی فیدرالییە، وەکو چۆن هاوەڵانم جەختیان لەسەر کردەوە منیش لەگەڵ ڕای ئەوانم، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد سالار، بەڕێز کاك نجم الدین فەرموو.

**بەڕێز نجم الدین رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی پێنجەم کە دەڵێت کەرکووك پایتەختی کوردستانە، بەڕای من هیچ پێویست ناکات دەستکاری ئەمە بکەین، چونکە خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکە کە سبەینێ دەخرێتە بەردەم ئەو دەوڵەتە دیموکراتییە پەرلەمانییە، کە ئێمە پێویستە لێی نەترسێین و، هەر چ شتێکمان هەیە حەقی خۆمانە چییە سەبارەت بەو مەسەلەیەی میللی بتوانین لەبەر دەمی ئەوان تەرحی بکەین، جگە لەوەی کە ئێمە کاتێك باس لەوە دەکەین کە کەرکووك کوردستانە، دیارە ئێمە واز لە کوردستانییەتی کەرکووك ناهێنین و ئەبێ بێتە ناو جوگرافیەی کوردستان و هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر مەبەست لێرە ئەوە بێت چەند نەتەوەیەکی تری تیادا دەژی بۆیە ڕەنگە نەبێت بە پایتەختی کوردستان، زۆر شوێن هەیە وەکو ئەستەمبوڵ سێ ملیۆن کوردی تیایە و، بەغداد کوردێکی زۆری تیایە لەبەر ئەوە بە پێچەوانەوە پایتەخت عادەتەن خەڵکی جۆراوجۆرو نەتەوەی جۆراوجۆری تێدا کۆدەبێتەوە، لەبەر ئەوە وەختێك ئێمە داوای هێنانە کایەی ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی لە عیراقا دەکەین لەبەر ئەوە بەڕای من هیچ پێویست ناکات و، هیچ لەوە نەترسین کە کاتێك مەسەلەیەکی وا دێتە پێشەوە و، لێرەشا لەم دەستورە پێشنیار کراوە کە سبەینێ لەگەڵ ئەم دامودەزگایە باس دەکرێت پێویست بەوە ناکات شتێکی تری بۆ زیاد بکرێت لە ئێستاوە خۆمانی پێ بترسێنین و خەڵکی تریشی پێ بترسێنین خەڵکێکی زۆریش ئەمەیان خوێندۆتەوەو لە ئێستاوە لێی پەشیمان ببینەوە، لەبەر ئەوە بەڕای من وەکو خۆی بمێنێتەوە. بەنیسبەت ماددەی حەفتەم کە دەڵێت (لاقلیم کوردستان قوات مسلحة دفاعیة خاصة بە.) بەڕای من ئەوە گرفتی زۆرە، ئەوەی کاك فلك الدین گوتی شتێك لەم بابەتە بێت باشە، من لێرە لە دەستوری پێشنیارکراو بۆ عێراق لە ماددەی (٧٨) دەڵێت:( أولاً: تکون قوات البیشمرگە وتشکیلاتها الحالیة جزءًا من القوات المسلحة لاقلیم کوردستان.) ئەوە لێرە مەعلومە کە ئەو پێشمەرگانەیە کە هەر لایەك هەیەتی، بڵێین

یەکێتی هەیەتی یان پارتی هەیەتی یان حزبەکانی تر هەیانە، کە ئەمانە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە کە خۆی لە خۆیا لەوانەیە ئەمە گرفتێکی گەورە بێت، ڕەنگە جێگای مەترسی بێت بۆ هەموو لایەك هەتا بۆ بوونی ئەم دەستورەی کە هەیە، لەبەر ئەوە لە بەشی دووەمی دەڵێت: (ثانيا: يؤدي أبناء كل اقليم الخدمة العسكرية في اقليمهم.) لەم حاڵەتە ئەگەر ئەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی خۆمانن (کوردەکان، زابتەکان، عەسکەرەکان) لە ناوچەی خۆمان بن ئەوە خۆی لە خۆیا باشترین هێزی چەکدارە بۆمان، بۆ ئەوەی لە زۆر ئیشکالات نەجاتمان بێت بەرای من یا نەینووسینەوە یان ئەوەی لێرە لەو دەستوورە نووسراوە ڕەنگە کافی بێت بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك نجم الدين، بەڕێز حاکم سەفەر محمد حوسێن فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە پێشکەوتووە لە رووی قانونی و سیاسی و، سنوری هەرێمی کوردستانی لە رووی مێژوویی و جوگرافی وەرگرتووە زۆر بە نەزەری ئیعتبار، تەنها پارێزگای موصل نەبێت وابزانم زۆر شتی ماوە کە زانراوە پارێزگای موصل هەر چ روویەکی مێژوویی بێت یان تاریخی بێت دەکەوێتە هەرێمی کوردستان و، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە دەوڵەتی عێراق دامەزرا پاش جەنگی یەکەم و، مەسەلەی ولایەتی موصل زانراو ئاشکرایە کە ولایەتی موصل کوردستان بوو بەبڕیارێکی عوسبەتول ئومەم نوسێنرا بە عێراق، پرۆژەکە بەڕاستی بەنیسبەت شاری موصل لەوانەی قەزای تلکێف و حەمدانییەو وابزانم زۆر موافق نینە، من ئێستاش لەو باوەڕ و قەناعەتەم کە ڕۆژهەلاتی شاری موصل قەزای تلکێف و حەمدانییەو ئەو نەواحییەی کە لە پرۆژەکە نەهاتووە زۆربەیان کوردن و، ئەسنیاتی تری کوردستانی وەکو مەسیحی و بەتایبەتی کلدان لەوانەیە چەند تورکمان و عەرەبیش لەم ناوچەیە دابن، لە ساڵانی رابردووش لەم ناوچانە بەعەرەب کردن زۆرکراوە بۆ نمونە ناحیەی (وانە) لەوانەی (١٥- ٢٠) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری موصل سنوری ئەم ناحیەیە نزیکی شاری دهۆك دەبێت نزیکەی (١٠- ١٥) کیلۆمەتر دەبێت، شارەکە هەمووی کوردن لەوانەیە زۆربەی گوندەکانیش کورد بن، من لێرە زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئیشارەتی پێ بدەین هەتا تەسبیتی بکەین (على الاقل) ولایەتی موصل قەزای تلکێف و حەمدانییەو ئەو نەواحیانە کە لە پرۆژەکەدا نەهاتووە، خەڵکی ئەم دەڤەرانە لەبیر نەکەین. دووەم برادەرانیش ئیشارەتیان بە سیاغەی ماددەکە دا، ماددەی دووەم کە گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە سیاغەیەکی تازە بکرێت زۆر باشترە با ئەو قەزاو ناحیانە بڵێن تابیعە بۆ پارێزگای موصل یان دیالە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك حاکم سەفەر، بەڕێز کاك شێخ لگیف فەرموو.

**بەڕێز شێخ لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی هەشتەم لە باسی عەرەب، ئەو عەرەبانەی نیشتەجێنە لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: (والعربية لغة الثقافة والتعليم الى جانب اللغة الكردية للعرب) لێرە بڕگەیەکی تریش هەبایە

بەنیسبەت ئەو کوردانەی بڵێین لە هەرێمی عەرەبی نیشتەجێ بوون، وەکو بەغداد و یان بڵێین ناوەراست و جنوب، بۆ کوردیش زمانی کوردی بەسریحی بهاتبایە (والكوردية لغة الثقافة والتعليم الى جانب اللغة العربية). دەربارەی ماددەی دووەم تێکەڵاویەکی تێدایە و لێك جودا نەکراوەتەوە (و محافظة دهوك و اقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر و نواحي زمار و بعشيقة و القوش) ئەمە تەواو روون نییە دەقێکی تریش هەبێت بڵێت: ئەمانە كە لکێنرابوون بە پارێزگاکانی جوگرافییای عەرەبی بلکێنرێنەوە بەو پارێزگایانەی کە ئەکەونە ناو جوگرافییەی کوردستان. لەبارەی ناوی خوا هێنانیش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان شتێکی پیرۆزە و هەموو ئاینەکانیش باوەڕیان بە خوا هەیە، بۆیە ناوی خوای گەورەو میهرەبان بێت باشە. لەبارەی ئاینی رەسمیش ئاینی ئیسلام ئاینی رەسمی بێت وا پێشنیار دەکەین هەرچەندە ئەوە شتێکە گومانی لەسەر نییە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی عەرەبی یان بڵێین هەرێمی کوردیش زۆربەیان ئیسلامن لە دەقەکەدا هەبێت باشە وشتێکی پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك شێخ لطیف، بەڕێز کاك ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم هەیە ئەویش لەسەر ماددەی شەش، ئەگەر ئیشارەتێك بە جەژنی نەورۆز بدرێت وەکو جەژنی نەتەوەیی میللەتی کورد لە هەرێمی کوردستان بێتە دانان خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد، بەڕێز کاك رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە ئەگەر ئیجازە هەبێت پێشکەشی کەم بۆ بەڕێزتان، یەك دەربارەی خاڵی یەکەم کە ئێمە موراعاتا ئیعلاما عەربی بکەین دائیمەن ئەوان دەڵێن (الجمهورية العراقية) بۆیە لێرە ئەگەر بڵێن (الجمهورية العراقية الفدرالية) کە (مضاف و مضاف اليه) نەوەك ئەگەر بڵێین (الجمهورية الفدرالية العراقية) هەر تەواوە، چونکە بۆ نمونە هاتووە (الولايات المتحدة الأميركية) فەرقی نییە بۆ هەندێ تەنها ئەگەر (مضاف اليه ومضاف) بەهێزتر بێت. دەربارەی خاڵی دووەم پێشنیار دەکەم کە لە دوای (ئاسکی کەلەك) بەری من پارێزگای موصل بڵێین (والمناطق الكردية الاخرى في قضائي الحمدانية والتلكيف) چونکە گەلێك گوند و دێی تێدایە هی کوردینەو کوردستانە، لەگەڵ ئەمەش ئەمە مەشموول ببێت و ببێتە هەرێمی کوردستان. دەربارەی ماددەی پێنجەم وابزانم ئێمە گەلێك قەیدا نەخەینە سەر با دەستی پەرلەمانی یان دەستی ئەو وەفدەی دەچێتە مفاوەزاتێ بنووسێ کە کەرکووك پاشی هەندێ کە خیاریش هەیە بەنیسبەت پەرلەمانی کە

شارێكی تر ئیختیار بكات بنووسن: (يفضل أن يكون مدينة كركوك عاصمة لأقليم كوردستان) چونكه میللەتی كورد گەلێك قوربانی داوه لەسەر هەویەی كوردستانیی كەركووكی، نەك پایتەخت بێت یان نا، جا لەبەر هەندێ كه ئیحراج نەبن مەوقفی وان له مفاوەزات یا دەستی وان درێژتر بێت و خیاریش بكەوێتە دەستی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی پایتەخت. دەربارەی ماددەی هەشتەم خاڵی سێیەم (تعتبر اللغة التركمانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للتركمان و اللغة السريانية.....) ئەمەیان زۆر درێژە و تكراریشی تێدا هەیە، ئەگەر ئێمه بمانەوێت تەئكیدی ناوی توركمان و سریانی و ئاشوری بهێنین ئەوه دروسته ئەگەر نا بڵێین: (تعتبر اللغات الأثنيات القومية في الأقليم لغات الثقافة والتعليم الى جانب اللغة الكوردية) لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك ڕەجەب شەعبان، بەڕێز كاك حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمه علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر گوترا لەسەر ئەم خاڵانە، بەڵام ئەوەی لای من گرینگە پێویستە ئەوە ڕێك بخرێت ئەو پارێزگا و قەزا و ناحیەی ئەو سنورانە و، من پێم وایە بەعەرەبكردن له (١٩٦٤)وە دەستی پێكردووە، بەڵام لە ١٩٦٨ دەستكاری وەحەداتی ئیداری كراوە و ئیلحاق كراون بەو شوێنانەی كه ویستویانە. دەربارەی كەركووك من پێم وایە ئەمە مادەم پرۆژەیە مادەم شتێكە ئێمە ناتوانین بە تەواوی بیچەسپێنین، لێرە وەك پرۆژەیەك دەچێتە چەند شوێنێكی تر دانوستاندنی لەسەر دەكرێت، من پێم وایە واز له بوونی كەركووك له پایتەختی كوردستان نەهێنین و، هیچی تریشی بۆ زیاد نەكەین ئەگەر هاتوو لەوێ لەو شوێنانەی كە مەبەستە جێگا دەگرێت لەوێ له دانوستاندنا ئەگەر وەكو كورد شتێك لەسەر ئەم بابەتە بكرێت باشترە لەوەی ئێستا ئێمە وازی لێبێنین. بەنیسبەت ماددەی حەفتەمیش (هێزی چەكدار) بەڕاستی ئەوە زەمانە پێویستە ببێت، ئێمە ئەوەشمان لەیاد نەچێت لە ڕێككەوتننامەی (١١)ی ئازار (١٢) فەوج حەرەس حدودمان هەبوو، یەعنی پێشمەرگەكانی خۆمان هەموو ڕێكخران لەو (١٢) فەوجە. ئێستاش دەبێت ئەو پێشمەرگانەی هەنە له كوردستان ڕێكبخرێن، بەڵام ئەگەر نزامیش بن وەكو (هێزی چەكدار) باشترە، زەمانێكە جگە لەوەش وەكو برادەران باسیان كرد لێرەش لەبەر دەستدایە له دەستوری عێراقی فیدرالی ئەوەش جێگیر بووە، من پێم باشە وەكو خۆی بمێنێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك د.ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.ادريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر لە تێبینییەكان لە ڕاستیدا باس كران، بەنیسبەت ئەو تێبینییانەی بەڕێز كاكەرەش لەسەر ماددەی دوو من لەگەڵیمە چاك بكرێت شتێكی باشە، بەڵام بەنیسبەت ماددەی چوار وشەی ئەرمەن بمێنێتەوە، چونكە ئێمە هیچ سەرژمێریەكمان لەبەر دەست نییە بڵێین خێزانێك ماوە یان دوو خێزان كەی سەرژمێریەكی تەواو هەبوو لە كوردستان ئەرمەن هەبووە جا لەبەر ئەوە وەكو خۆی

بمێنێتەوە یان (والقاطنین) ئەوەی کە کاك فلك الدین پێشنیاری کرد ئەوە شتێکی چاکە، بەنیسبەت ماددەی پێنج وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە پێم باشە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کە کەرکووك پایتەختی کوردستان بێت لەبەر گرینگی مێژووی شاری کەرکووك، ئەگەر کەرکووك شارێکی کوردستانییە حەقی خۆیەتیشی پێشنیار بکەین کە پایتەخت بێت دوای ئەوەش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لە ئێستاوە ئێمە لە خۆمانەوە شتێکی پێوە نەلکێنین و کەمکەینەوە لەم شتانە کەی لە گفتوگۆدا لە ئایندەی عێراقێکی دیموکراتی بوو، باوەڕ ناکەم پێچەوانەی ئیرادەی میللەتی کورد ئەو کەسانەی تۆ گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەی بڵێن نا ئێوە حەقتان نییە، بەڵام ئەگەر هۆیەکەی ئەوە بێت بە سەبەبی جوگرافی لەبەر ئەوەی لە سنووری کوردستان نزیکە و لەبەر حاڵەتی شەڕو شتی وا ئەوە شتێکی کەیە. بەنیسبەت ماددەی حەوتەمیش هێزی چەکداری گەلێك پێویستە بمێنێتەوە ئەگەر (المسلحة الدفاعیة) بکرێتە (پێشمەرگە) بۆ نمونە: (لأقلیم کوردستان قوات پێشمرگە خاصة بە) ئێستا هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیزامییە لە وەزارەت تەنزیم کراوە، یاخود تەنها وشەی (دفاعیە)کەی لێ فڕێ بدرێت بۆ ئەوەی ئیشکالات دروست نەکات (قوات مسلحة خاصة بە) ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ئیدریس، بەڕێز کاك فاضل ڕۆوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش ویستم لەسەر دوو خاڵ قسان بکەم، بەڵام دیارە باسی لێوە کرا، لەسەر ماددەی پێنج لەسەر کەرکووك تەنها ئیزافەیەکم هەیە لەسەر گرینگی کەرکووك، هەر لەسەرەتای بزووتنەوەی کوردایەتییەوە کە چەند گرینگی پێ دراوە و، لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی کە یەك لە دوای یەك، نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك لەسەر گەورەیی و پیرۆزی کەرکووك بەتایبەتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول جەنابی بارزانی نەمر کەرکووکی داناوە بە دڵی کوردستان، ئەمانەو گرینگیدانی شوێنی جوگرافی کەرکووك هەروەها ئەو قەومانەی کە ژمارەیان زیاتر لەوێ دەژین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە گرینگییەکەی هەر وابێت وەکو پایتەخت بمێنێتەوە شتی تری بۆ زیاد نەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیا پرسیارم هەیە لە برایانی یاسایی ئایا دەکرێت ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە ئایندە گفتوگۆی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە و ئەو حکومەتە ئایندە بکرێت بۆ ئایندە، هەروەها لە ماددەی حەفت بەڕێزان بە تێرو تەسەلی باسیان کرد لەسەر هێزی چەکداری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام تێنەگەیشتین لەگەڵی دای یان لەگەڵی نیت؟

**بەڕێز فاضل ڕۆوف:**

لەگەڵی نیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك مەلا شاخی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجی(ملا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی دووەم كە باس لە هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی كراوە لە پارێزگای دیالە، منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی كاك شەوكەت لەسەر مەسەلەی شارەبانەوە، هەروەها پێم وایە شارێكی گرینگی دیكەی كوردستانی فەرامۆش كراوە كە ئەویش (جەلەولایە) پێشنیار دەكەم (جەلەولاش) زیاد بكرێتە سەری. لەماددەی پێنجەم منیش لەگەڵ ئەو بۆ چوونەدام كە كەركووك پێشنیار كراوە بۆ پایتەختی كوردستان هیچ شتێكی زیاد نەكرێتە سەر وەكو خۆی بمێنێتەوە. لەماددەی حەفتەم دیارە لە بەیانی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ لەلایەن حكومەتی مەركەزییەوە بوونی حەرەسی حدود دانی پیا نراوە و، حەرەسی حدود هەبووە بە فعلی بۆیە دەقێكی تر بدۆزرێتەوە لە پاڵ ئەوەی كە باس لە سوپا دەكات، دەقێك بدۆزرێتەوە وەكو پاسەوانی سنوور یان هەر ناوێكی تری لێ بنرێت بۆ ئەوەی ئەویش بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مەلا شاخی، حەرەس حدود دیفاع لە حدود دەكات، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەوە من قسەم هەیە، مادەم ئەمە پرۆژەیە بۆ جێبەجێ كردن نییە بۆ گفتوگۆكردنە لەگەڵ لایەنی تر، بۆیە دەبێت ئێمە زۆر بە وردی تەعامول لەگەڵ ڕستەكان و وشەكان بكەین و، جۆرە وشەیەك دابنێین كە قەت قابیل نەبێت بۆ تەفسیر یا بە دوو دیو تەفسیر بكرێت، چونكە دەزانین ئەگەر تەفسیر هەڵبگرێت تەفسیرە باشەكەمان بەر ناكەوێت، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین شتی تر زیاد بكرێت، مادەم لێرە دەڵێت (تكون مدینة كركوك عاصمة كوردستان) (تكون) من زمانەوانیش نیم زمانی عەرەبیش باش نازانم بەلام (تكون) بۆ دوارۆژ دەگەڕێتەوە بەردەوامییەكی تیایە، لەبەر ئەوە حەز ناكەم ئەوەی هەمانە ئەوەی تمووحی ئێمەی كوردە ئەبێ لێرە لەم پرۆژەیە جێگای بكەینەوە و، دیفاعیشی لێ بكەین و گفتوگۆ و شتی تر هەڵ بگرین بۆ شوێنی تر، ماددەی پێنج وەكو خۆی بمێنیتەوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز فەوزیە خان، ئەو بەڕێزانەی ناویان نوسرابوو هەموو قسەیان كرد، هەروەها ماوەتەوە بەڕێز كاك شمایل ئەویش داوای كردووە كە ئاخیر قسەكەر بێت، بەڕێز كاك شمایل فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

السید رئیس المجلس الوطني المحترم، الزملاء أعضاء البرلمان.

في البدایة شكراً من الأعماق للأستاذ عزالدین لمداخلته حول تسمیة شعبنا وفي الحقیقة هذه لیست اول سابقة للأستاذ عزالدین، أتذكر جیداً مداخلته في عام ١٩٩٢ في موضوع الإقرار بتعلیم اللغات للأقلیات أو الأثنیات القومیة كانت مداخلته حاسمة في إقرار الفقرة كما جاءت في قانون وزارة التربیة، موضوع التسمیة هو شأن داخلي ویقال أهل مكة ادرى بشعابها، صحیح نحن لنا عقدة ومشكلة

التسمية، ولكن كنا نتوقع من اشقائنا وحلفائنا الذين إختلطت دماؤنا بدمائهم على هذه الأرض أن يكونوا عوناً لنا في هذا الموضوع، كما قلت موضوع التسمية هو شأن داخلي كل هذه التسميات تسمياتنا فقط فراغ، فراغ. اشوري ، كلداني ، سرياني ، ارامي ، هي كلها تسمياتنا كما الكورد يعتزون ب(الكوتي و الكيشي و الميتاني و الميدي) والخلاف الموجود بين اشوري وكلداني هو أقل بكثير مما موجود بين الأخوة اليزيدية والكاكائية والفيلية في الكورد، التسمية الكلدانية تسمية تاريخية ولكنها في العصر الحديث اكتسب بطابع طائفي أكثر من طابع قومي، هناك الآن أخوة كلدان في السليمانية مثل عائلة علكة، يقرون بكورديتهم وهم كلدان، ولنا كلدان في الموصل يقرون بعربيتهم، ولنا كلدان في الهند هم هنود، ولنا كلدان في كركوك وهم تركمان، الحركة السياسية لشعبنا إتخذت من التسمية الآشورية في العصر الحديث وهذا معروف، وقائع وحوادث مسجلة وتواريخ معروفة، كل من نضج قومياً أو حصل له وعي قومي في الوسط الكلداني رأى نفسه في الحركة القومية الأشورية أتوماتيكياً لأنه يدري الحقيقة ماهي، قادة حركتنا أغلبهم هم كلدان وبنظري الحركة القومية الآشورية هم كلدان أغلبهم، حركتنا الديمقراطية الآشورية قيادتها نصفها كلدان وقاعدتها نصفها كلدان وهذه حقيقة مع كل الأسف يتم التجاوز عليها، من أوصلنا لهذا البرلمان هم الكلدان في زاخو لايوجد نسطوري آشوري واحد (٧٠٪) من أصوات أبناء زاخو كانت الحركة الديمقراطية الآشورية، طبعاً في ظل أجواء كانت أجواء فيها نوع من المساواة ونوع من الأنصاف ونوع من الحرية والديمقراطية، رغم من أن قائمة الحزب الديمقراطي الكوردستاني كان ممثلها إبن زاخو (أمير طوّطا)ولكن (٧٠٪)من أصوات زاخو كانت لقائمة الحركة الديمقراطية الآشورية. نحن حلاً لهذا الأشكال في الحركة الديمقراطية الآشورية نستخدم في ادبياتنا التسمية الآشوري الكلداني أو الكلدني الآشوري وحتى من يدعي عندما تتخذ حجة هناك من لايقبل بهذه التسمية، لايقول نحن شعبان يقول نحن شعب واحد ولكن يصر يريد ذكر كلمة الكلدانية، فنستغرب أن تذكر بصيغة الشعبين بوضع واو بينهما أو بوضع فوارز وأحياناً في أدبيات الحزب الديمقراطي الكوردستاني يضعون قومية أخرى بين الآشوريين والكلدان، وكنا نتوقع حقيقةً من الأخوة في(أوك)موقف اخر ولكن عموماً أقول أن شعبنا وطليعته السياسية ليست راضية بهذه ا الخطوة التي تمس كياننا القومي بالصميم وعموماً حول المشروع أولاً: لن نضيف جديداً إذا قلنا إن شعبنا وحركتنا كان لها موقف واضح من نضال الشعب الكوردي ومن مطاليب الشعب الكوردي ومن بينها خيار الفدرالية في هذا البرلمان شهداء ومن ضمنهم كان شهيد البرلمان الأول الأستاذ فرنسيس يوسف شابو الكلداني من مانگيش ضمن قائمتنا رفع يده للفدرالية، وجميع المحطات الأخرى في مؤتمرات المعارضة العراقية في صلاح الدين وفي نيويورك وآخرها كان عندنا صيغة عمل مشترك مع الاحزاب الخمسة الكوردستانية دخلنا في آلية تقر هذا الحق لشعب الكورد حق الفدرالية. بالنسبة للمشروع كانت لنا مداخلتنا في إجتماع (كويسنجق) قبل أيام وكذلك كان عندنا رسالة قدمت الى الحزبين الحليفين الديمقراطي و الوطني الكوردستاني، أكدنا ملاحظاتنا الأساسية على مفاهيم تتعلق بطموحات شعبنا الآشوري الكلداني بالإضافة الى تقسيم شعبنا الى شعوب وليس شعب واحد وخلافاً لكل وقائع الحقائق التاريخية فأن المشروع يتعامل مع شعبنا بشكل هامشي وليس كقومية لها حق الوجود والشراكة بحكم ثقلها التاريخي، العالم اليوم عالم مفتوح ياأخوان إذا نفتح الدفاتر ونفتح الأرض تتكلم عن حقوقنا أينما تحفر عشرات مئات الاديرة والكنائس المنتشرة هنا وهناك، ودمائنا

التي سالت منذ ١٩١٥ والى ٣٣ والى ٦١ والى حد اليوم ورغم طلبنا الواضح والصريح من خلال اللقاءات الرسمية و خصوصاً مع قيادة الحزب الديمقراطي الكوردستاني بضرورة تشريع البرلمان لوجودنا وتأكيد خصوصيته وتبني مفهوم الشراكة إلا أنها لم تكن هناك أي استجابة، وأكدنا أن لنا ملاحظات أساسية على المشروع في مداخلتنا في إجتماع الأحزاب في (كۆی) لمناقشة المشروع وأيضاً في الرسالة التي بعثناها بهذا الخصوص الى قيادة الحزبين لم نتلق أي اشارة لمناقشة الموضوع ثنائياً او حتى بحكم الحزبين لهم قائمتين في البرلمان التي تحول هذه المذكرة إلى اللجنة القانونية. من جهة اخرى بالنسبة لنا نعتقد أن المشروع يتظمن بعض النقاط العقدية ستقف عائقاً امام قبوله من أطراف عراقية عديدة عربية خاصة وإن بعض من هذه النقاط لايمكن حسمها في هذه المرحلة ونحن نرى من المصلحة، المصلحة الوطنية والمصلحة الكوردية في هذه المرحلة تتطلب تقوية الجبهة الوطنية ورص صفوف المعارضة لنظام بغداد من أجل التسريع في أحداث التغيير المنشود وتخليص الشعب العراقي من الدكتاتورية، لأن هذه المفاهيم ليست لدينا تفاصيل لانستطيع أن نناقش هذا المشروع فنتحفظ عن مناقشة المشروع، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شمایل، ئێستا بەڕێز کاک د.کمال چەند تێبینییەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ جارێکی تر ئەوە دووبارە بکەمەوە کە ئەمەی لەبەر دەستتان دایە پرۆژەیە و، ڕاستە پێویستی بە دەستکاریەکی زۆر هەیە لە ڕووی ڕیزکردنەوە لە ڕووی دارشتنی زمانەوە پێویستە ئەمانە هەموو ڕێکوپێك بخرێنەوە، ئەوە کۆمیتەی یاسایەکە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵێك لە شارەزایانی تر ئەتوانن لە قالبێکی باشترو ڕێکوپێکتر دایبرێژنەوە بێ ئەوەی کە کاربکاتە سەر ناوەڕۆکەکەی ئەو ناوەڕۆکەی کە ئێمە لەسەری ڕێککەوتووین، لەبارەی ئەم بابەی کە ئێستا باس کرا من وابزانم (المجموعات القومیه) ڕاسترە لەوەی کە بڵێی (الاثنیات القومیة) چونکە وشەی (اثني) هەر خۆی مانای (قومی) دەگرێتەوە، هەتا لە زمانە بیانییەکانیش دەڵێن (ئێتنیك گروپ) ئەگەر ئەمە تەرجومە بکەین دەبێتە (الاثنیات القومیة) ئەمەیان وەکو سەرنجێکی کەوا برادەران لە کاتی دارشتنەوەی ڕەچاوی بکەن. لەبارەی سوپای تایبەتییەوە ڕاستە لە هیچ دەوڵەتێکی فیدرالیدا سوپای تایبەتی بۆ هەرێمەکان نییە، بەڵام ئێستا ئەوەش داهاتووە جاران نەبوو ئێستا هەیە لە (بۆسنیا) سوپای تایبەتیان هەیە و، ئێمەش ئەتوانین ئەم داوایە بکەین، ڕەنگە پێشنیازیش بکەین کە ئەو سوپا تایبەتییە هەر ناوی بنێین (سوپای پێشمەرگە) بۆ ئەوەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بپارێزین، ئەوە بنووسین باشە کەوا ئێمە هێزێکی بەرگری تایبەتمان هەبێت، پاشان لەسەر ناولێنانەکەشی ڕێکدەکەوین، بەڵام ئەم هێزە هەبێت باشە و، نموونەشی پەیدا بووە لە دونیادا. مەسەلەی کلدان و ئاشور وەکو کاك عزالدین پێشنیازی کرد بۆ خۆیانی بەجێبێڵین باشترە، ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە کەوا بڵێین هەموو لایەنێك چ قەومی بێت چ دینی بێت مافیان بپارێزرێت و مافیان نەخورێت، جا با بۆخۆیان ڕێککەون لەسەر ئەوەی بە چ ناوێك ناوببرێن باشە کە هەموویان بپارێزێت، ئەوەی کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە ئەوەی کە پێی وتراوە کلدان ئەوانە بوون کە لەگەڵ بابلی نوێ دامەزراون

لە سەدەی شەشەمی پێش زاین. واتە وەختێك ئاشور و كلدان هەبوون، هێشتا ئاینی مەسیحییەت بڵاونەبۆتەوە و پەیانەبووە سەدان ساڵ پاش ئەوە ئاینی مەسیحی بڵاوبۆتەوە لە پاشان ئەوان ئاینی مەسیحییان هەڵبژاردووە، ئەو ئاینە مەسیحییە زیاتر لەیەكی نزیك كردونەتەوە، هەروەها زمانەكەشیان لەیەكەوە نزیكە، زۆر جار هەر بە زمانی ئاشوری بابلی ناودەبرێت و، زۆر جاریش دەڵێن كلدۆئاشوری. هەر چۆنێك بێت ئەوە مەسەلەیەكە بۆخۆیان بەجێ بهێڵین بتوانن بەڵكو لەسەری رێككەون ئەوەی كە زانراویشە كلدانییەكان زۆرتر بەو كەسانە گوتراوە كە لە شارەكان ژیاون، كەسانی رۆشنبیر بوون، خوێندەوار بوون، كاسبكار بوون و، ئاشورییەكان لە پاش تێكچوونی ئیمپراتۆریەتەكەیان بەزۆری ئەوانە لە گوندەكان ژیاون هەر وەكو كورد و گۆرانەكەی لای خۆمان وایە لەوە دەچێت مەبەستم لەوەیە. باسی (صابیئە) كرا وابزانم ئێمە ناتوانین لێرە ناوی بەرین، چونكە ئەگەر ناوی (صابیئە) بەرین ئەبێ ناوی شەبەك و یەزیدی و كاكەیش بەرین، چونكە ئەوانە گروپی ئاینین، مەزهەبین زیاتر، ئەوانەی كە ناویانمان هێنان گروپە نەتەوەیەكانن بۆ گروپە ئاینیەكان تەنها ئەوەندە ئەتوانین بڵێین مافەكانییان پارێزراوە و، نابێت بەهیچ شێوەیەك مافییان بخورێت و پێشێل بكرێت. كاك د.عزالدین بەنیسبەت (عەلی غەربییەوە) من وابزانم ئیمتدادی جوگرافی نییە بۆ كوردستان، ئێمە باسی ئەم شوێنانەمان كردووە كە ئیمتدادی مێژوویی هەیە، رەنگە لە دیوی ئێرانەوە ئیمتدادی مێژوویی هەبێت، بەڵام لە دیوی عێراق لە وانەیە ئیمتدادی مێژوویی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز د.كمال فوئاد، پسپۆرە یاساییەكانمان ئەگەر بتوانن ئێستا وەڵام بدەنەوە تكایە، كامتان دەست پێ دەكەن بەرێز كاك حوسێن عارف فەرموو.

**بەرێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان بەر لە هەموو شتێ حەز دەكەم جەنابتان ئەوە بزانن كە زۆربەی ئەو باسانەی سەرنجی ئێوەی راكێشاوە و رادەكێشێت لە پرۆژەكە لای ئێمەش جێگەی باس و لێكۆڵینەوەیە و وتووێژێكی زۆر دوورو درێژ بوو، لای ئێمە كە هەشت كەس بووین رای جیاوازیشمان هەبووە، بەڵام لە ئەنجام دا لەسەر رایەك گیرساوینەتەوە كە ئەوەتا بۆتە ئەم پرۆژەیە و هاتۆتە سەر ئەم كاغەزانەی كە لەبەر دەستتاندایە، ئەوەندە هەیە ئێمە هەشت كەس بووین ئێستا بووینە (١٠٥) كەس بەتەئكید رای تریشی تێدەكەوێت و رای جیاوازی تریشی تێدەكەوێت، قابیلی ئەوەیە جارێكی تر دەستكاری بكەرێتەوە دوای ئەوەش جارێكی تر دەستكاری بكرێتەوە، ئەوەی لای ئێمە ئێستا زۆر تكرار بۆتەوە باسی لێ كرا وەكو گوتمان سەرنجی ئێوە و ئێمەی راكێشا، چەند خاڵێكە چەند بابەتێكە وەكو با بڵێین هێزی چەكداری تایبەتی هەرێم، ئێمە لە راستیدا لەكاتی گفتوگۆكردن لە كاتی وتووێژا مەبەستمان زیاتر تۆپ و دەبابە و تەیارە نەبووە هێزێكی چەكداری لەم بابەتە، مەبەستمان پاسەوانی سنوور بووە، مەبەستمان پێشمەرگە بووە، مەبەستمان پۆلیس و ئاسایش بووە یەعنی ئەم هێزانە، زیاتر لەوەی كە تەنها هەر ئەو ئەركەی هەبێت ئەو ئەركە تایبەتییەی خۆی كە خۆتان دەزانن چ ئەركێكی هەیە، مەبەستیشمان ئەوە بووە وەكو بە

کۆمەڵ هێزێك دروست بکات پێی بوترێت هێزێکی بەرگری تایبەت بۆ هەرێمەکە، ئێمە ئێستا لای خۆمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەرێ چەکدارەکەی لابەین (مسلحة) لاببەین، بمێنێتەوە هێزێکی دفاعی تایبەت بە هەرێم کە ئەوەش تەقریبەن هەر لەگەڵ ناوخۆیەکە زیاتر یەك دەگرێتەوە، هەر واش دەکەوێتەوە (مسلحة)ەکەی لێ لابەین ئێمە موتەفقین لەگەڵتان لەسەر ئەم بابەتە. لەسەر مەسەلەی کەرکوك لە ئەساسەوە ئەوە پێشنیاری لێژنەی یاسایی بووە بەتایبەتی برایان کاك شیروان و کاك کاکەرەش، ئەگەر شتێکی بۆ زیادبکرێت بەراستی لەلای خۆمانەوە ڕایەکە وابووە لەبەر ئەوە نییە کە لەوانەیە کەرکووك نەخرێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، خستنی کەرکووك بۆ ناو هەرێمی کوردستان ئەوە شتێکە کە لای هەمووومان بەدی دێت، زیاتر لەبەر ئەوەیە لەوانەیە هەر خۆمان یان هەر خۆتان یان ئەوانەی دوای ئێمە بەلایانەوە پەسەند بێت شارێکی تری کوردستان ببێتە پایتەختیان، لەبەر ئەوە تۆ بۆ لە ئێستاوە ڕێگا نادەی ئەو کاتە ئەگەر خۆت کەرکووکت نەویست شارێکی تر بکەی بە پایتەخت، زیاتر لەبەر ئەوەیە نەك کەرکووك لەوانەیە نەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستان. مەسەلەی دینی ڕەسمی دەوڵەت کە لێتان ناشارینەوە کە لە پرۆژەکەی ترا هەبوو لە ئەنجامی گفتوگۆی ئێمە ئەو ماددەیەمان لاداو خستمانە ئەستۆی حکومەتی مەرکەزی گوتمان با لەوێوە لە کاتی خۆی چارەسەر بکرێت هەر دەشکرێت، ئەو کاتە ئێمەش ڕای خۆمان لەم بابەتە دەردەبرین، وەکو کاك د.کمال فەرمووی زۆر تێبینی هەبوو دەربارەی زیاتر لایەنی زمان و دارشتنی گرتەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە ئەوەی کە کردوومانە زیاتر ئەویش لایەنی زمان و لایەنی دارشتنەوە هەر وەکو پرۆژە دانراوە، ئێمەش زۆر جار لای خۆمان ئەوەمان دووبارە کردۆتەوە کە قابیلی ئەوەیە لە دوای ئەوەی کە هەموو شتێك گەڵاڵە ئەبێ و دەقی کۆتایی وەردەگرێت و ڕەزامەندی کۆتایی لای ئێوە وەردەگرێت، ئەو کاتە زۆر ئاساییە دوو سێ کەسی زمان زان واتە پسپۆڕ لە زمانەوانی دابنیشێت و پێی دابێتەوە یان بۆ خۆشمان شتێکی لێ دەزانین چ لایەنی یاساییەکە و چ لایەنی زمانی عەرەبی و کوردی، لەوانەیە بۆ خۆشمان جارێك دابنیشین یان ئێمە یان غەیری ئێمە دابنیشین بۆ ئاخیر صیاغەی لە لایەنی دارشتنەوە و لە لایەنی زمانەوە، سوپاستان دەکەین ئێمە لای خۆمانەوە ئەم چوار خاڵەمان هەیە زۆربەی لەگەڵ جەنابیشتان ڕێك دەکەوێت، لەگەڵ بیروڕای جەنابتان بکرێت بە پێشنیارێك و بدرێت بە جەنابی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی تەرحی بکات وەکو پێشنیارێك کە زیاتر لەگەڵ تێبینییەکانی خۆتان بگونجێت لە لایەن برای بەڕێزم کاك کاکەرەش پێشکەشتان دەکرێت، ئەگەر جەنابی سەرۆك ڕێگای پێ بدات لە لایان منەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك حوسێن عارف، تەعقیبی تر هەیە؟ بەڕێز کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێکیان پێشنیاریان هەبوو بەتایبەتی جەنابی کاك فلك الدین کاکەیی، فەرمووی بۆ نمونە ئەو پارێزگایانەی کە دیار دەکرێن لێبکرێنەوە و بلکێنرێنەوە بە جێگایەکی تر، چونکە لە ئەساسەوە سنووری ئیداری هەرێم حەقی خۆیەتی دووبارە تەنزیمی عیلاقاتی ئیداری خۆی دووبارە بکاتەوە

بۆ ئەوەی ئیستحداسی ئیداراتی نویٚ بکات، دەمجی ئیدارات بکات، پەنا بەخوا ئەگەر سنوورەکە جێگیر کرا ئیتر دووبارە تەنزیم دەکرێتەوە و، وەکو پێویست جێگای نزیك و دوور لەیەکتر. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. ئێمە ئێستا وەك لیژنەی یاسا دەتوانین بیکەینە پێشنیاری خۆمان، چەند پێشنیارێکمان هەیە. ئەوەی بەنیسبەت ماددەی دوو کە تەعبیرمان کردبوو، برادەران پێیان باشە بە نوقات بڕوات یەك یەك ئاساییە، بەڕێز مامۆستا مەلا بەختیار فەرمووی کە عەلائەساس بڵێین پێوە نووسایە، چونکە ئەو پێوە نووسانە زۆر کۆنە زۆر دەمێکە، کە دەڵی من فلان پارێزگا ئێستا ئەگەر خوا بکات لەم پارێزگایە ببێتەوەو بماندەنەوە شتێکی زۆر ڕێکوپێك دەبێت، چونکە هەر فعلەنیش پێوە نووساوەو هەر ئێستا پێوە نەنووساوە زۆر کۆنە پاش ئەوەی کە کوردستانەکەشیان لیٚ داگیر کردووینە ئەم شارانەیان پێوە نووساندووە، لەوانەیە لە بیستەکانەوە دوو سێ جار خەریتەی عێراق گۆڕابێت، سنووری یەکەی ئیداری چەند خەریتەیەکی بۆ دروست کراوە چەند جار دووبارە گۆڕاوە، چ گرفت نییە ئەگەر بنووسین پێوەی نووساوە، ناحیەی صیاغە دەڕوات چ بڵێین هەر ئێستا لە زمنی پارێزگایەکەیە بەلای ئێمە وەك لێژنەی یاسا چ فەرق ناکات، چونکە ئاسایی دەڕوات گرینگ ئەوەیە ئیشارەتی پیٚ بدرێت جا بەچ نوعێك بماندەنەوە گرفت نییە، چ بەو نەوعە پێوەی بەستراوە چ بڵێین لەو پارێزگایە مانعمان نییە، دادەنیشین دووبارە دەینووسینەوە گرفت نییە وەکو جەنابت گوتت دەنووسین کە ئێستا لە زمنی ئەم پارێزگایەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش تەواو بووی؟ جارێك پێشنیار وشتمان ناوێت وەڵاممان دەوێت وەڵامیان بدەنەوە، چونکە لە ڕاستیدا پێشنیارەکان زۆربوون، زۆربەی بەڕێزان پێشنیاری خۆیان بە ئازادی پێشکەش کرد لەگەڵ ئیعترازاتیشیان کە هەمووی بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیرێت، ئەوەی گرینگە ئیشارەتی پیٚ بکەین هەندیٚ خاڵی گرینگ هەبوو کە ئیشارەت کرا پێویستە ئێمە دەسکارییەکی بکەین، لەوانەیە لە دوایی لەگەڵ پسپۆڕانی یاسایی و لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی دانیشین ئەوەی بە پێویستی بزانین خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن: لە ماددەی دووەمەوە دەست پیٚ دەکات ئەوەی کە سەرەکییە لەوانەیە هەندێك شوێن بمێنێتەوە، کە لە کوردستاندایە و سەر بە کوردستانەو ناوی نەهاتووە ئەتوانین ڕستەیەك بدۆزینەوە بەشەکانی تریش دیاری بکات، کە ئەکسەریەتی کوردی هەیە یان تاریخییە شتێکی وای بۆ بەجیٚ بهێڵین، ئەمە یەکێکیان. دووەم: گفتوگۆیەکی بابەتی کلدانی و ئاشوری بکەین لە بەینی خۆمان و لەگەڵ یاساییەکان و سەرۆکایەتی. سێیەم: بابەتی شاری کەرکووك ئەوە حەسمە شاری کەرکووك کوردستانییە و دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا ئێمە بەچ دەقێك تەرحی بابەتی پایتەختەکە بکەین باشترە، ئایا وەکو خۆی بهێڵینەوە باشترە یان بە شێوەیەکی تر؟ دەستکارییەکی ئەمەش لەوانەیە پێویست بێت. مەسەلەیەکی تریش تەرح کرا لەوانەیە ئەویش شتێکی باش بێت مەسەلەی (العيد القومي) (نەورۆز) ئەوەش لەوانەیە شتێکی خراپ نەبێت. دەمێنێتەوە سەر هێزی چەکداری لە ڕاستیدا هێزی چەکداری پێش ۳۰ ساڵ پێشی ۳۲ ساڵ حکومەتی مەرکەزی ڕازی بوو ۱۲ فەوج بەناوی پاسەوانی سنوور دابنێت، پێشمەرگە بوو بە پاسەوانی سنوور بە چەکەوە و بە ئالیاتەوەو بە هاوەناتیشەوە ئێستا ۳۲ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەوە و، ئەمە حوکمی زاتی نییە ئەمە فیدرالییە دنیاش گۆڕاوە و لەزۆر شوێنا جەیشیشیان

هەیە بۆ نموونە لە ئەمریکا پاسەوانی سنووری هەیە، هەر ولایەتەو پاسەوانی سنووری خۆی هەیە، لە یەکێتی یوغسلافیا لە فیدرالی یوغسلافیا ئەو ولایەتانەی کە یوغسلافییای ئێستا دروست دەکەن هەموو جەیشی تایبەتی خۆیان هەیە و، بەپێی ئەو ئیتسالاتانەی کە من بیزانم سەرکردایەتی هەردوو حزبیش کردوویانە، نەوعە بۆچوونێکی وا هەیە کە پشتگیری کورد بکرێت، شێوەیەک لە شێوەکانی جەیشی خۆی هەبێت، ئەوەشتان لەبیر نەچێت ئەوە پرۆژەیە، پرۆژەش قابیلی دانوساندنە، قابیلی ئەوەیە لێی کەم بکرێتەوە، قابیلی ئەوەیە لێی زیاد بکرێت و، عادەتەن کە پرۆژە پێشکەش دەکرێت حەق نییە حەدی ئەدنا پێشکەش بکرێت، بەلام ناشبێت زۆر موبالەغە بکرێت، ئەم خالانە دەبێت بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، بۆیە ئێمە ئێستا پشوویەک ئەدەین و دانیشتنی دووەمان کاتژمێر سێ بەردەوام دەبینەوە لە دانیشتنەکەمان تا کاتژمێر سێ پشووە، زۆر سوپاس.

پاش پشوو.........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، تکا لەو ئەندامانە دەکەم کە لەسەر سەکۆیەکە بوون بگەڕێنەوە سەر سەکۆیەکە، بەڕێزان ئەو تێبینیانەی کە باسمان کردن، بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا، بۆتان دەخوێندرێتەوە، بەس بابەکە ناخەینە دەنگدان، بەردەوام دەبین لەسەر پیشان دانی تێبینیەکان لەسەر بابەکانی تر، باب بە باب پیدا دەچین، جا تکایە بابی یەکەم بەو شێوەیەو بەو دەستکاریانەی کە کراوە جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا لە مادده یەکەوە دەخوێنینەوە تا مادده هەشت دوای ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەرماددەکاندا هاتووە.

**مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق**

**الباب الاول**

**الاحكام العامة**

المادة الاولى:

اقليم كوردستان من اقاليم الجمهورية الفدرالية العراقية ويكون نظامه السياسي جمهورياً برلمانياً ديمقراطياً.

المادة الثانية:

يتكون اقليم كوردستان من محافظة دهوك بحدودها الادارية الحالية ومحافظة كركوك و السليمانية و اربيل واقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر وتلكيف و نواحي زمار و بعشيقة و القوش و اسكي كلك من محافظة نينوى و قضائي خانقين و مندلي من محافظة ديالى و قضاء بدرة

و ناحية جصان من محافظة واسط بحدودها الادارية قبل عام ١٩٦٨ والمناطق الاخرى التي تقطنها الأكثرية الكوردية.

المادة الثالثة:

الشعب مصدر السلطات و اساس شرعيتها.

المادة الرابعة:

يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد والمجمعات و المجموعات القومية (التركمان و الآشوريين و الكلدان و الارمن و العرب) و يقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقليم كوردستان.

المادة الخامسة:

مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان ويجوز للمجلس الوطني لكوردستان العراق عند الضرورة اتخاذ غيرها عاصمة بصورة مؤقتة.

المادة السادسة:

ئەو ماددەیە بووە بە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەکەم:

١- لاقليم كوردستان علم خاص به الى جانب علم الجمهورية الفدرالية العراقية و له شعار و نشيد و ينظم ذلك بقانون.

فەقەرەی دووەم:

٢- يعتبر (٢١ اذار)(نوروز) عيداً قومياً في اقليم كوردستان العراق.

المادة السابعة:

لاقليم كوردستان قوات دفاعية خاصة به وينظم ذلك بقانون.

المادة الثامنة:

٤- اللغة الكوردية هي اللغة الرسمية في اقليم كوردستان.

٥- تكون المراسلات الرسمية مع السلطات الفيدرالية و الاقاليم الاخرى باللغتين العربية و الكوردية.

٦- تعتبر اللغة التركمانية لغة ثقافة وتعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للتركمان و اللغة السريانية لغة ثقافة وتعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للناطقين بالسريانية والعربية لغة ثقافة وتعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ئەو تێبینیانە بوون کە وەرگیران، دەچینە سەر بابی دووەم، خۆی بۆ تەوزیح ئەم پرۆژەیە وەکو کاك دکتۆر کەمالیش باسی کرد پرۆژەی پارتی و یەکێتییە، دراوە بەهەموو ئەحزابی کوردستانی و، لە ئەسڵیشدا پسپۆڕانی ئەم پەرلەمانە ئامادەیان کردووە و، دیراسەیەکی زۆریشی لەسەر کراوە، تەبیعی صاحێبی هەر مەشروعێك، کە ئێستا ئێمە ئەو چوار بەڕێزە بە صاحێبی ئەو مەشروعە دادەنێین، صاحێبی هەر مەشروعێك بۆی هەیە ئەو تێبینیانە وەربگرێت کە خۆی پەسندی دەکات، کە ئەو تێبینیەشی وەرگرت مانای ئەوە نییە، کە ئەوە بووە ئیقرار کراوە، وەختێك ئیقرار دەکرێت کە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەندامە بەڕێزەکان هەیە کە نەیەوێ شتێك پەسند بکرێت، ئەو وەختە دەستی لەگەڵدا

بەرز دەكاتەوە، یان مەشروعێكی موقابل تەقدیم بكات، ئەویش دەخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئەو مەشروعە وەردەگیرێت یان وەرناگیرێت موقابیل بە هەر شتێكی تر، یەعنی مەجالی ئەوە هەر هەیە، لە وەختی دەنگدانا، نەك هەر تێبینی، بەڵكو ئەگەر مەشروعی موقابیل هەبێت، موقابیل ئەو مەشروعەی كە لیژنەی یاسایی بڵێین دیفاعی لێ دەكات، مەشروعی خۆی داناوە تەبەنی كردووە، ئەو وەختە دەتوانرێت هەردووكی بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی تەسبیتی یەكێكیان بكرێت، ئەگەرنا هەر ماددەیەك ئێمە لەسەری بڕۆین مومكینە هەر بەڕێزێكی ئەندامی پەرلەمان نەوعە رایەكی هەبێت، نەوعە بۆچوونێكی هەبێت، دەبێت حەددێكمان هەبێت لەو حەددە بۆ نموونە دەڵێین ئەو بابە موناقەشەی تەواو بوو، تەقریبەن سێ سەعات زیاتر لەسەر ئەو بابە موناقەشەمان كرد، تكایە بابی دووەم بۆمان بخوێننەوە، خوێندنەوەی ناوێت خوێندراوەتەوە وا نییە؟ بەس ئەوەی تێبینی هەیە لەسەر بابی دووەم، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناو نووسیان بكەین.

ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە كە ناومان نووسیوون ئەو بەڕێزانەن:

١- د. رزگار

٢- علی عبدالله

٣- ابراهیم سعید

٤- زهراء حاجي

٥- ملا محسن

٦- حسین جمبلی

٧- شێخ عبدالكریم

٨- كاكە حمە

٩- امین مولود

١٠- ملا محمد طاهر

١١- احمد علی عمر

١٢- د. ادریس هادی

١٣- علی تۆفیق

١٤- شێخ لطیف

١٥- شێخ صادق

١٦- شێخ أحمد طاهر

كێ هەیە ناوی نەنووسرا بێ، كەواتە بە عەینی تەسلسول دەست پێ دەكەین، بەڕێز كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزێت من ئەڤەنە:

١- فەقەرە دوێ مادده نۆهێ (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل) ئەڤە موکرەرە لە فەقەرەی ئەوی تر دبێژێت (المواطنون متساوون أمام القانون في الحقوق والوجبات دون تمييز بسبب الجنس أو العرق أو اللون)، یەعنی ئەڤە موکرەرە، فەقەرەیەکی دیکە هەمی (مواطن) مساوینە، بەقەناعەتی من ئەڤە زێدەیە.

٢- ئەوێ (لجوء) دیتی ئەڤ ماوەیە دەزانێ چەند ناخۆشە، وەختێ ولاتێ خۆ دێت و تراڤە عاردێ جێ دەهێلێ، ڤێرێ (لايجوز) من لگەل نینە بمێنێت، بێژێت (لايسلم اللاجيء السياسي)، کەلیمەی (لايجوز) نەمێنێت، چونکە ئەوێ چوویتە ولاتێ ئێت راڤێ سیفەتێکی دەست درێژی رکەیت خەتەرە سلبیە، مەفروزە ئەڤ کەلیمەیە (لايجوز) مەتاتییە، من پێشنیار دکەم (لايجوز) نەمێنێت، ببێتە (لايسلم اللاجيء السياسي) کەلیمەی (لايجوز) نەمێنێت.

٣- (تلتزم سلطات اقليم كوردستان بمكافحة الامية وتكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني) ڤێرێ (في مختلف المراحل)ە ( مراحل الابتدائية والثانوية والجامعية)، بە قەناعەتی من زۆر گرانە لەسەر ئیقلیمێ، ئیحتیمالە لە چ ولاتانی تریش هەبی ئەمە، پێش حەفتێ یا هەشتێ ئەڤە هەبی، رای ئەڤ بیان حقووقی ئینسان ئەڤە تەئکید دەکات، بەلایەنی کەمەوە (في المراحل الاولى والاساسية)، یەعنی تەعلیم ئیلزامی مەجانی بێت و، فەقەرەیەکی دیکە ئیزافە بکرێ (تطوير التعليم المهني والفني أو التكنيكي)، فەقەرەیەکی دی (تيسير وقبول التعليم العالي).

فەقەرە دوو مادده (٢١)ێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. رزگار ببوورە، ئێمە نامانەوێ ئیعادەی صیاغەی فەقەرە بە فەقەرە بکەین، ئەگەر لەسەر مەبدەئی شتێك خیلافێك هەیە یان جەوهەری شتەکەت بەدڵ نییە، ئەوە تەرح بکە، بەس ئێمە بێین فەقەرە بە فەقەرە صیاغەیەکی بەدیل بۆ صیاغەیەك دانێین، ئێمە لیژنەی صیاغە نین، بەڵێ، باشە بۆ ئەوە حەزف بکرێت، ئەوەی لە جێی دانێین، بەڕێز کاك د. رزگار موناقەشەی من مەکە، ئێمە دەڵێین فەقەرە صیاغەی ناگۆڕین، ئەگەر خیلافێکت لەسەر جەوهەرەکەی هەیە، موقتەرەحێکی ترت هەیە، یان فیکرەیەکی ترت هەیە تەرحی بکە.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵە سێ مادده (٢١)ێ ( الا في حالة دفع ضرر عام ) من دەڵێم ئەوە قەسرییە، من ئەو فەقەرە لە جێی خۆیدا نابینم، من دڤێت نەمینێت، حەتا (في حالات الضرورة) بۆچی شوول قەسری بێت، یەعنی بۆ فەرز دێتە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. رزگار، بەڕێز کاك عەلی عەبدوڵڵا فەرموو.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده نۆدا پێم باشە لە دوای بڕگە یەکەوە، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت (الانتخاب حق و واجب وطني لكل المواطنين).

لە بڕگە چواردا پێم باشە ئەوەی بۆی زیاد بکرێت (مبدأ تكافؤ الفرص مضمون لجميع المواطنين في حدود القانون) ئەو (في حدود القانون)ەی بۆ زیاد بکرێت، لە ماددەی (١١) خاڵێك زیاد بکرێت (إعطاء حق التعويض لكل شخص حكم عليه بجريمة و وقع خطأ في تحقيق العدالة)، ئەو حەقی تەعویزە با نەفەوتێت.

لە ماددەی (١٥) خاڵێك زیاد بکرێت بەڕای من (لايجوز ابعاد اي مواطن عن الاقليم أو منعه من العودة اليه) ئەوە مەنعی سەفەرو ئەوانە باس دەکات، بەڵام لێرە (ابعاد المواطن)یش لە ئیقلیم مەنع بکرێت.

لە مادده (١٧) (حرية‌الدين والمعتقد وممارسة الشعائر الدينية مكفول للجميع) وشەی (جميع)یش زیاد بکرێت، ڕەوایە و مانا دەبەخشێت.

لە ماددەی (١١) ببوورە، ماددەی (١٩) بڕگەی یەك (التعليم الابتدائي في اقليم كوردستان الزامي وينظم ذلك بقانون) پێم باشە بکرێتە ( حق تعليم المواطنين في الاقليم مكفول، ويكون التعليم الابتدائي الزامياً).

لە ماددەی (٢٢) خاڵێك زیاد بکرێت (وتلتزم سلطات حماية الاثار والمواقع الاثرية)، ئێمە باسی حیمایەی صحەی عامە و حیمایەی بیئەمان نەکرد، بەس باسی ئاسار و ئەوانەمان کردووە، حەقە ئیشارەتێك بە ئاسارو ئەوانە بدرێت.

ماددەیەك لە کۆتاییدا زیاد بکرێت بەڕای من (رعاية ذوي الشهداء ومنحهم التكريم والاولوية والتسهيلات و منح فرص العمل لهم).

خاڵی دووەمیان (رعاية البشمەرگە القدماء والمعوقين في الحرب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوەی دەیەوێ قسە بکات بۆ تێبینی دەستی بەرز بکاتەوە، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید فەموو.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەم دەستورە موستەلەحێکە لە مەبادئ و قیەمی مافی مرۆڤ و ئیستیناد دەکاتە سەر مواسیق و عهودی دوەلی و، ئەم بابە بەتایبەت ئیعتیمادێکی کولی خستۆتە سەر مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوە لە ماددەی نۆ فەقەرە یەك، ئەمانە لە مافی مرۆڤ هاتووە ( الجنس أو العرق أو اللون أو اللغه أو المنشأ.....)، بەڵام هەر مەنتیقەیەك خصوصیاتی خۆی هەیە، بۆ مەسەلەی (دیسکپنیشن) یەعنی تەمییز، هەر هەندێ دەوڵەت شتێك لای ئەوان وەکو دەڵێی تەمییز دەکرێتن، بۆ نموونە لێرە لە عێراق مەزهەبمان ئیزافە کردووە، لەبەر ئەوە هەر لە

تەئسیسی عێراق صیراعی مەزهەبی بووە، تەمییزی مەزهەبی بووە، بەلاّم من هیچ جارێك گوێیم لێ نەبووە لەو مەنتیقەی کە ئێمە تیادا دەژین تەمییزی رەنگ هەبوو بێت، (لون) ئەوە لە ئەمریکا و ئەوروپا و ئەو شوێنانە تەمییزی رەنگ هەیە، نازانم ئێمە بۆچی رەنگ داخیل بکەین، ئەمە کەی تەمییزە لەلای ئێمە، لە تاریخی عێراق یان لە تاریخی ئەم مەنیتیقەیە هەمووی، چ جاران رەنگ نەبووینە وەکو (دیسکپنیشن) ئەوە یەك.

دووەم\ بەڕاستی مەوزوعی (الحقوق والواجبات) دەڵێن وەکو باب هاتووە، کە تەماشای دەکەین فەقەرەی (١٨)مە (١٧) حقووقە، یەعنی واجیبات گوناحە ئەو دەوڵەتە (١٧) حقووق بداتە هاووڵاتی، بەس زەریبە دایان ناوە وەکو واجیب، من بە زەرووری دەزانم کە لە ماددەکانی تر هاتووە، دیفاع لەم وەتەنە واجیبێکی موقەدەسە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم دەستوورە تەتبیق بێتن و، کەفالەی حقووقی ئێمە بکاتن لە فیدراڵی، ئێمە ئەوساکە پێشی هەموو کەسێك دیفاع لە عێراق بکەین، ئینجا من بە پێویستی دەزانم کەوا دیفاع لە عێراق بەهێزترە لە ئەدائی زەریبە، یەعنی ئەو فەقەرەیە ئیزافە ببێتن وەکو واجیبێك، کە ئەم دەستوورە تەتبیق بوو ئەکیدەن ئەکیدەن عائیداتی دەوڵەت لە جێگای خۆی سەرف دەبێتن، یەعنی بۆ خەدەماتی هاووڵاتی سەرف دەبێتن، ئەو پارەیە بۆ شتی خراپ ناچێتن، یەعنی پارەیەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتانە دەمێنێت، ئینجا بەڕاستی کە هاتووە، بۆ نموونە کە دەڵێتن مەراحیلی دیراسە هەمووی مەجانی بێتن، ئەوە حەقی مواتنە لە زمنی ئەوەش جامیعە بێتن، نەك وەکو لە مافی مرۆڤدا هاتووە، بەس (المراحل الاولی والاساسیە) تەعلیم مەجانی بێتن، جامیعە دانەنراوە لە ئیعلانی عالەمی حقووقی ئینسان، بەس لەعێراقدا، لەو وڵاتەی ئێمە تیایدا دەژین و، سەروەتی نەوتی وا هەبێتن، دەبێت هەموو مەراحیل هەبێت، ئینجا من ئیکتیفا بەوە ناکەم، چونکە صحەش وەکو تەعلیم لەوە کەمتر نییە، ئەگەر بە موازاتی نەبێتن.

بەڕاستی لە ماددە (٢٢) کە مەتەعلیقە بە صحەوە، دەڵێتن ( تطویر) بەمونەسەساتی صحی بکەین، بەحەقیقەت دەبێت تەسبیت بکرێتن، کەوا لەموستەشفەیاتی حکومی عیلاج یا و دەرمان بەخۆڕایی بێتن، واتا مەجانی بێتن (مجانیة العلاج)، لە نەخۆشخانەکانی حکومی و، قانونێك لە عێراق هەیە (تأمین صحی)، یەعنی ئەگەر بەو شێوەیە، بە شێوەی (تأمین صحی)ی داخیلی ئەو مەوزوعە ببیتن، کەوا عیلاج بە بەلاش بێتن، وەکو دەڵێن دکتاتۆریەتیش بە زەحایە نییە، ئەگەر دکتاتۆریەت بە زەحایەی میللەتێك بێتن، بەس هەندێ جار زەحایەی عەدالەتیش هەیە، هەرچەندە ژمارەشیان زۆر زۆر کەم بێتن، جا فەقەرەیەکیش بۆ ئەوە زۆر زەرووریە کە (تضمن الدولة تعویضاً عادلاً لضحایا العدالة) ئەوەش هەبێتن باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاك حسێن جەنبلی فەرموو.

**بەڕێز حسين جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٢٢) بڕگەی دووەم (تلتزم السلطات بحماية البيئة وتحسينها وتطويرها)، پێم وایە ئەمەش ئیزافە بکرێت ( وتشجيع جمعيات حماية البيئة ودعمها) ئەهلی و حکومی، تێبینیەکی ترم هەیە، هەر بەڕێزێکی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان تێبینی لەسەر ماددەیەك هەبێتن، هەمان تێبینی دووبارە نەبێتەوە لەبەر کاتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك حسێن، بەڕێز زهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زهراء حاجي طه سليفاني:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئێك تێبینم هەی لە ماددە نۆهێ فەقەرە دوێ (تتمتع المرأه بالمساواه التامه مع الرجل)، ئەگەر شینا بێژت (بكامل حقوقها) پتر لە مافێ وێ دێتە فەرز کرن، لەگەل رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێخ عەبدولکریم مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەو تێبینیانەی من دووبارە بوونەوەن، بەڵام چوار پێنج برادەر دووبارەیان کردووە، بەڕێزتان شتەکانتان بەهەند هەڵ نەگرت، هەر بیانڵێنەوە باشە، بەڵکو ئەمجارە بەهەند وەریان بگرن.

ماددەی (٥) یەکێك لەو شتانەی کە لە وڵاتی ئێمە روویداوە، رەنگە لەلای خۆشمان روویدابێت، لە ماددە (١٥)دا، ئەوەی کاك مامۆستا عەلی ئاماژەی پێ کرد، (ابعاد)، چونکە ئێمە زۆر جار (ابعاد)مان کردووە لەناو خۆشمان و، چونکە حکومەتی مەرکەزی زۆری بۆ کردووین، تەئکید بکرێت، چونکە ئەوە شتێکە، کوردی بە سەدان هەزار کەسی گرتۆتەوە، ماددەی (٢١) منیش وەکو مامۆستا عەلی ئەو پێشنیارەم هەیە ئەویش ئاسار بخرێتە سەری، ماددەی (٢٤) لە کۆتاییدا دەڵێت (خلال مدة محددة معقولة)، ئەمە وەڵاهی بە جوملەی دەستووری و قانونی ناچێت، هیچ نەبێت دەبێت چارەسەری بکرێت لەلایەن قانونیەکان، تۆزێ رەکیکە لە رووی قانونیش و لە رووی هینەوە چارەسەری بکرێت، (خلال مده محدده معقوله) یەعنی نازانم چۆنە؟

پێش ماددەی (٢٢) ماددەیەك زیاد بکرێت، ئێمە بە تەئکید خەڵکی ئەو وڵاتەین، بەدرێژایی ئەم سی چڵ ساڵەی شۆڕش و سەرگەردانیەی میللەتەکەمان سەدان هەزار زەحایەی شەڕ و ئەنفال و کیمیاوی هەیە پاشماوەکەشی تەئسیری لەمەیە، ئەمە راستە، بەنیسبەت ئێمەوە سەدمەیەکی قەومی زۆر گەورەیە، جا تەعریبە یان شتی ترە لەو بابەتانە، حقووقی مواتن زۆرە لەسەرمان، هەر واجیبات نا، حقووقەکەشی دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، چونکە ئەوە سەدان هەزار کەس دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز ملا محسن خالد مصطفى مفتي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (١٦) باسی (حرية الرأي والتعبير والنشر والطباعة والصحافة) و ئەوانە دەکات، شتێکی چاکە، بەس لە ماددەی (١٧)مەوە تەقیید کراوە ( على ان لا تتعارض وأحكام دستور الجمهورية الفدرالية العراقية وهذا الدستور والنظام العام والاداب العامة)، من بە زەرووری دەزانم ئەو تەقییدەیە بەو شێوەیە لە ماددەی (١٦)میشدا بکرێت (ان لا تتعارض مع النظام العام والاداب العامة)، چونکە بەڕاستی گەلێك مەشاکیل ئەمڕۆ لە کوردستانی خۆمانەوە لە تەجرووبەی ئەم دە ساڵە بۆمان دەرکەوت، ئەو ئازادیەش حدودێکی تایبەتی نەبێت وای لێ دێت کەس سیتەرە ناکات بەسەریەوە، ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە نیزامی بۆ دابندرێت، مانای ئەوە بێت کە رێگات گرتووە لەوەی کە ئازادی نەبێت، حوریەتی بیر و فیکر و ئەوانە، ئەگەر ئەو موخالەفەی نیزام و ئادابی عامە بکات، لەوانەیە زەرەری زیاتر بێت بۆ هەرێمی کوردستان لەوەی کە قازانجی هەبێت، پێشنیار دەکەم کە ئەوەشی تێ بخرێت.

لە ماددەی (١٨)مدا من پێم باشە کە مادام، داوا دەکەین لاجیئی سیاسی نەدرێنەوە لە پێشەوە بڕیارێك هەبێت کە وەربگیرێن، چونکە هەتا وەرنەگیرێن، چۆن تەسلیم دەکرێنەوە (يقبل اللاجيء السياسي) ئینجا لە دوای ئەوە (ولايجوز تسليمهم) چاکترە.

ماددەی (٢٠) حوریەتی بەحسی عیلمی بە هەموو بابەتەکانیەوە شتێکی چاکە لە بوحوسی عیلمی و فیکری و سەقافی و فەنی و ئەوانە، من پێم باشە بوحوسی دینی بەهەمان شێوە باس بکرێت و تەسبیت بکرێت، چونکە هەندێ بوحوسی دینی هەیە زیاتر خزمەتی ئەو نیشتمانە دەکات لەوەی کە تۆ مەجالەکە نەدەی، زیاتر حەقیقەتی ئەو دینە یان حەقیقەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەی راستیەکەیەتی بخرێتە بەرچاو و، تەقییم بکرێت و دیراسەت بکرێت و هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت خزمەتی وڵاتەکەمان زیاتر دەکات، لەوانەیە بەشێوەیەکی چەواشەکاری دین پێش چاوی ئەو خەڵکە بخرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم (والدينيه)شی بخرێتە پاڵ، ببوورە لەماددەی (٩)دا (بسبب الجنس) کە هاتووە، رەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، کە لە برگەی یەکەمدا (بسبب الجنس) هاتووە، هەردوو رەگەزەکە دەگرێتەوە، منیش هەر لەگەڵ ئەو رائیە دام کە کاك دکتۆر ناصح و د. رزگار باسیان کرد، کە برگەی دووەمی پێویست ناکات، ئەگەر بشکرێت باسی بکرێت، بەحەقیقەت (تتمتع المرأه بكامل حقووقها) چاکترە، چونکە نە پیاو دەتوانێت موساواتی تەواوی لەگەڵ ئافرەت و هەموو مافەکانی و، هەموو ئەو حەقانەی، یان ئەو وەزیفانەی ئەو دەیکات جێ بەجێ بکات، نە ژنیش دەتوانێت هی پیاو جێ بەجێ بکات، ئەو کەلیمەی (المساواة التامة)یە ئەوە شتێکی تەعجیزییە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە ئافرەت مافی تایبەتی خۆی هەبێت لە حقووق و واجیباتی خۆیدا، ئەوە بکرێت باشترە لەوەی (المساواة التامة) باشترە، لەگەڵ ڕیزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەسەر ماددەی (١٣) دوو تێبینیم هەیە:

١- (سريةالمراسلات البريدية (العادية والالكترونية والبرقية والهاتفية)، تەبعەن هاتیفی موراسەلات نییە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بکرێتە (سرية الاتصالات والمراسلات)، وشەی (الاتصالات) ئیزافە بکرێت لەگەڵیان.

٢- هەر لەسەر هەمان ماددە کە دەڵێین (لايجوز كشفها إلا لضرورات العدالة وأمن الاقليم وبقرار من جهة قضائية) ئەمنی ئیقلیم جاری وا هەیە جیهەی قەزائی نییە، مومکینە جیهەیەکی ئیداری یان جیهەیەکی عەسکەری ئەمرێکی وا بکات، لەبەر ئەوە صیغەکە بەم شێوەیە دەبێت (وبقرار جهة قضائية أو جهة مختصة)، ئەمە بەنیسبەت ماددەی (١٣)ەوە.

بەنیسبەت ماددەی (١٩)ەوە (تلتزم السلطات في اقليم كوردستان بمكافحة الامية و تكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني في مختلف مراحله الابتدائية و الثانوية و الجامعية)، ئێمە مونەسەساتی ئەهلیمان هەیە، ئەوە قوتابخانەی ئەهلی لە هەموو قۆناغەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڵێین (تلتزم السلطات في اقليم كوردستان بمكافحة الامية و تكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني في مختلف مراحله الابتدائية و الثانوية و الجامعية وتطوير التعليم المهني بالنسبة لمؤسسات القطاع العام) ئەگینا لە قیطاعی خاص بە مەجانی ناتوانین بڵێین، بە مەجانی پێکەوە بێت، بخوێنێت.

لە ماددەی (٢١) فەقەرەی (٣- لايجبر احد على مزاولة عمل معين من دون عوض) بکرێت بە (من دون عوض عادل) ئەوە هیباتییە بەڵام (عوض)ەکە ئەبێ موعادل بێت لەگەڵ ئیشەکە، لەبەر ئەوەی وشەی (عادل) ئیزافە بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئەمین، بەڕێز کاک مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوانەی لە حەق و، بۆ نموونە من لە فیکرمە برادەران گەلێك باسیان کرد، با زۆر دووبارەی نەکەینەوە، بەڵام من پێم وایە عینوانی بابەکە (الباب الثاني الحقوق والحريات الاساسية في الاداء والواجبات)، ئەگەر واجیباتیشی تیا بوایە، تەبعەن (الحقوق والحريات الاساسية)، پێم وایە (حريات الحقوق)ە.

لە ماددە (١٢) لە برگە سێ ناحیەی لوغەوی، وشەی (مصانه) و (مصون)، (مصان) هاتووە لە ماددەکان، بۆ مەعلومات وشەی (مصانه) و وشەی (مصان)، وەکو لوغەویەکان دەزانن ئیسم

مەفعولی بابی ئیفعاله و، ئەمە دەست نادات، هەتا جەوهەری و رازی لە لوغەکەیان دەڵێت ( ولا تستعمل مصان)، راستیەکەی (مصون) و (مصونه)، (مصان) و (مصانه)یە بۆ زانینتان، دوو برگەی تریش بۆی ئیزافە بکرێت پێم باشە بەم شێوەیە لە مادده (١٢) هەر ئەوەی برادەران گوتیان، تەنیا عیبارەتەکەی جیاواز بێت دەڵێ (٥- يتكفل اقليم كوردستان بتعويض عادل لشخص عن الضرر الذي يصيبه نتيجة لمخالفة أحكام الفقرات الواردة في هذه المادة.

٦- للشخص الذي يحجز أو يوقف حق الإتصال بأسرته أو محاميه)، لە مادده (١٤) ئەوە دووبارە ناکەمەوە (مصان) بگۆڕێ بۆ (مصون) باشە، مادده (١٥) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت (لايجوز ابعاد اي مواطن عن البلاد) یەعنی بۆ نەفی (لايجوز ابعاد اي مواطن عن البلاد)، لە ماددەی (١٨) پێم وایە دەڵێ (حق اللجوء السياسي في اقليم كوردستان مكفول ولايجوز تسليم اللاجيء السياسي)، لە مادده (٢٠) (مكافأه) بگۆڕێ بە ( يكافأ عليها)و بخرێتە کۆتایی ماددەکەوە، لە مادده (٢٤) حەزفی موحددە و مەعقولە بکرێت تا دوای ماوەکە وئیزافەی (وتحدد بنظام أو مدة وتحدد بنظام) کاتی خۆی حکومەت حەقە بە نیزام ئەو ماوەیە تەحدید بکات کە وەڵامی هاووڵاتیان تیا دەداتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا محەمەد تاهیر، بەڕێز کاك ئەحمەد عەلی عومەر.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادده (١٨) پێشنیارێکم هەیە، ئەویش فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، بکرێت فەقەرە یەك پێش ئەو فەقەرەی کە تسبیت کراوە پێش ئێستا، ئەویش (حق اللجوء السياسي في كوردستان مكفول لكل مضطهد سياسياً في بلاده وخاصةً لأبناء الأمة الكوردية في الاجزاء الاخرى من كوردستان) و، فەقەرەی دوو (لايجوز تسليم اللاجيء السياسي) ئەوە پێشنیاری یەکەم.

پێشنیاری دووەمیش ئەوانەی زەحایەی عەدالە-تن و زەرەرمەندن و لە دوای جێ بەجێ کردنی قانون، ماددەیەك تەسبیت دەکرێت دوای مادده (١٢) ببێتە مادده (١٣) (لكل شخص حكم عليه بالجريمة الحق في التعويض طبقاً للقانون اذا ظهر بعد صدور حكم بات فيها وقوع خطأ جسيم لتحقيق العدالة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ئەحمەد، بەڕێز کاك د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی تێبینیەکانی من باسی لێوە کرا، بەڵام بەنیسبەت خاڵی دوو نازانم (مساواة تامة) فەرقی چییە لەگەڵ (مساواة) کە شتێك موساوات بێت تاممەکەی دەوێت یان نا؟ کە دەڵێت (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل)، ئینجا موساواتەکە حقووق و واجیباتە چییە؟ وشەی (تامه) نازانم چییە؟ ئەگەر بۆ تەئکید بێت، چونکە موساوات هەر موساواتە، بەنیسبەت

ماددەی (٢٢) خاڵی دووەم (تلتزم السلطات بحماية البيئة وتحسينها). نازانم (وتطويرها البيئة) چۆن دەبێت؟ کە حیمایەی بیئەی دەکەیت تەحسینیشی دەکەیت، ئەوە تەحصیل حاصیلە بەخۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د. ئیدریس، وامدەزانی دەڵێی (التامة جداً)، بەڕێز کاک عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمه علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددە (١٥) شتێکی باشە کە سەفەر بۆ دەرەوەو، ئەو خەڵکانە بگەڕێنەوە لە دەرەوە، بەڵام شتێك هەیە لێرەدا لەبەر بارودۆخی کوردستان، لە بارودۆخێکی نائاسایی بووە، ڕەنگە بە سەدان هەزار خەڵکمان لە دەرەوە بێت، لێرە لەم پرۆژەدا هیچ مافێك بۆ ئەوان دیاری نەکراوە لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان چ حەق و حقووقێکیان هەبێت، بۆ نموونە بەتایبەتی مەسەلەی هەڵبژاردنە و مەسەلەی ترە، جا حەق وا بوو حەقێك بۆ ئەوانە دیاری بکرێت، چونکە ئەوانە لە بارودۆخێکی نائاسایی و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەو هیجرەیان کردووە و، لەوانەشە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، جا بەشێوەیەکی کاتی بێت یان بەشێوەیەکی یەکجارەکی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك حەمە عەلی، بەڕێز شێخ لەتیف شێخ صادق فەرموو.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (١٦) هاتووە دەڵێ (حرية الرأي والتعبير والنشر والطباعة والصحافة) پێویست بوو باسێکی ڕۆنکەرەوەشی تێدا بوایە بۆ دروست کردنی هەندێ کتێبخانە لە پارێزگاکان یان لە پایتەخت و، هەوڵێکیش بۆ کۆکردنەوەی مەختوتەکان، بەتایبەت ئەوانەی زۆریان کرِدراون کاتی خۆی لە کتێبخانەکانی (اسطنبول) یان بڵێین بەغداد (دار صدام للمخطوطة)، یان بڵێین لە کتێبخانەکانی ئێران، یان لە دەرەوە، زەمینەیەك خۆش کرابووایە لە وڵاتی ئێمەش بۆ ئیستینساخ کردنی هەندێ لەو مەختوتانەی کوردی، یان زۆریشیان عەرەبی و ئیسلامینە بۆ وڵاتەکەی ئێمە، بۆ خاتری ئەوەی زیاتر نەشر و تیباعە و صەحافە و، کەلتوور و زانستەکانیشمان بژیابانەوە.

لە ماددەی (٩)یەم خاڵی دووەم دەڵێت (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل) (تتمتع) من بەلایەڤی نازانم، ئەلێرەدا (تستحق البائع) (تستحق المرأة) کە (حق) واتا ماف بە (تستحق) بێت، نەك بە (تتمتع) ئەدا دەکرێت لە زمانەوانی عەرەبی، لە عەرەبی (تستحق المرأة بالمساواة التامة مع الرجل في نوعيها)، ژن و پیاو یەك جنسە، بەڵام دوو نوعە، یەك ڕەگەزە، بەڵام دوو چۆنیەتیە، (تستحق المرأة بالمساواة التامة مع الرجل في نوعيها) نوعیەتی ژن و پیاو، یان بڵێین چۆنیەتی ژن و پیاو لێك جیاوازە، بڵێین ژن بۆی نییە، بەبێ هۆ حەملی هەبێت، لە

کوردیەکەش بڵێین کە تەرجومەی لە جیاتی (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل) بڵێین (تستحق المرأة بالمساواة التامة مع الرجل في نوعيها) لە رووی ئیملاییەوە (مساواة) بە تائی درێژ بنووسرێ وا دەزانم، نەك بە تائی خر، کوردیەکەشی ماڤی ژنە یەکسانی تەواو لەگەڵ پیاو لە چۆنیەتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك لەتیف، بەڕێز شێخ ئەحمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت گشتی ئەو دارشتانەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی لە رستەکاندا کەموکورتیەك هەیە، تەواو نییە، لەکاتی خوێندنەوەی رستەکان واتایەکەی تەواو نادات ئەو مەتلەبەی مەبەستە، جا لەبەر هەندێ من هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر هەندێ رستە، بۆ نموونە کە تەماشای دەکەیت، یەك لەوانە ئەوەی برادەران باسیان کرد (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل) من لە صیاغەکەی ناگەم، دەبێت (تتمتع المرأة بالمساواة التامة مع الرجل) لە چ؟ لە (الحقوق والواجبات) لە (کافه الحقوق)، یەعنی ماویەتی تەواو بێت رستەکە، مانایەکە و واتایەکەی خۆی تەواو ببەخشی، جا لەبەر هەندێ ئەوە یەکێکە لە تێبینیەکانی من، ئەگەر لە کاتی دارشتنەوە، واتایەکی باش ببەخشێ کە دایدەرێژنەوە، لەبارەی (حرية الدين والمعتقد وممارسة الشعائر الدينية مكفولة) لێرەش بەرای من (حريه الاديان والمعتقدات)، چونکە هەر ئێمە نینە، یەعنی (حرية الاديان والمعتقدات لكافة المواطنين) شتێکی وابێت کە وازیح بێت، تەنها نووسراوە (حرية الدين والمعتقد وممارسة الشعائر الدينية مكفولة) بۆ کێ (مكفولة) بۆ کێ؟ ئینجا (حرية الاديان والمعتقدات) ئەوەم پێ باشە، ئەوە تێبینیەك.

ماددەی (١٨) (لايجوز تسليم اللاجيء السياسي) ئەو لاجیئە سیاسییە لە کێ بۆ کێ؟ تەسلیمی کێ دەکرێت؟ ئەوە تەوزیحی دەوێ، لەبەر هەندێ دەبێت بەگشتی زۆر جێگا مولاحەزە دەکەم رستەکان واتای تەواو نابەخشن و، پێویستیان بە وشەیەك و دوو وشەی تر هەیە تا واتای تەواو ببەخشێ، دوا پێشنیارم ئەوە بوو کە مەسەلەی ئایین، بە حەقیقەت ئایین، ئێمە نامانەوێ حەسمی بکەین یان ناتوانین حەسمی بکەین لێرە، بەڵام هێشتیتمانەوە بۆ مەرکەز لەوێ ئەوان حەسمی بکەن، ئێمەش دەتوانین لەگەڵ ئەوان ئەو مەوزوعە حەسم بکەین، لەگەڵ رێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاك شێخ ئەحمەد، هیچ تێبینی تر هەیە، دیارە تێبینی تر نییە، دەچینە بابێکی تر، فەرموو بابی سێیەم، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر بابی سێیەم هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، لە لای چەپ ناوەکان هەمووی نووسراون، جا نازانم لای ئەم لا، ئەگەر نووسرا بێت، من ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەم بەڕێزانە نووسراون:

١- بەڕێز جەلال خۆشناو

٢- بەڕێز د. رزگار
٣- بەڕێز حاكم سەفەر
٤- بەڕێز جەميل عەبدى سندى
٥- بەڕێز ئيبراهيم سەعيد
٦- بەڕێز ئەحمەد عەلى عومەر
٧- بەڕێز ئەمين مولود
٨- بەڕێز د. ئيدريس هادى
٩- بەڕێز كاك فەلەكەدين كاكەيى
١٠- بەڕێز بورهان جاف
١١- بەڕێز سيروان كاكەيى

بەڕێز كاك رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تێبينياكە هەى سەر مادده (٣٤)ێ خالێ سێ (منح الثقة بالوزارة وأعضائها وسحبها منهم)، جا پرسيارێ لە ليژنەى قانونى دكەم، ج دبێتن مەنحى سيقە بدرێتە وەزارەتێ و ئەعزاى وێ، يەعنى ئەعزاى وەزارە كە من گوتم: ئيحتيمالە بچێتەوە بۆ مديرعامێ ئەوان، ئەگەر رێگايەكى قانونى هەبێت، بزانن پرسيارێكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهير فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە ماددەى (٣٨) حەزفى (ال) لە هەردوو وشەى (المجلس الجديد) يەعنى (مجلس جديد) (ال)يان لەسەر نييەهيچ كامێكيان.

لە مادده (٤٠ و ٤١) تيكرارێك هەيە بە حەسب رێگاى ئينتيخابى رەئيسى ئيقليم، ئەگەر مادده (٤٠) ئاواى لێ بكەين، ئەوە مادده (٤١) جێگاى خۆيەتى و، ئيللا دەستكارى تێ دەكرێت هەردووكيان، ئەگەر مادده (٤٠) بكەين بە (ينتخب رئيس اقليم كوردستان بالاقتراع العام الحر السري المباشر أو من قبل البرلمان الاقليمي لمدة اربع سنوات، ويجوز إعادة إنتخابه لمرة واحدة) قسە لەسەر بابەكە دەكەم، نەك لەسەر فەسلەكەى، جا ئەگەر عەفوم بكەى، ئەگەر مەجال هەيە لەسەر بابەكە قسە دەكەم، لە مادده (٤٤) برگە شەش گۆڕينى (للاقليم) بخرێتە دواى (مجلس الوزراء)ەوە، چونكە مەجليسى وەتەنى و مەجليسى وزەرا هەردووكى هى ئيقليمن، ئيقليم كەوتۆتە نێوان هەردووكيانەوە، لە جێگەى خۆيدا بمينێت.

لە مادده (٤٧) بۆ كۆتايى برگەيەك، ئەم رستەيە ئيزافە بكرێت (التي انتخب بها خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً)، فەرمووتان لەسەر بابەكە قسە بكەن، نەك لەسەر فەسڵەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە بابمان دەست پێ كرد، ئەو بابە زۆر گەورەیە، ئێمە مانیعمان نییە لەسەر بابەكە موناقەشە بكرێت و، مانعیشمان نییە، ئەگەر بەڕێزان پێیان خۆش بێت لەسەر فەسڵ فەسڵ بێت، جا تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە لەسەر فەسڵ فەسڵ رازین دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەوانەی هەر بابیان دەوێت دەستیان بەرز بكەنەوە، ئەوانەی بێ دەنگن زیاترن، فەسڵ فەسڵ دەڕۆین، فەرموو كاك سەعدی.

**بەڕێز كاك سعدى احمد پيره:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم ئەوەیە، نیازتان وایە ئەمڕۆ ئەمە تەواو بكەین، دەزانم ئەوە، بەڵام رەنگە بەشێك لە برادەران ئەوانەی كە لە سلێمانیەوە هاتوون، ماندووبوونیان پێوە دیارە، رەنگە مەجالی تەركیزی تێدا نەبێت، من پێشم وایە ئێستا، بەتایبەتی ئەوەی كە دێتە دەستەلأتی سوڵتەی تەنفیزی و سەرۆكی هەرێم و ئەوانە، مەوازیعی حەساسن، ئەگەر كەمێك موناقەشات هەڵبگیرێت هەر بۆ خزمەت كردنی ئیشەكە، ئەگەر بكرێت هەندێ لەو موناقەشاتانە بخەینە بەیانی، چونكە بەیانی هەر هەمان دانیشتنمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە هەتا سەعات چەند پێشنیار دەكەی، تا سەعات (٥,٣٠)، باشە تا ئەو ناوانە تەواو دەبن، تێبینی هەیە لەسەر فەسڵەكە یان مولاحەزەت هەیە، فەموو.

**بەڕێز محمد امين عبدالحكيم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ پێشەكی ئەگەر عەفووم بكەی، پێم باشە كاتەكان دابنرێت، ئێمە سەعات سێ مەوعید بوو، لە سێ لێرە حازر بووین، كەچی لە سەعات چوار هاتینە ناو قاعەی پەرلەمان، موراعاتێكی ئەوە بكرێت زۆر باشە.

دوو\ هەندێكمان تێبینیمان لەسەر پرۆژەكە نییە، بەڵام لەكاتی موناقەشە هەندێ برادەر لە بەڕێزان راوبۆچوونیان هەیە لەسەر هەندێ بابەتی پرۆژەكە، لەوانەیە مەساری رای بەڕێزان بگۆڕێ، بۆیە ئێمە بۆ نموونە كە تێبینی لەسەر پرۆژەكە نییە، دەست هەڵنابرێت بۆ ئەوەی ناوی خۆی ناو نووس بكات، بەڵام پێویست بەوە دەكات داكۆكیەك لە پرۆژەكە بكات، بۆ نموونە من دەمەوێ دیفاعێك لەو پرۆژەیە بكەم، بەڵام ناوم نەنووسیووە، لەكاتێكدا ناوم نەنووسیووە، بۆم نییە قسە بكەم، نازانم ئەو حاڵاتانە چۆن چارەسەر دەكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك مەلا محەمەد ئەمین، بە حەقیقەت هەردوو پرۆژەكەمان چاپ كردووە، بلأومان كردۆتەوە، مەفروزە ئەندامان بیخوێننەوە، لە پێشدا چاپ كراوە و بلأو كراوەتەوە لە رێگای ئیعلامەوە، ئەندامی پەرلەمان وا تەوەقوع دەكەین كە هەموویان خوێندبیانەتەوە و، ئەگەر رەئیەكیان هەبێت، ئەو رەئیییەیان دروست كردووە پێش ئەوەی بێنە ناو قاعەی

پەرلەمانەوە، مەسەلەیەکی قانونی وا گرنگ، ماددەیەکی قانونی تۆ بە فیکرەی لەحزەیەك ناتوانیت بیگۆڕیت، لێرە دانیشم فیکرەیەکم بۆ بێت و بیگۆڕم، بەڵکو دەبێت بیرت لێ کردبێتەوە خوێندبێتەوە و فیکرەك لە مێشکتدا چەسپا بێ، کە هاتیە ناو قاعەی پەرلەمان، بۆ ئەوە هاتبی موناقەشەی فلان خاڵ و فلان خاڵ بکەی، جا کۆبوونەوەکەش بۆ ئەوە بوو بە حەقیقەت، جا بۆیە ئێمە دەڵێین موسبەقەن ئەوانەی تێبینیان هەیە، یەعنی تێبینیەکانیان حازرە و، ناوی خۆیان دەنووسن تێبینی خۆیان دەڵێن، ئەگەر ئەوە نەکەین سیستەمەکە تێك دەچێت، یەعنی خەتەکەمان بەدەستەوە نامینێت، سیستەمەکەمان تێك دەچێت لەجیاتی ئەوەی ئیشەکەمان بە سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژ تەواو بێت، لەوانەیە بە مانگێك یان دوو مانگ تەواو بێت، جا ئێمە ئەوەمان مەخسەدە، بەس ئەگەر هەر شتێکی زەرووری هەبوو بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان، بەڕێزان و سەرۆکی کوتلەکان بۆیان هەیە هەموو کاتێك قسە بکەن، ئیزن وەربگرن و مولاحەزات تەقدیم بکەن، ئێوە دەتوانن بۆیان بنووسن، یەعنی هەر کوتلەیەك دەتوانێت بۆ سەرۆکی کوتلەی خۆی بنووسێت و مولاحەزەی خۆی بۆ بنووسێت و، سەرۆکی کوتلەکە ئەگەر بە پەسندی زانی ئیشارەتێکمان دەداتێ و، ئەو مەوزوعە تەرح دەکات، ئەوە ئسلوبی ئیشەکەمانە، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕووی نیزامیەوە دەڵێین، کە ئەندامێك هەندێ قسە دەکات بەلای ئەوانی ترەوە ڕاست نییە، هەر دووریش بێت ڕەنگە تەفیسرەکەی ڕاست نەبێت، ئێوە خۆ پێویست نییە هەمووی وەڵام بدەنەوە، ئەندامی تر بۆی هەیە وەڵامی بداتەوە، ڕەنگە زۆر قسە کرا بێت، بەلای منەوە ڕاستیەکە لەوێدا نییە، دووەمین ئێمە هەموو جارێك پاشی جاران نازانم، پاش ئەوەی کە یاسایەکە ئیقرار دەکات، لیژنەی صیاغەمان هەبوو، صیاغەکە دەچێتەوە سەری، ئیتر فاعیلەکە و مفعولی فلان و ئەلف و لامی ئەوێ و نایەوێ، ئەوە دوایێ لیژنە صیاغەکە دەکات، خۆی لیژنەی قانونییە، بەڵام با پێشانی یەك و دوو کەسیشی بدەن، ئەوەیە کە جەوهەری شتەکە لە ڕووی قانونییەوە، جەوهەرێکی باش بێت، ئیتر ئەمەیان چۆن دەنووسرێت و چۆن نانووسرێت ئەمە لە لایەك، لای تر هەیە هەندێ فیکرەی تەواو ڕێگا هەیە، ئەندامی تر هەیە پێچەوانەن، ڕاستە ئەوە لە دەنگیان دەردەکەوێت، بەڵام جاری وا هەیە وەڵامیشی دەوێت، وەکو مامۆستا مەحمود فەرمووی من دەمەوێ دیفاع لەمە بکەم بەرامبەر بە هەندێ ڕا، جا تۆزێك فراوانتر بێت، ئالیەتێك یان میکانیزمێك دابنرێت، بۆ ئەوەی نەك تەنیا بۆ ئەوانەی ناویان نووسیووە، کە من ناوم نەنووسیووە، چونکە هیچم نییە، بەڵام کە قسەیەك کرا قسەم لە لادا دروست دەبێت، ئەوا شتێکی وا هەبێت، واش نا کە زۆری لەسەر بڕۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە حەقیقەتدا لە پەرلەمان موناقەشە لەنێوان ئەندام و ئەندام ڕەدی ئەم و ئەو نییە لەسەر فەقەرەیەکی قانونی، بەڵکو کوتلەیە زیاتر، بەس ئێمە عادەتەن مەجالی ئەوەش دەدەین، ئەگەر بینیمان تێبینی هەیە لەسەر فەسڵێك یان لەسەر بابێك، ئەوانەی تێبینیان هەیە و ژمارەشیان ئەوەندە زۆر نەبوو، مەجالیش هەبوو زیاتر تێبینی بکەن، ئێمە خۆمان داوا دەکەین کە کەسی تر هەبێت تێبینی تری هەبێت خۆی تەسجیل دەکات، ئەوانە عادەتەن دەتوانن ئەگەر ڕەدێك بدەنەوە یان وەڵامیان بدەنەوە، بەس ئێمە نامانەوێ شتەکە بڵاوببێتەوە، یەعنی موناقەشەکە زۆر، نەك درێژە، بەڵکو لابەلایی بڕوات، چونکە بووە موناقەشە لە نێوان بەڕێزێکی ئەندامی پەرلەمان و یەکێکی تری ئەندامی پەرلەمان ئەو وجهەی کە ئێمە پێمان داون بە ئیشەکە تێك دەچێت، وجهەکەمان وایە، شارەزایانی یاسا دانیشتوون لەبەر دەمتان تێبینیەکان هەموو وەردەگرن و وەڵامتان دەدەنەوە، واتا وەڵامی ئەو تێبینیانە دەدەنەوە، هەر ئەوانیشن کە لیژنەی صیاغەن، ئەوانە دەچنەوە صیاغە دەکەنەوە جارێکی تر و، ئەوانەی کە ئەو تێبینیانەی واریدە وەریدەگرن و داخیلی صیاغە تازەکەی دەکەن، چونکە ئیشەکەمان زۆرە، ماوەکەشمان لە حەقیقەتدا، بریا ماوەکەمان زۆر بووایە شەش مانگ لەسەردانیشتەکە دەبووین، بەس ماوەکەمان لەبەر زرووفی سیاسی ئەمڕۆ زۆر کورتە، زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەوا موتتەبەعە مەسەلەیەك کە دێتە بەردەمی ئەنجومەن، ئەندامەکان بۆیان هەیە بارێك لەو بارەیەوە قسە بکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو شتێك هاتە پێشەوە پێویستی کرد، کە جارێکی تر قسە بکەن، وەکو کاك د. ڕۆژ ڕوونی کردەوە بە ڕێگەی سەرۆکی فراکسیۆنەکەی خۆیان دەتوانن ئەم مەسەلەیە بخەنە بەردەمی کۆبوونەوەکە، ئەگینا نابێت لەبارەی هەر مەسەلەیەکەوە چەند ئەندام ویستی قسە بکات، هەروەها چەند جارێکیش قسە بکات، ئەوە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان موتتەبەع نییە، ئەسڵەن لە دەرەوە لەوەو پێش ئەو کەسانەی دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر پرۆژەیەك، ئەو پرۆژەیە بێگومان بڵاوکراوەتەوە لەسەریان، لەوەو پێش ناوی خۆیان نووسیووە و دێن بەنووسراوی لەسەر سەکۆیەکە قسەکانی خۆیان دەکەن و دەچن دادەنیشن، ئیتر ئەگەر ویستیان قسە بکەن، ئەوە بەهۆی سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وامان کردووە کە نەختێك لەوە زیاتر بێت لەبارەی هەر مەسەلەیەکەوە، پاش ئەوەی کە خوێندرایەوە، هەموو کەسێك بۆی هەیە لەو بابەتە قسە بکات، بەڵام جارێك قسە بکات و، لەو بابەتە ئەگەر شتێکی وا هاتە پێشەوە و قسەی لەسەر نەکرا بوو، بەلای ئەو گرنگ بوو، بەهۆی سەرۆکی فراکسیۆنەکەوە دەتوانێت ئەو بیرو رایەی خۆی رابگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. کەمال، بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی زوو تەواو بین، ئەو ناوانەی نووسیوومانە، بەلایەنی کەمەوە تەواو بێت، ناوەکان دەخوێنمەوە، بەڕێزکاك جەلال خۆشناو فەرموو، بەس تکایە بە کورتکراوەیی بچێتە ناو مەوزوع.

**بەڕێز جلال سليم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم پرسیارە لە برایانی یاسایی دەربارەی مادده (٣٤)(١) ئایا لەکاتی بارودۆخ ئاسایی بوو بێت، پەرلەمانی کوردستان صەلاحیەتی ئەوەی هەیە تەعدیلی دەستوور بەتەنیا بکات بەبێ تەنسیق لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سوڵتەی مەرکەزی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ ئێکێ مادده (٣٦) فەقەرە (ج- اذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء ثلاث مرات متتالية) ئەڤە ئێکیش ببیە سەبەبی هەندێ حەللی مەجلیسێ، مەجلیس وەکو ئەندامێ پەرلەمانێ هەڵبژاردنێ هاتیە، نەك تەعیینە، جا ل ڤێرێ بۆ تەخلیس نیینە بۆ رۆلێ پەرلەمانێ کە پەرلەمان حەل ببوو، بۆ مەجلیس وزەرا ئیستیقالەی نەداوە، ڤێرێ من باش نابینم، ڤی دەبینیم تەقلیسە بۆ دەوری پەرلەمانێ، ئەڤە هەمی مەجلیس وزەرا مەفروزە حەل بکات و ئیستیقالە بدات نە پەرلەمان، یەعنی (ج- اذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء ثلاث مرات متتالية تعتبر المجلس منحلاً) مەجلیس مونتەخەبە، ئەگەری واقیعی هەیە، مەنتقی هەیە لەوە سیقەی پێ نادات، ئەگەر نا بۆ؟ ژی بۆ مەجلیس حەل بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجلیس بەوە حەل دەبێت، چونکە سێ جار نەیتوانی دەست نیشانی رەئیس وزەرا بکات، یەعنی هیچ ئەکسەریەتێك لە پەرلەماندا نییە موتەفیق بێت، یەعنی ناتوانێت حوکم بکات، یەعنی ئەزمەیە، بۆیە دەبێت پەرلەمانێکی تر هەڵبژێرێت کە ئەکسەریەتییێکی تیا هەبێت بتوانێت حوکم بکاو ئیش بکات، بەڕێز کاك حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینی بچووکم هەیە، یەکی لە ماددەی (٢٧) فەقەرەی (٢- يراعي في تكوين المجلس التمثيل العادل للأثنيات القومية) ئەوە ئێمە تەصویتمان لەسەر مجموعات قەومیە.

دووەم لە ماددەی (٣١) فەقەرەی (٢- لعشرة من أعضاء المجلس اقتراح مشروع قانون أو قرار) کە دێینە سەر ماددەی (٣٤) صەلاحیاتی مەجلیس بڕگە (٢- تشريع القوانين وتعديلها

وإلغائها) وابزانم لێرەش بیکەینە (تشريع القوانين والقرارات) چونکە لەسەرێ قەراراتیش هاتووە تەواوی بکەین، مومکینە هەڵەی مەتبەعی بێت، بەس موهیم ئیزافەی قەراراتیش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جەمیل عەبدی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٣٤)یدا، ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ ئی مەشروعی دەستوورێ دێتە ئیقرار کرن، چونکە ئەغلبیەی ئەعزای پەرلەمانێ.

لە مادده (٣٤)ێ (١- تعديل دستور الاقليم بأغلبية ثلثي عدد الأعضاء دون المساس بالحقوق والواجبات الأساسية)(ثلثي عدد الأعضاء) زۆر زۆر قورسە، چونکە نوکە مومکین تەعدیلیە ژی حزبی پەرلەمانێ هی دافەتێمە، لەوانەیە تەعەدوودی حزبی زیاتر بێت، لەوانەیە نوکە زرووفی ئیستسنائی، بەڵکو زرووفێکی چێتر بێتن، ژی بەر هەندێ بە نیصابیێ چ پتر مەجال بەر فراوانتر بێت (ثلثي عدد أعضاء) بینیم گەلێ ڤێرێ زەحمەتە، چارمان مومکین بە ئەغلەبیەتی موتەڵەقە ئان بە ئەغلەبیەتی قەوانین و قەراراتی خۆ دەردەکەن، ڤێرێ ژی (ثلثي عدد أعضاء) بیتن (بالاغلبية المطلقة لعدد الأعضاء)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك جەمیل، بەس هەر ئەوەندەی هی تەعلیقێکی بچووك، فەرقی قانون و دەستوور ئەوەیە، دەستوور ناگۆڕێت بە ئاسانی، دەستوور دەبێت سابت بێت و، یەعنی وەکو دیوارێك پاڵی پێ بدەیتەوە، هەموو قەوانین ئیستیناد دەکاتە سەری، هەموو دانیشتوان ئیستیناد دەکەنە سەری، هەموو رۆژێکیش نەگۆڕێت بە ئەغلەبیەتێکی بەسیت، هەر حزبێك بۆ نموونە لە ئینتیخابدا (٥١) مەقعەدی هەبێت بچێت بیگۆڕێت بە کەیفی خۆی ئەوە نابێت، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهيم سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (٣١) دەڵێتن ( يتم النصاب القانوني في المجلس بحضور اغلبية اعضائه وتصدر القرارات بالاغلبية المطلقة للحاضرين مالم ينص القانون على خلاف ذلك)، وەکو فێر بووینە کە دەستوور سەرە، ئینجا قانونە، کە دەستوور تەسبیتی کرد قەرار بە ئەغلەبیەی موتڵەق بێت، چۆن ئینجا قانونێك دەردەکەین دوای ئەوە، دەڵێین بە کەمتر دەبێت یان بە زیاتر، یەعنی مەخسەدم دەستوور ئەمەی تەسبیت کرد تەواو، یەعنی نابێتن (مالم ينص القانون على خلاف ذلك) ئەوە تەسیبت بوو، ئەوە یەك.

هی دووەم (الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية لاقليم كوردستان و مساءلة رئيس مجلس الوزراء و نوابه و الوزراء) نازانم بۆ مەوزوعی ئیستیجوابی تێدا نییە، بەس (مساءلة) بێت، ئیستیجواب بۆ حەقی مەجلیس نەبێتن، ئیستیجوابی وەزیر بکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، عادەتەن قەوانین و قەرارات بە ئەکسەریەتی موتڵەقە وەردەگیرێت، بەس هەندێ قەرارات و قەوانین هەیە، هەندێ شت هەیە، دوو سولسی دەوێت، یان ئەکسەریەتێکی تایبەتی دەوێت، ئەوە بۆیە ئیشارەت بەو خاڵە دەکات، بۆ ئەو مەسائیلانەی کە ئەکسەریەتێکی تایبەتیان دەوێت، کە لە دەستووردا نەهاتووە، بەڕێز کاک ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر مادده (٣٤) فەقەرە دوو هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر ئیشوکاری پەرلەمان ئێمە بیچەسپێنین، پێشنیاری ئەو تەعدیلە دەکەم لەسەر فەقەرە دوو (للمجلس تشريع القوانين وتعديلها وإلغائها ولايجوز له تفويض هذا الحق للغير)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکە ئەحمەد عەلی عومەر، بەڕێز کاك ئەمین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر مادده (٣٢)ە، بەڕاستی ئێمە تووشی کێشەیەکی گەورە بووین لەکاتی ئیحالەی خانەنشینی ئەندامەکانمان لەسەرئەساسی ئەوەی کە لە قانونەکەماندا هاتبوو مەکافەئە لەباتی مووچە، ئەمە شتێکی گەورەیە بۆ کاتی دوا ڕۆژمان، لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێین (تحدد الرواتب والمخصصات والمكافآة) چونکە خانەنشین لەسەر ئەساسی مووچە دەبێت، لەسەر ئەساسی موکافەئات و موخەسەسات نابێت، ئەوە یەك.

دووەمین، فەقەرەیەکی تر بۆ هەر هەمان مادده ئیزافە بکەین (تحدد الرواتب التقاعدية لرئيس وأعضاء المجلس بموجب قانون خاص)، ئەمە بەنیسبەت ماددەی (٣٢)ەوە، بەنیسبەت ماددەی (٣٤)ەوە (تشريع القوانين وتعديلها وإلغائها) شتێکی تر ئیزافەی بکەین (أو إيقاف العمل بها)، چونکە ئێمە جاری وا هەیە قانونێك ئیقافی عەمەلی پێ دەکەین، نە ئیلغای دەکەین و نە تەعدیلیشی دەکەین ئیقافی عەمەلە، لەبەر ئەوە ئیزافە بکەین باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ئەمین، بەڕێز کاك د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٢٧) فەقەرەی دووەم، ئێمە تەنیا تەوکیلمان گۆڕی بۆ مەجموعە، لێرەشەوە تەغییر بکرێت (يراعى في تكوين المجلس التمثيل العادل للمجموعات القومية في اقليم كوردستان)، چونکە پێشتر ئەوەمان گۆڕی، ئەوە فەقەرەیەکیان.

لە ماددەی (٣٤)فەقەرەی (٥- انشاء الضرائب و الرسوم و تعديلها و الغائه) پێم باشە وشەی (انشاء) بکرێتە (فرض الضرائب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ئیدریس، بەڕێز کاك فەلەکە دین کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين صابر كاكەيى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من سێ بابەت دەگرێتەوە، یەکێکیان هی زمانەوانیە سادەیە، ئەگەر هاتوو تەعریفێك کرا بۆ ئەم دەستوورە، دانراوەکە دەزانین بۆچیە؟ چونکە (٤) جار ئیقلیم کوردستان دووبارە بۆتەوە، موراعات بکرێت، تەعریفەکە تەنیا بۆ ئیقلیم و یەك جار بێت، بۆ ئەوەی تکرار نەبێتەوە، چونکە چوار جار تکرار بۆتەوە.

تێبینی دووەم لە ماددەی (٢٧)فەقەرەی دوو (يراعى في تكوين المجلس التمثيل العادل للأثنيات القومية في اقليم كوردستان) وابزانم پێشتر کرا بوو بە (المجموعات) نازانم بۆ کرا بە (المجموعات)، بەس (لمجموعات الاثنيات) موشکیلە نییە، بەس (للقومية والدينية حسب نسبة السكان) (نسبة السكان) زۆر زەرووریيە بەلای منەوە ئەوە ئیزافە بکرێت.

تێبینیەکی تر لە ماددەی (٣٤) فەقەرەی (١- تعديل دستور الاقليم بأغلبية ثلثي عدد أعضائه) بەلای منەوە (ثلثي) بمێنێت، چونکە زەروورییە، یەعنی نەگۆڕێت (دون المساس بالحقوق والواجبات الأساسية المنصوص عليها في هذا الدستور) تائیرە باشە، بەس لێرە تێبینیەك دەمێنێت، مەجلیسی ئیقلیم یان ئیقلیم، یەعنی کە ئەو دەستوورە دەگۆڕێت، یان مەجلیسی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، باشە ئەی پەیوەندی ئەو گۆڕانکارییە بە ئێوە چی دەبێت؟ بە دەستووری عێراق، بە دەستووری کۆماری عێراقی، لێرە ماددەیەك هەیە دەربارەی دەستوور و ئەوانە، من دەڵێم بەراهینی بکەین، واتا تەنسیق بکرێت، ئیزافەی بکرێت دوا نوقتە (دون التعارض مع دستور الجمهورية العراقية الفدرالية) یەعنی ئەوە تەکامول دەکات، مەعقول نییە لێرە دەساتیری عێراق هی ئیتیحاد خازیعە بۆ محكمەی دەستووری، کەچی هی مەجلیسی ئیقلیمی خازیع نییە، یەعنی تەناقوزێك هەیە لەناحیەی رەبت و دەستووری، یەعنی وازیح نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٢٧) فەقەرە یەك هاتووە تەنزیمی ئیش و کار و شەرت و شوروتی شێوەی ئینتیخاب دەکات، بەڵام لە کۆتایی فەقەرەکەدا هاتووە، دەڵێ (وشروط الناخب والعضو) دیارە نەتائیج دەرنەچووە، واتا ئەو سیفەتە بدەینە ئەو عضوە، یەعنی نەبووە بە عضو، دەبێت بڵێین (وشروط الناخب والمرشح) یەعنی لە حاڵەتێکی ئینتیخاباتە و خۆی تەرشیح دەکات ئەوکەسە بۆ ئینتیخاباتە، جارێ سیفەتی عضویەتی نییە، ئەوە بۆ فەقەرە یەك.

فەقەرەی دوو دەڵێ (یراعی فی تکوین المجلس)من پێم باشە ئەگەر بکرێت بە (یراعی فی تشکیل المجلس) عیبارەتەکە بەو شێوەیە بێت بە باشتری دەزانم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بورهان، بەڕێز کاك سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەبوو یەکێکیان دەربارەی سوڵتاتی ئیقلیمی کوردستان پێم باش بوو بەگشتی باسی هەر سێ سوڵتە کرا بووایە (السلطة التشریعیة والتنفذیة والقضائیة) فەقەرەیەکیش تەسبیت کرا بووایە، کە مەبدەئی فەسڵی سوڵتات کاری پێ دەکرێت، ئەوە تێبینی یەکەم، تێبینی دووەمیشم لەسەر ماددەی (٢٧) دێری دووەمیان کە نووسراوە (نسبة التمثیل و شروط الناخب و العضو بموجب القانون) قانونەکە پێناسە نەکراوە، پێم باشە بووترێت (قانون الانتخابات فی الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پسپۆڕانی یاسا وەڵامتان هەیە، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە (٦) سبەینێ دەبێت و، دواکەوتنەکەی ئەمڕۆ لە سەعات (٣)ەوە بۆ (٤) خەتای سەرۆکایەتی نەبوو، سەرۆکایەتی پێش سەعات (٣) حازر بوو، هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ تەعزییە چوو بوون، پێمان باش بوو چاوەرێیان بکەین تا ئەوانیش دێنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٦\١١\٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٦/١١/٢٠٠٢

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٦/١١/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٦)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٦\١١\٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەركردنی پێشنیاری بڕیاری چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا.

٢- بەردەوام بوونی بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر كردنی پرۆژەی پێشنیازكراوی دەستوری هەرێمی كوردستانی عێراق.

٣- بەردەوام بوونی بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر كردنی پرۆژەی پێشنیازكراوی دەستووری كۆماری فیدراڵیی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێدەكەین، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان پێك هاتووە لە:

١- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر كردنی پێشنیازی بڕیاری چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا.

٢- بەردەوام بوونی بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر كردنی پرۆژەی پێشنیاز كراوی دەستوری هەرێمی كوردستانی عێراق.

٣- بەردەوام بوونی بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر كردنی پرۆژەی پێشنیازكراوی دەستوری كۆماری فیدراڵیی عێراق.

پێش ئەوەی دەست بەكار بین بەڕێزان، بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەكەم، هیوادارم مانگێكی بە پیت و پڕ بەرەكەت بێت، لە هەمان كاتیشدا

هیوادارم ڕەچاوی کەلتور و عادەت بکرێت لەم بارەیەوە ڕێز لەم مانگە بگیرێت لە هەڵسوکەوت لە هۆڵی پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش، لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێزان.

تکا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێنە سەر منەسەکە، دەست بەخاڵی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، کاک شێروان حیدەری پرۆژەی بڕیارەکە بخوێنەوە، تکایە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً لاحكام الفقرە(١) من القانون رقم(١) لسنة١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقده بتأريخ \ \٢٠٠٢ مايلي:

١- يتعامل المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال دورته الانتقالية مع الادارتين الموجودتين لحين توحيدهما او لحين اجراء الانتخابات العامة للمجلس في اقليم كوردستان العراق ايهما اقرب.

٢- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د. رۆژ نوري شاوەيس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ڕووی یاساییەوە بڕیارەکەمان بەلاوە پەسندە، هیوادارین لای ئێوەش پەسەند بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا موناقەشەی خاڵی یەکەم دەکەین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان لەسەر خاڵی یەکەمی بڕیارەکە هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، هیچ تێبینی نییە، لەسەر خاڵی دووەم، لەسەر خاڵی دووەمیش هیچ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بڕیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان، بەردەوام بوونە لەسەرخستنە روو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق، دوێنێ تا فەسڵی یەکەمی بابی سێیەم گفتوگۆ کرا و، لەسەر بابی دووەم و فەسڵی یەکەمی بابی سێیەم چەند پرسیارێك و چەند تێبینیەك ئاراستەی ئەنجومەن کرا، تکا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەگەر وەلامیان هەیە، وەلامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ چەند برادەرێك چەند تێبینییەکیان هەبوو لە بارەی ئەم مەواد و ئەو بڕگانەی کە لە فەسڵی یەکەم هاتبوون، تەبعەن بۆ روونکردنەوە زۆر برادەر هەن زۆر شتیان ئیشارەت کرد، وەکو شتی فەرعی قەوانینی بچوك، چونکە دەستوری مەبادئی عامە، ئەوانە ئیمکان هەیە هەموو بە قەوانینی محەلی چارەسەر بکرێت، بۆ نمونە (تأمین صحي و ضمان إجتماعي) وەکو ئەوەی جەنابی کاك شێخ لطیف فەرمووی مەوزوعی مەکتەبات و مەوزوعی مەختوتات و مەوزوعی تەتویری بیئەیە لە رێگای جەمعیاتەوە ئەوانە هەمووی بە پێی قەوانینی محەلی بکرێت، لەبەر ئەمە ئیمکان نییە ئەم وردەکاریانە بچێتە ناو دەستور، دەستور تەنها مەبادئی عامە، ئەساسێکە، ئیتارێکە بۆ قەوانینی محەلی بۆ قانون دادەنرێت، چونکە ئیعیبار دەکرێت قانونی ئەساسی ئەم میللەتە تەنیا سەرچاوەیەکە بۆ هەڵبژاردنی قانونی تر یان یاسای تری لێ دروست دەکرێت، بۆیە تێبینییەکانی بەڕێزەکانمان هەمووی تۆمار کردووە لامان پاشان لە خزمەتی هەیئەی ریئاسە لەگەڵیان دادەنیشنەوە، ئەوەی لە رووی دەستوریەوە جێگای ببێتەوە لە ناو ماددەکان دەیخەینە ناو دەستورەوە بۆ دووبارەکردنەوەی لە تەبعدا، دڵنیا بن هەموو تێبینیەکان لامان تۆمار کراوە و، ئینشاء الله هەمووی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، حەز ناکەین داخیلی وردەکاری بین بۆ ئەوەی کارەکانمان بڕوات، ئەوەی لامان نوسراوە ئینشاءالله هەمووی جێ بەجێ دەکرێت، ئەوەی ئیمکان بوو لەگەڵ هەیئەی ریئاسە رەئیان وابوو ،پێویست بوو، ئەوەی لە رووی دەستوری و لەرووی یاساییەوە رێك و پێك بوو دەیخەینە ناو دەستورەکەو دووبارە چاپی دەکەینەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەگەر نەبێت دەچینە سەر فەسڵی دووەمی بابی سێیەم، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر فەسڵی

دووەم بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەم، ناوی ئەم بەڕێزانە نوسراوە لامان، ئەوەی ناوی نەنوسراوە دەستی بەرز کاتەوە تکایە، کاك نجم الدين عزيز، فەرموو.

بەڕێز نجم الدين عزيز

بەڕێز ابرهيم سعيد

بەڕێز جميل عبدی سندی

بەڕێز مەلا طاهر محمد

بەڕێز د. ادريس هادی

بەڕێز سيروان كاكەيی

بەڕێز محمد امين مولود

بەڕێز د. رزگار

بەڕێز احمد علی عمر

بەڕێز برهان جاف

بەڕێزحاكم سەفەر

بەڕێز شێخ عبد الكريم

بەڕێز مەلا بختيار

**بەڕێز سعدی أحمد پيرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ زانين، كاك نجم الدين عزيز ناوی كاك سالار عزيزە، ناوی خۆی گۆڕيووە، ئەگەر سەرۆكی ئەنجومەن رووخسەت بدات دەمەوێت موداخەلە بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پيرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەكيد مرۆڤ چەندين زەماناتی هەبێ لە داهاتوويەكی باشتر بۆ شێوەی پەيوەندييەكانی لەگەڵ حكومەتی مەركەزی، دوێنێش لە مادده يەك لە ئەحكامی عامە باسمان كرد، لە بابەتی كەركووكدا ئەوەی پەيوەندی بە هەبوونی هێزی چەكداری بووبێ بۆ بەرگری يان هەر شتێكی تر لەبەر ئەوەی ئێمە رابردوويەكی تاڵمان هەيە، يان تەجروبەيەكی زۆر تاڵمان هەيە لەگەڵ حكومەتی مەركەزی من بە دڵنياييەوە ئەوە قبوڵ دەكەم هەرچی لێرە هاتبێت، ئەگەر شتێكيش موبالەغەی تێدا هەبێت، لە چوارچێوەی ئەوەيە دەمانەوێت زەمانەتمان هەبێت، دەمانەوێت جارێكی تر تووشی ئەو تەنگ و چەڵەمە و گيروگرفتانە نەبينەوە لەگەڵ حكومەتی مەركەزی، بەڵام ئەوەی ئێمە كە پێشكەشی دەكەين ناو و ناوەرۆك لە يەك بچێت، لە ئەحكامی عامە باسی ئەوە دەكات كە (اقليم كوردستان من أقاليم الجمهورية الفدرالية العراقية ويكون نظامه السياسي جمهورياً برلمانياً ديموقراطياً)، كە دەڵێين ديموكراتی يەعنی تەعەددودی ئەگەر سەيری دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم بكەين،

ئەم دەسەڵاتانە لە دەسەڵاتی نیزامێکی ریئاسی دەچێت، لە دەسەڵاتی دیموکراتی ناچێت، دیموکراتی و پەرلەمانی و تەعەددودی ناچێت، من گفتوگۆیەکی ترم هەبوو پێشتر لەگەڵ کاك فرست بە حوکمی ئەوەی یەکێ لە قانونیە باشەکانی ناو ئەم پەرلەمانەیە، ئەو وتی بەشێکیان لەو دەسەڵاتانە ئیشی مەرسومینە، دەبێت مەرسومێك دەرچێت بەو شتانەی کە ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت، بەڵام هەندێکی زیاترە لە مەرسوم ،بابەتێك کە ئێمە باسی ئەوە دەکەین ئەگەر هێزی چەکداری یان قواتی عیراقی مەرکەزی ویستی بێتە ناو ئەم ناوچەیە، دەبێت داوا بکات لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی هەرێمیش بیدات بە ئەنجومەنی نیشتمانیی، ئەنجومەنی نیشتمانییش موافەقە بکات، بیگەڕێنێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، دوای ئەویش ئاگاداری مەرکەز بکات، ئێمە داخلی پەیوەندییەك دەبین لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی موسبەقەن شەکمان هەیە تووشی شەڕ نەبینەوە، ئەوە لەوە هاتووە خۆمان لە شەڕێك بپارێزین، رەنگە زروفێکی عەسکەری بێتە پێش کە مەجالی ئەو هەموو ئیراد و مەسرەفە نەبێت، بۆیە من ئەوەم پێ باشە کە لە نیزامی فیدراڵی ئێمە بەشێك لە عێراق نین بەو شێوەیە رەنگە سوریا و عیراقیش ئەگەر بیانەوێت هاوکارییەکی عەسکەری بکەن هەر ئەوەندە کاتیان پێویست بێت، مەسەلەی دووەم کە بەلای منەوە دیسان زیاترە لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمێك لە وڵاتێکدا زیاتر لە دەسەڵاتی سەرۆکی وڵاتێکی موحەددەدە یان وڵاتێکی جیاواز دەچێت ئەویش مەسەلەی دەرچواندنی قانون و لە پاشان ئیلغای مەرسووم و حەلی پەرلەمان یان ئیعلانی حالەتی تەواری بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی، من مەبەستم ئەوەیە ئێمە هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێمان خۆشە کە وەکو یەك تیم گفتوگۆ بکەین نەك وەکو دوو تیم، چونکە بابەتێکە پاشەرۆژی هەموومانی پێوە بەندە، بەڵام من پێم باشە کە شتێك تەرح دەکەن (علی الاقل) قابل بێت، بەشێکی لێ قەبووڵ بکرێت، بەم سیغەیەی ئێستا من پێم وایە زۆر زیاتر لە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی مەرکەزی و، کێشەکەی من لەوێیە ئێمە تا ئێستا کە باسی نیزامی فیدراڵی دەکەین دەمانەوێت بە هۆی نیزامی فیدراڵی دەسەڵات لامەرکەزی پێ بکەین، یەعنی ئەو هەموو دەسەڵاتەی کە تا ئێستا لە دەستی یەك نەفەر بووە لە بەغدا، کە خێزان نییە لە عێراق کوڕێك یان دوو کوڕی شەهید نەبووبێ، کە گازی کیمیاوی بەکار هێناوە یان هەزار ملیۆن دۆلار قەرزارین ئەو ملیۆن خەڵکە یان موهاجیرە یان گوژراوە یان وونە یان موعەوەقە، هۆیەکەی ئەوەیە کە یەك کەس قەراری داوە، یەعنی ئینفرادی کردووە لە قەراردان بەبێ گەڕانەوە بەبێ بەشداری کردنی گرووپی سیاسی، شەخسیاتی وەتەنی هەتا ئەنجومەنی وەزیران کە خۆی لە پرۆسەی بڕیاردا، من لام وایە کە خزمەتێکی باش ناکەین بۆ سەرۆکی هەرێمی خۆمان ئەو هەموو دەسەڵاتەمان قبوڵ بێ و، لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوان بکەین کە حکومەتی مەرکەزی تەحدید بکرێت، ئەگەر ئێمە بۆ سەرۆکی حکومەتی خۆمان ئەو هەموو دەسەڵاتە دابنێین، دەبێت یەقین بزانین کە سەرۆکی ئیتیحادی لە بەغدا سێ ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێت، عەینی جارێکی تر قەرارات گەڕایەوە دەستی یەك شەخس و دەتوانێ یاری بە موقەدەراتی هەموو خەڵك بکات، بۆیە من پێم باشە ئەو هەموو دەسەڵاتانەی بە سەرۆکی هەرێم دەدرێت بە وەرەقەی دووەم ئەو

دەسـەلاّتانەی کـە بـۆ سـەرۆکی کۆمـاری ئیتـیحادی دانـراوە ئەمانـە دەسـەلاّتی نیزامـێکی پەرلـەمانی تەعەدودی نین، بەڵکو نیزامێکی دەسەلاّتی ریئاسین لە بابەتی فەرەنسا و ئیتالیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سـوپاس بـۆ کـاك سـعدی، بـەلاّم لـە راسـتیدا ئەگـەر سـەیری ئـەو راسـتیانە بکات، هیچیان راسـتەوخۆ لـە سـەلاّحیەتی سـەرۆکی هـەرێمدا نیـیە، سـەلاّحیەتیەکان دەبێـت موافەقـەتی ئەنجومـەنی وەزیرانی لەگەڵدا بێت، یان دەبێت بە موافەقەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت، یـان دەبێـت بـە قانون بێت، یەعنی دیسان جارێکی تر دێتە ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەمە لە لایـەك، لـە لایـەکی تر، لەوانەیە ئەو راستیانە لە لای کاك سعدی ئەوەندە ئاشکرا نەبێت کە پـرۆژەکە لـە لایـەن سـەرکردایەتی هـەردوو حـزبەوە ئیتـیفاقی لەسەر کرا، ئیتیفاقەکە بەو شێوەیە، ئەگـەر هـەندێ سـەلاّحیات بدرێـت بـە سـەرۆکی هـەرێمی عـێراق، دەبێت سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتانیش عـەینی سـلاّحیاتی هەبێـت، یـەعنی لـەو کـەمتر نەبێـت بـۆ ئـەوەی مەرکـەزی هـەرێم بـە توانـا بێت، ئەمـە جانبێکی ئەساسـی بـوو لە فکرەکە، بۆیە کە سەیر دەکـەی ئـەو سـەلاّحیاتانەی کـە ئوسـولّیە لـە هـەر ولاّتـێکدا هـەتا ئەگـەر پرتۆکۆلیش بێت، سـەرۆکی کۆمـاری مەرکـەز یـان ئیتـیحاد ئەگـەر هەیبێـت، رەئـی ئـێمە وابـوو مەفـروزە هەرێمیش هەیبێت، تەبعەن ئەمە رەئی و بۆ چوونی هەردوو حزبە، جگە لەوەش خاڵێکی تـر حـەز دەکـەم ئیشارەتی پـێ بدەم بۆ روونکردنەوە، مەسەلەی لامەرکەزیەت ئێمە ئامادە نیـنە لامەرکەزیەت بکەین، لامەرکەزیەت یەعنی دەسەلاّتی هەرێم زیاد بکەی، کە دەسەلاّتی هەرێمت زیـاد کـرد یەعنی لامەرکەزیت کرد، یەعنی دەسەلاّتی مەرکەزت کەم کردەوە، هەر دەسەلاّتێك بێتە سەر دەسەلاّتەکانی هەرێم لە بەرژەوەندی تەخفیفی دەسەلاّتی مەرکەزە، یـەعنی لـە ساڵحی ئەوەیە کە مەرکەز بە ئارەزووی خۆی شەڕ نەکات، مەرکەز بە ئارەزووی خـۆی جـەیش حەرەکەت پێ نەکات، مەرکەز بە ئارەزووی خۆی بڕیارێك نەدات بۆ هەرێمی کوردسـتان یـان بـۆ هەرێمـە عەرەبیـیەکەش، جـا ئـەم ئەفکارانـە بەراسـتی هـەمووی هەڵسـەنگێراون، ئەنجامەکەش ئەمانـەی تـێدا هەیـە، ئـەم هەقـەت هەیـە ئەگەر رەئی خۆت تەرح کرد برادەرانی یاسایی دەتوانن وەلاّمی پرسیارەکانت بدەنەوە، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن لـە کۆبوونـەوەی یەکـەم پـێش ئـەوەی ئـەوە بـاس بکـەن، پێشنیارێکم کرد وتم ئێمە پێویستە موناقەشـەی لایـەنی سیاسـی ئـەم مەسـەلەیە بکـەین(علی الاقـل) ئـێمە وەکـو ئـەو هەیـئەتە ئـەم پێشـنیارە تەبـەنی دەکەین، ئەمە پرۆژەیەکە تەبەنی دەکەین بۆ موناقەشە یان بۆ ئایندە، دەبێت ئـەندامانی پەرلەمان ئالیەتی بەرگری کردن لەم پرۆژەیە وەربگرن، من ئەم بابەتەم تەرح کرد بۆ ئـەوەی هـەموو لایـەکمان گفـتوگۆی لەسـەر بکـەین نـەك بـە عنوانی ئەوەی من کە بمەوێت شتێك حـەزف بکـەم، خـوا دەکات سـەرۆکایەتی هـەرێم و دەسەلاّتی هەرێم دە ئەوەندە زیادی دەکرد، من پـێم باشـە هـەموو لایـەکمان گفـتوگۆیەکی جدی بکـەین، رەنگـە بەرەو بۆچوونی هەموو لایەکمان

دەبێتەوە، ئەمە یەك، دووش من ئەزانم، باش ئەزانم، چونكە من لە هەیئەتی سەركردایەتی یەكێتی كە لەم پرۆسەیە بەشدارم لە سەرەتاوە ئەزانم ئەم پرۆژەیە لەلای هەموومانەوە پێشكەش كراوە، بەلام ئەمە یەكێكە لە داخوازییەكانی فراكسیۆنەكەی ئێمە، كە ئەم بابەتە بە خەستی گفتوگۆ بكرێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان بە باشی بەرگری لێ بكەین و بگەینە ئەنجامێكی باشتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بە تەئكید بەباشی گفتوگۆی لەسەر دەكەین، تەبیعی شەرح كردنی سیاسی بۆ دوولا دەگەڕێتەوە، یەكەم بۆ هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان، شەرتیش نییە خۆ ئێمە ئەندامێكی پارتین ئەگەڕێینەوە بۆ قیاداتی حزبەكانمان كە بۆمان شەرح بكات جانبی سیاسیەكانیان، دووەم هەر یەكە ئەندامی فراكسیۆنێكە، ئەگەڕێتە بۆ فراكسیۆنەكەی خۆی كە دادەنیشێت لە فراكسیۆنی خۆی شەرحی بكات و تەرحی بكات، ئەگەر پرسیارێك و یان غموزێك هەبوو شەرحی بكات و ئاشكرای بكات، ئەگەر ئەمەش هەمووی فائیدەی نەبوو، پاش موناقەشە ئەو كاتە كە هاتە ناو پەرلەمان ئێمە هیچ مانعاتمان نییە دانیشتنێك دەكەین پاش ئەوەی كە شتەكە بڕایەوە لە هەموو لایەكی سیاسی و مەعنەوی چیتریش بێتە پێشەوە ئەم پرۆژەیەو یان ئەم دەستورە دەكەین، بەڕێز كاك سالار عزیز، فەرموو.

**بەڕێزسالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نامەوێت، مەبەستی ئالیەتی ئەم مەسەلەیە زۆر بدوێم، دیارە ئێمە هەموومان بەدەست دیكتاتۆریەتەوە نالاندوومانە، لە ئەنجامی نەبوونی دیموكراتییەت لە عێراقدا. كە مەسەلەی ئێمە مەسەلەیەكی قەومیە بەراستی تووشی زۆر ناخۆشی و نەهامەتی بووە، بۆیە ئێمە وەكو كورد بڕوامان وایە بە هێنانەدی ڕژێمێكی تەواو دیموكراتی لە عێراقدا دەتوانین بە هەموو ئامانجەكانی خۆمان بگەین تا ئەگەر جیابوونەوەش بێت سبەی بڵێن ئیستیفسارێك بكەی بلێین ئەی كوا دەوڵەتی دیموكراتی؟ با ئیستیفسارێك بكەین بزانین خەڵك دەیەوێت لەگەڵ ئێوەدا بژیت یان نا؟ لەبەر ئەوە ئێمە كە زیاتر پێ دادەگرین بۆیە كە سەیری پرۆژەكەی عێراق دەكەین لە دەستوری عێراقی بەراستی زۆر شتی نایابی تێدا هەیە، چونكە لای ئێمەوە نوسراوە، زۆر شتی دیموكراتیانەی تێدا هەیە، سەلاحیەتی ئەو سەرۆك كۆمارییەی كە پێشتر هەبووە تا ئێستا ئەو كارەساتانەی بەسەر میللەتی عێراقی دا هێناوە تەواو سەلاحیەتی دیاری كراوە لە پرۆژەكەش دا هاتووە، لەبەر ئەوە ئێمە وەكو كەسانێك دەبێت بیر لە مەسەلەی میللی بكەینەوە یان بیر لە سەركەوتنی ئەمە ئەكەمەوە ڕەنگە هەمووشمان گەیشتبینە ئەو قەنەعەتە، مەسەلەی دیموكراتیەت خۆی هۆیەكی گەورەیە بۆ سەركەوتنی مەسەلەی میللی، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە لە هەموو كەس زیاتر بەرگری لە دیموكراتیەت بكەین، چونكە سەرچاوەی دیموكراتیەت بێجگە لە ئازادییە سیاسیەكان، مەسەلەی بوونی پەرلەمانێكە كە بە شەرعی ئەندامەكانی بڕیار بدەن وەكو دەسەلاتێكی تەشریعی، من ئیحترامم هەیە بۆ هەردوو حزب كەوا دانیشتوونە و گەیشتوونەتە پرۆژەیەكی بەم جۆرە، بەلام لەناو پەرلەماندا پاش ئەوەی پێویستە هەموو

مەسائیلەکان بە تێروتەسەلی باس بکرێن، لەدەرەوەش خەلك بۆی هەیە و، زۆر ئاساییە کە شتێك هاتۆتە پێشەوە یان باس کراوە یان شت لە بیر چوو بێت یان بە نیازێکی تر هەندێ مەسائیل هاتبێتە پێشەوە، بۆیە پێویستە بە تێرو تەسەلی باس بکرێت بەتایبەتی دیموکراتی، چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بەراستی دروست بوونی دەسەلاتێك یان دیکتاتۆرێك لە ولاتی ئێمە وابزانم ئەمە پێش هەموو شتێك زەبر لە مەسەلەی قەومیمان دەدات، پێش هەموو شتێك ئایا دەبێت ئێمە قەبوول بکەین یەکێك دیکتاتۆر بێت لە ولاتی ئێمە؟ بۆیە ئەمە وردەکاری زۆری دەوێت شتەکان دیار بکرێن لێرە وەکو چۆن بۆ سەرۆکی کۆمار دیاری کراوە و لێرەشدا دیاری بکرێت بە موعەلەقی نەهێلینەوە و دەلێت(ینتخب رئيس اقليم كوردستان بالطريقة التي ينتخب بها رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية وينظم ذلك بقانون)، قبووله بەلام لە خوار ئەمە هاتووە(تحدد طريقة انتخابات رئيس اقليم كوردستان وشروط الترشيح وكيفية اتهامه ومحاكمته و حالات انتهاء ولايته بموجب قانون خاص)، لێرەدا ئەلی وەکو سەرۆکی کۆماری بێت هەلبژاردنەکە، بەلام لە دووەم ئەلێت (تحدد) واتە لە ئاینندە تەحدید دەکرێت بۆیە ئەمە وەکو چۆن بۆ سەرۆکی کۆماری هاتووە لێرەشدا دەبێت زۆر بە روونی ئاشکرای بکەین، هەم رێگای هەلبژاردن کە دیاری کراوە لە عێراق وەکو و(الاقتراع العام الحر المباشر والسري .......)، دەتوانی ئەمەش لێرە بنوسی، بەنیسبەت شروتی تەرشیحیش دیاری کراوە کە دەبێت عێراقی بێت (وكيفية اتهامه و حالة انتهاء ولايته) ئەمە شتێکی زۆر گرنگە، ئایا کێ موحاکەمەی سەرۆکی ئیقلیم دەکات؟ باشە بچێتە بەردەم چ دادگایەك، ئەمە لێرەیە کە تۆ سەلاحیەتی بۆ دیاری دەکەی یاخود دەبێت سەلاحیەتی خۆی بزانێت یان چۆن رەفتار دەکات دەبێت شتێك بزانێت یان شتێك رابوەستێت و لێی بپرسێت، بەرەئی من پێویستە ئێمە دیاری بکەین، وەکو چۆن دیاریمان کردووە دەلێن محکەمەیەکی دەستوری پاش ئەوەی ٣\٢ی ئەندامانی پەرلەمانی ئیتیحادی، بریارەکە ئەخرێتە بەردەم دادگا لەگەل مەجلیسی ئیقلیمدا ئەو کاتە محاکەمەی سەرۆکی ئیقلیم دەکرێت، دەبێت ئێمە لێرە شتێکی بۆ بدۆزینەوە، کێ مەحکەمەی سەرۆکی ئیقلیم دەکات؟ ئێمە دیاریمان نەکردووە دەبێت دیاری بکەین، بۆ سەرۆکی کۆماری دیاری کراوە کە نائبی هەیە، لە هی ئێمە دیاری نەکراوە نائبی هەبێت، پێویستە هی ئێمەش نائبی هەبێت، جا هەندێ شتی تێدا هەیە کە هەندێ لەوانە(اصدار قرارات لها قوة القانون) راستە (بعد التشاور مع رئيس المجلس الوطني للاقليم) بەلام (بعد تشاور) دەتوانین لای بەرین تشاور چییە؟ من تشاورت لەگەل دەکەم بەلام بە قسەت ناکەم، لەبەر ئەمە(اصدار قرارات لها قوة القانون)، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر خەتەرە بە ئارەزووی خۆی سەرۆکی ئیقلیم بتوانێ قەرار دەر بکات، ئەگەر مشاوەرە بکات لەگەل ئەنجومەن یان لەگەل ئەنجومەنی وەزیران، ئەمە بە رەئی من مەسەلەیەکە مەفروزە لێرەدا نەبێت، هیچ سەرۆك دەسەلاتی نەبێت قەرار دەربکات(لها قوة القانون)، یان لە خالێکی تر دەلێت (الاشراف على اجهزة الامن الفيدرالية العاملة بصفة وقتية او دائمية في الاقليم و توجيهها) ئەوە ئەو مانایەی نییە کە سەرۆکی هەرێمەکە هەموو دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتی لە ژێر دەسەلاتی خۆی کۆ بکاتەوە، چۆنی بوێت بە، شێوەیە هەلیان بسورێنێت، بۆیە داوا دەکەم بە شێوەیەکی تر

چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکرێت،(المصادقة على أحكام الاعدام) ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە (أو تخفيفها الى سجن مؤبد بعد موافقة المجلس الوطني) ئەمە واریدە، چونکە بە ئارەزووی خۆی تەخفیفی سجن بکات یان اعدام بکات بە سجنی موئەبەد، ئەمە بە رەئی من شتێکی یەکجار گەورەیە کە پێویست نییە هەیبێت، لێرە(تعيين اصحاب الدرجات الخاصة والحكام ورئيس الادعاء العام للاقليم والمدعين العامين ونوابهم) پاش موافەقەتی سەرۆکی وەزیران دەتوانی بەم شێوەیەی لێ بکرێت، من هەر ئەوەندەم هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. کمال، فەرموو.

**بەڕێز د. کمال عبدالكريم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

وا بزانم کۆمیتەی یاسایی کە زۆربەی زۆریان لێرە ئامادەن لەم بارەیەوە زۆر وتوێژ کرا، لەبەر ئەمە زۆر بەباشی دەزانم کە ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، هەموو ئەم مەسەلانەی کە ئێوە لێرە باستان کرد جێگای وتوێژ بووە کە چەند مانگێك دەوامی کرد، جا ئەوان دەزانن بۆچی بەم شێوەیە سیاغە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گۆڕانکاری پێویست بوو بێگومان ئەکرێت، بەڵام کۆمیتەکە لەم بارەیەوە من ئاگادارم، چونکە خۆشمان لە کۆبوونەوەکەدا بووین لە قۆناغی دواییدا، لەو بارەیەوە زۆر لێکۆڵینەوە کراوە، جا با بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتەی یاسایی پاش ئەوەی کە پرسیارەکان تەواو بوون یان کە لێکۆڵینەوەکان تەواو بوون، وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. کمال، من هیوادارم لە موناقەشەکەدا تەرکیز بکرێتە سەر ئەو خاڵانەی کە تێبینیتان هەیە لەسەری بەشێوەی گشتی نەبێت، بۆ نموونە فلان سەلاحیەتی زۆرە نابێت وابێت یان ئەم سەلاحیەتە کەمە دەبێت زۆر بێت فلان، یان فلان خاڵ بەم شێوەیە ئەمە یەکێکیان، دووهەم تکام وایە مولاحەزەی کاتەکە بکەن، چونکە موداخەلاتی ناو پەرلەمان مەبەستم پێشوو نییە، بەڵام موداخەلاتی ناو پەرلەمان نابێت لە دوو دەقیقە یان سێ دەقیقە تێ بپەڕێت، تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم ئەو شتانەی کە تەرح کراوە جارێکی تر تەرحی نەکەنەوە، هەر بابەتێك کە تەرح کرا مەڵێ منیش هەمان تێبینیم هەبوو، ئەمە باس کراوە تەواو، بڵێ رەئیەکەی من وترا تەواو ئەبڕێتەوە، بەم جۆرە ئیختیساری کات دەکەین، ئیستیفادەیەکی باشیش ئەکەین، دووخاڵیش هەیە حەز دەکەم وەڵامێکی ئەوەلی بدەمەوە، یەکەم مەسەلەی (اصدار قرارات لها قوة القانون) تەبیعی هەر لە قەرارەکە دەبێت هەمووی بخوێنرێتەوە نەك تەنیا (اصدار قرارات) بە مشاورە، بەڵکو لە ح کاتێك کە ئەتوانێت ئەو قەرارە تەواو بێت، لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی نیشتمانیی نەتوانێت کۆببێتەوە لە زروفێکی (اضطراري) بێت کە ئیمکانیەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی نییە، خۆ

ئەو كاتە ولاتەكە ناتوانێت بوەستێت دەبێت یەكێك بەڕێوەی ببات، ئەویش بە تەشاور لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی یان لەگەڵ سەرۆكی وەزیران، ئەو هەقەی هەیە كە هەر كاتێك ئەنجومەنی نیشتمانیی كۆبۆوە دەتوانێ هەمووی لەغوو بكات، یەعنی ئەمە مەسەلەیەكە زەبتی بۆ دانراوە، مەسەلەی دووەم مەسەلەی ئەمنی فیدرالی بووە، بەراستی ئەوە چەندەها ساڵە بەدەستی ئەمن و دەزگا داپڵۆسەرەكانی رژێمەوە ناڵاندوومانە، تەجروبەیەكی دوورو درێژمان هەبووە بۆ نموونە ئەگەر حوكمی زاتیشمان هەبوایە دەزگا گرنگەكان بەدەست حكومەتی مەركەزەوە بووە، بۆ ئەوەی ئەوە نەبێت ئەو دەزگا گرنگانەی كە بە حساب بەناوی مەركەزە كە هاتنە ئێرە دەبێت لەژێر دەستی سوڵتەیەكی ئێرەدا بێت، ئەمە خۆی هەمووی لە دەست تەجروبەیەكی حەرەكەی كوردیدا هاتووە، بەراستی شتەكانی تریش هەمووی ئەسباب و تەسبیبی هەیە، من نامەوێت بچمە تەفسیلی ئەم راستیانە لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام پاش ئەوەی تێبینی هەموویان تۆمار كرا، زۆر سوپاس، كاك ئیبراهیم سعید، فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی ٤١ دەڵێت(تحدد طريقة الانتخابات رئيس إقليم كوردستان) بە سیفەتی جەمع هاتووە ئینتیخابات راستیەكەی (تحدد طريقة انتخاب) نەك (انتخابات رئيس)، ئەمە یەكەم، دووەم ماددەی (٤٤) فەقەرەی شەش دێڕی سێیەم لە كۆتاییەكەیەوە هاتووە دەڵێت(على أن تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند أول اجتماع له، فإذا لم تعرض أو عرض) دەبێت بە (عرضت) لێرە ئێمە زۆر تووشی (مذكر و مؤنث) دەبین (ولم يقرها المجلس زالت عنها) دەبێت نەك (عنه بصفته القانونيه)، ماددەی نۆزدە دەڵێت(تعيين و عزل ممثلي الاقليم في مجلس الأقاليم وبناءً على اقتراح مجلس الوزراء ومصادقة المجلس الوطني لاقليم كوردستان)، لە ئیتحاد هاتووە دەستوری ئیتیحاد لە ماددەی (٣٤) دەڵێت (يسمي كل اقليم ممثليه في مجلس الاقاليم ويعزلهم وفق الطريقة التي يحددها دستور الاقليم) دەبێت لە دەستور تەحدید بكرێت، لێرە لە دەستور هیچ شتی وا نەهاتووە، جگە لە تەعیین و عەزل جا ئەگەر لە كۆتایی فەقەرەی(١٩) بڵێین (ينظم ذلك بقانون) تاكو بڵێین لە دەستوری ئێمە هەیە و مەرجع شتێكی ترە یەعنی ئیش و كاری ممثلینیمەجلیسی ئیقلیم، چونكە لە دەستور وتویەتی (ترجع الى دستور الاقليم) لە دەستوری ئیقلیم شتێكی كەمی لەسەر نووسراوە، یەعنی كافی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی تەعین دەكرێت و عەزل دەكرێت، خۆی (١٠)كەسە سەرۆك تەعینی دەكات بە شەرتێك سەرۆكی وەزیران تەرشیحی بكات و پەرلەمان موسادەقەی لەسەر بكات، سەرۆكی كۆمار ئەمرەكەی دەردەكات، تەعین ئەوەی دەوێت و عەزلەكەش ئەمەی دەوێت.

بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ماددەی ٥٣ وا بزانم پێویست ناکات هەبێت، ماددەی(٥٢)،(اعداد مشروع الموازنة العامة للاقليم والحسابات الختامية)ی لەگەڵدا بێت باشترە، ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن مەجال بدات دوو دێر قسە بکەم، بەڵێ، تەبعەن ئێمە وەکو میللەتی کورد ناخۆشیمان دیوە لەلای حکومەتی مەرکەزی بەتایبەتی لەلایەن قواتی موسەلەحە، ئێمە وەکو دەڵێن (مارگەست شواری سیتر سیتر) ئێمە دەبێت حەزەری خۆمان وەربگرین، ئینجا لە پێش خۆمان دابنێین تاکو تەرەفی تر ئیسپاتی عەکس بکەن کە حکومەتێکی دیموکراتی تر هاتە بەغدا ئیزباتی کرد کە بە قواتی موسەلەحە تەحدامان لێ نەکات بەشێوەیەکی تر، بەلاّم تا ئێستا ئێمە هەر ترسمان هەیە، هی دووەم هەر کەسێك پرۆژەیەك پێشکەش بکات هیچ کەس حەدی ئەدنای مەتالیبی خۆی دانانێت ئەوە نەبووە، تۆ دائیمەن محاوەلە دەکەی کەمێك لە حەدی ئەدنا زیاتر بیت تاکو لەگەڵ تەرەفی تر بێینە موستەوای حەدی ئەدنا، لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك ابراهيم، کاك جميل عبدی سندی فەرموو.

بەڕێز جميل عبدی سندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ماددەی (٤٣)دا هاتووە کە دەڵێت(تكون مدة ولاية رئيس اقليم كوردستان اربعة سنوات ويجوز اعادة انتخابه لمرة واحدة)، ئەمە دوو تێبینی تێدا هەیە، یەکەمیان(٤)ساڵ زۆر کەمە خۆی لە فەرەنسا (٧)ساڵە لێرەش (٧)ساڵ بێت حەدی ئەدنای(٥)ساڵ بێت على الاقل ئینتیخاباتی ئەنجومەنی نیشتمانیی و سەرۆکی ئیقلیم پێکەوە نەبێت، بۆ نموونە یەکیان(٤) ساڵ بێت یەکیان(٥ لەگەڵ ٧) بێت، ئەمە زۆر عەمەلی ترە و چاکترە،(ويجوز اعادة إنتخابه لمرة واحدة) بۆ جارێکی تر ئیعادەی ئینتیخابات بکرێت، لە فەرەنسا دوو جار هەقی هەیە سەرکەوێت جاری سێیەم خۆی تەرشیح ناکات، بەلاّم دوای جاری سێیەم هەقی هەیە دووجاری تریش خۆی تەرشیح بکات و سەربکەوێت، مەنسەبی سەرۆکی ئیقلیم زۆر گرنگە لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم( تكون مدة ولاية اقليم كوردستان (٧) سنوات ولا يجوز انتخابه ثلاث مرات)، بۆ نموونە جاك شیراك پێش چوار ساڵ دوو جار بوو بە سەرۆك کۆماری فەرەنسا پاشان ئیستراحەتێکی کرد، دوایی دیسان خۆی تەرشیح کرد بۆ سەرۆکی کۆماری فەرەنسا جارێکی تریش هەقی هەیە، بەلاّم سێ جار لە دوای یەك ڕاستە مەجالی قانونی ڕێگای پێ نادات با هی ئێمەش وابێت، هەر دووجار مەسموح بێت جاری سێیەم ئیستراحەت بکات واتا (لايجوز انتخابه ثلاث مرات متتالية)، ماددەی چل و حەوت فەقەرەی سێیەم هاتووە دەڵێت ( عند غياب رئيس اقليم كوردستان أو تمتعه بإجازة يتولى رئيس مجلس وزراء الاقليم القيام بمهامه وكالة) چۆن رئیسی ئیقلیم غیاب دەکات؟ یان بە مهامێك، ئیجازە ڕاستە یان لە ناوەوەی هەرێم دەبێت یان لە دەرەوەی هەرێم دەبێت ئەوە ڕاستە،

بەلام غیاب نییە لەوانەیە بە مەهامێکی رەسمی رۆیشتووە بۆ دەرەوەی عێراق لەم حالەتە نابێتە غیاب ئەوە بە مەهام هەڵساوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە فەقەرەی سێ بەم شێوەیەی لێ بێت، ( عند قیام رئیس اقلیم بمهام خارج الاقلیم أو تمتعه بإجازة یتولی رئیس مجلس وزراء الاقلیم بمهامه وکالةً) مەبەست لە غیابی سەرۆکی هەرێم وا دەبێت خۆی فەرمانبەرێکی عادی نییە غایبی دەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک مەلا بەختیار، فەرمووو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی قسەکانی من بەزۆری هەڤالان بەهەردوو لیست کردیان، نامەوێت دووبارەی بکەمەوە تەنها تێبینیم لەسەر چەند دارشتنێك هەیە لە ماددەی (٤٤) لە فەقەرەکانی ( ١٨،١٧،١٦،٧)، ماددەی چل و پێنج و لە فەقەرەکانی ماددەی چل و یەك و ماددەی چل و شەشیش هەر دیسان تکرار بۆتەوە، تێبینیەکەم لەسەر ئەمەیە کە دەڵێت (إعلان حالة بموجب قانون خاص) لە فەقەرەکانی تریشدا دەڵێت(تعیین أصحاب الدرجات خاصة والحکام ورئیس الادعاء العام للاقلیم والمدعین العامین ونوابهم ورؤساء الوحدات الاداریة، وعزلهم وفصلهم وإحالتهم علی التقاعد بقانون) هەموو ئەو بەندانەی کە عەرزم کردن دەڵێت (بقانون) من بەش بە حالی خۆم لام مەبەستە تەوزیح بکرێت (بقانون)کێ؟ ئەنجومەنی نیشتمانیی قانونەکە دائەرێژێ ئەو قانونە خاسەیەی کە باسی دەکەی بە تەشاوەر لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی چاکی دەکات یان نا، بەراستی تەوزیحێکی دەوێت بۆ ئەوەی لام ساغ بێت، ئەو هەموو دەسەلاتە لە هەشت یان نۆ فەقەرە کە زۆر شتی گرنگی تێدا هەیە، دەبێت وازیح بێت قانونەکە دارێژراو بێت لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مەلا بختیار، بەڕێز کاک مەلا محمد.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە قسەکانی ئەوەی کاک سالار و کاك ابراهیم وتیان هی منیش تەواو کەری قسەکانی ئەوانە، تەنیا چەند تێبینیەك نەبێت، ماددەی چل و چل و یەك هەندێ تێکەلاوی هەیە لە راستیدا تەریقەی ئینتیخاباتی سەرۆکی هەرێم هەقە چارەیەك بکرێت ئەوە یەك، دووەمیش لە ماددە چل و سێدا ئەوەی کە دەڵێت(أربعه سنوات) هەقە لە ناحیەی لوغەوی (أربع سنوات) بێت، لە برگە شەشی ماددە چل و چواریش دەڵێت(اصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور مع رئیسي المجلس الوطني للاقلیم) للاقلیم هەقە بکرێتە دواوە چونکە (مع رئیسي المجلس الوطني و مجلس الوزرا) هەقە(للاقلیم)ەکە بخرێتە دواوە، بەنیسبەت ماددەی چل و حەوتەوە برگە یەك دەڵێت(إذا استقال رئیس اقلیم کوردستان أو توفي أو

اصيب بعجز دائمي ينتخب خلفاً لة بنفس الطريقة)(خلفا) بكرێته(خلف) و، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت (ينتخب خلف" له بنفس الطريقة خلال مدة اقصاها)، له برگەی دووی هەمان مادده (خلال مدة اقصاها) ی بۆ زیاد بكرێت فەرق له نێوان وكالەت و نیابەتدا له فەقەرەی دوو سێدا بكرێت ئەوەی دوو بەراستی نیابەت ئەوەی سێهەم وكالەته، چونكه كه فەراغ بوو ئەو نائیب دەبێت لەوێ، بەلأم لەكاتی غیابەكه ئیختیاریه چونكه تەوكیل دەكات لەبەر ئەمە فەرقێك لە نێوان وكالە و نیابە دا هەیە، بەنیسبەت مادده پەنجاو چوارەوە(يعتبر مجلس الوزرا مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه) ئایا ئەو فەراغه لێره كێ پڕی ئەكاتەوە؟ ئایا فەقەره ١٣ ی مادده چل وچوار لێره بەكار دێت یان بەكار نایەت؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مەلا محمد، بەڕێز كاك د. ادریس، فەرموو.

**بەڕێز د. إدريس هادى صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

بەنیسبەت ماددەی چل و چوار برگەی ٨ دەڵێت (الصلاحيات التي يخولها له رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية) پێم وایه تەسەلسولەكەی له جێگای خۆی نییه ئەگەر بخرێته دواوه یان هەر نەمێنێت، چونكه ئەو سەلاحیياتەی كه سەرۆكی جمهوری ئەگەر لەوێ دابێت له سەلاحیياتی سەرۆكی كۆماری ئەو كاتە دەتوانی هەندێ له سەلاحیياتی خۆی بداته هی ئەقالیمەكان، چونكه به پێی دەستورەكه تەحدیدی سەلاحیيات دەكرێت ئەگەر هەر سەلاحیياتێكی تر هەبێت(اية صلاحيات اخرى) چونكه لێره هاتووه جگه لەو سەلاحیيەتانه ئەگەر هەر سەلاحیيەتێكی تر هەبێت عیبارەتەكەی زۆر دەقیق نییه، بەنیسبەت فەقەرەی( ١٥)له ماددەی چل و چوار من پێم باشه حوكمی ئیعدام نەمێنێت له هەرێمی ئێمەدا(المصادقة على أحكام الاعدام) یەعنی حوكمی ئیعدام نەمێنێت هەر ئیلغا بكرێت، وەكو رەئیەك، چونكه ئێمه زۆر پێشلكاری و ئیعدامان لێ روویداوه، ماددەی پەنجا له مجلس الوزراء ( يراعي تمثيل المجموعات القومية) ئەویش تەعدیل بكرێت به مجموعه چونكه بڕیاری پێشتر لەسەر دراوه، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك د. ادریس، بەڕێز كاك سیروان كاكەیی، فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسين(سیروان كاكەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ تێبینی بچوكم هەیە، یەكەمیان لەسەر مادده چل و نۆ خاڵی پێنجەم كه دەڵێت( يقدم رئيس الوزراأ المكلف وبعد مصادقة رئيس الاقليم.......الى وبعد نيلها يصدرمرسوما بتشكيلها)ئەو مەرسومه هەقی سەرۆكی ئیقلیمه هەقه لەوێ زیكر بكرێت لەوێ باس بكرێت،

ماددەی پەنجاو دوو خاڵی چوارەم(إعداد المشروع العامە للاقليم) باشە لەگەڵیدا بوترێت (وتقديمها الى المجلس الوطني للمصادقة عليها)، ماددەی پەنجاو پێنجیش ئەویش هەر سیاغەیە پێم باشە بکرێت بە دوو خاڵ (تحدد بقانون):

١-كيفيه مساطه رئيس الوزراء.........

٢- رواتبهم و مخصصاتهم و حقوقهم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سیروان، بەڕێز کاك محمد امين مولود، فەرموو.

**بەڕێز محمد امين مولود امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی چل و نۆ هەیە(يكلف رئيس اقليم كوردستان عضو المجلس الوطني للاقليم المرشح من قبل كتلة الاغلبية البرلمانية بتشكيل الوزارة)، بەراستی لە بارەی فەقەرە دووەوە دوو تێبینیم هەیە یەکەم (عضو المجلس الوطني للاقليم) لابدرێت، چونکە جاری وا هەیە پێویست دەکات کە لە دەرەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بتوانی ئیجازەکەی بکەین چ بە رەئیس وزراء چ مەنسەبی وەزیری بدرێتێ، لەبەر ئەوە ئەو چانسە بمێنێت بە رەئی من ئەوە لابدرێت، دووەمین کە دەڵێت کتلە الاغلبيە ئەو کتلە الاغلبيە جاری وا هەیە نییە، فەرز بکەن ئێمە(١٠٥) کەسین(٤٠) لە کتلەیەکدا و(٤٥) یش لە کتلەیەکی تردا و(١٠)ش لەکتلەیەکی تردا جاری وا هەیە دوو کتلە یەك دەگرن کەوا وەزارەت دروست بکەن جاری وا هەیە یەك کتلە ئەغلەبیەت نییە(٥٣) کتلەك نەیهێناوە بەم جۆرە چۆن وەزارەت دروست دەکرێت، بەنیسبەت ماددە پەنجاو چوارەوە کە دەڵێت:

١- يعتبر مجلس الوزرا مستقيلاً إذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.

٢- يعتبر الوزير مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.

باسی ئەوە نەکراوە کە سەرۆکی وەزیران یاخود ئەنجومەنی وەزیران خۆی ئیستیقالەی کرد لەم حالەتە بە موستەقیلی دادەنێت لە وەزارەت شەرت نییە بەس بە سەحبی سیقە بێت جاری وا هەیە لە ئەنجامی ئیستقالەکردنی ئەنجومەنی وەزیران هەموویان یاخود سەرۆك وەزیران ئیستقالە دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران موستەقیل بێت، لەبارەی ماددەی پەنجاو پێنجەوە بەراستی وشەی(كيفية اتهامهم) شتێکی گرانە تۆزێك، یەعنی چۆن اتهامی بکەین، ئەو سیغەیە بگۆرێت بۆ شێوەیەکی تر، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك امين مولود، بەڕێز د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە لەسەر ماددەی چل وحەوفتێ، یەکیان مەلا تاهیر گوت، ئەویش تەحدید سەقفەکی زەمەنی، چونکە ماددەی چل و حەفتێ زۆر گرنگ دزانم یەکیان ئەو ژی

تەئكیدی كرد شەراكەت یان رێگا چارە كرنا لە هەرێمێدا، دڤێرێ فەقەرە یەك و دوو دبێژت، (اذا استقال رئیس اقلیم كوردستان او توفي او اصیب بعجز دائمي ینتخب خلف له بنفس الطریقة) ماددەی دوو(عند فراغ منصب رئیس مجلس الوطني القیام بمهامه)، بە قەناعەتێ من ئەڤ دوو مادده ببنه یەك، لەوانەیە ئیقتیباسێك لێرە هەبێت(اذا استقال رئیس اقلیم كوردستان او توفي أو اصیب بعجز دائمي یتولى رئیس المجلس الوطني لاقلیم كوردستان القیام بمهامه لحین انتخاب رئیس جدید بنفس الطریقة خلال مدة لا تقل عن ستة اشهر) یەعنی سەقفێكی زەمەنی بۆ دیاری بكات بۆ ئەوەی وازیح تر بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك د.رزگار، بەڕێز كاك احمد علی عمر، فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر ماددەی چلە، ئەگەر دووبارە سیاغە بكرێت بەم شێوەی خوارەوە لای من باشترە( ینتخب رئیس اقلیم كوردستان من قبل الشعب بالقتراع العام الحر والسري ومباشر)، چونكە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە بەرەئی من مەتەناقزە لەگەڵ هەموو بیرو بۆ چوونەكانی سیستەمی دیموكراسی، ئەوە تێبینی یەكەم، تێبینی دووەم لەسەر مادده چل و چوار من پێشنیار دەكەم ماددەی هەژدە ئەگەر ئیلغا بكرێت(العفو الخاص عن المحكومین) بەرەئی من موخالیفە لەگەڵ دەستوری ئیتیحادی هەروەها ئەگەر هاتوو تەخویلیش بكرێت تەحدید بكرێت ئەوانەی مەشمولن بە عەفووی خاص ئەوانەی نیو عمری خۆیان دۆراندبی لەناو سجن بەس ئەوانە مەشمول بن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك احمد عمر، بەڕێز فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكریم محمد:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی تێبینیەكانی من برادەران وتیان، بەلاٚم من داواكاری ئەوەم دوێنێ كاك كمال و ئەمرۆش جەنابتان زیاتر تەئكیدتان لەسەر كردەوە كە ئەم پرۆژەیە هی دوو حزبەكەیە جا من پێشنیار دەكەم لەم دوو حاڵەتە یەكیان هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ئەم هەم هەموو كاتەی پێ نەكوژین، ئەگەر هی دوو حزبەكەیە تەنها لەرووی زمانەوانیەوە چارەسەری بكرێت و، لیژنەی قانونیش پێوە ماندوو نەكرێت، چونكە دیارە ئەمە گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە، هەندێ شت هەیە لیژنەی قانونی ئیحراج دەبێت، هەندێ شت هاتووە لە ئیتیفاقیەی دوو حزبەكە ئەوان زۆر بە زەحمەت بۆیان دەكرێت بە قانون، ئەگەر وەكو پەرلەمانیش رەئی ئازادە بۆ ئەوەی بەشداری بكات لە دەوڵەمەند كردنی ئەو شتانەی كە هەردوو مەكتەبی سیاسی لە بیریان چووە، یان ئیزافەیەكی خێر هەبێت ئەوە باشترە، چونكە ئەو قسانەی كاك كمال دەكات لەگەڵ قسەكانی بەڕێزتان تەئسیر لە ئەندامان دەكات، رەنگە لە ناخی خۆیان گلییەكان هەبێت، بەلاٚم بەسەر خۆیان ناهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا من چەند تێبینییەكم

هەیە، لە ماددەی چل وچواریەکەمیان(اعلان حالة طوارئ بموجب قانون خاص) حالەتی تەواری بەرەئی من بنەماکانی لە دەستورا دابڕێژرێت لێرە، چونکە ئیجتهاد زۆرە لە جیهان، لە زۆر دەستوری عالەمدا حالەتی تەواری دیاری کراوە، لێرە ئێمەش لە دەستوردا حالەتی تەواری دیاری بکرێت، چونکە بۆ چوونی زۆر هەیە لە هەموو دنیا، بەلاَم لە هەندێ دەستوری جیهاندا حالەتی تەواری دیاری کراوە، چونکە جاری وا هەیە حکومەتیش پێی هەڵدەوەشێت جاری وا هەیە موخالەفاتی قانونی زۆری لێ دەبێت، تێبینی دووەمم هەر لە ماددەی چل و چوار وەکو ئاماژەیان پێ کرد برگەی چوارده و برگەی هەژدە، ئەمە ئیشکالێك دروست دەکات لە دەستوری فیدرالی، چونکە دەستوری فیدرالی ئێمە و باشور وەکو یەك نییە موئەسەسات و ئۆرگانی نییە، جا ئەمە ئیزدواجیەتی تێدا دروست دەکات، چونکە لە وێش هەیە و لێرەش هەیە، جا ئەگەر لە روو قانونیەوە چارەسەربکرێت باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شێخ عبدالكريم، بەڕێز برهان جاف، فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چل و چوار هاتووە کە ١٩ برگەیە سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێم، من پێشنیار دەکەم کە برگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بکرێتە ٢٠ برگە(توجیە مراقبة الاعمال وزارات والمؤسسات العامة وتنسيق بينهما)ئەوە یەك، دوو لە ماددەی چل ونۆ برگە یەك هاتووە دەڵێت(يتألف مجلس الوزرأ من رئيس مجلس الوزرأ ونوابه وعدد من الوزرأ على أن لا يقل عددهم عن(١٥) خمسة عشرأ وزيرأ)، ئێمە وەکو بۆمان ئاشکرایە دەستوری مەبادئی عام دەبێت بەکاربێت، لێرە تەحدیەی(١٥)وەزیری کردووە و کەمتر نەبێت، من بە باشی دەزانم پێویست ناکات تەحدید بکرێت، لە ماددەی پەنجا و دوو لە فەقەرەی شەش و حەوت و هەشت هاتوو، لە فەقەرەی شەش هاتووە دەڵێت(اصدار قرارات التنفيذية والادارية وفقأ للقوانين والانظمة). ئەگەر روخسەت هەبێت من سیاغەی تازەی بۆ دادەنێم(إصدار الانظمة والقرارات الادارية وفقأ للقانون) ئەوە بە باشتر دەزانم، چونکە لە فەقەرەی حەوتدا هاتووە ئەڵێت(إعداد مشاريع القوانين وإصدار الأنظمة) یەعنی إصدار الأنظمة) لە فەقەرەی دوو لاببەین و ببێتە(إعداد مشاريع القوانين واحالتها الى السلطة التشريعية) لە فەقەرەی هەشتدا هاتووە دەڵێت(تعيين الموظفين وتحديد رواتبهم وترفيعهم وفصلهم وعزلهم) لە جیاتی(وفصلهم وعزلهم) ببێتە(إنهاء خدماتهم)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك برهان، بەڕێز حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مە دوو تێبینی گچکە هەیە هەر بۆ سیاغەت، مادده چل و چوار گەر سەیری بکەین(١٩) فەقەرەیە دوو بەشی سەلاحییاتی تێدا هەیە، سەلاحییات پەیوەندی هەیە بە سوڵتەی ئیتیحادی هی سەرۆکی هەرێم و، سەلاحییاتی ناوخۆ گەرسەیری فەقەرەی(٨، ١٠، ١١، ١٩) ئەو سەلاحییەتانە پەیوەندییان بە سوڵتاتی ئیتیحادی هەیە هی سەرۆکی هەرێم هی مەرکەزی، دووەم وا بزانم بۆ سیاغە باشترە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سوڵتانی ئیتیحادی بە تەسەلسول بێتە خوارێ، ئەوی ژی ناوخۆ بێ تەسەلسول بێت، لە ناحیەی سیاغەی باشترە، دووەم ژی مادده پێنجێ بێژیت(یراعي تمثیل الاثنیات القومیة في تشکیل وزراء إقلیم کوردستان) ئەو(اثنیات) ە بکرێتە(المجموعات)باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز مەلا شاخی، فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چل دا برادەران زۆر بە باشی قسەیان لەسەر دەکرد، بەلام تەنیا سیاغەکە ئەگەر لیژنەی قانونی بەم شێوەیەی لێ بکات پێم باشترە(ینتخب رئیس إقلیم کوردستان بالاقتراع الحرالسرالمباشراو من قبل المجلس الوطني لإقلیم کوردستان لمدة اربع السنوات ویجوز اعادة انتخابه لمرة واحدة) ئەگەر وای لێهات ئەو کاتە ماددەی چل و سێ زیاد دەبێت و پێویست ناکات، بۆ ماددەی چل و یەکیش ئەوا پێم باشە لیژنەی قانونی خۆیان سیاغەکە بگۆڕن بە شێوەیەکی وا دایڕیژنەوە کە تە عاروز نەکات لەگەڵ ماددەی چلدا، بەنیسبەت سەلاحییەتەکانەوە کاك سعدی و مەلا بەختیار و چەند برادەرێك لە لیستی زەرد قسەیان لەسەر کرد، بەلام من بە تەحدید حەز دەکەم ئەو فەقەرانەی کە پێویستیان بە گۆڕان هەیە یان بە زیادکردن هەیە بە تەحدید دەست نیشانیان بکەم، بە نیسبەت فەقەرەی نۆ( تحریك القوات المسلحة) ئەوا لە سەلاحییاتی سەرۆکی کۆمارە، پێم وایە ئەمە زیادە، چونکە ئێمە دوێنێ لەسەر جەیش زۆر قسەمان کرد، بەنیسبەت فەقەرەی(١١)(الاشراف علی اجهزة الامن الفیدرالیة) من نازانم ئەی سەلاحییەتی وەزارەتی ناوخۆ لە ئەنجومەنی وەزیران چییە؟ ئەوە کاری وەزارەتی ناوخۆیە، مەسائلی ئەمن و ئاسایشی هەرێم، بەنیسبەت فەقەرەی(١٥)(المصادقة علی حکم الاعدام) منیش لەگەڵ ئەو برادەرەم کە حوکمی ئیعدام لە سنووری هەرێمی کوردستان نەمێنێت، چونکە ئەگەر لە سنووری هەرێمدا نەما لە سنووری مەرکەزدا بە هیچ شێوەیەك ناوێرن دەستی بۆ بەرن، بۆیە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کار بەوە دەکرێت بە تایبەتی ئێمە وا دەبینین لە ئەوروپا داوا دەکەن لە تورکیا کە حوکمی ئیعدام نەمێنێت، با ئێمە لە کوردستاندا دەست پێشخەر بین و ئەو حوکمە لابەرین، بەنیسبەت فەقەرە(١٧)(منح الرتب العسکریة) ئەوەش قسەمان لەسەر کرد ئەوەش هەر سەلاحییەتی سەرۆکی کۆمارە، هەروەها فەقەرەی هەژدە(منح الاوسمة والانواط) یەعنی ئەم

چەند فەقەرەیە لە سەلاحییەتی هەرێم لابرێت، چونکە سەلاحییەتی سەرۆکی کۆمارە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەلامیان بدەنەوە.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی برادەران تەرکیزی خاڵەکانیان لەسەر ماددەی چل و چوار بوو، ماددەی چل و چوار لە مەجموعی نۆزدە بڕگە زیاتر لە هەشت نۆ بڕگەی هەمووی مەسائیلی پرۆتۆکۆلییە(إصدار مرسوم یان إصدار....)، دووەم جەنابی کاك سالار بابەتێکی عەرز کرد(إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور مع رئيسي المجلس الوطني للاقليم ومجلس الوزراء وذلك عند تعرض إقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الامن العام)، یەعنی لە هەموو کاتێك ناتوانێ ئەو فەقەراتانە دەربکات لە حاڵەتێك ئەگەر ئەم دوو حاڵەتە روو بدات و ئەنجومەنی نیشتمانیش ئیمکانی نە بێت کۆ ببێتەوە، ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانیی ئیمکانی هەبێت کۆببێتەوە دەبێت ئیستعانە بە ئەنجومەنی وەزیران بکات بڵێت چی بکەم؟ ئەگەر نەتوانێ کۆببێتەوە نابێت وا بوەستێت، دەبێت پرس بەم دوو لایەنە بکات بڵێت چی بکەین؟ تاکو مەجلیس کۆ دەبێتەوە، کە مەجلیس کۆ بۆوە ئەگەر قەرارەکان عەرزی مەجلیس کران و، مەجلیس قەبوڵی کرد، قەبوڵی کرد، ئەگەر قەبوڵی نەکرد نەقوەتی قانونی دەمێنێت و نە تەئسیری دەمێنێت، ئیعتیبار دەکرێت بە حوکمی مەلغی، بەڕێز کاك مەلا بەختیار فەرمووی دەبێت ئەو (بقانون)ە تەحدید بکرێت، هیچ جیهەتێك غەیری ئەنجومەنی نیشتمانیی مخەوەل نییە، قانون دەربکات، هەموو قانونێك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی دەردەکرێت، هەر قانونێکیش کە هاتە ئێرە زۆر بە حوریەتەوە بۆی هەیە موناقشە بکرێت، سەلاحییەتی تێدا دیاری بکرێت، وردەکاری لە قانونەکەدا بکرێت، لەبەر ئەوە بەرەئی ئێمە ئەوەی کە دەوترێت(بقانون) ئیتلاقەن هیچ مەترسی لەسەر نییە، چونکە قانونەکە دەبێت بێتە ئێرە کەئەنەما موافەقەتی ئەنجومەنی نیشتمانییە، ئەگەرقانون تەشجیع بکات مانای وایە ئەنجومەنی نیشتمانیی موافەقەتی کرد کە ئەو کارە بکات، کە دەڵێت(إعلان حالة)، ئەگەر لە قانونەکە حالاتی دیاری کرد لەو حاڵەتە ئەو ئەتوانێ بیکات، مانای وایە ئەنجومەنی نیشتمانیی سەلاحییەتی داوەتێ، ئەگەر نەیداتێ، لەو حاڵەتە قانونەکە دەرناچێت، مانای وایە ناتوانێ ئەم کارە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوەی دەیەوێت قسە بکات با دەستی بەرز کاتەوە.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان لەگەڵ هەیئەی ریئاسە و لیژنەی یاسایی دادەنیشن ئەگەر پێتان پەسەند بوو ئەوا ماوەیەکی بۆ دادەنێین(خلال فترة اقصاها) مانگێك بێت یان دوو مانگ بێ بە پێی ئەوەی

جەنابتان رۆشنایی دەخەنە سەر، پێمان نیشان بدەن، کاك امین مولود کتلەی ئەغلەبییەی هەڵبژارد، کتلەی ئەغلەبییە، شەرت نییە یەك کتلە ئەغلەبییە بێت، مەجموعە کتلەیەکیش کە ئیتیفاقیان کرد دەبێتە کتلەی ئەغلەبییە، یەعنی ئەگەر یەك بە تەنیا ئەغلەبییە بێت لەگەڵ دوو کتلەی تر بوو، مانای وایە هەردووکیان بوونە کتلەی ئەغلەبییە، چونکە کتلەی ئەغلەبییە مانای ئەوەی نییە یەك کتلە، یەعنی ئەو کتلەیە سواء یەك بێت یان دوو بێت، مانای وایە لە پەرلەمان ئیعتیبار دەکرێن بە کتلەی ئەغلەبییە، مانای نییە ئەنجومەنی وەزیران لەو کتلەیە ئینتیخاب بکرێت، نازانم برادەرێك ئیقتراحی کرد کە دەبێت لە خارجی ئەو کتلەیە بێت باشە ئەی دوای ئەو هەموو ئینتیخاباتە کابرا هاتووە بۆ پەرلەمان کەسێکی تر سەرۆکی کۆماری بە کەیفی خۆی سەرۆکی ئیقلیمیش بە کەیفی خۆی کەسێکی تر تەکلیف بکات بڵێت وەرە وەزارەت تەشکیل بکە، ئەی ئەم هەموو کارە بۆ کراوە، دەبێت لە پەرلەمان بێت لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت ئەنجامی هەڵبژاردن بێت یان ئەنجامی سیقەی دەنگی میللەت بێت، دەبێت نوێنەری میللەت بێت ئینجا بێت ئەنجومەنی وەزیران نەك هەر لایەك را بانگ بکرێت و، بکرێت بە سەرۆکی وەزیران، خەڵکیش داخیلی هەڵبژاردن بووە و ماندوو بووە، ئەمە ناکرێت و ئیمکان نییە، لەبەر ئەوە نەصەکە زۆر لە جێی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحێکی بچوك بۆ ئەمە، کتلەی ئەغلەبییە شەرت نییە حزبێك ئەکسەریەتی موتڵەق بێنێ ئینجا بتوانێ حکومەت دروست بکات، ئەو حزبەی کە لە مەجموعی کوتلەکانە بۆ نموونە لەوانەیە پەرلەمان سێ کتلەی بێت یەکیان(٤٠) کەس بێت و یەکیان(٣٥)بێت ئەوی تریان(٢٥)بێت، ئەوی(٤٠) کە حکومەت تەشکیلی دەکات یەکەم حکومەت، بەڵام دەبێت تەحالووف بکات لەگەڵ یەکێ لە کتلەکانی تردا ئوسولی وایە، ئەگەر ئەکسەرییەتی موتلەقی هەبوو پێویست بە تەحالووف ناکات، بەڵام ئەگەر ئەکسەرییەتی موتلەقی نەبوو ئەو کتلەی زیاترە ئەوا سەرۆکی وەزیران تەشکیل دەکات، عادەتەن ئەوە لە هەموو پەرلەمانی دونیا وایە، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند برادەرێك داوایان کرد کە حوکمی ئیعدام لەغوو بکرێت، بەراستی ئێمە لێرە تەسبیتمان نەکردووە کە حوکمی ئیعدام هەبێت، ئێمە وتمان ئەگەر حوکمەکە هەبوو موسادەقە دەبێت سەرۆکی ئیقلیم بیکات، ئەگەر نا نابێت ئیعدام بکرێت، لەبەر ئەمە هەردەم بارودۆخ رێك بێت و بۆ ئەوەی ئەو حوکمەی ئیعدام نەمێنێت، ئیمکان هەیە قانونێك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی دەربچێت کە حوکمی ئیعدام مەنع بکات، کە حوکمی ئیعدام نەما مانای وایە موسادەقە نامێنێت، بەڵام لەوانەیە لەم زرووفە تۆزێك پێویستمان پێی هەبێت، ئێمەش تەسبیتمان نەکردووە لە دەستوور کە حوکمی ئیعدام هەبێت، ئەگەر ئیعدام هەبوو دەبێت ئەوە کەسە ئیعدام بکرێت کاتێ کە سەرۆکی ئیقلیم موسادەقە لەسەر حوکمەکە دەکات، نابێت لە خۆڕا، کە قەرار لە مەحکەمە دەرچوو، لەوانەیە ئەو کاتە سەرۆکی ئیقلیم پێی باشە برەك تەخفیف بکرێت یان هەندێ مولابەساتی قەزیەکە هەیە یان لەوانەیە موداخەلات دەبێت یان شت هەیە رۆن دەکرێتەوە یان

لەوانەیە ئەو کاتە تەخفیفی دەکات، لێرە حوکمی ئیعدام موسەبەت نییە تەنیا موسەدەقە موسەبەتە، ئەگەر حوکمی ئیعدام هەبوو لەبەر ئەمە ئەگەر بە پێویستم زانی ئیمکان هەیە پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت کە حوکمی ئیعدام لە کوردستان نەهێڵین، شتێکی زۆر تەبیعییە و هیچ تەعاروزیش لەگەڵ دەستوور ناکات، کە حوکمەکەمان نەهێشت، ئەوەی کە کاك برهان پێشنیاری کرد برگەیەك ئیزافە بکرێت پێویست ناکات، چونکە بە خۆی سەرۆکی سوڵتەی تەنفیزییە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەگەر یەکێك ئەنجومەنی وەزیران مەرسومی بۆ دەربکات دەتوانێ بە دوو وەزارەتیش بڵێت، کە ئیشراف لەسەر ئەو ئیشە بکەن، لەبەر ئەوە پێویست بەم برگەیە ناکات و، بە زیادی دەزانین ئەو برادەرانەی کە ئیعتیرازیان کرد، کە وتیان مادده چل و یەك بە وازیحی نەهاتووە(ینتخب رئیس إقلیم کوردستان بالطریقة التي ینتخب بها رئیس الجمهوریة الفدرالیة العراقیة)، تەبعەن عادەتەن دوو ڕێگا هەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئیقلیم یان بە ئیستفتائی عام یان لە ڕێگای ئەنجومەنی نیشتمانیی، ئینجا ئەم دەستوورە بەم شێوەیە ماوەتەوە، ئەگەر سەرۆکی کۆماری عێراقی بە ئیستفتائی عام کرا، سەرۆکی ئیقلیمیش بە ئیستفتائی عام بکرێت، ئەگەر بە ڕێگای مەجلیسی نوابی ئیتیحادی هەڵبژێردرا، ئەوا سەرۆکی ئیقلیمیش لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ، بەڵام ڕێگایەکە چۆن بێت، شروتی هەڵبژاردنەکە چۆن بێت، وەزعی چۆن بێت، یان عومری چەند بێت؟ ئەوە مەفروزە قانونێك بۆی دەربچێت چۆن دیاری دەکرێت؟ لەوە کە ڕێگاکە دەڵێت مانای ئەوە نییە(بالطریقة) مانای ئەوەیە بەم دوو ڕێگایە کامیان ئەو هەڵبژێردرا هی ئێمەش بە هەمان ڕێگا بێت، شەرت نییە شروتی تەعیین بە هەمان ڕێگا بە هەمان ڕێگا بێت، لەگەڵ شروتی ڕیئاسەتی کۆماری، کە دەبێت عومری لەوێ چل بێت لێرەش دەبێت چل بێت، ئێمە نووستمان(ینتخب رئیس الجمهوریة العراقیة الفدرالیة بالطریقة) یەعنی بە چ ڕێگایەك لەم دوو ڕێگایە، یان بە ئیستفتائی عام یان لە ڕێگای پەرلەمانی ئیتیحادی، ئەگەر لە پەرلەمانی ئیتحادی بوو ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر بە ڕێگای ئیستفتائی عام بوو ئێمەش لە ڕێگای ئیستفتائی عام دەبێت لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە هاتووە لە پرۆژەکەی دەستووری فیدراڵی بۆ عێراق، لەوە هاتووە نازانم بۆ لەوەی ئێمە تێییدا نییە، لە دەستووری فیدراڵی عێراقی هەموو شتێکی تێدا هەیە ئەوەی کە دەڵێت(بموجب قانون خاص)، ئەوەی کە لێرەدا هەیە دوو سێ شتە، یەکێکیان ئەوەی جەنابت وتت ئینیخابات، ئەوە مەعلومە یان لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانییە یان بەهۆی ئیستفائی عام دەبێت، ئەوەی کە شروتی تەرشیحیش لەوانەیە هیچ ئیشکالێکی وای تێدا نەبێت، ئایا ئەوەی ئێمە تەعاروزێك دەکات لە داهاتوودا؟ بۆیە تەئجیلمان کردووە، من ئەم پرسیارەم هەیە بۆچی لێرە نایینوسین، بۆ نموونە دەڵێت سەرۆکی کۆماری لە محکەمەیەکی دەستووری موحاکەمە دەکرێت، لێرە پاش ئەوەی

کە دوو لەسەر سێی پەرلەمان دەیخاتە بەردەمی ئەوەو لەگەڵ مەجلیسی ئەقالیم پێکەوە، هەموویان بۆ لێرە ئەمانە هەموویان بنوسینەوە و، دیسان بۆ تەئجیلی دەکەین؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش، فەرموو.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئێمە وەکو ئیقلیمێکی فیدراڵی حەز دەکەین تەجانوسێك لەبەینی ئێمە و حکومەتی مەرکەزدا هەبێت، ئێستا ئێمە تەستبیتی بکەین و بڵێین لە ڕێگای پەرلەمانەوە و، لە عێراق بە ئیستفتائی عام بوو، بەراستی خۆش نییە، لە ئیقلیمێك لە ڕێگای پەرلەمانەوە بێت و سەرۆکی ئیقلیمێکی تر بە ڕێگایەکی تر بێت، لەبەر ئەمە مەسەلە مەسەلەی تەجانوسە، ئەگەر ئەو لە ڕێگای ئینتیخاباتی ئیستفتائی عام بوو، ئێمەش ئینتیخابەکەمان لە ڕێگای ئیستفتائی عام دەبێت، ئەوان بەڕێگای پەرلەمانی ئیتحادی بوو ئێمەش لە ڕێگای ئەنجومەنی نشتمانیی دەبێت، بەڵام شروتەکان حاجەت ناکات ئێمە زیکری بکەین، شەرت نییە ئێمە عەینی شروت تەقەبووڵ بکەین، لەوانەیە ئەو شروتی چل ساڵی داناوە ئێمە کەمتری دادەنێین یان ئەو پەنجای داناوە ئێمە دیسان کەمتر دادەنێین، ئەو کاتی تەقدیرەکە مەتروکە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێرە، چۆن بێت یان بە چ شێوەیەك بێت، لەبەر ئەمە ئەو قانونە زەرەری نییە، چونکە ئەو قانونە لە مەجلیسی وەتەنی ئەو شروتانە دیار دەکات، لەبەر ئەمە پێویست ناکات ئێمە تەوزیحی بکەین و خۆمان ببەستینەوە بەو وەزعیەتەی کە هەیە، کەی میعادی هات ئەو کاتی قانونێکی بۆ دەردەکەین بەو وەزعیەتەی کە ئیمکان هەیە بۆمان بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من یەك تەوزیحم هەیە، بە عام بۆ چوونمان بەم شێوەیە، سەرۆکی کۆماری عێراق نابێت ئەو دەسەڵاتانەی هەبێت کە عێراقی گەیاندووە بەو حاڵەتانەی ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی ئەوە بکەین دەبێت سەرۆکی کۆماری عێراق سەلاحییەتی پرتۆکۆلی هەبێت، نابێت موباشر لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرێ، بەڵکو دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، ئەوە ڕەئیەکە موتەفقین لەسەری، بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی بێت، عێراقێك نەبێت سبەینێ چۆنی بوێت حوکم بکات، بەڵام ئەمە تەنیا بەدەستی ئێمە نییە، ئێمە لێرە ناتوانین قەراری ئەوە بدەین، لەوانەیە قەرارەکە بە عەکسی ئیرادەی ئێمە دەربچێت، بەڵام ئێمە تەئکید لەسەر ئەمە دەکەین کە سەلاحییاتی کەم بێت، بۆیە بەنیسبەت خۆمانەوە حەسرمان نەکردووە، ئەگەر سەرۆکی عێراق سەلاحییاتی زۆری هەبوو، مەفروزە سەرۆکی هەرێمیش سەلاحییاتی زۆری هەبێت، ئەگەر سەرۆکی عێراق موباشر هەڵبژێردرا، مەفروزە سەرۆکی هەرێمیش موباشر هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی ئەویش قوەتی هەبێت، بەڵام ئەو ئەگەر یەکسەرە وەکو بۆ چوونەکەی ئێمە بڵێین لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا، سەلاحییاتەکەی سەلاحییاتێکی پرۆتۆکۆلی بوو، هی ئێمەش هەمان شتی لێدێت، بۆیە ئێمە نەمان

توانـیوە، ئەوانەی کە پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، نەمان توانیوە قەراری لەسەر بدەین، مەسەلەکە ئەمەیە، فەرموو کاک سالار ئاخر قسە و لە دوای دەچینە فەسڵێکی تر.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئینتیخاباتەکە بە دوو جۆرە یان بە موباشر دەبێت یان لە ڕێگای مەجلیسی وەتەنی، خۆی لە پرۆژەکەی دەستووری عێراق هاتووە، ئەگەر زۆر ئیشکالێکی تێدا نەبێت نەینووسین باشە، بەلام ئەوەی لێرە گرنگە کە من زۆر بە گرنگی دەزانم ئەوەیە ئێمە بۆ چی و چ شتێك هەیە ڕێگا لە ئێمە دەگرێت بێین ئەوە دیاری بکەین ( وكيفية اتهامه) ئەم سێیانە بۆ تەئجیل دەکەین بۆ لە دەستوورەکەی عێراق تەئجیلمان نەکردووە، بۆ لێرە تەئجیلی دەکەین؟ لەوێ دیاری کردووە (كيفية اتهامه ومحاكمته وحالات انتهاء ولايته) لەوێ بۆ عێراق نووسراوە بۆ ئەوەی ئێمە پێم وانییە تەعاروزێکە، ئەوە مەبدەئێکی وازیحە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لیژنەی یاسایی بیری لێ بکاتەوە، ئەوەش وەکو هی عێراق دەگرێت یان هەمووی داخیل بکەن هیچ فەرقێکی نییە، فەرموو کاک مەلا بەختیار.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم (ملا بختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەدەش لەسەر مەلەسەی ئیعدامەکە دەڵێت دەتوانین دوایی چەند تەوقیعێك کۆ بکەینەوە، ئەگەر بوو بە قانون دەتوانین بیگۆڕین، باشە ئێستا بۆ نایگۆڕین قانونێکی ڕێك وپێك دەربکەین کە ئەوەی تێدا نەبێت (٧٦) دەوڵەت لە دنیا قەراری ئیعدامی لابردووە، با ئێمە ببین بە (٧٧)با ئێستا لایبەرین باشە ئێستا داینێین دوایی بکەوینە موناقەشەی دوایی لای بەین، ئیقتراحێکی زۆر ڕێکوپێکە لەگەڵ دنیا و دیموکراتی ئێستا و مافی مرۆڤی ئێستا دەگونجێت، با لە ئێستاوە لایبەرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە خەریکی یاسای پرۆژەی دەستووری هەرێمین، خەریکی قانونی عقوباتی عێراقی نین، هەر کاتێك ئەندامانی پەرلەمان بەباشیان زانی ئەو بابەتە موناقەشە بکرێت، ئەوە بە جیا موناقەشە دەکرێت، مولاحەزاتی ترتان هەیە؟ لیژنەی یاسایی کاک حسین هیچ مولاحەزاتت نییە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە موختەسەر هەندێ مولاحەزاتم هەیە، ڕەنگە ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ماددە چل وچوار هاتبێت ژمارەکەی زۆرە برادەران وای بۆ دەچن وەکو مومارەسەکی دیموکراتییە، ئەو دەسەڵاتانە زۆرن، بەڵام من لە موناقەشەکان حازر بووم، هەروەکو لە دەسەڵاتەکانیش دیارە زۆربەی زۆری دەسەڵاتەکان پرتۆکۆلی و شکلییە، لە هەموو دنیای دیکتاتۆری و دیموکراتی ئەوە مومارەسە کرایە، ئەوە یەك، دوو: هەندێ لە دەسەڵاتەکان شکلییە و پرتۆکۆلییە، بەڵام هاوبەشە لەگەڵ

ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش، سێ: زۆربەی زۆری دەسەڵاتەکانی کە ئێستا لێرە هاتوون لەگەڵ هەردوو ئیدارە مومارەسە کراوە، ئێمە دەڵێین دەبێت زەمانات بۆ خۆمان پەیدا بکەین، ئەمانە زەمانات نییە، بۆ سەرۆکی هەرێم کە ئەم دەسەڵاتانە لە حکومەتی مەرکەزی وەربگرینەوە و بدەینە سەرۆکی هەرێم، بۆیە بەڕاستی من بە موختەسەری دەڵێم لە رووی یاساییەوە دەسەڵاتەکان هیچ عەیبیان نییە، لە جێگای خۆیەتی لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە تێبینیەکانی فەسڵی سێیەم دەهێنین و دەچینە فەسڵی چوارەم، فەسڵی چوارەم سوڵتەی قەزائییە، ببوورن فەسڵی سێیەمە بە هەڵە هاتووە، فەسڵی سێیەمە، فەسڵی چوارەم نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، فەسڵی سێیەم لە ماددە پەنجاو شەشەوە تاکو ماددە شەست و دووە، ئەوانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، ناوی ئەم بەڕێزانە نووسراوە، بەڕێزان تکام وایە هەر مولاحەزەیەکی سیاغە یان رێزمانی هەبێت بە لیژنەی یاسایی بڵێن بەبێ موناقەشە لێرە، تکاشم وایە ئێستا سەیری وەرەقە مەکەن ئەفکارتان بگۆڕن، کێ ناوی نەنووسراوە با دەستی بەرز بکاتەوە، تکایە، بەڕێز مەلا تاهیر فەرمووو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من واز لە سیاغەکە دەهێنم، بەڵام لێرە شتەکی عام هەیە بەنیسبەت ئێمە دەزگای تەنفیزی لە ئەنجومەنی وەزیران لە قەزائی ئیشارە بۆ تەحدیدی رەواتب و موخەسەسات نەکراوە، لە هەردوو بەشەکە، لە ماددە پەنجاو نۆش (تختص محكمة تمييز إقليم كوردستان إضافة لاختصاصاتها الاعتيادية بتفسير) خۆی لیژنەی یاساییە (مواضيع القانون) باشترە بۆی کەوا تەفسیری قانونەکەی خۆی بکات، بۆ نموونە ئەو لیژنەی دانیشتووە لەوێ تەفسیری قانونەکەی زیاتر دەکات وەك دەڵێت (صاحب الدار ادري بما فيها) دەڵێت ئەوەی کە دایدەنێت باشتر دەزانێ تەفسیری بکات (تختص) هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر بکرێتە (تقوم) باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەمین مولود.

**بەڕێز محمد امين مولود امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددە شەست و نۆ نەگونجاوییەك لەگەڵ ماددە شەست و هەشتدا، لە ماددە شەست و هەشتدا دەڵێت (لايجوز فرض ضريبة أو رسم أو تعديلها أو إلغائها أو إعفاء أحد منها الا بقانون) بەینەما ماددە شەست و نۆ دەڵێت (لسلطات الاقليم فرض وجباية الضرائب والرسوم في الاقليم أو تعديلهما أو إلغائهما) ئەمە موتەناقزە، ئەمە لەلایەکەوە فەرزی زەرائیب ئیلا بە قانون نەبێت نابێ، لەلایەکی ترەوە سوڵتات ئەو دەسەڵاتەی بدرێتێ، بەڕاستی ناگونجاوییەك دەبینم لەو دوو ماددەیە، لە ماددە حەفتاوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك ئەمین، ئێمە تا مادده شەست و دوو موناقەشە دەکەین، بەڕێز بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی شەستدا هاتووە دەڵێت (ينوب الادعاء العام عن المجتمع في الدفاع عن الحق العام وتحقيق العدالة)، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە فەقەرە یەك و فەقەرە دووی بۆ زیاد بکرێت (حق التقاضي مكفول لكل مواطن)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەحمەد عەلی فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر فەسڵێکی تر زیاد بکرێت لەسەر دەستووری هەرێم لە ژێر ناونیشانی (إختصاصات الاقليم) هەرچەندە ئەو جۆرە ئیختیساساتە شەخسیەی دەوڵی نییە، بەڵام هەرچەندە ئەگەر ئیختیساساتێکمان هەبێت خراپ نییە، ئەوانیش:

١- عقد الاتفاقيات التجارية والاقتصادية متعلقة بحدود على شرط ان تكون هذه الاتفاقيات غير سياسية وملائمة مع السياسة العامة للاتحاد الفيدرالي.

٢- شؤون الامن القومي.

٣- شؤون قوات المسلحة (البيشمەرگە) داخل اقليم.

٤- وضع الخطط الاقتصادية للاقليم وغيرها.

لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پێشنیارە بە نووسراوی بدە بە لیژنەکە، بەڕێز کاك جەمیل سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده شەست و یەکدا هاتووە دەڵێت (للطوائف غير المسلمة إنشاء مجالسها الروحانية والقضائية وفق قانون خاص ولهذه المجالس حق النظر في كل ما له مساس مباشر بالاحوال الشخصية لتلك الطوائف والتي لا تدخل ضمن اختصاص محاكم الاحوال الشخصية) مەجالیسی روحانی فەیدی ناکات، چونکە تەوائیف دروست دەکات، بەڵام قەزائی مەجلیسی قەزائیمان هەیە محکەمیەت هەین و من پێشنیار دەکەم قەزائی بێتە ئیلغا کرن، مەجالیس روحانیە کافیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش مولاحەزەم لەسەر مەجالیسی قەزائی هەیە، پرسیارێت من بۆ لیژنەی قانونی ئەوەیە کە ئەڤ ماددەیە تەناقزی لەگەڵ ماددە نۆ فەقەرە نۆ کردن خاسەتەن مەسائیلی قەزائی، چونکە ماددە نۆ مەوجودە کو هەمی (مواطن متساوون أمام القانون)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. رزگار، بەڕێز کاك عەبدلکەریم شێخ کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە وتیان تەنها لە ماددەی شەست (وینظم ذلك بقانون) ئەوەندەیە ئیزافە بکرێتە سەری، چونکە ئیدعای عامە هەندێ گۆڕانکاری قانونی دەوێت، هەر قانونێکی تایبەتی دەوێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران ئیشارەتیان بە پێشنیارەکەی من دا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە لەسەر پێشنیارەکان، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی لە ماددە پەنجاو نۆ هاتووە بۆ (تختص محکمە تمییز)، بەڵام مەفروز بوو ماددەکەی هەمووی خوێندباوە، مانای وایە مەوزوعەکە مەتروحە لە پێش محکمەمە یەکێك دەفع دەکات دەڵێ ئەوا من موقازات دەکرێم بەو قانونە، ئەو قانونە موخالیفی دەستوورە و، ئەو کەسەی قانونی داناوە ناتوانێ بچێت لەوێ قانونەکە تەفسیر بکات، دەبێت محکەمەی تەمییز ئەو قانونە تەفسیر بکات، بزانێ ئەو قانونە دەستوورییە یان دەستووری نییە، کاك شێخ کریم فەرمووی ئەوە بە قانونێك بکرێت قانونەکە هەیە قانونی ئیدعای عام هەیە و واجیبات و شێوەی تەعیین و ئەمانە دیاری کراوە لە قانونەکە، هەروەکو سوڵتەی قەزائی چۆن قانونیان هەیە حوکام و شتی ترن، ئیدعای عام خۆیان قانونیان هەیە کە دەڵێت (ینوب عنە عن المجتمع) ئەوە مەبدەئێکی عامە لە موجتەمەع، بەڵام قانونەکەیان هەیە چۆن شێوەی تەعینیان و شێوەی تەرفیعیان و چ دەکەن و واجیباتیان چییە و چ دەکەن و تەوزیح کراوە لەوێ بەپێی قانونەکە،

کاك جەمیل فەرمووی مادده چل و یەك (مجالس وفق قانون خاص) دەبێت ئەوانە هەیان بێت، بۆ نموونە ئێمە محاکمی بیدائەمان هەیە کە پێی دەوترێت (محكمة المواد الشخصية) تەبعەن برادەران قەسامات و موفازاتیان لەوێ دەبێت، بەلاّم مەسەلەی مارەکردنیان چۆن؟ یەعنی ئەگەر بیەوێت عەقدێك بکات خۆ ناتوانێ لە محکەمە عەقدەکە تەسدیق بکات، دەبێت ئەو مەجالیسە روحانییەیان هەبێت، بۆ ئەوەی عەقدەکەیان بۆ تەسدیق بکات، منداڵەکانیان دەفتەر نفوسیان بۆ دەربهێنێت ئەوە جیهەتێکی رەسمییە، بۆیەش نووسراوە بە قانونی خاص، بۆ ئەوەی شێوەی رەسمی بدرێتێ، بۆ ئەوەی مەجلیسەکەیان سەلاّحەتییان بداتێ ئەم جۆرە شتانە بکەن، لەبەر ئەمە ئەوە زۆر زەرورییە کە ئەوانیش وەکو ئێمە موممارەسە بکەن، چونکە جێگا نییە، ئێمە دەچینە محکەمەی شەرعی ئەی ئەوان کێوە بچن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی ترتان هەیە، فەرموو کاك کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك بورهان داوای کرد فەقەرەیەك ئیزافە بکرێتە پێش ماددەی (٦٠)، چونکە لەسەرەتایەکەیدا هەیە ( هەرکەسێك حەقی موفازات و موراجەعاتی هی شەکوی و ئەوانەی هەیە)، لەبەر ئەوەی حەقی تەقازی موجودە بۆ هەر مواتنێك، لەبەر ئەوەی حاجەت ناکات زیکر بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، کاك د. عزالدین فەرموو.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٦١)دا باسی ئەوە کراوە کە ئەو تاقمانەی موسڵمانن و مەجلیسی رۆحانی و قەزائی خۆیان هەیە و، حەقی خۆیانە لە مەسەلەی قانونی ئەحوال شەخسی خۆیاندا بەو پێیە کار بکەن، بەلاّم ئێمە لە هەرێمدا قانون ئەحوال شەخسیی خۆمانمان نییە، تا ئێستا ئەو قانونی ئەحوالی شەخسییەی لە بەغدا دا هەیە شیتێکی کۆنە پەرستانەی زۆر بۆگەنیشە، ئێمەش لێرە لە کوردستاندا لەناو موسڵمانان سونیمان هەیە و شیعەمان هەیە، سونی شافیعی و حەنەفیشمان هەیە، دەبێت قانونێکی ئەحوالی شەخسیی خۆمانمان هەبێت، کە لەوان جیاواز بین و، هەر کەسە و بە پێی مەزهەبی خۆی بڕوات و لەگەڵ زەمانیشدا بگۆڕێت، هەندێ شت هەیە راستە نەصە، بەلاّم لە زۆر شوێندا گۆڕاوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی وەرەسە و ئەوانە لە قانون ئەحوالی شەخسیی لە بیرمانە لە زەمانی شۆڕشی تەمموز عەبدولکەریم قاسم گۆڕی، کە بەعسییەکان هاتن لە غویان کرد، کە هاوسانی ژن و پیاو لە ئینسان، مەلاش وایان باوەڕ نەبێت، شتی وا هەیە، جا لێرە ئەگەر ئیشارەتێك بۆی بکرێت، لێرە لە قانونی ئەحوالی شەخسیی بۆ موسڵمانیش ببێت یان دوایی قانوونێك دروست بکەن، وابزانم زۆر دروستە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاكە دكتۆر، تێبینیتان هەیە، فەرموو كاك كاكەڕەش.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوە لە دەستور ناگوترێت، تەنیا مەسەلەی قانون ئەحوال شەخسییە، ئەگەر جەنابی كاك د. عیزالدین بە پەسندی بزانێ، دەتوانێت بە دە ئەندام مەشروعێكی ڕێكوپێك تەقدیم بكات و، پەرلەمان دیراسەتی بكات، لەو كاتە پەرلەمان دەتوانێت ئەو مەوزوعەی ئیقرار بكات، یان ئیقرار نەكات، ئیتر مەتروكە بۆ ئەوان، بەڵام ئەوە ئیمكان نییە لە دەستوور ئەوە تەسبیت بكرێت بۆ موسڵمان ئەوەیان هەبێت یان نەبێت، ئەوان مەجالی ئەوەیان تێدایە، چونكە قانونی ئەحوال شەخسییمان هەیە و مەحاكممان هەیە، ئیشمان ڕۆیشتووە تا ئێستا، بەسی هی ئەوانە ناڕوات، دەبێت ئەوە تەسبیت بكرێت لە دەستوور بە قانونێكی خاص ئەوانەیان بۆ بكرێت، تاوەكو بتوانن چارەسەری ئیشەكانی خۆیان بكەن، بەس ئێمە هەمانە ئەگەر قانونەكە خوار بێت یان خێچ، هەمانە ئەوەی تر دەڕوات، جا ئەگەر بگۆڕێت ئیماكان هەیە مەشروعێك تەقدیم بكرێت بە قانونی ئەحوالی شەخسیی، جگە لە دیراسەت كردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت قانونی ئەحوالی شەخسیی و قانونی عقوباتیش، بەنیسبەت هەردووكیان ئێمە دەبێت حیسابی ئەوە بكەین، ئێمە لەناو عێراقین، یەعنی ناتوانین قانونێكی جیاواز بۆ خۆمان دروست بكەین، دەتوانین تەعدیلات بكەین لەسەری هەر بۆ زانیاری، وابزانم لە هەردوولاش هەندێ تەعدیلات خراوەتە سەر قانونی عقوبات و قانونی ئەحوالی شەخسیش، بابی چوارەم، تكایە ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر بابی چوارەم هەیە ( ادارة المجالس البلدیة) یەعنی لە ماددەی (٦٣ تاكو ٦٧)، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، بەڕێز كاك شێخ عبدالكریم فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (٦٥) كە دەڵێ لە (٣٠٠٠) نفوس كەمتر نەبێت، ئەوە ڕەنگە بۆ ئێستا و بۆ واقیعی پێنج ساڵی داهاتووش هەتا مەركەزی ناحیەكانی خۆمان ئەو مەجانەیان تێدا نەبێت، ئێستا بۆ نموونە مەركەز ناحیە هەیە لە سنووری پارێزگای كەركووك و سلێمانی (١٠٠ تا ١٥٠)ماڵە، بەمەرجێك هەموو شتەكانی تێدایە، ناحیەی تێدایە و بنكەی پۆلیسی تێدایە و ئاسایشی تێدایە و قوتابخانەی ناوەندی تێدایە و، هەتا باخچەی منداڵانیشی تێدایە، جا ئەو ژمارەیە لەگەڵ ماددەكە دەمج بكرێت، واتا لەگەڵ ماددەی (٧٦)ە، چونكە لەوێ دەڵێتن (المادة السابعة والستون: تحدد انواع البلدیات و كیفیة انتخاب رئیس و اعضاء المجلس البلدي و صلاحیات المجالس البلدیة و مدة العضویة فیها و سائر شؤونها الاخرى بقانون)، تەحدیدی بەلەدیات، ئەو (٣٠٠٠) بخرێتە ئەوێ، یان لابردرێت، ئەو (٣٠٠٠)ە تەحدید نەكرێت، ئەوە تێبینی یەكەم. تێبینی دووەم: لە ماددەی (٦٦)دا (یتم انتخاب رئیس و اعضاء المجلس البلدي من بین سكان المنطقة)، وشەی (المنطقة) لابردرێت، چونكە دەبێت مەنتیقەكە فراوانتر بكرێت ببێتە (بلدە)، چونكە تۆ ئینتیخاباتەكە بۆ دانیشتوانی

ناو شارۆچکەکە دەکەیت، نەك لە زەواحی و لە دەرەوە یەکێکی تر بێت، کە دانیشتووی ئەوێ نییە، لە هەڵسوکەوتی و یان زەرووریاتی بەلەدیەی شارەکە ئاگادار نییە، لە ماددەی(٦٦)دا برگە دوو (یراعي في تشكيل المجالس البلدية التمثيل العادل للاثنيات القومية في اقليم كوردستان) ئەمە لایەنی چاکە و لایەنی خراپەشی تێدایە، بڵێین (٦٠٠) ماڵ لە شارۆچکەیەکەدا دادەنیشن، سەد ماڵی سریانییان تێدایە یان ئاشووریان تێدایە، رەنگە بۆ ئیشوکاری بەلەدیە، رەئیسی بەلەدیە پێنج ئەندامی لەوان گونجاو تر بن وەك بڵێین لە ئیسلامەکان یان لەهەر تائیفەیەکی تر، ئەمە لێرە زیاتر شتی فەنی و خەدەماتی و ئەوانەیە، چونکە ئەو کاتی بڵێین نیسبەتی یەك تەقسیمی پێنجیان هەبێت، ئەوە رەنگە خەڵك دەنگیان بداتێ بۆ رەئیسی بەلەدیە و بۆ دوو ئەندامی بەلەدیەش، زیاتر بۆنی تائیفی لێ دێت ئەو ئیشەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی (٦٤) تێبینیم هەیە دەڵێ (المادة الرابعة والستون: للاقليم استحداث الوحدات الادارية) ئەوە حەق نییە بۆ نموونە ئەمە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئیقلیم تەبعەن سوڵتاتی هەیە، پێم وایە ئەو ماددەیە لە مومارەسەی ئەنجومەنی وەزیران بێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولودامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر ماددە (٦٧)ە (بلديات بانواع) نییە، بە دەرەجاتە، لەبەر ئەوە وشەی بڵێین (تحدد درجات البلديات) بەپێی قانونی بەلەدیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بیر و بۆچوونی کاك شێخ عبرالکریم مامۆستا محمد و کاك ئەمین مەولود، کاك شێخ عبدالکریم دەڵێ (٣٠٠٠) کەس زۆرە، تەقدیرەکە وابوو لە لیژنەی یاسایی، کە (٣٠٠٠) کەس ژمارەیەکی مەلائیم و موناسیبە بۆ ئەوەی کە بتوانرێت مەرکەزی ئینتیخابی تیا دروست بکرێت، جا ئەگەر ئێوە پێتان باشە، کەمی بکەنەوە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام (٣٠٠٠) کەس ژمارەیەکی مولائیمە بە تەصەوری ئێمە، دەربارەی ئەوەی کە مەنتیقە نەمێنێ کاك شێخ عبدالکریم ئەوەشی پێشنیار کرد، بەڕای ئێمە مەنتیقەی سوکان، مانای ئەوە نییە، کە شتێکە موخالیفی قانونە، مەنتیقە بچووکیش دەبێت گەورەش دەبێت، یەعنی تۆ دەتوانیت بڵێی مەنتیقەی کوردستان هەمووی، یان مەنتیقەی سەرگەلو یان مەنتیقەی سووورداش شتێکی ئیعتیادییە، مەسەلەی

مەنتیقە وشەیەکی عەرەبیە و زۆر ئیعتیادی بەڕێوە دەچێت. دەربارەی تێبینیەکانی مامۆستا مەلا محمد تاهیر لە ماددەی (٦٤)دا دەڵێ (المادة الرابعة والستون: للاقليم استحداث الوحدات الادارية) ئەوە صەلاحیەتی ئیقلیمە کە (الوحدات الادارية) محافەزە و قەزایەکان و ناحیەکان دروست بکات، نەك لایەکی دیکە.

دەربارەی کاك ئەمین مەولود دەڵێ دەرەجاتی بەنیسبی بێت راستە، خۆی دەبێت بە دەرەجات بێت، ئێمەش هەر لەسەر ئەو رەئییەین، تێبینیەکەی کاك ئەمین مەولود راستە، دەبێت بەلەدیە بە دەرەجات بێت، ئیزافەی دەکەین و چاکی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (٣٠٠٠)ە ئیمکان هەیە چەند دێیەك تێدا کۆببنەوە، شەرت نییە ئیلا دێیەکە حەسر بکەین، دێیەکە موقەویماتی قوتابخانەی تێدایە کەمیشە نفوسەکەی و، ئیمکانە لەگەڵ چەند دێی تری لێی نزیك پێکەوە کۆیان بکەینەوە لە زمنی یەك بەلەدیە، ئەوە جائیزە، تەنیا حەسر بکەین لەسەر ئەو دێیە، دوو دێ یان سێ دێ یان چوار دێ پێکەوە هەمووی دەکەینە یەك بەلەدیە و ئینتیخاباتیان دەکەین و، هەموویان مەشغول دەبن بە خەدەماتیان، جائیزە ئەوە لە رووی قانونییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە لە ماددەی (٦٣) ئەوەی کە دەڵێ (مع مراعاة الحقوق الادارية للاثنيات القومية في الوحدات الادارية) ئەوە، بەرای من لێرە بکرێتە (مع ضمان)(مراعاة) تۆزێك مەگاگیەتی تێدایە، هەندێ شوێن موراعاتی تێدایە ئیعتیادییە، بەڵام (ضمان) لێرە مسۆگەر ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ عبدالکریم فەرموو، ئاخیر کەسە.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەڵامی بەڕێز کاکەرەش، مەجلیسی بەلەدیە ئەوەیە کە لە سنووری بەلەدیەیە، مەفهومێکی مەنتیقی نییە، یەعنی بۆ مەجموعەیەك لادێ، بۆ ئەوەی بەباشیت بۆ روون بکەمەوە من و شەفیقە خان خەڵکی یەك ناحیەین، خەڵکی سورداشین، (١١١) ماڵن نفوسەکەی (٧١٠) کەسە، ناحیەشی هەیە و مەجلیسیشی هەیە و هەمووموئەسەساتی تێدایە، ماتول ناتوانرێت جیهاتەکانی تر بنێردرێت، بۆ سنووری بەلەدیەکە، مەجلیسی بەلەدی، ئەوە موتەبەعی بەو وابوو، ئێستا لە

قانونی بەلەدیات وایە، حدودی بەلەدیات دەگرێتەوە و خاریجی حدودی بەلەدیە ناگرێتەوە شوێنێکی تر بخەیتە سەری، ئەوە یەك.
دووەم: کاك احمد روونی کردەوە (یتم انتخاب رئیس و اعضاء المجلس البلدی) ئەو مەنتیقە جیایە، مەنتیقە لە مەفهومی قانونی و ئەوانە دیارە چۆنە و مەجلی و حدودی بەلەدیەکەیە، ئەو مەنتیقەیە بکرێتە سنوری بەلەدیەکە یان بەلدەکە، هەر ئەوەندەیە، چوکە ئەوە ئیشکالێکی هینی تیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی دێهاتم کرد، چونکە بە حوکمی قانون ناحیە هەر چەند بێت نفوسی بەلەدیەی هەیە، لە بەلەدیەی باسی نفوس نەکراوە بۆ ناحیەی، مەرکەوی ناحیە دەبێت بەلەدیەی هەبێت، ئەگەر دە نفوسی هەبێت یان بیست نفوسی هەبێت، گوتم ئەگەر دێهات جەنابت ئعتیرازت لەسەر دێهات بوو بەلەدیە و ناحیە موشکیلە نییە، ناحیە بەلەدیەی هەیە هەرچەند بێت نفوسی مادام مەرکەزی ناحیەیە، بەلام دێهات، ئەگەر لە (٣٠٠٠) کەمتر بێت، ئیمکان هەیە چەند دێیەك کۆبکەیەوە، بیخەیە زمنی یەك بەلەدیە، بۆ ئەوەی بەلەدیەکیان لەناو تەشکیل بکەیت و، بتوانێت خەدەماتیان بۆ بگەیەنێ و، بۆ ئەوەی لە رووی قانونیەوە تووشی ئەو کۆسپە نەبێت کە (٣٠٠٠) کەس نییە، ئەوەیە مەوزووعەکە، وەئیلا ناحیە دەبێت هەر هەیبێت، ئەگەر دە کەسیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بابی پێنجەم، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسراوە ئەوانەن:

١- شێخ عبدالکریم.
٢- کاکە حمە.
٣- حسین جنبلی.
٤- ملا محمد تاهیر.
٥- د. رزگار.
٦- د. ادریس.
٧- ابراهیم سعید.
٨- امین مولود.
٩- حمەعلی تۆفیق.

کێی تر ناوی نەنووسراوە، کاك شێروان هەر لەسەرەتاوە دەستی بەرز کردەوە، بەڕێز کاك شێخ عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی (٧١) (المادة الحادية والسبعون: يكون اقليم كوردستان من الناحية المالية خلفا لساطات الاتحاد بما لها من استحقاقات مالية و متاخرات الضرائب والرسوم التي تخص الاقليم) ئەی قەرزی خەڵك؟، ئەگەر ئێمە بەدیلی ئەو حكومەتە بین لە پارە وەرگرتن و شتەكان، ئەی قەرزی خەڵك بەسەدان ملیۆن دینارە، بۆ ئەوانە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر قەرزەكە حكومەتی مەركەزی بیدات باشتر نییە؟. جا با جارێك وا بێت قەی چ دەكات، بەڕێز كاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیەكمان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە لە دەستوورەكە بە عام باسی دیوانی رەقابەی مالی نەكراوەو، لە ئەحكامی مالیش ئەو باسە نەكراوە و، ئەو مەسەلەیەش زۆر لە رۆژنامەكان لەسەری نووسراوە، بۆیە پێشنیار دەكەین دیوانی رەقابەی مالی دروست بكرێت و پێشنیارێكیشمان هەیە لەو بابەتە، ئەگەر مەجالمان بدەنێ بیخوێنینەوە، ئەویش ئەوەیە (تؤسس سلطة الرقابة المالية في الاقليم و ترتبط بالمجلس الوطني لكوردستان العراق و ينظم ذلك بقانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر پێشنیاری شەخسیی خۆتە، ئینجا باسی دەكەین، بەڕێز كاك حسین جنبلی فەرموو.

**بەڕێز حسين جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من هەر ئەوەیە كە كاك شێروان باسی كرد ( استحداث دائرة الرقابة المالية لمراقبة و تدقيق كافة الامور المالية في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا محمد تاهیر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەینی (ل)ی (لايجوز) و (ل)ی (سلطات)ە تەلاقی دەكرێت تەبعەن تەعاروزێك هەیە، چونكە جەنابتان دەزانن زەریبە بە قانونە، قانونیش پەرلەمان دەری دەكات بەلاَم لە (سلطات) ئەوە عامە، مانای وایە تەنفیزیش دەگرێتەوە و سوڵتاتیش دەگرێتەوە، ئینجا لە مادده (٦٩) (مع

مـراعاة قـاعدة العدالـة مـع مراعاة قواعد العدالة و المساواة و التوحيد بين مواطني الجمهوريـة الفدرالية العراقية)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك د. رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم (د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابـزانم لـە ئیقلـیمیٚ و لـە عـێراقە هەمـییێ واریدەی سەرەکێی یان مەوریدە سەرەکێی (عملە صعبە) نەفـتە پـترولـە، لڤـێرێ فەقـەرەك نـەهاتووە، مـن پـێشنیار دەکەم فەقەرەیەك ئیزافە بێـت کـرن و ببێـتە فەقـەرە پێـنج (حصـە الاقلیم مـن واردات پـترول)، یـەعنی ئەڤـە دەبێـت مـەحدود بێت لەسەر حیصە ئیقلیمیٚ، مومکینە موناقەشە لەگەڵ سوڵتەی مەرکەزیش بێتە کـرنێ، تـەحدیدە بێـتە کـرنێ، ئەگـەر هـاتوو تـەحدید هاتـە کـرنێ، تەبـیعی گشت واریداتـی ئیقلیمیٚ هەیە، واریدات ێ مالیەی ئیقلیمیٚ، ئەڤ حیصەی پـترۆلێ دەبێت، ئەڤە یەك.

یـا دوێ، مـاددە (٧٣) تەبـیعی مـیزانی دوو بەشـەکیە کرنێ، بەشی تەخمینی و بەشی خیتامی یـەعنی حیسابی خیـتامی، ئـیل ڤـێرێ مەفـروزە یـەعنی جانبـێکی سـەرەکیە تەمویلی لەگەڵ بێت، ئەڤ حیسابی (الواردات و المصروفات التخمینیة الحساب الختامي). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبـینی مـن لەسـەر دیوانـی ڕەقابـەی مـالی بوو، باس کرا، پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز کاك شـێروان حـەیدەری دەکـەم، زۆر گـرنگە دیوانـێکی ڕەقابـەی مـالی هەبێـت، بـەو شـێوەیەی کە پێشنیار کراوە، پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەیـەکی پێـنج دەبێـت ئـیزافە بکرێـت، ئـەویش جانبـێکی د. رزگـار باسـی کـرد، بـەس جانبـێکی بـەجێ هێشـت، مـاددەی (٧٥)ی دەسـتووری ئیـتیحاد دەڵێـت ( لکل اقلـیم حصة من عوائـد لـثروة النفطـیة و رسـوم الگمـارگ) لـێرە (رسـوم الگمـارگ) هـاتووە، بـە صـەلاحیاتی ئیتـیحادە، نـەوەکو رسـومی تـرە، لـێرە رسـومی تـر هـاتووە، بـەس لـە قـانونی ئیتـیحاد دەڵـێ رسـومی گمـارگ تـابعی ئیتحیادە، ئیـنجا دەبێـت لـێرە باسـی حیصـەی نەفـت بکرێت، کە ئەو (عـائدات استـپمار المـوارد الگبیعیه فی الاقلیم) ئەوە نـەباسی نەفتە، باسی نەفـت ناکات، چونکە نەفـت سەرانسـەرییە هـی عـێراق هەمـوویـە، لەگـەڵ رسوم گەمارگی دەبێت ئیزافە بکرێتن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لەسەرەتاوە گوتم، بەڕاستی مادده (٦٩) جیایە، کە دەڵێت (لسلطات الاقلیم فرض و جبایة الضرائب و الرسوم في الاقلیم او تعدیلها او الغائها)، چونکە لە مادده (٦٨)دا هاتووە ( لایجوز فرض ضریبة او رسم او تعدیلهما او الغائهما او اعفاء احد منهما الا بقانون)، لەبەر ئەمە ئیقرارە، مومکینە بوونیشی لەلایەن سوڵتات و، هەندێ مەشاکیل دروست بکات، ئەمە یەك.

دووەم: لەبارەی ئیراداتەوە، هەندێ شت هەیە کە پێویستە لێرە بهاتایە، بەڵام نەهاتووە، وەکو ئیراداتی هەندێ مونەسەساتی عام، مەوانی، خطوطی جەوی، گەلێ خطوطی وا هەیە، کە ئەمە ئیرادەکەی تەنها لە مەرکەز کۆ دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەتی ئیقلیم لەو ئەرباحانەی هەبێت، لەبارەی تەحدیدی ساڵی مالیەوە بەلای منەوە مادده (٧٢) وای لێ بکەین بڵێین (یشرع لکل سنه مالیه قانون الموازنه الموحده تبدأ من ١/١ لغایه ١٢/٣١) هەتاکو ئاخیری، لەگەڵ رێز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمه علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی هەرچەندە برادەران باسی ئەو مەوزوعەیان کرد، ئێمە لە ماددەی (٧٠) فەقەر سێ (المنح) مینح ئەوەیە کە لە مەرکەز دێت، لەبەر ئەوە ئەوەی کە مەرکەزە مەسەلەی نەوتەکەیە و، ئێستاش ئێمە حیصەمان بۆ دیاری کراوە بەرەسمی لە (١٣٪)، یەعنی پێویستە لە دەستوور ئێمە ئەو هینە هەیە، هەرچەندە بە پێی نفوس، بەڵام ئەوە لە مەرکەزدا هەیە، بەڵام لێرە لە دەستوور شتێکیوا دیاری نەکراوە، برادەرانی یاسایی بیرێك لەوە بکەنەوە کە شتێك دیاری بکەن بۆ مەسەلەی نەوتەکە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی رەقابە مالی هەی، بەس راستە لڤێرێ زەروورییە ئیشارەت پێ بدەین، لە مادده (٦٩) بێژێتن فەقەرە (٢- تکون للاقلیم دائرة الرقابة المالیة و ترتبط بدیوان رئاسة الاقلیم) لە بەغداش ( دیوان الرقابة المالیة مرتبطة بدیوان رئاسة الجمهوریة) بۆ نموونە ئەو مەرحەلەیە دیوان ریئاسەتی ئیقلیممان نەبوو، لەبەر ئەوە بۆ نموونە رەبت کرابوو بە

پەرلەمان ئەوە شتێکی ترە، بەڵام خۆی لە بەغدا (ديوان الرقابة المالية مرتبطة بديوان رئاسة الجمهورية)، لێرەش مادام پێش ئێستا موناقەشەمان کرد لەسەر رەئیسی ئیقلیمێ و دیوانی ریئاسەتی ئیقلیم، لەبە ئەوە مورتەبیت دەبێت بە دیوانی ریئاسەتی جمهوری، چونکە شتێکی تەنفیزییە، با ئەو بارەش لەسەر پەرلەمان نەبێت خۆشترە، لە ماددەی (٧٢) هاتووە (تحدد السنة المالية بقانون) سەنەی مالی لە عێراق لە قانون دەرچووە، (١/١) دەست پێ دەکات تا کۆتایی (١٢/٣١) ئەو ساڵە، ئەمە دە ساڵە پەرلەمانی کوردستان مەوجودە و حکومەتی هەرێمی کوردستان مەوجودە پەیڕەو کراوە، هەر سەنەی مالی لە کوردستان بەو شێوەیە بووە، لەبەر ئەوە پێشنیارێ دەکەم لە جیهەت (تحدد السنة المالية بقانون) بەو شێوەیە بێتن (السنة المالية هي السنة الميلادية) حەز دەکەی تەفسیلیشی بکەی ( و تبدأ من ١ /١ لغاية ١٢/٣١ من نفس السنة)، ماددەی (٧٣) هاتووە دەڵێ (يشرع في كل سنة مالية قانون الموازنة الموحدة لاقليم كوردستان و تتضمن الواردات و المصروفات التخمينية) مادام لە جێگای (المصروفات التخمينية) هاتووە، مادام هاتووە (يشرع)، یەعنی قەرار پێ دەرچووە، لە جێگای (المصروفات التخمينية) دەبێتن (و النفقات المقررة) چونکە دائیمەن میزانیە لە دوو بەشە، لە واریداتە و لە نەفەقاتە، راستە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمان دەنێرێت، بەڵام وەختی لە پەرلەمان موناقەشەی دەکرێتن قەرار پێ دەردەچێتن ئەوە نەفەقاتی موقەرەرەیە، لە باتی لە جێگای (المصروفات التخمينية) ببێتن بە (و النفقات المقررة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی، ئێستا وەڵامتان هەیە بۆ تێبینیەکان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کاک جمیل فەرمووی باشەکە ( الواردات والنفقات)ە، فعلەن مەصروفات نەبێت، چونکە مەصروفات مەفروزە کرابێت، (النفقات التخمينية) یەعنی چەندمان پێ دەوێت کە بۆ نەفەقات دابنرێت، ئەوە خراپ نییە، ئەو وشەیە بگۆڕێ بکرێتە (النفقات)، ئەوەی کاک ئەمینیش فەرمووی بۆ تەوزیح نەوەك یەك بڵێ تەعاروز هەیە لە مادده (٦٨) هاتووە (لايجوز فرض ضرائب او رسوم او تعديل او الغائها او اعفاء احد منها الا بقانون) لە مادده (٦٩) دەڵێ (السلطات الاقليم) نەوەك تەفسیر بکرێت کە سوڵتاتی ئیقلیم حەقی فەرزی زەریبەی هەبێت، ئەوەی لە ناحیەی صیاغە چارەسەری دەکەین عەجەبا (لسلگات الاقليم بموجب القانون) شتەکی وا بکات؟، یان کۆتاییەکەی (باچافە القانون) لە ناحیەی صیاغە رێکی دەکەین، دوایێ ئەگەر ماوەمان بدەنێ، سەنەی مالیەکەشی کەگوتمان (تحدد ١/١) مانای وایە ئەگەر هاتوو رۆژێك لە رۆژان گۆڕیمان مانای وایە دەبێت دەستورەکەی تەعدیل بکەین، مومکینە هەتا شێستەکانیش، نازانم بە تەواوی رەقمەکە، یەعنی (٤/١) بوو سەنەی مالی عێراقی، دوایێ تەعدیلیان کرد، کردیانە (٨/١)، ئینجا ئێمە نامانەوێ تووشیتەعدیلی دەستوور بین، ئەگەر کاتێك دانیشتین قەرارماندا (١/١)ە، خۆ قانونەکە دادەنێین سەنەی

مالیەی ئێمە لە (١/١) دەست پێ دەکات هەتا (١٢/٣١)، ئەگەریش پێمان باشتر بوو ماوەیەکی تر دابنێین، بزانین بە گوێرەی وزیعیەتی خۆمان و، ئەو پارەیە چۆن دێتە دەستمان و (الواردات و التخمینیا) ئەو کاتە ماوەیەك دادەنێین، لەبەر ئەوە هیچ موشکیلە نییە، بۆ تەحدیدی بکەین، کاتێ کەینێ هات ئەو وەختە تەحدیدی دەکەین بە ڕۆژێك و حەقی خۆمانە، بۆ لەسەر سەنەی مالیەی عێراق بڕۆین، بەڵکو ئەو وەختی ئێمەش وەکو ئەوان تاریخێکی تر دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حسین فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووسێ روون کردنەوەی تر هەیە من حەزم کرد برادەران ئاگادار بکەمەوە، مەسەلەی کاکەڕەش کە باسی حقووقی کرد، دەتوانن زۆر بە ئیعتیادی لە ڕێگەی محاکمەوە داوای ئەو حەقەی خۆی بکات، حوکمیش وەردەگرێت زۆر ئیعتیادییە، مەسەلەی واریداتی نەوت لە لای ئێمە زۆر موناقەشە کرا بەڕاستی، یەعنی زۆریش ئەم دیو و ئەو دیومان پێ کرد، جا دوایی کە لەسەر ئەوەی گیرسایەوە، هەر بکەوێتە لای سوڵتەی مەرکەزی، ئێمەش تەبعەن وامان پێ باش بوو کە ئە حیسەیەش، ئەگەر بۆ حیسەی هەرێمیش لە دەستووری ئیتیحادیەکە دەبێت، چونکە ئەوان حیسەکە دەکەن، چونکە واریداتەکە هەر خۆی کەوتۆتە لای سوڵتەی مەرکەزی لە مەسەلەی رەقابەی مالی کە کاك جەمیل باسی کرد، کە ببەستێتەوە بە سوڵتەی تەنفیزییەوە، بە دیوانی ریئاسەتەوە، راستی ئێمە وامان پێ باشە کە ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت، چونکە ریئاسەتی هەرێم خۆی لە خۆی بەشێکە لە سوڵتەی تەنفیزی و چاکتریش وایە رەقابەی مالی ئەوەی سەرف دەکات سوڵتەی تەنفیزی خۆیەتی، چاکتر وایە رەقابەی مالی لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی نەبێت، لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی بێت، یەعنی سوڵتەی تەشریعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەوزیحەك بەنیسبەت کاك ئیبراهیم سەعید فەرمووی لەلای وان رسومی گومرگی تەحدیدمان کردووە، کە بەشێکمان بدەنێ، لێرە نەمان گوتووە، چونکە یەکەم رسمی گومرگی رسمەکی مەرکەزییە، بەس کە بڵێین ئێمە واریداتمان لە زمنی زەریبە و رسومە رەسمی گومرگیش دەگرێتەوە، ئەوەی دەمانداتێ لەو حیسەیەی، لەبەر ئەوەی حاجەت نییە بڵێی گومرگی وەردەگرین، چونکە بۆ من تەحویل دەکات لە زمنی رسومە، بەڵام ئەگەر بمان گوتبا رسمی گومرگی ، مانای ئەوەیە ئێمە حەقمان نییە موباشەرەتەن گومرگی وەربگرین، دەبێت مەرکەز وەربگری، لە زمنی رسوم زەریبەیە، بەس ئەو حیسەی بۆمان ئیحالە دەکات، بەنیسبەت رسوم داخیلی خەزینە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەچینە سەر بابی شەشەم (الاحکام الختامیة) لە ماددەی (٧٤ تا ٧٨)، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر بابی شەشەم هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاك سیروان کاکەیی فەرمووو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە ئەمە پرۆژەیەکە و ئامادە کراوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو لایەنانەش کە پەیوەندارن بە دوا ڕۆژی مەسەلەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق، پێم باشە ماددەیەك ئیزافە بکرێت لێرە، من قانونی نییم، بەڵام من صیاغەیەکم هەیە، ئەگەر برادەرانی قانونی پێیان ئاسان بێت، پێم باشە ماددەکە بەو شێوەیە بێت (یعتبر مشروع هذا الدستور مشروعاً معداً للمناقشة مع الاطراف المعنیة لتشکیل الجمهوریة الفدرالیة) یان (النظام الفیدرالي) شتێك لەو بابەتە، چونکە ئەگەر پەسند بکرێت، ئیتر پێویستیمان نابێت بە ماددەی (٧٨) کە لێرە هاتووە (ینشر هذا الدستور في الجریدة الرسمیة للاقلیم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عەلی عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددە (٧٧)دا من پێم باشە ئیزافەیەك بکرێ (یحق للجهات التالیة تقدیم الاقتراح بتعدیل مادة و اکثر من مواد الدستور)، چونکە مەرج نییە هەمو جارێك دەستوور بە کاملی بگۆڕێت، جار وایە ماددەیەك یا چەند ماددەیەکی لێ دەگۆڕێت، بۆیە پێم باشە ئەو ئیزافەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، برادەرانی یاسایی تکایە ئەگەر تێبینیان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك سیروان فەرمووی با بمانداتێ، چونکە ماددە (٧٨) نامێنێ ئەصلەن، بەڵام بمانداتێ دوایی کە لەگەڵ بەڕێزتان دانیشتین لە جیاتی ئەو ماددەیە شتێکی تر دەنووسین، بەڵام ئەوەی بەنیسبەت کاك عەلی فەرمووی تەعدیل خۆی وا دەگەیەنێت ماددەیەك بێ و دوو ماددە بێ خۆی تەعدیلە ئەوە ئیلغای هەموو دەستوورەکە نییە، تەعدیل مانای وایە لە ماددەیەك دەست پێ دەکات هەتا کۆمەڵێك مەواد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی ترتان نییە؟ نییە. کەواتە کۆتاییمان هێنا بە گفتوگۆکان و تێبینیەکان و خستنەڕووکان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم، ماوەتەوە پرۆژەی دەستووری جمهوری فیدراڵیی عێراقی

ئەویش ئەخەینە دانیشتنەکەی پاش نیوەڕۆ، ئێستا پشوویەك دەدەین تاکو سەعات (٢,٥) ئەوجا تا (٤,٥) کۆبوونەوە دەکەین لەسەر پرۆژەی دەستووری عێراق، سوپاستان دەکەین.

کۆبوونەوەی پاش نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، تکا لە بەڕێزان کاك شێروان حەیدەری و عیدۆ بابەشێخ دەکەم بفەرموونە سەر مەنصەکە، کاك عیدۆ بابەشێخ لێرە نییە، کاك ئەحمەد جەنابت فەرموو. بەڕێزان پرۆژەی دەستووری جمهوری فیدراڵی عێراقی خوێندرایەوە بۆ جاری یەکەم، بەنیسبەت ئەمیشەوە هەروەکو پرۆژەی دەستووری هەرێم، باب بە باب تێبینیەکان دەخەینە روو و تەسجیل دەکرێ، ئێستاش دەست بە بابی یەکەم دەکەین، دامەزراندنی (اتحاد) لە ماددەی یەکەم تاکو ماددەی حەوتەم، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسراوە، ئەو بەڕێزانەی ناونووس نەکراون ئاگادارمان بکەنەوە، شێخ محسن، حمە علی تۆفیق، رجب شعبان، احمد علی عمر، ابراهیم سعید، جمیل سندی، پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی رسول، بەڕێز شێخ محسن فەرموو.

**بەڕێز شێخ محسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بۆ دەستووری جمهوریەتی فیدراڵی عێراقی لەمەشیان بە پێویستی دەزانین و پێشنیار دەکەین کە ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێت، کە دینی رەسمی لە جمهوریەتی فیدراڵی عێراقی ئیسلامە، ماددەکەش هەر بەو کورتییە (دين الدولة الرسمي في الجمهورية العراقية الاسلام) و پێشنیار دەکەم تەسبیت بکرێ و جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی (٢) داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین بە هەمان شێوەی ماددەی دووی پرۆژەی هەرێمی کوردستان وای لێبکرێت، چونکە ئەوە تەقریبەن هەمان صیغە و هەمان شێوازی ئەوی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی فەرموو.

**بەڕێز د. عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو بەشی یەکەمەکە، من وا ئەزانم ئەوەی بۆ کوردستان هەر ئەوەی کەلە یاسای یەکەمدا ئیقرار کرا، هەر ئەو صیغەیە بخرێتەوە ئێرە، ئیتر ئەوە دەستکاری ناوێ، ئەو صیغەیە بخرێتەوە ئێرەو، ئەویشیان نازانم (للاثنيات القومية) لە ماددەی چواردا (كما يقرر الحقوق المشروعة للقوميات) ئاوا بێ، ئینحیاز بێت، لە مەسەلەی زماندا راستە ماددەی حەوت زمانی عەرەبی و

کوردی زمانی رەسمین، بەلام زمانی رەسمی هەر ئەوە نییە لە دائیرەکاندا بەکار بێنن، هەیە لە هەندێ شوێن پێی دەخوێنن، چونکە قەومیاتی تر حەقیان هەیە بەزمانی خۆیان بخوێنن، لێرە لیژنە چۆنی دائەنێ لیژنەی یاسا، شتێك بۆ قەومیەتەکانی تر کە وەك زمانی رەسمی خۆیان دەتوانن بەکاری بێنن شتێکی ئاوا دابنرێ، ئەوان لە رووی قانونیەوە باشتری دادەرێژن، ماددەی پێنج مامۆستا مەلا تاهیر ئەو تێبینیەی هەبوو لەسەر ئەوەی پێشوو (او تكون بغداد عاصمة) لەرووی صیاغەوە، بەلام قەیناکە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو (او تكون) نەمێنێ هەر (بغداد عاصمة الجمهورية العراقية) (تكون)ەکە بۆ لەمەودوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پێشنیارم هەبوو ئەوەی کاك حمە عەلی تۆفیق کردی کە بەنیسبەت دهوکی کە بێتە پێش لفەقەرا دووێ، و ئەگەر جەژنی نەورۆزیش ببێتە عیدێکی قەومی لێرە مەجالا هەی لە ماددە شەشێ لە دیماهیا زێدە ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك رەجەب قسەی من کرد، ئەوە بوو دوای ماددە شەش ئیشارەت بە جەژنی نیشتمانیی عێراقیش بدرێ باشە وەکو دەستووری هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە موتابەعەی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتم کرد لەسەر ماددەی یەك ناوی فیدرالیەت بەراستی حەقیقەتێك هەیە حەز دەکەم بیڵێم ناوی فیدرالیەت کە تەماشای ناوی رەسمی ئەو دەوڵەتانەم کرد، کە ئینتیمایان کردووە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵێك ناوم دەرکرد کە ناوی فیدرالیەتیان بەسەرەوەیە، بەلام بەراستی بە ئینگلیزی، چونکە کۆمەڵێك ناو (ئۆفیشیەڵ نێم) کە تەقدیم دەکەن لە کاتی ئینتیما یان لەکاتی گۆڕینی ناو بە ئینگلیزی تەقدیم دەکرێ، ئەو دەوڵەتانەش لەلام نووسراوە (فیدر ریپەبڵی ئۆف) جێرمەنی، یوغسلافیا، ئەوە بە فیدراڵی هاتوونە، نایجیریا)، دیموکراتی ریپەبلیك ئۆف ئەثیوبیا، ئەوها بە فیدریشن هاتووە نەك بە فیدراڵ وەکو (ریشن فیدریشن و فیدریشن ئۆف مالیزیا)، هەیە بە فیدرەتیف هاتووە نەك ئەم نە ئەو وەکو (فیدرەتیف ئۆف بەرازیل) و هەیە بە یونایید هاتووە وەکو هەموومان دەزانین (یونایید ستێت و ستاید ئۆف مەکسیکۆ) و ئیماراتی عەرەبیە، کە تەماشای تەرجەمەی عەرەبیم کرد

بەڕاستی هیچ کامیان بە فیدراڵیەت نەهاتووە تەرجەمەی عەرەبی ئەم ناوانە هەم ڕەسمی، هەموویان تەرجەمەیان کردووە بە ئیتیحادی، بە ئینگلیزیەکەی فیدراڵیە، ئینجا کە ئێمەش تەقدیم دەکەین بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی (فیدراڵ ریپەبلیك ئۆف ئیراك) یان کۆماری فیدراڵی عێراق، بەلأم کە عەرەبی بێت، بەڕاستی دەبێ ناوی (الجمهورية الفدرالية العراقية) بێت، ئەمە ڕوونکردنەوەیەك بوو بۆ کۆمیتەی یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمریکا چۆن نووسراوە؟ ئەی ئیماراتی عەرەبی چۆن نووسراوە؟.

**بەڕێز ابراهيم سعيد:**

کە باسی نەشید دەکرێ نەشید خاص، ئەمە تەقلیدێکی غەریبە، بەخۆی لە ناشینال ئەنفیل هاتووە یانی نەشیدی وەتەنی بە تەرجەمەی ئینگلیزی، دەبێ نەشیدیش تەرجەمەی تەواو بێت و ببێتە نەشید وەتەنی نەوەك سپێشەڵ ئەنفمە ناشینال ئەنفمە، ناوی نەشیدەکە دەبێ بەتەواوی بێتە خوارێ و بڵێین نەشید وەتەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئیبراهیم سەعید، فەرموو کاك جەمیل عەبدی سندی.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ساڵ نامەیەك بۆ مەسەلەی ئەگەری موناقشەی بکەی دەڵێ ( جمهوريه العراق الفيدراليه) وەکو جەلساتی بەری هەنوکە موناقشە کری و، ماددەی دووی ژ نافێ تلکیف هەیە بێتە ئیزافە کرن هەر وەکی کەشروعی دی هاتە ئیزافە کرن و عین زالە و ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك نادر محمد قادر فەرموو.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەدا دەڵێ (تتكون الجمهورية الفيدرالية العراقية من) ئەگەر دەتوانرێ بکرێتە ( تتكون الجمهورية العراقية الفيدرالية من)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە یەك کە دەڵێ ( دولة اتحادية فيدرالية ذات نظام جمهوري ديمقراطي برلماني يوصفها بالجمهورية الفيدرالية العراقية) کە وشەی (فیدرالی و اتحادی) پێکەوە هاتووە، لێرە مەبەستی خۆی هەیە، یەکەم هەر جمهوریەتێکی ئیتیحادی یان دەوڵەتێکی ئیتیحادی مەرج نییە تەنها فیدراڵی بێت، جمهوریاتی ئیتیحادی هەیە یان دەوڵەتی ئیتیحادی هەیە کۆنفیدراڵیە، نموونەی ئەو کۆن فیدراڵیە ئیتحادی هاشمی پێش چواردەی تەموزی ١٩٥٨ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو یانی

(الجمهورية العربية المتحدة) قەول بوو لە سێ وڵات پێك بێت و، كۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەتی كە پێیان دەگوت (اتحاد الجمهوريات الاشتراكية السوفيتية) و چەندین دەوڵەتی تر كە ئەوانەی ئیتحادی كۆن فیدراڵین و ئەوانەی فیدراڵین وەكو ئێستای ئەڵمانیا یان یوغسلافیا یان روسیا ئەوان ئیتحادی فیدراڵین، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەر دوو ووشەكە زۆر زۆر پێویستە لێرە بێت، كە كاتی خۆیشی دانراوە لەسەر ئەو ئەساسە دانراوە یانی (دولة اتحادية فيدرالية) هەردووكی تێدا بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك د. ناصح هیچ تێبینی ترتان هەیە لیژنەی یاسا. ئێمەش بەناوی سەرۆكایەتییەوە پێشنیارێكمان هەیە، ئەگەر لیژنەی یاسا لێمان قەبوڵ بكات، چۆن كەركووك گۆڕا، ماددەی پێنجیش لێرە بگۆڕێ و بەم شێوەیەی لێ بكرێ ( بغداد عاصمة الجمهورية الفيدرالية العراقية ويجوز عند الضرورة اتخاذ اي مدينة اخرى كعاصمة و بصورة مؤقتة) بابی دووەم ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، ئەم ناوانەی نووسراون لای ئێمە، صلاح الدين عبدالحميد، رزگار میكایل، شێخ عبدالكريم، احمد سالار، د. ادريس هادی، د. نیاز، دز رزگار، سعيد محمد صديق، احمد علی عمر، بەڕێز كاك صلاح الدين فەرموو.

**بەڕێز صلاح الدين عبدالحميد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی بیست لە خاڵی یەكەمدا هاتووە (العمل حق لكل مواطن و واجب عليه ان يمارسه اذا ماشاء وتسعى سلطات الدولة) ئەگەر بكرێتە ( وتسعى او وعلى سلطات الدولة) بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر وتت (وتسعى سلطات الدولة) مەجال دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی تەبریر بێنێتەوە یا پاساو بێنێتەوە لە كاتێكدا ئەگەر كارەكانت جێ بەجێ نەكرد، بەڵام ئەگەر وتت (على سلطات الدولة) دەبێتە ئەرك و ئەو كاتە دەبێ جێ بەجێی بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك رزگار میكایل فەرموو.

**بەڕێز رزگار حاجی میكایل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەم صیغەیە بڕوات گفتوگۆیەكی زۆر پەیدا دەبێت، چونكە ئەگەر مساوات تەواو بێت دەبێ لە مەحاكمیشدا ئافرەت وەكو پیاو یەیەك شاهید قەبووڵ بكرێ موقابیلی ئەو، دوای ئەوە لە میراتیش دەبێ وەكو یەك بن، لە ماددەی (١٩)شدا باسی جنسیەی عێراقی دەكرێت، نازانم هەموو هاووڵاتیەكی عێراقی بۆی هەیە جنسیەكی هەبێت یان دووان، چونكە وا باس دەكرێت نزیكەی چوار تا پێنج ملیۆن عێراقی لە دەرەوە دەژین، لەمە لەوانەیە لە حدودی نیوە كەمتر یا زیاتر ئیسقاطی جنسیەی كرد بێت، ئینجا ئەمە ئەگەر بڕێتە لای موعارەزەی عێراقی بێگومان تووشی موناقەشەیەك دەبێت، ئایا ئەوانە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە یان بمێننەوە لەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت مساواتی تام لبەر دەمی محاکم مساواتی تام دەکرێ، یانی ئەو داوا دەکات تەبیعی موناقەشە دەبێت ئیشکالی تێدا نییە، بەنیسبەت (لایحرم اي مواطن من جنسيته العراقية) ئەمە، ئەوە دەگرێتەوە کە عێراق حەقی نییە کەس دەربکاتە دەرەوەی وڵاتی خۆی، یانی بەزۆر دەری بکات، نەفی بکات دەری بکاتە خارج و، حەقیشی نییە جنسیەی لێ وەرگرێتەوە لە هیچ هاووڵاتییەك، ئەمە عیلاقەی بەوە نییە یەکێك لە دەرەوە جنسیەی وەرگرتبێ ئەمێنێتەوە سەر قانونی وڵاتەکەی ئەوێ، ئەگەر خۆی ئیسقاطی جنسیەی بکات بڵێ من عێراقی نیم تەواو عێراقی نییە، ئەوە رەغبەتی شەخصیە و ئەوە حورەتی شەخصیە، بەڕێز کاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تێبینیەکم هەبوو تەنها لە مادده هەشت، وابزانم قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (١٦) بەنیسبەت تەعلیمی مەجانی، تەبعەن ئێمە بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەچین و جامعاتی ئەهلی و شتی وا دروست دەبێ، پێم وایە لە ئایندە زۆر زەحمەتە لە بۆ تەعلیم مەجانی حکومەت کەفالەتی بکات، یانی ئەرکێکی گەورە دەبێت سەرەتایی و ئامادەیی، یانی ئەوە قەیدی نکات و جامعاتی حکومیش قەیدی ناکات، بەڵام ئەوانی تر نووسراوە (وان تكون للمواطنين حق التعليم المجاني بمختلف مراحله) ئینجا ئەگەر تەنها ئەو (مجاني)یە لابدرێت پێم شتێکی باشە. بەنیسبەت ماددەی بیست و دوو خاڵی دوو وشەی (وتطويرها) لابردرێت، چونکە بیئە وەکو باسم کرد چاك دەکرێت، بەڵام (تطوير) ناکرێ ئەو وشەیە لابردرێت، ماددەی ٢٤ بەنیسبەت شەکاوی (فيها خلال مدة محددة ومعقولة) ئەو (معقولة) مطاطیەتێکی تێدایە، لە نا دەستووردا شتێکی وا نییە یانی معقولەکە لابردرێ باشترە لەوەی کە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك د. نیازی فەرموو.

**بەڕێز د. نیاز جمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەی منیش هەر لەسەر مادده (١٩) بوو پێم باشە ئەگەر وا بنووسرێ (لايحرم اي مواطن من جنسيته العراقية حتى في حالة حصوله على جنسية دولة اخرى) چونکە بەگوێرەی یاسای عێراق ئەوەی جنسیەی دەوڵەتێکی تر وەربگرێ، جنسیەی عێراقی ئۆتۆماتیکی ئیسقاط دەبێت، ئینجا ئەوە ئیزافە بکرێ یان فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیكمەت محمد كریم (مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا دوو تێبینیم هەیە، یەكێكیان لەسەر مادده پانزده ئەوەی كە دەڵێ (حریة الدین والمعتقد الخ) تا دەگاتە (وان لایتنافى مع النظام العام والاداب العامة) من تەسەوڕم وایە (الاداب العامة)، كە لابەبین لەوانەیە لەرووی علمیەكەیەوە تۆزێك بەدیقەتر بێت، لەوە دەترسم ئەو ئادابی عامە زۆر ئازادی ببەستێتەوە لە باتی ئەوەی تۆزێ هینی بكات، نیزامی عام روونە قانونێك هەیە بەپێی ئەو قانونە نیزامێكە موتەبعە لە وڵاتی ئێمە، لەبەر ئەوە ئاداب عامەكە تەفسیر زۆر هەڵدەگرێ بەرای من، ئەمە یەك، دوو: لە ماددەی بیست لە دووەمیندا ( تكفل الدولة تحسین ظروف العمل ورفع مستوى المعیشة) من تەسەوڕم وایە (تحسین ظروف العمل والعدالة في فرص العمل) عەدالەتێكی تێدا بێت بۆ دامەزراندن نەوەك هەر زروفی عەمەل، زروفی عەمەل شتێكە و عەدالەت لە تەعینات شتێكی ترە، كە ئەوە یەكێكە لە بنچینە گرنگەكانی هەم دیموكراتیەت و هەم كۆمەڵگەی مەدەنی، سێ: من پێشنیار دەكەم هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئازادی و رێكخراو و نیقابە و ئەوانە دانراون بەڕاستی هەموو شتێكی باشە، بەڵام یەك وشەی مەدەنی و كۆمەڵگەی مەدەنی تێدا نابینم، من پیچشنیار دەكەم بەندێك بە روونی قسە لەسەر مەدەنیەت و كۆمەڵگەی مەدەنی بكات و، تەسەوڕم وایە بۆ دەستووری خۆشمان ئەوە مەسەلەیەكی گرنگە، چونكە ئەوە چەند ساڵێكە لە وڵاتی ئێمە قسە لەسەر مەدەنیەت و كۆمەڵگەی مەدەنیەت دەكرێ، ئەگەر بتوانین لە دەستووریشدا جێی بكەینەوە و لە قانوونیشدا جێی بكەینەوە رەنگە ئیلزامی كاردەكا و مافی مەدەنیەت و بەدیهێنانی كۆمەڵگەی مەدەنیەت شتێكی جوانتر بێ بۆ ئێمە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لیژنەی قانون لەو بارەیەوە دیقەتێك بەكار بێنێ و صیاغەیەكی بۆ بدۆزێتەوەو لەو شوێنانەی كە پێویست دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دڤان گۆڕینی جیهان تازەدا ئەركی دەوڵەتێ بەرامبەر هاووڵاتی خۆ هاتە گۆڕینێ وەكو زاناو پسپۆردا ئەركێت دەوڵەت بەرامبەر هاووڵاتی لە دوو خاڵی گرنگدا تەركیز كرن، ئەو ژێك ئینماء و رعایەیە، لڤێرێ ماددەێ بیستێ لفەقەرا دووێ من پێشنیار دەكەم وشەی (العاملة)ی پێوە نەبێت (ان تكون لجمیع المواطنین كما توفر لهم الضمانات الاجتماعیة) یانی هەموو هاووڵاتی مەشمول بن بەو حوكمێ وێ فەقەرەی، چونكە وەكی من گوتی مفهومی دەوڵەتێ هەنووكە ئینماو و رعایەیە، ئەمە یەك، فەقەرە سێ، هەرچەندە لە دەستووری هەرێمیش گووتم و ئێستاش دەڵێم و تكرار دەكەم (لایجوز اجبار احد على القیام بعمل معین الا في حالة دفع ضرر عام مفاجيء وفق القانون

حتى في حالة) دەبێ لەسەر ئەساسی توعیە بێت، چونکە قەسری نەبێت قەسری تەعاروزە لەگەڵ مافی مرۆڤدا و، لە مادده بیست و سێ هەرچەندە لە دەستووری هەرێمیشدا ئیزافەم کرد لەوانەیە هەبێت (اداء الضريبة واجب على كل مواطن ولاتفرض ولاتجبى وتعدل الا بقانون) وشەی (لاتلغی)شی تێدا بێت و لڤێرێش هەبێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سەعید محەمەد سەدیق فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیزافەیەكم هەیە لەسەر مادده نۆزده و فەقەرا دووێ (لايجرد اي مواطن من جنسيته العراقية) ئەمە یەك، دوو لەسەر ماده بیست وشەی (الوفاة) نەهاتووە، تەنها دەڵێ (شیخوخة وعجز والمرض) بەڵام (وفاة) نەهاتووە، پێشنیار دەكەم (وفاة)یش ئیزافە بكرێ (وفق القانون) ببێتە (حالات البطالة والشيخوخة والعجز والمرض والوفاة وفق القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە حەقلی حقوق و واجبات هیچ ئاماژەیەك بە خزمەتی عەسكەری نەدراوە بەنیسبەت دەولەی ئیتحادی كە ئیلزامیە یان تەوعییە، ئەگەر هاتوو ئیلزامی بێت پێشنیار دەكەم لە دوو ساڵ تێپەڕ نەبێت و تەسبیت بكرێ لە دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك حەسەن صاڵح فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی نۆزده هەیە، ئەگەر فەقەرەی یەكەمی روون بكرێ یان فەقەردی تر ئیزافە بكرێ، تەبعەن مەبەستم تەنها بەنیسبەت برا كوردە فەیلییەكانە (يعتبر كل من سكن العراق وكان مسجلاً في سجلات الاحوال المدنية اياً كان تبعيته)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، بەڕێز كاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیەی ئەخیری كە كاك حەسەن ئیشارەی پێ كرد، ئەوە یەكێك بوو لە پرسیارەكانم، كە ئێمە حاڵەتێكی تایبەتیمان هەیە مەسەلەی فەیلی و ئەنفال و ئەو ئاوارانەی دەرەوە كە ئێستا جیلی سێیەم پێگەیشتووە، هەم لە مەوزوعی جنسیە دەبێ جێگایان بۆ بكەینەوە، چونكە كە

باسی ئێران کرا، ئێران قانونی نییە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێ لەیەك جنسیە زیاتری هەبێت، ئێران سەماحی هەی یانی سەماحی کردووە، بەڵام سوریا هەیەتی، سوریا قانونێکی هەیە کە خەڵکی سوریا دەتوانن لەیەك جنسیە زیاتریان هەبێت، دایك و باوکی سوری نییە، باوکی سوری بێ منداڵەکانیشی سورین دەتوانن جنسیەی سوریان هەبێت، هەتا هەندێك جار ئەگەر ئەسبابی دراسە یان ئەسبابێکی هەبێ کە خزمەتی بەرژەوەندی بە ئالای ولاتی سوریا بکات، خزمەتی عەسکەریشی بۆ تەئجیل دەکات، یان عەفوی دەکات، من پێم وانییە هەموو عێراقی تەبیعی شانس و قەدەری مشترکیان هەیە لێرە، زیاتر ئێستا سێ ملیۆن و نیو عێراقی ئێستا لە هەندەرانە، رەنگە هەر تەنها ئێمە نەبین خەڵکی تریش تەئیدمان بکات لەوەی کە ئەگەر هاوولاتی عێراقی بە ئەصل مەجالی هەبێت لەیەك جنسیە زیاتری هەبێت ئەوە تەسبیت بکرێ، دووەم: مەوزوعی فەیلییەکان راست دەکات، فەیلییەکان قانونی تەبعیەی عوسمانلی، یان پاش تەبعیەی عوسمانلی ئەوانەی کە لێرە لە قەیدی سی و حەفت، چل و حەوت، پەنجاو حەوت، تەسجیل کراون، یانی پێش عێراقی جمهوری حەقە بە عێراقی لە قەڵەم بدرێن، هەتا ئەگەر مومکنیش بێت ئیعادەی مومتلەکاتی غەیر مونقولەیان بکرێتەوە ئەوەی کە دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوی تریان ئەوەی دوێنێ و ئەمرۆ لە هەردوو دەستوور شتێکم لە خەیاڵە نازانم لە کوێ دەتوانرێ جێی بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو و مەوزوعی ئەنفال جێگایەکی بۆ بکرێتەوەو رعایەکی تام داوای تەعویزی بکەن، کە هەوڵ بدەین بۆ در ئیعتیبار و ئیعادەی تەعویزی ئەو کەسانە، چونکە بەشێکی زۆر لەوانە ئەبنە حالەی ئیجتماعی حاد کە لەمەو دوا دەبێ یەکێك بەخێویان بکات و، ئەڵمانیا لە بەرامبەر بە ئیسرائیل ئەوە چل، پەنجا ساڵە شتێکیان هەیە پێی دەڵێن (فیدەگیت ماقۆ) یانی چاك کردنەوەی ئەوەی کە تێکیان داوە، شتێکی لەو بابەتە ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە خراپ نییە، چونکە ئەوە حەقی هاوولاتییە نابێ بە غەدر بڕوا، ئەوی تریان ئەوە دوو رۆژە موتابەعەی دەکەم کە کاك د. ئیدریس باسی ئەوە دەکات کە بیئەی تەطویرناکرێ، چۆن بیئە تەطویر ناکرێ؟ ئەی عەمەلیەی بزل یان کردنەوەی مەساریعی ئاودێری یان بە دارستان کردنی چۆن ناتوانین تەطویری بکەین، تەحسین شتێکەو تەطویر شتێکی ترە، تەحسین ئەوەی کە هەیە تۆ باشی دەکەی، بەڵام تەطویر ئەوەی کە نییە بۆی ئیزافە دەکەی، مەوزوعێکی تر هەبوو ئەوەی کە کاك مەلا بەختیار باسی کرد، ئێمە کە باسی (حرية الراي والنشر والطباعة و الصحافة والاجتماع والتظاهر والاضراب وتأسيس النقابات والجمعيات) دەکەین، دەتوانی بڵێی وەکو موئەسەساتی موجتەمەعاتی مەدەنی بەرەو دروست کردنی کۆمەڵگای مەدەنی شتێکی لەو بابەتە، چونکە لە داهاتوودا کە ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو سەروەری یاسا و دروست کردنی ولاتێك کە لەسەر بنەمای دیموکراتیەت و فرە حزبی بێت، ئەو کاتە دیارە ئێمە کەرتی تایبەتمان دەبێ و کەرتی عاممان دەبێ و پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو کەرتە لە رێگای هۆیەکانی راگەیاندن و ئازادی راگەیاندن و موئەسەساتی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت، یانی ئەگەر لەوێ جێگایەکی بۆ بکرێتەوە، پێم وایە کارێکی زۆر باشە، ئەوجا لەو فەقەرەیە جێی بکرێتەوە یان لە هەر فەقەرەیەکی تر یانی لە ماددەی هەژدە یان لە هەر ماددەیەکی تر کە مومکن دەبێت، مەسەلەی ئەخیرم ئەوەیە هەمووومان پرۆژەیەك، هەموو ئیستیسمارێك لەسەر ئەساسی ربح و خەسارەیە، هاوولاتی حەقی

هەیە بەپێی قانون یان فورسەتی بۆ ئیش کردن بەپێی قانون تەسبیت دەکرێ لە موقابیلی ئەوە ئیلتیزاماتی هەیە، بەڵام لەلایەکی تر داوای شتێك دەکەین کە لە وڵاتانی سۆشیالیستی سەردەمی هەبوونی دوەلی ئیشتراکی نەتیجەی بە فەشەل چووە تەعلیم لە مەرحەلەی جامعی، نەخێر تەعلیم لە هەموو جێگایەك تا تەمەنی پانزە ساڵە، یانی سێی ناوەندی تەواو تەعلیم ئیلزامی نییە، یان ئەو نەخۆشخانەی کە خزمەتی مەجانی تەئمین دەکات دەبێ تەئمین صحی هەبێ لە دائیرەی خۆی یان لە ئیشەکەی خۆی، هەتا جووتیاریش بێ دەتوانێ تەئمین صحی هەبێ، دەبێ نیزامێك بۆ ئەوە دروست بکرێ، بەڵام ئەگەر داوای مەجانیەتی تەعلیم بکرێ عەینی هەمان شتە و نەتیجەکەی مەعلومە بەرەو کوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ برای بەڕێز کاك سەعدی بەتایبەتی بۆ مەوزوعی تەهجیر و فەیلی و ئەنفال کراوەکان، ئەگەر سەیری لاپەرە دە بابی شەشەم ماددەی حەفتاونۆ بکەن، تەهجیر و فەیلی و ئەوانەی تێدایە، بەڵام لەوانەیە ئەنفال و وون بووەکانی تێدا نەبێت ئەگەر ئیزافە بکرێ چارەسەری ئەم تەحریمی جنسیە بکرێ کە وتی (لایحرم ای مواگن من جنسیتە العراقیە) یانی حکومەت حەقی نییە جنسیە لە کەس بسێنێتەوە، ئینجا نەفی بکات، یان خۆی لە دەرەوە بێت ئەوە هەمووی تەحصیل حاصلە، پێویست ناکات شروحاتی ئیزافی بدەینێ، کاك د. کەمالیش تێبینی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فوئاد/جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم چەند جارێك ئەوەمان دووبارە کردەوە کە لە دەستووردا مەسەلە سەرەکیەکان، بنەڕەتییەکان باس دەکرێ، ئەگەر پێویستی کرد لەو بارەیەوە یاسایەك دەردەچێت، ئەو یاسایە بە مەرجێك لەگەڵ ئەو دەستوورە ناکۆك نەبێ، زۆر مەسەلە هەیە لە دەستوورەکە باس نەکراوە، ئێمە دەتوانین لە پاشان بە یاسایەك ئەوانە حەقی بۆ بکەینەوەو، ئەگەر لەوێدا حەقی خۆی نەدرا بیتێ بە دوورو درێژی دەتوانرێ یاسایەك دەربچێ کە هەموو ئەو مەسەلانەی تێدا باس بکرێت، لەبارەی ئەوەی کەوا ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە دەرەوەی وڵاتن و، راستە ئێستا ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە دەرەوەی وڵاتن، بەڵام ئەوە بارودۆخێکی تایبەتییە کە وای کردووە ئەم هەموو عالەمە لە دەرەوە بن، ئەو کاتە ئەگەر بارودۆخەکە گۆڕا بێگومان ئەو کەسانە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە، بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کام جنسیە وەردەگرن هی وڵاتی خۆیان، یان ئەو وڵاتە بێگانەیەی کە لێی بوون، یان هی هەردوو وڵاتەکە، چونکە زۆر وڵاتیش هەیە کە هاووڵاتییەکانی دوو جنسیەیان هەیە، زۆر باسی کۆمەڵگای مەدەنی کرا، من حەز دەکەم لەو بارەیەوە شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، لە کۆبوونەوەیەکی وادا کە حسنی مبارك ئامادە دەبێ زۆر باسی کۆمەڵگای مەدەنییان کرد، حسنی مبارك تووڕە دەبێ و هەڵدەستێ دەڵێ دیارە ئێوە دژی عەسکەرن و دەچێتە دەرەوە، من تەنیا قسەکەم بۆ ئەوەیە کە کاك مەلا بەختیار ئەوەی گێڕایەوە، چونکە زۆر باسی کۆمەڵگەی مەدەنیەتی کرد، لەبەر ئەوە ئەو حسابە بکات نەوەکو. ئەوانە وا بزانن کە مجتمەعاتی مەدەنی

عەسکەری، یانی پێشمەرگەکان بچنە دەرەوە بڵێن کەواتە ئێمە لەگەڵ مجتەمەعی مەدەنی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و تەماشای تەعریفی دەستور بکەین لە فیقهی قانونی دەستوور و محتەویاتی هەر دەستورێك بکەین هەر بە خۆی تەبیعەتی خۆی بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی یە، چونکە یەك فەصلی ئەوەڵ لە هەموو دەستوورەکانی تازە و کۆنەکانیش هەندێك، دائیمەن مەبادئی ماق مرۆڤی تێدایە، ئەو مەبادیئانەش یان لە ئیعلانی عالەمی حقوق انسانی ساڵی ١٩٤٨ یان وەرگرتووە، یان لە عەهدی دەولی مەدەنی و سیاسی یان عەهدی دەولی حقوق اجتماعی، اقتصادی، و سقافی، ساڵی ١٩٩٦، یان لە وەسائیقی پاش شۆڕشی فەرەنیس یان ئینگلیزی، بەنیسبەت بابەتەکانی تر دائیمەن لەسەر ئەساسی مەبدەئی فەصلی سوڵتان دەکرێت و، هەرە دەستووریش بە خۆی مەزموونەکەی ئەوەیە دەسەلاتی هەر سێ سوڵتە دیاری بکات و، چۆن لە تەعەسوفی یەکتر بپارێزێت و چۆن ئیستقلالی قەزائی ترسیخ بکات، ئەگەر بێین تەماشای مەزموونی عام بکەین بەخۆی تەرسیخە و دروست کردنە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئینجا بەڕای من تەبعەن موستەلەحی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وەسائیقانە نەهاتووە، بەڕای من موستەلەحێکی تازەیە، ئینجا تازە مەبەستم ئەوە نییە خلالی ئەوە دە ساڵ و پانزە ساڵە بێت، مەزموونەکە لێرە تەرسیخ کراوە، ئەگەر بێت و موستەلەحەکە لە دێرێك دابنێین ئیحتیمال هەیە من ئەو رایەم هەبێت بچووك کردنێکە بۆ ئەو موستەلەحە، چونکە دەستوور هەمووی بەخۆی تەرسیخ کراوە بۆ دامەزراندنی ئەو موجتەمەعە و پاراستنی و گەشەپێکردنی ئەو موجتەمەعەیە و دەتوانین لە پێشەکی دەستوور لە دیباجەکە ئیشارەتێکی پێ بدەین، بەلام بەرای من بێت لە مادده یەك نەبێت، چونکە دوو نییە بچووك کردنە بۆ ئەو فەحواو محتەویاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بابی سێیەم، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر بابی سێیەم، بۆ ئەوەی روون بێت هی موجتەمەعی مەدەنی لە دیباجەکەیە، یانی ئەسبابی موجەبە یان لە دیباجە ئێمە ئیشارەتی پێ دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(کریم مەلا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ووتم هەموو ئەو بەندانە هەمووی ئەچێتە موجتەمەعی مەدەنی ئەوە روونم کردەوە، ئەمە یەك، دوو: من لە چەند دەستووردا باسی موجتەمەعی مەدەنیم خوێندۆتەوە، لە دەستووری میسری، لە دەستووری لوبنانی، ئەگەر بیخوێنێتەوە، لە دەستووری فەرەنسی باسی موجتەمەعی مەدەنی زۆر بە وازحی کراوە، حقوقی مەدەنیەت، و ئێستا مەدەنیەت ئەبعادی عالەمی پەیدا کردووە لە فەوتانیش چۆتە دەرەوە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دەستتان بەرزبکەنەوە جارێکی تر، ناوی ئەم بەڕێزانە نووسراوە، جمیل سندی، ابراهیم سعید د. ادریس، پرۆفیسۆر عزالدین، امین مولود، بطرس سخریا، رجب شعبان، هەروەها کاك عبدالکریم شێخ کاکە حەمە، کاك رجب شعبان، فەرمووو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لفەصلا چارێ لە مادده(٥٩) کە دەنووسری( تمارس سلطات الاتحاد الاختصاصات التالية و فيما عداها تكون من اختصاصات سلطات الاقليم) لێرە هەی یازدە ێت هاتین پێشیناز دەکەم خالەکا دیکە بیخەینە سەری ببێتە دوازدێ(المواصلات العامة و الگمارگ)، چونکە هیچ باسی مواصلات نەهاتیە کرن کو دەسەلاتێ ئیتحادیە یانیش عایدی ئیدی کەیە، چونکە دەستووری سویسری یان ئەلمانییێ و نەمساش هەمیێ ئەو دەسەلاتێ دایە حکومەتا ئتیحادێ، لەگەلێ رێز سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان رەمەزانە، بەلام مەعقوول نییە صەلاحیاتی تر زیاد بکەین، هی مەرکەز زیاد بکەین لێرەوە، بەڕێز شێخ عبدالکریم شێخ کاکە حەمە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سی و سێ(مجالس الاقاليم) خۆشی عایدی هەمان بابە، ئەمە بە مبحەس بوو یان بە بابە ئەوەی ئێمە، لە ماددەی سی و سێ دەڵێ(يتألف مجلس الأقاليم من عشرين عضواً) یانی بۆ هەردوو ئیقلیمەکە، بەڕای من ژمارەکە زۆر کەمە، بەلای کەمەوە لە چل کەمتر نەبێت، چونکە ئەو مەجلیسە دەبێ ئیختصاصاتی زۆر بێ و صەلاحیاتی زۆر بێ و یەکێ لەوانە نەقزی ئەو قانونانە دەکا مەجلیسی پەرلەمانی فیدراڵیی دەری دەکا، لەبەر ئەوە تا کەفائاتی هەمەرەنگی زۆرتر تێدا بێ باشترە، ژمارەکە کەمە دە بۆ ئێمە و دە بۆ ئەوان ژمارەکە زیاد بکرێت، ئەوە یەك، لە ماددەی سێ چواردا دەڵێ(يسمى) بەڕای من بکرێتە(انتخاب)، چونکە بۆ پەرلەمانی ئیقلیمی و بۆ پەرلەمانی ئیتحادی انتخابێك ئەمان لە هەندێ لایەن صەلاحیەتیان زۆرترە با ئەمانیش بە ئینتیخاب بێ، و لێرە ئاماژەیان بەمەش کردووە( ويعزلهم وفق الطريقة التي يحددها دستور الاقليم)، ئێمە لە دەستووری ئیقلیم هیچ ئاماژەمان بەمە نەدا لە بیرمان چوو، ئەمە تێبینی دووەم، تێبینی سێیەم، شروتی ئەندامێتی مەجلیسی ئیقلیمیش دیاری بکرێت لێرە لە دەستووردا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام یەك روونکردنەوە(مجلس الاقاليم) بە عدد نییە، بە صەلاحیاتە، مەجلیسی ئەقالیم بۆ ئەوەیە مەجلیسی ئیتحادی هیچ قانونێك دەرنەکات کە زەرەر لە ئیقلیمەکە بدات، لەبەر ئەوە عادەتەن مجلیس اقلیم لە زۆر وولاتدا سەیر دەکەی تەنیا سەرۆك وەزیرانی ئیقلیمەکە یان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی وەزیرانە یان سەرۆکی زەزیران و نائیبەکەیەتی، لەو مەجلیسە

پاش ئەوەی قانونێك یان مەجلیسی ئیتحادی دەردەچێت ئەوان سەیری دەکەن ئەگەر قانونەکە زەرەری بۆ ئیقلیمەکەیان نەبوو مصادەقەی لەسەر دەکەن دەڕوا، زەرەری هەبوو ئەیگێڕنەوە، یانی ئەوە نییە دانیشن و مناقەشاتی تەفاصیلی قەوانین و ئەوانە بکەن کە عەددەکەی زۆر بێ و، عادەتەن صوتی ئەقالیم بە قەد یەکە لەو مەجلیسە ئەقالیم موساوینە، ئەمە هەموو فلتەرە بۆ ئەوەی زەرەر لە هەرێم نەدرێ، ئەمە هەر بۆ روون کردنەوە بوو ئەو خاڵە، بەڕێز کاك جمیل عبدی سندی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و دوو (ینتخب رئیس الجمهوریة بالأقتراع ألعام الحر السري والمباشر او من قبل البرلمان الاتحادي لمدة اربع سنوات ویجوز اعادة انتخابة لمرة واحدة)، ئەگەر بێین ئینتیخابی نوابەمەجلیسی وەتەنی هی حکومەت هی عهدی مەلەکی ووختێ بدایەتی ئینتخابەموباشر بێ گەلەك و هەمی ئەحزابێ وەتەنی ئیعتراز کرن موزاهەرە کرن کە ئینتخاب حورو موباش بێتن، باشە ئەگەر بۆ پەرلەمان ئنتخاب حورو موباشر بێت چ بۆ سەرۆك جمهوری ئینتخاب حورو موباشر بێتن، ژ بەر هەندێ دەبێت ئیرادەی شعب، شعب بۆ خۆی ئیختیار بکات سەرۆك جمهوریەی ئەوەکو پەرلەمان یان مەجلیسی ئیتحادی، هەروەها چوار ساڵ زۆر زۆر کەمە یان حەوت ساڵ بێت، بۆچی( لایجوز انتخابه لاکثر من مرة واحدة) فەرەنسا بۆ ناحیەی قوانین، مەنبەعی حوریەتە و بۆ ناحیەی قوانین زۆربەی قوانینی عالەم لە فەرەنسا وەریدەگرن، بۆ ئێمەش فەرەنسا نەکەینە نموونە و ئەو ماددانەی بۆ انتخابی سەرۆکی جمهوری وەکی انتخابی سەرۆکی جمهوریەتی فەرەنسا بێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت(ینتخب رئیس الجمهوریة بالاقتراع العالم الحر السري والمباشر لمدة سبع سنوات ولایجوز انتخابه ثلاث مرات متتالیة) و لەماددەی پەنجاو شەش هاتووە(لا یحال عضو المحکمة الدستوریة العلیا علی التقاعد بسبب بلوغە السن القانونیة للتقاعد الا بناءاً علی طلبه) باشە ئەندامێکی محکەمەی دەستووری زۆر زۆر تەمەنی گەورە بوو و عەقلیشی تێك چوو و قەبوڵ ناکات ئیستیقالەش بدات و دەبێ ئەسبابی سیحشی تێدا بێت، رەئیسی محکەمەی دەستوور ئیحالەی جیهەتی تری بکات کە ئایا عیلاقەی ماوە تەواوە دەتوانێت لە مەحکەمەی دەستووری، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئیزافە بکرێت(أو للاسباب الصحیة) لە کۆتاییەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی دووەمی موداخەلەکە تەرك دەکەین بۆ لیژنەی یاسا، بەڵام بەشی یەکەمی ئێمە چەند جارێك دووبارەمان کردۆتەوە، بەڕاستی مەسەلەی ئەوەی سەرۆکی جمهوری، سەرۆکی جمهوری عێراق، بەتایبەتی ئێمە و ئەو زەرەرەی دیومانە لە دیکتاتۆرێك دیومانە، لە سەرۆك جمهوری بە قوەت دیومانە، کە قوەتی صەلاحیاتی هەیە ئەتوانێ وەزعی عێراق بەو شێوەی عادەتەن ئەگەر سەرۆکی جمهوری صەلاحیەتێکی فەوقەلعادەی هەبێ، مەرکەزێکی بە قووەتی هەبێ ئەتوانێ وولاتەکەمان بگەیەنێتە ئەو وەزعەی کە ئێستا پێی گەیشتووە، پێشنیارەکەی جەنابت لەوە دەچێ

مەسەلەی حەوت ساڵەکە عەینی شت تازە دەبێتەوە یا موباشر لە میللەتەوە هەڵبژێری قوەتێکی هەبێ و پشتێکی بە قووەتی هەبێ سبەینێ ئیهمالی پەرلەمان و هەموو شتێك دەکات و خۆی ببێ بە شت، راو بۆچوونی سیاسی بە عام بە گشتی لە کوردستاندا سەرۆکی جمهوری عێراق تا بکرێ صەلاحیەتی کەمتر بێت، تا بکرێ صەلاحیاتی پەرلەمان زیاتر بێت لە عێراقدا لە هینی ئیتحاد دا، بۆیە نیصابی ئەو ولاتانە وەردەگیرێ عادەتەن کە سەرۆکی جمهوری تێیدا صەلاحیاتی زۆر نییە و میسالی دیموکراتییە، زۆر وولات هەیە سەرۆك جمهوری تەنیا پرۆتۆکۆلییە و سەرۆك جهموری لە پەرلەمان هەڵدەبژێرێ و هەر کاتێك ویستی پەرلەمان دەیگۆڕێت و قوەتیشی نییە، ئەگەر خۆی شەخصیەتەکەشی بەو نەوعە بیەوێ سەیتەرە بکات ناتوانێ سەیتەرە بکات، چونکە قوانین رێگەی پێ نادات، لەبەر ئەوە موقتەرەحەکەی ئێمە لەوانەیە ئەوە زیاتر بە پەسەند بزانین ئەگەر موعارەزەی عێراقی موەفیق بن لەسەر ئەوە ئەوە لایان وەربگرین کە پەرلەمان ئینتیخابی دەکات، خاڵێکی تری زۆر گرنگ هەیە دەبێ لێکی بدەینەوە ئێمە هەموو کوردین، ئێمە بیر لە سیستەمێکی عێراق دەکەینەوە سیستەمێك عێراقی فیدراڵی کە لە ناو ئەو سیستەمە وەزعەکەی خۆمان بگونجێنین، لە ناو ئەو سیستەمە قازانج بکەین و صەلاحیەتمان هەبێ نەوەك صەلاحیاتمان لێ کەم بێتەوە، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین وەکو کورد لەوانەی پێشمان جێ بە جێ نەکرێ، دەبێ هەوڵ بدەین صەلاحیاتی خۆمان زیاد بکەین، صەلاحیاتی مەرکەزی کەم بکەینەوە، نەك بێنین وەکو هەندێ بەڕێز بۆ نموونە ئەیەوێ شتی ئیزافی بخاتە سەر صەلاحیاتی مەرکەز، ئەوەی مومکینە ئێمە لەو پرۆژەیەدا صیغەیەکی واقیعی یە ئێمە دەبێ بینووسینەوە و تەرحی بکەین بۆ ئەوەی پێمان بکرێ ئەو ئەهدافانە جێ بەجێ بکەین، خاڵی هەرە ئەساسیش بۆ سەرۆك جمهوری کورد نەبێ بۆ هەر دەبێ عەرەب بێ؟ لە عێراقدا، باشە ئەگەر ئینتخابی موباشر بێ چەند ئەمەلت دەبێ کورد دەرچێ، کورد سەدا بیست و پێنج و ئەو پەڕی سەدا بیست و هەشت، بیست و نۆیە لەعێراق، باشە ئەگەر ئینتخاب بوو سەدا بیست و نۆ قەت بە سەرۆك جمهوری هەڵنابژێرێ، بەڵام لە پەرلەماندا تەحالووف هەیە لەوانەیە بتوانێ بۆ نموونەیە، یانی ئەنواعی میسال هەیە، کە وای لە موشەرەعین کردووە کە وابینووسنەوە، بەڕێز پرۆفیسۆر عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای نەمانی دەورەکە یەکسەر دەتوانی بچێتەوە سەر ئیشی خۆی، نەك بێ ئیش بێ ئەرزو حاڵ بدا و قەبوولی بکەن و نەیکەن فلان و ئەوانە، جا شتێکی وا چارە بکرێ، ئایا لە دەستووردا یا لە شوێنێکی تردا ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە، کە دەورەکە نەما یەکسەر دەتوانێ بچێتەوە سەر کاری خۆی، نەك سەر لە نوێ بچێ لە ئیش بگەڕێ، شتێکی وا بدۆزنەوە وا بزانم خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك امین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امـــین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە ماددە بیست وهەشت و ماددە نۆ ئەگەر بۆ شوێنەکانیان بگۆڕێ ئەوسا تەسەلسولی مەراحیلی ئینتیخاب بە ڕێك و پێکی دێت، چونکە لێرە دەڵێ(الدورة الانتخابية للبرلمان الاتحادي اربع سنوات) لە پاش ئەوە(تحدد طريقة الانتخابات) لام وایە ئەگەر ئەمەی بخەینە پێشی پێم وایە باشتر دەبێ، لە پاشان لە ماددەی سی و دوودا(يقرر البرلمان تشكيل لجانه) لام وایە لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەو شتە دێت و عایدی پێڕۆی ناوخۆی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر ماددێ بیست و حەوت، سێیەم( لكل مواطن اكمل الخامسة والعشرين) بیست و سێ بە قەناعەتا من باشترە، چونکە لە بیست و دوو جامیعە تەواو دەکات، بۆ جحێلێکا گەر بێتە پەرلەمانێ و حەز هەبێتن و بیست و پێنج ساڵ لەسەر فەرز بکەین، بیست و دوو جامیعە تەواو کرای با بیست و سێ بێ على الاقل مەجال بۆ هەبێت دوو ساڵ، لە ماددە سی موزەفێکی گەوەر جێیەکی تابیەتە لە وانەیە ئیستیغلالی موقعی خۆی بکات بۆ حەملەی ئینتخابی و فیعلەن تەئسیرا دەکات و مەصالحی عامیش پێ موتەئسیر دەبێ، لەبەر هەندێ ماددە سی و برگەی سێیەم من پێشنیار دەکەم (يعتبر عضو البرلمان مستقلاً من الوظيفة العامة من تاريخ الترشيح) بۆ ئیستغلالا وەزیفەی حەملەی ئینتخابی کە ئیستیفادەی لێ بکات و تەئسیر لە مەصالحی عام بکات، لەماددەی سی وسێ(يتألف مجلس الاقاليم من عشرين) بە قەناعەتا من عشرين کەمە على الاقل سی بێ، چونکە عدد زیاتر تەشکیلا گەلەك زەروورییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك ابراهیم سعید، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعـــید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەحکەمەی دەستووری ژمارەیەکی ئەندامی مەحکەمەی دەستووری نەگوتراوە کە چەند ئەندامن، دەبێ لەوێ عدد دەست نیشان بکرێ کە ژمارەی ئەندامانی مەحکەمەی دەستووری چەندە و لە اقلیم چی تەرشیح دەکات کە دەڵێ(ويرشح في الاقليم) یانی سەرۆکی اقلیم تەرشیح دەکات یان پەرلەمانی یانی دەبێ جیهەتێك هەبێ و، کێ دەبێتە سەرۆك لەو مەحکەمەی دەستووریە بە تەناوب دەبێ ئەویش یان چ تەرەف دەبێ، ئەوەش زەروورییە لێرە( ينظم الاعمال

ومهام المحكمة الدستورية بقانون) یانی دوایی قانونێك دەربكەین ئەم شتانەی كە ناهاتووە لە دەستوور بە تەفصیلی باسی بكەین، كە ژمارەیان چەندە و كێ دەبێتە سەرۆك و ماوەی رئاسە چەندە عەجەبەن تەناوبە یان نا؟ ئەوەی دووەم لەسەر مەجالیسی ئەقالیمە مەرجی ئەندامێتی چییە، نەهاتووە، یەمینی قەسەم ئەوە سوێند خواردن نەهاتووە، دیسان كێ دەبێتە سەرۆك راستە بیستن، بەلأم گۆتیەتی بە تەناوب بەس كێیە؟ یانی یەكەم جار و كەی، كەی دەوام دەكات و كەی دەبێتە سەرۆك ئەگەر بۆ سالێك ببێتە تەناوب یانی هاتوە تەناوب، بەلأم نەهاتووە كێ دەبێتە سەرۆك، هەتا تەناوبیش نەهاتووە(وهل تكون الرئاسة لطرف واحد یكون بالتناوب) ئی مەجلیسی ئیقلیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، نییە، یاساناسان هیچ تێبینیان هەیە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت كێ دەبێتە سەرۆكی مەحكەمەی دەستووری لە پرۆژەكەدا هەیە، سەرۆكی مەحكەمەی دەستووری هەر سالێ یەكێك ل ئەقالیمەكان دەبێ، یانی سالێك لە ئیقلیمی كوردستان دەبێ یانی دەوریە، بەلێ لە مەشروعەكەدا هەیە، بەلأم ژمارەیان دیاری نەكراوە، راستە دەبێ دیاری بكرێ ژمارەكەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بابی چوارەم ئەوانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز كەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، بەڕێز شێخ عبدالكریم شێخ كاكە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالكریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكـــی ئەنجومەن.**

لە ماددەی شەستدا( یؤسس كل اقلیم دستوره الخاص به مع مراعاة الشرطین الاتیین)،(یؤسس) نەوعێكە، بكرێتە(یشرع) باشترە، هەر ئەو تێبینیەم هەیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، لەسەر بابی پێنجەم دەچینە بابی پێنجەم، لە شەست و دووەوە تاکو شەست و پێنجە، ناوی ئەم بەڕێزانەمان نووسیوە، بەڕێز جميل عبدی سندی، مەلا شاخی، امین مولود، ابرهیم سعید، د. رزگار، رجب شعبان، د. ادریس هادی، بەڕێز جميل عبدی سندی، فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی حەفتاو چوار، چوارەم دەڵێت(ضريبة الارض الزراعية وبدلات إيجارها) تەقریبەن ئەوە ۳۰ ساڵە لە جمهوریەتی عێراقی ئیلغا کراوە، زەریبەی ئەرزی زراعی نەماوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دکەم لە جێگای ئەو بەس بدلات ایجار بمێنێت، بدلات ایجار ئەو کاتە شەملی خانوو و عیمارات و عەرەسات و ئەرازی زراعیە هەمووی دەگرێتەوە، ئەوە خاڵێك، ئەوانە هاتووە زریبەت دخل، زەریبەی عەقار لە بیریان چووە ئەگەر ئیزافە بکرێت( ضريبة العقار)یش، چونکە زەریبە دەخل مانای زەریبەی عەقاریش دەداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو تێبینیەی کاك جیمل تان تۆمار کرد، بەڕێز مەلا شاخی.

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکـــی ئەنـــجومـــــــــەن.**

تێبینیەکەی من لەسەر ئەوە بوو پێم وایە باج دانێك هەیە لەسەر چەند فەسەڵێکدا، پێش ئەوە بوو دەستم بڵند نەکرد بوو لەسەر ئەم بابە قسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بابەکانمان هەموو موناقەشە کرد بەگشتی، بەڕێز کاك امین مولود.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی حەفتاو سێیە(لسلطات الاتحاد وحدها فرض ضريبة الصادرات والواردات) خۆی سادرات و واریدات زەریبەی لەسەر فەرز ناکرێت، رسومی لەسەر فەرز دەکرێت، ئەوە یەك، دووەمینیش ئەو ئیقتیراحەی کاك جمیل دەتوانین لە فەقەرەی سێ لە ماددەی حەفتاو چوار موعالەجە بکەین زەریبەی(العرصات) بکەین بە زەریبەی(العقارات و العرصات)، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سعيد محمد صديق هروری، فەرموو.

**سعيد محمد صديق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی دیون رقابە مالیە نەهاتە کرن، جا پێشنیار دکەم ماددەیەك دەربارەی رقابە مالیە بێتە دانان لەو بابە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر بابی احکامی مالی، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەفتاو پێنج کە پێشتر لە دەستووری هەرێم موناقەشە کرا، عائیداتی نەوت و گمارگ بە پێی نیسبەی سوکانە، ئەگەر ئەم فەقەرەیە لەگەڵ دەستووری هەرێمیشدا تەسبیت بکرێت، ئەو فەقەرەیە لە دەستووری پێشتر کە ئێستا لێرە هاتووە زۆر موناقەشە کرا لەسەر عائیداتی نەوت و گەمارگ ئەوەی بە نیسبەت تەمسیلی سوکانی بێت ئەو حسەیەی هەرێم کە لەسەر عێراقە من پێشنیار دەکەم لە دەستووری خۆمان تەسبیت بێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ ناو نووسراوە ئەوێش ئەم بەڕێزانەن، سیروان کاکەیی، مەلا بەختیار، د. رزگار، کەسی تر هەیە، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم لەسەر ماددەی(٧٩)یە، راستی ئەو ماددەیەی کە لێرە هاتووە، ماددەیەکی یەکجار زۆر گرنگە و، زۆر بە ئەهمیەتەوە دەبێت تەماشا بکرێت و، بە تەئکید دەبێت زۆریش پێی لەسەر دابگیرێت، لە کاتی موناقەشە و گفتوگۆدا، لەگەڵ ئەو جیهەتانەی کە پەیوەندارن بەم مەسەلەیەوە، چونکە زەرەرو زیانێکی یەکجار زۆر لە خەڵکی ئێمە کەوتووە، لە نەتیجەی ئەو سیاسەتە چەواشەکاری کراوە، دژ بە گەلەکەمان، خەڵکی کوردستان بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە تەعریب و تەهجیر و تەرحیل و، ئەم عەمەلیاتانە کە کراون، مەسەلە ئەنفالە کیمیا بارانە ئەم شتانەی کەوا باسیش کرا دیسان، پێم باشە لێرە خاڵێکی تر زیاد بکرێت، (٥- باسی ئەوە بکرێت هەرچی یاسا، هەرچی تەنزیمە، هەرچی تەعلیمات دراوە لەودەو پێش، کە پەیوەندارە بە مەسەلەی تەعریب، تەهجیر تەرحیل و، هەر ئاسارێکیش لێی کەوتۆتەوە، هەموو ئەوانە ئیلغا بکرێتەوە و، نابێت کاری پێ بکرێت نیهائییەن، چونکە ئەگەر بێت و ئەو مەسەلەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو عەمەلیاتی تەعریبەی کە تاوەکو ئێستا کراوە، رەنگە ئەوانەی لە جێگای خۆیدا بمێنێتەوە و بچەسپێ، ئێستاش دەنگێك هەیە، دەنگێکی نەشاز، ئێمە گوێمان لێیەتی لەناو ئەوساتی موعارەزەی عێراقی و خەڵکی تریشدا، باس ئەوە دەکەن کە مەسەلەیەکی تەبیعییە و هەموو خەڵکی عێراقە و ئیعتیادیە و با ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە تەماشای نەکەین، یان ئەمە نەزرەیەکی شۆڤینیە، لەلایەن کوردەوە تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکرێت، بۆیە پێ داگرتن لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر زۆر گرنگە، بە تەسەوری منیش یەکێکە لە دەعائیمی مەسەلەی فیدرالییەکە کە بچەسپێ، ئەو ئاساری تەعریب و تهجیر و تەرحیلە نەمێنێت، بۆیە داوا دەکەم لەسەر ئەو مەوزوعە زۆر پێ دابگیرێت و، زۆر بایەخ و ئەهمیەتی پێ بدرێت و، خاڵێکیش داخیل بکرێت، هەرچی بڕیار دراوە تاکو ئێستا کە پەیوەندارە بەو کردەوانە، هەر هەمووی هەڵبوەشێتەوە و، هەر ئاسارێکیش(الاثارالمترتبة عليها) ئەوەش هەمووی هەڵبوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا بەختیار، فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(مەلا بختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی (٧٧) تێبینیەکم هەیە(یعین مواطنو اقلیم کوردستان في المناصب الهامة في الوزراء والهیئات) پرسیارم هەیە لەسەر ئەمە، ئەویش ئەوەیە ئەمە رەئیس وزەرا و رەئیسی جمهورو رەئیسی پەرلەمان و ئەوانە دەگرێتەوە، یان ناگرێتەوە، چونکە لەم ولاتە بەلایەنی کەم سێ مەنصەب وازیحە، رەئیسی جمهوری فیدراڵی هەیە، رەئیسی پەرلەمانی فیدراڵی دەبێت، رەئیسی وزەراش دەبێت لەم ولاتە، ئایا لەم چەند مەنصەبە ئێمە حەقمان نییە قسە لە یەکێکیان بکەین و، ئایا دەچێتە زمنی وزەرائەوە، بە تەسەوری من دەبێت ئەمە قسەیەکی لەسەر بکرێت، لەم سێ شتە دەبێت یەکێکی بەر کورد بکەوێت، ئەوە یەك.

دوو، لەسەر تەعویزەکە، من جگە لە تەئکید کردنم لەسەر قسەکانی هەڤاڵم کاك سیروان کاکەیی لە سێیەمدا دەڵێت(ویتم التعویض عما لحق بهم من اضرار) لێرە دەمەوێ ئەوە ئیزافە بکرێت(من اضرار مادیة و جسدیة وروحیة)(اضرار) چییە؟ ئێمە دوو سەد هەزار ئینسانمان دیار نەماوە، ئەمە بە چی تەعویز دەکەین، بەهۆی مەڕو ماڵات، یان بەهۆی ژنەکەی دیکرێت کۆتایی دێت بۆم مەوزوعە، خانوویەکی بۆ دەکەی بەناوی(الامم المتحدة) ئەم مەسەلەیە تەعویزە، ئێستاش تەعویز وڵاتی وەکو ئیسرائیل، ئێستاش تەعویزی هەندێ قوربانیەکانی خۆی وەردەگرێت، کە بەڕاستی زۆر دیراساتیش هەیە، کە دەڵێت موبالغە لە تەزحیاتی خۆشیان دەکات لەو مەسەلەیە، ئەمە مەوزوعێکە بەڕاستی ئەگەر لە قوناغی یەکەمی گۆڕینی رژێمی عێراقی، ئێمە سوور نەبین لەسەر ئەم مەسەلانە و، ئاسەوارەکانی بە تەعریب بەهەمووی شێوەیەك و، تەعویز کردنەوەی هەموو قوربانیەکانی ئێمە، نەك تێکەڵاو بەرمئی عام و دەوروبەر خۆمان نەکەین، پێم وابێ ئەم مەسەلەیە بۆ هەتا هەتایێ، ئیتر لە دەستمان دەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك مەلا بەختیار، بەڕێز د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ وڵاتە مەی یەك هۆین، سەرەرای وان مەشاکیلیت هەین، موشکیلەی خەڵکێکی بیمە، تەحدیدە سەقفێکی زەمەنی بۆ خدمەی ئیلزامی، بە قەناعەتی من فێرێ زۆر موهیمە ئەڤ دانی سەقفێکی زەمەنی دانێین بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ بێتە تەحدید کرن، چونکە بەتەجاوزە خەڵکێکی وا هەی چوار ساڵ و پێنج ساڵ و شەش ساڵ وحەفت ساڵ خدمەی ئیلزامی ئەڤە کری، فەل فێرێ ئەگەر تەحدید بکەین، گەلەك پێویستە و مەسڵەحەتی میللەتی ئێمە دایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاک د.رزگار، هیچ تێبنی تر هەیە، تێبینی نییە، تێبینیەکان هەمووی وەرگیران، دیارە ئەمڕۆ زووتر تەوەفوع کراو، کۆتای هات بەکارمان، لێرەدا کۆتایی دێت بە کۆبوونەوەکەمان، سبەینێ سەعات (١٠)کۆدەبینەوە جارێکی تر، تکام وایە لەکاتی دیاری کراودا هەمووتان ئامادە بن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ٧\١١\٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٧

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٧)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢\١١\٧ دا بەم شێوەیە بێت:

**یەکەم:**

بەرچاوخستنی بابەتی بڕواپێدان بە هەریەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١- بایز سعید محمد- وەزیری دارایی و ئابووری لە ئیدارەی سلێمانی.

٢- شالاو علی عسکری- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئیدارەی سلێمانی.

٣- د. محمد قادر خۆشناو- وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی لە ئیدارەی سلێمانی.

**دووەم:**

هەر کامێکیان بڕوای ئەنجومەن بە دەست بێنێ سوێندی یاسایی دەخوات.

**سێیەم:**

بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی پێشنیازی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق.

**چوارەم:**

بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی پێشنیازی پرۆژەی دەستووری کۆماری فیدراڵیی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە حەوتی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق دەست پێ دەکەین.

بەڕێزان:

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، بەتایبەتی کاك د. بەرهەم ئەحمەد صالح سەرۆکی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی، هەروەها میوانە بەڕێزەکانی تر، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم:**

بەرچاوخستنی بابەتی بڕوا پێدان بە هەریەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

بەڕێز بایز سعید محمد- وەزیری دارایی و ئابووری لە ئیدارەی سلێمانی.

بەڕێز شالاو علی عسکری- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئیدارەی سلێمانی.

بەڕێز د. محمد قادر خۆشناو- وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئیدارەی سلێمانی.

دووەم:

هەر کامێکیان بڕوای ئەنجومەن بە دەست بێنێ سوێندی یاسایی دەخوات.

سێیەم:

بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پێشنیازی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق.

چوارەم:

بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پێشنیازی پرۆژەی دەستوری کۆماری فیدراڵی عێراق.

بەڕێزان بۆ ئەوەی دەست بەکار بین، تکا لە بەڕێز کاک د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح دەکەین با بفەرموویتە سەر سەکۆیەکە.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی بەڕێز بەیانیتان باش، خۆشحاڵم و مایەی شانازیمە کەوا لەم بۆنەیەدا بە دیدەنی ئێوە شاد دەبم و لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە دەبم، ئەم شوێنە شوێنێکی پیرۆزە، سەرەڕای ئەوەی کە بارەگای پەرلەمانی کوردستانە، شوێنی رووداوی مێژوویی یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد و چەسپاندنی ئاشتبوونەوەی گشتییە لە کوردستاندا، دڵنیاشم لە سایەی بەر قەراری ئەم ئاشتییە و، لە سایەی یەکێتی پەرلەمان و، دوا جاریش یەکێتی ئیدارەی کوردیشدا، ئەم پەرلەمانە دەبێتەوە بە سەکۆی تەشریع و بڕیاردان لە هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوندیان بە ئێستا و ئایندە و چارەنووسی گەلەکەمانەوە هەیە، لە دڵەوە هیوادارم پەرلەمانەکەمان سەرکەوتوو بێت لە ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و زەمینە سازدان بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیانە لەسەرتاسەری کوردستاندا، خۆتان دەزانن خوشك و برایان، کاروانی ئاشتی پتر لە چوار ساڵە بەڕێوەیە تا بەم رۆژە گەیشتووە و، لەم ماوەیەدا سەرەڕای دژواریەکان کۆمەڵێك هەنگاوی باشمان ناوە، بەڵام شاراوە نییە لە هیچ لایەکمان کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاویان لە هەنگاوی گەورەتر و پێشوە چوونی زیاترە، بەتایبەتی بەرەچاو کردنی ئەو هەلومەرجە نێو دەوڵەتیەی ناوچەکەمانی گرتۆتەوە و، چاوەڕوانی ئەگەری گۆڕانکاری گەورە و هەژانی گەورە لە ناوچەکەدا دەکەین، بێگومان ئەم هەلومەرجە ئەو ئەرکە هەستیارە دەخاتە ئەستۆ، کە هەموومان بەگیانی برایەتی و بەرپرسیارەتی مێژووییەوە هەڵسوکەوت بکەین و کەلێنەکانی نێو ماڵی کورد پڕ بکەینەوە و، لە کوێ پساوە لەوێ گرێی بدەینەوە، وا ئەمڕۆش لەم مەراسیمەدا بەگیانی بەرپرسیارەتیەوە دەخوازین کەلێنێکی تر لەنێو ماڵی کورد پڕ بکەینەوە و رێ و شوێنی گونجاو بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەی هەردوولا بکەین و، هەنگاوی گەورەی یەکگرتنەوەی پەرلەمان بە یەکخستنەوەی ئیدارەی وڵاتەکەمان تەواو بکەین. ئەمڕۆ خوشك و برایان ئەنجومەنی وەزیرانمان میوانی ئێوەیە، بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە پاڵێوراوانی خۆیتان پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی وەکو وەزیری خزمەتگوزار و، دڵسۆز، شەرەفی خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و

پەرەپێدانی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانیان پێ ببەخشرێت، ئەمڕۆ سێ پاڵێوراوی لێوەشاوەتان پێشکەش دەکەین، تاوەکو متمانەی ئێوەی وەکو نوێنەرانی گەل بەدەست بهێنن و، وزە و توانای خۆیان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بخەنە گەر، ئەوانیش:

یەکەم: کاک شێخ بایز سەعید تاڵەبانی پاڵێوراو بۆ پۆستی وەزیری دارایی و ئابووری، کاکە شێخ توانا و لێوەشاوەی ئەوەی هەیە، ئەو ئەرکە هەستیارە راپەڕێنێ، وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون لەبواری کاری ئیداری و کارو باری داراییدا، کە ئەو پلە و ئەرك و بەرپرسیارەتی ناو ئیدارەی خۆماڵی بڕیوەو، بە ئەرکی قورسی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییشەوە، دڵنیام چ وەك مرۆڤێکی پسپۆڕ و شارەزا، چ وەك تێکۆشەرێکی خزمەتگوزار لە ئاستی متمانەی ئێوە دابێت.

دووەم: کاک شالاوی عەلی عەسکەری پاڵێوراو بۆ پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، تێکۆشەرێکی دێرینی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و لە بنەماڵەی شۆرشگێری شەهیدی ئەمر عەلی عەسکەرییە، هاوڕێ و هاوڕێبازی خۆتان بووە لە تێکۆشانی پەرلەمانیدا و، ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، لەناو ئیدارەشدا پێشتر وەك وەکیلی وەزارەتی کشتوکاڵ و بە لێوەشاوەیی و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی راپەڕاندووە و، دڵنیام شارەزایی پێشتری لەو بوارەدا و پێشینەی لە تێکۆشانیدا هاندەرێکی گەورە دەبێت، تاوەکو متمانەی پێبەخشراوی ئێوە بپارێزێت، وەك هەمیشە سەرکەوتوو بێت.

سێیەم: کاک د. محمد قادر خۆشناو فەرماندە و تێکۆشەری بواری تەندروستی ناو شۆڕش و هێزی پێشمەرگە پاڵێوراوە بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، کە بواری پسپۆڕی خۆیەتی و بێ دوو دڵی لەم ئەرکە نوێیەشدا، دڵنیاین بە هیمەتی پێشمەرگانە، خزمەتی هاوولاتیانی کوردستان دەکات و متمانە و ئەرکی پێ سپێردراوی سەرشانی رادەپەڕێنێ، هەموو لایەکمان خوشك و برایان، بەم بۆنەی پێسپاردنی ئەرك و بەرپرسیارەتی، بەم سێ برا وەزیرە، کە تەنها وەك مەراسیمێکی ئاسایی سوێند خواردن و متمانە بەخشین سەیر ناکەین، بەڵکو وێڕای گرنگی پیرۆزی ئەم لایەنەش بۆنەی گەورە لەم پێکەوە گرێدانەوەی پەیوەندی نێوان دەسەلاتی تەشریعی و دەسەلاتی تەنفیزیدایە، ئەمە هەنگاوێکی ترە لە رێی یەکخستنەوەی ئیدارە لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئەو وەختەش بە دووری نازانین کە لەسایەی بەرتەواوی یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردیدا، هەم بەهێز و تینێکی گەورەتر روو بەرووی ئەرکەکانی سەرشانمان بینەوەو، بەیەك ئیرادە هەوڵ و کۆششی خۆمان بۆ بەدی هێنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ بخەینە گەڕو، هەموومان لەسایەی هەرێمێکی یەکگرتوودا، پێکەوە بتوانین کەڵك لە لێوەشاوەیی و توانا و وزەی هەموو ئەو تێکۆشەرە دڵسۆز و شارەزایانە وەربگرین، کە قاڵبووی نێو کوورەی تێکۆشان و قاڵبووی نێو رەوتی پانزە ساڵەی ئیدارەی خۆ بەخۆیی کوردن، بۆ ئەوەی هەموومان ئەرك و واجیبی سەرشانمان بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان و رەنج و ماندوو بوونی پێشمەرگە دێرینەکان بەدی بهێنین و، هەوڵ بدەین ئەو حوکمڕانیەی هەمانە، وەکو بیلبیلەی چاومان بپارێزین، بیکەینە دەستمان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی تر، جارێکی تر سوپاس بۆ میوانداریتان و، هەربژین و، زۆر سوپاستان دەکەم.

یەکەم: پێشنیازی بەڕێز بایز سعید محمد بۆ پۆستی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز بایز سعید محمد پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری دارایی و ئابووری لە ئیدارەی سلێمانی دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیازی کاکە شالاو علی عسکری دەکەم بۆ پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز شالاو علی عسکری بۆ پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئیدارەی سلێمانی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاز دەکەم بەڕێز کاك د. محمد قادر خۆشناو بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز د. محمد قادر خۆشناو بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە ئیدارەی سلێمانی پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

تکایە بۆ سوێند خواردن هەر کەسە لە شوێنی خۆی هەڵسێتە سەر پێ و، تکا لە بەڕێز بایز سعید محمد دەکەم با بفەمووێت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز بایز سعید محمد فەرموو.

**بەڕێز بایز سعید محمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ناوم (بایز سعید محمد)ە

( سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و، بە تەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز شالاو علی عسکری فەرموو.

**بەڕێز شالاو علی عسکری:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ناوم (شالاو علی عسکری)یە

( سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و، بە تەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز د. محمد قادر خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز د. محمد قادر خۆشناو:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من ناوم (د. محمد قادر خۆشناو)ە

( سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و، بە تەواویی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ماوەم پێ بدەن بەناوی هەمووتانەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێزان کاك بایز سعید محمد و کاك شالاو علی عسکری و کاك د. محمد قادر خۆشناو بکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە کاروبارەکانیاندا و، لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بن.

بەڕێزان لێرەدا پشوویەکی کورت دەدەین، پاش ئەوە کۆ دەبینەوە، سوپاستان دەکەین.

پاش پشوو.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، بەپێی بەرنامەی کار، خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان:

بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ کردنی پێشنیازی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق.

تکا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم ، کە بفەرموونە سەر سەکۆیەکە، پسپۆڕانی یاسایی ئامادەن تکایە پرۆژەکە بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دانیشتنی دوێنێکە، کە تێبینیەکانی برادەرانمان وەرگرت، ئێمە وەك لیژنەی یاسا دانیشتین تێبینیەکانمان هەموو دیراسەت کرد، پاشان لەگەڵ هەیئەی ڕیئاسە دانیشتین و گوتمان ئەوە

تێبینیەکانی برادەرانە و، ئەوانەی لەڕووی قانونیەوە ئیمکان هەیە دابنرێن و ئەوانە جێگایان هەیە، یەعنی رەئی خۆمان دا، پاش تەنسیق لەگەڵ ئەوان، ئەوەی کە ئیمکان هەبوو داخیل بکرێت لەڕووی قانونی و لەڕووی دەستوری داخیل کرا، چووە ناو پرۆژەکە، بۆیە پرۆژەکە دووبارە سەرۆکایەتی ئیعادەی تەبعیان کردەوە، ئێستاش ئەگەر جەنابی سەرۆك لوتف بفەرمووێت دەیخوێنینەوە و بدرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر وەربگیرێت و سیغەی کۆتایی لەسەر وەربگیرێت، وەکو پرۆژەیەك ئیمکان هەبێ تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئایندەی میللەتی کورد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقیقەیەك کاکە، ئەمەش صیغەی ئەو قەرارە دەبێت کە پەیوەندی بە دەستوری هەرێمەوە هەیە، پێشەکی ئەوە بخوێنەوە، ئینجا ئەوە شەرح بکە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە پاش ئەوەی ئەو تەعدیل و ئیزافاتانەی لەسەری کراوە، وەکو صیغەی کۆتایی.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**قرار**

إستنادا لأحكام الفقرتين (٢،١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وقرار المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم (٢٢) في ٤-١٠-١٩٩٢، قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٧-١١-٢٠٠٢ مايلي:

اولا – تبني مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق ضمن نظام فيدرالي ديمقراطي عراقي موحد.

ثانيا – مشروع الدستور هو الرأي الرسمي لشعب كوردستان العراق ومشروعه الموحد المجسد لاعلان الفيدرالية للمجلس الوطني لكوردستان – العراق وقراره المرقم (٢٢) الصادر بتأريخ ٤-١٠-١٩٩٢.

ثالثا – على الاطراف الكوردستانية المعنية الالتزام به.

رابعا – ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية (جريدة وقائع كوردستان).

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق

## الباب الاول

## الاحكام العامة

**المادة الاولى:**

**اقليم كوردستان من اقاليم الجمهورية الفدرالية العراقية ويكون نظامه السياسي جمهورياً برلمانياً ديمقراطياً.**

**المادة الثانية:**

**يتكون إقليم كوردستان من محافظة دهوك بحدودها الادارية الحالية ومحافظة كركوك و السليمانية و أربيل وأقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر وتلكيف و نواحي زمار و بعشقة و القوش و اسكي كلك من محافظة نينوى و قضائي خانقين و مندلي من محافظة ديالى و قضاء بدرة و ناحية جصان من محافظة واسط بحدودها الادارية قبل عام ١٩٦٨ والمناطق الاخرى التي تقطنها الاكثرية الكوردية.**

**المادة الثالثة:**

**الشعب مصدر السلطات و أساس شرعيتها.**

**المادة الرابعة:**

**يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و المجموعات القومية (التركمان و الاشوريين و الكلدان و الارمن و العرب) و يقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقليم كوردستان.**

**المادة الخامسة:**

**مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان ويجوز للمجلس الوطني لكوردستان العراق عند الضرورة اتخاذ غيرها عاصمة بصورة مؤقتة .**

**المادة السادسة:**

**لاقليم كوردستان علم خاص به الى جانب علم الجمهورية الفدرالية العراقية و له شعار و نشيد وعيد قومي نوروز (٢١ اذار) وينظم ذلك بقانون.**

**المادة السابعة:**

**لاقليم كوردستان قوات مسلحة دفاعية.**

**المادة الثامنة:**

**٧- اللغة الكوردية هي اللغة الرسمية في اقليم كوردستان.**

**٨- تكون المراسلات الرسمية مع السلطات الفيدرالية و الاقاليم الاخرى باللغتين العربية و الكوردية.**

٩- تعتبر اللغة التركمانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للتركمان و اللغة السريانية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية بالنسبة للناطقين بالسريانية واللغة العربية لغة ثقافة و تعليم الى جانب اللغة الكوردية للعرب.

## الباب الثاني
## الحقوق و الواجبات الاساسية

المادة التاسعة:

٥- المواطنون متساوون امام القانون في الحقوق و الواجبات دون تمييز بسبب الجنس او العرق او اللون او اللغة او المنشأ الاجتماعي او الدين او المذهب او الحالة الاجتماعية.

٦- تتمتع المراة بالمساواة التامة مع الرجل.

٧- الاسرة اساس المجتمع و حماية الأمومة و الطفولة مكفولة و تلتزم السلطات و المجتمع برعاية النشء و الشباب و حماية القيم الاخلاقية و الوطنية الاصيلة و التراث التأريخي لشعب كوردستان و ذلك في حدود القانون.

٨- مبدأ تكافؤ الفرص مضمون لجميع المواطنين.

المادة العاشرة:

٣- العقوبة شخصية و لاجريمة و لا عقوبة الا بنص و لا تفرض العقوبة الا على الفعل الذي اعتبره القانون جريمة عند اقترافه و لا تطبق عقوبة اشد من العقوبة النافذة وقت ارتكاب الجريمة.

٤- المتهم بريء حتى تثبت ادانته.

المادة الحادية عشرة:

١- حق الدفاع مقدس و مكفول في جميع مراحل التحقيق و المحاكمة وفق احكام القانون.

٢- جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية وفق احكام القانون.

المادة الثانية عشرة:

١- للمساكن او مافي حكمها حرمتها و لا يجوز انتهاكها او دخولها او تفتيشها او مراقبتها الا في الاحوال و بالطرق التي نص عليها القانون.

٢- لا يجوز تفتيش الاشخاص او مقتنياتهم الا بموجب القانون.

٣- كرامة الانسان مصونة و تحرم ممارسة أي نوع من أنواع التعذيب الجسدي أو النفسي بحقه.

٤- لايجوز حجز انسان او توقيفه أو حبسه أو سجنه الا بقرار صادر من جهة قضائية مختصة طبقاً للقانون.

المادة الثالثة عشرة:

سرية المراسلات البريدية (العادية و الالكترونية و البرقية و الهاتفية) مكفولة و لايجوز كشفها الا لضرورات العدالة وأمن الاقليم و بقرار من جهة قضائية مختصة و ضمن الحدود التي يقررها القانون.

المادة الرابعة عشرة:

حق الملكية مصون و لا يجوز حجز الاموال المنقولة و غير المنقولة الا بموجب قانون و لا تنزع الملكية الخاصة الا لاجل النفع العام ووفق القانون و لقاء تعويض عادل.

المادة الخامسة عشرة:

لايجوز منع مواطني اقليم كوردستان من السفر الى خارج الجمهورية الفيدرالية العراقية او من العودة اليها و لا يجوز تقييد تنقلهم او تحديد اقامتهم الا في الحالات التي ينص عليها القانون.

المادة السادسة عشرة:

حرية الراي و التعبير و النشر و الطباعة و الصحافة و حق الاجتماع و التظاهر و الاضراب سلمياً و تأسيس الاحزاب و الجمعيات و النقابات مكفولة و تنظم وفق القانون.

المادة السابعة عشرة:

حرية الدين و المعتقد و ممارسة الشعائر الدينية مكفولة على ان لا تتعارض و أحكام دستور الجمهورية الفدرالية العراقية و هذا الدستور و النظام العام و الاداب العامة.

المادة الثامنة عشرة:

لايجوز تسليم اللاجيء السياسي.

المادة التاسعة عشرة:

١- التعليم الابتدائي في اقليم كوردستان الزامي و ينظم ذلك بقانون.

٢- تلتزم السلطات في اقليم كوردستان بمكافحة الامية و تكفل لمواطنيها حق التعليم المجاني في مختلف مراحله الابتدائية و الثانوية و الجامعية و تطوير التعليم المهني و الفني (التكنيكي).

المادة العشرون:

حرية البحث العلمي مكفولة ضمن القانون و يجب تشجيع و مكافأة و رعاية التفوق و الابداع و الابتكار و مختلف مظاهر النبوغ في المجالات العلمية و الفكرية و الثقافية و الفنية.

المادة الحادية و العشرون:

١- العمل حق لكل مواطن وواجب عليه يمارسه اينما شاء و تسعى سلطات الاقليم لتوفيره لكل مواطن قادر عليه.

٢- تضمن السلطات تحسين شروط العمل و ظروفه و تعمل على رفع مستوى المعيشة و الخبرة و الثقافة للعمال و توفر الضمانات الاجتماعية لهم في حالات المرض و العجز و البطالة و الشيخوخة.

٣- لايجبر احد على مزاولة عمل معين من دون عوض الا في حالة دفع ضرر عام مفاجيء.

المادة الثانية و العشرون:

٣- تلتزم السلطات بحماية الصحة العامة عن طريق التوسع المستمر في توفير الخدمات الطبية و الصحية.

٤- تلتزم السلطات بحماية البيئة و تحسينها و تطويرها.

المادة الثالثة و العشرون:

اداء الضريبة واجب على كل مواطن و لا تفرض و لا تجبى و لا تعدل الا بقانون.

المادة الرابعة و العشرون:

تقديم الشكوى و رفع العرائض الى السلطات حق مكفول للمواطن و عليها البت فيها خلال مدة محددة معقولة.

المادة الخامسة و العشرون:

القضاء في اقليم كوردستان هو المرجع في حماية الحقوق الواردة في هذا الباب و على المحكمة ان تحكم بالعقوبة او التعويض او بهما عند تعيينها مدى مسؤولية الجهات العامة او المسؤولية الشخصية المباشرة او كليهما.

بەڕێز حسين عارف عبدالرحمان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

## الباب الثالث

## سلطات اقليم كوردستان

## الفصل الاول — السلطة التشريعية

## المجلس الوطني لاقليم كوردستان

المادة السادسة و العشرون:

المجلس الوطني لاقليم كوردستان هو السلطة التشريعية في الاقليم و يتكون من ممثلي الشعب و يجري انتخاب اعضائه بالاقتراع العام الحر السري المباشر.

المادة السابعة و العشرون:

١- تعين طريقة انتخاب اعضاء المجلس الوطني لاقليم كوردستان و كيفية اجرائه و تحديد موعده و نسبة التمثيل و شروط الناخب و العضو بموجب القانون.

٢- يراعى في تكوين المجلس التمثيل العادل للمجموعات القومية في اقليم كوردستان.

المادة الثامنة والعشرون:

٣- الدورة الانتخابية للمجلس اربع سنوات تبدأ من تأريخ اول اجتماع له.

٤- يجتمع المجلس بدعوة من رئيس الاقليم خلال خمسة عشر يوما من تأريخ اعلان النتائج النهائية للانتخابات و في حالة عدم صدور الدعوة اليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.

المادة التاسعة و العشرون:

يعقد المجلس جلسته الاولى برئاسة اكبر اعضائه سنا وينتخب بالاقتراع السري رئيساً و نائباً للرئيس و اميناً للسر.

المادة الثلاثون:

يؤدي عضو المجلس قبل المباشرة بمهامه اليمين التالية:

(اقسم بالله العظيم ان احافظ على مصلحة شعب كوردستان ووحدته و كرامته و حقوق و حريات ابنائه و ان اقوم بمهام العضوية بصدق و اخلاص).

المادة الحادية و الثلاثون:

١- يتم النصاب القانوني في المجلس بحضور اغلبية اعضائه و تصدر القرارات بالاغلبية المطلقة للحاضرين مالم ينص القانون على خلاف ذلك.

٢- لعشرة من أعضاء المجلس اقتراح مشروع قانون او قرار.

المادة الثانية والثلاثون:

تحدد مخصصات ومكافآت رئيس وأعضاء المجلس الوطني بقانون.

المادة الثالثة و الثلاثون:

تحدد تفاصيل سير العمل في المجلس و كيفية عقد جلساته العادية و الاستثنائية و حالات انتهاء العضوية و كيفية ملء المقاعد الشاغرة بقانون.

المادة الرابعة و الثلاثون:

يمارس المجلس الاختصاصات الاتية:

١- تعديل دستور الاقليم باغلبية ثلثي عدد اعضائه دون المساس بالحقوق و الواجبات الاساسية المنصوص عليها في هذا الدستور.

٢- تشريع القوانين و تعديلها و الغائها.

٣- منح الثقة بالوزارة و اعضائها و سحبها منهم.

٤- اقرار الموازنة العامة لاقليم كوردستان او اجراء المناقلة بين ابوابها و المصادقة على كل انفاق لم يرد ذكره فيها.

٥- انشاء الضرائب و الرسوم و تعديلها و الغائها.

٦- المصادقة على الاتفاقيات التي تعقد من قبل السلطة التنفيذية مع الاقاليم الاخرى للجمهورية الفيدرالية العراقية و الجهات الاجنبية و اقاليم الدول الفدرالية في المجالات الاقتصادية و التنموية و الثقافية و التعليمية و الانسانية و الشؤون الادارية و الامنية الحدودية و شؤون الجوار.

٧- الفصل في صحة العضوية في المجلس.

٨- اصدار القرارات اللازمة لملء المقاعد الشاغرة في المجلس وفقاً للقانون.

٩- الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية لاقليم كوردستان و مساءلة رئيس مجلس الوزراء و نوابه و الوزراء.

١٠- وضع نظامه الداخلي و تحديد ملاكاته و تقدير موازنته و تعيين موظفيه و تحديد رواتبهم.

١١- تشكيل اللجان التحقيقية في المسائل التي يرتئيها.

المادة الخامسة و الثلاثون:

١- للعضو حصانة برلمانية و له حرية الكلام ضمن الحدود المبينة في النظام الداخلي للمجلس.

٢- لايجوز التحقيق مع العضو او القبض عليه او تقييد حريته او مراقبته او تفتيشه اثناء دورة الانعقاد من قبل اية جهة كانت دون اذن من المجلس الا في حالة التلبس بجناية مشهودة.

٣- لايجوز ملاحقة العضو او القاء القبض عليه خارج اوقات انعقاد دورات المجلس دون اذن من رئيسه الا في حالة التلبس بجناية مشهودة و يخطر المجلس فور انعقاده بما اتخذ من اجراءات بحقه.

المادة السادسة و الثلاثون:

١- للمجلس حل نفسه باغلبية ثلثي عدد اعضائه.

٢- يحل المجلس بمرسوم من رئيس الاقليم في الحالات الاتية:

أ- اذا استقال اكثر من نصف عدد اعضائه.

ب- اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و اربعين يوما من تأريخ دعوته للانعقاد.

ج - اذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء ثلاث مرات متتالية.

د - اذا تم تغير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فأقل.

المادة السابعة و الثلاثون:

في حالة حل المجلس او انتهاء دورته الانتخابية يجب اجراء انتخابات عامة جديدة لانتخاب مجلس جديد خلال مدة أقصاها شهران.

المادة الثامنة و الثلاثون:

اذا انتهت الدورة الانتخابية للمجلس و تعذر اجراء انتخابات جديدة بسبب الحرب او الكوارث الطبيعية فيستمر في مهامه لحين انتخاب المجلس الجديد و انعقاد جلسته الاولى.

بەرێز احمد شريف:

بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.

الفصل الثاني

السلطة التنفيذية

المبحث الاول

رئيس اقليم كوردستان

المادة التاسعة و الثلاثون:

للاقليم رئيس يسمى (رئيس اقليم كوردستان) و هو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية و يمثل رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية و ينوب عنه في المناسبات الوطنية و القومية و يتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم.

المادة الاربعون:

ينتخب رئيس اقليم كوردستان بالطريقة التي ينتخب بها رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية و ينظم ذلك بقانون.

المادة الحادية و الاربعون:

تحدد طريقة انتخابات رئيس اقليم كوردستان و شروط الترشيح و كيفية اتهامه و محاكمته و حالات انتهاء ولايته بموجب قانون خاص.

المادة الثانية و الاربعون:

يؤدي رئيس الاقليم و قبل مباشرته بواجباته اليمين الدستورية الاتية امام المجلس الوطني لاقليم كوردستان.

(اقسم بالله العظيم بان احافظ على حقوق و مكتسبات ووحدة و مصالح شعب كوردستان و ان احترم و التزم بدستوري الجمهورية الفدرالية العراقية و اقليم كوردستان و ان أؤدي مهامي بصدق و اخلاص).

المادة الثالثة و الاربعون:

تكون مدة ولاية رئيس اقليم كوردستان أربع سنوات و يجوز اعادة انتخابه لمرة واحدة.

المادة الرابعة والاربعون:

يمارس رئيس اقليم كوردستان الصلاحيات الاتية:

١_ اصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للاقليم.

٢_ اصدار مرسوم لاجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للاقليم.

٣_ اصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للاقليم الى دورة الانعقاد الاولى.

٤_ اصدار مرسوم تشكيل مجلس الوزراء بعد نيله الثقة في المجلس الوطني للاقليم.

٥_ دعوة مجلس الوزراء لاجتماع أستثنائي كلما أقتضت الضرورة لذلك ويكون الاجتماع مقصوراً على المواضيع التي أوجبت الدعوة اليه ويترأس تلك الجلسة عند حضوره اليها.

٦_ اصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور مع رئيسي المجلس الوطني للاقليم ومجلس الوزراء وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على أن تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند أول اجتماع له فاذا لم تعرض أو عرض ولم يقرها المجلس زالت عنه الصفة القانونية.

٧_ اعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

٨_ الصلاحيات التي يخولها له رئيس الجمهورية الفدرالية العراقية.

٩_ تحريك القوات المسلحة وقوات الامن الداخلي للاقليم بالاتفاق مع مجلس وزراء الاقليم.
١٠_ ادخال قوات مسلحة اتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء بموافقة المجلس الوطني للاقليم.
١١_الاشراف على أجهزة الامن الفدرالية العامة بصفة وقتية أو دائمية في الاقليم وتوجيهها.
١٢_ اصدار مرسوم باستقالة مجلس الوزراء أو الوزير عند سحب الثقة منهما.
١٣_ اصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء او الوزير في حالة طلبهم لها وتكليفهم بمهامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.
١٤_ العفو الخاص عن المحكومين.
١٥_ المصادقة على احكام الاعدام او تخفيفها الى السجن المؤبد.
١٦_ تعيين اصحاب الدرجات الخاصة والحكام ورئيس الادعاء العام للاقليم والمدعين العامين ونوابهم و رؤساء الوحدات الادارية، و عزلهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد بقانون.
١٧_ منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة للاقليم وقوى الامن الداخلي وطردهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.
١٨_ منح الاوسمة والانواط التي يحددها القانون.
١٩_تعيين وعزل ممثلي الاقليم في مجلس الاقليم وبناءاً على اقتراح مجلس الوزراء ومصادقة المجلس الوطني لاقليم كوردستان.

المادة الخامسة والاربعون:

يحدد راتب ومخصصات رئيس اقليم كوردستان بقانون.

المادة السادسة والاربعون:

يكون لرئيس الاقليم ديوان تعين واجباته وتشكيلاته بقانون.

المادة السابعة والاربعون:

١_ اذا استقال رئيس اقليم كوردستان او توفي او اصيب بعجز دائمي ينتخب خلفاً له بنفس الطريقة.

٢_ عند فراغ منصب رئيس اقليم كوردستان يتولى رئيس المجلس الوطني لاقليم كوردستان القيام بمهامه لحين انتخاب رئيس جديد.

٣_عند غياب رئيس اقليم كوردستان أو تمتعه باجازة يتولى رئيس مجلس وزراء الاقليم القيام بمهامه وكالة.

## المبحث الثاني

## مجلس وزراء اقليم كوردستان

المادة الثامنة والاربعون:

مجلس وزراء كوردستان هو الهيئة التنفيذية والادارية العليا في الاقليم و يؤدي مهام السلطة التنفيذية تحت اشراف وتوجيه رئيس اقليم كوردستان.

المادة التاسعة والاربعون:

١_ يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونوابه و عدد من الوزراء على ان لا يقل عددهم عن (١٥)خمسة عشر وزيراً.

٢_ يكلف رئيس اقليم كوردستان عضو المجلس الوطني للاقليم المرشح من قبل كتلة الاغلبية البرلمانية بتشكيل الوزارة.

٣_يقوم رئيس الوزراء المكلف بأختيار نوابه و الوزراء من بين أعضاء المجلس الوطني للاقليم او غيرهم ممن تتوفر فيهم شروط عضوية المجلس الوطني للاقليم.

٤_يقدم رئيس الوزراء المكلف قائمة بأعضاء وزارته الى رئيس الاقليم للمصادقة عليها.

٥- يقدم رئيس الوزراء المكلف وبعد مصادقةرئيس الاقليم مجلس وزارته الى المجلس الوطني للاقليم لطلب منحها الثقة وبعد نيلها يصدر مرسوماً بتشكيلها.

٦_ يترأس رئيس مجلس الوزراء جلسات المجلس بأستثناء الجلسات التي يحضرها رئيس الاقليم.

المادة الخمسون:

يراعى تمثيل المجموعات القومية في تشكيل مجلس وزراء اقليم كوردستان.

المادة الحادية والخمسون:

الوزراء متضامنون امام المجلس الوطني للاقليم في المسؤولية عن الشؤون المتعلقة بمجلس الوزراء وكل وزير مسؤول بصورة منفردة عن أعمال وزارته.

المادة الثانية والخمسون:

يمارس مجلس الوزراء الاختصاصات الآتية :

١. تنفيذ القوانين والانظمة والقرارات والمحافظة على أمن الاقليم والاموال العامة.
٢. رسم السياسة العامة للاقليم بالتعاون مع رئيس اقليم كوردستان.
٣. أعداد مشاريع خطط التنمية واتخاذ ما يلزم لتنفيذها.
٤. اعداد مشروع الموازنة العامة للاقليم.
٥. الاشراف على أعمال الوزارات والمؤسسات والمرافق العامة في اقليم كوردستان وتوجيهها ومتابعتها ومراقبتها والتنسيق بينها وله الغاء أو تعديل قراراتها.
٦. اصدار القرارات التنفيذية والادارية وفقاً للقوانين والانظمة.
٧. اعداد مشاريع القوانين واصدار الانظمة.
٨. تعيين الموظفين وتحديد رواتبهم وترفيعهم وفصلهم وعزلهم واحالتهم على التقاعد وفقاً للقانون.

المادة الثالثة والخمسون:

الوزير هو المسؤول الاول والمباشر عن جميع الامور المتعلقة بوزارته.

المادة الرابعة والخمسون:

١. يعتبر مجلس الوزراء مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.
٢. يعتبر الوزير مستقيلاً اذا سحب المجلس الوطني للاقليم الثقة منه.

المادة الخامسة والخمسون:

١- تحدد بقانون كيفية مساءلة رئيس مجلس الوزراء ونوابه والوزراء وكيفية اتهامهم ومحاكمتهم.

٢- تحدد بقانون رواتبهم ومخصصاتهم وحقوقهم.

بەڕێز شیروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

## الفصل الثالث

## السلطة القضائية

المادة السادسة والخمسون:

تنظم السلطة القضائية في الاقليم بمختلف درجاتها و أنواعها وهيئاتها وطريقة تشكيلها وشروط اجراءات تعيين اعضائها ونقلهم و مساءلتهم بقانون.

المادة السابعة والخمسون:

للقضاء الولاية العامة على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية العامة والخاصة الا ما أستثني منها بقانون.

المادة الثامنة والخمسون:

القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون.

المادة التاسعة والخمسون:

تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان اضافة لاختصاصاتها الاعتيادية بتفسير هذا الدستور والبت في الدفع بعدم دستورية القوانين المقدمة في الدعاوى المقامة أمام القضاء وينظم ذلك بقانون.

المادة الستون:

ينوب الادعاء العام عن المجتمع في الدفاع عن الحق العام وتحقيق العدالة.

المادة الحادية والستون:

للطوائف غير المسلمة انشاء مجالسها الروحانية والقضائية وفق قانون خاص ولهذه المجالس حق النظر في كل ما له مساس مباشر بالاحوال الشخصية لتلك الطوائف والتي لا تدخل ضمن أختصاص محاكم الأحوال الشخصية.

المادة الحادية والستون:

تصدر الأحكام والقرارات القضائية بأسم الشعب.

## الباب الرابع

## الادارة والمجالس البلدية

المادة الثالثة والستون:

تجري التقسيمات الادارية لاقليم كوردستان وفق قانون اقليمي وبما لا يتعارض وأحكام هذا الدستور مع مراعاة الحقوق الادارية للمجموعات القومية في الوحدات الادارية التي يؤلفون غالبية سكانها.

المادة الرابعة والستون:

للاقليم استحداث الوحدات الادارية (المحافظات والاقضية والنواحي) وتشكيل مجالسها المحلية وتعيين وتغيير مراكزها وتثبيت وتعديل حدودها وفك ارتباطها والحاقها بوحدات ادارية أخرى وينظم ذلك بقانون.

المادة الخامسة والستون:

يكون لمركز المحافظة والقضاء والناحية والقرية التي لا يقل عدد سكانها عن ثلاثة آلاف نسمة بلدية تدار من قبل مجلس وتتولى تقديم الخدمات العامة لمواطنيها.

المادة السادسة والستون:

١. يتم انتخاب رئيس وأعضاء المجلس البلدي من بين سكان المنطقة بالاقتراع العام الحر السري والمباشر.
٢. يراعي في تشكيل المجالس البلدية التمثيل العادل للمجموعات القومية في اقليم كوردستان.

المادة السابعة والستون:

تحدد أصناف البلديات وكيفية انتخاب رئيس وأعضاء المجلس البلدي وصلاحيات المجالس البلدية ومدة العضوية فيها وسائر شؤونها الأخرى بقانون.

## الباب الخامس

## الاحكام المالية

المادة الثامنة والستون:

لا يجوز فرض ضريبة أو رسم أو تعديلها أو الغائها أو اعفاء أحد منها الا بقانون.

المادة التاسعة والستون:

لسلطات الاقليم فرض وجباية الضرائب والرسوم في الاقليم أو تعديلهما أو الغائهما مع مراعاة قاعدة العدالة والمساواة والتوحيد بين مواطني الجمهورية الفدرالية العراقية.

المادة السبعون:

تتكون واردات اقليم كوردستان من:

١. عائدات الضرائب والرسوم وأجور خدمات المرافق العامة وايرادات المؤسسات والشركات والمصالح العامة في الاقليم.
٢. عائدات استثمار الموارد الطبيعية في الاقليم.
٣. المنح والهبات و عوائد الاكتتابات و اليانصيبات.
٤. القروض الداخلية والخارجية الخاصة باقليم كوردستان.
٥. حصة الاقليم من عوائد الثروة النفطية ورسوم الگمارگ حسب نسبة سكانه الى مجموع سكان العراق.

المادة الحادية والسبعون:

يكون اقليم كوردستان من الناحية المالية خلفاً لسلطات الاتحاد بما لها من استحقاقات مالية ومتأخرات الضرائب والرسوم التي تخص الاقليم.

المادة الثانية والسبعون:

تحدد السنة المالية بقانون.

المادة الثالثة والسبعون:

يشرع في كل سنة مالية قانون الموازنة الموحدة لاقليم كوردستان وتتضمن الواردات و النفقات التخمينية.

**الباب السادس**

**الاحكام الختامية**

المادة الرابعة والسبعون:

يعتبر باطلاً كل قانون أو نظام أو قرار أو مرسوم اذا كان يؤدي الى الانتقاص أو الحد من الحقوق القومية للشعب الكردي أو مواطني اقليم كوردستان أو اذا كان يتعارض مع أحكام هذا الدستور.

المادة الخامسة والسبعون:

لا يجوز تغيير الكيان أو النظام السياسي للجمهورية الفدرالية العراقية دون موافقة المجلس الوطني لاقليم كوردستان وبعكسه لشعب اقليم كوردستان ممارسة حقه في تقرير المصير.

المادة السادسة والسبعون:

اذا حصل نزاع أو خلاف دستوري بين سلطات اقليم كوردستان وسلطات كل من الجمهورية الفدرالية العراقية أو سلطات اقليم آخر فيحال على المحكمة الدستورية الاتحادية للبت فيه.

المادة السابعة والسبعون:

يحق للجهات التالية تقديم الاقتراح بتعديل الدستور:

٤- رئيس الاقليم.

٥- مجلس الوزراء.

٦- عدد لا يقل عن ربع عدد أعضاء المجلس الوطني.

المادة الثامنة والسبعون:

يؤسس في الاقليم ديوان للرقابة المالية ويرتبط بالمجلس الوطني لكوردستان العراق وتنظم واجباته وتشكيلاته بقانون.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فوئاد/ جێگری سەرۆك:**

بەڕێزان ئێستا لە خوێندنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان بووینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆڵەكە كەسی تێدا نییە لە ئەندامەكان، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە و، ئەم پرۆژەیە جارێكی تر دەڵێینەوە، ئەمە وەكو پرۆژەیەكە پێشكەش كراوە لە داهاتوودا ماوەی لێكۆڵینەوە و گۆڕانكاری هەیە، تكا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كەوا بگەڕێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان، چونكە ئێستا ئەو پرۆژەیەی كە پێشكەش كرا دەدرێتە دەنگدانەوە، كاك سەعدی و كاك د. ناصح وا بكەن كە ئەندامەكانی ئێرە بگەڕێنەوە شوێنەكانی خۆیان، باشە با جارێ بزانین نیصاب هەیە، نیصاب هەیە، ماوەی قسە كردن نییە كاك شەمائیل، چونكە دەخرێتە دەنگدانەوە، هیچ شتێك نییە، نە تەعدیلێك نە قسەیەك، تەنها دەنگدانە، بەڵێ باشە ئەگەر ئێوە لەو باوەڕە دان كەوا زوربەی زۆری لێرە ئامادەن، ئەو پرۆژەیە وەكو خوێندرایەوە، باشە جارێكی تر جەرەس لێدەن تاكو هەموو بگەڕێنەوە، چونكە ئەمە پرۆژەی دەستورە پێویستە بەلانی كەمەوە دوو لەسەر سێی ئەندامانی

پەرلەمان لێرە بن، باشە با ماوەیەکی تر چاوەڕێ بکەین، چونکە ئەمە بڕیارێکی مێژووییە، پێویستە بەشی هەرە زۆری لێرە بن، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا لە ئەنجومەنن، لەبەر هۆیەکی تایبەتی بۆ ماوەیەکی کورت چوونەتە دەرەوە، با ئەوانیش بگەڕێنەوە ئینجا دەیخەینە دەنگدان، بەڵێ ئێستا ئەویش دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بێ دەنگی، پرۆژەکە هەموو دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو پرۆژەکە وەکو پرۆژە پەسند دەکەن، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن وەکو پرۆژە دەستیان بەرز بکەنەوە، سێ ئەندام وەکو پرۆژە پەسندی ناکەن، پرۆژەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

هەر بۆ تەعقیب لەسەر مەوزوعەکە، ئەو پرۆژەیەی وەرگیراوە وەکو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا و، ئەمە حاڵی حازر دەستور نییە، شتێك نییە کە جێ بەجێ بکرێت، ئەم پرۆژەیە وەکو پرۆژە دەمێنێتەوە، پرۆژەش کە ناوی پرۆژەی لەسەر بوو قابیلیەتی گۆڕانکارییەکی زۆری هەیە، مومکینە کەموکوری تیا هەبێت، مومکینە لە ناحیەی صیاغەوە هەندێ شتی تیا هەبێت، مومکینە هەندێ تێبینی گوترا بێت دەستکاری نەکرابێت، یان لەو ئیشەی کە کراوە نەخرا بێتە سەری، بۆیە ئەندامانی بەڕێز بە بەردەوامی دەتوانن موراجەعەی لیژنەی یاسایی بکەنەوە بۆ مەسەلەی صیاغە، هەروەها ئەگەر تەعدیلاتیان هەبێت یان شتێکیان هەبێت بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بکەن، زۆر سوپاس، پرۆژەی دووەم تکایە، پرۆژەی دووەم ئەو تەعدیلاتانەی کە هەیە دەیخەینە سەری، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سەعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە پرۆژەی دووەم ئەسڵەن خوێندنەوەی ناوێ، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر دانەهاتووە، ئەگەر بکرێت ئەو جێگایانەی دەستکاری لێ کراوە یان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، وەکو جەنابت ئێستاش فەرمووت ئەمانە پرۆژەن لە داهاتووشدا پیاو دەتوانێت ڕای خۆی پێشکەش بە لیژنەی یاسایی بکات، بۆیە پێم وایە ئەوەی دووەمیش وەکو پرۆژە بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە تەبەنی بکەین، خازیع بێت بۆ هەمان نیزام کە گۆڕانکاری بەسەر دابێت، چونکە بەشێکی زۆرمان ڕەنگە لەم ڕۆژانە سەفەر و شتمان هەبێت، بۆیە پێم باشە ئەوە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باشە ئێمە لەنێوان خۆمان باسێکی تێدا دەکەین، کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان قسەیان هەیە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە، چونکە مادام پرۆژەکە هەمووی خوێندرایەوە و موناقەشەی لەسەر کرا، تەنها ئەگەر بکرێت تەعدیلەکان ئاماژەیان پێ بکرێت و، بخرێنە دەنگدانەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك دەرفەتمان بدەنێ لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسە بکەین، لیژنەی یاسایی بابێنەوە جێگای خۆیان، ببوورن بەرێزان، تکایە دەست پێ دەکەین، هەرچەندە عادەت نەبووە لە ناوەراستدا بپچرێ، بەس کێشەکەمان بەو شێوەیە بوو، بریارماندا لە بەینی خۆماندا، پاش پێشنیاری هەردوو کوتلە، کە تەنیا ئەو گۆرانکاریانە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی کەسبی کات بکەین و، بخرێتە دەنگدانەوە، ببوورە کاك ئەحمەد لە پێشدا مەشروعی قەرارەکە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەرێز احمد شریف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً الى حكم قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (٢٢) في ٤-١٠-٢٠٠٢، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٦-١١-٢٠٠٢ مايلي:

أولاً- تبني مشروع دستور الجمهورية الفيدرالية العراقية كمقترح لدستور العراق على أساس النظام الفيدرالي الديمقراطي.

ثانياً: ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية (جريدة وقائع كوردستان).

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەرێز احمد شریف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانی ناو هۆلی پەرلەمان دەربارەی چاکسازی پرۆژەی دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵی.

مادده دوو فەقەره دوو (اقليم كوردستان ويضم محافظات دهوك واربيل و كركوك و السليمانية واقضية عقرة و شيخان و سنجار و تلعفر وتلكيف و نواحي زمار و بعشقة و اسكي كلك من محافظة موصل و قضائي خانقين و مندلي من محافظة ديالى بحدودها الادارية ما قبل عام ١٩٦٨ والمناطق الاخرى التي تقطنها الأكثرية الكوردية).

المادة الرابعة: (الاثنيات القومية) بكرێتە (المجموعات القومية).

المادة الخامسة: (بغداد عاصمة الجمهورية الفدرالية العراقية ويجوز للمجلس الوطني عند الضرورة اتخاذ عاصمة اخرى بصورة مؤقتة).

المادة السادسة: (١- للجمهورية الفدرالية العراقية علم و شعار و نشيد الوطني.

٢- يكون لاقليم كوردستان علم خاص به الى جانب علم الجمهورية العراقية الفدرالية و له شعار و نشيد و عيد قومي نوروز (٢١ اذار) وينظم ذلك بقانون.

اضافة الفقرتين الى المادة (٧٩)(١- تلغى جميع القوانين والقرارات والمراسيم والأوامر والانظمة والتعليمات الصادرة عن السلطات المركزية والمتعلقة بعمليات التطهير العرقي و التهجير والترحيل والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية والقتل الجماعي (جينوسايد).

فەقەرە دوو لە (٧٩) عەینی ئیزافە دەکرێت (شمول ضحايا ومتضرري المشمولين بالفقرة اولاً بالرعاية الاجتماعية الخاصة وينظم ذلك بقانون).

المادة (٥٣) اضافة مادة جديدة الى الفصل الثالث المبحث الثاني ويصاغ بهذه الصورة:

يحق لسلطات الاقاليم عقد الاتفاقيات الاقتصادية والثقافية والاعلامية والرياضية مع جميع الاقاليم الاخرى داخل وخارج الجمهورية الفيدرالية العراقية).

المادة (٥٤) يضاف العبارة الى نهاية المادة (٥٤) (ويحدد عدد أعضائهم ومدة عملهم بقانون) یەعنی مەبەست لە ئەعزای محکمەی دەستوریە.

المادة (٧٣) (يؤسس للجمهورية العراقية الفدرالية ديوان الرقابة المالية ويرتبط بالمجلس الوطني العراقي وتنظم واجباتها وتشكيلاتها بقانون).

المادة (٧٥) الفقرة (٢- الغاء الفقرتين ثانياً ورابعاً واضافة فقرة جديدة) یەعنی (ضريبة العقار) زەریبەی تەریکات و زەریبەی رەسمی ئەرزی زراعی هەڵگیرا، داواتان کرد بوو.

المادة (٧٦) (يضاف واردات الكمريت والنفوسفات).

لێرە ئەو تەعدیلاتانەمان کردووە لە دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵی، ئەوەی کە ئێوە پێشنیارتان کرد بوو و، بە پەسندمان زانی، دوای ئەوەی کە موشاوەرەمان کرد لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە پەسندمان زانی ئەو دەستکاریانەی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو بڕیارە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن و، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، ئەگەر تێبینی و شتی وا نەبێت، فەرموو کاک سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم ئێمە مەوزوعی لیژنەکانمان کۆتایی پێ نەهێناوە، ئێستا ئەو ماوەیەدا رەمەزانە و رەنگە هەندێکیشمان لە سەفەر دابین، ئەگەر بکرێت لە هەفتەی داهاتوو، دانیشتنێک بکەین بۆ کۆتایی هێنان بە مەوزوعی لیژنەکان و، موناقەشەی کورتیش بکەین لەسەر ئالیەتی ئیشی لیژنەکان، ئێمە لەبەینی خۆمان کەمێک موناقەشەمان کردووە، بەڵام تا ئەو کاتە رەنگە بگەینە ئەنجامی باشتر، ئەو کاتە دێینە لای جەنابتان حەتمەن لەسەر ئەو مەوزوعە رێک بکەوین.

مەسەلەی دووەم قەرار بوو دوێنێ یان لە پاشکۆی یان پێشەکی هەردوو پرۆژەکە شتێک لەسەر مەوزوعی ئێمە دەڵێن، ئەو شەرحەی کە کاک فەرسەت دوێنێ کردی ئیعتیباراتی لائیحە و

حقووقی ئینسان و، له پاشان مەبدەئی فەسڵی سوڵتات عیبارەته له مەبنای دارشتنی ئەو دوو پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوه له دیباجه ئیشارەت بۆ هەمووی دەکرێت، ئێمەش هەر بڕیارمان وایه له هەفتەی داهاتوو، باسی مەوزوعی لیژنەکان بکەین، کۆتایی به قەزییەی لیژنەکان بێنینەوه، بۆیه لێرەدا کۆتایی دێت به دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین، له حەقیقەتدا ئەم سێ رۆژه ئیشێکی زۆرتان کرد، جێگای رێز و تەقدیره و، ئیشەکه ئیشێکی مێژووییه و، هیوادارین ئەمه هەنگاوی جددی یەکەم بێت بۆ چەسپاندنی فیدرالیەت و دیموکراتیەت له ولاتەکەماندا، جارێکی تر سوپاس، بەڕێزان، سەرۆکی هەردوو کوتلەکان فەرموون بۆ لای من.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالكريم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢\١١\١٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٢/١١/١٢

كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی رۆژی سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٢/١١/١٢ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز د.رۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی به‌رێز د.كمال عبدالكریم فؤاد جێگری سه‌رۆك و، به‌رێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٨)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌ پێی حوكمه‌كانی برگه (١)ی مادده (٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌مواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (٨)ی خولی گواستنه‌وه له‌ كاتژمێری (١٠)ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٢\١١\١٢ دا به‌م شێوه‌یه بێت:

١- به‌رچاوخستنی پێكهاته‌ی لیژنه هه‌میشه‌ییه‌كانی ئه‌نجومه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی ئیقرار بكرێت.

٢- پێكهێنانی لیژنه‌ی ئاماده‌كاری هه‌ڵبژاردن.

٣- گفتوگۆیه‌كی كراوه له‌سه‌ر بارودۆخی ئێستا.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان به‌ناوی گه‌لی كوردستان، دانیشتنی ژماره پێنجی خولی گواستنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ده‌ست پێ ده‌كه‌ین، به‌رێزان به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره پێنجمان به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

١- به‌رچاوخستنی پێكهاته‌ی لیژنه‌ی هه‌میشه‌ییه‌كانی ئه‌نجومه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی ئیقرار بكرێت.

٢- پێكهێنانی لیژنه‌ی ئاماده‌كاری هه‌ڵبژاردن.

٣- گفتوگۆیه‌كی كراوه له‌سه‌ر بارودۆخی ئێستا.

خاڵی یه‌كه‌م به‌رێز كاك فرسه‌ت لێژنه‌كان ده‌خوێنێته‌وه، بۆ ئاگاداری لێژنه به‌ لێژنه ناوه‌كان ده‌خوێندرێته‌وه و، ناوی ئه‌ندامه به‌رێزه‌كانی لێژنه‌كان یه‌كسه‌ر ده‌نگدانی له‌سه‌ر ده‌كه‌ین، فه‌رموو.

**به‌رێز فرست احمد عبدالله:**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

یه‌كه‌م: لێژنه‌ی كاروباری یاسایی ئه‌م به‌رێزانه‌نه:

١- احمد شریف علی

٢- حسین عارف عبدالرحمن

٣- حلیمه حسین محمد

٤- شيروان ناصح حيدرى

٥- عيدۆ بابه شێخ

٦- كاكەرەش محمد نقشبندى

٧- محمد سعيد أحمد يعقوبى

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەكە بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی یاسایی پەسەندكرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

دووەم: لێژنەی كاروباری دارایی و ئابوری لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- أحمد عبدالرحمن قساب

٢- بطرس سخريا هرمز

٣- جميل عبدى سندى

٤- حميد سليم ميران

٥- سردار محمد عبدالقادر

٦- شفيقه فقى عبدالله

٧- شوكت حاجى مشير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەی دارایی بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، یەك ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناكات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدلله:**

سێیەم: لێژنەی كاروباری ناوخۆ لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- بكر أحمد يعقوب

٢- على عبدالله أحمد

٣- عماد أحمد سيفور

٤- فاضل رؤوف صالح

٥- مامند عباس مامند اغا

٦- مناف نادر قادر

٧- نادر محمد قادر

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەی ناوخۆ بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی ناوخۆ

پەسەندکرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

چوارەم: لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- أحمد علی عمر

٢- ابوبکر حاجی سفر

٣- حسن کانبی بڵباس

٤- سوارە محمد أمین

٥- کمال ابراهیم فرج شاڵی

٦- د.لطیف محمود

٧- محسن صالح ئامیدی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەی کشتوکاڵ بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

پێنجەم: لێژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- د.إدریس هادی صالح

٢- اکرم عاشور عودیش

٣- رؤوف فرج محمد

٤- حسین جنبلی عبدالله

٥- د.عزالدین مصطفی رسول

٦- عفان عثمان نقشبندی

٧- فاتح محمد امین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەکە بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، لێژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەگشتی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

شەشەم: لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- أسماعیل ابراهیم مردان

٢- صلاح الدین عبدالحمید

٣- شفیق أمین محمد

٤- ظاهر محمد ابراهیم

٥- نعمت عبدالله پيرداود

٦- د.نياز جميل ميران

٧- وريا أحمد دزەيی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەی كاروباری تەندروستی وكۆمەڵایەتی بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی كاروباری تەندروستی وكۆمەڵایەتی پەسەندكرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

حەفتەم: لێژنەی پەیوەندییەكان و كاروباری رۆشنبیری لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- أحمد سالار عبدالواحد

٢- جلال سليم خۆشناو

٣- د.جلال شفيق

٤- حكمت محمد كريم(مەلا بەختيار)

٥- سرتيپ محمد حسين(سيروان كاكەيی)

٦- مصطفى قادر محمد

٧- يعقوب يوسف كنا

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەی پەیوەندییەكان وكاروباری رۆشنبیری بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی پەیوەندییەكان وكاروباری رۆشنبیری وەرگیرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

هەشتەم: لێژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- أحمد طاهر نقشبندی

٢- جوهر أحمد شاواز

٣- لطيف عبدالقادر صادق

٤- ملا محسن مفتی

٥- ملا محمدأمين عبدالحكيم چەمچەماڵی

٦- محمد طاهر زين العابدين

٧- ملا محمود دێرشەوی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی

پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پەسەندکرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

نۆیەم: لێژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- چەتۆ رؤوف حەوێزی

٢- حەمە علی تۆفیق

٣- سعید محمد صدیق هروری

٤- سفر محمد حسین

٥- شیخ عبدالکریم حاجی کاکە

٦- قادر مامند بابکر

٧- هادی خضر کوێخا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن پەسەندکرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

دەیەم: لێژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- أحمد عبدالرحمن

٢- جلال سلیم خۆشناو

٣- حیدر أسماعیل(م.ڕێبوار)

٤- رزگار حاجی کایل

٥- سالار عزیز

٦- محمد أمین مولود

٧- یوسف جمیل میران

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی پیشەسازی وزە وەرگیرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

یازدە: لێژنەی کاروباری پێشمەرگە لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- جعفر شێخ علی

٢- جعفر مصطفی علی

٣- حسين صالح روستم

٤- حسن حميد رحيم(مام رۆستەم)

٥- قاسم محمد قاسم(د.رزگار)

٦- نەوشیروان فؤاد مەستی

٧- یار أحمد ئەفراسیاب

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ ئیعتزازت هەیە؟

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

داوای لێبوردن دەكەم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەو برادەرانەی كە ناوەكانیان ڕێك نەنووسراوە دەتوانن لەپاش دەنگدان ناوەكانیان چاك بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوتلەی پارتی گرفتی واتان هەیە؟ جا ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە ناویان بەباشی نەنووسراوە یان بە هەڵە نووسراوە تكایان لێ دەكەین لە دوایی دا لەلای كاك فرسەت ناوەكانیان چاك بكەنەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لیژنەی كاروباری پێشمەرگە پەسەندكرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

دوازدە: لیژنەی ماڧ مرۆڤ لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- ابراهیم دۆغرەمەچی

٢-أبوبكر محمد حاجی(مەلا شاخی)

٣- ابوبكر مصطفی سعید

٤- انور شوكر محمد

٥- محمد عباس عولا

٦- نجم الدین رشید محمدأمین

٧- یحیی محمد عبدالكریم برزنجی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لیژنەی ماڧ مرۆڤ بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ لیژنەكە پەسەندكرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

سێزدە: لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكاری لەم بەڕێزانە پێكهاتووە:

١- ابراهیم سعید محمد

٢- رجب شعبان طیب

٣- شمایل ننۆ بنیامین

٤-صباح حسين عثمان

٥- فرحان عبدالله شرفاني

٦- مظهر علي مصطفى كاكى هيرانى

٧- نهله محمد سعدالله

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکاری بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکاری پەسەندکرا.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

چواردە: لێژنەی پاراستنی ماڧ ئافرەت لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- أحمد علی دزەیی

٢- زهرا حاجی طه

٣- برهان جاف

٤- شفیقه فقی عبدالله

٥- فوزیه عزالدین رشید

٦- گەلاوێژ عبدالجبار جەباری

٧- نهله محمد سعدالله

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لێژنەی پاراستنی ماڧ ئافرەت، بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەك ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات، لێژنەی پاراستنی ماڧ ئافرەت بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

بەڕێزان بەم شێوەیە هەموو لێژنە هەمیشەیەکانی ئەنجومەن پەسەندکران، لێژنەکان لەمەودوا دەتوانن کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بکەن و سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر هەڵبژێرن و، ڕاپۆرتیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بکەن، هەر تێبینییەکیشتان هەبێت پەیوەندی بە بەڕێز کاك فرسەت بکەن ئەگەر ناوبێت چاکی بکەنەوە یان هەر شتێکی تر بێت و، تەمەنای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەندامانی لێژنەکان دەکەم.

خاڵی دووەمان پێکهێنانی لێژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردنە، بەڕێزان وەکو ئاگادارن بەپێی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن کە لەم ئەنجومەنە بەڕێزەوە پەسەندکراوە لە یەکەم دانیشتنیدا لە ١٠/٤ لە یەکەم دانیشتنی خولی گواستنەوە پێویست بەوە دەکات کە لێژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکات و، یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بە هاوکاری لەگەڵ لێژنەی تەنسیقی باڵا بەردەوام بێت لەسەر جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و، ئەمە خاڵێکی سەرەکییە لەو بوارەدا کە لێژنەیەك پێکبهێنین بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردن، تەبیعی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن پێویستی بە چەند خاڵێك هەیە لەوانە بۆ

نموونه: سەرژمێری گشتی، تەتبیع، دەستکاری یاسای هەڵبژاردن، دەستنیشانکردنی شێوەی هەڵبژاردن، ئەمانە هەمووی پێویستی بەو لیژنە هەیە، بۆیە ئەم لیژنەیە گرینگە و کاروباریشی بەردەوام دەبێت و کاروباریشی زۆر دەبێت، بۆیە پێمان باشە بەناوی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتییەوە ئەیخەمە ڕوو پێمان باشە کە بە سەراحەت لەم بارەوە هەردوو کوتلە بدوێن و ڕای خۆیان بخەنە ڕوو لەم بارەیەوە، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر دەربکەین، جا تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوانەی تێبینییان هەیە یان موداخەلەیان هەیە دەستییان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە لەلای من نووسراون، ئەو بەڕێزەی کە ناوی نەنووسراوە تکایە دەستی بەرزکاتەوە، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: عومەر سەید عەلی، شمایل ننۆ، شەوکەت حاجی موشیر، فەلەکەدین کاکەیی، سەعدی ئەحمەد پیرە، د.ناصح غەفور، د.ڕزگار. تەواوە؟ بەهەمان تەسەلسول دەست پێدەکەین، بەڕێز کاک عومەری سەید عەلی فەرموو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە پێش ئەوەی باسی لیژنەکە و ئەرکی لیژنەکە بکەین، ماوەکە دیار نەکەین بۆ هەڵبژاردن؟ ئەوەی کە لە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە و، هەردوو لایەنە سیاسیەکە باسیان لێ کردووە کە لە شەش مانگەوە بۆ نۆ مانگ هەوڵبدرێت هەڵبژاردن بکرێت، لەکاتێکا ئەگەر بارودۆخێکی نائاسایی هاتە پێش وەکو تەدەخولی ناوەخۆ یان کارەساتێکی سروشتی ئەوسا قسەیەکی تری لێ بکرێت، بەڵام وەکو ئەوەی باس کراوە کە شەش مانگ بۆ نۆ مانگ ئایا ئەوە جێگیر دەکرێت یان هەڵدەگیرێت بۆ دانیشتنێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا شەش بۆ نۆ مانگ جێگیر کراوە، بەڵام لەلایەن ئەنجومەنەوە جێگیر نەکراوە و، حەقیشە ئەو لیژنەیە کە دروست بوو جێگیری بکات پێشنیاری بکات بۆ ئەوەی جێگیری بکەین، جا نازانم ئەگەر د.کمال هیچ تێبینی هەیە؟ بەڕێز کاک شمایل ننۆ فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

السيد الرئيس المجلس الوطني المحترم، زملائي أعضاء البرلمان.

في الحقيقة هناك نقطة قانونية أنا أريد أن نتفق عليها أو حسب النظام الداخلي يعني برنامج يوزع قبل الجلسة في وقت معين، فإذا كان الأخوان في الكتلتين يتوقفون في الموضوع من خلال رؤساء الكتلة فعلى الأقل محاولة الأتصال بنا وأرقام تلفوناتنا معروفة، بعدين بمناسبة إثارة هذا الموضوع حقيقةً نحن نعبر عن سعادتنا إنه يبدأ التفكير منذ الآن في مثل هذه الخطوة التي نعتقد بأنها ستكون الحل الأمثل لحل كافة الإشكالات ولتقوية البنيان الداخلي في الإقليم حقيقةً، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شمایل، جەنابت بە عەرەبی قسان دەکەی من بە کوردی جوابت دەدەمەوە لێك تێدەگەین باشە؟ تێبینییەکەت لە جێگای خۆیەتی هەوڵ دەدەین لەمەودوا پەنا بەخوا زووتر بەرنامەی کار چاپ بکەین و دابەشی بکەین و، لە ڕاستیدا شاراوەش نییە لەبەر باری تەکنیکی

خۆمان، ئامادەبوونمان و كۆبوونەوەمان وای لێهاتووە ماوەیەكی كورت پێش كۆبوونەوەكە رێك دەكەوین لەسەر بەرنامەی كار، لەوانەیە خاڵێكی ئیزافی دوو خاڵی ئیزافی پێش سەعاتێك لە كۆبوونەوەكە بێتە پێشەوە، ئەویش پەیوەندی بە بارودۆخی خۆمانەوە هەیە، بارودۆخی تەكنیكی خۆمان، كە ئامادەبوونی برادەران بەگشتی لێرە لە هەمان كات پەیوەندی بە بارودۆخەكە هەیە، هیوادارین لە دوارۆژ ئەوەش چارەسەر بكەین، تەبیعی ئێمەش پێخۆشحاڵین كە رەئی كاك شمایل بەم شێوەیە، ئەمە هەنگاوێكی گرینگ و پیرۆزە، زۆر سوپاسی دەكەین. بەڕێز كاك شەوكەتی حاجی موشیر فەرموو.

**بەڕێز شوكت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عومەری سەید عەلی تێبینییەكەی منی باس كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك فەلەكەدین كاكەیی فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان باس لە هەڵبژاردن ئاواتێكی گرینگی میللەتی كوردە، چونكە یەكێك لە كەموكوڕی تاقیكردنەوەكانمان لەم ماوەیە هەڵبژاردنی پەرلەمان دووبارە نەبوویتەوە، ئومێدەوارین ئەم تاقیكردنەوەیە كە هەڵبژاردن لە ماوەی شەش تا نۆ مانگ دەكرێت ئومێدەوارین بكرێت، وابكرێت جارێكی تر ئەم تاقیكردنەوەیە تاڵە تاقینەكرێتەوە كەوا كاتی یاسایی خۆی نەبێت، پێكهێنانی لێژنەكە زۆر پێویستە و شتێكی پیرۆزە، پێشنیارم ئەوەیە لە پاڵ پێكهێنانی ئەم لێژنە لە ناو پەرلەمان، لە پاڵیا لێژنەیەكی سیاسی لە دەرەوە دروست بكرێت لە دەرەوەی پەرلەمان مەبەستم ئەوەیە، لێژنەیەك پێكبێت لە كەسایەتی نوێنەری حزبەكان بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە زووتر بگات، مەسەلەی هەڵبژاردنە، بەرنامەی هەڵبژاردنە، شێوەی هەڵبژاردنە، شێوەی پڕوپاگەندەیە، شێوەی ئامادەكردنە، شێوەی پەیوەندی كردنە بەملاو ئەملاوە، لە پاڵ ئەم لێژنەیە لە دەرەوەی پەرلەمان بۆ هاوكاری ئەم لێژنەیە، لێژنەیەكی تر لە حزب و لە شەخصییات لە شارەكان دروست بكرێت بۆ پێشخستنی كارەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك فەلەكەدین بۆ پێشنیارەكەی، لە ڕاستیدا ئامادەكردن بۆ هەڵبژاردن لە هەموو دنیاش ئەوهایە، پێویستە هەموو ئەو لایەنانە بەشداریی لەو ئامادەكردنە بكەن كە بەیانی لە پرۆسەسی هەڵبژاردن دانەبڕێن یان خۆیان هەڵدەبژێرن و، بەتەئكید لەوە دەبێت مشاوەرە لەگەڵ هەموو پارتەكانی كوردستان دەكرێ و، ئەگەر بە پێویستیش زانرا لە دەرەوەی پەرلەمان هەركاتێك حزبەكان بە پێویستییان زانی لێژنەی پەیوەندی بۆ خۆیان دروست بكەن بۆ ئەم مەبەستە، من وائەبینم پەرلەمانیش وا ئامادەیە كە هاوكارییان لەگەڵدا بكات، بەڕێز كاك سعدی احمد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک فەلەك لە دەست پێکی قسەکانی باسی کرد یەکێکە لە ئاواتی دێرینی خۆمان و یەکێکە لەو ناتەواوییانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوو نەمان توانی بیکەین و، جاری دووەم و سێیەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کە دەیتوانی تا ئێستا تاقیکردنەوەکەمان بەشێوەیەکی قانونی و دەستوری زۆر باشتر هەم بناسرێ و هەم سەقامگیر تر بکات، بەڵام وەکو دەڵێن زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە، ئێستا ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەموو دەزگاکانی یاسا دانەر و دەزگا جێبەجێ کەرە حکومییەکان بەکار بێت و، سوود لەو هەلومەرجەی ئێستا وەربگرین کە بتوانین هەڵبژاردنێکی تر بکەین ئەگەر هیچ بارودۆخێکی ناتەواو نەهاتە پێش، لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لەم خاڵانەی کە دەتوانین بڵێین خاڵی سەرەکییە لە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن کە لەلایەن ئێوە لە رۆژی ۱۰/۳ /۲۰۰۲ لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن تەصدیق کراوە. پێم وایە وەزیفەی هەردوو فاراکسیۆنە، تکا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە ئامۆژگاریمان بکەن، ئەوەیە ئەو عەناصرانە هەڵبژێرین کە ئەگونجێن بەیەکەوە و لێزانن، شارەزان و، هەوڵی ئەوە بدەین کە لەو لێژنانەی کە بەیەکەوە کار دەکەن پەیوەندی بە هەڵبژاردن هەیە کەمترین دەنگی ناشازی تیا بێت، چونکە پێم وایە ئەو جەبهانەی کە لە ئێمە بوونەتەوە چ لە دەوروبەر چ لە دنیا چ لە ناوخۆ جەبهەی زۆر کەم نینە، ئێمە پێویستیمان بەهیچ جەبهەیەکی ناوخۆیی لە نێوان خۆمان نییە، بەڵکو تەنها دەتوانین سەرکەوین لە ئەرك و واجیباتی خۆمان، ئەگەر یەکێتییەکی تەواوی ڕیزەکانمان مسۆگەر بکەین و، خەڵکی کارامەو شارەزاو بوێر دابنێین بتوانێ بەرنامەکانمان جێبەجێ بکات، ئەو برادەرانەی کە دادەنرێن لەم لێژنەیە تەنها ئەوانە نین کە بەرپرسیارن لەوەی کە ئەو ڕێکخراوە سیاسییە ئەباتەوە یان ئەدۆڕێنێت، هەموو ئەجهیزەی حزبی حزبەکان خەریکی پروپاگەندەی حزبی خۆیان دەبن، سەرکردایەتی پەرلەمان، لێژنەی قانونی، لێژنەی ناوخۆ کە بەشێك لە ئەرکی تەتبیعی دەکەوێتە سەر شان، هەروەها لێژنەی پەیوەندییەکان و لێژنەی ڕاگەیاندن، هاوکار دەبن، لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکار دەبن لەوەی کە ئەم ئەرکە بەرەو پێشەوە ببەن و، هیچ کەسێکیش جێگیر نییە ڕەنگە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو مۆڵەتم بدات، کە لەهەر کاتێك کە پێویستی کرد یان زانیمان یەکێك لە ئەندامانی ئەو لێژنەیە کە بەو کارە هەڵدەستن ناگونجێت دەگۆڕدرێت و یەکێکی تر لە جێگای دادەنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سعدی أحمد پیرە، بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم کە ئەمڕۆ ئەم خاڵەی خستە ناو بەرنامەی کارەوە بەڕاستی ئەمە ئەبێتە هەنگاونانێکی گەورەو پیرۆز بۆ ئەوەی

که بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵبژاردن لە کوردستان جێبەجێ بکرێت، بێگومان ئەم لێژنەیە ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەر، ئەم لێژنەیە لێژنەیەکی تایبەت دەبێت و هیچ پەیوەندییەکی بە لێژنە هەمیشەیەکانی ناو پەرلەمانەوە نییە، لێژنە هەمیشەییەکان ئیشی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم لێژنەیە تایبەتە بە خۆ ئامادەکردنیان وەکو ناوی لێرە هاتووە (لێژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردن) بۆیە ئەرکەکانی تایبەتمەندن، ئەرکەکانی تا ئەو رۆژەیە کە هەڵبژاردن دەست پێدەکات، واتە شەش مانگە نۆ مانگە، ئەوەی چۆن ئیتفاقی لەسەر دەکەن، وەکو جەنابیشت باستکرد ئەم لێژنەیە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی هەروەها بە مشورەت لەگەڵ هەردوو فراکسیۆندا ئەتوانن ئەو رۆژە یان ئەو کاتە بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان دیاری بکەن، رۆژی یان کاتی هەڵبژاردنەکان دیاربخەن، بۆ ئەوەی کە کارا بن بەتەئکید جگە لەوەش دەبێت بەرنامەیەکی کار بۆ خۆیان دابنێن، خۆ من پێم باشە ئەم لێژنەیە خەڵکی وای تێدا هەبێت هەم شارەزابن هەم پسپۆڕ بن هەم خاوەن ڕابردوویەکی باش بن و، جگە لەوەش حساب بۆ ناوچەکان بکرێت یەعنی خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستانی تێدا هەبێت و، ئەگەر بشکرێ برا ئاشوریەکانیش لەم لێژنەیەدا هەبن ئەوانیش نوێنەرێکییان هەبێت پێم باشە باشتر دەبێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د.ناصح، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو سەروەری کوردایەتی ئیسپاتیان کردووە کە هەر دیموکراتییەتە کلیلە بۆ دەرکردنی ئیبداع و ئیبتکار، گەلی کورد چەند ساڵە لێی مەحروم بووە لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو خەڵکێکی موراهەنە سەرمەدکرد کە ئەو مستەوایەی فکری کوردان نینە کە بشێن ئیدارەی خۆیان هەڵبژێرن و بەرێڤەی ببەن، گەلی ئێمە ئیسپاتی کرد ئەگەر مەجال هەبێتن لە هیچ خەڵکێکی تر کەمتر نینە، من بە شتێکی زۆر پیرۆزی دەزانم هەر چەندە تاخیریش بووە ئەوەش وەکو تاودان قاهیر بووینە، ڕێگر بووینە، بەڵێ بەشتێکی زۆر گرینگی دەزانم، ئەم لێژنەیە قەناعەت بداتە ئێمە و،یا دامەزراندنی لێژنەیەك ئیقراری لێژنەی دەستپێکا پرۆسەسی هەڵبژاردنە بە قەناعەتی من بزڤرینە پاڵ میللەتێڤە پاڵ سەحافێڤە گفتوگۆیەکی دورودرێژ بێتە کردنێ، خەڵکێکی پسپۆڕ ڕای خۆی تێدا دیار بکات لەسەر مەسائیلی نیسبی، لەسەر مەسائیلی دائیری لەسەر مەسائیلی ئابووری، هەندەێك مەسائیل هەنە پێویستە بە ئازادی لە سەحافە بێتە گفتوگۆکردنە ئەمە زیاتر هاریکار بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئیشوکاری ئەم لێژنەیە و کارێکی پیرۆزو فعلەنیش ئیرادەی میللەتی تێدا دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.رزگار، بەڕێز مەلا محمدئەمین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمدأمین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان من حەز دەکەم لە شتێکەوە دەست پێ بکەم کە ئەویش ئەوەیە: خوای گەورە کە پێغەمبەری خۆی دەنێرێت بۆ ناو ئومەتان و بەشەرییەت، سەیر دەکەی بە زمانی بەندەکان، بەزمان و عەقڵی بەندەکان قسان دەکات، پێم وایە بۆ هەموو شتێك زمانی سەردەمی خۆی هەیەو عەقڵی سەردەمی خۆی هەیە، ئەگەر بە زمانی ئەو سەردەمە قسان نەکەی پێم وایە نە داواکارییەکان و نە ئیشەکان ناچنە پێش، بۆیە عەقڵی ئەم سەردەمەو زمانی ئەم سەردەمەو موخاتەبەی عەقڵی سیاسی ئەم سەردەمە هی گەلانی هەموو جیهان هی کاربەدەستانی هەموو جیهان، ئەو عەقڵە سیاسییەی کە ئەمڕۆ لە دنیایە لە ڕێی دیموکراسییەتەوە پیادەدەکرێت، پیادەکردنی دیموکراسییەتیش بەم مانایەی کە میللەت و گەلان مافی دەنگدانی خۆیان هەبێت و، چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان ببڕنەوە، بێگومان بڕیارەکەتان بڕیارێکی پیرۆزە و یەکێکە لە خاڵە هەرە گرینگەکانی سەرجەم ڕێککەوتننامەکان، کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین ئێمە داوا ڕەواکانی خۆمان بە گەلانی تری دونیا بگەیێنین و، ئیسپاتی بکەین کە ئێمە گەلێکی دیموکراسین، شارستانین دەمانەوێت وەکو خەڵکی تری ئەم سەر دونیایە بژین نەك بەجیاواز، من پێم چاکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەوە دیارە پیرۆزبایتان لێ دەکەم و دەست خۆشیشتان لێ دەکەم و، هەنگاوێکی زۆر زۆر باشە و هیوادارم شان بە شانی ئەو لێژنەیەی کە دانراوە بۆ هەڵبژاردن چەند خاڵێك هەیە ڕەچاوی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاستی ئەم مەسئولییەتە دابین، چونکە بەڕاستی ئێمە دە جیلی میللەتەکەمان بێ بەش کردووە لە دەنگدان کە ڕەنگە ئەم دە جیلە توانای ئەوەیان هەبێت مەساری هەموو گۆڕانکارییەکان هەموو هەڵبژاردنەکە بگۆڕن و، حەقی خۆشیانە ئێمە مافییان نەخۆین دە جیل مەحروم نەکەین لە دەنگدان، گرنگ ئەوەیە شان بەشانی ئەم لێژنە ئامارەکان ئامادە بکرێت ئەو لێژنەی کە ئامار دەکات شان بەشانی ئەم لێژنەیە حازر بکرێت، تەعدیلی ئەو یاسایانە بکرێن کەوا چۆن پەرلەمان لەسەر چ ئەساسێك هەڵبژاردنی ئەم جارە دەکرێت و ڕێژەکان چۆن دەبێت و ئایا نسبی دەبێت یان غەیری نسبی دەبێت، ئەمانە هەموو شان بەشانی لێژنەکان جێبەجێ بکرێت، خاڵی گرنگ و مهمیش ئەوەیە تەتبیعی ئەوزاع بکرێت و، مەڵبەند و لقەکانیش بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و، ئێمەی پەرلەمانتاران هەوڵ بدەین جەوێکی ئەو تۆ و برایانە لەناو میللەتەکەمان دروست بکەین کە فیعلەن ڕێ خۆشکەر بێت بۆ ئەوەی بتوانین هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەست بکەین و، هەر کەس ئازاد بێت لە دەنگدانی خۆی و، گیانی برایەتی و متمانەی حزبەکان و خەڵکەکە بگێڕینەوە بۆ لای یەك، جەوێکی برایەتی ئەوتۆ دروست بکەین کە بتوانین لە ڕێگای ئەو جەوەوە هەڵبژاردنێکی تەواو بکەین و، لەسەر مەسارەکانی تریش سارد نەبینەوە، جارێکی تریش دەست خۆشیتان لێ دەکەم و سوپاسی ئەم هەنگاوە گەورەیەش دەکەم، پێم وایە ئەمڕۆ میللەتەکەمان زیاترو زیاتریش دڵی بەم هەنگاوە پیرۆزە خۆش دەبێت هەر سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا محمدأمین چەمچەماڵی، بەڕێز کاك د.کمال فەرمووو.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان هەر وەکو ئەو بەڕێزانەی قسەیان کرد ئەرکی سەرەکی یان بڵێین یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی ئەم خولەی گواستنەوەیە ئەوەیە کە زەمیینە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ خۆش بکات، لە دیاری کردنی ناوی ئەو بەڕێزانەی کە لە پاشا ئەو ئەرکە ئەکەوێتە ئەستۆیان و لە کۆمیتەکە بەشدار دەبن، پێویستە بەڕاستی کەسانی وا دابنرێن کە بتوانن ئەو ئەرکە بەشێوەیکی باش و رێکوپێك جێبەجێی بکەن و بیبەن بە رێگاوە و، لە هەموو گروپەکانی تێدابێت و، هەروەها لە هەموو ناوچەکانی تێدا بێت و، هەر فراکسیۆنێك لەم بارەیەوە پاڵێوراوەکانی خۆی دیاری دەکات، ئەرکی سەرەکی ئەم کۆمیتەیەش کە هەڵدەبژێردرێت و کە دادەنرێت، یەکەم ئەوەیە کە باس لەوە بکات ئایا گۆڕانکاری پێویستە لە یاسای هەڵبژاردنا بکرێت؟ بۆ ئەو ئەرکە جگە لە یاسا ناسانی خۆمان لەناو پەرلەمان ئەگەر سوود لە شارەزایی و توانای ئەو کەسانەش وەربگیرێت لە دەرەوەی پەرلەمان، ئەوە شتێکی زۆر باشە و وابزانم پێویستیشە، ئەرکی دووەم کە بێگومان ئەبێت لەگەڵ لایەنی دەرەوەی پەرلەمانیش هاوکاری بکرێت وەکو لە پێشەوە باس کرا لەگەڵ (ئێم سی سی) و، لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کەوا کارەکە ئاسان ئەکات، ئەویش ئەرکی سەرژمێرییە، سەرژمێری زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کەوا بتوانین بگەین بە ئەنجام، بێ گومان لەگەڵ ئەم دوو ئەرکەش مەسەلەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان کە ئێمە لێرەش کۆمیتەیەکمان هەیە لەو کۆمیتانەی کە دیاری کران ئەویش کۆمیتەی (کاروباری ناوخۆیە) ئەم کۆمیتەیە ئەرکی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستانیشی دەکەوێتە سەر شان، جا بۆیە من ئەم ڕوونکردنەوانەم پێشکەش کردن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن و دانانی ئەم ئەندامانە، کە لەم کۆمیتەیە دەبن کە ئەرکی ئامادەکردن و زەمینە خۆشکردنی هەڵبژاردنیان دەکەوێتە سەر شان لە دیاری کردنی ئەم ئەندامە بەڕێزانە ئەو ڕاستییانە ڕەچاو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.کمال، هیچ تێبینی تر هەیە لەم بارەیەوە؟ فەرموو کاکە شێخ.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینییەکی سادەم هەیە لەسەر قسەکانی کاك د.ناصح، مەبەستی لەو خاڵە چییە کە فەرمووی خاوەن ڕابردوویەکی پاك بێت، من پێم وایە ئەوەی کە دەبێتە ئەندام پەرلەمان لە خاڵێکی سەرەکی و جەوهەریی دا کە دەبێت خاوەن ڕابردوویەکی پاك بێت، تەنها ئەوەندە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ وەزنی شعرە، وابزانم لە جیاتی کاك د.ناصح جوابمان دایەوە، چونکە ئەو شاعیریشە ناوی بێباکە ناوە شعریەکەی. بەڕێزان وەکو ئەوەی دەردەکوێت بە پەسەندی دەزانن و بە هەنگاوێکی باشی دەزانن کە ئەم لێژنەیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی کارەکانمان بخاتە سەر سکەی تەواو و، کاری جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن بکات و بیخاتە سەر سکەی جێبەجێ کردن،

ماناى كۆتايى هێنان بە جێبەجێ كردنى، بۆیە پێشەكى دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەى ئامادەكارى هەڵبژاردن پێك بێت دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسەندى ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتى دەنگ لێژنەكە پێكهات. ئەگەر لێژنەكە پێكهات پێمان باشە هەردوو كوتلەى سەرەكى یەكى شەش ناومان بۆ بنێرن ئێستاش بۆمان بنووسن ئەگەر موتەفق بن شەش ناومان بۆ بنێرن هەروەها داواش دەكەین لە لیستى مۆر ناوێكمان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەى ئێستا ئیعلانى بكەین و پەسەندى بكەین، چاوەڕوانى ناوەكان دەكەین بۆ ئەوەى ئێستا ئیعلانى بكەین؟ بەڕێزان ناوى ئەندامانى لێژنەى ئامادەكردن بۆ هەڵبژاردن دەخوێنمەوە، لەلایەن فراكسیۆنى پارتى ئەم بەڕێزانەن:

١- فلك الدین كاكەیى

٢- كاكەرەش محمد نقشبندى

٣- شیروان ناصح حیدرى

٤- فاضل رؤوف

٥- نادر عبدالقادر

٦- د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار)

لەلایەن فراكسیۆنى سەوزەوە ئەم بەڕێزانەن:

١- حكمەت محمد كریم(مەلا بەختیار)

٢- سالار عزیز

٣- شێخ عبدالكریم محمد

٤- أبوبكر مصطفى سعید

٥- د.سردار محمد عبدالقادر

٦- عیدۆ بابە شێخ

هەروەها لە لایەن لیستى مۆرەوە كاك (شمایل ننۆ بنیامین).

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لێژنەكە بەم شێوەى خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسەندى ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتى دەنگ لێژنەكە پەسەندكرا. خاڵى سێیەمى بەرنامەى كار گفتوگۆیەكى كراوەیە لەسەر بارودۆخى ئێستامان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە موداخەلەیان هەیە یان تێبینیان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە بۆ ئەوەى ناونووسییان بكەین، بەڕێز كاك د.كمال فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو باسەى كە ئێستا ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین، بەڕاستى باسێكى گرینگە، چونكە وەكو دەزانن بارودۆخى وڵات زۆر لە گۆڕانكارى دایە، بەڵام بۆ ئەوەى زۆر مەسەلەكە درێژە نەكێشێت و زۆر لانەدەین، باسى ئەم مەسەلانە بكەین كە ئێستا بەرەوڕومان دەبێتەوە، بەتایبەتیش نوێترین هەواڵەكانى كە بیستوومانە، ئەوەى كە لە ئارادایە باس بكرێت، باسى ئەم بڕیارەى دوایى ئەنجومەنى ئاسایش لە هۆڵى نەتەوە یەكگرتووەكان و، پاشان كاردانەوەى ڕژێمى

عێراقی بەرامبەر بەوە وەکو دوێنێ لە کۆبوونەوەکانی بەناو ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقدا باسی لێ کراوە و، هەروەها باسی ئەم کۆنگرەیە بکرێت، ئەو کۆنگرە چاوەڕوان کراوەی کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەدەستییانەوەیە و، ئەگەر مەسەلەیەکی تر بە پێویست زانرا دەتوانین باسی لێ بکەین، بەڵام کە دەڵێین با باسێك لەم مەسەلانە بکەین لێی بکۆڵینەوە کە ئەمڕۆ بەرەنگارمان دەبێت، ئەوەی بەڕاستی من بەبیرم داهات ئەو سێ تەوەرەیە، بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی چەك داماڵینی عێراقەوە، کاردانەوەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بەوە و، کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەم مانگەدا پێك بێت، ئەگەر پێك بێت، ئەگەر پێکیش نەیەت قسەی لەسەر بکەین خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.کمال بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، ئەوانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە. ناوی ئەم بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە لام نووسراون، تکا لەو بەڕێزانەش دەکەم ئەوەی ناوی نەخوێندراوە ئیشارەتێکمان بداتێ بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، ناوی ئەم بەڕێزانە نووسراوە: مەلا شاخی، شێخ جەعفەر، ئیبراهیم سەعید، فاضل ڕەئوف، حەمە عەلی تۆفیق، شەوکەت حاجی موشیر، فەلەکەدین کاکەیی، د.ناصح، د.رزگار، بەڕێز کاك مەلا شاخی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر محمد حاجی(ملا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بڕیاری (١٤٤١) ئەهەممییەتێکی زۆر گرینگی هەیە بەتایبەتی بۆ گەلی کورد چونکە خەڵکی کوردستان بەدەست چەکە کۆکوژەکان زۆر زیانیان بینیوە، کارەساتی هەڵەبجەو کیمیا بارانکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە بیری کەس ناچنەوە، بۆیە لەسەر قیادەی سیاسی کورد پێویستە زۆر بەوردی ڕەچاوی هەموو گۆڕانکاریەکانی داهاتوو بکات لە عێراق، ڕاستە لەلایەن ئەنجومەنی بەناو نیشتمانیی عێراقەوە بڕیارەکە واباس دەکرێت کە ڕەت کراوەتەوە، پێ دەچێت کە سەرۆکی عێراق مل کەچ بکات بۆ بڕیارەکە، جا بۆ ئەم مەبەستە من وا پێشنیار دەکەم وا بەباش دەزانم کەوا لە ئێستاوە هەم پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك بدات بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، ئیحتیاتێکمان هەبێت بۆ ئەوەی کەوا چۆن تاوانبارانی جەنگ لە دونیا ئەدرێن بە دادگا، سەرانی ڕژێمی عێراقیش بیر لەوە بکرێتەوە توانییان خۆیان لەم تەڵەیە ڕزگار بکەن بدرێنە دادگا وەك تاوانبارانی جەنگ، چونکە ئەمانە گەورەترین تاوانیان دەرحەق بە مرۆڤایەتی کردووە کە ئەنفالە، لە ئەنفال (١٨٢) هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران تا ئێستا هیچ ئاسەوارێکییان نییە، تەنانەت لەم بڕیارە لەم لێبوردنە ساختەیەی کە دەری کرد، کەوا هەندێك خەڵك بەهۆی شتی لابەلاوە گیرابوو هەندێ خەڵك ئازادکراوە، ڕەنگە هەندێ کەسیش بەردرابێت، بەڵام خەڵکێکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی ئازاد نەکراون، ئەنفالەکان هیچ هەواڵێکییان نییە، بۆ ئەمە من پێشنیار دەکەم یاداشتێکی تر جارێکی تر بدرێتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی لەم کاتەوە ئەوەش بکرێتە بەڵگەیەك لەسەر تاوانبارەکان بۆ ئەوەی بدرێن بە دادگا، دیارە مەسەلەی پاکتاوکردنی نەژادیش لەم کاتەدا بەردەوامە، ئێستا کە عێراق بە هەل ومەرجێکی زۆر ناسك تێدەپەڕێت، دەبوو سەرانی عێراق

بیریان لە گۆڕانکاری کردبایەوە و هەنگاوی باشیان بنایە بۆ ئەوەی کە ڕەئی و عەتفی دونیا بەلای خۆیان ڕابکێشن، بەڵام لەم کاتەدا کە ئێستا ئێمە کۆبووینەوە تا ئەمڕۆش سیاسەتی ڕاگواستن و پاکتاوکردنی نەژادی لە ناوچەکانی کوردستانا بەردەوامە، بەردەوام خەڵك ڕادەگوازن و خەڵك دەردەکەن و دەگرن و ئازار و ئەشکەنجەی ئەدەن، بۆیە من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە کەوا پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك بدات بۆ ئەوەی کەوا تاوانبارانی جەنگ و، ئەوانەی ئەنفالی گەلی کوردستانیان کردووەو ئەوانەی چەکی کیمیاوییان بەکار هێناوە بدرێنە دادگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا شاخی، بەڕێز کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى علي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دەرچوونی بڕیاری (١٤٤١)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە چەند ڕۆژ لەمەو بەر دەرچوو ڕەوشی ناوچەکەو عێراق بەرەو گۆڕان دەڕوات، کە ڕاستەوخۆش ئەو گۆڕانکارییە تەئسیری هەیە لەسەر کوردستان، چونکە ئەم بڕیارە وەکو ئاشکرایە ڕێگای فرتو فێڵی لە ڕژێم گرتووە، هیچ مەجالێکی بۆ نەهێشتۆتەوە تاوەکو جاران لە فرتوفێڵەکانی بەردەوام بێت یا ئەبێت ملکەچی بڕیارەکە بێت وەکو ئەوەی لە جەدوەلە زەمەنییەکەی هاتووە کار بکات ولانەدات لە خاڵەکانی، یاخود دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی هەڵمەتێکی سەربازی بێت لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی، لە هەردوو حاڵەتەکە لەوە دەچێت ڕژێم بەرەو لێدانەکە بڕوات، چونکە ئەو بڕیارەی کە دەرچووە جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی لەلایەن ڕژێمەوە مەحاڵە، ئەوەی کە زانراوە لە ڕژێم تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو بڕیارانەی کە دەرچووە دەربارەی عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو خۆی جێبەجێی بکات، بۆیە ئەم بڕیارەش وەکو خۆی جێبەجێ ناکات ئەگەر پابەندی بێت خۆ ئەگەر پابەندی نەبێت ڕوبەڕوی هێرشی سەربازی دەبێتەوە، کە ڕژێم بەرەو نەمان دەبات، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر ڕازی بێت بەو بڕیارە بەتەئکید پاش چەند وەختێك یەکێك لە خاڵەکانی هەر پابەند نابێت بۆی، واتە هەمیشە هەر دەبێتە هۆی لێدانی، لەبەر ئەوە ڕەوشێکی تازە چاوەڕێی ئێمەو چاوەڕێی ناوچەکە دەکات، بۆیە پێویستە لەسەرمان خۆمانی بۆ ئامادە بکەین وهەر لە ئێستاوە هەموو دەزگا پەیوەندی دارەکان چ لە ئاساییش چ لە پێشمەرگە بەرنامەیەکی داڕێژراوی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی ئەگەرەکاندا ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن و، باشتریش وایە من پێشنیار دەکەم کە هەردوو لێژنەی کاروباری پێشمەرگەو لەگەڵ لێژنەی ناوخۆی پەرلەمان کۆبوونەوە بکەن و، ئەم ئەگەرانە هەڵسەنگێنن و بەراپۆرتێك پێشکەش بکەن و، پاش ئەم ڕاپۆرتەش لەلایەن ئیدارەی هەردوو لاوە چ پێشمەرگە چ ناوخۆ پەیرەوی بکەن و هەوڵ بدەن بەرنامەیەك دابنێن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، بەتەئکید دوای بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان پەنا بەخوا سەرکەوتوو دەبێت وئاواتەکانمان دێتە دی، یەکێك لەم شتانەی کە لەم ناوچەیە هەیە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە، کە بڕیار وایە لە ٢٢ تا ٢٥ ی ئەم مانگە لە برۆکسل ببەسترێت، بەتەئکید ئەوەش دەورێکی گرینگی هەیە بۆ ئایندەی گەلەکەمان، خۆشبەختانە پێش ئەم کۆنگرەیە هەردوو

پرۆژەی پێشنییار کراو (دەستوری فیدرالی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پرۆژەی دەستوری فیدرالی عێراق) ئامادەکراوە بەتەئکید ئەو برادەرانەی لێرەوە لە کوردستانەوە دەچن ئەو دوو پرۆژەیان پێیە، هیوادارین کە بە تەواوی پێ داگرن لەسەر جێبەجێ کردنی بۆ ئەوەی ببێتە بڕیارێك بەناوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە، بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تەبەنی بکات کە ئەمەش دەبێتە مایەی بەرەو پێشەوە چوونی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان. خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەو لێبووردنەی کە ڕژێم دەریکرد، وەکو ئاشکرایە پێش ماوەیەك لەمەوبەر ڕژێم لێبووردنێکی گشتی دەرکرد، ئەو لێبووردنە هەندێك کەس وای چاوەڕوان دەکرد سەرنەوشتی ئەنفالەکان ئەو (١٨٢) ئەنفال و (٨٠٠٠) بارزانی لەوانیشا سەرنەوشتێك دەربکەوێت و ڕوون بێتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ سەرنەوشتێکیان نەبوو لەبەر ئەوەی من وای بە چاك دەزانم کە یاداشتێك ئامادە بکرێت و، ئەم یاداشتە بدرێت بە دەزگا پەیوەندی دارەکان بۆ ئەوەی لە دوا نەتیجەی ئەم (١٨٢) هەزار ئەنفالە بکۆڵدرێتەوە و، ڕژێم ئیجبار بکەن کە نەتیجەیەك بدات کە ئەویش دەبێت بەخاڵێکی گرینگ لەسەر ڕژێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شێخ جەعفەر، بەڕیز کاك د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان بڕیاری ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی یەکێکە لەو بڕیارە گرینگانەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکۆی دەنگەکان ئەو بڕیارەی وەرگرت، شتێکی زۆر گەورەو کاریگەر دەبێت بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی عێراق، پێش هەموو شتێك ئەم بڕیارە ئەگەر بێت و وەکو چۆن ئامادەکراوە بەگشتی لە بەرژەوەندی گەلی عێراق دەبێت بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، چونکە ئێمە لە هەموو گەلانی تری عێراق زیاتر بەدەست ئەو چەکە کۆکوژانەوە، ئەو چەکە کیمیاوییانە، ئەو جەور وستەمەی کە لەلایەن ڕژێمەوە دروستکراوە و بەکارهێنراوە دیومانە، ئەوەی جێگای سەرنج بوو ماوەیەك بوو ئەم بڕیارە ئەگەر بیخەینەوە بیری خۆمان ماوەیەکی زۆر ئامادەکاری بۆ کرا، بەڵام بۆ ئەم ئامادەکارییە بیروبۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر چۆنییەتی دارشتنەوەی ئەو پرۆژەیە، پرۆژەکە لە ئەساسەوە پرۆژەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیای مەزن بوو، بەڵام سێ وڵاتی زل هێز کە خاوەنی مافی ڤیتۆن لە ئەنجومەنی ئاسایش (روسیای فیدرال و فەرەنسا و چین) هەندێك تێبینییان هەبوو، بەڵام دیارە دوای ئەوەی ئەمریکییەکان و بەریتانییەکان خۆیان پرۆژەکەیان دەستکاری کرد ئەوە بوو بەکۆی دەنگ هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش تەنانەت بە نوێنەری وڵاتە عەرەبییەکانەوە، کە کۆماری عەرەبی سورییە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشە ئەویش دەنگی خستە پاڵ دەنگی ئەم بڕیارە، بۆیە بڕیارەکە یەکەم بڕیارە، بڕیارێکی ئەوها گرینگ بەم شێوەیە بەرامبەر بە عێراق دەردەچێت بەکۆی هەموو دەنگەکانەوە، ئێمە لەلایەکەوە خۆمان پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە ڕۆژێك دادێت ئەم بڕیارە بەرامبەر بە عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگیرێت یان هیچ نەبێت هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان و تەحالف بەرامبەر بە عێراق هەڵویستێکی وایە، کە ئەم ڕژێمە

بەرەو گۆڕان بچێت دەستکاری بکرێت بەرەو عێراقێکی دیموکراتی بچین، بۆیە خۆش بەختانە ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە یان لە ڕووی یاساییەوە هەنگاوێکی پیرۆزمان نا، ئەوە بوو پرۆژەی دەستوری فیدرالی عێراق و هەروەها دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراقمان ئامادە کرد، ئەو کۆبوونەوەیەش کە ئەمڕۆ ئامادەکاری بۆ دەکرێت کە بڕیارە لە ٢٢ تا ٢٥ مانگ لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا ببەسترێت بۆ هێزە بەرهەڵستەکانی عێراق، کە بەتەئکید کورد دەورێکی باڵای تێدا ئەبینێت، چونکە (٢٥٪) ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە ئەبێت کورد بن، دیاریشە وەکو من لە ئەدەبییاتی پارتی و یەکێتی دەیخوێنمەوە کورد ئامادەباشی بۆ ئەمە کردووە خۆی ئامادەکردووە و، بایەخێکی تایبەتی ئەدات بەم کۆنگرەیە مانای هەم کۆنگرەکەو هەم بڕیارەکە زۆر پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیە، چونکە لە کۆنگرەکەدا دەبێت ئامادەباشی بۆ ئەوە بکرێت ئەگەر عێراق بەرەو دیموکراتی چوو یان ئێمە چ جۆرە عێراقێکمان دەوێت، ئەمە بۆ خۆی شتێکی گەورەو پیرۆزە بۆیە پێم وایە عێراق لە دووڕیانێکی سەختدایە، یان دەبێت ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات یان بەزۆر پێی جێبەجێی بکەن، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا چاوەڕوانی ئەوە دەکەین پەنا بەخوا دوارۆژێکی گەش و ڕوناك بۆ گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دێتە دی، بەئومێدی ئەو ڕۆژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك د.ناصح، بەڕێز کاك سەعدی أحمد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماوەی ڕابردوودا چەند حەفتەو مانگی ڕابردوو تەقریبەن مەسەلەی عێراق بەگشتی و مەسەلەی کورد بەتایبەتی مانشێتی سەرەکی هەموو ڕۆژنامە گرینگەکانی جیهان بوو، خاڵی ئەجندەی نێوان هەموو نێوەندە دەسەڵاتەکانە و، دەتوانین بڵێین خاڵی یەکەمی هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانە، شتی وا لە ڕابردوودا بەدەگمەن هاتۆتە پێشێ، کە کورد ئەگەر شەش مانگ جارێك ئەگەر ناوی بێت، بەڵام لەوەش گرینگتر کورد لە بەکار هێنانی گازی کیمیاوی هەڵەبجەو ئەنفال و لە کوشتنی بەکۆمەڵی یەك لەدوای یەك چەند جار هەوڵی داوە، هەموو ئیمکانییەتی خۆی سەرف کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت نیوەی دونیا یان ڕوبعی دونیا قەناعەتی پێ بکات کە جینایەتی لەو بابەتە دژی مەسەلەی کورد ڕووی داوە، ئەوە نەتوانرا تا ماوەیەك لەمەو پێش، ئەگەر لە بیرتان بێت وتە گرینگەکەی سەرۆکی ئەمریکا، ئەمریکای پاش شەڕی پار، ئەمریکای پاش شەڕی (١١)ی ئەیلول لەبەر دەم جەمعییەی گشتی لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبەر دەم هەموو مەلیك و سەرۆك کۆمار و وەزیرانی دەرەوەی دونیا باسی ئەم جینایەتانەی کرد کە دژی کورد کراوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاش هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە، هەموو هەرێم، هەموو حزبەکانی کوردستان لە ئاستی ئەوە دانین کە خوێندنەوەی دروست، خوێندنەوەی باش و، شیکردنەوەی باش بۆ ئەم بڕیارانەو ئەم هەڵوێستە

نێودەوڵەتییانە بەتایبەتی وەکو سەرۆکی ئەمریکا وەکو سەرۆك وەزیرانی بەریتانییا بخاتە ڕوو و، حەقە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان هەوڵی ئەوە بدەن کە ئاستی سیاسەتی ڕاگەیاندن بەرزببێتەوە، بەشێوەیەك کە بتوانن ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەم هەڵوێستانە بێت کە لە دونیادا هەبووە، دیارە لەوەشیان گرینگتر بڕیاری ١٤٤١ زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا وا پێشان دەدات کە ڕژێمی عێراق بەلای کەمی بەیناو بەین خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی کە گوایە سەرکەوتووە لە دووبەرەکی خستنە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و، ڕەنگە زۆر وازح نەبێت کێ براوەیەو کێ دۆڕاوە، لە ڕۆژی هەشتی مانگ دەرکەوت، مەعلومە کێ براوەیەو کێ دۆڕاوە، بەتێکڕای دەنگ ئەو بڕیارەی ١٤٤١ دەنگی لەسەر درا، لەو بڕیارەی ١٤٤١ ئەگەر باش دیقەت بکەیە هیچ شێوەیەك ئەهلییەتی یاسایی بۆ نیزام لە عێراق نەهێشتووە، ئەتوانێ هەر کەسێك کە پێویست بکات لەگەڵی لێکۆڵینەوە بکرێ، جا ئەو کەسە لە گواستنەوە یان لە بەکارهێنانی یا لەبەرهەم هێنانی چەکی کۆ کوژ بەشداریی کردووە عێراق دەبێت بەربەستی نەبێت، هەروەها سەرۆك کۆماری ئەمریکا موافەقەی وەرگرتووە کە ئەو کەسە لە مەترسی دووربخاتەوە بەشێوەیەك کە خاوخێزانی بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، هەر ناوچەیەك کە بیەوێت قەسری سەرۆکایەتی بێت یان ناوچەیەکی موعەیەن بێت، یەکسەر دەبێت هەموو جووڵانەوەیەکی لێ ڕابگیرێت و بە فرمانی پشکنین هەڵسن، بەردێك لە ئاسمان بکەوێت بە سەری یەکێك لە بەشدارانی ئەم کۆمسیۆنە بکەوێت بە خەرق لەسەر عێراق تۆمار دەکرێت و، خەرقی گەورەو بچووك نییە هەموو خەرقێك جدییەو گەورەیە و، تەسەور دەکەم ئەگەر کۆمیتەو لێژنەکانی کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی ئاوارە و مەسەلەی ئەنفال و پاکتاوی ڕەگەزی هەوڵی ئەوە بدەن کە لە هەر ڕاگواستنێك لایەنی موعیەن لێ ئاگادار بکەن، ڕەنگە ئەوەش بە خەرق دابنرێت کە پەیوەندی بە بڕیاری ٦٨٨ هەیە، چونکە بڕیاری ٦٨٨ بەپێی بڕیاری ١٤٤١ لە وصایە دەرچووە ئیلزامییە ئێستا، مانای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت هێز بەکار بێنێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، کە پێشتر وصایەی هەبوو مانای مولزەم نەبوون کە هێز بەکار بهێنن، لەوەش زیاتر من پێم وایە ئەوەی کە زۆر گرینگە بۆ ئێمە ئەوەی دەتوانین سوودی لێ وەربگرین ئێستا هیچ گومانێك لەوە نەماوە کە چۆن ئەمریکا مەبەستێتی ئەو جینایەتییانەی کە لە واشنتۆن و نیۆیۆرك لە (١١)ی ئەیلول کراوە ئەوە تەصدیقی کردووە، کە جینایەتێك وەکو ئەنفال وەکو بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە هەڵەبجەو لە گەرمیان و لە ساوسێنان و لە دۆڵی بالیسان و ناوچەی بادینان کراوە، بۆیە من لێرە پێم وایە کورد مەودای ئیشکردنی یەکجار زۆرە و ئەتوانێت سوودی لێوەربگرێت، هەڵبەتە بۆ سوود وەرگرتن لەو مەسەلەیە تەنها کوردی عێراق کافی نییە، بەڵکو هەر شەخصیەتێکی تر لە دەرەوە بێت لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان پێمان وایە ئامادەن، ئەگەر بمانەوێت سوود لە ئیمکانییەت و کەفائەتیان وەربگرین، بەڵام پێش هەموویان یەکێتی ڕیزەکانی خۆمان، مەسئولییەتی موشتەرەکمان، ژیانی موشتەرەکمان، ئەتوانێت ببێتە بناغەیەکی ئەساسی بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلومەرجە، من دوور دەبینم کە بە دوو ئیدارەو دوو جەیش و بەدوو نەفەسی جیاجیا بەشێوەیەکی باش سوود لەو فرسەتە مێژووییە وەربگرین، بۆیە من پێم وایە بڕیاری ١٤٤١ و جدییەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یەك دەنگی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هانمان دەدات و، پێمان نیشان دەدات کە کۆمەڵگای نێونەتەوەی ڕەنگە ئەگەر لەمە

زیاتر موتەحەمس نەبیت بە قەدەر ئێمە موتەحەمسە بۆ گۆڕانکاری لە عێراق و، لە هەموو گۆڕانکارییەکیش کورد بەشی چاکی خۆی دەبێت. خاڵی دووەم کە بەلامەوە گرینگە بابەتی سیاسی باس بکەین لەو باسە ئازادە هەڵبەتە ئێمە چەند جەبهەیەك لە دەوروبەرمان هەیە و، ئەوانە هەڵوێستیان لەسەر مەسەلەی کورد هەیە، جا وڵاتانی دەوروبەر بن یان هەندێك هێزی ناوەکی لەناو عێراق بەکار بێنن، ئێمە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین ئەو وڵاتانە هەڵوێستیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد یەکسەر بگۆڕێت، چونکە ئەوانەی دژایەتی ئەم گۆڕانکاریە لە عێرق دەکەن بەتەصەوری من دەتوانین لە چوار گروپ کۆیان بکەینەوە، گرۆپێکییان گروپی پارێزگارانە ئەصڵەن دژی هەموو گۆڕانکارییەکن هەتا ڕەنگە دژی گۆڕینی مۆبیل و تەخت و مێزەکانی ناو ژوورەکانی خۆشیان بن لەوە دەترسن کە خۆشیان بگۆڕێن، بڕوایان وایە هەر گۆڕانکارییەك ببێت خەتەر دەخاتە سەر بەرژەوەندی ئەوان، گروپی دووەم ئەو لایەنانەن کە هەموو گۆڕانکارییەکییان لە عێراق پێ خراپ دەبێت، پێیان باشە عێراق بەو شێوەی ئێستا نەزیفی سیاسی و عەسکەری و ئابووری بێت، بۆ ئەوەی ئەوان هەر کاتێك ویستیان بێنە ناوەوە کەس بەرگرییان نەکات، گروپی سێیەم ئەوانەن لە ئەصڵدا دژی کوردن مەترسییان لەوە دایە کە هەر گۆڕانکارییەك بێت ڕەنگە کورد دەسەڵاتێکی نیسبی لە پاشە ڕۆژدا لە عێراق بەدەست بێنێت، گروپی چوارەم بەرژەوەندییان هەیە دەترسن گۆڕانکارییەکان بەو ئاقارەدابچن کە دژی بەرژەوەندی ئەوانە، بۆیە ئێمە پێمان وایە نابێت بە هیچ یەکێك لەمانە نیگەران بین، زۆر تەبیعییە بەرنامە بەرنامەیەکی گەورەیە زۆر بەرژەوەندی تێدا کۆبوویتەوە، ململانێیەکە هەروا قوڵتر دەبێت، بابەتی لە شێوەی ئەم پرۆژەیە وەك بابەتی هەرەم وایە لە قاعیدەی هەرەمەکە ململانێیەکە فراوانە جێی دەبێتەوە، بەلام لە نووکی هەرەمەکە شەڕە شانێك دەست پێ دەکات کێ ئەوی تریان فڕێدەدات، کورد دەتوانێ لە چەقی ئەم گۆڕەپانە بێت، ئەگەر خۆی سەغڵەت نەکات و بەئەعەصابێکی سارد تەعامول لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوونی هەموو وڵاتانی دەوروبەر بکات، ئەمە یەك، دووەم هەوڵی ئەوەش بدات کە لە ناوەوە ئەو کەمایەتییە نەتەوایەتییانەی کە لەگەڵمان دەژین هیچ شەریحەیەك لە دەست نەدەین، کە لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر ئیستغلال بکرێن و ئیستفادەیان لێ بکرێت جا هەر کەسێکیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سەعدی، بەڕێز کاك شمایل ننۆ فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

قرار ١٤٤١ قرار هام، قرار محتواه واضح وصريح، كأمنية يتأمل من النظام أن يلتزم أو يمتثل إمتثال تام لبنود هذا القراروليتخلص العراق من هذه الأسلحة التي تحولت الى نكبة على الشعب العراقي وعلى العراق كوطن ويلتزم بكافة القرارات الأخرى ويجنبنا الكثير من المجاهيل في المستقبل المنظور وبضمن هذه القرارات ياليت لو كان الإلتزام بالقرار ٦٨٨، ولكن برأيي إن النظام رغم التمثيلية

الساذجة التي تجري حالياً من خلال ما يسمى (البرلمان)المجلس الوطني العراقي، فأن النظام سيلتزم ظاهرياً بهذا القرار بالأخير ولكن عملياً سيعمل على الألتفاف عليه، بالمحصلة النظام يحصد مازرعته يداه، فالنظام نفسه قد وقع على بياض في صفوان، والنظام نفسه قادة العراق إذ ما هو عليه الآن من خلال حروبه، هو الذي فقد المصداقية أمام المجتمع الدولي وهذا هو الداء الأكبر لإصرار المجتمع الدولي وخصوصاً نحن نعيش في هذه المرحلة التي دخل الإرهاب ومسألة محاربة الإرهاب أصبحت ركن أساسي من الأركان السياسية حالياً أو التوجهات السياسية في العالم، فهذا النظام فاقد لمصداقيته لأنه أستخدم هذه الأسلحة ضد شعبه ضد الأشقاء الكورد في حلبجة وفي الأهوار وكذلك إستخدمها ضد الجارة (إيران) في الحرب العراقية الإيرانية، فالإصرار الدولي له مبررات لأن هذا النظام فاقد لمصداقيته وهناك دلائل كثيرة على إنه لايزال يمتلك هذه الأسلحة وفاقد لمصداقيته لأنه هناك مخاطر في إمتلاك هذه الأسلحة لأنه من الممكن أن يستخدمها مرة اخرى لأنه قد أستخدمها في السابق، فالإصرار الدولي أنا برأيي له مبرراته وأعتقد إنه هذه المرة سيصعب على النظام الألتفاف على هذا القرار وسيؤدي الى زوال هذا النظام هذه المرة، وفي هذه المرحلة ما مطلوب من عندنا جميعاً حقيقةً وخصوصاً نحن مقبلون على مؤتمر بروكسل من المفرح أن الخطوة التي جرت في كوردستان بتقارب الحزبين وتصالح الحزبين خطوة مفرحة وأكيد لها نتائجها الإيجابية ونتأمل المزيد حقيقةً كما أشار الأخ سعدي من أجل تحقيق اكبر المكاسب. على صعيد آخر كهم اشوري من المفروض أنه من أقرب الناس يكونون لنا في هذا المؤتمر الأشقاء الكورد ونحن نكون الأقرب إليهم، أقولها وأحمل رسالتي الى هيئة رئاسة البرلمان كونها تمثل الحزبين الذين لهما الثقل الأكبر في التحضير لهذا المؤتمر من خلال مجموعة الأربعة لاحقاً المجموعة الستة أن يكونوا عون لنا مرة أخرى، في الساحة الأشورية هناك أحزاب ولكن أيضاً هناك حالات معروفة أنه الحركة الديمقراطية الأشورية بثقلها التأريخي النضالي وبثقلها السياسي والقانوني حالياً تمثل الثقل الأكبر في الساحة الأشورية، فنرى أن يترك هذا الأمر لنا أيضاً إختيار من يمثل الآشوريين الكلدان في هذا المؤتمر ونتمنى أن ينعكس الأسلوب الذي تم في البيت الكوردي مثلاً جرى تمثيل كافة الأحزاب من خلال الحزبين الديمقراطي والأتحاد الوطني ولكن حصص معروفة لايعقل أن تكون حصة الإتحاد الوطني كحصة الأخوة في كادحي كوردستان أو حصة الحزب الديمقراطي كالأخوة في الحزب الشيوعي الكوردستاني أو حزب آخر، فنفس الشيء نتأمل أن ينعكس علينا وهذه رسالة أوجهها بصفتي الرسمية في هذا البرلمان، نتمنى أن يؤخذ بنظر الأعتبار هذا موقعنا ومساهمتنا في الشرعية في الكوردستان، إحنا نمثل البيت الأشوري ليترك الأمر لنا ونحن سندعو كافة الأحزاب، الأحزاب لها وجود نتعامل معها ولكن موضوع حصص يجب أن يراعى واقعنا كما يراعى الواقع الكوردي وواقع التيارات الأخرى أيضاً، نتأمل أن تصل رسالتنا هذه الى قيادة الحزبين ومن خلالهم الى ممثلي الأخوة في لندن حالياً (اللجنة التحضيرية) لازال موضوع تمثيل الآشوري لم يحسم لحد الأن يعني ليترك الأمر لشعبنا ياأخوان، شعب أختار لايجوز أن يضع شعب أخر نفسه محل شعب أخر ليختار ممثلي ذاك الشعب، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك شمایل، بەڕێز کاك فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین صابر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باس لە بارودۆخی ئێستا وڵات چ کوردستان چ هەموو عێراق زۆر دەکێشێت، بێگومان هەندێکی باسکرا بەتایبەتی بەڕێز کاك سەعدی باسی بڕیاری ١٤٤١ کردەوە، ئێستا میللەتی کورد و گشت میللەتی عێراق لە پێش گۆڕانکاریدایە، ئەو گۆڕانکارییە بێگومان هەموو ناوچەکەش دەگرێتەوە، ئەم گۆڕانکارییە کەوا ساڵەهای ساڵە هەموو حزبەکان لە عێراقدا لە کوردستانیش هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگات، بریتییە لەوەی کەوا ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە نەمێنێت و، ئازادی ودیموکراتی لە عێراق بێتە دی، لە چوارچێوەی ئەوەشدا مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێت و کێشەی ئابووری و ئاشتی و ئاسوودەیی بۆ خەڵك بێتە دی. پاش گۆڕانکاری ئەوە بوو ئێمە گەیشتینە ئەوەی کە میللەتی کورد یان خەڵکی کوردستان بەدروستی داوای چارەسەرێك بکات کە لە دوڵەتێکی عێراقی فیدرالیدا ئەو مافە بێتە دی، واتە کیانی کورد لەسەر ئەساسی دیموکراتی بێت یان فیدرالی بێت واپێدەچێت ئاسان نییە ئەگەر ئێمەی کورد و، ئێمەی وەفدی کوردستان بەگشتی دەڵێم وەفدی کوردستان وەفدی کورد و وەفدی ئاشوری و وەفدی تورکمان و، هەموو خەڵکی کوردستان یەکنەبین لەم کۆنگرەیەدا، دیارە هێشتا ڕەنگە لەم کۆنگرەیەی ئایندە کە لە برۆکسل دەبەسترێت بیروڕای جەواشەو بیروڕای پێچەوانەش هەبێت دەربارەی فیدالیزم ئەمە یەکەم، دووەم دەربارەی گرینگترین مەسەلەی کورد دوای فیدرالیزم مەسەلەی جێگا تەعریب کراوەکانە، کە گرینگترین کێشەیە کە دێتە پێش، ڕەنگە دوای گۆڕانکاری عێراق بمێنێت و، مەسەلەیەکی هەرە گرینگە ئەگەر نەبێتە کێشەمەکێشمێك، بەڵام مەسەلەیەکی زۆر سادە نییە، تێگەیاندنی ئەو حزب و گروپانەی عێراق کەوا مەسەلەیەکی سادە نییە و، هەر لە ئێستاوەش دیارە پێش ئێستاش گفتوگۆی لەسەر کراوە، هێشتا دەربارەی هەڵوێستی دروستی حزبەکانی عێراق لە مەسەلەی تەعریب لە ناوچە تەعریب کراوەکان هەندێکی ڕوون نییە، بەڵکو هەندێکی بەشێوەیەك لە شێوەکان لایەنگری تەعریب ئەکەن، واتە مانەوەی ئەو واقعانە وەکو خۆی بەبێ گۆڕان، ئەمە داخوازیەکی زۆر دەخاتە پێشمان کە گەلی کوردستان بە چ روحییەتێکەوە بەرەو پیری ئەم مەسەلانەوە بچێت، بڕیاری ١٤٤١ کە ژمارەیەکە لە هەر لایەك بیخوێنییەوە هەر وەکو خۆی دەخوێندرێتەوە، بڕیارێکە لەلایەکەوە وەکو پێ دەچێت و، بەڕێز کاك سەعدی باش شی کردەوە هیچ بۆ ڕژێم ناهێڵێتەوە، لەلایەکی ترەوە مین کراوە، یەعنی ئێمە ئەم تێبنییەشمان هەبێت کە ڕەنگە ئەو بڕیارە نەگاتە ئەوەی کە ئێمە ئەمانەوێت، ڕەنگە ئیختلافاتی دەولی زۆر لەسەر هەبێت هەر چەندە بە ڕواڵەت هیچی نەهێشتۆتەوە، شەرعییەتی بۆ ڕژێم نەهێشتۆتەوە دروستە کەوا زۆر مەرجی داناوە، بەڵام مەسەلەی نێودەوڵەتی بەو سادەی یە نییە، ئیمە چاومان لەوە بێت گۆڕانکارییەکە ڕەنگە بە دوو شێوە بێت، هەردوو شێوەکەی وەکو میللەتی کورد ئامادەی بێت یان ئەوەی کە دەگوترێت ڕەنگە ئەگەر ڕژێمی عێراق سەرپێچی لەم بڕیارە بکات لە ئەنجامدا

لێدەدرێت، ئەمە ئەگەری فشارەکە یەکەم، ئەگەری دووەم، ئەگەر لە ژێر لەناو ڕژێما، داروخانێك هەبێت، هەرەس هێنانێك هەبێت، کە ئەوەش شتێکی ترە ڕەنگە هەمان ئەنجام بێت، بەڵام شێوەی دامەزراندنەوەی وەزعی عێراق ڕەنگە مەسارێکی تر وەربگرێت، من شەخصی خۆم ڕەنگە ئەوەی دووەم ئەگەری زیاتر بێت، لەبەر ئەوە شتی سەرەکی بۆ میللەتی کورد دەمێنێتە سەر عەرز، ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، یان ڕێگای پێکهاتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، واتە ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە عیراق و ئایندەدا، بەرنامەی ئێمە قبوڵ بکەن، ئەبێتە پەیمان نامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکی عێراق و کورد، کورد و عەرەب و خەڵکی تر و، یان وەزعێکی تر بێتە پێش کورد ڕۆڵێك ببینێت لەسەر واقع خۆی بسەپێنێت، من ئەوەی یەکەم هێشتا دوور دەبینم بە داخەوە، ئومێدەوارم لە برۆکسل وەفدی کوردی پێکەوە هەر هەموویان بەو بەرنامەی کە دەیبەن، بەو پرۆژانەی کە بردوویانە، بەو خاڵانەی کە باسییان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابت تۆزێك دەنگت بەرزکەیەوە؟ چونکە گوێیان لە دەنگت نییە.

**بەڕێز فلك الدین صابر کاکەیی:**

بەڵێ، ئێمە زۆر دڵ خۆش نەبین، مەبەستم زۆر بە ئومێد نەبین لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەین، مەبەستم نا ئومێد نەبین، بەڵام لە هەمان کاتدا سادە دڵ نەبین لەوەی کەوا ڕەنگە هەموو شتێك وەکو ئەمانەوێت قبوڵ دەکرێت، ئەوەی وەزعی عێراق پێویستی بەوەدیە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ تا ئێستا یەکەم جارە فرسەت هاتووە، ئەم دەوڵەتە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە، سەر لە نوێ تکویناتی قەومی و کۆمەڵایەتی وئاینی بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، ئەمە لە سەرێکا دەبێت ئەم ڕژێمە لە ناو خۆیدا بڕووخێت، ئەگەرێکی ئەوەی کەوا ئەگەر هاتوو عێراق بڕیارەکانی جێبەجێ نەکرد لێبدرێت و، ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لەگەڵ حزبەکانی ترا بتوانین هاوپەیمانییەك درووست بکەین، ئەو هاوپەیمانییە لە ئێستاوە دروستی بکەین، چونکە من پێم وایە نازانم برادەران گوێیان لێ نەبووبێت، مەسەلەی ناوچە تەعریب کراوەکان مەسەلەیەکی سادە نییە، مەسەلەکە زۆر بە سادەیی وەرناگیرێت، زۆر حزبیش هەیە جارێ هەر قبوڵیشی ناکەن و، یان قبوڵیشی کەن بە زارەکییە، هێشتا نەبۆتە بەشێك لە سیاسەتی ئەساسی ئەم حزبانەی تر، حزبەکانی عێراقی مەبەستم ئەوەیە، زۆری هەیە دان بەوەدا دەنێن، دەڵێن با هەر بمێنێت ئەوە، هەتا ئەوەش هەیە، ئەوەی لە پێش خەڵکی کوردستانە چ لەسەر عەرزە، چ حزبەکان کە دەچن بۆ برۆکسل، چ پاش ئەوە، شتی زۆر زۆر لە پێشە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێت وریا بین و، ئەوەشمان لە پێش چاو بێت ئەگەر هاتوو ئێمە خەڵکی عێراق خۆمان پێك نەیەین، ئیحتمالی چی تر هەیە، ئیحتمالی ئەوە هەیە ئەم ڕژێمە بەسەرمان بهێڵنەوە، ئیحتمالێکی تریش هەیە خەڵکی تر سیستەمێك دادەنێت بۆ عێراق، ئەو سیستەمە ئینگلیز دایدەنێت، ئەمریکا دایدەنێت، نەتەوە یەکگرتووەکان دایدەنێن،

لەوەدا دیسان ڕەنگە هەموو شتێك ئەوەی باسکرا، نەك تەنها کورد خەڵکی تریش هەموو شتێکی بەدەست ناکەوێت کە دەیەوێت بەڵکو زۆر شتیشی بەدڵ نابێت. ئەوەی ئێمە داخوازی دەکەین فیدرالییە، بەڕای منەوە سەرەڕای وەزعەکە زۆر ئاڵۆزە، زۆر پێچاوپێچە، سادەش نییە، بەڵام وەزعی نێودەوڵەتی وایە، ئەوە ڕەئی شەخصی خۆمە وەك ئەندام پەرلەمان، ئەسڵەن چارەسەری کیشەی کورد سەربەخۆییە بەڕاستی، یەعنی بیروڕای من ئەوەیە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێویستەو حەقەو شایستەیەتی، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین زۆر کەمە، زۆر بە شەرمەزارییەوە داوای دەکەین نازانم بۆچی، کورد زۆر بەشەرمەوە داوای شتی خۆی دەکات، بەترسەوە داوای ماڧی خۆی دەکات، لەکاتێك دا، میللەتێکە وەختی ئەوە هاتووە دەیان دەوڵەتی تر دابمەزرێت لە پێناویدا، من دەڵێم ئێمە لە کاتێکدا بۆ فیدرالی داوادەکەین ئەوە ئامانجێکە هەموومان ڕێککەوتووین لەسەری، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت خۆمان ئامادەبکەین بۆ هەر شتێك بێت، ئێمە ئەگەر دەرەجەی مافەکانمان زیاد نەکەین کەمەکە بەدەست ناهێنین، لەلایەکی ترەوە باری نێودەوڵەتی، باری هەرێمی، بەڵێ بەڕواڵەت زۆر سەختە، بەڵام گۆڕانکارییەکان کە دێنە پێش بەتایبەتی ئەگەر ئەو دوو حاڵەتە بوو، لێدانی عێراق یان هەرەس هێنان لە ناوەوە، من ئەوەی دووەم هەرەس هێنان لە ناوەوە نزیك دەبینم، لە ژێر فشار، لە ژێر پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتی و هەرێمی و هەتا عەرەبیش، هەتا عەرەبەکانیش لە عێراق داوا دەکەن ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، جێبەجێ ناکرێتن پێی، بەڵام ڕەنگە لە ناوەوە داچۆڕێت بەهەرەسێك دابروخێت، ئێمە لەم حاڵەتەدا میللەتی کورد خۆی ئامادە بکات بۆ وەزعێکی زۆر باشتر، بەلای منەوە ئەوەی بەدەستم بکەوێت ئەوەی لەم وەزعە بەدەستمان کەوێت، ئەبێت هەرچەندە سەختیشە با بەناوی فیدرالی بێت، لە واقع لە فیدرالی زیاتر بێت، ئەگەر لە سەربەخۆیی کەمێك کەمتر بێت، ڕەنگە کەمتر بێت، بەڵام دەبێت لە فیدرالی زیاتر بێت لە ڕاستیدا لە پراکتیزا (دیفاکتۆ) دەوڵەتی دیفاکتۆمان هەبێت با ناوی فیدرالی بێت، مانای ئێمە تا ئێستا کە باسی فیدرالیمان کردووە یەك شتمان باس نەکردووە، ئێمە دەبێت دەوڵەتی فیدرالیمان هەبێت، دەبێت یان بیکەینە دەوڵەتی فیدرالی کوردستان لەگەڵ عێراق، یان بیکەینە کۆماری کوردستان لەگەڵ عێراق ڕێککەوێت، ئێمە باسی ئەوەشمان نەکردووە، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئێمە زۆر بەترس و لەرزو بەوەوە باسی مەسەلەکەمان نەکرد کە پێویست ناکات، بەپێچەوانەوە پێویست دەکات زۆر بە دەنگی بڵند وبەرز بڵێین ئێمە ئەوەینە، بۆ ئەوەی خەڵك باشتر تێبگات لە ڕاستی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی، بەڕێز کاك شەوکەتی حاجی موشیر فەرموو.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لەسەر بارودۆخی ئێستا بەکراوەیی قسان بکەین، بەڕاستی سێ خاڵم هەیە، یەکەمیان مەسەلەی بڕیاری ١٤٤١، کە پێم وایە بە لێدانی یان لێنەدانی عێراق گۆڕانی سیاسی هەر دەبێت لە عێراق

بەپێی ئەو بڕیارە، لەو گۆڕانکارییە سیاسییە خەڵکی عێراق بە گشتی ئیستفادەی لێ دەکەن و، خەڵکی کوردی بەتایبەتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان پشتگیری رەسمی لە بڕیاری ١٤٤١ بە شێوەی بروسکەیەك بدات بە لایەنی پەیوەندیدار و، پشتیوانی لێ بکات. خاڵی دووەمم مەسەلەی کۆنگرەی موعارەزەی عێراقییە، یەکەم داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم بەڕێزانەی ڕوون کاتەوە، ئەوانەی بەشداری دەکەن لەم کۆنگرەیەی موعارەزەی عێراقیا، بەیانی دەستنیشانی ئایندەی دەسەلات، ئایندەی ژیانی میللەتی عێراق دەکەن، با ئێمە بزانین ئەوانە کێن جگە لە دوو حزبەکەی خۆمان، جگە لەوە ئەو خەڵکانە کێن بەشداری دەکەن لەم کۆنگرەیە، بڵێن ئێمە نوێنەری میللەتین خەڵك لێمان دەپرسن نازانین وەڵامی ئەمەیان بدەینەوە تاکو ئێستا، هەر شتێك بە ئیجتیهاد باس دەکرێت تا ئێستا ڕوون نییە، ڕوون بکرێتەوە بزانین ئەمانە کێن بۆ ئەوەی ئێمەش بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە، هەروەها لە کۆنگرەی موعارەزەی عێراقیا من پێشنییار دەکەم پەرلەمانی کوردستان مەقعەدی خۆی هەبێت، جگە لەو ئەندامانەی پەرلەمان بە لیستی حزبەکان دەڕۆن بۆ ئەوێ، حەقە پەرلەمانی کوردستانیش مەقعەدی خۆی هەبێت لەوێ، ئەوەش شێوە ئیعترافێکە بە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر لەو ئەندامانەش کە دەڕۆن بۆ ئەوێ هەر لەوانەش دابین بێت، بەڵام بەناوی مەقعەدی پەرلەمانی کوردستان بەشداری بکات، چونکە هیچ کاتێك لەو حزبانە کەمتر نین کە ئێستا خۆمان دەزانین قوەتییان چەندە یان ئەو کەسایەتییانە قوەتییان چەندە، بەشداری دەکەن لەناو کۆنگرەی موعارەزە. خاڵەکی ترم ئەوەیە بەڕاستی پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستای کوردستانەوەیە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، دوای ئاسەواری تاڵی شەڕی ناوخۆ، بۆ یەکەم جار کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتووە، ئەمە یەکەم جارە کە دانیشتنی کراوە بکرێت، تائێستا ئێمە خەریکی کۆمەڵێك کاری تر بووین کە زۆر پیرۆز بوو، بەڵام حەقە ئێستا لەم کۆبوونەوەیە بابەتێك هەیە باسی بکەین ئەویش مەسەلەی دابڕانی دوو ناوچەی هەرێمی کوردستانە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە دوای ئاسەواری شەڕی ناوخۆ ئەم دوو ناوچەی دابڕی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە خەڵکی ستەمدیدەو تێکۆشەری تیایە، دوو شوێنی قاعیدەی شۆڕش و کوردایەتی بوون، وەکو ناوچەکانی بناری قەندیل بەدەستی یەکەکەوە، ناوچەکانی هەورامان بەدەستی (ئەنصار ئیسلامەوە) کە خەڵکی ئەم ناوچەیە ئێستا دابڕاون لەهەموو ئازادیێك لە هەموو ئاوەدانییەك لە هەموو خزمەتگوزارییەك، بۆیە حەقە پەرلەمانی کوردستان لەم کۆبوونەوەیە بە سەراحەت ئیدانەی هەڵوێستی ئەم دوو تاخمە بکات بە رەسمی بە پەرلەمانێکی یەکگرتوویی و، داوای ئازادی ئەم ناوچانە بکات و، لێژنەش دروست بکات بۆ دیراسەت کردنی وەزعی ئەم دوو ناوچەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەڕێنەوە و بزانن کە پەرلەمانی کوردستان دیفاعییان لێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك شەوکەت حاجی موشیر، بەڕێز پرۆفیسۆر د.عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پرۆفیسۆر د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان زۆر شتیان گوت دیارە نابێت دووبارە بکرێتەوە، ئەوەی کەمن دەمەوێت لێی زیاد بکەم ئەوەیە کە سەیری تەلەفزیۆنەکانی جیهان دەکەین یان گوێ لە دەنگوباس دەگرین یان بلاّوکراوە ئینسات کراوەکان دەبینین، خەلّکێکی زۆر بەتایبەتی لە عێراقییەکان ئەوەی لێی دەزانێت و ئەوەی لێی نازانێت، ئەوەی جێگای هەیە لە میانی سیاسی ئەوەی جێی نییە، قسە دەکەن و نەخشە بۆ دوارۆژی عێراق ئەکێشن، یان پێشبینی دەکەن کە چۆن لە عێراق دەدرێت یان لێ نادرێت، لە ڕاستیدا ئەوەی دیار نەبێت تا ئێستا ئەو سیناریۆیەیە کە ئەمریکا چۆن لە عێراق دەدات، لێدانەکە بەوە دەچێت بۆتە شتێکی ئەکیدو یان بەدلّنیاییەوە شتێك دەبێت دەربارەی گۆڕینی ڕژێمی عێراق، بەلاّم چۆن بۆی دێن، لە عەرزەوە لە دەریاوە لە ئاسمانەوە لە ناوەوە شتیان هەیە ئەوە دیار نییە لەلای زۆر کەس و، باوەڕ ناکەم لای خۆشیان کەم کەس ئاگادار بێت، بەلاّم ئەوەی هەیە زۆر شوێن ترسی ئەوەی هەیە کەوا دوا چەپۆکی عێراقی بەرکەوێت، هەلّوێستەکانی کوێت و سعودیا وچەند شوێنێك لەوانە چییە؟ چونکە لەوانەی کە پشتی عێراق دەگرن گوایە نایانەوێت لە عێراق بدرێت، عەرەب هاوار دەکات نامانەوێت لێی بدرێت، ڕەنگە هەر سوریا لەوە تۆزێك ڕاستگۆ بێت، چونکە کۆمەلّێك شت هەیە بە ڕژێمی ئێستای عیراقی دەبەستێت و بەتایبەتی لە ڕووی قازانج کردنەوە، لەگەلّ ئەوەشا ئەوانە هەموو هاوار دەکەن نامانەوێت لە عێراق بدرێت، وادەزانم زۆریشیان پێخۆشە ئەم ڕژێمە بگۆڕێت لە هەموو دەرو دراوسێوە، بەلاّم هەریەکە ڕەنگە شتێکی بۆخۆی کردبێت، ئەوەی من لێرە دەیلێم کەئێمە لە کوردستان ئەلێرەوە ڕوودەکەمە حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی وپارتی کە ئەبێت ئێمەش شتێکمان بۆخۆ پاراستن هەبێت لەودوا چەپۆکەدا، ئەگەرئەو دوا چەپۆکە مەترسی بۆ کوردستان هەبێت، لەسەر زەویا شتێکی وانابینم کە ئەو جۆرە خۆپاراستنە بێت، ڕەنگە ئەو دەستەلاّتەمان نەبێت کە بەرامبەر کیمیایی بەوانە خۆمان بپارێزین ولەزۆر شوێن وەسائیلیان بەکاریان هێناوە دەبێتە هۆی بێ هۆشکردن، بەلاّم وائەزانم بیریك لەوە بکرێتەوە کەئێمەش بتوانین لەوەتەی دەستەلاّتمان هەیە خۆمان لەدوا چەپۆکی بپارێزین، ئەگەر دوا چەپۆکی هەبێت، هەر چەندە بەلای منەوە زۆر ترسنۆکترە کەبتۆانیت دوای چەپۆکیشی هەبێت، ئەو مەسەلەیە وابزانم لەلای حزبەکانەوە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بیرێکی لێ بکاتەوە بیباتە هەردوو بەڕێوەبەرەکە یان هەردوو حکومەتەکە کارێکی باشە، شتێکی تر ئەو قسەی برای بەڕێز کاك شەوکەتی حاجی مشیر کردی ئەم ویست بەدرێژی لەسەری بڕۆم، بەلاّم بەکورتی دەلّێم پەرلەمان بەتایبەتی دوای دانیشتنەوەی پەرلەمانی ئەم جارەی لە ١٠/٤/ ٢٠٠٢ دەنگێکی گەورەی نایەوە، سەیر ئەوەیە لە سالّی ١٩٩٢ ئەو دەنگە گەورییەی نەبووە کە گەلێك دەولّەتی گەورە پیرۆزبایی بۆ بنێرێت، کەسایەتی گەورە بێنە پەرلەمانەوە قسە بکەن، پەرلەمانەکە ڕاستە نوێنەری چوار حزبی کوردستانی تێدایە، بەلاّم هەموو حزبەکانی تریش پشتی کۆبوونەوەی پەرلەمانیان گرت، مانای وایە پەرلەمان تاقە دەزگایەکە کە هەموو حزبەکانی کوردستان بەگەورەو بچوکیانەوە پشتیان گرتبێت وبەنوێنەری کوردی بزانن و، لە دەرەوەش بەنوێنەری کورد بناسرێت و، ئەو

بڕیارەی ڕۆژی پێنج شەممە درا کە هەردوو ئیدارەی ئێمە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین، هەردوو ئیدارە زیاد لەو چوار حزبە ڕەنگە لە زۆر حزبی تر لە حکومەتەکانە لە وەزارەتەکانی هەولێرو سولێمانی هەن، کەواتە دەزگایەکی گەورەیە کە دانی پێ نراوە لە جیهان و لە ناوەوە، کە حەقی قسەکردنی هەیە بەناوی کوردەوە، لەبەر ئەوە زیاد لە نوێنەری حزبەکان بەو دوو پرۆژەییەی کە لێرە دەنگی لەسەردرا لەلایەن نوێنەرانی پەرلەمان، ئەگەر یەك بێ دووان بێت چەند کەسێك بێت، لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن هەبن و دەنگی کورد بەرز بکەنەوە، بەڵکو وابکەن کە پشتی هەردوو پرۆژەکەش بگیرێت لەو کۆنگرەیە، کۆنگرەکە تا ئێستا بەتەواوی دیار نییە کێیە و چۆنە، بەڵام نوێنەری زۆربەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تێدایە، ئەوانەی کە دەنگیان هەیە لە ناو عێراق دەتوانن قسە بکەن و دەستییان هەبێت لە گۆڕین، بەو جۆرە هیوام وایە پەرلەمان جێی خۆی لەوە هەبێت، ئەوەش ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، سۆپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی رسول، هەر تێبینییەکی زۆر کورت، لە حەقیقەتدا ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەربارەی پرۆژەی دەستوری هەرێم و عێراقی فیدرالی مولزەمە بۆ هەموو حزبە کوردستانییەکان، هەموو حزبە کوردستانییەکانیش لەم کۆنگرەیەدا ئامادە دەبن، مانای واجبیانە کە تەمسیلی ڕەئی پەرلەمان بکەن لەم بارەیەوە، ئەو شتەی کە پەیوەندی بە فیدرالییەوە هەیە، بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا بانگ کراوە هەر ئەحزاب بانگ کراوە، حکومەت بانگ نەکراوە، پەرلەمانیش بانگ نەکراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە حزبەکان تەمسیلی پەرلەمان ناکەن، حزبەکان کە دیفاعییان لە ڕەئی پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمان کرد، مانای هەمان شت دەگرێتەوە عەمەلییەن، فەرموو کاك د.کەمال.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان شتێکی زۆر باشە ئەگەر بێتو ئەم پرۆژانە لەلایەن کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە قبوڵ بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ئێستا زۆرتر مەوزوعی باسە، ئەوان لەسەر مەبدەئی فیدرالییەکە موافق بن، ئەگینا من لەم باوەڕە دانیم لە کۆنگرەیەکی موعارەزەی وادا لەم چەند ڕۆژەی کە دایان ناوە، لەسەر پرۆژەکە موافقە بکەن بەم شێوەیەی کەوا نوسراوە، یاخود باسی لێ بکرێت لەو کۆنگرەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئێمە با تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین لەم کۆنگرەیە ئەگەر بەسترا، تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین کەوا کۆنگرە مەبدەئی فیدرالییە بۆ عێراق بسەلمێنێت، چونکە تا ئێستا بەشی زۆریان ئەم مەبدەئەیان قەبووڵ نەکردووە، سەرباقی ئەوە خەبات بکەین لە پێناوی ئەوەی قبوڵی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.کەمال فوئاد، لەڕاستیدا مەسەلەیەك زۆر گرینگە لەم مەوزوعە، مەسەلە ئەوەیە لەم کۆنگرەیەدا ئیقراری فیدرالییەت بکرێت، مانای بەیانی هەر شتێك هاتە

پێشەوە لە عێراقی سبەینێ بۆ ئەوە بەجێ نەهێڵدرێت، پەرلەمانێك هەڵبژێردرێت پەرلەمانەکە بڕیار بدات، یان ئیستفتائێك بکرێت ئیستفتائەکە بیکات، بەڵکو لە پێشا دەبێت ئیقرارەکە بکرێت، شێوەی عێراقی داهاتوو شێوەیەکی فیدرالییە، سیستەمێکی فیدرالییە، ئەو سیستەمە فیدرالییە نزیکە لەوەی کە ئێمە لێرە بڕیارمان لەسەر داوە، ئەوە گرینگە، ئەگینا بەهەر شێوەیەکی تر بێت خەلەل دەکەوێتە مەوزوعەکەوە، بێگومان هیوادارین بەر چاوی حزبە کوردستانییەکان ڕوون بێت، سوپاس بۆ خوا ڕوونیشە لەم بارەیەوە، بەڕێز مامۆستا مەلا محمدامین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز، بێگومان هەموو بڕیارەکان کە دەرچوون لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە دوای ساڵی ١٩٩١ لە صالح و خواستی میللەتی کوردە و فازانجی میللەتەکەمانە، خوا وای کردووە کات و ساتێك هاتۆتە پێشەوە کە بەرژەوەندی گەورەترین دەوڵەتی وەکو ئەمریکا لەگەڵ میللەتی ئێمە بێت خەریکە یەك دەگرێتەوە، من پێم وایە بەپێی تاریخی ئەوەی کە هەڵەمان کردووە هەندێك جار، هەلەکانمان خراپ قۆستۆتەوە یان وەکو خۆی نەمانقۆستۆتەوە، ئێستا خەڵکانێك دەیەوێت هەر جارەی لە ژێر ناونیشانی شتێکا ئەم هەلە گەورانەمان لەکیس بەرێ، بۆیە من پێم وایە گەورەترین هەنگاوی ئێمەی پەرلەمانتاران و ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەمان و هەموو حزبەکان ئەوەیە کە ئەم هەلە گەورەیەی ڕەخساوە بۆ میللەتەکەمان بیقۆزینەوە و، نەهێڵین لە دەستمان بچێت، بەنیسبەت لێدانی عێراقەوە من پێم وایە عێراق بیەوێت و نەیەوێت، بڕیارەکان جێبەجێ بکات و نەکات لێدانەکەی بەر دەکەوێت، چونکە ڕژێمێکی دیکتاتۆرییە و، بەعەمەلی چەکی کیمیایی بەکار هێناوە لەدژی میللەتەکەی خۆی، خەڵك پاسەوانی گەلی خۆی دەکات، ئەو شەعبەکەی خۆی کیمیاباران کردووە لەباتی ئەوەی پاسەوانی بکات و، ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفال و بێسەرو شوێن کردووە، مومکین نییە لە دونیایەکدا کە ئێستا لە خیلالی عەولەمەوە وای لێهاتووە وەکو دێیەکی بچوك وایە، ئەم هەموو تاوانە هی ڕژێمی عێراقییە هەروا بڕوات و ئیدانە نەکرێت و، مەحکەمە نەکرێت، یان ئەم ڕژێمە بگۆڕێت بە ڕژێمێکی دیموکراسی، چونکە چارەسەری ئەم میللەتانەی عێراق ئەم شەعبانەی عێراق هەر دیموکراسییە. بەنیسبەت مەترسی دەوروبەری هەرێمەوە، برایانی بەڕێز دیارە مەسەلەکە زۆر چارەنووس سازە حەقە هەموو قسەیەکی خۆی، قسەی حەقی خۆی لێ بکەین، من پێم وایە ئەگەر بۆیان بکرایە لە ساڵی ١٩٩١ نەیان دەهێشت ئەزموونی کورد یەك هەنگاو بنێت، نە هەڵبژاردن بکەین، نە پەرلەمان دروست بکەین و، نە حکومەتی خۆمان ڕابگەیەنین، ئێستا دونیا گۆڕاوە، دونیایەك ئێمە ڕۆژێکمان دیت کە کاتی دوو بلۆکییەکە بوو، ڕۆژێکمان بینی لەژێر ناوی (السيادة الوطنية وعدم التدخل في الشؤون الداخلية) ئێمە کیمیاباران کراین، بەڵام کە لە وەزیری دیفاعی ڕژێمی عێراقییان پرسی ئایا ڕاستە ئێوە چەکی کیمیایتان بەرامبەر بە میللەتی خۆتان بەکار هێناوە یان نا؟ گوتی ڕاستە، بەڵام ئەوە شمولی ئێمە ناکات (إستعمال الأسلحة الكيمياوية) زۆربەی عیباراتەکانم لە بیرە (الأسلحة

الكيمياوية لايشمل إستعمالها ضد أبناء أي شعب أو مواطنين وإنما يشمل إستعمالها ضد الدول المتحاربة) ئەوە تەسریحی وەزیری بەرگری عێراق بوو، بەڵام ئێستا دەبینی ئەو زەمانە نەماوە نە(عدم تدخل في الشؤون الداخلية)ە و، نە سیادە، سیادە بۆ شەعب دەگەڕێتەوە (الحمدلله) خەریکە دەگەڕێتەوە نەك بۆ دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان، بەو واتایەش ئەو مەترسییە گەورانەش نەماوە، کە ئێمە مەترسی ئەوەمان هەبێت لە دنیایێکی وەکو ئەمڕۆدا کە یەك تەقە لێرە بکرێت بەیانی لە هەموو دونیا دەنگ دەداتەوە، ئێمە بێن داگیرمان بکەن و ئەزموونەکەمان لێ تێك بدەن و، ئەو کەسەی کە دەیەوێت لە خلالی ئەم دەسەڵاتەی کە هەیەتی ئەم ڕژێمە بگۆڕێت، توانای ئەوەشی هەیە خەڵکەکان لە شوێنی خۆیاندا بوەستێنێ و، دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیش بەڕاستی من کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ برادەران بە نموونە دەهێنمەوە، من بۆ خۆم لەگەڵ وەفدی برایانی پارتی پێکەوە، هەندێکییان ئەگەر لێرە بن، پێم وانییە لێرە بن کاك فایەق و کاك خورشید شێرە لەوێ بوون، پێکەوە دانیشتین لە گۆڕەکانی شێخەکانی ڕێگای نەقشبەندی کە ئەنصاری بەناو ئیسلام دەریان هێنا بوون، ئێمە گلەیمان لێ کردن بۆچی تەداخول ناکەن، گوتییان برایانی بەڕێز ئێمە لەبەر ئەوەی وڵات وڵاتی خۆتانە، ئێوە سیادەتان هەیە لەسەر زەوی خۆتان و، ئیشەکان خۆتان دەیکەن ئێمە نامانەوێت دەست بخەینە کارەکانتان، دەنا ئێمە دەتوانین بەڕۆژێك ئەوانە نەجات بدەین و نەیان هێڵین، مانای خەڵکەکەش سوپاس بۆ خوا ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکەمان دەگرێت، ئەوان لەکاتێکدا بوەستن تاوانێکی وا دەست ناخەنە ناوخۆوە، ئێستا بۆ چارەنووسی میللەتی کورد، میللەتێك کە چارەنووسی بە دەستی خۆی هەڵبژاردووە، چۆن دەست دەخەنە ناو ئیش وکارمانەوە یان پێیان ناخۆشە، من پێم وایە دونیاکە گۆڕاوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئیمە چۆن فرسەتەکان بەکار دەهێنین، مامۆستا پیرەمێرد ڕەحمەتی خوای لێ بێت، فەرموودەیەکی زۆر گەورەی هەیە، دەفەرمووێت (ئەگەر نەزانیت شوێن پێت لە کوێیە وەختێك ئەزانی سەر لە جێی پێیە) مانای بەڕاستی ئەگەر هەنگاوەکان وەکو خۆی نەبێت، هەلەکان وەکو خۆی نەقۆزینەوە، وەکو برادەران زۆریان باسیان کرد ناویان ناهێنم، ئەگەرەکان چۆن بقۆزینەوە، ئەوا عێراق حەتمییەو لامەحاڵە پەنابەخوا هەر دەگۆڕێت و، دیارە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان نامانەوێت یەك قەترە خوێنی هاووڵاتییەکی عێراقی بڕژێندرێت، بەڵام ناشمانەوێ بەناوی ئەوەی کە داکۆکی لە گەلی عێراقی دەکرێت، گەلی عێراق نایەوێ دیکتاتۆرێك تا ڕۆژی قیامەت بەسەر میللەتەکەمان بمێنێت ئەم نیزامە دیکتاتۆرییە، دەمانەوێت بگۆڕێت بە نیزامێکی تر، نیزامێك کە خەڵك ئازاد بێت، بتوانێ مافەکانی خۆی وەربگرێت، بتوانێ قسەی تیا بکات، بۆیە بەڕاستی هەلەکان پێویستە ئێمە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و، ئەگەرەکان هەموو حسابیان بۆ بکەین و، ئەو کاتەی کە ڕژێمی عێراقی دەگۆڕێت ئێمە لەکوێین و، ئەو کاتەی کە دەست دەخرێتە ناو ئیشەکانمان ئێمە لە کوێین، چی دەکەین و، باشتر بیری لێ بکەینەوە و، برا سیاسییەکانمان زیاتر بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە بۆ ئەگەرەکان شتی پێویست و، پێم وایە کۆبوونەوەکە لەوە زیاتر هەڵناگرێت کە ئینسان سەریح تر بێت تیایدا، شتی پێویستی بۆ ئامادە بکرێت و، ئەم هەلە جارێکی تر لە دەست میللەتی کورد دەرنەکەین لە دەرەوە بەناوی هیچ شتێکەوە، نە بەناوی وەتەنییەت، نە بەناوی ئیسلام، نە بەناوی ئەوەی کافر بێتە وڵاتەکەمان، بەناوی ئەو شتانە

نەخەڵەتێین و، هەوڵ بدەین ئەم هەلانە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی بە مافی خۆمان بەتەواوی شاد بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا محمدامین، لە ڕاستیدا تەعبیرێك هەیە، تەعبیرێکی دروستە دەڵێت: مانەوەی سەری ڕژێم پاش ئەو هەموو کارەسات و بەزم و ڕەزمەی بەسەر عێراقدا هاتووە، کەئەنەهو شەڕی جیهانی دووەم تەواو ببێت و هیتلەر هێشتا حوکمی ئەڵمانیا بکات، ئەوها موقارەنە کراوە، بەڕێز کاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشکەری لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم کە ئەم ماوەیەی دا بە ئێمە کە ئەم بۆچوونانەی خۆمان بە ئازادانە دەربڕین دەربارەی تاودانێکی کە گرێدراوە بە ڕۆژانەی ئێمە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. وەکو دیارە برادەرانیش تەئکیدیان کرد، ڕۆژنامەو هەواڵەکان و دەنگوباسی جیهانێ هەمووی دبێژن گۆڕینی عێراق یان دەڤەرێکی برەنگێکی گشتی موئەکەدەو موحەتەمە، ئەم گۆڕینە هەرچەندە سیناریۆی ئەکید نینە بۆ ئێمە چۆنە، بەڵام گۆڕینی موئەکەدە، بریاری ١٤٤١ لەوانەیە وەکو کۆفی عەنان گوتی: تۆزێك شەڕ یان لێدان تاخیر بکات یان شەڕی تاخیر کرد، بەڵام مانای ئەوە نییە لێدان نەمایە، وەکو ڕێژەکی مەزن یا گۆڕینێ، ئالیەتی گۆڕینێ لێدان دەبێت، گۆڕین لە عێراق بێتە کرنێ وەکو دیارە گرینگی و کاریگەریێ وی بۆ ئێمە وەکو گەلی کورد، تەبعەن کاریگەری بریاری ١٩٩١ ی بۆ ئێمە پەریدا بوونە پشتی سەرهەڵدانی پیرۆز، ڤی گۆڕینێ پێویستە لەسەر هەموو میللەتی کورد وەکو سەرکردایەتی سیاسی، پارتی سیاسی، پەرلەمان و حکومەت هەمووی پێکەوە بەرهەم بکەین قازانجیش دەکەین لە کاردانەوەکان، مەسیری هەموومان بەم گۆڕانە گرێ دراوە و، بریاری ١٤٤١ کە بەگشتی دەنگ دەرچوو، ئیسپاتی کرد کە هەموو جیهان حوکمی دەدات لەسەر هەندێ، سیستەم و یەکلایەن لەسەر شانۆ نەمێنێت، ئەمەش خێری میللەتی هەژارو بندەست و لاوازە، کە گەلی ئێمە تێچووە گەلی کوردە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. برادەران زۆر پێشنیار و زۆر قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کرد، فعلەن هەر چەندە قسەی لەسەر بکرێت کەمە، بابەتێکی هەند گەرمە کۆتایی نایەت، من پێشنیارێکم هەیە کە دەنگوباس هەیە لەوانەیە دادگایەك چێکەن بۆ دادگاکردنی تاوانی شەڕی سەرکردەی ڕژێمی مەرکەزی. گومانی تێدا نینە کە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە بە ئاگری ئەم ڕژێمە هاتۆتە سوتان، ئەز پێشنیار دەکەم هەموو پێکەوە هەوڵ بدەین دۆکیومێنت(فایل) و، هاریکاری بکەین ئەگەر هاتوو دادگایەکی بۆ هاتە کرن، هاتە دامەزراندن، وان دۆکیومێنتا پێشکەش بکەین، فعلەن ئەو حەقی هەژار و داماوانی بە ئاگری خۆی سوتاندووە، هەزاران بێ سەروشوێنن حەقی وانیش بێتە ستاندنێ، وەکو د.برنارد کۆشنەر لەم هۆڵە پیرۆزە گوتی، ئەز دلگەشم بە پاشە ڕۆژی میللەتی کورد، فعلەن ئەمرۆکە ئاماژە زۆرن کە گەلی کورد وەکو گەلێکی هەژار چەند ساڵە لە ژێر ستەم و ناخۆشی دایە، پاشە ڕۆژیکی گەشی لە پێشە، پاشە ڕۆژی ئێمە

هەموو گرێدراوە بە بەرهەڤیامە  هەمیاڤا، ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد، شوکر بۆ خوا هەنگاوی مەزن دێتە هاویشتن، چاوەڕێی هەنگاوی پترین، کو ئەو ڕێکخستنە هەمووی، ئەو یەکرێزییە هەمووی ببێتە فاکتەرێکی گرینگ، پاڵدانێکی مەزن، کو کورد بێن ماڤ خۆیان جێگیر بکەن و ئیدی ئەو کارەساتە تراجیدییە بەسەر وڵاتی ئێمە هاتووە بێتە ڤاچاغ کردن و وڵاتی ئێمە ببێتە خاوەندی سامان وبڕیاری خۆی، سەرکەوتوو بن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.رزگار، بەڕێز کاك فاضل رؤوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرینەی قسەکانی من کران لە لایەن بەڕێزانەوە، بەڵام من بیرخستنەوەیەکم هەیە، لە کۆتایی مانگی هەشت دابوو، کە چەند دانیشتنێك کرا لەم هۆڵە پیرۆزەدا لەسەر ئەم وەزعانەو لەسەر ئەگەری لێدانی عێراق، چەند لێژنەیەکیش دروستکرا و، ڕاپۆرتی تیروتەسەل نووسرا لەم بارەیەوە و، خۆشمان ئامادەکرد بۆ ئەم ئەگەرانە، بەڵام ئێستا داوامە کە بەگەڕانەوە و هاتنەوەی هەموو ئەندامانی بەڕێز بۆ پەرلەمان بتوانین زیاتر ئەم باسانە باس بکەین و دانیشتنیان لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی کە هەموو دەمێ لە ئامادە باشی دابین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە دێتە سەر عێراق و بەتایبەتی کوردستان، جا ئەوە داوای ئێمەیە بۆ بەڕیزتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فاضل رؤوف، تێبینییەکی بچوك، ئێمە ناڵێین گەڕانەوەی ئەندامان بۆ پەرلەمان، ئێمە دەڵێین کۆبوونەوەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، هیوادارم موراعاتی ئەوە بکرێت، بەڕێز کاك حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەڕێزان زۆریان بە دوورو درێژی باسیان لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش و ئەو ئەگەرانەی کەوا پاش ئەوە دێتە ئاراوە کرد، بەڵام من دەمەوێت شتێك بڵێم کە بەڕاستی پێویستە ئێمە لە کاتی لێدانی عێراق وەکو کورد، بڵێین و نەڵێین ئاژاوە و شتێك دروست دەبێت، مانای شپرزەییەك لە کوردستان لە ڕووی ئابووری، لە ڕووی سەربازی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، کە پێویستە ئێمە وەکو کورد هەر لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بارە ئاڵۆزەی کە دێتە کایەوە، من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان لێژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو بارودۆخەی کە دێتە ئاراوە پێك بێنێ هەتا جێگای خۆی دەگرێت و، هەتا دەسەڵات شوێنی خۆی دەگرێت لە عێراق ئەو لێژنە باڵایە لە کوردستان و

لەو شوێنانەی تر کە پێویست دەکات کورد هەنگاوی بۆ بنێت ئیش و کارەکانی بەڕێت بەڕێوە. دووەم خاڵمان دەربارەی مەسەلەی کۆنگرەی موعارەزەیە، بەڕاستی زۆر باسکرا لەسەر وەزعی موعارەزەو فیدرالی کورد، من پێم وایە چەند جارێك موعارەزەی عێراقی دانیان بە فیدرالییەتی گەلی کورد ناوە، بەڵام ئەم کۆنگرەیە تارادەیەك ئێمە ئەوندە ئاگادار نین کە ئەوانەی کە بەشداری دەکەن کێن و، حەق وایە نوێنەرانی گەلی کورد ڕێگە نەدەن بەو کەسانەی کە هەمیشە دژایەتی گەلی کوردییان کردووە و، ئێستاش لەم کۆنگرەیە بێن ڕایەکی خراپیان بەرامبەر بە گەلی ئێمە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك حەمە عەلی تۆفیق، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بارودۆخی ئێستا دوو بۆ چوون هەیە، یەکێکیان هەندێ موتابیعی ئەحداس تەخمین دەکەن کە شەبەحی شەڕ لە عێراق دوورکەوت و، بە تەسەوراتیان زستانێ عێراق ئەوەندە گەرم نابێت، وەکو تەوەقوع دەکرا، هەرچەندە من لەگەڵ ئەم ڕەئیە نیم، بەڵام دوو حجەتی بە قووەتیان هەیە، یەکەمیان بڕیاری(١٤٤١)ە هی ئەنجومەنا تەناهیا نێو دەوڵەتی ئەوەی تایبەت بەگەڕاندنا لێگەرانی چەکێ کۆ کوژ، کە ئەم بڕیارە تەفویزی ئەمەریکای نەکردیە بۆ بەکار هێنانی هەر وەسیلەیەك ئەگەر هاتوو عێراق پشتگیری لە بڕیارەکە نەکات، حوجەتی دووەمیان گۆڕینەوەی میزاجی ڕەئی گشتی غەربی کە بە دەرێژیتا بەرژەوەندی نیزامی عێراق، ئەوەی بەشیری کات شەڕدەکاتن و، ئیعتیماد دەکاتە سەر تەفینەوەی موفاجەئات و تەوزیفی ئەو موفاجەئاتانە لە بەرژەوندی خۆی، بەڵام ڕەئی تر هەیە کە دەڵێت جەنگ دژی عێراق بۆ ماوەیەك تەئجیل بوویە، بەڵام شەڕەکە هەر دەبێت و ئیعتیمادیان لەسەر ئەم خاڵانە کردووە، یەکەمیان دوای دەرچوونی بڕیاری (١٤٤١)، تەسریحاتی موسئولینی ئەمریکی(چ دۆست بن حەمائیم یان چ هەواکس بن سقور) هەمووی دەرژێتە ناو ئەوەی کە زەربە لە عێراق دەدرێتن، بەڕێز کۆڵن پاول دەڵێت ئەگەر هاتوو عێراق بڕیاری (١٤٤١)ی تەنفیز کرد، قەزییەی ماڧ مرۆڤ و قەزییەی تیرۆر دەمێنێت، لە چاو پێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ بەڕێز رامسفیلد لێیان پرسی ئەگەر هاتو عێراق تەنفیزی ئەم بڕیارە هەمووی کرد ئێوە چی دەکەن، وەڵامەکەی ئەوە بوو چۆن پێم دەڵێی ئەم کەسە دەتوانی خۆی لەسەر مانگ فڕێ بداتن، ئەوا عێراق تەنفیزی ئەم بڕیارە دەکات، خاڵا دووەمیان حجەتا ئەوی بێژیتن دژی عێراق دێ شەڕ دێتە کرن، ئەنجامێ هەڵبژاردنا ئەمریکینە تەئسیرەکا ئیجابیا گەورە خستە سەر قەراراتا سیاسی خارجی سەرۆکی ئەمریکی، چونکە لەمەولا زۆر بە ئیهتیمامێکی وا تەماشای تەحەفوزاتی ئەندامانی دائیمی مەجلیسی ئەمن ئەوانەی تایبەتن بە حەملەی دژی عێراق ناکات، مادام تەفویز لە کۆنگرێس و، زەمانی زۆربەی مجلیسی شیوخی وەرگرت، حوجەتی سێیەم ئەنجامدانی هەدەفی رووخاندنی نیزامی عێراق بوویتە

موحەقەق بۆ مسداقیەتی ئیدارەی ئەمریکی رەنگە تەهدید لە هەیبەتی ئەمەریکا دوەلیەن بکات ئەگەر هاتو ئەم هەدەفە ئەنجام نەدرا، بەڕێزان لە هەردوو حاڵەت ئێمە وەك میللەتی کورد واسقین لەسەر کەفتنی نیهائی بۆ کێشەی رەوای خەڵکی کوردستانە، ئەم کێشەیە کە لە ئیمبار بووی غوبنی مێژووی دەرچوو بەرەو فەزائەکی کراوە هیچ هێزێك نییە کە بتوانی بگەڕێنیتەوە دواوە، ئەوەی زەروورییە بۆ میللەتی کورد کە ئەم ئاشتییە بپارێزیت، چونکە ئاشتی داخوازێ میللەتی مە هەموی هەیە، ئاشتیەکی ئەکید و مەزمونمان دەوێت، ئاشتی ئێستا بۆ ئێمە هەدەفێکی ئەساسیە، هەموو تەفاسیلی تر لەسەر ئەم ئاشتییە دێنە ئاڤەدان کرن، تەمەنای سەرکەوفتنێ بۆ وەفدی کوردی بۆ کۆنگرەیی برۆکسیل دەکەم، موتەئەکیدین کە بەیەك خیتابی سیاسی حازر دەبن لە برۆکسێل، بەلاّم هیڤیدارم کە بەیەك خیتاب کورد لەگەڵ دوەلی دراوسێ تەعامول بکەن بە یەك خیتابی سیاسی، چونکە تا ئێستا وابزانم هەندێك کەم و کورتی لە خیتابێ دا هەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك ابراهیم سەعید، هیچ بەڕێزێکی تر موداخەلەی هەیە یان تێبینی هەیە؟ دیارە نییە لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، بۆ دانیشتی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)**

**سێ شەممە رێکەوتی٧/١٢/٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١٢/٧

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١٢/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەرێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەرێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٨)ی خولی گواستنەوەی، سالی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٧\١٢\٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- پەیڤێکی بەخێرهێنانی شاندی میوان لە لایەن بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە کە ئەم بەرێزانەن:

أ- سیناتۆر بایدامان- سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا.

ب- سیناتۆر هیگل- ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا، و ئەندامە یاوەرەکانی دیکەی شاندەکە.

٢- پەیڤی هەردوو میوانی بەرێزی ئەنجومەن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەرێزان پێشەکی گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە، هیوادارم هەموو رۆژێکتان جەژن بێت و، هەموو جەژنێکتانیش بە خۆشی و ساغی و سەلامەتی بەرنەسەر. بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پەیڤێکی بەخێرهێنانی شاندی میوانە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە، هەروەها میوانە بەرێزەکان وتاری تایبەتیان ئاراستەی ئێوەی بەرێز بکەن. بەرێزان پێشەکی رێگام پێبدەن بەناوی ئێوەوە و بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە، بەخێرهاتنێکی گەرم ئاراستەی بەرێزان (سیناتۆر جۆزێف ئار بایدن و سیناتۆر چەك هێگل) بکەم، بەراستی جێگای رێزو تەقدیرێکی زۆرە کە ئەو رێگا دوورەیان گرتۆتە بەر، بەماندوو بوونێکی زۆر لەم زروفە ناسکە هاتۆنەتە وڵاتەکەی ئێمە، بۆ ئەوەی چاویان لە وەزع و

بارودۆخی کوردستانی عێراق بێت و، لەگەڵ ئێوەی بەڕێز کۆببنەوە، بەڕێزان سیناتۆر بایدن و سیناتۆر هێگل، لە ڕاستیدا لەم هۆڵەدا لە ١٩٩٢/١٠/٤ ، ئەندامانی هەڵبژێراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان، بەگشتی دەنگ بڕیاری فدرالیەتیان لەم هۆڵە پیرۆزە دا، ئەو بڕیارەی کە بوو بە ئامانج و هەدەفی هەموو پارتە کوردستانییەکان و گەلی کوردستان بە تێکرایی، هەروەها هەر لەم هۆڵە پیرۆزەدا پاش (١٠) ساڵ لە ١٠/٤ دا ڕێککەوتننامەی واشنتۆن بڕیاری لەسەر دراو تەصدیق کرا، هەروەها ئەوە نیشاندرا کە گەلی کوردستان و، پارتەکانی کوردستان پابەندی ئەو ڕاو بۆچوونەی دە ساڵ لەمەوبەرن، وەکو بەڕێزتان دەبینن گەلی کوردستان ڕێکە و سوورە و ئامانجیشی یەکە، پێکەوە ئیش دەکات بە هەموو حزبەکانییەوە چ گەورە چ بچووك بۆ هێنانە دی فیدرالییەت و دیموکراتییەت بۆ عێراق بە گشتی، گەلی کوردستان تافیکردنەوەیەکی دوورو درێژ و مێژوویەکی زەحمەتی هەیە، لە هەمان کاتیشا گەلی کوردستان خەتەر دروست ناکات بۆ دراوسێکانی و، گەلی کوردستان لەناو یەکیشا ڕێکە بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی، هەروەها تەجروبەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوومان ئیسپاتی ئەوەی کردووە کە دەتوانین ئیدارەی خۆمان بکەین و، ئەتوانین پێکەوە ئیش بکەین و، ئەتوانین دەورێکمان هەبێت بۆ پێشخستنی پرۆسەسی دیموکراسییەت چ بۆ وڵاتەکەمان چ بۆ ناوچەکە بەگشتی، بۆیە هیواداریشین لە هەمان کاتدا ئێوەی بەڕێز پشتیوان و پشتگیرمان بن لە هێنانە دی ئەم ئامانجانە، گەلی کوردستان شەڕ خواز نییە و حەزی لەشەڕ نییە، گەلی کوردستان بە درێژایی مێژووی لە دیفاعدا بووە و، ئێستاش گەلی کوردستان بە هەموو هێزەکانییەوە لە دیفاع دایە و، تەنها مەبەستمان پاراستنی ئەمن و ئاسایشە و ئەم دەستکەوتانەیە کە گەلەکەمان بەدی هێناوە، بەڵام وەکو خۆتان دەزانن بە زۆرفێکی زۆر حەساس تێدەپەڕین و، چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورە دەکرێت لە ناوچەکەدا، کە لەوانەیە مەترسی بێنێتە پێشەوە بەرامبەر بە گەلەکەمان، لەکاتی دروست بوون و یان هاتنەکایەی وەزعێکی ئەوهادا، لە ڕاستیدا پێویستمان بە پشتگیری و هاوکاری هەموو ئینسانێکی مرۆڤ دۆست هەیە و هی ئێوە بە تایبەتی، بەڕێزان ئەم دەرفەتەش بە هەل دەزانم کە لێرەدا جارێکی تر سوپاسم ئاراستەی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانە بکەم کە هاندەربوون و پشتگیرییان کردین بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و، بەتایبەتی بۆ سەرکەوتنی دانیشتنی تێکرای ئەندامانی پەرلەمان لە ٢٠٠٢/١٠/٤ دا، سوپاسمان ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە چ بە بروسکەو چ بە نامە و چ بە ئامادەبوونیان پیرۆزبایان لێکردین بەم موناسەبەتەوە، بە تایبەتی نامەی بەڕێز کۆلن پاول کە دەورێکی باڵای هەبوو لە پشتگیریمان و، بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی گەلەکەمان. گەلی کوردستان زەرەرێکی زۆری بەدەست تیرۆرەوە بینیوە و، هەموو جۆرە تیرۆرێکی چێشتووە، بۆیە بەتایبەتی سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی (١١)ی ئەیلول دەکەین و، هەروەها سەرەخۆشی لە گەلی ئەمریکی بەگشتی دەکەین بەم موناسەبەتەوە و، ئەوەش ئەخەینە ڕوو کە ئێمە لەگەڵتانایین دژی تیرۆریزم چ لە ناوچەکەدا چ لە هەموو جیهان، بەڕێزان جارێکی تر زۆر بەگەرمی بەخێرهاتن لە ئێوەی بەڕێز و وەفدە یاوەرەکەتان دەکەم و، زۆرمان پێخۆشە ئەگەر بەڕێزتان بفەرموون چەند وتەیەك ئاراستەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بکەن.

**سیناتۆر بایدن(سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی سەنات):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن**

جەژنتان پیرۆزبێ

شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە لێرە لەو دانیشتنەدا لە گەڵ ئێوەدا کۆبووینەتەوە، داوای لێبوردنتان لێ دەکەین لەم ڕۆژی پشووەدا کە بۆ ئێوە زۆر گرنکە، ئێوە هاتوون لەگەڵ ئێمەدا دانیشتن، خۆشحاڵێن کە ئەو دەرفەتەمان هەیە، ئەو وتەیە لە دەزگایەکی واگرنگدا پێشکەش بکەین.

لەم ناوچەیەدا ئێوە نیشانی میللەتی خۆتان وهەموو جیهانی دەدەن کە پابەندن بە ئەرکەکانتان بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی دیموکراتی. بە درێژایی مێژوو ئێوە هەردەم لە نێوان ئمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و عەرەبی و فارسدا بەش بەش کراون، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا چارەنووسی ئێوە لە دەستی زلهێزەکان بوو، کە ولاتێکیان نەخشاند ناویان لێنا عێراق.

ئەوەی ئێمە باسی دەکەین رابردوویەکی دوور نییە، لە مێژوویەکی زۆر نزیکدا ئێوە لەسەر دەستی رژێمی عێراق زۆڵمێکی زۆرتان چەشتووە.

ئێوە گیراون و دەربەدەر کراون، ئەشکەنجە دراون، ئافرەت و پیاوو منداڵ و لاوو پیرتان، خراپترین چەك لە دژیان بەکارهاتووە. کێشەی ئێوە کاریگەری هەبوو بەسەر زۆر لە ئەمریکییەکانەوە، ڕێزو سلاوم هەیە بۆ ئازایەتی ئێوە و سوربوونی ئێوە و بۆ ئەو میواندارییە گەرمەی کە بۆ ئێمەتان کرد.

سلاوو ڕێزم هەیە بۆ گەشبینیتان، کە هەمیشە پێتان وایە، بەیانیتان باشترە لە دوێنێتان. لەم ماوە کورتەدا کە لێرەبووین راوبۆچوونێکی زۆر باشمان وەرگرت لەسەر ئەوەی بەدەستتان هێناوە، لەم هەرێمەدا کە مەترسی ونیگەرانی زۆری لەسەرە.

بەو ڕێگایانەی کە پێیدا رۆیشتین، لەگەڵ سەرکردەکاندا قسەمان کرد، لەگەڵ خەڵکدا دواین، هەروەها ئەو شتانەشمان بینی کە ئێوە خۆتان ئەنجامتان داوە، نەخۆشخانە دروست کراوە، قوتابخانە دروست کراوە، پرۆژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دامەزراون، زانکۆکان پێش کەوتوون، ئێوە توانیوتانە سوود لە ئامرازەکانی عەولەمە وەربگرن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گۆشەگیرییەدا کە جیۆپۆلەتیك و جوگرافیا بەسەریدا سەپاندوون.

من بیر لەوە دەکەمەوە لەو بارودۆخەدا ئەو هەموو دەستکەوتەتان هەبووە، ئەی لە عێراقێکی دیموکراتی راستەقینەدا دەتوانن چی بکەن؟ ئێمە لە کاتێکدا دەژین پڕە لە ئومێد، بەڵام بێ مەترسی نییە. ئەمریکا ویستوویەتی جیهان لە مەترسی رژێمی عێراق ئاگادار بکاتەوە، ئێوە پێشتر زانیوتانە کە رژێمی عێراق و چەکی کۆمەڵکوژ چ مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر خەڵکی عێراق و دراوسێکانی و جیهان.

ئەمریکا هاوپەیمانیەتی کۆدەکاتەوەو لەوانەیە لە کاتی پێویستدا هێز بەکاربهێنێ، نەک تەنیا بۆ ئەوەی چەکی کۆمەڵکوژ لەناو بەرێ، بەڵکو تا رژێمەکەش بگۆڕین، من نازانم رووداوەکانی چەند هەفتە و چەند مانگی داهاتوو چییان بۆ دێنێ، بەڵام من دەزانم کە ئاینده زۆر باشتر دەبێ بۆ ئێوەی خەڵکی عێراق، وڵاتەکە یەك دەگرێت و کوردو عەرەب وشیعەو تورکمان و ئاشووری و ئەوانی دیکەش تیایدا دەژین و مافەکانیان لە سایەی دیموکراسییەتدا دەستەبەر دەبێ.

وەك ئەندامێکی پەرلەمان وەك هاوشانێکی ئێوە پێتان دەڵێم تا ئامانجەکان بەدی بینن دەبێ واقیع بین بن، واقیع بینی ئێوە زۆر سەرنجی راکێشام.

سووربوونی ئێوەو پێکەوە کارکردنی ئێوە، تێگەیشتنی ئێوە لە ئەرکەکانتان لە گەڵ دراوسێکانتاندا، وا دەکات ئێمە بەردەوام بین لەو پەیمانانەی کە داومانە بە ئێوە، هەرچەندە رێگاکە سەختە، بەڵام ئێمە لەگەڵتان داین بۆ دامەزراندنی عێراقێکی یەکگرتوو.

من کە دەگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆمان بە هاوشانانم و بە سەرۆك بوش و میللەتی ئەمریکاش رادەگەیەنم، کە ئێوە تێ دەگەن، ئەرکەکەکانتان جێبەجێ دەکەن، دەبێ ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

من و بەڕێز هێگڵ لە دوو پارتی سیاسی جیا هاتووین، بەڵام قەناعەتی هاوبەشمان هەیە هاتووین کە پێتان بڵێین چیاکان تەنیا دۆستی ئێوەنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سیناتۆر بایدن، با بەڕێز سیناتۆر چەك هێگڵ بفەرمووێ، وتەیەکمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز سیناتۆر چەك هێگڵ(ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی سەنات):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.

سوپاس بۆ دۆستی بەڕێز بایدن بۆ ئەو وتەو سەرنجە بە نرخانەی پێشکەشی کرد. سوپاسی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان خانەخوێیەکانمان دەکەین بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی لە ئێمەیان کرد. جەژنتان پیرۆزبێ.

هەروەك بەڕێز بایدن ئاماژەی پێکرد شەرەفێکی گەورەیە کە لە بەردەم یەکەم پەرلەماندا قسە بکەین کە لەم هەرێمەدا ئازادانە هەڵبژێردراوە.

ئومێد دەخوازم جارێکی تر بێینەوە بەرابەرایەتی ئێوە بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفێکی دیموکراتی بۆ شوێنی دکتاتۆریەتی، بووبێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش.

ئێوە نیشانی عێراق و هەرێمەکەو جیهانتان داوە کەوا سیستمی شمولی تەنیا رێگە چارەو ئاراستە نییە بۆ بەرێوەبردنی عێراق، رۆحیەتی ئێوە سوربوونی ئێوە، ئازایەتی ئێوە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی رژێم سەرچاوەی ئیلهامە بۆ ئێمەو ئەوانەی پەرۆشی ئایندەی عێراقن.

من ئەمرۆ هاتووم قسە بۆ ئێوە بکەم، بانگەشەی شارەزایی خۆم ناکەم لە بارودۆخی کوردو عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام سەرەڕای ئەوە پێموایە ئەمریکا ناتوانێ خۆی دووربخاتەوە لە مەلەسەی عێراق لەگەڵ هاوپەیمانانندا بۆ لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ کە ستەمێکی زۆری پێ لە خەڵکی عێراق کراوە. بۆ زۆربەی ئەمریکیەکان مەسەلەی چەکی کۆمەڵکوژی عێراق لە بوارو مەوداو خەیاڵ و پێشبینی دەمێنێتەوە. بەڵام بۆ ئێوە رابردوویەکی زیندووە، بەشێکەلە ئازایەتی ئێوە، نابێ چی دیکە ئەوە ئایندەی ئێوە بێ و ئایندەی ئێوەش نابێ.

نابێ جارێکی تر چەکەکانی رژێمی عێراق ببنە هۆی تیرۆر کردنی خەڵکی عێراق و دراوسێکانی، پێویستە رژێمی عێراق لەبەر بەرپرسیارێتی لەسەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، دژ بە خەڵکی عێراق لە کاتی دەسەڵاتی دڕندانەیدا، بدرێت بە دادگا.

من و بایدن قسە بۆ ئێوە دەکەین لە کاتێکدا کە بێ متمانەیی لە ئارادایەو مەترسی زۆر هەیە، بەڵام ئومێدێکی زۆر هەیە بە عێراقی دوای ئەم رژێمە.

بێ متمانەیی مەبەستم ئەوەی رووبەرووی چی دەبینەوە؟ ئایندە چی بۆ هەڵگرتووین؟ نازانین. کە دەڵێم مەترسی هەیە، کوردی عێراق کە ئێستا بە شێوەیەکی باش هەرێمەکەیان بەڕێوە دەبەن، هەنگاوی باشیان ناوە، بنیادی باشیان بۆ دیموکراسییەت و کۆمەڵگای مەدەنی داناوە، لەوانەیە لەماوەی گۆڕانکاریدا مەترسی ئەوە هەبێ کە ئەو دەستکەوتانە بکەونە بەر هەڕەشە.

بەڵام نابێ خۆتان بەبێ متمانەیی و مەترسییەوە ببەستنەوە، بەڵکو مەسەلەی بوونی ئومێد زۆر گرنگترە.

باسی ئومێد دەکەین بۆ گۆڕانکاری بەرەو عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیر کە دەرفەت بۆ گەلانی عێراق دەهێنێتە پێشەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ناخۆشی و کارەسات، کە لە سێ دەیەی رابردوودا بەسەریاندا هاتووە، کوردی عێراق رابەرایەتی گەلانی عێراق دەکات لە بەدیهێنانی گۆڕانکاریدا، هەروەکو (بایدن) باسی کرد منیش زۆر سەرسامم بە ئازایەتی و سووربوونی ئێوە بۆ گۆڕانکاری، ئێمەش پشتگیری هەوڵەکانی ئێوە دەکەین بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردن وەك نموونەیەك بۆ ئایندە.

ئەمریکا دۆست و هاوبەشی ئێوەیە لە بۆچوون و پرۆژەکانتان.

لە (١٩٩١)ەوە فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی دژە فڕین ئێوە لە هێرشی فڕۆکەکانی عێراق دەپارێزێ، ناهێڵن مەترسییان بۆتان هەبێ.

دۆستایەتی و هاوبەشی ئێمە بە کارکردنی هاوبەشی بۆ بەدیهێنانی عێراقێکی دیموکراتی و ئاشتیخوازانە زیاتر پەرە دەسێنێ.

دووبارە سوپاستان دەکەم، سوپاسی میوانداریتان دەکەم، رێزو پێزانین بۆ ئازایەتی و سووربوونی ئێوە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی هەردوو بەڕێزان سیناتۆر بایدن سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی ئەمریکی و سیناتۆر هێگڵ دەکەم بۆ ئەم وتارە بەنرخەی کە پێشکەشیان کردین، لە

ڕاستیدا لای ئێمە عادەتە لە جەژنا جەژنانە دەدرێت بە خەڵك، وتارەکەی ئەوان جوانترین جەژنانە بوو بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و گەلی کوردستان، جارێکی تر سوپاسیان دەکەین و هیوادارین ئێرەش بە وڵاتی خۆیان بزانن، کە لە ڕاستیدا وڵاتی خۆیانە، ئێمە وا سەیریان دەکەین، لێرەشدا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)**

**چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/١/٨**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/١/٨

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/١/٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.كمال عبدالكريم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی سكرتێری ئەنجومەن بە وەكالەت، دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/١/٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- پەسند كردنی پێشنیاری سەرۆكایەتی دەربارەی سكرتێری كاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی.

٢- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری پێوەندیی نێوان لیژنەی باڵای تەنسیق(HCC) و دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.

٣- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیار دەربارەی بودجەی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین.

بەڕێزان:

پێشەكی ساڵی تازە لە هەمووتان پیرۆز بێت، هیوادارین ساڵی (٢٠٠٣)مان ساڵێكی پڕ سەركەوتن و بەپیت بێت، تەبیعی ئەم پیرۆزباییە بەناوی خۆم و بەڕێزان ئەندامانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق پێشكەشتان دەكەین، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێك هاتووە: یەكەم پەسند كردنی پێشنیاری سەرۆكایەتی دەربارەی سكرتێری كاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی. دووەم: خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری پێوەندیی نێوان لیژنەی باڵای تەنسیق(HCC) و دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق. سێ یەم: خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیار دەربارەی بودجەی هەرێم.

بەداخەوە لەبەر باری تەندروستی بەڕێز كاك فەرسەت ناتوانێت ئەم چەند كۆبوونەوەیەی داهاتوو ئامادە بێت، تەوەقوع دەكرێت لە دووسێ كۆبوونەوە زیاتر بێت، بۆیە پێویستە

ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق هاوکارمان بێت لە دەستەی سەرۆکایەتی، بۆیە بەناوی سەرۆکایەتییەوە پێشنیاری بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی دەکەین، کە وەکو سکرتێرێکی کاتی هاوکارمان بێت تاکو بەڕێز کاك فەرسەت عەبدوللا دەگەڕێتەوە، ئەوەش پێشنیاری سەرۆکایەتییە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیارەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پێشنیارەکە بەگشتی دەنگ پەسند کرا، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو بۆ سەر سەکۆیەکە تکایە، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیارەکان، بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی فەرموو.

بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی تکایە بفەرموو بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری پەیوەندی نێوان لیژنەی بالاًی تەنسیق و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز محمد سعید احمد يعقوبي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاکە هی لیژنەی تەنسیق دەخوێنمەوە:

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**کوردستان – عێراق**

**ژمارە:**

**بەروار:**

**بەڕێز ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان کە خوارەوە ئیمزامان کردووە، پێشنیاری پرۆژەی هاوپێچ دەکەین کە تایبەتە بە ئیشوکار و ئەرکەکانی لیژنەی تەنسیق، داواکارین لە سەرۆکایەتی ئەم پرۆژەیە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەن، بۆ بڕیار دانی گونجاو لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامانەی لە فراکسیۆنی پارتی ئیمزایان کردووە:

١- د.ناصح غفور رمضان

٢- شفيق امين محمد

٣- شفيقه فقى عبدالله

٤- انور شوکر محمد

٥- ملا محمد طاهر زين العابدين

٦- برهان على جاف

٧- حميد سليم ميران

٨- ملا محمود فندى ديرشەوى

٩- عفان عثمان نقشبندى

١٠- جوهر احمد شاواز

ئەو ئەندامانەی لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئیمزایان کردووە:

١- حسين عارف عبدالرحمن
٢- ابوبەکر محمد حاجی
٣- گلاوێژ عبدالجبار
٤- صباح حسين عثمان (بهمن)
٥- صلاح الدين عبدالحميد
٦- احمد شريف على
٧- نعمت عبدالله پيرداود
٨- حيدر اسماعيل عبدالله (م.ڕێبوار)
٩- رؤوف فرج محمد
١٠- اسماعيل ابراهيم مردان

لە فراکسیۆنی مۆر کەس ئیمزای نەکردووە.

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان – العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

## قرار

إستناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ولما جاء بقرار المجلس الوطني المرقم (١٦) في ٢٠٠٢\١٠\١٦ قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ \ \ إصدار القرار الاتي:

١- تثمين الجهود الحثيثة التي بذلتها لجنة التنسيق العليا من اجل المصالحة الوطنية ووحدة شعب اقليم كوردستان.

٢- للجنة العليا للتنيسق(HCC) الاتصال بالمجلس الوطني لكوردستان العراق عن طريق هيئة الرئاسة للتعاون معها لانجاز مهامها الواردة في اتفاقية واشنطن وتقديم تقارير دورية عن اعمالها الى المجلس بغية عرضها للمصادقة عليها.

٣- للجنة العليا للتنسيق الطلب من الكتل البرلمانية لغرض دراسة استصدار قانون أو قرار فيما يتعلق بأعمالها عند الاقتضاء.

٤- للجان الدائمية في المجلس الوطني زيارة اللجان الفرعية المنبثقة عن لجنة التنسيق العليا والمشاركة لتسهيل مهام وتذليل العقبات التي تعترض اداء تلك اللجان ولهم الحق في متابعة اعمال تلك اللجان وتقديم ملاحظاتهم الى المجلس الوطني بتقارير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەی ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەكەین، خاڵی سێیەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیار دەربارەی بودجەی هەرێمە، بەڕێز كاك سەعید تكایە بەس پرۆژەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**قرار**

إستناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ \ \ إصدار القرار الاتي:

اولاً: يعتمد ميزانية الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٢ أساساً لنفقات وواردات ميزانية الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣.

ثانياً: على المجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

ثالثاً: على وزير المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل احكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من ٢٠٠٣\١\١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رؤژ نوری شاویس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان — العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك سەعید یەعقوبی، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەین.

بەڕێزان لێرەدا دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان، سبەینێ کاتژمێر (١٠) دانیشتنی داهاتوومان دەبێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەڕەش محمد نقشبندی** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق بەوەکالەت** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/١/٩

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بە وەکالەت، دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری پێوەندیی نێوان لیژنەی باڵای تەنسیق (HCC) و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان یەك خاڵە، ئەویش خستنەڕوو گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی بڕیاری پەیوەندی نێوان لێژنەی باڵای تەنسیق و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق. بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە ئەندامێکی لێژنەی یاسایی و ئەندامێکی بەڕێزی لێژنەی ناوخۆ دەکەم کە بفەرموون بێنە سەر سەکۆیەکە، تکا لە بەڕێزان کاك حوسێن عارف و کاك شێروان حەیدەری دەکەین بێنە سەر سەکۆیەکە. لێژنەی یاسایی تکایە پرۆژەکە جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، لەگەڵ دیباجەکە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

(القرار)

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ولما جاء بقرار المجلس الوطني المرقم ١٦ في ٢٠٠٢/١٠/١٦ قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / إصدار القرار الآتي:

١- تثمين الجهود الحثيثة التي بذلتها لجنة التنسيق العليا من اجل المصالحة الوطنية ووحدة شعب اقليم كوردستان.

٢- للجنة العليا للتنسيق( HCC)الاتصال بالمجلس الوطني لكوردستان العراق عن طريق هيئة الرئاسة للتعاون معها لإنجاز مهامها الواردة في اتفاقية واشنطن وتقديم تقارير دورية عن أعمالها إلى المجلس بغية عرضها للمصادقة عليها.

٣- للجنة العليا للتنسيق الطلب من الكتل البرلمانية لغرض دراسة استصدار قانون أو قرار فيما يتعلق بأعمالها عند الاقتضاء.

٤- للجان الدائمية في المجلس الوطني زيارة اللجان الفرعية المنبثقة عن لجنة التنسيق العليا والمشاركة لتسهيل مهام وتذليل العقبات التي تعترض أداء تلك اللجان ولهم الحق في متابعة أعمال تلك اللجان وتقديم ملاحظاتهم إلى المجلس الوطني بتقارير.

٥- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوە پرۆژەی بڕیارەکە بوو، دەربارەی پەیوەندی نێوان لیژنەی تەنسیقی باڵاو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئێستاش دەست دەکەین بە گفتوگۆکردنی پرۆژەکە و، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆکردنی بکەین، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ خاڵ بەخاڵ گفتوگۆ دەکرێت، داوا دەکەم کە هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، رای خۆیان دەربارەی پرۆژەکە پێشکەش بکەن، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی رای لیژنەی یاساتان پێشکەش دەکەین.

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ڕای لیژنە

لیژنەکەمان پاش گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی پرۆژەی بڕیاری چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری لیژنەی تەنسیق، بەتەواوی پرۆژەکەی پەسەندکرد بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ تکایە، فەرموو.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی ناوخۆ، ئێمە تاكو ئێستا ئەم پرۆژەیە گفتوگۆمان لەسەر نەكردووە، پێویست بوو ئێمە پێشتر دانیشین پێكەوە گفتوگۆی لەسەر بكەین، بڕیاری كۆتایی لەسەر بدەین، ئێمە كۆبوونەوەمان لەسەر نەكردووە، ئەوەی كە بینیمان هەر وەكو ئەندامەكانی تر لێرە تەنها بینیومانە، هەر چەندە هەندێك تێبینیمان لەسەر هەیە، بەلام دەبووایە پێشتر ئەم گفتوگۆیانە كرابان، ئینجا سیغەی گفتوكۆیەكە بەپاك نووسێك هاتبووایە ئێرەو قسەمان لێبكردبایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مانای لیژنەی ناوخۆ ڕای نووسراوتان نییە لەسەر پرۆژەكە؟

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەكۆبوونەوەمان كردووە نە لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی دانیشتووین بۆ ئەوەی دەقەكە بڕیاری كۆتایی لەسەر بدەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆیە بۆ لیژنەی ناوخۆ هەیە ڕەئی خۆیان وەكو ئەندامی پەرلەمان نەك وەكو لیژنە، یەكە یەكە هەر كەسە ڕەئیێكی هەبێت، دەتوانێ لە گفتوگۆ كردنا ڕەئی خۆی بڵێت، ئەویش بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیرێت، تكایە كاك سەعید ماددەكان یەك یەك بخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان بكەین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

١- تثمين الجهود الحثيثة التي بذلتها لجنة التنسيق العليا من أجل المصالحة الوطنية ووحدة شعب اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی دەربارەی ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز شيروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم ئەوانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بكرێن، فەرموو.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە یەك تێبینیمان هەبوو لەسەر خاڵی یەكەم، ئەویش زیاد كردنی (واللجان الفرعية)، چونكە لیژنەی ئاشتی تەنها پێك نەهاتووە لە لیژنەی باڵا، لیژنەی فەرعیشی لەگەڵ دایە، بەڕاستی حەقە لیژانی فەرعی چونكە دەورە سەرەكییەكەش من پێم وایە هەر ئەوان بینیویانەو پێم وایە زیاتر ماندوو بوونە بە چارەسەر كردنی كێشەكان، بۆیە حەقە ناوی ئەوانیش بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەجۆری لەناو پارت و ڕێكخراوی هێزی ڕامیاری شتێكی زۆر سروشتییە نەك هەر لە یەك وڵات، بەڵكو لە هەموو وڵاتانی دنیایە هەیە، لێرە سوپاسی لیژنەی تەنسیق دەكەین، كە ئەم جهودەی سەرف كردووە بۆ ئەم شتانە، بەڵام من تێبینییەكم هەیە ئەویش (ووحدة الشعب الكوردستانى) نە (HCC) و نە چ كەسێ ئێمە دەكاتە یەك، ئێمە میللەتێكین و هەر یەك میللەتیش دەبین لێرە پێشنیار دەكەم وشەر (الصف) پێش (وحدة) بێت، ماناى (ووحدة صف الشعب الكوردستاني) چونكە ئێمە یەك میللەتین، بەهیچ شێوەیەك جیاواز نەبووینە هەر چەندە خیلافاتی ناوخۆ هەبوون، بەڵام ئێمە یەك میللەت بووینە ئەویش نەجوریەت هێزی سیاسییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئایە تێبینی تر هەیە؟ ماملۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها من لە ناونیشانی لیژنەكە تێبینیم هەیە، لە خاڵی یەك و چوار، لە خاڵی دوو و سێ موخالفی یەكن، شێوەی داڕشتنی عینوانی لیژنەكە، لەگەڵ كوردییەكە موافق نییە، جا ئەگەر یەك و چوارەكە وەكو دوو و سێی لێبێت وابزانم باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێنەگەیشتین لەم خاڵە، تكایە ئەگەر جارێكی تر دووبارەی بكەیتەوە.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەك و چوار هاتووە ئەڵێ (لجنة التنسيق العليا) لە خاڵی دوو و سێ هاتووە دەڵێ (اللجنة العليا للتنسيق)، جا كوردیەكەش دەڵێت (لیژنەی باڵای تەنسیق)، حەز دەكەم بەیەك شێوە دابڕێژرێت، (اللجنة العليا للتنسيق) ماناكە ناگۆڕێت، بەڵام شێوەی داڕشتنەكە پێویستە یەك نەمەت بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامتان هەیە لەسەر ئەم پێشنیارانە تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەڵامی کاك بەکر هی لێژنەی ناوخۆ، دەڵێتن لیژانی فەرعی زیاد بکرێت بۆ لێژنەی باڵا، ئەوە پەیوەندی بە بڕگە دوو هەیە نەك بەو بڕگەیەی کە ئێستا باسمان کرد، چونکە لە بڕگە دوو هاتووە دەڵێت (للجنة العلیا للتنسیق) ئەوەی کە کاك بەکر باسی کرد پەیوەندی بەو بڕگەیەوە هەیە، کە بڕگەی دووەمە، نەك بەو بڕگەیەی کە ئێستا باسمان کرد (تثمین الجهود الحثیثة) چونکە ئێمە بڕگە بڕگە دێینە خوارێ و گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحێکم هەیە لەسەر ئەمە، کاك بەکر پێشنیارەکەی تەنها ئەوە بوو تەسمینی ئیشی لێژنەی باڵا نەکرێت بەتەنها بەڵکو لیژانی فەرعیش لەگەڵیان، جا تکایە جوابی ئەم تێبینییە بدەنەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و لێژنەی باڵای تەنسیق ئەگەر تەسمین بکرێت، حەتمەن جهودی لێژنە فەرعیەکانیش تەسمین کراوە، هیچ مانیعیش نییە ئەگەر لێژنەی تەنسیقی فەرعیش زیاد بکرێت لەسەری بۆ ئەوەی تەقیمەکە هەموو لایەك بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای مانعتان نییە ئەگەر ئیزافەی لیژانی فەرعیش بکرێت؟ بۆ نموونە بەم شێوەیە (تثمین الجهود الحثیثة التي بذلتها لجنة التنسیق العلیا واللجان الفرعیة من أجل المصالحة ووحدة شعب اقلیم کوردستان)، فەرموو کاك شیروان حیدری.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە بەنیسبەت بڕگەی یەکەم ئەگەر ئەوە زیاد بکرێت مانع نەبێت، بەڵام بەنیسبەت بڕگەکانی تر بۆ ئەوەی تەنسیق بکرێت بەینی پەرلەمان و لێژنەی تەنسیق دەبێ لێژنەی تەنسیقی باڵا بێتە گۆڕێ بەتەنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان زۆر ڕاستە، جوابی تێبینیەکانی تر تکایە؟ ئێمە تەصەور دەکەین (وحدة شعب کوردستان) مانای (وحدة صف شعب کوردستان) تا کورتر بێت باشترە لەوەی درێژ بێت، بەڕێز نهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەم، دەتوانرێت وا سیاغەی بكرێت بڵێین (تثمین الجهود الحثیثة التي بذلتها لجان التنسیق) لە جیاتی بڵێین (العلیا واللجان الفرعیة) تەنها خاڵی یەكەم، (لجان التنسیق) شمولی لیژانی فەرعی و لێژنەی باڵا دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەیان ئێمە جوابی دەدەینەوە، لێژنەی تەنسیقی باڵا لە ڕاستیدا لێژنەیەكە كە لە ناو ئیتفاقیەی واشنتۆن ناوی هاتووە و ئەبێتە شەریكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لە جێبەجی كردنی ڕێككەوتننامەی واشنتۆن، لەبەر ئەوە پێویستە ناوی لێژنەی تەنسیقی باڵا بێت، چونكە لێژنەی باڵا تا ئێستا هەر ئەو ئیشەكەی بەڕێوە بردووە، بەنیسبەت ناوەكەش دەبێت ناوەكە موەحەد بێت لە هەموو بڕگەكاندا، وانییە؟ لە دوایی دا ڕێكی خەن، دوایی چاك بكرێت، جا تكایە بڕگەی یەكەم لەگەڵ دیباجەكە جارێكی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تاریخ القرار:

(القرار)

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسین من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضة العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ولما جاء بقرار المجلس الوطني المرقم ١٦ في ٢٠٠٢/١٠/١٦ قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاریخ / / اصدار القرار الاتي:

١- تثمین الجهود الحثیثة التي بذلتها لجنة التنسیق العلیا واللجان الفرعیة من اجل المصالحة الوطنیة ووحدة شعب اقلیم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی یەكەم پەسەند دەكەن لەگەڵ دیباجەكە دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، خاڵی یەكەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تكایە خاڵی دووەم.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

٤- للجنة العلیا للتنسیق( HCC)الاتصال بالمجلس الوطني لكوردستان العراق عن طریق هیئة الرئاسة للتعاون معها لانجاز مهامها الواردة في اتفاقیة واشنطن وتقدیم تقاریر دوریة عن اعمالها الى المجلس بغیة عرضها للمصادقة علیها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەك تێبینیمان هەیە، (للجنة العليا للتنسيق) وەکو یەکەمی لێ بێت (للجنة التنسيق العليا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لێرە بە ڕوونی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە، بەڵام من پێم وایە باشترە ئەگەر بکرێت ڕێککەوتننامەی واشنتۆن تاریخەکەشی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر روون بێت، هەر چەندە بۆ ئێمەی کورد ڕوونە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن چییە، بەڵام تاریخەکەی دیاری بکرێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمدامین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من بەش بەحاڵی خۆم زۆر پشتیوانی لەم بڕیارە دەکەم و، بڕیارێکی باشە لێژنەی تەنسیقیش جێی خۆیەتی تەسمین بکرێت، جوهدێکی پیرۆز و موشەرفە، بەڵام کاتێ باسی ئەوانە دەکەین شتەکان کەم نەبێت، مانای پشتگیر بێت، گشت لایەنەکان بگرێتەوە، ئێمە لێرە لێژنەیەکی پەرلەمانیمان هەیە بۆ موتابەعە، دەوری ئەم لێژنەیە پشت گوێ نەخرێت، مانای باسی بێت لێژنەیەکی پەرلەمانیمان تایبەتە بەم مەسەلەی تەتبیق و تەنسیق لەگەڵ لێژنەی (HCC)، ئەوە ناوی بێت پێم چاکە. دوو ئێمە وەزیرەکان بەپێی قانون موسائەلە دەکرێن لێرە، یەعنی خاڵێکی تیا بێت بۆ ئەم مەسەلەیە، ناڵێم وەکو وەزارەتەکان بێت، بەڵام خاڵێکی تیا بێت لەوەی کە گەیاندوویەتیانە کوێ؟ ئێمە پەرلەمان حەقی ئەوەی هەبێت داوایان لێ بکەین بۆ ئەوەی لێیان بپرسین لێرە گەیشتونەتە کوێ، یەعنی هەر ئەوەندە نەبێت تەنسیقێك هەبێت، مانای ئەوەی من ڕوونی دەکەمەوە دوو خاڵە، یەکێکیان لێژنەی پەرلەمانی پشت گوێ نەخرێت، ئەو لێژنەیەی بۆ ئەم مەسەلەیە دانرابوو، دوو مافی ئەوەمان هەبێت وەکو پەرلەمانی کوردستان لێیان بپرسین گەیشتوونەتە کوێ و گەیاندویانە بەکوێ؟ چونکە هەموو جارێ کە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەکرێت و دەچینەوە جێگای خۆمان هەموو خەڵکەکە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە، ئەرێ بڕادەران، پەرلەمانتاران، گەیانتانە کوێ، گەیشتوون بە کوێ، مەڵبەندەکان چوونەوە،

ڕێکخراوەکان ڕێکخران، حکومەت بوو بەیەك، هەموو ئەمانە دەکرێ ئەو لێژنەیە ماف ئەوەمان هەبێت وەك پەرلەمان لێرە بانگیان بکەین، مانای ئەو حەقە بەخۆمان بدەین وەك پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا محمدأمین، بەلام خالی چوارەم ئەگەر سەیری بکەی ئەوە دەگرێتەوە کە جەنابت فەرمووت، ئەو مەسەلەی موتابەعەو پرسینەوە و ڕاپۆرت نووسین بۆ پەرلەمان هەتا موسائەلە کردنیشیان، بانگکردنیان و لێپرسین لێیان، ماف بانگ کردنیان بۆ پەرلەمان تەحصیل حاصلە، کە لیژان حەقی تەفتیش و موتابەعەی هەبوو، پەرلەمان حەقی بانگ کردنی هەیە ئەو کاتە، کاك حەمە عەلی تۆفیق فەرمووە.

**بەڕێز حمه علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێژنەی تەنسیقی بالا ماوەی چەند ساڵێکە ئیش دەکات، ئیشەکانیشی دیارن، یەکێك لەو ئیشانەی کە توانیویانە بەهۆی ئەوان ئێمە لێرە ئەوها یەك بگرینەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی لە مەودوا وەکو لێژنە لە بڕگەی چوار هەیە، لێژنە دائیمیەکان لەگەڵ ئەوان لێژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان کار دەکەن یان موتابەعە دەکەن، ئەو کارانەی کە کردوویانە پێشی ئێستا پێشی دەرچوونی ئەم بڕیارە، لێژنەی تەنسیقی بالا بە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بیداتە پەرلەمان و، ئەو کارانە تەوزیع بکرێن لەسەر لێژنە هەمیشەیەکان بۆ ئەوەی بزانن چی کراوەو چی نەکراوە لە کارەکانیان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای جەنابتان لەسەر خالی دوو چییە؟

**بەڕێز حمه علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خالی دوو بەڕاستی ڕێکوپێکە من پشتگیری لێ دەکەم، لەبەر ئەوەی ئیشێکی باشە، بەلام ئەگەر ئەو پێشنیارەش بکرێت شتێکی زۆر باشە، ڕاپۆرتێك لەسەر ئیش و کارەکانی پێشوویان بدرێتە پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرمووە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە ئەساسەوە لە بڕگە دوو هاتووە، (للجنة العليا للتنسيق( HCC)الاتصال بالمجلس الوطني لكوردستان العراق عن طريق هيئة الرئاسة للتعاون معها لانجاز مهامها الواردة في اتفاقية واشنطن وتقديم تقارير دورية عن اعمالها الى المجلس بغية عرضها للمصادقة عليها.) (اعمالها) مانای ئیشوکاری پێشان و ئەوانەی کە دێت، چونکە دەڵێت (اعمالها) واتە بۆ هەموو ئیشوکارەکانی کردوویانە ڕاپۆرت تەقدیم بکات، چونکە ئەم عیلاقەیە ئێستا تەسبیت کراوە، پێشتر ئەو

عیلاقەتە لە نێوان پەرلەمان و لیژنەی تەنسیق نەبوو، ئێستا عیلاقە تەسبیت کرا، لە کاتی تەسبیتی عیلاقە دەبێت ئەم تەقاریرانە بێت، تەقاریر دەوریە، مانای دەوریە دەربارەی ئیشوکارەکانی، نەگوتراوە (اعمالها المستقبلیە) (اعمالها) مانای ئەوانەی کە کردوویەتی و ئەوانەی کە پێی هەڵ دەستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا ئەو ئیشانەی کە لیژنەی تەنسیقی باڵا کردوویەتی، هەنگاو بە هەنگاو بڵاوکراوەتەوە، لە جەریدە بڵاوکراوەتەوە، لە شوێنی تر بڵاوکراوەتەوە و، هەنگاوەکانیش لە جێبەجێ کردنا کەشف بوو بۆ خەڵك، واتە ئیشەکان دیارن وەنەبێ دیار نەبن تا ئێستا، جا ئەگەر ئێمە بڵێین داوای ڕاپۆرتێکی چوار ساڵیان لێ بکەین، من تەسەور دەکەم شتێکی زیاد بێت، ئەگەر موحەدەدیش بێت قەیناکا، لەمەودوا شتی تازە بێتە پێشێ حەقە بێت تەقدیمی پەرلەمانی بکەن و ڕاپۆرتی لەسەر بنووسن و داوای موصادەقەی پەرلەمانی بۆ بکەن ئەگەر پێویستی کرد، کاك د.کەمال فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەم خاڵەوە کە ئەو برادەرەمان باسی کرد، ئێمە پاش وتووێژێکی زۆر و پاش چوار ساڵ ونیو کۆبوونەوە کە ژمارەی کۆبوونەوەکان گەیشتە (٨٢) پوختەیەکی ئەم ڕێککەوتننامەیەمان نووسیوەتەوەو لە لایەن هەردوو لاوە مۆر کراوە، کاتی خۆشی بڵاومان کردۆتەوە و، لە کۆبوونەوەی ( ١٠/٨ )ش باسمانکرد، پێکهاتبوو لە (١٤) خاڵ ئێمە هەندێکمان لەم (١٤) خاڵە باس کرد و، ئەتوانین هەر یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بیەوێت بیخەینە بەر دەمی و، ئەوە پوختەی کاروبارەکانمانە و پوختەی ئەو ڕێککەوتنانەیە کە لە نێوان هەردوو لاوە بووە، جگە لەوە لیژنە فەرعیەکانیش ڕاپۆرتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانەش هەروەها نووسراوەتەوە لە لایەن نوێنەرانی هەردوو لاوە مۆر کراون، هەر وەختێك ویستان ئەتوانین بیخەینە بەر دەمتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.کەمال فوئاد، لە ڕاستیدا ئەگەر حەز دەکەن زیاتر لەسەر ئەم مەوزوعە گفتوگۆ بکرێت، دەتوانین داوا لە کاك ناصر حەسەن بکەین موسەلسەلی لەسەر دەربکات، (٨٢) موسەلسەلی لێ دەردەچێت مانای ئیشێکی باشە. تکایە لیژنەی یاسایی وەڵامی تێبینیەکان بدەنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرسیاری د.ناصح غفور، کە دەڵێت ئیتفاقیەی واشنتۆن پێویستە تاریخەکەی دیاری بکرێتن، هیچ مانیعێك نییە لە لایەنی یاسایی، ئەگەر دیاری بکرێتن پەسەند تریشە. بەنیسبەت بەڕێز مامۆستا محمدامین چەمچەماڵی ئەو وەڵامەکەی لە برگە چوار هاتووە، جەنابت جوابت دایەوە. هی کاك حەمە عەلی تۆفیقیش ئەویش جەنابی سکرتێر وەڵامی دایەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش تێبینییەكمان هەیە، هەر بۆ ئەوەی دەقەكە ڕوون بێت، (لانجاز مهامها) ڕوون نییە هی كام لایە، هی ئەنجومەنە یان هی (HCC)ە، لەبەر ئەوە بگوترێت (لانجاز المهام الواردة في إتفاقية واشنطن) لە نێوان دوو قەوسا تاریخەكەی (١٩٩٨/٩/١٧)، ئەوە هەموو ئەو موهیمانە دەگرێتەوە كە لە ڕێككەوتننامەی واشنتۆن هەیە، (للتعاون معها و للتعاون معاً) زۆر دروستە، (للتعاون معاً في إنجاز المهام الواردة في إتفاقية واشنطن) لە نێوان دوو قەوسا (١٩٩٨/٩/١٧)، تكایە صیاغەی نهائی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

١١- سیاغەكە پاش ئیزافە كردن بەو شێوەیە دەبێت، دوو:( للجنة التنسيق العليا (HCC) الاتصال

بالمجلس الوطني لكوردستان العراق عن طريق هيئة الرئاسة للتعاون معها لإنجاز مهامها الورادة في اتفاقية واشنطن(١٩٩٨/٩/١٧)وتقديم تقارير دورية عن اعمالها للمجلس بغية عرضها للمصادقة عليها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی دووەم بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، بە گشتی دەنگ خاڵی دووەمیش وەرگیرا، تكایە خاڵی سێیەمیش بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

٢- للجنة التنسيق العليا الطلب من الكتل البرلمانية لغرض دراسة استصدار قانون او قرار فيما يتعلق بأعمالها عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر خاڵی سێیەم، تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی خاڵی سێیەمین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەوزیحێكی بكەن خراپ نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ئیش و كارەكانی لیژنەی تەنسیق هەندێ جار پێویستی بە بڕیارێك دەبێت لە پەرلەمان یان بە یاسایەك دەبێت، لیژنەی تەنسیق بۆی هەیە لە ڕێگای كوتەلی پەرلەمانییەوە پرۆژیەك

پێشکەش بکاتن، پڕۆژەکە بێتە پەرلەمان لێرە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە(١٠) دە ئەندام پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکات و بڕیاری گونجاوی لەسەر بدات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەو خاڵە با دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی تێبینیەکانیان بخەینە روو، دیارە تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی چۆن نووسراوەتەوە دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی سێ پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، خاڵی سێیەم بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، خاڵی چوارەم تکایە.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. :**

٤- للجان الدائمية في المجلس الوطني زيارة اللجان الفرعية المنبثقة عن لجنة التنسيق العليا والمشاركة لتسهيل مهام وتذليل العقبات التي تعترض اداء تلك اللجان ولهم الحق في متابعة اعمال تلك اللجان وتقديم ملاحظاتهم الى المجلس الوطني بتقارير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی یاسایی دەربارەی خاڵی چوارەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی خاڵی چوارەمین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەم خاڵە با دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین.

**بەڕێز بکر مصطفى سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە بەراستی ئەو ئەرکە تەحدید بکرێت، بۆ یەکێك لەو لیژنە دائیمانەی ناو پەرلەمان، چونکە ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە هەر لیژنەیەك بڵێت واجبی من نییە واجبی یەکێکی ترە، بۆیە پێویستە لێپرسینەوەش هەبێت بەراستی هەر لیژنەیەك هەقی موتابەعەی هەیە، هەر ئەوە نەبێت بەس (حبر على ورق) بێت، بەراستی دەبێت تەحدیدی مەسئولیەت بکرێت بڵێت ئەمە ئەرکی یەکێکە لە لیژنەکان، رەنگە لیژنەی ناوخۆ زیاتر پەیوەندیدارە بۆ ئەو کارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك احمد نقشبندی، فەرموو.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئەو لیژانانەی کە لەناو پەرلەمانن واتە لیژنە هەمیشەییەکان، ئەوانە کە دەچن بۆ موتابەعە یاخود بۆ ئاسان کردنی کارەکان هی لیژانی تەنسیق، ئایا کاریگەرییان تا چ رادەیەکە، کە بتوانن یارمەتیان بدەن یاخود بتوانن کارەکان جێبەجێ بکەن، چونکە زۆر کۆسپ هەیە لە پێش ئەو لیژنە فەرعییانە کە تائێستا چارەسەر نەکراون و ماوەنەتەوە و، لە کۆبوونەوەکاندا دەردەکەوێ وەستاوە یەعنی چەقیوە، من وەکو ئەندام لە لیژنەیەکدا دەچم لەگەڵ ئەوان دادەنیشم تا چ رادەیەك کاریگەریم هەیە وەکو لیژنە بەسەر ئەواندا بتوانین ئەو تەگەرەو ئەوانەی ماون ئیتیفاقیەی واشنتۆن کە تا ئێستا جێبەجێ نەبووە و لەگەڵ ئەواندا یارمەتیان بدەین، کاریگەرییەکە لێرەیە سوقلەکە لێرەیە، گرانایەکە لێرەیە، ئایا ئێمە پێمان دەکرێت بتوانین ئەو تەگەرانە کۆتایی پێ بێنین بە ماوەیەکی کەم، چونکە کاتەکەمان ناسکە و، ئەگەر بێت و پەلەی لێ نەکرێ و هەوڵ نەدرێت بە زوویی ئەو تەگەرانە، ئەو نیشانەی کە ماون چارەسەر نەکرێن بە حەقیقەت ئێمە هەموو کات دەڵێین کاتمان زۆر لێ رۆیشتووە، دەمانەوێت کاتەکە نەڕوات سوودی لێ وەربگرین و لیژانەکان دەست بەکار بن و لە هەموو لایەکدا بتوانین بگەینە ئاشتییەکی راستەقینە کە ئاواتمانە و ئاواتی بۆ دەخوازین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز أحمد نقشبندی، بەڕێز حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە کە لیژنەی باڵای تەنسیق تا ئێستا زۆر ئەنجامی باشی داوە، زۆر تشتی باشی کردیە، زۆر سوپاسی ئەو کارو جهود و ئەو ئەنجامی تا ئێستا هاتینە دی، بەڵام وا بزانم زۆر شتی گرنگی ماوە لە رێ، وەکو تەوحیدی هەردوو ئیدارە کە شتەکی زۆر پێویستە خاسەتەن لەو مەرحەلەیە، لێرە بە پێویستی دەزانم زۆر ئیشارەتی دا مەوقفی وەفدی کوردی لە موئتەمەری موعارەزەی لەندەن، چونکە دەورێکی زۆر بەرز و باڵای هەبوو، ئومێدەوارین ئەودش ببێتە حافزێك و فاکتەرێك بۆ تەزلیلی ئەو عەقەباتانە، ئەو کۆسپانەی کە تا ئێستا لە رێدا ماینە، جارێکی تر ئومێدەوارین کە ئەو شتی ماوە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت و، بە پێویستی دەزانم کە لێرە شتێکی تر زیاد بکرێت کە دەڵێت(الاسراع في تذليل العقبات والمعوقات الباقية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز جمیل عبدی سندی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتیە (اللجان الدائمة في المجلس الوطني) ئەمە راستە ئیشی لیژانی دائیمەیە، بەڵام لیژنەیەکی ترمان لیژنەیەکی زۆر گرنگمان هەیە، لیژنەی استعدادات بۆ انتخابات لە مەرحەلەی

موقبيله ئەم ليژنەيە ليژنەيەكی موئەقەتە ئيشەكەی زياتر لە هەموو ليژانی تر پەيوەندی هەيە بە ليژنەی (التنسيق العليا)، لەبەر ئەمە يان ليژانی دائيمە و موئەقەتە ئيزافە بكرێت يانيش هەر دائيمە نەمێنێت، (للجان الدائمة في المجلس الوطني) ئەو كاتە دائيمەش وەردەگرێت و موئەقەتەش وەردەگرێتن و ماددەكە زۆر رێك و پێكە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جميل عبدی سندی، تكايە وەلآمی ليژنەی ياسايی بۆ تێبينيەكان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت ئەو تێبينيەی كاك احمد دای بەنيسبەت ئەركی ليژانی دائيمی لە پەرلەمان، بەراستی ليژانی دائيمی لە پەرلەمان ئەوە ئەركێكی تازەيە دێتە ئەستۆی بۆ ئەوەی موتابەعەی ليژانی تەنيسقی فەرعی بكاتن، لە ماددەكە هاتووە كە هەر عەقەبەيەك هەبێت يان هەر ئيشكالێك هەبێت بۆی هەيە راپۆرتێك تەقديم بەدەستەی سەرۆكايەتی بكات، هەروەكو لە فەقەرەی دووش هاتووە دەستەی سەرۆكايەتی دەتوانێ لە رێگای سەرۆكايەتی عولياى تەنسيقەوە ئەو بابەتانە يان ئەو گيروگرفتانە چارەسەر بكات، بەنيسبەت كاك حاكم سەفەر كە دەڵێت موئتەمەری لەندەن و ئەو مەسەلەی كە باسی كرد بەراستی ئەو بريارەی كە ئێستا ئێمە لە پێشمانە پەيوەندی بە ليژنەی تەنيسيق هەيە، پەيوەندی بە ئيتيفاقييەی واشنتۆن هەيە، ئەوەی كاك جميل فەرمووی ليژنەی ئينتيخابات ليژنەيەكی جيايە كە بە بڕياری پەرلەمان تەشكيل بووە، بۆ پێداچوونەوەی ليژنەی هەڵبژاردنە، چەند ئەركێكی تری لە ئەستۆدايە بە تەسەوری ئێمە ليژانی دائيمە لە پەرلەمان هەموو هەقی زيارەتيان هەيە، بەلآم ئەو ليژانە رەنگە ئيش و كاريان هەموو پەيوەندی بە ليژنەی فەرعی نەبێت، هەندێك ليژانی پەرلەمانی پەيوەندی بەوە هەبێت، رەنگە هەموو ليژنەكە پەيوەندی نەبێت، بۆيە بە تەسەوری ئێمە نەسەكەی فەقەرەی چوار لە جێگای خۆيەتی، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هيچ تێبينی تر هەيە كاك جميل فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ليژنە دائيمەی كە لە سێزدە يان چواردە كەس پێك هاتووە نەك بەس بۆ پێداچوونەی قانونی ئينتيخاباتە بۆ مەرحەلەی ئينتيخابات بۆ زۆر ئيشی تر كە ئەركی وانە، ژ بەر هەندێ ئەوێ ليژنێ دێ شولێ وی پتر تەنيسيق دەبن لەگەڵ ليژنەی باڵای تەنيسيق ژ بەر هەندێ دبێژم ئەو ژی تێدا بيت جێترە(للجان في المجلس الوطني) ئەو كاتە شامل دەگرێتن ئەو ليژنەك كە ئيشی وی نەبێتن ليژنەكی موئەقەت بۆ ئيشێكی تر بێتن ئەو كاتە ريئاسەتی پەرلەمانی بەڕێز ئەڵێت

ئەمە ئیشی توو نییە، لیژنەیەکی تر تەکلیف دەکاتن، بەلاّم ئەو لیژنەی ئێستا تەشکیل بووە لە سەمیمی ئیشی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حسین عارف فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیازەی کاك جمیل بە پەسەندی دەزانم، چونکە ئەرکێکی موشتەرەکە لە بەینی ئەو لیژنەیە و لیژنەی تەنسیقی بالاّ لەبەر ئەوە من پێم باشە نەك هەر بوترێت تەنها لیژان (للجنة التنسیق العلیا و لجنة الانتخابات المشکلة من قبل البرلمان)، من بە پێشنیازێکی پەسەندی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحێك بۆ ئەوە، لیژانی دائیمی واجیباتیان تا ئێستا موراقەبەو موتابەعەی کاری مجلسی تەنفیزی بووە، هەیئەی تەنفیزی هەرێمی کوردستان کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەمە واجبێکی ئیزافییە دەبێت بۆیان تەحدید بکرێت، سبەینێ بۆ هەر مەبەستێکی تازە یان بۆ هەر ئیشێك کە پەیوەندی بە لیژنەی تەنسیقەوە هەبوو ئەگەر پەرلەمان بە پێویستی زانی لیژنەیەك دروست بکات، کاتێك کە ئەو لیژنەیە دروست دەکات واجبەکەشی بۆ تەحدید دەکات، ئەڵێت فلاّن لیژنە دروست دەکەم بۆ موتابەعەی ئیشی ئینتیخابات یان فلاّن لیژنە دروست دەکەم بۆ فلان شت، ئێستا حالّی حازر پێویست دەکات لیژانی دائیمی سلاّحیەتی ئەوەی هەبێت، بۆ نموونە لیژنەی پێشمەرگە پێویستە سەلاّحیەتی هەبێت بچێت لەگەڵ لیژنەی فەرعی پێشمەرگە دابنیشێت، لیژنەی ناوخۆ بچێت لەسەر مەسائیلی ئەمنی دابنیشێت، لیژنەی مالی لەسەر مەسائیلی مالی دابنیشێت، ئەمە ئیشی هەموو لیژانی دائیمیە، ئیشی یەك لیژنە نییە بۆ زانیاری، راستە لەوانەیە هەندێ لیژنە ئیشی زیاتر بێت لە لیژنەکانی تر بۆ نموونە لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ ئەمانە لەوانەیە ئیشیان زیاتر بێت لە لیژانی تر، بە تەسەوری ئێمەش بەم شێوەی نووسراوەتەوە باشترە و کیفایەتە، بۆیە داوا دەکەم جارێکی تر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥- للجان الدائمیة في المجلس الوطني زیارة اللجان الفرعیة المنبثقة عن لجنة التنسیق العلیا والمشارکة لتسهیل مهام وتذلیل العقبات التي تعترض اداء تلك اللجان ولهم الحق في متابعة أعمال تلك الجان وتقدیم ملاحظاتهم الی المجلس الوطني بتقاریر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، خاڵی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا خالی پێنجەم، تکایە.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥ – ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی پێنجەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، خاڵی پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ئێستاش هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو بڕیارەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو بڕیارەکە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتی ئەمڕۆمان دانیشتی داهاتوومان ١٥ی مانگ دەبێت، ئینشاءالله ئەو کاتە یەکتر بە خێر دەبینینەوە، فەرموو.

**بەڕێز أحمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەناوی فراکسیۆنی سەوزەوە پێشنیارێکمان هەیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەگەر ئیجازە هەبێت دەربارەی وەزعی مالی کوردستان ئەو کێشەی کە ئێستا هەیە لە مەسەلەی دابەزینی نرخی دۆلارو هاتنە خوارەوەی نرخی دۆلار ئەگەر پەرلەمان تەکلیفی لیژنەی مالی بکردایە بۆ دیراسەت کردنی ئەو وەزعەو چارەسەرێکی بە زووترین کات بۆ بدۆزرێتەوە، رەنگە وەزعەکە بەم شێوەیە بڕوات خەڵکێکی یەکجار زۆر تووشی زەرەر دەبێت بەتایبەتی ئەوانەی کە دەخلیان مەحدودە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە حەقیقەت ئەو جۆرە پێشنیارانە وەکو تازە بابەت بە نووسراو پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بکرێت، ئەو کاتە داخلی جەدوەل ئەعمال دەکرێت، ئەنجومەن بڕیارێکی لێ دەدات، لەبەر ئەوە ئەگەر بە نووسراو پێشکەشی بکەی بۆ کۆبوونەوەی ٢٠٠٣/١/١٥، خراپیش نییە ئەگەر لیژنەی دارایی بیر و بۆ چوونی هەبێت و مولاحەزاتی لەسەر ئەوە حازر بکات خراپ نییە، چونکە ئیقتیراحەکە لە راستیدا بەجێیە، ئێستا هەردوو وەزارەتی دارایی خەریکن دیراسەتی ئەو

بابەتە دەکەن، بۆ ئاگاداری، وەکو باسم کرد کۆبوونەوەی داهاتوومان ١٥ی مانگ دەبێت، تکا لە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن دەکەم کە لەگەڵ سەرۆکایەتیدا کۆببنەوە ئێستا، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەڕەش محمد نقشبندی | د.کمال عبدالکریم فؤاد | د.رۆژ نوری شاوەیس |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق بەوەکالەت | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣\١\١٥**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/١٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە(١٢)ی خولی گواستنەوەی، سالّی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی سالّی ٢٠٠٣.
٢- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر ئەرکی لیژنەکانی پەرلەمان وەشێوەی کارکردنیان.
٣- خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر دراوی هەرێم وەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ناسروشتییەی بەسەری دادێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەمڕۆ (٢٠٠٣/١/١٥)یە وەکو ئاگادارن بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ١٠/١٥/ ٢٠٠٢ بەنیسبەت سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بەم شێوەیە بووە، کە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سێ مانگ سەرۆکایەتی بکات، پاشان نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دیسان بۆ دوو مانگ سەرۆکایەتی بکات و، بەم شێوەیە تا خولی گواستنەوە تەواو دەبێت، دەبێت ئالّوگۆڕ بکرێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، لەبەر ئەوە لەمڕۆوە تاکو دوو مانگی تر بەڕێز کاك د.کەمال فوئاد سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد (سەرۆکی ئەنجومەن):**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ڕۆژ، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، ئەمڕۆ کۆبوونەوەی (١٢)ی خولی گواستنەوە دەست پێ دەکەین، ئەم بەرنامەیەی کە دانراوە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، بریتییە لەم خالانەی خوارەوە:

یەکەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ٢٠٠٣.

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر ئەرکی لیژنەکانی پەرلەمان و شێوەی کارکردنیان.

سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر دراوی هەرێم و هۆی ئەو گۆڕانکاریە ناسروشتییەی بەسەریا دێت.

بۆ خاڵی یەکەم کەوا خستنەڕو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٣، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە بفەرموون بۆ سەر سەکۆیەکە، لیژنەی یاسایی فەرموو پرۆژەکە پێشکەش بکە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:

أولاً: تعتمد موازنة الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٢ أساساً لنفقات وواردات ميزانية الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣.

ثانياً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

ثالثاً: على وزير المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من ٢٠٠٣/١/١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.كمال عبدالكريم فؤاد**

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەین لە لیژنەی دارایی کەوا یەکێکیان بێت بۆ سەر سەکۆ، بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە بیروڕای خۆی دەربڕێت، فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**كوردستان- اربيل**

**لجنة الشؤون المالية والأقتصادية**

**العدد:م/١**

**التأريخ:٢٠٠٣/١/٨**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ موازنة عام ٢٠٠٣ م**

**تحية واحتراماً**

**اجتمعت لجنتنا يوم الأربعاء الموافق ٢٠٠٣/١/٨ ظهراً لدراسة ومناقشة مشروع قرار اعتماد موازنة الاقليم لعام ٢٠٠٢ م أساساً لموازنة الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣ م المحال الينا من قبل السيد رئيس البرلمان ...**

**وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع القرار بشكل عام مع الأخذ بنظر الاعتبار التوصيات التالية:**

**١- تقرأ المادة (أولاً) كالآتي:**

**تعتمد موازنات الأقليم الثلاث (الاعتيادية ـ المولة ذاتياً ـ الخطة) للسنة المالية ٢٠٠٢ م أساساً لنفقات وواردات موازنات الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣ م.**

**٢- المادة ثالثاً- تضاف كلمة (الاقتصاد) بعد كلمة (المالية) وتقرأ كالآتي:**

**(على وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات ...) هذا ولكم الامر.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەگەر ئێستا لێژنەی یاساییش بفەرموون لەم بارەیەوە ڕای خۆیان دەربڕن.**

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوەی خوێندرایەوە، ئێمەش دەقەكەی پەسەند دەكەین، هەر وەكو بە كتاب ئاگاداری سەرۆكایەتیمان كردووە، ئەسڵی پرۆژەكە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێستا برگە بە برگە پێشكەشی بكەن بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر لە بارەی هەر برگەیەكەوە سەرنج و تێبینییەك هەبێت لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە، بیروڕای خۆیان دەربڕن پێش ئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبى:**

أولاً: تعتمد موازنة الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٢ أساساً لنفقات وواردات ميزانية الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم بارەیەوە کێ دەیەوێت قسان بکات؟ فەرموو کاك جەمیل.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لێژنەی دارایی و ئابووری ئەوەیە:

کە یەکەم میزانییە (مۆنثە) لازمە (تعتمد) بێت، یەك میزانیەش نییە، میزانیەی ئیعتیادی هەیە، میزانیەی (الممولة ذاتیاً) هەیە، میزانیەی (الخطة)ش هەیە، سێ جۆری میزانییە هەیە لە میزانیەی ٢٠٠٢، لەبەر ئەوە لێژنەی ئابووری پێشنیار دەکاتن بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (تعتمد موازنات الأقليم الثلاث (الاعتيادية ــ الممولة ذاتياً ــ الخطة) للسنة المالية ٢٠٠٢ م أساساً لنفقات وواردات موازنات الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣ م.) مانای ناحیەی مضمون تا ڕێکوپێك بێتن لەگەڵ یاسای دارایی، یەکەم شت میزانیە نییە موازەنەیە، سێ جۆری موازەنەش هەیە، لەبەر ئەوە دەڵێیت (تعتمد موازنات الأقليم الثلاث (الاعتيادية ــ الممولة ذاتياً ـ الخطة) للسنة المالية ٢٠٠٢ م أساساً لنفقات وواردات موازنات الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣ م.) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، بەڵام چەند تێبینییەکم هەیە، لەگەڵ برادەرانی دارایی ناس ڕۆیشتین، ئەوان تێبینییان هەبوو ئەویش، زۆر گۆڕانکاری هاتۆتە کایەوە، پار و ئەو ساڵە زروف گەلێك جیاوازی هەیە، میزانیەی پار ئەم ساڵە تەوسع و تەقەڵوسی تێدایە، هەندێك ئەبواب نەماینە، هەندێك فصوڵ نەماینە، هەندێکی تر ئیزافە بووینە، هی دووەمیش گۆڕنکاری لە عوملە هەیە، لەبەر هەندێ من وا پێشنیار دەکەم شتێکی بۆ زیاد بکرێت تاکو ئەو گۆڕانکاریەی هاتۆتە پێشمان، بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، بگوترێ ( الأخذ بنظر الاعتبار التطورات الحاصلة) بۆ ئەوەی شەملی وان تەغەیر بکات، چونکە میزانیەی ٢٠٠٢ بۆ ئەم ساڵ بەکار نایەت، تەقەڵوس و تەوەسوع بوویە، هەندێ ئەبواب نەماینە هەندێك زیادکراون، هەندێکیش تازەکراونەتەوە، هەتا پێشکەوتنیش هەبێت، پێشنیار دەکەم ئەو بڕگانە وەکو وان دەست نیشان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر هەیە بیەوێت لەم بارەیەوە قسان بکات؟ داوا لە لێژنەی یاسایی و دارایی دەکەین کە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکە هاتووە (تعتمد موازنة الاقليم لسنة ٢٠٠٢ أساساً وإعتماداً) گۆڕانکاری لەسەر موازەنە یان نەقلی زیادکردنی موناقەلە لە دەسەڵاتی وەزیری داراییە، مانای موناقەلە لە دەسەڵاتی وەزیری داراییە، ئەگەر لە ناو فەصڵەکە بێت موناقەلە، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتی تایبەتە بە خۆی، لە فەصڵێك بۆ فەصڵێکی تر لە زمنی دەسەڵاتی وەزیری دارایی و ئابووری یە، هیچ گرفتێکی تێدا نییە، دەربارەی ئەوەی کە دەڵێت هەندێك ئەبواب نەماون، نەخێر، ئەبوابەکە جێگیرە هەموو ئەبوابەکان وەکو خۆیان ماون، (ابواب) مانای وەزارەت، مانای پەرلەمانی کوردستان، چ ئەبوابێك نەماوە؟ نەخێر هەموو ئەبوابەکان ماون وەکو خۆیان، ئەگەر شتێك زیادبکرێتن یان ئیستحداس بکرێتن ئەوەش لە ژێر دەسەڵاتی وەزیری دارایی و ئابووری یە، کە (١ ٪) لە میزانییە وەکو چۆن لە ساڵی ٢٠٠٢ هاتووە، چونکە ئەوە ئەساسە، مانای هەمان حالەت بۆ ( ٢٠٠٣)ش هەر دەسەڵاتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری یە، کە (١٪) لە میزانییەکە زیاد بکاتن، گۆڕانکاری بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی لەم بارەیەوە ڕای خۆتان بڵێن، فەرموو.

**بەڕێز أحمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی موازەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو ئیدارەکە، بە ڕای منەوە بەم شێوەیە لە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر ناکرێت، پێویستە تەفاسیلەکەی بێتە پەرلەمان، بدرێتە لێژنەی دارایی، لیژنەی دارایی دیراسەی بکات و ئینجا راپۆرتی خۆی بدات بە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سەعید.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە دەربارەی ئەم پرۆژەیە و، پەسەندمان کردووە ئەوەی تێیدا هاتووە، بەبێ ئەوەی داوای هیچی تر بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم ڕوون کردنەوەیەکتان پێشکەش بکەم، ئەو پرۆژەیە وەکو پێشکەش کرا لەلایەن هەردوو ئیدارەی وەزارەتی دارایی پەسەند کراوە، ئەوانیش هەر بەو سیغەیە پەسەندیان کردووە، بەڵام ئەوە خۆی قابیلی گۆڕانکارییە لە داهاتوودا، بە پێی ئەو پێویستیانەی کە دێنە پێشەوە، لەم بارەیەوە بیروڕای هەردوو وەزارەتی دارایی لە هەردوو ئیدارەکە وەرگیراوە، ئەوانیش بەلایانەوە شتێکی باش بووە، ئێستا ئەو بڕیارە بەشێوەیەکی گشتی بێت، لەگەڵ ئەوەشا لە داهاتوودا ماوەی ئەوە هەیە بگۆڕێت، لێی زیاد بکرێت یان لێ کەم بکرێت، لەبەر ئەوە ئێستا ئێمە پرۆژەکە وەکو

پێشکەش کرا و خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ماددەی یەکەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

أولاً: تعتمد موازنة الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٢ أساساً لنفقات وواردات ميزانية الاقليم للسنة المالية ٢٠٠٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

ثانياً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

ثالثاً: على وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە تێکرای دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من ٢٠٠٣/١/١ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس. ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پرۆژەکەیە بە گشتی وەکو پێشکەش کرا با دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن زۆر سوپاس، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا دێینە سەر برگەی دووەمی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان، ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، فەرموون، بەڵام تکا

دەکەین کەوا لیژنەی دارایی بمێنێتەوە، کێی تر دەیەوێت لە لیژنەی دارایی بێتە سەر سەکۆ، ئێمە ئێستا لەسەر برگەی دووەمی بەرنامەی کارین، کە باس لەسەر ئەرکی لیژنە جۆراو جۆرەکانی ناو پەرلەمان دەکات، لیژنەی دارایی دەتوانن بمێننەوە تاکو نۆرەیان دێت لە برگەی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆ، لەم بارەیەوە حەز دەکەین بڵێین ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن کە کۆبوونەوەمان کرد باسی ئەوەمان کرد، کە پێویستە لەمەولا بەراستی لیژنەکان بکەونە گەڕ و، کۆبوونەوەی بەردەوامی خۆیان بکەن، چونکە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان لیژنەکان دەوری باڵا دەبینن، هەموو لیژنەکان پێویستە لەم بارەیەوە کۆبوونەوەی خۆیان بەرێك و پێکی بکەن و راپۆرت پێشکەش بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەن، بێگومان لیژنەیەك لەگەڵ لیژنەیەکی تر جیاوازیان هەیە، ئەرکێکی زۆر زۆر دەکەوێتە سەر شانی لیژنەی یاسایی و، لیژنەکانی تر بێگومان کەم و زۆر پێویستە ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەویش بەوە دەبێت کە کۆبوونەوەی بەردەوام بکەن و، بەلای کەمەوە مانگێ دوو جار کۆببنەوە، لەم بارەیەوە راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، هەروەها لیژنەکان ئەوانەی کەوا پێویستە لیژنەی ناوخۆ بەتایبەتی لەبارەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، بۆ ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان، ئەم لیژنەیە ئەبێ بکەوێتە گەڕ و، بگەڕێت بەناو ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەوەی هەر کۆسپ و کەندێك لەم رێگایە وەستا بێت بتوانێ لە نیزیکەوە لێی بکۆڵێتەوە و ئەنجامەکانی بهێنێتە بەر دەمی پەرلەمان، جا ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا پێویستە لەمەولا ئەو لیژنانە بکەونە گەڕ و، بەشێوەیەکی باش و چالاکانە ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان جێبەجێ بکەن، وەکو دەزانن ژمارەی لیژنەکانی پەرلەمان (١٤) لیژنەمان هەیە، ئێستا ئەگەر ئەندامانی لیژنەکان یان سەرۆکی لیژنەکان ئەگەر لەم بارەیەوە سەرنج و تێبینییان هەبێت با بفەرموون، بۆ ئەوەی کەوا ئێمە بتوانین لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا ئەو پێشنیازانەی کەوا پێشکەش دەکرێن رەچاوی بکەین، بەڕێز کاکەڕەش سکرتێری ئەنجومەن دەیەوێت لەم بارەیەوە هەندێك روون کردنەوەتان پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند لیژنەیەك ماون تاکو ئێستا هەڵبژاردنی خۆیان نەکردووە لە نێوان خۆیان، سەرۆك و جێگری سەرۆك و موقەرریان هەڵنەبژاردووە، جا تکا لە لیژنەکان دەکەین ئەوانەی کە نەیان کردووە بە زووترین کات هەڵبژاردنی نێوان خۆیان بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بڕیاری پێ دەربچێت، بۆ ئەوەی لە ژمێریاری بتوانین سەرف موخەصەصاتیان بۆ بکەین بەو شێوەیەی کە لیژنەکە ئیتفاقی کردووە، ئەوە لایەنێك، لایەنێکی تر هەندێك لە برادەرانی لیژنەکان دەڵێن فلان شتم بەدەست نەگەیشتووە، بۆیە گۆنەبوومەوە، مەسەلەن پرۆژەیەك کە خوێندنەوەی یەکەمی دەکرێت، کە لەسەر مەنەصە سەرۆکی پەرلەمان دەینێرێ بۆ لیژنەکە، حەق نییە ئەو لیژنەیە دوایی بڵێت من ئاگاداری ئەوە نەبوومە، پێویستە پاش ئەوەی لە کۆبوونەوە دەردەچێت پەیوەندی بە برادەرانی خۆی بکات و کۆببێتەوە و رای خۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە بدات، چونکە پرۆژەکە لە سەرۆکایەتی یەکسەر تەحویل کراوە بۆی، کە تەحویل کراوە بۆی چۆن ئاگادار نییە،

ئاگاداره وەحەق نییە بڵێت ئاگادار نیم، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە پەیرەو بکرێت و بە زووترین کات وەڵام بدرێتەوە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکان لەسەر بڕیاری لێژنەکان دوا نەکەوێت وبتوانن کەوا کاری گونجاو ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش بۆ ئەم ڕوون کردنەوانە، حەز دەکەم لەوەش ئاگادارتان بکەمەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لەم بارەیەوە وتوویژمان کردووە و لێمان کۆڵیتەوە، بەلامانەوە پێویست بوو کەوا ئەم لێژنانە لە مانگێکا دوو جار کۆببنەوە، خۆ ئەگەر کەمتر لە دوو جار کۆببنەوە مانای وایە موخەصەصاتەکانیشیان دێتە خوارەوە دەبێت بەنیوە، ئەگەر یەك جار کۆببنەوە، ئەگەر کۆنەبنەوە ئەوا ئەو موخەصەصاتەی کە وەری دەگرن نامێنێت بۆ ئەو مانگە، جا لەبەر ئەوە حەز دەکەین لەم بارەیەوە، هەموو لێژنەکان بە باشی و بە چالاکی دەست بەکار بن بۆ ئەوەی بتوانن کە ئەو دەرماڵەی کە بۆیان تەرخان کراوە وەکو خۆی پێشکەشیان بکرێت، ئێستا لەم بارەیەوە حەز دەکەم ئەگەر سەرۆکی لێژنەکان، ئەندامەکان چ سەرنج. و تێبینیەکیان هەیە با بفەرموون، کێی تر؟ فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر أحمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لێژنەکان، ڕاستە تعلیمات و دەسەڵات و واجبی خۆی هەیە، بەڵام ناکرێت ناردنی بڕیارێك لە ماوەی دوو سەعات بدرێت دوایی بڕیاری لێبدرێت، حەقە هیچ نەبێت دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ ماوە هەبێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و لێی بکۆڵینەوە، ڕاستە ئەوەی ئێستا کاك کاکەڕەش باسی دەکات، بڕیارەکە ئێمە موناقەشەمان لەسەر نەکردووە، بەڵام بە دوو سەعات ئەو کاتەی لەناو کۆبوونەوە چووینە دەرێ ناردرابوو بۆ لای من، ڕۆژی دووەم هاتە سەر قەرار دان، هیچ نەبێت دەکرێ ئەم لێژنانە ماوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین، ڕۆژێك، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ. بە نیسبەت ناوی لێژنەکانی ئێمە، تاکو ئێستا لە فراکسیۆنی برادەرانی پارتی نازانین ناوەکان کێنە، ناوەکان لامان نییە، بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەین، دانیشین کۆبوونەوەکان بکەین، ناوەکانمان لا نییە، حەز دەکەین ناوەکانمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەینەوە و مەوعیدێك دابنێین تاوەکو کۆبوونەوەکە بکرێت، چونکە وەکو بەڕێزیشتان ئیشارەتان پێدا، بابەتی جێبەجێ کردنی بڕیاری واشنتۆن کارێکی زۆر گرینگە، وەئەوەی ئێستا جێگای مقۆ مقۆیە لای خەڵك و کۆمەڵان ئەوەیە، پێشترێ لێژنەی تەنسیق و لێژنە فەرعییەکان کاریان دەکرد، ئێستا نە لێژنەی تەنسیق وەکو پێشتر ئیش دەکەن نە پەرلەمانیش موتابەعەی مەوزوعەکان دەکەن، بۆیە ئەگەر بکرابا بەزووترین کات کۆببواینەوە و موناقەشەمان کردبایە کارێکی باش بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك بەکر فەرمووی، فەرمووی ناوەکان نازانم، بەئیعتباری جەنابی سەرۆکی لیژنەیە، دەبوایە پەیوەندی بە کاروباری ئەنجومەن بکات، چونکە ئەو دەبێت خەڵك کۆبکاتەوە، ناوەکان داوا بکات و، لەکاتی داواکردنی ناوەکان لای خۆی بنووسیت و ئاگاداریان بکات، بڵێت فلاّن سەعات کۆبوونەوەمان هەیە، ئەوەی ئامادە نابێت غایبی دەنووسی، دەڵێت فلاّن کەس غایبە، چونکە دەبێت بەڕاستی سەرۆکی کوتلەکان سەرەتا ئەوان پەیوەندی بە لیژنەکان بکەن هەتاکو ئیش وکاریان ڕێکبخرێت، دوای سەرۆکی کوتلەکان سەرۆکی لیژنەکان، پاشی دوایی موقەریر ئاگادار دەکات، بۆ هەر کوتلەیەك، موقەریر ئاگادار دەکات، موقەریریش برادەران ئاگادار دەکات، لە سەعات و دەقیقەی موعەیەن کۆدەبنەوە، لەبەر ئەوە پەیوەندی بکرێت باشە و ناوەکان وەربگرێتن، تاکو سەرۆکایەتی و جێگری سەرۆك و موقەریر دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ناوانەی کە بەڕێز کاك بەکر باسی کردن کە نەگەیشتۆتە دەستی، ئەو ناوانە ئێمە هەردوو فراکسیۆن بە نووسراوێکی یەکگرتوو هەردوولامان ئیمزامان کردووە، سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئیمزایان کردووە، ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، ناوەکان لەوێدا هەن هەر لیژنەیەك چ ناوێکی تێدا هەیە، برادەرانی خۆشمان ئاگادار کردووە ئەوانیش و ئێمەش، هەر یەکە چۆن تەوزیعی ئیش و کارەکان کراون، لەبەر ئەوە دەبوایە داوای لیستەکەی کردبایە و، لەوێ ناوەکان دیاری کراون بە ئیمزای هەردوولاشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك فاتح محمدامین.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەرکی لیژنەکان و کارکردنی لیژنەکان، بەقەناعەتی من زۆر پێویستە هەموو پێکەوە کار بکەن، بەلاّم لەم هەنگاوەدا لەوانەیە هەندێك کێشە بێتە پێش برادەرانی لیژنە، نەتوانن هەموو لە یەك شوێن یان زەحمەت بێت، ئەو بێت بۆ ئەوێ یان ئەو بێ بۆ ئەوێ، هەندێکی هەر لە شوێنەکەی خۆی کۆبێتەوە، بەقەناعەتی من ئەگەر بکرێن هەر چەند لیژنەیەك مەقەری ببێتە شارێك، ئەو چەند لیژنەیە لەو شارە کۆببێتەوە، بەلاّم هەموو پێکەوە کۆببێتەوە نەك جیاجیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك فاتح، فەرموو کاك جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابتان فەرمووی هەمووی ڕاستە لە جێگای خۆیەتی، پێویستە هەموو لێژنەیەك بە ئیش و کاری خۆی هەڵسێت و بەتایبەتیش سەرۆکی لێژنە، بەڵام زۆر لێژنەش ئیش و کاری خۆی کردووە بەتەواوی و ڕاپۆرتی خۆشیان پێشکەش کردووە، پێویستە ئەو لێژنانەی کە بە ئیشی خۆیان هەڵنەستاون یان هەڵبژاردنیان لە نێوان خۆیاندا نەکردووە، ناوی ئەوانتان دیاری کردبایە، نەك هەموو لێژنەکان بەیەك شێوە تەصەور بکەن، وەکو وابێ هەموو لێژنەکان ئیشی خۆیان نەکردبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك جەمیل، ئێستا کاك د.ڕۆژ دەیەوێت چەند ڕوون کردنەوەیەکتان پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ ئاگاداری ناوی ئەندامانی هەموو لێژنەکان لێرە لەم قاعەیە خوێندراونەتەوە، لەبەر ئەوە ئەم حوجەیە لە جێگای خۆی نییە، ئێمە ئەندامانی لێژنەی خۆمان ناناسین ڕاست نییە ئەوە، ئەرکی سەر شانی فراکسیۆن نییە ئیعلانی ناوەکان بکات، بەڵکو لە سەرۆکایەتیەوە لێرە ناوەکان خوێندراوەتەوە و شێوە پەسەندتان کردووە، دەنگتان لەسەر داوە، لەبەر ئەوە سەرۆکی هەر لێژنەیەك، کە ئیتفاقی لەسەر کردووە پێویستە بگەڕێت بەدوای ئەندامەکان و کۆیان بکاتەوە و کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، ئەم پرۆژەیەی ئاخیریش بۆ زانیاری پێش حەفتەیەك خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، ئەوە ئێستا موناقەشەی دەکرێت، مانای لێژنەکان کاتی تەواویان هەبووە کە موناقەشەی بکەن و، ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن، هیوادارین لە دوارۆژیشدا هەموو پرۆژەکان بەم شێوەیە بێت. خاڵی دووەم ئیتفاقیەی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، تەنها ئەرکی سەر شانی یەك لێژنە نییە، ئەوەی پەیوەندی بەناوخۆیەوە هەیە، ئەرکی سەر شانی لێژنەی ناوخۆیە کە موتابەعەی بکات، ئەوەی پەیوەندی بە داراییەوە هەیە، ئەرکی سەر شانی لێژنەی داراییە کە موتابەعەی بکات، ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە، ئەرکی سەر شانی لێژنەی پێشمەرگەیە موتابەعەی بکات، ئەوەی پەیوەندی بە دەرکردنی یاساو بڕیار و شتی تایبەتی هەیە، ئەوە ئەرکی سەرشانی لێژنەی یاساییە کە موتابەعەی بکات، وەکو بڕیاریشی لەسەر دەرکراوە تەنسیق لە بەینی لێژنەی تەنسیقی باڵاو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە دەکرێت، ئەویش بڕیاری خۆتانە کە وەرتان گرتووە، مەبەستیشمان لەم کۆبوونەوەیە لە ڕاستیدا ئەوەیە ئیش وکاری هەموو لێژنەیەك دیار بێت و، زیاتر جۆشی پێ بدرێت و ئیشی پێ بکرێت، چونکە لە ڕاستیدا فەترەی داهاتوو وەختی ئەوەیە هەموو قۆڵی لێ هەڵماڵین و ئیشی تیا بکەین بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.رۆژ بۆ ئەم ڕوونکردنەوانەی کە پێشکەشی کردن، فەرموو کاك محمد علی تۆفیق.

**بەڕێز محمد علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ویستم ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە، بەڕێز جەنابی کاك د.رۆژ باسی کرد، چونکە بە حەقیقەت لێژنەی تەنسیقی باڵا چەند لێژنەیەکی هەیە، تەنها لێژنەیەك نییە کە لێژنەیەکی پەرلەمانی موتابەعەی ئیش وکارەکانی بکات، لەبەر ئەوە ئەوان چەند لێژنەیەکیان هەیە، کێشەکانیش موتەفەریقەن، هەموو شێوەکانی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لێژنە هەمیشەیەکان بەتێکڕا بەشداری لەوکارانە بکەن وەکو لە دانیشتنی پێشوودا بڕیارمان لەسەردا. بەنیسبەت کۆبوونەوەی لێژنەکان بەڕاستی شتێکی زۆر پێویستە لە مانگێك دوو جار و، حەقە ئەوە بکرێت بە بڕیارێك، بڕیارێکی ناوخۆیی لە سەرۆکایەتییەوە بدرێتە لێژنەکان، وەکو ئیجبار ئەم لێژنانە کۆببنەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشانەی کە هەیانبێت لەو مانگەیا بتوانن لەم کۆبوونەوەیانە جێبەجێی بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك محمد علی تۆفیق، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان بەپێی بڕیاری ڕێککەوتننامەی واشنتۆن لە ساڵی (١٩٩٨)، ئەرك و دەسەڵاتی پەرلەمانیش بۆ ئەم ماوەیە دیاری کراوە، شان بەشانی ئەوە ئێمە لە حەفتەی ڕابردوودا ئەرکی لێژنەکانمان دیسان ئیزافە کرد، کە ئەرکی لێژنە دائیمیەکان ئەوەیە لەگەڵ لێژنەی باڵای تەنسیق وەکو جەنابی د.رۆژ و برادەرانی تر باسیان کرد، ئەبێت بە تەنسیق هەر یەکە ئیش و کاری خۆی لە بواری خۆیدا، لەگەڵ لێژنەی تەنسیق جێبەجێ بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێك ئیش هەیە، بەڕاستی ئیحتماله ئیشکالی تێدا بکەوێت، بۆ نموونە وەکو نموونە دەیهێنمەوە، لە کاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵادا، هەندێك جیاوازی هەیە لە کاروبارەکان لێرەو لەوێ، بۆ نموونە لە پۆلی یەکی سەرەتایی تاکو پۆلی چواری سەرەتایی، لێرە ئیمتحان هەیە و نمرە دائەنرێ، لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی سلیمانیدا ئیمتحانات نییە و نمرەش دانانرێت، یەکسەر بۆ قوتابییەکە دەنووسرێ دەرچووە، یان داخیل بوون بە ئیمتحانی یە کەلۆری، بۆیە کەلۆری شەشی سەرەتایی، لێرە (٥٠٪) ڕێژەی حسابی موعەدەلی بۆ دەکرێت، مانای ئەو ڕێژەیەی کە لە ماوەی ساڵێکدا وەدەستی هێناوە زائیدەن (٥٠٪)ی تر ئەوە ئەنجامی ئیمتحانەکەیە، هەندێ نموونەی تر لەم بابەتەیەوە یان زمانی کوردی و چۆنیەتی خوێندنی زمانی کوردی بەتایبەتی لە پۆلی یەکەم و دوو و سێ، تۆزێك جیاوازی هەیە، ئەوە گرفتێکە من پێم وایە ئەو گرفتە دەبێت چاك بکرێتەوە، جا ئەگەر وا بڕوات دەبێتە دوو سیستەمی خوێندنی جیاواز، ئەم ئەرکەش پێش هەموو کەسێك دەکەوێتە سەر ئەستۆی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، زائیدەن لێژنەی تەنسیق وەکو

دیاریمان کردووە، کە دەبێت بۆ ئەم کێشەیە دەورێکی باڵا ببینن لەم مەسائیلانە، بۆیە منیش بێگومان ئەم پێشنیارەی جەنابتان پەسەند دەکەم پێم باشە بکرێت بە بڕیارێك، بەناوی فەراکسیۆنەوە داوا دەکەین بکرێت بە بڕیارێك لە مانگێ دوو جار ئەم کۆبوونەوانە بکرێن هی لێژنەکان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گوتمان ئەم تەنسیقە هەبێت خراپ نییە، بەلام بە تەئکید پێش هەموو شتێك وابزانم باشتریشە زیاتر هەردوو لێژنەکان بۆ خۆیان هی هەردوو لایان تێدایە، هەر یەکەش زیاتر موتابەعەی وەزارەتەکانی خۆیان بکەن، تەقاریریان هەبێت دەربارەی وەزارەتەکان، مانای هەر کەسەو لە بواری خۆیدا، ئەگەر بکرێت پێکەوە بڕوات زۆر باشە، ئەگەر نەکرێت هیچ نەبێت ئەوەو ئەوە بچەسپێت کە موتابەعەی وەزارەتەکانی خۆیان بکەن، تەقریریان هەبێت دەربارەی وەزارەتەکانی خۆیان، مانای مەبەستم وەزارەتەکانی ئیدارەی هەولێر یان ئیدارەی سلێمانی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن کرا، بۆ میکانیزمەکەی بەڕاستی کاکە د.رۆژ روونی کردەوە، کە لێژنەکان هەر یەکە کاری خۆی دەکات، ئەوەی پەیوەندی بە کاری وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، یاخود پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، یان وەزارەتی داد، ئەوانە، ئێوە پێتان باشە ئەو میکانیزمە لە پێشەوە بردنی ئەم ئەرکەیە لە توانایەتی یان ئەرکەکە زیاتر بلاو دەکاتەوە، وەیا بیر لەوە بکرێتەوە هەر یەك لێژنەی تایبەت لە پەرلەمان دابنرێت، لەگەڵ لێژنەی تەنسیقی باڵا یەکسەر ئیشەکانیان دەمج بکەن و بەیەکەوە ئیشەکان ئاراستەی وەزارەتەکان و ئەو شتانە بکرێت، کە میکانیزمیەکەیان لایەو جێبەجێ دەبێت، یان هەروا بەو لێژنانە بڕوات، پێتان وانییە تۆزێك ئیشەکان بلاو دەبێتەوە بەرپرسیەتی کەمتر دەبێت، زیاتر دوای بخات، دیارە ئەوە ئێمە سێ مانگمان تەواوکرد لە تەمەنی ئەنجومەن، تەبعەن ئێستا نەچووینە سەر بەندێك لە بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، کە ئەوەش پەیوەندی هەیە بە دەرەوە، جیایە لەوەی کە لە پێشا جێبەجێ کراوە، جا ئەوە نازانم بیرکردنەوەیەکی دەوێت، یەك لیستەی تایبەت هەبێت لێرە لە ئەنجومەن، یان هەر وەکو ئەوەی کە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عومەر بۆ پێشنیازەکانت، وەکو دەزانن کە لە رێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە کە پەرلەمان بە هاوکاری لەگەڵ لێژنەی باڵای ئاشتی (HCC) ئەو مەسەلانەی کە بەرەو روویان دەبێتەوە پێکەوە بیکەن، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە ئاسایی کردنەوەی باردۆخی کوردستانەوە هەیە و، هەر هەنگاوێکی تر کە پێویست بەوە بکات، ئەو لێژنانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمانن هاوکاری تیا بکەن، لە کۆبوونەوەی پێشوودا ئێمە بڕیارێکماندا لەسەر ئەوە، کەوا یەکێك لە بڕگەکانی سوپاس و پێزانینی پەرلەمان بوو بۆ ئەم لێژنەیە و، لێژنەی باڵای ئاشتی، پاشان داوا کرا کە پێویستە ئەو لێژنەیە لەگەڵ لێژنە فەرعیەکان و، هەروەها لەگەڵ ئەو

لێژنانەی کە لەناو پەرلەمان هەن هاوکاری بکەن، میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، کە لە سەرووی هەموویانەوە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستانە و، هەروەها زەمینە خۆشکردنە بۆ هەڵبژاردن بە گۆڕانکاری پێویست لە یاسای هەڵبژاردن بەسەرژمێری و، هەنگاونان بەرەو ئەوەی کە ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیاری لەسەر دراوە لەکاتی خۆیا جێبەجێ بکرێت، ئینجا ئەو مەسەلەیە بەرەو ڕووی لێژنەکانی پەرلەمان بەتایبەتی و، پەرلەمان خۆی بەگشتی ولەگەڵ کۆمیتەی باڵای ئاشتی (HCC) بەرەو ڕووی ئەوان کراوەتەوە و، لە ڕۆژانی داهاتوودا یان لە حەفتەکانی داهاتوودا، ئێمە هیواداریین کەوا ئەم هەنگاوانە بنرێن و جێبەجێ بکرێن، کۆمیتەی یەکگرتوو دروست بکرێن لە نێوان ئەوانە، هەر وەکو لە بڕیارەکەی کۆبوونەوەی پێشوماندا هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە لە رێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە، دەست بکرێت بە جێبەجێ کردن، بەنیسبەت بڕیارەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن، خاڵەکانی کە لە رێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە ئەوەی کە کرابێت تا ئێستا کە بە گەورەترین هەنگاو دەژمێردرێت، لە ڕێگای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان ئەوەیە کەوا پەرلەمان جارێکی تر بەشێوەیەکی یەکگرتوو کۆبووەوە ولە سێ مانگی ڕابردوودا، کۆبوونەوەی خۆی بە باشی و رێکوپێکی بەبەردەوامی کردووە و، ئێمە هیواداریین کە میکانیزمێکیش لە کاتێکی زووا بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تر، وەکو گوتم لەسەرووی هەموویانەوە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و، هەندێ قسەو باس کرا دەربارەی جیاوازی، لە قسەکانی کاك د.ناصح هات لە بیروبۆچوونی هەردوو ئیدارە، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا، ئەوە زۆر ڕاستە، بەڵام پێویست دەکات ئێوە باسی بکەن، لێژنەی پەروەردە کە کۆدەبێتەوە باسی بکات لەم بارەیەوە ئامۆژگاری و پێشنیازی خۆی پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی لە لایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، چونکە یەکێك لە بڕیارەکان یان بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن ئەوەیە هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی هەردوو ئیدارەکە ببنەوە یەك، کە ئەمە بەڕاستی ئەرکێکی زۆر پیرۆزە بەتایبەتی پێویستە ئەوە جێبەجێ بکرێت پێش ئەوەی کەوا ئەم گۆڕانکاریانە لە بارودۆخی عێراق و ناوچەکەدا بێتە پێشەوە، ئێمە ئەو کاتە ئەگەر بە ریزێکی یەکگرتوو بچینە پێشەوە ئەتوانین داخوازیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان باشتر بچەسپێنین و جێبەجێی بکەین، باشترین نموونەش ئەوەیە کە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن ئەگەر بهاتایە بەینی کورد لەوێ یەك نەبووایە، هەڵوێستی کورد یەك نەبووایە، من گومانم هەیە لەوەی کەوا بگەیشتبایینە ئەم بڕیارە باشانەی کەوا دەربارەی داخوازیەکانی گەلی کورد لە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیدا خۆی ئەنوێنێ، گومانم هەیە لەوەی کە بتوانرابایە ئەو داخوازییە جێبەجێ بکرێت، وەکو لەلایەن زۆربەی هەر زۆری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کۆبوونەوەکە جێبەجێ کرا، ئینجا ئێمە ئیش و کاری لێژنەکان کە دەڵێین پێویستە بکەونە گەڕ و، بەچالاکی هەوڵبدەن بۆ ئەوەی ئەگەر جیاوازیەك لە بڕیارو بیروبۆچوونی ئیدارەکان هەیە هەوڵبدەین کەوا نەیهێڵین، هەوڵبدەین کە یەکی بخەین و، ئەوانە هەمووی بکرێن بە پێشنیازو پێشکەش بە پەرلەمان بکرێن، بۆ ئەوەی کەوا بڕیاری لەسەر بدرێت ئەو کاتە پێویستە هەردوو ئیدارەکەش پابەند بن

بە جێبەجێ کردنی، ئەو قسانەی کە لێرە کران هەمووی قسەی باش و ڕێکوپێك و بەنرخن و، ئێمە هیواداین لە ڕۆژانی داهاتوودا لە حەفتەکانی داهاتوودا، ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت، فەرموو کاك مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئیشوکاری لێژنەکان جەنابتان ئیشارەتان بەوەدا، کەوا بەلای کەمی مانگی دووجار کۆبوونەوە بکەن، شتێکی باشە، ئەگەر ئیشی سەرپێیی و زیاد هەبوو زیاتریش بێت مانع نییە، بەڵام هەندێك لە لایەنی فەنییەوە گرفتمان دەبێت لێژنەکان لە بابەت کۆبوونەوە، ئێستا ئەو لێژنەیەی کەوا سەرۆکایەتی پرۆژەی ئاراستە نەکات، باسی چ بکات؟ شتەکان دیاری بکرێت، لە سەرۆکایەتییەوە ئەوە زیاتر بۆمان ڕوونبکەنەوە. دوو دەربارەی لێژنەکان ئامادە نینە لێرە، برادەرانی دهۆك و سلێمانی هاتوچۆ دەکەن، ئەگەر ویستمان کۆبوونەوە بکرێت ئامادە نینە، ئێمە داوا بکەین تەنها بۆ کۆبوونەوە بەرقیە بکەین برادەران ئامادە بن لەوێ، یاخود بەردەوامی ئیشوکاری لێژنەکان، ئەندامانی ئەو لێژنانە چۆن دەگونجێ لەگەڵ ڕۆژانی کۆبوونەوەی پەرلەمان، برادەران لە سلێمانی و دهۆك دێن، ئەمڕۆ کۆبوونەوە تەواو بوو دەگەڕێنەوە، تەنها جەماعەتی هەولێرو دەوروبەری دەمێنن، ئەگەر حەدێك بۆ ئەمە دابنێن، دیارکردنی شێوەی کارکردنی ئەو برادەرانەی کە لێرە نین، لەگەڵ ئەوانەی کە لێرەن، چونکە ئیشەکە لەنگ دەبێت لە حەفت کەسان سێ کەس لێرە نەبوو، بە چوار کەس ڕاستە کۆبوونەوەکە دەکرێت، بەڵام شێوەی یاسایی خۆی زیاتر وەرناگرێت، کاتی خۆی لێژنەیەکمان هەبوو بەناوی لێژنەی بڕیاری (٩٨٦)، لێژنەیەکی دائیمی بوو، نازانم ئەوە ماوە یان نا؟ باستان نەکردووە. خاڵی سێیەم ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاك عومەر سەید عەلی کردی منیش ئەوەم لە خەیاڵ دابوو، لێژنەیەکی تایبەت هەبێت ئیشوکاری موتابەعەی کۆبوونەوەی ڕێککەوتنی پەرلەمانی، ڕێککەوتنی واشنتۆن و، ئەو برادەرانەی کە ئیشیان لێ کردووە لەم مەجالە، لێژنەیەکی تایبەتی بێت ئەمانە، ڕەئیم وایە حەواڵەی ئەوان بکرێت باشترە، نەوەك هەر کەسە، لێژنەیەك هەڵبستێت قسان بکات، لێژنەیەك بەنەوعێك بۆ مەسەلەکە دەچێت، لێژنەیەکی تر تەقریبەن بە نەوعەکی تر دەچێتن، یەك لێژنەی تایبەت هەبێت ئەم لێژنەیە کاتی بێت، ئیشوکارەکانی ئەم شتە بکات تا ئەوە تەواودەبێت. چوارەم ئیشوکاری لێژنەکانمان هەبێت تەوحیدی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان، یاخود یاسا و بڕیارەکانی کە لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی هەیە، هەندێ یاسا هەیە لێرە ئیشی پێ دەکرێت، هەندێك هەیە لەوێ بەشێوەیەکی تر ئیشی پێ دەکرێت، دەبێت تەوحیدی ئەم یاسایانە بکرێت، وەکو پرۆژە بێتە ناو پەرلەمان، ئەگەر پەسەند کرا ئەوە بڕیاری لەسەر بدرێت لە کێهە لای پەسەند بوو زیاتر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا هادی، ئێستا کاك کاکەڕەش دەیەوێت هەندێك ڕوون کردنەوە بدات لەم بارەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی کاک عومەر فەرمووی، لیژنەی تەنسیقی باڵا تەنها پەیوەندی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت تەوجیهات و یەکتر ببینی تەنها لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنە دائیمیەکان پەیوندیان لەگەڵ لیژنە فەرعیەکانە، کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنە فەرعیەکان دەکەن و، بەپێی پسپۆری خۆیان، بۆ نموونە لیژنەی بەدواداچوونەوی باری ئاسایی، لیژنەی کشتوکاڵ پێوەندی بەسەریەوە چییە بچێت سەری لێ بدات، لیژنەی ناوخۆ دەچێت لەگەڵ ئەم لیژنەیە کۆدەبێتەوە، لیژنەی گەڕانەوەی زەوی، تەبعەن لیژنەی کشتوکاڵ دەچێ لەگەڵ لیژنەکە کۆدەبێتەوەو دەڵێت ئەرێ ئەو زەویانەتان گەڕاندەوە یان نا؟ مەسئەلە بەپێی پسپۆرییە، لەبەر ئەوەی پسپۆرییە لە سەرەتاوە پسپۆریەکە دیارە، پێویستە لیژنەکە پسپۆری خۆی بزانێ، چ حەقی بەسەر لایەنی ئاسایشەوە هەیە کشتوکاڵ و خەدەماتی کشتوکاڵ و فلان دەبێ بچێتە ئەو لیژنەی فەرعی، لیژنە فەرعیەکانیش تەنها هیچ ناکەن، ئەوەی کە بچێتە لیژنە دائیمیەکە کە پەوەندی بە لیژنە فەرعیەکە بکات، دێتەوە تەقریر بۆ سەرۆکایەتی تەقدیم دەکات، دەڵێت ئەم لیژنەیە ئیشوکاری تاخیر بووە، لەبەر ئەم هۆیانە، ئەو کاتە دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی تەنسیقی باڵا پەیوەندی دەکات و، دەتوانن تەحدیدی ئەو عەقەبەیە بکەن کە لە پێشیانە، جا بەقانون بێت یان بە بڕیار بێت، هەوڵدەدرێت حەل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو ناوی ترم لەبەر دەستدایە کە داوای قسە کردنیان کردووە، کاک د.عزالدین و کاک احمد شریف، کەسی تر هەیە بیەوێت قسە بکات هەتا ناوە کانیان بنووسین؟ کاک مەلا هادی تازە قسەتان نەکرد؟ تەعقیبت هەیە؟ باشە؟ پاش ئەوەی ئەوان لە قسەکانیان بوونەوە، من حەزم کرد ئەم ڕوونکردنەوەیەش بدەم هەروەها بە کاک مەلا هادی، لە بارەی کۆبوونەوەی لیژنەکانەوە، ئێوە ئەم لیژنەیە کە جارێك کۆدەبێتەوە ئیتر پێویستە بۆ کاری داهاتوو، لە نێوان خۆیان ڕێك بکەون و مەوعیدێك دابنێن، هەر کۆبوونەوەیەك کۆتایی هات لە کۆتایی کۆبوونەوەکە، مەوعیدێك دابنێن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، ئەوە بەم شێوەیە لەم کێشەیە ڕزگارتان دەبێت کە بکەوێتە بروسکەو بروسکەکاری، یاخود تەلەفۆن و ئاگاتان لەیەك نەبێت، کێشەکە هەیە بەڵام چارەسەرکردنیشی زۆر ئاسانە، فەرموو کاک د.عزالدین.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو قسانەی کاک د.ناصح فەرمووی، ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، باسێکی ئەوە کرا کە لەم ماوەیەدا تۆزێك سیستەمی خوێندنەکان تێکچووە، هەر لە ڕووی ئەوەوە کە دەمانەوێت شتەکان یەکگرتوو بن باشترە لامان، شتی یەکەم بۆ یەکگرتووی پێمان باشە، لایەنەکەی تری لایەنی پەروەردەیی، کۆمەڵێك بڕیارمان هەیە لە کۆنووسی لیژنەکە هاتووە، بەتایبەتی هەندێك کتێب گۆڕاوە، بێ ئەوەی هەموو ئەندامانی لیژنەکەی ئێمە کە پسپۆڕن

دەرسگوتنەوەی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ، ئەوەی لێی رازی نەبین بڕیارمان وایە کە سەری وەزیری پەروەردەی هەردوولا بدەین و، ئەم مەسەلانەیان لا باس بکەین، ئەوە بەپێی لێژنە و، دیارە بە پرسی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەبێت، مەسەلەیەکی تر هەیە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئێوە، ئێوە ئەگەر باسی بکەن لە سلێمانی وەزیری خوێندنی باڵا هەیە ئێستا، لە کاتێکا لێرە با بڵێین ئیدارەی دووەم هێشتا هەر ئەنجومەنی خوێندنی باڵا هەیە، کە کاتی خۆی دروست کرابوو، وەزارەت نییە، ئەوە وابزانم ئێوە باسی بکەن و یەك بخرێت وەکو یاسایەك باشترە، بەم جۆرەیا دوو وەزارەت هەبێت یان تەنها ئەنجومەنی خوێندنی باڵای کۆنەکە بگەڕێتەوە، ئەو مەسەلەیە لای ئێوەیە بە دەست لێژنەوە نییە، مانای کاری لێژنە نییە، بۆ ئەوی تریش ئێمە تەنانەت هەندێك کتێبی سەرەتایی گۆڕاوە بێ ئاگاداری پسپۆڕەکان چی کراوە ئەمانە، خەریکین کاری تێدا بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك د.رۆژ.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها مەبەستم ئەوەیە جوابی بڕگەی کۆتایی بەڕێز د.عزالدین بدەمەوە، لە ڕاستیدا ئێستا حاڵی حازر بەهۆی ئەم وەزعەی کە ڕووی داوە فەرق و جیاوازی هەیە، لەلایەنی یاساییەوە، لەلایەنی ئیدارییەوە بڵێین حەتا شکلی وەزارات و نەوعی وەزاراتیشەوە، بۆیە ڕای سەرۆکایەتی بەم شێوەیە، لەڕاستیدا ئەم بابەتەمان لەگەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنا باس کردووە، لە مەرحەلەی یەکەم لێژنەکان هەر کەس لە شوێنی خۆی موتابەعەی لایەنی خۆی بکات، چونکە فەرق و جیاوازی هەیە، ئەوانەی سلێمانی لەو یاسایانەو لەو تەشکیلە ئیدارییەی سلێمانی لەوەیا شارەزان، لەگەڵ ئەوە گەورە بوون و خۆیان بڕیاریان تیادا وەرگرتووە، دەتوانن باش موتابەعەی بکەن، لە خاڵەکانی تێبگەن و ڕەئیان بێننەوە ناو لێژنەکانیان، ئەوانەی هەولێرو دهۆکیش بڵێین هەمان شت، قۆناغی یەکەم تا یاساکان تێك دەخرێ و تا ئیدارەکان تێك دەخرێنەوە، تا شکلی وەزارەتەکان و عەدەدی وەزارەتەکان دەبێتەوە یەك، پێویستە ئیشەکانمان تا حەدێك جیا بێت لەیەك، بەڵام لە ناو لێژنەکە یەك دەگرێتەوە، ڕاو بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە بەم شێوەیە لە ڕاستیدا، حەلێکی مومکین دادەنێین بۆ ئەم فەترەیە، هەر چەندە حەلێکی دائیمی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئەحمەد شەریف.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی تەشکیلی لێژنەکان لە کۆبوونەوەی پێشتر موناقەشە کراو بڕیاری لەسەر درا، ئێستا ناتوانین لێژنەکان بگۆڕین یان کەمی بکەینەوە یان زیادی بکەینەوە، چونکە ناکرێت لە هەر کۆبوونەوەیەك پێشنیارێك هاتە پێشەوە موناقەشە بکرێت، ئەم لێژنانە زۆرن یان کەمن یان چۆن

بوون یان چۆن نەبوون، هەر وەکو جەنابی کاکەڕەشیش ڕوونی کردەوە، فیعلەن هەر لێژنەیەك پسپۆڕی خۆی هەیە و کاری خۆی هەیە، پەیوەندی بە لیژنەی فەرعی ئاشتییەوە هەیە، بەنیسبەت ئامادەبوونی برادەرانی سلێمانی یان دهۆك، لێژنە کە کۆدەبێتەوە مولزەمە ئەو برادەرە لە سلێمانییە لە دهۆکە لە هەر جێگایەکە دەبێت ئامادە بێت، بۆ کۆبوونەوەی لێژنەکان، ئەوە بیانوو نییە وەڵلا من لە سلێمانیمەو لە کۆبوونەوەی لێژنەکەی خۆم ئامادە نەبوومە، ئەوەی ئامادە نەبوو پێویستە بە غایب بنووسرێت، لەبەر ئەوە دەبێت لێژنەکان دەست بەکار بن، بەڕاستی بڕیارەکەتان لە جێگای خۆیەتی، لێژنەکان پێویستە دەست بەکار بن بۆ ئەوەی ئیشوکارەکان بەڕێك و پێکی بەڕێوە بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعید یعقوبی.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٢٠) لە نیزامی ناوخۆ دەڵێت (پێویستە بەرنامەی کار (٤٨) سەعات پێشتر پێشکەش بە ئەندامان بکرێت لەگەڵ ئەو موستەمسەکاتەی کە پێویست دەکات لە کاتی موناقەشە، موناقەشەی لەسەر دەکرێت) ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە، ئومێد دەکەین لەمەو دوا دەستەی سەرۆکایەتی موراعاتی ئەوە بکات، بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان کە داخیلی دانیشتنەکان دەبێت، خۆی حازر بکات و قسەکانیشیان جێگای متمانە بێت و دیراسەت کرابێ و پەسەند کرابێت، ئەوە یەك، دوو بەنیسبەت ئەو لێژنەیەی کە ئیقتراح کراوە کە دامەزرێت، سەر بە لێژنەی تەنسیق بێت لە پەرلەمان بێت، پێم وایە ئەمە حەلەقەیەکی زیادەیە، چونکە پێم وایە لە بڕگەی چوار لەم یاسایەی ئەوی ڕۆژی دەرمان کرد، دەڵێت ئەم چواردە لێژنەیەی پەرلەمانی حەقی موتابەعەی ئیشەکانی لێژنە فەرعییەکانی لێژنەی تەنسیقی هەیە، کەواتە ئەم حەلەقەیە حەلەقەیەکی زیادەیەو ئیش تاخیر دەکات، پێویست ناکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی بەڕێز کاك د.ناصح، هەندێ جیاوازی پێشاندا لەنێوان هەردوو پەروەردە، بەقەناعەتی من دەبێت هەموو هەوڵ وتێکۆشانێك بۆ نەهێشتن و یەکسانی کردنی ئەم جیاوازیانە بێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، ئێمە لە لێژنەی پەروەردە بڕیارێکمان دا لەسەر سوچێکی ئەم جیاوازیانە، بەڵام بەڕای منەوە زۆر باشە ئەگەر بۆ ئەم جیاوازیانە ئێمە ڕوو بکەینە پسپۆڕەکانی پەروەردەیی و، هیچ مانعێك نییە ئەگەر کۆنگرەیەکی پەروەردەیی ببەستین بۆ نەهێشتنی و چارەسەر کردنی ئەم جیاوازیانە، بۆ ئەوەی پەروەردە یەکسان بێت لە هەموو شارەکانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك فاتح، فەرموو کاك شێخ عبدالکریم.

**بەڕێز شێخ عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابتان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسەی زۆر باشیان كرد، بەڵام ئێستا واقیعەكە وای لێ هاتووە ئەم لێژنانەی كە دروست كراوە تەنها بۆ ئەمەیە كە بڵێن پەرلەمان لێژنەی هەیە، دەنا بە حوكمی دوو ئیدارەیەكە، بەحوكمی ئەوەی هەردوو ئیدارەش قەوانین و قەراراتی خۆی هەیە ئەم لێژنانە ئیفلیجن، بەڵام ئەوەی كە بەڕێز كاك د.ڕۆژ ئاماژەی بۆ كرد، ئەگەر ئەوەیە هەر لێژنەو لە سنووری گەڕەكی خۆیا ئیش بكات، ئەوە بەڕای من قەرارێكی پەرلەمانی لێ بدەن، هەر هیچ نەبێت ئەم ئەندام پەرلەمانانە هەست بكەن كە ئەندامی لێژنەشن، گرینگیەكیان لەسەر شانە، دەنا بە واقع هەمووومان وەزعەكە باش دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەگەر لەو بارەیەوە، كەسی تر نەبێت، كەوا بیرو راو پێشنیازێكی هەبێت، كۆتایی بەم لێكۆڵینەوەیە دەهێنین و، من لە كۆتاییدا حەز دەكەم بڵێم كەوا ئێمە لە كۆبوونەوەكانی داهاتوودا چاوەڕێی ڕاپۆرتی لیژنەكان دەكەین و، هیواداریـن وردە وردە دەست بكەن بە كۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو بیرو راو پێشنیاز و ئامۆژگاریانەیان چییە بخرێتە بەردەمی پەرلەمان، ئەوەی كەوا:پەسند كرا، ئەو كاتە پێویستە هەردوو ئیدارە پابەندی بن و، من حەز دەكەم لێرەدا بۆ كاك شێخ عەبدلكەریم روون بكەمەوە، ئێمە هەنگاوەكان وردە وردە جێ بەجێ دەكەین، پێویستە زەمینەی پێ خۆش بكرێت، ئامانجی ئێمە لەم دەورەیەدا كە ناومان ناوە خولی گواستنەوە، ئەوەیە كە ئێمە هەوڵ بدەین هەڵبژاردنێكی گشتی ببێت و، زەمنیەی بۆ خۆش بكەین و، ئەگەر ئەوەش پێمان كرا و، بەتایبەتی پێش گۆڕانكارییە چاوەڕوان كراوەكان لە عێراقدا، ئەگەر پێمان كرا هەنگاوی جددی بنێین بۆ یەككگرتنەوەی ئیدارەكان، ئەوە كارێكی زۆر باش دەبێت و، پێویستە هەموو لەو بوارەدا هەوڵ بدەین و، كار ئاسانی بكەین و، زەمینەی بۆ خۆش بكەین، ئینجا لە كۆبوونەوەكانی داهاتوودا ئەوەندەی پەیوەندی بە لیژنەكانەوە هەیە، ئێمە چاوەڕێی ڕاپۆرتەكانتان دەكەین، چاوەڕێی سەرنج و تێبینیەكانتان دەكەین و، بێگومان هەر بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانەوە وەرگیرا، پێویستە هەموو هەوڵ بدەین بۆ جێ بەجێ كردنی، ئەوەشمان لە یاد بێت كە هەمیشە بۆ مەسەلە سەرەكییەكان هەوڵ بدەین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كوردستانەوە هەیە و، وەكو لە یەكەمین كۆبوونەوەی خولی گواستنەوە، بڕیار درا لە ٢٠٠٢/١٠/٤ و، بڕیارەكانی ڕێككەوتننامەی واشنتون بە پڕی دەنگ وەرگیرا و، هەروەها وەكو لە كۆبوونەوەی پێشوودا باسی لێ كرا، ئەو بڕیارانە بەشی زۆری بەرەو رووی كۆمیتەی باڵای ئاشتی دەبێت (HCC) بە هاوكاری لەگەڵ پەرلەماندا و، لەو بارەیەوە ئێمە هیوامان وایە كە چ لەلایەن (HCC)یەوە، چ لەلایەن پەرلەمانەوە هەنگاوی باش بنرێت لە پێناوی جێ بەجێ كردنیاندا و، هەتاوەكو پەلە بكەین لەو هەنگاوانە، باشترە، هەرچەندە ئەگەر ئێمە بەشێوەیەكی بابەتی و واقیعی سەیری مەسەلەكان بكەین، دەزانین كە ئەوە پێویستی بە هەندێ كات هەیە، چونكە ئەو لێدابڕان و دووركەوتنەوەیە و، ئەو بارودۆخەی كە لە كوردستاندا هاتە پێشەوە خۆتان هەموو ئاگادارن و شاهێدی حاڵی ئەوەن، پێویستی بە ماوەیەك هەیە بۆ ئەو

ئاسایی کردنەوەیە، وەکو ئەوەی کەوا هەڵبژاردن بکرێت، بۆ ئەوەی ئیدارەکان ببنەوە یەك، ئەوە پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت، بەڵام دەبێت واقیع ببینیش بین، وا نەزانین ئەو مەسەلانەی هەمووی لەم رۆوە بۆ سبەینێ جێ بەجێ دەکرێت، گرنگیش ئەوەیە ئێمە بڕیارمان داوە و ئامانجمان دیاری کردووە و، پێویستە هەوڵ بدەین بۆ جێ بەجێ کردنی بەهێز و توانای خۆمانەوە، سوپاستان دەکەم.

باشە ئێستا دێینە سەر باس کردنی خاڵی پێنجەم:

خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر دراوی هەرێم بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ناسروشتییەی بەسەری دادێت.

تکا دەکەین لە نوێنەرانی دامودەزگاکانی راگەیاندن و میوانە بەڕێزەکان کەوا هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، چونکە ئەو کۆبوونەوەیە بە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دادەنرێت، وا بە پێویست زانراوە، لەو بارەیەوە لە پاشان خۆمان شتێك روون دەکەینەوە، ئەوەش دەڵێم لە پێشەوە، ئەو قسانەی کەوا لێرە دەکرێن هیچیان بڕیار نین، تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو رایە، بۆئەوەیە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بتوانین بەشێوەیەکی باشتر باسی بکەین، ئەویش پاش ئەوەی کۆمیتەکانیش لەو بارەیەوە کۆ دەبنەوەو قسەی خۆیان دەکەن، جا ئێستا ئێمە چاوەڕێ دەکەین کە میوانە بەڕێزەکان و دەزگاکانی راگەیاندن هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، ئێستا و بەدواوە کۆبوونەوەکەمان کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەبێت، هەر کاتێك ئەو کۆبوونەوە نهێنیە کۆتایی هات، ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

بەڵێ بۆ راگەیاندنەکانی پەرلەمان کە بۆ ئەرشیف، قسەکان و کۆبوونەوەکە تۆمار دەکەن، ئەوانە پێویستە هەروەکو جاران جێ بەجێ بکرێت، ئێستا دەزگاکانی راگەیاندن و میوانە بەڕێزەکان ئەوانەی کاریان لێرە نەماوە هۆڵەکەیان بەجێ هێشت، ئێستا کێ لەبارەی خاڵی سێیەمەوە قسەیەك یان بیرو راو سەرنج و تێبینیەکی هەیە، با بفەرمووێ، ئێستا ناوەکانیان دەنووسین، ئینجا جارێکی تر ناوەکانیان دەخوێنینەوە، تاوەکو ئەوەی ناوی لە بیر چووبێت، ئەویش بنووسین.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بکەین بە موناقەشە کردن، پێویستە کۆبوونەوەی نهێنی ئیعلان بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەکە لە حەقیقەتدا نهێنی نییە، تەنیا دەزگای راگەیاندن بۆ بڵاو کردنەوەی نییە ئەمرۆ بۆ سبەینێ، ئەگینا بۆ ئەرشیفی خۆمان وەریدەگرین و لە مەحزەردا دەنووسرێتەوە و، نهێنی نییە، تەنیا لەبەر ئەوەی نەوەکو ئەنواع قسە بکرێت و سبەینێ لە ئیعلامدا بڵاوبکرێتەوە و، ئەو

قسانە زەرەری هەبێت، لەبەر ئەوە وتمان ئیعلام راینەگەینێت ئیمڕۆ یان سبەینێ، ئەگینا نهێنی نییە، لەبەر ئەوە تێبینیەکەت راستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی بۆی هەیە بیکات بە نهێنی، بەلاّم باشتر وایە لەپێشەوە پەرلەمان بڕیاری لەسەر نەدات، باشە ئێستا ناوەکان دەنووسین، پێش ئەوەی کەوا ئەوانەی ناویان نووسراوە قسە بکەن، لیژنەی داراییش با لەپێشەوە ئەوانیش سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان پێشکەش بکەن، کاك جەمیل سندی ئەگەر ئێوە لەپێشەوە سەرنج و تێبینیەکانی خۆتان پێشکەش بکەن، ئینجا ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان قسەی خۆیان بکەن. ئەو ناوانەی کەوا لەلای ئێمە نووسراون بەڕێزان: کاك عومەری سید عەلی، کاك ئەمین مولود، کاك مەلا محمود دێرشەوی، کاك ئیبراهیم سەعید، کاك حمە عەلی تۆفیق، شێخ مەزهەر، کاك حسێن جەمبلی، زەهرا خان، کاك رەجەب شەعبان، شێخ عەبدلکەریم، کاك شێخ یەحیا، وابزانم لەپێشەوە کاك ئەحمەد شەریف، وابزانم لە پێشەوە کاك د. ناصح داوای قسە کردنی کردووە، کێ ناوی نەنووسراوە، مەلا هادی، کاك مەلا بەختیار، باشە حەز دەکەن جارێکی تر ناوەکان دەخوێنینەوە، نەوەك ناومان لەبیر چوو بێت، چونکە ژمارەیەکی کەم داوای قسە کردنیان کردووە، بەڕێزان: کاك عومەری سید عەلی، کاك ئەمین مولود، کاك مەلا محمود دێرشەوی، کاك ئیبراهیم سەعید، کاك حمە عەلی تۆفیق، شێخ مەزهەر، کاك حسێن جەمبلی، زەهرا خان، کاك رەجەب شەعبان، شێخ عەبدلکەریم، کاك شێخ یەحیا، ئەحمەد شەریف، د. ناصح، مەلا هادی، د. رزگار، شەفیقە خان، مەلا بەختیار، ئەحمەد نەقشبەندی، ئەوە حەڤدە ناو، کەسی تر هەیە، نهلە خانیش بنووسە، ئەوە بوو بە هەژدە، باشە فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزم دەکرد لیژنەی دارایی قسەیەکی بکردابووایە، بۆ ئەوەی دوای ئەو ئێمە قسەمان هەبووایە، ئێوە قسە دەکەن یان هەر لە ئێمەوە دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی ئێوە روون کردنەوەیەك بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ راست دەکات، ببوورن لەپێشەوە دەبێت لیژنەی دارایی قسەی خۆی بکات و، ئینجا لەپاشان ئەندامانی پەرلەمان قسەی خۆیان بکەن، کاك د. ناصح وابزانم ئێوە ویستتان ئێستا قسە بکەن، باشە ئەوە جێ بەجێ بوو، فەرموو کاك عومەر، فەرموو کاك جەمیل.

بەڕێزان: کاك کاکەڕەش تکایەکی هەیە دەڵێ ئەو قسەی کە کرا نەکرێتەوە، سوپاس، فەرموو کاك جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤەی دەخوێنم راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریی وەکو مسوەدەیە، هێشتا نەهاتیتە تەبع کردن و رای ئەنجومەنی نەهاتۆتە سەر، نوکەش دەخوێنم:

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

تحية واحتراماً.. بناءاً على توجيهات رئاسة البرلمان

قابل لجنتنا المالية والاقتصادية الدراسة الميدانية حول قيمة الدولار في الاقليم وهبوط قيمة الدولارمقابل الدينار السويسري، وبعد الدراسة والمناقشة نجد أن قيمة الدولار مقابل بقية العملات الأجنبية في الأسواق العالمية وفي الاقليم في شبه توازن أو بتغيير بسيط يتراوح بين ( ٢ سنت)، أن هبوط قيمته مقابل الدينار الأصلي (السويسري) في الاقليم ناتج عن حالة العرض والطلب غير متوازن للعملتين (الدولار الأمريكي، الدينار الأصلي) حيث الكميات الضخمة من الدولارات في حالة إزدياد مقابل كمية من الدينار الأطلي السويسري في حالة إقلال وأنخفاض في الاقليم......

ومن أسباب قلة كمية النقد بالدينار الأصلي(السويسري) في الاقليم:

١- منذ عام ١٩٩٠م ولحد الان العراق تحت الحصار ولم يتم طبع أية مبالغ من الدينار الاصلي (السويسري) حتى المليارات المطبوعة في عام ١٩٩٠م تم حجزها في سويسرا.

٢- التلف المستمر في الدينار العراقي الاصلي منذ عام ١٩٩٠م ولحد الأن .

٣- كما قامت الحكومة المركزية بسحب كميات من الدينار السويسري بشكل منظم عن طريق رسوم الگمارك من السيارات والتجار الاكراد الذين يتوجهون الى الموصل وبغداد وغيرها.

٤- ونظراً لحالة القلق لدى بعض المواطنين وأنباء شن الحرب على العراق قام بعض المواطنين ببيع رصيدهم من الدولارات لشراء الدينار السويسري مما إزداد الطلب على الدينار السويسري وإزدياد قيمته مقابل الدولار وفي المحصلة النهائية قلة كميته في الأسواق، وبالأضافة الى هذا السبب نجد أن كميات الدولارات قد أزدادت في أسواق الاقليم عن طريق:

١- جميع المشاريع التي تنفذ عن طريق قرار (٩٨٦) تكون بالعملة الصعبة (الدولار) مما يتم ضخ الملايين من الدولارات الى أسواق الاقليم وبأستمرار دون أية زيادة في كمية النقد بالدينار السويسري بل بالعكس فإن كمية الدينار السويسري في إنخفاض مستمر.

٢- كما قامت الحكومة المركزية بضخ كمية من الدولارات في الأونة الاخيرة الى الأسواق في محاولة منها لإيقاف تدهور قيمة الدينار المستنسخ (الطبع) مقابل الدولار الامريكي.

٣- كما أن العراقيين المغتربين وخاصة الكورد يحولون مبالغ لابأس بها من الدولارات الى ذويهم وأقربائهم في الاقليم ويشترون بها الدينار السويسري لحاجتهم ومصاريفهم، اي زيادة الطلب على الدينار السويسري.

٤- سابقاً كانت الحكومة المركزية تأخذ (٥٠ دولاراً) من كل سائق أو تاجر من جمهورية تركيا يتجه نحو (موصل – بغداد) بحجة (فحص الدم) ولكن منذ فترة لايؤخذ الدولار بل يؤخذ ( ٢٥ يورو) بدلاً منه... مما يضطر السائق أو التاجر التركي لبيع الدولار أو المارك في أسواق الاقليم وشراء اليورو بدلاً منه، أي عرض الدولار بشكل أكثر.

٥- وللأسباب أعلاه نجد أن الكميات الهائلة من الدولارات الأمريكية التي تعرض في أسواق الاقليم وخاصة عن طريق مشاريع قرار (٩٨٦) قد غطت السوق المحلية وفاقت طاقتها ولابد من صرفها وشراء الدينار السويسري بها، مما ازداد الطلب على الدينار السويسري بشكل غير متوازن

فتهبط قيمة الدولار بشكل غير طبيعي مقابل الدينار السويسري لكثرة الطلب على الطبع السويسري في الاقليم.

وللأسباب الذكورة أعلاه، ونظراً لكون طبع العملة العراقية في سويسرا ليس من أختصاصاتنا، كما أن العراق تحت الحصار، ولكن هناك مليارات من العملة العراقية طبع السويسرية محجوزة في بنوك سويسرا، نجد ضرورة وحلاً للمشكلة:

١- مفاتحة (الأمم المتحدة — ودول التحالف) لتزويد حكومة الاقليم بتلك المليارات المحجوزة من العملة العراقية حتى ولو تم أحتسابها من حصة الاقليم من (١٣٪) (النفط مقابل الغذاء).

٢- تنفيذ بعض مشاريع قرار (٩٨٦) بالدينار السويسري بدلاً من الدولار ومن المبالغ المحجوزة في بنوك سويسرا حتى يتم ضخ مئات الملايين من الدينار السويسري في أسواق الاقليم، وبذلك يتم التوازن، ولكم الامر.

مع فائق التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك جەمیل هیچ یەكێكی تر لە برایانی لیژنەی دارایی قسەی هەیە لەو بارەیەوە، فەرموو كاك عومەری سەید عەلی.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی هەموو هۆكاری بەرز بوونەوەی دیناری سویسری گێڕایەوە بۆ مەسەلەی عەرز و تەڵەب و لەناوچوون و دڕانی و، دوای ئەوە حكومەتی عێراقی دیناری تەبع دەكڕێتەوە و دۆلار دەخاتە ناو بازار، بۆ ئەوەی دیناری تەبع بەهێز بكات و تووشی ئینهیاری ئابووری و ئەوانە دەبێت، كۆمەڵێك لەو هۆكارانەی باس كرد، بەڵام ئەمە خۆی لە ئەساسەوە دەبێت شتێك دەعمی بكات، چییە عوملە؟ پارە چییە كە شتێك دەعمی بكات لە پاڵپشتی دراو، ئەوەی كە پارە لە ئابووری باسی كراوەو ئەوانە، یان ئاڵتون دەعمێكە یان لە سیاسەتدا دەعمێكە، یان ئابووری وڵاتێكە، كە ئەم لەم شتانە بەهێز بن، پاڵپشتی ئەو پارەیە كە لە وڵاتێكە، كە ئەمانەش نەبن لەو وڵاتانە كە هیچی نەبێت، نازانم ئێمە سیاسەتەكەمان شوكر بەهێزە عوملەكەمانی دەعم كردووە، نەوتمان نییە و ئاڵتونیشمان نییە و دیناری سویسریش رۆژ بە رۆژ كەم دەبێت، رەنگە ئەوە بەشێك بێت لەوەی لیژنەی دارایی باسی كرد، پارەیەكی زۆر رژاوەتە ئێرە وەكو دۆلار و، چ لە پرۆژەكانی (٩٨٦)ەوە، چ خەڵك كەسوكاری لە ئەوروپا بوونەو بۆی ناردۆتەوە، چ ئەوانەی سائیقی شاحینەكان لە هینی زەرائیب و باج و ئەوانە، بەڵام بمانەوێ یان نەمانەوێ كێشەیەكی گەورەیە، كێشەكەش ئەوەیە راستە دیناری سویسری كەم بۆتەوە، بەڵام كە كەم بۆتەوە نرخەكەی زۆر زیادی كردووەو، دۆلار لەپاڵیدایە، كە بەهێزترین عوملەیە تقریبەن لە جیهاندا لە ساحەكەی ئێمە شكاوە، چارەسەر بۆ ئەمە چییە؟ كەسێك لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە یەكێكەوە بیگرە هەتا هەزار، واتا كەسێك بیگرە لە هەزار دینارەوە تا سەد هەزار یان دووسەد هەزار دینار یان سێ سەد هەزار پارەی سویسری لەلای كۆبۆتەوەو، ئەم پارەیە

دە ساڵە تەعامولی لەگەڵدا دەگرێت، دە ساڵە لەناو خەڵکدایە، هەندێ جار لە هەردوو لامان تەباییمان پێ کردووەو، عوملەکەی ئێمە وایە بەرامبەر بە عوملەکەی رژێمەوەو، ئێستا ئەزمەیەکی گەورەی دروست کردووەو، خەڵکەکە پێی وایە ئەو عوملەیە دوای گۆڕانی رژێم ئەوە، هەندێ کەس پێی وایە کە ئەوە جیهات و خەڵك و ئەوانە وەکو چاپی سویسری وایە، چاپی سویسری وەکو ئەو چاپەیە کە لە بەغدایە، ئەوە راستە هەردووکی بە موجیبی قانون دەرچووەو لە یەك رژێمەوە دەرچووەو لە بانقی مەرکەزی رەصیدی هەیە و، بەڵام ئایا فعلەن ئەوە یەك عوملەی هەیە، دووەم لە جیاوازیدا دینارێکی ئێمە (٢٥٠)ی چاپە، دینارێکی ئێمە لە دوەلی ئیقلیمی ئێستا لە ئێران بیفرۆشیت بە سەد تومەنە، ئایا دینارێکی چاپ چی دەکات؟ ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بەڕاستی و، ئەگەر ئاگامان لێ نەبێت زەرەر لەهەردوو ئیدارەکە و لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەگشتی دەکەوێت و، بۆیە پێویستە ئابووری ناسەکان لەهەردوو لا و، ئەوانەی لە مەسەلەی پارە دەزانن و مەسەلەی ئابووری و خەڵکی ئابووری و بازرگانی و ئەوانە کۆبوونەوەی زۆر بکەن و دیراسەی زۆر بکەن و، دیراسەکەش بەڕاستی بەنهێنی بێت وەکو ئەمەی ئێستا کە باسی دەکەین، چونکە خەڵك لەلایەکی سیڤەی زۆری داوە بە دۆلار و بە دیناری سویسری کە کاتی خۆی داومانەتێ و خۆمان ئەو دەعمەمان بۆ پەیدا کرد و ئەو پاڵپشتیەمان بۆ پەیدا کردووە، ئێستا لەسەرەوە تاکو خوارەوە ئەوە کێشەیەکە، هەموو سەرجەم چین و توێژە کۆمەلایەتییەکان دەگرێتەوە، ئێمە لەکاتی خۆشیدا لە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لای هەردوو ئەو دوو بەڕێزە کاك بەرهەم و کاك نێچیرڤان باسمان کرد، وتمان حەقە ئێوە هەردوو ئیدارەکەتان داوای کۆمەڵێ خوبەڕا بکەن لە دەرەوە بێن دیراسەیەکمان بۆ بکەن بزانن ئەمە چییە؟ ئەمە بەچی حەل دەکرێت، ئەو پێشنیارانەی کاکە دەڵێت داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین زۆر باشە، پارەی بلۆك کراوی عێراق ئەگەر بە دیناری سویسری بمان داتێ، بۆ ئەوەی پارەی ئەوەی کە پرۆژەکان بە دۆلار نەماندەنێ و ئەو دینارە سویسرییەمان بۆ بێنن و، ئەوە جێ بەجێی دەکەین و، ئەوە یەکێکە لەوانەی پێیان دەڵێین کارێکی باشە و، پێویستە و حەقە هەر لە ئێستاوە قسە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن و لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیا باس بکەین و، شتێکی تر هەیە ئێمە وەکو کاکە روونی کردەوە، دیناری سویسری لەلای ئێمە ئەگەر بڵێین ملیارێك لە ساحەکەی ئێمەدا هەبوو بێت، ئەگەرنا لە دە ساڵدا بەرامبەر ئەوە بە بەغدا بۆ نموونە پارەی چاپ رەنگە ئەگەر بە ملیارێکیش لەوێ بوو بێت ئەوا پانزە یان بیست جار چاپ کرابێتەوە، یەعنی خەڵکێك لەوێ لەباتی دینارێکی سویسری ئێمە (٢٥٠) دیناری پێ بێ، بەڵام ئێمە یەك دینارمان پێیە، ئەگەر ئەم دووانە وەکو یەك سەیر بکەین، فەردێکی ئێمە گۆڕان بوو سبەینێ دێ دەڵێ دوو دینارەکە بێنە یا سەیری بکەین، چی ئەگەیێ، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوە دیراسەیەکی قوولی دەوێت و هاتنی خوبەڕا و، دەبێت مەسرەفێك بۆ ئەوانە بکەین و، ئەگینا هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتییەکان و هەردوو ئیدارەکەش پێموایە زەرەرێکی زۆر دەکەن و تووشی ئینهیار دەبین و، هەندێ کەس دەڵێت باشە ئەوە چییە؟ بەڵکو ئەگەر ئێستا حکومەت ئەوەی ئیلغا کرد، ئەمەیان چی؟ وەکو بیست و پێنجی ئیلغا کرد، ئەوە راستە بەڕاستی ئێمە هەردوو ئیدارەکەش ئەوجا

ئەگەر یەکگرتوو بوو بێت یان یەکگرتووش نەبوو بین، هەردوو ئیدارەکەمان دەورێکمان نەبوو لە دیفاع کردن لەو بیست و پێنجییە لەناوچەکانی ئێمە کە ئیلغا کرا و، جگە لەوە ئێستاش ئەو بیست و پێنجییە لە نرخی خۆی زیاتر دەکات لە بازار، راستە ئێستا ئەوە لە بەغدا ناڕوات، بەڵام لێرە دەڕوات و لە ئێران دەڕوات و لە تورکیا دەڕوات، دیارە ئەوە خۆ رژێمەکان ئەو تەعامولەمان لەگەڵ ناکەن، بۆ ئەو میللەتەی ئێمە هەر قاچاغچییەکان دەیکەن، قاچاغچییەکی تورکی هەر دینارێکی سویسری بەو نرخە لێت وەردەگری کە هەیە، هەروەها سوریەك و ئێرانییێکیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عومەر سەید عەلی، فەرموو کاك ئەمین مولود.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، وەکو کێشەکانی ئابووری، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە کێشەی دراوەوە هەیە، چارەسەر کردنیان ئاسان نییە و رزگار بوون لێیان پێویستی بە دیراسە و شارەزایی تەواو هەیە و، لەکاتی هاتنە کایەی کێشە ئابوورییەکاندا ئابووری ناسەکان پشت بە دوو رێگای سەرەکی دەبەستن بۆ چارەسەر کردنیان:

رێگای یەکەم لەڕووی نەزەرییەوە: پشت بەستن بەو نەزەرپە ئابوورییانەی کە لەمەوبەر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هی ئەو جۆرە دراوە و، پەیڕەوی کردنیانەوە.

دووەم لەڕووی عەمەلیەوە: سوود وەرگرتن لە تاقی کردنەوەکانی ئەو وڵاتانەی کە تووشی ئەو جۆرە کێشەیە هاتوون و چۆن خۆیان لێ دەرباز کردووە. لەڕاستیدا ئەگەر لەم کێشە داراییەی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کێشەیە بە هیچ کام لەو دوو رێگەیە چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە، چونکە لەمەوبەر کێشەی وەها کە بریتییە لە بەکار هێنانی دوو جۆرە دراوی خۆماڵی لە یەك کات و لە یەك وڵاتدا، ئەگەر نەڵێین هەر بووە شتێکی خراپە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەزەریات و دیراسات لەبارەی ئەم کێشەیەوە کەمە و، مومکینە نەشبێت و، لەڕووی عەمەلیشەوە لە وڵاتانی تر ئەم جۆرە کێشەیە بەو جۆرەی کە ئێستا لەلای ئێمە هەیە رووی نەداوە، تاوەکو ئێمەش لەڕووی چارەسەر کردنیەوە پەیڕەوی بکەین، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەڕووی نەزەری و عەمەلییەوە چەکێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، بۆ چارەسەر کردن پشتی پێ ببەستین، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر دەست لە دەستان بوەستین و هەوڵی چارەسەر کردنی نەدەین، چونکە ئاشکرایە بەشی زۆری نەزەرییەکان و ئابوورییەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم جۆرە کێشانە، کاتێك پەیدا بوون کە کێشەکەش هاتۆتە کایەوە، من بەپێی بۆچوونی خۆم فاکتەری کاریگەر لە کێشەکەدا لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینین:

١- هەروەکو لەسەرەوە وتم بوونی دوو جۆر دراوی خۆماڵی لە یەك کات و لە یەك وڵاتدا یەکێکە لە هۆیەکانی ئەم کێشەیە.

٢- لەڕاستیدا بازرگان و کۆمپانیا گەورەکان بەهێنانی مەواد، هەروەها دەزگاکان یان ئاڵوگۆڕیی پارە دەستێکی باڵایان هەیە لە خۆش کردنی ئاگری کێشەکە، بەتایبەتی لەم کات و زروفە ناسکەی کە ئێستا هاتۆتە کایەوە.

٣- کەمی چاودێری و ئامۆژگاری و سزای گونجاو بۆ سەرپێچ کەران.

بەکورتی بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە پێشنیار دەکەم:

١- بەستنی سیمینارێك بۆ ئابووری ناسانی خۆمان و دەرەوەش کارێکی پێویستە، کە بەزووترین کات بەدی بهێنرێت، بۆ دەست نیشان کردنی هۆیەکانی کێشەکە و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان.

٢- بۆ نەهێشتن یان بۆ کەم کردنەوەی تەئسیری کۆمپانیاکان یان بازرگانییەکان و دەزگاکانی ئاڵوگۆڕ کردنی دراو لە هەرێمدا، پێویستە حکومەت دەست بەسەر ئەو کارانەدا بگرێت و دەزگاکانی خۆی ئەو دەورە ببینێت، خۆ ئەگەر لە (١٠٠٪)یش نەبێت، دەتوانێت وەك موونافسێکی ئەوانە بەتێکڕایی و، بەتایبەتی بۆ بازرگانی مەوادە ئەساسییەکان و ئاڵوگۆڕ کردنی دراو، بەم جۆرە دەتوانن دەوری ئەو جۆرە کەسانە نەهێڵین و، یان کەم بکەینەوە، بۆ سوودی تایبەتی خۆیان لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی ئەم گەلە بە یاری کردن لەو دەزگایانە، لە هەمان کاتدا چاودێری و سزادانی گەورەش بۆ سەرپێچ کەران دابنرێت، ڕەنگە هەندی لە برادەران بڵێن ئێمە کە پەیڕەوی سیاسەتی بازاڕی سەربەست دەکەین، چۆن دەبێت حکومەت دەست بکێشێتە ئەو جۆرە کارانەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم جۆرە ئیجرائاتانە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا و، لە کاتی کێشە ئابووریە گرنگەکاندا پەیڕەو کراوەو شتێکی ئاساییە و، پێویستە ئێمەش بەکاری بهێنین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ئەمین مەولود، فەرموو زەهرا خان.

**بەڕێز زهراء حاجي طه سليفاني:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخافتنێ من بەهرا پتر برادەران بەحس کرن، دیارە ژی ئاخافتنێ مە هەمییە ئەوە، ئەگەر ئاشکرانە لای خەلکی و لای هەمی پسپۆڕان، بەهرە پتر لڤێرێ ڕێشتنا مە بلە لەسەر هەندێ بێتن، چارەیەکی ببینی بۆ چارە کرایە دراڤی لیوەزعی هەرێمی کوردستانێ، ئەچن زێدە دکەنە سەر ئاخافتنێ برادەران، ئو ئەگەرێ ڤی بارێ نائاسایی سەر دراڤی ئەوە کۆمەلی کوردستانێ پشتی سەرهەلدانی پیرۆز حەتا ئەڤرۆ بازارێکی ئازاد هەبییە، یەعنی خەلکەکێ پارەی وەك دەبێژن کاش تەعامول دگەل ئێك دکەن، بانقەکی مەرکەزی نەبیە ڤی پارەی بحەوێنێت وەختی تەنگاڤانە خەلکێ ژێ وەربگرێت، ڤێ لبەر ئەوە دیسان هەر داخوازی دکەم بەهرە پتر بلە ئاخافتنە مە لەسەر هەندێ بێت، کو ئەم چارەیەکی ببینیت، ببنە سەعی و

بەهرە پتر خەلکێ تر ژێ چاڤەرێی ئەڤرۆکەنە لبەر نیشتنێ بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ چارەیەکی ببینێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ زەهرا خان، فەرموو کاك حسێن جەنبەلی.

**بەڕێز حسێن جنبلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم هەنگاو دەبێت بتوانین هۆیەکان دەست نیشان بکەین، ئایا زیاد بوونی کەمیەی دۆلار لە بازاڕ لەبەر قەراری (٩٨٦) یان گۆڕینی دەوڵەتانی دەوروبەرمان بە دیناری سویسری، یان ئیحتیفازی هاووڵاتیان بە دینار و ئیستیهلاکی ئەو پارەیە، ئەو کارە بەخۆی دروست بووە یان بە نەخشەیە و، کێ قازانجە، چونکە ئەم کارە بەرواژییە لەهەر یاسایەکی ئابووری، هەر کاتێك دەوڵەتێك بەرەو شەڕ بڕوات، ئەوە پارەی خۆماڵی دادەبەزێت بەرامبەر بە دۆلار و ئاڵتون، لەلای ئێمە، ئەم جارە بەرواژییە و، زۆربەی شت لە بازاڕ وەکو خۆی ماوە، دەبێت حکومەت دەوری خۆی ببینێت و، نابێت بڵێ بازاڕ ئازادە، چونکە لە سایەی ئابووریدا دەڵێت (لا توجد في عالمنا المعاصر دولة تسير وفق قواعد حرية التجارة المطلقة) و، رێگای چارەسەری ئیجباری موستەوریدە بێتە کرن، بە دۆلاری کەم بفرۆشن شتی خۆ و، بەهای شتی گەورە بە دۆلار دانەنرێت و، کۆمەڵەی هەرەوەزی هی ئیستیهلاکی بێتە کار، دیناری تاك بخرێتە کار بەبێ نیسبە و، دیناری عوملەی پێنج دیناری کۆن، پێنج دینار و دەه دیناری گەورە ئەویش بێتەوە کارێ و، ئیعتیبار کردنی هەر یەك دۆلار بەرامبەر دەه دینار وەکو عوملەیەکی سویسری، یەعنی یەك دۆلار بە دەه دیناری سویسری و، سعری سابت بێتن نەك عەرز و تەڵەب و، کرێی موڵکەکانی حکومەت و گومرگ و هەموو داهاتەکان بکرێت بە نیوەو، هەموو شت لە بازاڕ تەسعیر بکرێت بەئازادی، یەعنی ئەو شتی نە گەورە، وەکو دەوڵەك، ئەو ئیجرائاتانەی کردووە باشە و، ئەم پارە سویسرییە تەمەنی تەواو بووە، پیسە و نەخۆشی دروست دەکات، ئینجا دەبێت بە ئیتیفاق لەگەڵ (UN) قەراری (٩٨٦) چەند ملیۆنێك دۆلار تەرخان بکرێت بۆ کڕینی دینار و ئیستیلا کردنی، چونکە ئەم حاڵەتە ئەگەر بمینێت بێ کاری بەردەوام دەبێت و، دەبێت ئێمە حیمایەی سەروسامانی خەڵك بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا حسێن جەنبەلی، بەڕێز مامۆستا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خودای مەزن بێ هاوتا.

هێژا کورتێتی بێ گومان ل هزرمەدا ژ گومانی مەدە ئەڤ ئەگەرا رابینە دیناری سویسری و شکاندنی دۆلارە، دوو ئەگەر هەنە:

ئێك: هەمان کاژیە جەشەع و قاچاغچی مە و ماڵداری مە دێ ئیستیغلال دکەن، بۆ زەرەر بگەهێتە بازاری عام. دوو: ئەم هزر دەکەین، دەستەکیش دەرڤەی کوردستانێ وێ ڤی پیلانێ

دیکەش ڤەر، چونکی زوربەی واریدی میللەتی کوردی بوویە دۆلار، ئەو دخوازێت قیمەتی دۆلار بێنتە خوارێ، وەکی سالا (١٩٨٨) دیناری عێراقی (٥٠٠) لیرەی تورکی بوو، بەری ئەنفالێ، ئەنفالێ ژ مەنتیقەی بادینان گەل ژبەرێ ئەنفالەی بە هەیڤەکێ، یەکسەر چوو ( ١٢٠٠) لیرەی تورکی، هەتا بێت ئەو میللەتە پارە هەی، هەمی دا بە ئەرزاق، پاشی ئەنفال دەستی پێکرد، هەمی مال دەستی حکومەتێدا، میللەتێکی رووت و قووت دەربەدەربێت، ئەم هزر دکەن، ئەڤەژی پیلانێك وەسا بێت، بۆیە نك مە هەمی سالێ هزر دکەن، دوو رێ بێتەکار، ئێك وەکو برادەرە ئیشارەتیدا حکومەت، چونکی بەرپرسە، ژی میللەتی کورد، چ میللەت بەرپرسە، پێی تیفیە پێ نگاڤێ میرانێ وەبگرێت.

یەکەم\ وەکو گوتی سیعرە دۆلاری حکومەت تەسبیت بکات، ئەوی بەرامبەر ژی رابت قاچاغچییەك جەزای دیژوار بێتە دان، ئەڤە ئێك.

دوو\ هەندێك برادەران ئیشارەتدا وێرێکێ، کو میللەتێك یان حکومەتێك دوو پارە سەرەکی نییە، ئەڤە هەمی لە حیسابی میللەت دەچێ گەلێ راستە، بۆیە بۆچوونی رێبەری کورد و حکومەتا هەرێم و هەمییە ئەڤە بێژن فیدرالیەت، مادام فیدرالیەتە پارە یەك پارەیە، ئیقتراحە من ئەوە حکومەت دابەزێنێت پارەی عێراقی ئەوی کوڤێ گاڤێ حکومەتە عێراقی موعامەلەی پێ کرد، ئەوی پارەی بینتە حەز دکە سویسری گور با سویسری بچیت، سویسری چ عیلاقەی مەی تێدا هەیە، کێ پاراستنی سویسری دکات، نە قانونێك هەیە، نە دەوڵەوتێك هەیە، نە کەسانێك هەیە گەل بە یەکێ سویسری حەتا ژ دەرەڤەی کوردستانێ ژی غەیری قاچاغچی و، کەس ئیستیعمال ناکات، ملیۆن دیناری سویسری ببە بانقی تورکیا یان ئێرانێ، هەتا دکات جیرانن یان سوریا، کەس سەد دۆلاریش وەرناگرن، ئیللا قاچاغچی نەبن، بۆ دەبێت مەصیری میللەتێك گرێ بدەن بە مەصیری پارەیەك کەس ئیعتیرافێ پێ ناکات، جارێکی تر ئەز ئیقتراحە خۆ دکەم، حکومەت یان پەرلەمانێ کوردستانێ بریارێ بدەت یان داخوازێ حکومەت بکەت، حکومەت ئەو پارەی کو عێراقێ بکاردێنێت، وی پارەی بخاتە میدانێدا، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا محمود، کاك مستەفا چاورەش ناوت نەنووسراوە، بەلام نازانم چ قسەیەکت هەیە.

**بەرێز مصطفی قادر محمود (مصطفی چاورەش):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی نەزەریم هەیە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، ئەگەر ئیجازە بدەن، جەنابی کاکەرەش باسی کرد وتی شتەکان دووبارە نەبێتەوە، ئەم کۆبوونەوەی کە ئیمرۆ دەکرێت، بۆ ئەوەیە کەوا چارەسەرێك بدۆزینەوە، کەوا ئەو شتەی لە بازاردا هەیە، هەمووومان دەیزانین، ئەو وردە کاری دۆلار چەندە و دینار چەند دابەزیوە، کێ پێشنیارێکی باشی پێیە بۆ چارەسەر کردنی، ئەگینا هەر کەسێ باسی ئەوە بکات و شەرحێکی ئەوە بکات، ئەوە ناگەینە نەتیجە، بیست کەس ناوی خۆی نووسیوە، تا دوو رۆژی تریش کۆبوونەوە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە

هیوادارم ئەوانەی کە پێشنیارێکیان پێیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەی کە لە بازاڕدا هەیە، تەقدیمی بکەن، ئەگینا بێین باسی بکەین، من تەنها مەبەستم ئەوە بوو، بۆ ئەوەی برادەران ئاگادار بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قسەکەت لەجێگای خۆیەتی، بەلاّم هەندێ لە برادەران دەیانەوێ دەردی دڵی خۆیان بەیان بکەن، قەی چی دەکات، فەرموو کاك ئەحمەد شەریف.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەکە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە و، برادەرانی لیژنەی دارایی بۆ مەسەلەی دەست نیشان کردنی هۆیەکەی تا حەددێکی باش چوو بوون، بەلاّم بۆ حەللەکەی پێم وانییە رازیی بوو بن لە حەللی کێشەکە، چۆن کێشەکە حەل بکەن؟ کێشەکە راستە کێشەیەکی گەورەیە، بەلاّم حەللەکەی بەوە دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئیدارەی هەردوولا کۆ ببۆوە، پێشنیاری باشیان کردووە، ئەگەر بەگوێیان بکرێ، وەزارەتی دارایی هەردوولا، ئەگەر ئیلتیزامی پێ بکرێت، رەنگە بتوانین تا رادەیەك چارەی بکەین، بەلاّم بەلای منەوە بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەین، وەکو برادەران ئیقتیراحیان کرد، ئەوەیە کە ئێمە تەعامول بە دۆلار بکەین، ئەگەر بتوانێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خوردەی دۆلار بێنێتە کوردستان، بەتایبەتی نزیکی ملیارێك سەنت و تاك دۆلاری و دوو دۆلاری و سێ دۆلاری، من پێم وایە لەو حاڵەتە لە منەتی حکومەتی عێراقیش دەچینە دەرەوەو، کێشەکەش دەتوانین حەل بکەین و، بازاڕیش ئیعتیادی ئیلتیزام دەکات بە دۆلارەوە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئەگەر لیژنەی دارایی ئێمە لەگەڵ هەردوو ئیدارەی دارایی کوردستان، هەردوو وەزارەتەکە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن، هەوڵ بدەن حکومەتی هەرێم کە خوردەی دۆلار بێتە کوردستانەوە، کە تەعامولمان بە دۆلار کرد لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن، ئیعتیادی لە بازاڕ زۆر شت بە دۆلارە، یەعنی زۆربەی شت بەدۆلارە، تەنیا وردە واڵە و شتی سادە نەبێت، لە و حاڵەتە ئێمە لە منەتی حکومەتی مەرکەزیش دەچینە دەرێ لە منەتی حکومەتەکانی دەوروبەریش دەچینە دەرێ و، ئیشەکەمان بە ئاسان تر دەڕواتن و، کێشەکەشمان چارەسەر دەبێت، ئەگینا بەغەیری ئەو حەللە بەڕای من حەللی تر زۆر زەحمەتە و، منیش تەنیا ئەو پێشنیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشی دوو رۆژ لە تەلەفزیۆنی دهۆك مێزگەردێك لەسەر هەمان بابەت باس کرا، لەوێ هاووڵاتییەك تەلەفۆنی کرد دەمەوێ باس بکەم چۆن خەڵکێك لە وەهەمێك دەژین لەسەر پارەی سویسری، تەلەفۆنی کرد گوتی ئەگەر هاتوو سبەینێ گۆڕین کەوتە عێراق، ئەو پارەیە

مانـای وایـه جـارێکی تـر دەگـەڕێتەوە قیمەتی دەبێتە سێ پۆینت سێ هی دۆلار وەکو جاران، ئـەوجا خەڵکێك لەبـەر ئـەوە ئیحتیفازی پـێ دەکات و، میسالی هێنا گوتی ئێوە دەڵێن کەوا ئـەو پارەیـە زوو دەگۆڕێـت، ئـەو حکومەتـە ئەگـەر بێتە شوێنی ئەو حکومەتەی حازر، گوتی ئـەوە ئەفغانسـتان یەك ساڵە، هێشتا تەعامول بەهەمان پارە دەکات، مانای ئێمەش کە گۆڕین کـەوتێ ماوەیـەکی دەوێـت هـەتا ئـەو پارەیە دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە ئەو وەهەمە لەلای خەڵك دروسـت بـووە کـە ئیحتیفاز بە پارەی سویسری بکات، واجیبی ئێمەیە، کە ئێمە ئەو وەهەمە لەسـەری خـەڵکی دەربـێخین، واجیبی حکومەتێیە تێبگەین کوفێ پارەی چ رەصیدی نیینە، هـەر بـڕیارێکی حکومـەتی هـەرێمی عێراق دەربێنێـت بـۆ لـەغو کـردنەوەی لەوانەیـە گـەلێ ئاسـان بـێتن، دەبوایـە نـەك ئێسـتا پێشـتر پێشی بیست و پێنج دینارەکە تەجمید کرا، نازانم لـەغو کـرایە، دەبێـت ئەوسا ئـێمە مەوزوعەکە چارەسـەرێکمان بـۆ بدۆزیـباوە، بێینـە سـەر بـڕیاری (٩٨٦)، بـڕیاری (٩٨٦) بـەڵێ دۆلار دێنـێتن بـۆ مەشاریعی خـەدەمی، یـەعنی زۆربـەی پـارەی دۆلار لـێرە سـەرف دەکـرێتن، ئەگـەر هـات بوایە مەشاریعی ئیستیسماری پێ کرا بایە، کـە ناکـرێتن، رەنگـە ئـەو پارەیـە بـۆ کـڕینی مەعامیل چووبوایە ئەو دۆلارە، یەعنی قیمەتی ئـەو دۆلارە وا بـە سورعەت لەقووەت نەدەکەوت، تاکو مەعمەل بێنی بیخەیتە ئیش و خەڵك بدرێـتە ئـیش، بـەرە بـەرە ئـەو دینـارە بـەقووەت دەکات، تەبعـەن جێگای خۆشیامەیە دینار بـەقووەت بـێتن، کێیـە کـو نەوێـت دینـارێ بـەقووەت نەبـێتن، بـەس موقابـیلی وێ پیتڤـێتن نـرخە تشـتیش موقابـیلی وی دینـاری هاتـبە خـوارێ، موشکیلەی خەڵکی ئەڤەیە، موشکیلەی خـەڵکی ئـەوە بـۆ نـرخی تشتی موقابـیلی وی دینـاری نەهاتـیە خـوارێ، ئەگـەر جیهەی سەر بڵـندیێ، کـێ نەبێتن دینار بەقووەت بکاتن، خەونا مە هەمی ئەوە بوو، هەکو دۆلار نۆ دینار بـێتن و ئەڤـرۆ ببێـتە حەفت دینـار، ئینشـائەڵلا دەبێتە سێ پۆینت سێ، بەس شت هەمووی بێـتە خـوارێ، وەکـو سـاڵانی حەفـتا سعری هـەموو شتێك هەرزان بوو، وەکو حەز ناکەم زۆر باسـی بکـەم، چـونکە وەکـو بـرادەران و کاك مستەفا گوتی کێ ئیقتراحێکی باشی هەیە، بەس پەرلـەماناتی دونـیا هـەمووی قسـەیە، یـەعنی ئیشـی پەرلـەمان قسـەیە، ئینجا هەندێ کەس قسـەی بـاش دەڵـێن و هـەندێکی تـر قسـەی باش ناڵێن، بەس کاری پەرلەمانی ئەوەیە، نازانم بۆچوونی مـن کـۆ چـوون چارەسـەری ڤـان تشتا بێتە کـرن، هەرچـەندە ئـەز گـەل تەقریـرە نـەبوو بـووم بـۆ مـەوزوعێ پـارەی سویسری کو بۆمـە بێـنن سەرف کرن، چونکی کێ ناڵێتن ئەوسا عـێراق پارەکـە لـەغو ناکات، کە ئێمە ئەو پارەی تەجمید بێنینە ئێرە لەجیاتی دۆلار حکومـەتی عـێراق قـەرار بداتـن بڵـێتن پـارەی سویسـری، ئەوسا ئـێمە چـی بکـەین، بـەس لەوانەیـە هەرچـەندە زەعیف بێت یا یەك ملیۆن بێت، بە پێشنیارێت من یەعنی ئیت ڤێتن بـۆ ڤـێ چارە بـۆ نرخە دینارە، موحاوەلە بکەین کو تشتی موقابیلی وی سیعری کەم بکەین، ڤێت موبادەلـەی حکومـەتێ، یـەعنی هـەتا کـەی ئیقتیصادامە قـەدەری بی، مەفروزە یەعنی هـەندێ تـەخطیط و هەندێ دیراسات هەبن و، حکومەت هەندێ پێنگاڤا بهاوێتن، موبادەری حکومەتـیش بێـتە کـرن و، بـێتن ئوجـورا کـەم بکات، ئوجورا تشـتێ خـۆ، کـڕیار کەم بکاتن،

زەریبە کەم بکاتن، هەرچەندە گومرگ کەم بکاتن، تاکو خەڵکێکی تریش چاو لە حکومەت بکاتن، ئەوژی دەست پێ بکاتن ڤان تشت کەم بکاتن.

یا دویێ: گەلێ زەروورییە کو مەصەلکەکە پارەی هەبی، سەلا پارە، یەعنی بۆ وەزعێ مە، رەنگە باش بێتن، یەعنی تەعامولە نە بەس دینار سی سالان بکەین، بلە بە پارەی تەبعیش تەعامول بکەین، بلە دۆلاریش ژی بکەین، بلە پارەی یۆرۆش ژی بکەین، بلە پارەی موحیت دەوڵەتە هەرێمیش ژی بکەین، یەعنی بۆ میسالێك دەهێنم، حیصەی فەرد لە دەخلی قەومی یا بلێین هی ئەمریکی (٢٩)هەزار دۆلارە سالێ، هی کوردستان تەبعەن دیراسەتی بۆ نییە، بەلام یا هەزار دۆلار بێت یان یا (١٥٠٠) دۆلار بێت، تەماشە دەکەی لە ئەمریکا سەنت بەکار دەهێنێتن کە یەك لە سەدی دۆلارە، کەچی ئێمە بەو زوعفەوە دینارێك، ئەویش زۆر جار خەڵك لێت وەرناگرێت، کە یەك لە بیستی دینارە، ئەمریکا بەو قووەتە سەنت بەکار دەهێنێتن، دەچییە بازاڕ دەتوانیت بە سەنت تشت بکڕی، کەچی لێرە بە دیناری وەرەقە ناتوانیت شت بکڕی، یان گەلێ جار دینار پشت لێ وەرناگری، یەعنی ئەمە ژی سەبەبێکە کو ئەم ڤێتن ئەبێت پارەی محاوەلەی بکەین کو بگۆڕین، ئەوەندی تر کو تەنزیمە بۆرصە بێتە کرن، یەعنی حەقیقەت حکومەت بچێتە بۆرصە، ناڵێم هەموو حکومەت، بەس یا ئەویش سێ مەحللی هەبێتن، یا چوار مەحللی هەبێتن بە پارەیەك کە تەئسیر لە حکومەت نەکاتن، بەلام تەئسیر لە بۆرصەی ئەوانەی دراوسێن، رەئسمالی بۆرصەی حکومەت بەقووەت تر بێتن لە چەند بۆرصەی ئەوانەی لەوێنە، یەعنی وەکو ئەفراد، رەنگە لەوێ زوو زوو حیلە بێ، حیلە نێنە کرن، من ئەکیدم مرۆڤێت خراپ نەفام بۆرصەت هەین ئێت ڤێن کو زەرەرەك بگەهێنە مە، ئاخیر نوفتا من ئەوە بوو، راستە ئێل دنیایی هەمیێ سوك و ئازادە، بازاڕێ ئازادە، بەس لە هەمان کاتدا ئێل ڤێرێ سویکی ئازادو جەمعییاتێت هەین، ئێت بێژن (جمعية حماية المستهلك)، دەبێت ئێمەش وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ، ئان حکومەتە مە مەشروعەکی تەقدیم بکاتن، فی شکلی قانونێکی دەربخاتن، جەمعیەکی تەشکیل بکەین، هەندە مرۆڤ تێدا بچنە، ئو بزانن ئەمن دەچمە بازاڕ شتێك نووسراوە بە (١٠٠) دۆلار، رەنگە کابرا بە (٢٠) دۆلاری کڕی بێتن، بەس ئەگەر جەمعییەك لەوێ بێتن ربحێکی مەعقوولی بۆ دابنێتن، ئێستا من موتەئەکیدم و دیومە لە دهۆك شتێکی پێشتر بە دۆلار کڕیوە لەسەری نووسی بوو (١٥٠) دۆلار پێشتر کە دۆلار بە (١٢) دینار بوو، ئێستا بچیە لای راستە بە دۆلاری نووسیوە، بەس نووسراوە (١٨٠) دۆلار، ئەو دەڵێ گۆڕینێ نەخستینێ شتم بە دۆلار کڕیوە هەر بە دۆلار دەفرۆشم، بەس حاشە وا نییە، سیعری دۆلاری گۆڕیوە زیاتری لێ کردووە، حەقیقەتەن ئەوەش هەیە کە جەشەع لای ئێمە زۆرە و، ئەوەش تەبعەن من ناڵێم ئیقتیصاد بە ئەخلاق دەبێتن، بەس وەزعیش مەلا خاصەتەن رۆژی هەینی تەوجیهەێك و ئیرشاداتێك بدەنە تاجیرەکان گوناهە و هاوولاتییێت ئەوەنە تشتی گران نەفرۆشنێ، رەنگە تەئسیر لە چەند کەسێك بکاتن و، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم بەڕاستی پێشنیازی دوایییت ئەو جەمعییەتە بکرێت، ئەوە زۆر شتێکی باشە و لە جێگای خۆیەتی، بەنیسبەت نرخی کەلوپەلەوە، کاک د. ڕۆژ دەڵێت ئینشائەڵڵا وەکو ساڵانی (٩٢٠)ی لێ دێتەوە، ئێستا فەرموو کاک ئەحمەد شەریف.

بەڕێز احمد شریف علی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من نەم ویست درێژە بە قسەکانم بدەم، بەس چەند خاڵێك هەیە، پێویستە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕوونی بکەینەوە:

یەکەمیان: بزانین ئەو پارەیەی ئێمە موقابیلی چییە؟ لەهەر وڵاتێکدا پارە موقابیلی دەخلە، یەعنی میللەت چەند ئینتاجی هەیە، تۆ چەند ئینتاجت هەیە موقابیلی ئەوە دەتوانییت پارە چاپ بکەیت، ئێمە پارە تەبع کردنمان نییە، ئینتاجەکەشمان بەخۆتان دەزانن مەعامیل و مەشاریعی کوردستان مەعامیلی ئینتاجی زۆر کەممان هەیە، زێڕ و نەوت و فرۆشتنی شتی وامان نییە، لەبەر ئەوە حەز ناکەم برادەران وا تێ بگەن ئەم پارەیە موقابیلی شتێکە، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم: هەندێك لە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە حکومەت تەدەخول بکات، حکومەت بچێ بازاڕ دابەزێنێت، بەڕای من چەند ئەو حکومەتە تەدەخول بکات زیاتر بازارەکە دەشێوێ و، زیاتر شتەکان تێك دەچن، ئەگەر حکومەت تەدەخول نەکات زۆر زۆر باشترە، چونکە تەسەور مەکە ئێستا لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی وەڵامم دابۆوە، لە سلێمانی برادەرانی ئێمە چوون بازاڕی دۆلاریان قەپات کرد، بۆ سەعاتێك بۆ ڕۆژێك تەئسیری هەیە، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی وەکو خۆی لێ دێتەوە، چونکە قەت مومکین نییە، تۆ سەیتەرە لەسەر بازاڕ بکەی، لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئەو فیکرە لە مێشکمان بێنینە دەرێ، کە بمانەوێ بەقووەت سەیتەرە لەسەر بازاڕ بکەین، ئەوە مومکین نییە، فەقەرەیەکی تر کە برادەران باسیان کرد ئەو پارەیە لە ئەوروپا، ئەوە لۆکە و، ئەوە قەت مومکین نییە، ئەصڵەن ئەوە نابێت هەر بە خەیاڵیشمان دابێت، چۆن شتی وا دەبێت، پارە نۆك کراوەکەی حکومەتی عێراق بدەن بە ئێمە، ئەوەش قەت مومکین نییە حەز ناکەم بێتە بیرمان، کێشەیەکی ترمان هەیە دەڵێ ئەگەر هاتوو دۆلارمان بەکار هێنا ئەو پارە سویسرییە چی بەسەر دێت؟ ئەوە پرسیارێکە برادەران دەیکەن و پرسیارێکی زۆر مەعقوولە، بەڕەئی من ئەو پارە سوسرییە بە تەبیعەتی خۆی نامێنێت، خۆی بەرەو نەمان دەچێت، لەبەر ئەوەی تەمەنی بەرەو بیست ساڵ دەچێت، چونکە پێشی ڕاپەڕینیش ئەو پارەیە هەبووە و، هیچی تازەشی نەهاتۆتە سەر، لەبەر ئەوە بە تەبیعەتی خۆی لە تەعامولی ڕۆژانەمان لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ ئێران و لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرمان و لەگەڵ سوریا، ئەو پارەیە وردە وردە بمانەوێ و نەمانەوێ، خۆشیمان بێ و ترشیمان بێت بە تەبیعەتی خۆی نامێنێت، بۆیە دەبێت ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین بەڕاستی و بە جددی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانییەتی خوردەی دۆلار پەیدا بکات، ئەوەش پێم وایی زۆر زەحمەت نییە، ڕەنگە وەختی بوێت، ماوەی چەند

مانگێکی بوویێت، بەڵام بە سووك و ئاسانی دەتوانن خوردەی دۆلار بێنن و، ئێمە ئەو کاتە بازاڕ لە دەست خۆمان دەبێت، کە خوردەی دۆلارمان لە دەست بوو مووچەی پێ دەدەین و زەریبەی پێ وەردەگرین و گومرگی پێ وەردەگرین و ئیشی پێ دەکەین، ئەدی ئەگەر حکومەت گۆڕا، ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟

یەعنی حەز دەکەم ئەوەی بزانن، ئەگەر حکومەتی عێراق گۆڕا ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟ ئەگەر حکومەتی عێراق بگۆڕێت، ئەو پارە سویسرییە لەگەڵ ئەو پارە تەبعە هیچ فەرقی نابێت، دڵنیا بن لەوەی، هەر حکومەتێك بێت، چونکە مومکین نییە، ئەو دینارە سویسریەمان لێ وەربگرێت، بە هەزار دیناری تەبع وەریبگرێت، قەت مومکین نییە، لەبەر ئەوە ئەو دیناری سویسرییە و ئەو دیناری تەبعە وەکو یەکن ئەگەر حکومەتی عێراق بگۆڕێت، چونکە بازاڕ ئەوە نازانێت، بە حەقیقەت ئەو حەقیقەتە نازانن ئەوان، لەبەر ئەوە تەمسوکیان پێ کردووە و بە توندی گرتوویانە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. رۆژ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك تەوزیحم هەیە لەسەر مەسەلەی دیناری سویسری، تەبیعی دیناری سویسری ئەمڕۆ ئەو عوملەیەیە کە لە کوردستاندایە، راستە کاك ئەمین مەولود وتی ئێمە وڵاتێکمان هەیە دوو عوملە بەکار دێنێت، بەس عەمەلیەن ئێمە وڵاتێکمان هەیە و یەك عوملەمان هەیە، ئەوەیە کە پێی دەڵێن دیناری سویسری، بەس لێرەش پێی دەڵێن دیناری سویسری، لە دنیا لە هیچ جێگایەکی تر پێی ناڵێن دیناری سویسری، ئەوە کاك د. ناصح دەڵێ مەسەلەی سویسری هەیە، دیناری سویسری نییە، تەبیعی ئەو پارەیە ئێستا سەروەتی خەڵکی ئێرەیە، ئێمە ئەگەر بەدوایی هەر بەدیلێکدا گەڕاین، دەبێت بەدوایی ئەوەشدا بگەڕێین خەڵکەکەی ئێرە زەرەر نەکات، یان موقابیل بەو بەدیلە پارەی تر بێتە جێگای، شتی تر بێتە جێگای، تەبیعی تەجروبەی وا لە وڵاتانی تردا هەیە، بۆ میسال ئەڵمانیای دیموکراتی و ئەڵمانیای غەربی، رۆژێکیان دانا لەو رۆژە سیعر چەند بوو ئەویان تەحدید کرد بۆ عوملەی وڵاتە شەرقییەکان، ئێمە لە زمنی موعارەزە یان لە زمنی ئەو ئیتیفاقیاتانەی کە دەکرێت، چ حکومەتی هەرێم بێت چ ئەحزاب بێت، دەتوانین داوای ئەوە بکەین، چونکە حەقی خۆمانە موحافەزەی سەروەتی هاووڵاتی خۆمان بکەین، داوای ئەوە بکەین سبەینێ مومکینە هەردوو عوملەی عێراق لەغو بکرێت، لەوانەیە عوملەیەکی تازە بێتە کایەوە، وەکو فرەنکی فەرەنسی تازەی بەسەر داهات، هەر وەختێك عوملەیەك هاتە پێشەوە، ئەو هاووڵاتییەی لە کوردستاندا ئەو پارەی هەیەتی، دەبێت بە جۆرێك حیسابی بۆ بکرێت، ئەوەی لە وەسەت و جنوبیشە بە جۆرێکی تر حیسابی بۆ بکرێت، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە، دەبێت ئەوە بکەین، ئەمە یەکێك.

دوو: ولاّتی ئێمە ئیشارەتی بۆ کراوە، ولاّتی ئێمە ولاّتێك نییە ئینتاجی هەبێت، ولاّتێك نییە تەصدیری هەبێت، زیاتریش ئێمە ولاّتێکین شت ئیستیراد دەکەین، زیاتر ئیستیراد دەکەین، ئەوە یەعنی نیسبەتی نییە لەگەڵ ئەو شتەی کە لە ولاّتی ئێمە دەچێتە دەرێ، کە تۆ شتت ئیستیراد کرد، دەبێت حەز بکەی پارەکەت قیمەتی زۆر بێت، تا پارەکەت قیمەتی زۆر بێت، دەتوانیت زیاتر کالاّبێنی، زیاتر شت بێنی و، ئەرکی ئەو شتانە لەسەر ئیقتیصادی تۆ کەمتر دەبێتەوە لەسەر ئەو ئیستیرادە، یەعنی بۆ عامی میللەت تا پارەکە زیاتر بێت، قیمەتی زیاتر بێت، بۆ عامی میللەتەکەت باشترە، فەرمانبەر کە (٥٠٠) دینار وەردەگرێت، ئەو (٥٠٠) دینارە، ئەگەر قیمەتی (٢٠٠) دۆلار بێت باشترە لەوەی قیمەتی (١٠٠) دۆلار بێت، بەس لێرە پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، ئەگەر دۆلار بشکێ، ئێمە ئەکسەری واریدی ئیدارەکانمان بە دۆلارە، ئەگەر دۆلار بشکێ ئەو قەیرانەی کە دروست بووە، تەنیا ئەوەیە ئیمکانیەتی مەعاش دان کەم دەبێتەوە، موشکیلە بۆ حکومەتەکەمان دروست دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەتێك بدۆزینەوە کە دۆلار قیمەتی بەرامبەر دینار لە حەددێکی موعەین بێت، هاوولاّتیش زەرەر نەکات حکومەتیش بتوانێت مەساریفی خۆی بکات، وەکو جاران بۆ نموونە ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٤) کە دۆلار بەرز بۆوە هەموو هاوارمان دەکرد دەمان ویست کەمی بکەینەوە، دێتەوە بیرتان، چونکە ئەو وەختە ئەزمەیەکی ئیقتیصادی بوو بۆ هەموو ولاّتەکان، جا بۆیە ئەو قسانەی کاك ئەحمەد شەریف کردنی زۆر لە جێگای خۆیەتی و راستیشە، دەبێت ئێمە زۆر بە نەرمی و زۆر بە هێمنی وزۆر بە عاقلانە و ناوی موستعجلیش قەت نەهێنین و، هەولّیش نەدەین بەزۆر شت بکەین، تا بکرێت بە تەبیعی بکرێت، ئەو پێشنیارەی کاك ئیبراهیم ئەویش لە جێگای خۆیەتی، بۆ نموونە ئەگەر حکومەت خۆی بکات بە شەریك باشترە لەوەی کەوا خەڵك مەنع بکات، وردە وردە لێیان بچتە پێش باشترە لەوەی خەڵك مەنع بکات، نوقتەکەی تریش دیناری سویسری کە لە بانقەکانی سویسرایە ئەو تەبعەی کە هەڵگیراوە، ئەگەر مەشاریع بەو دینارە بکرێت، ئەوە ئێمە عەمەلیەن بە خەڵك دەڵێین دۆلار نەهێنێتە ولاّتەکەمانەوە، کاغەزمان بۆ بێنن، ئەوە ئەصڵەن فیکرەیەکی غەڵەتە و، ئەوە نابێت بیری لێ بکرێتەوە، هەر هەندێ تێبینیم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. رۆژ، کاك عومەر تۆ داوای قسەیەکت کرد فەرمووو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کاکە زۆر شتی روون کردەوە، ئێمە ملیارێك دیناری سویسریمان لێرە هەیە، هەندێکیان باسیان کرد، ئەمە لە تەعامولی تەڵەبا، چی جێگای ئەمە دەگرێتەوە، ئێمە سەروەتی قەومیمان یەك ملیار دیناری سویسرییە، چی جێگای ئەمە دەگرێتەوە، من مەبەستم ئەوەیە کە موناقەشەکەمان لێرە بێت، ئەوە نییە وەڵلاّ دۆلار دادەبەزێ یان هەڵدەستێ، ئێستا پارەکەمان بۆ بکەن بە کاغەز، سەروەتی قەومیمان کە مەجموعی سەروەی دەخلی فەردە و ئەوانە کۆبۆتەوە لای ئەم خەڵکە، ملیارێك دیناری سویسرییە، ئەمە چیی جێگای ئەوە

دەگرێتەوە، ئەگەر جێگای دەگرێتەوەو بووە تەبع، ئەوە هەموومان ماڵمان وێران بوو، ئیقتیصادەکەمان رووخاوە و تەواو، ئەگەر رژێم لە عێراق گۆڕانی بەسەر داهات، یان فەرموو ئێوە سویسرییەکان بێنن لەگەڵ چاپەکان، ئەوە ماڵمان وێران بوو، ئەوە هەموو کەسێك لەڕاستی خۆیەوە ماڵی وێران بوو، جا ئەمە چ حەللێکی هەیە، سویسرییە، دۆلارە، چییە ئەمە، ئەمە دوو، سێ رێگەمان هەیە، رێگەمان هەیە لەگەڵ (UN) قسە بکەین، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان قسە بکەین، لەگەڵ ئەمریکا قسە بکەین، لەگەڵ بەریتانیا قسە بکەین، لەگەڵ موعارەزەی عێراقی قسە بکەین، بڵێین چۆن بین، یەعنی ئەمەی کە من دە ساڵە تەعامولی پێ دەکەم، هیچ چاپ نەکراوە، دینارێکی تەبع لەوێ بیست جار و سێ جار تەبع کراوەتەوە، کابرا ئەگەر لێی پرسی دەڵێی چیت هەیە، دەڵێ سێ ملیۆن دیناری تەبعم هەیە، بۆ هی ئێرەش دەڵێ (٢٠٠٠٠) دیناری سویسریم هەیە، (٢٠٠٠٠) دینارەکە موقابیل سێ ملیۆنەکەی ئەوە، بەلأم ئەو هەمووی بە دینار هەیە بۆی دەگۆڕنەوە، منیش وەڵلا (٢٠٠٠٠)م هەیە، هەر (٢٠٠٠٠) دینار دەکات، چۆن ئەوە هەر ئینهیار دەبێت و وەزعەکە ئەوهای لێ دێت، لەبەر ئەوە لەم مەسەلەیەدا ئەو ملیارەی کە لێرە هەیە، بە تەقدیر دەڵێین ملیارێك، چی لێ دێت، دووە، سێ ملیارە چی جێگای دەگرێتەوە، کە جێگەشی گرتەوە، دەبێت بەو نرخە جێگای بگرێتەوە، چونکە هەموو عوملەیەك قووەی شیرائی خۆی هەیە، قووەی تەبادولی هەیە، قووەی ئیستیعمالی هەیە، تۆ ئێستا تەبع بەرە لە بازاڕی سلێمانی و هەولێر تا لێت وەردەگرن بە فیر دەڵێی چەق، بۆ دوو کلیۆ گۆشت تەبعی بەرێ، لێت وەرناگرێت، بەلأم سویسریت لێ وەردەگرێت، قووەتی کێیە؟ موجتەمع ئیعتیرافی پێ کردووە، قووەیەکی ئیستیعمالییە، برۆ تومەنی پێ بگۆڕەوە لێت وەردەگرێت، بەلأم بە تەبع بەچی لێت وەربگرێت، لێت وەرناگرێت، لەبەر ئەوە هەمووی ئەوانە قووەتی خۆی هەیە، ئەویش قووەتی ئیستیعمالییە، شیرائییە، تەبادولییە، چییە؟ بۆیە پێویستە لەسەر ئیدارەکەی ئێمە، هەردوو ئیدارەکەمان و ئەنجومەن و قیادەی سیاسیمان لەگەڵ موعارەزەی عێراقی قسە بکات، لەگەڵ (UN)نیش قسە بکات، لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا قسە بکات، حەلێك بۆ ئەم مەسەلەیەمان بدۆزێتەوە، جا قەی ناکات ئەو باسە راستە، کە باسی ئەوەتان کرد دیناری سویسری رەنگە هەمان ئەزمەمان بۆ دروست بکات، قەیدی ناکات ئەوە نا، بەلأم یا دۆلارمان بدەنێ یان شتێکی ترمان بدەنێ، رێگەیەکمان بۆ بکەنەوە، حیسابێك بۆ ئەوە بکەن کە لەم ولأتە هەیە، ئەگینا هەموو فەردێك، قەیدی ناکات ئێستا دیناری سویسری بشکێنە، بەلأم وای مەشکێنە کە ئیتر نییە بیدەیتەوە بە چاپی بەغدا، یەعنی کەوا شکا یەعنی سەروەتی قەومی تەحتیم دەبێت و دادەخرێت، هەرچییەك بێت پێکەوەمان ناوە تیا دەچینەوە، جا لەبەر ئەوە تەلەفەکە ئەوەیە، ئەگەر جێگای بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عومەر، فەرموو کاك رەجەب شەعبان.

بەڕێز رجب شعبان طیب:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وایزانم ئەڤ ئاریشەی ئابووری بەر چەند هۆیەکانە ئەڤەش، کە ئەڤە کویەچنە، ئێکێ ل وان دەشێت بێژین کە بۆرصە تەحکومێت کەن، کە بلند بوون و نزم بوونە دۆلاری یان هەبوون و نەبوونیان بکەین بوونە پارەی سویسری لە بازاڕ، بەس هەندێ خەلکێکی مە دێ گەیشتە باوەڕێك، کە دیناری سویسری بۆ پاشە رۆژێ نزیك ئیحتیمالە هەی زۆر بلند ببێتن، لەو ماوەیە زێڕ و دۆلارێت خۆ دینیتن پارەی سویسری پێت دکڕیتن، جا پارەی کەمێت دێتە بار کردن ئیت مالێ واندە و، ئەمشێت بێژن هیشکە دەوڵەتێ دەوروبەریش ئیحتیمالە هەی کە موحاوەلە بکەن پارەی سویسری بکڕن.

لەبەر هەندێ یانی دەست تێوەردانێکی لە ئابوری ئێمە بدەن و ئەم بێژین کە هەیڤا مە هەردەمێك کە پارتێن کوردستانێ لەگەڵ ڕێکخراوێ بیانی مووچا هەیڤانێ بدەنێ کارمەندێ خۆ و ئەندامێت خۆ ئەوێش ئەگەر ئەوی هەندێ کەس زێدە بوونە دۆلارێ بۆ ناڤ پارەی سویسری، لەبەر چارەسەریەکا ئەز پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەك بێتە پێك هێنان لە ئابووری ناساو لە پسپۆڕا دارایی و چەند پرسدارا ئەندامێت پەرلەمانێ کە چارەسەریەکا ببینن، بۆ نموونە بانق ببنە بەدەلە بۆ تەحەکومێت سعرا دولارا ڤە بکەن میللەتێ مە کە ببێتە حکومەت جهودێك بکەن پارەی بودجە یا زەریبە یانیش گومرگێ کە دۆلارێ وەربگرێت بەدەل دیناری ئەصلی چونکە هەندێ خەلك دیناری ئەصلی ناك دیناری وەرناگرێ یان دۆلارێ کڕیت و خەلکی مەش فێر بێت تەعاملێ دۆلاری بکات و پێتڤیا پشکە دۆلارێ خوردەش هەبێتن، لەبەر هەندێ ئەو لیژنەیە بێتە پێك هێنان بەلکو ڕێگاکا چارەسەریا پەیدا بکات بۆ ئەم وەزعە ئابووریە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس کاك رجب، فەرموو کاك شمایل.

بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:

السید رئیس المجلس المحترم.

في الحقيقة الزميل ابراهيم سعيد أشار إلى الكثير مما كنت أريد أن أشير إليه، المختصر الموضوع هو إن الهدف هنا هو السعي لتحقيق الاستقرار بأن ما يحصل يؤثر على معيشة المواطن و على الأداء الحكومي أيضا، الموضوع كما هو واضح يرتبط بوهم أو الجانب النفسي ولا علاقة له بالقيمة الحقيقية بالدينار السويسري و إنما هو موضوع عرض و طلب. أنا اقترح لمعالجة هذا الوهم يبدو إنه لا تنفع الندوات، ولا تنفع بعض التصريحات للقادة، لذا اقترح فبركة الخبر في اندي پيندد او نيويورك تايمز ان هناك خطة و هناك عملة عراقية في لندن وليس في سويسرا لانزالها أو شبه ذلك بهذا الشكل هذا بأنه يمكن تزويد الإقليم بجزء من هذه العملة، فبركة الخبر من خلال صحفي أو صديق، اعتقد للإقليم أصدقاء كثيرون، هذا شيء يؤثر كثيراً

و يزيل الوهم و تقلل الثقة الموجودة حالياً بالدينار العراقي ويمكن ان يرجع الى ثري پوينت ثري دولار، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم هەر بۆ زانیاری پێتان بڵێم کە لە پاش کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمەوە روپیەی هندیان هێنایە عێراقەوە، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نەهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەکانی منیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك شوکت.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی قسە زۆر کرا لەسەر ئەم مەوزوعە، بەڵام بەڕای من لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بووە بەهۆی شکانی ئەو پارەیە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە مەسئولینی هەردوو تەرەفەوە، ئیدارەی هەردوو تەرەفەوە هەیە، بە واتایەکی تر هەردوو حزب، چونکە ئێمە مەسئوول نین لە حزبەکەمان مەسئوولین لە ژیانی خەڵك، یەکەم خەڵکی ناشارەزا زۆر تەصریح دەدا لەسەر تەلەفزیۆن و رۆژنامەو یانی هەر بۆ ئەوەیە دەرکەوێ باسی ئەم مەوزوعانە بکات ئەبێ بەهۆی ماڵ وێران کردنی خەڵك کە هیچ پێویست نییە، خەڵکی نەشارەزا بەڕاستی بێنن تەصریح بدات لەسەر شتێك کە ئیختصاصی نییە، دووەم لە هەردوو لا ئێوە معاشتان داوە بە هەزارو پەنجا دینار داوتانە لە بازاڕدا هەمان رۆژ بە هەشت سەد دینار بووە بۆ خەڵکی بۆ فەرمانبەری هەژار، کە ئەوە یەکێك لەوانەی کە خەڵك گلەیی دەکات ئەوە حاڵەتێکی خراپە، سێ یەم کۆمپانیا گەورەکان یان بازرگانە گەورەکانی هەردوو سنوور لای یەکێتی و لای پارتی سەرمایەکانی هی یەکێتی و پارتییە، دەباشە لەم حاڵەتانەی کە ئێستا وەزعی بازاڕ بەو شێوەیە با لەلای خۆمان موبادەرە بکەین، چ حکومەت چ هەردوو حزب نرخ بێننە خوارەوە نرخی کۆمپانیایەکانی خۆیان، نرخی بازرگانیەکانی خۆیان بۆ خەڵکی هەژار بێننە خوارەوە: گومرگ، کرێی خانوو، کرێی بینا، کرێی ئوتێل، خواردەمەنیەکانی ناو بازاڕ، پرۆژەکان، ئەمانە هەموویان بێنە خوارەوە، ئینجا زەغتیش بکەن لە خەڵك بڵێن وا ئێمە ئەوەمان کرد، ئێوەش وەرنە پێشەوە، بۆیە بەڕای من بەشێکی پەیوەندی زۆری بە خۆمانەوە هەیە و پێویستە ئێمە لە لای خۆمانەوە دەست پێ بکەین، ئێمە مەسئوولین لە ژیانی ئەو خەڵکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك حەمە علی.

**بەڕێزحەمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەی زۆر کرا لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام هۆکارەکانی لەو دواییە کاك شوکت بەراستی هەندێکی باس کرد راستە، بازرگانی شەڕ زۆر ئیستیفادەی لەو وەزعە کردووە، کە بازرگانی پێوە دەکەن و، هەروەها کەمتەرخەمی هەردوو ئیدارەکە لە کارەکاندا، بەتایبەتی هەندێ جار بڕیار دەدرێ کە دڵمان خۆشە بەوەی بڕیارەکە لە هەردوو لا جێ بەجێ دەکرێ، بەڵام دەبینی لەلایەك جێ بەجێ دەکرێ و لە لایەکی تر جێ بەجێ ناکرێ، ئەزمەیەکی تاك دیناری هەبوو ماوەیەك لەمەوپێش، بەڕاستی ئەمە شتێکی بۆ خۆی دروست کرد لە بازاڕ، کە دوایی بەناچاری بە خراپی بەسەردا شکایەوە، بۆیە من بەڕاستی پێم باشە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ئەوەندە نەڵێین، ئەوەندەیە تەنها لەم وەزعەی کە نائاساییە و هیچی ترمان بۆ ناکرێ تەنها ئەوە نەبێ کە هەردوو ئیدارەکە و هەردوو وەزارەتی دارایی بە هەوکاری لیژنەی دارایی پەرلەمان دانیشن رێگە چارەیەك بۆ ئەو وەزعە بدۆزنەوە، کە چۆن بەرەنگاری ئەمە ببنەوە چۆن ئەو پارەیە تەلەف دەبێ، ئەو پارەیە خەڵکی بازرگانی پێوە دەکات، خەڵکی ناحەزانی دەوروبەرمان ئەیکێشنەوە و کەمی دەکەنەوە بۆ ئەوەی رەصیدەکەی بەو شێوەیە بێت بازاڕەکە تووشی ئاڵۆزی بکات، هەروەها من دەمەوێ بپرسم لە دەستەی سەرۆکایەتی و لە لیژنەی دارایی ئەگەر گوێیان لێم بێت نازانم سەدا سیانزدەی نەوت بۆ کوردستان ئەو بەشەی کەوا تەرخان کراوە لەلایەن (un) بەشێکی نابێتە رەصید بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەو ئەزمەیە رزگاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك حەمە علی، فەرموو کاك شێخ مەزهەر.

**بەڕێز شێخ مەزهەر علی مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم دەبوایە لەمێژ با هەرێم حسابی بۆ دراو بکردبایە کە ئەو دراوەی کە بەکاردێ لە هەرێم دەبوا دراوێك یا بۆ نموونە لە قەدەر ئەو وەزعەی خۆمان دابنێین، من ئەوە یازدە ساڵە وابزانم زیاتریشە پەرلەمانی کوردستان هەیە، ڕاستە وەزعی ناوخۆ تا ڕادەیەك تەئسیری کرد، بەڵام ئەو بیرە دەبوایە لە زووەوە کرابوایە، بۆ نموونە لە دوای ئەوەی کە رژێم بیست و پێنجی سەحب کرد ئەو پێنجی و دەییە هەموو دەم خەتەری لەسەرە، ئێستاش من نازانم ئەگەر بکرێ وام پێ چاکە هەردوو حکومەتەکە تەحەمولی کولفەیەك بکەن، ئینجا بە هەرەوەزی بێ یا بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بێ هەوڵ بدەن ئەو پارانەی کە هەیە سەحب بکرێتەوە، بۆ نموونە بکرێتە دۆلار وەکو کاك احمد فەرمووی خوردەی دۆلاریش زیاد بکرێت لە هەرێم، پێم وایە ئەگەر وابکرێ تەعامولەکە رێچکەی خۆی وەردەگرێ و وەزعەکە ئاسایی دەبێتەوە ، لەلایەکی تر ئەوەندە تەحەمولمان کردووە پێم وایە وەکو باس دەکرێ و قسە زۆرە رژێمی بەغدا هێندەی نەماوە برووخێ با لەمەو دوا

ئەو مانگەو دوو مانگە تەحەمول بکەین، بەڵکو بەتەواوی کۆتایی بە وەزعەکە دێ و یەک لا دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ زانیاری ئێوە ئاگادارتان دەکەین کەوا هەردوو وەزارەت کۆبوونەتەوە لەسەر هەندێ خاڵ ڕێککەوتوون کەوا لە پاشان لەلایەن لیژنەی دارایی پێشکەشتان دەکەین، ئێستا بۆ ماوەی دە دەقیقە پشووتان دەدەین و سەعات (١٢) لێرە جارێکی تر کۆدەبینەوە هێشتا دە کەسمان ماوە کەوا قسە بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش قسە بکەن و ئەو بڕیارانەش بخوێندرێنەوە، سوپاستان دەکەین.

پاش پشوو:۰۰۰۰۰۰۰۰

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەکەمان، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لەم بارەیەوە زۆر قسە کرا من نامەوێت قسەکان دووبارە بکەمەوە، بەڵام هەندێ تێبینیم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی بە کوردی با باشتر بوو، هەموو برادەران لێی تێبگەیشتبانایە، دروست کردنی هەواڵی نادروست وەکو پێشنیار کرا و، بڵاوکردنەوەی من پێم وایە کێشەی ئەمڕۆی دیناری ئێمە چارەسەر ناکات، بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە هەواڵانە هۆکارەکەی خراپ تر دەبێت و، ڕاستگۆیی ئەزموونەکەمان لەدەست دەدەین، ئەگەر بەم شێوەیە ئێمە تەعامول لەگەڵ مەسەلەکە بکەین، ئەو هۆکارانەی کە لیژنەی دارایی باسیان کرد لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر، من پێم وایە هۆکارەکان لەجێی خۆی بوون کە لیژنەی دارایی باسی کرد، هەروەها بۆ چوون و پێشنیارەکانی جەنابی کاک د. ڕۆژ و کاک احمد شریف و کاک امین و کاک ابراهیم ئەگەر بکرێت یەک بخرێن زۆر باشە، چونکە شتی باش لەناو پێشنیارەکانی ئەواندا هەبوو، هەموو یەک بخرێن هەر چەندە تەناقوزات لە بەینی هەندێ مەسائیلەکاندا هەبوو، بەڵام ئەگەر یەک بخرێن بە ئاگاداری سەرۆکایەتی و، لیژنەیەکیش دروست بکرێت و هەمووی یەک بگرێتەوە و، ئینجا لەرێگای سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی هەردوو ئیدارە بکرێت، وەکو پێشنیار بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و، بڕیاری لەسەر بدرێت ئەگەر پێویست کرا، ئەگەر نا دەتوانن ئەم بڕیارە وەبگرن، چونکە زۆر زەحمەتە ئێمە لەم بارودۆخەدا بڕیارێکی تایبەت وەربگرین لەم بابەتە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بۆ چوونانەی ئەم برادەرانە یەک بخرێن و لیژنەیەک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بتوانێ گەڵاڵەی ئەو بۆچوونانە بکات و، ئاراستەی سەرۆکایەتی هەردوو ئیدارەی هەرێم بکرێت و، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح، کاک مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیكمەت محمد كریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم بابەتە بابەتێكی یەكجار گرنگە، من پێم باشە كە هەم لە دانیشتنەكە كاتێكی باشی بدرێتێ و، هەم ئەو لیژنە داراییانەی كە دروست دەكرێن، بەڕاستی زۆر بە جیددییەوە بە هەندی وەربگرن و، تەنسیقی زۆر لەگەڵ وەزارەتی دارایی بكرێت، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە یەعنی هیچ نەبێت هەندێكی لە دەسەڵاتی ئێمەدا هەیە، واتە لە دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەكەدا هەیە، كە بتوانن واقعی سلبی كارەكە كەمتر بكەن لەسەر بازاڕمان و لەسەر هاووڵاتیانمان، بەڕێز كاك د. ڕۆژ باسی ئەڵمانیای كرد لە یەكگرتندا، ئەڵمانیا (٢٥)ساڵ پێش ئەوەی یەك بگرێت لەگەڵ ئەڵمانیای شەرقی هەموو ساڵێك ملیارێك ماركی پاشەكەوت دەكرد، بۆ ئەوەی كە یەكی گرت لەگەڵ ئەڵمانیای شەرقی هیچ تەئسیر لە بازاڕەكەی نەكات، كاتێك كە بڕیاری یەكگرتنیان دا(٢٦)ملیار ماركی ئەڵمانیای غەربی خرایە بازاڕەوە، بۆ ئەوەی ئەو زەرەرەی كە پارەی ئەڵمانیا شەرقی ئەیدات لە بازاڕی هەموو ئەڵمانیا بە كەمترین شێوە بچێت بەڕێوە، ئیشەكەی خۆی بكات، ئێمە بە هیچ شێوەیەك وەكو هەردوو حكومەت كە یەكگرتوو بووین و كە جیابووینەتەوە و ئێستاش كە لە پەرلەمانین، نە ئەوسای كە (٢٥) دینارەكەیان لێ بەتاڵ كردینەوە، دیراسەیەكی قووڵمان هەبوو بۆ ئەوەی بزانین ئەمە چ ئاسەوارێكی سلبی لەسەر بازاڕەكەماندا دەبێت؟ لەدوای ئەمەش كە حكومەتی عێراق لێگەڕا (٥دینار و ١٠دینار)ی تەداول بكەین، لای ئێمە نرخێكی تری پەیدا كردووە، لای خۆی یەكسان بوو بە پارەی چاپ كراوی خۆی، دیراسەیەكمان كرد كە ئەگەر بێتوو ئەوانیش بكشێنێ، چ كارەساتێك لە بازاڕی ئێمەدا دروست دەكات؟ نە ئێستاش بەڕاستی دیراسەیەكی قووڵمان لەسەر ئەوە هەیە كە ئایا ئەمە دەستی حكومەتی عێراقی تێدا هەیە یان دەستی تێدا نییە؟ بەتایبەتی لەم هەلومەرجە كە خۆمان دەزانین لە(٤- ٦)ی هەفتەی ئاییندە گۆڕانكاری زۆر بەڕێوەیە، كە چی ئێستا بازاڕی ئێمە، خەڵكی ئێمە، هاووڵاتی ئێمە هەمووی گیرۆدەی ئەمە بووە، كە بازاڕی دۆلار بەرزبۆتەوە یان نزم بۆتەوە، دیناری عێراقی بمێنێت یان نەمێنێت، من باوەڕناكەم ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان وەكو حكومەت بتوانین بە فشار، بەبڕیار، بە زەخت بتوانین بە هیچ شێوەیەك بتوانین ڕەوتی ئەم كارە بگۆڕین، چونكە نە ئینتاجمان هەیە، نە پەیوەندییەكی پتەومان لەگەڵ هیچ بانقێك لە بانقەكانی ناوچەكانی دەرەوە هەیە و، نە دراوی چاپكراوی تایبەتی خۆشمان هەیە، نە پارسەنگی ئینتاجی خۆمان هەیە لە هیچ بانقێك لە بانقەكانی هەرێم، كە ئێمە بزانین نرخی دیناری خۆمان ڕابگرین، نزمی بكەین یان بەرزی بكەین، ئێمە دەتوانین فەقەت بە كاری ریفۆرم ئیش بۆ ئەم مەسەلەیە بكەین، ئەمە هەڵەیەكە لە ڕابردوودا لە كاتی (٢٥)یەكە كردوومانە بەبێ ئەوەی دیراسەتی بكەین، هەمان ئێستا لە هەلومەرجێكی زۆر حەساسدا دووبارەی نەكەینەوە، بە شتێكی زۆر ئیعتیادی وەریبگرین كە ئەم دینارە وای لێهاتووە بە تەسەوری من بە دووری نازانم، كە لە دوو سێ هەفتەی ئایندە فشاری تریشمان بێتە سەر لەسەر مەسەلەی ٥دیناری و ١٠دیناری و، دەستی حكومەتی عێراقی تێدا

هەبێت بە شێوەیەك لە شێوەكان، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم وای دەبینم كە هەردوو ئیدارە و، پەرلەمانی كوردستانیش دەبێت قسەیەكی جیددی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، هەردوو ئیدارە و پەرلەمان دەبێت كارێك بكەین، ئەگەر خۆمان وەكو هێزەكان وەكو دەسەڵاتەكان وەكو پەرلەمان وەكو هەردوو حكومەت زەرەریشمان كردووە لە پاشەكەوتمان، لە ئیمكانەتمان، لە هەرچییەكمان، كارێك بكەین كە هاووڵاتی ئێمە تووشی زەرەرێكی زۆر نەبێت، ئەو هەلومەرجەی كە زۆر پێویستیمان بە خەڵكەكەمانە، پێویستیمان بە تەنزیماتمانە، پێویستیمان بە ڤیوای خۆمانە بۆ ئەوەی فرسەتێكی یەكجار زێڕین دێتە پێشەوە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی میللەتەكەمان تەعبیئە بكەین بۆ قۆستنەوەی، با ئەم مەسەلەیە كارێك نەكات ببێت بە كۆسپ لەبەر دەممان و، پشێوێكی خراپ دروست نەكات، زەمان چییە لەمە خراپ تر پشێو دروست نەكات و، تەنانەت بازاڕەكانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی و هەندێ لە قەزاكانی كەركووكیش تووشی موزایەقە و مەشاكیلی گەورەش نەبن، چونكە مەسەلەی ئیقتیساد مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، مەسەلەی ژیانە، مەسەلەی مردنە، لەبەر ئەوەی هەزاران كەس سامانێكی مام ناوەندی هەیە كەوتۆتە لێواری خەتری ئیفلاس كردن، كەوتۆتە پڕو پاگەندە، كەوتۆتە دژایەتی كردنمان، كەوتۆتە ئەنواعی قسەكردنمان، كە رەنگە كەمترین خەتا لەلای ئێمە بێت، چونكە هیوادارین ئەو قسەیەی كاك شەوكەت بە هەند وەربگرین، ئێمە وەكو خۆمان چ ئیمكانەتمان هەیە تۆ ناتوانی بە سەرمایەدارێكی ئێمە، بە بازرگانێكی ئێمە بە قۆنتەراتچییەكی ئێمە، بە یەكێك كە تیجارەت دەكات لە بەینی ئەم وڵاتانەی ئیقلیم، كە شت دەهێنێ فەرزی كەی لەسەری بڵێی، كە دەبێت نرخی ئەو شتەی كە دەیهێنی بە دۆلار بێت یان بە دینار، دابەزێنی لەكاتێك كە خۆت سەرمایەی حزبەكەت، دەسەڵاتەكەت، مەسئولەكانی ناو حزبەكەت كە لەگەڵ شەریكەكانە لەگەڵ كۆمپانیەكاندا، لەگەڵ قۆنتەراتەكاندا هەیانە ئامادە نەبن دۆلارێك دابڕن، نەوتت داناگری، كارەبات داناگری، تەلەفۆنت داناگری، تەلەفۆنێك كە لە وڵاتی ئێمە دەفرۆشرێت بە هاووڵاتی پەنجا بەرامبەر ئەو تەلەفۆنەیە كە ئەفرۆشرێ بە هاووڵاتییەك لە ئەوروپا، خۆ ناكرێت بۆ بڵێی بە گران كڕیمە، چونكە هەموو خەڵك دەزانێ كە سیم كارتێك لە ئەوروپا بە پێنج دۆلار دەكرێت، لەلای ئێمە بە چەند نرخێك ئەفرۆشرێت، ئەو جیهازانەی دێت بۆ وڵاتی ئێمە بە چ نرخێك ئەفرۆشرێت بە هاووڵاتی، لەبەر ئەمە ئەم مەسەلانە هیچ نییە دەبێت لەلای خۆمانەوە دەستی پێ بكەین، هەفتەیەك دە رۆژ ئیتیفاقێك بكەین لە بەینی خۆماندا كە ئەو شتانەی كە خۆمان نرخی لەسەر دادەنێین چ شتی بازرگانی چ شتی حكومی، كارێك بكەین خزمەتی هاووڵاتی بكەین نرخەكەی دابگرین، دوایی چاودێرییەكی چاكتری بازاڕ بكەین، تۆزێك كۆنترۆڵی بازاڕ بكەین تۆزێك ئیصلاحی بكەین تاوەكو ئەم ماوەیە تێدەپەڕێت، كە تێپەری ئینجا گۆڕانكاری گەورە هاتە پێشەوە پێم وابێ ئەو گۆڕانكارییە بازاڕیشمان دەگرێتەوە و ئیقتیسادیشمان دەگرێتەوە، دراویشمان دەگرێتەوە، ئەو كاتە دەبێت قسەیەكی جیددی لەسەر ئەو قسەیە بكەین كە كاك عومەری سەید عەلی باسی لێوە دەكات، ناكرێت هاووڵاتی ئێمە عێراق بڕۆخێ، كە گەورەترین ئاواتی سیاسی دێتە دی، بەڵام هەموو سەروەت و سامانی بدۆڕێنێ لەبەر ئەوەی عێراق رووخاوە، كە لە كاتێكدا خەڵك هەموو شتی خۆی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە. دیناری عێراقی خسوسیەتێكی هەیە لە وڵاتی ئێمە،

خسوسیەیەت لە چوارچێوەیەکی مەحدود کە وەکو هەموو هەڤاڵان وتیان کە قەچاغچی تەعامولی لەگەڵدا دەکات، بانقەکانی دەوڵەتەکانی ئیقلیمی تەعامولی لەگەڵدا ناکات، بەڵام هاووڵاتی ئێمە بڵێت چی؟ یەعنی ئەوە پانزە ساڵە ئێمە وا تەعامول دەکەین، وای ئەبەین بەڕێوە کە ئەو ئاڵتونی، پارەی ژیانی، کاسبی بەرنامەی ژیانی، دوکانی، هەر چییەکی هەیە لەسەر ئەم دینارە بەم ئەمری واقیعە کە ئێستا لە وڵاتی ئێمە بەکاری ئەهێنێ، لەپڕ تۆ بڵێی هیچ فەرقێك نییە حکومەتی عێراقی بڕووخێ، بڵێی هیچ فەرق نییە لە بەینی ئەو دینارە و دیناری تەزویر و، هەموو بگۆڕێ بەڕاستی سەرمایەگوزاری لە وڵاتی ئێمەدا نامێنێ، ئینهیار دەکات، خەڵکی ئێمە یەعنی توانای ئەوەی نییە کە پانزە، بیست ساڵی تر چاوەڕوانی گۆدۆ بکات بۆ ئەوەی بە پارەی تازە چاپکراوی ئایندە خۆی بینا بکاتەوە، ئەم مەسەلانە ئێمە دەتوانین بە جیددی موعالەجاتی بۆ بدۆزینەوە، ئیسلاحی بکەین، قسەیەکی جیددی لەسەر بکەین و، ئەسڵەن بیکەین بە خەمی سەرەکی هەردوو دەسەڵاتەکەی ئێستای ئێمە، خەمی سەرەکی ئێمە خەمی هاووڵاتیمانە، شتی سەرەکی ئێمەیە، یەعنی بەیانی هاووڵاتیان وروژان لەسەرمان چی ئەکەین؟ ئەیان کوژین، مەعقولە دەست لە خەڵکی بکەینەوە، لەسەر ئەوەی کە تووشی کارەساتێکی ئابووری بووە، یان تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری بووە، پێش ئەوەی کە شتێك بقەومێ، پێش ئەوەی کە گرێیەکە لەدەستە با نەکەوێتەوە دەممان، باشە کە گرێ کەوتە دەم تووشی گیروگرفتی زۆر گەورە دەبین لەسەری، ئەو کاتە دەبێت یان قەرارێکی گەورەی لەسەر بدەی، یان تووشی ئیحراجییەکی گەورە لەبەر دەمی میللەتەکەتدا دەبیت، رەنگە لە رووی سیاسیەوە یان لەرووی سومعەی ئیدارە و دەسەڵاتەکەشمانەوە تەئسیر لەسەر ئێمە بکات، بۆیە تکا دەکەم من بەش بە حاڵی خۆم، تکا دەکەم ئەوەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە بە جیددی لە خۆمان ببوورین، با زەرەریش بکەین، ئەوەی پەیوندی بە هاووڵاتییەوە هەیە زۆر بە دیقەت و بە حرس و بە ئیسلاحێکی زۆرەوە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین بە پشووەوە قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین، من ئەو پێشنیارەی کاك امین مولودم زۆر پێ راست و دروستە، کە دەڵێت با هەموو ئابووری زانەکانمان، بازرگانەکانمان کۆنفراس ببستن، سیمنار ببەستن، نەك هەر ئەوان خەڵکی تری موختەس لەم کارە حکومەتەکەمان زۆرتر لەگەڵ یەك دانیشێ، ئەوە بەس نییە وەزارەتی مالی ئێمە و وەزارەتی مالی هەردوو ئیدارەکە دانیشتووە و گفتوگۆ دەکات و، لەسەر پشتی کیسەڵیش قسە ئەکەن، دوو سەعات یان سێ سەعات دادەنیشن و موقتەرەحات دادەنێن و ئەیخەنە بازاڕ، بازاڕ هیچ تەئسیری نییە، ٣٠ دینار دادەبەزێ و ٤٠دینار هاتە خوارەوە بۆ بەیانییەکەی، دوو بەیانییەکەی قاچاغچییەکان ئەوانەی کە بازرگانی بە پارەکە دەکەن دەتوانن زۆر زیاتر لەو تەئسیرە تەئسیر لەو دراوە بکەن، کە هەردوو وەزارەتەکەی ئێمە دەیکات، بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ نرخ بۆ ئێوە دابنێ، نرخ بۆ بازاڕ دابنێ، نرخ بۆ دۆلار دابنێ، ئەمە هەر دەردی ئێمە نییە، ئێمە هەموومان ئێرانمان دیوە، هەموومان سوریامان دیوە، هەمووومان تورکیاشمان دیوە و، ئەوە عێراقە کە خۆشمان تیادا دەژین، حکومەتی ئێران جاری وا هەبووە بە ملیاردۆلاری خستۆتە ناو بازاڕ نەیتوانیوە تەئسیر لە قاچاغچیەکان بکات، هەر لەناو تەهران خۆیدا، حکومەتی تورکی چ رۆژێك هەیە کە لیرەکەی نەشکێ بەرامبەر بە دۆلار، یان لە بەرامبەر عوملەی ئەجنەبیدا، مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە

بلێین ئێمە دراومان نییە، ئەوەی دراویشی هەیە و دەسەلاتیشی هەیە دەوڵەتی زۆر گەورەشە کە تووشی قەیرانی وا دەبێت، بەڕاستی چارەسەری ئاسان نییە بۆ ئەو دەوڵەتانە. جا بۆ ئێمە هەموو بەڕێزان باسیان کرد، ئێمە نە ئەزانین ڕێژەی ئینتاجمان چییە؟ نە ڕێژەی تەعامولمان لەگەڵ ناوچەکە چییە؟ نە ئەزانین ئیجمالییەی ناتجی قەومیمان چییە؟ نەئەزانین توانای ئێمە لە بانقەکان چییە؟ ئەوە بە دەوڵەتە گەورەکان بە ئاسانی چارەسەر نەکرێت، ئێمە چۆن دەتوانین چارەسەری بکەین؟

بۆیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە، تکایە ئەم مەسەلەیە زۆر بە هەند وەربگرین، هیچ نەبێ ئەگەر نەشورووژێ بەرامبەرمان نەشتەقێتەوە بەرامبەرمان، هیچ نەبێ وەکو هەنگاوی کۆمەڵەکەمان توانای خەڵکەکەمان بە ڕوحێکی خۆشتر ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە بێتە پێشەوە و، چیشمان پێدەکرێ ئێمە بۆ موساهەمەت کردن، بۆ خزمەت کردنی ئەو خەڵکە هەتا ئەگەر لە توانای پاشەکەوتی خۆمان، لەتوانای خۆمان چی تیایە ئەگەر مانگێك کۆمپانیایەکانی خۆمان هیچ قازانج نەکات؟ چی تیایە ئەگەر یەك دۆلار قازانج نەکات؟ نە کۆلەکەی ئاسمان دەروخێ و، نە ئیفلاس دەکەین، نە بێ توانا دەبین، نە یەکێتی لە دەسەلات دێتە خوارەوە، نە پارتی لە دەسەلات دێتە خوارەوە، با یەك دانە مانگ و نیوێکە هەرچی شەریکاتمان هەیە و، هەرچی ئیمکاناتمان هەیە، هەرچی ئوتێلمان هەیە، هەرچی جگەرەمان هەیە، هەرچی تەلەفۆنمان هەیە، سەنتێکیش با قازانج نەکات، هەمووی گریمان ئەو ولاتەی ئێمە ئاگری تێبەر بووە و تۆ ئەیکوژێنیتەوە، مەسئوولیەتی ئەخلاقی ئێمەیە، مەسئولیەتی ئیجتماعی ئێمەیە، مەسئوولیەتی سیاسی ئێمەیە، مەسئوولیەتی ئابووری ئێمەیە، کە ئەوە چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك مەلا بەختیار، فەرموو کاك شێخ یحیی.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان قسەکان هەمووی کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز شێخ یحیی، بەڕێز مەلا هادی.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان.

ئەو قسانەی کە برادەران باسیان کرد بەڕاستی ڕەئی زۆر نیشان دەدات، بەلام دوو شت دەگۆڕێت یەك، هۆی چ بوو وای لێهات؟ دوو چی بکرێت؟ هۆیەکانی کە وای لێهات نە ئابووری نە سیاسین، خەڵکی سادەی بازاڕ پێشی دە ساڵ ئەم پێشبینیەی دەکرد، کەوا موئامەرەیەکی ئیقلیمی هەیە، کە پارەی سویسری سەحب دەکرێتەوە، دەڕواتە دەرەوە لە کوردستان، تەبعەن ئەوە مەعلوم بوو و، ئەو وەزعەش چاك نابێت تاوەکو نیزامی عێراقی نەگۆڕێت، لەوانەیە هەوڵ بدرێت وەکو چۆن موسەکینێك بدرێت بە نەخۆشێك وەزعەکەی کەمێك باش بکات، ئەو شتانەی کاك مەلا بەختیار

باسی کرد، شتی باشی باس کرد و، من پشتگیریی دەکەم، بەلاّم چاك بوونی سەدا سەد نابێت، خالّی دووەم چ بکەین چاك دەبێت، چاك کردنەکەمان ئەوە بێت، یەك تەعامول کردن بە دۆلار بێت، بەموستەنسەخ بکرێت، بە توومەن بکرێت، بە پارەی ئەسڵی بکرێت، بە بەردەوامی، خالّێکی تر زەخت نەك هەر لەسەر بازاڕی ئیقتیسادی هاوولاّتیان، یەعنی بەزۆر داخستنی مەکتەبی تیجاری و مەکاتبی ئەو دۆلارانەی، کە لە بازاڕدا هەیە، بەلاّم با حکومەت مونافەسەیان بکات و مەکتەبی هەبێت، بەڵکو زیاتر بتوانێ ئەو وەزعە رابگرێت و تاوەکو گۆڕانێك دێتە پێش، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم زیاتر لەمە هیچی تر نەکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك مەلا هادی، فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە کرا، تا ئێستا کە قسەمان کردووە راستییەك هەیە کە دەبێت هەموومان بیزانین، کە وەکو مەبدەئێکی ئیقتیسادی پێی ئەڵێن(عەفویەتی بازاڕ)، سەرەڕای ئەوەی کە قەوانینیش تەئسیری هەیە لەسەری، ئەوەی کە تا ئێستا باسی لێوە دەکەین بەڕاستی نەکەوتۆتە ناو خەڵك، ئەزمەکە کەوتۆتە لای حکومەت، یەعنی حکومەت ناتوانێ تەئمینی ئیحتیاجات و راتبی خەڵکەکە بکات، لە هەر ولاّتێکیش کە دراوەکەی بە قیمەت دەبێت، نەك هەر بەرامبەر بە دۆلار، بەڵکو بەرامبەر بە تومەن، بەرامبەر بە یۆرۆ، بەرامبەر بە تەبع، دەبێت ولاّتەکە چاکتر بەرەو پێشەوە بچێت و خەڵکەکەش باشتر ئەحەسێتەوە، ئەوەی کە زەرەرمەندە بەرامبەر بەوە حکومەتە، کە نەتوانێ شتەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوە مەسەلەك، ئەوەی تر برادەران بە گشتی باسیان کرد لەسەری، ئێمە وەکو حکومەت، وەکو پەرلەمان، وەکو دامودەزگای خۆمان کە بالاّ دەستین، دەتوانین سێ چوار ئیجرائات بکەین، لەگەڵ ئەو ئیجرائاتانەی کە برادەران باسیان کرد، یەك، ئێمە لەم ماوەیە با تەقەشووف بکەین وەکو خۆمان، پارە کەم سەرف بکەین، بۆ ئەوەی تەڵەب لەسەر پارەی عێراقی کەم ببێتەوە، لەو کاتە عەرز زیاد دەبێت و تەڵەب کەم دەبێت، پارە بێت و نرخەکەی بەرز دەبێتەوە، ئەوە مەبدئێکە ئێمە وەکو حکومەت هەندێ مەشاریعمان هەیە رایگرین، بۆ ئەوەی پارەی عێراقی سەرف نەکەین، پارەی سویسری سەرف نەکەین، ئەو کاتە عەرز و تەڵەبەکە شتێکی تیا ئەکەوێ، دوو، ئێمە وەکو حکومەت با دۆلاریش وەربگرین، چۆن یەکێك لە موشکیلەکان کە پارەکە زۆر هاتە خوارەوە، ئێمە معاشمان بە دۆلاردا، یەعنی عەرزی دۆلار زیاتر چووە بۆ بازاڕ، تەلەبیش زیاتر بوو لەسەر دینار، وای لێهات دینار قیمەتەکەی بەرز بۆوە، با حکومەت لە هەندێ دامودەزگای خۆی بە دۆلار پارە وەربگرێت، کە پارەی وەرگرت لە زەریبە چۆن ئێمە تا ٧٠٠دینار یان ١٠٠٠دینار دۆلار دەدەین، هەندێ داهاتی حکومەتیش لەسەرووی ١٠٠٠ دینارەوە با بە دۆلار بێت، ئەو کاتە دۆلار تەڵەبی لەسەر زیاد دەبێت، دینار تەڵەبی لەسەر کەم دەبێتەوە ئەوە تەوازن دەبێت، خالّێکی تر کە لەلای خۆمان ئەم ئیجرائاتانە کە پێمان دەکرێت، ئەو ئیجرائاتەی کە ئێمە ناتوانین حیسابی بۆ بکەین سەقفی مالی نییە، حکومەتی عێراقی مەسەلەی سیاسی و مەسەلەکانی تر، بەلاّم ئەم ئیجرائاتانە ئێمە

دەتوانین بیکەین بۆ فەترەیەکی موئەقەت وەکو ئەم برادەرە باسی کرد، ئیمکانە حکومەتی عێراقی لە لێواری رووخاندن دابێت، هەموو موئامەراتیش لەسەرمانە، ئەمەش کە شکاوە بەڕاستی هەندێ جار هەیە تەئسیراتی سیاسییە، کۆمەلایەتییە، ئابوورییە، عەرزوتەڵەبە، ئەم دوو ئیجرائاتە بە رەئی من ئیزافەتەن بۆ تەقریرەکەی لیژنەی مالی و ئیداری و لەگەڵ قسەکانی کاك امین مولود ئەمانە وا بکرێت، هەروەها ئەو پێشنیارەی کاك د. ناصحیش پەسەند دەکەم کە لیژنەیەك دروست بکرێت لەناو پەرلەمان ئەم تەقاریرانە کۆبکاتەوە، پێشنیارێك وەکو تەوسییە بخاتە پێش وەزارەتی مالییە و، حکومەت ئیجرائاتی خۆی بکات و، خاڵێکی تر کە ئێمە پێمان بکرێت لەم کاتە وەکو سەلەی عوملات بەکاری بهێنین، یەعنی هەموو عوملاتەکان با وەگەڕبخەین، نەك بەس لای خۆت بە هاوولاتییەك بڵێی ئەمانە بەکاربهێنە، بەڵکو حکومەتەکەش ئەوە وەربگرێت بۆ ئەوەی حکومەتەکە داهاتەکەی لە هەموو شتەکان کۆببێتەوە و ئیشەکان حەل بکرێت و، جارێکی تر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك عماد، بەڕێز کاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە ئەم بەرامبەر قەیرانێك دژین، نەك کورد گوتنێ برەنگێکی تایبەت بەلکو عیراقی هەمی، بەلکو دەڤەرژێ برەنگێکی گشتی یان بەرامبەر قەیرانێك دیت ئەڤێ ئەم قەیرانە خەسلەت و تایبەتمەندییێت خۆ هەنە ژوان هەمە لایەنی و بەروەخت ئان کو شمولییەت و موئەقەت، یەعنی ئەڤ قەیرانانە هەمێ کردنا ناڤ دژی، ئەم قەیرانانە وی هەندێکی لایێ ئیقتسادی مە بچیت بۆ لای ئابووری کە ئەڤرۆکە هەمی دژیت و دنالین، ئەگەر برۆیت بازاری یان ئەڤێ کو پارە کۆکری کە هەتا هەنووکە زۆر قەلەقێ پەیدا کری زۆر مەشاکلی پەیدا کری، یەعنی سەری کو لاکا بەرزە کرین دۆلارێ کریت، پارەی مە موستەنسەخ بکریت، سوری بکریت، ئیرانی بکریت، یەعنی موشکیلەکا پەیدا بی، یەعنی هەر دوکانەکی بچیت یان هەر شوێنێکی بچیت تۆ دبیت هەر ئەبێ پرسیارێکی بکەیت، چونکە ئابووری یان ئیقتساد عەسەب حیاتە، کاك مەلا بەختیار زۆر بە وازیحی ئیشارەت کرد فعلەن اقتصاد مردن و ژیانە، لەبەر هەندێ زۆر پێویستە لەسەرمان ئەگەر بەس بەرێ خۆ بدەینێ ئیحتیمالە بە رەنگەکەی سەرپێ لە زوو سەرپێ بزانێ ئاساری دڤێ کو قەیرانا کە تێدا دژین گەلەك سەلبیاتێ لەسەر کۆمەلا مە هێرا ئەوان گەلەك سەلبیاتا ئەم سەر بژین رکودەکی بازرگانییە ئەڤرۆکە هەرە بازاری، هەرە منافەسێت حدودیا ئەڤ دەرگەیێ کو توشی دێت، ئیحتیمالە سەدێ پەنجا، شەست یان ئیحتیمالە زیاتر بێت، هاتنا تشتێ بۆ کوردستانێ یان کەم بی، چونکە سابت نیینە چونکە راس مال نە موستەعیدە راس مالی خۆ لە عەرزێکی ئیستیسنا بکت ئان لە بازارێکدا کو موئتمەمین نەبیت موستەقبەلی دێ کو روبحەکی ژ پەیدانەکرد، لەوانەیە لە داهاتوو رکودێك بێت یەعنی بەتالە دەست پێ کری لەوانەی زیاتر بێت، برادەران باسێت کرد کە ئەڤرۆکە مەشاریعی مە ٩٨٦ هەمی دۆلار بێت، موستەشفەك دئافاکرنێ بە شەش سەد هەزار دۆلارە، ملیۆنەك دۆلارا، ئەگەر هەنگی بە شەش سەد هەزار دۆلار ئان بە

میلیۆنێك دولارا سعری هەنگی دانێ ئەڤرۆکە مەفروزە ڤ دوو بکرێت، بە تەئکید مەشاریع دەبێت کەم بێت، بە تەئکید ئەڤە دێت ئینعیکاس بێت سەر بەتالێ کو فعلەن ئەڤرۆکە ژێت بنالێن، رەنگە ئاسارێکی زۆر گرنگی ڤەلەڤێ رەنگە ئەمە ئارمانجێکی سیاسییە فعلەن ناحەزێت مە بێتە شت تەغزیە دکەن، ئەو ژیت کو فعلەن مواتنێ مە، هاوولاتییێت مە بەرامبەر وێ ڤەیرانێ ڤەلەڤت بێت، شعورێ بڤەلەڤا بکت و موستقبەلێت مە چ بت، دچ بەسەرێ مە دێت، ئەڤ مالێ مە دێ بۆ مە بمێنێت، دبێتە کاغەز، وەکو بیستبێت ژ بەسەر مە هینایین، چونکە دووتشتێت دێت دبێتە عوملە، قانون زائد رەسید، یەعنی قانون دەعم بکەیت و رەصید هەبێت عوملەیە، ئەگەر هەر هەر نەبیت دشێ ببیت ئەگەر هەردوو تشت مە نینە، ئەڤە سیاسین ئەڤە نە رەصید هەیە نە قانون هەیە، یەعنی بچێتە بەغدا بە سانایێ ٢٥هەر چەندە مودیر بەنکی مەرکەزی عێراقی وەختا خۆ تەعلیقا وی سەر لەغوێ ٢٥ی گوتی ئەڤ قەرارە عیراقێ دای بۆ تەجمید ئان لەغوا ٢٥ی دەولیەن عوملەی عێراقی سەقەت کرد، یەعنی بە قەناعەتا من ئەگەر ئەڤە نەبا مومکینە زووی صدام، ژمێژە صدام ئەڤەی لەغوو دەکرد، نە حوبا بۆ مەیە، یەعنی فعلەن قەرارا ٢٥ی لەغووە کر، ئان سەحبا کر، ئان تەجمید کر بسەبەبا وێ هەندێ وەکی مودیر بانکی عێراقی مەرکەزیا عێراقی گوتی عوملا عێراقی دینار ساقت بی دەولیەن، ئەگەرەکا دی ئەم شێن بێژین بەرزا کرنا سیقەتا باوەرپێت دامودەزگێت مە، ئەڤە ژی ئارمانجێکی سیاسییە زۆر ناحەزێت مە هەیە باوەڕ کەن، فعلەن دامودەزگای مە نەشێت موعالەجەیێت ئەڤ مەسەلەیە بکەین، نەشێت حیمایەتا باسێت بکەین، وەکی برادەران باسیان کرد، فعلەن ئێك ئەرکی حکومەتا مە و ئێکیش ئەرکی دام و دەزگێت مە پاراستنێ سامانێ مواتنییە، یەعنی ئەڤە هەمی نووکە حالی حازری زێدەتر ژی کریتن، کە ئەڤرۆکە ژێت دنالین و مومکینە گەر زۆر بیتن چ وەهمە چ سیاسەتا چ ڤەیران وەکو ئەزمە بەرامبەریت وی دژین، بەلێ ئەڤە هەمی مەوجوودە و تێدا دژیێ، من چەند پێشنیارێت هەن، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان مومکینە پێشنیاری تازە نەبن، مومکینە برادەران باسیان کردبێت برەنگێك و رەنگێکی دی، ئەو ژی دڤێرێ هەمی رَسوماتێ دی ئەم موحاوەلە دکیت دۆلارێ هەبیت، یەعنی ئەڤ رەسمێت تێنە ساندنێ، یەعنی چ زەریبە بێت چ بازرگانی بێت چ ترانزێت بیت، یەعنی ئەڤ موحاوەلە بکەت هەتا نووکە هەگەر نەبیتن و ببیت هەمی ترانزیت بێتن، چونکە یەکی وان ئەگەرێت بیتن بازرگان ژێت دنالیت مە فەرزێت بکەین لەسەر بازرگانی ئەڤێت دینارێ پێ دەفع بکەت، یەعنی نوڤاتێت مە ئەو ژی کو فعلەن دینارێت بەرز کرد ببی سەبەبێ چەند جار ئەڤ رۆژە تاخیر ببتن لۆریا وی یان شاحینا وی تاخیر بیتن، چونکە پارەی دیناری عێراقی نەبیت و روژانە کولفەی لەسەر بیت، یەعنی رۆژانە چەند شاحینا تاخیر بیت سەد دۆلار ژێ ستاند، یەعنی رۆژانە بازرگانی هەر شاحینەك بسەد دۆلارا بیت، راتبێت مە ژ سەقف ئەدنا تەحدید بکەین کە ٥٠٠دینار بیت، ئەوی راتبیش ٥٠١ژ بت، ئەبێت بە دۆلارا ژ دەفع کەین، زەختێ سەر دینارێ مە دێ کەم بێتن، تەشجیع ئان پشتەوانیا بازرگانییێ، چونکە فعلەن بازرگانێ هێلێت ئابووریێ دەڤەرێت برەنگەکی زیندی موتەحەریکە، یەعنی ئەگەر ئەم بێن بەرێ خۆ بدەن موستەوا مەعیشەتا لدەرێ موقارەنا بکەت دەورو جیرانێت خۆ، لەوانەیە بەرەنگێکی باشتر بژین ئەڤرۆکە عوملا مە وەکو کاك د. رۆژ باسی کرد تەنها لەکوردستانێ بەرێڤەبچێتن عوملا

سویسری، یەعنی ئەگەر تۆ موقارەنا پێ بکەیت لەگەڵ عوملا دی موستەوا مەعیشەتا مە گەلەك ژ خەلکێ بەرزە، یەعنی لەگەل عیراقێ ٢٥٠ زیاتر، لەگەل سوریا لەوانەیە شەشا وحەفتانە، لەگەل تورکیا هەزارا، لەگەل ئیرانێ، خۆدانێ خۆ بەری سەروەتا وی سامانێ وی ئەڤرۆکە دینارا مە بسەد تومەنانە، یەعنی موستەوا مەعیشەتا مە چەند بەرزە، ئەڤەش دەگەڕێتەوە بۆ فەزڵ، بۆ خوتەتێت مە سیاسیی و پلان دانانێ مە سیاسی، ئەڤەش ئەگەرکیش وان ئەگەرە، من پێشناری دی ژ هەی، ئەو ژی کە نووکە تەغیر ئان کو عوملە کاشە ڕێگا کاشا تێدا دانێی ئەڤ کاشانەش ژی هەی تەبیعی مەجالێ هەی بۆ دانانێ تەلاعووبێ، ئەز پێشنیار دکەم حەسر بێتە کرنێ، هەمی بە ئیجازە یان دووێ نە بکاش، بەینەما بسەنەد هەمی بازرگانەکا، یەعنی من بازرگانم جەنابت بازرگانی پارەی خۆی دایتە بانکی دینارا عێراقی، ئان دۆلارا ئەمریکی دەینیەتە بانکی، وەختی تەغیرێت بیتن بسەنەدا و ی بچیتن، چونکە فعلەن حکومەتا مە ڤی رەنگا دشیت سەیتەرا سەر حەرەکەتا تەغیر بیتن کێ ئەو دی پارەی، نەوعەکی رەقابەی ئەو ژێت زێدە زێدە موهیمە، برادەران ئیشارەت پێ کر تەنها بۆ نموونە ئەشێم ئیستشهادی بێت چەندی بکەم، ڤان رۆژا جەنابێ وەش ئاگادارە خەلکێ دی ولاتینە ئەم تووشی موشکیلەکی بین ئەو ژیت بەنزین، یەعنی بەنزین بە ١٩درهەما بیت ئان بە١٨درهەما بیت ئان بە دینارێك بی، رەئسەن خیلالی سەعاتەك بی دوو دینار و سێ دینار و تا پێنج دیناریش چوو، بەس پێشی ریقابە دانانا سەری یان دامودەزگێ سوڵتەی هەرێمێ دەستی خۆ دانا سەر حوکمی ئەڤرۆکە دینارەکا ئەڤسا حەد ئەڤرۆکە حیساب بازار کرد دینار و نیوێکە، بقەناعەتا مە ئەگەر رەقابە نەبا لەوانەیە ئەڤرۆکە بە پێنجا، شەشا بیتن، زۆر موهیمە ئەڤرۆکە تشتێت مە محەلی ئەگەر تۆ بیت دیناری حیساب بکەی دۆلاری سەدێ سە هەنووکە هاتە خوارێ، ئینتاجێ مە محەلی وەکی خۆی مایە، یەعنی سعرا وی وەکی خۆی مایە دشێ بشی دۆلار هەژدە دینارا بی، ئەڤرۆکە بە ٨٠ ئان ٧٠هەر سعر وەکی خۆیە لە چاڤا دیناری عێراقییە، نەوعەکی ریقابەی ئەبێت موهیم بێت ئەم بشێ سەیتەرەی لسەر وێ حەرەکەی بکەین، کاك د.رۆژ ئیشارەت لسەر خالێك کرد ئەو ژی لەگەل موعارەزەی جەنابیشت مومکینە تەتەروق کری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ئەوانی هەمی دگەل موعارەزەی فعلەن حەل بکەین، رۆژەکا تەحدید بکەین، تەسبیتا سعرێ، ئەگەر هاتوو لەگەل موعارەزێ دەست بە تەغیرەکا بکەت، بە تەئکید تەغیر دەکات وەکو ئیشارەت پێ کری، کە تەغیرا عیراقێ حەتمیە چ رێگا سیناریۆ یان چ سیناریۆیە ئەو موشکیلە نینە، بەلام وەکو دیارە کە تەغیر حەتمیە، ئەڤ تەغیرانە لەگەل موعارەزە تەسبیت بکەین، فعلەن سەبەب پارێت مە نەبیت موقابلی ٢٥٠ی عیراقییە ئەمە موقابلی عیراقییە، سوبەی ببێتە دینار بە دیناری، یەعنی خو دانی ملیۆنا دبێت خودانی چەند دینارا، ئەبێ زێدە زێدە گرنگە ئەڤرۆکە وەکی مەسەلا فیدرالیا چا لەگەل موعارەزەی حەسم کرد فعلەن بی خالەك و کەتە ئەدەبیاتا مەدا، وەکو ئەم شین بشین وەکو ئیتیفاقیا یازدەی ئادارێ ئەڤرۆکە مە فیدرالیەت چەسپاند، ئەڤەش زێدە زێدە گرنگە ئەم لەگەل موعارەزەی دێ مەسەلەی حەز بکەین فعلەن لە خزمەتا مە دایە و لە خزمەتا مەسلەحەتا میللەتێ مە دایە، زۆر سوپاس و پێشکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك د. رزگار، تکایە ئەوانەی کە قسەیان هەیە دەستی خۆیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی قسە بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش سوود لە قسەکانیان وەبگرین، کاك احمد نقشبندی، فەرموو.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیرو بۆ چوونی برایان بەتایبەتی راپۆرتی برایانی لیژنەی دارایی شتی باشی تێدا هەبوو، ئەوانەی کە باسیان کرد بەڕاستی منیش هەر ئەوەندەم هەیە کە ئەوان باسیان کرد بەو تەفسیلە، بەحەقیقەت هەرچی زووە هەوڵ بدرێت، چونکە ئێستا لە هەموو ماڵێك لە هەولێر، لە سلێمانی، لە دهۆك باس باسی ئەوەیە ئایا پەرلەمان باسی دراو ناکات، باسی دۆلار ناکات، باسی بازاڕ ناکات یان کەی باسی دەکەن؟ یەعنی پرسیارەکان لە هەر بازاڕێك، لەهەر سووچێك دەچی لە سلێمانی لە هەموو شارەکانی سەرتا سەری کوردستان، باس باسی دراوەو دابەزینی دراوەو، باسی بازرگانیەکەیەو باسی تیجارەتەکەیەو، پەرلەمان چارەسەری لە دەست هەیە یان نا؟ من دەڵێم بەش بە حاڵی خۆم ئێمە ئەم موناقەشەیە دوورو درێژەمان کرد، برایان هەر کەس لەلای خۆی هەستی خۆی دەربڕی، هەمووی هەر ئەو هەستەیە هەرچی زووە بۆمان دەکرێت با بیکەین، پەیوەندی هەموو بەو کەسانەیە کە لە دەرەوەشن، ئەو پسپۆڕانەی کە شارەزاییان هەیە لە مەسائیلی دارایی، ئەگەر لەناو موعارەزەیە، ئەگەر لە ئەوروپایە، ئەگەر لە ئەمەریکایە، لە هەر شوێنێکە هەتا لەمە زیاتر تووشی شتی کەم و کورتی نەبووینە و میللەتەکەمان تووشی زەرەرو زیان نەبووە، ئەوەیە دەڵێم هەوڵ بدرێت، هەتا زووە دەسەڵاتدارانی ئێمە لە هەموو سەرتا سەری کوردستان، هەوڵ بدرێت هەتا زووە پەیوەندی بە دەرەوە بکرێت، بەشارەزایان بە پسپۆڕان بۆ ئەوەی کە بتوانین چارەسەرێك بدۆزینەوە، وەختەکەمان زۆر ناسکە، بەڕاستی گۆڕانکاری لە گۆڕێ هەیە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك احمد نقشبندی، بەڕێز مەلا محمد امین فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین عبد الحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز خۆتان هەمووتان خوێندیتانەوە کاتی خۆی کە حکومەتی شێخ محمود قسە لەوەدا کرا دروست بێت، دروست نەبێت، ئەو کاتەی کە کوردستان پچڕابۆوە، مەسەلەك هەبوو پێیان دەگووت توتنەکە، جا نازانم کاك د. کمال لە بیریەتی یان نا؟ شتێکی باوبوو! شتێکی باوبوو کە فەلاحەکان، تاجیرەکان توتنیان کڕیبوو، ئایا ئەگەر کورد ببێت بە حکومەت دەبێت توتنەکەمان چی لێ بکەین؟ کێ لێمان دەکڕێت، ئەگەر عێراق لێمان نەکڕێت، یان دەوڵەتێك لێمان نەکڕێت، خۆی ئەم قسەیە هەرچەندە سادەیە، بەڵام زۆر موهیمە، موهیمەکەی لەوەدایە کە ئینسان

ئیقتیسادی نەبێت نییە، ئەم شەڕەی کە ئێستا لەگەڵ کورد دەکرێت، شەڕێکی ئیقتیسادی زۆر موهیمە، ڕەنگە نەخشەو پیلانێکی زۆر گرنگی بۆ دانرا بێت، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە چۆن وەڵامی ئەم نەخشە و پیلانانە دەدەینەوە و، چی بۆ دەکەین؟ زۆر سوپاسی برادەران دەکەم کە قسەی زۆر باشیان کرد، من دەمەوێت چەند تێبینیەك بڵێم، دوای ڕاپەڕین ئێمە هەندێ شت بەتەمانەبووین، ناویان ناهێنم، بەڵام دوای ڕاپەڕین کە حکومەتی عێراق ئیدارەی کێشایەوە، وەکو چۆن خوای گەورە لە ئایەتێکی قورئانی فەرمووی(عسی ان تكرهوا شيئا فهو خير لكم والله يعلم وأنتم لا تعلمون)، زۆر شت هەیە وەزعەکەش لە بەرژوەندی میللەتی کوردە، چیمان کرد ئینتیخابمان کرد و حکومەت دروست کرا، ئیدارەی خۆمان زۆر بەباشی بەڕێوە دەبرد، ئێستا بووینە ئەو ئیدارەی کە غەرب و خەڵکی دنیای دەرەوە دەڵێن، ئەگەر ئەو تەجروبەی خەڵکی کوردستان تەعمیم بکرێت بۆ هەموو شرق الاوسط و بۆ عێراق، ئەوە بێگومان خەڵکەکە هەمووی بەختەوەر دەبێت، ئەم تەجروبەی ئێمەش بێ دوژمن نییە، دەوروبەرێك هەیە، کە نایەنەوێت تەعدودیەت هەبێت، یان حورییەت هەبێت، یان ئازادی هەبێت لە هەموو لایەکەوە شەڕمان لەگەڵ دەکەن، من ئابووریناس نیم، بەڵام برادەران باسی لێوە دەکەن ئەم عوملەی عێراق بە تەبعەوە، بە سویسرییەوە قوەتێکی قانونی هەیە، لەوانەیە تەبعەکە زیاتر بێت لەبەر ئەوەی ئێستا سویسرییەکە وەستێنراوە، لە کاتێکدا کە ئەو پارەیە ئیلغا دەکرێت، گەل و بەتایبەتی میللەتی خۆمان زەرەر دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر حکومەتێکی تر دروست ببێت، بێگومان عوملەکە عوملەیەکی نوێ دەبێت، ئەو پارەیە وەکو یەك حیساب دەکرێت، ئەگەر واش نەکرێت سەحب دەکرێت هەمووی وەکو یەك حیساب دەکرێت و، وەردەگیرێت، بەم مانایە ئێمە پارەی سویسریمان هیچ زەماناتێکی نییە، بۆ ئەم مەسەلەیە من دەمەوێت لەسەر دوو تەوەر ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئیش بکەین، یەکێکیان تەوەرێکی سیاسی بێت، لایەنێکی سیاسی بێت، چەکێکی سیاسی بەکاربهێنین، کەوا چ حکومەت چ دەوروبەر ئەیانەوێت وەکو عەرەب دەڵێت(قطع الاعناق، لا قطع الارزاق) نانت ببڕێت، خواردنت نەبێت، ئیقتصادەکە تێك بدات، ئەوەش موئامەرەیەکە کە لە پەلەقاژەیێ ڕژێمدا دەکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە لەسەر موستەوای دەرەوە دەنگمان بگەیەنینە ئەوروپا، بیگەیەنین بە دۆستانمان لە دنیای دەرەوە، مەرج نییە ئێمە هەموو ئابووریناسەکانمان خەبیر بن، بەڵام خوبەرای چاك هەیە، لەلایەنی تردا دەتوانن یارمەتیمان بدەن، بۆ نموونە ئەوەی کاك احمد شریف باسی کرد، کاك مەلا بەختیار باسی کرد، گشت برادەران قسەی باشیان کرد، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە چەکێکی تر بەکار بهێنین، ئەویش چەکی هەڕەشەکردن لەو کەسانەی کە پارەیان دزیوەتەوە لێمان، خۆ ئەو پارەی کە دزراوەتەوە، ئێمە لەناو خۆماندا هیچ لایەنێك لەم دوو حکومەتە ئەوە ناکات ئەم پارەی سەحب کردبێت، ڕاستە تەئسیری کەمی لە بازاڕدا هەیە بە بۆنەی دران و لەناو چوون و هەڵگرتنەوە ئەو تەئسیرە گەورەیەی نییە، بۆیە شکمان نییە لەوەی کە لایەنێك هەیە وەك چەکێکی سیاسی ویستوویەتی بەکاری بهێنێ، ئەم پارەیە کۆبکاتەوە، ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چەکە کاك احمد شریف باسی کرد زۆر شتێکی موهیمە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە داوا بکەین لە ڕێی دۆستەکانمان، یان خۆمان بێت هەرچەند بێت بۆمان دەکرێت، برایانی سەرکردایەتی و سەرکردەکانمان دەزانن،

حکومەتی هەرێم دەزانێ بتوانین یەك: هەر بە جیددی باسی ئەوە بکەین، مەشرووعمان هەبێت ئێمە سەنت و پارەی وردەی دۆلار بخەینە بازاڕەوە، لە ئێستاوە پەرلەمان تەسریحێکی هەبێت کە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان زەرەر نەکات، بۆ ئەوەی پاشەڕۆژ ئەم پارەیە وەکو یەکە کە سەحب کرا هەموو ئەوانەی کە پارەی سویسریان هەیە وەکو یەك دەرئەچێت، بۆیە ئێستا ئێمە بیر لەمە دەکەینەوە، خەڵکەکەمان فێری ئەوە بکەین کە بە دۆلار تەعامول بکات، چونکە دەستێکی دوژمنداری لەسەر میللەتەکەمان هەیە، دەیانەوێت ئەم پارەیە سەحب بکەن، ئەمە هەم دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ ئەوانەی کە پارەکەیان کۆکردۆتەوە، ڕەنگە هەر زوو زوو خوا خوایان بێت بیخەنە بازاڕەوە، هەم حەقی خۆشمانە کە ڕەنگە شتێکی سیاسی باشیشی، من ئومێدی لێدەکەم بە دواوە بێت، باشە ئەوەتا دەوروبەر هەموو فێڵمان لێ دەکەن، نایەنەوێت ئەم تەجرووبەیە بێت نایەنەوێت ئەم حکومەت و پەرلەمانەی کوردستان و ئەم تەجروبەی کوردستان تەعمیم بێت لە وڵاتەکەمان دەیانەوێت بیخنکێنن، با دۆستانمان ئەوانەی دۆستی دیموکراتیەتنە دۆستی ئازادین و مافی مرۆڤن با بێن هاوکاریمان بکەن، من پشتگیری قسەکانی کاك شێخ مەزهەریش دەکەم، ئینشاڵڵا زۆر کەمی ماوە، هیوادارم حکومەتی خۆمان بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەو ئیمکانیەتەی کە هەیەتی بیخاتە خزمەتی جەماوەرەوە، بەڕاستی مەعقول نییە موەزەفێك پارەیەکی کەم وەردەگرێت۷۰۰دۆلار وەردەگرێت بە هەزار دینار لەسەریەتی وەکو ئەم برادەرە باسی کرد، بچێت بە ۵۰۰دینار یان بە ٦۰۰دینار بیگۆڕێتەوە، ئەو تەعویزە هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیدات، ئەوانەی کاك مەلا بەختیار وتی هەمووی بخرێتە گەڕ و، زۆر باشە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ مامۆستا محمد امین، کاك احمد شریف دوا کەس قسەدەکات، جا ئەگەر کاك د. ناسحیش قسەیەکی هەبێت با بفەرموویێت، فەرموو کاك احمد. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو ڕەئیم هەیە لێرە یەکیان پێشنیارە، ئەوەی تریان ڕەئییە، کە دەڵێن دەوڵەمەندەکانی کوردە سەرمایەدارەکان، مەسئولەکان، خاوەن کۆمپانییەکان بێن خۆیان تووشی زەرەر بکەن، من پێم وایە ئەمە قەت نابێت، نە مەسئولەکان دەیکەن، نە کۆمپانییەکان دەیکەن، نە بازرگانەکانی کورد ئامادەن شت بە زەرەر بفرۆشن، ناتوانین زەختیان لێ بکەین، چونکە نایکەن، ئەگەر زەختیشیان لێ بکرێت هەر نایکەن، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەیان بە ڕەئی من زەحمەتە بۆمان جێبەجێ بکرێت، بەڵام من پێشنیارێکی ترم هەیە لەوانەیە ئەمەیان عەمەلی تر بێت، ئێمە هەردوو ئیدارەکە ئیعلان بکەین هەر کەسێك ئەو دینارە سویسرییەی هەیە، ۵ی و ۱۰یەکە بێت لە بانك تەسجیلی بکات، ئەگەر تەسجیلی نەکات و تەسلیمی بانکی نەکات، بە سعری ڕۆژ ئێمە دۆلاری دەدەینێ لە موقابیلی ئەوە، لەدوارۆژدا ئێمە مەسئول نینە دیفاعی لێ بکەین، ئەگەر هاتوو ئەو حکومەتەی داهاتوو ویستی ئەو پارەیە بگۆڕێتەوە بە پارەی تەبع بە مقابیلی ئەوە

یەعنی ئەو سیعری ئێستای نەداتێ، ئێمە مەسئول نین لەم حاڵەتە، بە ڕەئی من ئەوە زیاتر خەڵکەکە دەترسێ بە تایبەتی دەوڵەمەندەکان و ئەوانەی پارەیان شاردۆتەوە دەترسێن ئەو کاتە ناچار دەبن پارەکەیان تەسلیمی بانك بکەن، کە تەسلیمی بانکیان کرد بە موقابیل دۆلار وەردەگرنەوە، لەمە دوو فازانج دەکەین، یەکێکیان ئەوەیە پارەکە دێتە دەستی خۆمان، دەست حکومەت، دێتە بانقەکان، ئێمە دەتوانین تەعامولی پێ بکەین، دووەمیشیان خەڵکەکە زەرەر ناکات، چونکە تۆ بە موقابیل دۆلاری دەدەیتێ، سێیەمیان تەشجیع دەبێت کە دۆلار بەکاری بهێنێت، چونکە کە دۆلاری وەرگرت ناچار دەبێت زیاتر بەکار بهێنێت، من ئەو پێشنیارەم زیاتر لەلا عەملییە، ئیعلان بکەین بۆ خەڵك کە ئەوەی دیناری سویسری هەیە با بێت تەسلیمی بانقی بکات و بە سیعری ڕۆژ ئێمە دۆلاری بە موقابیلی دەدەینێ، با بچێت کاسبی خۆی پێ بکات، چونکە لەوانەی کە سبەی حکومەتی عێراق گۆڕا ئەو دینارە سویسرییە بەو سیعرەی ئێستا لێتان وەنەگرن، جا بۆ ئەوەی ئێوە تووشی ئەو زەرەرە نەبن، میللەتەکەمان تووشی ئەو زەرەرە نەبێت، ئەگەر بێت و تەسلیمی بانقی بکەن، ئێمە بە سیعری ڕۆژ دۆلارتان دەدەینێ، من پێم وایە ئەوە شتێکی زیاتر عەمەلییە، ئەوەش بە ئیجباری نەبێت، وەکو پێشنیارێك بێت ئیعلانی بکەین بڵێین لە دوارۆژدا ئێمە مەسئول نینە ئەگەر ئێستا تەسلیمی نەکەن لە لای ئێمە، ئێمە تەسجیلی نەکەین لە کۆمپیوتەر ڕەقەمەکەی داخیل دەکەین، ئەگەر ئێستا نەیهێنن لە دوارۆژ ئێمە مەسئول نینە، ئەگەر حکومەتی مەرکەزی ئەو پارەی بۆ نەگۆڕین، من پێم وایە ئەو ئیقتیراحە تا حەدێك سوودی هەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك احمد شریف، بەڕێز کاك د. ناسح قسەتان هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هیچ شتێك لێرە ئیعلان نەکرێت باشترە، چونکە ئیعلان کردن خۆی شتێکە مەسئولیەتی بە دوادایە، گاڵتە نییە کە ئێمە شتێك وابە ئاسانی ئیعلانی بکەین، بۆیە ئەم پێشنیارەی کە کردم ئەم بیرو بۆ چوونانە هەمووی کۆبکرێنەوە، چونکە بیرو بۆ چوونی باش پێشکەش کراوە باسی هۆکارەکان کرا، چۆنیەتی چارەسەرکردنەکە هەمووی هەندێکی من پێم وایە شتێکی زۆر بە کەڵك تەقدیم کرا بدرێتە لیژنەیەك، ئەو لیژنەیە گەڵاڵەی بکات، لەرێگای جەنابتانەوە پێشکەش بە هەردوو ئیدارە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانرێت ئەوان چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر نا بە بڕیار لێرە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێت، بە ئیعلان کردنی لەوانەیە بە زەرەرو زیانی ئێمە تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك د. ناسح و سوپاس بۆ هەمووتان بۆ ئەم بەشدارییە گەرم گوڕەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا کردتان، ئێمە بەلامانەوە باشە، داوائەکەین لە لیژنەی دارایی لەبەر ڕۆشنایی

ئەم وتووێژو گفتوگۆیانەی کە لێرەدا کران و بەرەچاو کردنی ئەو رێککەوتنەی کە لە نێوانی هەردوو وەزارەتی داراییدا هەیە و، بە پرس و را لەگەڵ کەسانی شارەزا بۆ کۆبوونەوەیەکی داهاتوو، راپۆرتێکمان پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بناغەیە ئێمەش بتوانین بڕیارێکی گونجاو بدەین، ئێستا من داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم کۆنووسی ئەو رێککەوتنە کە لە نێوان هەردوو وەزارەتی دارایی کراوە بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز پێشکەشی بکەن و، لە داهاتووشدا پێویستە کەوا ئێمە پەیوەندی لەگەڵ دارایی هەردوو ئیدارەکە بکەین، بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، زۆر سوپاس، بێگومان لەوەو پێش وتوومانە کە ئەو شتانە گشتی بۆ بلاْوکردنەوە نییە، یەعنی هەمووی بۆ زانیاری خۆتانە تاوەکو سوودی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەی ستافی وەزارەتی دارایی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانییە.

لە رۆژی شەممەی ١/١١ لە هەولێر ستافی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ئیدارەی هەولێرو سلێمانی کۆبوونەوە، بەمەبەستی دیراسەت کردنی رەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی دیناری عێراقی چاپی سویسری بەرامبەر بە دۆلار، پاش گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل گەیشتینە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بڕیاری لەسەر بدرێت و بخرێتە پراکتیکی جێبەجێ کردنەوە.

خاڵی یەکەم: بۆ هاووڵاتیان روون بکرێتەوە کەوا بەرزبوونەوەی نرخی دیناری سویسری هیچ بنامایەکی ئابووری نییە و، ئەو بەرزبوونەوەش وەهمییە و واقیعی نییە، هاووڵاتیان زەرەرمەند دەبن لە ئەنجامی هەڵگرتنی ئەم دراوە، بۆیە پێویستە وەکو ئیدارەی هەردوولا بۆ خەڵك روون بکەنەوە کە حکومەت لە داهاتوو مولزەم نییە بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەك لە نرخەکەی کە روودەدات، تەنها بەر پرسیارە لەو پارانەی کە لە بانقەکانی هەرێمی کوردستان ئیداع کراون.

خاڵی دووەم: هەوڵ بدرێت داهات و خەرجییەکانی حکومەت بەرەو دۆلار ببرێن، بۆ ئەوەی داواکاری لەسەر دینار کەم بکرێتەوە، راهێنانی هاووڵاتیان لەسەر بە کارهێنانی دۆلار لە مامەلەی رۆژانەدا.

خاڵی سێیەم: خەرج کردنی مووچەی فەرمانبەران لە ٧٠٠دینار بەسەرەوە، ئیعتیبارەن لە مانگی یەك بە دۆلار بێت.

خاڵی چوارەم: بەکارهێنانی دیناری کاغەز بە شێوەیەکی موتڵەق لە بازاڕو دەزگاکانی حکومەت، مامەلە پێکردنی لە هەموو داهات و خەرجییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بانقەکان رێنمایی دەردەکەن بۆ شێوەی وەرگرتنەکەی.

خاڵی پێنجەم: قەدەغەکردنی گۆڕینەوەی تاك دیناری بە فیئاتەکانی تر لە دیناری سویسری و هەرکەسێك ئەم کارە بکات بە پێی یاسا سزا دەدرێت و، ئاگاداری پارێزگاکان بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.

خاڵی شەشەم: لیژنەی ئابووری پارێزگاکان بە زووترین کات هەڵستن بەکاری پێویست بۆ دیاری کردنی نرخی کاڵاکانی مستورد بە دۆلار لە کڕین و فرۆشتندا، هەروەها کەل و پەلەکانی بواری بیناسازی و، هەروەها دابەزاندنی نرخی کاڵای مەحەلی بە شێوەیەك کە لەگەڵ بارودۆخی بازاڕی ئێستای کوردستان بگونجێ.

خاڵی حەوتەم: هەرچەندە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی سیستەمی بازاڕی ئازاد دەکات، بەلاّم لە قەیرانێکی وەکو ئێستا پێویست دەکات حکومەت تەداخول بکات، لەکاتی پێویست و، هەروەها گۆڕینەوەی دراو تەنها لە ڕێگای نووسینگەکانی سەڕاف کە مۆڵەت دراون و لە لایەن حکومەتەوە ڕێگا بە سەرافەلاوەکی بێ مۆڵەت نەدرێت بە هیچ شێوەیەك ئەم کارە ئەنجام بدات و، ڕێکخستنەوەی بازاڕی گۆڕینەوەی دراو لە شارەکان و کۆنترۆڵ کردنی لە لایەن پارێزگاکانەوە بە چاودێری بازرگانیەوە، هەروەها ئیلزام کردنی سەڕافەکانی مۆڵەت پێدراو بە کردنەوە حیساب بە دینار و دۆلار لە بانقەکان.

خاڵی هەشتەم: پێشنیار دەکەین لیژنەیەك لە پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ لە بواری دراو بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆ سەرکردایەتی سیاسی تا بدرێتە کۆبوونەوەی داهاتووی لێژنەی تەنفیزی و بە دواداچوونی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بۆ موناقەشەکردن، چونکە لە بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەندەن تەنها باسی ئابووری و بازرگانی کراوەو، ئاماژە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی دراو لە عێراقی داهاتوو نەدراوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیتر بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، ببوورن کاك د. ناسح پێشنیازتان هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان بێنین، پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بەڕێزتان ڕێگام پێبدەن، بۆتانی بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناصح، دەتوانی پێشنیارەکەت پێشکەش بە لیژنەی مالی بکەیت، ئەگەر پەیوەندی بەمە هەیە.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان ئەم بیرەوەرییە بە هەند وەربگرێت و دیراسەتی بکات و، لە کۆبوونەوەیەکی داهاتوودا، بخرێتە بەرنامەی کار و، لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی بڕیارێك وەربگیرێت، ئەم ساڵی ٢٠٠٣لە کوردستاندا بە ڕەسمی بکرێتە ساڵی بارزانی نەمر و، لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمی بلاّوبکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا باسی ئەم پێشنیازە دەکەین، ئێستا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین، لە کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، بۆ زانین سبەی کۆبوونەوەمان نابێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەڕەش محمد نقشبندی** | **د.ڕۆژ نوری شاویس** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |
| **بەوەکالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)**

**چوار شەممە رێکەوتی ٢٩\ ١\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## چوارشەممە شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٢٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٢٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە(١٣)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٢٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، کۆبوونەوەی ژمارە (١٣)ی خولی گواستنەوە دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتییە لە: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری. با بفەرموون لیژنەکە بێنە سەر سەکۆکە، با بفەرمووێت کاك پترۆسیش دابنیشێت لەگەڵ لیژنەکە، بەڕێز کاك جەمیل ئەگەر بفەرموویت ڕاپۆرتەکە پێشکەش بکەیت.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ جەنابتان و پەرلەمان دەخوێنمەوە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ أربيل

لجنة الشؤون المالية والأقتصادية

العدد: ت/٢

التاريخ: ٢٠٠٣/١/١٨

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ ارتفاع قيمة الدينار السويسري مقابل بقية العملات في الأقليم

تحية واحتراماً .. بناءً على توجيهات رئاسة البرلمان الموقر

اجتمعت لجنتنا يوم ٢٠٠٣/١/١٥ الساعة (٣) عصراً وصباح يوم ٢٠٠٣/١/١٦ لدراسة ومناقشة مسألة ارتفاع قيمة الدينار العراقي الأصلي (الطبعة السويسرية) مقابل بقية العملات في الأقليم، على ضوء

إجتماع البرلمان صباح يوم ٢٠٠٣/١/١٥ ومسودة تقرير لجنتنا بعد الدراسة الميدانية بهذا الخصوص والذي عرضناه في نفس الجلسة ومحضر إجتماع الماليين في الإدارتين يوم ٢٠٠٣/١/١١ بهذا الخصوص أيضاً

وتم إعادة دراسة ومناقشة تقرير لجنتنا ومناقشة أسئلة السادة الأعضاء في الجلسة البرلمانيه مع الأخذ بنظر الإعتبار مقررات إجتماع ٢٠٠٣/١/١١ بين المسؤولين الماليين في الإدارتين

ومن البديهي أن الدينار الأصلي (الطبعة السويسرية) هي العملة الرسمية الرئيسية المتداولة في كافة الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ولدى المواطنين في الأقليم

وبعد الدراسة والمناقشة نجد أن قيمة الدولار مقابل بقية العملات الأجنبية في الأسواق العالمية وفي الاقليم في شبه توازن أو بتغيير بسيط يتراوح بين ( - +٢ سنت)، وإن التغيير المفاجىء في سعر الدولار مقابل الدينار الأصلي (السويسري) شيء طارىء ولاينسجم مع قيمة ووظيفة الدولار في البورصات العالمية..

وتبين أن زيادة قيمة الدينار الأصلي السويسري في الاقليم مقابل بقية العملات ناتج عن حالة العرض والطلب غير المتوازن للعملتين (الدولار الأمريكي، الدينار الأصلي) حيث الكميات الضخمة من الدولارات في حالة إزدياد مقابل كمية من الدينار الأصلي السويسري في حالة إقلال وأنخفاض في الاقليم......

ومن أسباب قلة كمية النقد بالدينار الأصلي(السويسري) في الاقليم:

٥- منذ عام ١٩٩٠م والعراق تحت الحصار ولم يتم طبع أية مبالغ من الدينار الاصلي (السويسري) حتى المليارات المطبوعة في عام ١٩٩٠م تم حجزها في سويسرا.

٦- التلف المستمر في الدينار العراقي الاصلي منذ عام ١٩٩٠م ولحد الأن ودون تعويض.

٧- كما قامت الحكومة المركزية بسحب كميات من الدينار السويسري بشكل منظم عن طريق رسوم الكمارك من السيارات والشاحنات التركية التي كانت تصل الى الموصل وبغداد وغيرهما.. كما قامت دول الجوار بشراء كميات منها.

٨- ونظراً لحالة القلق لدى بعض المواطنين من أنباء شن الحرب على العراق قام بعض المواطنين ببيع رصيدهم من الدولارات لشراء الدينار الأصلي (السويسري) ظناً خاطئاً منهم بأن سعر الدولار سوف يصبح (٣١٠ فلساً) بعد تغيير النظام مما إزداد الطلب غير المدروس على الدينار الأصلي السويسري وبشكل غير طبيعي ومفاجىء فإزدادت قيمته مقابل الدولار وفي المحصلة النهائية قلة كميته في الأسواق وخزن مبالغ لابأس بها في البيوت... وبالأضافة الى هذا السبب نجد أن كميات الدولارات المعروضة قد أزدادت في أسواق الاقليم عن طريق:

٦- جميع المشاريع التي تنفذ عن طريق قرار (٩٨٦) تكون بالعملة الصعبة (الدولار) مما يتم ضخ الملايين من الدولارات الى أسواق الاقليم وبأستمرار دون أية زيادة في كمية النقد بالدينار الأصلي (السويسري) بل بالعكس فإن كمية الدينار الأصلي (السويسري) في إنخفاض مستمر كما بينا سابقاً...

٧- كما قامت الحكومة المركزية بضخ كمية من الدولارات في الأونة الاخيرة الى الأسواق في محاولة منها لإيقاف تدهور قيمة الدينار المستنسخ (الطبع) مقابل الدولار ...

٨- كما أن العراقيين المغتربين وخاصة الكورد يحولون مبالغ لابأس بها من الدولارات الى ذويهم وأقربائهم في الاقليم ويشترون بها الدينار الأصلي السويسري لحاجتهم ومصاريفهم، اي زيادة عرض كمية الدولارات في أسواق الاقليم وزيادة الطلب على الدينار الأصلي (السويسري).

٩- سابقاً كانت الحكومة المركزية تأخذ (٥٠ دولاراً) من كل سائق أو تاجر من جمهورية تركيا يتجه نحو (موصل – بغداد) بذريعة (فحص الدم) ولكن منذ فترة لايؤخذ الدولار بل يؤخذ (٢٥ يورو) بدلاً منه... مما يضطر السائق أو التاجر التركي لبيع الدولار أو المارك في أسواق الاقليم وشراء اليورو بدلاً منه، أي عرض آخر للدولار في سوق الأقليم...

وللأسباب أعلاه نجد أن الكميات الهائلة من الدولارات الأمريكية التي تعرض في أسواق الاقليم وخاصة عن طريق مشاريع قرار (٩٨٦) قد غطت السوق المحلية وفاقت طاقتها ولابد من صرفها وشراء الدينار الأصلي (السويسري) بها، مما ازداد الطلب على الدينار الأصلي (السويسري) بشكل غير متوازن فتهبط قيمة الدولار بشكل غير طبيعي مقابل الدينار الأصلي (السويسري) لكثرة الطلب على الدينار الأصلي السويسري في الاقليم حسب قانون (العرض والطلب) السائد في السوق..

وللأسباب المذكورة أعلاه، ونظراً لكون طبع العملة العراقية في سويسرا ليس من صلاحياتينا ولا من أختصاصاتنا، كما أن العراق تحت الحصار، ولكن هناك مليارات من العملة العراقية الأصلية السويسرية محجوزة في بنوك سويسرا وبريطانيا، لذا نقترح التوصيات التالية لزيادة كمية الدينار الأصلي (السويسري) في الأقليم وحصول توازن في سعر الدولار وزيادة السيولة النقدية المتداولة في البنوك والأسواق:

٣- مفاتحة (الأمم المتحدة ودول التحالف) لتزويد حكومة الاقليم بتلك المليارات المحجوزة من العملة العراقية.

٤- توعية المواطنين بشكل صحيح وأن تكون لهم الثقة بأن أي تغيير في العراق سوف يكون في صالح الجميع ويتم معالجة كافة المسائل للصالح العام بضمنها مسألة النقد.

٥- تشجيع المواطنين لإيداع نقودهم لدى البنوك في الأقليم حيث آمن لهم وذو فائدة وتكون البنوك ملزمة بها في كافة الأحوال ومن الناحية الأخرى تكون السيولة النقدية متوفرة لدى البنوك بشكل أفضل.

٦- جعل غالبية الرسوم الگمركية والضرائب بالدولار أسوة بالرسوم الگمركية للسگاير والمشروبات الروحية وكذلك الصرفيات الحكومية والرواتب التي تزيد عن (٧٠٠ دينار شهرياً) أن تكون بالدولار.

٧- استخدام الدينار فئة واحد دينار أسوة بالفئات (٥دنانير و ١٠دنانير) من قبل الدوائر الرسمية وشبه الرسمية والمواطنين.

٨- منع تبادل الدينار الأصلي من فئة واحد دينار بالفئات (٥ و ١٠) من الدينار الأصلي ذاته بأقل من قيمته ومعاقبة المخالفين.

٩- أن تقوم اللجان الإقتصادية في المحافظات ودائرة الرقابة التجارية في المحافظات بمراقبة الأسواق.

١٠- أن يقتصر صرف العملات على مكاتب الصيرفة المجازة من قبل وزارة المالية والإقتصاد وان يكون لهذه المكاتب حساباً ورصيداً في البنوك وسجلات أو وصولات.. هذا ولكم الأمر.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك جەمیل سندی، بۆ پێشکەش کردنی ئەم ڕاپۆرتە لە بارەی کێشەی دراوەوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەم بارەیەوە قسان بکەن دەستیان بەرزکەنەوە تا ناونووس بکرێن. ئەو بەڕێزانەی داوای قسە کردنیان کردووە، ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوەی ناوی نەنووسرابوو تکایە ئاگادارمان بکاتەوە، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە، کاك شێخ کەریم، کاك ئەحمەد سالار، کاك محمد علی تۆفیق، کاك حەسەن، کاك د.رزگار، کاك ئەحمەد شەریف، کاك شەوکەت حاجی موشیر، کێ مابوو؟ بەڵێ سێ ناوی تریشمان نووسی، بەڕێزان یونادم، شێخ لطیف، حاکم سەفەر، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خوشك و برایانی خۆشەویست، دیارە بابەتی کێشەی دابەزین و بەرزبوونەوەی دۆلار و دینار، کێشەیەکی هاووڵاتیانە بە دەرەجەی یەکەم و، ئەو کێشەیە تەسەور دەکەم کێشەیەکی کاتی بێت، بەڵام هەتا ئەگەر کاتیش بێت کارێکی باشە ئێمە وەکو دوو بەش باسی بکەین، یەکێکیان ئەوەیە لە ئێستاوە تا ئەم گۆڕانکاریانەی کە لە عێراق تەوەقع دەکرێت، هاووڵاتی چۆن دەتوانێ بەردەوام بێت لە جێبەجێ کردنی ئیش وکارەکانی خۆی و، چ ئیجرائاتێك پێویستە ئیدارەی ئێمە بیکات بۆ ئەوەی کە هاووڵاتی بە کەمترین زەرەر لێی نەجات بێت پێویستە بیکات، بۆ ئەم مەبەستەش دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، کە چ ئیجرائاتێك پێویستە بکرێت، ئەوە ئیشی پسپۆڕەکانە. بەشی دووەمی ئەم بابەتە ئەوەیە هەتا ئەگەر هاتوو گۆڕانیش لە عێراق بوو، دیارە گۆڕانکاری بەسەر عوملەی عێراقیش دادێت، ئەبێ دەوائیری مەعنی ئەوەی کە پەیوەندی بە دراوەوە هەیە، ئامۆژگاری هاووڵاتی بکات حاڵی حازر خۆی لەسەر کام دراو ساغ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا زەرەری لێ نەکەوێت، من پێم وایە ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن، پێویستە باش دیقەت بکەن و، هەوڵی ئەوە بدەین کە هەتا ئەگەر لە شوێنێکی تریش بێت دنیا بگۆڕێت بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ هاوکاریمان بکات، دەتوانێت ڕێگا نیشاندەرمان بێت کە چۆن دەتوانین لەم ماوەیە بەبێ زەرەری هاووڵاتیان نەجاتیمان بێت، پێویستە هەموو کارێکیان بۆ ئەنجام بدەین، بەڵام تەسەور دەکەم بەگشتی کێشەیەکی کاتییە، کێشەیەکە پەیوەندی بەم توندو تیژیەو تەشەنوجاتەوە هەیە، کە لە دەوروبەری عێراق و ناوەوەی عێراقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سەعدی، ئێستا پێش ئەوەی ڕێگا بدەم بە کاك یونادم قسە بکات، حەز دەکەم سەرنجتان بۆ چەند شتێك ڕابکێشم، بە داخەوە هیچ یەکێك لە خوشکەکان لێرە ناوی خۆیان

نەنووسیوە، جا من بە چیا بیرم کەوتەوە ئەو ڕۆژە ئەم میوانە ئەڵمانیەمان لە سلێمانی لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی سەوز ئامادە بوو، گوتی زۆر بە حەزرەتەوە بووم گوێم لە دەنگی یەکێك لەو خوشکە دانیشتوانە بێت، ئەندامانی پەرلەمان قسەیان بکردبایە بە داخەوە گوێم لە دەنگی هیچیان نەبوو، منیش پێم وت ئێمە کێشەی ژنانمان حەل کردووە لەبەر ئەوە هیچ پێویستیان بە قسە کردن نییە، ئینجا ئەو تێنەگەیشت، جا ئەگەر یەکێك لە خوشکەکان لەم بارەیەوە قسان بکات خراپ نابێت، بۆ ئەوەی ئەو ئینتباعەیان لە لا نەمێنێت کە خوشکەکانمان لە هەموو مەسەلەیەك بێ دەنگ دەبن، زۆر سوپاس. فەرموو کاك یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، کێشەی ئەمڕۆ کێشەیەکی نیشتمانییە، ئێمە هەموومان بەرامبەری ئەم کێشەیەین، نەك تەنها کێشەی ئەم حکومەت بێت یان ئەو حکومەت، مانای هەردوو حکومەت پێکرا، کێشەی هەموومانە، جا چارەسەر کردن هەر چەندە لیژنەی دارایی باسی کرد و هەندێك بۆچوونی هەبوو، بەڵام ئێمە وەکو بڕیاری سیاسی هەموو لایەك پێکەوە بەرامبەر ئەم کێشەیە، بۆ تێپەڕ بوونی ئەم ئەزمەیە لە مەرحەلەیەك کە وڵات بەرەو گۆڕانکارییە، وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان وابزانم تا مانگی پێنج ئەرزاقی خۆی دابەش کردووە، ئەوە هەنگاوێکی باش بوو هاووڵاتیان وەکو نیمچە عیلاجێکە بۆ فەقیرو فوقەرا، ئێمە تەنها وڵات نین بەرامبەر ئەم کێشەیە، وڵاتانی تر هەمان کێشە هاتۆتە پێشیان وەکو (لبنان) و غەیری ئەو، پسپۆڕانی دارایی ئێمە دەبێ سوود وەربگرن لە تەجاربی دنیای تر، هەر لە سەرەتاوە زۆر جار ئیقتراحمان کردووە نەك تەنها یەك عوملە بەکار بهێنن، چونکە ڕێگرمان دەستی لایەك ببێتەوە، داوای لێبووردن دەکەم لەم موستەلەحە، بەڵام ئەمە ڕاستیەکە دەبێت ئێمە وانەکەین کە ئەو دینارە نادرە ببێتە تەنها عوملە کە موعامەلە بکرێتەوە، یەعنی وەکو بڕیارێکە سیاسیە نەك تەنها ئەو دینارە، چونکە وەکو باسیان کرد لیژنەی بەڕێز، عەرزو تەڵەبە، ئەمڕۆ بەرامبەر گۆڕانکارین وەکو دیناری کوێتی، کە داگیر کردنی کوێت نەما، دیناری کوێت گەڕاوە سەر قیمەتی خۆی لە هیچەوە بۆ چوار دۆلار بۆ هەر دینارێك، خەڵکانێکی وا تەوەقع دەکات دیناری ئێمەش دەگەڕێتەوە بۆ سێ دۆلار، بۆیە کۆی دەکاتەوەو خەزنی دەکات، لەلایەکی ترەوە ڕژێم وەکو باسیان کرد دۆلار و دینار دەکاتەوە، جا زیاتر موعالەجەی یەکەم سیاسی، بەڵام هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی دەبێ هەڵوێستیان یەك بێت، حزبەکانیش دەبێت لەگەڵ هەردوو حکومەت بن، نەك هەل بقۆزنەوە و ئیستغلالی بکەن تاوەکو مەنسەبێکی سیاسی وەر بگرن، ئەوە ئەمڕۆ ئینتیخابێکی نیشتمانییە مانای ماڵی هەموومانە، نەك تەنها پارتی و یەکێتی بەڕاستی یەعنی، ئینجا برادەرانی پسپۆڕانی دارایی چ لە لبنانەوە چ لە دەرەوە، خیبراتی تازە بێنن، عیلاجێکی وا بکرێت بە پەلە کە فعلەن لەم ئەزمەیە دەربچین، چونکە فعلەن وەکو باسی کرد کاك سەعدی ئینعکاسێکی یەکجار خراپە لەسەر هاووڵاتیان، وەکو مەترسیەکە کە ئنئەهو نەمان توانی ئیدارەی خۆمان بکەین، ئەوە دە ساڵ، یازدە ساڵە ئیدارەی خۆمان دەکەین، بەم دوو مانگە، سێ مانگەی کە ماوە، لەوانەیە ئێمە تووشی ئەم

ئیحباته بین، دەبێ ئێمە هەموومان پێکەوە وەکو موعالەجەیەکی سیاسی نیشتمانیی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك یونادم، فەرموو کاك ئەحمەد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم ڕاپۆرتەی کە ئەو لێژنە بەڕێزە کۆششی بۆ کردبوو، پوخت و دڵسۆزانەو ئەرکێکی زۆری خستبووە ڕوو، دیارە پوخت دارایی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوە سەرنج ئەوەیە نە بە هۆشیار کردنەوە نە بە فیشار کردن نە بە ڕێنمایی نە بە هاندان، ڕەنگە نەتوانرێت چارەسەری هەندێك باری وا بکرێت، کە دەسەڵاتی ئێمە ڕەنگە ئەوەندە نەبێت تیایە، هەر چەندە دەبوو پێشتر چاوەڕوانی ئەو بارە بکرایە، چونکە ئەمە پەیوەستە بەو لایەنە دڵە ڕاوکێیەوە کە لە بارە گشتییەکە، بۆتە کەشێکی دەروونی گشتی بۆ هەموو ناوچەکە، بەڵام ڕەنگدانەوەکەی پتر لای ئێمەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم زەمینە پتەوە ئابوورییە نییە کە لەسەری بنیادبکەین، بۆیە ئەبوو زیاتریش ئاماژە بەم گۆڕانکاریانە بکەین، واتە لایەنە سیاسیەکە و، ئەم کاریگەریە کە بەهۆی ئەم بۆچوونەوە و، ئەو چاوەڕوانی ڕووداوەوە، هاتۆتە پێشەوە واتە لایەنێکی سەرەکی، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی بریتییە لە لایەنە سیاسیەکە، ئایە چەندە ئێمە دەسەڵاتمان لەو لایەنە سیاسیەو گۆڕانکاریە هەیە؟ بەپێی ئەوەندە ئەتوانین بەرەنگار بینەوە، بەڵام خۆزگە هەموو شتێك بەر لەکارەسات، هەست بەکارەسات بکرێت، بەڵام دڵنیام کورد گوتەنی (تەنگانە بەری تەنگە، بەری کورتە) ئەمەش تەنگانەیەکی ئەوتۆ نییە، چونکە تەنها دەروو نییە کەوا دەستی هێنابێت و بڵێین لەوێوە ببینین ئێمە، بەڵکو دەرووی تری والأمان لەبەر دەمە، پێویست نییە ئێستا بەگرژی وەربگیرێت، لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد سالار بۆ ئەم سەرنج و تێبینیانەی، بەڵام هێشتا ماویەتی نەچووە بچێت کاك ئەحمەد. با کاك حەسەن کانەبی بفەرمووێت.

**بەڕێز حسن کانبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئەو پارەیە زۆر زەحمەتە کە ئێمە بتوانین چارەسەری بکەین، هەرچەندە برایان قسەیان لەسەر کرد بە تێروتەسەلی قسەی باشیان کرد، بەڵام من بەڕای خۆم دوو ڕێگا هەیە، ڕێگایەکیان ئەوەیە ئەگەر بۆمان بکرێت بنبڕ ببێت بەتەواوی خەلاس دەبێت، ئەم کێشەیە حەل دەبێت، ڕێگایەکیشیان کەمی دەکاتەوە لە مەسەلەکە، ڕێگای یەکەم تەبعەن ئەم پارەیە لەدەستی ئێمە نییە، لە دەستی حکومەتی عێراقە، کەیفی لێ بێت سەحبی دەکات، کەیفی لێ بێت ئیلغای دەکات، ئێمە هیچمان لە دەست نایەت و، لە کوردستانیش هیچمان لە دەست نییە وهەرچەندە کوردستانیش دەوڵەمەندە، بەڵام هیچی ئیمە نییە، کە بتوانین بەربەرەکارنی ئەم شتە بکەین و چارەسەری بکەین، دەنا دەمانتوانی بە نەوعێك عیلاجی بکەین ئەگەر سەروەتی کوردستان

هەمووی لە مست ئێمە بووایە، بەڵام ڕێگایەك هەیە ئەگەر هەردوو ئیدارەكەی هەرێم بتوانن وەكو ئەمریكا ئیعلانی كرد، ئەندامانی پەرلەمانی هاتن بۆ ئێرە گوتیان ئێمە هەموو پارمەتیەكی كورد دەدەین، پشتیوانی كورد دەكەین، ئێمە بە واستەی (UN)، ئەگەر موراجەعەت بكەین بەشكەم لەگەڵ ئەمەریكا چارەسەرێك دەكات، ئەو پارەی كە تەجمید كراوە لە بانقەكانی ئەمریكا هی عێراق، ئەو دینارەی كە ئێمە بەكاری دەهێنین خری كاتەوە ئەویش تەجمید بكات، بەرامبەر ئەم تەجمیدە تەعویزی خەڵكەكەی بكاتەوە، بەم جۆرە چارەسەر دەكرێت. یان ئێمە شتێكی تر بكەین، هەموو عوملەك تەداول بكەین (تومەنی ئێرانی، دیناری تەبع، پارەی تر) بۆ ئەوەی نەختێك ئەم پارەیە بڵاوبێتەوە و بچێتە خاریج لە كوردستان كەم ببێتەوە ئەگەر حكومەت ئیلغای بكات كەمێك زەرەرمان لێ دەكەوێت، وەكو (٢٥)ی كە ئیلغا كرد، (٢٥)ی كە ئیلغا كرد زۆربەی لە ئوردن و زۆربەی ئێرانیەكان كڕییان، دەنا ئەگەر هەموو لە كوردستان بایە، كوردستان بەیەكجاری مەحو دەبۆوە هەموو سەروەتەكەی دەڕۆی، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك حەسەن كانەبی، فەرموو كاك محمد علی تۆفیق.

**بەڕێز محمد علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەزعی بازاڕ و دۆلار هەندێك ئاڵۆزی تێكەوتووە، ڕەنگە ئەم ئاڵۆزیە ئێمە وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان هەردوولا، ئەگەر موشارەكە بكەین بەشێوەیەكی مەدروس و، بەشێوەیەكی باش ڕەنگە ئەم ئاڵۆزیە هەندێك كەمتر بكرێتەوە، لەو ئاڵۆزیە زەرەرمەند خاوەن پارەكانن یا بڵێین خەزێنەی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، وەئیلا فەقیرو هەژار ئیستفادەی لێ كردووە بەڕاستی كەلوپەل هەرزان بووە، بەڵام ئەوەی من ڕام هەیە لەسەری، تەحدیدی دۆلار بكرێت، تەحدیدی دیناری عێراقی بە دۆلار بكرێت، وەكو ئەوە بۆ نموونە كە كراوە، مەعاش هەر (١٠٠) دولار هەزار دینار ئەدرێت، بەپێی دیراسەیەك من ناڵێم لەسەر هەزار دینار، لەسەر هەر شتێكی تر تەحدید بكرێت باشترە، بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر هەمان شێوە پارە لە خەڵك وەربگرێت، نەك دۆلار بدات بەڵام دینار وەربگرێت، لەبەر ئەوە ئەم ئاڵۆزیە بەم شێوەیە دەمێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو حكومەتیش موشارەكەی كرد دۆلاری دابە مەعاش و، دۆلاریشی وەرگرت لە بواری زاتی خۆی، پێم وایە ئەو شتە تەوازن دەكات، دووەم نرخی كاڵاكان لە بازار پێویستە تەحدید بكرێت و، وا بكرێت بە دۆلاریش تەعامولی لەگەڵدا بكرێت، چونكە زۆربەی كاڵاكان لە دەوروبەری كوردستان دێن و، نرخەكانیان نرخی دۆلارە بۆ بە دینار تەعامول بكرێت، ئەو شتەی لە توركیا دێت لە ئێران دێت، هەتا لە عێراق ئێستا تەعامولی ئەم تەبعە لەگەڵ دۆلار ئیستقراری وەرگرتووە و كەم و زیاد ناكات، لە ئێران لەگەڵ تومەن بە هەمان شێوە، ئەگەر بیشی كات شتێكی زۆر كەمە، حەق وایە لێرەش لێژنەیەكی پسپۆڕ بەڕاستی دیراسەتی ئەم بابەتە بكات، وابكات ئەو دینارەی كە ئێستا ئێمە تەعامولی پێ دەكەین پێی دەڵێن (سویسری) مەفعولی نییە لە هیچ شوێنێكی تر لێرە نەبێت، ئەو لێژنەیە بتوانێ لەگەڵ ئەوە تەفاهومێك لە نێوان دینار و دۆلار بكەن، سعرێكی بۆ دابنێن و، لەو كاتیش بێت بۆ ئەوەی ئەم پارەیە ئیستقرار

بكات، خەڵك بتوانێ لە بازاڕ دیناری پێیە دینار سەرف بكات، دۆلاری پێیە دۆلار سەرف بكات، یان دۆلار بە زەریبە وبە رسومات بدات بە حكومەت و، حكومەتیش بە هەمان شێوە دۆلار یان دینار یان هەر پارەیەك بێت لەو پارانە سەرف و ئیرادی لەسەر بكرێت و، هەوڵیش بدرێت وردەیەكی باش لە دۆلار لە تاك دۆلاری و لە سەنت و ئەوانە بكەوێتە بازاڕ بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت زیاتر بە ئیستقرار ئیشی لەسەر بكات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك محمد علی، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە هەڵبەزین و دابەزینی نرخی دراو ڕاستەوخۆ كاریگەری بۆ ناو هەموو ماڵێك هەیە و، لە هەموو ماڵێكا كێشەكە ڕووبەرووی ئافرەتان دەبێتەوە شك لەوەدا نییە، بەڵام من (١٠٠٪) ئەم هەڵبەزین و دابەزینە ئەگەڕێنمەوە بۆ هۆی سیاسی، دەنا ئەگەر لەبیرمان بێت لە ساڵی (١٩٩٥ و ١٩٩٦) نرخی دۆلار زۆر دابەزی، (١٠٠) دۆلار دەیكرد بە هەشت تا نۆ هەزار، یەكسەر دابەزی بۆ دوو هەزار، ئەو ئاڵۆزیەو ئەو كێشەیەش دروست نەبوو، بۆیە هەڵبەزین و دابەزینی نرخی دراو پەیوەندی بە باری ئاڵۆزی عێراقەوە هەیە، پەیوەندی بەو شەڕە هەیە كە چاوەڕوانی دەكەین و، هەوڵێكی چاكی هەردوو ئیدارە هەیە بۆ دانانی نرخ لەسەر شتومەكەكان لە بازاڕ، بەڵام ڕەنگە پێویستی بە كات هەبێت، هەندێك لە دوكاندارەكان پەیڕەوی دەكەن دانانی نرخ و، هەندێك پەیڕەوی ناكەن، ئەگەر هەوڵبدەین زیاتر نرخ جێگیر بكرێت و، خوردەی دۆلار بكەوێتە بازاڕەوە، ڕەنگە كێشەكە كەمتر ببێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ فەوزیە خان، فەرموو كاك أحمد شەریف.

**بەڕێز أحمد شريف علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەربارەی كێشەی دراو، دیارە لێژنەی دارایی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕی، سوپاس دەكرێن بۆ ئەم هەوڵ وماندوبوونەیان. بەڕای من كێشەكە كێشەیەكی كاتییە، ئەگەر ئێمە خۆی لەبەر بگرین ئەوەندە درێژە ناكێشێت ئەم كێشەیە، بەڵام ئەوەندەیە دەبێت هەردوو ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئاگاداری ئەوە بن، كە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان تووشی زەرەر نەبن تكایە، یەكەم شت داخستنی بازاڕ، بەڕای من ئەوە شتێكی زۆر خراپ بوو، داخستنی بازاڕی دۆلارو فەرز كردن لەسەریان كە دەبێت دۆلار ئیلا بە هەزار دینار چاپی كۆن بفرۆشن، یان وەربگرن، بەرەئی من ئەوە زیاتر كێشەكە قوڵ دەكات، كێشەكە چارە ناكات، دابەش كردنی مووچە لە هەردوو ئیدارەی كوردی بە دۆلار ئەوە كێشەكەی زیاتر كردووە، بە تایبەتی كە دۆلار بە هەزار دینار فەرز كراوە لەسەر خەڵك، ئەمەش كێشەكەی بەرەئی من گەورەتر كردیە، یەعنی ئەگەر لێبگەڕێن مادام دۆلار هەیە، دۆلار زۆرە، ئێستا ئیدارەی كوردی دۆلاری هەیە، لە بازاڕ دۆلار هەیە، دۆلارەكە بە سیعری بازاڕ بدەنە خەڵك، مووچەی بە سیعری بازاڕ پێبدەن، من پێم وابێ كێشەكە زیاتر

بەوە هێمن دەبێتەوە و، هێور دەبێتەوە، لەوەی کە تۆ فەرزی بکەی لەسەریان، بڵێی ئیلا (١٠٠ )دۆلار بە هەزار دینار وەربگرن، بیدەی بە فەرمانبەر و، بیدەی بە مووچەخۆر، ئینجا بچی بازاڕی دۆلار دابخەی، بڵێی ئیلا دەبێت (١٠٠)دۆلار بە هەزار دینار بکڕی و، بە هەزار دینار بفرۆشی، من پێم وایە ئەم فەرزکردنانە لە مەجالی ئابووری دائیمەن نەتائیجی سەلبی دەبێت، قەت نەتائیجی ئیجابی نابێت، دەبێت هەوڵ بدەین بازاڕ بە خۆی نەش ونما بکات، بە خۆی کێشەکان چارەسەر بکات، بە پێی ئەو زروفە ئیداری و سیاسی و ئابوورییەی کە لە بازاڕدا هەیە، برادەرانی لیژنەی دارایی ئیقتراحێکیان کردبوو کە دەبێت هەوڵ بدەین لەگەڵ ئەمەریکا و (UN )، دیناری چاپی کۆن، من ناڵێم چاپی سویسری، چاپی کۆن بدەن بە حکومەتی هەرێم، ئەمە نابێت، نە ئەمەریکا ئەمە دەکات، نە دەتوانێ بیکات، نە (UN) موافەقەت دەکات، ئەمە پێویستی بە قەراری مەجلسی ئەمەن هەیە، عێراق دەوڵەتە لە ئومەمی موتەحیدە، شتی وا ناکرێت، بەڵام یەك شت دەکرێت، ئەگەر داوایان لێبکرێت ئەوان لە جیاتی ئەوەی دۆلار بێنن بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی پڕۆژەکانی کە لە کوردستاندا جێبەجێی دەکەن، ئەو دینارە چاپەی کۆن کە دەڵێن لە سویسرا چاپ کراوە و ماوەتەوە، یان لە بەریتانیا چاپ کراوە و ماوەتەوە، بە دۆلار بیگۆڕنەوە، دینارەکە بێننە کوردستان، لەوانەیە لە٢٠٪ یان لە ٣٠٪ ئومێد هەیە، کە بتوانن موافەقەتی ئەمە بکەن، ئەو دینارە چاپە کۆنە بە دۆلار بگۆڕنەوە، چونکە ئەو پارەی کە حیجز کراوە، ناتوانن دەستی لێبدەن، ناتوانن بیهێنن، ئەمە پێویستی بە قەرار هەیە، لەبەر ئەمە بە رەئی من، ئەگەر هەردوو ئیدارەی کوردی هەوڵ بدەن، تێکەڵی بازاڕ نەبن، لێگەڕێن بازاڕ بە خۆی نەش و نما بکات، مووچەی فەرمانبەر بە سیعری رۆژ بدەن، دۆلار بە چەندە بە ئەوەندەی بدەن بە فەرمانبەر، فەرمانبەر گوناحە، یەعنی چ گوناهی هەیە، تۆ سەد دۆلاری ئەدەیتێ بە هەزار دینار، بە هەشت سەد دینار خوردی دەکاتەوە، چارەیەکی تریش هەیە بۆ ئەم کێشەیە، بەرەئی من، ئەویش ئەوەیە لە بازاڕ لەگەڵ تاجیرەکان لەگەڵ سەرمایەدارەکان، تەفاهوم بکرێت، کەل و پەلی خۆیان، نرخەکەی کە بە دینار سیعری لەسەر نووسیوە، با سیعری دۆلاری لەسەر دابنێ، یەعنی هەتا وردە واڵەی بەسیتیش، مەسەلەن کیلۆی فلان شت بە ئەوەندە دینارە بووە کاتی خۆی، ئێستا بە ئەوەندە دۆلارە دەیفرۆشین، بەرەئی من ئەمە کێشەیەکە دەکرێت چارەسەر بکرێت، ئەگەر سەرمایەدارەکان و بازاڕ هاوکاری لەگەڵ هەردوو ئیدارەی کوردی بکەن، ئەمە زۆر باشە، من پێم وایە، ئەگەر ئێمە تەحەمول بکەین، ئەو کێشەیەش وەکو هەموو کێشەکانی تر لەسەر میللەتەکەمان تێدەپەڕێت، رەئییەکی تریش هەیە، حەز دەکەم پەرلەمانی کوردستان لێی ئاگادار بێت، ئەویش ئەوەیە خەڵك وا تێنەگات ئەگەر حکومەتی عێراق گۆڕا و، لە عێراق درا، نرخی دراوی عێراق هەڵدەستەوە، بە عەکسەوە هەر چەند شەڕ ببێ، نرخی دراوی عێراقی زیاتر دێتە خوارەوە، هەرچەندە شەڕ ببێ، قەت مومکین نییە، نە دیناری چاپی کۆن و نە چاپی تازە بەرز ببێتەوە، ئەوە کەس تەسەور نەکات، چەند شەڕ ببێ ئەو دراوەی نیشتمانیی دێتە خوارەوە، بەرامبەر بە دراوی ئەجنەبی، بەرامبەر بە دۆلار، بەرامبەر بە یۆرۆ، بەرامبەر بە دراوەکانی تر، جا هەر ئەوەندە رەئیەم هەیە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك احمد شريف، حەز دەکەم ئەوە بڵێم لەلایەن لیژنەی داراییەوە،ئەم هەموو سەرنج و تێبینانە دەنووسرێن، لە پاشان بژار دەکرێن و ئەدرێن بە برایانی پەیوەندیدار، ئێمە چەند هەنگاوێکی ترمان لەدەست دایە، کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەنجام، هەر کاتێ گەیشتینە ئەنجام، لەم بارەیەوە، ئاگاردارتان دەکەینەوە، کە پەیوەندی بە پەرلەمان و، هەردوو ئیدارەکەو، پسپۆڕانەوە هەیە، یان بڵێین ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کێشەی داراییەوە هەیە، زۆر سوپاس، ئێستا با کاك شێخ عبدالكريم بفەرمووێت.

**شێخ عبدالكريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ سوپاس بۆ راپۆرتی لیژنەی دارایی، کە ئاماژەی بە هەندێ خاڵی باش کردووە، بەڵام ئێمە وەکو ئەنجومەنی نیشتمانی، وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، کە چوار مانگە لە کارو چالاکی بەردەوامین، بەڵام کێشەکە خۆی لە شەش مانگ زیاتر تێپەڕیوە، تا ئێستا بە داخەوە ئەمە جەلسەی سێیەمە، کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، بەڵام شتێکی ئەو تۆمان نەکردووە کە تەئسیرمان لێ بکات، کێشەیەکی وا گرنگ بۆ هەردوو ئیدارەکە، چاکتر وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگی هەردوو وەزیری دارایی بکات، چونکە لە جەلسەی پێشتردا شتێکیان ئامادە کردبوو، کە لە پەرلەمان خوێندرایەوە، بزانن ئەو خاڵانەی کە ئەوان لەسەری رێککەوتوون، چارەسەریان بۆ دانابوو، بزانین ئاکامەکانی چی لێهاتووە؟ ئاکامی ئیجابی هەیە، یان ئاکامی سەلبی هەیە، بە بۆ چوونی ئەوان، بەڵام ئەوەی ئێمە ئەیبینین لە ناو هاوڵاتیان یان لەناو بازاڕدا، هەر ئاکامە سەلبییەکان باقیین، یەعنی ئەو چارەسەرانەی هەردوو وەزارەتی دارایی لەگەڵ ئەو تەوسییەتانەی پەرلەمان، شتێکی لە شتێك نەگۆڕیوە، برادەران ئاماژەیان بۆ هەندێ شت کرد، بەڵام درێژە کێشانی ئەمە بۆ شەش مانگ، بەراستی وادیارە هێشتانیش درێژە بکێشێ، ئەوەی کاك احمد ئاماژەی بۆ کرد تا بووقی شەڕ نزیك دەبێتەوە، دینارەکە هەر بەرەو خوارەوە دەبات، پێچەوانەی هەموو ئەو تەجروبانەی کە لە جیهاندا بوون، حاڵەتەکە وایە، کێشەکەش گەیشتە ئەوەی هەرچی مەشاریعی ٩٨٦و مەشاریعی هەردوو حکومەتەکە هەیە راوەستاوە، دەیان هەزار کەس بێکار بووە، هەزاران کەسیش کێشەی کۆمەڵایەتی و قەرزو قوڵەیان بۆ دروست بووە، ئەویش ئاکامی زۆر هەیە، باوەڕ بکە، زۆربەی ئەوانە بەرەو دادگاش ناچن، بەرەو حاڵەتی شەخسی دەچێت کە لەوانەیە هەیبەت و دەسەڵاتی یاسایی لەناو دەچێت، بەڵام ئەوەی بێگومان ئاماژەشی بۆ کراوە، ئەوەش جێگەی سەرنجە، بۆ چارەسەری، ئێمە بانقی مەرکەزیمان نییە، تەحەکوم لە ئابووری هەرێم بکات، ئەمە نوقتەی زوعفی ئیشەکەیە، ئەگەر بانقێکی مەرکەزیمان هەبوایە تەحەمولی ئەو دینارەی بکردایە، ئەیتوانێ هەمووی کۆبکاتەوە بە نرخێك، هەتا ئەو نرخەی کە وەزارەتە داراییەکان دایان ناوە دۆلارێك بە دە دینار، لەلای حکومەت وایە بۆ مووچەدان، بەڵام لە بازاڕدا فەرمانبەر و کرێکارەکان کە ئەیگۆڕنەوە، ئەویش جارێکی تر، بۆڵە بۆڵ و، گلەیی و، ئیستیائی لێ پەیدابووە، بۆیە من داواکارم لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، لیژنەی ئابووری پەرلەمان، لەگەڵ

هەردوو وەزارەت و خەبیرەکان، پەلەیەکی لێبکەن، چونکە هەندێ شتی سیاسی فیکریش هەیە، خەریکە نەزۆکی دەکات، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ کاك شێخ عبدالکریم، ئێمە لە قسەکانی پێشوودا، وتمان هەندێك پێشنیازمان هەیە، هەندێك هەنگاو بەدەستەوە هەیە، ئێمە کاتێك لەم بارەیەوە قسەمان کرد و گەشتینە ئەنجامێك لەگەڵ ئەم لایەنانە، یەکێك لەوانەش ئەو پێشنیازە بوو کە ئێوە باستان کرد، هی جاری پێشوو بوو دووبارە بۆوە، ئەوەی کە وەزیری دارایی هەردوو ئیدارەکە بانگ بکرێن بۆ پەرلەمان، لەم بارەیەوە قسەیان لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەمە لە بەرنامەدایە، هەر کاتێك گەیشتینە ئەنجامێك لەگەڵیاندا ئەوە جێبەجێ دەبێت، فەرموو کاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو زانینە و هاتیە خواکرن کە پرسا ئابووری لە هەر وڵاتەکی پرسەکی گرنگە و، ئابووری وەکی دبێژن عصب حەیاتە، ژبەر هەندێ هەندی گرنگی بێ پرسێ بێتە دانێ، زۆر جێی خۆ دایە، لە مەسلەحەتا میللەتا مە دایە، دەربارا راپۆرتا لیژنا دارایی، قسەی راستی مە دبێت دەست خۆشی لێ بکەین، فعلەن زەحمەت دیتنە و دیڤ گەڕان کرنە و، تشتی باش نفسینە وەکی ئاسەسەکی عیلمی، بەری فێرێ وان، هەندێ فەقەرات تێدا نەبن، مولاحەزا من ئێکیش وان مولاحەزاتێت وان گوتی(التغیر المفاجيء لسعر الدولار)، ئەز موتەفیق نینە لەگەل وان، دۆلار وەکی ئەخباری بۆرسەی، ئەگەر مولاحەزە بکەن لە تەلەفزیۆنێ جیهانێ، دینار موقابلی دۆلارێ هاتینە گۆڕینێ، دولار سابیتە، سیعرا وی تەقریبەن نەوعەکی سبوتیەتی تێدا، وە ئینەما تەغییرا موفاجەئی دیناری موقابیلی دۆلاری بی، نەك دۆلار تەغییر بی، یەعنی ئەڤە مەلاحەزەك، یا دوێ ئیحتیماله وان گەلەك برادەران هەندەك ئەسباب دانێ، ئەسبابێت کو بلند بینا دیناری، کو عەرز و تەڵەب، فعلەن قانونەکی ئیقتیسادیەو زۆر راستە، هەندی عەرز دەبت سیعرا وی دێتە خوارێ مقابلێ وی، بەلێ هەندەك مولاحەزەم هەبی، یەکیشمان پرسیارم ژێ بکەم، ئەوان گوتی کە دوەلی جوار ژ هەندەك دەست کرینا دیناری کریا، وەکو مەعلومات وەکو پرسیار مە ژ برادەرا مە گەلەك ئابووری ناسا ئەڤێت مومارەسێت کەن رۆژانە، بقەناعەتا من، نازانم ئەڤە چ کەسێ مە نە گوتیە دوەلا جوار؟ چونکە دینارا سویسری بەس لە هەرێمێ سەرفە، ئەگەر لە ئێرانێ، ئان لە سوریا، ئان لە تورکیا، هەتا لە عێراقێ بێتە سەرف کرن، دەستی قاچاغچییانە، یەعنی وەکو حکومەت مولاحەزاتمان نییە کە هەبێت، بەس قاچاغچی کرن، بۆ هەرسێ پارێزگای هەرێمێ تنا سەرف نابێت، ژوان ئەسبابێ دی ژێ بقەناعەتا من سەبەب هەنە، سەرەڕای وان ئەسبابێت وان گوتین ئێ کو دنیار سیعرا وی بەرز بیا، زێدەتر ئیدخار، یەعنی ئەڤ خەڵکی دی دە ساڵ دی کوم کردنا دیناری و نەدەرکردنەوەی بۆ بازاڕی، چونکە سەر وەهمێکی دژین، وەکو برادەران هەمی ئیشارەت بۆ کری، لیژنا داراییش ئیشارەتی بۆ کری، کە مومکینە وەهمەکی خەلکێك تەسەور بکەت، ئەگەر هاتوو سوبەی رژێما عێراقا هاتە گهۆڕینێ، دینارا سویسری دزڤڕیت وەکو بەری ٣ دۆلار بە دینارێك، یەعنی ئەڤە وەهمێکە، تەبیعی ئەڤ وەهمانە ژی ئەم تەسەور دکەم، رۆژەکا دووا دشێت

سەرێ خەلکی دەربچێت، قەت مومکین نینە ئەڤە جوهدەك دڤێت، یەعنی تەرکیزەکا درێژەکا دڤێت، وەختەکی دڤێت هەتا بچیتن، چونکە میزاجی شعوبانە، میزاج بە سانایی نایتە گهۆڕینێ، تشتەکی تەرسیخ بیت، وەهەمەك سەری خەلکیدا، وەخت بی هەتا بێتە و بشێتە گهۆڕینێ، ئان فعلەن گروڤە بێتە گۆڕینێ، زێدە بێتە دۆلاری بازاڕی، تەبیعی تشتەکی پیرۆزە، ئەو ژی دەلیلێکی هەندەیە، کو فعلەن حەرەکا ئیقتیسادی هەنی ئابووری و، مەشاریع زۆرن، فعلەن ئاڤا کرن و ئاڤادان مەشاریعی، یەعنی ئەڤە تشتەکی زۆر پیرۆزە، تەمجید بێتە کرنێ، من چەند مولاحەزەیەك بێژم کو سەرەڕای پێشنیارێت وان، ئان تەوسیە تەقدیم کرن، من خالەك دوێك هەیمە بێژت عەرزی جەنابی وێت بکەم، ئەگەر جێی رەزامەندی بێت، ئەویش داخیلی تەقریرا وان بیت، ئەویش من پێشنیار دکەم، مادام راتبی هەردوو ئیدارە قەراریان دا کو راتبێت موەزەڤانی فەرمانبەرا هەمی دۆلار بیت، ئەز پێشنیارێت دکەم، رسوماتێ ئیستیفاچی تێنە کرنێ تەلەفۆنە، کهرەبایە، ئاڤا رسومێت زەریبا دەخلا، ئەڤەش بێنە، مادام راتبێ وێ دولارە، بلا ئەڤ تشتێ ویش دولار بێتە وەرگرتن، نەك دینار بێت، نووکە دینار سیعرا حکومەتا هەرێمی مەکردی ١٠دینارە، یەعنی لەگەلێ بازاڕی ٢دیناری فەرقە، موشکیلە نینە، ئەزمەیە ئەم ئەزمەیە تێدا دژین، تەحەمول دکەین سەرچاڤان، ئەڤە تەحەمول دکەین، بەس مادام راتبی موەزەف ئبدۆلارێیە، با سیعرا تەلەفۆن و کهربایێ و ئاڤێ و زەریبێ دیش بدۆلارێ گشی وی گشی وی فەرمانبەرێ کو دۆلاری راتبی وەرگرت، بلا با ویش وەرگرین، دۆلار ژ حکومەت وەرگرین، من جارا دیش خالا گوت ئەڤ هەنووکەش تەئکید دکەم، کە ئەو ژیت تەریقا کاش، یەعنی ئەڤ دینار گهۆڕێت مە بازاڕی، تەبیعی تەریقا کاش ڤێل و فەنی پەیدا دبیت، مومکینا نەشێ سەیتەڕا لەسەر بازاڕێ بکەین، من پێشنیار دکەم رێکا مەسرەڤ بت، یەعنی ئەو برادەرەی ئیجازا پارا گهۆڕ، پارێت وی مەسرەڤ بێت، فعلەن تەبادول برێکا وەرقەو چەکا بێتن، ئەڤە دزێڤتر سیعری حکومەت زێدەتر سەیتەرەی سیعری دیناری کرد، دزانی ژ چ دێتە کرنێ، پێشنیارەکا دی ژی من هەیە، ئەڤ ژیت تیجارێ خۆ هەم بدیت زیاتر پارێت ئیستیسمار بکەین، ئەڤێت کو ئیدخار بکەین، ئیستیسمار بێتە کرنێ، دێ مەجبورن دینار بێتە بازاڕی، بە تەئکید دڤێت سەبەبێك کە کەمیەك بێتە بازاڕی، سیعرا دیناری جارێکی تر کەمتر بکەین، ئەڤە بەرامبەر دۆلارێ، خالەکا هەرە گرنگ کە لە راپۆرتا لیژنا دارایيا تەسبیت نەکریا، تێدا نەبی، ئەو ژی وەکو برادەران هەمیا تەئکید کرد، جارێکی بێژم، ئەگەر بیریان بێت، کاك رۆژێ ئیشارەت پێ کر، ئەو ژی تەسبیتا سیعرا دینارا ئەسلی موقابیل تەبعی، ئەگەر سبەی سیستەم هاتە گهۆڕینێ، ئەڤە ئەگەر ڤێنەکی باوەڕیا من دێ تووشی کارەساتەکا ئیقتیسادی بین، هەندێ تووشی، یەعنی میللەتێ مە دێ خەسارەتێ مەزن دێت، ئەبێ راپۆرتا ئەڤ خالانەی تێدا هەبێت، فعلەن نووکە دەست پێبکەین، چاڤەرێ نەکەین ئۆپۆزسیۆن بێت، موداخەلە بکەت، یا خەلەلەك بدەین، ئەم خۆ قەرارێك بدەین، فعلەن ئەڤە سیعر هەندە، پاشان ئیجتماعی موعارەزە بێین خالێ تەسبیت بکەین، خالەکی زێدە زێدە گرنگە، فعلەن مومکینە چارەسەرێکە، بۆوی کارەساتا چاڤرێ خودی نەکەت و، زۆر سوپاس، دەست خۆشی وان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك د. رزگار، فەرموو نهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە باسی كێشەی مالی دەكرێت لە هەرێمی كوردستان، ئەگەر كێشەكە جزئی بێت یان كولی بێت، هەر دوو ئیدارە محاوەلە دەكەن، كە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەلام من لێرە پرسیارێك دەكەم، حەز دەكەم ئیستیفساركەم، تەبعەن زۆربەی ولاتان هەنە كە دەكەونە كێشەی وا عەدا ئەوەی كە خوبەرای مالی خۆیان هەیە ئیستیعانە بە خوبەرای ئەجنەبی دەكەن، نەدەكرا ئێمە لە سەرەتایی دروست بوونی ئەم كێشەیە، ڕێزم هەیە بۆ خوبەرای خۆمان، ئیستیعانەمان بە خوبەرای ئەجنەبی بكردایە، بۆ ئەوەی كێشەكە چارەسەر بكەن، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەم بارەیەوە هەوڵ و كۆشش هەیە، بۆ ئەوەی كەوا شارەزایان و لێزانان لە دەرەوەی ولاتیش بانگ بكرێن و، پرس و ڕایان پێ بكرێت، بەلام تا ئێستا جێبەجێ نەبووە، هەوڵ ئەدەین ئەو پێشنیازانەی كەوا لێرە ئەكرێن، پاش پۆختە كردنی ڕاپۆرتەكە، هەوڵ ئەدەین بە پێی توانا یارمەتی ئەوە بدەین كەوا جێبەجێ ببێت، زۆر سوپاس، فەرموو كاك حاكم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی ئابووری و دارایی بۆ ئەو ڕاپۆرتە، وابزانم زۆر ئەگەری دیاری كرد، بۆ ئەو كێشەیەی كە لە هەرێمدا هەیە، من لەو باوەڕە دام و لەو قەناعەتەمە كە هەر ئەگەری سەرەكی مەسەلەی عەرزو تەڵەبە، مومكینە كە چەند هاوولاتی هەنە كە پارەی دیناری عێراقی خەزن دەكەن، ئەو مەسەلەی كە حكومەتی مەركەزی پارەی سەحب دەكات، ئان دوەلی ئیقلیمی، ئان مەشاریعی (UN)، ئەوا هەتا مەشاریعەكان كاریان ڕاوەستایە، چەند مانگە، جا بە ڕەئی من هەر مەسەلەكا عەرزو تەڵەبە، مومكینە مەسەلەی خەزنیشی تێدا هەبێت، هەروەها لە تەوسیاتی لیژنە، زۆر تەوسیاتی دیار كرد، هەڵبەت بەرەئی من، بە قەناعەتی من هەر تەوسیاتی عەمەلی و حەقیقی ئەوەیە داهاتی هەرێم بكەینە دۆلار، یەعنی دۆلار بكەینە عوملەی ڕەئیسی پێنگاف بە پێنگاف، ئەو دینارەی كە تەواو دەبێت، دینار عوملەی عێراقی، بەڕاستی مەسیری (٢٥ )دیناری لازمە لە بیری ئێمە بێت، وەزع لە عێراق زۆر خراپ دەبێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئێمە دەبێت زۆر لەو ئیحتیمالانە بین، كە پاش (١٠)ڕۆژ ئان (١٥)ڕۆژ، ئان دەمەكی وا كە عێراق قەرارەكی بدات، كە تجمید ئان ئیلغای ئەم عوملە بكات، ئەو كاتە ئێمە چ بكەین؟ بەڕاستی لازمە لە بیرمان بێت، جا زۆر پێویستە ئێمە دۆلار زۆر بەكار بهێنین، وەكو ئاگادارن پێشی دەمەك، كۆڕەك لە لەندەن هاتە بەستن، لە زۆر ئابووریزان و، پسپۆڕو، شارەزایانی ئابووری عێراقی، كە ئەوەی لە لەندەن دەژین، بە حزوری نوێنەری پارتی و یەكێتی و تەوسیاتی ئەوا ژی هەموو ئەوە بوو كە هەرێم مەفروزە زێدەتر ئیعتیماد بكەت لەسەر دۆلار، دۆلار بكەتە عوملەی رئیسی بۆ مستەقبەلی باشترە لە دیناری تەبع و دینار عێراقی، لە لیژنەی دارایی هاتیە كە دەڵێت ئێمە

تەڵەبی پارەی سویسری بکەین، باشە ئێمە تەڵەب ژیمان کرد، پاشی چەند ڕۆژەکی عێراق بڕیارەکی کرد، کە ئیلغای ژی بکەت، ئێمە چ بکەین؟ بەرەئی من سێ تشتی عەمەلی هەنە لە حەقیقی کە ئەوە بکرێ باشترە، یەکیان، زێدەتر دۆلار بەکار بهێنین، ئەگەر بێت داوا لە (UN)بکەین، بە هاریکاری ئەمەریکا و، دوەلی ئەوروپی کە (UN) کەمیەکی پارەی بداتە ئێمە، پارەی هەرێمی هی بڕیاری نەفت بەرامبەر بە خواردن و دەرمان، ئەگەر ئەوە ببیت پارمەتیەکی بدات، کە حەسەب مەعلوماتی من لەوانەیە لە ٢ملیۆن دۆلار زیاتر حسەی هەرێمی تێدا هەیە، سێ ژی مومکینە کە ئەسعاری تشتی لە بازاڕی هەردوو ئیدارە بێتە خوارێ، بەنیسبەت دۆلار تەوازوونەك هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز کاك شوکت حاجی مشیر، فەرموو.

**بەڕێز شوکت حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین، کە ڕاپۆرتەکەیان خراپ نەبوو، بەلأم بە داخەوە ئەوە نەخۆشییەکی کۆنی پەرلەمانە، تا ئێستا شتەکانمان هەر بە عەرەبی دەنووسرێت، واتە بە عەرەبی کوردایەتی دەکەین، زۆربەی هەڤاڵان من پێم وایە هەندێکیان نازانن، لێی تێی ناگەن، بۆیە هەڤە ئەم مەسەلەیە لەمەولا هەندێ هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، من ئەوەی بزانم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، لەوەی کە دەستمان پێکردووە بە ئیش کردن، قسەکانی خۆمان بەس خۆمان دەیبیستین، نە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، نە جەریدەکان ئەم قسەیەی کە ئەکرێ، لەسەرحەددەسەکان بلأوناکرێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەم کێشەی بازاڕە، یان کێشەی دراوە، کە کێشەی گەورەی هەموو خەڵکە کەوتۆتە ناو هەموو ماڵێکەوە، خەڵك چاوەڕوانی پەرلەمانی کوردستانە، کە بزانێ پەرلەمان چی بکات؟ تا ئێستا ئەم قسانە زیاتر لە حزبەکان، یان لە دام و دەزگا ئیداریەکانی سنوورەکانەوە هەندێك قسە کراوە، پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار بدات، لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا، لە بەشەکان یان لە لیژنە تایبەتیەکانی ناو پەرلەمان، دروست بکرێت بۆ سەردانی شارە گەورەکان، بۆ قسەو باس بۆ خەڵکانی ناو بازاڕ، کێشەکان و دەردەکانی ناو خەڵك لەسەر ئەم وەزعە، گلەییان چیە بەرامبەر بە ئیدارەکان؟ گلەییان چیە بەرامبەر بە حزبەکان؟ پێشنیاریان چییە؟ هەر ئەوە نەبێت لە ئیدارەکاندا بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە ناو خەڵکدا پەرلەمانی کوردستان مەعلوماتێکی هەبێت و، دوایی بتوانن لەگەڵ ئیدارەکانی هەردوو لا، کۆببێتەوە ئەو لیژنەی پەرلەمانە، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ پەرلەمان هاتۆتە مەیدان بۆ ئەوەی ئەویش بەشێکی ئەو بارە قورسەی لەسەر خەڵکە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەکردنی، بەراستی زۆر بڕیار دەردەکرێت، جیاوازن لە هەولێر، لە سلێمانی زۆر مەسئوولی ئیدارە هەیە، بە کەیف و ئارەزووی خۆی قەرار دەردەکات، کە تەئسیری سەلبی هەیە بۆ سەر بازاڕ، بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی مالی کردوویەتی، باشتر ڕوون بکرێتەوە، بچین لەگەڵ خەڵك و شارەزاکانی ناو شارو شارۆچکەکاندا قسە بکەین، هەر لە دهۆکەوە تاکو گەرمیان،

بۆ ئەوەی خەڵکیش بزانێ، پەرلەمانی کوردستان، هاتۆتە مەیدانەوە لەگەڵ حەدەسەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئومێد دەکەین، کە ئەو بڕیارە چارەسەر بکرێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئیستاش کاك د. رۆژ دەیەوێت چەند روونکردنەوەیەکتان پێشکەش بکات، فەموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی راپۆرتەکە بە گشتی راپۆرتێکی باشە، گەلاڵەی ئەو راو بۆچوونانە بوو، کە لە کۆبوونەوەی پێشوو لەم هۆڵە پیرۆزەدا باسی لێکرا، بەلاّم چەند شتێك هەیە، حەقیقەت چاکە بیخەینە روو بۆ ئەوەی مەعلووم بێت، جارێکی تر ئەگەر موناقەشەی بکەین، ئەو بنەمایانە بزانین، جارێ لە مەسائیلی ئابووریدا، بەتایبەتی مەسائیلی مالی، یەك چارەسەر نییە، بۆ هیچ موشکیلەیەك، کۆمەڵێك چارەسەر هەیە، کۆمەڵێك بۆ چوون هەیە، هیچ گرنتیەکیش نییە، هیچ بۆچوونێك نییە، لەو بۆچوونانە سەرکەوێت، یان ناجیح بێت، ئەوەی مەعلوومە یان لە تەجرووبەی دنیایە، بازاڕ بەخۆی، خۆی تەنزیم دەکات، ئەو قسەی کاك احمد شریف کردی، زۆر لە جێی خۆیەتی، تا پێمان بکرێت ئێمە، ئەوانەی شارەزان، پارێزگاری بازاڕ بکەین، بۆ ئەوەی بازاڕ کاری خۆی تەنزیم بکات، ئیستقرار بکات، لەسەر وەزعێکی تایبەتی رابوەستێت، تەئسیری نەکەینە سەر باری عوملە یان باری ئابووری خۆمان، چونکە هەر هەنگاوێك کە ئەینێن ئەگەر مەدرووس نەبێت، یان سەر پێیی بێت، ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەرەرەکەی زیاتر بێت، لە قازانجەکەی، یان ئەگەر قازانجی هەبێت، قازانجەکەی کورت تر دەبێت، لەدواییدا دەگەڕێتەوە دۆخی جاران و، خراپتر ئەبێت، ئەمە یەکێکیان، خاڵی دووەمیان، زۆر باسمان لەوە کرد کە دەبێت، ئێمە ئیعتیماد بکەین لەسەر دۆلار، هەرێم ئیعتیماد دەکات لەسەر دۆلار، ئەمە حەقیقەتێکە دەبێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان بیزانن، لە ساڵی ١٩٩٣ کە قیمەتی دینار بە شێوەیەکی سەریع شکا و، گەیشتە ئەوەی کە دۆلارێ تەقریبەن بە ١٠٠دینار بوو، بڕیاری حکومەتی هەرێم بەم شێوەیە بوو کە ئێمە وردە وردە، ئیعتیماد بکەین لەسەر دۆلار، ناتوانین ئیعتماد بکەین لەسەر دۆلار، ئەوە نزیکەی ١٠ساڵە، تەقریبەن ١٠ساڵە حکومەتی هەرێم وردە وردە، هەوڵ دەدات کە ئیعتیمادی زیاتریان لەسەر دۆلار بێت، چ گومرکە چ رسومی ترە هەوڵ دراوە داتیمەن داهاتی حکومەت دۆلار بێت، بۆ ئەوەی ئەو موازەنەی لە بەینی دینارو دۆلارە پەیدا ببێت، ئێستا ئەوە فەترەیەك و لە فەترەیەکی تردا، دۆلار ئیستیقراری کرد، ئیستیقراری کرد لە بەینی ٢٠تا ٣٠ لە حدودی٢٠دا مایەوە ماوەیەکی زۆر ئەمە گەشەیەکی دا بە ئابووری کوردستان و بازاڕەکان، هیچ موشکیلە نەبوو، بازاڕەکان ئەکسەری بە دۆلار بوو، دۆلار ورد دەکرایەوە، دەکرا بە دینار، ئیلتیزاماتی حکومەتی هەرێم ئەدرا، لەو رێگایەوە، ئەم فەترەی دوایی بەوە ناسراوە کە قیمەتی دینار زیاتر بەرز بوویتەوە، داهاتی حکومەت ئەکسەریەتی بە دۆلارە، ئەو دۆلارەی حکومەت وردی دەکاتەوە، بەش ناکات هەموو ئیلتیزاماتەکانی بە شێوەیەکی رێك و پێك پێی جێبەجێ بکات، بۆیە ئێمە دووشتمان لەسەر پێویستە، یەکەم بیر لەوە بکەینەوە قیمەتی دۆلار بەرامبەر بە دینار چەند بێت؟ وەك کورد دەڵێت نە شیش بسوتێت نە کەباب، حکومەتیش

بتوانێ بە ئیلزاماتی خۆی هەستێ و، بازارەکەشمان بازاڕێکی سیحی بێت، نەخۆش نەبێت، سەڕوەتی وەتەنیمان، سەروەتی هەرێممان کە پێی ئەڵێین، زەرەر نەکات و، لە شوێنی خۆی بێت و حەدێکی مەعقول بێت، دووەم دەبێت بیرێ لەوە بکەینەوە، جارێکی تر تەئکید دەکەم کە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، کە ئەو سەرەوەتەی کە هەمانە زەرەری لێ نەکەین، زەماناتێکی بۆ دابنێین، ئەو زەماناتە کە ئیمرۆ دینارمان بەوەندەیە، بەتایبەتی بەرامبەر بە عوملەی مەرکەزی، ئێمە ئەگەر بتوانین ئەوە بچەسپێنین، بیکەین بە بڕیارێك، ئەگەر هاتوو لەوە زیاتر سەرکەوت، قەی ناکات، ئەگەر هاتە خوارەوە قەبوڵمان نییە، بۆ عێراقێکی موستەقبەلی، مومکینە هەموو میللەتەکەمان زەرەر بکات، ئەگەر پێشبینی ئەم مەوزوعە بکەین، نوقتەی تریش ئەوەیە، ئێمە هەوڵ بدەین، بە پێی ئیمکان، ئەگەر بتوانین تەحەمول بکەین، ئەگەر حکومەتی هەرێم پێی دەکرێت، هەنگاوی زەخت بەکار نەهێنێت، هەنگاوی سەریع بەکار نەهێنێت، تا بتوانین تەحەمول بکەین، دەستکاری بازاڕ نەکەین، چاکترە، بۆ ئێمەش باشترە، تەبیعی زۆر موفتەرەحاتی تریش ئەکرێت، بۆ نموونە شت نەقدی نەکرێت، یان بەچەك نەکرێت، لە ڕێگای بانقەوە، ئەمانە هەمووی مەسەلەی سیقەیە، ئەبێت ئەم خەڵکە سیقە بە دام و دەزگاکانی حکومەت بکات، ئەبێت سیقە بە حکومەت بکات، ئەبێت سیقە بە بانك بکات، بۆ ئەوەی پارە ئیداعی بانك بکات، چونکە بانك ئەتوانێ هەموو شتێك بە چەك و بە وەسائیلی کتابی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنگاوی مەدروس ئەو سیقەیە کەم دەکاتەوە، خەڵکەکە وا لێ ناکات، پارە بخاتە بانقەوە، بەپێچەوانەوە خەڵکەکە وا لێ دەکات پارە لە بانق سەحب کاتەوە، ئەم خاڵانە حەقە بەوردی بیری لێ بکرێتەوە و، ڕەئیشم وایە، حەقیقەت لیژنەی دارایی کە سوپاسیان دەکەین، بۆ ئەو ئیشەی کە کردوویانە، گەلاڵەی ئەم ڕاو بۆچوونانەی پەرلەمان جارێکی تر بکاتەوە، سیاغەی ڕاپۆرتەکە لەسەر ئسلوبێك بکات، یەعنی دەوڵەمەند تری بکات، پڕتری بکات، بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، پاش ئەوە کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکات، ئەوەی پێویستە بیکات، ئاراستەی حکومەتی هەرێمی بکات، بڵاوی بکاتەوە، لەسەر ئەو ڕاو بۆچوونانە، داوای ڕەئی پسپۆڕی تر لە دەرەوە بکات، ئەمانە هەمووی شتی مومکینن، بەڵام خاڵێکی تر هەیە، حەز دەکەم بزانین چاکە، زۆر شت کە ڕوو ئەدات لە دەورو پشتمان، بگرە ئەو شتانەی کە لەناو خۆشمان ڕوو ئەدەن، لە باری ئابوورییەوە، دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لەسەر کەمترە، لەسەر دەسەڵاتی خەڵکی تر، ئێمە ئەگەر ئەو شتانەمان هەمووی زانی بە قەناعەتی من، ئەتوانین حەلێکی گونجاو بۆ موشکیلە ئابوورییەکەمان بدۆزینەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك د. ڕۆژ بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، ئێستا با کاك شێخ لەتیف بفەرمووێ، قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارەو دراو شتێکی گرنگە، بەتایبەتی لەو قۆناغەی ئێستای وڵاتەکەمان، دەبێت چارەسەرێکی زۆر ڕێك و پێکی بۆ بدۆزرێتەوە، بەنیسبەت ئەو پارەی کە دەیی و پێنجییە، جا تەبعەی هەر

جێگایەکە، پارەیەکە موعتەرەفە و ئیشی پێ دەکرێت، بەڵام ئێستا بەس لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێت، لە ناو حکومەتی عێراقی بڵێین ئەو بەشەی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەعسدا هەیە، لەویٚ(١٠ و ٥)ی ئەو پارە ئیشی پێ ناکرێت، بەڵام لە لای خەڵکی ئەویش ئەو پارە هەر ماوە، یان خەزن کراوە، زیاتر لای ئێمە هەیە، مومکینە لە.دەوڵەتە دەوروبەرەکانمان، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرابووایە، بەڕاوێژ لەگەڵ موعارەزەی عێراق، کە لەو ڕۆژانە کۆبوونەوەیەك دەکرێت لە کوردستاندا، چونکە ئەوانیش لەگەڵ ئێمە بەشدارن، هەرچەندە ئەوان جەماوەری ئازادیان نییە، بەڵام خۆیان ئازادن، سەرکردەکان و قیادەکانی موعارەزە، هەوڵێکیان دابوایە، ئەو دەیی و پێنجییە ئەوەی ناو ڕژێم و ئەوەی ئێرەش بکرابایەوە بە دۆلار، وەك ئینجازێك، چونکە بۆ کورد ناکرێت، ئێستا حکومەتی هەرێمی خۆمان هەژارە، هەمووی بکرێتەوە، چونکە زۆری دی تێی دەکرێت، لە موصڵ دێت لە تاران دێت لەولاو لەولا دێت، دەیی و پێنجی زۆر دێت ئەگەر بیکرینەوە، لە زۆر ڕووەوە بانقی حکومەتی هەرێم بەهەردوو جەمسەرەکەیەوە، مومکینە ئەو دەسەڵاتەی نەبێت هەموو دەیی و پێنجییەکە بکرێتەوە و، دەیی و پێنجی کە بکرێتەوە لە بانق دابنرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت دوای نەمانی ڕژێم، دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو دەیی و پێنجییە حەصاری لەسەر بووە، تا ئێستا زیادی نییە، بەڵکو کەم دەبێت، ئەو کەم بوونەشی، لەبەر ئەوەی دەدرێ و نوێ بوونەوەی تازەی تێدا نییە، ئەگەر بەڕاوێژێك لەگەڵ موعارەزەی عێراقی و، پارەی ئێمە و ئەوان، حکومەتی ئێمە و ئەوانیش، ئەو پارەیەش، نازانم تا چەندیش بۆچوونەکە لە ئامانج نزیك دەبێتەوە، بەڵام مومکین بوو بەپشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەمریکا و بەریتانیا. خۆزگە ئەڵمانیا و فەرەنساش هەر بیریان لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەدەکردەوە، بیرێکیشیان لە نەتەوەی ئێمە دەکردەوە، بەتایبەتی ئەڵمانیا، واش باشە بازاڕەکەمان، لە بەرژەوەندی کوردەکە بکرێت بە دۆلار، بەڵام بە تەنیا بەس دۆلاریش نا، لە (٧٥٪)ی دۆلار بێت، یۆرۆش بەکار بێت بۆ خاتری وڵاتە ئەورووپییەکان، ئەوانە بەکار بێنین شتێکی باشە و، بەتایبەتی بۆ ڕەزامەندی ئەڵمانیا و فەرەنسا و، یۆرۆش پارەیەکی چاکە، حکومەت و نەتەوە یەکە، بازاڕ بەشێکە لە حکومەتی کورد، حکومەتی ئێمەی کوردی حکومەتێکی داگیرکەر نییە، وەك ساڵانی ڕابردوو، دەبێت زیاتر بەرژەوەندی بپارێزرێ، ئەگەر حکومەتیش بانقی نەبێت، نەتەوەش نامێنێ، بەڵام نەتەوەش دەبێت حکومەت زۆر بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی بوێت بە بازاڕ و بە هەموو شتێکەوە، هەرچەندە لە بازاڕیش لەوانەیە خەڵکانێك هەبن بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان و حکومەتەکەیان لەلا کز بێت و، بەس بەرژەوەندی بازرگانی خۆیان بەلاوە گرنگ بێت، بەڵام بەناچاری هەر نەتەوەی ئێمەنە، نابێت وەکو خانزادە خاتوونی سۆران، کە ژنێك بووە، حوکمڕان بووەو، لە کوردا لە ساڵانی (١٦٠٠) وابزانم، یان وەکو (دکتۆر جەلیلی جەلیل دەڵێ و کاوێس قەفتان) کە وەرگێڕانی کتێبەکەی کردووە، باسی ئەوەش دەکەن کە کاتی خۆی کورد عوملەشی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی عوملەی ئەو سەردەمە زێڕ بووە، زێڕ و زیویش شتێکی گشتی بووە، پێویستی بە قەراراتی نەتەوە یەکگرتووەکان و شت نەبووە، زێڕ هەر سەنگی محەکی لێ بدرابووایە دەڕۆیشت و، شتێکی عالەمی بووە بە تەبیعەت، ئێمە ئەوەمان بۆ ناکرێت، بەڵام دەبێت حکومەتیش زیاتر بە بەرژەوەندی میللەتی دابێت، لە بەرژەوەندی خۆشیدا بێت،

ئەگەر بانقەكانی هەرێم پڕ بن، راستە جەماوەریش زۆر قازانج دەكات، بەلاّم وەكو عەرزم كردن خانزادە خاتوونی سۆران، كە حوكمڕانی كوردی كردووە، گوتیان كاتی خۆی لەشكركێشیەكی دەكرد، بۆ تۆلە سەندنەوەی برای (میر سلێمان بەگ)، گوتی دەبێت لە هەرماڵە و پیاوێك بێت، بۆ ئەوەی ببێت بە پێشمەرگە یان بلێین ببێت بە سەرباز، خەڵكەكەش پێیان گوت ماڵ و پیاوێك بێت، ناتوانێ لەبەر ئەوەی خەڵك هەیە فەقیرە، زۆر هەژارە، با چینێكیش هەبێت دەوڵەمەند بێت، ئەویش گوتی فەقیر بۆچی فەقیرە با بخوات برنج و شیرە، گوتیان خانزادە خاتوون خۆ هەموو خەڵك برنج و شیری نییە، ئەگەر برنج و شیری هەبوو ئەوە فەقیر نییە، بۆیە دەبێت بەرژەوەندی گشتی رەچاو بكرێت و، هیچ شتێكیش نییە، لەبەر عەقڵ و عیلم و زانست عاسێ بێ و چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، بەلاّم چارەسەری هەرە گرنگ ئەوەیە سیاسەتمەدارانی كورد، كە زۆر جێی رێز و تەقدیرن و، یەكەم ئەزموونیشە لە چەند سەدەیك زیاترە، ئەوە بۆ كورد نەهاتۆتە پێش، ئەوە هەردوو بانقەكان یان هەردوو هەرێمەكە، هەردوو حكومەتەكە زۆر لێك نزیك ببیتەوە، ئەگەر شتێكی سیاسیش لە بەرژەوەندی كورد بێت، زوو بەزوو تێكەڵ نەبێتەوە، قەیدی ناكات، بەلاّم دەبێت شتە ئیجابیەكان زۆر لە یەك نزیكیان بكاتەوە، ئەگەر لە بەرژەوەندی كوردیش نەبێت، چونكە هەندێك جار وایە، لەسەرەوە پیشاندانی مونافەسە و، لەژێرەوەش یەك بوون، بەشێكە ئەوەش لە سیاسەت و، بەشێك بووە لە زۆر شێوەی سیاسەتەكان، بەلاّم من وای بۆ دەچم، تاكو لە یەك نزیك بینەوەو، چارەسەری كێشەكانیش زیاتر دەكرێت، دابەزینی دینار و دۆلار، دەبێت دۆلاریش داببەزێت بێتە ئەو ئاستەی وەكو كە لە دەوڵەتانی بێ كێرەو كێشە، چۆن دۆلار چەندە؟ نرخەكەی ئەوەندەیە، ئەگەر بمانتوانی بووایە دیناریش ئەوها بێنینە خوارێ و، ئاستەكەیان وەكو یەك بووایە، دیناریش بێتە خوارێ دەیی و پێنجی، بەو شێوەیە تەعامول لەگەڵ هەردووكیان بكرابووایە، بەلاّم تەحرووشی دەروبەرمان، بێگومان پێمان چارەسەر ناكرێت، مەگەر بە شێوەیەكی سیاسی نەبێت، ئەو شێوە سیاسیەش زیاتر دەتوانن هەردوو مەكتەبی سیاسی كە (HCC)یش لەوان پێك هاتووە و، ئەندامانی (HCC)یش زۆریان ئەندامانی پەرلەمانن، ئەمەش زنجیرەیەكی یەك بوونییە، شتێكی پیرۆزە، چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە بە پرس و راوێژ لەگەڵ ئابووری ناسانی دەرەوەش، قەیدی نییە، پرس و رای كوردیش و، داوای پشتیوانیش شتێكی ئاساییە لە هەر كەسانێك بكات، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك شێخ لەتیف، هیوادارم ئەو سەرطوزشتە خۆشەی كە باسی كرد لەبارەی خانزادەوە، هانی خانمەكانی ئێمەش بدات، بۆ ئەوەی لەمەولا ضوست و ضالاك تر بن لەناو كۆری كاركردنەوە لە هەموو بوارێكدا، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە باسی كێشەی ئابووری دەكەین، حەز دەكەم ئەوەش بلێم كە خۆش بەختانە هەردوو ئیدارەكە لەوەدا كۆ بدۆزنەوە، تاكو چارەسەرێك بۆ كێشەی دابەزین و هەڵبەزینی نرخی دراو بكەنەوە، بەلاّم یەك شت هەیە حەز دەكەم لێرەوە ئاماژەی پێ بكەم، گەلێك پروپاگەندە هەیە

لەناو بازاڕ، ئینجا پێویستە لەسەر ئەوانەی ئەو رایەیان زۆر پەسندە، وەزارەتی دارایی هەردوو ئیدارەکە بانگ بکرێنە ئێرە و، زۆر بە سەرپاحەت و بە راشکاوی لەگەڵ میللەتی خۆمان قسە بکەین، چونکە میللەتی ئێمە میللەتێکە خۆش بەختانە، کە زۆر زوو تەئقلوم دەکەن لەگەڵ کارەساتەکاندا و، زۆر گێرەو کێشەی لەوەش ناخۆشترو خراپترمان بەسەرداهاتووەو توانیمانە زاڵ بین بەسەریاندا، لە رێگەی ئەوەوە کە زۆر بەسەرڕاحەت لەگەڵ میللەتی خۆماندا قسەمان کردووە، ئێستاش لەسەر ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر قیادەی سیاسی کورد، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بەسەرڕاحەت لەگەڵ میللەتی خۆمان قسە بکەین، کە ئەمە وەزعی دراوی ئێمەیە و، میللەتیش حەقە متمانەی بەو حکومەتە هەبێت، چونکە نابێت زاکیرەمان ئەوەندە زەعیف بێت، ماوەیەك بەر لە ئێستا

(٢٥) ملیۆن دینار قەرزی خەڵك لە بانق فەوتا بوو، درایەوە، (٥٥) ملیۆن ببوورن نەك (٢٥) ملیۆن، داوای لێبوردن دەکەم (٥٥) ملیۆن دینار، یەعنی دەبێت متمانەیەك بەو حکومەتە بکەن، وا بزانم میللەتی کوردیش ئازادی بەهیچ شتێك ناگۆڕێتەوە، بەڵام شتەکە تۆزێك موفاجیئ بوو، خەڵکەکە پێی سەرسام بوون و، من لەو بڕوایەم کە کێشەکە کاتییە و، پەیوەندی بەو بارە ئابوورییەوە هەیە و، بەزووترین کات چارەسەر دەکرێت، بەڵام پێویستی بە کۆڕ و کۆبوونەوە و سەرڕاحەتە لەگەڵ میللەتی خۆماندا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئەحمەد شەریف قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف على:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم کە دووەمین جارە هەڵدەستم، قسەکانی من کورتن، باشە زۆر درێژەی نادەمێ، پێشنیارێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر هەردوو ئیدارەکە قسە لەگەڵ لێپرسراوانی بڕیاری (٩٨٦) بکەن، ئەوان هەر دۆلار دێنن، ئەگەر دۆلاریش دێنن، لەمەو دوا خوردە بێنن، یەعنی بۆ نموونە هەر فیئەی سەد دۆلار نەهێنن بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان، بۆ نموونە کە دەیدەن بە مقاولەکان با خوردەی دۆلاریان بدەنێ، بەڕای من پێشنیارێکی زۆر سەهلە، یەعنی زۆر ئاسانیشە، ئەو هەر دۆلار دێنێ، دۆلارەکە بە خوردە بێنن بیدەن بە مقاولەکان، لە بازاڕ خوردەی دۆلار زۆر دەبێت، ئەوە پێشنیارێکە، ئەگەر بە پەسندی دەزانن ئیدارەی کوردی قسەیان لەگەڵدا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئەحمەد شەریف، وابزانم هەردوو ئیدارەکە ئەوەی کردووە، کەوا وردەی دۆلار بێتە ناو بازاڕەکانی کوردستان و، تا ئەو کێشەیەش بەسەر دەچێت، وەکو بەشی زۆر لە بەڕێزان باسیان کرد، ئەوە کێشەیەکی کاتییە و، گەلێ لە وڵاتانی تریش کە لە ئێمە زۆر زۆر گەورەتر و بەهێزترن و، تاقی کردنەوەشیان زۆرە، ئەوانەش هەموو بە کێشەی وەها تێپەڕیون، ئەگەر بەسەر مێژوو دابچینەوە، زۆر لەو جۆرە رووداوانە دەخوێنینەوە، وەکو لە پێشەوە روونمان کردەوە،

هەروەها کاك د. رۆژیش ئەوەی پێ ڕاگەیاندن، کە کۆمیتەی دارایی لە پاش هەمووئەو وتووێژانە بەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆیدا دەچێتەوە، ئەو کاتە ئەوەندەی پێویست بێت بڵاو دەکرێتەوە و، ئەوەشتان بەدەستەوەیە لە داهاتوودا، ئەو کۆبوونەوەیە بکەین، کە هەندێ لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێشنیازیان کرد، بەڵام ئەوە وەستاوە لەسەر ئەوەی کە کەی وەڵامی ئەو بەڕێزانەمان بدرێتەوە کە داوامان کردوون، لەو بارەیەوە بێن بۆ پەرلەمان و بیرو ڕای خۆیان بڵێن و، هەروەها چ هەنگاوێکیان ناوە، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر ئەو کێشەیەدا، ئێستا وابزانم لەو بارەیەوە کەسی تر نەماوە قسە بکات، ئەگەر کەسێك هەبێت قسە بکات، فەرموو کاك حەسەن کانەبی، لەپاش کاك حەسەن کانەبی فەرموو کاك سەعدی، کێی تر هەیە قسە بکات، ببوورن تاکو دوا جار ناو نووسیان بکەین، باشە، ئێستا کاك حەسەن کانەبی و، کاك شێخ یەحیا و، دوا جار کاك سەعدیش قسەیان هەیە لەسەر ئەم کێشەیە، ئیتر کۆتایی بەم باسە دەهێنین، فەرموو کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن کانبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دابەزین و هەڵبەزینی دۆلار بە ئەندازەیی نەبێت، کەمالیات ئیستیراد نەکرێت بەهیچ شێوەیەك، ئەو شتی پێویست نەبێت و زەرووری نەبێت لە ڕژێم ئیستیراد نەکرێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك حەسەن بۆ ئەو پێشنیازە، ئەوەندەی پەیوەندی بە تەقەشوفەوە هەیە، لەو بارەیەوە هەندێك قسە کراوە، جا تا چ ڕادەیەك سەر دەگرێت، ئەوە بەستراوە بە دەنگدانەوەی یان ئەو ڕەنگدانەوەی هەیە، کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە دەبیێت، قسە و بڕیار و ئامۆژگاری دراوە، بەڵام جێ بەجێ کردنی تەنیا ناکەوێتە سەرشانی هەردوو ئیدارەکە، یان سەرشانی پەرلەمان، بەڵکو دەکەوێتە سەر تەجاوبی کۆمەڵانی خەڵکیش، بۆ بە پیرەوە چوونی ئەو هەنگاوانەی کە یارمەتیمان دەدەن، بۆ ئەوەی لەو کێشەیە ڕزگاریمان بێت، فەرموو کاك شێخ یەحیا.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەڕاستی یەك تێبینیم هەبوو، حەزم کرد ئیشارەتی بۆ بکەم، لە فەرمایشتی بەڕێزانەدا، وابزانم ئیشارەتی بۆ نەکرا، نە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و، نە لە وتەی بەڕێزاندا لەسەر نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار، یەعنی با خۆمان وا نەبینین، یەعنی قەرار بدەین بڵێین دۆلار دەیە و هەر دەبێت دەش بکات، بازاڕ خۆی سەنگی محەکە با زیاد بکات، یان کەم بکات، گرنگ ئەوەیە بازاڕ دەتوانێت ئەو قەرارە بدات، بەڵام ڕێگەیەك یان چارەیەك هەیە بەس، بۆ ئەوەی ئەگەر بمانەوێت لە شتێکی مەعقوول و بە هەڵە تەسعیرەی نەکەین، یەعنی بە هەڵە داینەنێین، ئەویش لە هەموو دونیا و لە زۆر شوێن تەسعیرەی نرخی دراو بەرامبەر بە زێڕ تەقدیر دەکرێت، بەرامبەر ئاڵتون تەقدیر دەکرێت، بە چەند عوملە، ئێمە جاری وا هەیە دۆلار سەرووی یۆرۆیە، جاری واش هەیە دۆلار دێتە خوارەوەو هەر بە عەرز و تەلەبی دینارەکەی خۆمان لە بازاڕی ئێمە وای لێ دێت، لەگەڵ ئەوەش لە بازاڕی جیهانی وا نییە، لای ئێمە جاری وا هەیە دۆلار دەکەوێتە خوارووی یۆرۆوە، جاری وا هەیە دەکەوێتە سەرووی و زۆریش فەرقیان دەبێت، جا بۆ ئەوەی

ئێمە بە هەڵە تەسعیر دانەنێین، ئایا حکومەت و، ئایا بازاڕەکەمان، بتوانین تەسعیرەی دۆلار بەرامبەر بە دینار بە گوێرەی ئاڵتون بیکەین، نرخی ئاڵتون بە گوێرەی یۆرۆ یان بە گوێرەی مارك بە گوێرەی فرانك چەند بوو، ئێمە بەو نەوعە دینارەکە بەرامبەری دانێین و موقابیلی بکەینەوە لەگەڵ دۆلار، نەك کارێك بکەین ئەمڕۆ فەرمانبەرێك (٥٠٠) دینار مووچەیەتی، بڵێین هەر (٥٠) دۆلاری دەدەینێ، مانای وایە، لەگەڵ ئەوەشدا بە (٣٥٠) دینار بۆی دەگۆڕنەوە، زەرەرێکی زۆر دەکات، لەگەڵ ڕێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شێخ یەحیا، ئێستا دوا ئەندامی پەرلەمان لەم بارەیەوە قسە دەکات، کە کاك سەعدی یە، ئیتر کۆتایی بەم باسە دێنین، ڕەنگە پاش ئەوە خۆشمان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند قسەیەکمان هەبێت، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز. موناقەشەیەکی زۆر باش و تێرو تەسەل کرا لەسەر مەوزوعی ئەو هەڵبەزین و دابەزینی عوملەیە، مەسەلەیەکی حەساسە، مەلەسەیەکی گرنگە، بەلآم ئێمە دەبێت ئەمەمان لەلا تەبیعی بێت، حکومەتەکەی ئێمەش دەبێت ئەوەی لەلا تەبیعی بێت، حەجمی ئەو خەتەرانەی لەسەر ئێمەن زۆر گەورەترن لە حەجمی ئەو حیمایەی کە بە ئێمە دراوە، شەڕی ئیقتیصادی لەگەڵ ئێمە لە دوێنەوە دەستی پێ نەکردووە، لەکاتی دەست پێ کردنی هەڵبژاردن و پاشان لەسەر دەمی کابینەی دووەم بیست وپێنج دیناری سەحب کرا، ئینشائەڵلآ موحاوەلەی ئەمجارە دوا تیری کەوانە و کۆتایی دێت، جارێکی تر تووشی ئەم ئەزمەیە نابینەوە، بەلآم ئەوەی کە من تەبعەن سوپاسی لیژنەی ئامادەکاری ئەم پرۆژەیە دەکەم، ئەکید ئەرکێکی زۆریان لەسەرە، بەلآم ئەوە مەوزوعێکی حەساسە، پێم وایە بە قەراراتی ئیرتیجالی موشکیلەی عوملە لە بازاڕی ئازاد چارەسەر ناکرێت، ئەو پێشنیارانەی کە کاك د. ڕۆژ کردوویەتی و، زۆربەی برادەران کردوویانە، کاك شەوکەت دووسێ پێشنیاری هەبوو، بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و، بازاڕ خۆی خۆی تەنزیم دەکات، ڕەنگە لە وەزعێکی وەکو ئێمەدا، ئێمە لەنێوان شەك و یەقیین داین، پەیوەندیەکی مونەزەمی ئیقتیصادیمان نییە، ئیعتمادی زۆرمان لەسەر بازاڕی قاچاغە، ڕەنگە میرئاوێك زەرووری بێت، یەکێك کە تەنزیمی حەجمی دۆلار، حەجمی فلان عوملە، هێنان، بردن، یەعنی تەصدیر و ئیستیراد بکات زەرووری بێت، بەلآم ئێوە بە وەزعی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئێمە دەستەلآتی ئەوەمان نییە، نە لە چوارچێوەی ئێستامان قانونی دەولی، نە لە عیلاقاتی بەینی دوو دەوڵەت، لەگەڵ وڵآتانی جیران و لەگەڵ ئەو موئەسەساتانەی کە پەیوەندیدارن بە مەوزوعی عوملە، بۆیە با ئێمە دوا بەدوای ئەوە نەگەڕێین و، کۆبوونەوەکەشمان بەدوای ئەوەدا نییە، کام حکومەت کام وەزیر سووچ بارە، وەزعی سیاسی بەشێکە لەو موئامەرەیەی کە لە ئێمە دەکرێت، ئێمە دەبێت هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین، کە یەکتری بگرین و لەو موئامەرەیەش نەجاتمان بێت و، کۆبوونەوەکەش بەو ئیتیجاهە نییە، کۆبوونەوەکەش گەڕانە بەدوای باشترین چارەسەری، بۆ ئەوەی بە کەمترین زەرەر لێی نەجاتمان

ببێت، ئەکید ئەوەی ئەو تەڵەیە دادەنێتەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەیە ئیسپات بکات کە کورد کەفائەتی بەڕێوە بردنی نییە، حەتمەن لایەنگر و ئەڵقە لە گوێشی هەیە، لە بازاڕ پڕوپاگەندە بلاو بکاتەوە، ئەو کاتە بڵێ ئیدارەی کوردی فاشیلەو سەرکەوتوو نابێت، ئەمە قسەی پووچە لە بازاڕی سیاسی ئەمڕۆ نرخی نییە و، ئێمەش بەو ئیتیجاهە قسە دەکەین و، لەسەر ئەو ئیتیجاهەش دەمێنێین، ئومێدەوارم سوود لە هەموو ئەمانە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لەو بارەیەوە ماوەتەوە سەر ئەوەی کەوا بڵێین، ئەو قسانەی لە کۆبوونەوەی تر کران، کەوا (٢٥) کەس لە کۆبوونەوەی پێشووەوە دوان، لەم کۆبوونەوەیەدا (١٥) کەس هەندێکیان دوو جار لەو بارەیەوە قسەیان کرد، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئێستا کۆمیتەی دارایی پوختەی ئەو پێشنیازانە و، بە تێکەلاو کردن لەگەڵ راپۆرتەکەی خۆیاندا ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین دەست بەکار بین لەسەر سوود وەرگرتن لەو راپۆرتانە، لەو بارەیەوە لەگەڵ هەردوو ئیدارەکان قسە بکەین، هەروەها لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کەوا پەیوەندیان بەم کێشەیەوە هەیە و، ئەگەر پێویستی کرد هەندێکیش لەو راپۆرتە بلاو بکەینەوە، ئەوە دەبێت لەپاشان سەیری راپۆرتەکە بکەین، بزانین تا چ رادەیەك سەرکەوتووە لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو کێشەیە و، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر هەوڵ و کۆششەکانمان و، هیواداریین بتوانین لە کۆبوونەوەیەکی داهاتوودا لە ئەنجامەکان ئاگادارتان بکەین، ئیتر زۆر سوپاستان دەکەین، لەبارەی کۆبوونەوەی داهاتووەوە، پاشان ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەڕەش محمد نقشبندی** | **د.رۆژ نوری شاویس** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

چوار شەممە ڕێکەوتی ٥/ ٢/ ٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٢/٥

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٢/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژماره(١٦)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (١٦)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆی سلێمانی.

٢- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی تایبەت بە خانووبەرە، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان پێكهاتووە لە دوو خاڵ:

١- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆی سلێمانی.

٢- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی تایبەت بە خانووبەرە، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.

فەرموو كاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە بگوترێ وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی، وشەی (ئیدارە) بەڕیوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی بەشێوی ڕەسمی (وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانییە) ئەوە ڕاست دەكرێتەوە، هیچ كێشەیەك نییە، فەرموو كاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر شتێك لێرە بنووسرێت ئەوە ئەساس نییە، ئەوەی جەنابت دەیخوێنیتەوە یان سکرتێری ئەنجومەن دەیخوێنێتەوە ئەو دروستە، جەنابت خۆت باست کرد وەزیری ئیدارەی سلێمانی ئەوە دەبێتە رەسمیات، نەك ئەمە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ من وام گوت لە قسەکانم، فەرموو کاك فەرەیدون لە بارەی ئەم ئەرك و کاروبارانەی کە هاتوونەتە پێشەوە لەم بارودۆخە ئەگەر بتوانن ئەوەندەی، پێویستی بزانن، لە بارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێوە دایە، ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بکەن، فەرموو.

**بەڕێز فەرەیدون عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

پێشەکی زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بۆ رەخساندم و، خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە لە نزیکەوە لەگەڵ نوێنەرانی میللەتەکەمان، لەسەر حاڵەتی ئۆرگەنایز(رێکخستن) لە کوردستانا قسان بکەین، چونکە هەموومان دەزانین کە حاڵەتی حەرب بە رێوەیە و، ئێمەش خۆ ئامادەکردنێکمان پێویستە بۆ ئەم کاروبارە ئۆرجانزانەی کە پێویستن، ئێمە سەرەتا هەردوو وەزیری ناوخۆ پێکەوە دانیشتین بیرمان لەوە کردەوە کە ئەو هەنگاوانەی لازمن لەم زروفە لە ئەستۆی ئێمە دان چییە بیکەین، قسەمان لێکردن و، لەلای هەردوو لامان بوو بەهۆی ئەوەی کە دوو لێژنەی وەزاری پێکهات، لێژنەیەکی وەزاری لای ئێمە پێکهاتووە لە وەزیری تەندروستی و، وەزیری شارەوانی و، وەزیری پیشەسازی و، وەزیری کشتوکاڵ و، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و، بەندە وەزیری ناوخۆ، هەر یەکە لە مەجالی پسپۆڕی خۆی بۆ ئەوە دەست بکات بە ئامادەکاری بۆ ئەو کارانەی کە پێویستن، ئەو کارانەی کە پێشبینیمان کرد کە پێویستن بکەوێتە بەرنامەکانمانەوە و، ئێمە نەخشەی بۆ دابنێین، بەر لە هەموو شتێك ئەوەیە، چونکە لە سەرەتادا هێرشێکی ئاسمانی بەربلاو دەست پێ دەکات و، تەوەقع دەکرێت لەم هێرشە فراوانەدا خەڵکیش بترسێت و، لە ناوچەکانی بەغداو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی عێراقەوە خەڵکێکی زۆر، مناڵێکی زۆر، پیری زۆر، ژنێکی زۆر ناچار بێت بۆ رزگار کردنی گیانی خۆی، ڕوو بکاتە کوردستان و بەناوچەیەکی ئەمینتر دابنرێت، لەبەر ئەوە پێویست بوو بۆ ئەمە بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین سەری خۆمان و ناوچەکە بەرزکەینەوە، بەباشی و بەرێك و پێکی پێشوازی لەو خەڵکە عێراقییانە بکەین کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەستەی رژێمەوە هەڵدێن بۆ لای ئێمە، هەم بۆ ئەوەی باش پێشوازی بکرێن، هەم بۆ ئەوەی ئیحتیاتاتی رێکوپێك بکەین، بۆ ئەوەی وەزعی ئەمنی ئێمە بە هەم نەخوات و، وەزعی ئەمنیمان نەشێوێت و، هەتا ئەمنی تەندروستی بێت یان ئاسایشی گشتی بێت زەبر نەخوات بەوە، ئێمە لەلای خۆمانەوە بیرمان لە دروست کردنی سێ ئۆردوگا کردەوە بۆ ئەم مەبەستە، یەکێك لە بازیان، یەکێك لە مەیدان، یەکێکیش لە پیرە مەگروون.

ئەوەی بازیان و مەیدان هی موقەدیمەن، بۆ ئەوەی لە خەتی چەمچەماڵەوە ئەگەر هاتن لە بازیان ئیستعابیان بکەین و، ئەگەر لە خەتی کەلار و کفری و جەلەولاشەوە هاتن لە مەیدان ئیستعابیان بکەین و، ئەوانەی لەوێ چێ دەکرێن لە رووی تەندروستییەوە و، لێیان دڵنیا دەبین ئەگەر جێیان نەبۆوە، دەیانگوازینەوە بۆ پیرە مەگروون، ئەمە ئەو ئیجرائەیە کە لە رووی ئەو ئەرکە کردوومانە و، پاش ئەوەش بۆ رووداوە کتوپڕەکانی ناوخۆمان، بیرمان لەوە کردەوە کە مومکینە لەو هەڵومەرجە هەندێك رووداو روو بدات، ببێتە هۆی جۆرێك لە پەشێوی، لەوانەیە بۆمبێك، شتێك لە شوێنێك بتەقێتەوە، ببێت بەهۆی ئەوەی خەڵکی بترسێت و، ئەو گەڕەکە چۆڵ بکرێت، ئەرکێك دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە کە لە ئێستاوە دەبێت بیکەین، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو شوێنە ئەگەر پێویستی بە چۆڵکردن بوو، چۆڵی بکەین، دەبێت لە هەندێك شوێن، شوێنمان ئامادە کردبێت بۆ نیشتەجێی خەڵك، بیرمان لە چوار کەمپی تر کردەوە لە چوار شوێنی جیاوازی تر و، ئەم کەمپانە لەگەڵ سێ کەمپەکەی تر کە بۆ خەڵکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیمان کردۆتەوە، کە دەکاتە حەفت کەمپ و، ئەم حەفت کەمپە هەر یەکەی قائیمقامێك و، دەستەیەکی ئیداریمان بۆ داناوە، کە ئەوانە هەر لە ئێستاوە بەرپرسن لەو شتانەی کە بۆ ئەم کەمپانە دەچێت، وەری بگرن، بۆ هەر کەمپێك ئێمە دوو موەلیدەمان ناردووە، ئێستا لە شوێنی کەمپەکە دامان نەناوە، بەڵکو لە نزیکەوە دامان ناوە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو بەکاری بێنن. بیرمان لە ژمارەیەك نەخۆشخانەی بەدیل کردۆتەوە و، ژمارەیەکی باشی بنکەی تەندروستی لە ئێستاوە بە دکتۆر و یاریدەدەری دکتۆر و بەستافەوە دامان ناوە و، ئەوەندەی لەبەر دەستمان دایە لە دەرمان و پێویستیەکان لەم شوێنانە لە نزیکی خۆیانەوە حازرمان کردووە، چونکە مەترسی ئەوەمان هەیە، ئێمە دیارە هەموو کات لە ئحتیاتا ئینسان خۆی بۆ خراپترین حاڵەت حازر دەکات، نەك بۆ باشترین حاڵەت، من خۆم بەش بە حاڵی خۆم پێم وانییە کە شتی وا روو بدات پێویستیمان بەم هەموو تەدابیرە بێت و، هەرچی گوێ لەو راپۆرت و دەنگوباسانە دەگرێ لەسەر سیناریۆکانی ئەم جەنگەوە، ئینسان دەخاتە ئەو باوەڕەوە لە ماوەیەکی کورتا کۆتایی پێ دێت و، بوار نادرێت بە رژێمی عێراق ڕەنگدانەوەی وای هەبێت، کە ئێمە ناچار بکات ترسێکمان لا دروست ببێت، بەڵام بەبێ دروست بوونی ترسیش ئێمە واجبی خۆمانە بەرامبەر بە میللەتەکەمان هەموو کارێکی ئیحتیات بکەین. لەبەر ئەوە لەم کەمپانە هەموو پێویستییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، ئەمانە بیرمان لێکردۆتەوە و، لەم کەمپانە ئێمە دەستمان کردووە بە هەڵکەندنی چاڵ و بیر و شتی وا بۆ مەسائلی ئاوەڕۆ و بۆ مەسائلی پاکوتەمیزی لەم کەمپانە و، نەخشەمان داناوە بۆ ئەوەی ئەم کەمپانە هەر یەکەیان چەند بگرێ، بێجگە لە ئیمکانیەتی وەزارەتەکان کە وەزیری تەندروستی بەڕێز چی لە توانا هەبووە ئامادەکاری بۆ کردووە لەگەڵ رێکخراوی (WFP) هاتووە زەحتی کردووە، تەقەلایەکی زۆری داوە کە هەوڵ بدەن داودەرمان دابین بکەن، من پێم وایە ئیدارەی هەردوو لامان عەزیەتێکی زۆرمان دی لەگەڵ رێکخراوی (WFP) ئەو عەقەڵیەتەی ئەوان ئیدارەی کاروباری پێ دەکەن، تووشی عەزیەتی زۆری کردین تا قەناعەتمان پێ کردن کە هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن، بە هەردوو لامان سیستەمێکمان دانا کە هەردوو وەزیری پەیوەندی و هاوکاری خەریك بن لەگەڵ رێکخراوەکانی (UN) و، لەگەڵ رێکخراوەکانی (NGO) بۆ ئەوەی

بتوانین گەورەترین ئیستفادە بکەین لەم ڕێکخراوانە، هەندێکیان لە ڕاستیدا کاریان ئەوەیە کە لە کاتی لێقەومان و جەنگ و کاتی نارەحەتی خەڵك، بێن کاری ئینسانی جێبەجێ بکەن و ڕێکی بخەن، لەگەڵیان زنجیرەیەك کۆبوونەوەمان ڕێکخست و، داوامان لێ کردن هەریەکەیان چییان پێ دەکرێت، من بەداخەوە دەمەوێت ئاگادارتان بکەم کە تا ئێستا ڕێکخراوەکان هیچیان پێ نەکراوەو هیچیان بۆ نەکردووین و، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ هەندێك لێپسراوی بێگانە لە تورکیا و، نوێنەرانی هەردوو لامان ئامادە بوون بۆ ئەوەی پێویستیەکانی کوردستانیان بەو حاڵەتە بخەینە بەردەست، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئێمە بۆمان دەرکەوتووە دوو شتی ناخۆشە، یەکێکیان ئەوەیە ئەیانەوێت خەڵك لێی بقەومێت ئەوجا پێداویستیەکانی بۆ دابین بکەن، خێمەو کەرستەو پێویستیەکان، ئەوە یەکێکە لە تەقالیدەکانی ئیشکردنی ڕێکخراوەکانی سەر بە (UN)، یەکێکی تریش ئەوەیە کە بیردەکەنەوە بەهۆی ئەو مەسەلەی ئابلۆقەی ئابووری و ئەوانە، تا کەمپەکان لە دەرەوەی کوردستان دروست بکەن، کەمپەکان لە تورکیا دروست بکرێن، لە ئوردن دروست بکرێن، لە ئێران دروست بکرێن، لەم شوێنانە، ئێمە پێمان گوتن، ئیدارەی هەردوولامان پێمان گوتن کەوا ئەم کەمپانە بەکەڵکی ئێمە نایەن، ئێمە کەمپمان دەوێت لە وڵاتی خۆمان، ئێستا وەزعی کوردستان وەکو جاران نییە، بەخۆش حاڵیەوە دەتوانین بڵێین کە جاران گوندەکانمان کە وێران بوون ئێستا ئاوەدانمان کردوونەتەوە، گوندی ئاوەدانی زۆرمان هەیە، ئیدارەیەکی ڕێکوپێکمان هەیە، کاتی خۆی میللەتەکەمان کە لێی قەوماوە لەوانەیە بەبێ بوونی ئیدارەیەك و تەوجیهو تەگبیر و ڕێنمایی بووە، بەڵام ئێستا توانراوە کە ئەم کارانە بەرێکوپێکی بکرێت، ئێمە چەند مانگێکە (چوار ، پێنج) مانگ دەبێت، هەردوو ئیدارە کۆبوونەوەی یەك لە داوای یەك بەیەکەوە دەکەین، هەنگاوەکانمان بە هەماهەنگی و هاوکاریەیەکی زۆر پێکەوە دەیکەین، دوایین کۆبوونەوەشمان دوێنێ لەگەڵ ئیرانیەکان بوو، کە دوێنێ و پێرێ من لەگەڵیان کۆبوومەوە لەگەڵ دەستەیەك لە برادەرانی هاوکار و، ئەوانیش ئامادەیەکی زۆریان دەربڕی و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پسپۆڕیان لەم مەجالە لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئێمە تێگەیشتین کە ڕێکخراوی خاچی سوور، تەنها ڕێکخراوە کە ئێستا ژمارەیەك خێمەو پێویستی بۆ ئەم کەمپانە هێناوە، بەڵام لەناو ئێران دایە و، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە بە هەوڵ و تەقەلای پێویست بیهێنن بۆ هەموو خەڵك، ئەوەی کە کەوتۆتە سەر ئیدارەی ئێمە و، توانای متەوازعی ئیدارەی ئێمە لە پەیداکردنی پێداویستیەکانی ڤاکسین و پێ پزیشکی و ئاو و ئاوەڕۆ و کەمێك سوتەمەنی و ڕوناکی و جێگاوڕێگا و ئیدارە ڕێکخستن، ئەم شتانەمان هەموو کردووە، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتە سەر چادر و رایەخ و پەت و پێویستی، ئەوە هێشتا ماوە، ئومێدمان وایە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە قسەمان کردووە هەموویان بەڵێنی گەورە گەورەیان پێداوین و، تەنانەت هەندێك لە ئەمریکییەکان و، نوێنەری شوێنی تر پێیان گوتین کە خەڵکی کورد نەترسێت پارێزگاری لێ دەکرێت و، لە دژی هەموو جۆرە ئەگەرێك دێن بە دەنگمانەوە و، پێویستی لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوو دابین دەکەن. من بەڕاستی لێرەوە موناشەدەی هەمووتان دەکەم، ئێوە پەرلەمان و نوێنەرانی هەڵبژاردەی میللەتەکەمانن کە لێژنەی تایبەتی دروست بکەن، ئێوەش هاوکاریمان بکەن و، ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی زۆرتر کار بکەن لەم مەجالە، کە بتوانین ئەوانەی مەترسی جدییە کە من دڵنیام ئەم مەترسییانە تەنها

بۆ ئیحتیات پێویستە بیری لێبکەینەوە، ئەگینا ڕووداوەکانی ئایندە نیشانی دەدەن، کە هەر تەنها ئیحتیاتێکی باشمان کردووە، ئەگەر کاری باشمان کردبێت، بگەڕێن بەرامبەر هەموو ئەو ئەگەرانەی کە خەڵك لێی دەترسێت، با هەموومان ئێمە هەموومان لە ژێر دەستی پەرلەمان داین چیمان پێ دەڵێت بە باشی ئەوەی کە دەزانن نەمان کردووە نوقسانی هەیە لە هەنگاوەکانماندا پڕیان بکەینەوە و جێبەجێیان بکەین و، ئەوەی کە لێژنەکانی پەرلەمان لەم ناوچەیە لەلای ڕێکخراوە خێرخوازەکان و، ئەو ڕێگایانەی مومکینە با هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی هەموومان هەدەفێك لەبەر چاوی خۆمان دابنێین، کە کەمترین زەرەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەوێت و، بەهەموومان پلانێك دابنێین کە خەڵکی کوردستان لەبەر دەمی هیچ ئەگەرێکا پێویست ناکات ترس و سامێکی وا لایان دروست بێت کە وڵاتەکەی خۆیان، شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن، ئەم کوردستانەی ئێمە ئێستا ئاوەدانە گوندی زۆری تیایە، با هەموومان خەڵکی ئاراستە بکەین ئەگەر هەتا بۆ ئیحتیات ویستیان ئیحتیات وەربگرن، دوور بکەونەوە لە خانووەکەی خۆیان با چەند کیلۆمەترێك لە گوندێکی نزیك و، لە دەوروبەری شوێنەکەی خۆیان بن و، شوێن و جێگەو ڕێگەی خۆیان بەجێ نەهێڵن، هیچ کارەساتێکی وا سامناك و پڕ مەترسی نییە لەوەی کە ئێمە ئەم خاك و نیشتمانە ئازیزەی خۆمان بەجێ بهێڵین و، ئەم شوێنە کە بەرەنج و ئارەقێکی زۆری هەموو کۆمەڵانی خەڵك و بەرپرسەکان ئاوەدان بۆتەوە، بەجێیان بهێڵین بۆ دەستی تاڵان و وێران کردن و ئەمانە و، حەزیش دەکەم پێتان بڵێم بەنیسبەت لای ئێمەوە و، پێشم وایە وەك لەگەڵ جەنابی کاك کەریم قسەمان کردووە لێرەش عەینەن ڕێوشوێنمان بەیەکەوە گرتووەتەبەر، بۆ هەرشارێك ئێمە خوتەیەکی ئەمنی موتەکامیلمان داناوە، دامانناوە کە پۆلیسی هاتووچۆ چی بکات، یەك بەیەك ناوی ئەفسەرەکان کە هەریەکە لەچ قاتعێك دەبێت، لەسەر چ ڕێگایەك دەبێت، چۆن ڕێنمایی خەڵك دەکرێ و، ژمارەیەك لە ڕێنمایی ئامادەمان چاپ کردووە بۆ هەر کارێك، بۆ هەر ئەگەرێك، کە ڕێگا نیشانی هاووڵاتیان بدات کەچی بکەن و، چۆن خۆپارێزی لەهەر شتێك بکەن، پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی دەوریاتمان داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر کۆڵانێك نەتیجەی کارێکی تەخریبی، لوغمێك، شتێك تەقینەوەیە، چۆڵ بوو، چۆن پارێزگاری لە مڵك و ماڵی هاووڵاتیان بکرێت، نەهێڵین گەرەکەکە یان ماڵەکانیان چۆڵ بێت لێی بترسێن لە دەستی تاڵان، نەهێڵین بگاتە هیچ شوێنێك. با هەموو دەزگاکان و، دامەزراوەکان سیستەمێکی دیفاعی زاتیمان دارشتووە، کەوامان کردووە لە پێشەوە هەموو دامەزراوە بە نرخەکانی وەکو مۆزەخانەو شتەکان باش پارێزراو بن و، دیفاعی زاتی دابنرێت بۆ دائیرەکان بۆ وەزارەتەکان بۆ هەموو شوێنەکان، خەڵك خۆی دیفاع لە شوێنی خۆی بکات، حەراسەتی لێ بکات و، خەفارەتی بۆ دابنێت و، وابکەین وڵاتێکی ئاوەدان و وشیار و بە خەبەرمان هەبێت لەبەر دەمی هەموو ڕووداوێك و، هەموومان لەم خەبەرداریە بەشداری بکەین، حاڵەتێك بێت بە میللەتێکی وشیار و چاوکراوە ڕوو بە ڕووی حاڵەتەکە ببینەوە، بەر لەوەی ئەو مەسەلانەی کە پێویستە زیاتر وشیار کردنەوەی خەڵکیش و، ڕێنوێنیان و، فێرکردنیان، بۆ خۆ پاراستن بۆ هەر ئەگەرێك لەو ئەگەرانەی خەڵك لە ماڵی خۆیان سڵی لێ دەکات مەترسی لێ دەکات، حەقە پەرلەمانی ئێمە و، هەموو دامودەزگاکانمان هەموو پێکەوە بەشداری لەوە بکەین ترسی خەڵکی بڕەوێنینەوە، زۆر فەرق هەیە لەبەینی ئەوەی کە

ئێمە ئیحتیاتێکی بەرز بکەین و، هەنگاوێکی ئیحتیاتی بالآ جێبەجێ بکەین و، لەبەر دەمی ئەوە بێن ترس بلاو بێتەوە، مادەم ئیدارەکەمان، مادەم پەرلەمانتارەکانمان، مادەم نوێنەرەکانمان، مادەم دامودەزگاکانمان، باش کاربکەن ئەرکی خۆیان باش جێبەجێ بکەن، ڕێ و شوێنی باشیان دانابێت، پلانی باشیان دانابێت، ئیتر ترس و سڵەمینەوە جێگەی خۆی نییە، ئەم هەموو گوندە ئاوەدانەمان هەیە، ئەم هەموو شوێنە باشەمان هەیە و، ئەم هەموو نەخشەو تەگبیر و ڕێ و شوێنەمان هەیە، کە کردوومانە تەنها ئەوە ماوەتەوە بە هەمووماں زەحتێکی زۆرتر لە ڕێکخراوەکانی (UN) و ڕێکخراوەکانی (NGO) کە لە کوردستان هەن بیکەین، بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانەی کە داویانە لە خێمەو پەت و رایەخ و ئەو شتانە ئامادەی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، من تەقریبەن ڕەنگە نەتوانم لەبەر ئەوەی تەبیعەتی ئیشەکەی ئێمە وایە، ئیشی ئەمنییە و، ئیشی ئەمنی نهێنی خۆی تیایە، پلانەکانیش ناکرێت والا بکرێ و بۆ هەموو لایەکی باس بکرێت، بەلام دڵنیاتان دەکەم کە ئێمە پێکەوە لەگەڵ برایان لە ئیدارەی هەولێر تەنسیقێکی باش و، متەواسڵ و بەردەوامان هەیە و، هەریەکەمان بە نیسبەت شوێنی خۆمان، ئێمە بەنیسبەتی ئیدارەی سلێمانی هەموو تەگبیرێکمان کردووە، تەنها ئەوەی کە ئێستا ماویەتی ڕتوشکردنە، بەلام ئەگەر مەسەلەیەکمان نەپێکابی بۆی نەچووبین ئێستا بەڕێزتان بتوانن یارمەتیمان بدەن، بەبیر و بۆچوونی خۆتان، بائەوەی لە ناو خەڵکان و گوێتان لە خەڵکە ئەزانن پێویستیان چییە، یان شتێك نەکراوە دەبێت بکرێت من زۆر مەمنوون دەبم کە ئاراستەمان بکەن و، نەسیحەتمان بکەن کە چی بکەین باشترە لەوەی کە کردوومانە، من تەنها کۆتایی بە قسەکانم بەوەندە دەهێنم و، داوای لێبووردن دەکەم بەختم نییە کە قۆڵ و باغەڵی ئەو مەسەلانە بم کە بۆتان باس بکەم، چونکە لایەنی نهێنی هەیە و، لایەنە نهێنیەکانی ئێوە تەقدیری دەکەن و، حەتمەن دەزانم کە پێتان باشە کە باسی نەکەم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك فەرەیدون بۆ ئەم ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کردین، ئێستا پێش ئەوەی دەرگای پرسیار و وەلام و لێکۆڵینەوە و سەرنج و تێبینی بکەینەوە، حەز دەکەم لە دوو خاڵ ئاگادارتان بکەمەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە بەیانی لە هەمان کات لێرە لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێرەوە بەڕێز کاك کەریم سنجاری لە بارەی هەمان مەبەستەوە ڕاپۆرتێکتان پێشکەش دەکرێت، دووەم خاڵیش ئەوەیە حەز دەکەم لێی ئاگادار بن کاك د.ڕۆژ سەفەرێکی کتوپڕی بۆ هاتە پێشەوە بۆیە ئەمڕۆ لێرە ئامادە نییە، هیوادارین لە کاتێکی نزیك بتوانێت بگەڕێتەوە ناومان، زۆر سوپاس.

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە لەم بارەیەوە پرسیارێك یان سەرنج و تێبینی یان پێشنیازێکیان هەیە با بفەرموون دەستیان بەرزکەنەوە تا ناونووس بکرێن و، ماوەی قسە کردنیان پێ بدرێت، من دوای ناونووسینەکە ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر ناوێکمان لەبیر کردبوو تکایە ئاگادارمان بکەنەوە، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز کاك فەرەیدون عەبدولقادر وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی دەکەم و، دەست خۆشی لێدەکەین بۆ ئەم ڕاپۆرتە تێروتەسەلەی کە لێرە پێشکەشی کرد، بێگومان ئەوەی کە کراوەو ئاماژەی پێ کرد، جێی ڕێز و پێزانین و دەست خۆشی هەموو لایەکە، ئەمەش پێچەوانەی ئەم دەنگ و بڵاوکراوانەی کە بە داخەوە لەم ڕۆژانەدا بڵاوکراونەتەوە کە گوایە لە (٦٠٪) زیاتری خەڵکی کوردستان بڕوای بەوە نییە، کە حکومەتی هەرێم یان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بتوانن بیان پارێزن، هاووڵاتیان بپارێزن، ئەوەی کە جەنابی باسی کرد پێچەوانەی ئەو دەنگ و بڵاوکراوە نەشازانەیە، هیوادارم کۆمەڵانی خەڵك و جەماوەری کوردستان بڕوا بەم پڕوپاگەندە نامەوزوعیانە نەکەن، چونکە هەردوو ئیدارە دیارە هەنگاوی پتەویان پێکەوە ناوە و، ڕێز و تەقدیرمان هەیە بۆ ئەو برا وەزیرانەی تر، کە وەزیری تەندروستی و وەزیری کاروباری مرۆییە، کە ئەوانیش بەشداریان کردووە لەگەڵ بەرپرسانی تری ئیدارەو حزبی هەردوولا، جارێکی تر بەخێر بێت، بەڵام من یەك پرسیارم هەبوو، جەنابی ئاماژەی بە حەوت کەمپ کرد، پێم وایە لە سنووری ئیدارەی سلێمانی حەوت کەمپ دروست کراوە، بەڵام جەنابی تەنها ناوی سێیانی هێنا، (بازیان و مەیدان و پیرە مەگروون)، ئەگەر بکرێت ناوی چوار کەمپەکەی تریش بهێنێت، ئەگەر لە ڕووی ئەمنیەوە دروست بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ببوورە کاك فەرەیدون حەز دەکەی یەك یەك جوابی پرسیارەکان بدەیتەوە یان هەموو لە قسەکان ببنەوە ئینجا جوابیان دەدەیتەوە؟ زۆر باشە فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز، پێشەکی زۆر بەخێرهاتنی جەنابی کاك فەرەیدون وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی دەکەین و، زۆر سوپاسی هەوڵ و تەقەلاو ئامادەکاریەکانی دەکەین، کە لەم ماوە کورتەدا بە هاوکاری لەگەڵ برا وەزیرەکانی تری تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە و پەیوەندی و هاوکاری و وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەوانی داویانە، جێگای خۆشحاڵی و جێگای پێزانین و بەرز نرخاندنە کە هەردوو ئیدارە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەی ئاشتی توانیویانە بەیەکەوە هەماهەنگ بەرنامەیەکی تێرو تەسەل بۆ حاڵەتی فریاکەوتن، کە چاوەڕوان دەکرێت بێتە پێش دایان ناوە، دڵنیاشم لەوەی کە لایەنەکانی تر، کە لێرە نەتوانرا باس بکرێت لە بەر لایەنی ئەمنی زۆر موفەسەڵ و ڕێکوپێکترە، من دڵنیام لەوەی کە ئەمڕۆ ئیدارەی کوردی فەرقی هەیە وەکو جەنابیشی فەرمووی لەگەڵ ساڵی (١٩٩١)، وڵاتانی دەوروبەر هەندێك لە گرووپ و تەجەموعاتی ناوەخۆ بە گومانەوە سەیری ئەم بەرنامەیە بکەن، لەبەر ئەوە پێم وایە ساڵی (١٩٩١) دەکەنە مقیاس، کە ساڵی (١٩٩١) نە ئیدارەی کوردی هەبوو، نە بارەگاو دامەزراوی کوردی هەبوو بەشێوەیەك کە بتوانێ، یان دامەزراوی نیشتمانیی کوردی هەبوو کە بتوانێ سەرپەرشتی یان ئیدارەی کێشەی لەم بابەتە یان ئیستقبالی کێشەی لەم بابەتە بکات، من پێم وایە کە ئیدارەی

کوردی چۆن سەرکەوتوو بوو لە ئاوەدانکردنەوەی هەزاران دێ و دۆزینەوەی ئیش بۆ هەزاران بێکار و دامەزراندنی دوو ئیدارە کە جێگای حەسادەت و پێزانینە، هەریەکە لە مەوقعی خۆی لە ناوچەو لە دونیا و، خەریکە ببێتە مودیلێك بۆ ئایندەی عێراق، پێم وانییە لە مەسەلەی ئیدارەکردنی کێشەیەکی لەم بابەتەوە کورت بێنێ بە دڵنیایەوە سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام وەکو لە قسەکانی بەڕێز کاك فەرەیدون دەرکەوت، تەصەور دەکەم ڕای کاك کەریمیش وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر هەمان شتە، کە تەوەقع ناکەن شتی وا ڕووبدات، بەڵام ئیحتیات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەگەرێکی لەم بابەتە، کارێکی زۆر گرینگە وەیەکێك لە کارە گرینگەکانی ئیدارەی خۆماڵی کوردی لە کوردستان بکرێت، کە جێگای خۆشحاڵیە کە بەچاوی گومانەوە سەیری بەرنامەی کردنەوەی کەمپ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە ئەم بەرنامەیە ڕەنگە جەنبەی سیاسیەکی هەبێت و، بەسەلبی بشکێتەوە بۆ سەر کێشە ڕەواکەمان، لە کاتێکدا کە ئێمە بۆ خۆمان توانامان هەیە، جێگامان هەیە، هاوکارمان هەیە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی چاوی تێبڕیوە، کۆمەك دەکات چ پێویست ناکات لە دەرەوەی هەرێم ئەو کەمپانە بکرێنەوە، بۆیە دەست خۆشیتان لێدەکەم بۆ ئەم بۆچوونانە و، لەم هەوڵوتەقەلایانە، ئەوەی کە لە خاڵی کۆتایی پێویستە بیڵێم، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و هەم وەکو فراکسیۆن و هەم وەکو ئەندامانی پەرلەمان یەك یەك کافی نییە لەوەی کە داوا بکەین، وەزیری ناوخۆی ئیرە یان ئەوێ بێتە ئێرە ڕاپۆرت پێشکەش بکات، ئەی وەزیفەی ئێمە چییە؟ هەر یەکە لە ناوچەیەك نوێنەری خەڵکە، پێویستە ئەوانەی کە لێرە گوێی لێ دەبێت زانیدەن ئەگەر ماوەیان هەبوو سەر لە وەزیرەکان بدەن لە جێگای خۆیان، بۆ ئەوەی بە زانیاری تەواوەوە بچنە ناوچەی خۆیان، ئەم بابەتانە بۆ خەڵك باس بکەن بۆ میللەتەکەمان شەرح بکەن و، هەریەکە دەبێت موساهەمەی خۆی هەبێت، چونکە ئەوە ئیشێکی کۆلێکتیفە(شاملە)، ئیشی تاکە کەسێك نییە، تەنها ئیشی وەزیری ناوخۆ نییە، بەڵکو بکرێتە کەلتورێك چۆن ئینسان دەتوانێت خۆی بپارێزێت، ئێمە لە ناوچەیەکی پڕو جەنجاڵ و ناخۆشدا دەژین و، بۆ دونیاش بسەلمێنین لەم ئیمتحانە ئێمە دەردەچین و، توانای خۆپاراستن و چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمان هەیە، ئەوەی کە جێگای پرسیارە، من پێم وایە کاك فەرەیدون، هەم خاچی سووری نێودەوڵەتی، هەم مانگی سووری نێودەوڵەتی، هەم ئەو ڕێکخراوە بیانییە ناحکومیانەی کە لێرە کاردەکەن، بەشێکی زۆریان کاریان کاری ئۆجانسیە، کاری فریاکەوتنە، ئێمە داخوازیەکە سەرچاو هەوڵی ئەوە دەدەین کە بیان جولێنینەوە بەو خێرایەی کە ئێوە چاوەڕێ دەکەن، هاوکارتان بن، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئەوان هەم لە وڵاتەکەی خۆیان، هەم لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان چرای سەوزیان بۆ هاتووە، کە بودجەیان بۆ ئامادە بکرێت لە کاتی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە، جارێکی تر بەخێربێی سەرچاو، ئومێدەوارین سەرکەوتوو بیت، هاوکاری ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان حساب بکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سەعدی بۆ ئەم ڕوونکردنەوانەی، ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە ناومان نووسیون بۆ قسەکردن، تکایە ئەگەر یەکێك ناوی نەخوێندرایەوە، ئاگادارمان بکات. بەڕێزان کاك فەلەکەدین، شەفیقە خان، کاك مەلا بەختیار، کاك نیهاد، کاك مەلا حەمەئەمین،

کاك د.رزگار، کاك د.لطیف ، کاك علی تۆفیق ، کاك سعید یعقوبی ، کەس هەیە ویستبێتی قسە بکات ناوی نەنووسرابێت؟ هەموویان نووسراون.

فەرموو کاك صلاح الدین، کاك مصطفی چاوڕەش، مامۆستا رەئوف ، کاك عیماد ببوورە کاك عیماد ناوت نووسرابوو، بەڵام نووسرابوو نیهاد، کاك شمائیل ئێوە قسە تان نەبوو؟ باشە، چونکە جارێکی تر ئەو ناوانە کەتازە نووسراوە دەخوێنمەوە، بەهۆی کە یەکێك فەرامۆش کرابێت تکایە ئاگادارمان بکەن؟ کاك سەعید یعقوبی، کاك صلاحەدین، کاك مصطفی چاوڕەش، مامۆستا علی، کاك حوسێن جمبلی، کاك د.عزەدین، مامۆستا ڕەئوف، فەرموو کاك فەلەکەدین.

**بەڕێز فلك الدین صابر کاکەیی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك فەرەیدون عبدالقادر دەکەم وەزیری ئیدارەی ناوەخۆ لە ئیدارەی سلێمانی، زۆر خۆشحاڵ بووین بەو راپۆرتەی گوێمان لێ بوو و، خۆشحاڵ بووین کەوا ئیحتیاتی باش وەرگیراوە و، دڵنیاشین کەوا ئیدارەی هەردوولا هەوڵ دەدەن بەپێ توانای زاتی کە هەمانە بۆ پاراستنی خەڵکی خۆمان و، شتێکی باشیشە کەباس دەکرێت، چونکە خەڵك لێمان دەپرسن ئەگەر شتێك هەیە بۆ باسی ناکەن، چیتان کردووە لە ئیدارەی هەردوولا؟ لە ئیدارەی ئێرەش دەپرسن، لەبەر ئەوە ئەمە دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی باس بکرێت، ئەمە مومکینە وەکو بەڕێز کاك فەرەیدون باسی کرد، ئەوەی مومکینە باس بکرێت بۆ خەڵك پێویستە شتێکی زۆر باشە و، میللەتەکەمان ئاگاداربێ وبەشداریش بێت، لەدەرەوە، لەرۆژنامە، لەدیتن، ئەگەر دیدو پێشنیارێکی هەیە بابیڵێت و، هەروەها بەڕێز کاك فەرەیدون باسی ئیحتیاتەکانی کرد، کە ئەوشتانەی کراوە لە سلێمانی زۆر زۆر باشە، دڵنیاشم لەوە لە ئیدارەی هەولێریش کراوە، وەکو باس کرا تەفاسیلی دەهێلینەوە بۆ کاك کەریم خۆی باسی بکات، دیارە بێگومان شتی وا کراوە و، جێگای خۆشحاڵیە کە ئیدارەی خۆمان بەم ئیمکانیەتە زەعیفە کە هەمانە کە زۆر کەمیشە هەوڵدەدەین، کەوا خزمەتی هاووڵاتیان بکەین و، ئەوە ئەساسی مەسەلەکەیە، ئەوەندەمان هەیە با بەکاری بهێنین، ئەوە شتێکی زۆر زۆر گرنگە و، شتی باش کراوە. دووەم بەڕێز کاك فەرەیدون باسی کرد، کە سیناریۆیەکان وا دەگەیەنێت کەوا شتی وارِوو نەدات، تا ڕادەیەك بۆچوونەکەی ڕاستە، لەگەڵ تێبینیەکی من کە دەڵێم ئەسڵەن ئیحتیماله ئەو شەڕە نەبێت بەم شێوەیە، شەڕ ببێت بەس ئەسلەن بەو شێوەیە نەبێت، من شەڕەکە دوور دەبینم، وەرەنگە لەم چەندمانگەشدا نەبێت، زۆر هۆی تر هەیە ڕەنگە هەندێك خەڵك بڵێن ئەمریکا هێز دێنیت وشت دەهێنێ دەلیلی شەڕە، دەلیلی ئەوە نییە، ڕەنگە دە بەرامبەر ئەوەندە چەك بهێنێ، بەڵام شەڕ نەکات، مەبەستی ئەمریکا دوورترە لە مەسەلەی شەڕ، بەهەرحاڵ منیش لەو بڕوایە دامە شتی وا نابێت، بەڵام دیسان ئیحتیاتات پێویستە، مانای ئەمە نییە ئحتیایات وەرنەگیرێتن و ئیحتیات زۆر پێویستە و، وشیارکردنەوەی خەڵکی خۆمان و، بەتایبەتی بەرپرسان و، هەروەها پەرلەمان و هەموو حزبەکانیش و، خاڵی سێیەم لەسەری ڕادەوەستم، حەقیقەت دیارە زیاتر بۆ پشتگیری ئیدارەکەمان و پشتگیری خۆمان، خەڵکی خۆمان نەك هیچ تێبینیەك دەربارەی ئەو پلانە شتێکی تر دەربارەی ئەوسازمانەی دەوڵەتی باسی کرد کە تا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوونیان نییە، دەڵێن

کەوا بەرنامەکانمان لەکاتی خۆیدا جێبەجی دەکەین، یان نهێنیەو تایبەتیە بەخۆیان، سێ چوار پرسیار لێرە ڕوو بەڕوومان دەبنەوە، یەك لە پرسیارەکان، باشە لێرە ئەگەر ئێمە هەرێمێکمان هەیە نزیکەی ٣٦ هەزار تا ٤٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ئازادەو خەڵکی تێدایە، بۆچی دەچنە سەر سنوورەکان؟ ئەگەر وابن ئەوان (UN)بێ یا هەر سازمانێکی تربێت، چادر دەدەن لەسەر سنووری تورکیا یا لەناو تورکیا یا ئێران یا لەناو ئێران، بۆچی یارمەتی خەڵکی نادەن لەسەر ئەرزی خۆی، لەسەر گوندی خۆی، لەسەر شاری خۆی، بۆچی ئەمە چۆڵ دەکەن؟ ئەگەر مەسەلەی نێودەوڵەتی وسیادەتە، خۆ هیچ نەماوەتەوە بۆ عێراق، وەك غەرەفەتبازی؟ لێهاتیەوە لەیاسای نێودەوڵەتی، لەلایەکی ترەوە لەبڕیاری ٩٨٦ مافێکی ئێمەیە شتی زۆر باشی لێ جێبەجێ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەمەش فریاگوزارییە، ئەمەش یارمەتییەکی مرۆڤایەتییە، بۆچی لەسەر سنوورەکان یارمەتی ئێمە دەدەن، بۆچی لەناوە خۆمان یارمەتیمان نادەن؟ یارمەتی خەڵکی کوردستان نادەن، ئەمە پرسیاری یەکەم. پرسیاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی مەسەلەکە یەعنی ئەو کێشەی کە ئێمە تووشمان بووە، بێگومان مەسەلەیەکی سیاسییەو سیاسەتی نێودەوڵەتیشە، یەعنی سەرەتا من دەڵێم ئێمەی کورد لەگەڵ گۆڕانکارین، شەڕەکە لەلایەکەوە شەڕی ئێمەیە، لەلایەکەوە نەك شەڕ مەبەستم شەرگێڕ، شەڕی خەباتی ئێمەیە کە دەمانەوێت بگۆڕدرێت، دەبێ بگۆڕدرێت، ئەم ڕژێمە بیست و پێنج ساڵە هەوڵ دەدەین بگۆڕدرێت، ڕژێمی دیموکراتی بێت، مافی کورد بە تەواوەتی وەربگیرێت و، گەلی عێراق بحەسێتەوە، ئەمە هیچ قسەیەکی لەسەر نییە، چ شەڕ نەبێت ئەوا داوای ئێمەیە پێش ئێستاش ئەو شەڕە نەبوو، پێش ٢٥ ساڵ ٣٠ ساڵ ئەو خەباتەمان هەبوو، ئەگەر شەڕیش نەبێت، دیسان هەوڵدەدەین ئەو ڕژێمە بگۆڕدرێت، ئەمە هیچ مناقەشەی لەسەر ناکرێت، بەلام پرسیارێکی دیکەم هەیە ئەمریکاو بەریتانیا، ئێستا شەڕی ئەوان ئەساسەن ئەگەر شەڕ شەڕی ئاگرە و بەو گۆڕانەی عێراق، ئەوا شەڕی ئەوانە لەگەڵ ئێمە مەسلەحەتمان لەگەڵ گۆڕانکاریەکان هەیە، بەلام ئەساسیەکە شەڕی ئەوانە ئەوان دێن شەڕ دەکەن، باشە ئەوان شەڕ دەکەن، من پرسیارێکم هەیە، بۆچی میللەتی ئێمەیان لەبەر چاو نەگرتووە؟ بۆچی میللەتی ئێمەیان پشتگوێ خستووە؟ فەرموو دەبینی تورکیا لەناو تورکیا لە ئەستەمبوڵ مەشق دەکەن لەسەر گازی کیمیاوی و، لە کوێت لە ئیسرائیل وولاتانی تر، لەناو ئەمریکا دەرزی لەخۆیان دەدەن پێشبینی هەندێ نەخۆشی دەکەن، باشە چەندین هەزار کیلۆمەتر لێرە دوورە، ئێمەی گەلی کورد کە لەناو قورگی گۆڕەکەداین، چما ئەمریکاو بەریتانیا ولاتانی تر بۆچی بە هیچ شێوەیەك باسی بەرژەوەندی ئەو میللەتە ناکەن؟ سەرکردایەتی سیاسی باسی کردووە لەگەڵ ئەمریکا، بەلام بۆ وەلامی نادەنەوە هەتا گرەنتی بدەن بەو میللەتە، لەگەڵ ئەوە من ئومێدەوارم شتێك نەبێت، بەلام لەهەمان کاتدا پرسیارێکم هەیە لەجێگای خۆیەتی، ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت ئێرە بکاتە مەیدانی شەڕ لەکاتێکا ئێمە نامانەوێت، میللەتی کورد حەزناکات ببێتە جێگای شەڕ، ئەگەر دەیەوێت، حەقیی واجبی میللەتی کوردە لەڕووی ئینسانی، لەڕووی نێودەوڵەتی، لەهەموو ڕوویێکەوە کەوا ئەمریکاو بەریتانیا، بەتایبەتی ئەمریکا هەموو وەسائیلی پشتگیری لەشەڕ لە هەموو ڕوویێکەوە بۆمیللەتی کورد ئامادە بکات، چ بەرانبەرچەکی کۆکوژی، چ بەرانبەر برسییەتی، چ بەرانبەر هەلاتن ئەگەربوو، بۆچی هیچ قسەیەك ناکات لەبەرچی؟ بۆچی ئێمەش

دەنگ ناکەین؟ تێناگەم یەعنی ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا تا ئێستا نائەخلاقیە، نامرۆڤایەتیە، ڕاستی نامرۆڤایەتیە، یەعنی میللەتی کورد چ سووچێکی هەیە چ گوناحێکی هەیە، ببێتە قوربانی شەڕ، ئەگەر ببێتە شەڕێکی وا چ سووچێکی هەیە، چ گوناحێکی هەیە و، لەپێناو بەرژەوەندی کێ؟ لەپێناو بەرژەوەندی ئەمانە، لەبەر ئەوە دەبێ پەرلەمانیش ئەم پرسیارە بکات، دەبێ ئیدارەکانیش ئەم پرسیارە بکەن، دەبێ خەڵکی کوردستانیش بیکات، لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کەدێن شەڕ دەکەن لێرە، ئەگەر ئێرە ببێتە مەیدانی شەڕ، دەبێ خۆیان پێش ئێمە ئەم شتە باس بکەن، خۆیان یارمەتی ئەم سازمانە نێودەوڵەتیە بدەن، سازمانی نێودەوڵەتی (UN) لەژێر دەستی ئەوان دەبێت، لە ژێردەستی ئێمە نییە، ئەوان دەتوانن پێیان بڵێن، بڵێن فەرموو ئێوە شتێك بکەن ئەومیللەتە دڵنیا بێت، میللەتی کورد میللەتێکە زۆر ئازاری دیوە، زۆر کارەساتی دیوە و، هەمووشتێکی تەحەمول کردووە، بەرگری لە هەمووشتێك کردووە، لە هەڵەبجە، لەکیمیابارانی تر، ئەنفال هەمووی تحەمول کردووە، میللەتی کورد میللەتێکە پڕی دەردو ئازار بووە، مانای ئەوە نییە کە هەموو ڕۆژێ بێ دەنگ بین، بۆ ئەم کارەساتانە دەبێت ئێمە بەدەنگێکی بەرز بگوترێت، بەئەمریکا، پنتاگۆن دەڵێت ئەوەندە هەزار کەسەم ناردووە بۆ عێراق واش نییە، هەر دەیانەوێت ئایا پرسیارەکە ئەوەیە مەسەلە هانی عێراق بدرێت، خۆی ڕەنگە ئەمریکا چاوەڕێی ئەوە بکات، عێراق غەڵەت بکات، هیچی بەدەستەوە نییە، عێراق بەڵکو غەلەتێك بکاتن لەجێیەك، بەڵکو لێی بداتن، بۆچی ئەو غەلەتە لەسەر حیسابی میللەتی کورد بێت، بۆ لەسەر حسابی میللەتی ئێمە بێت؟ بۆچی ئەو پرسیارانە هەیە، ئومێدەوارین ئەو قسانە بەوە وەرنەگیرێت، ئێمە کەباسی ئەوە دەکەین گۆڕانکاری لە عێراق، گۆڕانکاری ئەم ڕژێمە، نەمانی ئەم ڕژێمە، نەمانی هەموو دەستەڵاتەکانی ئەو ڕژێمە، ئاواتی میللەتی کوردە، چونکە میللەتی کورد هیچ سوودێك وەرناگرێت لە مانی ئەم ڕژێمە، بەڵام لە هەمانکات دا مانای ئەوە نییە جارێکی تر ببێتە قوبانی و، قوربانییەکی زۆر زۆر ئەوەی گەلانیش بۆ ئەو مەسەلەیە، لەبەر ئەوە من دەڵێم بۆ پشتگیری ئیدارەکانی هەردوولا، بۆ پشتگیریی ئیدارەی سلێمانی و، پشتگیریی ئیدارەی هەولێر و، پشتگیریی میللەتەکەشمان، دەبێ داوا بکەین ئەو سازمانە نێودەوڵەتیانە بەئاشکرا ترو بەڕوونتر چی بۆ میللەتی کورد دەکەن، لە کاتێکا من لەو قسانە مەبەستم ئەوە نییە میللەتی کورد بترسێت، بەڵام ئیحتیاتات وەرگرتن زۆر باشە، چونکە شەڕە، شەڕ دەبێ ئەگەر ببێت من دووری دەبینم ئاگرەکە کەس نازانێ بەکێ دەگات، لەبەر ئەوە هیوادارم لەئیدارەی هەردوولا سەرکەوتوو بن لەو کاروبارانە و، دڵنیاشم کە بەپێی توانای زاتی خۆیان هەرچییەك هەیە بەکاری دەهێنن، زۆرسوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی، فەرموو کاك د.عزەدین.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو برایانەی قسە دەکەن شتیان زۆر پێیە، بەڵام تەنیا یەك خاڵم هەیە باسی بکەم، پێشەکی بەخێرهاتنی کاك فەرەیدون دەکەم، ئەو کارانەی کە لە توانایدا هەیە بۆ خەڵك

بلاَوبكرێتەوە و، خەڵك ئاگاداربن بەشێوەیەك نەترسێن و نەتۆقێنرێن، شێوەیەك بێت كە وشیاركردنەوەبێت، كە بزانن لەو كاتانە كە بەو جۆرە شەڕ بوو، بەم جۆرە سیناریۆیانە ڕووی دا، ئێمە چی بكەین وەكوجاری تر نەبێت، كە كورد پێی دەڵێت (شەبەی خوون) كوتوو پڕی لە سەعاتێك هەموو كوردستان چۆڵكەین و ڕووبكەینە سنوورەكان، جا هیوام وایە چ وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئیدارەی سلێمانی چ وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئیدارەی هەولێر، یا وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ دەزگا حزبییەكان یان حكومییەكان هەمووی بەشدار بكرێن لەوكارە، كە خەڵكەكە وریابكەنەوە و گەڵێك شتیان پێی بڵێن، بەتایبەتی خۆپاراستن لە چەكی كیمیاوی، ئەوانە دیارە ئێمە شتی ئەوهامان نییە، شتی تەكنیكی گەورەمان نییە، وەكو لەولاَتانی تر وەكو ئیسرائیل و ئەوانی دیكە خەریكن، بەلاَم هەندێ شتی سادەو ساكارو سەرەتایش هەیە، هێشتا میللەتەكەی ئێمە نایزانی چۆن خۆی لێی بپارێزی، كەی خۆی لێ بپارێزی، جا ئەو بەشداری كردنانە وادەزانم ئەركی ئەو لیژنانەیە كەدانراون و، لە ئێستاوە خەریكی بن، بۆ ئەوەی خەڵكەكەش دڵنیا ببێت وانەكات بتۆقێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شفیقە فقێ عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەست خۆشی لە هەردوو ئیدارە دەكەم، لە خوا داواكارم هەر بەم شێوەیە لەیەك نزیك بن بۆ ڕا و تەگبیر و پاراستنی میللەتەكەمان. پرسیارەكەی من ئەوە بوو یەكێكیان، كە زۆر هێوەری دەدات بە كوردستان كە جەنابی فەرمووی كەوا دروست كردنی كەمپ لەناو كوردستان بۆ ئەوانەی كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانن بێنە ناو كوردستانەوە بۆ پاراستنیان، لە هەمان كاتیش ئاماژەی بەوە كرد كەوا (UN) لەگەڵیان نییە، شتەكانیان لەسەر سنووری ئێران و توركیا داناوە، كە نایانەوێ بیهێننە كوردستان، خاڵی یەكەم زۆر ئارامی ئەدات بە كوردستان، بەلاَم خاڵی دووەم ئەم ئارامییە ئەسڕێتەوە. ئەمە لەلایەك لە لایەكی تریشەوە، ئێمە كەوا باسی پاراستن دەكەین، ئەو ولاَتە ئیقلیمیانەی دەوروبەرمان هەموویان وەكو جەنابی كاك فەلەكەدین ئاماژەی بۆ كرد، هەموویان بۆ پاراستنی میللەتی خۆیان شتیان دابەش كردووە و ئاگاداری خۆیان كردۆتەوەو خۆیان توند كردۆتەوە، بەلاَم ئایا ئێمە ئێستا هەر ئەم ئەندامانەی پەرلەمان كە لەم قاعەیەین كۆمەڵەیەكی زۆرین، بەشی زۆری لە قیادەی هەردوو حزبان، چیان كردووە بۆ هەر ماڵێك؟ چ لەهەر ماڵێك هەیە كە خۆی پێ بپارێزێت؟ جا هەر ئەوە بوو ئاماژەی پێ كرا بۆ ئەوەی خەڵكیش نەترسێنرێت، ئەو شتانەی كە دەگوترێت هەم بۆ هێوركردنەوەو هەم بۆ پاراستن و فێركردنی خەڵكەكە، بۆ پاراستنی گەڕەكەكان خوا نەكات ئەگەر شتێك بوو خەڵكی بڕوات، گوتتان دابەش كردنی هێزی ناوخۆ. كە كارەكە ترازا زۆری هەیە قاچی هەیە، كە دەڵێم قاچی هەیە، مانای سەیارەی خۆی لە ژێرەو ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە و لێیئەداو دەردەچێت، ئەی بۆ بێ قاچەكان چیتان كردووە؟ خۆ میللەتی ئێمە زۆری بێ قاچە، وەرزەكەش ئەوە نییە كە كار لە كارا ترازا، خەڵكی چۆن بەرەنگار ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شەفیقە خان، فەرموو کاك شمایل.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنێکی گەرمی کاك فەرەیدون عبدالقادر وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی دەکەین، بەناوی خۆم و لیستی مۆر، هەروەها پێخۆش حاڵین کە هەردوو ئیدارە پێکەوە ئیش بکەن لەم کاتە ناسکە.

المخاوف الرئيسية معروفة حقيقةً وجنابك إشارت الى بعض النقاط ولكن أنا أضم صوتي إلى صوت البروفسور عزالدين في الموضوع، المخاوف هي مخاوف من أسلحة الدمار الشامل، وعلى الأقل الإجراءات، بعض الإجراءات إذا إحنا ما بمقدورنا أن نوفر أقنعة الغاز لكل أبناء الأقليم، فمن الممكن ان تتخذ بعض الاجراءات أو الخطوات الوقائية، أنا أشوف لا ضير في الحديث عنها ولا مخاوف، يعني في كل البلدان تحصل مثل هذه الأمور يعني، فمن الضروري توعية الناس حول بعض الإجراءات الأحتياطية، والشيء الثاني نتمنى إنشاالله في مثل هذه الظروف أكيد تكون هناك ارضية خصبة لكثير من المخربين و من ذوى النوايا السيئة، فعلاً يتم قطع دابر مثل هؤلاء الناس، لتحقيق أهداف شخصية أو حزبية أو عنصرية، فعلاً الإدارتان ستتمكنان من قطع الطريق أمام هؤلاء الناس، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك شمایل، باش بوو کە بە کوردی دەستت پێ کرد هیواداریین لە دانیشتنەکانی داهاتوو زیاتر بە کوردی بدوێن، فەرموو کاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حکمت محمد کریم (مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا کارێکی زۆر باش کرا، بەڕێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی هاتووە و، بەیانیش بەڕێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر تەشریف دەهێنێ بۆ ئەوەی باسی مەسەلەیەکی یەکجار گرینگ بکات، کە چارەنووسی تاك بە تاکی گەلەکەمانی پێوە نووساوە، زۆر سوپاسی ئەو ڕاپۆرتەی کاك فەرەیدون دەکەم. بەڵام من دیقەتم لە قسەکەیدا پێم خۆشە لەسەر دوو، سێ خاڵ بوەستم کە زۆر بەگرینگی دەزانم، یەکەمیان ئەوەیە کە بەڕاستی هیچ کەسێك ناتوانێت ئێستا بە یەقین قسە لەسەر ئەوە بکا ئایا ڕژێم چەکی کیمیاوی ماوە یان نەماوە، ئەگەر ماویەتی ئایە بەکاری دەهێنێ یان بەکاری ناهێنێ؟ هیچ کەسێك ئەوە نازانێت، یەعنی ئێمە بۆ خۆمان باوەڕ ناکەم بەقەد پەنتاگۆن و موخابەراتی بەریتانی و، هەموو ئەو مانگە دەستکردانەی کە (٢٤) سەعات لەسەر ئاسمانی عێراق وێنە دەگرن، بتوانین بە دیقەت تر زانیاری لەم بارەیەوە کۆبکەینەوە، لەبەر ڕۆشنای ئەم زانیارییە بڕیار بدەین کە ئایا ڕژێمی عێرا ق چی دەکات و چی ناکات؟ بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم وایە ئەگەر ڕژێمی عێراقی چەکی کیمیاوی مابێت و، ئەگەر شەڕ لەسەر ئەوە بکرێت (سەدام) دەرووخێت، (سەدام) بەکاری دەهێنێت، ئەگەر بزانێت دەرووخێت بەکاری دەهێنێت، ئەگەر مابێت، یەعنی ئێمە لێرە ئەم قسانەمان نابێت بچێتە دەرەوە، ئەم جۆرە قسانە

بۆ ناو خەڵك ڕەنگە قورس بكەوێتەوە، بەڵام ڕژێم ئەم چەكەی هەبێت و، ڕژێم بۆ ڕووخاندن لێی بدرێت، بەكاری دەهێنێت، بەرامبەر بەچی بەكاری دەهێنێت، هەموو ئەوانەی كە ئازاری دەدەن بەكاری دەهێنێت، جەیشی ئەمریكی بێت، كوێتی بێت و، هەموو ئەو كەسانەی هەتا لە كوردستانیشەوە بۆی بكرێت درێغی ناكات لەم بارەیەوە و، ئەبێت لەسەر ئەم ئاستەیەوە قسان بكەین بەڕاستی، ئەگەر ئەمە بۆچوونێكی دەقیق بێت، فعلەن سەدام وابكات، ئێمە بەپێی ئەمە ئیحتیات بكەین باشە، ئەگەر بۆچوونێكی دەقیقیش نەبێت، ئیحتیاتەكەمان لە هەردوو حاڵەت باش دەبێت، مانای ناكرێت سەدام ئەم چەكانەی هەڵگرتبێ و، هەتا ئەو دەقیقەی كە دەرووخێ یان ئەیرووخێنن مەجالی هەبێت بەكاری بهێنێت، بەكاری دەهێنێت، بەڕاستی ناكرێت وابیر بكەینەوە، ئەم جۆرە بیركردنەوەی من بەش بەحاڵی خۆم، بەبیركردنەوەیەكی دەزانم كە موناقەشەیەكی زۆری دەبێت لەسەر بكرێت و، دەرەنجامی هەمەلایەنتری لێ وەربگیرێت، ئەمە یەك. ئێمە میللەتێكی كیمیازەدەین، مانای میللەتێك نین لە ئەگەر و نەگەرا قسە بكەین، میللەتێكین كیمیازەدەین و، لە ڕۆژهەڵات تاقە میللەتین كە لەساڵی ۱۹۲۱ تاكو ئێستا دووجار چەكی كۆكوژ بەرامبەرمان بەكار هاتووە، جارێك لە زەمانی شێخ مەحمود و ئەم جارەش، (۲۳) جار لە دونیا بەكار هاتووە، دوو جاری بەرامبەر بە میللەتی كورد بەكار هاتووە تاكو ئێستا، لە زەمانی شێخ مەحمود و لەم زەمانەش، ئەم میللەتی كیمیازەدەیە بەڕاستی ئێمە هەڵە دەكەین ئەگەر بمانەوێت بە چپەچپ یان بەباش گۆشنەكردنی ڕای گشتی گەلەكەمان بەرامبەر بە یەكێك لە چەكە خەتەر ناكەكان، كە بەكار هاتووە بەرامبەرمان، ڕای گشتی گەلەكەمان ڕوونتر پەروەردە نەكەین بۆ ئیحتیات كردن بەرامبەر بەو مەسەلەیە، من باوەڕم وایە ئەگەر ڕوونتر و ڕاشكاوتر لەگەڵ خەڵك قسە بكەین، مومكینە وەقعی سایكۆلۆجی شەڕەكە كەمتر بكەین لەسەر خەڵكەكە، وەكو خەڵكەكە لە ژێر كاریگەری پڕوپاگەندە ناحەزو نایارەكانی ئێمە بكەونە ئیحتیات و بكەونە مقۆمقۆ، بكەونە ئەوەی چی بكەن و چی نەكەن، بەڕاستی مەسئولی میللەتەكە قسە بكات باشترە، بەرنامەو پرۆژەی خۆی بڵێت لەم بارەیەوە باشترە، ڕای گشتی گەلەكەمان و خەڵكی گەلەكەمان، شار بە شار ودێ بە دێی گەلەكەمان پەروەردە بكات، بۆ ئیحتیاتێكی، كە هەیەتی زۆر زۆر باشترە لەوەی كە ڕۆژنامەیەكی خراپ، یان ڕۆژنامەنووسێكی خراپ، یان لە سایتەكانی ئەنتەرنێت، یان لە ڕۆژنامەكانی دنیاو ئێزگەكانی جیهان یان لە تەلەفزیۆنەكانی دنیا سەدان كەس قسە دەكەن لەم مەسەلەیە، مانای وەختێكمان لەدەست دا بۆ وریاكردنەوەی میللەتەكەمان، هیوادارین ئەم دوو حەفتەیەی كە ماوە، ئەم دوو حەفتەیەش لەدەست نەدەین، تۆزێك وردتر و باشتریش بچینە ناو خەڵكی كوردستان بۆ ئەم مەوزوعە، ئێمە خۆ پارێزین لە ڕاستیدا، میللەتێكین چەند زەرەرمەندبووین لەم چەكە كۆكوژانە، ئەوەندەش خۆپارێزین لەچۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ ڕای جیهانی و دەوڵەتە گەورەكان، من زۆر تەئیدی قسەكانی كاك فەلەكەدین كاكەیی دەكەم بەڕاستی، یەعنی چی دەوڵەتی ئەمریكا كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنمان بۆ دەبەستێ، ڕۆژنامەنووسمان بۆ دەنێرێ، شەو و ڕۆژ باسی كورد دەكات، دێت و دەڕوات ئیحترامی مەسئولەكانمان دەگرێت، یارمەتیمان دەدات لە هەندێك بارەوە، پسپۆری دێت، پسپۆڕی دەڕوات، كە دێتە سەر مەسەلەیەك كە ژیانی میللەتەكەمانی پێ بەستراوە مەسەلەی چەكی كۆ كوژەیە، تا ئەم لەحزەیەش ئێمە قسە

دەکەین، کەسمان نازانین یەك ڤیناع هاتووە بۆ کوردستان یان نەهاتۆتە کوردستان؟ بۆ ئەمە نەخەینە ناو ڕای گشتی گەلەکەمان، یەعنی بۆ ئەمە لە فسکە فسکا بمێنێت، بۆ خەڵکەکانمان، ڕێکخراوە جەماوەریەکانمان، ڕۆژنامەکانمان، ڕای گشتیمان، بۆ قسە نەکەن و عەریزە نەنووسن، ناڵێم ببێت بە موزاهەرەو خۆپێشاندان و ترس و لەرزێك لە ناو خەڵك دروست بکەین، بۆ دەست پێنەکەین خەڵکەکەمان داوای ئەوە بکات وەکو چۆن کوێت (٦٠٠) دیلی هەیە، لە هەموو شەڕی کوێتیش لەوانەیە (١٦٠٠) کەسی نەکوژرابێت، شەش دانە مانگ زیاترە ئەوانە تەدریب دەکەن، ئەهێنن و ئەبەن مەلایین دینار بۆ ئەم مەسەلەیە سەرف دەکەن، وڵاتانی تریش وادەکەن، پێم وایە سعودیاش وادەکات، بۆ ئێمە ئەوە داوا نەکەین و، ڕاستەخۆ بە زەق و ڕەقی بەو وڵاتانە بڵێین بابە ئێوە ئەگەر واتان زانی بێت ئێمە چەکی کیمیاویمان هەڵمژیوە و مەناعەتمان بەرامبەر بەم چەکە پەیداکردووە، مەناعەتمان پەیدانەکردووە، جارێکی تر ئەگەر بەکاری بهێنێت هەزاران هەزار کەسمان لەناو دەچێت. کاك فەرەیدون مەسەلەی تاڵانی بەکار هێنا، کردویەتی بە یەکێك لە بەرنامەکانی کە بەلای منەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە، یەعنی من تەصەورم وایە نەفسیەت نزم، خەڵکی لەم بابەتە لەناو میللەتی ئێمە، ڕەنگە حاڵەتی تریش بێتە پێشەوە، نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لە شوێنی تریش ئەم حاڵەتە ببێتە مایەی عەیبەو، ببێت بەمایەی کێشەیەکی زۆر زۆر گەورە بۆ ئێمە، پێم وابێت حکومەتەکانی هەرێم هەردوو حکومەت ئەتوانن لەم بارەیەوە دەستەبەرێکی زۆرتر بۆ ناو میللەتەکەمان گەلاڵە بکەن لە ڕووی ئیحتیاتەوە و، خەڵك زۆر زۆر لەوە دەترسێت، لە لایەك ئەگەر ڕا دەکات ماڵ و منداڵی دەرباز دەکات بۆ گوندێك، ئەوا ڕزگاری بووە لە ترسێك کە مومکینە ببێت، ئەگەر ڕا ناکات هەر وەی ئەترسێ نەوەکو ماڵەکەی تاڵان بکەن، یەعنی من لە چەندین دەتوانم بڵێم لە دەیان ماڵم بیستووە دەڵێن باشە ئەگەر ئێمە ڕا بکەین، ئەی ماڵەکانمان چی لێ دێت، کێ دەڵێت پۆلیسەکانی ئێوەش ڕا ناکات، کێ دەڵێت لە کۆڵانەکان دەمێنن سەرو ماڵمان دەپارێزن، یەعنی خەڵك لە دڵە ڕاوکێیەکی خراپ دایە لەم بارەیەوە، کە بەڕاستی دەبێت زۆر بەدیقەت لەم بارەیەوە قسە بکەین، من شتێکی تریش دەڵێم ئەویش ئەوەیە مەسەلەی ئیحتیاتی تەندروستی و، ئەم ئیمکانیەتەی کە هەمانە، پێ دەچێت هەندێك دکتۆرمان لەم ڕۆژانە بێتەوە، تۆزێك لەم بارەیەوە کۆرس و مۆرسیان بینیبێت، هەندێك داودەرمانیش بێت، من پێم وایە ئەو ئیحتیاتەی کە ئێستا هەمانە و، ئەوەی کە دێتیش، حەقە زۆری ببەینە قەزاو ناحیەکان، نەك لە دهۆك یان لە هەولێر یان لە سلێمانی بەتاقی تەنها مۆڵی بدەین، ئەوە خراپە. چونکە خەڵك زۆرتر ڕوو دەکاتە ئەو ناوچانە و، من باوەڕم وایە ئەگەر لە عێراق بدرێت ئەم شارە گەورانەی ئێمە نیوەی زیاتری بەجێی دێڵێت، ئەگەر زۆر زیاترشی بەجێی بێڵێت، هەر لە نیوەی کەمتر بەجێی دێڵێت، ئێستا دیاردەکانی دەرکەوتووە لەم شارانە، پڕ بەدڵ هیوادارم بەزووترین کات ئێمە هەردوو ئیدارە فریاکەوین و، وریاتر ڕای گشتی خۆمان پەروەردە بکەین و، قەتیش کەس ڕێ لە کەس نەگرێت، ئەو دیقەتە دیقەتێکی باشی تیا بوو کە کاك فەرەیدون باسی کرد، ڕێ لەکەس نەگیرێت لەسەر ئیحتیاتێکی کە خەتەرە ئیحتیات بکرێت و، خەڵکیش بۆ دێهاتی دەوروبەرمان بڕۆن زۆر زۆر کارێکی باشە بەڕاستی، چونکە ئێمە ناتوانین

بەهیچ شێوەیەك لە حاڵەتێكی خراپا كارێك بكەین زەمانی پاراستنی ژیانی خەڵك و ماڵ و منداڵی خەڵك بكەین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز كاك مەلا بەختیار، من وابزانم باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی پۆلیسەكان ڕانەكەن، پۆلیسەكان لەم كەسانە پێك بهێنین كەوا بەتەمای تالآنن، هەر چۆڵی ناكەن، فەرموو كاك د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی سوپاس دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم بۆ ئەم دەست پێشخەریە، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز كاك فەرەیدون دەكەم وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی و، بەڕاستی لە قسەكانی دەركەوت كە هاوكاری و تەنسیق و یەكێتی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی هەیە، دەست خۆشیەكی مەزنە بۆ ئێمە هەمووی، دووەمیش مەعنەویاتی هەموو خەڵكی ئێمەی بڵند كرد، فعلەن كە حكومەتێكمان هەیە پشتیوانی گەلی ئێمە بكات. ئەم بیركردنەوەیە بیركردنەوەی دەزگای ڕەسمین لە هەرێم جێی دڵ خۆشكردنە و، فیعلەن جێی هەست كردنە بە مەسئولیەت بەرامبەر بە گەلێكی فەقیر، گەلێك كە كارەسات و شتی وای بەسەر هاتووە، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن. هێمنی و ئاكینجی پێكهێنانی ژیانن، یەكێش بۆ یەك پێكهێنانی ژیانە، چ ژیانێكی دەستپێكی یان ژیانێكی شارستانی پێشكەفتی، ژبەر هەندێ دەبینین دەوڵەتانی جیهان زۆر شیان و، دراڤی مەزێخن بۆ ئەو مەبەستەو گەیشتن بەو ئامانجە، ئێمە ئەمڕۆكە بەرامبەر بە قەیرانێكی ئابوورین، وەكو دەنگوباس و لێكۆڵینی ڕامیاری و، ڕۆژنامە نووسان هەموویان تەئكید دەكەن، كە گۆڕین لە عێراق حەتمییە، ئەمە سیناریۆ چی هەیە، ئەڤە بڕیار لەدەست ئەوان دایە، مانای هەتا ئێستا نەهاتۆتە دیار كردن، هەرچەندە ئیحتمالات زۆرن، كاك فەلەكەدین ئیشارەتی بۆ كرد، منیش موقتنعم بە هەندێكی، ئیحتماله شەڕی گۆڕینا سیستەمی بڕێكا حەربێ مومكینە تەراجع كردبێت، سیناریۆیەكی تر هاتبنە پێش، سەرەڕای ڕاپۆرتی كاك فەرەیدونی ئیشارەتی بۆ كرد، لە ئەسوەء حالەت تەوەقع دەكەین، فعلەن جێی تەقدیرە، لە ئەسوەء حالەت دە ست پێ بكەین، وەكو ڕژێمی مەركەزی تەجروبەمان لەسەری هەیە، مەسەلە نیشتیمان پەروەریەو مەسەلە ویژدان و زەمیر و ئینسانیەت، مومكینە گوێی لەم شتانە نەبێت، ئەم وشە قورسانە لای ئەو نەبێت، دەلیلیش ئەوەیە ئەوەی بەسەر میللەتی ئێمەی هێناوە، بگرە تەعریب و تەهجیر و ئەنفال و كیمیا باران و هتد. زنجیرەیەكی درێژ درێژی لە تاوان دژی میللەتی ئێمە هاتۆتە تۆمار كردن. سەرەڕای ئەم شتانە كاك فەرەیدون ئیشارەتی بۆ شتێك كرد، من لێرە پرسیارێكم بۆ بەڕێزی هەیە، وەكو گوتی كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەكرێت یان ناكرێت، لەوانەیە لە (١٥)ی مانگێ لە كوردستان بێتە بەستنێ، بەتەئكید وەكو (احمد چەلەبی) گوتی گرێدانی كۆنگرە تەحەدیە بۆ (سەدام)ی، ئەگەر (سەدام) بزانێت یان نەزانێت، بەڵام تەحەدیە بۆ (سەدام)ی، لێرە پرسیاری من بۆ جەنابی ئایە تەصەوری وی یان ڕەد فعلی سیستەمی ئاند ڕژێمی مەركەزی بۆڤێ پێنگاڤێ دەبێت چی بێت؟ دوو پرسیاری من بۆ جەنابی كاك فەرەیدون، بەڕەنگێكی گشتی چ ئیجرائاتێك

هەبێت بۆ تەتویقا وی رەت فعلە؟ یەعنی وەکو دەزگای رەسمی هەرێم. قسەیەکی ترم بۆ جەنابی کاک فەرەیدون کە موناشەدەی ئەندامی پەرلەمانی کرد، سۆزی دەدەین بە گەلی خۆمان کە وەکو پێشمەرگەی جاران بین، رادەوەستین بەرامبەر هێرشی دژی گەلی ئێمە، خۆ قوربان بکەین بۆ پاراستنی سامان و گیانی خەڵکی خۆمان، دووبارە بەخێر بێت و سەر چاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.رزگار، لەبارەی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیەوە بێگومان بیر لەوە دەکرێتەوە کە لە شوێنێکی گونجاو پێك بێت و، هەر کاتێك هەستیان بەمەترسیەك کرد لەم بارەیەوە بێگومان مشورێك دەخۆن، سوپاس. فەرموو مامۆستا مەلا محمد ئەمین.

**بەڕێز مەلا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی منیش وەکو هاورێکانم دەست خۆشی لە بەڕێز کاك فەرەیدون وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی دەکەم و، ئەگەر خۆ ئامادەکردنەکەیان لەگەڵ برایانی وەزیری ناوخۆی ئێرە، دەلالەت لەسەر هەست کردن بە مەسئولیەت دەکات و، کارێکی چاکیان کردووە و إنشاالله سەرکەوتوو دەبن. من ئەو خاڵانەی کە دەمەوێت باسی بکەم مەترسیەکان لەسەر میللەتەکەمان ئەوەیە، جارێ یەکەم پێم وانییە ڕژێمی عێراقی مەترسی هێرشی ئەرزی و بەڕی لەسەر نییە، ئەوە هیچ گومانی لەسەر نییە و، مەسەلەی هەڵسانی تەیارەو ئەوانەش ئەویش خاڵێکە کە زۆر زۆر لاوازە و قەد بیر لەوە ناکرێتەوە، کە ڕژێمی عێراقی بتوانێت نە لە ڕێگای بەڕیەوە هجومێك بکات بۆ سەر کوردستان و، نە لە ئاسمانەوە، ئەوەی مەترسی هەبێت.

بۆیە لە ڕێی ئەو ساروخانەی کە شاردراوەتەوە، یان ئەوانەی کە هێناویەتیە سەر حدود ئێستا، چونکە هاتوون بۆ سەر حدود ئێستا، هەندێ هێز کۆکراوەتەوە، هەندێ بەتاریات و شتی وا دانراوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە، مانای وایە لە دووشت بەدەر نییە، هەم ڕژێمی عێراق ئێمە بە مەترسی دەزانێ بۆ سەر خۆی، هەم فعلەن ئەوان مەترسییان لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە بەو هێزانەی کە هێناویانەتە حدوودەکانی هەولێرو، هەردوو ئیدارەکە، بۆ ئەمەش ئێمەی پەرلەمانتاران، ڕاستە دەورمان هەبێت، بەڵام دیارە زیاتر ڕەنگ لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەداتەوە، ئەو خاڵانەی کە زۆر دەست نیشانی بکەین، ئەوەیە ئێمە کە حسابێك بۆ ڕژێمی عێراقی بکەین، کە ئایا دەستێك دەوەشێنێ یان نا؟ ئەمە ڕژیمێکی سەر شێتە، ڕژێمێکە کە دەتوانێ هەموو شتێکی خراپ بکات، عەرەب وتەنی(عليّ وعلى اعدائي)، من کە خۆم نەمام لەدوای من با دونیا بسووتێ، بەڵام ئەو ئیمکانیەتانە بە ڕاستی زۆر زەعیفە، نابێ بیکەینە خاڵێکی ئەوتۆ کە میللەتەکەی پێ بترسێنین، یەعنی زیاد لە پێویست گەورەی بکەینەوە، چەند مەترسییەکی ناوخۆ هەیە، بەرەئی من باس نەکراوە و باس بکرێت باشترە، ئەویش ئەوەیە کە فعلەن ئێمە بە فعلی خەڵکێکی تیرۆرست لە وڵاتماندا هەیە، ئەو تیرۆرستانە چییان بۆ کراوە، لە کاتی ڕوو بەروبوونەوەی ڕووداوەکاندا ئەوان تا چ ڕادەیەك کاریگەرییان هەیە لەسەر تێکدانی ئاسایشی وڵاتەکەمان، هەردوو ئیدارە چییان بۆ ئەوە کردووە، بەڕاستی خاڵێك لەم خاڵانە کە زۆر مەبەستم بوو باسی بکەم، من خۆزگەم دەخواست هەردوو وەزیری ناوخۆ لێرە حازر بوونایە

پێکەوە، حاڵەتەکە لە هەردووکی وەکو یەك وایە، ئیتر ئەمڕۆ و سبەینێ نەبوایە، یەعنی هەردوو وەزیری ناوخۆ لێرە بوونایە زۆر باشتر بوو، رەنگە پرسیارەکان زیاتریش بکرایە، خاڵێکی تریش ئەوەیە، کە ئێمە ئەم شتە گەورە تر بکەینەوە، وەکو کاك مەلا بەختیار فەرمووی، ئێمە خەڵکێکین تەجروبەمان لەسەر کراوە ، کیمیامان لەسەر بەکار هێنراوە، ئەگەر کەس نەزانێ رژێمی عێراقی رژێمێکی فاشیستە، دیکتاتۆرە جینۆسایەکەر، هەموو میللەتی کورد دەزانێ، کەواتە ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کوردستان، پێم وایە ئەم پەرلەمانە موناشەدەیەکی، هەم مەجلسی ئەمن و، هەم نەتەوە یەکگرتووەکان، هەم پەرلەمانی ئەوروپا بکات، کە ئێستا ئێمە دەبینین دەوروپشتمان مەترسی ئەوەیان هەیە، کە پرشکی شەڕەکەیان پێبگات، ڤیناعیان دابەش کردووە، ترۆپینیان دابەش کردووە، خۆیان ئامادە کردووە، مەترسییان هەیە، ئەی ئێمە کە خۆمان لە خودی شەڕەکەداین، چیمان بۆ کراوە؟ خۆ ئەوەش بۆ ئەوەی کە شتەکە زیاتر گەورە بێتەوە لەسەر عێراق، هەقە ئێمە وەکو پەرلەمان موناشەدەیەکی عالەم بکەین، بۆ ئەوەی هەموو بە دەنگمانەوە بێن، بۆ مەسەلەی دێهاتەکانیش، بەڕاستی من خۆم (٦٣ و ٧٤)م بە بیر دێت، ئێمە دووجار کارەساتی وا گەورەمان لێ قەوماوە، کە لە کەرکووك و شارەکانی تردا خەڵکەکە هاتن، هەموو دێهاتەکان ئیستیعابی کرد بوو، خراپ نییە، ئێمە مەترسی تەنها لەسەر شارەکاندا هەبێت، بەڕاستی فکرێك لەمە بکرێتەوە، هەم مەدرەسەکان، چۆن لەکاتێکدا کە شەڕەکە دروست بوو، ئەتوانێن ئەم هەموو خوێندکارو ئەوانە نەهێڵین دەوام بکەن، هەم رێگە خۆش بکەین کە خەڵکەکە بەبێ ئەوانە، هەر بۆ ئیحتیات بچنە دێهاتەکان ئەوانە شتی باشن، ئینشاڵڵا کورد بە ئاواتی خۆی دەگات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز مەلا محمد امین، ئێمەش هیواداری کەوا دوعاکانت بێتە دی، دوو خاڵ هەیە، حەز دەکەم کە سەرنجتان رابکێشم، یەکێکیان ئەوەیە کاتێك کە یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکان قسە ئەکات، تکایە بێ دەنگی هۆڵەکە بپارێزن، دووەم ئەوەیە دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە کە هەردوو ئیدارەکە ئاگادارمان بکەنەوە کە چییان کردووە، بۆ ئەوەی کە کەم و کورییەکیان هەبوو، یان ئێوە پێشنیازێکی باشترتان هەبوو، ئاگادارییان بکەن، بۆ ئەوەی کە ئەم کەم و کوریانە کەم بکەنەوە، ئێستاش با کاك د. لەتیف بفەرمووێ قسەکانی خۆی بکات، فەرموو.

**بەڕێز لطيف محمود احمد برزنجي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی کاك فریدون دەکەین، دەست خۆشی راپۆرتەکەی لێ دەکەین، بەڕاستی ئێمە نابێت ئومێدمان بەوە بێت کە سەدام لە کت و پڕێکدا لێ ئەدرێ و لەناو دەچێ، یان چەکەکانی بە ئێمە ناگات، یان وڵاتەکەمان داگیر ناکات، هەمووومان دەزانین کە سەدام حسێن دەستی بە ئەمەریکا ناگات، بەڵام ئەمەریکا ئیجرائاتی خۆی دەکات لەوێ، هاووڵاتیانی خۆی دژی ئەنتراکس و دژی ئاوڵەوە ئەو شتانەی دەکوتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تیرۆر یان بۆ ئەو خەڵکەی کە پێیان دەوترێت تیرۆریست، لەوانەی لە وڵاتی ئێمە ئەم خەڵکانە هەبن، با هەر حسابی ساروخەکان و

دەبابە و تەیارە نەکەین، حسابی خەڵکێکی تریش بکەین کە لێرە هەن، ئایا هەردوو ئیدارە هیچیان کردووە بۆ پاراستنی سەرچاوەی ئاوەکان، بە قووتوویەکی ئەنتراکس دەتوانرێ شاری هەولێر ئیبادە بکرێت، یان سلێمانی ئیبادە بکرێت، سەرچاوەی ئاوەکان ئیفرازە، دوکانە، ئەو مەشاریعانەی کە ئاو بۆ شارەکان دەنێرن، بپارێزرێ باشە، هەروەها وەزارەتەکان، بینا گەورەکان، دەوائیری حکومی و زۆر سەرچاوەی تر، تانکیە گەورەکانی ناو شار حیمایە بکرێن و حیراسەتیان بۆ بکرێت باشە، ئەگەر نەکراوە بکرێت، پرسیارێکی تریشم هەیە، لە راپۆرتەکەی کاك فەرەیدون باسی ڤاکسینی کرد کە گوایا ئامادە کرا بێت یان هاتبێت یان شتی وا ، ڤاکسین عادەتەن بۆ چەکی بایۆلۆجی بەکار دێت، ئەو چەکانەش کە خەڵك مەترسی لێدەکات، ئاوڵەیە یان ئەنتراکسە، هیچ ڤاکسینێکیش دوو تا سێ هەفتە کەمتر بەرگە بە مرۆڤ نادات، لەبەر ئەوە ئەو ڤاکسینە ئەگەر هاتووە یان ئەگەر هەیە، ئەبێ بەکار بێت پێش شەڕەکە، لای کەمی بۆ ماوەی سێ هەفتە بۆ ئەوەی بەرگرییەك لە لەشی ئینسان دروست بکات، ئەمەش بۆ ئەنتراکسە یان بۆ ئاوڵەیە، ئەگەر مەبەستیشی ڤاکسین نییە، مەبەستی (ئەنترۆپی سەلفین)ە بۆ چەکی کیمیاوی، ئەمە شتێکی ترە، من پێم باشە، ئەگەر ڤاکسینەکە لە ئێستاوە دەست بە کار بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك د. لطیف، فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

سەبارەت بە خوتتەی تەواری، زۆر سوپاسی، کاك فەرەیدوون دەکەین، بە تەفسیلی قسەی کرد، من درێژە بە قسەکانم نادەم، برادەران قسەیان کرد، بەڕاستی من پێشنیارێکم هەیە، لە پەیڕەوەکە هاتووە، هەریەکە بۆی هەیە سێ دەقیقە قسە بکات، جاری وا هەیە ئەچینە ناو تەفاسیل ؤ دووبارە کردنەوەی تێدا هەیە، هەقە موراعاتی ئەوە بکەین، ئەوە یەك، من شتێکم هەیە کە ئیزافە بێت لەسەر ئەوان، یەك ئێمە کە خوتەی تەواری بۆ خۆمان دادەنێین، بۆ ئەو شارانەش دائەنێین کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتن، لە کەرکووك و خانەقین و سنجار و شوێنەکانی تر، ئەگەر هاتوو حاڵەتێك دروست بوو، شیرازە پچڕا، حکومەت شکا، بەڕاستی ئێمە پارێزگاری لەمانەش بکەین باشە، تا حکومەتەکەمان ئاگای لەوانەش بێت لە دزی و جەردەو، ئەمنی و حاڵەتەکە لەلای خۆیانەوە حیساباتێکی بۆ بکەن، دوو: ئەگەر ئێمە ئەمەریکا و وڵاتانی غەرب هیچمان بۆ ناکەن، لە رووی ویقائیەوە، هەقە لەم کاتە داوا بکەین تەسریحێك بدەین، نامەیەك بنێرین وەکو پەیامێك، کە زەخت لەسەر حکومەتی عێراق بکات، نەتوانێ چۆن ئێستا داوا دەکات، چۆن وەکو چەکی کیمیاوی دژ بە جەیشی ئەمەریکی بەکار هات، ئەوانەی کە بەکاری دەهێنن وەکو موجرمی حەرب حیساب دەکرێن، هەقە ناوی کوردستانیش بخرێتە ناو ئەم مەسەلانە، هەقە ئێمە ئیش بکەین، لایەنە سیاسیەکان، حکومەت، پەرلەمان داوا لە ئەمەریکیەکان بکەین، ئەگەر هاتوو چەکێکی وای بەکار هێنا لە کوردستان، ئەوە لێی قبوڵ ناکرێت، لە ئێستاوە رادعێکی بۆ دروست بکرێت، ئەگەر قەناعەتمان پێ نەکات، هەر تەهدیدەکەش خێری تێدا هەیە،

هەرەشەیەکیشە وەکو کاک مستەفا باسی کرد، خاڵی دوو: بەڕاستی ئەمە ئیشی میللەتیشە، هەقە ئێمە کە حکومەت ئەوە ئەکات، حزبەکانی تر، کە ئێستا هەر لەسەر ساحەکە تەنسیقێکمان هەبێت، لەگەڵ حزبەکان کە حزبەکان ئەرکیان چییە لەم مەسەلەیە؟ کە حزبەکان هەندێکیان هەیە، میلیشاتی هەیە، ئیقتیسادی هەیە، عیلاقاتی هەیە، جەماوەری هەیە، هەقە تەنسیقێك بکەین، بەپێی بەرنامەی حکومەت و بەرنامەی حزبەکانیشەوە ئیش و کارەکانمان ئەنجام بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاک عماد، هەر بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز و، هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ئەو قسەیە کراوە کە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، دژی هەر کەسێك بێت، دژی هەر لایەنێك بێت، وەکو تاوانێکی گەورە ئەژمێریَ و، سزای بەدواوە هەیە، لەبارەی حزبەکانیشەوە لە هەفتەی داهاتوودا، ئێمە بەتەماین، وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی هەموو حزبەکانی کوردستان بکەین، وەکو ئەو کۆبوونەوەی کە لە ٢٧\١٢\٢٠٠٢دا، لە کۆیە کردمان، فەرموو کاك علی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێرهاتنی کاك فەرەیدوون دەکەین، دەست خۆشی لێدەکەین دەربارەی ئەو راپۆرتەی کە پێشکەشی کرد، بەلاَم من لەگەڵ ئەوەی چەند پرسیارێك و، چەند پێشنیارێکم هەیە، پێشەکی دەمەوێت شتێکیش بڵێم، بەڕاستی برادەران زۆر باسیان لەسەر وەزعەکە کرد، لای هەندێك وایە، ئا لەم سات و کاتەدا رژێم هێرش بۆ سەر ئێمە بهێنێت، بەلاَم خۆی لە ئەسڵەوە وانییە، ئێستا گەلان هێرش بۆ رژێم ئەبەن، ئەو موعادەلەیە راستە، دەبێت ئێمە هەندێك ئیحتییاتی وا بۆ خۆمان بکەین، ئەو مەترسییەش کە ئێستا وا باسی بکەین، بەڕاستی میللەتەکەمان لە ئێستاوە خەریکی رەوە، یەعنی بەڕاستی نابێت نە بەم شێوەیە بڕوانینە وەزعەکە و، نە بەم شێوە زەقەش باس لە هەندێ مەسائیل هەیە بکرێت، ئێمە ساڵانی تر گیرۆدەی ئەم مەسەلەیە بووین، لەبەر ئەوە پێویستە لەمەو دوا زۆر بە وشیاری باس لەسەر ئەم مەسەلانە بکەین، شتێك کە لە راپۆرتەکەی بەڕێز کاك فەریدون نەهاتووە، چۆن بەرگری لە پڕوپاگەندەی دوژمنانی کوردستان و گەلی کوردستان بکەین، کە رۆژانە پڕوپاگەندەی خراپ لەم بارەیەوە، لەم وەزعەیەوە ئەکەن، بەرامبەر بە گەلەکەمان و، بەرامبەر بەم ئەزموونە، چۆن ئێمە بتوانین بەرەنگاری ئەم پڕوپاگەندانە ببینەوە، ئەوە یەك. دوو: مەسەلەی ئەو کەمپانەی کە دروست کراون، بەرەئی من ئەگەر کەمپێکی تایبەت بۆ سەربازەکانی عێراقی دروست بکرێت، رەنگە پێش ئەوەی شەڕ دروست بێت، ئەگەر کەمپێك دروست ببێت، رەنگە ئەوانەی کە لەو حدودانەش لە سەنگەران هەموویان خۆیان بگوێزنەوە ئەو کەمپانە، واز لەم دەسەلاَتە بهێنن کە هەموو رۆژێك بەشەڕو شەڕ خوازی ئەیان هێنێ و ئەیان بات، پێشنیارێکم هەیە، خۆی هەقە لەسەر ئاستی هەرێم غورفەیەکی عەمەلیات هەبێت، ئەم غورفەیەی بۆ روو بەروو بوونەوەی ئەو ئاڵوزیانەی کە دروست ئەبێت، بەڵێ، لە گۆڕانکاریدا ئەگەر بە سلمیش بێت، یەعنی بە شێوەیەکی ئاشتیانەش

ئالۆ و گۆڕ لە عێراق هەبێت، هەندێ پشێوی هەر ئەبێت، ئەگەر بە لێدانیش بێت، پشێوی و ئالۆزی هەر دروست دەبێت، پێویستە لە ئێستاوە بەرنامە بۆ ئەوانە هەبێت، فعلەن بەرنامەشیان داناوە، بەلام بەرنامەکان هەندێ کەم و کوڕییان هەیە، هەندێ وەزارەت هەیە، کە بەڕاستی وەزارەتەکان حەساسن، وەکو وەزارەتی ئیشغال و گواستنەوە و گەیاندن، وەزارەتی رۆشنبیری، کە دەورێکی تەواو دەبینێت لە ئاسایی کردنەوەی ئەو بارودۆخانە، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەوانیش لە هەموو وەزارەتێك لیژنەیەکی بالا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن روو بەڕووی هەموو ئەو شتانە ببنەوە کە عیلاقەیان بە وەزارەتەکەی خۆیانەوە هەیە، وەزیری ئەو وەزارەتەش پەیوەندی بەو غورفە عەمەلیاتەوە هەبێت، کە لەسەر ئاستێکی بالا دروست ئەبێت، دەربارەی مەسەلەی هەلگرتنی چەك، بەڕاستی پێویستە لە ئێستاوە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ، ئەو بابەتە زۆر بە گەرمی چاودێری بکەن، جگە لەوانەی کە بەڕەسمی ئەناسرێن، سەر بە دام و دەزگاکانی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانن، خەلکی تر بە ئاشکرا چەك هەلئەگرێت، رێگە نەدرێت نەوەکو خوانەخواستە لە فرسەتێکی وادا ئەوان ئالۆزییەکی زیاتر دروست بکەن، لەئێستاوە قەدەغەی چەك هەلگرتن و، مافاریزو، ئەو شتانەی کەوا غەیری دام و دەزگا رەسمییەکانن، بکرێ و، لەگەل رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك علی، بەڕێز کاك سەفینی مەلا قەرە، فەرموو.

**بەڕێز مناف نادر قادر(سەفین):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەی هەموو برادەران دەکەم، زۆر پێخۆشحال بووین، بەو راپۆرتەی کە بەڕێز کاك فەرەیدون پێشکەشی کرد، بەلام من چەند کەم و کوڕییەك لە راپۆرتەکە دەبینم، هەر چەند تا ئێستا وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێرمان نەبینیوە، تا بزانین راپۆرتەکەی چییە؟ هیوادارم بەیانی ئەو شتانەی تیادا نەبێت، یەك لەوانە، جیاوازییەك بکرێت، لە نێوان ئەو شارە دوورانەی کە دەکرێن، تەنها مەترسی سەواریخیان هەیە، مەسەلەن شاری وەکو سلێمانی، یان سۆران یان وەکو قەلادزە و رانیە، ئەو شارانە مەترسییان کەمتر لەسەر هەیە، ئەوەی کە زۆر مەترسی لەسەر هەیە، هەولێرو کفری و چەمچەمال و، ئەوانەی کە فعلەن لە مەدای مەترسی حکومەت دان، من بە دووری نابینم کە هێرشی بەڕیشی بۆ بکات، ئەگەر هێرشی بەڕیشی نەبێت، دەتوانێت بە تۆپ قەسفی بکات، کە لەمەدای تۆپ دایە، پێم وایە ئێستا تۆپیشی هەیە بەو نزیکانە، کە دەبینین، ئەو شارە نزیکی سنوورەکان قەسفی تۆپ کراون، وەکو کاك مەلا بەختیار گومانی ئەوەی کرد، کە چەکی کیمیاوی مابێت یان نەمابێت، بەلام من دلنیام ماویەتی، دلنیاشم بەکاری دەهێنێ، ئێمە هەقی خۆمانە بترسین، چونکە رژێمی بەغدا چەکی کیمیاوی لە دژی ئێمە بەکار هێناوە، هیچ عەیبی تێدا نییە، کە ئێمە ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین، سبەی هیچ زەرەرێکی لێ ناکەین، ئەگەر ئەو ئیحتیاتانە بکەین، بەلام زەرەر لەوەدایە کە سبەی فعلەن خەلك بکوژرێ، چونکە ئێمە ئیحتیاتمان نەکردووە و، یان خەلکمان ئاگادار نەکردۆتەوە، ئەوە یەك، دووەمین، کاك عیماد ئیشارەتی بۆ خالێکی چاك کرد، فعلەن ئەوانەی دانیشتوانی ژێر دەسەلاتی رژێمن، نزیك ملیۆنێك

کورد له ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە، لە شارەکانی بەغداو کەرکووك و شارەکانی تر، هەق وابوو ڕێنمایی ئیدارەی ئێمەی تێدا هەبێت بۆ ئەوان، چونکە دوێنێ بوو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە کەرکووك بە دەیان گەنجی کوردیان گرت و سجنیان کردن، کێ دەڵێت بە هەمان شێوە نایکەنەوە، هەم ڕێنمایی تێدا هەبێت، بۆ پارستنیان، هەم فعلەن ئاگاداری هەردوو ئیدارەی تێدا هەبێت، بۆ ئەوەی لە حاڵەتێك کە ئەو شارانە ئازاد بوون، چی بکەین و چی نەکەین؟ ئەوا دیارە ئیشارەتی پێدا کە هەندێك کەمپ دروست کراوە، کە ئەگەر ئەوانە هاتن چی بکەین و چ بکەین باشە؟ ئیحتیاتەکان بەم شێوەیە بن، بەڕاستی نازانن تا چ حەددێك لەگەڵ ئەمەریکا و دەوڵەت هاوپەیمانەکان، ئاگادارمان بکەن، ئێمە هەموو ئیشارەتمان پێدا، کە ئەو ئیمکانەتەمان نییە وەکو ئیسرائیل و وەکو کوەیت و ئەوانە ماسك تەوزیع بکەین، بۆ میللەتی خۆمان قیناعیان بدەینێ، یان ئیحتیاتی پێویستیان بدەینێ، بەڵام دەکرێ شارێك کە مەترسی لەسەرە، مەسەلەن لەوەختی پێویست چۆڵ بکرێ وچۆڵیش نەکرێت، زۆربەی خەڵکەکەی بڕوا بە تەنسیق لەگەڵ حکومەت، زۆربەی خەڵکەکەی چۆڵی بکات، چی تێدا هەیە، ئێستا هەموو گوندەکان ئاوەدانن، خەڵك دەتوانێ دوو هەفتە لە جیاتی ئەوەی بچێت بۆ سەیران با بچێت بۆ گوندەکان، با یەکێك لە ماڵەوەی بەجێ بهێڵێت، ڕێنمایی بکرێن لە لایەن ئیدارەکان، یان هان بدرێن لەسەر ئەوەی کە شارە گەورەکان چۆڵ بکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی مەترسییان لەسەر دایە، دەبێت ئیحتیاتیەکی تایبەتیش بۆ شاری هەولێر بکرێت، چونکە هەم زۆر موستەهدەفە و، هەم فعلەن زۆر نزیکە لە تۆپەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك سەفین، کاك عومەر سەید عەلی فەرموو.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کاك فەرەیدون، تەقریبەن زۆر شمولی بوو، ئەو برا پەرلەمانتارانەش لە خەمی خۆیان و خەمخۆریان لایەنی باشیان باس کرد لە مەسەلەکان، و ڕاپۆرتەکەیان دەتوانم بڵێم دەوڵەمەند کرد، بەڵام ئەوەی کە هەیە، ئێمە وەزعی ئیدارەکەی خۆمان و کوردستان و ئیمکانات و تواناکانی خۆمان دەزانین چییە؟ دیارە هەموو برادەران ئەو خەم خۆرییەیان هەیە، ناحەقیان نییە لە دڵسۆزیاندا، بۆ مەسەلەی میللەتەکەمان و ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕێی دەبێت، یان تووشی دەبێت، بەتایبەتی لەبەر دەمی گۆڕانێکی نزیك دایە، ئەو گۆڕانەشە و شەڕ بمانەوێت و نەمانەوێت، یەکێکە لە ئەگەرەکان، بەڵام ئەو ئیمکانات و، ئەو توانایەی کە برادەران باسیان کرد، بەراوردیان کرد، لەگەڵ کوەیت، لەگەڵ ئیسرائیل، لەگەڵ تورکیا و ئەو شوێنانە، ئەمانە هەموو دوڵەتن، و ئیمکانەتی خۆیان هەیە، میزانیەی خۆیان هەیە پارە تەرخان دەکەن، بۆ مەسەلەی ماسك و، هەموو پێویستیەکانی تری کە خۆ پاراستن بێ لەو چەکە کوشندەیە، دیارە ئێمە ئەو ئیمکاناتەمان نییە، هەر هاوارمان هەیە، هاواریش پێویستە لە دام و دەزگاکانی (UN )و، ئەمەریکاو، بەریتانیا و، هەروەها ئەو کۆبوونەوەی کە لەبەردەمدایە، هی موعارەزەی عێراقی، پێویستە هاواریش بۆ ئەوان بەرین، چونکە ئێمە بەشێکین لەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی

ئەساسین، ئێمە ئەو ئیمکانەتەمان نییە، لە ئێستاوە با شتێکمان بۆ بکەن، دوایی لە میزانیەی عێراق پڕی بکەنەوە، ئێمە بەڕاستی هیچ لایەکمان لە ئیدارەکە لەوە ناچێت، ئەو ئیمکانەتەی هەبێت، ماسك بێنێت یان خۆی بپارێزێت لە چەکی کیمیاوی، هەروەها داوو دەرمانەکانی، خۆشتان دەزانن کە لەگەڵ جیهەتە خێرخوازەکان قسە کراوە، ئەوانە هەر ئەوەیە کە ئۆردگامان بۆ دەکەنەوە، لە وڵاتەکانی دەورو پشت یان ئەو پەڕی لەسەر سنوور، ئەو کاتەش کە رووداوەکە روودەدات، جا ئەگەر دەنگێك یان هاوارێکمان بگات، زائیدەن ئەوەی کاك عیماد وتی، چەند جارێك هەڕەشەی لێ بکەنەوە کە چەکی کیمیاوی بە کار نەهێنێت بەرامبەر بە کورد، کاك بەختیاریش باسی ئەوەی کرد، کە کاتی خۆی دووجار بەرامبەر بە ئێمەی بەکار هێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك عمر، کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جارە ئەم جۆرە پلانە فراوانە دابنرێتن، ئەوەی توانرا ئاماژەی پێ بکرێت، پلانێکی رێك و پێك بوو، لەبەر ئیعتیباراتی ئەمنی، داخلی تەفاسیل نەبووین، بۆ هەڵسانگاندنی رادەی سەرکەوتوو پلانەکە، من پێم وایە ئەگەر پراوەیەك بکرێتن لە گەرەکەك یان شارێکی بچووك، بۆ ئەوەی ئەگەر کەم و کورتییەك روویدا یان هاتە پێش، وەك رادەی ئیستیجابەی جەماهیر لەگەڵ خوتتەکە، ئەوە ئاسانەو کات بەدەستمانەوە هەیە، لایدەین تووشی هەڵە نەبین، پاشان لێی پەشیمان ببینەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سعید، ئێستا پێنج کەس ماون کە قسە بکەن، لەبەر ئەوە هیچ ناوێکی تازە نانووسم بێجگە لە ناوی سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەوان هەقیان هەیە کە قسە بکەن، ئەگەر ویستیان، پاشان کە لە قسەکان بووینەوە پشوویەکی (١٠، ١٥) دەقیقەیی وەردەگرین بۆ ئەوەی کاك فەریدونیش خۆی بۆ وەڵامەکان ئامادە بکات، کاك سعدی پیرە، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەبینن موناقەشاتەکان بەو لایە بوو کە ئەوانەی برادەران لێرە عەرزیان کرد، بەرز یان نزم، ئەو مەترسی و مەشاکیلانەیە کە لە مێشکی خەڵکدا خول ئەخواتەوە، خەڵك نیگەرانیەتی و پێویستە بزانێ، بەڵام من حەزم کرد دوو بابەت لێرە روون بکەمەوە، یەکێکیان ئەوە بوو کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان دەنگی وەزیری ناوخۆ ببیستن، کە چ ئیحتیاتاتێك کراوە، حەز دەکەم بزانن غەیری ئەم کۆبوونەوەش، ئەندامانی پەرلەمان فرسەتی ئەوەیان هەیە، کە زیارەتی وەزیرەکانی ناوخۆ بکەن، داوای تەفسیلی زیاتر بکەن، لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی کە دەچنە ناوچەکانی خۆیان بە زانیاری تەواوە بڕۆن، خاڵی دووەم کە زەروورییە باسی بکەین، ئەوەیە من پێم باشە بەم شێوەیەی کە کاك بەختیار باسی کرد، کە عێراق ئەو توانایەیان

نەماوە کە وەکو جاران سیاسەتی(الارض المحروقة) بەکار بهێنن، بە خۆاڕیی دڵەراوکێ لە دڵی خەڵکی دروست بکەین، خەڵکیش تووشی مەترسی بکەین، وەزیفەی ئێمە ئەوەیە هەرچی پێمان دەکرێت زانیاری زیاتر لەسەر ڕووداوەکان کۆبکەینەوە، ئەمڕۆ ئێمە تەنها خۆمان نین، چونکە ئەو وڵاتانەی کە لەبەرەی دژی سەدام حسێن دان ئەوانیش هێزیان دێتە ناوەوە، خۆ ئەگەر لەبەر ئێمەش نەبێت، بەلای کەمی دیفاع لە کوڕو کچەکانی خۆیان دەکەن، کە لێرە وەکو سەرباز دیفاع دەکەن، من پێم وایە ئێمە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە کە بەشێك لە متمانە بە ئێمە بدات، بەلای کەمی کە بۆ پارێزگاری لە هێزەکانی خۆیان دێن بۆ ئێرە، بەڵام یەکێك لە وەزیفەکانی پەرلەمان کە برادەران باسیان کرد، کە پەرلەمان وەکو نوێنەری خەڵك پێویستە نامەیەك بنێرێت بۆ هەموو پەرلەمانەکانی جیهان و، ئەنجومەنی ئاسایش و، نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەموو پەرلەمانی ئەوروپا ئەو مەترسییە نیشان بدات، هەم زیندوو کردنەوەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، یان ئەو چەکە کۆکوژو، ئەو چەکە قەدەغە کراوانەی کە لە ڕابردوودا دژی میللەتەکەمان بەکار هاتووە، زیندوو کردنەوەو بە گەرم ڕاگرتنیەتی، مەسەلەی دووەم، دیارە کاك عیماد وەکو خەڵکی خانەقین، ئەم مەسەلەی باش ڕوون کردەوە، ئێمە تەنها مشوری ناوچە ڕزگار کراوەکانی ئەمڕۆژەی دەسەڵاتی هەرێم نەخۆین، بەڵکو پێویستە ئیحتیات وەرگرین، بۆ هەموو ناوچەکانی تریش، چونکە ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتن، خەڵکی کوردستانن، وەزیفەی ئیدارەی کوردستانە کە مشوری ئەوانیش بخوات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك سعدی، بەڕێز کاك حسێن جەنبەلی، فەرموو.

**بەڕێز حسین جەنبەلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی کاك فەریدون دەکەین و، دەست خۆشی ڕاپۆرتا وی دکەین، زۆربەی مولاحەزاتا من سوپاس بۆ برادەران هەموویان ئیشارەتیان پێکرد، مایە بەس بەنیسبەت وەزارەتی ئەوقاف، هەگەر بکرێت تەعمیمێك بۆ هەموو ئیمام و خەتیبا بکرێت لە جامیعا تێدا نەسیحەت و ئامۆژگارییا بکەن بۆ خەڵکی خۆمان دووربین لە تالأن، ڕێگربن لە خەڵکا نەفس نزم، نەسیحەت و ئامۆژگاریان بکەن، هاوکار بین لەگەڵ یەکتری، پیشانی هەموو جیهان بدەین، کە ئێمە میللەتێکین دەتوانین ئیدارەی خۆمان بکەین، خۆ پیشان بدەین، کو ئەو شارستانینە، هەروەها لە وەزارەتی پەروەردەش تەعمیمێك دەربکەین، تێدا دیاری بکەین، کو نەسیحەت و ئامۆژگاریا تەلەبا بکەین کو هاوکار بن، لەگەڵ یەکتری و، شارستانیا نیشانی عالەم بدەن، هەروەها بەنیسبەتی زانکۆ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك حسێن، داوا لە هەموو ئیمام و خەتیبەکان و مەلاکانیش دەکەین، کە دوعامان بۆ بکەن، لە دواجاردا حکومەتی عێراق ناچار دەبێت چەکی کیمیاوی بکرێت، چونکە

ئەمەریکا دەڵێت هەیەتی، ئەو ئەڵێ نیمە، ئینجا دەبێت هەر هەیبێت، زۆر سوپاس، بەڕێز کاک مصطفی چاوڕەش فەرموو.

**بەڕێز مصطفی قادر محمود (چاوڕەش):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی کاك فەرەیدوون دەکەین، کاك فەرەیدوون، بە تەفسیلی باسی وەزعەکە و ئیدارەکەی لای سلێمانی کرد، زۆر سوپاسی دەکەم کە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئێرە کۆمەڵێك شتیان کردووە، زۆر شتی باس کرد تەفسیلی بوو، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرە، بۆ میللەتەکەمان بکرێت، لەسەر زمانی هەموو خەڵکێکە، ئێستا ئەگەر ئێمە لێرە بچینە دەرەوە، دەیان خەڵك گوێی هەڵخستووە بزانێ لەم پەرلەمانە، چ کراوە بۆ ئەو وەزعە تازەیەی کە دێتە پێشەوە، چونکە ئێمە هەموو باس لەم شەڕە دەکەین کە ئەبێت، هەمووشمان قەناعەتمان وایە کە ئەبێت، رەنگە لە بەشەکانی خۆشمانەوە پێمان وترا بێت چۆن ئەبێت و چی ئەبێت؟ چی ئەکرێ و چی ناکرێ، لەبەر ئەوە شتی پەلەمان هەیە، باس لە ئۆردگا ئەکەن، یان باس لەوە ئەکەن کەوا چی کراوە، ئێستا بە زووترین کات دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین، ئەو شتانەی کە پێویستە بیکەین، من یەکێك لەو شتانەی کە زۆر پشتیوانی لێ ئەکەم، کاك حەمەد ئەمین ئیشارەتی پێدا، ئەوە بوو کە باشتر وایە ئێمە لێرەوە موناشدەی دەوڵەتان و، ئوممم موتەحیدە بکەین، کاك سعدیش ئاخیر جار تەئکیدی کرد، ئەمە شتێکی زۆر باشە، لێرە بەناوی ئەم کۆبوونەوەیە، بەناوی هەموو خەڵکی کوردستان داوا بکەین، ئەوە بەشێکییەتی، بەڵام بەشەکەی تری دەکەوێتە سەر ئەستۆی خۆمان، ئێمە دەتوانین لە ئێستاوە بۆ ماوەی شەش مانگ مەکتەب تەحتیل بکەین، سەرەتایی بەتایبەتی، شتێك ئامادە بکەین بۆ ئەو گۆڕانە، ئێستا رەنگە هەموو شتێکی پێ نەکرێت، ئەوەی سەدام لەگەڵ ئێمەی کردووە، ئێستا پێی ناکرێت وەکو جاران، رەنگە شتێکی هەبێت لە ساروخ یان سیلاح، بەڵام خەڵکەکە هەموو بێزار بووە، خەڵك لە سلێمانی بەشەو ئەچێتە دەرەوە، ئەوەی لە دێهاتەکانە خانووی گرتووە، لەوانەیە مەسئولەکانی خۆشمان هەندێکیان خانوویان گرتووە، ئەوە ئیحتیاتە، شتێکی باشە، بەڵام چی ئەکەین بۆ ئەم میللەتە، لەبەر ئەمە من پێم وایە شتێکی زیاتر بکەین، هەردوو ئیدارەکە با پەلە بکەن، زیاتر روو بکەنە خەڵك هەر بەوە رانەوەستن، شەڕ شەڕی ئەمەریکایەو، ئێمەش لە خوامان دەوێت، کە تۆڵەی هەزار ساڵەی خۆمان لەم رژێمە بکەینەوە، بەڵام دەبێت ئەمەریکا ئیحتیاتمان بۆ بکات، چۆن هەموو وڵاتان کردوویانە، کە ئیمکانەتیان هەیە، کاك عومەوی سەید عەلی وتی، ئێمە ئیمکانەتمان نییە، راستە، ئێمە نیمانە، بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین، هەوڵ بدەین هەر ئەوە نییە داوا بکەین، دەبێت پەلە بکەین، لە هەموو شارەکانی هەولێرو سلێمانی نییە کە کەسێك ڤیناعێکی غازی هەبێت، کە لەسەری بکات، باشە ئەگەر لێیدا چی بکەین؟ جا لەبەر ئەمە من پێم باشە کە هەردوو ئیدارە دابنیشن، رێنمایی یان بەڤسە، ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەم ڤسانە لە هەموو ماڵێکدا هەیە، من لەگەڵ کاك بەختیاردا باسی ئەوەمان کردووە کە چی بکەین باشە، چی نەکرێت، لەبەر ئەوە داوا لە هەموو لایەك دەکەم کە بەرنامەی باش دابرێژرێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاک مصطفى، فەرموو مامۆستا ڕووف.

**بەڕێز رووف فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێرهاتنی کاک فەریدون دەکەین، بۆ ئەو خاڵە گرنگانەی کە خستیە بەرچاومان بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو ئیدارەکە، بۆ پارێزگاری میللەتەکەمان، پرسیارەکەی من ئەوە بوو، هەرچەندە کاک حسین ئاماژەی پێکرد، لەو وزارەتانەی کە بەڕێز کاک فەریدون خوێندیەوە، نازانم وەزارەتی پەروەردەی تێدا هەیە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا، دیارە خۆتان دەزانن کە پەروەردە سلکێکی زۆر گەورەیە، دەوری مامۆستایان و، یەعنی پێویستە دەوریان هەبێت، لە ئاگادارکردنەوەی قوتابیان، لە ناوەندی و، دواناوەندی و، بەرەوژوورتر، چ بۆ خۆپاراستن، چ بۆ خۆراگرتن؟ لەم رووەوە وەزارەتی پەروەردەش هیچ بەشدارییەکی نییە، لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر جەنابیشتان پێتان باشە، وەزارەتی پەروەردە کە بەشداری بکات، بۆ تەشکیل کردنی لیژنە لە ناو قوتابخانەکاندا، بۆ خۆ پاراستن لە هەموو رووداوەکانەوە، چونکە کە شتی کۆن باس دەکەین، وەکو دەڵێن هەر نەخۆش دەردی نەخۆش دەزانێ، ئێمە کە لە هەڵەبجە بووین، ١٥ی مانگ رۆژی سێ شەممە بوو، هێزی پێشمەرگەو هێزی ئێرانی کە هاتنە ناو شار، بۆ ١٦ی مانگ رۆژی چوارشەممە حکومەت دەستی کرد بە قەسف، لە پێشدا قەسفی قەنابیل و رووخێنەرو، کوژێنەر بوو، لە پێنج و نیودا دەستی کرد بە کیمیا باران، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوانەی کە نزیك بووین لە هێزی پێشمەرگە و ئاگامان لێ بوو، کۆمەڵێکمان توانیمان بە هۆی خۆپارستن، بیستوبوومان کە چەکی کیمیاوی، چەکی کۆکوژی چۆنە؟ بەڵام زۆربەی خەڵکەکە لە کاتی کیمیا بارانەکە، خەڵك وای دەیزانی سێو و سیرو پرتەقاڵ و ئەوانە کەوتۆتە خوارەوە، بە هۆی بۆنەکەیەوە، بۆیە باشتر وایە، هەر لە ئێستاوە ئەگەرێك دابنێین، وەکو کاك بەختیار و برادەران ئاماژەیان بۆ کرد، ئینشا ئەڵڵا نابێت، ئەگەر بوو، قوتابییەکانیشمان با ئاگادار بن، نەك وەکو شێوازێك کە بترسێن، شێوازێك بە ئاگا بوون، شێوازێك بە خۆراگرتن، چ بۆ خۆی، چ بۆ ماڵی، چ بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ مامۆستا رەئوف، وا بزانم ئەو قسانەی کە لێرە دەکرێت، تەنها بەرەو رووی وەزارەتی ناوخۆ نابێتەوە، بەڵکو بەرەورووی زۆری لە وەزارەتەکان دەبێتەوە، بۆیە دەبێت هەموو بە پێی ئەوە ئیحتیاتی خۆیان وەربگرن، کاك د. ناسح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر تکراری دەکەمەوە، ئەو راپۆرتەی کە کاك فەریدون، وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی پێشکەشی کرد، راپۆرتێکی تێرو تەسەل بوو، دەست نیشانی زۆر کەم و کووڕی و، چارەسەر کردنی زۆر کێشەی کردووە، بە تەئکید ئەو خەم خۆرییەی کە بەڕێزان برایان و خوشکان و ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، پێشنیاری گرنگیان پێشکەش کرد، بۆ

دەوڵەمەند کردنی ئەو راپۆرتە، ئەویش لە جێی خۆیەتی، من هەندێك تێبینی و سەرنجم هەبوو، لە ئەنجامی ئەو وتانەی کە بەرێزان پێشکەشیان کرد، گومانی تێدا نییە، لەوانەی هەموومان سەدان سەد نەزانین، کە سەدام، لەوانەیە چەکی کیمیاوی هەبێت، بەلام ئایا سەدام فریای ئەوە دەکەوێت کە ئەم چەکە بەکار بهێنێت، یان نا؟ ئەگەر فریای کەوت، لە ئێمە لە پێشتر نییە، کە ئاراستەیان بکات، یەعنی با واقعیانە بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، هەرچەندە بە تەئکید کە ئاراستەی ئێمەی بکات، من پێم وایە لە ئێمە لە پێشتر هەیە، کە ئاراستەیان بکات، کە گوایا تۆڵەی خۆی لێیان بسەنێتەوە، بەتئکید ئەو داوایەی کە کاك فەلەك کردی و، برایانیش زۆربەیان تەئکیدیان لەسەر کردەوە، بە داوا کردن لە(UN) لە ئەنجومەنی ئاسایش و، لە ئەمەریکا و، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی کە بایەخێکی تایبەتی بە کوردستانی عێراق بدەن، وەکو چۆن بۆ هاوولاتیانی خۆیان کردوویانە، ئەمە لە جێی خۆیەتی کە نامەیەك لە لایەن پەرلەمان و، هەروەها لەلایەن حکومەتیشەوە، هەردوو ئیدارەوە، پێشکەش بکرێتن، پێم وایە ئەمە شتێکی زۆر باشە، هەم بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و، هەم بۆ وڵاتە زلّ هێزەکان ئەوانەی خاوەن بڕیارن، کە ئەوانیش ئاورێك لە کوردستانی عێراق بدەنەوە، چونکە بەڕاستی ئەگەر خوانەخواستە، ئەگەر شتێك ببێت ئێمەش لەناو ئاگرەکەین، جا ئەگەر ئاگرەکە بقەومێ، ئەوان زیاتر دەزانن، ئەو ئاگرە دەبێت یان نا؟ ئەو شەڕە دەبێت یان نا؟ کە بڕیاریان دا دەبێت ئێمەش لە بیر نەکەن، ئەو پێشنیارەی کە بایەخ بە شارەکانی ژێر دەسەلاتی رژێم بدرێت، شارەکانی کوردستان، کە بە داخەوە ئێستاش لە ژێر دەسەلاتی رژێم دان، کەرکووکە، مەندەلییە، خانەقینە، لە سنجارەوە بگرە تا دەگاتە بەدرەوجەسان، ئەو شارو شارۆچکانەی کە هێشتا لە ژێر دەسەلاتی رژێم دان، هەق وایە لەم پلانەشدا حیساب بۆ ئەوانە بکرێت، ئەوە جێی خۆیەتی، ئەو پلانەی کە باس کرا، بەنیسبەت ئۆردوگاکانەوە کە کراون و، جەنابی وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی باسی ئەوەی کرد کە رێکخراوەکان زیاتر ئەیانەوێت لە دەرەوەی کوردستان ئۆردوگا بکەنەوە، یان کاتێك کە شتەکە ئەقەومێ ئینجا ئەوان هەنگاو دەنێن، هەقی وایە ئەو ئۆردوگایانەی کە کراونەتەوە لێرە ئەوان هاوکاری لە جێ بەجێکردنی پێویستیەکانی ئەو ئۆردوگایانە بکەن، من پێم وایە ئەمە شتێکی زۆر باشە ئەگەر ببێت، ئەوانەی دوێنێ کە سەدامیان بینی لەو چاوپێکەوتنەی کە دوێنێ لەگەڵ کەنالێکی بەریتانی کردی، بەڕاستی سەدام گۆڕاوە، لە قسەکانی پاڕانەوەی تێدا بوو، یەعنی شێوەی قسەکانی گۆڕاوە، سەدامێك بەم شێوەیە بترسێ، من ناڵێم ئێمە لێی دەترسین، بەلام بە تەئکید نابێت ئێمە بەم شێوەیە خەڵکی خۆمان بترسێنین، کە گوایا ئەو دەسەلاتی زیاترە، ساڵی ١٩٩١ فەرقی هەیە لەگەڵ ئێستا، لەساڵی ١٩٩١، ئەوانەی کە لە سەدامیان دا، بە داخەوە ئەوان ئێمەیان بە جێ هێشت، سەودا کراوە، ئەگەر بە بیرتان بێت سەودای خێمەی سەفوان کرا، ئێستا جودایە، ئێستا خێمەی سەفوان نەهاتۆتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە، ئێستا هەموو ئەیانەوێت لە ناوی بەرن، هەموویان سوورن لەسەر ئەوەی کە چەکی کۆکوژی نەمێنێت، سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەم رژێمە بە هیچ شێوەیەك نەمێنێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك د. ناصح، فەرمووو کاك سالار.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بۆ کاک فەریدون بۆ ئەو برادەرانەی کە خۆیان ماندوو کردووە، بەتایبەتی کە لەگەڵ ئیدارەی ئێرە دانیشتنیان کردووە، تەبعەن برادەران زۆر قسەیان کرد، بەڕاستی ئەو مەسئولانە، مەسئولن بەرامبەر بە خەڵك، مەسئولن بەرامبەر بە ژیانی خەڵك، ئەگەر منیش بێم تەحلیلێك بکەم بەمە، باسی ئەوە بکەم کە سەدام حسێن چی بەسەر هاتووە؟ کەس شەڕی بۆ ناکا و، یان ساروخ بنێریٚ بۆ ئێرە، بەڕاستی ئەوانەی کە مەسئولی خەڵکن یان مەسئولی کۆمەڵانی خەڵکن، نابێت وا بیر بکەنەوە، نابێت قسەی واش بکەن لەسەر تەلەفزیۆن و، لە کەناڵەکان، بەڵکو ئەبێت بە ئیتیجاهێك قسە بکەین، کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر رووداوێك کە دێتە پێشەوە، کارەساتێکی وا لەوانەیە لە کوردستان بێتە ئاراوە، سبەینێ مەسئولێك بڵێت وەڵلا من تەسەوری ئەوە ناکەم کە سەدام حسێن چەکی کیمیاوی بەکار بێنێت، چونکە لەوانەیە زەبرەکە وا کوشندە بێت، وا خێرا بێت، فریای هیچ نەکەوین، تۆ سبەی چی بە خەڵك دەڵێی، ئەگەر شتێکی وا روویدا لە وڵات؟ لەبەر ئەوە بەرەئی من، ئێمە ئەو قسانەی کە کردوومانە، هەروەها کاك فەریدون و ئەوانی تر، پێم وایە وردتر و باشتر باس لەم مەسائیلانە دەکەن، بەتایبەتی مەسەلەی ئیعلام، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە هەندێك خەڵك هەیە، ئەم مەسائیلانە باش تێناگا، خەڵکی وا هەیە، دوو مانگیشە چووە بۆ ئێران، ئی وا هەیە، تەسەوری وایە کە رژێم پەلامارمان دەدات وەکو ساڵانی ١٩٩١، بەڵام خەڵکی وا هەیە، تەسەوری وا نییە، کە رژێم ئەو دەسەڵاتەی جارانی مابێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئیعلام دەورێکی کاریگەر بگێڕێت، لە وشیار کردنەوەی خەڵك، لە روونکردنەوەی وەزعەکە، هەروەها ئەو رێنماییەی کە مەفروزە، هەروەها چۆنیەتی خۆ پاراستن لەم چەکانە، لە هەمان کاتدا من ئەوەم پێ باشە ئێمە بەناوی پەرلەمانەوە بێت، بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بێت، بە هەر شێوەیەك بێت، ئێمە داوا بکەین ئەو پێویستیانەمان بۆ ئامادە بکەن، بە هەرچ شێوەیەك بێت بۆ پۆلیسەکان لەناو شارەکاندا، بۆ ئەوەی بتوانن سەرو ماڵی خەڵك بپارێزن، چونکە ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت، خەڵك هەر رادەکات، یەعنی کەس ناتوانێت رێگا لەکەس بگرێت، خەڵکیش هەقی خۆیەتی، بەرەئی من باشە کە تەشجیعی خەڵك بکەین کە شارەکان بەجێ بهێڵن، بۆ ئەوەی تووشی هیچ کارەساتێك نەبن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاک سالار، فەرموو مامۆستا عەلی گەرمیانی.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(و ختامها مسكٌ)، قسەکانی من برادەران کردیان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش زۆر سوپاست دەکەین، کاك صلاح الدین عبدالحمید، فەرموو.

**بەڕێز صلاح الدين عبدالحميد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر چی بە گوێرەی پێشبینی و بۆچوونەكان و وەزعی نالەباری عێراق، رژێم ناتوانێ هێرش بەرێ بۆ سەر كوردستان، بەلاّم من باب ئیحتیات وەك كاك سەفین باسی كرد، شارە سنوورییەكان، بەتایبەتی ئەوانەی تەماسن وەكو(كفری و چەمچەماڵ و شارەكانی سنووری هەولێرو موسڵ، ئەگەر زیاتر ئیحتیاتی سەربازی بۆ وەربگیرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ مامۆستا صلاح الدين، ئێستا بە خۆمەوە بیست و چوار كەس قسەیان كردووە، لە بەڕێزانی ئەندامان و، وای بە باش دەزانین بۆ ئەوەی كاك فەرەیدونیش خۆی ئامادە بكات بۆ پێشكەش كردنی وەلاّم و روونكردنەوەكان، تاوەكو دوانزە و نیو پشوویەك دەدەین، تا دوانزە و نیو هەمووومان لێرە یەكتر دەبینینەوە، لەگەڵ رێزماندا.

| | | |
|---|---|---|
| **كاكەڕەش محمد نقشبندی**<br>**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**كوردستانی عێراق**<br>**بەوەكالەت** | **د.رۆژ نوری شاوەیس**<br>**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**كوردستانی عێراق** | **د.كمال عبدالكريم فؤاد**<br>**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**كوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)**

**پێنج شەممە رێکەوتی ٦/ ٢/ ٢٠٠٣**

خولی گواستنەوە

سالّی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

## پێنج شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٢/٦

کاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٢/٦ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز د.رۆژ نوری شاوه‌یس جێگری سه‌رۆك و، به‌ڕێز کاکه‌ڕه‌ش محمد نقشبندی سکرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌وه‌کاله‌ت، دانیشتنی ژماره(١٥)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، سالی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی کار:**

به‌ پێی حوکمه‌کانی برگه‌ (١)ی مادده‌ (٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره‌ (١)ی هه‌موارکراوی سالی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی کاری دانیشتنی ژماره‌ (١٥) ی خولی گواستنه‌وه‌ له‌ کاتژمێری (١٠)ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٢/٦ دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

٣- ئاماده‌ بوونی به‌ڕێز وه‌زیری ناوخۆی ئیداره‌ی هه‌ولێر.

٤- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆکردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی تایبه‌ت به‌ خانووبه‌ره‌، که‌ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه‌ پێشنیار کراوه‌

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، دانیشتنه‌که‌مان به‌ناوی گه‌لی کوردستان ده‌ست پێ ده‌که‌ین، کۆبوونه‌وه‌ی ژماره‌ (١٥) ی خولی گوارستنه‌وه‌، به‌رنامه‌ی کار بریتییه‌ له‌ یه‌که‌م: ئاماده‌ بوونی به‌ڕێز وه‌زیری ناوخۆی ئیداره‌ی هه‌ولێر، و دووه‌م: خستنه‌ڕوو و گفتوگۆکردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی تایبه‌ت به‌ خانووبه‌ره‌، که‌ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه‌ پێشنیار کراوه‌. ئێستا با به‌ڕێز کاك کریم سنجاری وه‌زیری ناوخۆی هه‌رێمی کوردستان- ئیداره‌ی هه‌ولێر بفه‌رمێت بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و راپۆرته‌ی که‌ ئاماده‌ی کردووه‌ پێشکه‌شی بکات، فه‌رموو کاك کریم.

**به‌ڕێز کریم سنجاری/ وه‌زیری ناوخۆ:**

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن.**

زۆر سوپاس به‌ڕێزتان ده‌که‌ین که‌ ده‌رفه‌تتان داین بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین له‌ نزیکه‌وه‌ ئاشناتان بکه‌ین به‌ پوخته‌یه‌ك له‌ به‌رنامه‌ی خۆ ئاماده‌ کردن بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ئه‌گه‌ری هه‌ر کاره‌ساتێك رووبدات له‌ کوردستان له‌ ئه‌نجامی شه‌ڕی چاوه‌ڕوان کراوی نێو ده‌وله‌تی دژ به‌ عێراق و بۆ گۆڕانکاری و دامالینی چه‌که‌ کۆکووژه‌کانی رژێمی عێراق.

به‌ڕێزان سه‌ره‌تا ده‌مه‌وێ هه‌موو لایه‌ك بزانن که‌ ئه‌گه‌ر هه‌ر جموجۆلێکی سه‌ربازی یا شه‌ڕ له‌ نێوان رژێمی عێراق و کۆمه‌لگه‌ی نێو ده‌وله‌تی بێته‌ ئاراوه‌، ئه‌وه‌ ده‌بێت ده‌رك به‌و مه‌ترسییانه‌ش بکه‌ین که‌ له‌وانه‌یه‌ ئێمه‌ش به‌ پێی سروشتی جوگرافیمان ده‌که‌وینه‌ ناو بارودۆخه‌که‌، بۆیه‌ پێویسته‌ هه‌موو ئیحتیمالێك له‌به‌ چاو بگرین، هه‌ر له‌م روانگه‌یه‌وه‌ سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی

وەزیران وەك هەنگاوێكی خۆ ئامادە كردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر رووداوێكی نائاسایی لە هەرێمی كوردستان بێتە پێشەوە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا، بڕیاری دا كە لیژنەیەكی باڵا لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان پێك بێت لە وەزارەتە پەیوەندی دارەكان، بەسەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەرایەتی وەزارەتەكانی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی، یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوكاری، شارەوانی و گەشت و گوزار، دارایی و ئابووری، پیشەسازی و ووزە، ئاوەدان كردنەوەو گەشەپێدان، و ئەشغال، و دەسەڵاتیان دا بە لیژنەكەمان كە لیژنەی فەرعی دروست بكات لە هەر شوێنێكی پێویست و لیژنەكە دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە لەرووی ئەمنی و داراییەوە بەرگری لە هەر رووداوێكی نائاسایی و هەموو خۆ ئامادەكردنێك بكات، و ئەو لیژنەی باڵای ئێمەش بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەمان لیژنە لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە پێك هاتووە، كە برای بەڕێز كاك فەرەیدوون عبدالقادر وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی سەرپەرشتی دەكات و، تاكو ئێستا چەند جارێك هەردوو لامان كۆبوونەوە و گفتوگۆمان كردووە لەسەر ئەرك و كارەكانی ئەو لیژنانە و چۆنیەتی خۆ ئامادەكردن لە بوارەكانی ئەمنی و بەرگری و لایەنی پاراستنی تەندروستی و دابین كردنی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ هاووڵاتیان لەكاتی شەڕو هەر كارەساتێك بێتە پێشەوە.

بەڕێزان، ئێوەش كە نوێنەرایەتی هەموو میللەتی كوردستان دە كەن، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئیمڕۆ لە خزمەتی ئێوەی بەڕێزیش پوختەی كارو بەرنامەكانمان و ئەو هەنگاوانەی نراون بخەینە بەردەستتان، هەروەها گوێرایەڵی ڕاو پێشنیارەكانی بەڕێزتان بین تاكو بیخەینە بەرنامەی داهاتوومان و بە هەموو لایەك بتەانین بەو ئیمكانات و توانایەی كە لەبەردەستدا هەیە تاكو میللەتەكەمانی پێ بپارێزین لە ئەگەری هەر مەترسییەك و كارەساتێك كە رووبدات، بەڕێزان بە پەسەندمان زانی كە راپۆرتەكەمان دابەش بكەین بۆ چەند خاڵێكی سەرەكی وەك لە خوارەوە باسیان لێ دەكەین:

١- دوای پێك هێنانی لیژنەی باڵای بەرەنگار بوونەوەی كارەساتەكانی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

٢- لیژنەی فەرعیمان لە پارێزگای هەولێرو پارێزگای دهۆك دروست كردووە، بەسەرۆكایەتی پارێزگارو نوێنەرانی پۆلیس و هاتووچۆ و سەرۆكی دەزگا و فەرمانگەكانی پەیوەندار وەك تەندروستی و شارەوانی و هتد، و بەهەمان شێوە لە قەزاو ناحیەكان لیژنەی فەرعی تر بە پێی پێویست ردوست كراوە بەسەرۆكایەتی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكان، بەتایبەتی ئەو شوێنە ئیدارییانەی چاوەڕوان دەكرێ خەڵكێكی زۆر روویان تێ بكەن و كەمپیان لێ دەكرێتەوە.

٣- تاكو ئێستا دوو سەنتەر لە هەولێرو دهۆك و سەنتەرێكیش لە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوكاری پێك هاتووە بۆ ئەوەی وەك حەڵقەی هەماهەنگی بن لە نێوان ئەو لیژنانە و ڕێكراوەكانیبیانی و ڕێكخراوەكانی ئینجی ئۆ (NGO) كە ئەوانیش بەرنامەیان هەیە یارمەتیو هاوكاری پێشكەش بكەن لەكاتی پێویستدا.

٤- هەروەها چەند لیژنەیەکی بەرگری شارستانی لە هێزەکانی بەرگری شارستانی و پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی تەندروستی ئامادەکراون لە گەڕەکەکانی ناو شارو شارۆچکەکان، بۆ ئەوەی لەکاتی تۆپ باران و هەر رووداوێکی نائاسایی بتوانن کۆنترۆڵی شوێنەکە بکەن و هەرکەس بەکاری خۆی هەڵبستێت بە شێوەیەکی رێك و گونجاو و ئامادەکراو.

٥- لەگەڵ زانکۆی صەلاحەدین هەماهەنگی کراوە کە لەسەرەتای هەفتەی داهاتوو چەند کادیرێکی پێویست رابهێنرێن لە رێگای کردنەوەی خولێکی تایبەت بە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لە ئەگەری لێدانی مووشەکی کیمیاوی، بایلۆجی و جرسومی هتد، بۆ رزگار کردنی لێقەوماوان و گەیاندنیان بۆ بنکەی تەندروستی و شوێنی دیاریکراو.

٦- هەروەها بۆ هەر دام و دەزگایەکی رەسمی لیژنەی بەرگری و پارێزگاری کردن و خەفارەت کردن دەست نیشان کراوە، لەکاتی پێویست ئەوانیش بە کاری خۆیان هەڵدەستن، تاکو ئێستا لەلایەن پۆلیسی بەرگری شارستانییەوە خولی راهێنانی بەرگری میللی بۆ نزیکەی (٦٠٠) فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حکومەت تەواو کراوە.

دووەم: لەبوای ئاسایشەوە:

١- دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە گوێرەی پلانی ئەمنی بۆ هەر پارێزگایەك کە رێ و شوێنی تایبەت و رێنمایی تایبەت ئامادە کراوە کە بتوانن کۆنترۆڵی ناو شارە گەورەکان وەك هەولێر و دهۆك بکەن، و بە هەمان شێوە لە قەزاو ناحییەکانیش کۆنترۆڵی باری هێمنی و ئاسایش رابگرن، و پاراستنی موڵکی گشتی و سەروماڵی هاووڵاتیان بکەن و، هەروەها پاسەوانی تایبەت لە ژمارەیەك لە جاران زیاتر ئامادەکراوە بۆ پاراستنی شوێنە گشتییەکان و بەتایبەتی دام و دەزگا رەسمییەکان و عەمبارەکانی خواردەمەنی و سووتەمەنی و ویستگەکانی کارەبا و هتد. ئەم پلانە ئەمنییەی کە دانراوە تا ئێستا دووجار بە فیعلی ئێمە تەتبیقمان کردووە لە شاری هەولێرو دهۆك بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لێی رابێین.

٢- شاری هەولێرو دهۆك بەسەر چەند کەرتێك دابەش کراون، وتیادا ئاماری سەرجەم قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوتەکان و شوێنە گشتییەکان، شوێنی حەوانەوە دەست نیشان کراوە بۆ بەرنامەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لەو شوێنانەی دووچاری قەصف کردن دەبن، و بتوانرێ شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێت، و هەروەها لەگەڵ دابین کردنی کەل و پەل و خۆراك و سووتەمەنی بۆیان لەکاتی گواستنەوەی کاتی دا.

٣- خۆ ئامادە کردن بۆ باری نائاسایی سووك و مام ناوەندی و توند، و جێگا کراوەتەوە بۆ هەر حاڵەتێك و پلانی تایبەتیمان هەیە بۆیان.

٤- ئامادە کردن و دروست کردنی کەمپی حەوانەوە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە سنووری ژێر دەسەڵاتی رژێم بە ناچاری هەڵدێن بە تایبەتی ئەو خێزانە کوردانەی لە سنوورەکانی سنجارو، شێخان و، مەخموورو، موصڵ و، کەرکووك و، شوێنەکانی تر پەنا دەهێننە سەر سنووری هەرێمی کوردستان، ئەوانیش کەمپیان بۆ ئامادە کراوە لە دەوروبەری

شـاری دهـۆك و ئەتـرووش و ئاكـرێ و بەحـركە و گـردە چـاڵ و بەسـتۆرەو هـەنارەو دەوروبەری هەولێرو شوێنیتر.

٥- ئامادە كردنی كەمپ و لیژنەی پێشوازی لەو سەربازو هاووڵاتیانەی باشووری عێراق، كە بـە ناچـاری رووده‌كەنـە ناوچـە ئازادكـراوەكانی هـەرێمی كوردسـتان و، دابـین كـردنی هەموو پێداویستیەكی حەوانەوە و تەندروستی و پێشوازی كردنیان.

٦- لـە ڕوانگـەی خۆڕاگـری و سـەرهەڵدانی مـیللەتەكەمان و بەرگـری كـردن لـە خـاك و ئـەزموونی هـەرێمی كوردسـتان، بەتایبەتی نـاو شـاری هەولـێر كـە پایـتەختی هـەرێمی كوردسـتانە و باڵەخانـەی پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیران و دام و دەزگا سەرەكیەكانی حكومـی و سـەرجەم حـزب و ڕێكخـراوەكانی تـری تـێدایە و، بـە هـیچ شـێوەیەك لەگەڵ ئـەوە نـابین هاووڵاتـیان هان بدەین شار چۆڵ بكەن، بەڵكو دەبێ خۆڕاگری و ئازایەتی و هاوكـاریی یـەكتر بكـەین و، داواكـارین هاووڵاتیانـیش هاوكـاریی و هەماهەنگی هێزەكانی پۆلـیس و ئاسـایش و پێشـمەرگەی كوردسـتان و سـەرجەم كارمـەندانی تەندروسـتی و بەرگری شارستانی بن بۆ هەر مەترسییەك كە رووبەڕوومان بێتەوە، چونكە پارێزگاری كـردن و بەرگـری كـردن لـە هەولـێر نیشـانەی ئازایەتی و خۆڕاگری ئەزموونەكەمانە و، دەبـێ بـە هەمان شێوەش هاووڵاتیان ئاگادار بكرێنەوە، ئەگەر كار گەیشتە ئەو حاڵەتەی كـە مـەترسـی گـەورە دێـتە پێشـەوە، ئـەوە بـە پـێی بەرنامـەی تایـبەت و ئامادەكـراو لـە ڕێگـای لـیژنەی گواسـتنەوە هەموو كارێك ئامادە كراوە بۆ گواستنەوەی ئافرەت و منداڵ و پەككەوتووەكان لـەناو شـار بـۆ دێهاتـەكان و كەمـپەكانی دەوروبـەر و، یان كەمپەكانی سۆران و دەوروبەری ئەوەش بە پیلانێكی تایبەت و خێرا ئەو كارە ئەنجام دەدرێ.

٧- لـە سـنووری پارێـزگای هەولـێر چـەند كەمـپێكی سـەرەكی گـەورە ئامادەكراوە لە قەزای سـۆران و دەوروبـەری و ڕێگـای هاودیـان و سـەردیان، هـەروەها لەگـەڵ حـەوت كەمـپی دابـەش كـراو لـە سنووری پارێـزگای دهـۆك لەگەڵ ئامادەكـردنی بـنكەی تەندروستی و بـنكەی پۆلـیس و دابـین كـردنی داوودەرمـان و ئـاوی پـاك و پیداویسـتی و مولـیداتی كارەبـایی و عەمـباركردنی بـڕێك سـووتەمەنی و خواردەمـەنی، ئەوانـەش بـە پـێی ئیمكانیاتی موتەوازیعی خۆمان گونجانە لەگەڵ یەك.

سێیەم: لایەنی تەندروستی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوەكان:

١- لـــە ڕێگـــەی وەزارەتـــی تەندروســـتی و كاروبـــاری كۆمەڵایەتیـــیەوە هـــەوڵمان داوە نەخۆشـخانەكان و سـەرجەم بـنكە تەندروستییەكان ئامادەبكـرێن و كارمەند و كادیری پزیشـكی پێویسـتی بـۆ ئامادەكـراوە، لـەكاتی پێویست بە ئەركی سەرشانیان هەڵبستن لە فریاگوزاری و نەشتەرگەری و چارەسەری لێقەوماوان.

٢- هەوڵمان داوە نەخۆشخانەی بەدیل، وەك جێگرەوەیەك لە دەرەوەی شارەكان دادەنرێ، و هـەروەها تـیمی پزیشـكی گـەڕۆك ئامادەكـراون بـۆ چارەسـەری لـێقەوماوان، وەزارەتـی تەندروسـتی و كاروبـاری كۆمەڵایـەتی كورِاسـەیەكی ئامادەكـردووە كـە تێـیدا سـەرجەم

ڕێنماییەکانی چۆنیەتی خۆپاراستن لە ئاسەواری چەکی کیمیاوی و بایلۆجی تێدا دیاری کراوە.

٣- بە پێی ئیمکانیاتی موتەوازیعی بەردەستیان داوودەرمان لە کۆگاکانیان دا لەبەردەستدا هەیە و هەر چەندە کەم و کووڕی زۆریان لەم بارەیەوە هەیە.

٤- لەڕووی ئالیات و ئۆتۆمبیل، ئامادەباشی و پشتگیریی تەواو کراوە.

٥- هەوڵ دراوە لە ڕێگەی ڕێکخراوی (WHO) پێداویستییەکان لە داوودەرمانی پێویست دابین بکرێ بۆ خۆپاراستن لە دژی چەکی کیمیاوی و بایلۆجی و جرسومی و هتد، بەڵام تاکو ئێستا نەکراوە، بەردەوام لە هەوڵدان داین هەتا لەگەڵ (UN) و ڕێکخراوەکانی دیکە و لایەنە پەیوەندارەکان هەموو شتێکمان لەگەڵیاندا بە صەراحەت باس کردووە، و گەلێك ڕێکخراوی خێرخوازی (NGO) بەڵێنییان داوە لە کاتی پێویستدا هاوکاریمان بکەن، و ڕێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی بە فیعلی هەندێ هاوکاری پێشکەش کردووە.

٦- پێویستیمان بە داوودەرمان و لۆقاحاتی زیاتر هەیە.

٧- پێویستیمان بە قیناع و پێداویستی زۆر هەیە، بە تایبەتی بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرگری شارستانی و کارمەندانی تەندروستی تاکو بتوانن بە کاری خۆیان هەستن، بۆیە لێرەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەین موناشەدەی دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی مرۆیی لە جیهاندا بکەن تاکو هاوکاریمان بکەن بە ناردنی داوودەرمان و پێداویستیە هەنووکەییەکان.

٨- لە ڕێگەی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریی داوامان لەسەرجەم ڕێکخراوەکانی (UN) و ڕێکخراوەکانی (NGO) کردووە کە هەرچی زووە بەرنامە و هاوکارییەکانیان بۆمان دیاری بکەن و، لایەنی کەمی ڕەچاوی یاساکانی نێو دەوڵەتی، قانونی دەولی، ئینسانی بکەن و بتوانن لەو ڕوانگەوە بە پێی پەیمان و موعاهەداتی دەولی پارێزگاری لە گەل و خەڵکی کوردستان بکەن، پارێزگاری هاووڵاتیانی مەدەنی بکەن لەڕووی پاراستنی ماڵ و ژیان و سەروسامانیان و، هەموو پێداویستیەکی تەندروستی و خۆراك و چادرو و گەل و پەناگەیان بۆ ئامادە بکەن، و بەڵێن و سۆزی زۆر دراوە لەم بارەیەوە ئومێد دەکەین بە فیعلی جێ بەجێ بکرێ و لەکاتی پێویستدا بگات.

چوارەم: لەڕووی ئیدارییەوە:

١- بارودۆخی ئیدارەوە دام ودەزگا حکومییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت بە پێی بەرنامەی داڕێژراو کار دەکەن، هەروەها لە قەزاو ناحییەکانیش بە هەمان شێوە و لەکاتی گواستنەوەی هاووڵاتیان و لێقەوماوان بۆ شوێنی کەمپ و حەوانەوەیان، لیژانی کارگێری پێویست ئامادەکراوەو بە پێی پلان و بەرنامەی داڕێژراو.

٢- ئامێری بەفر ڕامالین و ئامێرەکانی شۆفەڵ و کرێن و لۆری پێویست و ئامێری شارەوانییەکان. هەموو بۆ ئاسانکاری هاووڵاتیان و خزمەتگوزاری و دابین کردنی ئاوی

پاك و تەنكەری پێویست ئامادەکراوە، چ بۆ ناو شارەکان یان بۆ شوێنی حەوانەوە و کەمپەکان.

٣- بەرنامەی شێوازی گونجاو دانراوە بۆ چۆنیەتی پێشوازی کردن و بەڕێ کردنی هاووڵاتیانی ئاوارە لە سنووری دەسەڵاتەکانی رژێم و گەیاندنیان بۆ شوێنی مەبەست.

٤- پیادە کردن و رێزگرتن لە یاسا نێو دەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بە هەموو شێوەیەك رەچاو دەکرێ، بە تایبەتی بەرامبەر ئاوارەکان و پەناهەندەکان.

پێنجەم: پێوەندیمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە:

١- کۆبوونەوە و گفتوگۆ کراوە لەگەڵ هاوپەیمانان و وڵاتە دراوسێکانمان کە هەرچی لە توانادا هەیە بۆ کەم کردنەوەی مەینەتییەکانی گەلی عێراق و کوردستان بە تایبەتی، دریغی نەکەن و هەندێ پێداویستی ژیانیان ئامادەکردووە لە رێگەی رێکخراوەکانی جیهانی و ناوخۆییەکان.

٢- لە ئاییندەش ئەو گفتوگۆوە داواکاریەمان بەردەوام دەبێ، ئەگەر لەلایەنی پەرلەمانی کوردستانیشەوە بەیاننامەیەکی تایبەت لەسەر ئەو بارودۆخەوە دەربچێت، کە تیایدا ئاماژەو پێویستی بوونمان بەکۆمەك و هاوکاری و بەرگری کردنی هاوپەیمانان و گەلانی جیهان و دەوروبەر هەیە و، هاوکاری بۆ گەلی عێراق و کوردستان بنێرن و بەرگریمان لێ بکەن لە کارەساتەکانی شەڕ، ئەوەش وەك پاڵپشتێك دەبێ بۆ هەنگاوەکانمان و هۆکارێکی دەروونی زۆر باشیشە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و، پابەندبوونی هەموو لایەکمان بۆ بەرژەوەندی باڵای گەل و نەتەوە بەهێزتر دەکات و، دەبێتە هۆکارێکی گرنگ و بەرچاویش کە زیاتر بیر لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە و، پارێزگاری لێ بکرێت لە لایەن هاوپەیمانان و دڵسۆزانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان.

شەشەم: راگەیاندن:

وەك دەزانین راگەیاندن نیوەی شەڕە، بۆیە پێویستە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندنەکانی حزبی و حکومی و بێ لایەنەکانیش لە خزمەت بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەل و میللەتدا بن، و لە ئاستی دەسەڵاتی چوارەم هەنگاو بنێن و نەبنە مایەی سەرئێشە بۆ بڵاوکردنەوەی کاری تێك دەرانە و دروست کردنیکاری پشێوی لە نێو هاووڵاتیاندا، چونکە ئەگەر بڕیاری شەڕ لە دژی عێراق جێ بەجێ بکرێ لەوانەیە هەر بە هەواڵێکی هەڵبەستراو گەلێك ناخۆشی و پشێوی رووبدات، بۆیە پێویستە هاووڵاتیان و سەرجەم میللەتەکەمان لە کاری پرۆپاگەندە و راگەیاندنی هەڵبەستراو وشیار بکەینەوە و ئاگاداریان بکەین، کەگوێ نەدەنە هەندێ قسەو هەواڵی نادروست، کە ببێتە مایەی تێکدانی باری هێمنی و دەروونی خەڵك، ئەمەش پێویستە لە ئاییندەی نزیکدا بەرنامەیەکی راگەیاندراوی مەرکەزی هەبێت و لە رێگەی ئەم سەرچاوەیەوە هەموو کەناڵەکان هەواڵەکانیان پێ بگات.

حەوتەم: کۆبوونەوەی ئەنقەرە:

تەبیعی ئێمە وەفدێکی موشتەرەك لە هەردوو ئیدارە سەفەرێکی ئەنقەرەمان کرد، و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ نوێنەرانی ئەمەریکا و هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و سەفارەتی یابان و سەفارەتی بەریتانی کرد و ئەم خاڵانەی خوارەوە باس کران:

١- کورتەیەك لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیدارات و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- پوختەی کاروبەرنامەی پلانی ئامادەکراومان باس کرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر کارەساتێك کە رووبەرووومان ببێتەوە لە ئەنجامی ئەو شەڕە.

٣- جەختمان کرد لەسەر ئەوەی کە پێویستە هاووڵاتیانی کوردستان لە ناو شارو دێهاتەکان بمێننەوە و هان نەدرێن بچنە دەرەوەی کوردستان و، ئەگەر هەر هاوکارییەك هەبێت لە دەرەوەی هەرێم هەبێت، دەتوانین خۆمان سەرپەرشتی بکەین و لەرێگەی ئیداراتی شارو قەزاکان و ناحییەکان بە پێی ئەو پلان و بەرنامەیەی بۆی ئامادە کراوە، چونکە ئێستا بارودۆخەکە گەلێك لەبار ترە لە ساڵانی سەرەتای راپەرین و شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١، لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە رێگەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم توانیومانە بەسەرکەوتوویی ئیدارەی خۆمان بەڕێوە ببەین و دوای کێشانەوەی ئیداراتی حکومەتی مەرکەزی لە هەرێمی کوردستان کە لە ئەنجامدا ئەزموونێکی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی کردنی باشمان پەیدا کردووە. سەرەڕای ئاوەدان کردنەوەی نزیکەی سێ هەزار گوندو دێهات و شارۆچکە لەسەتاپای هەرێمی کوردستان دا لە کۆی چوار هەزار و پێنج سەد گوندیرووخێنراو لەلایەن رژێمی عێراق لەساڵانی هەشتاکاندا، ئەم ئاوەدانیەش لە رێگەی ئیداراتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهاوکاریی کۆمەڵە و رێکخراوە بیانییەکان ئەنجام دراوە، بۆیە دەکرێ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارە گەورەکانیش لەم گوند و دێهاتە ئاوەدان کراوانە جێگایان بۆ بکرێتەوە لەکاتی روودانی شەڕو هەر کارەساتێك.

٤- هەروەها باسی رۆڵی رێکخراوەکانی (UN) و (NGO) مان بۆ کردن، کە تاکو ئێستا لە رووی پراکتیکەوە هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان نەهاوێشتووە لەبارەی خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی کارەساتی شەڕو چۆنیەتی یارمەتی دانی خەڵکی کوردستان.

٥- دەربارەی پێداویستیە هەنووکەییەکانمان، داوای دابین کردنی داوودەرمانی پێویست و خۆراك و سووتەمەنی و خێوەتگاو چادر و ماسکمان لێ کردن.

لە کۆتاییدا هیواداریین ئەو کاروبەرنامەی لەبەردەستدا هەیە و، ئامادە کراوە جێگای رەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت و، ئێمەش بە ئەرکی پێویست هەڵستا بین بۆ خزمەت کردن بە ئەزموونی دیموکراتی کوردستان و بەرز راگرتنی ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی گەل و میللەتەکەمان، ئومێدەوارین لە رێگەی بەڕێزتانیشەوە رێنمایی و ئامۆژگاری پێویست بۆ دڵنیایی کردنەوەی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەربچێت، کەوا کاری پێویست ئەنجام دراوە و خۆمان ئامادە کردووە بۆ هەموو ئەگەرێکی چاوەڕوان کراو لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕ کە هەوڵ بدرێت میللەتەکەمان بپارێزین، و تووشی زەرەرو زیانی گیانی ومالی نەبین، هەروەها بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرەتای

هەفتەی داهاتوودا چەند دانیشتنێکمان لەگەڵ سەرجەم حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی کوردستان دەبێت، بۆ ئاگادار کردنەوە و خۆ ئامادە کردنیان بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە ڕێگەی کارو چالاکیەکانیان بەرنامەو پلانی خۆیان ئامادە بکەن بۆ یارمەتی هاووڵاتیانی کوردستان و، ڕۆڵی خۆیان لەبەرەنگاربوونەوەی هەر کارەساتێکی چاوەڕوان کراودا ببینن، هەموو لایەك شادو سەر بڵند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك کریم وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لە ئیدارەی هەولێر، بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کەوا پێشکەشی کرد، ئێستا بە نیازی ڕوونکردنەوەی زیاتر، بەنیازی پێشکەش کردنی پێشنیاز بۆ کار ئاسانی، بۆ ئەو ئەرکانەی کەوا لە هەردوو ئیدارەی هەرێم دەست نیشان کراون، دەرگای پرسیار ئەکەینەوە ئەگەر یەکێك لەو بەڕێزانەی کە لێرە ئامادەن پرسیاریان هەبوو با خۆیان ناونووس بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگایان پێ بدرێ بۆ ئەوەی قسە بکەن، زۆر سوپاس. فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر بەڕێز کاك کریم سنجاری دەکەین، و زۆر سوپاسی دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلە و هەمەلایەنەی کە لەمەڕ خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە بەسەر هاووڵاتیان لە ئەنجامی شەڕی چاوەڕوان کراودا بێت، دڵنیاین کە ئەمە ساڵی ٢٠٠٣ یە، ساڵی ١٩٩١ نییە، ساڵی ٢٠٠٣ ئێمە ئیدارەی کوردستانی تۆکمە و کارامەمان هەیە و بەرنامەی تێروتەسەل هەیە، هەروەها هەموو دێییەکان بەتەواوی ئێستا ئاوەدان بوونەتەوە، هەروەها وەحداتی ئیداری ڕێك و پێك و هەڵسوڕاومان هەیە، کە ئێستا دەتوانێ باوەش بکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خوانەکا لێیان بقەومێ، بۆیە من دەمەوێ ئەوە تەئکید بکەمەوە بۆ خۆشمان و بۆهاووڵاتیانیش، کە ساڵی ٢٠٠٣ ساڵی ١٩٩١ نییە، دووەم ڕژێمی عێراقی ساڵی ٢٠٠٣، ڕژێمی عێراقی ساڵی ١٩٩١ نییە، بۆیە ئێمە دەبێ ئەکید خۆمان ئامادە بکەین، چونکە ئێمە ئیمتحانی زۆر قورسمان داوە لە ڕابردوودا، غازی کیمیاوی لە دژمان بەکارهاتووە و، چەکی کۆکوژی تر لە دژمان بەکارهاتووە و بەکۆمەڵ کوژیمان لە دژ بەکار هاتووە و ڕاگواستن بە کۆمەڵ و زیندە بەچاڵ کردن، ئەگەر خەڵکی ئێمە بشترسێ ناحەقی نییە، چونکە ڕابردوویەکی تاڵ و پڕ مەینەتی هەیە لەگەڵ ئەم ڕژێمە، کە هەمان ڕژێم لەحوکمدایە و دیسان تا ئەو لەحزەیەی کە ئێمە دانیشتووین، حەجمی ئەو خەتەرانەی کە لەسەرمانە زۆر گەورەترە لە حەجمی ئەو پشتیوانییەی کە هەمانە، بەڵام ئەوەی خۆش بەختانە گوێمان لێ بوو لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز کاك کریم ئەوە بوو، بەو ئیمکانیاتە مواتەوازیعەی خۆمان هەم لە ڕاپۆرتەکەی دوێنێی بەڕێز کاك فەرەیدوون، هەرچی لە تواناڈا هەبووە ئامادە کراوە و، ئەمە تەئکید هەم جیرانەکان و هەم هاوپەیمانەکان و هەم ڕێکخراوە بیانیەکان تەشویق دەکەن، گو ئێمە بەو پەڕی توانا خۆمان ئامادە بکەین و ئەوانیش ئیزافەی بۆ دەکەن و، نموونەش بۆ ئەمە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نموونە(WHO)، خاچی

سووری نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیە بیانییەکان، بەڵام من دەمەوێ بێ لەوەی مەسەلەکە بچوك بکەمەوە بەلای هێنێکی مەنتیقی بێنینە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە هەم ئەمریکاش، هەم وڵاتەکانی هاوپەیمانیش نیازیان وایە هێزێك بێننە ئەم ناوچانە، خۆ بەلای کەمی دەبێ دیفاع لە هێزی خۆیان بکەن، بۆیە ئێمە دەبێ لامان روون بێت کە بەرگرییەی لە ئێمە دەگرێ هاوشانە لەگەڵ بەرگری لە هێزەکانی خۆیان دەکرێ، بەرگرییەکە رەنگە ڕێگە نەدات صەدام چەکی کۆکوژی بەکاربێنێ و ببێتە هۆی مەترسی گەورە لەسەر گەلەکەمان، بەڵام ئەوە ڕێگای ئەوە ناگرێ وەکو لە لە ڕاپۆرتەکەی جەنابی وەزیری ناوخۆدا ئاماژەی بۆ کرابوو، کە پێویستە روونکردنەوەیەك بڵاوبکاتەوە بۆ هەموو پەرلەمانەکانی دونیا، بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، بۆ ڕێکخراوە خێرخوازەکان، کە گەلی کورد رووبەرووی رژێمێکە کە هەموو شتێکی لە دەست دێت، دوور نییە ئەو جارەش شتی وا بەرکاربێنێ هەر نەبێ بۆ گەرم ڕاگرتنی ئەوەی لە رابردوو روویداوە وبەرزکردنەوەی قورسایی پێدان بە سەنگی پرسی کورد لەو بەرنامەیەی کە هەیە، مەسەلەی تر کە جێگای سوپاسە ئەویش خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوە ناوچانەیە، کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی عێراقن و، لە هەمان کاتیشدا خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو زات و ئەفسەرو خەڵکانەیە کە غەیری کوردن و لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانەوە ڕائەکەن، دێنە ئەو ناوە بۆ پەناگە و خۆپاراستن لەو مەترسییانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە هەرچەندە ئەو پرسیارە دوێنێ لە کاك فەرەیدوون وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی کرا، پێتان وا نییە هاوکاریی و ئیش کردنی هەردوو ئیدارە تا ئێستا کزە لەو بوارەدا، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر جدی ترە کەوا لە کوێ یەکتر ببینن و لە کوێ یەکتر نەبینن، هەر چەندە ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی جدی یە، خەڵك چاوەڕوانە کە متمانەی زیاترتان بکات، زیاتر تەئمینی بکەن، لەوەی کەوا هێشتا شتمان ماوە لە خۆ ئامادەکردن دایە بۆ کۆمەك کردنیان، جگە لەو کۆمەکیانەی کە لە دەرەوە چاوەڕوان دەکرێ، هەروەها وڵاتە جیرانەکان، پێم وایە ئەوانیش پەیوەندییان کردووە بە تایبەتی تورکیا و ئێران، ئێمە دوێنێ ئەوشمان تەئکید کردەوە کەوا نابێ ڕێگە بدرێ، ئیدارەی کوردی دەبێ لەو ئیمتیحانە سەرکەتوو بێ، نابێ ڕێگە بدرێ کورد ئاوارە بکرێ بۆ دەرەوە، هیچ بیانوویەك بە هیچ کەسێك بدرێ لە ژێر پەردەی پاراستنی ئاوارە دەخالەتی راستەوخۆ لەسەر کوردستانی عێراق بکات و، هەنگاوی سەلبی بەو ئیتیجاهە باوی کە مەسەلەی میللەتەکەمان جارێکی تر بخاتەوە ژێر عەلامەتی ئیستیفهام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سعدی، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز کاك کریم سنجاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی هەولێر دەکەین، دەست خۆشی لەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلە، واقیعییە و بابەتییە دەکەین، کە ئەمڕۆ پێشکەشی کردین، بە تەئکید دیارە بەڕێزی گوێی لە ڕاپۆرتی بەڕێز کاك فەریدوون

وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی گرتوو، بۆیە هەندێ لایەن کە هاوبەشە کە بە پێویستی نەزانیوە باسی بکات، بۆ کورت کردنەوەی کاتەکەشی باسی ئەو لایەنەی نەکردووە و، تەبعەن لەگەڵ ئەوەشدا دیارە هەندێ شتی کە لەوێ باس نەکراوە لێرە زیاتر روونی کردەوە و، ئاماژەی پێ کرد بەتایبەتی بۆ ئەو پلان ونەخشەو لایەنە هاوبەشانیە کە پێکەوە ئەنجامیان داوە و پیان کردوویانە پێکەوە، دیارە خۆ ئامادەییەکی باش لەو بارەیەوە کراوە لە هەردوولا، من پێم وایە هاوکارییەك و هەماهەنگییەکی باشیان هەیە لەم بوارەدا، بە تەئکید وەکو باسی کرد هەموو وەزارەتەکان لەم بوارەدا بەشدارییان کردووە، جەنابیشی تەئکیدی لەسەر هەماهەنگی و هاوکاریی کردنەکە کرد کە لەلایەن هەردوو لاوە کراوە، جگە لەوە تەئکیدی لەسەر ئامادەیی دۆست و وڵاتە زل هێزەکان و، هەروەها دراوسێکانمان کرد بۆ هاوکاری کردنمان و بەهانا هاتنمان لەکاتی پێویستدا، هەرچەندە بەتایبەتی کە باسی ئەو کۆبوونەوەی ئەنقەرەیان کرد، ئەو باسی لایەنەکانی تری کرد، ئەمەش گومان لەوەدا نییە هەرچەندە جەنابیشی باسی کرد، ئەگەر خوانەخواستە شەڕ بقەومێ ئێمەش بە شێوەیەکی گشتیش نەبێ، بەڵام ریشکی هەر بەبەر ئێمە دەکەوێ و، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنەوایی خەڵك دەدات و ئەمە جێگەی رێزە، چونکە بەڕاستی مادام کار کرابێ و خۆ ئامادەیی کرابێ، بێگومان لەکاتی پێویستیدا دەبێ ئەو دڵنەواییە بکرێت، بۆیە بەش بە حاڵی خۆم پیرۆزبایی لێ دەکەم و دەست خۆشی لێ دەکەم، کە راپۆرتێکی تێروتەسەل و باش بوو، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ د. ناصح، فەرموو کاك د. عزالدین.

**بەڕێز د. عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان دەبێت بەخێرهاتنی بەڕێز کاك کریم سنجاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی هەولێر بکەین، و پیرۆزبایی راپۆرتەکەشی لێ بکەین، بەڵام دوێنێ زۆرمان ئەوە گوت، کە هەردووکیان پێکەوە بهاتبانایە بۆ ئەوەی زۆر قسە دووبارە نەبێتەوە، چ لە راپۆرتەکە و چ لە قسەکانی ئێمە، من دڵنیا نیم لەوەی کە ئەو شتانەی کە لایەن ئێمەوە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانەوە وتراوە کاك کریم گوێی لێ بووبێ، من ئنیا نیم بەڕاستی، دیارە راپۆرتەکە لەوانەیە لەگەڵ کاك فەرەیدوون پێکەوە هاوکاریان کردووە، کارەکانیان پێکەو کردووە، بۆ ئەوە راپۆرتەکە نەوە هاتووە کە هاوکارییەك هەیە لە نێوانیان، ئەوەش کارێکی گەورەو پیرۆزە، بەڵام ئەو قسانەی کە دوێنێ کران ناچارین هەندێکی بڵێینەوە، یەکێك بەلامەوە وایە لەو وەزارەتانە بەشداری وەزارەتی راگەیاندن و وەزارەتی پەروەردەش هەبێ کە دوێنێ ئەو باسانە کرا، کە راستە دەزگاکانی راگەیاندن کاك کریم فەرمووی ئاگادار کراون، بەڵام وەزارەتی با بڵێین رۆشنبیری هی هەردوولاش دەتوانن دەورێکی گەورەیان بێ، سەتەلایتەکانمان دەورێکی گەورەیان هەبێ و تەلەفزیۆنەکانمان بە جۆرێك نەخەڵك بتۆقێنن و نە خەڵك وابێ کە وشیار نەبن، یانی ئەوەی کە دیارە لە هەردوو راپۆرتەکە دایە، کە وشیارییەك هەیە لە لایەن هەردوو ئیدارەوە بۆ ئەوەی کە دوێنێ گوێمان لێ بوو هەڵوێستی تورکیا و ئێران جیایە بەرامبەر بەهاتنی ئاوارەو ئەوانەی کە رەنگە هی تورکەکان

کەمێك سلبی بێت، وابزانم جۆرە هەوڵێك لەگەڵ ئەوەش بدرێت و بەتایبەتی ئەوەی تورك دەکەوێتە سەر سنوری ئیدارەی هەولێر زیاتر ئەو کەمپانە لەلایەن خۆمانەوە ئیدارە بکرێن؟، ئەوەش هەوڵێکی گەورەی دەوێت، لەلایەکی دیکە هەندێ شت هەیە، کە کاری وەزارەتی ناوخۆ نییە و رەنگە کاری ئەو دانیشتنە نەبێ، بەلام رەنگە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوولا لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە ئەبێ قسە بکرێ و، رەنگە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە ئەم دوو راپۆرتە هەمووی ئەوە رادەگەیەنێ کە ئێمە دانیشتووین چاوەرێین ئەو کەی بێت، چیمان لەگەڵدا بکات، ئێمە چۆن خۆمان بپارێزین، بەلام وادەزانم ئێمە لە کاتێکدا کە سیناریۆکەی ئەمەریکا دیار نییە، لەو دەریایەوە، لە زەوییەوە، لە ئاسمانەوەیە بۆ ئەوەی ئەو دەتوانێ بەرەبەرکانێ بکات، صەدام من دڵنیام لەوەی کە سەعاتێك یان نیو سەعات خۆی رانەگرێت، باوەڕم وایە هەستێکی وام هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەگەر هاتوو هێرشەکە ببێ ئێمە شتێکمان پێ دەکرێ؟ ئێستا لە ۱۹۹۱ زۆر بەهێز ترو رێك وپێك ترین، ئەوە رەنگە ئەووترێ لە پەرلەمان، بەلام ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەوەش رێك بخات وابزانم شتمان پێ دەکرێ، چونکە سوپاکەی وەك سوپای جاران نییە، ئەو چەکانەی نەبێ چەکی تر ناتوانێت لەگەڵ ئێمە بیکا ئەگەر رۆڵێکمان هەبێ، ئەوەش دڵنیام لەوەی کە لەوەی کە ئاگادارن و سەرکردایەتییەکە ئاگادارە، بەلام وتنی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك عزالدین، یانی بەڕاستی زۆر باسی ئاوار دەکرێ، من لە مەسەلەی ئاوارە بە جۆرێکی تر تێ دەگەم، ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە ئەوانەی ئاوارە کراون، لە شوێنی خۆیان دوور خراونەتەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رژێم ئەوانە بگەرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، نەك ئاوارەی تازەمان بۆ دروست ببێ، ئێستا با کاك جمیل سندی بفەرموێت.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەکیدا سوپاسی بەڕێز کاك کریم سنجاری وەزیری کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی کابینتا چوارەم دەکەم، بەڕاستی بەرنامەیەکا تەواری زۆر بەرفرە پێشکەش کر، و زۆر موستەلزەماتی دڤێ، بەلێ ئیمکانیات موتەوازیعە هەمی دزانین، ژ بەرهەندێ داخوازیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ بەڕێز دەکەم موفاتەحەی(UN) و ئەمەریکا و هەمی رێکخراوەکانی مرۆیی بکەن و موستەلزەماتی پێ دڤێ و تیمی شارەزا و پسپۆر ژ بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرن بەری خۆ بقەومێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك جمیل، فەرموو کاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حکمت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك کریم دەکەم، سوپاس بۆ راپۆرتەکەی لە حە قیقەتدا بەرچاومان روونتر بوو لە دوای خوێندنەوەی راپۆرتی دوێنێی بەڕێز کاك فەرمیدوون، دوێنێ کاك

فەرەیدوون پێش خوێندنەوەی راپۆرتی کۆڵن پاوڵ راپۆرتەکەی خۆی بۆ ناوخۆی کوردستان خوێندەوە، ئەمرۆش کاك کریم دوای ئەو راپۆرتە راپۆرتی خۆی خوێندەوە، کە پێم وابوو راپۆرتەکەی کۆڵن پاوڵ دوا سیناریۆی چۆنیەتی لێدانی عێراق بوو، لە حەقیقەتدا تەم و مژ لەو نەماوە کە لێی ئەدرێ، یانی ئێمە ئێستا کە قسە لەسەر ئەو راپۆرتە دەکەین بەرچاومان روونترە لەوەی کە لەدووسێ حەفتەی ئاییندە رژێمی عێراق بکەوێتە بەر گەورەترین و فراوانترین پەلاماری دەوڵەتی ئەمەریکا وهاوپەیمانەکانی، دوێنێ هەندێ لە هەڤاڵەکانی پەرلەمانتار قسەیان لەسەر ئەوە کرد، کە عێراق مقاوەمەت دەکات ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نییە، ئەگەر پەلاماری زەمینی نییە، هەشە بە پێچەوانەوە قسەی کرد کە یەکێك لەوانە خۆم بووم، ئێستاش قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە رژێمی عێراق بە سەعاتێك دەرووخێ، بەرۆژێك دەروخێ، توانای بەکارهێنانی چەکەکەی نییە، ئەوانە هەموو ئەو قسانەی ئێمە و ئەو دوو راپۆرتەی هەردوو بەرێزانی وەزیر ئامادەیان کردووە لەسەر ئەساسی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، یان هێرشی رژێمی عێراقە، یانی لەسەر ئەگەرێکە، نەك لەسەر با بلێین بریارێکی لێ براو یان زانیاریەکی لێ براو لەسەر چۆنیەتی پەلاماردانی کوردستان لەکاتی جەنگدا لەلایەن رژێمی عێراق و دام دەزگاکانیەوە، من دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم و سەرنجی هەمووان بۆ ئەوە رابکێشم، کە هەموو رژێمەکانی دونیا کاتێك هانا بۆ چەکی کۆکوژو کوشندە دەبەن کە مەترسی لەناوچوونیان دێتە ئاراوە، لەسەرەتای جەنگی هیچ رژێمێك ناچێ خۆی بخاتە ژێر باری مەسئولیەتی واوە، بەتایبەتی بەرامبەر بە ئەمەریکا وبەریتانیا وهاوپەیمانەکانی کە ملیۆنەها جار زیاتر لەو چەکە کوشندانەیان هەیە، کە عێراق هەیەتی یان پاشماوەی ئەو چەکە کوشندانەی کە عێراق ماویەتی و هێشتا بەکاری بێنی، ئەڵمانیای نازی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی بیری لەوە کردۆتەوە کە چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەمەریکا لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی چەکی ئەتۆمی دروست کرد و جەنگیش تەواو ببوو بەرامبەر بە ژاپۆن بەکاری هێنا، ئیتالیا لە کۆتای جەنگدا چەکی کۆکوژو ژەهری بەکارهێنا لە حەبەشەو ئەریتیریا و لەهەندێ لە وڵاتانی دونیا، عێراقیش کاتێك مەترسی سەرکەوتنی هێرشەکانی ئێران و فشاری زۆرتری هێزی پێشمەرگەی لەسەر بوو لە جەنگی ئێران و عێراقدا پەنای بۆ چەکی کیمیاوی برد، لە ئەوەڵەوە پەنا بۆ ئەو چەکە نابەن، من لە ئێوە دەپرسم رژێمی عێراق لە بەرامبەر ئەم جەنگە دیارە یان دیار نییە، دیارە کە درۆخێ کە دەرووخێ ئەگەر بتوانێ ببپەرژێ دەست بۆ چەکە کۆکووژەکانی بێنێ لە گیانە لادا بەکاری ناهێنێ بەرامبەر بە ئێمە، یان ئەگەر هەر هێرشێکی زەمینی پێ بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ پشێویەك بخاتە جەبهەکانی ئێمە، یان هێرشەکانی ئەمەریکا و ئێمە، پەلاماری ئێمە نادات لەسەر رووی زەمینەوە، لەکاتێکدا کە کوێتی داگیر کردبوو خۆ هیچ ئەمەلێکی نەمابوو، تۆسقاڵێك ئەمەلی لەسەرکەوتن یان لە مقاوەمەتیش نەمابوو چوو پەلاماری خەفجی دا، بۆ؟ بۆ ئەوەی نەخشەی بەرامبەرەکەی تێك بدات، نەك لەبەر ئەوەی دەتوانێ خەفجی بپارێزێ یان پەلاماری سعودیە بدات، لەبەر ئەوە من تکا دەکەم ئێمە کە لێرە قسە دەکەین و قسەکانیشمان تۆزێك بابلێین وەکو پرۆژەیەك دەبێ بۆ حکومەتەکانمان و ئەو موناشەدەی، کە هەردوو وەزیری بەرێز و دوێنێ هەندێ لەهەڤاڵە پەرلەمانتارەکانیش داوایان کرد کە رای گشتی عالەم و

پەرلەمانەکانی عالەم داوای بکەین، ئێمە بەڕاستی بە تەصەوری خۆمان وابخەینە بەردەمی پەرلەمانەکانی دونیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوانە، کە ئێمە دەوڵەتێکین بەڕاستی لەهەموو کەسێك جەیشی ئەمەریکی لە جەیشی بەریتانیا لە شەعبی کوێتی لە دەورووبەری زۆر زیاتر زەرەرمەند دەبین، تکایە ئێمە ئەو خاڵە لەبەر چاومان بگرین زەرەرمان نییە و خەڵکیش بەمە ناترسێ، تکایە ئێوە مەزانن خەڵك چاوەڕێی ئەوە دەکات ئێمە بڵێین حکومەت دێت خەڵك دەترسێت یان حکومەت نایەت خەڵك ناترسێت، خەڵك خۆی گوێ قۆڵاغە، موراقەبەی هەواڵەکانی دەکات لەسەر ئەنتەرنێت، رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، سەتەلایت دەبینی، رۆژانە هەزاران تەلەفۆن لە ئەوروپاوە دەکرێ بۆ ئێرە، خەڵك خۆی دەزانێ، بەلام ئێمە سورەتێك بدەین بە رای گشتی، سورەتێك بدەین بە نەتەوە یەککگرتووەکان کە ناچاریان بکەین کە لەم ماوە کەمە شتێك فریامان کەون بە شتێك، ناتوانن بە هەموو شتێك فریامان کەون و هەموو پێویستیەکانی ئێمە دابین بکەن، ئەمە لای من زۆر زۆر گرنگە و ئەم هەڤاڵانەی پەرلەمان لەسەر ئەم ئەساسە بیر بکەینەوە، کە رژێم ئەگەری بەکارهێنانی هەموو چەکێکی بەرامبەر بە ئێمە بە قووەت پیشان بدەین، ئەگەریش بەکاری نەهێنا نورون علی نور، خۆ کەس ئەوەی پێ خۆش نییە بڵێ من پێم خۆشە بەکاری بێنی، بۆ ئەوەی دەریخەم کە قسەکانم راست بوو، هەزار دەر هەزار راست بێ یاخوا بەکاری نەهێنێ، بەلام ئیحتیاتمان لەسەر ئەو ئەساسە بێ و، داخوازیشمان لەسەر رای گشتی و پەرلەمانی عالەم و (UN) و دەوڵەتانی دەوروبەر لەسەر ئەو ئەساسە بێ کە بابە ئێمە ئەگەر بەکار بێت وەرن موقارەنەمان بکەن بە کوێت، وەرن موقارەنەمان بکەن بە ئێران، وەرن موقارەنەمان بکەن بە جەیشی ئەمریکی. ئیسرائیل پێرێ برپاری دا دەواجنەکانیشی فلتەری کیمیاوی بۆ دابنێ، یانی بە قەد مریشکەکانی ئیسرائیلیش حەقمان نییە دفاع لە خۆمان بکەین، داوای شت بکەین، لە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر مەسەلەی ئەوە هاتبوو کە ئێمە تەشجیعی خەڵك بکەین و خۆڕاگری و مقاوەمەت لەناو هەولێردا زۆرتر بەکاری بێنین، من بەش بەحاڵی خۆم وەکو روحیەت، وەکو مەبادئ، وەکو بەرەنگاری دەستخۆشی لێ دەکەم، دەبێ ئێمە هەموومان لە هەر کوێیەك بین لە لادێ بین یان لە شار خۆمان بۆ مقاوەمەت حازر بکەین، بەلام دەمەوێ سەرنجی بەڕێزان، هەڤالان، ئەندامان بۆ ئەوە رابکێشم کە هەولێر و دهۆك لە باری تۆبۆگرافیەوە زۆر زیاتر موعەرەز ترە لە سلێمانی و دەوروبەری بۆ هێرشێکی عەسکەری یان بۆ هێرشێکی خەتەرناك، ئەبێ دیقەتێك لەوە بدەین کە هەولێر چەند کیلۆمەترێك لە سوپای عێراق دوورە، سلێمانی حەفتا، هەشتا کیلۆمەتر لە سوپای عێراق دوورە، کە لەوانەیە تەزاریسی سلێمانی و شاخی سلێمانی، گردو تەپۆڵکە و شارو هێزی پێشمەرگە لە ناوچەیە ئەصلەن بتوانێ ئەگەر هێرشێکی زەمینی بکات ئەگەر بتوانین حەفتەیەك، ماوەیەکی باش مقاوەمەت بکەین تا ئەوەندەی نەتیجەی شەڕەکە دەردەکەوێت، بەلام لە هەولێر واش نییە، هەولێر لەوانەیە خەتەرەکەی و مەترسیەکەی تۆزێك زیاتر بێت و هەروەها دهۆکیش، دەبێ لەو خاڵە تۆزێك دیقەت بەکاربێنین، کە ئایا راستە ئێمە هانی خەڵك بدەین لەناو شار بمێننەوە بۆ مقاوەمەت یاخود بەلانسێك رابگرین لە بەینی ئەوەی، ئەوەی دەکرێ خەڵك دەربکەین بۆ مەعسکەرەکان، پیر، منال، پەککەوتە، کە دەریان بکەین باشە و ئەوەی دەکرێ بۆ مقاوەمەت لەناو شارەکە بمێنێ

با بمێنێتەوە باشە، خۆ ئێمە نە لە میللەتی ئەڵمانیا نا واعی ترین و حەزاریترین و نەخاوەن چەکی ترین، کە شەڕ دەستی پێ کرد دوو ملیۆن منالی بریتانیان لە شاری لەندەن و دەوروبەری دەرکرد و بردیانە لادێکان، لە مەعسکەرەکان بۆ ئەوەی ئەگەر کارەساتێك قەوما ئەو منالانە بمێنن لە ئایندە بۆ ئەو نەتەوەیەو خزمەتیان بکەن، لەبەر ئەوە ئەو خاڵە تکا دەکەم تۆزێك بەدیقەت چاوی لێ بکرێ و، ئەگەر داوا کرا لە خەڵك کە نابێ هەولێر چۆڵ بکەن یان مقاوەمەت بکەن یان ئەوانە تۆزێك لەم بارەیەوە دیقەتێکی تیا بەکار بێت، ئەوەی کە وتت قسەیەکت کرد وتت لیژنەی بەرەنگاری کارەساتەکان، بڵێین لیژنەی بەرەنگاری ئەگەری کارەساتەکان باشترە، چونکە ئەگەر وتت لیژنەی رەنگاری کارەساتەکان یانی قەوماوەو تێپەڕی، ئیتر کەس بە قسەمان ناکا و هەموو رادەکەن، لیژنەی بەرەنگاری ئەگەری کارەساتەکان زۆر باشترە، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی راگەیاندنی بەرگری بالآش دابنرێ لە موقابیلی ئەوەی کە راگەیاندنی لیبراڵ و خەڵك دێت نامەسئولانە قسە دەکات، ئەم لیژنەی هاوبەشە لەگەڵ هەردوولامان دروست بکرێت، کە بەڕاستی بە سەعات و بەفاکس و بە ئەنتەرنێت و بە تەلەفۆن ئاگایان لەیەك بێت و، ئەو لیژنەی بالآیە ئەتوانێ لە رۆژێکدا پێنج بەلاغ، دە بەلاغ، پانزە بەلاغ لەسەر رووداوەکان بۆ هاندانی خەڵك بلآوبکاتەوە، رەنگە ببێ بە زەمانێکی زۆر زۆر باشتر، زۆر سوپاس هیواداریین هەموومان توانین ئەم کۆبوونەوانە بەڕاستی بەرەنجامێکی وای لێ پێك بێنین، هەر خۆمان بەرچاومان روون بێ چی دەکەین و هەم میللەتەکەشمان بزانێ کە ئێمە خەمخۆرین بەرامبەری نەك خەم ساردین،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مەلا بەختیار، بەڕاستی ئەو پێشنیازەی کەوا راگەیاندنێکی یەکگرتوو دەبێ لە نێوان هەردوو ئیدارەکان زۆر پێشنیازێکی بەجێیەو، ئێمە هەوڵ دەدەین کەوا ئەوە جێ بەجێ بکەین بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شفیقە فقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم و داواکارم لە یەزدان کە زیاتر دەست لەناو دەست بن بۆ بەرەنگاری هەموو تەروتەژمێك کە روو لە کوردستان دەکات، ئەوەی کە من مەبەستمە لێرەدا داوا لە هەیئەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ ناردنی یاداشت نامەیەك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکەن، بۆ ئەوەی کە زۆر بە پێویست و زۆر بە خێرایییانە ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ بەرگری لە هەموو روانگەیەکەوە بگاتە کوردستان، بۆ ئەوەی ئێمە ئیحتیاتمان زیاتر بێت لە کاتی ئاساییدا نەك لە کاتی پەلەپەل و تالوکە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس شەفیقە خان ئەوەی پەیوەندی بە داخوازییەوە هەیە لە دنیای دەرەوە بۆ ئەوەی کەوا بەهانامانەوە بێن، لەلایەن هەردوو ئیدارەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ماوەیەکە

جێ بەجێ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەگەر ئێمە پاڵپشتێك بکەین باشترە، فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عیماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە کاك کریم دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی کە تێرو تەسەل بوو و، دوێنێش قسەی زۆرمان کرد لەم هۆڵە سەبارەت بە کاروباری تەواری، بەڕاستی من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە قسەکانی دوێنێمان راپۆرتەکەی کاك فەریدوون لەگەڵ راپۆرتەکەی کاك کریم لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ دانیشن پوختەی شتەکان بکەنە بەرنامەیەك بۆ ئەوەی بەپێی ئەوە ئیش بکەین، ئێستا هەر قسەیەك بکەین تەسەوڕ دەکەم یان دووبارەیە یان هەر هینەکەی کاك کریمە بە زمانێکی ئەم ترش و خوێ کردن و شتەکانی بۆ ئەوەی وەختەکە کەسب بکەین، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەی ناوخۆ کە هەمانە و لەگەڵ هەردوو راپۆرتەکە و ئەو گفتوگۆیەی کە دوێنێ کرا پوختە بکرێت و بخرێتە بەردەست هەم ئیدارەی سلێمانی و هەم ئیدارەی هەولێر و هەم قیادە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی کارەکان باشتر بکرێن و ئەو کاتە کە من دەڵێم لیژنەی ناوخۆش لەگەڵیان بێت بۆ ئەوەی لیژنەی ناوخۆ موتابەعەی ئیش و کارەکانیان بکات، بۆ ئەوەی بەباشی ئەنجام بدرێت، من جارێکی تر سوپاسی کاك کەریم دەکەم، بۆ ئەو راپۆرتە دەستی خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عیماد، فەرموو کاك ئەحمەد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون پرسیارەکەم ئاراستەیە بۆ رێزدار وەزیری ناوخۆ، سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەی کە دوێنێ و ئەمڕۆ لەم هۆڵە بەلایەنێکی زۆر دڵنیایان کردینەوە، ئەو دڵنیاییەش کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر لایەنی سایکۆلۆجی هەموو خەڵکەکە، هەرچی هەوڵ و کۆشش بدرێ بۆ پاراستن هێشتا هەر کەمە، بەڵام لێرە پرسیارەکەم لایەنی وەت وەتە دەگرێتەوە، ئیشاعە کە دەماودەم ئەڕوا، کورد وتەنی (قسە کەوتە زارێك کەوتە شارێك) لێرەدا دەمەوێ دەستنیشانی ئەوە بکەم، ئەو رێکخراوە بیانیانە کە ئەرکێکی مرۆڤانەی مەزن تایبەت بۆ ئێمەیان لە ئاراستەدایە و لە ئەستۆدایە و بەتایبەت بۆ رۆژی تەنگانە و لێقەومان، یەکێ لەو وەت وەتانە کە گەڕانەوە بۆ بنج و بناوان و بینینەوەی چاوگەکەی دەچێتەوە ئەو رێکخراوانە گوایە خوا بکەم راست نەبێ! خەریکی ماڵ پێچانەوەو خۆ گرد کردنەوەن بۆ دەرباز بوون و سەرفرازی، گیانی خۆیان دەرکەن، ئەوانەی کە لەگەڵیشیانن، خوا بکا ئەوە نەبێ ئەگەر زیانێك بکەوێتەوە ئەوانی تەنگانەنن زیانەکە ئەگەر ئێمە بگرێتەوە یا هەمووان بگرێتەوە، پێویستە ئەوان بمێنن چونکە لەلایەنی دەروونیشەوە بوون و مانەوەیان کاریگەری زۆری هەیە، چونکە کۆمەڵێ شت کە پەیوەستە بە ژیانی رۆژانە و بژێوی خەڵکەکە پەیوەستە بەو بوونەوە، لەبەر ئەوە ئایا راستە ئەیانەوێ وا بکەن، ئەگەر بیانەوێ بە کارێکی نادروست و ناڕەوا دەیبینینەوە، چونکە ئێمە چەند دەمێکە دەمانەوێ بمێنینەوە پەیوەست بین هەرچەند چەکێکی ئەوتۆمان نییە بەرەنگاری دوژمنەکانمان

بێتەوەو، ئەشزانین لە هەمان کاتدا ئەو لایەنی ئیشاعەیە، ئەو دەم دەمەیە کارێکی زۆر خراپی هەیە و ڤایرۆسی دڵەڕۆچوونی ورەیە، ئەو ڤایرۆسە لە هەموو شتێ خراپترە، ئایا چەندە دەتوانین کاری لەبەردەمدا بکەین؟ من نموونەیەکی بچووك دەگێڕمەوە حەز دەکەم و دەمەوێ لایەنی سۆزداریەکەی وەلاوە نێن، چونکە کاتەکە کاتێکی ترە، لە شوێنێك منالێکی گچکەم بینی لە مالێك تەمەنی شەش حەوت سالان دەبوو، بوکەڵەکانی کۆدەکردەوە لە چارۆگەیەکی نابوو ئەیپێچایەوە، چۆن بیکاتە کۆڵی، ئەمە رەنگدانەوەی بارێکی گشتی یە لەو منالە، کە ئاوێنەیەکی روون و نرەوان و بێگەردە بۆ بارە گشتییەکە، تکا دەکەم کارێکی ئەوتۆ بکەین لەو لایەنەوە کە ئەو دڵنیاییە، ئەو گەشبینیە زیاتر ببینین، بەلام هەر چییەك بکەین بۆ خۆ پاراستن کەمە، ئایا ئەوە راستە نیازیان وایە؟ خوا بکەم ئەوە راست نەبێ ئەوە وەت وەتەیەکی دروست کراو بێت، لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەحمەد سالار ئەگەر چەکی کیمیاوی بەکار هات ئەو ڤایرۆسەش نامینێ لەگەڵیدا، فەرموو کاك شێخ لەتیف.

**بەرێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی بەرێز کاك کەریم سنجاری دەکەم بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتە تێروتەسەلەکەی، لەبارەی ئیحتیات وەرگرتن بۆ پاراستنی نەتەوە و حکومەت و خاك و ولاتەکەمان، لەکاتی بەرپابوونی جەنگ پێویستە ئەم خالانە پەیرەو بکرێن:-

١- ئەم خواردەمەنییانەی بەرامبەر نەوت دێن، هەر بەردەوام بن، واتە بەرنامەی (٩٨٦) هەر بمێنێ تا حکومەتێکی کاتی یاخود هەڵبژێردراو دادەمەزرێت لە عێراق.

٢- تەرخان کردنی بودجەیەکی مەزندە کراوی زۆر باش لە هەردوو ئیدارەکانمان، بەم برە پارە دیاریکراوە مەوادو شتە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بکرێن وەك نان، ئاوو، دەرمان، (الاسعاف الاولیە)، هەروەها دابین کردنی ئۆتۆمبیلی گەڕۆك بە پاسەوان بۆ گەیاندنی خەڵکی لێقەوماو تا خیوەتگاکانی ئامادەکراو.

٣- بەهۆی هۆکاری راگەیاندن بەتایبەت رادیۆ و تەلەفزیۆن، داوا لە خەڵکی دەوڵەمەندی شارەکان بکرێت بە هانای لێقەوماوان بچن و یارمەتیان بدەن بە هەر چییەك بۆیان بکرێت، هەروەها داوا لە خەڵکی دێهات و گوندەکان بکرێت شوێن و جێگای دەربەدەر بووان بکەنەوەو بە فریایان بگەن، هەر بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندن دڵدانەوە و بەرزکردنەوەی ورەو مەعنەویاتی جەماوەر بکرێت و تیژ بکرێنەوە لەسەر مافەڕەواکان و شەرعییەکانی گەلەکەمان، بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی باش رێك بخرێت و پێشکەش بکرێت بە بەردەوام.

٤- ئەرك و پێویستی سەرکردایەتی کوردە لەم قۆناغە چارەنووس سازەدا، لێبڕاوانە لە هەوڵی چارەدۆزی دابن بۆ پێش گرتن لە رووداوی ئەم چەشنە کارەساتە، چونکە هەدوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان،

بەهاوکاری دۆستە جیهانی و، هاوبەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو گەلانی عێراق، دەبێ بتوانن قەناعەت بێنن بەو ناوەندانەی کاریگەریان هەیە لەسەر ناوەندی بڕیاری جیهانی و ئەم ناوەندەی بڕیاریش دەتوانن ئێمە بپارێزن و مافەکانیشمان بەشێوەی پلەپلە بۆ دابین بکەن، هەروەك لە رابردوودا مێژوو شاهێدە لەسەر ئەوەی کە موستەفا کەمال پاشا لە تورکیا ورەزا شای پەهلەوی لە ئێران، مەلیك فەیصەلی یەکەم لە عێراق بە پشتیوانی ئەم ناوەندو بڕیار بەدەستانە بوون بە گیان، بۆیە پێویستە ناوەندەکانی کوردیش دەرس و پەندێکی باش و عەمەلی وەرگرتبێ لە مێژوو بەتایبەت، مێژووی سەد ساڵەی رابردوو، هیچی تر فێڵ لە خۆمان نەکەین و خۆمان سەرقاڵی فەلسەفەکانی زۆر و بۆری جیهان نەکەین، بەڵکو بەشێوەیەکی حەکیمانە ئەم هەل و دەرفەتەمان لە دەست نەدەین و لە ئەزموونەکەمان ناجیح ببین و بگەینە ئامانج، لەم مەیدانەش جگمان هەیە بۆ جگّانە فەرموودەیەکی مامۆستا قانیع بۆ سوودو یاد بە بیر دێنمەوە کە دەفەرمووێ (نەبوو رۆژێ لە کوردستان سەرۆکێك یان خەمخۆرێك بۆچ دەبێ کورد هەر بەڵاو ناسۆری لێ بباریّ) کۆتایی قسەکانم دەهێنم بەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرمووێ (بسم الله الرحمن الرحيم: يؤتي الحكمة من يشاء ومن يؤتي الحكمة فقد أوتي خيراً كثيراً وما يذكر إلا أولو الألباب، صدق الله العظيم)، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك لەتیف، تکا دەکەین لە زهراء خانم بفەرمووێت قسە بکات.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڕاستی ئەو ئیحتیاتانەی کە هاتۆتە دانان جێی خۆشحاڵی ئێمەیە، ئەو بێنگاڤتەی هاتینە ئاڤێتنێ لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ پاراستنی هاووڵاتیان، خۆشیەکی خستە دڵی ئەز وهەمی خەڵکی کوردستان، لە ئاخافتنی بەڕێزی ئیشارەتیدا لەسەر دەوام، ئەز لێرە دەبینم وەك پێشنیارێك ئەگەر ئیستیسنا هەبێت بۆ هەندێك دائیرە، نەخواستم وەکو خوێندگەها، ئەگەر وەختی روودانی خەڵك ناهێڵێت زارۆکی وان بچنە خوێندگەها، جا ئەگەر قۆناغ و فەترەیەکی بۆ بدەین، یەعنی دە رۆژ یان حەفتەیەك خراپ نینە، دابنرێت بۆ خوێندگەها، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ زەهرا خانم، تکا دەکەین لە کاك شمایل با بفەرمووێت قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

في البداية نرحب بالأستاذ كريم سنجاري وزير الداخلية، ومن المفرح فعلاً أن تكون مثل هذه الخطوات لمواجهة الاحتمالات التي من الممكن أن نواجهها بحال وقوع الحرب، ولكن أؤيد الأستاذ د.عز الدين مصطفى، انه موضوع فني كان من الأفضل، نفس موضوع الوزيرين قدموا تقريرهم، حتى ما نكون مجبرين لتكرار بعض الملاحظات، أنا البارحة أشرت انه نحن باعتقادي، من المفروض انه

بدل أن نترك المجال لبعض الاجتهادات أن نقوم بالتوعية نحن، طبعاً المخاوف كلها منصبة حالياً من أسلحة الدمار الشامل بالذات موضوع الكيمياوي، لأنه كل التوقعات تشير انه في حال وقوع الضربة، النظام ليس بالقدرة التي من الممكن أن يسعى لتحرك عسكري، لاجتياح عسكري، فالخوف هو من موضوع الصواريخ، وخصوصاً المدن الكبيرة والقريبة على النظام، فأنا برأيي نحن نقوم بالتوعية كجهات الرسمية في الخطوات، إذا نحن ما متاح إلنا بعض المستلزمات (انتروبين أو أقنعة الوقاية) فمن الممكن انه نوعي الأساليب ألي تقي الناس من أي شيء بشكل من الممكن مو خلال الإعلام ولكن بشكل توجيهات جماهيرية، اجتماعات مثلاً الأحزاب تسويها أو المجالس البلدية تقوم بها، توعية الناس، تهدئة الناس وتوعيتهم، وأنا برأيي إن النزوح الانسيابي ليس خطراً، يعني فلا نخاف من شيء كهذا، خلي بعض الناس تطلع يعني، ليس إشكال، لأنه الخوف في حالة حصول الضربة راح يحصل شيء ما، لنأخذ أربيل، أربيل حالياً يقال إنه فيها (٨٠٠٠٠) سيارة توقع يعني، شوارعنا لا تكفي لي لـ(٨٠٠٠٠) سيارة لـ (١٠٠٠٠) سيارة تتحرك في آن واحد يعني، لذا خلي تكون التوعية مسبقة وبشكل هادي وبشكل عقلاني، من الأفضل أنا أشوف أن نترك المجال لتخويف الناس عن طريق الإشاعات وعن طريق بعض القيل والقال. المخاوف الثانية هي في حالة الضربة، هناك بعض بالكوردي (نفس نزم) هو مصطلح جيد، بعض الناس الدنيء النفس من الذين يسعون لاستغلال هذه الفرصة أو بعض المخربين أيضاً يستغلون هكذا فرصة، برأي بالإضافة إلى الدفاع المدني و البوليس والنجدة، الاستعانة ببعض الوجهاء في الأحياء، بعض الشخصيات والوجهاء من الممكن أن يكون لهم دور كبير حقيقةً في حال حصول الأحداث، ومن الممكن تشكيل لجان تنضم أليها مجموعة من الناس، من الوجهاء أو من الحزبين، من الأحزاب المختلفة الموجودة في الإقليم، أعتقد أنه عامل مساهم يعني. شيء آخر نحن البارحة سمعنا إصرار أمريكا الواضح في خطاب (پاول)، وفي الانتظار مجيء (بليكس و البرادعي) ثمانية بالشهر وتقديم تقرير (١٤) بالشهر، خلال هذه الفترة تتوضح الأمور أكثر، أنا برأي أيضاً المدارس (١٥) بالشهر تداوم، ليكن تفكير أنه عدم الدوام المدارس لإتاحة الفرصة أمام التحوطات والنزوح الانسيابي أيضاً للناس يعني، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شمایل، وابزانم لەم بارەیەوە پێشنیازێك کرا کە دەزگای ڕاگەیاندنی هەردوولا بکەوێتە گەڕ بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەم پروپاگەندانە بداتەوە، ئێستا فەرموو کاك حسن کانەبی با بفەرمووێت قسە بکات.

**بەڕێز حسن کانبی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز کاك کەریم سنجاری دەکەم، سوپاسی دەکەین بۆ پێشکەش کردنی ئەم ڕاپۆرتە، لای من هەندێ خاڵ هەیە کە پێویستە ئێمە بیکەین. یەکەم، مەجال نەدرێت بۆ خەڵك جێگای خۆی چۆڵ بکات و، بڕوات بۆ هەندەران، چونکە ئەوە دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە باوەڕ بە حکومەتی هەرێم ناکات و، دەبێتە سەبەبی تالان کردنیشی. دوو جێگاو ڕێگا تەئمین بکرێت بۆ ئەو خەڵکەی لەو جێگایانەی مەترسی لێیە و، شوێنی پارێزگاریکردنی لە تۆپ و تەیارە بۆ بکرێت، باوەڕ ناکەم لە دێهات تەئسیرێکی وای هەبێت، چونکە بەهارە لەمەوپاش خەڵکی دێهات

هەمووی خەریکی ئیشی کشتوکاڵ دەبێت لە دەرەوەی دێیەکەی خۆی و، تۆپیش بێ تەیارەش بێت تەئسیری لێ ناکات، بڵاو دەبێتەوە پەرت دەبێتەوە، من وای بۆ دەچم کە حکومەتی عێراق ئەو قوەتەی نییە ئەو هەموو شتانە بە ئەنجام بگەیەنێ، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق لە ڕاپەڕینی کوردستان یەك فرقە عەسکەر لە ڕانیە بوو یەك تۆپی نەتەقاند، یەك فیشەکی نەتەقاند، بەماوەی پێنج شەش سەعات هەر لە ڕانیە، دەوائیری حکومەت و فرقە و ئەوانە زۆربەیان کۆنترۆڵی لەسەر کردو تەواوی کرد. من لام وایە دەوڵەتان یارمەتی کورد زۆر بە باشی دەدەن، چونکە ئەگەر نەیان کردبایە بەڕێز (تۆنی بلێر) لەگەڵ بەڕێزانی ئێمە مام جەلال و کاك مەسعود دانەدەنیشتن، وتوویژی نەدەکرد لەم بارەیەوە و، هەروەها دیك چینیش لە ئەمەریکا لەگەڵ د.بەرهەم دانەدەنیشت، مانای وایە بەڵێنێکی باشیان بەوان داوە، ئێمە دەبێت باوەڕ بەوان بکەین، نەوەك بڵێین ئەمەریکا هیچمان بۆ ناکات، دەبێت باوەڕ بە گەورەکانی خۆمان بکەین بە کاك مەسعود بکەین، بە مام جەلال بکەین، بە د.بەرهەم بکەین، کە بەڵێنی کۆتاییان وەرگرتووە، ئەگینا ئەوان ئەم هەموو مەسئولیەتە ناخەنە سەر شانی خۆیان، بێن بڵێن یارمەتیمان دەدەن. دووبارە ئەمە دەوڵەتانی هەرێم کە هەوڵ دەدەن خەڵك بچێتە جێگایان، یەعنی ئەم ئاوارانە بچنە وێندەرێ، ئێمە دەبێ پێیان بڵێین هەرچی ئەمەریکا بڵێت ئێمە بەقسەی دەکەین لە قسەی دەرناچین، خۆتان بڕۆن مۆڵەت لە ئەمەریکا وەربگرن، ئەگەر ئەمەریکا گوتی بڕۆنە هەولێرێ دەڵێین فەرموون، ئەگەر گوتی بڕۆنە سلێمانی دەڵێین فەرموون. لەبەر ئەوەی دیعایەی خەڵك هیچ نییە، چونکە کورد دوژمنی یەکجار زۆرە، عەجەبا دوژمنی کورد زەرەر بە کورد بگەیەنێت ناتوانێت لەناو شاری هەولێر یان سلێمانی، پێنج شەش عومەلا ڕاکێشێت و پارەی بداتێ دیعایەی خراپ بکات، ئێمە دەبێت ئەم شتانە لە خەڵك بگەیەنین، کە ئەم شتانە هەمووی درۆیە و لە ڕاستی دوورە و وەرەی خەڵك بەرزکەینەوە، پاشانیش باوەڕ ناکەم کورد بترسێت و شارەکان چۆڵ بکات، دێیەکان چۆڵ نەکرێت، بە دیار دێیەکانی خۆیانەوە جێگایان بۆ تەئمین بکرێت، من تەصەور دەکەم تالان دەکرێت، بەڵام تەعەدای تر نابێت و، ئێمەش دەبێت لەم حاڵەتە، لە حاڵەتی ئەوە زۆر بەتوندی سزای ئەو کەسانە بدەین، کە عالەم تالان دەکەن، هەتا مەسئولەکانیان کە لە گەڵیانن سزای وان زیاتر بدرێت لەوانەی کە تالان دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك حەسەن کانەبی، فەرموو فوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

سوپاسی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ ڕاپۆرتە پشتگیریەکەی، بەڕاستی هەموو لایەنێکی گرتەوە و، ئێمەو خەڵکی کوردستانیش دڵنیا بووین ئەمڕۆ و دوێنێ ڕاپۆرتەکەی کاك فەرەیدون، کە ئیدارەی کوردی بە تەنگ خەڵکی خۆیەتی و، ئیحتیاتی وەرگرتووە. یەك دوو پێشنیارم هەیە هەر چەندە پێشنیارەکانم هەندێ برادەران ئاماژەیان بۆ کرد، ئەویش ئەوەیە لیژنەیەکی ڕاگەیاندنی هاوبەش پێك بێت لە هەموو حزبە کوردستانیەکان، نەك هەر دوو

حزبەکە، بۆ ئەوەی لە کاتی ئەگەری ڕوداوەکان یەك ختابی سیاسی هەبێت و، خەڵکی ئێمە چەواشە نەکرێت، من پێشنیاریش دەکەم ئەگەر بکرێت، ئیمکان هەبێت ئیزگەیەکی سەرتانسەری، یان تەقویە بکرێت سەرتانسەری بۆ ئەوەی ئەو ئەو لێژنە ڕاگەیاندنە بەلاغ و شتەکانی خۆیان بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنن، پێشنیارێکی تریشم هەیە بۆ ئەوەی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ پاڵپشتی ئیدارەی خۆمان، لێژنەیەك پێك بێت سەردانی ڕێکخراوە بیانیەکان بکات، یاخود لێژنەی پەیوەندیەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێمەش داوای یارمەتی و کۆمەك بکەین بۆ حکومەتی خۆمان و، پێشنیارێکی تریشم هەیە ئەویش برادەران دووبارەیان کردەوە، ئێمە یاداشت نامەیەك بدەینە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەماناتی دونیا بۆ پاڵپشتیمان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فوزیە خان، ئێمە گوتمان ئەو دەستەیەی کە دروست دەکرێت، بۆ بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنان و، هەروەها بۆ ڕاگرتنی وورەی کۆمەلانی خەڵك لە نێوان هەردوو ئیدارەکە بێت، ئەوەش بێگومان بەشێك لە حزبەکان دەگرێتەوە، جگە لە هەردوو حزبەکە، سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە دەستماندا هەیە لە داهاتوویەکی نزیك کۆبوونەوەیەکی فراوان بکەین بۆ هەموو حزبەکانی کوردستان، کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕێك دەخرێت، ئینجا دەتوانین ئەمە بەم شێوەیە جێبەجێ بکەین، ئێستا با کاك أحمد شەریف بفەرمووێت.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان حەقی سێ دەقیقە قسەمان هەیە، حەقی زیاترمان نییە، بۆیە من بە سێ دەقیقە کەمتر پەنا بەخوا قسەکانم دەبڕمەوە، پێشەکی سوپاسی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین بۆ ئامادەبوونی بۆ ڕاپۆرتەکەی و بۆ ئیجرائاتیان، دیارە بەتەنگ میللەتەکەمانەوە دێن و، ئومێدەواریشم کە هەردوو ئیدارەی کوردی سەرکەوتوو بن لەو ئیجرائاتانەی کە بڕیاریان داوە بیکەن، دەنگۆی ژێر دەسەلاتی ڕژێم چەند ڕۆژە وا دەگەیەنێت، کە خەڵك لەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی ڕژێم زیاتر وا تەوجیهیان کراوە کەبەرەو سوریاو ئوردن بڕۆن، ئەگەر هاتوو شەڕ ڕوویدا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، بەلای منەوە پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات کە ڕووبەڕووی جەنابی وەزیر دەبێتەوە، کە نیشانەی ئەوەیە بەلای منەوە کە ئەگەر بێتو شەڕ ببێت، یەعنی ڕژێم نیەتی زۆر خراپە بەرامبەر بە کوردستان، ئەگینا خەڵك بەرەو ئێرە دێت، چونکە ئێرە سەهل ترە لەوەی خەڵك بۆ سوریا و ئوردن بڕوات، تەبعەن ئەو خەڵکەی کە لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمە ئەو زانیاریانە لە کوێ وەردەگرن؟ لەو دەزگایانە وەردەگرن کە لە حکومەت نزیکن. بۆیە بەڕای من کە هەردوو ئیدارەی کوردی ئەم مەوزوعە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن، بەجدی وەری بگرین، کە ڕژێم بەڕاستی نیەتی خراپە بەرامبەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هەرێمی کوردستان و، هیوادارم لە ئیجرائاتەکانیان سارد نەبنەوە و، لە چەند ڕۆژی داهاتوو هەوڵی زیاتریش بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك أحمد بێگومان ڕژێم نیەتی زۆر خراپە، بەڵام وەكو خۆت دەزانی ڕژێم قوەتی جارانی نییە، فەرموو كاك ڕەجەب شەعبان.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەكەم، پڕ بەدڵ سوپاسی دەكەم بۆ پێشكەش كردنی ئەم ڕاپۆرتە تێروتەسەلە، كە بە فراوانی هەموو شتێكی بۆ ئێمە ڕوونكردەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. وەكو ئەو دایناوە وابزانم نزیك بووە كە عێراق بێتە لێدان، ئەز لەو باوەڕەم كە لەشكری عێراق هیچی پێ ناكرێتن كە هێرشێك بێنێتە سەر میللەتی ئێمە، وابزانم ئەز لەو قەناعەتەم كە پێ ناچێتن شەڕیش بكاتن، چونكە ئەو لەشكرەی بێ ئیمكانیات بێ پارە، موجەرەبە ئەوانەی لە كوردستان بوون بە هەزارەهان تەسلیم بوون لسەر هەڵدانێ، هەموو میللەتی كورد دەربازكردن و ڕەوانی كردنەوە، ئەوی ئەو لەشكرەی پێ چانابیتن كە هێرشێكی بێنێتە سەر كوردستان و، ڕژێمی عێراق ئەگەر كیمیاویشی ماوە یان شەڕی خۆكوژیشی ماوە، وابزانم فریاناكەوێت بەكاری بێنێتن لەگەڵ ئێمە، چونكە هەمووی شاردیتەوە، ئەگەر هاتوو بەكاریشی بێنێتن، لەوانەیە نەفەری تر هەبێتن كە لێی بداتن. لێرە مەبەستی ئێمە ئەوە نییە كە ئیحتیاتاتی خۆمان وەرنەگرین، بەڵكو هەموو ئیحتیاتات بێنە وەرگرتن و، نەخاسمە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهەردوو ئیدارە، فی مونتەڵەقەی من ئەگەر ئیجازە هەبێتن دوو سێ پرسیار و پێشنیارم هەیە. یەك چی هاتووە كرن بۆ پاراستنا سەر و سامان و ماڵی خەڵك؟ چونكە مەترسی لێرە هەنە ئیحتماله گەلێك خەڵك هەڵبێتن، چی كراوە بۆ پاراستنی ماڵی و حاڵی ئەو كەسانە؟ ئەوە یەك، دوو: پێشنیار دەكەم بۆ ئەم مەبەستە، سوود بێتە وەرگرتن لە ڕێكخراوی جەماوەری، كە هەر شارێكی كوردستانی بێتە دابەش كردن بەسەر چەند گەڕەكێك، هەر گەڕەكێك لێژنەیەكی هەبێتن كە قوتابی بن، لاو بن، مامۆستا بن، هاریكاریا حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن بۆ پاراستنی خەڵكێكی و سەرو سامانی وان. پرسیاری دووەمی من، ئایە بۆ ئاو چی كراوە؟ بۆ ئاوی خواردن چی هاتۆتە دابین كردنێ؟ یەكەم لە شار، دوایی لە گوندەكان، چونكە گەلێك بیری ئاوێ لە گونداں هەن بە مولیدە دێنە كاركردن، پێشنیار دەكەم كە سووتەمەنیەكی باش ئیحتیاتی بێتە خەزن كردن، بۆ ئەم مولیدانە، تاكو خەڵكێك مەحتەل نەبێتن بۆ ئاوێ، چونكە لەوانەیە سووتەمەنیان نەهێلن داخیلی كوردستان بێتن. پێشنیارێكی ترو، پرسیارێكم هەیە، دەربارەی خاڵی سنووری تەماس لەگەڵ حكومەتی، لێرە بۆ ئەوەی خەڵك خۆی بپارێزێت و دوركەوێتەوە لێرە بێتن قەصدا كوردستانێ بكاتن و جیاوازی وان بێتە قەصدا وی هەندە بكاتن، جا لێرە من پێشنیار دەكەم، كە هەموو حەولدان بێنەدان، لەگەڵ (هلال احمر) و هەیڤا سوری نێودەوڵەتی و، لەگەڵ پەرلەمانی كوردستانیش موزەكەرەیەكیش بڵند بكاتن بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان و، هەموو پەرلەمانەكانی جیهان، كە (هلال احمر)ی جیهانی تەعاون لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بكاتن، بۆ دابین كردنی بەتانیەو چادرو دەرمان و كەلوپەل. لێرە من پێشنیارێكی ترم هەیە، ئەگەر مومكین بێتن ئیجازە هەبێتن، دەربارە ڕاگەیاندن ئیهتمامێكی

تایبەتی پێ بدرێتن، یەکێ، دوو: ئێستاش چەند مێزگەردێك بێنە کردنێ، کە بۆ خەڵکێکی ڕوبەڕوو بکرێتەوە و دیار بکرێت چەند شتێك، ئەمیش لە (۱۲)ی هەیڤێ یان (۱٥)ی هەیڤی هەندێك مێزگەرد بێنە دامەزراندن لە هەردوو ئیدارە، بۆ خەڵك هەندێك شتی ڕوون بکەنەوە. لێرەش پێم باشە ئەندامی پەرلەمان دەوری هەبێتن، کە هەر یەکە لە جێگای خۆیەوە یان لێژنەی پەرلەمانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنسیقێك بێتە کرن، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ڕەجەب، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان دیراسەتی ئەم پێشنیازە دەکەین، کە یاداشتێك بدرێت بەو لایەنانەی کە باست کردن، بەڵام ئەم هەنگاوانە بەزۆری لەلایەن هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر ئێمەش کارێکی وا بکەین باش دەبێت سەرەڕای پێشنیازەکانی تریشت، زۆر سوپاس. فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی.

**بەڕێز ملا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی شانازی و سەربلندییە ببینن دامودەزگایێ دەوڵەتی حکومی بێتە پەرلەمانی کوردستاندا، پرس و پرسیار و ڕێك و ڕێبوار بێنە دامەزراندن، بەڕاستیش وەکو دبێژن شارەزاو پسپۆڕ ئەوە وەختی شول سەربێت نەگوهێشت، تێکنەچێت، بەڵام لەویش شارەزاتر ئەوە پێش قەزیەت بەسەر بێت کاروباری خۆ بکات، میللەتی مەش بەڕاستی جێی ویش قاسیە کو ئەم چاوی ڕەحمێ بەری خۆ بمێنێ، چونکێ گەلێکی بەسەر هاتییە، ئەوەی بەسەر میللەتی کورد هاتووە بەسەر کەس نەهاتووە، ئومێدەوارین جارێکی تر پەنا بەخوا میللەتی مە توشی وان بەڵاو ناخۆشیا نەبن، من لێرە دوو، سێ پرسیارم هەنە لە جەنابی وەزیر، پشتی بەخێرهاتنێکا گەرم، پرسیاری یەکەم، جەنابی ئیشارەتی دا گوتی گەلێك گفتوگۆ هاتنە کرن لەگەڵ هەندێك جیهات لە دەرەوەی دەوڵەتێ، کوردی ئەمن دبێژم سەد گوتن بڕیارێکی بێتن، ئەرێ بەر سفە وان چی بێت، چونکە میللەتی کورد گەلێ جارە سۆز و پەیمانێ لەگەڵ هاتنە دانان، بەڵام مەخابن کەس سۆزا خۆی لەگەڵ کوردان نەبردۆتە سەر، هەتا ڤێگافێش. دوو، ئەز وەلێی هەزر دەکەین، جەنابی وەزیر ئیشارەتی دا چەند وەزارەتێك کو هاریکاری بن، بە حسابا من دەوری وەزارەتی ئەوقاف و، دەوری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئەڤان هەردووکیان بێتە نەیەت پاشان بڵێت، بەڵکی بە ناچاری بە دژواری بێنین بیخن ناڤی مەوزوعی، ئیزافەتەن پرسیاری مەتران خانەش بێتە کرن، کا چاوە لەگەڵ یەکێتی زانایان سوعبەت و گفتوگۆ بێتە کرن، عەینێ ئەوسا ئەو داخوازیش مەتران خانیش بێتە کرن، مەتران خانەی هولێر و دهۆك هەمییە، چونکە میللەتی کورد فەرق و جودایی نایەتە کرن، بەرامبەر نەیاری کورد، بێژت ئەمە موسوڵمانە یان مەسیحیە یان ئێزدییە، خودی فەرق ناکاتن، کوردەو خەلاس، گۆتنێکی جەنابی وەزیر گەلێك لای من شیرین بوو، وەختی گوتی ڕاگەیاندن نیڤەی شەڕە، ڕاستە ئەگەر ئەز بم دەڵێم دبەهرێ شەڕە، چونکە شەڕی ئیعلامی

گەرمترە لە شەڕی ئاگری، ئەرێ دەوری ڕاگەیاندنا مە یا کوردی، بەرامبەرا دیعایەی مضادە وەکو دەبێژن، یا بەرامبەر نەیارێ وەختی ئاخافتنی دەگر مە چ دەورێ هەیە، بۆ نموونە ئەزی دبێژم، ڤیگافێ وەکو بەکوردی بێژن (سەرسەر کایان فولانێ) دەمانێ تۆ باسی خۆگرتنێ، خۆبگرن و خۆڕابگرن، دەبێت بێن بلاوکرن بابە مەسئولینێن هەوە، مەسئولینێ مە، کاربەدەستی مە، زەنگینێ مە، ئەڤە (٣٠) هەیڤا بۆ خۆی خانی لە شەقلاوە و لە کۆیسنجاق و نازانم کیرێ و کیرێ گرتوونە، ئایە ما نە حەقە ڕاگەیاندن یان دەسەلات، بڕیارێکی تازە بدات ئەو ئینسانێ بێت سەبەبی موشکیلە و موشاغەبەو تێکدانێ و ترس بلاو بکاتەوە لەناو میللەتێدا، گرانترین سزا بەرامبەری بکرێتن، ئەگەر ئەو ڤێگافێ بچێت خانی بۆ خۆی ئیجار بکات، ئەی فوربەسەرێ فەقیر هەتا راتبیشی نەهاتووە تەوزیع کردن، وی چ بکات؟ بۆیە ئەز دبێژم حەقە حزب، حکومەت سەراحەت و ئاشکەرا لەگەڵ میللەتی خۆی بێتە ئاخافتن، نەوەك (٨٨)ی ڤیرێ جەنابی وەزیرێ چ گاریسە بەرامبەر میللەتەکەمان هات، شەش رۆژا بەری دەست پێکردنێ ئەنفالی بادینان، کەوادری مە گەڕان، گوتی وەللا نیوێ کەسی مە شەڕی هات، مادەم عێراق و ئیران پێکهاتن، ئەوجا لەگەڵ ئیمە شەڕ دەکەن، پاشی سەعاتێکیش خۆی نەگرتن، هەتا بیستە نەبە بیخوازین، هەزارا عائیلەو ماڵ کەتن، بۆ نموونە دیسان ئەز دبێژم، پێشمەرگە دەرباز بێت لە ئاڤازێ، ژنی وی و عەیالی وی، (١٢) نفوسن (١٣) نفوسن بەر ئاڤی مان، حکومەت زەبری لە نافدا، لەبەر چاڤی وی دەستی خۆی درێژ دەکرد لە ژنی وی و کچا وی و دایکا وی، بە پرچ ڕاکێشاندن، بۆ حەقیقەت بن لەگەڵ میللەتی خۆ، ئیمکانیەتی مە ئەڤە، دیهۆکێ چ ئینسانێ رۆژی بکێت بیهۆکن، یان ئەوی سەبەبێ پێکدادانێ یان مەسەلەن، بیبی سەبەبی وی بخوازێ کو، نەئاسایشی، نەتەنایی، نەئاشتی تێك بداتن، نە هێنان پەیدا بێتن، گرانترین دژوارمان بینی پشتی چی کوردی دبێژی (پشتی من نێجا خولی نینە)، گەلێك سوپاس و، جارێکی تر دیسان داوای سەرکەوتن بۆ وان دەکەین، ئومێدەوارین پەنا بەخوا میللەتی مە توشی وان کارەساتی ناخۆشە نابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا دێرشەوی، ئێستا دوو بەڕێزی تر ماون کەوا قسان بکەن، پاش ئەوە دەرگای پرسیار دادەخەین، تەنها بۆ سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەیە کە قسەی خۆیان بکەن، پاش ئەوە پشویەکی (١٠ ــ ١٥) دەقیقەیی دەدەین، بۆ ئەوەی کاك کەریمیش بتوانێ وەڵامەکانی خۆی ئامادە بکات، بۆ ئەم هەموو پرسیارانەی کە پێشکەشی کراوە، داوا دەکەین کەوا خوا فرسەتی بدات، فەرموو کاك سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سرتیب محمد حسێن(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەگەرمی بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، زۆر سوپاس بۆ ئەم ڕاپۆرتە گرینگەو هەمەلایەنەی کە پێشکەشی کرد، لە ڕاستیدا زۆر لایەنی گرینگی تێدا بوو، ئومێدەوارم کەوا سەرکەوتوو بن لە جێبەجێ کردنی بەعەمەلی، بتوانن وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت تەمەنای ئەوەیان بۆ دەکەم و، لەو قەناعەتەدام کە دامودەزگاکانی ئێمە و، حکومەتی ئێمە گەیشتۆتە

مەرحەلەیەك كە ئەو شتانەی كە هاتووە لە راپۆرتەكەی بتوانێ جێبەجێی بكات، كە جێگای دڵخۆشی و ئومێدی گەلەكەمانە.

من حەز دەكەم هەندێك شت بڵێم بەراستی سەبارەت بە وەزعەكە، بێگومان ناوچەكە بەرەو گۆڕان دەڕوات، من ناڵێم شەڕ دەبێت، مەرج نییە بەشەڕ تەواو بێت ئەم مەسەلەیە، بەڵام ئەكید ناوچەكە بەرەو گۆڕانێك دەڕوات و، ئەم رژێمە و ئەم وەزعەش كە لە ناوچەكەدا هەیە نامێنێت، چونكە ئەمریكا ئەهدافێكی ستراتیجی زۆر گەورەتری هەیە، لەوەی كە رژێمی عێراقی هەڵگرێ و لایبدات، بەتەصەوری من رژێمی عێراقی هیچ كاتێ وەكو دەسەڵات هەدەف نەبووە، ئەگەر هەدەفێكی ستراتیجی بوایە بۆ ئەم مەسائیلانە كە باس دەكرێت لە مافی مرۆڤو ئەم شتانە، زۆر دەمێك بوو دەبوایە لابدرێت، بەڵكو هەمیشە بەكار هێنراوە بۆ گەیشتن بە ئەهدافە ستراتیجیەكان، بۆیە من قەناعەتم وایە گۆڕان دەبێت و، شەرت نییە بەم سیناریۆیەی كە باس دەكرێت، سیناریۆی شەڕ، رەنگە سیناریۆی تر زۆر لە ئارایە هەوڵی دبلۆماسی و سیاسی و، فشاریش زۆرە كە بە وەزعێكی تر دەرباز بێت، ئەمە یەك. بە نیسبەت رووداوەكانی ئێستا كە ئێستا روو دەدات و، ئەو ئیجماعیە نێودەوڵەتییەی كە هەیە، زۆری فەرقە لەگەڵ ساڵی ١٩٩١، حكومەتی عێراقیش ئەو كاتە خۆی باش دەیزانی كە وەزعەكان بە چ ئاراستەیەك دەڕۆن و، ئاگاداری وەزعی تەركیبی داخیلی خۆشی بوو و، وەزعی هەرێمی دەورو بەریش و، بۆچوونی ئەمەریكاش، زۆری فەرق بوو لە مەسەلەكە، ئێستا وەزعەكە زۆر گۆڕاوە، رووداوی ١٩٩١ بەم شێوەیەی كە روویدا بەقەناعەتی من دووبارە نابێتەوە، ئەو كاتەش ئێمە دام و دەزگامان نەبوو، وەزعمان نەبوو خۆمان ئامادە نەكردبوو، بۆیە لەو قەناعەتدا نیم كە كارەساتێكی وا بێتە پێشەوە، بەو گەورەییە، بەو حەجمەی كە لە ١٩٩١ وا خەڵك كۆڕەوێكی زۆر گەورەی كرد. خاڵێكی تر هەیە مەسەلەی ئەو پروپاگەندە ئیعلامیەی كەوا باس دەكرێت و ئەمانە، حەقە ئەم مەوزوعە بە جیددی وەربگیرێت و، بایەخی پێ بدرێت و ئەهەمیەتی پێ بدرێت، بەتەئكید ئەمڕۆ دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو وەزعەی كە بۆ میللەتەكەمان هاتۆتە پێشەوە، جێگای مقۆمقۆ و مەترسی زۆر خەڵكیشە، نەوەكو بەرەو ئیتجاهێكی تر بڕوات، لەمە گەورەتر بێت و چی روودەدات تەئسیریش رەنگە بكات، بەسەر خەڵكی ترا، بۆیە بە تەصەوری من ئەو پروپاگەندانە ئیعلامیە دەچێتە قاڵبی ئەوانەوە، كە زەربە لە دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم بدرێت و، پشێویەكیش لە كوردستان دروست بكرێت، بۆیە ئەم مەسەلە ئیعلامییە دەبێت زۆر بە هەند وەربگیرێت و بایەخیشی پێ بدرێت، باسی مەسەلەی ئۆردوگا دەكرێت، بەراستی دوێنێش جەنابی كاك فەرەیدون لێرە باسی كرد، كە ئۆردوگا لە دەرەوەی سنوورەكان ئەكرێ، حەقە ئەم مەوزوعە بە سەریح وەڵام بدرێتەوە، كە ئێمە پێویستیمان بەم جۆرە ئۆردووگایانە نییە لە دەرەوەی سنووری كوردستان، ئەگەر هەر جۆرە كۆمەكێك یان یارمەتییەك یا هەر شتێك هەیە، خەڵك ئەیەوێ بیكات با بیدات بە دامودەزگا رەسمیەكانی ئێمە، خەڵكی ئێمە توانای ئەوەی هەیە و، دامودەزگای رەسمی یەك هەبێ سەرپەرشتی ئەو وەزعە بكات و، وەزعەكە بەڕێوەببات، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت یارمەتی خەڵكەكەی ئێمە بدەن، من قەناعەتم وایە دروست كردنی ئەو جۆرە ئۆردوگایانە لەدەرەوەی سنوور، خۆی بۆ خۆی عاملێكە، كەوا ئاڵۆزییەك دروست دەكات بۆ

خەڵکی ئێمە، مەسەلەی شەڕەکە ئەگەر رووبدات، هەمووشمان دەزانین کە ئەمە شتێك نییە من تازە باسی بکەم، بەلاّم من ئەیزانم و کەس نایزانێ، ئەمە شەڕێکی تەقلیدی نییە بەحەقیقەت، تەقلیدی نییە لە هیچ شێوازێکییان، بۆیە قەناعەتیشم وایە ئەو جۆرە چەکە تەقلیدیانەش کەوا باسی لێوە دەکرێ و مەترسی لێ دەکرێ، کەوا تەئسیر بکاتە سەر شارە نزیکەکان، پێم وایە ڕەنگە ئەوە دەور نەبینێ لە مەسەلەکان، ئەگەر بەوئاراستەیەدا بڕوا تەنها موشەکەکان لە ئارادا هەیە، ڕەنگە هیچ مەوقیعێك، لە کوردستان جێگایەکی ئەمین نەبێ، ئەگەر مووشەکی دور هاوێژن، بەلاّم شەڕی تەقلیدی نییە، بەحەقیقەت، بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەشی تەقلیدی نابێت، دەبێ حسابات بۆ ئەو مەسەلانە بکرێت و، بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئەمەش بۆ میللەتی ئێمە روون بکرێتەوە، تاکو میللەتی ئێمە عەزمی زیاتری هەبێت و، بتوانێ زیاتر لەسەر پێ بووەستێ، چونکە ورەو مەعنەویات شتێکی زۆر زۆر گرینگن بۆ ڕاگرتنی بارودۆخەکەمان. خاڵێکی تر هەیە، ئەم ناوچەیە ئەساسەن ناوچەیەکی پارێزراوە، ناوچەیەکی مەحمییە، ڕەنگە حکومەتی عێراقی هەوڵ بدات دائیرەی شەڕەکە فراوانتر بکات، پشێویەکە فراوانتر بکاتەوە، بەلاّم لە لایەکی دیکەوە ئەو خەڵکەی دێن بۆ ئەم مەنتیقەیە، ئەویش هەوڵ دەدات دائیرەی شەڕکە تەسك تر بکاتەوە، کۆنترۆڵی بکات، بۆیە من لەو قەناعەتەدام، ڕەنگە باڵی هێمن و ئارامی زیاتر بێت لەم مەنتیقەیە و، پشێوی بگاتە ئەو ناوچانەی کەوا لەژێر دەستەلاّتی حکومەت دان، هەندێ مەواقعی تریش هەیە ڕەنگە بەلای ئێمەوە موهیم نەبێ یا بەستراتیژی وەرما نەگرتووە لەو وەزعە، ئێمە حەقمانە مەترسیمان هەبێ لە خۆمان، حەقمانە هەموو شتێك بکەین بۆ پارێزگاری کردنی میللەتەکەی خۆمان، حەقمانە هەموو شتێك و کۆمەکێك داوا بکەین، هەموو ئیحتیتاتێکی ئەمنی وەربگرین حەقی خۆیەتی، تەبعەن دەبی لە بیریشمان نەچێت ئەوانی کە هاتوون دەیانەوێت گۆڕانکاری لەم مەنتیقەیەدا بکەن، سەیری مەوقعی جوگرافی بکەیت لە عێراقدا، مەواقیع هەیە زۆر زۆر ستراتیژییە، زۆر حەیەوییە، زۆر وەکو دەڵێن (سوق الجیش)ی، ئەگەر سەیر بکرێت ئەو مەوقیعانە زیاتر هەدەفن، زیاتر ئەو شوێنانە ڕەنگە بکەونە بەر ئەوە. مەسەلەی مەترسی شارەکانی نزیك سنوور، وەکو گوتم شەڕەکە تەقلیدی نییە، بۆیە من لەو قەناعەتەدانیم کە هێرشی سەر زەمین هەبێ، مەجالی ئەوە هەبێ هێرشی زەمینی هەبێ، ئەگەر مووشەك هەبێ، هیچ مەوقعەك ئەمین نەبێت بۆ ئەم حساباتانە، بەلاّم گوتم بەر پەرچ دانەوەی، قەت بەو شێوەیە نابێت، کە ئەو چەکە تەقلیدیە بتوانێ تەئسیر بکات، من هەندێ پێشنیارم هەیە؟ یەك لەو پێشنیارانەی کە دەیکەم، ئەوەیە کەوا لەکاتی پشێوی و ئاڵۆزیدا، هەموو مەسئولینی ئێمە دامودەزگای ئێمە، لەمەوقیعی کاردابن، زۆر پێویسە لەمەوقیعی کاردابێت، ئیجرائاتی توونديش هەبێ بۆ لێ پێچینەوە و لێ پرسینەوە، ئەمە وەزعی ساڵی (١٩٩١) نییە، کە خەڵك کۆڕەوی کرد، شارەکان بۆ کێ بەجێ دەهێڵن؟ ئێمە لێرە ئێستا دەستەلاّتین و، دەستەلاّتیش مەسئولیەتی ئەوەیە هەم خەڵکەکە بپارێزی، هەم دامودەزگای خۆی بپارێزی و، هەم خۆی حازر بکات بۆ ئەگەرەکانی تر، بەو ئیتیجاهەش بیربکەینەوە کە ناوچەکانی ترمان کە ئێستا لەژێر تەعریب ئەناڵێنن، ئەو ناوچانەش رزگارکەین و، وەزعی فیدرالییەکەش بچەسپێنین وەکو خۆی، چونکە زۆر زۆر زەرورییە لەکاتی ڕووداوەکان و ئەحداسەکان، بەو ئیتجاهە بیربکەینەوە، ئەو شوێنانە کە ئێمە

ئێستا لەژێر کۆنترۆلی حکومەتان و، بەشێکی حەیەوین لە کوردستان، پێویستە خەڵکەکەی ئێمەش ئەو ئامادەکارییەی هەبێت، بگاتە سەر ئەرزی خۆی و بگاتە سەر جێگای خۆی، فدرالییەکەی کە ئێمە باس لێ دەکەین مەسەلەیەکی جوگرافییە و، مەوقعی جوگرافیەکە زۆر زۆر موهیمە خەڵکی ئێمە بگاتە سەر جێگای خۆی، ئەم حساباتانەش دابنرێت و، ئەو ئامادەکاریانەش بکرێت زۆر زۆر گرنگە، پێشنیارێکی ترم ئەوەیە کە داوا دەکەم ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان لەکاتی ڕووداوەکان، لەکاتی ئەحداسەکان تەواجدی هەبێ، تەواجدی هەبێ لەشوێنی کاری خۆیدا بێت، لەئاستی مەسئولیەت دابێ، مومکینە بۆ هەر ئەگەرێك، بۆ هەر ڕووداوێك، بۆ هەر وەزعێك، وجوودیان لەناو خەڵکەکان زۆر زۆر گرینگە، ئەهەمیەتی خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەکو دەزگای شەرعی باڵایە لە هەرێمی کوردستاندا. خاڵی کۆتاییشم ئەوەیە دەچێتە قاڵبی ئەو ئیجرائاتانەی کەوا بەرێزیان باسی دەکا، مەسەلەی بازاڕ و نرخەکان و خواردەمەنی و عەمباری خواردنەکان، ئەو جۆرە شتانەو کۆنترۆلی نرخەکان، کارێکی وا بکرێت کە ئیحتیکار نەکرێت لە کاتی ئەو ئاڵۆزیەو پشێوییە کە دروست دەبێت، ئومێدم زۆرە کە ئێمە بەرەو سەرکەوتن بچین، ئومێدم زۆرە کە ئەو وەزعە بەشێوەیەك بشکێتەوە، کەئێمە بەکەمترین زیان و زەرەر لەم وەزعە دەردەچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سیروان، فەرموو کاك د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز کاك کەریم دەکەم، کە ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەش کردین و، ئەو هەوڵ و تەقەلایەی خۆی وئەوەی پێویست بوو هەمی دیاکرو ڕوون کرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی وەکو شارەزایت لەڤی بواری دا نووسیڤتە، بەنیسبەتی هێمنی و ئارامی ژمارە دوو دێت، پشتی پێویستی فەسلەجی بۆ ئینسان، لێرە دەبێژن هێمنی و ئاکەنجی بوون شتێکی زۆر پێتەڤی و زەڕوورییە، ئەگەر ئێمە سەرکەوتین ئەم ڕاپۆرتەی هەر دوو برادەرە وەزیراەکانمان پێشکەشیان کرد، بە قەناعەتی من ئەگەر (٥٪) ئەم بشێن وەختی ئەزمێ، ئەگەر خودێ نەکرد ئەزمە پەیدا بێت، ئەم بشێم جێبەجێ بکەین، داستانێکی ڕاست و دروست و حەقیقیە و، خاصیەتێکی پۆزەتیف بۆ سەر باری مە دێنێتە وجودی و، فعلەن تەئکیدی کرد کە ئەڤە سەربارێکی ئەصڵییە شی میللەتێ دەست پێ کردییە، من تێبینییەکی بچوکی ترم هەیە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان. ئەویش برادەری مە کاك د.عزالدین دوو جار ناوی وەزارەتی ڕاگەیاندنی هێنا، بۆ زانین وەزارەتی ڕاگەیاندن لە وڵاتی ئێمەدا نییە، لە هەردوو ئیدارە، کە جێی ڕێزییەو نیشانەیەکی دیموکراتییە کە فعلەن سانسۆرێ لە وڵاتی ئێمە نینە و، تەعبیر حوڕە لە وڵاتی مە، تەنها بۆ زانین. من چەند خاڵێکم هەیە کە ڕوناکی بخەمە سەر، پێشنیارێکم بۆ کاك کەریم هەیە، ئەویش لە وەختی ئەزمەکە محاوەلە بکەن نانەوا بمێنن هەموو، چونکە شتێکی ئەساسیە بۆ خەڵکی فەقیرو هەژارۆ بشێن دەبارێ خۆ بکەن، خاڵێکی تر جەنابی زۆر تیشکی خستەسەر، کاك فەرەیدونیش ئەمڕۆش کاك کەریم تەئکید دەکات کە تەنسیق لە نێوان هەردوو ئیدارەو نێوان

هەردوو وەزارەت، جێی ڕێزو تەقدیریە یاهەیەو بەردەوامە، بەڕاستی ئەم تەنسیقە خۆی بۆخۆی بۆتە سەبەبێك كو فعلەن جێی گیانیٚ ڕاگری و بەرخودانیٚ دەدات بە میللەتی مە بەهێز ببێت، هیوادارم ئەم زیاتر بێت و بەقوەت تر بێت، چونكە وەكو فعلەن ئەمەش دەبێژین تەقەمەنییە، ئانە كو زادەش بۆ بەرخودان و ڕاگری، شك تێدا نینە ئەگەر هاتوو وەزعێكی وا ڕوویدا، خەڵكێكی نەخۆش و دەست پیس، حاشایەكی جەماعەتیٚ، ئیحتماله محاوەلە بكات، ڕاوو ڕووتی دەست پیٚ بكات، شك تێدا نینە ئیحتماله دوژمنانی مە هانی ئەم شتە بدەن، من پێشنیار دەكەم بۆ جەنابی كاك كەریم و كاك فەرەیدون كە دوێنیٚ لێرە بوو، كە تیمێك هەبێت موتابەعەی ئەم مەوزوعە بكەن، هەندی مومكین بێت سامانی خەڵكی بێتە پاراستن، ئەو عصاباتی تەخریبیٚ محاولە بكەن نەیەتە كردنیٚ، تەشویها سومعەی مە بكەن، ئیستغلالا وەزعی مە بكەن، حەدێك بۆ ئەمانە دابنرێت وەلەو گۆڕی ژیانیٚ تەبیعییە. خاڵێكی تر كاك كەریم ئیشارەتی بۆ كرد، كە گیانیٚ بەرخودان و خۆڕاگری، ئەمەش خاڵێكی زۆر گرینگە هەندی لەسەر بچین بە قەناعەتا من لە مەسڵەحەتدایە، فعلەن ئەمەش بۆ ڕابردووی ئێمە، خۆڕاگری مە، بەرخودانا مە بەرامبەر چەكی دوژمنیٚ، بەرامبەر هێزی دوژمنیٚ كە مومكن بی ئیحتماله، ئەوەی لە بیری مە بێت، ئەوەی پێشمەرگەی مە كردی لەسەر چیا، لە ساڵانی حەفتاو هەشتا، دوو پێشمەرگە لەسەر چیایەكی مەزن بە دوو هەلیكۆپتەرو چەكی قورس هات، هەنگی پێشمەرگە نەدەترسان، هەنگی میللەتی مە بەرخودانی كردن و خەباتی كردن و بەرامبەر هەموو هێزی حكومەت ڕاوەستا، كە ئەو كاتە دنیا هەموو لە پشتی بوو، ئەمڕۆ وەكو جەنابتان، هەمووتان ئیشارەتان بۆ كرد تاودانیٚ هاتۆنەتە گۆڕینیٚ، سیستەمی عێراق (٢٠٠٣) نەبێن ساڵی حەفتاو هەشتا هەتا ساڵی (١٩٩١)یشە، ئەم میللەتە سەرباری ئەم هەموو خۆشی و نیعمەتەی كە تێیدا دەژین، ئەم ئازادیەی كە تێیدا دەژین، شك لەوە نینە كە قانونی خۆ گۆڕینە، كو ئەم ئازادیە بمێنێتەوە، ئەم كو ببنە سەروەری خۆ. جەنابی كاك كەریم ئیشارەتی دا كە مانۆڤەر دێنە كردنیٚ، تەمرین دێنە كرنیٚ، ئەگەر ئەم تەمرینە هەندەك بە پێش بخرێت لە هەردوو ئیدارە و، زیاد بكرێت، شكی تێدا نییە بە فائیدە دەبێت، چونكە كەفائە علمییەن، زانستیەن پرۆڤەی خۆیان كردووە، كە هەر چەندی تەمرین زێدە بێت، خیبرەی و كەفائە لای زیاتر دەبێتن، ئەگەر ئەم تەمرینە زیاتر بێت باشترە. خاڵێكی تر هەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هنوكە پروپاگەندە هەیە نازانم ڕاستە یان نا، بەڵام خەڵكێك دەبێژێت، دەڵێن ڕێكخراوی مرۆڤایەتی مومكینە بارەگای خۆی لە باژێری مەزن تەحویل بكەن؟ پێشنیار دەكەم خوانەكات وابێت، ئەگەر وابێت، محاوەلە بێتە كردنیٚ ئەم ڕێكخراوانە هەندی بمێنن، نەوعە ئیتمیئنانێك بۆ خەڵك پەیدا دەكاتن، فعلەن گیانی بەرخودانیش بۆ خەڵكی زیاتر دەكاتن. من پرسیارێكی ترم هەیە بۆ جەنابی كاك كەریمی، كە لێرە ئیشارەتی كرد كە چەند خیوەتگەیەك هەین، كەمپ هەیە، نازانم ئەم خێوەتگەیانەی هەن لە قۆناغی پلاندانانێنە یان لە قۆناغی جێبەجیٚ كردنە؟ ئەگەر بۆمان ڕوون بكاتەوە، ئێمە زۆر سوپاسی دەكەین، دووبارە دەڵێم كە دوێنێش گوتم كە ئەو پێشمەرگەیە بمێنێت كە خۆڕاگرەو فیداكارە و خزمەتكاری وەڵاتی خۆ ببێتن و، جارێكی تر دبێژم كە ڕاگرتنی وەزعی تاودانیٚ ئەمنی لە باژاریٚ مە داستانێكی ڕاست و دروستە، خاسیەتێكی تری پۆزەتیفە بۆ سەر باری مە، سەركەوتوو بن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك د.ڕزگار، فەرمووو کاك عومەری سەید عەلی.

**بەڕێز عمر سید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ڕاپۆرتەکەی کاك کەریم، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ڕاپۆرتەکەی کاك کەریم و کاك فەرەیدون زۆر خاڵیان هەیە لە یەکەوە نزیکن، دەمجی ڕاپۆرتەکان بکرێت، لە ڕووی تیۆرییەوە هەردوو وەزیری ناوخۆی هەردوو ئیدارەکە، قسەی زۆر زۆر باشیان کرد و، پلانی زۆر زۆر باشیان داناوە، ئەو کارانەی کە هەنە لێرە لەبەر دەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان باسیان کردن، لە ڕووی تیۆرییەوە، هەندێکیشی کە کراوە لە ڕووی عەمەلیەوە، بەڵام میکانیزمەکەی دیارە کارێکی ئاسان نییە و، پێویستی بە جهدی باشترەو کاری باشترە و، وەکو ئەو برایە باسی کرد، ئەگەر لە (٥٠٪)ی ئەم کارانە کە لە ڕووی تیۆرییەوە باسی کرایە میکانیزمیەکەی، لە ڕووی عەمەلیەوە بکرێت کارێکی سەرکەوتوو وباشە، ئەو هەموو تەفائولە کە زۆر لە برادەران باسیان کرد، بەهێزەکانی خۆمان کارێکی زۆر چاکە، بەڵام نابێت ئەم تەفائولانە وامان لێ بکات کە ڕۆژی ڕەشیش هەیە، ئاگامان لێ بێ و هەر لێرە ئەو قسانەی ئەیکەین و ئەوە هێن نەکەین و، مەسەلەکەش ئەوە نییە، هەموو لایەك دەبێت هەست بە مەسئولیەت بکەین و، خەمخۆری گەلەکەمان بین و بیر لە ڕووداوە تاڵەکانی داهاتوو بکەینەوە کە لە ڕابردوودا زۆرمان لێ دیوە. بۆ ئەوەش ئەگەر هەردوو ئیدارەکە بوجەیەکی تایبەت بەڕاستی بۆ ئەم مەسەلەیە دابنێن، جگە لە مەسەلەکانی تر بوجەیەکی تر یەعنی موستەلزەماتی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکەن، زۆر لە برادەران باسیان لە پڕوپاگەندە کرد، واتەواتاو ئەو شتانەی کە هەیە لەناو خەڵك، پێویستە وەڵام بدرێتەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و موبەرمەج، هەندێکیش لەم ڕێکخراوانە (NGO)و ئەوانە ئەڕۆن، ئەمە ڕاستە ئەوە لە هەموو جێگایەکی بووە ئەڕۆن و بەجێشی دەهێڵن، حەقێکی مەشروعی خۆیانە، دەڵێن ئێمە بۆ ئاوەدانکردنەوە هاتووین و بۆ ئەوە نەهاتووین مەسائلی سیاسی ئێوە تەحەمول بکەین، ئەنجامی مەسائیلە سیاسەیەکانی ئێوە تەحەمول بکەین. ئەمڕۆ گوایە ستافێکی پەرلەمانی ئەوروپی دێت بۆ ئێرە لە بەغداد و ئەوانە، ئەگەر بوو هەردوو سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لەگەڵیان کۆببنەوە و، لەو مەترسیانەیان بگەیەنن و، ئەوان کە دەگەڕێنەوە لە وڵاتەکانی خۆیان چیان بۆ ئێمە پێ دەکرێت، لە ڕووی ئەم ڕۆژە ڕەشانەی کە ئێمە خوانەخواستە چاوەڕێی دەکەین و، ئەم ڕووداوە ترسناکانەی کە چاوەڕێی دەکەین، باسەکانمان لەگەڵ ئەم پەرلەمانتارانە لەسەر ئەو مەسەلانە بێت کە ئەوانە کارێکمان بۆ بکەن، یاخود لە وڵاتەکانی خۆیانا هەندێ خەستەخانەو شتی وامان بۆ دابین بکەن، ئەگەر ڕووداوی سەخت ڕووی داو، خەڵکێکی زۆر خوانەخواستە زەرەرمەند بوون، لە خەستەخانەکانی خۆیان جێی بکەنەوە، یاخود خەستەخانەی مەیدانیمان بۆ بنێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك عومەر، ئێستا ماوەتەوە سەر هەردوو بەڕێزان سەرۆکانی هەردوو فراکسیۆن، نازانم هەردووکتان قسان دەکەن یان هەر یەکێکتان قسان دەکەن؟ فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو ڕۆژە بە تێروتەسەلی باسی ئەم بابەتە کرا، دیارە وەکو زۆر لە برایان ئاماژەیان پێ کرد، یەکێك لە سیناریۆیەکان شەڕە، سیناریۆیەکی تریش هەیە، چونکە ئەوەی تا ئێستا گوێ بیستی دەبین تەنها شەڕ نییە کێشەکە یەك لا بکاتەوە، بەڵکو یەکێك لە سیناریۆیەکان شەڕە، لە ڕاستیدا هێشتا گومان هەیە لەوەی ئایا کە ڕژێم ئەو چەکە کۆکوژانەی کە دەڵێن هەیە یان نییە، لەو فەرەزنا هەیەتی ئایا فریای ئەوە دەکەوێ دەست بکاتەوە؟ یان دەست نەکاتەوە؟ وئەگەر فریاش کەوت وەکو دوێنێش ئاماژەم پێ کرد، لەو فەرەزنا فریاکەوت، دیسان تەئکید دەکەمەوە، (تکایە بێ دەنگی؟ جەنابی سەرۆك تکایە بێ دەنگی ڕابگیرێت.) باشە ئەگەر لە ئێمە بدات من لەو باوەڕەدا نیم کە وەکو هەندێ برادەر ئاماژە بەوە دەکەن، کە حساب بۆ کیلۆمەتر و بۆ ناوچە بکات، چونکە ئەگەر ئەو چەکانەی هەبێت حەتمەن ئەو چەکانەی ئەتوانێ ئاراستەی هەموو شوێنەکانی کوردستان بکات، نەك تەنها ناوی هەولێر و دهۆك بێت، دیارە ئێمە گەرمیانمان لەبیر کردووە؟ کفری و کەلار و دەربەندی خانمان لەبیر کردووە، خۆ ئەوانیش لەسەر سنوورن ئەگەر وابێت، ئەگەر هێرشی سەربازی بکات، لەشکر کێشی بکات، خۆ ئەو وەختە ئەوانیش لەسەر سنوورەکانن، چ فەرقێکی لەگەڵ هەولێر و دهۆك هەیە؟ یان چ فەرقێکی لەگەڵ ناوچەکانی تر هەیە؟ ئەگەر خۆ چەکە کۆکوژەکانیشی هەبێت، حەتمەن هیچ حساب نە بۆ تەزاریس دەکات، نە دووری و نزیکی ناوچەکان ناکات، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئێستا ئەوەی کە باس کرا پشتیوانمان هەیە، ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ بەبێ پشتیوان لە کۆڕێی خۆڕاگر، قارەمانانە پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان خۆیان ڕاگرت، چووە تاریخەوە، یەعنی مەعقولە ئێستا واز لە هەموو شتێك بێنین، دەبێ خۆمان ئامادە بکەین دەبێ چۆن فریای خۆمان بکەوین، دیسانەوە وەکو چۆن بەداخەوە ڕاپەڕین کرا بە دەرپەڕین، هەموومان دەرپەڕین ئەوە شتێکی خراپە، بەم شێوەیە تەبعەن ئەوە مانای ئەوە نییە لێمان نادات و نابێت هیچ حسابێك بکەین، ئەوەی هەردوو ئیدارە کردوویەتی جێگای ڕێزوتەقدیرە، کە خەمخۆرن بۆ ئەوەی کەوا شتی سامناك ڕوو نەدات، ئەگەر ڕوویدا خوانەخواستە فریاکەون ئەمە شتێکی زۆر زۆر گەورەیە، بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێت، خۆ ئەگەر واش بێت باشە هەولێرو دهۆك دەکەونە سەر هێڵی (٣٦)ەوە من نامەوێت بەم شێوەیە تەعامول لەگەڵ شتەکان بکرێت، ئەوراق هەموو تێکەڵاو نەکرین، یاخود ڕاستییەکان وەکو خۆی بگوترێت باشترە، هەم خەمخۆری هەموومان بۆ ئەوەی فیعلەن هەموومان لە مەترسی داین، هەم لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان چۆن بەرەنگار بینەوە ئەگەر بوو، قسەکانمان بەم ئیتجاهە بێت، نەك تەنها بۆ دەڵنەوایی کردنەوە، دڵ نەوای کردنەوە بەتەنها دادی ئێمە نادات، ئەو پێشنیارەی کە کاك سیروان کردی زۆر لە جێگای خۆیەتی، داوا بکرێت پێش هەموو شتێك ئێمە بیکەین بە بڕیار وەکو پەرلەمان، بڕیارێك لێرە هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە لەکاتی ڕووداوەکان لێرە بن، بۆ ئەوەی حازر بین بۆ هەر بڕیارێك کە وەریبگرین، چونکە تەنها دەزگای شەرعییە لە کوردستاندا. دووش داوا لە بەرپرسانی حکومی بکرێت ئەوانیش لە جێگای خۆیان بن، لە جێگای کارەکانی خۆیان بن، ئەی چۆن ئێمە دڵنەوایی خەڵك بدەینەوە؟ من ئەوە بوو

تێبینیـیەکانم، هیوادارم ئـەو برایەی ئەگەر ئەو قسەی هەبێت، کاك سەعدی ئەگەر قسەت هەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس کـاك د.ناصح، فەرموو کاك سەعدی، ئیتر ئەوە دوا کەسە کە لەم بارەیەوە قسە بکات، پـاش ئـەوە پشوییێکمان هەیـە تـا سـەعات (١٢,٥) ئەو کاتەش کاك کەریم سنجاری جا دەفەرموویێت وەڵامی ئەم پرسیار و سەرنج و تێبینییانە دەداتەوە، فەموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جـارێکی تـریش زۆر سوپاسـی کـاك کـەریم سـنجاری دەکەین، وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر بۆ پێشکەش کـردنی ڕاپۆرتەکەی، وەکـو دەبیـنن ئـەندامانی پەرلەمان بە پڕ لە گیانێکی لێبوردنەوە موناقەشـەیەکی جدی و پێشـنیاری لـە جێ و بەسوودیان کرد بۆ هەموو ئەم کێشانەی کە هاتۆتە پـێش، من پێم وایە ئەوەی کە لێرە جێی تەئکید لەسەر کردنەوەیە، ئەوەیە کە بابەتی ڕاگەیاندن وەکـو دەسـەڵاتی چـوارەمە وەکو کاك کەریمیش فەرمووی، دەڵێ دەوری خۆی ببێنێت و، ئەندامانی پەرلەمانـیش هـەر کەسـە بـۆ ناوچـەکانی خـۆی، پێویسـتە وەکـو کادیرێکی پڕ مەعلومات و شارەزا سـەردانی خـەڵك بکـەن و، ئـەو تەعلیماتانەی کـە دەردەچـن هاوکـات لەگـەڵ وەزارەتـە پـەیوەندی دارەکان هاوکـار لەگـەڵ لیژنەکان هاوکارییان بکەن و، ئەندامانی پەرلەمان تەنها لەو کۆبوونەوەیە حەقـیان نـیـیە گـوێ لـە وەزیـری داخلـی ڕاگـرن، ئـەندامانی پەرلـەمان لـێرەوە تـا ڕووداو دەقـەومێ، ئەرکەکانیشیان ئەوەیـە هـەموو لەحـزەیەك بیانەوێت دەتوانـن سەردانی هەم وەزیری داخلـی، کـە سـەرۆکی ئـەم لـیژنەی بـەگژا چـوونەوەی ئـەوەی ئەگـەری هینەکەیە و، هەم وەزارەتە پـەیوەندی دارەکـان بکـەن بـۆ زانـیاری زیاتـر بـۆ ئـەوەی بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕابگەیەنن، ئێمە کە دەڵێین ئەگەر یەکێك لە ئەگەرەکان لەو ئەگەرانەی کە دێنە پێشێ، ئەگەر سیناریۆی شەڕ هەبێت، لـە بابـەتی ڕژێمـی عێراق باشترین کورد ئەو کوردەیە کە دەمێکە مردووە، کوردی زیندوو نییە بۆ ئـەو بـاش بێـت، بۆیـە هـەموو کـون و قوژبـن و ملـیمەترێکی کوردسـتان هەدەفـە، ئـەوە ئـەو بەرنامەیـەی کە داشنراوە، ئەو بەرنامەیە بۆ هەموو کوردستان دانراوە، باسی ئەوە نەکراوە چەند ملـیمەتر لـە سنوور وچـەند ملـیمەتر لـە دووری سنووە، ئـێمە لـێرە ئێسـتا وەزیفـەمان ئەوەیـە، پرسیار لـە وەزیـری نـاوخۆی هەر دوو ئیدارە بکەین بۆ ئەوەی چ پێداویستیەکیان ئامادە کردووە، نـەك ئێسـتا ئـێمە خۆمـان مشەوەش بکەین، کێ چی وتووە، هەر کەسە تەعبیر لە بۆچوونی خۆی بکات، کـە ئـەو بۆچـوونە لـە نـاو پەرلەمان ڕای خۆی دەڵێت، جا ئەگەر یـەکێك پێی وایە خۆی پێ مـەحفوزە بـا هـیچ ئیحتـیار نـەکات، وەکو شەخص ئەگەر پێی وایە مەحفوزە، من پێم وایە گردی سەرچنار مـەحفوز نـیـیە؟ ئەگـەر یەکێك پـێی وایـە مـەحفوزە بـا ئیحتیات وەرنەگرێ، بەڵام ئەم سووربوونەوەی جەنابت تێناگەم؟ وەزیری ناوخۆ دەبێت سووربێتەوە، ئەو بەرپرسە لە ئیحتیات وەرگـرتن، ئـێمە وەزیفـەمان ئەوەیـە هاوکـار بـین لـە مەسئولییەتەکە، هاوکـار بـین لـە پشتیوانی ئـەوان، بەبێ درێغی. مەسەلەی سێیەم ئەوەیە، دیارە بووەتە داخوازیەکی گشتی مەسەلەی ڕاپۆرت

نووسینی پەرلەمان بۆ هەموو لایەك، وەخت زۆر نەماوە ئەگەر نیازمان وایە دەبێت دانیشین سیاغەی بکەین و بینێرین، ئەویش بەڕێگای عاجل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەکەین، ئێستا پشوویەك دەدەین تا سەعات (١٢,٥) ئەو کاتە کاك کەریم دەفەرموویێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، سوپاس.

پاش پشوو.......

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم هەر کەسە لە شوێنی خۆی دابنیشێت، تکایە لە کاتی قسە کردنیشدا، ئەگەر یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکان قسەی کرد، ئەوانەی دانیشتوون لەگەڵ یەکتریدا قسە نەکەن و، بەڵکو گوێ بگرن، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەی پێشوومان بۆ تەواو کردنی خاڵی یەکەم، لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کە پێشکەشمان کردن، با بەڕێز کەریم سنجاری بفەرموویێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و، هەروەها سەرنج و تێبینیەکانی خۆی پێشکەش بکات، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بێ پایان پێشکەش بە برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بەڕاستی تێبینی چاکیان هەبوو، ئێمە بێ شەك ئیستیفادەیەکی باش وەکو هەردوو ئیدارە لەو تێبینیانە دەکەین، دائیمەن چەند تێبینی و شت لەسەر پلان و ئەوانە هەبێت، ئیستیفادەی زیاتر دەبێت و، ئێمە بێگومان دەیخەینە بەرنامەی کاری خۆمان و، ئیستیفادەیەکی باشی لێ دەکەین، هەندێ برادەر چەند ئیستیفسارێکیان هەبوو، تەبیعی ئیستیفسارەکانیش ئەوەندە زۆر نین، بەڵام هەندێ برادەر خەمی ئەوەیان بوو، کە دەبێت ئێمە وەکو دوو ئیدارە زیاتر هاوکاری یەکتر بکەین و، بە یەکەوە ئیش بکەین و، دەبوایە ئێمە وەکو وەزیری ناوخۆی هەردوو ئیدارە بە یەکەوە بین، تەبیعی نە من، نە کاك فەریدون بەڕاستی لاریمان نەبوو بە یەکەوە بێین بۆ پەرلەمان، چونکە من و کاك فەریدون لەسەر هەموو شتێك موتتەفیق بووین، دیراسەتمان کردووە، پێکەوە ئاڵوگۆڕی رەئیمان کردووە، بەڵام لەبەر هەندێ مەسەلەی هونەری، وای لێ کردین بە یەکەوە نەبین، هەر وەختێکیش بتانەوێ بێین، ئێمە ئامادەین بە یەکەوە بێین بۆ پەرلەمان، هیچ موشکیلەمان نییە و، دڵنیاشتان دەکەین، کە ئێمە هەردوو لامان، هەردوو ئیدارە، تەبیعی نەك هەردوو وەزارەتی ناوخۆ، کە وەکو لیژنەی باڵای فریاکەوتن، لەگەڵ هەردوو لیژنەکە ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە، وەزارەتی تەندروستی و، وەزارەتی مرۆڤایەتی و، وەزارەتەکانی تریش بەشدار بوونە و، لیژنەی موشتەرەکیشیان دروست کردووە، وەزارەتی تەندروستی بە یەکەوە لەگەڵ (WHO)، لەگەڵ مونەزەماتی تر قسەیان کردووە، وەزارەتی مرۆڤایەتی هی هەردوولا لەگەڵ مونەزەمات بە یەکەوە قسەیان کردووەو، بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەوە و، ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی زۆر کورت

و نزیکشدا دیسان به یەکەوە دادەنیشین، ئەو تێبینیانەی ئێوە کە لێرە وەرمانگرتووە بە یەکەوە دیراسەی دەکەین و، ئیزافەی دەکەین بۆ پلانی هەردوولامان، برایەکی بەڕێز باسی ئەوەی کرد کە بەشداری وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردەی هەبێت، یەعنی پلانەکە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، تەبیعی ئێمە پێمان خۆشە هەموو وەزارەتەکان بەشداری بکەن بەڕاستی، بەنیسبەت وەزارەتی رۆشنبیری، تەبیعی ئێمە وەکو لیژنەی باڵا قسەمان کردووە و، ئیتیفاقمان کردووە، لەسەر ئەوەی لیژنەیەکی باڵای ئیعلامی بۆ هەردوولا دروست بکرێت، هەمووومان دەزانین ئیعلامی کوردستان، ئێستا زیاتر ئیعلامی حزبییە، ئیعلامی حکومی نییە، واقیعی بین، دوو کەناڵی سەتەلایتمان هەیە هی تەلەفزیۆن، یەکێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، یەکێکیش هی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، یەعنی ئیعلامی حزبی، لەبەر ئەوە ئیتیفاقمان کردووە لیژنەیەکی باڵا دروست بکرێت بۆ ئیعلام، کە ئیعلامێکی موەحەد بێت و، ئەمەش لە نوێنەری هەردوو راگەیاندن، هی هەردوو حزبەکە، لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری هی هەردوو ئیدارەکە، بە یەکەوە دانیشین و، پلانێك دابنێین بۆ ئیعلامێکی موشتەرەك و، هەروەها تەبیعی لەگەڵ ئیعلامی تریش قسان بکەین، چونکە حزبی تریش هەیە ئیعلامی هەیە، رۆژنامەی سەربەخۆی هەیە، ئینجا ئەوان وەکو لیژنەیەکی باڵای ئیعلام لەگەڵ ئەوانە قسە بکەن.

مامۆستایەك پرسیاری کرد لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە، تەبیعی وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتێکە کە بەرگری دەکات لە ئێمە، دژی هجومێك یان شتێك لە دەرەوەی کوردستان بێتە سەر کوردستان، ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارین لە کاری ئەمنی ناوەوە، بۆیە ئیشی دیفاع کردن لە هەرێمی کوردستان و لە حدودی هەرێمی کوردستان، ئەوە ئیشی وەزارەتی پێشمەرگەیە و، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە قسەمان کردووە، بەڵام ئەو شتە باوەڕ ناکەم کە بەرژەوەندی بێت، بۆ ئەوەی بیخەینە رووی ئیعلام و بڵاو بکرێتەوە، وەزارەتی پێشمەرگەی هەردوولامان، پێشمەرگە دێرینەکانی هەردوولامان ئیحتیاتاتی تەواوی خۆیان وەرگرتووە و، وابزانم ئامادەن بۆ دیفاع کردن لە خاکی کوردستان.

کە رەئی تورکیا سلبی بێت لەسەر ئەوەی کە کەمپەکان، ئێمە ئیدارەی بکەین، خەڵکی کوردستان، خەڵکی ئێمەیە، تەوەجوهی ئێمە ئەوەیە، کە خەڵکی ئێمە لە وڵاتی خۆی بمێنێت، ئێمە وا نەکەین کە خەڵکی ئێمە بچێتە دەرەوەی وڵات، ئاوارە ببێت جارێکی تر، ئینجا ئەوان بە کەیفی خۆیانە، چی دەکەن بە کەیفی خۆیانە، بەڵام ئێمە وەکو دوو ئیدارە ئیتیفاقیشمان لەسەر ئەوە کردووە، کە تەوەجوهی ئێمە ئەوەیە، کە خەڵکی ئێمە لە کوردستان بمێنێت و، ئێمە بەو ئیمکانیاتە زەعیفەی خۆمان ئیدارەی خەڵکی خۆمان بکەین و، هەروەها داوا لە دەرەوە، لە رێکخراوەکان، لە (UN)، لە وڵاتە هاوپەیمانەکان بکەین، کە هاوکاری ئێمە بکەن و، ئەو هاوکاریەش لە رێگای ئێمەوە، وەکو دوو ئیدارە بدرێتە خەڵکی کوردستان، یان لە رێگای (NGO)کانی ئەو وڵاتانە کە لە کوردستانن، هاوکاریەکە پێکەوە بە ئیتیفاق و بە تەنسیق لەگەڵ ئیدارە دابەش بکرێت و، ئیدارەی کەمپەکان بکرێت.

برایەك مەترسی هەبوو، کە هجوم بکرێتە سەر دهۆك و هەولێر، ئێمە وا بکەین کە شارەکان چۆڵ بکرێن، یەعنی پێشەکی شارەکان چۆڵ بکرێن، ئێمە تەبیعی وەکو لە من راپۆرتەکەش دیاریم کرد،

ئێمە پێویستە پێش هەموو شتێك موقاوەمە بكەین، دوو: ئێمە لەو پلانی خۆمان دامانناوە، هەموو ئەگەرەكان لە پلانی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر هاتوو كیمیاوی لێدرا، ئێمە چی بكەین، ئەگەر هاتوو هجومی بەڕی كرد، ئێمە چی بكەین، هەر شتێك لە كاتی خۆی هاتە پێش، ئێمە ئەو پلانە جێ بەجێ دەكەین، هیچ شتێكی موجیب نییە، ئێمە پێشەكی بە خەڵكی خۆمان بڵێین شارەكە چۆل بكەن، چ موجیبی هەیە؟

دووەم: من باوەڕ ناكەم شارەكانی كوردستان، ئەگەر بكەونە بەر هجوم، نە سلێمانی، نە هەولێر، نە دهۆك، نە شەقلاوە پارێزراو نابن، چونكە حكومەتی عێراق بەپێی قەراراتی (UN)، بۆی هەیە ساروخی مەدای تا (١٥٠) كیلۆ مەتر دروست بكات و، فعلەن ساروخی دروست كردووە، كە مەدای (١٥٠) كیلۆمەترە، كەواتە (١٥٠) كیلۆمەتر جەوی، ئەگەر عێراق ئەو فورسەتەی هەبێت بەكاری بێنێت، دەتوانێت بۆ هەموو شارەكانی بەكاری بێنێت، دەتوانێت بۆ هەموو شارەكانی ئێمەی بنێرێت و، شارەكانی ئێمە قەسف بكات، لەبیریشمان نەچێت، ئەم ناوچەیە پارێزراوە، ناوچەی هەرێمی كوردستان، لەناو خەتی (٣٦)، بەپێی ئیتیفاقێكی دەولی پارێزراوەو، ئێستا حیمایەت دەكرێت.

برای بەڕێزم كاك سەعدی شتێكی باس كرد، گوتی ئیحتیماله، یان نەك ئیحتیماله، لە قۆناغێكی تر قوات دەگاتە ناوچەكە، كە قوات گەیشتە ئێرە، خۆ ئەگەر دیفاع لە ئێمە نەكەن، دیفاع لەخۆیان دەكەن، ئەو قواتە وا ناكەن، ئەو رێگایە نادەن بە عێراق، ئەو سیلاحانە بەكار بێنێت، بەلام ئێمە دەبێت هەموو ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین، بۆ خراپترین ئیحتیمال، ئیحتیاتات وەربگرین، بۆ ئەوەی ئێمە لە كاتی پێویست ئەو پلانانەی كە هەمانە جێ بەجێی بكەین.

برایەكی بەڕێز باسی وەت وەتەی كرد، كەلیمەیەكی تازە بوو، بۆ خۆم فێر بووم، باسی ئیشاعە، (وتە وت)، كە رێكخراوەكان خەریكن بچنە دەرەوەو، تەبیعی ئێمە لەگەڵ هەموو رێكخراوەكان دانیشتین، رێكخراوەكانی (NGO) ئەوانەی ئینسانین، بە سەراحەت زۆربەیان بڕیاریان داوە لە كوردستان بمێننەوە و، كوردستان بەجێ نەهێڵن (NGO)یەكان، رێكخراوەكانی سەر بە (UN)، ئەوانەی كە وەكو دەڵێن سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكانن، ئەوەی كە تاكو ئێستا زانیومانە، ستافە نێو دەوڵەتیەكەیان دەڕوات، بەلام ستافی مەحللی وەكو خۆی دەمێنێت و، كاری هەمان رێكخراوەكە دەكات، یەعنی بۆ نموونە (WHO)، كە لە ستافی ئەجنەبیەكەیە دەڕوات، بەلام ستافە مەحللیەكەی كە لەوێ ئیش دەكات، ئەو دەمێنێت و، بە ئیشوكارەكانی خۆیان هەڵدەستن، ئەویش دەمێنێتەوە سەر كاتی وەزعەكە چی لێ دێت، ئەوان لە ئێمە باشتریش دەزانن شەڕەكە چۆن دەبێت، كەی دەبێت، چونكە ئێمە بەڕاستی نازانین كەی شەڕ دەست پێ دەكات.

برایەكی بەڕێز باسی ئەوەی كرد، كە بەرنامەی خۆراك بەرامبەر بە نەوت، قەراری (٩٨٦) بەردەوام بێت، پاش ئەوەی كە ئەگەر گۆڕانكاری لە رژێمیش كرا، ئێستا ئێمە بە هەردوو ئیدارەكە داوامان لە (UN) كرد، كە ئازووقەی زیاد بۆ خەڵكەكە تەوزیع بكەن، تەبیعی تا مانگی سێ ئەرزاقی هەموو كوردستان تەوزیع كراوە، جگە لە هەندێ مەنتیقە، داوامان كردووە، درێژ بكرێتەوە بۆ مانگی پێنجیش، یەعنی خەڵك ئەرزاقی ئیحتیاتی هەبێت تا مانگی پێنج، بۆ ئەوەی كە قەراری (٩٨٦) بەردەوام بێت پاش نەمانی رژێم، وابزانم هەمووتان گوێتان لە بڕیارەكانی

کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو، یەکێك لە بڕیارەکان ئەوە بوو، کە بەرنامەی (٩٨٦) بەردەوام بێت، پاش رووخانی رژێمیش، ئینجا ئینشائەڵلا ئەو قەرارە هەر دەمێنێت و بەردەوامیش دەبێت، چونکە فعلەن پاش رووخانی رژێمیش، ئێمە پێویستیمان بەو بڕیارە هەیە.
رادیۆ و تەلەفزیۆن بە خەڵك رابگەیێنن، ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەموو ئیعلام پشتگیریمان بکات و، بە هانای خەڵکەوە بچێت و ئیرشادات بدات بە خەڵك، ئێمە لەگەڵ ئەوەین و، هەروەها داوا لە گوندەکان بکەین ئیستیعابی خەڵك بکەن، ئەوە لە پلانی ئیعلامی هەردوو لامانە، یەکێك لە پلانەکانی ئیعلامی ئەوەیە، کە تەشجیعی خەڵك بکرێت بەرەو دێهات بچن، خەڵکی ناوچەی ئێمە، ئەگەر هاتوو لە جێگای خۆیان هەڵستان و، هەروەها تەشجیعی خەڵك بکرێت لە دێهاتەکان، کە ئیستیقبالیان بکەن و هاوکارییان بکەن.
خوشکێك پرسیاری کرد بەنیسبەت دەوائیر، کە دەوام بکەن یان دەوام نەکەن، تەبیعی ئەوە من ناتوانم قەراری ئەوە بدەم، ئەوە لیژنەی باڵای فریاکەوتن هی هەردوولا هەیە، ئەو کاتە بەپێی زرووف بڕیار دەدات چ دائیرەیەك دەوام بکات، چ دائیرەیەك دەوام نەکات، بەڵام دەوائیری خەدەمی من گرێنتیتان دەدەمێ هەموویان دەوام دەکەن، دەوائیری خەدەمی وەکو تەندروستییە و بەلەدییەیە، ئەم دەوائیرانە دەمێنێن.
برایەك باسی تەوعییەی کرد، تەوعیەی موسبەق، راستە تەوعیەی موسبەق دەبێت بکرێت، بەڵام ئەم تەوعیە، دەبێت وا بێت نەك خەڵکی خۆمان بترسێنێت، دەبێت خەڵکی خۆمان تەوعیە بکەین و، باسم کرد لە وەزارەتی تەندروستی بۆ نموونە کوڕاسێکیان دروست کردووە، چۆن خۆت دەپارێزیت لە ماددەی کیمیاوی؟ ئێمە لە داهاتوویەکی نزیك دەست پێ دەکەین، کە ئەمە بڵاو بکرێتەوە، بۆ نموونە بۆ (٦٨٥) کەس دەوراتی دیفاع مەدەنی کراوەتەوە، کە هەموویان لە ئیداراتی حکومی ئیش دەکەن، ئەمانە هەر یەك لە دائیرەی خۆی تەوعیەی خەڵك دەکەن و، چۆن ئەمە بکەن، هەروەها ئێستا لە زانکۆ لە رۆژی شەممە یان یەك شەممە دەوریەك دەست پێ دەکات، تەبیعی دیسان بۆ ئەوەیە، کە چۆن خەڵك خۆی بپارێزێ لە چەکی کیمیاوی و ئەوانە، ئەمە هەمووی دەکەوێتە خانێ تەوعیە، باسی سەییارات کرا لە هەولێر، کە هەشتا هەزار سەییارە هەیە، نەخێر لە هەولێر زیاتر لە سەد هەزار سەییارە هەیە، وا ژمارەکەت بۆ زیاد دەکەم، تەنها لە هەولێر نزیکەی سی هەزار تەکسیمان هەیە.
خوشکێك باسی ئیزگەیەکی سەرتانسەری کرد، تەبیعی ئەوە لیژنەی باڵای راگەیاندن ئەوان دەیکەن، ئێمە پێشنیارێکە دەیکەین و دەیخەینە بەردەمیان، ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن.
لیژنەیەك سەردانی رێکخراوە بیانیەکان بکات لە پەرلەمان، من پشتگیریی ئەو لیژنەیە دەکەم و، بەراستی پشتگیریی لەو پێشنیارە دەکەم، کە چەند لە برا پەرلەمانتارەکان زیاتر پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە بیانیەکان بکەن و، پەیوەندی لەگەڵ مونەزەمات بکەن، دەعمێکی زۆر زۆر باشە بۆ ئیدارەی هەردوو لامان، جا لەبەر ئەوە من پشتگیریی ئەو پێشنیارە دەکەم.
برایەکی بەڕێز باسی ئەوەی کرد کە حکومەت هانی خەڵك دەدات، کە بۆ سوریا و ئوردن بچن، تەبیعی کە وایە حکومەت نییەتەکی خراپی هەیە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، تەبیعی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باسی کرد، کە هیچ کاتێك رژێم نییەتی باش نەبووە بەرامبەر بە کوردستان

و، ناش بێت، ئەم رژێمەی ئێستا هەیە هەر وەختێك فورسەتێك ببینێت، ئەو زەربەی خۆی دەوەشێنێت، بەلآم ئێمەش مەعلوماتێکی بە پێچەوانەمان هەیە، کە عێراق بەتایبەتی لەشاری موصڵ و کەرکوك لیژنەی دروست کردووە، هەر ئەمین سرِی فرقەیەکی حزبی صەلاحیاتی رەئیس جمهوری داوەتێ، کە لە کاتی خۆی بجووڵێت و، قەراراتی پێویست بدات، تا دەگاتە حکومی ئیعدام، کە بۆی هەیە بیکات، لەگەڵ ئەوەش خەڵك تەوزیع دەکەن، بەرامبەر هەر دەرگای ماڵێك نەفەرێك دادەنێن، مەنع تەجولیش دەکەن، کەس نابێت بێتە دەرەوە، یەعنی ئەمەش شتێکی ترە، کە پێچەوانەی ئەوەیە کە خەڵك هان بدەن، خەڵك بهێڵن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بێتە دروعێکی بەشەری لەناو شارەکەدا، کە ئەگەر هاتوو سبەینێ شەرِ کەوتە ناو شارەکان، خەڵکی لێ بێت و هاوپەیمانەکان نەتوانن قەسفی شارەکانی عێراق بکەن، یەعنی ئەوەش هەیە، بەلآم وەکو گوتم لە خراپترین حالات، ئێمە دەبێت ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین، بۆ هەموو نەوعە رووداوێك کە دەبێت.

برادەرێك پرسیاری ئەوەی کرد کە چیمان کردووە، بۆ پاراستنی سەرو سامانی خەڵك؟

تەبیعی من باسم کرد، کە لیژنەی ئەمنیمان هەیە لە شارەکان و، لیژنەی ئەمنی شارەکان خوتتەی خۆی هەیە و، شارەکان دابەش کراون بەسەر کەرتەوە، یەعنی هەر شارێك وەکو هەولێر بۆ نموونە بۆ هەشت کەرتێ، یان بۆ دە کەرت دابەش کراوە، هەموو جیهازەکانی ئێمەی تێدایە، یەکێك لە واجیبە هەرە رەئیسی و سەرەکییەکان ئەوەیە، کە ماڵی خەڵك و سەروسامانی خەڵك بپارێزن، ئێمە رێگا نادەین جارێکی تر تالآن و شتی وا بکرێتەوە، بەراستی ئیجرائاتی توندی یاساییش دەکرێت بەرامبەر بەو خەڵکانەی کە ئیستغلالی ئەو فورسەتە دەکەن.

بۆ ئاوی خواردنەوە، گوندەکان موەلیدەکان لەسەر کانییەکان بۆ دانراوە، بە موەلیدەی گاز کار دەکات، تەبیعی بۆ ئاوی خواردنەوە من گوتم لە پلانەکە، ئێمە پلانی خۆمان داناوەو، ئینشائەڵلا وا ناکەین ئاوی خواردنەوە لە خەڵك ببرِێت و، بۆ دێهات، ئەو دێهاتانەی کە بە موەلیدات ئیش دەکات، بۆ هەمووی لە ئێستاوە ئیحتیاتاتی پێویست وەکو گازوایلمان بۆ داناوە، بۆ هەر دێیەك کە ماتۆری تیایە، یان موەلیدەی تیادایە، کە ئاو یان کارەبا دەداتە دێیەکە، ئێمە کەمیەیەکی ئیحتیاتاتمان بۆ داناوە، کە دەتوانێت بۆ ماوەیەك ئیش بکات و، ئەو کەمیە ئیحتیاتەی بۆ دانراوە دەستیشی لێ نادرێت ئێستا، دەبێت بمێنێت تەنها بۆ حالاتی فریاکەوتن.

باسی راگەیاندن و مێزگرد کرا، ئێمە وەکو گوتمان پلانی موشتەرەکی راگەیاندن دەست پێ دەکەین، بەلآم دائیمەن شت کە کاتی نەهاتووە و باست کرد، مەترسی لەلای خەڵك دروست دەکات، کە کاتی هات، ئەمە ئیعلام دەوری خۆی دەبینێت و، میزگردیش دەکرێت و، تەوزیحاتیش دەکرێت و تەعلیماتیش تەواو، بەس من داوایەکم لە ئێوە هەیە، ئێوە ئەندامی پەرلەمانن، ئێوە نوێنەری ئەو خەڵکەن، لە هەموو کەسێك زیاتر ئێوە تەماستان لەگەڵ خەڵك هەیە، داوا لە ئێوەش دەکەین و، رجاتان لێ دەکەین کە بە دەوری خۆتان هەڵسن، خەڵکەکە تێبگەیەنن کە تووشی سەرلێشیواوی نەبن.

مامۆستایەکی بەرِێز پرسیاری ئەوەی کرد، کە ئێمە ئەو خەڵکەمان دیت لە دەرەوەو یان عیلاقاتی ئێستا کە خەڵك دەیبینێت وەلآمیان چ بوو؟

ئەو مونەزەمات و ئەوە، هەموو مونەزەمات ئیستعدادی تەواویان پیشان داوە بۆ هاوکاری کردن، تا ئێستا کەسیان نەیان گوتووە نەخێر، بەلأم ئەوانیش بەرنامەی خۆیان هەیە، زۆربەی مونەزەمات کە مەوادی ئیحتیاتی دەهێنێت و لە ولأتێکی دراوسێدا دایدەنێت، دەڵێت من ناتوانم شتەکە بێنمە کوردستان تا کارەسات روو نەدات، کە روویدا ئەو کاتە دەبێتە جێگای کارەسات، من وەکو حاڵەتێکی فریاکەوتن، دەتوانم شتەکان بێنم بۆ ئێرەو ئەو وەختە لەگەڵ ئێوە تەنسیق بکەین، خەڵکی تریش وەعدی داوە، کە بمان پارێزێت، ئێمە لە خەتی(٣٦)ین دەمان پارێزن و، دیفاعیشمان لێ دەکەن، ئەو وەعدانە هەمووی هەیە.

دەوری وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئیسلامی، ئێمە هەمیشە دەوری ئەوانمان بە بالأو بەرزمان داناوە، داواش دەکەین ئەوانیش دەوری خۆیان ببینن، فعلەن مامۆستایانی ئاینی دەتوانن لە مزگەوتەکان دەورێکی زۆر بالأ ببینن و، ئێمە فعلەن لەگەڵ کاک فەرەیدون موناقەشەی دەکەین و، پلانێك دادەنێین لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان، ئێمە دەست پێ بکەین چۆن پلانێك دابنێین، ئەوانیش دەوری خۆیان ببینن، ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆی موشاغەبە و ئەوانە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت، بێ شەك کە یەکێك ببێتە هۆی موشاغەبە و سەر لێ شێواندنی خەڵك، لیژنەی فریاکەوتن ئیجرائاتی یاسایی خۆی دەکات و، ناهێڵێت ئەوانە بە سەلامەتی دەرباز بن، ئیجرائاتی یاسایی بەپێی یاسا، ئێمە ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین، دەربارەی ئۆردوگاکان لە دەرەوەی کوردستان، هەندێ برادەر باسی ئەوەیان کرد، ئێمە هەر کەسێك کە بینوومانە بە هەردوو ئیدارە کە وەفدی موشتەرەك بووینە، یان بە تەنیا تەئکیدیمان کردووە، کە ئێمە نامانەوێت هیچ کەمپێك لە دەرەوەی کوردستان دروست بکرێت بۆ ئێمە، ئێمە هەر شتێك بێت، دەمانەوێت لەناو ولأتەکەی خۆمان بێت، ئێمە دەتوانین ئیدارەی خەڵکی خۆمان بکەین، کەمپەکان لەناو کوردستان دروست بکرێن و، لە ژێر ئیشرافی ئیدارەی ئێمەدا بێت و، بە هاوکاری ئەوان، هەر هاوکاریەکیان هەیە، دەتوانن بەرێگای ئیدارەی ئێمە، یان بە رێگای ئیدارەی (NGO )کان سەربەخۆیان بۆ ئێمە بێنن، ئێمە هەمیشە دژی ئەوە بووینە کە ئۆردوگا لە دەرەوەی کوردستان بکرێت، تەبیعی ئێمە لەکاتی روودان، ئەگەر هاتوو روویدا، ئێمە دەزگاکانی راگەیاندن تەوجیهیشیان دەکەین کە چۆن تەوجیهی خەڵکی ئێمە بکەن، بۆ کوێ بچن و، چۆن بچن و، چ بکەن، مەسەلەی بازاڕ و خواردەمەنی برادەرێك باسی کرد، وابزانم ئێستا بازاڕ لە هەردوو ئیدارە کۆنترۆڵ کراوە، کۆنترۆڵێکی باشیش کراوە، ئەسعاریش باش هاتۆتە خوارێ و، ئێمە بەردەوام دەبین و، موراقەبەیەکی چاك دەکەین و، ئەسعارەکە ناهێڵین بەرز بێتەوەو، ئەوانەی کە ئیستغلالی زرووفێکی طوارئی بکەن، ئێمە ئیجرائاتی توندیان لەگەڵدا دەکەین.

برایەك باسی ئەوەی کرد لە کاتی ئەزمەدا نانەواخانە کراوە بێت، ئەمە شتێکی زۆر تەبیعییە، نانەواخانە کراوە دەبێت، دوکانی تریش کراوە دەبێت، ئێمە ئەوەی پێمان بکرێت وا ناکەین کەس دوکانی خۆی قەپات بکات، ئەوەی پێمان بکرێت.

برایەك باسی ئەوەی کرد کە کەمپەکان لە قۆناغی پلان داناندان و یان جێ بەجێ کراون، ئێمە بەنیسبەت کەمپەکان، تەبیعی جێگاکە دەست نیشان کراوە، تەخطیط کراوە، کە چۆن بکرێت ئەو کەمپە، ئەگەر جێگایەك رێگاوبانێکی پێویست بوو، رێگامان بۆ دروست کردووە، موستەشفای

بەدیلمان بۆ حازر کردووە، موەلیدەی کارەبامان بۆ حازر کردووە، تانکەری ئاومان بۆ حازر کردوون، ئەم شتانە ئێمە حازرمان کردووە، شتی تر جارێك عەجەلەی لێ ناکەین، ئەمە شتە زەرورییەکەیە، کە هاتوو شتەکە روویداو، بوو بە فعلی، ئەوە ئەو وەختە ئێمە شتی پتر دەکەین، تەبیعی سووتەمەنی ئیحتیاتمان وەرگرتووە، ئەرزاقی ئیحتیاتیشمان وەرگرتووە، بەپێی ئیمکانی خۆمان وەکو ئیدارە.

برایەکی بەڕێز باسی ئەوەی کرد کە تەقدیمی هەردوو راپۆرتە بکرێت، تەبیعی ئەوە شتێکی باشە، ئێمەش هەردووکمان، وەکو دوو ئیدارە بەیەکەوە دادەنیشین و، راپۆرتەکەی خۆمان تەوحید دەکەین و، کەموکوری لە کام لا هەبوو، هەوڵ دەدەین ئەو کەموکورِیانە پڕ بکرێنەوە، بۆ هەردوو ئیدارە بودجەیەکی تایبەتی دابنرێت، ئەوە پێشنیارێکی زۆر زۆر باشە، ئێمە چەند مەمنوون دەبین پیشتگیریمان بکەن لەسەر ئەوە، ئەوە موختەسەری وەڵامی پرسیارەکان بوو، من لێرە لە کۆتاییدا ئێوەش دڵنیا دەکەین و، لەرێگای ئێوە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دڵنیا دەکەین، کە بەپێی ئیمکانیاتی خۆمان ئیحتیاتاتی پێویستمان وەرگرتووە و، پلانی پێویستمان بۆ خۆمان داناوەو، لە جیاتی خۆم و کاك فەرەیدون دەڵێم، دەرگای هەردوو وەزارەتی ناوخۆ کراوەیە، بۆ ئێوەی بەڕێز، هەر کاتێك دێن، ئێمە ئامادەین، هەروەها لیژنەی باڵای فریاکەوتنیش، هی هەردوولا هەر کاتێك بتانەوێت فەرموون ئێمە لە خزمەتتان داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاك کەریم دەکەین، بۆ ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کردین، بۆ وەڵامی روونکردنەوەکانی، کە بەسەر یەکەوە لەگەڵ روونکردنەوەو وەڵامی راپۆرتەکەی دوێنێی کاك فەرەیدون، ئێمەیان دڵنیا کرد لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەردوو ئیدارەکەیەوە، ئەوەندەی کراوە لەسەر ئاستی ناوەوەو ئاستی دەرەوە ئامادەکاریان کردووە، بۆ بەرەو روو بەڕوو بوونەوەی ئەگەرەکان، ئێمە زۆر زۆر سوپاسیان دەکەین، وەکو پەرلەمانی کوردستانیش ئامادەین بۆ هەموو کار ئاسانیەك لەهەموو بوارەکاندا لەرووی سیاسیەوە و لەرووی کۆمەڵایەتییەوەو راگەیاندنەوە، کەوا هەموو هاوکاری و کارئاساینیەکیان بۆ بکەین و، هەر یەکەمان لە شوێنی خۆی بتوانێت دەوری خۆی ببینێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کەوا بەرەو روویان دەبێتەوە، یەك مەسەلەش هەیە من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، کە لەگەڵ ئەو پرۆژانە، لەگەڵ ئەو ئامادەکاریانە، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین بچینە ناو ئاوارەکانەوە، ئەو ئاوارانەی، کەوا لە شوێنەکانی خۆیاندا دەربەدەر کراون، لەو شوێنانەی کەوا لە ژێر دەستەڵاتی رژێمن، کە ئەوان خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، نەك بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئەو ئاوارانە لەجیاتی ئەوەی کەم بکەینەوە زیادی بکەین و بەرەو سنوورەکان برۆن، ئەوە ئەرکێکی نیشتمانیی زۆر گەورەیە دەکەوێتە سەرشانی هەمووومان و، من بەش بەحاڵی خۆم گەش بینم لەوەی کەوا ئەو ئەگەرە دێتە پێشەوە، کە ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ شوێنەوارەکانی خۆیان، نەك ئاوارەی نوێ بێتە پێشەوەو بەرەو سنوورەکان برۆن، زۆر زۆر سوپاسی کاك کەریم دەکەین و، جارێکی تر و، ئینجا ئێستا چۆن خۆی حەز دەکات با وا لەگەڵمان بمێنێتەوە یان ئازادە لەوەی کە خۆی بڕیار بدات.

**بەڕێزان:**

ئێستا وەکو لە بەرنامەکەماندا هەیە، دێینە سەر خاڵی دووەم، کە پرۆژەیەکە لەبارەی کرێی خانووبەرەوە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن هەردوو ئیدارەکەوە ئامادە کراوە، واتا لە دارایی هەردوو ئیدارەکەوە، ئینجا بۆ ئەوەی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە نەڕۆین و، زۆر کاتمان لێ نەگرێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی پێشنیازمان ئەوەیە، کەوا پرۆژەکە جارێکی تر بخوێنرێتەوە لە لایەن لیژنەی داراییەوە، لە لایەن لێپرسراوی لیژنەی داراییەوە و، دوو کەس لە لیژنەی یاسایی لەو بارەیەوە قسە بکات و، ئیتر بخرێتە دەنگدان و، ئەگەر ئەندامێکی بەڕێز پرسیارێك یان لێکۆڵینەوەیەك، یان سەرنج و تێبینیەکی هەبوو، دەتوانێت لە ڕێگای سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە، ئەو قسەیە بکات، ئێستا با سەرۆکی لیژنەی دارایی بفەرموویتە ئێرە جارێکی تر پرۆژەکە پێشکەش بکات، کە دوێنێ خوێندنەوەی بەرایی پێشکەش کرا، دوو ئەندامی یاساییش با بفەرموون بۆ ئێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسایی بفەرموون پرۆژەکە بە تەواوی جارێکی تر پێشکەش بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً الى الأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / إصدار القرار الاتي:

يخول رئيس مجلس الوزراء الصلاحيات التالية:

أولاً: اعادة النظر بالتخفيض والزيادة في بدلات الإيجار للعقارات المؤجرة ضمن حدود البلديات بما يتلاءم والظروف الاقتصادية في الاقليم.

ثانياً: يستثنى من أحكام الفقرة الأولى العقارات المعدة للسكن والمبنية حديثاً وأكتمل بناؤها في ١/١/ ٢٠٠٣.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: يخول وزارة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فؤاد/ رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق:**

لیژنەی دارایی بفەرموویت بۆ ئەوەی بیرو رای خۆیان دەرببڕن.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**كوردستان ـ اربيل**

**لجنه الشؤون الماليه والاقتصاديه**

**العدد: ج/٤**

**التأريخ:٢٠٠٣/٢/٥**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ بدلات الإيجار**

**تحية واحتراماً**

**اجتمعت لجنتنا هذا اليوم ٢٠٠٣/٢/٥ بعد الظهر لدراسة ومناقشة مشروع قرار تخويل رئيس مجلس الوزراء صلاحية إعادة النظر في بدلات الإيجار للعقارات ضمن حدود البلديات بما يتلائم والظروف الاقتصادية في الاقليم..**

**وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع القرار بشكل عام مع الأخذ بنظر الإعتبار توصيتنا التالية:**

**الفقرة (ثانياً): حذف عبارة (المعدة للسكن) من هذه الفقرة وإضافة كلمة (وبعدها) في نهاية الفقرة نفسها، هذا ولكم الامر.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی با ئەوانیش بیرو رای خۆیان دەببڕن.

**بەڕێز احمد شريف علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

**كوردستان ـ هەولێر**

**لیژنەی كاروباری یاسایی**

**ژمارە: ٢**

**بەروار: ٢٠٠٣/٢/٦**

بۆ/ بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

رای لیژنەكەمان لەسەر پرۆژەی بڕیاری پێداچوونەوەی كرێی خانووبەرە بەم جۆرەیە:

یەکەم: ئێمە لە بنەڕەتەوە بەباشی نازانین لە ئێستادا مەسەلەی کرێی خانووبەرە دەسکاری بکرێ.

دووەم: ئەگەر بشکرێ چاکتر وایە لە رێی لیژنەکانی خەملاندنەوە بێ، کە لە قانونی باجی خانووبەرەدا باسی کراوە.

سێیەم: دیسان ئەگەر بشکرێ دەبێ قانونی کرێی خانووبەرەی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەموار بکرێ نەك بە بڕیارێکی لەو بابەتەی لە پڕۆژەکە دایە.

**لەگەڵ رێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە لیژنەی یاسایی بیرو رای خۆی باس کرد لەو بارەیەوە، با ئەو بڕگەیە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و، بخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا بڕگە بە بڕگە دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یخول رئیس مجلس الوزراء الصلاحیات التالیة:

أولاً: اعادة النظر بالتخفیض والزیادة في بدلات الإیجار للعقارات المؤجرة ضمن حدود البلدیات بما یتلاءم والظروف الاقتصادیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو بارەیەوە هیچ کەسێك تێبینیەکی هەیە، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەشروعی قەرارێکە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بۆ دەستکاری کردنی کرێی خانووبەرە، بەرز کردنی یان نزم کردنی، لیژنەی دارایی پیشتیوانی دەکات لەگەڵ گۆڕانکاریەکی بچووك، لیژنەی یاسایی سێ پێشنیاری کردووە، کە ئەگەر بکرێت پێویستە ئەصڵی ئەو قانونە دەستکاری بکرێت قانونی ژمارە (٨٧) لە ساڵی ١٩٧٩، یان لیژنەی تەخمین پێشترێ حاڵەت بە حاڵەت دیراسەی بکات و هەڵی سەنگێنێ، ئێستا ئەگەر ئێمە ئەو پێشنیارەی ئەنجومەنی وەزیرانمان بەو شێوەیە وەرگرت کە هاتووەو، بڕگە بە بڕگە گفتوگۆمان لەسەر کرد و، بڕیارمان لەسەر دا، ئێمە تەخویلی دەکەین، کە بە نەزەری لیژنەی قانونی ئەم تەخویلە، رەنگە حاڵی حازر بە قازانج نەبێ، من ئەمڕۆ بڕیاردانم، پێ لەسەردانم بۆ ئەم پڕۆژەیە باش نییە، پێم وایە زیاترلێی بکۆڵینەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کێی تر هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات، فەرموو کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن كانبى خدر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من ئەو پرۆژەیە كە داوای ئیعادەی نەزەر دەكات بۆ بەرز و نزم بوونەوەی كرێی خانووبەرە، بە تاوانی دەزانم كە قانونی پەرلەمان هیچ نەصێكی تێدا نییە، كە پەرلەمان تەنازول لە حەقی خۆی بكات، بیداتە جیهەتێكی تر، ئەو جیهەتەش كە مەجلیسی تەنفیزییە، چونكە لێرە دەڵێت بە تەعاروز، یەعنی مانای وایە سوڵتەی تەنفیزی تەدەخول بە صەلاحیەتی پەرلەمان دەكات، ئەوە جائیز نییە، بەگوێرەی دەستوور، هەتا ئەگەر بڵێن ئێمە دەستوورمان نییە، بەڵام عورف و عاداتی دوەل هەیە، كە لەسەر نیزامی دیموكراتیەت دەڕوات، پەرلەمانی هیچ دەوڵەتێك نییە واز لە صەلاحیەتی خۆی بێنێ و تەنازول بە صەلاحیەتی خۆی بكات، بیداتە سوڵتەی قەزائی یان بیداتە سوڵتەی تەنفیزی، چونكە ئەوە خەرقی قانونە، پاشان قانونی عەقدی ئیجار سەریحە و وازیحە، دەتوانرێت تەتبیق بكرێت و هەقی هەر كەسێكی تێدا زیكر كراوە (موستەئجیرو موئەجیر) ئێمە ئەگەر دیفاع لەسەر موستەئجیر بكەین، دەبێت دیفاعیش لە موئەجیر بكەین، هەردوولا بە یەك چاو تەماشا بكەین، قانون سەریحە، لێرە مەجلیسی وزەرا یان وەزیری دارایی دەتوانێت، چ شتێك بە خەیاڵی باش نییە، دەری بێنێ و موناقەشەی بكات و دیراسەتی بكات و رەفعی بكات بۆ مەجلیسی وزەرا موناقەشەیەكی تەواوی لەسەر بكات، ئینجا بیداتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، یان دە ئەندام لە پەرلەمان لائیحە تەقدیم بكەن، ئەو شتی كە باش نییە، لە قانونی ئیجار دەری بێنێ و موناقەشەی خۆی لەسەر بكات و، بڕیاری لەسەر بدات، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك فەلەكەدین.

**بەڕێز فلك الدين صابر كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دەبێت لە گفتوگۆدا دەربارەی ئەم پێشنیارە، مەسەلەی ئەساسیمان لەبیر نەچێت، بەڵێ ئەگەر پێویستە ئەوە لە پەرلەمان دەربچێت، با لە پەرلەمان دەربچێت، قانونەكە بە سوڵتەی پەرلەمان بێت، با لە پەرلەمان دەربچێت، بەڵام مەسەلە ئەساسییەكە مەسەلەی كرێی خانووە، لەم گفتوگۆیانە با مەسەلەی ئەساسی لەبیر نەچێت، ئەویش ئەوەیە ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتیان كرێچین، ژمارەیەكی زۆر لە هاووڵاتیان لە هەرێمدا كرێچین، من ناڵێم باری موستەئجیر بخەینە سەر باری موئەجیر، بەڵام موستەئجیر مەزڵومە، موستەئجیر لەم وڵاتە توێژێكی زۆرە و، هەژارترین كەسی ئەم كوردستانەن، كە نیسبەتی هەژاری لە كوردستاندا، بەپێی ئاماری یونسكۆ لە (٦٠٪) زیاترە، رەنگە كرێچیمان لەو نیسبەتە زیاتریش بێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت وەكو پەرلەمان پشتگیریی كرێچی بكەین، نەك بە مانای شكاندنی موستەئجیر، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت و، هەلومەرجی ئابووری ئەمرۆی كوردستانمان لەبەر چاو بگیرێت، ئێستا نرخی زۆر شت شكاوە و، وەزعی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەك هەتا مەسەلەی شكاندنی پارەشی تێدایە، بەڵام ئەگەر ئێمە بهێڵین مەسەلەی كرێی خانووبەرە وا بمێنێتەوە، لەبەر هەر هۆیەك

بێت، باشە ئەگەر قانونی بێت با پەرلەمان قانون دەربکات، ئەوە موشکیلەی ئەساسی نییە، موشکیلەی شەکلییە، موشکیلەی ئەساسی ئەوەیە ئایا ئێمەی پەرلەمانتار پشتگیریی کرێچی دەکەین؟ ئایا هەندێ ئەرك لەسەر کرێچی کەم دەکەینەوە؟ ئەمە پرسیاری ئەساسییە، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارەی کە کرا، ببوورن ئەم پێشنیارەی کە درا لەو روانگەیەوە بوو، کەوا بۆ تەوازنی ژیان تا رادەیەك عەدالەت پەیدا ببێت، ئەوەیە کەوا کرێ کەم بکرێتەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان، جا ئێمە دەبێت وەك گوتم من هیچم لەوەدا نییە، یەعنی ئایا ئەمە لە صەلاحیەتی پەرلەمانە، یان سوڵتەی قەزاییە، یان سوڵتەی تەنفیزییە، من دەڵێم چی دەکرێت بەپێی قانون بکرێت، بەڵام جەوهەری مەسەلەکەمان هەمیشە لەبەر چاو بێت، کە ئەمە بە مەبەستی گرانی لەسەر ئەو توێژە هەژارە کرێچین، کەوا زۆریش دەناڵێنن بە دەست کرێچییەوە، ئەصڵی پێشنیارەکە وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خۆی باس بکرێت، ئەمجارە ئەگەر بکرێتە قانون و، باسی بکرێت، بەڵام فیکرە ئەصڵیەکە موحافەزە بکرێت و بخرێتە گفتوگۆ و، یان ئەگەر بەشێوەی تر دەتوانن تەحدید بکرێت لە ناحیەی قانونی، لەویش لاریمان نییە، بەڵام بەزووترین کات ئەو باسە بکرێت و، هەموو کوردستان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پرۆژەی کە هاتووە بۆمان، پرۆژەیەکە لەبارێکی تایبەتی دایە، لە بارودۆخی ئەمڕۆ و، ئەوەی کە پێشنیاریش کراوە بۆ ماوەیەکی کاتییە، هەمووشمان دەزانین نرخی دینار بەرامبەر بە دراوەکانی تر بەرز بۆتەوە، لە بازاڕیش کەم بووەو تەئسیری لە مووچەی هاووڵاتیانیش کردووە، مووچەی هاووڵاتیانیش بەم ئەندازەییە کەم بۆتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە تەبعەن وەکو کاك فەلەکیش ئاماژەی پێ کرد، ئەمە لە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکە، بەتایبەتی لە بەرژەوەندی چینی هەژار و کەم دەرامەتەکانە، کەواتە لەم بارودۆخەدا پێویستە ئێمە پشتگیریی ئەم جۆرە هەنگاوانە بکەین و، عەمەلیەنیش حەز دەکەم بزانن، ئەوەندەی من بیستوومە لە هەندێ شوێن جێ بەجێ کراوە، کە جێ بەجێ کراوە، بۆچی نەبێتە شێوەیەکی یاسایی؟ بۆ ئەو بڕیارە نەبێتە بڕیارێکی عەمەلی و یاسایی و شەرعیەتی خۆی وەربگرێت بۆ ماوەیەکی کاتی؟ ئینجا ئەگەر ئیشکال لەوەیە هەموار بکرێت یاسای (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩، یان شتێکی تر ئەوەی ئەوان باسیان کردووە، ئەوە ئیشکالێکی ترە، بەڵام رەفەز بکرێت، من پێم وایە ئەوە شتێکی باش نییە، بەتایبەتی بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ، بۆیە بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئێمە ئەو پێشنیارە پەسند دەکەین، ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، هیوادارم ئەگەر خەلەلێك لە لایەنە یاساییەکەدا هەیە، با باسی ئەو لایەنە بکرێت و، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر سید علی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم مەسەلەیە دیارە پەیوەندی بەم ئاڵوگۆڕەوە هەیە، ئەو بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەییە لە نرخی دۆلاردا بەرامبەر بە دیناری سویسری و، نرخی زۆربەی زۆری کاڵاکان کە لەناو کۆمەڵگاکەماندا دەبینرێت کەم بۆتەوە، ئەوەی کە ماوە نرخی خانووبەرەیە، نرخی خانووبەرەش بەڕاستی دەتوانرێت پێشەکی بڵێین نەك توێژەێك، دەتوانین بڵێین کۆمەڵێك لە توێژەکان بە دەست ئەم مەسەلەیەوە دەناڵێنن، لە ژێر باڵی ئەو مەسەلەیەدان، ڕەنگە ئەمە هی نرخی دۆلارەکە بێت، کە کەم بۆتەوە، ئەوەش شتێکی کاتی بێت، ئەوە حەقیقەتێکە بەرامبەر بە دیناری سویسری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمێکە ئەم پرۆژەیە لە ئارا دایە، کە نرخی کرێی خانوو کەم بێتەوە بۆ ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن، کە بە دەست ئەوەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی لە وەزعی کوردستانیشدا، بەڵام لێرە یەك شت هەیە، یەعنی وەکو حەقیقەتێك باسی بکەین، ئێمە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەین، چۆن حەقە وا بکرێت، گۆڕانێك بەسەر ئەوە دابێت، بەڵام خانووش هەیە، ئایا ئەو خانووانەی کە سی ساڵ لەمەوبەر داوەیەتیە کرێ، کرێیەکەی دوو دینارە، ئەمەش کەم دەکرێتەوە، ئەمە چی لێ دەکرێت، ئەوەی ئێوە نووسیوتانە ئەو خانووانەی کە تازە دروست دەکرێن، ئەو شتانەی کە تازە دروست دەکرێن، مەسەلەن جاری وا هەیە پەنجا ساڵە و کرێیەکەی کەمە، ئەوە چی لێ دەکەیت؟ بۆیە دەبێت ئێمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە بین وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، خزمەتێکی زۆری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە دەکات و، پشتگیریی بکەین، بەڵام ئەگەر داوا لە لیژنەی خەملاندن بکەین، نەك ئەوان یاسایەکە دەربکەن، ئەوان پێشنیاری خۆیانمان بدەنێ، واتا لیژنەی خەملاندن، بەڵام ئەوانیش هەمووی دوور نەخەنەوەو، بە زوویی ئەو شتانەمان بدەنێ و لەوە ئاگادارمان بکەنەوە، ئەوسا بڕیارێك لەو بارەیەوە دەربچێت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئەوە نووسراوە (بالتخفیج والزیادە) کاك عومەر، یەعنی هەردوو لایەنەکە دەگرێتەوە، فەرموو کاك بەهمەن.

بەڕێز صباح حسین عثمان (بەهمەن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت ئەو هەڵچوون و داچوونەی لە بازاڕدا هاتە پێشەوە، کۆمەڵێك ئیجرائات لە هەردوو لادا کراوە، لە ئیدارەی هەردوولادا، بەنیسبەت شتی زەرووری وەك خۆراك بووە، تەحدید کردنی نرخ زۆر تەئسیری هەبووە، شتێکی ئیجابی بووە لەناو خەڵکدا، ئەوەی ماوە مەسەلەی عەقاراتە، مەسەلەی عەقارات ئەو پێشنیارەی کە هاتووە، هی هەردوو ئیدارەکە بە موەحەدی زۆر شتێکی باشە، پشتگیریی لێ بکەین، بەڵام ئەوەی دەکرێت پاشی نەخەین، ئەوەی کە لێرەوە، تەخویل ئەگەر بدرێتە ئەنجومەنی وەزیرانیش، یەعنی لە هەردوو ئیدارەکە سەقفێك دابنرێت، لێرە کە تەحدید بکرێت ئەو سەقفە لە چەند تێنەپەرێت، حەددی ئەعلای زیاد و کەمەکە، حەددی ئەدناکەشی ئەوە دوایێ بزانین دیراسەی بکەین، ئێستا ئەگەر تەخمینێکی خۆمان بکەین بۆ بازاڕ، بۆ ئەو راتبەی کە حکومەت دەیدات بە مووچە خۆران لە حدودی (٢٥ تا ٣٠) لە راتبیان هاتۆتە

خوارەوە، بازاڕیش ئەگەر تەخمین بکەین بەینی سعری دۆلاری ئەمڕۆ لەگەڵ رابردوودا، قووەتی دیناری ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ رابردوودا لە حدودی (٣٠ تا ٣٥) فەرقی کردووە، بۆیە دەبێت سەقفێك لێرە دابنرێت لەگەڵ مەبدەئی ئیقراری بکەین، سەقفەکە وا بێت لە حدودی (٣٠) تێ نەپەڕێنین، یان لە (٢٥) کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵێ فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە برادەران باسیان کردووە و، گفتوگۆمان لەناوخۆدا کرد، مەسەلەی ئەو وەزعە ئیقتیصادییەی کە ئێستا بەسەر هەرێمدا هاتووە، بەشێکی زۆر و شەریحەیەکی زۆر گەورە بەرەو رووی تەنگژەیەکی ئیقتیصادی بووە، لە هەموو دنیا کرێی خانوو لە چارەکی داهاتی خێزانێك رەت ناکات، ئێستا زۆر جاری وا هەیە دەبێتە (٤/٣)ی داهاتی خێزانێك، بەتایبەتی لە سلێمانی جاری وا هەیە پێشەکیشیان دەوێت، ئەوە هەر خێزانەکە تەحتیم دەکات، ئەکید دەبێت دەستکارییەك بکرێت و، من کەلیمەی زیادە و نەقصانیشم پێ باشە، کە لێرە هاتووە، یەکێ زیاد بکرێت و یەکێ نوقصان بکرێت، چونکە هەشە کرێیەکەی دوو دینارە، بەڵام بە نیو ملیۆن سەرقفڵانە داویەتی، کە ئەوەش دەبێت دەستکاری بکرێت، ئەکید ئێمە لەگەڵ بە قانونی کردنی ئەم ئیجرائاتە داین، کە ئێستا هەردوو ئیدارە حالیەن دەیکات و، لەوەوپێش کردوویەتی، بەڵام وەکو لیژنەی یاسا باسی کردووە، دەبێت مەوزوعی لیژنەی خەملاندن، مەسەلەن خانوو بەپێی مەتری مورەبەع، بەپێی وەزعی خانووەکە ئەلفە، بێیە، جیمە، دالە، قیمەتی بۆ دابنرێت، ئەگەرنا دیسان خەڵکی کوردستان تەحویل دەدەن بە بازارێکی رەشی لەبن نەهاتوو، خۆ قانون شتێك نییە ئیستغنای لێ بکرێت، بەو مەفهوومە، بە مەفهوومی کۆمەڵ کردنی ئەو کەسەی کە خانوو بەکرێ دەدات، کە شەریحەیەکی گەورەیە، بە مفهوومی ئەوەی کە لیژنەی یاسا بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو ئیدارە چاو بە بڕیاری بەکرێدان و خەملاندندا بخشێننەوە، ئێمە تەئیدی ئەو پێشنیارە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەر بڕیارێك یان پرۆژەیەك بێتە ئێرە، مەفروزە ئەسبابی موجیبەی هەبێت، لەم بڕیارە ئەسبابی موجبیە نییە، ئایا بۆ ئەم بڕیارە پێشنیار کراوە؟ ئەوە تێبینی یەکەم.

تێبینی دووەم: خانووی (معده للسكن) بۆ ئیستیسنا بکرێت، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی خانوویان بەکرێ گرتووە، خەڵکی فەقیرن، خەڵکی هەژارن، خەڵکی بێ دەرامەتن، خەڵکی دەخلی مەحدودی موەزەفن، باشە بۆ ئەو ئیستیسنا بکرێت، بۆ ئەویش وەکو ئەوان ئیعتیبار نەکرێت، ئەوە بە حەقیقەت شەریحەیەکی زۆرە، لەوە ئیستیفادە دەکەن، بۆیە بەڕەئی من پێویستی بە

دیراسەت کردن هەیە و، حەق وایە ئەو فەقەرە دووە لەو پرۆژەیە بەڕەئی من هەڵبگیرێت، بەتایبەتیش ئەگەر مەسەلەی (الابنیە الحدیپە)ی لەگەڵە، ئەوە هەر بەگوێرەی قانونی ئیجاری عەقار موستەسنایە.

خاڵی سێیەم: رەنگە قانونی ئیجار لە سلێمانی تەعدیل کرابێت، لێرە تەعدیل نەکرابێت، ئیحتیمالی هەیە ئەو خیلافەیەش مەسەلەیەك دروست بکاتن بە حەقیقەت، بۆیە بەتەسەوری من ئەوە زیاتر دیراسەت بکرێت و، تەعموق لە مەوزوعەکە بکرێت، بۆ ئەوەی بگەینە بڕیارێکی گونجاو، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵێ هەروەکو روون کردنەوەیەك بۆ بەڕێز کاك شێروان، ئەوە ئێستا ئێمە هەر باسی یەکەم دەکەین، نەهاتووینە سەر باسی دووەم، لە باسی دووەمدا، ئەوەی کە لەبەردەمی ئێمەدا هەیە ئەو (المعده للسکن) لابراوە و، نووسراوە ٢٠٠٣/١/١ و (وبعدها)، ئێستا نەگەیشتوونە سەر ئەوە، ئەگینا باسمان دەکرد، ژمارەیەکی زۆر ناویان نووسیوە، بەڵام بەڕاستی با زۆرتر قانونییەکان قسە بکەن لەو بارەیەوە، بەڕێز کاکەڕەش روون کردنەوەیەکی هەیە پێشکەش بەئێوە دەکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن شتێکی زۆر زۆر پێویستە لەسەر هەموو حکومەتێك و هەموو دائیرەیەك دیراسەی زرووفی مەملەکەی خۆی بکات و، چ هەنگاوێك باوێت بۆ حیمایەی ئەو شەریحانەی کەوا کەم دەرامەتن و دەیەوێت یارمەتیان بدات، هەر شتێکی زۆر زۆر تەبعییە هەوڵ بدات یاسا دابنێت، بەیان دەربکات، شت دەربکات، بۆ ئەوەی بتوانێت حیمایەتی ئەوانە بکات، برادەرانی لیژنەی یاسا بە دوو سێ ئیتیجاه رۆیشتوونە، بەداخەوە من لە ئیجتیماعەکە حازر نەبووم، چونکە منیش ئەندامی لیژنەی یاسام، بەس لە کۆبوونەوەکە ئامادە نەبووم، داوایان کرد تەعدیلی قانونی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩، تەعدیلی قەوانینی ئیجار و هەر قانونێك، مەفروزە لە زرووفێکی ئیقتیصادی زۆر موستەقیر دابنرێت و، تاوەکو بتوانرێت ئەو جیهەتەی قانون تەشریع دەکات، یان قانون تەعدیل دەکات رۆشنایییەکی تەواوی لەسەر زرووفی ئیقتیصادی ئەو مەملەکەتە هەبێت، چونکە قانون بۆ سەعاتێك و دەقیقەیەك نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکە، چونکە قانونی ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٩٨ لە عێراق تەنفیز کراوە، یەعنی بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠) ساڵ تەقریبەن، لەبەر ئەوەی تەعدیل کردنی ئەو قانونە بەو پەلەیە، بەڕەئی من ئەو برادەرانەی لیژنەی یاسا دەڵێن شتێکی موستەحیلە، چونکە دەبێت پاشی شەش مانگی تر تەعدیلی بکەینەوە، مومکینە زرووفێکی ئیقتیصادی موستەقیر لە مەملەکەت پەیدا دەبێت، دەتوانین ئەو وەختی رۆشنایی ئیقتیصادی دیار بێت بە هیچ شێوەیەك.

دووەم: برادەران داوا دەکەن لەرێگای خەملاندن، لە زەریبەی عەقار دێت خانووبەرە تەقدیر دەکات، ئەگەر دەوائیری زەریبە تەکلیف بکرێت، بەلای کەم دوو ساڵ یان سێ ساڵی پێ دەوێت، هەتا ئەو بینایانە هەمووی دەتوانێت دووبارە تەقدیر بکاتەوە.

سێیەم: جگە لەوەش، دەبێت ئەو حەقیقەتە بزانین، خەڵك لەوەش تێدا مەغدور دەبێت، مومکینە خەڵکێك هەیە، بتوانێت لە زەریبەی عەقار وەزعی خۆی جێ بەجێ بکات، خانووەکانی باش تەقدیر بکرێت و، لە لایەکی تر کابرایەکی تر مەغدور ببێت، ئەو مەسەلەیەی کە ئێستا لە ئارا دایە، مەسەلەیەکی کاتییە، مەسەلەیەکە بۆ لەناوبردنی وەزعێکی ئیقتیصادییە، کە ئێستا روویداوە لەناو هەرێم، وەکو بیستوومانە ئیحتیمال هەیە بەڕەئی من هەردوو حکومەتەکان و، هەردوو ئیدارەکان ئەو تەخفیزە دەکەن و، کە دەشیکەن ئەگەر شکلێکی قانونی وەرنەگرێت، ئێستا لە پەرلەمانەوە، ئەوە هەمووی بۆ دواڕۆژ وەکو زیمەتێك لەسەر هەردوو حکومەت دەمێنێت و، لەسەر هەردوو ئیدارە دەمێنێت، میسالێکی زۆر زۆر بەسیت، با بڵێین ئێستا ئیدارەی هەولێر بڕیاری دا لە (٢٠٪) ئیجار بێنێتە خوارێ بە بەیانێك بەبێ قانون، یەعنی ئەو

(٢٠٪) ئیجارە نەهاتۆتە خوارێ و، لە زیمەی ئەو حکومەتە دەمێنێت بە ئیجرائاتێکی غەیر قانونی ئیجرائاتەکەی کردووە و، هەر رۆژێك لە رۆژان کابرای خاوەن خانووبەرە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر مەستەئجیرو ئیحتیمالە بگەڕێتەوە سەر ئەو جیهەتە حکومەیەی، کەوا موخالەفەی قانونی کردووە، جا هەدەفەکە لێرە لە بڕیارەکە ئەوەیە ئینقاز کردنی هەردوو ئیدارەیە لەو ئیجرائاتانەی کە دەیانکەن بە سەراحەت، ئیجرائاتە و دەیکەن، چونکە ئێستا ئیجرائاتێك با بڵێین لە هەولێر دەکرێت، یان لە سلێمانی کراوە، یان لەوێ دەکرێت، تەقریبەن و عەمەلیەن لە هەندێ شوێن لە (٢٠٪) هاتۆتە خوارێ، بەس ئەو (٢٠٪)ە هیچ شکلێك و روویەکی قانونی تێدا نییە، کابرای خاوەن خانووبەرە کە پێی دەڵێن موئەجیر هەموو کاتێك ئەو حەقەی هەیە بگەڕێتەوە سەر ئەو فەرقەی، چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، کە ئەو ئیجرائاتەی حکومەت کردوویەتی، جا لەبەر ئەوەی بەڕەئی من ئەو پرۆژەیە کە تەخویلە، تەخویلیش عەجەبەن مومارەسەی دەکات یان ناکات، ئەگەر کردی ئەوە لە مەترسی لادان لە قانون نەجاتمان دەدات، ئەگەر نەشی کرد تەبیعی خێر، هەر بە کەیفی خۆیەتی و، ئەگەر خانوویەکێش خاوەنی موڵکەکە ئیدیعا دەکات کە خانووەکەی کەمە، داوا دەکات رەئیسی وزەرا لە لیژنەی تەخمین دەڵێ بڕۆ ئەو خانووە تەخمین بکە ئیجارەکەی چەندە، دەتوانێت قەرارێکی تایبەتی بۆ دەربکات، چونکە موخەوەلە، بڵێ ئەو ئیجارە بەرز بکەوە لە (٢٠) دینارەوە بۆ

(١٥٠) دینار یان بۆ (٢٠٠) دینار، دەتوانێت بیکات، چونکە تەخویلە و، ئەو تەخویلەش کە برادەران گوتیان حەقێکی، مافێکی پەرلەمانە، ئەوە زۆر ئیجرائاتی لەوەی زیاترمان کردووە، کە مافی پەرلەمانە تەجاوزمان کردووە، زەرائیب و شتی وا بە ئیعتیادی فەرز دەکرێت و دەرچووە و، تا ئێستا ئێمە دەنگێکمان نەکردووە و قسەکمان لێ نەکردووە، بڵێین ئەدی ئەو زەرائیبە چۆن بەو شکلە فەرز دەکرێت؟ سەتا ئەوەندە لێرە و سەتا ئەوەندە لەوێ بە کەیفی خۆیان دەکرێت، جا لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی کاتییە، بۆ ئینقازی هەردوو ئیدارە، بەڕەئی من دەیکەن، کە دەیکەن با بنەمایەکی قانونیان هەبێت بۆ کردنەکە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاکەڕەش بۆ ئەو روونکردنەوەیەی، ئێوە وەکو بێتەوە بیرتان ئێمە داوامان کرد تاوەکو دوو ئیدارە هەبێت، ئەگەر یەکێ لە ئیدارەکان شتێکی بەدەستەوە بوو و، پێویستی بەوە

بوو كە تەخويلێكى قانونى هەبێت، پەرلەمان ئەو پێشنيازە وەربگرێت و باسى بكات، يان بڕيارى لەسەر بدات، يان بڕيارى لەسەر نەدات و، ئەگەر بكرێت لە هەردوو ئيدارەكەوە بێت، ئينجا لەبەر ئەو هۆيانەى كە كاك شێروان باسى كرد، ئێمە ئەوەمان هێنايە بەردەمى پەرلەمان، ئێستاش كۆمەڵێك ناو نووسراوە، بەڵام باشە ئەو ناوانەى كە نووسراون هەموو قسەى خۆيان بكەن، لە پاشان ئێمە بڕيار دەدەين، كە لە سەرى بەردەوام دەبين يان هەڵيدەگرين بۆ لێكۆڵينەوەى زياتر لە كۆبوونەوەيەكى تر، با ئێستا كاك ئەحمەد سالار بفەرمووێت.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى مەبەست بوو بەڕێز سكرتێرى ئەنجومەن روونى كردەوەو، قايلى كردين لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عولا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەڕاستى وەكو برادەران باسيان كرد، زۆرينەى كۆمەڵ خەڵكى هەژار و بێ دەرامەتن، بەتايبەتى هەژار و بێ دەرامەتەكانيش بەڕاستى كرێچينە، ئێستا لە دەرەوەى پەرلەمان خەڵك چاوەڕوانى ئەو بڕيارە دەكاتن لەسەر مەسەلەى دابەزاندنى كرێ، دۆلار لە (٦٠٪)ى دابەزيوە، زۆر لە خەڵك.

**بەڕێز محمد عباس عولا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەسەر دەرامەتى ئەو دۆلارەى دەژين كە لە دەرەوەى وڵات بۆ كەسوكارەكانيان دێت، منيش لەگەڵ ئەو رايەى بەڕێز كاكەڕەشم، چونكە من بە نموونە لە دوێنێوە دوو، سێ نموونەم هەيە لەسەر ئەوە، لە سلێمانى كرێى لە بەدەلى(٢٢٠٠) دۆلاريان ناردووە وەريان نەگرتووە، لە هەولێر كرێى ( ١٠٠٠) دينار بووە، (٧٠٠) ديناريان ناردووە و، (٣٠٠) دينارى نوقسان بووە، لە سلێمانيش لە زۆر شوێن هەيە، مەسەلەن دوكان كرێيەكەى (٥٠) دينار بووە لەسەر دەمى خۆى و تا ئێستا گۆڕانى بەسەردا نەهاتووە، من لەگەڵ ئەوەم كە كرێى خانوو بەگوێرەى نيسبەيەكى ميئەوى تەخفيز بكرێتن، بەڵام شان بە شانى ئەوە زەرائيب و رسووماتى گومرگ و بەلەدييە و زەرائيبى حكومى، ئەوانەش بەڕاستى دابەزێنرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك حمە عەلى تۆفيق فەرموو.

**بەڕێز حمە على تۆفيق ميرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە حەقيقەت قسەكانى منيش هەر پشتگيرييە بۆ قسەى ئەو بەڕێزانەى كە كرديان، كە كەرتى هەژار رەچاو بكرێت، چونكە زۆربەى زۆرى خەڵكى هەژارەو خانووى نييە و، خانووى بەكرێ گرتووە، يان دوكانى نييە، دوكانى بەكرێ گرتووە كاسبى تيادا دەكات، لەبەر ئەوە پێم وا نييە ئەم بڕيارەش لەكەدارى قانون و ياسا و ئەو شتانە بكات، هيچ ئيشارەتێكى بۆ ياساى كڕين و فرۆشتنى

خانووبەرە نەكردووە و، تەنها ئەوەندەیە لەم بارو زرووفەدا تەخویلی سەرۆكی وەزیران بكرێت، ئەویش لەڕێگای وەزارەتی داراییەوە تەعلیمات و ئەو شتانە دەربكەن، بۆ چۆنیەتی سازدانی سەنەدی ئیجار لە بەینی موئەجیر و موستەئجیر، لەبەر ئەوە پێم باشە لەم كاتەدا بكرێت و، ئەمەش هەر خۆی بۆ خۆی دەبێتە شێوەیەكی كاتی، چونكە لە ئاییندەیەكی تردا ئەگەر گۆڕانكاری هەبێت و یاساكان دەبێت هەمووی پیاچوونەوەی بەسەردا بكرێت، لەبەر ئەوە من پشتگیریی لەوە دەكەم وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك حمە عەلی تۆفیق، فەرموو كاك د. مەزهەر.

**بەڕێز مزهر علی مصطفى (كاكی هیرانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هی من بە كورتییە، خەڵكی ڕۆژانە بەڕاستی لەو بارەیەوە، تەقریبەن پرسیارمان لێ دەكەن و ئیستیفسارمان لێ دەكەن و، دەشزانن ئەو پرۆژە روو بەڕووی پەرلەمان كراوەتەوە، حەقە بەڕاستی ئێمەش پەلە لەو پرۆژەیە بكەین، بەڵكەم زوو تەواو دەبێت، ئەمڕۆ تەقریبەن شەشی مانگە زۆر خەڵك هەیە كرێی خانووی نەداوە، چاوەڕوانی دەكات، دەڵێ بەڵكەم كەم دەكرێتەوە لە پەرلەمان، بەتایبەتی برادەران باسیان كردووە، كاك شاخەوانیش ئەوەی باس كرد، كە بەڕاستی پارەكەش زیاتر فەرقی كردووە، جا چەند پەلەی لێ بكەین هەر كەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك مەزهەر، ئێستا دوا كەس كە لەو بارەیەوە قسە دەكات ناونووس كراوە كاك د. رزگارە با بفەرمووێت، پاشان حەز دەكەین بیر و رای لیژنەی یاسایی وەربگرین جارێكی تر لەو بارەیەوە، فەرموو كاك د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو برادەران تەئكیدیان كرد، فعلەن ئەڤرۆكە لە هەلومەرجی تازەدا كرێ بییە مەتلەبێكی شەعبی، لە هەر جیهەتێك و لە هەر دیوانێك و لە هەر جادە گەرین و باسی ئەڤەیە، باوەڕ بكەم ئەگەر ڤێرێ دەركەن ژی نوكە مومكینە خەلكێكی مە خەڵكێكی زۆر نارەحەت بێت، ژی بەر هەندێ زور پێویستە پشتگیریی ئەڤ پرۆژەیە بكەین، بەس ئێمە یەك تێبینی هەی، ئەڤ تەخویلە هەنە، تەبیعی وەكو برادەران باسی كرن، ئیحتیمالە كاكەڕەش بەحسی كرد، ئیحتیمالە جەنابێ ژی لیژنا قانونی بەحسی كرد، ئەڤە وەقتییە، بۆ تەئكید كردن زیاتر، من پێشنیارێ دكەم سەقەفەكی زەمەنی تەحدید بكەن، بۆ تەخویلێ (٢٠٠٤/١/١)، چونكە زەرفێكی ئیستیسنائیە، تەخویلێكی ئیستیسنائیە، با بۆ سەقفێكی زەمەنی موحدەد بێت، ئەویش تا ٢٠٠٤/١/١، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. رزگار، فەرموو لیژنەی قانونی قسەی خۆیان بکەن، تەواو ناو نووسین تەواو بوو.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە موناقەشەی صیغەیەکی قانونی دەکەین، موزایدە لەسەر دیفاع کردن لە مصلەحەتی فەقیر و هەژار ناکەین بە حەقیقەت، حەز ناکەم ئەو شتە بخرێتە ئەو قالبەوە، یەعنی مەسەلەکە ئەوە نییە، کێ دیفاع لە کرێچی دەکات و، یان لە خاوەن کرێ دەکات، مەسەلە مەسەلەی صیغەیەکی قانونییە، تەخویلە پەرلەمان دەیدات بە سەرۆکی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئیدارەکە، بۆ ئەوەی ئیجرائات بکەن، ئیجرائات لەسەر کرێ بە زیاد یان بە کەم بکەن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی موناقەشەمان کردووە لەنێوان خۆمان و، هەمووشمان موتەفقین ئیمزاشمان کردووە، کە ئەوە لە رووی قانونیەوە جائیز نییە و، جەنابی کاکەڕەشیش بەخۆشی کە دوایێ دیتمان لە رووی قانونیەوە لە (١٠٠٪) موتەفیق بووە لەگەڵمان، بەڵام ئەو گوتی هەردوو ئیدارەکە هەر دەیکەن، کە هەر دەیکەن ئێمە بۆ موعاریز بین؟ ئێمە عیلاقەمان چییە؟ ئێمە وەکو لیژنەی قانونی و لە رووی قانونیەوە جائیز نییە، ئەو قەرارە بەو شێوەیە دەربچێت، ئەمە یەك.

دووەم: بەڕاستی ئەم وەزعەی ئێستا ئێمە تیایداین، بەڕاستی وەزعێکی کاتییە، بۆ مانگێك یان دوو مانگێکە، حەز دەکەم ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، یەعنی سبەینێ رژێم بگۆڕێتن هەموو ئەو وەزعانە دەگۆڕێن، یاسا بۆ رۆژێك و مانگێك دەرناچێت، یاسا هەر چ نەبێت دەبێت بۆ ماوەیەکی سابیت بێت، بۆ ئەوەی خەڵك ئیستیقراری لەسەر دا بکاتن، ئێستا ئێمە بەم بڕیارە کێشەیەك دروست دەکەین لەنێوان کرێچی و خاوەن کرێ، بەڕاستی کێشەو ململانێکی زۆر دروست دەبێت، چونکە خەڵك تەنیا ئێستا بیستوویەتی کە قەرارێکی وا یان مەشروعێکی وا هەیە، خەڵك کرێی نەداوە، ئەمرۆ شەشی مانگە خەڵك هەیە کرێی خانووی نەداوە، من بەخۆم کرێچییمە، خۆ من حەز دەکەم ئێستا کرێیەکە کەم بێتەوە، بەك لەوانە من موستەفیدم ئەگەر کرێ کەم بکرێتەوە، وەکو لە قەرارەکەدا هاتووە دەڵێ کەم بکرێتەوە یان زیاد بکرێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە، مەسەلەکە لەڕووی قانونییەوە جائیز نییە و، ناگونجێت و، ئێمە دەبێت قانون بۆ حاڵەتێك دەردەچێت، کە ئیستمراری هەبێت بۆ ماوەیەك بەلای کەمی دوو ساڵ یان سێ ساڵ یان چوار ساڵ ئیستمراریەتی هەبێت، ئێمە بۆ حاڵەتی ئیستیسنائی قانون دەرناکەین، ئەگەر دەتانەوێت کەمی بکەنەوە بەڕاستی، وەکو هەموومان دەمانەوێت بە پەرۆشەوە، بۆ خزمەتی فەقیر و هەژار یاسایەك دەربکەین، با یاسایەك دەربکەین لە خزمەتی فەقیر و هەژارەکان بێتن، وەکو یاسا پەرلەمان دەری بکات و ئیدارە ئیلتیزامی پێ بکات، ئێمە ئەوەمان پێ باشترە لەوەی بەم شێوەیە صەلاحیەت بدەین بە دوو ئیدارە بە کەیفی خۆیان، ئەویش هەر لێرەوە، وەزیری دارایی و ئابووری صەلاحیەتی داوەتێ بە کەیفی خۆی ئەوامر دەربکات زیاد بکات و کەم بکاتەوە، ئێمە

ئیشکالەکەمان لەڕووی قانونەکەوەیە، ئێمە پێمان وابێت لە خەڵکی تر کەمتر دڵسۆز نیینە، وەکو لیژنەی یاسایی بۆ دیفاع کردن لە خەڵکی فەقیر و هەژارو لە کرێچی، حەزیش ناکەم بیخەنە ئەو قالبەوە موساوەمە و موزایەدەی لەسەر بکرێتن، ئێمە لەڕووی یاساییەوە قسە لەسەر مەسەلەکە دەکەین، ئێمە نامانەوێ ئەو دەستەڵاتە یاساییە، ئەو دەستەڵاتە قانونییە بدرێت بە سەرۆکی ئیدارەیەك لە ئیدارەکان، یان هەردوو ئیدارەکە، یان وەزیری دارایی هەر لایەکیان، ئەگەر دەتانەوێ کەمی بکەنەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی فەرموو تەخویلمان بکەن، پرۆژەیەکتان دەدەینێ، بەتایبەتی کرێی خانوو کەم بکرێتەوە هیچ لاریمان نییە، ئەوە ڕەئی لیژنەی یاساییە و، ئەگەر کاك سەعیدیش قسەیەکی هەیە فەرموو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سەعید ئێوەش لەو بارەیەوە قسەتان هەیە بیکەن، هەر ئەوەندە بوو کە گوتی، فەرموو کاك جەمیل.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەری من وەڵامێ هەڤاڵان بدەم، ئەندامانی پەرلەمان بەرسیڤە لیژنە یاسایی دەکەم، یەکەم جار گوتم ئەسبابی موجیبەی تیا نییە، ئەسبابی موجیبە زمنیەن لە فەقەرەی یەکەمدا هەیە، دەڵێتن ( بما يتلاءم والظروف الاقتصادية في الاقليم)، یەعنی مەبەستی ئابوورییە، زەرفی ئیقتیصادی وای کردووە، ئەم پرۆژەیە بنێرین.

دووەم: بەڕێز ئەحمەد شەریف وتی لە ڕووی یاساییەوە نابێتن، مەسەلەی تەخویل ئەساسی ئیجرائاتی قانونییە، چۆن تەخویل نییە لە قانون، لە هەموو قەوانین و قەراراتدا تەخویل هەیە، چ وەزیر صەلاحیاتی خۆی تەخویل بکاتن بۆ وەکیل وەزیرێك، یان کەمتر، یان پەرلەمانی بەڕێز صەلاحیاتی رابەر تەخویل بکاتن بۆ سەرۆکی ئەنجومەن، لای ئێمە تەخویلمان گەورەتر کردووە، تەخویل یەکێکە لە ئیجرائاتی قانونی زۆر زۆر لە جێگای خۆی دایە و، هەروەها بەڕێزێك فەرمووی تەخویلی لیژنەی یاسا بکرێتن تا مەشروعێك دابنێن، تا ئێستا کەس دەستیانی نەگرتووە، بۆ ئەوەی مەشروعێك تەقدیم بکەن، ئایا ئەم راپۆرتەی لیژنەی یاسا تەقدیمی کردووە، ناوی هەموو بەڕێزانیش جێگای رێز و تەقدیری منن، ئایا نووسیوویانە کێ سەرۆکی لیژنەیە و، کێ جێگری سەرۆکی لیژنەیە و، کێ موقرری لیژنەیە، ئەم پرۆژەیە لە ناحیەی قانونیەوە لە جێگای خۆی دایە، چونکە تەخویلیش قەرارێکی یاساییە زۆر بریاریشمان پێ دەرکردووە، کە بەڕێزێك فەرمووی ئەمە جەریمەیە، ئەمە جەریمە نییە، صەلاحیاتی خۆیەتی پەرلەمان تەخویل دەکات، نەی گوتووە قانونێك دەربکات، نەخێر، تەخویل دەکاتن ئەو عەقدی مەوجودە کەم دەکاتن یان زیاد دەکات، ئەو عەقدی مەوجود، نەی گوتووە قانونێکی تر دەربکات یان شتی تر، ئەو عەقدی مەوجود بەپێی زرووفی ئیقتیصادیەکان کەمە زیاد دەکاتن، زۆر زیادە کەم دەکاتن، دووەم: تەرەفێکی سالف لە مەوزوعەکەدا هەیە، لەبەینی موئەجیر و موستەئجیر، ئەویش زەریبەی عەقارە. کە پەیوەندە بە وەزارەتی داراییە لە هەر چ ولاتێکدا هەبێتن، یان لە چ

جێگایەکی تر هەبێتن، دەربارەی قانونی ژمارە(٨٧) لە ساڵی ١٩٧٩، ئێمە ئەوە دوو دانیشتنە و دوو ڕۆژی تریش دانێین باسی ڕژێمی بەغدا بکەین و جەرائیم و شتی تر، ئاخر قانونی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ لەو ڕژێمە دەرچووە و، خۆی ئەو ڕژێمە وازی لێ هێناوە، ئێستا وا قانونی مەدەنی نێوان خاوەن خانوو و کرێچی داناوە، ئێستا هەر وازیان لەو قانونە هێناوە، شتێکی تر لە فەقەرەی ئەخیر دەڵێتن (یخول وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات) لازم إصدار التعليمات)، چونکە خۆی لەوانەیە لیژنە تەشکیل بکاتن، یانیش نیسبەیەك وەکو برادەرێك فەرمووی کە لەو نیسبەیە کەمتر نەبێتن، ئان زیاتر نەبێتن، ئەوە لە تەعلیماتی وەزارەتی دارایی ساڵانە دەگۆڕێتن بەپێی وەخت و زرووف و، ئەگەر لە موستەقبەلدا مەشروعێکی قانونی ئیجاری عەقار، یان هەر چی بێ لەلایەن بەڕێزان لیژنەی یاسا دروست کرا، ئان لەلایەن حکومەت دروست کرا، ئەوە زۆر ئاسان دەبێت، وەختی ئەوە ئیقرار بوو، ئەوە بەخۆی (لا يعمل بأي نص يتعارض) بەخۆی ئەو وەختە ئەم تەخویلە رادەوەستێت و، ئەو قانونەی تازەیان هێناوە، ئەوە بەکار دەهێندرێت و، زۆر سوپاس، لەبەر ئەوە لیژنەی ئابووری بە هەموو ئەندامانیەوە تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەکات و (بما يتلاءم والظروف الاقتصادية) دەبێت دائیمە ئیقتیصاد سیاسەتی دەوڵەتیش بەڕێوە دەبات و، سیاسەت و ئیقتیصادیش ناتوانین لێکیان بکەینەوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك جەمیل بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە، لەو بارەیەوە من حەز دەکەم بڵێم کە یاسا دەبێت لە بەرژەوەندی کۆمەلانی خەلك دابێت،

بەتایبەتی چینە هەژارەکان، جا ئەگەر ئێوە لەو باوەڕەدان، ئەم یاسایە، ئەگەر بەو شێوەیە بگۆڕێت، خزمەتی کۆمەلانی خەلك دەکات و، خزمەتی چینە هەژارەکان دەکات، ئەوە با زۆر لەسەری نەڕۆین و ناوی خوای لێ بێنین و بڕیاری لەسەر بدەین و، مەسەلەی خۆمان نەبەستینەوە بە قانونەوە، من جارێك لە کۆبوونەوەکانی پێشووشدا، هەمیشە گوتوومە و دووبارەشم کردۆتەوە، هەر قانونێك دەرچوو بێت لە لایەن ڕژێمەوە، پاشان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە بەرژەوەندی کۆمەلانی خەلکدا نەبوو بێت، ئەوە بەلامەوە قانونێکی بێ کەلك و پڕوپووچە، پێویستە فڕێ بدرێتە ئەولاوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ لیژنەی یاسایی، با بە قانونمان لەگەڵدا نەکەن، ئەوە نەکەن بە کۆت و پەیوەندێ بیخەنە پێمانەوە، زۆر سوپاس، ئینجا ئەگەر رەئیتان وایە، ئەوە بەردەوام دەبین لەسەر دەنگدان، خۆ ئەگەر بەلاشتانەوە باشە بیخەنە کۆبوونەوەیەکی تر، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیار بوو زۆرینەی ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد، بە جەنابیشتەوە، لەگەڵ ئەوەن کە پرۆژەکە موناقەشە بکرێت، بۆیە تەئجیل نەکرێت، ئێستا موناقەشە بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بخرێتە دەنگدانەوە، بەس فەقەرەی دوو حازر بکرێت، وەکو پێشنیارمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرە دوو کە هاتینە سەری دوایێ رەئی خۆت بڵێ، باشە پاش ئەو هەموو وتووێژەی کرا، بڕگەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە.

یخول رئیس مجلس الوزراء الصلاحیات التالیة:

اولاً: إعادة النظر بالتخفیض والزیادة في بدلات الإیجار للعقارات المؤجرة ضمن حدود البلدیات بما یتلاءم والظروف الاقتصادیة في الاقلیم.

ئەوە صەلاحیەی یەکەمە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ بڕگەی یەکەم پەسند کرا، لە بارەی دووەمەوە هەردوو فراکسیۆن رایان ئەوەیە کە ئەم فەقەرەیە نەمێنێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی دووەم نەمێنێت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڵێ یەعنی ئەو پێشنیازەی کە کرا پەسند کرا بە لابردنی.

ثالثاً: علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القرار.

ببوورن ئێستا بەم شێوەیەی لێ هات، یەکەم بڕیاری لەسەر درا، دووەم هەڵگیرا، ئینجا دووەمی تازە بوو بە (علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القرار)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، سێیەم (یخول وزیر المالیة والاقتصاد إصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ أحکام هذا القرار)، فەموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی لە فەقەرە یەکدا ئێمە تەخویلی سەرۆکی ئەنجومەنمان کرد، تەخفیزی بەدلاتی ئیجار بکات و زیادیش بکات. بە گوێرەی قانون تەبعەن سەرۆکی ئەنجومەن حەقی نییە، ئیللا ئەگەر تەخویل وەرگرێ، لێرە دەبێت نەصەك ئیزافە بکەین، ( لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القرار)، چونکە ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ قانونی ئیجار، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شێروان، ئێستا ئەوە دەینووسین و، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بڕگەی دووەم وای لێ هات (لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القرار) تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە

بڕگەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بڕگەی دووەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

بڕگەی سێیەم لەوەو پێش دەنگمان لەسەر دا (على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار)، دەمێنێتەوە سەر بڕگەی چوارەم (يخول وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، تەبعەن ئەوە (يخول)ە، یەعنی (على وزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار )، باشە ئەوەی کە (يخول وزير المالية والاقتصاد)، ئەوەش دەڵێن پێویست نییە، لابرا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەیە کەوا لا ببرێت، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لابرا، دوا بڕگەی سێیەم (پالیا: ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريده وقائع كوردستان)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، ئێستا بڕیارەکە هەمووی وەکو خوێندرایەوە و پێشکەش کرا دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕیارەکە هەمووی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان، لەبارەی کۆبوونەوەی داهاتووەوە ئاگادارتان دەکەینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەڕەش محمد نقشبندی | د.ڕۆژ نوری شاوەیس | د.كمال عبدالكريم فؤاد |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)**

**چوار شەممە رێکەوتی ١٩/ ٢/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ( ١٦ )

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە(١٦)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- تاوانبارکردنی تیرۆرکردنی پەرلەمانتاری دێرین شەهید (شەوکەت حاجی مشیر).

٢- گفتوگۆکردن لەسەر باری نائاسایی لە هەندێ ناوچە سنوورییەکان.

٣- لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێستای کوردستان بۆ بڕیاردانی پێویست بەرامبەر ئەگەری هێرش بۆ سەر عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەی ژمارە (١٦) خولی گواستنەوە دەست پێ دەکەین، پێش ئەوەی کەوا بەرنامەکە دەست پێ بکەم، تکایە کاك کاکەڕەش دەیەوێ قسەیەکتان بۆ بکات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عورەفەکی موتەداول لەنێوان ئێمەدا هەبووە، هەر کاتێکی برادەرێکمان لە دەست دابێ پاشی کۆبوونەوە هەموومان دەقیقەیەك وەستاوین بۆ سەر گیانی پاکی ئەو شەخصەی کە لەدەست دراوە، بۆیە داوا لە برادەران دەکەم لە هەموو ئەندامان دەقیقەیەك بوەستین لەسەر گیانی پاکی شەهیدی پەرلەمانتار کاك شوکت حاجی مشیر. فەرموون زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئێستا بەرنامەی کاری ئەمڕۆتان پێشکەش دەکەین:

١- تاوانبار کردنی تیرۆر کردنی پەرلەمانتاری دێرین شەهید (شەوکەت حاجی مشیر).

٣- لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێستای کوردستان بۆ بڕیاردانی پێویست بەرامبەر ئەگەری هێرش بۆ سەر عێراق.

فەرموون لەبارەی خاڵی یەکەمەوە ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی بەڕێز قسەیەکی هەبێت با بفەرمێت، بەڵام با جارێ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بفەرموون قسە بکەن، فەرموو کاك احمد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگە بفەرموون بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەوپەڕی دڵتەنگی دەردەبڕین بەرامبەر هەڤاڵێکمان که دەستی تیرۆری ڕەش گەیشتە گیانی و، هەر دەستێك بگاتە گیانێك بە ناحەق واتە گەیشتۆتە گیانی حەق، حەقیش هەمیشە زاڵ و گەورەترە لەو دەستانە، کاك شەوکەتی پێشمەرگە و پەرلەمانتار هەمیشە بۆ مەبەستێکی پیرۆزو ڕەواو دروست ژیاوە، تاوەکو بەر لەجەژن لەگەڵماندا لەم هۆڵەدا بوو، ئێستا شوێنەکەی بەچۆڵی مەبینن، چونکە هەموو یەکێ لەم مرۆڤانە خاوەنی بیروباوەڕێکی پیرۆزە، خاوەنی مەبەستێکە کە دەنگی گەلە، دەنگی گەلیش کفت ناکرێ و، هەمیشە زاڵەو ئەو گیانەش هەمیشە زیندووە، چونکە مەبەست و بیروباوەڕە، بیروباوەڕی زیندوو. لێرە بەو بۆنەیەوە لەگەڵ ئەو پەڕی دڵتەنگیمان ئەو دەستانە مەحکوم دەکەین، کە ئەگەنە گیانی کەسانێك کە کۆشش بۆ ئازادی، بۆ جوان کردنی ژیان ئەکەن. لە کۆتاییدا لەیەزدانی مەزن نزای سەرفرازی وبەهەشتی هەمیشەیی بۆ دەخوازین، خوا سەبووری هەموومان بدات و سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ احمد سالار بۆ ئەو قسانەی کەوا پێشکەشی کرد، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فراکسیۆنی سەوز، غەمبارە و دڵتەنگە بە لەدەست دانی یەکێك لە باشترین ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان، بەلەدەست دانی یەکێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی میللەت و پارێزەرانی میللەت وشەرعییەت، کاك شەوکەتی پەرلەمانتار تەنها خەسارەتێك نییە بۆ کەس وکاری، کاك شەوکەتی پەرلەمانتار تەنها خەسارەت نییە بۆ یەکێتی نیشتمانیی، بەڵکو لەم هەلومەرجە ناسکە خەسارەتە بۆ هەموو میللەتەکەمان، وەکو هەڤاڵانی کاك شەوکەت لە هەر سێ فراکسیۆن دەزانن کە کاك شەوکەت یەکێك لە پەرلەمانتارە چالاکەکان بووە، بوونی کاك شەوکەت لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان هەمیشە کۆبوونەوەکانی دەوڵەمەند کردووە بە بیروبۆچوونە ژیرەکانی و، کاك شەوکەت ئەگەر چی خەڵکی ناوچەی شارەزوور بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە قوتابخانەی شۆڕشی گەلەکەمان دەرچوو بوو، بۆیە هیچ لوتکە شاخێك، بن ڕەوەزێك، دۆڵێك نەمابوو، کاك شەوکەت پێشمەرگایەتی تێدا نەکات، بۆیە هەموو ناوچەکانی کوردستانی بەهی خۆی دەزانی و پەرۆشی هەموو ناوچەکانی کوردستان بوو، دیارە

ئەمجارەشیان لەبەر پەرۆشی کاك شەوکەت بۆ کەس وکارو بۆ ئەو کەسانەی کە لەلایەن بەناو (انصار الاسلام) تەفرە دراون و لەپەلەقاژەی مەرگدان، نەك تەنها هەر بەزەیی بەوانە دێ کە لەوێن، بەڵکو بەزەیی بە کەس وکاریان دێ، ویستی لەرێگەی هەنگاوێکی دڵسۆزانەی لەم بابەتە میقدارێکی زۆر فرمێسك و خوێن بگێڕێتەوە و، ژمارەیەکی زۆر لەو مەرگەساتە نەجات بدات، دەستی رەشی دەرچووانی قوتابخانەی غەدرو خیانەت گەیشت و کۆتایی بە لێدانی دڵە گەورەکەی کاك شەوکەت هێنا، ئێمە شەریکی غەمی کەس وکارین و سەرەخۆشی و پرسەخۆشی لە خۆمان و لە هەموو برایان و دۆستان و هاوسەنگەران و گەلەکەمان دەکەین، داوا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین کە ئەم کارە بەو پەڕی توندی مەحکوم بکەن و، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەین، کە بە زووترین کات بکوژانی حکومەت بدرێنە دادگا و دەستگیر بکرێن و، سزای میللەتیان لەسەر جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاك سعدی، ئێستاش ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی بەڕێز دەیەوێ لەو بارەیەوە قسەیەك بکات با بفەرمێت، ئێستا ئەوانەی ناویان نووسیوە رێگایان پێ دەدرێت کەوا لەو بارەیەوە بیروڕای خۆیان دەربڕن، فەرموو کاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حکمت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ ئەو خەم و کەسەرە دووبارە بکەمەوە کە برایانی بەڕێز فراکسیۆنی زەرد و فراکسیۆنی سەوز دەریانبڕی، بەلاّم دەمەوێ بڵێم ئەم جۆرە تیرۆرە لە لایەن دژەکانی ئیسلام یەکەمین جۆری، یەکەمین کاری نییە بەرامبەر بە ئەندامێکی پەرلەمان، پێش ئەویش شەهید فەرەنسۆ هەریریش هەر بەهەمان کاری ناجوامێرانە شەهید کرا و، من پێم وابێ ئەو جۆرە شەهید کردنە، ئەو جۆرە کارانە خصوصیەتێکی هەیە لەلایەن ئەو تاقمەوەیە بەرامبەر بە تەجروبەکەمان، بەرامبەر بە هەردوو ئیدارەمان و بەرامبەر بە پەرلەمانیش و، بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەشمان، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانیش تاقمێکن بەڕاستی نە باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە و نە باوەڕیان بە ئازادی هەیەو نە باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی هەیە، نە باوەڕیان بە عەقیدەو بیروباوەڕی خەڵکی تر هەیە، ئەوانە جەماعەتێکن هەتا مۆخ و ئێسقان خەتەرناکن لەسەر هەموو کەسێك، لەسەر هەموو تەجروبەکە، لەسەر هەموو هێزە سیاسیەکان، ئەصڵەن لەسەر ئاسوودەی هەموو ئینسانێکی کورد، ئێستا ئەو جەماعەتە تیرۆریستەی وەکو ئەمانەن لە جەزائیر بڕیارێکیان هەیە ئەوەی ئەندامییان نەبێ بە حەلاّلی دەزانن بیکوژن، من باوەڕم وایە ئەوانیش بە هەمان شێوە دەڕۆن و سەرەنجام ئەو شتانەش رادەگەیەنن، من ئەڵێم لە شوێنێکی وەکو ئێستا و لە رووداوێکی وەکو ئەمەدا چەند ئیبادە کردنی ئەو تاقمە گرنگە لەوەش گرنگتر هەڵوێست کردنی تەواوی ئێمەیە بەرامبەر بەم جۆرە تاقمانە، بەرامبەر بەم هێزە چەکدارانە کە ئایا بەرامبەر بەم تەجروبەی ئێمە چ دەکەن، ئەوانە تا سەر، یانی من تەصەورم وایە ململانێی

ئێمە و خەباتی ئێمە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، بۆ سەرخستنی تەجروبەکەمان و بۆ ئەگەرەکانی ئاینده کە لەناوچەکە بەرێوەیە، یانی بەراستی ئەگەینە حەدێك، ئەگەینە رووبەرووبوونەوەیەك کە ئێمە تێ بگەین، یان ئەبێ هێزێکی دیموکراتی یاسا پارێزی قانونی بێ، بەبێ چەك بتوانی خزمەت بەم میللەتە بکەی، یاخود ئێمە لەگەڵ ئەمانە بەردەوام لە گێچەڵ دابین، بەردەوام لەو کێشانە دابین، من تەصورم وایە رووداوەکان زیاتری بەبەرەوەیە و کێشەی زۆر گەورەتری بە بەرەوەیە، بۆیە هیوادارم ئەگەر ئێستاش نەتوانین قسە لەسەر ئەم مەوزوعە بکەین بە وردی ساغی بکەینەوە، هیوادارم پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان وردتر قسە لەسەر ئەمە بکەن، کە ئێمە ئەمانەوێ ئەو ئیدارەیە چۆن لە بەلای ئەم گیانەوەرانە رزگار بکەین و، چۆن دەمانەوێ جارێکی تر ئەو کون و کەلەبەرانە بگرین، کە نەك ئەندامی پەرلەمان بگرە زۆر خەڵکی تریش، زۆر کاربەدەستی تر، وەزیری تر، سیاسەتمەداری تر، رووناکبیرو خەڵکی ئازادیخواز، خەڵکی هونەرمەند، مەسەلەکە هەر ئەوە نییە پەرلەمانتارێکیان کوشتووە، پێش ئەوە هونەرمەندیان کوشتووە، نووسەریان کوشتوە، پێش ئەوە خەڵکی نەحزابی تریان کوشتووە، هەرەشە لە هەموو ماڵێك دەکەن، هەرەشە لە هەموو کەسێك دەکەن، هەرەشە لە ئازادی و ئاسوودەیی هەموو کەسێك دەکەن، هاووڵاتی زۆریان کوشتووە، ئێستا مەسەلەن لەم رووداوە چوار هاووڵاتی بێ گوناح شەهید کراوە، دووانیان منداڵ بووە شتی خوێندووە و لەکاتی سەعی کردندا شەهید کراوە، من بۆ خۆم چوومەتە شوێنی رووداوەکە زانیومە چۆنە و چۆن نییە، لەبەر ئەوە هیوادارم ئێمە رابچڵەکێین بەرامبەر بەم مەسەلەیە و، کارێك بکەین لە ئاینده هەڵوێستی روونترمان هەبێ و، زۆر بەتوندیش ئەم مەسەلەیە رابگەیەنین و پڕ بەدڵ هیوادارم فعلەن رابچڵەکێین، نازانم تیایەتی هاوشانی ئیدانە کردنی بکوژانی کاك شەوکەت، باسێك لە قوربانییەکانی تری رووداوەکەش بکەین یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك مەلا بەختیار، فەرموو کاك رجب.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم من تەلەبێ ئیجازەم کردبوو، چونکە نووکە گەیشتیە یەك، ئەوجا تەلەبا وێ نەکردبوو کە موداخەلە بکەم، لەگەڵ رێزو سوپاسیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ببورن، چونکە دەستت بەرزکربۆوە لە کاتی ناونووسیندا بۆیە، فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ وەکو رەفیقێك کە لەسەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ کاك شەوکەت پێکەوە بووین، بەش بەحاڵی خۆم دەرسم لە تەجروبەکانی وەرگرتووە و قسە بکەم، ئەمەوێ وەکو شەهید کردنی پەرلەمانتارێك کە مەسەلەکە بەوە ناوەستێت وەکو خەتەرێك لەسەر میللەتەکەمان

دروست بووه ئاوا قسه بکەم، ئەوانەی کە کاك شەوکەتیان شەهید کرد گوێیان بەوە نەدا کە کاك شەوکەت کێ یە، گوێیان بەوە نەدا کە کاك شەوکەت خەبات بۆ کێ دەکات، لەو شوێنە لەکاتی تاریکیدا لە ساڵی ١٩٧٦ دا کاك شەوکەت لەو شوێنە، کە لەیەکەم مەفرەزەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەستی باڵای هەبوو لە دروست کردنەوەی یەکەم مەفرەزە، ئا لەم شوێنە شەهید بوو، ئەوانەی کە کاك شەوکەتیان شەهید کرد، لەو ڕۆژەدا کە کاك شەوکەت چەکی هەڵگرتبوو بەربەرەکانی دوژمنەکانی دەکرد، ئەوان گاڵتەیان پێ دەهات، ئەوان لە هەندێ مینبەرەوە هاواریان دەکرد، کاك شەوکەت و ڕەفیقەکانی کاك شەوکەت بە گێل وجار جاریش بە کافریان لە قەڵەم دەدان، ئەوان گاڵتەیان لێ دەهات لەسەر ئەوەی کە کاك شەوکەت و ڕەفیقەکانی کاك شەوکەت و میللەتە چەوساوەکەمان داوای مافی خۆیانیان دەکرد، ئێستاش بەیانێکیان دەرکردووەو لە بەیانەکەیاندا شەرعیەتێکی تەواویان داوە بە شەهید بوونی کاك شەوکەت، چەند ئایەتێك و حەدیسیان تێدا نووسیوە، کە بە گوێرەی ئەوانە کوشتن و شەهید کردنی کاك شەوکەت ومناڵێکی سێ ساڵەو خوێندکارێك و ژن و خاوەن ماڵەکەو پێشمەرگەکانی تر، کە لە پێشمەرگە هەرە هۆشیارو ڕێك وپێکەکانی ئەو ناوچەیە بوون، ئەوانە شەرعیەتیان پێداوە و بە حەلاڵی دەزانن، داواکەی من ئەوەیە کە ئەو مەوزوعە نە بەکاك فەرەنسۆی شەهید، نە بەکاك شەوکەت و بە ئێمەمانانیشەوە ناوەستێتەوە، ئەوان کە سڵ نەکەنەوە، من بەش بەحاڵی خۆم جارجار شکم هەبوو لەوە کە باس دەکرا لە جەزائیر مناڵیان سەربڕیوە، ئیتر بۆم سەلمێنرا چونکە ماڵەکەم دەناسی و مناڵەکان دەناسم، و لە ڕۆژی ڕەشدا لەگەڵ کاك شەوکەتدا چەند شەوێك لەو ماڵانە ماوینەتەوە، ئەوان شاردوینەتیانەوە بۆ ئەوەی کەوا ئیش وکارەکانی خۆمان بکەین، دیارە من نامەوێ وای لێ بکەم مەفرەزەکانی پارتیش کەلەو مەنتیقانە بوون، ئەو باسانە زۆر باش دەزانن، حەق وایە ئەو قسانەی کە مەلا بەختیار کردی توند تر لەوە، ئێمە فریای ئەوە بکەوین کە چارەسەرێك بۆ ئەو مەوزوعانە دابنێین، چارەسەرێك بۆ ئەوە دابنێین ژیانی هەر تەنها پەرلەمانتارەکان نا، ژیانی ڕەش ورووتی ئەو وڵاتە بپارێزین، خەتەری ئەوانە بە خەڵك بناسێنین، حەق وایە ئێستا لێپرسراوی یەکێتی زانایانی کوردستان، هەردوو یەکێتی زانایان گوێیان لە دەنگمانە، ئەوان لە منبەرەکانی خۆیانەوە ئیدانەی ئەو مەوزوعە بکەن، لەجیاتی ئەوەی کە دانەنیشن باسی کوژراوێکی فەلەستینی دەکەن، حەق وایە کاك شەوکەت ورەفیقەکانی کاك شەوکەت، ئەو تاوانانەی کەئەوانە لەخێڵی حەمەو لە درۆزنە ولەوانە کردیان، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ لە هەموو ماڵێکی کوردستاندا دەیکەن، حەق وایە ئەمانە لە ڕۆژانی جومعە لە شوێنانی تر ئەوە بکەنە باسی ڕۆژانەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك بەکر، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز محمد عباس عولا(شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك هاوڕێ مەلا بەختیار باسی کرد، لەڕاستیدا ئەو جەماعەتەی ئەنصاری ئیسلام هەم گێرەشێوێنن، هەم سەرلێشێواون، هەم تیرۆرستن، دوو ئەندامی پەرلەمان، دوو تێکۆشەری میللەتەکەمان بەدەستی ئەو تاقمەیە تیرۆر کران و شەهید بوون، سەرەڕای ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ چل و دوو پێشێل کراوی ئەو سنوورەیەمان لەژێردەستدایە، کە دەتوانین دوایی بەرزی بکەینەوە بۆ بەڕێزانتان، بەحەقیقەت ئەوانە جگە لەوەی کە مەزاری بنەماڵەی نەقشبەندی کە هەموو مرۆڤێك ڕێز لەو بنەماڵەیە، ڕێز لەو مەزارەیە دەنێتن، ڕۆژانە چەندان، سەدان، هەزاران کەس سەردانی ئەو مەزارەیان کردووە، بەدەستی ئەو تاقمەیە گۆڕەکانیان هەڵتەکێنران، بۆیە پێویستە بەڕاستی لێرەکانە وەکو پەرلەمانتاران، وەکو پەرلەمان بڕیارێك لەسەر ئەو تاقمانە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك شاخەوان، ئێستا وابزانم لەو بارەیەوە ئەوەی کەوا پێویست بوو باس کرا ، ئەوەی کەوا ئێمە پێشنیازی دەکەین بۆ ئێوەی بەڕێز و ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیەی پەرلەمان، ئەوەیە کەوا بڕیارێك دەربچێت بە ناوی پەرلەمانەوە بۆ تاوانبار کردنی ئەو تاوانە گەورەیە و، هەروەها تاوانەکانی تری ئەو گروپە تیرۆرستە و، لەو بارەیەوە ئەگەر دەسەڵات بدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و بە ئامادەبوونی سەرۆکانی هەردوو فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بەو شێوەیە دابڕێژن، یەکەم تاوانبار کردنی ئەو کارە، دووەم داوا کردن لە ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەدوای ئەو مەسەلانەدابچن و، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کەوا ئەو تاوانبارانە بە سزای خۆیان بگەن، ئینجا بەو شێوەیەی کە باسکرا، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا ئەو خاڵەی کە هاتووە لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی ئەمڕۆدا و، بەو شێوەی کە روونکرایەوەو باسکرا، کێ لەگەڵ ئەوەدایە با دەست بەرزبکاتەوە؟...سوپاس. کێ لەگەڵ ئەوەدانییە؟ زۆر سوپاس، کەواتە بەگشتی ئەو بڕیارە وەرگیرا و، پاشان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەو بارەیەوە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆندا دائەنیشێت، و لەو بارەیەوە ئەوەی بە پێویست دەزانن بڕیاری لەسەر دەدەن، چ وەکو دەرکردنی روونکردنەوەیەك و، هەروەها ئەو ئیجرائاتانەی کەوا پێویستە بکرێن بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەی پەرلەمان، زۆر سوپاس. لەبارەی خاڵی دووەمەوە گفتوگۆکردن لەسەرباری نائاسایی لە هەندێ ناوچە سنوورییەکان، وەکو دەزانن کە هەندێ ناوچە هەن لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بارێکی نائاساییان تێدایە، ئەویش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەندێ گروپی تیرۆریستی لەو ناوچانە، رەنگە ئێوەش بێتەوە بیرتان ئەوە یەکێك بوو لەو پێشنیازانەی کەوا لەلایەن شەهید کاك شەوکەتی حاجی مشیرەوە پێشکەش کرا لەیەکێك لە کۆبوونەوەکاندا، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەوڵ بدات ئەو بارە نائاساییە کۆتایی پێ بێنێت، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەهۆی بوونی

ئەو گروپانەوە بێبەش بوون لەهەموو خزمەت گوزارییەك، بارێکی نائاسایی هەیە، منالآنیان ناتوانن بخوێنن، ناتوانن رێك لەو ناوچانە وەکو پێویست لەباری تەندروستی و لەباری کۆمەلآیەتییەوە خزمەت گوزاری بکرێن، ئینجا لەو بارەیەوە ئێمە بە باشمان زانی کەوا لەم کۆبوونەوەیەدا لەو بارەیەوە قسە بکرێ و، پاش وەرگرتنی بیروڕای پەرلەمانتارانی بەڕێز، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو هەنگاوانەی کەوا پێویستە لەو بارەیەوە جێ بەجێی بکات، کێ لەو بارەیەوە دەیەوێ قسە بکات؟ فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە گوزەشتەو تاریخی تیرۆرستان و گروپی سەرلێشێواو وهێزەکانی دژ بە کێشەی ڕەوای میللەتەکەمان، هەمیشە لەسەرەتای هەلبژاردن و دروست بوونی پەرلەمان و ئیدارەی خۆمالی کوردی، بێ دەخل نەبووە، موتەفەریج نەوەستاوە، هەمیشە هەولی ئەوەیان داوە کە سەرئێشەو ئاستەنگ و کێشە دروست بکەن بۆ ئیدارەی کوردی و، لەهەر کوێ توانیبیان ئیدارەی کوردی مەشغول بکەن بە کێشەی لاوەکیەوە، بۆ ئەوەی نەپەرژێنەسەر پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بە باشترین شێوە بە هاوولآتیان و، هەروەها شەك و شەریك بخەن و دروست بکەن بۆ ئیدارەی خۆمالی، ئیدارەی کوردی کە لەرێگای هەلبژاردنێکی شەرعییەوە راستەوخۆ هەلبژێردراوە، لەماوەی چەند سالی رابردوو، هەم لە بناری قەندیل، هەم لە دۆلی خیلاب، لە دۆلی بالەییان کێشەیەکی زۆر بووە زیاتر لە هاوولآتی پەنجا دێ دروست کراوە کە ناتوانن وەکو پێویست کەسابەتی خۆیان بکەن، لە هەموو خزمەتگوزاری کە لە لایەن ئیدارەی خۆمالی ولە لایەن پرۆژەی بەرنامەی خۆراك بەرامبەر بە نەوت، پێشکەش بە هاوولآتیان دەکرێ بێبەشن، تەنانەت بەوە نەوەستاوە بەلکو تووشی جۆرەها سزاو ئەشکەنجەو سەرانەو بگرو بکوژ دەبن، ئەمە کارێکی وای کردووە کە ئەتوانین بلێین ئەو ناوچانە بووە بە زیندانێکی گەورو بە سجنێکی گەورە، ئەگەر سەیرێکی ناوچەکانی هەورامان و بەشێکی شارەزوور بکەین، لەلایەن ئەو تاقمە سەرلێشێواوەی دوژمنی ئیسلام، دیسان ماوەیەکە خەلکی ئەو ناوچانە لەرووی کۆمەلآیەتییەوە بە زۆر ژنانی ئەو ناوچەیە دەخرێنەوە چێشتخانەکانیان و ناچار دەکرێن کە لە ئیشی رۆژانە و هاوکاری پیاوەکانیان، کە پێشتر هاوکارێکی گرنگ بوون بۆ پەناهێنانی کێلگەکانیان و رەزو باغیان بێ بەش کراون، جگە لەوەش رۆژانە خەلکی ناوچەکە بە تۆمەتی جیاجیا ئازار دەدرێن، کە بەهیچ شێوەیەك ناگونجێ هەتا لەگەل شەریعەتی ئیسلامیش، من پێم باش بوو بوەستم لەسەر ئەوەی کە ناکرێ ئێمە کە باسی جوندی ئیسلام دەکەین یان ئەنصاری ئیسلامی دژ بە ئیسلام دەکەین، گروپە ئیسلامیەکانی تر، یان خەلکی موسلمان شعور بکات، کە پەرلەمانی کوردستان هەلوێستێکی دژ بە ئیسلامی هەیە، نەخێر، ئیسلام، بەرنامەی ئیسلامی، پلاتفۆرمی ئیسلام لەلایەن کوردە عیلمانیەکان جێگای خۆی هەیە و ئیحترامی خۆی هەیە، ئیسلام ١٤٤١ سالە لە ولآتی ئێمە بوون بە بەشێك لە ئێمە، ئێمە لەبەر ئەوە نییە کارەکانی ئەوانە مەحکوم دەکەین لەبەر ئەوەی وشەی ئیسلامیان بەخۆ ناوە، لەبەر ئەوەیە خۆیان ئەلقە لەگوێی

بێگانەن و کردووانە بە وەزیفەی خۆیان، گێرەشێوێنی لە ناوچەکە دروست بکەن، ئەمن و ئیستقرار بخەنە خەتەر، هاوولاتیان بخەنە خەتەر و، من پێم وایە خەڵکی ئەو مەنتیقەی هەورامان وبەشێکی شارەزووریش، دیسان بێ بەشن لەو خزمەت گوزاریانەی کە لەچەند ساڵی رابردوو پێشکەش کراوەو، بێ بەشن لەهەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و پێشهاتنێك کە لە کوردستان بۆ هاوولاتیانی تر کراوە هەتا لە رێگەی کەسابەتیش، بە وەزیفەی پەرلەمانی دەزانم کە لەسەریان هەڵبدات و ببێ بە محامی ئەوان، داوا لە ئیدارەی کوردی بکات، داوا لە هەردوو ئیدارە بکات کە هاوکارییەکی توندتر، هاوکارییەکی پتەوتر بکەن، بۆ ئەوەی هەم دەرکی ئەو خەتەرە بگرێ و لابرێ و، هەم ئەو هاوولاتیانەی بناری قەندیل و ناوچەکانی هەورامان وشارەزوور لەم مەینەتییە رزگار بکرێن، وەکو جەنابیشت فەرمووت ئەمە یەکێك بوو لەو خاڵانەی کە خوالێخۆشبوو شەوکەتی حاجی مشیر زۆر پەرۆشی بوو، ئەگەر خۆیشی لێرە بوایە ئەمڕۆ هەر پێشکەشی دەکرد، ئێمە لەکۆبوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەرچەندە خۆشمان لائیحەیەکمان ئامادە کردبوو، بەلام ئەمەمان پێ خێراتر بوو، پێمان خۆش بوو ئەمڕۆ بڕیارێکی لێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سعدی، فەرموو کاك احمد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بارە ئالۆزەی، ئەو گرفتەی کە زۆر ناوچەی گرتۆتەوە، بەلام بە شێوازی جیاوازو جیاجیا، ئەتوانم بڵێم سنوورەکان زۆربەی ئالۆدەی ئەو بارە بوون، ئەو گرفتە بوون، ئەمە خۆی لەلایەنی سیاسییەوە پەیوەستە بە ستراتیجیەتی و تایبەتمەندی ناوچەکەمانەوە، بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا، ئێمە ناڵێم کاری ئێمە سیاسی نییە، پوخت سیاسییە، بەلام پێویستی بە ئاگاداربوونەوەیە، ویا شیتاڵ کردنەوەیە و، یان خانەبەندییە، لە رووی ئەوەوە کە بڕیارێکی مەحکەم وەرگیرێ دەرهەق ئەو بابەتە، من لەگەڵ هەموو ئەو بابەتەم کە هاوەڵی بەڕێزمان سەرۆکی بەڕێزی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان فەرمووی، راستە وایە، بەلام بۆ ئەوەی کارەکە پوخت تر بڕوا، دروست ترە کە دەرفەتێکمان بدرێتێ و، لە ئایندەیەکی زۆر زۆر نزیکدا دابنیشین بۆ ئەو بڕیارە، ئەگەر رێگە بفەرموون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك احمد سالار، بێگومان ئێمە لەو بارەیەوە قسە دەکەین لەم کۆبوونەوەیەدا، گرنگ ئەوەیە بڕیارێك وەربگرین، بەلام چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە، ئەوە لە پاشاندا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە، هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا باس دەکرێ و، باسی ئەوەش دەکرێ چ هەنگاوێك پێویستە لەو بارەیەوە بنرێ، بەو شێوەی کەوا ئێوە پێشنیازتان کرد، ئێستا ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەو بارەیەوە بیەوێ قسە بکات با بفەرموێ ناوی خۆی بنووسێت، تائێستا دوو

ناومان هەیە، کاك حەمە علی و کاك مستەفا چاوڕەش، کەسی تر هەیە قسە بکات، فەرموو کاك حەمە علی تۆفیق.

**بەڕێز حەمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جێی خۆیەتی ئەمڕۆ باس لەو بارودۆخانە بکەین کە تایبەتن بە ناوەوەی کوردستان، بەلآم ئێمە ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەم بارودۆخە نائاساییە کە ئێستا ماوە هەمووی تەرەسوباتی ئەو بارە ناخۆش وئەو بارە بوو، کە لە ئاکامی شەڕی براکوژی، شەڕی کوردستان هاتوونەتە کایەوە، بەحەقیقەت پێشتر لەم پەرلەمانە بڕیارێك دەرچوو، بڕیاری قەدەغەکردنی هەلگرتنی چەك، یا دروست بوونی میلیشیات، پاش شەهید بوونی شەهید فەرەنسۆ هەریری ئەو تیرۆرستانە لە سنووری ناوچەی ئەم هەرێمەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەرکران، ڕاو نران، ئەوانەی کە گیران، گیران، ئەوەشی دەرچوو رۆیشت، بەلآم بەڕاستی لە هەرێمەکەی تر لەوێ خۆیان گرتووەو، خۆشیان دروست کرد و توانیان تا ئێستا بەو ئاکامە بگەن، کە بتوانن بەو شێوەیە دەست لە هەڤالآنی سەرکردایەتی، یا پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕش بوەشێنن، هەروەها ئێمە وەکو پەرلەمانتاران بەڕاستی پێویستە داوا لەسەرکردایەتی سیاسی هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بکەین، نەك ئێمە لێرەوە بڕیارێك بدەین، ئەوان لەوێ بتوانن بارودۆخەکە زیاتر بە وردی هەڵسەنگێنن و ڕێگەچارەیەك بۆ ئاسایی بوونەوەی هەموو بارودۆخی کوردستان و سەرسنوورەکانیش کە بەحەقیقەت ئەمانە هەمووی دەستی بێگانەن و ئەیانەوێ ئەم ئەزموونەی ئێمە تێك بدەن و نایانەوێ ئێمە وەکو کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆمان بگەین، لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئێمە جارێکی تر بە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین، بڵێین کە یاسای قەدەغەکردنی هەلگرتنی چەك، ئەوانە زۆر بە جدی لەم کاتەدا جێ بەجێی بکەن و میلیشیاتی جۆراو جۆر لە شوێنەکاندا نەهێڵن، بەتایبەتی لە شار و لە شارۆچکەکاندا، هەتا هیچ نەبێ ئینسان بتوانێ لەو مەنتیقانەدا هاووڵآتیان و هەڤالآنی خۆیان بپارێزن و، هەوڵیش بدرێ ئەو تیرۆرستانە بخرێنە ژێر چاودێری توند، بۆ ئەوەی نەتوانن جارێکی تر هەتا بە یەکجارەکی پاك دەکرێنەوە لە کوردستاندا بتوانن دەستێکی وا بوەشێنن کە زیان بە گەلەکەمان وبە هەڤالآن بگەیەنێت، لەگەڵ ڕێزماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك حەمە علی تۆفیق، بێگومان ئێمەش نیازمان لەو پێشنیازە هەر ئەوەیە کەوا لێرە بڕیارێکی لەسەر بدرێ، لە پاشان جێ بەجێی بکەین، هەر بەرەو ڕووی ئیدارەکانی حکومەتی کوردستان دەبێتەوە، فەرموو کاك مستەفا چاوڕەش.

**بەڕێز مصطفى قادر محمود(چاوڕەش):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم حاڵەی ئێستا کە لەسەر باری نائاسایی کە لەهەندێ ناوچە هەیە، جەنابتان دەزانن کە هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازە، یانی ئەوەی کە هەیشە لە ئیمڕۆوە نییە، ئەو بارە نائاساییە تەقریبەن ئەوە لە دروست بوونی حکومەت و لە دروست بوونی پەرلەمان، هەر شوێنەش بە گوێرەی مەوقیعی خۆی گۆڕانی تێدایە، بۆ نموونە لە ناوچەی بەرواری باڵا رەنگە جۆرێك بێت و، لەناوچەی قەندیل، لە ناوچەی هەورامان و ئەوەی کە ئێستا تیرۆرستانەی لێیە نەوعێکی ترە، ئێمە ناتوانین لێرە قەرارێکی موەحەد بدەین، چونکە هەریەك شتی جیاوازی خۆی هەیە، ئێمەش مەبەستمان لەو پێشنیارەی کەوا جەنابی شەهید شەوکەت کە کاتی خۆی کردی، ئەوەی کەوا ئاوەدانی و کۆمەڵە شت بێ، لەوەشە ئەتوانی هەندێکیان قەبووڵ دەکەن، تۆ بچی ئیشی تێدا بکەی و خزمەتیان بکەی، گلەییشیان هەیە، گلەییەکەیان لەوەیە تۆ جاری وا هەیە هەر هەمووومان حەز دەکەین، ئەگەر بزانین شتەکە بۆ میللەتەکەیە، رەنگە بە کۆڵی خۆشمان بێت بۆیان بەرین، پێمان خۆشە خزمەتی هەمووان بکەین، چونکە ئەوە بەشێکن لە میللەتی خۆمان، دەبێ وەزعێکی تایبەتی بدەینێ، ئینجا لە قەندیل بێ، یان لە هەورامان، لە شوێنی تردا، هەندێکی وەکو چۆن دەڵێن شەمشەمەکوێرن لە تاریکستاندا، ئێستا تۆ دەڵێی من مەکتەب دەبەم بۆ هەورامان، بەڵام ئەو قەبووڵی نییە منداڵ بخوێنێ، یانی رێگە نادات مامۆستاکە بخوێنێ، رێگە نادات ئاوەدانی بۆ بچێت، ئینجا لە هەمان کاتیشدا خەڵکیش هەیە دەڵێن بۆچی ئاوەدانی نایەت بۆ وڵاتەکەی ئێمە، ئینجا لەبەر ئەوە من مەبەستم لە بڕیارەکەیە، وەزعی نائاسایی هەر شوێنێك لەگەڵ شوێنێکی تردا جیاوازە، ئەگەر قەرارێك بدەین، ئەبێ قەرارێك بێ هەر شوێنەو شوێنی جیاوازی بۆ بدەین، ئەگەر بۆ ئاوەدانیش بێ ئەوە ئێمەش حەز دەکەین وڵاتەکەمان ئاوەدان بێ وئەوانە مەحروم نەبن، ئێستا شوێنێکی وەکو تەوێڵە کە باس دەکەی دەڵێی ئەوە بەهۆی ئەو وەزعەوە هیچ شتێکی ناگاتێ، خزمەتی ناگاتێ، خۆ هەمووی هی خۆمانن، ئینجا ئەوە پارتییە، ئەوە یەکێتی یە، ئینتیخاباتەکانیش خۆ دیارن لەسەدا چەندی هێناو، چەندی نەهێنا، بەڵام دەستمان نایگاتێ گلەییشمان لێ دەکەن، ئینجا لەبەر ئەوە من هیوادارم ئەگەر قەرارەکەی وەزعی نائاسایی بێت، بڕیارێکی بۆ بدرێ هەر مەنتیقەیەك لەگەڵ ئەوی تر جیاوازە، ئاوەدانیش وەڵڵا پێمان خۆشە هەمووومان رەنگە کەس پێی وانەبێ بتوانین پردێك، خەستەخانەیەك بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك مستەفا، بێگومان ئەوەی پێویستە ئێمە لێرە بڕیاری لەسەر دەدەین، بەڵام وردەکارییەکان و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی بەرەو رووی ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان

ئەبێتەوە و، ئەوان بڕیار دەدەن کەوا بۆ هەر لایەك چ هەنگاوێك پێویستە بنرێ، ئێستا کاکەڕەش دەیەوێت لەو بارەیەوە قسە بکات، با بفەرمووێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەدەف لە کارەکە ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەو سنوورانەی ئێستا باری نائاسایی لێ هەیە، ئەو بارە نائاساییە نەمێنێ، خەڵکەکە بتوانێ وەکو پێویست بە ئارامی بگەڕێتەوە سەر جێگای خۆی و شوێنەکانی خۆی و، حکومەتی هەرێمیش بتوانێ خزمەتگوزاری و ئەو جۆرە شتانە و مەوادی خۆراکی وئەو شتانەی کە باس کرا وەکو پێویست بگەیەنن، جا لەبەر ئەوە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان هەر بەو شێوە دەبێ، دەبێ داوا بکرێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵ بدرێ ئەو جێگایانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت نین، هەوڵ بدرێ بکەوێتەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و خەڵکەکە تێدا بە ئارامی بژیت، ئەو خەڵکەی تێدا تەرحیل کراوە، گۆزراوەتەوە، بتوانێ بگەڕێتەوە سەر جێگای خۆی، بە تەئکید پەرلەمانی کوردستان جیهەتێکی تەنفیزی نییە، ئێمە ناتوانین لێرە بڕیار بدەین وبڵێین دەچین ئەوە دەکەین، بەڵام بەرای ئێمە داوا بکرێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ئەو جێگایانە، هەوڵ بدرێ بکەونەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم، ئینجا ئەوان چۆنی دەگەینن، بەچ شێوەیەك دەیکەن، بەتەئکید ئەوان باشتر دەزانن چۆن دەتوانن بیکەن، چونکە مەسەلە، مەسەلەیەکی تەنفیزیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاکەڕەش، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز محمد عباس عولا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو سنوورانە وەزعێکی نائاساییان دروست کردووە، کە پێویستە ئەو وەزعەیە، ئەو بارودۆخەی ئەو سنوورانە چارەسەریان بۆ بکرێت، چونکە کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە بیانییەکان کە خەریکی خزمەت گوزاری و ئاوەدان کردنەوەن، ئەوانە ناتوانن دەسەڵاتیان بگاتە ئەو سنوورانە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك ڕێکخراوی مین هەڵگرتنەوە، کە هاتوونە بۆ هەڵگرتنەوەی مین، بە پێچەوانەوە ئەو جەماعەتی ئەنصاری ئیسلام، یا ئەو جەماعەتەی کە لەسەر سنوورەکانن، سنوورەکانیان کۆنترۆڵ کردووەو مین دادەنێنەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی مافەکانی مرۆڤیش پێشێل بکرێت و، ڕۆژانە ئەو مینانە دەتەقێنەوە و چەندان هاووڵاتی شەهید دەبن و بریندار دەبن، ئێمەش لەسەرەتا کە شۆڕش بەرپا بووە، خەبات و تێکۆشانمان بۆ گەلی کورد بووە، سەرەڕای ئەوەش کە خزمەت گوزاری بە کۆمەڵانی خەڵك بگەیەندرێ، بەتایبەتی بە لادێکان، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو سەردەمانەی کە ئیمکانیات هەبوو لە چەندان دێی جیاجیا، یا لە سنوورە جیاکان، قوتابخانە کرابۆوە، نەخۆشخانە کرابۆوە، کەچی ئێستاکە ئەو سنوورەیە کە ئیمڕۆ دەسەڵاتێکی گەورەمان هەیە، ئیمکانیاتێکی باش هەیە، لە هەموو لایەکەوە دەستی هاوکاری و خزمەتگوزاری بۆ دێهاتەکان درێژ دەکرێ،

کەچی ئەو سنوورانە بێ بەشن لە ئاوەدان کردنەوەو خزمەت گوزاری، بۆیە بەڕاستی پێویستە لێرە بڕیارێك لەو بارەیەوە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك شاخەوان، ئێستا هەردوو بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەستیان بەرزکردۆتەوە، ئێستا دوو مەلامان ماوە، کاك مەلا بەختیارو، کاك مەلا محمد امین چەمچەماڵی و، کاك مەلاهادی ئەوە بوو بە سێ مەلا، بەلأم باجارێ سەرۆك فراکسیۆنەکان بفەرموون، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێمە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەزانین لەو ناوچە سنووریانە کێشەیەك هەیە، ئەو کێشەیە کاری کردۆتە سەر ژیانی رۆژانەی هاوولأتیان، ئەوە بووە بە پیشەی چەندین ساڵی رابردوو، بە وەزیفەی خۆمان دەزانین ئیشارەتی بۆ بکەین، و بە هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین کە ئێمە هاوکارین لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەو صیغەیەی کە جەنابی کاکەڕەش فەرمووی، ئێمە وەکو فراکسیۆن موافقین کە بەعام کێشە سنووریەکان چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی هاوولأتیان لەو مەینەتییە رزگاریان ببێ وخزمەتگوزارییەکان وەکو پێویست پێیان بگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك سعدی، فەرموو کاك احمد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز شێخ کاکەڕەش فەرمووی، بەهەمان شێوە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین، بە شێوازێکی باشی ئەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا محمدامین.

**بەڕێز مەلا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم وایە بارودۆخی ناوچە سنووریەکان جیاوازیان هەیە، فەرقێکی زۆریان هەیە، هەندێکیان کێشەی ئیداری و ئەوانەی دروست کردووە و، هەندێکیان کێشەی زۆر لەوە گەورەتریان دروست کردووە، کە ئەوەش مەسەلەی تیرۆرە وکوشتن و بڕین و ئیعلان کردنی حەربێکە لەسەرمان، کە نەك هەر کێشەیەکی سیاسی یە، بەڵکو وەکو دینیش بە ئیعلانی جیهاد بە حەڵاڵ و غەزا راگەینراوە، من ناچمەوە بۆ سەرەتای کێشەکان کە چۆن دروست بووە یان نا، لێرە باسی یەکێتی زانایان کرا، بەڕاستی من ویستم ئەو باسە بکەم، ئێمە لەسەرەتاوە وەك یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان کە هەردوو رێکخراوەکە، کە ئێستا پێم

وایە نوێنەریان لێرەیە، راستی و دروستی ئیسلامی پیرۆزمان راگەیاندووە بە خەڵکەکە و، بەربەستێك بوونە لەبەردەم چەواشەکاری ئیسلامی، کە بەناوی ئیسلامەوە میللەتەکەمان چەواشە نەکرێت و، جارێکی ترمیللەتەکەمان هەڵنەخڵەتێنرێتەوەو، کێشە ڕەواکەی خۆی بۆی بکرێ بە شتێکی حەرام، زانایانی ئاینی خەباتێکی دوورودرێژیان کردووە، هەمووشتان دەزانن ئێمە مامۆستایەکی بەڕێزمان لە هەڵەبجەی شەهید هەوڵی تیرۆری درا و برینداریکی خەست بوو، و یەکێتی زانایان موزاهەرەی لەسەر کرد، لە کاتێکدا کە گۆڕی پیاوچاکانی بیارەو، تەوێڵەو باغە کۆن لە گۆڕ دەرهێنران، یەکێتی زانایان بە هاوکاری شێخانی تەریقەت موزاهەرەیان کرد و خۆ پیشاندانیان دا، ئەم راستیانەیان لە ڕووی ئاینی پیرۆزەوە ئەم تاوانەیان روون کردەوە و هەموو کەناڵەکانی دەرەوەیان تێگەیاند، پێم وانییە رێکخراوێك هەبێ لە کوردستاندا بە قەدەر یەکێتی زانایانی کوردستان، ئەوەندەی من بەشبەحاڵی خۆم ئاگادارم لە بەشی سلێمانی دەوری بووبی، رۆڵی بووبێ، توانیبێتی ڕوو بەڕوو فسەکان بکات، ئەوەش ئێمە وەك دین دەیبینین، وەکو ئەوە نایبینین، چونکە پێم وایە ئەگەر موسڵمانێك، مەلایێك لە کوردستاندا پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی ( من رأى منكم منكراً فليغيره بيده فأن لم يستطيع فبلسانه وأن لم يستطيع فبقلبه و ذلك اضعف الايمان)، کەواتە هەر مونکەرێك دەبینین واجبمانە لە پێشان بە ئەولەویەت و تەخصیص واجبی عولەمای دینە کە لەسەری بە جواب بێین، ئێمە لەسەر ئەو مەسەلانە بە جواب بین و خەباتی خۆمان کردووە، حەز دەکەم لەبەردەم هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێزی کوردستان بڵێم کە ئێمە لە یەکێتی زانایان لە سلێمانی یەك مەلەف هەڕەشە نامەمان لایە بۆ سەر مەلاکان هاتووە، کە هەمووی هەڕەشەی کوشتن و تیرۆر کردنیان لێ دەکات، بە کتابی رەسمی، کۆمەڵێك هەتا خۆیان بۆ نەگیراوە هەتا ناوی کۆمەڵەکەشیان نووسیوە، دەتوانین پێشکەشی بکەین لەبەردەمتاندا، بۆیە من پێم وایە ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێکن دروست کراون، نەك هەر تەنها دین بە پەند ئەکەن، بەڵکو دەیانەوێ ئەم تەجروبەی کە بە خوێنی سەدان هەزار شەهید و ئەو هەموو کارەساتە هاتووتە دی لە ناوی بەرن، کۆمەڵێکن لە پشتیانەوە خەڵکی دوژمنانی ئەم میللەتەیەن و دەیانەوێ ئاژاوەیەك لەم کوردستانەی ئێمە دروست بکەن، و من پێم وایە یەکێك لە کێشەکانی کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پەنجەی لەسەر دابنێ، یان نوقتەی لەسەردانێ، ئەوەیە کە مەشغول کردنی هێزە کوردستانیەکان لەم کاتەدا کە پێکەوەن مەسەلەیەکی چارەنووس سازە لە عێراقی خۆمانە و، پەنابەخوا بەرەبەیانی ئەوە دەرکەوتووە کە میللەتانی عێراق بە کوردو عەرەب و هەموو نەتەوەکانی ترەوە لە زوڵم و دیکتاتۆریەت رزگار بن، پەکمان بخەن یان ئاژاوەیەکی ئەوتۆمان بۆ دروست بکەن کە ئێمە لە کێشە سەرەکیەکانمان دووربخەنەوە، من پێم وایە ئەمە قەرارێکی سیاسی هەردوو سەرکردایەتییە، پەرلەمانی کوردستان پێویستە داوا لە سەرکردایەتی هەردوو حزب بکات، قەرارێکی سیاسی لەسەر مەسەلەی تیرۆرستان وەربگیرێ، چیتر تیرۆر قەبووڵ ناکرێ لە کوشتن و بڕینی خەڵکی بە ناحەق و بەبێ تاوان و ئیعلانی غەزاش بکرێ و بە حەڵاڵیش بزانرێ، برایانی بەڕێزم کەسێك کوشتنی کەسێکی تر بەوە بزانێ، ئەگەر بە فێڵی موخادەعە

بە غەدرو خیانەت بیبات و قسەی لەگەڵدا بکات و بیکوژێ بە تەقەروبی بزانێ بۆ خوای تەعالا، ئیتر ئەبێ چیتر لە فییەم و ئەخلاقی تیا مابێ کە ئێمە بە تەمای بین، بەداخەوە هەتا متمانەی ئەوە نەماوە کە ئینسان وەفدێك بچێت لەگەڵیان دابنیشێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، یان بیانهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، یان قسەیەکیان لەگەڵدا بکات بێنەوە ناو باوشی میللەت و وڵاتەکەی خۆیان، بۆیە بەڕاستی پێویستە بڕیارێکی سیاسی ئەوتۆی لێ وەربگیرێ و، قیادەی سیاسی هەردوو لا داوایان لێ بکرێ ئیلزام بکرێن لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کە پێویستە بڕیارێك لەسەر ئەو مەسەلەیە وەربگیرێ، پێویستە سنوورەکانی تریش و مەسەلە ئیداریەکان چارەسەر بکرێن، چونکە جیاوازی دەبینم لە نێوان هەردوو کێشەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك مەلا محمدامین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، ئێستا با کاك شمایل بفەرمووێ.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەکورتی تەئییدی قسەکانی کاك کاکەڕەش سکرتێری کاتی پەرلەمان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حکمت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ ئەو قسانەی بەڕێزان هەڤاڵانی پەرلەمان دووبارە بکەمەوە، تەنها ئەمەوێ بڵێم سنوورەکان، لە سنووری دەسەڵاتی هەردوو حکومەتی هەرێم سەرئێشە و کێشەو بێشەی تێدایە بە نیسبەت هاووڵاتییەوە، یانی ئێستا قسەکە لەوە دەرچووە کە ئەمان خەڵك تیرۆر دەکەن، قسەکە لەوە دەرچووە کە نایەڵن هاووڵاتی ئەصڵەن بە ئاسوودەیی لە ماڵ وحاڵی خۆشیان بژین، ئەمە مەترسییەکی زۆر زۆر گەورەیە کە وورده وورده خەڵك وای لێهاتووە بەڕاستی هەراسان بووە لە ژیانی خۆی، مناڵ نەخوێنێ، ژیان نەبێ، کێڵگە نەچێندرێ، ئەمە وەزعیەتێکە باوەڕناکەم ئیتر بەبەرییەوە مابێ، دوور نییە لە گۆڕانکارییەکانی ئاییندەی عێراق ئیتر ئەو مەسەلانە بەتەواوی ساغ ببێتەوە و، بێگومان من بەش بەحاڵی خۆم ئەو قسەیەی برای بەڕێزم کاك علی تۆفیق کردی سەرنجی ڕاکێشام، بێگومان ئەمە زایەدەی کۆمەڵێك هەڵەیە کە کراوە بە حەقیقەت، و هەڵەکە هەر لایەك کردبێتی بە یەکێتی نیشتمانیشەوە داپۆشینی کارێکی باش نییە، من بەش بەحاڵی خۆم لە کردنەوەی سەکۆی ئازادی، پارکی ئازادی دوو هەفتە لەمەوبەر ئەو ڕەخنەیەم لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەبەر چاوی دوو هەزار کەس گرت، کە یەکێتی نیشتمانی نەدەبوو ڕێگە بە جوندی ئیسلام بدات لەوێ بن، کە ئەو تاوانانە بکەن کە ئێستا ئەنجامی دەدەن، ئەمە حەقیقەتێکە هەر لایەنێك لە لایەکانی شەڕی ناوخۆ سەیر بکەن هەڵەی بەرامبەر هەڵەی لەو بارەیەوە کردبێ

سەرەنجام باجەکەی ئاوا ئەدرێتەوە، بەلام پێم وابێ کاك عەلی دیقەتێکی تیا بەکار نەهێنا لە حەقیقەتدا، ئەویش ئەوەیە مەسەلەی شەهید کردنی کاك فەرەنسۆ لەکاتێکدا بوو کە ئەوانە لەوێ کۆببوونەوەو خۆیان راگەیاندبوو و، راگەیاندنیشیان هەبوو، ئەمە یەك، دوو باوەڕناکەم کەس نکولی لەوە بکات کە (٤٨) سەعات تێنەپەڕی، ئێمە بکوژانی فەرەنسۆ هەریریمان تەسلیم بە عەدالەتی حکومەتی هەرێمی ئێرە کرد، کە ئەوە یەکەمین جار بوو لەدوای شەڕی ناوخۆ بکوژێك لەناوچەیەکەوە تەسلیم بە ناوچەیەکی تر بکرێت، سێش، هەر بۆ مێژوو یانی ئەمە تۆمار دەکرێ بۆ مێژوو وەکو بیبلۆگرافیایەك رووداوەکان ئەنووسرێن، لەحەقیقەتدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٩٤ هەموو هێزە چەکداریەکانی ئیسلامی تەفرو تونا کرد، بەلام بەداخەوە دیسان ئەو ناکۆکی و مەشاکیلانە هەبوون و داڵدە دران ودروست کرانەوەو بوون بەو بەلایە بۆ هەردوو لامان، یانی ئەگەر تاریخ باس بکەین ئەوراقەکان بخەینە سەر مێز لە کۆنەوە تائێستا بەڕاستی جیاوازی هەیە لەسەر مەسەلەکان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هیچمان نابێ هەڵەکان دابپۆشین بەڕاستی، من بەش بەحاڵی خۆم تەئییدی هەموو قسەکان دەکەم، ئەوەی کە پەیوەندی بەو هەڵەوە هەیە کە کراوە لەو مەنتیقەوە، بەلام رووداوەکان لەوە فراوانترو پەل و پۆدارترن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك مەلا بەختیار، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ هەموو ئەو قسانەم کە ئەو برادەرانە کردیان دژ بەو کردەوانەی کە جوندی ئیسلام ئەنجامی دەدەن لە ناوچەکاندا، بەلام ئێمە بۆ وەرگرتنی ئەم بڕیارە بە تەصوری من پێویستیمان بە قەرارێکی سیاسی موحد هەیە ئەوە یەك، دوو: پێویستیمان بە تەنسیق هەیە لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر، سێ: پێویستیمان بە پرۆژەیەك هەیە بێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك و موناقەشەی لەسەر بکەین و، بڕیارێکی تەفصیلی و تێرو تەسەلی لەسەر بدەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێروان، بەلام وابزانم هەر وای لێ دێتەوە، ئێمە دەتوانین لە پاشاندا بڕیارەکە وای لێ بکەین کە پرۆژەیەك پێشکەش بکرێت، لەو بارەیەوە چۆن بەربەرەکانی تیرۆرست وکاروباری تیرۆرستانە دەکەین، ئێستا با کاك مەلا هادی بفەرمێ.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەوەی کە کاك شێروان گوتی دەمویست ئەوە بڵێم، بەلام شتێکی تر بۆ روونکردنەوە، ئێمە ئەگەر بڕیارێك بدەین ئێستا لەپەرلەمان بەو شێوانەی کە ئیجرائاتێك بکرێ کە لەژێر دەسەلاتی ئێمەدا نییە، دەتوانین ئێمە تەنفیزی ئەو بڕیارە بکەین، ئەو جیهاتەی کە ئێمە

ئەمری بدەین، جیهازی تەنفیزی ئێمە و ئەو بڕیارەی پەرلەمان تەنفیزی بکات کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو نییە، بەڕای من وایە وەکو کاک مەلا محمدامین گوتی دەبێ ئیلزامیان بکەین، چۆن ئیلزام دەکرێن، کە لەژێر دەسەڵاتی تۆ نەبێ، فەرموو چۆن دەتوانی ئیلزامیان بکەی؟ منیش لەگەڵ ئەو رایەم وەکو کاک شێروان فەرمووی ئەو مەوزوعە بە دیراسەت بێ وزیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی ئێمە بڕیارەکەمان بۆ ئەوەیە کەوا ئەو ناوچانە بکەونەوە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کاتە بێگومان هەنگاو دەنرێت بۆ ئەوەی کەوا ئەو بێبەشیەو ئەو ناخزمەتگوزارییەی کەوا لەو ناوچانە هەیە تۆڵەیان بۆ بکرێتەوە، فەرموو کاک د.عزالدین.

**بەڕێز د. عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو قسانەی کە هەموو برادەران کردیان لە جێی خۆیەتی، ئەگەر بێنین لێرە لە پەرلەمانی کوردستاندا کەسێك نییە کە دڵ بریندار نەبێ بەرامبەر بەو کردەوانە، بەڵام لەپاڵ ئەوانە کە وترا کە ئەمانە ئەرکی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانییە، کە پێکەوە شتێك بکرێ بۆ رزگار کردنی ئەو ناوچەیە لەم جۆرە کارانە، پێشتر من قسەکانی کاک مەلا محمدامینم زۆر پێ خۆش بوو کە ئەو بەناوی شوێنێکی ئیسلامییەوە قسە دەکات، هەر کۆنیش صەدام حسێن وێرانکردنی کوردستانی ناونا (ئەنفال)، لام وابوو ئەوە پێش هەموو کەسێك ئەرکی ئەو کەسانەیە کە دیفاع لە ئیسلام و لە قورئان دەکەن کە پێی بڵێن ئەمە ئەنفال نییە، ئەمە ئەنفالی قورئان نییە، ئێستاش وائەزانم ئێمە ئەو لایەنە ئیسلامیانەی کە لە ژێر باڵی هەردوو ئیدارە دان، ئەوان ئەبێ ئەرکێکی زۆر بکەوێتە سەر شانیان بۆ ئەوەی دەرخەن کە ئەم کردەوانە لەگەڵ ئیسلام ناگونجێ و، بەناوی ئیسلامەوە نابێ بکرێ و، ئەو دەرودراوسێیانە و ئەو شوێنانەش کە یارمەتیان دەدەن لەگەڵ ئەوانیشدا با بە رێك و ڕەوانی بڵێن کە پشتگیری تیرۆری لەم جۆرە، وابزانم کارێکە کە دژی کورد دەکرێ ولە هەمووی گەورەترە، ئینجا هەردوو وەزارەتی ئەوقافیش لەگەڵ ئەوە نیم کە زۆر لە مەلاکان وخەتیبەکانی جومعە بکرێ، کە بە پێی ئارەزووی حکومەت خوتبە بدەن، بەڵام دیسان وەکو کارێکی رێنومایی و رێنوێنی لەگەڵیاندا کە خەریك بن ولە خەڵکیش بگەیەنن، کە ئەم جۆرە کردارانە دوورە لە ئیسلامەوە، ئەمە بچێتە سەر ئەو بڕیارانەی تر کە ئێوە بەتەمان بڕیاری لەسەر بدەن، هەردوو ئیدارەکە بڕیاری لەسەر بدەن، وائەزانم ئەرکی ئەوانە، چونکە هەردوو لا لەگەڵ کۆمەڵێك حزبی ئیسلامیدا هاوکاریان هەیە، کە ئەوان تا ئێستا بەداخەوە تا رادەیەك لەو کارە بێ دەنگن کە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.عزالدین، فەرموو کاک سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەمەوێ ناحیەی پرۆتۆکۆلی باسی مەسەلەکە بکەم کە وەکو لە بەرنامەی کار هاتووە، لە بەرنامەی کار وەکو گفتوگۆ هاتووە، کە دەقەکە دەڵێ گفتوگۆ کردن لەسەر باری نائاسایی لە هەندێ ناوچە سنووریەکان، من پێم وایە ئەوەی دێ لە ناحیەی پرۆتۆکۆلی دێتە ئێرە بەو شێوەیە قسەی لێ دەکرێ، بۆیە بابەتەکە لە بابەتی گفتوگۆکردندایە و، باشیشە ئەو برایانەی کەوا شارەزاییان هەیە لە وەزعەکە بەوردی ئەو مەوزووعە بخرێتە بەرچاو، بیرورا بگۆڕدرێتەوە، ئەفکار بگۆڕدرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی بڕیار من پێم وایە بڕیار مەسەلەیەکی ئاسان نییە، چونکە کە بڕیارت دا دەبێ جیهەتی تەنفیزیش هەبێ تەنفیز بکات و ئالیاتی تەنفیز هەبێت، ئەوە مەوزووعێکی سیاسی گەورەیە، بە حەقیقەت ئاسان نییە، چونکە پەیوەستە بە زۆر مەسەلەوە زۆر بابەت پێوەی گرێ دراوە، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆشی دەچین، زۆر مەسائیلی تریش ڕەنگە لە ئارا دابێت، بۆیە بە حەقیقەت بڕیار وەرگرتن لەم بارەیەوە پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی پێشتر هەیە، ئامادەکاری بۆ بکرێ و دوای ئەوە بخرێتە قالبەوە، کە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك یا بڕیارێك، با بڵێین بڕیارێك نەك یاسایەك، بڕیارێك بدات لەم بارەیەوە، کە بتوانرێ ئەم بڕیارە تەنفیز بکرێ بەحەقیقەت، پێش وەخت دیراسە بکرێت چەند ئیمکانە، چی ئەتوانرێ بکرێ تاکو ئەو بڕیارەی کە لێرە ئەدرێ جێگای خۆی بگرێتەوەو وەکو پێویست تەنفیز بکرێت، بۆیە من پێم وایە ئەم دانیشتنە باشە هەر گفتوگۆ بێت، بیرورا گۆڕینەوە بێت، گەلاڵە کردنی ئەفکار بێت، تاکو بتوانین بگەینە ئەو صیغەیەی کەوا مومکینە تەنفیز بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت مەوزووعەکە پرۆتۆکۆلیەن گفتوگۆیە، دوایش مەسەلە وەکو بڕیار نییە، ئێمە بڕیار بدەین فلان شت بکەین، وامان عەرز کردن کە داوا بکرێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەن، ئینجا بە تەئکید ئەو هەوڵدانە حەتمەن مەسائیلی سیاسی وەردەگری، مەسائیلی عەسکەری وەردەگری، کۆمەڵێك قەزایا بەیەکەوە هەمووی تەداخول دەکەن و، ئەوان ئیشەکە هەڵدەسەنگێنن بە چ شێوەیەك بێت، ئێمە دەڵێین وەکو پەرلەمان داوا بکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات ئەو ناوچە نائاساییانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو نییە، هەوڵ بدات بیخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی ئەو خەڵکانە بکات کە لە وێیە، بتوانێ خزمەت گوزاری بگەیەنێتە ئەو خەڵکانە وەکو ئەو برادەرانەی کە عەرزیان کرد، قوتابخانە وەکو پێویست ناکرێتەوە، خەستەخانە وەکو پێویست دەرمانی ناگاتێ، خواردەمەنی وەکو پێویست نایگاتێ، ئێمە داوایان لێ دەکەین

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەن ئەو جێیانە لەژێر کۆنترۆڵتان نییە بیخەنەوە ژێر کۆنترۆڵتان، ئینجا بە چۆنی دەیخەنەوە، چۆن دائەنیشن، لەگەڵ کێ تەفاهوم دەکەن، بە چ صیغەیەك، ئیتر ئەوە مەتروکە بۆ ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاکەڕەش، فەرموو کاك د.لەتیف.

**بەڕێز د.لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە قسەکان کران، منیش پشتگیری قسەکانی کاکەڕەش و کاك شێروان دەکەم، کە ئەمە زیاتر قسە کردنی ئەوێ و لە غەیری ئەم دانیشتنەدا حساباتی تری بۆ بکرێ و، زۆریش پشتگیری قسەکانی کاك حەمە تۆفیق و کاك مەلا بەختیار دەکەم، کە ئەمانە بەرهەمی کۆمەڵێ هەڵەن کە لە ڕووی حزبایەتییەوە کراوە، و ئێستا کێ خەرمانی ئەو هەڵانە ئێمە هەڵدەگرینەوە، من بە چاکی دەزانم ئەگەر بۆچوونەکانمان ئێستا بەرەو کوردستانییەت و بەرەو کورد بوونە و، ئەم یەك بوونەوەی پەرلەمان و ئاشتبوونەوە گشتییەی کە ئێستا کێ لە ئارادایە بە جدی هەنگاوی بۆ ئەنێین، بە چاکی ئەزانم مەودایەکی زیاتر بەم باسە بدەین و، هەر باسی ناوچە سنووریەکان نەکەین، باسی سەرجەم کێشەکانمان بکەین، هەر سنوورەکانی بەرواری بالاَ و، قەندیل و هەورامان نییە، بەڵکو لە ناو هەولێرو لە شارەکانی تریشدا هەیە، بەرەی تورکمانیش پێشێلی زۆر لە قانونەکان دەکەن، گوێ بە قانونی ئەحزاب نادەن، ملکەچی زۆربەی ئیشەکانی حکومەتی هەرێم یان پەرلەمانی کوردستان نابن، ئەو باسەی کە دەکرێ من بە چاکی ئەزانم هەموو بوارەکان بگرێتەوە، وەکو کورد ئێمە ئیشی بۆ بکەین، هەر خاڵێك، هەر ناتەواویەك، هەر کێشەیەك هەیە چارەسەریەکی بۆ دابنرێ، یان مەوقیفێکی موحەدی بەرامبەر وەربگیرێ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك د. لەتیف، ئێمە هەر لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە، کە ئەو مەسەلەیە پاش گفتوگۆکردن لەسەری لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و فراکسیۆنەکانەوە باسی لێ دەکرێ، بە شێوەیەك دائەڕێژرێ کە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، ئەوە بۆ ئاگاداریتان، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، گفتۆگۆیەکە کەمێك بە لایەکی هەڵەدا ئەڕوات، ئەو برادەرانەی کە گفتوگۆ ئەکەن، من پێم وانییە ئەمە تەعبیر لە هەڵوێستێکی سیاسی ڕێکخراوێکی موعەین بکات، تێك هەڵکردنی مەسەلەکە، گوماناوی کردنی مەسەلەکە، من پێم وایە ئەمە خزمەت بە یەکخستنی بیرو ڕای یەکگرتوو لەناو پەرلەمان ناکات، ڕاستە لەناو شارەکان موشتومڕی لەو بابەتە هەیە، جا چ لەلایەنی تورکمان بێت، یان لە لایەنی ئیسلامی بێت، بەلاَم لەناو گەڕەکەکانی هەولێر لە هیچ

گەڕەکێك خەڵك ڕێگای لێ نەگیراوە، کە خانوو دروست نەکات، یان کچی نەچێتە مەکتەب، ئاوی لێ ببڕێ، یان خەستەخانەی لێ ببڕێ، ئاخر ئەوە دوو بابەتی جیاوازە، ئێمە دەبێت باسی هەموو بابەتێك بکەین، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین، پەنجا دێ لە دۆڵی خەلان، لە دۆڵی باڵەییان، لە بناری قەندیل، هاتوون پەیوەندی بە کاك مەلا بەختیار و مصطفى چاوڕەش و، حسن ئاغا و، شێخ مەزهەر دەکەن، یان موراجەعەی ئیدارەی رانیە دەکەن، یان موراجەعەی ئیدارەی قەلاَدزە دەکەن، دەڵێن عیلاجێکمان لێ بکەن، دەڵێن ئێمە خاوەنی کێڵگەی خۆمانین، خاوەنی رەزی خۆمانین، خاوەنی حەیاو نامووسی خۆمانین، خاوەنی دێی خۆمانین، کەی لە هەولێر ئەو حاڵەتە هەیە؟ بۆ تێکەڵی دەکەن، ئەوە بابەتێکە ئەوە ماوەی چوار ساڵە مەجموعەیەك ئیرهابی دەستیان ناوەتە ناو کاروباری خەڵك لەم ناوچەیە، دەبێت ئێمە لەگەڵ هەردوو ئیدارە قسە بکەین، کە حاڵەتێکی نائاسایی و نایاسایی هەیە، پێویستە چارەسەر بکرێت، ئێمەش چیمان پێ دەکرێت هاوکارییان دەکەین، ئەوەی مەنتیقەی هەورامان، قەبری مەشایخ دەردێ، مزگەوت تێك دەدرێت، تەلەفزیۆن مەمنوعە، کچ بچێتە دەرەوە مەمنوعە، کچ بچێتە سەر کێڵگە مەمنوعە، بەشەرەفتان ئەمە لە هەولێر هەیە، بۆ تێکەڵی دەکەن، ئەمە دوو حاڵەتە لەوێ عیلاقەمان چییە؟ چەندی پارتییە، چەندی یەکێتییە؟ بۆ تێکەڵی دەکەن، موهیم ئەوەی کە دوو قەزا یان دوو ناوچە هەیە، حاڵەتیان لە خەتەر دایە، خەڵك تەحەمولی نەماوە بەم بەفرو بارانە، لە حاڵەتێکی ناتەبیعی دان، دوایی ئێمە هەمیشە باسی ئەوەی دەکەین سێ بەرامبەری ئەو مەکتەبانەی کە لە زەمانی حەفتاکان ساڵی حوکمڕانی عێراقدا دروست کراوە لە ناوچەکانی هەردوولا، ئەی بۆ خەڵکی شارەزوور، بناری قەندیل لەم خزمەتگوزارییانە لەم دەسکەوتانە بێ بەش بن، ئەڵێن ئەم هەموو بنکە تەندروستییانە دروست کراون، رۆژانە خاچی سووری نێو دەوڵەتی و هیلالی ئەحمەر، شت بەسەر خەڵکی دابەش دەکەن، ئەی بۆ خەڵکی شارەزوور و بناری قەندیل لەو خزمەتگوزارییانە بێ بەش بن؟ پرۆژەی ئاوییان بۆ دەکرێت، قوتابخانەی نوێیان بۆ دەکرێت، ئەو مەوزوعە چ عیلاقەی بەسەر شتی ترەوە هەیە، بیکەنە بابەتێکی سیاسی و بیکەنە مەسەلەی ففتی بە ففتی و، پارتی و یەکێتی، چ پەیوەندی بەوەوە هەیە؟ دە هەوڵ بدەن، ئێمە تەعبیر لە موعاناتی چەندین هەزار خەڵك بکەینەوە، لەم دوو ناوچەیە، کێشەیان هەیە، پێویستە حەل بکرێت، منیش دەزانم دەبێت نوێنەری لیژنەی داخیلی ناوخۆی پەرلەمان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، پەیوەندی بکەن بە جیهاتی مەعنی، بۆ دۆزینەوەی سیغەیەکی قانونی و، ئالیەتێکی مەعقول بۆ جێبەجێ کردن، بەلاَم ئێستا بەلای کەمی دەبێت ئێستا ئێمە ئەم بابەتە بخەینە سەر کاغەز، بڵێین پەرلەمانی کوردستان لە رۆژێکی سەرمای وەکو ئەمڕۆدا پاش ماوەیەکی زۆر بەزەیی هاتەوە، ئێوەی بە بیر هاتەوە، ئەوە ناوی هێنان و بەدوای کیشەکەتاندا چوو، بۆ ئەوەی چارەسەرێکتان بۆ بدۆزینەوە؟ بۆ ئەوەی ئاهێك بە دڵی ئەواندا بهێنێت و، تروسکاییەك نیشانی ئەوان بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سعدی مەبەستی لەوەیە، کەوا ئێمە لە ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان داوا بکەین کەوا هەموو دیاردەیەکی نائاسایی یان نایاسایی نەهێڵین، بەس ئەوە پوختەی قسەکانە، ئیتر لەو بارەیەوە هەردوو سەرۆکایەتی و، هەردوو فراکسیۆن، هەروەها بەڕێزانی لیستی مۆر، داوا

ئەکەین کەوا پێکەوە دابنیشن لەو بارەیەوە ئەوەی بە پێویستی بزانن، جێبەجێی بکەن، فەرموو، کاك شێخ یحیی.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تیرۆرست و گێرەشێوێن، واز ناهێنن و، بەڵکو لەو ڕۆژانەوە زیاتر کارەکانیان توندوتیژ دەکەن، بە گیانی سەرجەم گەلی کوردستان، ئینجا چ بە تیرۆر کردنی کەسێك یان لە تەقینەوەی بازاڕێکدا یان لە کوشتنێکی سەر جادە یان لە تەلەفزیۆنەکاندا، یان بە پەیوەندی کردن لە وڵاتە دەورو پشتەکانەوە، بەڕاستی بەڕێزان، ئێمە بەیەك شت دەتوانین وەڵامی ئەو ناحەزانە بدەینەوە، زۆر لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێکرد، دیارە هەموو بۆ چوونەکان لەم بابەتە بوون، ئەمیش یەك دەنگی ئێمە و، یەك هەڵوێستی ئێمە و، یەکبوونی ئێمە، یەکبوونی پارتی و یەکێتییە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت چ وەکو گرووپ گرووپ ئەوانەی سەر سنوورەکان، یان خەڵکی ناو خۆمان یان دەوروپشتەکەمان وسکت کەین و، لەحەقییان بێیین و، بتوانین لەگەڵ ڕاستی کێشەکەمان بڕۆین، دەبێت یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و، یەك قسەو، یەك مەوقیف بین بەرامبەر هەموو ناحەزانمان، ئەوەی کە لە هەولێر ئەمڕۆ قسە دەکات، ئەگەر پشتی بە هیچ شوێنێك قایم نەبێت ئەو قسە ناکات، ئەوەی هەورامانیش هەمان شتە، ئەوەی قەندیلیش هەمان شتە، جا بەڕاستی سەرەتا و ئەوەڵ و ئاخیری قسەی ئێمە، دەبێت لەسەر یەکبوون و، یەك دەنگ، و یەك هەڵوێستیمان بێت، ئەوە یەك، قەت لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە ئەوەی ناو هەولێر جیاوازە لەوەی ناو هەورامان، ئەمە لێرە تەخریبی کوردایەتیەکەمانە، تەخریبی تەجروبەکەمانە، ئەوەی لە هەورامانیش بۆ وێرانکردنی تەجروبەکە و، بە دوادابردنی کێشەکەو، مەسەلەکە و، دواخستن و نەهێشتنیەتی، ئەوەی کە دوژمنی پارتییە، با برادەرانی یەکێتی و خەڵکانی شۆڕشگێر و شەهیدەکانمان لە گۆڕیشدا، باش بزانن ئەوەی کە دوژمنی پارتییە، دوژمنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیشە، ئەوەی کە ناحەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، ناحەزیی یەکێتیش دەکات و، بە پێچەوانەوە، ئێمە بە یەکبوونمان دەتوانین چارەسەری هەموو کێشەکانمان بکەین، ئەمە دوو، دەشبێت هەڵوێستمان هەبێت بەرامبەر هەموو کێشەکان، چ لە هەولێردا بێت، یان لە سلێمانیدا بێت، یان لە هەوراماندا بێت، یان لە قەندیلدا بێت، لەگەڵ ڕێزی بێ پایانمان، ئینشائەڵڵا هەر مەسەلە و کێشەی ڕەوای گەلەکەمان سەرکەوتوو ئەبێت بە پشتیوانی ئێوەی بەڕێز و، بە هەوڵ و تەقەلای خوا، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا بەکورتی مەسەلەکە ئەوەیە، کەوا ئێمە داوا لە ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی ئالیەتێك بدۆزێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە نایاسایی و نا ئاساییانەی کە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکان، ئەوەش تەبعەن پاش دارشتنی دەدرێتە کۆمیتەی یاسایی، بۆ ئەوەی سەیری بکات و، پاشان بیخاتەوە بەر دەمی یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، وا بزانم ئێمە لەم بارەیەوە وتوێژی تێروتەسەلمان کرد، ئێستا کۆتایی بەم باسە دەهێنین، چاوەڕێ ئەکەین ئەوەش بخرێتە

چوارچێوەیەکی یاساییەوە، بخرێتە بەردەمی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا بەم شێوەیەی کەوا من پێشکەشم کردن، کەوا داوا لە حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە نائاسایی و نایاساییانە، ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەم شێوەیە پێشکەش بکرێت؟ تکایە با دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا با لێپرسراوی هەردوو فراکسیۆن، پاشان لەگەڵ کۆمیتەی یاسایی دابنیشن، بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە ئەو دەقەی کەوا راستی ئەزانن بە موناسیبی دەزانن، پێشکەش بە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی بکەن، ئێستا پێش ئەوەی بچینە باسی برگەی سێیەم، ئێمە دەمانەوێت لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و، برپاردان لە ئەگەری لێدانی عێراق بکۆڵینەوە، ئەوەمان بەلاوە باشە، کەوا ئەم باسە لە کۆبوونەوەیەکی داخراو بکرێت، ئینجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە، کە ئەم باسە یان ئەم گفتوگۆیە، لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا بکرێت، با دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە، سوپاس، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، جا ئێستا داوا لە هەموو میوانە بەرێزەکان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین، کە هۆڵی کۆبوونەوە بە جێ بهێڵن، ئەو کاتە دەست ئەکەین بە باس کردن، هەروەها ئێمە سەعات دوانزەونیو میوانمان دێت، ئینجا بۆیە دەمانەوێت بەردەوام بین بۆ ئەوەی باسەکان تەواو بکەین، ئەگەر پشوو بدەین، لەوانەیە فریای دوانزەونیو نەکەوین، تکا دەکەین میوانە بەرێزەکان و دەزگاکانی راگەیاندن هۆڵەکە بە جێ بهێڵن، زۆر سوپاس.

پێش هەموو شتێك دەمەوێت شتێکتان پێ رابگەیەنم، کەوا چەند نامە و بروسکە لە ناوەوەو، دەرەوەی کوردستان گەیشتووە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ تاوانبارکردنی ئەو کارە تیرۆرستەی کە ئەنجام درا، لەبەر ئەوەی ئەوە لە دەزگاکانی راگەیاندندا بلاو کراوەتەوە، لە رۆژنامەکاندا بلاو کراوەتەوە، لێرە باسمان نەکرد، بەلام ئەگەر لەم بارەیەوە شتێك دەرچوو، یان شتێك بلاو کرایەوە، لە برپارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا، بێگومان، ئەوەش وەکو پاشکۆیەك بلاو دەکرێتەوە لەگەڵ یەك، فەرموو کاك احمد سالار.

**بەرێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بابەتەکە دێتە سەر لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە، کارێکی وا ئاسانیش نییە، پێویستی بەخۆ ئامادەکردن هەبوو، ئێمە ئەمرۆ ئەم برپارەمان گەیشتۆتە دەست، جگە لەمە لایەنێکی گرنگ پەیوەندی هەیە بەو دەزگایانە، وەکو حکومەتی هەردوولا، بۆ ئەوەی، ئەگەر هەر نەبێ بتوانێ، (ولو) میوانەکان سەعات دوانزەو نیو دێن، بەلام پێویست بەوە دەبوو هەر فراکسیۆنێك دەرفەتی بێت، ئەگەر بۆ ماوەی نیو سەعاتێکیش بێت، وتووێژێك لەم رووەوە بکات، چەند و چونێك بکات؟ ئەگەر رێگا بفەرموون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوەندەی لێرە دەرفەتمان هەبێت، هەندێك روونکردنەوەتان پێشکەش دەکەین، دەربارەی باس کردنی ئەو خاڵە، لەبەر ئەوە ئەگەر میوانە بەرێزەکان هاتن، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ دەهێنین، پاشان دووبارە پاش نیوەرۆ دەست پێ ئەکەینەوە، بۆ باس کردن و لێکۆڵینەوە، ئێمە

حەز دەکەین لەم بارەیەوە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنین، ئێمە داوامان کرد لە سەرۆکی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە ببن، واتە بۆ باس کردنی ئەم خاڵە، چونکە ئەوانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بەم مەسەلانە، بەڵام بە داخەوە لەبەر کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە ئێستا هاتۆتە کایەوە، سەرقاڵی ئەوانن، وتیان ناتوانین لەم کۆبوونەوەیە ئامادە بین، ئەگەر لە داهاتوودا ئەو مەسەلەیە باس کرا، بڕیاری تەواوی لەسەر درا، کە چی پێشکەش بە هەردوو ئیدارەکە بکەین؟ ئەو کاتە ئێمە دەتوانین لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە بین، بیروڕاو سەرەنج و تێبینی خۆمان بڵێین، مەسەلەکە بەم شێوەیەیە، خۆتان دەزانن چەند گۆڕانکارییەکی گەورە خەڵك چاوەڕێ دەکات، ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانە چۆن دەبن، ئەو ڕووداوانە چۆن دەبن؟ پێویستە لەم بارەیەوە قسەو وتووێژ بکرێت، ڕوونکردنەوەی پێویست لەلایەن هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین پێشنیازی ئێمە بۆ ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ تاوەکو لێرە ئێمە لەو بارەیەوە قسە بکەین، چ هەنگاوێك پێویستە بنرێت لەم بارەیەوە؟ چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانە، ئەو پێشهاتانە کارێکی ئاسان نییە، حەز دەکەین کەوا بەرچاومان ڕوون بێت لەم بارەیەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی کەبیروڕای ئێوە لەسەر ئەو مەسەلەیە وەربگرین، بەتایبەتی چەند شتێك هەیە، کەوا حەز دەکەین ڕوونی بکەینەوە، حەز دەکەین گوێمان لە بیرو بۆچوونی ئێوە بێت، بۆ ئەوەی بگەینە بڕیارێك لەو بارەیەوە، یەکەمیان ئەوەیە: کە مەسەلەی گرنگ ئەوەیە چ لە دەسەڵاتی ئێمەدا هەیە، ئێمەچیمان پێ دەکرێت؟ یەعنی هەردوو ئیدارەکە چیان پێدەکرێت، بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە، مەبەستم لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانە، دووەم: ئەوە ڕوون بکەینەوە کەوا ئێمە نیازی پەلاماردانی هیچ شوێنێکمان نییە، نە لە ناو عێراقدا نە لە دەرەوەی عێراق، تەنیا ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەر شانی ئێمە، ئەوەیە کە بەرگری لە خۆمان بکەین، ئینجا ئەوەی پێویست بوو لەلایەن لێپرسراوانی ئیدارەکانی هەردوو هەرێمدا، ئەوەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە، سێیەم: لە بارێکی ئاڵۆزی وا، هەندێ لە هێزەکانی دەوڵەتە ئیقلیمیەکان، بیانەوێت بێنە ناو کوردستانەوە، بەرامبەر بەوانە هەڵوێستمان چۆن بێت؟ ئێمە بێگومان سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکەین لە دوورو نزیك، لە ساڵی ١٩٩١ هاتن هاوکاری مرۆڤایەتییان پێشکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد، ناوچەکەیان پاراست لە هێرشی ڕژێمی عێراق، ئێستاش ئەگەر پێویست بکات، ئێمە حەز دەکەین، داوایان لێ بکەین بۆ هاوکاری و، یارمەتی مرۆڤایەتی هەمان ڕۆڵ ببینن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بەلامانەوە کارێکی باش نییە، مەترسی لێ ئەوشێتەوە، باری کوردستان زیاتر ئاڵۆز دەکاتەوە، ئەگەر بێت و هێزی سەربازی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیانە بێنە ناوچەکەوە، بەرامبەر بەمە پێویستە ئێمە باشتر لێی بکۆڵینەوە، بڕیارێك وەربگرین، لەو بارەیەوە، کەوا پێشنیازو داوای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ چ لە بارەی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ، چ لەبارەی بەرەنگار بوونەوەی هێرش و پەلامارێك، ئەگەر کرایە سەرمان، بۆ بەرگری کردن لە خۆمان، هەروەها لە حاڵەتێکدا هەندێك لە دەوڵەتانی دەوروبەر، ویستیان هێزی سەربازی بنێرنە ناو کوردستانی عێراقەوە، مەبەستە ڕاستیەکەمان ئەوەیە کە ئێمە لەو بارەیەوە بگەینە ئەنجامێك، بگەینە بڕیارێك، وەکو داخوازییەك لەلایەن

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پێشکەش بە کاربەدەستانی حکومەت و، ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، جا لەم بارەیەوە ئێمە دەست دەکەین بە ناو نووسین، ئەگەر فریا کەوتین، ئەوە باشە، ئەگەر فریا نەکەوتین، ئەوە بۆ پاش نیوڕۆ تەواوی دەکەین، دەتوانین بیخەینە ڕۆژی دواییش، بەڵام لەم بارەیەوە پێویستە ئێمە بە پەلە بگەینە ئەنجامێك، یەعنی ئەوە نییە ئێمە هەڵی بگرین بۆ هەفتەی داهاتوو، چونکە ئەو مەسەلەی باسم کرد، هێرش و پەلاماردان و گۆڕانکارییەکان، زۆر بە خێرایی دەڕۆن، یەعنی فریای ئەوە ناکەوین کە دوای بخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، چونکە دەبێت ئێمەش لەم بارەیەوە پەیوەندی لەگەڵ دام ودەزگا پەیوندی دارەکان بکەین، وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیان پێ ڕابگەیەنین، ئێمە ئێستا پشوویەکی چەند دەقیقەیی دەدەین و، لە پاشان چەند فریاکەوتین ئەوندە گفتوگۆیە دەکەین، تا سەعات دوانزەونیو، بەڵام تکایە با لەم کاتەدا کۆمیتەی ناخۆو، کۆمیتەی یاسایی پێکەوە دابنیشن، بیرۆکەیەك لەم بارەیەوە گەڵاڵە بکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بە شێوەیەکی ڕێك و پێك باس بکەین، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

تەبعەن خاڵی سێیەم، ئێمە بەشێکمان باس کرد، لە کۆبوونەوەکانی ڕابردوودا، وەزیری داخیلی هەردوو ئیدارەمان بانگ کرد، بەرچاومان هەندێك ڕوون بوو، لە ئەگەری ڕووداوەکاندا کە ئەیکەن و، ئێستاش ئەو خاڵەی کە جەنابت باست کرد، هەندێك دەوروبەر و وڵاتانی ئیقلیمی بەتەمان سوپا بێننە ناو کوردستان، بەڕاستی لەو بارەیەوە وەکو قیادەی سیاسی، تەبعەن وەکو سەرۆکی پەرلەمان ئێوە دەتوانن پەیوەندیی بە هەردوو قیادەی سیاسی بکەن، هەندێك مەعلوماتمان بۆ بهێنن، بزانین بیروڕای ئەوان چۆنە؟ بۆ ئەوەی ئێمە قسەیەك نەکەین و ئەوانیش شتێکی تر بکەن، بۆ ئەوەی بۆچوونەکان هەموو یەك بن، مادام سەرۆکی ئیدارەی هەردوولا مەشغولن، پێم باشە، یەعنی پرسێکیش بەوان بکرێت، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە و هەدەفەکە هەمووی یەك بێت، ئینجا بۆ سبەینێ بێ یان بۆ ئێوارە بێت، هەرکاتێك بێت، ئێوە بتوانن پەیوەندیی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش بەرچاومان ڕوون بێت، بتوانین بڕیارێکی پێویست و، قسەی گونجاو بکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەم بارەیەوە بەڕێز کاکەڕەش دەیەوێت ڕوونکردنەوەیەکتان پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەدەف لەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە، ئەوانەی کە بەڕێز سەرۆك باسی کرد، کەوا ئەو ئەگەرە هەیە، کە هەندێك دوەلی ئیقلیمی دەیەوێت موداخەلە بکات، فەعالیاتی سەربازی خۆی بخاتە ناو کوردستان، عەجەبا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان پێمان باشە ئەوانە بێن یان پێمان باش نییە،

موشکیلەکە عیلاقەی بەوە نییە، یەعنی ئێمە ئێستا دابنیشین لەگەڵ ئەو جیهەتانە قسە بکەین، ئەرێ چیتان پێ باشە؟ یان رەئیتان ئەوەیە بێن یان نا؟ بەرەئی شەخسی من پێم باش نییە بێن، ئەگەر ئەوانیش بڵێن، هەر پێم باش نییە بێن، چونکە ئالۆزی پەیدادەکەن و وەزعەکە تێك دەدەن، ئیتر با بەیانی لەو محورە قسە بکەین، بزانین پێمان باشە بێن یان نەیەن، ئەگەر ئەوانە هاتن، چۆن حکومەتی کوردستان تەخویل بکەین؟ کە دیفاع لە خۆی بکات، زۆر سوپاس، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئەگەر وایە، هیچ پێویست بە تەئجیل ناکات، هەر ئێستا بیکەینە قەرارێك، کە پەرلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت، یەك جوندی لە هیچ لایەنێك بێتە ناو کوردستان، نە پێویست بە ئیدارەی ئەردیوولا دەکات، نە پێویست بەراگۆڕینەوە دەکات، ئەوە هیچ موناقەشەی ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە سەعات دوانزەو نیو کۆئەبینەوە، باس لەم مەسەلەیە دەکەین، زۆر سوپاس.

پاش پشوو.........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەکەمان، لەم بارەیەوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم کەوا کرۆکی گفتوگۆکەمان یان ئەو بەندەی کە لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار دانراوە، ئەوە یا لە کاتی هەڵگیرساندنی جەنگا، ئەگەر هەندێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە ویستیان هێزی سەربازی بنێرنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێت؟ بەلامانەوە باشە یان باش نییە؟ قبوڵی دەکەین یان قبوڵی ناکەین؟ ئەوە کرۆکی ئەم خاڵەیە کە ئێمە نووسیمان، بەڵام بێگومان ئەمە هەندێك پێویستی بە ڕازاندنەوە هەیە، هەندێك داڕشتنی تایبەتی هەیە، ئەوە لەوانەیە ئەگەر ئێوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، داڕشتنەکەی بەرەو ڕووی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و فراکسیۆنەکان بکەنەوە، ئەتوانن ئەوان بەشێوەیەکی وا دایبڕێژن کە بەشێوەیەکی مەقبول بێتە بەرچاو، بۆیە ئێمە لە پێشەوە گوتمان مەسەلەی پاراستنی ئەمن و ئاسایش ڕاستە، وەکو فەوزیە خان گوتی، دیارە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو ئێمە باسمان کرد، بەڵام ئەمە بۆ زیاتر ڕتووشە ئەم مەسەلانە، لەلایەکی تریشەوە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگری ئەگەر پەلامار دراین و، هەڵوێستمان لە بارەی ئەم شەڕە کە دێتە پێشەوە تا چ ڕادەیەك بەشدار دەبین؟ ئەوە پێویستە لە بڕیارەکەماندا یان بەو شێوەیەی کە دەنووسرێت، یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕازاوەو ڕێکوپێك بیخەینە بەر چاو، بەڵام ئێستا خاڵەکە ئەوەیە، ئایا لە حاڵەتی

شەڕ هەڵگیرسان ئەگەر هێزەکانی دەرودراوسێ ویستیان بێنە ناو وڵاتەکەمانەوە ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێت؟ داوا لە ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کەوا چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم حاڵەتە بکەن، ئینجا لەم بارەیەوە ئێمە دەمانەوێت گوێمان لە سەرنج و بیروڕای ئێوە بێت، لەو پێشنیازانە بێت کەوا ئێوە پێشکەشی دەکەن، بۆ ئەوەی کەوا لە پاشان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە، هەروەها لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە، لەلایەن کۆمیتەی ناوخۆوە، لەلایەن کۆمیتەی یاساییەوە بخرێتە قاڵبێکی گونجاوەوە، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسان بکەن با بفەرموون، فەرموو تا ناوەکان دەنووسین با سەرۆکی فراکسیۆنەکان بفەرموون، فەرموو کاك أحمد سالار.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوانەخواستە ئەگەر بەو ڕۆژەی کرد سنووریان بەزاندو هاتن، ڕەنگە ئێمە نەتوانین لە ڕووی چەکەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆمان هەبێت، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە کە گەیشتە ئەوەی ئەزموونەکەمان بکەوێتە مەترسییەوە و تەهلوکەیەکەوە، ڕەنگە کۆتایی بەزۆر شت بێنین، لەبەر ئەوە ئەکرێ کوردستان ببێتە دۆزەخێ بۆ ئەمانە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ و داوامانە، ئەو ڕۆژە ڕوونە، چونکە نیازێکی پاکی تیا نابینین، لەبەر ئەوە هاتنە ناوەوەی هەر سەربازێکی دەوروبەر بەدژایەتیەکی گەورەو مەترسی گەورەی دەبینین لەسەر خۆمان، لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە بابەتێکی زۆر گرینگە، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق بەگشتی بە قۆناغێکی زۆر ناسك و دژواردا تێدەپەڕێت، من پێم وایە خاڵی یەکەمی کە باسمان کرد، کە دەکاتە دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، داوا دەکەین، بەڵام خاڵی سێیەم ئەوە داوا نییە، ئەوە هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کامل لەگەڵ هەڵوێستی حزبە سیاسیەکاندا نەگونجێت، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وەکو شەخصیەتێکی قانونی نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پێویستە تەعبیر لە دەروونی هاووڵاتیانی کوردستان لە مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەمان، دوور لە تاکتیك بکات، ڕەنگە ئەوە یارمەتییەکیش بێت بۆ سەرکردایەتی کورد، کە لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەو لایەنانەی چاویان بڕیوەتە هاتنە ناوەوەی کوردستانی عێراق سوودی لێوەر بگرن، بۆیە هەر ویستم ئەوە ڕاست بکەمەوە کە ئەمە هەڵوێستە، هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە، نەك داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئێمە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، کە ئیجرائات بکات بۆ لابردن و کەمکردنەوەی ئەگەری ئەم مەترسییانەی کە لە ئەنجامی ئەم شەڕە دێتن، ئەوەی کە پێی دەگوترێت حاڵەتی تەواریءو خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم حاڵەتە، ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە کێشە سنووریەکان چارەسەر بکات، بەڵام لە مەوزوعی هاتنەناوەوەی سەربازانی وڵاتانی دەوروبەر، پێمان وایە ئەوە بڕیندار کردنی سەروەری و

شکۆمەندی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق بەگشتییە، پێویستە لەم بارەیەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵوێستێکی روونی هەبێت و، ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەبێتە یارمەتی دەری سەرکردایەتی کوردیش لە گفتوگۆیەکانیاندا، دیارە ئەم فەترەیەی لە ساڵی (١٩٩١)وە تا ئەمڕۆ، هەرێمی کوردستانی عێراق بەزۆر بەرزونزمیدا رۆشتووە، لە وڵاتانی دەوروبەر کەم وڵات هەیە ئەوەی کە یەکجار هاتبێت، خۆی پێ مەغدوورە، زۆر جار دوو جاریش هاتوون، زۆر جار تکرار کراوەتەوەش و، هەر جارێکیش هاتبن ئەکید بۆ بنیاتنان و سازدان و دروستکردنەوەی ئەم هەرێمە نەهاتوون، بەڵکو بۆ تێکبەردانی هێزە سیاسیەکان یان بۆ تێکدانی وڵاتەکەمان هاتوون، من پێم وایە ئەم جارەشیان هاتوونە بۆ ئەوەی تەئسیرو دەوری کورد، لە داڕشتنەوەی عێراق، لە داڕشتنەوەی ئایندەی عێراق کەم بکەنەوە، چونکە هەم لە کۆبوونەوەکانی لەندەن و هەم ئێستاش کورد کە لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکی گەورەو فراوان، بەبەشداری کردنی زۆر لە زل هێزەکانی دنیای گرتۆتە باوەش، ئەمە بە مەترسییەك دەزانن و، بەبەرز بوونەوەو بەهێز بوونی دۆزی کوردی دەزانن، دەیانەوێ بەدەست تێوەردانێکی لەم بابەتە مەوقفی کوردی، هەڵوێستی کوردی، سەنگی کورد لەسەر گفتوگۆ، لەسەر مێزی گفتوگۆ زەعیف بکەن، بۆیە ئێمە وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وەزیفەمانە بێینە جواب، کە ئەم تەداروکانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراق هەیە چ ئیدارەی کوردی چ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، حاڵەتێکی زۆر پێشکەوتوو ترە لەو حاڵەتانەی کە لە پێش نەوەت هەبوو، هەروەها بەخۆڕاییش نەهاتووە، میقدارێکی یەکجار زۆر لەسەر مێشك تەکلیفی کردووە، زۆرترین ژمارە قوربانیمان داوە وداوا دەکەین چۆن ئێمە لە قوربانی دان، لە ئەنفال، لەبەکار هێنانی گازی کیمیاوی، لە بەکار هێنانی چەکی کۆ کوژ، لەڕیزی پێشەوە بووینە، دەبێ کورد لە ئیمتیازەکانیش لە ریزی پێشەوە بێت، ناکرێ بەدەست تێوەردانێکی ناوچەیی وەزعەکە لەبار ببرێ و، کورد نەگاتە ئەنجام، بۆیە پێم وایە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان جێی خۆیەتی هەڵوێستێکی لەو بابەتە وەربگرێت، لەگەڵ تەعەهود دانمان کە ئێمە قەلەقی ئەمنی ئەوان تێدەگەین و، ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین لە دیوی خۆمانەوە پارێزگاری سنوورەکانی ئەوان دەکەین و، هەوڵدەدەین وەزعی ئەمنی ئەوان تێك نەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سەعدی، فەرموو کاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشەکییەك بۆ زروق زاتی خۆمان هەست دەکەم ناتەواو بێت، ئەو گۆڕانکارییەی کە لە عێراق دەکرێت بە تەئکید تەئسیرێکی گەورەشی لەسەر کێشەی ڕەوای گەلەکەمان هەیە، ئەو هەموو هێزەی کە ئێستا لە ناوچەکە کۆبووتەوە، خۆ ئیستعرازێکی عەسکەری نییە؟ بەتەئکید بۆ گۆڕانکاریی عێراقە، ئەو گۆڕانکاریەش ئایا بە لێدانێکی سەربازییە، یان بەهۆی گۆڕانکارییەکەوە کە لەناو بەغداد دەبێت، لە هەردوو حاڵەتەکە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، پێویستە ئامادەکردنی

خۆمان، پێش هەموو بڕیارێکی خۆمان، زروفی زاتی خۆمان باشتر بکەین، خۆشبەختانە دیارە ئەوە بوو هەردوو وەزیری ناوخۆ بانگ کران و، باسی زروفی ئامادەیی ناوخۆیان کرد، ئێمە پێویستە لەسەرمان داوایان لێ بکەین، وەزارەتی ناوخۆ، دەزگاکانی ئاسایش، دەزگای پێشمەرگە، خاو نەبنەوە لەوە کە ئەگەری شەڕ دوورکەوتۆتەوە، دەبێ ئەوان ئامادەییان زیاتر بێت و، بەردەوام بن لە ئامادەییان وەکو لە حەفتەی ئایندە شەڕ بێت وایە، جا ئەو شەڕە چەند بخایەنێ ئەوە ئیتر لە کاتی خۆی دەبێت. ئێمە خۆشبەختانە ئەوە بوو لەو حەفتەیەی ڕابردوو، ئاسایشی هەولێر لە پایتەخت باندی تیرۆرستی گرت، باندێکیان گرت کە چەندین تەقینەوەیان کردبوو، باندێکیان گرت کە بەتەمای ئەنجامدانی تەقینەوەی زۆر بوو، دەزگای گەورەتر، کە ئەوە تەئسیری کردە سەر ستراتیجیەتی ئێمە، خۆشبەختانە ئەوانیش گیران، لەبەر ئەوە بەردەوام بین لەسەر ئەم حاڵەتە باشە، ئەو ئامادە باشییە و، هێزەکانمان هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی، هێزی پێشمەرگەش ئامادەبن بۆ هەموو ڕووداوێك کە ببێت، ئێمە ئێستا لەو حاڵەتەدا مەوقفی ئێمە، مەوقفی دیفاعە لە کوردستان، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کە ببێت لەوانەیە ئێمە مەوقفێ وەربگرین هەر دیفاع نەبێت لە کوردستان، ئێمە پارچەیەکی زۆر لە کوردستان، بە کەرکووکی دڵ کوردستانەوە، بە سنجار و شێخان و بە خانەقینەوە لە ژێر دەستی دەسەڵاتدایە، بەڕاستی ئێمە پێمان ناکرێ لەگەڵ حکومەتی ئایندە چاوەڕێ بکەین، موناقەشەی ئەوە بکەین فلان دێمان بدەنێ، فلان دێمان مەدەنێ، فلان مەوقعمان بدەنێ، فلان مەوقعمان مەدەنێ، کەرەتێکی تر هەڵێکی وامان بۆ ڕێك ناکەوێتەوە، ئەبێ ئەو بەرنامانەشمان هەبێت لەکاتی ڕوودانی وا، بەڵام ئەم بەرنامە دەبێت بە نهێنی بێت، لەکاتی ڕوودانێکی وا بەڕاستی دەبێت هەوڵ بدەین، پارچەکانی تری کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دان، بکەوێتەوە سەر کوردستان، هەروەها ئەم ئاوارانەی کەرکووك و خانەقین و شوێنەکانی تر، ئەم ئاوارانە نابێت دانیشن چاوەڕێی گۆڕانکاری بکەن، حکومەتی ئایندەی عێراق بە سەیارە بیان باتەوە شوێنەکانی خۆیان، دەبێ ئەم ئاوارانەش ئامادە بکرێن، لەوانەیە لە مەرحەلەی یەکەم نەتوانرێن بەهێز، بەڵام لە مەرحەلەی دووەم یارمەتییان بدرێت، خۆیان ئامادە بکەن بگەڕێنەوە سەر شوێنەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی نەکرێ دوای ئەوە بێتە خاڵی وتووێژ.
بەنیسبەت ئایندەی تریشەوە، ئێمە و بەڕێزتان ئاگادارن، چەند لایەنێك بانگێشتەی دەوڵی ئیقلیمی دەکات، ئێمە لە ئێستاوە بڕیارێك بدەین هەر لایەنێك، هەر کەسێك، هەر حزبێك، بانگێشتەی هێزی ئیقلیمی بکات، بەتاوانبار دابنرێت و، بە دژی گەلی کوردستان دابنرێت، ئێمە ئەم خەتە سوورە نابێت هیچ حزبێکی کوردستانی، هیچ کەسێك ئەم خەتە سوورە بشکێنێت، داوای هیچ هێزێکی ئیقلیمی بکرێت، چونکە هاتنی هێزی ئیقلیمی لەو کاتەدا لە بەرژەوەندی کورد دا نییە، هێزەکانی ئەمریکا، تەبعەن ئێمە ئەمریکا دەمانپارێزێت، لە ناوچەی پاراستنی ئاسمانیی ئەمریکا داین و، ئەو گۆڕانکارییەش ئەمریکا دەیکات، هەر تەداخولێکی عەسکەری لە کوردستان بکرێت، دەبێ لە ژێر چاودێری ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکان بێت، وەکو هێزێکی هاوپەیمان بێت، ئێمە ناتوانین مەنعی ئەمریکا یان هێزی هاوپەیمانەکان بکەین، هێزێکی دراوسێ بێنن، ئەوان خۆیان دەیهێنن، بەڵام ئێمە دەبێت داوا بکەین، ئەو هێزانەی کە دێنە کوردستانەوە لە ژێر چاودێری ئەمریکا دابن، لە ژێر چاودێری ئەو قیادە مەرکەزیە دابن کە گۆڕانکاری دەکات

لە عێراق، ئێمە بەهیچ شێوەیەك بانگێشتەی دوەلی ئیقلیمی نەکەین، وەزعی ناوخۆمان باشتر ڕابگرین و، چاودێری هەموو گۆڕانکاریەك بکەین و، بەردەوام لە ئامادە باشی دابین بۆ هەر گۆڕانێك بوو، لەوانەیە ئێمە تەصەوری نەکەین، بەو گۆڕانکاریەش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك شێخ جەعفەر، باسەکەی ئێستامان دەربارەی یەك مەسەلەیە؟ ئەگەر دەوڵەتەکانی ناوچە ویستیان هێز بهێنە ناو هەرێمی کوردستان هەڵوێستمان چۆن بێت؟ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵام لەبارەی ئەم شوێنانەوە ئەم ناوچانەی کوردستان کە تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، مانای ئەوە تەرخان نەکراوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، قسەیەکی زۆر ڕەوایە زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەوە مەوزوعی بابەتی ئەو کۆبوونەوەیە نییە، مەوزوعی بابەتی دانیشتنەکەمان جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، ئەوەیە ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێت؟ ئەگەر هاتوو هێزێکی دەرودراوسێی دەوڵەتەکانی ناوچە، ویستیان بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، جا تکایە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەو بارەیەوە قسان بکەن، لەسەر ئەوە بدوێن کەوا ئێمە چی بکەین، بانگێشتیان بکەین یان پێیان بڵێین نەیەن و، بەرهەڵستیان بکەین، چ بڕیارێك بدەین لەو بارەیەوە، ئەوە مەوزوعی باسەکەمانە، فەرموو کاك د.عزالدین.

**بەڕێز د.عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوە ئەو قسانەی کە هەردوو بەڕێزانی سەرۆکی فراکسیۆنەکان کردیان، برادەرانی تر کردیان، قسەی چاك و ڕاستن، ئێمە لێرە تەنها هەڵوێستمان لە دەستە، لە ڕاستیدا هیچ کەسێك نییە حەز بکات هیچ سوپایەکی بێگانە، ئەگەر دۆست بێت ئەگەر دوژمن بێت، بێتە خاکی ئەوان، ئێمەش (کورد) لەو جۆرەین، بەڵام کە ئێستا ئاشکرایەو بەڕوونی بیڵێین، کە کێشەیەك دەبێت لە نێوان ئەمریکاو هاوسەنگەرەکانی و حکومەتی عێراق هەیە، ئەمەریکا چی دەکات، چی ناکات، نە دەتوانین بەرامبەری بوەستین، نە دەتوانین ئا یان نە؟ شتەکان لەو ڕۆژەیە دەردەکەوێت، بەڵام هەرچی هێزی دەوروپشتە، هێزی دەوروپشت بابڵێین ڕێك، چەند جار هەردوو حزبەکە بەناوی حزب بێت یان حکومەت و ئیدارەکەوە بێت، لەگەڵ تورکیا کۆبوونەوتەوە، لەگەڵ ئێران ئاگایەکیان لەیەك هەیە، ئەوان بەهەموو حاڵێك، ئێمە ئەوە بڵێین ئێمە پێمان خۆش نییە، بەتایبەتی دەرودراوسێکان، چونکە ئەوەی دەرودراوسێ ئەگەر بۆ پاراستنی ئێمە دەیکات، وابزانم ئێمە خۆمان، سنووری خۆمان و وەزعی خۆشمان پێ دەپارێزرێت، بەڵام نەك بە هێزێکی دەولی گەورە، بەڵام کە ئەوەی هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە، خەڵکی کە قسە دەکات، کە ئێمە نامانەوێت لە عێراق دەوڵەتی کورد دروست بێت، بۆیە ئەگەر چووین دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت، وابزانم ئەوە حەقی خەڵك نییە، حەقی کوردی عێراق خۆیەتی بڵێ چیم دەوێ و چیم ناوێت. جا ئێمە تەنها وەك هەڵوێست دەتوانین قسان بکەین، بەڵام هەردوو ئیدارەکە، حکومەتەکە، ئەگەر بەربەستی هێزێك بن، کە هێزێك بیەوێت بۆ خراپە بێتە لای ئێمە، بۆ ئەمە

بێت کە کۆمەڵێك کار بکات، کە میللەتی عێراق ڕەنگە پێی ڕازی نەبێت یان کورد پێی ڕازی نەبێت، وابزانم هەڵوێستمان ئەوە بێت کە ئێمە بەنیسبەت خۆمانەوە ئەتوانین کوردستان بپارێزین، پێویستمان بە خەڵکی تر نییە و، هەڵوێستەکەمان ئەوە بێ کە بە جۆرێك بێ، جۆرێکی دیبلۆماسیش بێت بڵێین ئێمە هێزی دەورووپشت قبووڵی ناکەین، چونکە دەزانین بۆ چی دێن ئەوان، نەیەنە ئێرەوە، هەرچی نەخشە تێکدانی ناوچەکەیە، ئەم نەخشەیەی ئێستای ئەو ناوچەیە نە کورد دایناوە، نە عەرەب دایناوە، نە فارس دایناوە، پاش جەنگی یەکەمی جیهان ڕۆژئاوا دایناوە، ئێستا ڕۆژئاواکە ئەمریکاشی بخە سەری و ڕەنگە ئەگەر بگۆڕێت ئەوان بیگۆڕن، لە دەسەڵاتی ئێمە نییەو لە دەسەڵاتی ئەم دەرودراوسێیەش نابێت، بەڵام دەرودراوسێ بۆ ئەوەی بەربەسی ئەوە ببن، کە کورد مافێکی هەبێت، کە تا ئێستا ئێمە فیدرالیمان بە چاك زانیوە، ڕەنگە بەیانی شتێکی تر بەچاك بزانین، وابزانم حەقی ئەوان نییە، شتێکی هێمن بنووسرێت وەك هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان، ڕەنگە شتێکی باش بێت بۆ مێژوو، ئینجا هەردوو ئیدارەکە چیان پێ دەکرێت بۆ بەجێ هێنانی ئەم هەڵوێستە ئەوە شتێکی ترە، هەر خۆتان لە کۆبوونەوەیەکا شتێك بنووسن و وابزانم ئاشکراشە، کارەکان ئاشکرایە و قسەکانیش لە قسەی هەردوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ئاشکرا بوو، کە ئێمە پێمان خۆش نییە و براینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عزالدین، فەرموو مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی.

**بەڕێز ملا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە هەموومان دەزانین وڵاتی مە، مە هەمی شتی خۆمان دایە بۆ پاراستنی وڵات، وڵاتی مە لە بینایی چاوی مە ئەزیز ترو شیرن ترە و، ئێمە هەموومان دەزانین ئەم پەرلەمانە بەرهەمی خوێنی شەهیدی کوردە، پێتقیە کە خوێنی خۆ ڕژاندووە تا ئەم پەرلەمانە هاتۆتە وجودی، ئێمەش دەبێ بەرامبەر ڤی خوێنێ بڕێژین و دیفاع بکەین هەتا ئەو پەرلەمانە بمێنێت بۆ ئەو میللەتە، بەڵام من یەك ئیشارەتم هەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، حەقیقەت ئێمە هەمی شت دەزانین، پەرلەمان لیستی دوو حزبی سەرەکی و، لیستێکی حزبی مۆرە، هەر یەکی ئیتجاهی سیاسی وان مەفروزە، پەرلەمان چ بڕیارێکی نەبێت، قیادەش ئاگای لێ نەبێت و، بۆ نموونە جەنابێتە (٪١٠٠) پتر لەمن چێتر دەزانێت، کۆبوونەوە هاتنە کردن لە نێوان هەردوو حزبی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال، وەفدی پارتیش بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك سامی عبدالرحمان، مەفروزە ئەو هەردوو قیادەی هەمی، یەکەم جار ئاگاداریەکی پەرلەمان بکەن، ئەرێ مەوقفی پەرلەمانی چ بێت، بۆیە ئەز ئیقتراح دەکەم جارێکی تر، ئەز دبێژم گفتوگۆکردنی لەسەر پەرلەمان نەیەتە کرن هەتا ئیتسالێك لەگەڵ وان نەیەتە کرن، لەگەڵ هەردوو قیادە نەیەتە کرن، مەوقف چییە، تا بزانن بەحەقیقەت وەکو پەرلەمان چ هەڵوێستێك، ئەمڕۆ وادەخوازین ڤێگافێ

قـەرارێکی یـان بـڕیارێکی یـان شـتێك بـدەن، عەکسا سیاسـەتی وان بـن، بێگومان گـران لەسەر وان دەوەستێ و لەسـەر مـیللەتی مـەش گـران دەوەستێ، چونکە بەڕاستی و دروستی نازانن کە بارودۆخ چی لێدێت و چۆن دەبێت، ئەم نزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سـوپاس مامۆسـتا مـەلا محمـود، هـەر وەکو بەڕێز د.عزالدین ڕوونی کردەوە، ئێمە لێرە باسی ئەوە دەکەین کەوا هەڵوێستێکمان هەبێت، لەو حاڵەتە بڕیارمان چ دەبێت و چی بە چاك دەزانین، بەڵام جێبەجێ کـردنەکەی بـێگومان پێویسـتی بـە هاوکـاری هـەموو دامودەزگاکـانی هـەردوو ئـیدارەی هەرێمی کوردستان هەیە، فەرموو کاك شمایل.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم جارە قسەکانم درێژە ناتوانم بەکوردی.

مثل ما أشار أليه د.عز الدين مصطفى حقيقةً لا يرغب احد منا باحتلال أو دخول أي فرد غريب إلى بلـده، سـواءً كان كوردستان أو العراق عموماً، ولكن أنا اؤيد كلامه، لأنه نحن ما بأيدنا هو، مع كل أسـف يعـني قضـية شعب كـوردي عموماً كان ضحية الظر وف السياسية دائما، نعرف أنه أن موضوع العـراق هـو توجـه أمـريكي، أمريكا لها مصالحها ولها توجه خاص يعني، فألها أصدقائها وتريد ترضي أصـدقائها أيضاً يعـني، احـنا قياداتـنا السياسـية ايضـا مثل ما أشار أليها الأستاذ ملا محمود ديرشوي، اجتمعـت مـرتين وعـلى مستوى عـالي مع الأمريكان والاتراك، فأعتقد ما يمكن أن نقوم به هو مثل مـا إشار أليه الدكتور، خطاب هادئ انه أحنى نقدر نحمي أنفسنا، ونطمئن الناس الآخرين أيضاً على امـنهم، ونطمـئن الـناس الآخـرين أيضاً على طموحاتنا الشرعية، فبرئي الشيء الذي أحنى لازم نقوم بـه من الأفضل أن يكون ضمن هذا الإطار، ألا انه قد يجوز إذا نحاول محاولات أخرى نستفز قد يجوز يؤثر على المشروع الأكبر، التي هو محاولة أمريكا في بغداد يعني، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شمایل، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز صباح حسين عثمان (بەهمەن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێـزان، لـەماوەی ئـەو دە ساڵە، یازدە ساڵەی تەجروبەی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە پێم وایە مەسـەلەی پێشـێلکاری و دەسـت تـێوەردانی وڵاتـانی ئیقلـیمی، زۆر وازیـح بـووە، هـیچ کاتـێك نـە حـزبەکانی سـەر سـاحەی کوردسـتان، نـە ئیدارەش کە پێشتر یەك ئیدارە بوو ئێستا دوو ئیدارەیە، نـە پەرلـەمان نەیـتوانی مواجەهـەی ئەم وڵاتانە بکات، ئەوە تەحصیلێ حاصڵە ئەو وەزعە بۆ ئێمە هاتۆتـە پێشـەوە، ئێسـتاش لـە وەزعـێکی تـازەدا، وەزعێکە، بەرنامەیەکە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم وەکو بـرایان ئیشـارەتیان پـێ دا، ئـەم بەرنامەیە مەترسیەکی زۆری هەیە، کە کورد بەشێك لە مافەکانی خـۆی بەدەسـت بـێنێ، ئـەو تەداخولانـەی ئێستا یان تەوەقوع دەکرێت کە بکرێت، تەنها بۆ ئەوەیە لـە سـەرەتادا هـێزە کوردسـتانییەکان یـان مەنتیقەکە مەشغول بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە نەتوانین کە موساهەمەی جدی لە ئایندەی عێراقدا بکەین، هیچ وەختێك کورد نەیتوانیوە تصدی ئەم هێزانە

بکات، ئێستاش ناتوانێت، باشترین شت ئەوەیە ئێمە تەوزیحێك بدەین، یان هەڵوێستی خۆمان وەکو پەرلەمان ڕوونکەینەوە کە خەڵکی کوردستان، هەر وەکو ئەوەی کاك شمایل ئیشارەتی پێ دا، کەواقیعێکە هەموو دنیا ئەمڕۆ ئیش دەکات لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق، ئیلتباس دروست نەبێت بە هاتنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئیقلیم، ئێمە ئیدانە بکەین یان بەناوی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە، بەرەنگاری و تەصەدی ئەوە بکەین کە لە ڕووی ئیعلامەوە زیاتر، یەك. دوو، ئەوەی قیادەی ئەو تەحالوفە دەکات، ئەمریکا و بەریتانیان، ئەمریکا زیاتر، حەقە ئەویش وەکو لە کۆبوونەوەی پێشووش باسمان کرد، کە وەزعی ئەمنیمان وایە بۆ حمایەتمان داوای شت بکەین، حەقە موزەکەرەیەکیش بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بدرێتە ئەوانەی، کە بەهاتنی تەداخولاتی ولاتانی ئەقلیمی وەزعی ناوچەکە و وەزعی کوردستان زیاتر تێك دەچێت، کە ئەوان موراعاتی مەشاعری خەڵکی کوردستان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلا محمد طاهر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی لە بارەی مەوقفی پەرلەمانەوە، تەبعەن ئێمە کە قسە دەکەین وەکو جەنابتان ئیشارەتان بۆ کرد، پەرلەمانی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیار بدات کە هێزی دەرەکی زیان بەخش تایبەتی نەیەتە ناو هەرێمەوە، تەبیعی لەم پەرلەمانە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر ڕا هەبێت و ڕێزیش لە ڕا بگیرێت، بەحەقیقەت ڕازی نیم و ڕازیش نابم وەکو فەرد، لەزمنی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەدا، هێزی دەرەکی پێ بخاتە ناو هەرێمەوە، بە مەبەستی جەنگ و تێدا مانەوەو زیان بەخشین، جا لە خۆیەوە بێت یان بە بانگهێشت، چونکە هەر هێزێك پێ بخاتە ولاتێکەوە جا لەو کاتەش کە شەڕ لە ئارادایە، خوا دەزانی کێ دەبێتە سەر کۆتەڵ، کێ دەبێتە سووری خەرمان، کێ دەبێتە ژێر بێژنگ، ئەوە تەنها خوا دەزانێ، ئەوە وەکو ئینسان وەکو مەوقفی پەرلەمان مافی خۆیەتی ئەوە لەبەر چاو بگرێت، مەوقفیشی لەو بارەیەوە هەبێت. دووەم، ئەو زلهێزە کە ڕێگای لێ ناگیرێت، بۆ هەر هەنگاوێك کە بیهاوێت و بیەوێت بیهاوێت، کەس نییە ڕێی لێ بگرێت، ئەگەر ڕاستە مەسەلەی کوردو کوردستان گرینگە بەلایانەوە، ئەو دەتوانێ ڕێگا بگرێت، هێزی هەرێمی لە سنووری خۆی ڕاوەستێنێ و سنووری خۆی نەبەزێنێ، ئەو هێزەی کە دەیەوێت گێژوتەتەڵە بکات، حەقە ئەوە ئەگەر مەسەلەی کورد لای گرینگە، بەحەقیقەت ئەو هێزەی کە دەزانێ زیانی بۆ مەسەلەی کوردو کێشەی کورد هەیە، حەقە ڕێی لێ بگیرێت و نەیەتە ناو هەرێمەوە، بۆیە پێم باشە پەرلەمان وەکو مەوقفی خۆی، وەکو ئەو مەوقفەی کە برادەران هەموو جووتین لەسەری، هاودەنگین لەسەری، سەرکردایەتی بەرپرس لەم هەرێمە چ حزبی چ حکومی، بەپەرلەمانیشەوە، چیان لە توانادایە بەکاری بهێنن تا ڕێگا، لە هاتنە ژوورەوەی هێزە دەرەکییەکان دەگیرێت، کە لە ئەنجامدا سەرئێشە بۆ گەلی کوردستان دروست دەکات، وەشتێکی ئاشکراو مەعلومە، من بە ئومێدم پەنا بەخوا لە کێشە ڕەواکانمان گەلی کورد سەرکەوتوو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك نعمت.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە بۆ هیچ کەسێك نییە کە حەز بکات هێزی دەرەکی بێتە ناو کوردستان و، بۆ کەسیش نییە ئەو بڕیارە بدات، بەڵام پێویستە بە واقیعیانە سەیری ئەو مەوزوعە بکرێت، وەك ئەم ڕوون کردنەوەی کە هەمە، سەبارەت بەو گۆڕانکاریە چاوەڕوان کراوەی کە لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی ڕوودەدات، ئەوەیە کە پێویستە ئەنجامەکانی لەو ڕوانگەوە سەیر بکرێت و بەهەند وەربگیرێت، ئەویش بە تاوتۆو واقیعانە ڕووبەڕووی ببینەوە، بەو شێوەیە کە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و تاقیکردنەوەکانی بگیرێت و، ئیرادەی گشتی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەنی عێراقی ئەویش ڕێزی لێ بگیرێت، هەر گۆڕانکاریەك بەو واقیعەتەدا بڕوات لەبەرژەوەندی گەلی کورد بەتایبەتی و، گەلی عێراق بەگشتی بێت، هەر تەدەخولێکیش لە پێناو مسۆگەر کردنی فیدرالی ، دیموکراتی، ئاشتی، مافی مرۆڤ و ویستی گەلانی عێراق بێت، لە ژێر چەتری نێودەوڵەتی و بەشێوەیەکی کاتی، ئەویش بۆ نەهێشتنی چەکە کۆکوژەکان و لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆری، هێنانە کایەی حکومەتێکی نیشتمانیی و دیموکراتی و فرە حزبی لە عێراقدا بێت، ئەوەش پێویستە وریا بین لەوەی کە باری نا ئاسایی و نایاسایی سنوورەکانی کوردستان، نەك لە هۆکارێکی سلبی بەوەی کە دەوڵەتانی دراوسێش تەدەخول بکەن، وەك ئەوەی لە پەنجەرە بچوکەکانیش بێنە ژورەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك نعمت، ئێستا هەواڵێکمان بۆ هات کەوا ئەو دوو پەرلەمانتارەی بەریتانی هاتوون وەکو بڕیار بوو، جا ئێستا ئێمە دەچین کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ دەکەین لە پاشان دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە، با ئەم ماوەیەش پشوو بێت بۆ بیروڕا ئاڵوگۆڕ کردن لە نێوانی کۆمیتەکان و، بۆ ئامادەکردنی ئەو بڕیارە، ئەو ناوانەی کەلای ئێمە نووسراون کە هێشتا قسەیان نەکردووە، بەڕێزان: کاك مصطفی چاوڕەش و کاك شێخ یحیی و کاك مەلا محمدامین و کاك محمد علی تۆفیق و کاك أحمد شەریفە، ئەوە ئەو ناوانەن کە ویستبوویان قسە بکەن، تۆش ویستبووت کاك مەلا بەختیار؟ باشە، ئەوە کاك مەلا بەختیاریش، کێ هەیە ناوی نەخوێندرابێتەوە؟ باشە ئێستا وەکو وتم دەچین بۆ پێشوازی مێوانەکان، تکا لە هەردوو سەرۆکی فراکسیۆنەکەش دەکەم بفەرموون لەگەڵمان و، ئەگەر لە هەر فراکسیۆنێکیش یەکێك لە خوشکەکان بێن، بەلامەوە باشە، جا خۆتان ڕێککەون، زۆر سوپاس.

پاش پشوو.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانمان دەکەین، لە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا، کە یەکێکیان لە پارتی کرێکارانە، یەکێکیان لە پارتی پارێزگارانە، هاتن و ئامادەبوونیان لەم کۆبوونەوەیەدا، ئێمە پێخۆشحاڵین، ئەگەر بفەرموون قسەیەکیش پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، فەرموون.

**بەڕێزمایکل کۆنارتی:**

ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە هاتووینە ئێرە، قسە لەم پەرلەمانە بکەین، ئەدرەسی ئەم پەرلەمانە بکەین، هەروەها ئێمە وەکو ئەوەی کە ئەندامن ئینتیخاب کراون، بە شێوەیەکی دیموکراتی، ئیوە هەموو خوشك و برای ئێمەنە وەکو ئێمەش کە پەرلەمانتاری بەریتانین هاتین، ئێمە کۆبوونەوەیەکی کورتمان کرد، لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، کە ئێمە لە پەرلەمانی بەریتانیا بەناوی قسەکەری پەرلەمان ناوی ئەبەین یەکێك لە هەدەفەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە کە دیفاع لە مافی ئێوە بکات، وەکو پەرلەمانتارێك وەکو نوێنەرانی میللەت، من مەسئولی مالی لیژنەی پەرلەمانی بەریتانیام دەربارەی کوردستانی عێراق، زۆر پێخۆشحاڵ بووم کە بێم بۆ کوردستانی عێراق، لەگەڵ هەڤاڵی خۆم ئەندامی پەرلەمانی تر، کە بتوانم بێم لە نزیکەوە تەماشای وەزعی کورد بکەم، بتوانم لەگەڵ کورد قسە بکەم و، بزانم وەزعەکە چۆنە؟ ئێمە چووین حاڵی ئاوارەکانمان دیت، چووینە بنەسلاوە قسەمان لەگەڵیان کرد، چووین بۆ زانکۆ لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و لەگەڵ قوتابیەکاندا قسەمان کرد، هەروەها چووین بۆ نەخۆشخانەکان و دکتۆر و نەخۆشەکانمان بینی، زۆر ئارائمان پێگەیشتووە لەم ئەنجامەوە، کە دەچینەوە بۆ بەریتانیا زۆر پرسیارمان هەیە، بۆ مەسئولەکانی بەریتانی، کە ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە میللەتی ئێرە تووشی بووە، بۆیان شەرح بکەین و، بتوانین سورەتێکی موتەکاملیان پێبگەیەنین، لە هەموو شتێك گرنگتر باسی ئامانج و خواستی میللەتی کورد دەکەین، کە دەیانەوێت بۆ عێراقێکی دوارۆژ، بۆ عێراقێکی تەعددوی، فیدراڵی، دیموکراتی کە تەعبیر بکات، لە خواست و ئامانجی میللەتی کورد، ئەمە شێوەیەکە، نامەیەکە بۆیان دەبەینەوە بۆ حکومەت، من ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیم، بەڵام من خەڵکی سکۆتلەندامە، کە سکۆتلەنداش ولاتێکی ترە، ولاتەکەم ئێستا شێوەی حوکمی زاتی خۆی هەیە، کە شێوەیەکی فیدراڵی هەیە لەوێ، ئێمە بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێك ئیش دەکەین، مەسەلەی یارمەتی داوە بەمیللەتەکە کە زیاتر لە یەك نزیك بن، گیروگرفت زیاتر کەم بکرێتەوە، ئەوەش شتێکە ئیمانمان پێی هەیە، گەر لەوێ ئیش بکەین، بۆ ئێرەش ئیش دەکەین، وەکو سکۆتلەندی یەعنی بە قوەت کردنی هەویەی سکۆتلەندی، ئەمە دەعمێك بووە، نەك تەنها بۆ خەڵکی سکۆتلەندی، بەڵکو تەقویەی هەموو خەڵکی بەریتانیای کردووە، ئەوە شتێکە کە توانراوە زیاتر خەڵك لە یەك نزیك بکاتەوە، نەك لەیەك دوور بکاتەوە، هەویەی ئەو میللەتانەی کە پێکەوە ئەژین، بە قوەت بکرێت، یەکێتیان بە قوەت بکرێت، زیاتر لەوەی کە لە یەکتریان دوور بکاتەوە، بەم شێوەیە کە ئیش بکەن، ئەوە ئەرکی ئێوەیە، کە خۆتان بۆ خۆتان رێگا دابنێن، کە چۆن بتوانن حوکمی خۆتان بکەن؟ بەنیسبەت ئێمە لە سکۆتلەندا، ئەم رێگایەمان بۆ خۆمان دۆزیوەتەوە، خەیارەکەش دەبێت، خەیاری ئێوە بێت، کە چۆن بتوانن

کاروباری عێراق بۆ خۆتان بەڕێوە ببەن؟ ئێمە لە سکۆتلەندەدا تەحالوفی سیاسی هەیە، لە بەینی ئەحزابەکان، کە پەرلەمانی سکۆتلەندی لێ پێکهاتووە، تەبیعی حزبی عومال لەوێ گەورەترین حزبە، حزبی دووەم لیبرالەکانە لەوێ، تەنها هەر ئەم دووحزبەش نییە، بەڵکو سەوزەکان هەیە، حزبی سەربەخۆ هەیە، ئێمە لەوێ پێکەوە ئیش دەکەین لەناو ئەو پەرلەمانە، وەکو ئێوە چۆن لێرە پێکەوە ئیش دەکەن، بۆ ئەوەی خواست و ئامانجەکانی خۆمان بە جێ بهێنین، وەکو پەرلەمانتاری ئێوە هەر چۆنێك ئینتیخاب کراون؟ هەر چۆنێك لەم پەرلەمانە ببنە ئەندام؟ ئەوە واجبێکی هەرە گەورەیە کە بۆ میللەتی خۆتان کار بکەن، ئێوەش دۆستێکی زۆرتان هەیە لە پەرلەمانی بەریتانی، من یەکێکم لەو دۆستانەی ئێوە، کە دەمێکە ئێمە لەگەڵ ئێوەین، هەر ڕێگایەك ئێوە گرتووتانە بەر، ئێمە لەگەڵتانین.

**بەڕێز بوب سپینکس:**

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەعوەتەی کە لە پەرلەمانی کوردستان کە بۆ ئێمە هاتووە، ئەمە شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە کە هاتووین، تەماشا بکەین کە پەرلەمانێکی یەکگرتوو کار دەکات، ئەو خاڵەی کە ئێستا ئێمە لێرەین، بەرزترین خاڵە کە ئێستا ئێمە بۆ کوردستان هاتووین و، ئەنجامی ئەدەین، ئێمە هاتووین بۆ ئێرە لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کردوومانە، لەگەڵ ئاوارەکان، لەگەڵ خەستەخانەکان، لەگەڵ جامیعەکان، لەگەڵ ئەو سیاسییانەی کە دیومانن، ئەو قسانەی بۆ ئێمەیان کردووە، ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی گوێ لێ رابگرین، شت فێر ببین، حەتمەن ئێستا کە ئەگەڕێینەوە، ئەو نامانەی کە لە ئێوەمان پێگەیشتووە، ئەو قسانەی ئەو داخوازییانەی لە ئێوە پێمان گەیشتوون، ئێمە دەبین بە دەنگێك لە ئێوە لەسەر ساحەی نێو دەوڵەتی لەلای حکومەتی خۆمانەوە و، ئێمە وەکو دۆستێکی ئێوە، بەم کارە هەڵدەستین، من زۆر پێخۆشحاڵم و شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە لێرە لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم، ئەو نموونە دیموکراتییەی کە ئێوە لێرە پەیداتان کردووە و، لێرە هەتانە لەوانەیە نموونەیەك بێت، نەك تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوە ئەوەی بەدەستتان هێناوە لە دیموکراسی لەو هەشت یان لەو دە ساڵەی دوایی، ئێمە لە بەریتانیا هەزار ساڵمان پێویست بوو، تا بگەینە ئەو قۆناغەی ئێوە پێی گەیشتوون، سوپاس، تەبیعی بەنسبەت ئەو تەتەوراتانەی کە ئیحتیمالی هەیە، روو بدات، ئێمە وەکو دوو وڵاتی گەورە، چ ئەمەریکا، چ بەریتانیا، غەڵەتێکی زۆرمان کرد، تەنها تەرکیز کراوە لەسەر خاڵێکی موحەددەد، ئەویش لەناو بردنی چەکی کۆکوژ، تەرکیزتەنها وەکو گوتم لەسەر چەك بوو، بەڵام تەرکیزمان تەنها نەکردووە لەسەر میللەتەکە خۆی، ئەوە بابەتێکە دەبێت ئیبراز بکرێت، مەسەلەی میللەتی عێراق، میللەتی کورد، لەهەمان کاتدا ئێمە تازە باسی ئەم خاڵەمان کردووە و تەرکیزی لەسەر دەکەین، ئەو سیستەمەی کە میللەتی عێراق لەسەری ژیاوە چەندەها ساڵ، لەژێر دەستی رژێم، نابێت مەجال بدەین بەردەوام بێت و، ئەزیەت بە میللەتی عێراق و کورد بگەیەنێت، بەنیسبەت ئێمەوە زۆر نامەی ئێوەمان پێگەیشتووە، ئەو نامانەش پێیان ئەگەیەنین، خاڵێکی زۆر گەورەیە کە نابێت مەجال بدەین بە جەیشی تورکی بە هیچ جۆرێك، تەنها لە حاڵەتێکدا کە ئیلا ئێوە دەعوەتیان بکەن، مەسەلەك هەیە لە زمانی ئینگلیزی کە دەڵێت، ئەگەر شتێکت هەیە، زوو ئەنجامی بدە، ئێمەش زۆر کاتمان

لە ئێوە برد، و هیوادارین کە ئیستیفادەی هەبێت، بەنیسبەت ئێمە خاڵێکی زۆر گرنگە کە هەر شتێك روویدا لە عێراق، هەر تەتەوراتێك روویدا، کە میللەتی کورد دەبێت بە ئەمانەتی بژیت، دەبێت حیمایەت بکرێت، نەتائیجی هەر حەربێك بوو، زۆر موهیمە دەبێت نەتائیجەکەی تەئکید بکەین، کەوا لە بەرژەوەندی میللەتی عێراق دەبێت، لە بەرژەوەندی میللەتی کورد دەبێت، هەر چ شێوە نیزامێك ئێوە داوای دەکەن؟ هەقی ئێوەیە بە فیدرالیەت بێت، وەکو کورد وەحدەیەکی خۆی هەبێت، سنووریێتی خۆی، ناوچەیەکی خۆی مەحمی هەبێت، کە بتوانێ ئیش و کاری خۆی بەڕێوە ببات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاسیان دەکەین، بۆ ئەو وتە باشانەی کە پێشکەش بە ئێمەیان کرد، ئێمەش پێخۆشحاڵین بۆ زیارەتەکەیان، هیوادارین کە پەیوندیمان بەردەوام بێت، چونکە بەڕاستی ئێمە زۆر پێویستیمان بەوە هەیە، کەوا لە تاقی کردنەکانی ئەوانەوە فێر ببین و، هیوادارین ئەوانیش سەفەرەکەیان بە باشی و سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنن، لە بارودۆخێکی باشتر جارێکی تر بە دیداریان شاد ببینەوە، زۆر سوپاس جارێکی تر.

پاش پشوو....

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە زۆر بەخێربێنەوە، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر وتووێژەکانمان، هاتنی ئەم میوانانە بەڕاستی لە کاتی خۆیدابوو و، بێ ئەوەی ئێمە لە پێشەوە قسەمان لەگەڵ یەکتری کردبێت، ئەوان دیار بوو بیروڕایان هەر وەکو بیروڕای ئێمە بوو، جا ئێمە لەو بارەیەوە ئەو هەڤاڵانەی کە ناویان نووسیوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن بفەرموون قسەکانی خۆیان بکەن و، ئەگەر بەپێویستیشی نەزانن ئەوا خۆیان بڕیار بدەن، من ناوەکان دەخوێنمەوە جارێکی تر، ئەو قسەیەی کە ئەو پەرلەمانتارانە کردیان، لە بارەی هاتنی هێزی دەرەکی بۆ ناو هەرێمی کوردستان، ئەوە ئەگەر بەلامانەوە باش بێت پەسەندی بکەین، ئیتر ئەوە بیروڕای هەموومانە، جا من جارێکی تر ناوەکان دەخوێنمەوە هەندێك لە ئەندامانی بەڕێز ویستوویانە قسە بکەن، ئێستاش بە پێویستی دەزانم کە هەر بەردەوام بین لەسەر قسەکان، بەڕیز ناوەکان دەخوێنمەوە، کاك مصطفی چاوڕەش، کاك شێخ یحیی، کاك مەلا محمدامین، کاك محمد علی تۆفیق، کاك احمد شریف، کاك مەلا بختیار، شەفیقەخان، فەوزیەخان، کاك حمید میران، من ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوەی قسەی مابوو با بفەرمووێت بیکات؟ ئەوەی نەی مابوو خۆی دەتوانێت لەو کاتانە، بڵێ پێویست ناکات، بەڵێ، کاك احمد شەریف ناوی نووسراوە، باشە. فەرموو کاك احمد شەریف. باشە، تۆ دەزانم یاسات خوێندووە، بەلام حەقی ئەوەت نییە ببیتە موحامی خەڵکی تر، بەڵکو ئەوان بیانەوێت قسەی خۆیان بکەن، وەکو پێشنیازێك باشە ئەوەمان قبوڵە، فەرموو کاك مصطفی چاوڕەش.

**بەرێز مصطفى قادر محمد(چاوڕەش):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان. دیارە ئێمە لە بەردەم گۆڕانکارین کە بەرێوەیەو، هەمووشمان دەزانین مەوقعی جوگرافی، ولاتەکەی ئێمەش، هەمووتان شارەزان نەحدوودەکەمان بەفەرنساو ئەلمانیاوەیەو یان بەشوێنی ترەوەیە، دراوسێکانمان ئەوانەن کە هەموومان دەیزانین، وابزانم منیش هەر بەکورتی تەواوی بکەم، مادام برادەران، خۆ قسەکەی کاك احمدیش باشە، بەلام ئەو برادەرە پەرلەمانتارانە کە ئێستا لێرە بوون، قسەیان کرد، وابزانم قسەکانی هەمووومان لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە چەپلەمان بۆ لێ دا، مانای ئەوەیە نیازی دلی هەموومانەو کۆتایی بەمەسەلەکە ئەهێنێ، حەقە ئەوەش بزانین کەهەندێ برادەر هەبوو، باسی ئەوەیان کرد قیادەی سیاسی یان کورد، کاکە گیان برادەران دووجارە وەفدی کوردی لەگەڵ ئەمریکاو زالمای‌و تورك دانیشتوون، بۆ ئەمریکا بانگ کراون ئەمجارەیان چوون بۆ سلۆپی، دوێنێ‌و پێرێ، لەوێ هەموو ئەو قسانەیان کردووە، ئەوەی کە ئەوانیش وتوویانە تا ئێستا داوایان نەکردووەو قبولێشیان نەکردووە، ئەوان بێن داخڵ بن، یەعنی هەر کەسێك بێتە ناو ولاتەکەمانەوە، بەکورتی، ئێمەش سی چل ساڵە خوێن و ڕووباری خوێن ئەرێژین و بەردەوامین لەوەی کەوا میللەتەکەمان بگاتە ئەمە، ئێستاش دیارە کە باس لە داخڵ بوون ئەکرێت، وەللا من ئێستا خۆم ڕەنگە ئەمریکا بێت پێشی بکەوم تا بەغدادیش، یەعنی لەخواشمان ئەوێت خۆمان هیچمان پێ نەکرا، سی ساڵە، چل ساڵە نەمانتوانی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرە کە دەستی سوورە لە خوێنی میللەتەکەمان، ئیتر بەوردەکەی ناچمەوە لە ئەنفال و نازانم چی و چی. هەمووومان ئەزانین چ دوژمنێکەو چی بەمیللەتەکەمان کردووە، زۆر کەس هەیە لەوانەیە بلێ وەللا ئێمە خۆمان ونازانم معارەزە، کاکە ئێستا ئەمەریکا هاتووە، وەللا ئێمە زۆرمان پێ خۆشە، بەلام لەعەینی کاتدا ئەگەر کەسێکی تر بیەوێ کەس نییە پێی خۆش بێت، هیچ ولاتێکی ئیقلیمی داخڵ بێت، منیش ڕەئی خۆم وایە وەکو مامۆستا وابزانم لەوێش نەماوە وتی من ڕەئی خۆم وایە داخڵ نەبێت، وەللا منیش پێم ناخۆشە هیچ ولاتێك داخڵ بێت، سوپاستان ئەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێخ یەحیا.

**بەرێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان.

دیارە هەمووومان لە قسەکاندا هەر یەك هەڵوێست و یەك قسەمان هەیە، بەرێزان زۆر لەسەری دووان و شییانکردەوە، بەلام وەك هەڵوێست و وەك پرۆتۆکۆڵ بەباشی ئەزانم، ئەگەر نووسراومان هەبێت، نووسراو بەناوی پەرلەمانەوە بۆ معارەزەی عێراقی، کە سبەی دوو کۆبوونەوەیان هەیە دەنگی ئێمەیان پێ بگا؛کە ئێمە ناڕازین لەوەی کە هیچ هێزێکی دراوسێتان بێتە کوردستان،هەروەها نووسراوی پەرلەمان بۆ ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە، کەئێمە بەهیچ نەوعێك

ڕازی نین بەداخڵ بوون یان هاتنە ژوورەوەی ئەو هێزانە، بەڕاستی پێویستیشە هەموو جەماوەری کوردستان ئەم دەنگەی پەرلەمان بزانێت، هەموو کورد بزانێت کە پەرلەمانی کوردستان ناڕازییە لەوەی کەهیچ هێزێکی دراوسێکان بێتە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە، چونکە کە دێت بۆ داگیرکردن و بۆ نەمانی ئەم دیموکراتیەتەی ئێستا دێت، بۆ نەمانی ئەم تەجروبەیە دێت، بۆیە زەرووریيە هەم جەماوەرمان ئاگاداربکەینەوە، هەم نووسراومان هەبێت بۆ موئتەمەری موعارەزەی عێراقی. لێرەوە نووسراویشمان هەبێت بۆ ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەو، لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك شێخ یحیی، بێ گومان نووسراومان دەبێت، بۆیە کۆبوونەوەکەشمان نەکرد بەنهێنی، بۆ ئەوەی خەڵکی باشتر هەواڵەکانی بزانێت، فەرموو کاك بەختیار.

**بەڕێز حیکمت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە کاك أحمەد شەریف قسەکانی منی کرد، سوپاس نایکەم.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو شەفیقەخان.

**بەڕێز شفیقە فەقێ عبداللە:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان هەمان ڕەئەکەی من بوو، نەهاتنی جەیشی تورکیا بەهەموو شێوەیەك و، لە هەموو کاتێکدا کەس ڕازی نییە بەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆرسوپاس، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

منیش هەر هەمان ڕای برایانم هەیە، یاداشت نامەیەك بدرێتە ئەو دەوڵەتە زلهێزانە و بەهەموو دنیا ڕابگەیەنین، ئێمە بەهیچ شێوەیەك وەك پەرلەمانی کوردستان کە هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی ئەو میللەتەین، ڕازی نین هێزی دەرەکی دەرودراوسێ بێتە ناو خاکی کوردستانەوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە کاتی خۆی زلهێزمان بۆ گاڵتە بەکار دەهێنا، بەڵام وادیارە ئێستا بۆتە زاراوەیەك و لە هەموو لایەکەوە بەکار دێت و، من ئەگەر بەکورتی چیرۆکی ئەوەتان بۆ

بگێڕمەوە، برادەرێکمان هەبوو ئەوەی (حەسەن پور) ڕەنگە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان بیناسن، ئەو ئەیوت (مەزن هێز)، جا ئێمە مەزن هێزەکەمان گۆڕی بۆ زلهێز، بەلاّم مانایەکی تریشی هەبوو لە هەمان کاتدا، فەرموو کاك حمید میران.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە گۆڕانکاری لە عێراق بە چ شێوەیەك دەبێت، لەوانەیە گۆڕانکاری بەبێ شەڕ ببێت، ئەگەر نا پێویستە داوا بکەین لە ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی، لەو شەڕەدا کە هێزی وڵاتە ئیقلیمیەکان نەیەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی هەمووڵایەك لەو وڵاتە ئیقلیمیانە تەماحیان هەیە لەم هەرێمەدا و، هاتنی لایەك ئەبێت بەهۆی هاتنی لایەکانی تر، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات ئەم ناوچەیە تەواو تێك ئەچێ و، مەترسیش ئەخاتە سەر سەرکەوتنی کارەکە، ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە ئەو وڵاتانەی دەوروبەر یارمەتی لێقەوماوان و نەداران بدەن، دەتوانن لە ڕێی ڕێکخراوە خێرخواز و مرۆییەکان و خاچی سوورو ڕێکخراوە مرۆییەکانی ترەوە ئەنجامی بدەن، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، جا بەوتەکانی کاك حەمید میران کۆبوونەوەکەمان بەهەر سێ خاڵەکەوە کۆتایی هات، زۆر سوپاستان دەکەین، بۆ کاتی کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**کاکەڕەش محمد نقشبندی**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**
**بەوەکالەت**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

سێ شەممە رێکەوتی ٢٥/ ٢/ ٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/٢٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە(١٧)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧) ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٢/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی بەیانی هەڵوێستی پەرلەمان لەبارەی هاتنە ناوەوەی هێزی سەربازی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بۆ ناو هەرێم.

٢- دانانی بەڕێز طارق محمد سعید بە ئەندامی پەرلەمان لە جێگای شەهید شەوکەتی حاجی موشیر.

٣- خوێندنەوەی ڕاگەیاندنی تاوانبارکردنی بکوژانی شەهیدی پەرلەمانتار (شەوکەتی حاجی موشیر).

٤- خوێندنەوەی یاداشتی پەرلەمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارە لە بارەی ئەو ناوچانەوە، کە تا ئێستا لە ژێر کۆنتڕۆڵی حکومەتی هەرێمدا نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، کۆبوونەوەی ژمارە (١٧)ی خولی گواستنەوە دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- خوێندنەوەی بەیانی هەڵوێستی پەرلەمان لەبارەی هاتنە ناوەوەی هێزی سەربازی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بۆ ناو هەرێم.

٢- دانانی بەڕێز طارق محمد سعید بە ئەندامی پەرلەمان لە جێگای شەهید شەوکەتی حاجی موشیر.

٣- خوێندنەوەی ڕاگەیاندنی تاوانبارکردنی بکوژانی شەهیدی پەرلەمانتار (شەوکەتی حاجی موشیر).

٤- خوێندنەوەی یاداشتی پەرلەمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارە لە بارەی ئەو ناوچانەوە، کە تا ئێستا لە ژێر کۆنتڕۆڵی حکومەتی هەرێمدا نین.

ئێستا بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، بێگومان ئاگادارن لەوەی کە ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو ئەم خاڵەمان باس کردو پرۆژەیەکیشمان گەڵاڵەکرد، ئێستا ئەوەی گەڵاڵە کراوە پێشکەشتانی دەکەین، پاش خوێندنەوەی لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە و، لە هەر لایەك دووکەس لەو بارەیەوە قسە بکات، چونکە جاری پێشوو بە تێروتەسەلی لەم بارەیەوە دواوین، ئەو وەختە دەیخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن ئەگەر پێویستیشی کرد، دەتوانین زیاتریش لەسەری بدوێین، لەسەر ئەم مەسەلەیە. بەڕێزان پێش ئەوەی ئێمە ئەم پرۆژەی کە گەڵاڵە کراوە پێشکەشی بکەین، لەو بارەیەوە ئەگەر سەرنج و تێبینییەك، یان پێشنیازێکتان هەیە بفەرموون، بۆ ئەوەی لە دارشتنی پرۆژەکەدا ڕەچاوی بکەین، ئێستا با بفەرموون لە پێشەوە سەرۆکی فراکسیۆنەکان، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە جەماوەری خەڵکی کوردستان و، هەروەها گەلی عێرا ق لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە ئەنجامی ئەم وتووێژانە و پروپاگەندانەی کە دەکرێت، سەبارەت بە هاتنی سوپای وڵاتە دراوسێکان، بەتایبەتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، لە دڵە ڕاوکێیەکی زۆر ناخۆش داین، بەشێوەیەك لە شارەکان بۆتە باس و لێکۆڵینەوەی هەموو خێزانێك، تا ئەو جێیە ڕۆشتووە خەڵك خەریکە جینایەتەکانی ڕژێمی عێراق، ڕژێمی (سەدام حوسێن) لەبیر بکات و، ئەمە هەموو لە ئەنجامی دوو گفتوگۆی تەلەفزیۆنی وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیاو وەزیری بەرگری کۆماری تورکیاوە هاتووە، کە بەشێوەیەکی نالایەق، کە ئێمە زۆر ئیستغراب دەکەین، بەو شێوەیە موعامەلە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی بکرێت، ئێمە دڵنیا بووین لەوەی لە ڕێگای گفتوگۆ و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری تورکیاو لە هەموو ئەو دانیشتنانەی کە کراوە، کە تورکیا بەبێ هەماهەنگی و بەبێ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، هێزە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، هەڵوێستی لەو بابەتە وەرناگرێ و، هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوکار لەگەڵ هەموویان بۆ بەرژەوەندی ئابووری و ئەمنی ناوچەکە و ئیستیقلالی ناوچەکە، هیچ وەزعێکی ئەوتۆ نەهێنێتە پێش، کە ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و بۆ هێزەکانی سیاسی لە کوردستانی عێراق، ئەوەی جێگای سەرنجە، وشەی چەك داماڵین بەکار دەهێنێت، وشەی چەك داماڵین بۆتە بەوشەیەکی ئینتەرناسیۆناڵ بۆ چەکە کۆکوژەکان لە ڕژێمێکی کۆمەڵ کوژی وەکو ڕژێمی عێراق، وشەی چەك داماڵین نەهاتووە بۆ پێشمەرگەیەکی، کە ماوەی سی ساڵ زیاترە لە سەنگەری پێشەوە خەبات دەکات لە پێناوی نەهێشتنی جەورو ستەم لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، ئێمە هەموو لایەکمان خۆش حاڵ دەبین، ئەگەر گۆڕانکاری چاوەڕوان کراو لە عێراق هاتە پێش و، گەیشتە ئەو ئەندازەیەی کە ئێمە لە عێرا ق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، تەنانەت پێویستمان بەیەك چەکیش نەبێت، بەشێوەیەك ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بکرێت، بەشێوەیەك مافی هاووڵاتییان دابین بکرێت، بەشێوەیەك مافی مرۆڤ دابین بکرێت، کە هیچ پێویستی بەچەك نەبێت، بەڵام ئەمڕۆ تا

مەسەلەکان یەك لا نەکراونەتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکە لە سیستەمی ئەمنی ئەم ناوچەیە، هەتا ئەو بۆشاییە پڕ نەکراوەتەوە، ئێمە ناتوانین موجازەفە بە ژیانی هاووڵاتییان بکەین و، ئەمنی هەرێم بخرێتە خەتەر و، لە لایەکی تریشەوە پێویستە لەسەر ئەساسی ئیحترامی موتەقابیل لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەگشتی و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ئیدارەی کوردستان قسە بکرێت، ئێمە هیوادارین ناوەندە بڕیاردەرەکان، بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هەروەها کۆماری تورکیا لە ڕێگای موئەسەساتی مەدەنی و سیاسی، هاوکارمان بن لە ڕێگە گرتن لە هەر تەنگەژەیەکی لەو بابەتە، کە ڕەنگە ئەنجامێکی باشی نەبێت بۆ داهاتووی ئەو دوو وڵاتە، چونکە ئێمە جیران ئەمێنین و، بەیەکەوە پێویستە ئالییەتێك دروست بکەین، چۆن ئەو دوو وڵاتە بەیەکەوە دەژین. دەمەوێ ئیشارەت بەوەش بکەم، کە ئێمە زۆر سوپاسی وڵاتە دراوسێکان دەکەین، کە لە ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ساڵی (١٩٩١) و هەتا بگرە لە کاتی تەنگانەشدا، لەکاتی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال، باوەشیان کردبۆوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نەجات دان و بەخاوەن کردنیان تا بەسەر چوونی تەنگەژەکە، بۆیە من پێم وایە دەقی ئەو بابەتەی کە نووسراوە، کە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێست وەردەگرێت، ناڕازییە لە دەخالەتی هەموو وڵاتە دراوسێکان لە ئیش و کاری ناوەخۆ و، پێویست بە تەعقید کردنی کێشەکان ناکات، پشتیوانی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سەعدی، فەرموو کاك أحمد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم کاتە ناسکەدا کە لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی و گۆڕانکاری هەرە گەورە داین، ڕۆژانە لەفزی سەیر دەبینین کە بۆنی هەڕەشەی لێ دێت و، یا ئەو وشانە کە تین و تووڕەییەکی لە دواوەیە، لامان سەیرە لە وڵاتێکی هاوسێمانەوە، کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییەو پێویست بەو جۆرە هەڵوێستانە ناکات، چونکە ئەو هەڵوێستە بە دەست تێوەردانی خاك و وڵاتێك دادەنرێت، کە بێ خاوەن نییەو هەر بستۆکەیەکی ئەم وڵاتە خوێنی دەیان شەهیدەو ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ کراوە، داکۆکی لەسەر دەکرێت و سووریشین لەسەر داکۆکی کردن لەسەر هەر بستۆکەیەکی، وڵاتێکی کراوەش نییە، لە ڕۆژگارێکیش نین کە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی، بتوانێ دەست تێوەردان و دەست درێژکاتە سەر سەروەری خاك و وڵاتانی دی، لەبەر ئەوە، هەر چەندە کە ئەوە نە لە بەرژەوەندی هەرێمایە، نە عێراقایە بەگشتی، لە بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێشدا نییە، بەتایبەتی لە هاوسێیەکی وەکو تورکیاوە ئەیبیستین، بۆیە لێرەوە بەناوی گەلی کوردستانەوە، لە دەرگای ویژدان و بیرو بۆچوونی جیهانی و نەتەوەکان دەدەین، کە بەهانای ئەم بارەیەوە بێن، چونکە ڕوودانی کارێکی وا مەترسییەکی گەورە دەخاتەوەو بارەکە ئاڵۆزتر و خراپتر دەکات، بەخراپیش ئەکەوێتەوە و، جێگای سەر سوڕمانە، بۆیە دەڵێین هەڕەشەیەکی وا، هەڕەشەکە هەموو لایەك دەگرێتەوە، هەموو کوردستان دەگرێتەوە، هەموو بستۆکەیەکی عێراق دەگرێتەوە، کە ئێمە گەلێکی ئازادیخوازی ئاشتی پەروەرین، ڕەنگە پێویست بەوە نەکا، تەنها مەگەر یەکێك

دوژمن بێت، خوانەخواستە ئەوانەش دەبێ دوور بن لەم بیروبۆچوونەوە. بۆیە هەڵوێستی گەلی ئێمە ئەوەیە، کە کۆی ڕای جیهانی پشگیری ئەم دەنگەمان بکات، جڵەوگیری هەموو سەرکێشەیەك بکات، کە بییەوێت سەرکێشی بکاتە سەر ئازادی و شکۆداری خاکی وڵاتەکەمان، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك أحمد سالار، فەموو کاك یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

هەر چەندە ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو من لێرە نەبوومە، بەڵام بەشێوەیەکی لابەلا تێگەیشتین باسەکە ئەوەیە وەکو باسیان کرد بەڕێزان، بەڕای من ئەساسی کێشەکە ڕژێمی بەغدایە، ئەو ڕژێمە هەر هەمان ڕژێمە کە ساڵی ١٩٦٣ دەوروبەری کەرکوکیان تێکداو دەستیان کرد بە بەرنامەی خۆیان، ئەمڕۆش بەرامبەر بە کارەساتێکی یەکجار گەورەین، کە کارەساتێکە تەنها هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو عێراق و هەموو ناوچەکەش دەگرێتەوە، خەڵکی عێراق هەتا خەڵکی تکریت و دەورو بەری ئەو ڕژێمە، ئەوانیش خوشحاڵن بەوەی کە دیارە کۆتایی هاتن بەو ڕژێمە زۆر نزیك بووە، ئێمە هەڵوێستی دراوسێکانمان، حەقیقەتەن وەکو باسی کرد برای بەڕێز، لە ساڵی ١٩٩١ هەڵوێستی دۆستانە بوو کە ملیۆنەها لاجئی کوردی بەرەو ئیران و تورکیاو ئەملاوئەملاچوون، ئەو هەڵوێستە مرۆییانە کە وەرگیرا بەرامبەریان، هەروەها تورکیا ساڵی ١٩٩١ یەکێك بوو لەو دەوڵەتە ئەساسیانەی کە ناوچەی ئامین دابین بکات بۆ ئێمە (١٢ ساڵ) لێرە، هەڵوێستی ئەوە بوو، تا ئەو لەحزەش قواتی سەلام تا ئێستاش لە غەربی شاری هەولێر ماون، ئەو ڕۆژانە کە دەتوانم بڵێم ڕۆژانی کێشەی ناوخۆیی هاتە پێش، هاتن بۆ سوڵح و بۆ موساڵەحە، ئەمڕۆ فعلەن جێگای نیگەرانییە چەند تەسریحاتێکی بێتە پێش، کە جارێك نازانین ئایا هەڵوێستی ڕەسمی دەوڵەتە یان تەسریحاتی مەسئولێکە، ببێتە سەبەب بۆ تەشنیجی و عیلاقات، کە زەربەیەکی وامان لێبدات تەئسیرێکی یەکجار سەلبی لەسەر موستەقبەلی ناوچەکە و ئیستقراری ئەمنی ناوچەکە بکات، ئێمە وا بەباش دەزانین، هەر چەندە ڕێز و ئیحترامان هەیە بۆ هەڵوێستی هەموو برادەران، لەوانەیە سیاغەش کرابێت هەڵوێستەکە کە ئاگادار نین، بەڵام وەکو بە بادینی دەڵێ (ئەگەر نەزانی بەری خۆ بدە جیرانێ) ، دەوڵەتی تورکیا کە (٥٠٠) ساڵ زیاتر دەوڵەتە، پەرلەمانی (١٠٠) ساڵی هەیە، (٧٠) ملیۆنە، بەڵام پەرلەمانی تورکیا تا هەڵوێستی حکومەت ڕەوشەن نەبوو دەربارەی وارد بوونی جەیشی ئەمریکی، پەرلەمان ئەمڕۆ بەو پڕۆژەی حکومەت، بەیانی یان ئێوارێ دەنگی لەسەر دەداتەوە، خۆزگە فرسەت بدرێت بە سەرکردایەتی سیاسی هەردوو حزبە سەرەکیەکان، خۆزگە فرست بدرێت بە حکومەتیش، مەجالێك بدرێت بەرەو موعالەجەی ئەم کێشەیە بچین، نەك بەرەو تەشنیج و تەشەنوج بچین، دوێنێ لە دانیشتنەکانی تەداولی ئۆپۆزسیۆن باس کرا، ئەو کێشەیە تەنها کێشەی کوردستانی عێراق نییە، کێشەی هەموو عێراقە، ئەگەر ئەو برادەرانە وەکو پارچەیەکی لەو پڕۆژەیەی دەولی، ئەو

پرۆژەیەی موجتەمەعی دەولی بۆ لابردنی ڕژێم بێ و، بەپێی ئەهدافی موحەددەد بێ، لەگەڵ ئەو موحەڕڕیرە، لەگەڵ ئەو جەبهە تەحریریەی کە باس دەکرێت ئەوە شتێکە، بەڵام ئەگەر پرۆژەیەکی تایبەتی خۆیان بێ، بۆ ئەهدافی تایبەتی، کە موعاکەسە بکات لەگەڵ مەسالحی خۆمان، ئەوە شتێکی ترە، وا بڕیاردرا کە دەستەیەکی موعارەزەی عێراقی وەکو کێشەی عێراقی، بەزووترین کات لەگەڵ دراوسێکانمان قسە بکەین، نەك وەکو کوردی کوردستان، وەکو عێراقی و موعارەزەی عێراقی، هەر چەندە لەوانەیە درەنگ بێت، قسەی من زۆر تەئسیر نەکات، بەڵام بەڕای من بەرەو حیوار و موعالەجە بچین، تەمەنا دەکەین ئەو تەسریحاتە، تەسریحاتی سیاسەتی دەوڵەت نەبێت، تەسریحاتی ئەو برادەرە بێت و، مومکینە مەجالی هەبێت بۆ موعالەجە کردن، نەك بەرەو تەشەنوج، بەڵکو بەرەو موعالەجە کردن و، دراوسێکانمان چۆن (١٢) ساڵە ناوچەی ئامن دابین کرابوو، یاریدەدەر بن هەر بەردەوام بن تا ڕزگار کردنی عێراق لەو ڕژێمە خونکارە فاشستە، ئەو تەجروبەیە دەوڵەمەند بکرێ، نەك زەربەی لێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك یونادم، ئێستا ئەو ناوانە دەخوێنینەوە کە لەلای ئێمە نووسراون، بۆ ئەوەی کەوا بفەرموون قسە بکەن، لە هەر لایەك دوو ناومان نووسیوە، لە دوو ناو زیاتر نانووسین، ئەو ناوانە دەخوێنینەوە کە لەلای ئێمە نووسراون: کاك فلك الدین کاکەیی، کاك ابراهیم سعید، کاك سیروان کاکەیی، کاك مەلا بەختیار، کاك مصطفی چاوڕەش، زۆر پێمان خۆش دەبێت ئەگەر (خوشکان) دەنگییان هەبێت، جگە لەوانە ئەگەر زۆر پێویست نەبێت کۆتایی بە مەسەلەکە دەهێین، چونکە ئێمە حەفتەی ڕابردوو زۆر باسمان کرد، فەرموو کاك فلك الدین.

**بەڕێز فلك الدین صابر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ بەرامبەر کێشەیەکی گەورەین کەوا ئایندەی ناوچەکە، نەك تەنها کوردستان دیاری دەکات، ئەو مەسەلەی کە لەسەری دەدوێین، لایەنێکی ئەوەیە ڕاستە تورکیا لەو وڵاتانەیە بە سوپاسەوە لە ڕاپەرینەوە یارمەتی گەلی کوردی داوە و، هەروەها دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای یان لەسەر خاکی تورکیاوە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ ئەم هەرێمە بپارێزرێت، جگە لەوەش کەوا دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی هاتوچۆی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و حکومیەکان ماوەیەك بەلایەنی کەم بێنە کوردستان و یارمەتییان بدەن، ئەوە جێگای سوپاسە و، پەیوەندی لەگەڵ تورکیا وەکو دۆستێك وەکو دراوسێیەك بۆ ئەمڕۆ و بۆ سبەینێ نابێت تەماشا بکەین، بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین لەگەڵی، هەر وەکو چۆن تا ئێستا پەیوەندی هەبووە، بۆ ئایندەش هەیبێ، چونکە لەلایەنی جوگرافی تورکیا لە جێگای خۆی دەمێنێت، ئێمەش هەر لە عێراق، هەر لە جێگای خۆمانین، ئەبێت شتێك بکرێت بەتایبەتی حکومەتی تورکیا قسەکە ڕوبەڕووی ئەوە، کە ئەو پەیوەندییە بمێنێتەوە بۆ ئایندەی گەلان، گەلانی عێراق و گەلانی تورکیا و، مەسەلەکەش وەکو باسیش کرا تەنها پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە کوردستان، بەڵام ئەو قسەیەی کە دەگرێت، دەست تێوەردانی تورکیا، کێشەیەکی عێراقییە، جگە لەوەی کێشەیەکی کوردستانییە، هەروەها کێشەیەکی ئەتوانم بڵێم ئێرانییە و، کێشەیەکی عەرەبیشە، کێشەیەکی

ئەو جارە هەرێمایەتی ناوچەیی و جیهانییە، بەو شێوەیەی کە باس کراوە، کە دەڵێن لە زمانی لێپرسراوانی تورکیاوە باس کراوە، مەسەلەکە زۆر زۆر خەتەرە و، ئومێدەوارین حکومەتی تورکیا لەو ڕاگەیاندنانە یان ئەگەر سیاسەتی وای هەبێ، لەو سیاسەتە پاشگەز ببێتەوە و، ئەوەش ئەمڕۆ لە لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی تورکیا دەست دەکەوێت، ئومێدەوارین کەوا بڕیارێك بدەن، کەوا ئایندەی دۆستایەتی و، پەیوەندی هەمە لایەنەی عێراقی ئایندە و، تورکیا بپارێزرێت، بێگومان ئێمە هەوڵدەدەین لە عێراق دیموکراتی هەبێت، تورکیا دەوڵەتی دیموکراتییە، ئەگەر مەبەستی سەرکەوتنی دیموکراتییە، دەست تێوەردانی لە عێراق کۆسپە لە ڕێگای ئەو دیموکراتییەی کە لە عێراق دەبێت، ئەمە لایەنێکی، لایەنێکی تری پەیوەندی هەیە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کەوا دەیەوێت ئەو گۆڕانکاریە لە عێراقدا ببێت، ئایا لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەیانەوێت عێراق رزگاری بێت، ڕێگە دەدەن بەشێوەیەکی تر بەشێکی تری عێراق ببێتە ژێر دەستەی لایەنێکی تر، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر بۆ خۆی دەست تێوەردان لە کوردستانی عێراق، کە دەست تێوەردانە لە هەموو عێراق، دەبێتە کێشەیەکی ئاڵۆزی تری هەموو عێراق، واتە ڕێگە دەگرێت لەوەی دیموکراتی هەبێت، لەوەی ئازادی هەبێت، لەوەی ئاسایش هەبێت، لەوەی هەر پێشکەوتنێك هەبێت، واتە مەسەلەکە وەکو مەسەلەی ئێمە نییە، ئێمە دەبێ ڕوو بکەینە هێزەکانی عێراقیش و، هەموو حزبەکانیش بەشدار بن لەو دەنگدانە هەر کەسەو بەشێوەی خۆی، کە ڕێگە بگیرێت لەوە، ئەمەش سەیریشە لە کاتێکیکدا کە زیاتر لە (٩٠٪) خەڵکی تورکیا دژی شەڕن، دژی دەست تێوەردانن لە کاروباری عێراق و، کۆمەڵێکی زۆری حزب و لایەنەکانی تورکیا دژی ئەو کارەنن، کەچی ئێستا بە عەقلیەتی پێشی (٧٠) ساڵ یان (٨٠) ساڵ، دەیانەوێ ئێستا وەکو ئاخیر فرسەتە بۆیان، دەیانەوێت ئەو کێشانە لەسەر حسابی میللەتی کورد یان لەسەر حسابی میللەتی عێراق ببڕنەوە، ئەمە بە ڕەوا نازانین، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە وەکو پەرلەمان ئەم ڕاگەیاندنانە پێشکەش بکات. ئەساسی کێشەکان وەکو برادەران باسیان کرد ڕژێمی عێراقە ئەوە ڕاستە، بەڵام خەتا بە خەتا موعالەجە ناکرێت، ئەگەر ڕژێمی عێراق خراپ بوو، مانای ئەوە نییە یەکێکی تر بێت وەزعەکەمان لێ تێك بدات، ئەو ڕاگەیاندنەی کە ئامادە کراوە ڕێك و پێکە، لەگەڵ گۆڕانکارییەك یان ئیزافەیەك لەو جێگەیە لە دووا برگە، کە دەڵێت: پەرلەمان بەناوی کوردستان داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵام بڵێین: (داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات، بەتایبەتی ئەمریکا) با شتەکە زیاتر فراوانتر بێت، ڕێکخراوە نەتەوەیەکانیش بگرێتەوە و، هەموو وڵاتان حوکم بدەن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئەمە حساب بکرێت، لە جێگەیەك ئیشارەت بکرێت کە کێشەکە کێشەیەکی عێراقییە، نەك تەنها کوردستانییە، بەڵکو کێشەیەکی عێراقییە و، ئەمە هەموو گەلی عێراق لە ئایندە تووشی ئاکامەکانی ئەو دەست تێوەردانە دەبێت، بەهەر حاڵ ئێمە ئومێدەوارین بەو ڕا دەربڕینە و، هەروەها پەرلەمانی تورکەکان ئەمڕۆ دەنگ دەدات و، هەروەها گەلی تورکیا بەشێوەیەك وەزعەکە ببڕنەوە کەوا دۆستایەتی نێوان عێراقی ئایندە، عێراقی دیموکراتی لەگەڵ تورکیا بمێنێت، پەیوەندی ڕێز لێك گرتن و، لە پێناوی ئاسایش و ئاشتی بۆ هەموو گەلانی عێراق و تورکیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك فلك الدین، تکایە ئەو پێشنیازانەی کە کردت، بەنووسراوی بۆمان بنێرە بۆ ئەوەی لە داڕشتنەوەی ئەو بەیانەی، کە نووسراوە ڕەچاوی بکەین، سوپاس. فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان ئاگادارین کە کورد دەیان ساڵە خەبات دەکات و، خەباتەکەی لەسەر دوو میحوەر، لەسەر دوو بنکە خۆی بینیوە، یەك: ڕووخاندن و دژایەتی دیکتاتۆریەت، دوو: چارەسەر کردنی کێشەکەی خۆی، ئەو گۆڕانکارییەی کە ئێستا هاتۆتە کایەوە مەسەلەی ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقە، ڕوخاندنی (صدام)ە، بەڵام داواکاریەکانی خۆمان وەکو کورد ئەبێ هەر لایەنێك ئەو گۆڕانکاریە دەکات، دەبێ خەباتەکەی ئێمە لەبیر نەکات و، خەباتەکەی خۆمان وەکو کورد مسۆگەر بکەین لەهەر گۆڕانکاریەك، ئەوەی کە دەیبیستین لە هەردوو وەزیری تورکیا بەڕاستی نە دۆستایەتییە و، حاڵەتێکە کە زەرەر لە بەرژەوەندی تورکیایە، زەرەر لە بەرژەوەندی ناوچەکە دەدات، بەتایبەتیش زەرەر لە کورد دەدات، برادەران باسی عێراق دەکەن، ئەو برایە ئەو دوو وەزیرە هیچ باسی عێراقی نەکردووە، هەموو مەرکەزی قسەکەی و سەرچاوەی قسەکەی لەسەر کوردستان بووە، ئێمە پێمان خۆشە حکومەتی تورکیا و خەڵکی تورکیا دۆستی کورد بن، وەکو ئەوەی دە ساڵە لەگەڵمان تەعامول دەکەن و، ئێمە بە سوپاسەوە تەقدیری ئەو هاوکارییە دەکەین، بەڵام ئەو هەڵوێستەی کە ئێستا هەیانە هیچ مەسڵەحەتی کوردی تێدا نییە و، هیچ مەسڵەحەتی تورکیاشی تێدا نییە، بۆ چارەسەر کردنی ئەمە بەڕاستی دەبێت بە نەوعێك جموجۆڵ بکەین، بەنەوعێك خەبات بکەین، بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستەی تورکیا بگۆڕین بە شێوەیەك ئاو نەخەینە خانەی ڕژێمی عێراقەوە، ئێمە کە دەڵێین نە بۆ (صدام)، نە بۆ دیکتاتۆریەت، نە بۆ دەست تێوەردان لە هەر وڵاتێکی دەوروبەر بۆ ناو کوردستان، ئەوە نییە ئێمە ئەوە بخەینە خانەی ڕژێم، کە ڕژێم دوژمنی سەرەکیمانە، حکومەت یان ڕژێمی بەغدادە و، دیکتاتۆریەتە و، ئەوانەی تریش ئەگەر هاتوو کەوتنە خانەی ڕژێمی عێراقەوە بەڕاستی ئەوە کورد ناتوانێ دۆستایەتی بکات و، من پێشنیاری ئەوەش دەکەم، کورد هەڵوێستی چی بێت لەو کاتە، ئێمە داوا دەکەین لە وڵاتان وامان بۆ بکات و وامان بۆ بکا، داوا لە حکومەتە ئیقلیمییەکان دەکەین وانەکات وا بکات، ئەی خۆمان وەکو کورد؟ بەڕاستی من لەو دانیشتنە، لەو پەرلەمانە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەردوو ئیدارە دەکەم، ئێستا کاتی ئەوەیە هەردوو ئیدارە یەکبخەین، کاتی ئەوەیە هێزی پێشمەرگەمان یەکبخەین، کاتی ئەوەیە هەڵوێستەکانمان یەکبخەین، کاتی ئەوەیە مەوقیفی سیاسی هەموو لایەنەکان یەکبخەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئیش و کارەکانمان باشتر بکەین، چاکتر کەین، داوا لە خەڵك دەکەین ئەمریکا وامان بۆ بکا، دەوڵەتانی ئیقلیمی وامان بۆ بکەن، ئەی خۆمان چی دەکەین؟ ئەمە بەڕاستی موهیمەتی سەر شانی هەموو لایەنەکانە، کە خۆمان ڕێکبخەین و باری خۆمان چاك بکەین، بۆ ئەوەی لەو فرسەتە دەستکەوتێکی باش بەدەست بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عماد، ئێستا با کاك سیروان کاکەیی بفەرمووێت قسەی خۆی پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو لە کۆبوونەوەی ڕابردوو باسی ئەو بابەتەمان کرد و، بڕیار درا کە هەڵوێستی پەرلەمان ڕوون بکرێتەوە، پێم چاکە لە دوای ئەوەی جارێکی تر ئەو تەسریحاتانە کە گوێمان لێ دەبێت، بەتایبەتی تەسریحاتی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، من بەش بەحاڵی خۆم تیشکی تر دەخەمە سەر ئەو بابەتە.لای هەمووان ئاشکرایە کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و، گەلی کوردستان بەگشتیش چەندین ساڵە لە ژێر بارێکی ئاڵۆزو خراپ دایە و، چەندین قوربانی پێشکەش کردووە و، دەیان کارەساتی گەورەی بەسەر هاتووە، هەر لە ئەنفال و کیمیا باران و رووخاندنی گوند و داتەپاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، هەموو ئەو کارەساتە گەورانەمان بەسەر هاتووە و، هەموو دنیاش شاهێدی ئەو ڕاستییانەیە، لەگەڵ داخ و ئەسەفم کە لەکاتی خۆیدا ئەو هەموو کارەساتانەش کە بەسەرمان داهات. کەسێك نەبوو ئاوڕمان لێ بداتەوەلە دوای ئەوەی کە هەلومەرجێکی نێو دەوڵەتی هاتە کایەوە، لە دوای ئەوەی کەوا ڕاپەڕین هاتە کایەوەو، ئەو ناوچەی ئارامە دروست بوو و، زۆر سوپاس بۆ هەڵوێستی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەشدار بوون لە بڕیاری (٩٨٦) لە دروست کردنی ناوچەی ئارام و، سوپاس بۆ وڵاتانی دەوروبەرو دراوسێ و ئیقلیمی، کە دەوڵەتی تورکیاش یەکێك لەو دەوڵەتانە بووە، هاوکار بووە لەو مەسەلانەدا، بە سوپاسەوە سوپاسی هەڵوێستی دەکەین، بەڵام ئەوەی سەیرە لەپاش ئەو هەموو کارەسات و ماڵ وێرانییە، کە ئەمری واقیعێك هاتە پێشەوەو، حکومەتی عێراقی ئیدارەی خۆی لە کوردستان کێشایەوە، گەلی کوردستان بە ئازادی هەڵبژاردنێکی کردووە لێرەو، تەعبیری لە ئیرادەی خۆی کردووە، بە ئیرادەی خۆی دەستەڵاتی خۆی هەڵبژاردووە، پەرلەمانێکی هەڵبژاردووەو، حکومەتێکی دروست کردووە، کە ئەمە ئیرادەی گەلی کوردستانە و، بە درێژایی ئەم دە ساڵەی ڕابردوو هەنگاوێکی زۆر نراوە، بۆ چەسپاندنی دیموکراتییەت ، بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ ، بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و، بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، من لەو وەزعەدا پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا دەیانەوێ چی بکەن؟

دەوڵەتی تورکیا لەو هەڵوێستەی دەیەوێت چی بکات؟ دەیەوێ ئەم تەجرووبە دیموکراتییە لەناو بەرێت؟ لە کاتێکدا هەموو خەڵکی دنیا ئیشارەت دەدات بەم تەجرووبە دیموکراتییەی کەوا هەمانە، هەموو ئومێدەکانیش لەسەر ئەوەیە، کەوا ئەم تەجرووبە دیموکراتیەی لێرە هەمانە، ببێت بە مۆدیلێك و بگوازرێتەوە بۆ هەموو گەلی عێراق، کە تاقی کردنەوەیەکمان هەیە، تەجرووبەیەکمان هەیە لە دیموکراتییەتدا لەم دە ساڵەی ڕابردوودا، کەوا هەموو گەلانی عێراق ئیستیفادەی لێ بکەن، لەم بارودۆخە نێو دەوڵەتییەدا، کە ناوچەکە بەرەو گۆڕانکاری دەچێت و، ئەم هەموو هێزە لە مەنتیقەکە کۆکراوەتەوە، هەموو دنیا چاوی لە چەك داماڵینی عێراقە و، گەلی کوردیش بەڕاستی بە چاودێرییەکی زۆر ورد تەماشای ئەم وەزعە دەکات و، بۆ خۆشی

مەترسی هەیە لەم وەزعە و، حەقیشێتی بترسێ لەم وەزعە، چونکە ئەوەی ئێمە بینوومانە و چێشتوومانە لەسەر دەستی ئەم رژێمی عێراقە بێ وێنە بووە لە مێژوو و، هەموو دنیاش شاهێدی ئەو حەقیقەتەیە، بێ وێنە بووە لە نەوعی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کە ولاتێك چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە گەلی خۆی بەکار بێنێت، دەیانەوێت لەو بارو وەزعەی کە ئێستا بەسەرماندا هاتووە، تەسفیەی حیساباتێك لەگەڵ ئێمە بکرێت، دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکە دامەزراوە لەپاش ئەوەی کەوا ئیتیفاقاتی نێو دەوڵەتی تەواو بووەو خەتی برۆکسل هەیە و، دەوڵەتێك هەیە بەناوی دەوڵەتی عێراقی و سنووری دیاری کراوە لەگەڵ تورکیا، ئەم جۆرە تەسریحاتانە، ئەم جۆرە بۆچوونانە، ئەمە دەست تێوەردانێکی زۆر زۆر سەریحە لە سیادەی عێراقی، ئەمە هەوڵدانێکە بۆ بەشداری بوون لە وەزعێك، کە وا حیساب دەکرێت، کە کوردستان بەشێك بێت لە دەوڵەتی تورکیا، ئێرە ولاتێکە پێی دەوترێت عێراق و، ئێرە هەرێمی کوردستانی عێراقە و، بە ئیتیفاقیاتی نێو دەوڵەتی سنوور دیاری کراوە، لەسەر چ ئەساسێك ئەم جۆرە بۆچوونانە تەرح دەکرێت، بۆچی ئەمە؟ خزمەت بە بەرژەوەندی کێ دەکات؟ ئایا دەوڵەتی تورکیا ئەمەی لە خۆی پرسیوە، ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندی ئەو دەکات؟ بە هەموو سەراحەتێك من لێرە دەڵێم ئەم هەڵوێستە خزمەت بە بەرژەوەندی تورکیا ناکات، واباشە پێیدا بچنەوەو، گەلی کوردستانیش بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی کە قوربانی داوە، ناو قەدی بە گوریسێکی خوێن بەستراوەتەوە، بە حەقیقەت هیچ وەختێك گەلی کوردستان رازی نییە، دەست هەڵگرێت لە دەستکەوتەکانی خۆی، بە هیچ شێوەیەك ئەم گەلە، کە کیمیا باران و ئەنفال و ئەو هەموو کارەساتانە لەناوی نەبردووە، توانیویەتی ئیرادەی خۆی بسەپێنێ، لەم وەزعەدا کە ئێستا دنیا هەموو دیفاع لە ماڤی مرۆڤ دەکات، هەموو دنیا تەوەجوهی بەرەو دیموکراتیەتە، ئەم هەڵوێستەی تورکیا چ هەڵوێستێکە؟ لەسەر ئاستی سیاسیش بۆ خۆی باش نییە و، لەسەر ئاستی ئەوەی کەوا ئیدیعای دیموکراتیەتیش دەکات، بۆ ئەو باش نییە، بە حەقیقەت من لێرەوە داوا لە گەلی تورکیا دەکەم، کە ئەو هەڵوێستەی حکومەتی تورکیا هەیەتی، ئەو قەبوڵی نەکات، ئێمە لێرە دراوسێی یەکین زۆر باشە رێز لە ئیرادەی یەکتر بگرین، زۆر باشە رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگیرێت لێرە، گەلی کوردستان گەلێکە لەسەر خاکی خۆی ژیاوە و، لەسەر خاکی خۆی دەمێنێتەوەو، هیچ جۆرە داگیرکردنێك قەبول ناکات، تکامان وایە، کە دەوڵەتی تورکیا بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە، تکامان وایە کارێك نەکەن، ئەم وەزعە خۆی زۆر ئاڵۆزە، لەمە زیاتر ئاڵۆزی بکەن، لەمە زیاتر کار بکەن، بۆ ئەوەی ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی بچێت، هەموو ئیتیفاقیات بۆ ئەوەیە، کەوا دیکتاتۆریەت لەناو ببرێت، ئایا لە پەنای لەناو بردنی دیکتاتۆریەتدا، دەمانەوێت دیکتاتۆریەتێکی تر بچەسپێنین، دەیانەوێ ئیرادەی گەلی کوردستان لەناو بەرن؟ بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی کە بە روونی ئەو هەڵوێستە بدرێت بە هەموو دنیا و، داوا لە دەوڵەتە دەستەلاتدارە گەورەکان دەکەین، بەتایبەتی داوا لە ئەمریکا بکرێت، کە رێگا نەدەن بە هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی ئیقلیمی، چونکە هەر دەست تێوەردانێکی ئیقلیمی لەم بارودۆخەدا، لەم وەزعە ئاڵۆزەدا، وەزعەکە زۆرتر ئاڵۆز دەکات، بەرەو خراپی دەبات و، رەنگە ئەوەی کە ئەوانیش مەبەستیانە، بۆ داماڵینی چەکە کۆ کوژەکان نەگەنە ئەو مەبەستە و وەرەقەکانیش هەمووی تێکەڵ بکرێن و ناوچەکەش زیاتر

بەرەو ئالۆزی بڕوات، من تەئكید دەكەمەوە كە دەوڵەتی توركیا زۆر باش بە هەڵوێستەكانی خۆیدا بچێتەوەو، باشیش بزانێ و بە روونیش بزانێ كە گەلی كوردستان قوربانییەكی زۆری داوە، حازر نییە، دەست هەڵگرێت لە دەستكەوتەكانی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك سیروان كاكەیی، تكایە لە كاتێكدا كە یەكێ لە بەڕێزان قسە دەكات، لە بەینی خۆتان قسە مەكەن، ئێمە لێرەوە زۆر گوێمان لە ورتە ورت دەبێت، فەرموو كاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حیكمەت محمد كریم (مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەنێوان دوو كۆبوونەوە، كۆبوونەوەی پێشوو لەگەڵ كۆبوونەوەی ئێستادا، سەبارەت بە هەڵوێست بەرامبەر بە دەست تێوەردانی دەوروبەر لە كاروباری ناوخۆی كوردستان تەسریحێكی خەتەرناك و ترسناك لەلایەن هەندێ كار بەدەستانی توركیاوە، بۆ دەست تێوەردان لە كاروباری كوردستانی عێراق بڵاو بۆتەوە و، بەڕاستی بۆتە مایەی مەترسیەكی ئێجگار گەورەی كۆمەلانی خەڵكی كوردستان، من بەش بەحاڵی خۆم زۆر سوپاستان دەكەین، سەرەڕای ئەوەش گەلاڵەتان كرد بوو، كە رێگەتاندا هەڤالانی پەرلەمان قسە بكەن، بەڕاستی ئەوە كارێكی زۆر باش بوو و، سوپاسی ئەو كاربەدەستەی توركیاش دەكەم، پێش ئەوەی بقەومێ قسەكەی كرد، بۆ ئەوەی ئەگەر هیچیش نەبێت، تۆزێك فریای خۆمان بكەوین، بزانین چی دەكەین و چی ناكەین؟ ئەگینا بقەومابوایە و بیقەوماندایە، چیمان بكردایە، نەمان دەتوانی سەریشمان بخورێنین و، پێش ئەوەی هیچ قسەیەكیش لەسەر توركیا بكەم، من بە ئیزافەی قسەی هەموو هەڤاڵەكان كە قسەیان كرد، بە پێچەوانەوە، ئێمە دەبێت فشار بخەینە سەر روونكردنەوەی هەڵوێستی ئەمریكا، ئەمە بە گرنگترین مەسەلە دەزانم، دەبێت ئەمریكا هەڵوێستی، سیاسەتی، بەرنامەی، بڕیاری خۆی لەسەر سیاسەتی توركیا، بۆ دەست تێوەردانی لە كاروباری عێراق، لە رێگای كوردستانەوە ساغ بكاتەوە، ئایا ئەمە ئیتیفاق كراوە؟ یا رایگەیێنن، ئیتیفاقی نهێنییە، ناكرێت قەبوڵی بكەین، ئەمریكا لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئێستا تەنها لە كوردستاندا، هەردوو ئیدارەی حكومەتی هەرێم، هەردوو حزبە دەستەلاتدارەكە بە میللەتی كوردەوە دۆستیەتی، لەسەر ئەم سیاسەتەی توركیا هەڵوێستێكی لێبڕاوی نەبێت، رۆشنی نەبێت، من تەسەورم وایە، رەنگە هەندێ لە حزبە سیاسیەكانی كوردی، وەكو جاران بمێنن دۆستی ئەمریكا بن، بەلام جەماوەری كورد بەڕاستی رەد فیعلێكی خراپی دەبێت بەرامبەر بە سیاسەتی ئەمریكا و، من تەسەوریشم هەیە، كە ئەم سیاسەتە لەسەری بڕۆن، خەڵكی كوردستان چاوەڕێی قەراری سیاسی ئێمە نەكات، بێتە سەر جادە، یان نەیەت، خۆی هەڵوێستی عەفەوی و چارەنووسسازی خۆی دەردەبڕێت و دێتە سەر جادەش، دێتە سەر جادە، لە پێرێوە تا ئێستا، ئەو مقۆ مقۆیەی كەوتۆتە ناو خەڵك زۆر جیاواز ترە لەو وتووێژ و قسە و مقۆ مقۆیانەی لەوەو بەر هەبووە لەناو كۆمەلانی خەڵكی كوردستاندا، هەموو سەبارەت بەو تەسریحەیە، كە كار بەدەستی توركیا بۆ دەست تێوەردان لە كاروباری ئێمە دەیدات، ئەمە یەك.

دووەم/ دەمانەوێت بزانین دەوڵەتی تورکیا لە کۆن و ئێستاوە تەجرووبەی ئەوەی نییە، لەگەڵ نەتەوەی ئێمە، گەلی ئێمە، کە ئێمە ناتوانین تەحمولی بکەین و داگیرکەر بە داگیرکەر بگۆڕینەوە، داگیرکەر بە داگیرکەر ناگۆڕێتەوە، دژایەتی خواستە دیموکراتیەکانی ئێمە چ لە باکووری عێراق بکرێت و، چ لە باشووری کوردستان بکرێت، هیچ فەرقێکی نییە، بۆ ئێمە، دژایەتی ئیرادی گەلەکەمانە، چ فەرقێکی هەیە بۆ ئێمە، دەوڵەتی عێراق قەبوڵی دەکات، ئێمە مافی چارەنووسمان دیاری بکەین، یان دەوڵەتی تورکیا، یان هەر دەوڵەتێکی تری ئیقلیمی قەبوڵی ناکات، ناکرێت ئەمە، ئێمە بەڕاستی و بەڕاشکاوی بەڕای گشتی جیهان نەڵێین و، لەپێشەوە بە ئەمریکای نەڵێین، چونکە تەحمولی مەسئولیەتی ئەم سیاسەتە و، ئەم چارەنووسی عێراقە، لەسەر دەستی دەوڵەتی ئەمریکایە، بۆیە من داوا دەکەم لەباتی ئەوەی لە پەنجەرەوە لێی بدەین بمانەوێت وەڵام وەربگرین، ئێمە لە دەرگاکەوە لێی بدەین باشە، کە ئەمریکا خۆیەتی، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، من تەئیدی هەموو ئەو قسانەش دەکەم، سەبارەت بە یەکخستنی ئیدارە و هەڵوێستی خۆمان، لە حەقیقەتدا تۆزێك خاوە خاوەمان تیا کرد بوو، تا ئێستا، ئەگەر ئێستاش نەکرێت، دەست بەجێ هەردوو حکومەتەکەمان یەك بخەین، دەرکەوت کە یەکخستنی کۆمەڵێك لەو مەسەلانە چەند لە قازانجی ئەو سیاسەتانەیە، کە پێچەوانەی چارەنووسی ئێمەیە لەناوچەکە، ئێستاش ئەگەر نەکرێت دەست بەجێ ڕێکی بخەین، هیچ نەبێت دەبێت هانمان بدات، بۆ ئەوەی تۆزێك خێراتر ئەم هەنگاوە ببەینە پێشەوەو، هەتا ئەوە دێتە دی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی تورکیا، کە مەترسییەکی گەورەیە، بەڕاستی حەقی وایە، ئێستا یەك هەڵوێستی مەبدەئی ڕۆشن لەم ڕۆژانە لەلایەن هەردوو ئیدارەی حکومەتەوە، هەردوو حزبی دەستەڵاتدارەوە و، هەموو حزبە کوردستانیەکانەوە ڕۆشن بکرێت و، بیخەینە ناو ڕای عامی عالەمی، کوردستانی، عێراقی و، هەتا هەموو حزبە تورکمانیەکانیش، هەرچەند هەڵوێستی خۆتان روون بکەنەوە، ئێوە عێراقی و کوردستانین، چی دەڵێن بەرامبەر بەم سیاسەتە؟ رازین، یان رازی نین، ئەمەش روون بکەینەوە، ئاخیر قسەشم ئەوەیە، نازانم ئەمڕۆ یان سبەینێ لیژنەی موتابەعەی کۆنگرەی لەندەن کۆ دەبێتەوە، یان کۆ نابێتەوە، بەڕاستی یەکێك لەبڕیارە گرنگەکان، کە دەبێت هەڵوێستی ڕۆشن بێت، ئەو کۆبوونەوەیە، سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقە بەرامبەر بە دەوروبەرەوە، بەتایبەتی بەرامبەر بەو تەسریحەی کە دەوڵەتی تورکیا داویەتی لەسەر ئێمە و، پڕ بەدڵیش هیوادارین ئێمە هەرچی ڕێگایەکی عەقلانی هەیە، بیگرینە بەر، بۆ ئەوەی لە بێشکەدا، ئەم تەسریحە بەتاڵ بکەینەوەو، دەوڵەتی تورکیا لەو چوارچێوە سیاسیەی کە ئێستا هاتۆتە پێشەوە، بە سیاسەتێکی هاوچەرخ لەگەڵ عێراق و کوردستاندا بجووڵێتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاییندەیەکی نزیکدا، ئێمە بتوانین دراوسێیەتی و ئاشتی و، پەیوەندیەکی دیبلۆماسی زۆر ڕێکوپێکمان هەبێت، ئاخیر قسەشم ئەوەیە، ئیتر چیان دەوێت دەوڵەتان لە ئێمە، لەوە زیاتر ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەمان پاراستووە، جاران دەیانووت کورد ناتوانێت ئیدارەی خۆی بکات، ئێستا بەخیلیمان پێ ئەبرێ، کە باش ئیدارەی خۆمان دەکەین، بۆیە دەست وەردەدەن لە کاروبارمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مەلا بەختیار، ئێستا با کاك ئیبراهیم سەعید بفەرمووێت.

**بەڕێز ابراهیم سعید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەموو تەسریحاتی مەسئوولینی بەرزی ئەمریکی و بەریتانی، لەم ماوەیەدا، بەتایبەت دەڵێن ئەگەری سەرەکی دژی عێراق، جگە لە ئەگەری لابردنی چەکی کۆ کوژ، ئەگەری ئەخلاقییە و، دەڵێن ئێمە رزگار کردنی میللەتی عێراق، بە واجیبێکی ئەخلاقی دادەنێین و، دەڵێن کە رژێمی عێراق رژێمێکی دیکتاتۆرییە، نەتیجەی ئەو زوڵم و زۆرداریەی، کە بەسەر میللەتی عێراقی سەپاندووە، چوار ملیۆن عێراقی موهاجیر بووینە و، ئەو خەڵکی تری عێراق هەمووی لە بەندیخانەیەکی گەورەدا دەژین، بۆیە گۆڕینی رژێم بە ئەرکی ئەخلاقی دادەنێن، هەروەها مەجلیسی پەیوەندی دەرەوەی ئەمریکی دیراسەتێکی دەرکردووە، تێدا تەوصیات و تەسەوراتی خۆیان بۆ ئیدارەی ئەمریکی دیاری کردووەو، لێرە دەمەوێ لەسەر یەکێك لەو خاڵانە تەرکیز بکەم، ئەویش کە دەڵێت پاراستن و یەك بوونی خاکی عێراق و، دەبێت (USA) هەنگاوی موناسیب بهاوێژێت، تاکو نەهێڵێتن بەهیچ جۆرێك چ دەوڵەتێکی ئەجنەبی عێراق داگیر بکات، چ دەڤەرێ کوردا ئیل باکورێ عێراقێ، یان دەڤەرێ شیعە ئیل باشورێ عێراقێ، بەڵام بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەم تەوصیاتانە دەبینین ئەحداس دەچن بەرێوەو، دەبینن تورکیا بۆ داگیر کردنی عێراق و، لە ژێر چەند حوجەجێکی واهی کار دەکات و، لەو حوجەجانە، یەکەمیان/ بەرگریی کردن لە ماڤێ تورکمان، بۆ دەحزی ئەم بۆچوونە سێ خاڵم هەیە:

یەکەمیان/ ئیدارەی کوردی باش دەزانێت کە موقتەزەیاتی جەوهەری بۆ سەرکەوتنی هەر حکومەتێك، دابین کردنی عەدالەتە، ئیدارەی کوردی عەدالەت بە واجیبی خۆی داناوە، یەکسانی خستۆتە ناو هەموو خەڵکی کوردستانێ و، لێرە وڵات هەموو یەکسانن و، ئیعتیبارێکی تایبەتیش بۆ خصوصیەتی هەر نەتەوەیەکی کردووەو، تورکمان برای ئێمەن و، هەرچی خصوصیاتی قەومیان هەیە بۆیان کراوە.

دووەمیان/ باش دەزانین ئێمە کە کورد لەم عەصرەدا، یان لەم چەرخەدا، چەرخی ماڤە، ماڤ میللەتانە و، ئێمە لە هەرێمی کوردستان مینەت لەسەر کەس ناکەین، کە ماڤ خۆیان وەربگرن.

سێیەمیان/ هەرچی مەسئوولینی ئەوروپی، یان ئەمریکی، یان شەخسییاتی موهتەم بە مرۆڤ سەردانی کوردستانیان کردووە، ئیشادە بە تەجرووبەی ئێمەیان داوەو، گوتوویانە دەبێت لە عێراقی ئاییندە، عێراقی دیموکراتی، فیدراڵی، تەعدودی، پەرلەمانی، دەبێت ئیستفادە لە هەرێمی کوردستان ببینن و، لە خوارەوە بەگوێرەی ئەم تەجرووبەیە بەرێوە بچن، ئەمە یەکەم حوجەتی تورکیایە.

دووەمین سەبەبی داگیر کردن/ ئەوەیە کە مەسئوولینی تورك بە ئاشکرا دەڵێن، ویلایەتی موسڵ تابعی ئێمەیە، لەکاتی خۆی هودنە لە خوارتر تەوقیع کراوەو، تەماعیان لە عێراق ناشارنەوەو، بە تەسەوری من ئەمە خەونی هوشیارییە لەم قەزییە.

سێیەمین سەبەبی داگیر کردن/ ئەوەیە کە تورکیا نەهێڵێت، ئێمەی کوردی عێراق بە سیستەمی فیدراڵی شاد ببین، چونکە بە تەسەوری ئەوان گەیشتنا ئەوەی کوردێت هەر پارچەکا کوردستانێ، بۆ ئاستێکی مافا و، بۆ ئاستێکی حقووقا کوردێ پارچە دیبەت کوردستانێ ئیش حکومەتێت خۆ ئیش وان ئاستێ کەمتر قەبوڵ ناکەن و، تەسەورە وان، ئەڤ فیدراڵیەتە لە بۆ وان بوویە موشکیلە، بۆ موستەقبەلی وان و، بەڕاستی ئەمە (بیت القصیدة)، بە تەسەوری من لە داگیر کردنی عێراق و کوردستان، بەڵام ئەمەش خەونی حوشترە، چونکە عەصر وەکو پێشتر گوتم عەصری مافە و، کەسیش نەشێتن مافێ کوردی جارێکی تر لێ بستێنێتەوە، برایان ئێمە هەموو دەزانین کو مەوقیعی تورکی ئیتفی شەڕیدا، بۆڤی جەنگی مەوقیعێکی موهیم و ستراتیجییە و، تورکیا باش ئەوە دەزانێت، لەبەر ئەوە موحاوەلە دەکات، کەوا گەورەترین مەکاسیب لە حولەڤا وەرگرێتن، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەگەر هاتوو عێراق رزگار بوو، ئەوە حەلیفێکی بەقووەت تر بۆ ئەمریکا دروست بوو، حەلیفێکی ئیستراتیجی بۆ ئەمریکا دروست دەبێتن و، مەوقیعی تورکیا دێ گەلێك لاواز دەبێتن و، بەتایبەتی کە کۆلن پاول گوتی، ئێمە ئیعادەی تەرتیبی مەنتیقەی شەرق ئەوسەت دەکەین، مانای حولەفایان زۆر دەبێتن، لەبەر ئەوە زۆر باسی داگیر کردنی عێراق دەکاتن، تاکو ئەم مەوزوعە هەڵبوەشێنن، یەعنی مەبەستیان بەڕاستی ئەوەیە و، ئێمەی کورد بەڕاستی عونسرێکی رەئیسینە لە موعادەلەی ئیستیقراری عێراقی ئایندەو، دەتوانین ئەمن و ئیستقراری مەنتیقە بپارێزین و، بۆ مەرەحەلەیەکی درێژ بەرژەوەندی ئەمریکی لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە تەوازنی دەڕۆین و، بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن حەلیفی ئەو جانبە دەبین، کە ئێمە لە میحنەتەکە رزگار بکات، دەبینە حەلیفی ئەو جیهەتە بەڕاستی، ئێمە وەك کورد، وەکو عێراقی بەهیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکەین، کەسێك لە دیکتاتۆریەتمان رزگار بکات، بەس لەهەمان کاتدا بمانخاتە ژێر دیکتاتۆریەکی تر، ئەمە دوانزەساڵە ئەمریکا دەمانپارێزێت، یان حولەفا بە تەعبیرێکی دەقیق تر دەمانپارێزن و، سوپاسیان دەکەین، داوایان لێ دەکەین ئیحتیرامی رەئی ئێمە بگرن و، لەسەر شەڕی ئەخلاقی خۆیان، کە خۆیان دەڵێن بەردەوام بن و، نەهێڵن کەس داگیرمان بکەن و، کەس زوڵم و تەعدا لە خەڵکی عێراق بکات و، حوجەتی ئەخلاقی لە دەست نەدەن و، مافەکانی ئێمە بزر نەکەن لە ژێر بەرژەوەندی دوەلی و، داواکارین نەهێڵن دەوڵەتی تورکی بێنە ناو خاکی کوردستانێ و، وەزعی ئاڵۆزتر بکەن، ئەوەی پێویستە لەسەر ئێمەی حزبەکانی کوردستان، چۆن موقیفێکی یەکگرتوومان هەیە تیجاهی دیبلۆماسیەتی ئەورووپا و، لە ئەمریکا، دەبێت ئێمە هەمان موقیفمان هەبێتن، لەگەڵ دوەلی هەرێم لە مەنتیقەی هەرێمی، کە چ تورکیا بێتن و، چ ئێران بێتن و، من موتەئەکیدم ئەو بەیانەی کە دەردەچێتن نوسخە بۆ دوەلی ئەورووپاش دەچێتن، بۆ ئەمریکاش دەچێتن و، بۆ ئەو جیهاتانە دەچێتن و، دوەلی عەرەبیش، کە هەموویان موهتەمن بە قەزییە و، ئاگایان لە حقوقی ئێمە هەیە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ئیبراهیم، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران زۆر باسی وەزعی ئێستای خۆمانیان کرد، دەمەوێ بە کورتی باسێك بکەم، کە کورد بەدرێژایی مێژوو زۆر غەدری لێ کراوە، زۆر وەعدی پێ دراوە و جێ بەجێ نەکراوە، ئێمە وەکو ئەندامان لەناو خەڵکین، دەزانین کە ئەو چەند مانگەیە، ئەگەری لێدانی عێراق هەیە لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا، خەڵکەکە لە چ دڵە ترسێك و لە چ دڵە راوکێیەك دەژی، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو صەدام حوسێن مەجالی بوو، بە چەکی کیمیاوی لە ئێمەی کورد بدات، یان بە چەکی بایۆلۆجی لیمان بدات، چ ئیحتیاتاتێکتان وەرگرتووە، بێ ئەوەی کە ڤیناعێکیان هەبێت خۆیان بپارێزن، بەلام ئەوە دوو سێ رۆژە، لەبەر ئەوەی تورکیا سنووری بەزاندووە، ئەوە چاوەڕێیە غەدرێکی تری لێ بکرێت، سەرەڕای ئەو غەدرە زۆرەی کە لێی کراوە بەدرێژایی مێژوو، ئەگەر بێینە سەر ساڵی ١٩٢٣ غەدری لێ کراوە لە موعاهەدەی لۆزان و، لە ساڵی ١٩٧٥ هەمان غەدری لێ کراوە، ساڵی ١٩٨٨ کە بە چەکی کیمیاوی لێ دراوە، بەبێ ئەوەی کەس لێی بەجواب بێت و، ئێستاش ئینتیزاری غەدرێکی تر دەکەین، ئەویش لە تەدەخولی جیشی تورکی و سنوور بەزاندنی خۆی دەنوێنێ و، بەڕاستی ئێستا خەڵکەکە ئینتیزاری ترس و غەدرێکی تر دەکات، بۆیە موناشەدەی هەموو دەوڵەتانی دنیا دەکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا دۆستی کوردن، هەست بە زوڵمی کورد دەکەن، کە ئەو زوڵمەی بەسەر کورد هاتووە، کە توانیەتی بە خوێنی هەزاران شەهید، ئەو وەزعەی دروست بکات، بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و، تەدەخولی جیشی تورکی بۆ ناو کوردستان مەرامی خۆی هەیە بۆ تێکدانی وەزعەکە، بۆیە دەبێت هەموومان لە دەرەوەو ناوەوە هەڵوێست وەرگرین بە جۆرێك، موناشەدەی دوەل لە وڵاتانی دنیا بکەین، بۆ ئەوەی بە هێمنی و هێوری ئەو وەزعە حەل بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ نەهلە خان، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆیە دەستم بەرز کردەوە، پێش ئەوەی برادەران قسە بکەن، ئەو یاداشتە بخوێندرێتەوە، دوایێ دەوڵەمەندی بکەین، بەلام مادام مەجال هەیە، منیش وەکو برایان و خوشکانم هەرچەندە زۆربەی قسەکانیش کرا، بەلام دەبێت ئێمە زوو فریا بکەوین، چونکە وەکو لە تەسریحاتی بەرپرسانی وڵاتی تورکیا گوێمان لێ دەبێت لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، جا نازانم تا چ رادەیەك راستە، یان نا، بەلام ئەوەندەی گوێمان لێ بووە، کە حکومەتی تورکیا خەریکی گەڵاڵە کردنی پرۆژەیەکە، بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی رێکەوتنێك مۆر بکات لەنێوان خۆی و ئەمریکا، بۆ هاتنی سوپای تورکیا، ئێمە دەبێت لەو یاداشت نامەیە، پێم باشە نوسخەیەکی بدرێتە پەرلەمانی تورکیا، هەرچەندە لەو بڕوایەم کە گوێشمان نەدەنێ، بەلام گرنگ ئەوەیە ئەمریکا تێ بگەیەنین، کە ئەو ئیتیفاقیەتە تا چ رادەیەکە و چۆنە، بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێت، چی تر

کاتی ئەوە نەماوە کە غەدر لە میللەتەکەمان بکرێت، هەر کاتێك میللەتی کورد دەگاتە ئەوەی کە شتێك بەدەست بێنێ، لەلاوە ولاتێکی بۆ قووت دەبێتەوەو، بە تەمایە ئەو خەباتە لەناو بەرێت، بەس نەبوو ئەوە دوو هەزار و ئەوەندە ساڵە تەمەنی مێژووی کورد، ئەوە چەند جار ئەو تەجرووبەیە دووپات بکەنەوە و سەر ناگرێت، چونکە میللەت نافەوتێت، خەیاڵیان خاوە ئەوانەی کەوا بیر دەکەنەوە، کەوا میللەت دەفەوتێنن، جا بەناوی پەرلەمانی کوردستان دووبارەی دەکەمەوە، کە تاقە دەزگای شەرعی میللەتی کوردە، کە ئێمە موفاتەحەی ئەمریکا بکەین و، ئەو مەترسیەیان پێ رابگەیەنین، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ فەوزیە خان، ئێستا دوا ئەندامی پەرلەمان، کە لێرە قسە دەکات کاك مستەفا چاوڕەش فەرموو.

**بەرێز مصطفی قادر مصطفی (چاوڕەش):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی هەموو ئەو رۆژنامەنووس و ئەوانە دەکەم، کە ئێستا لە زرووفێکی ئاوا، کە حەساسە موناقەشەی مەوزوعێك دەکەین، دەنگمان دەگەیەنن بە هەموو دنیا، کە بە تێکڕای دەنگ گوێیان لە قسەکانمانە، ئێمەی میللەتی کورد کەسمان بەوە رازی نین، کە دەست درێژییەك، یاخود هیچ داخیل بوونێك لە هیچ لایەکی ئیقلیمیەوە بکرێت، من حەز دەکەم ئیزافە بکەم، چونکە ئەو برادەرانە قسەی باشیان کرد، بە خوشك و براکانەوە، بەڕاستی قسەکانیان زۆر رێکوپێك شایستە بوون، تەعبیر لە دڵی میللەتەکەشمان دەکات، ئەو میللەتەی کە ئێستا وەکو کاك بەختیار باسی کرد، کە چاوەڕێ دەکەن، لە هەیەجان دایە، دەچێتە هەر شوێنێك دەڵێت ئەوەی تورك لێی تێك داوین، جا ئەوە حەقیقەتێکە، ئەگەر تا بۆمان دەکرێت، چیمان پێ دەکرێت بیکەین، من حەزیش دەکەم بڵێم ولاتی خۆمان پاراستووە، سنووری خۆمان پاراستووە، لەگەڵ ئەو هەموو فەقیری و ماڵ وێرانییەی بەسەرماندا هاتووە، لە کوشتن و بڕین، ئێمە سنووری دراوسێکەمان دەمێکە پاراستووە، رەنگە لەسەر گیان و خوێنی خۆشمان بوو بێت، هی میللەتەکەمان، بەڵام ویستوومانە وەکو میللەتێکی حەزاری پیشانی بدەین، کە ئێمە سنووری خۆمان دەپارێزین، رەنگە گلەییشمان زۆر لێ کرا بێت، ئێمە کە چەکمان هەڵگرت نە ئەمریکا لە ئارادا بوو، نە تورکیاش لە ئارادا بوو، میللەتی ئێمە کە زوڵم و زۆرداری زۆری لێ کرا لەلایەن رژێمی صەدامی دیکتاتۆرەوە، نە ئەمریکا ئاگای لە وەزعی ئێمە بوو، رەنگە ئەو کاتە دژیشمان بوو بێت، تورکیاش هیچی بۆ ئێمە نەکردووە، ئێمە چەکیشمان لە دژی ئەوان هەڵ نەگرتووە، ئێستا بڕیار دەدەن، کە بێن ئێمە چەك بکەن، ئێمە چەکمان بۆ دیفاعی میللەتەکەی خۆمان هەڵ گرتووە، ئەگەر زەمانەتی ژیان و ماڵ و گیان و حاڵ و کەرامەتی ئەو میللەتەمان دەکەن و، ئەو حەقەی کە لە پەرلەمان بڕیاری لێدراوە، ئەوەی کە میللەتەکەمان خەباتی بۆ کردووە، لەوەی کە لە موئتەمەری موعارەزە بڕیاری لەسەردرا بوو، بۆمان جێ بەجێ بکەن، ئێمە عاشقی چەك نین، چەکمان لە پێناوی دیفاع کردندا هەڵ گرتووە، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان لەو قسانەی کە کرا،

دەنگی خۆمان لەوە بەرز دەکەینەوە، کە رازی نین هیچ ولاتێکی ئیقلیمی بێتە ولاتەکەمانەوە، ئێمە چاومان لێ بوو خەلك بێت یارمەتیمان بدات، بۆ رووخاندنی دیکتاتۆر، چاومان لێ بوو چەك و جبەخانەمان بۆ دابەزێنێت، چاومان لەوە نەبوو بێن چەکمان بکەن، چەك کردنی میللەتی کورد شتێکی وا ئاسان نییە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ستەفا، زۆر لە ئەندامانی تریش داوای قسەیان کردووە، بەلام ئێمە وەکو وتمان لە هەفتەی پێشوودا باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد، ئێستاش لەو بارەیەوە زۆر قسەی باش کراوە، بۆیە بەباشی ئەزانین ئەو پڕۆژەیەی کەوا نووسراوە پێشکەشتانی بکەین و، ئەو قسەو باسانەی کە لێرە کرا، ئەگەر شتێکی نوێی تێدا بوو وا بەباشمان زانی، ئێمە ئەتوانین بیخەینە سەر ئەو یاداشتەی کەوا ئامادە کراوە، تەبعەن پاش خوێندنەوە ئێمە یەکسەر ئەیخەینە دەنگدانەوە و، کە بەسەریا چووینەوە ئەگەر شتێك یەعنی نەك لە ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت، بەلام ئەگەر شتێکی وا کە دەولەمەندی بکات، ئەوە بێ گومان پێش ئەوەی پێشکەش لایەنەکانی بکەین، ئەو دەستکاریانە ئەکرێت لە دەقی ئەو ڕاگەیاندنە کەبەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بلاو دەکرێتەوە:

دانیشتنی ڕۆژیچوارشەممەی ڕێکەوتی ١٩\٢\٢٠٠٣

ڕەوشی ئێستای کوردستان و باری ئالۆزی عێراق بەگشتی خرایە بەر باس، لێکۆلینەوەی چڕو پڕی لەسەر کراو زۆر بەوردی لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆسەر عێراق کۆلرایەوەو،لەم ڕووەوە پەرلەمانی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ڕاگەیاند بەرامبەر هەموو ئەو ولاتانەی کە لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری سالی ١٩٩١ بەگەرمی بەهانای گەلی کوردەوە هاتن و یارمەتی مرۆڤانە و دۆستانەیان پێشکەش بەلێقەوماوانی کوردستان کردو دالدەیان دان، پەرلەمانی کوردستان نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر هەموو دەستێوەردانێکی سەربازی تورکیاو هەر ولاتێکی دەوروبەر، بەتوندی نارەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر هەر دەستێوەردانێکی ئیقلیمی لەکاروباری ناو خۆی هەرێمدا لەژێر هەر پەردەو پاساوێکدا بێت و، بەهەموو توانای خۆیەوە بەر هەلستی دەکات، چونکە دلنیایە کە ئەمە ئەبێتە هۆی ئالۆزی ناوچەکە، کوردستان بە تایبەتی و عێراق بەگشتی بەرامبەر ئەم هەڕەشەیە دەبێت هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەردوو ئیدارەکەیەوە، هەلوێستی گونجاو لەو بارەیەوە وەربگرن و ئەوەش ڕادەگەیەنین، کە ئێمە بەهەموو شێوەیەك ڕێزی سنووری دەولەتە ئیقلیمەکانی دراوسێمان دەگرین و ئاسایشی ئەو ناوچانە دەپارێزین و پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی هەمووان دەکەین. پەرلەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە داوا لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەکات، کە بە هیچ جۆرێك ماوە نەدەن هێزەکانی سەربازی تورکیاو هەر دەولەتێکی دەوروبەر بێتە ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ئومێدمان زۆرە کە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەم داخوازییە ڕەوایەی گەلەکەمان ڕەچاو بکات. ئێستاش کێ لەگەل ئەم بەیانە دایە کە پێشکەشمان کردن با دەست بەرزبکاتەوە، سوپاس.

کی له گەڵدا نییە؟ باشە، بەگشتی وەرگیرا، ئەوەی کەوا سەرنج و تێبینی هەیە ئەتوانێت لە پاشدا بەنووسین پێشکەشمانی بکات، بۆ ئەوەی لە داڕشتنەوەیدا ڕەچاو بکرێت، بەڵام ئەوە دەستکاری ناوەڕۆکەکەی ناکرێت، تەنها بۆ دەوڵەمەند کردنە. ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان، ئەویش بریتییە لە دانانی بەڕێز طارق محمدسعید بەئەندامی پەرلەمان لە جێگای‌خوا لێ خۆشبوو کاك شەوكەتی حاجی مشیر. ئێستاش ئەو داخوازییە کە لە لایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتووە پێشکەشتان دەکرێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی نووسراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە دانانی بەڕێز کاك طارق محمد سعید لە جیاتی خوا لێخۆشبوو شەهید کاك شەوکەتی حاجی مشیر.

ژمارەی تایبەت ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٤

بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بابەت:دانانی ئەندام

سڵاوێکی گەرم.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز طارق محمد سعید پێشنیاز ئەکات بۆدانانی بە ئەندامی پەرلەمان لە جێگای شەهید شەوکەتی حاجی مشیر.

لەگەڵ ڕێزدا

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون کێ لەسەر ئەوەی کە کاك طارق محمدسعید ببێت بە ئەندامی پەرلەمان با دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس. کێ دژە با دەست بەرز بکاتەوە؟ کەس دژ نییە، کەواتە داخوازییەکە بە گشتی وەرگیرا، سوپاس. فەرموو کاك طارق بفەرموون بۆ سوێند خواردن:

**بەڕێز طارق محمد سعید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من کە ناوم (طارق محمد سعید)ە سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق و، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك طارق، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا هۆڵی پەرلەمان سەبارەت بەخاڵی یەکەم. زۆر قەرەباڵغە باشە ئەگەر بەلای کەمی دە دەقیقەیەك برێکێك بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدی لەمەولا لەوانەیە ماوەی زۆر درێژترتان پێویست بێت تا وەکو کاتی ئەوە دێت کەوا جگەرەیەك بکێشن، نەختێك دان بەخۆتانەوە بگرن؟ ئێستا دێینە سەر خاڵی سێیەم، خوێندنەوەی ڕاگەیاندنی تاوانبارکردنی بکوژانی پەرلەمانتار (شەوکەتی حاجی موشیر) فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەقی ڕاگەیاندنەکەیە:

لە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۳/۲/۱۹

پەرلەمانی کوردستان بە توندی تاوانی تیرۆرکردنی پەرلەمانتاری شەهید (شەوکەتی حاجی موشیر) مەحکوم دەکات و، لە کاتێکدا هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەنێرێت، نەفرەت لەسەرجەم تیرۆریستان دەکات، بوونی ئەم تاقم و گروپانە لە چەند شوێنێکی سەر سنوورەکاندا بەدیاردەیەکی دزێو و هەڕەشە دادەنێت بۆ سەر ئەزموونی دیموکراتی و، دەستکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، تاوانباران دەستگیر بکات و، بیان دات بە دادگا تا بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، لەو بارەیەوە دانیشتووی پێشوو زۆر قسەمان کرد، ئێستا دەیدەینە دەنگدانەوە، ئەو ڕاگەیاندنەی کە پێشکەش کرا کێ لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس. کێ موافق نییە؟ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تەنها یەك دەستکاری کورتی پێویستە، لە جیاتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەنووسین (گەلی کوردستان)، چونکە ئەوە لە نووسینەکانی پەرلەماندا ڕەچاو دەکرێت، ئەوەش بێگومان شتێکی شکلییە، کار ناکاتە سەر ناوەڕۆکەکەی، زۆر سوپاس.

ئێستا دێینە سەر خاڵی چوارەم و کۆتایی بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەویش خوێندنەوەی یادداشتی پەرلەمانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارەکە، لەبارەی ئەو ناوچانەوە کە تا ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم دانین، فەرموو کاك کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی (۱۹)ی مانگ زۆر بە دوورو درێژی باسی ئەو ناوچانەکرا، کە باری نایاسایی و نائاسایی تێدا ڕەچاو کراوە لە سنوورەکان، ئێستا دەقی یادداشتنامەکە دەخوێنمەوە:

له دانیشتنی رۆژی چوارشەممە ریکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە دوورو درێژی گفتوگۆیان لە سەر باری نائاسایی لە هەندێك لە ناوچە سنورییەکان کرد، کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدا نین، کە بۆتە هۆی ئاوارە کردنی ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە و بێبەش بوونیان لە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك.

بۆیە پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی زانی داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارە بکات، بە شێوازی گونجاو هەوڵی جیددی بدەن بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەت و هاووڵاتیان، بۆ جێگای خۆیان بگەڕێنەوە و بە ئاسودەیی تێدا بژین لە ژێر سایەو دەسەڵاتی یاسایی وشەرعی حکومەت، تا زیاتر بێبەش نەبن لە خزمەتگوزارییەکان بەهۆی ئەم بارە نائاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا کێ موافقە لەسەر ئەو یاداشتنامەیەی کە پێشکەش کرا؟ بادەست بەرز بکاتەوە، سوپاس. کێ موافق نییە؟ باشە بە گشتی وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەین، ئێستا پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان بهێنین ئێمە بە دەستمانەوەیە کەوا سبەینێ وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکان کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەین، هەر لە بارەی خاڵی یەکەم کەوا لەم کۆبوونەوەیە بە تێرو تەسەلی باس کرا، ئەندامانی پەرلەمانیش لەکۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادار دەکەینەوە، زۆر سوپاس و، تا جارێکی تر بە خواتان ئەسپێرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەڕەش محمد نقشبندی | د.رۆژ نوری شاوەیس | د.کمال عبدالکریم فؤاد |
| کرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |
| بەوەکالەت | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی٢/٣/٢٠٠٢**

**خولی گواستنەوە**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)

## یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز کمال عبدالکریم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن کاتی، دانیشتنی ژمارە(١٨)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢\٣\٢ دا بەم شێوەیە بێت:

ژ- خوێندنەوەی نامەی سەرۆکی سینات (ئەنجومەنی پیران)ی فەرەنسی لەلایەن ئەندامی سیناتی کۆماری فەرەنسا ڕێزدار (مۆنتسیکیۆ) وە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، کۆبوونەوەی ژمارە هەژدەی خولی گواستنەوە دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بریتیە لە یەك خاڵ، ئەویش بەخێرهاتنی بەڕێزئەمری دی مۆنتسیکیۆ، ئەندامی ئەنجومەنی سیناتی فەرەنسا، جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییە، نامەیەکی پێیە لە سەرۆکی سیناتی فەرەنسییەوە، دەیەوێت پێشکەشتانی بکات، ئێمەش زۆر بەگەرمییەوە پێشوازی لێدەکەین، پێخۆشحاڵین بۆ تەشریفی بۆ ئێرە، لە هەمان کاتدا حەز دەکەین ئەوە بەبیر بهێنینەوە کەوا فەرەنسا، ئەو وڵاتە بوو کە، پرۆژەی بڕیاری(٦٨٨)ی پێشکەش بە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ئەو بڕیارە لە ساڵی ١٩٩١دەرچوو، ئێمە زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستەیان دەکەین، وەکو خۆتان ئاگادارن هەر لەو خولەی گواستنەوەیەدا، مەدام میتران لێرە ئامادە بوو، قسەی کرد، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانی ئەمەریکاو، هەروەها لە ئینگلستان، هەر لەم خولەی گواستنەوەیە ئامادەبوون و، وتاریان پێشکەش کرد، ئێمەش پێخۆشحاڵین بە هاتنی ئەم بەڕێزە، بۆ ئەم پەیامەی کە هێناویەتی، ئەو وتارەی کە پێشکەشی ئەکات، با بفەرموێت.

**بەڕێز ئەمری دی مۆنتسیکیۆ(سەرۆکی سیناتی ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسی):**

ڕۆژتان باش، ئەوە پەیامێکە دەیخوێنمەوە لە ڕێزدار(کریستیان پۆنسیلێ)، سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی کۆماری فەرەنسا، بۆ پەرلەمانتارانی کورد، ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەن، خوشك و برایانی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان، دۆستانی ئازیز، ئەو سەردانەی کە ئەنجامی دەدەم بۆ کوردستانی

عێراق، ئەو دەرفەتەم پێدەدات، کە دڵنیاتان بکەمەوە لە هاوسۆزی ئەنجومەنی پیرانی کۆماری فەرەنسا، لەو بارو دۆخە زەحمەتەی کە خۆتانی تێدا دەبینن و، کە ئەو ململانە چەکدارییەی کە لە رێگادایە، لەوانەیە نالەبارتری بکات، فەرەنسا ئاگاداری ئازار و مەینەتیەکانی گەلی کوردە، وەکو دەزانن فەرەنسا دەست پێکەرو دەست پێشخەر بوو لەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بریاری ٦٨٨، بگرێتە ئەستۆ لەساڵی ١٩٩١کە بەبێ هیچ تەحەفوزێك، سەرکۆنەی سەرکوت کردن و، داپڵۆسینی کرد، کە دەرهەق بە گەلی کورد کراوە، ئێمە موعجەبین بە ئازایەتی و عەزمی ئێوە، کە رێگای بە ژیاندا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە رێگەی بوونی ئیدارەی تایبەت بە خۆتان و، هەروەها بوونی مامۆستا و دادوەر و هێزی پۆلیس، لەو رووەوە پێخۆشحاڵم کە پرۆسەی ئاشت بوونەوە لە نێو کوردا، رێگەی بە پەرلەمانی ئێوەدا کە دووبارە کۆببێتەوە، بۆ یەکەم جار لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو، ئەوەش ئاکامی هەوڵ کۆششێکی زۆر و زەحمەت بووە، کە بەدڵنیاییەوە هاندەرە بۆ ئاینده، ئومێدەوارم کە بەردەوام بن لە هەوڵەکانتان لە بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە، لە مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا، کە مێوانداری رێزدار بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و، بەرێز تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانم کرد لە پاریس، ئەو دەرفەتەم هەبوو کە جەخت لەسەر پابەند بوونی خۆمان بکەینەوە، بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازایەدییە گشتیەکان لە کوردستان لە چوارچێوەی یەك پارچەیی خاکی عێراق، لە نێوان سنووره نێو دەوڵەتیەکانی ئێستادا، حوکمی خۆ بەخۆیی دەکرێت، شوێنی خۆی هەبێت لەگەڵ تایبەتمەندی و روخسارە تایبەتیەکانی هەر نەتەوەیەك، من دەزانم ئەو ئامانجەی کە ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن، کە ئەمەش چەند ئەگەرێکی هاندەر دەکاتەوە لەبەردەمتان، بۆ ئاینده، من هەر لەسەر ئەو ئومێدە دەمێنم، وێرای ئەو نادیارییەی کە دەوری هەرێمی ئێوە دەدات، کە ناتوانم تەسەوری ئەوە بکەم، کە هێز بەسەر دەکەوێت بەسەر ماف، من قەناعەتم وایە کە حیکمەتی نەتەوەکان لە کۆتاییدا دەباتەوە و، سەر دەکەوێت، هەروەها کەوا میللەتی کورد بتوانێت ئەو هەماهەنگی و گونجان و ئاشتی بەدەست بهێنێت، کە بەشێوەیەکی زۆر رەوا هەوڵی بۆ دەدات، ئازایەتی و عەزم و سووربوونی ئێوە بۆ بەدیهێنانی ئەمە پاکانەی ئەوە دەکات، هەروەها دادپەروەری و یەکسانی داوای ئەوەتان لێدەکات، من هیواو ئومێد و سڵاوی خۆم لەگەڵ هاندانم دەنێرم بۆ هەر هەمووتان کەوا بەیەکەوە بەسەر هەموو ئەو تەحددییانە زاڵ بین، کە لەئایندەدا دووچاری دەبینەوە، هەروەها بەناوی خۆم حەز دەکەم پێتان رابگەیەنم کەوا چەند موعجەبم بە تەریقەی دووبارە بونیاتنانەوەی وڵاتی خۆتان و، هەروەها ئەو ئازایەتییەی کەوا دەریدەبرن، بژی دیموکراتی بژی ئازادی، بژی کورد، زۆر زۆر سوپاس، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، بەناوی هەموو ئێوەی بەرێزەوە، بەخێرهاتنی مسیۆ ئەمێری دیمونتسیکیۆ دەکەین، سوپاسی دەکەین بۆ ئەو وتارەی کە پێشکەشی ئێمەی کرد، لە پرۆسەی ئاشتی و یەکبوونەوەی ماڵی کوردا، دەمەوێت ئەوەشتان بە بیر بهێنمەوە کەوا لێپرسراوانی فەرەنسا هەر لە خوالێخۆش بوو، فرنسوا میتران و مسیو میترانەوە، هەتا وەکو خاتوو میتران، دەورێکی باڵایان بینیوە لەوەی کە پرۆسەی ئاشتی بەسەر کەوتوویی، گەیشتە

ئەنجام، زۆر سوپاسی دەکەین جارێکی تر زۆر بەخێر بێت، ئێستا ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەو بارەیەوە ئەگەر ئەیانەوێت قسە بکەن بابفەرموون، فەرموو کاك د. ناسح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان؛**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

پێشەکی ڕێگەم بدەن بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە خێرهاتنێکی گەرمی ڕێزدار مۆنتسیکیۆ ، ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی کۆماری فەرەنسا بکەم، کە بەرەسمی نامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی کۆماری فەرەنسای هێناوە بۆ ئێمە، زۆر سوپاس بۆ ئەو وتارە کورتە، بەلآم زۆر بەنرخە کە لێرە پێشکەشی کرد، کە زۆر پر مانا بوو، سوپاس بۆ ئەو هاوسۆزییەی کە لە ئەنجومەنی پیران بەرامبەر بە پرۆسەی ئەزموونی ئەمرۆی کوردستانی نیشانیاندا، بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی، بەرامبەر بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بەرامبەر بە پشتگیریی کردنی گەلەکەمان، لەبارودۆخی ئەمرۆدا، هەڵبەتە ئێمە کە جەنابیان دەبینین، ئەمرۆ لێرە دایە، ئەوەمان دێتەوە بیر کە چۆن گەلی فەرەنسا، ولآتی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩١دا، دەورێکی بالآی هەبوو، بگرە کاریگەرترین رۆڵی هەبوو، لەوەی کەوا بڕیاری ٦٨٨لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ببێت بە ئەمری واقیع، هەروەها لە دوای ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەو بڕیارە، دەورێکی بالآیان بینی، لە پشتگیریی کردنی ئەزموونەکەمان، لەپاراستنی ئەزموونەکەمان، لە پاراستنی گەلەکەمان، ئێمە سوپاس گوزارین بۆ ئەو هەڵوێستەی ئەمرۆیان و، هەروەها سوپاس گوزارین بۆ ئەوەی ئەمرۆش بایەخ بە کێشەکەمان دەدەن، بێگومان ئەو هەوڵەی ئەمرۆ ئەوان ئەیدەن، بۆ ئەوەی کێشەی عێراق بە ئاشتی یان بە بێ شەڕ چارەسەر بکرێت، هەڵبەت ئەمەش جێی سوپاسە، بەلآم ئەبێ ئەوان ئەوە لە بیر نەکەن، ئەوەی ئەمرۆ سەدام دەیکات، سەدام نوێنەری میللەتی عێراق نییە، سەدام سەرۆکی رژێمێکی دیکتاتۆرە، سەدام گەلەکەی تاواندۆتەوە، گەلی ئێمەی تووشی هەزاران دەردەسەری کردووە، کاوڵکاری ولآتی ئێمە لە ئەنجامی سیاسەتی سەدامە، ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کوردستان هاتووە، هەموو لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کەوا سەدام و رژێمەکەی پەیرەوی دەکات، بۆیە بە تەئکید ئێمە پێمان خۆشە کێشەی عێراق، بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەلآم نە شەڕ لەسەر داوای ئێمەیە، نە ئێمەش داوای شەڕمان کردووە، بێگومان سەدام خۆی ئەو بەڵگەی داوە، خۆی سەبەبی سەرەکییە، کە ئێستا کەوتۆتە ئەو مەئزەقەی کە تێیدایە، هیوادارین بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بتوانرێت ئەو رژێمە لابدرێت، بۆ ئەوەی گەلانی عێراق لەم ئەزموونە رزگاریان ببێت، جارێکی تر سوپاسیان دەکەین، تەبعەن بۆ ئەو هەڵوێستەیان، بەلآم خاڵێکی تر هەیە، دەمەوێت بەبیریان بهێنمەوە، ئەمرۆ ئێمە هەڕەشەی ئیقلیمیشمان لێدەکرێت، هیوادارین ئەوان هەڵوێستیان وەکو هەڵوێستی بۆ پشتگیری کردنی میللەتەکەمان بێت، هەڵوێست وەربگرن و، دژی هەر دەست تێوەردانێکی ئیقلیمی بن، لە کاروباری ئێمەدا، چونکە ئەمرۆ ولآتی ئێمە پێویستی بە دەست تێوەردانی ئیقلیمی نییە، بۆیە هیوادارین ئەوان لەوە بێدەنگ نەبن، چونکە ئەوان دەورێکی بالآیان هەیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەتوانن ڕێگە لەو دەستێوەردانە

بگرن، جارێکی تر سوپاس بۆ هاوسۆزییان، سوپاس بۆ پشتیوانییان، سوپاس بۆ ئەو کارو هەڵوێستانەی کە ئەنجامیان داوە بەرامبەر بە ئێمە و، ئێمەش سوپاس گوزارین، بە خێر بێن سەرچاوی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. ناصح، فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیجازە بفەرموون بەناوی فراکسیۆنی سەوز، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی بەڕێز (ئێمری دی مۆنتسیکیۆ) بکەم، بەبۆنەی ئامادە بوونی لە پەرلەمان، هەروەها لەڕێگای ئەویشەوە، زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسا بکەین، لەم نامە پڕ سۆزییە، بۆ پشتیوانی لە گەلی کوردستان لەڕێگای بەڕێز (ئێمری دی مۆنتسیکیۆ) ناردوویەتی بگەیەنین، لە حەقیقەتدا فەرەنسا چ وەکو دەوڵەت، چ وەکو گەل لە مەسەلەی ئازادیخوازانی جیهان قەت بێ لایەن نەبووە، مەوقیفی موتەفەرجی نەبووە، ئەوەی پەیوەندی بە گەلی ئێمەوە هەیە، پەیوەندی بە گەلی کوردستانەوە هەیە، فەرەنسا هەر زۆر پێش ساڵی (١٩٩٠)، تەنانەت لە ساڵی ( ١٩٨٦ و ١٩٨٧ و ١٩٨٨)، لە ڕێگای ڕێکخراوی دکتۆرانی بێ سنوور، لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە ساڵی ١٩٨٨، بەتایبەتی پاش بەکار هێنانی غازی کیمیاوی، کۆنفرانسێکی گەورەی لە پاریس گێڕا، هەمیشە داکۆکیان کردووە، لە ئەو فۆرمەی کە بۆ ئەوان، ئەو کاتە گونجاو بووە، لە مەسەلەی ئێمە و، هەڵیان داوەتێ لەسەر مەسەلەی کورد و، دژی ئەو جینایەتانە بوونە، کە لە دژی کورد بەکار هاتووە، جگە لەوەش دیسان فەرەنسا لە ساڵی (١٩٩٠ و ١٩٩١)، بۆ داڕشتنی بڕیاری (٦٨٨) قورسایی خۆی بەکار هێناوە، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی، کە مەنتیقەی ئامن لێرە دروست ببێت و، هاوبەش بووە بۆ ماوەیەك لە پارێزگاری کردنی ئەو ناوچەیە، ئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستنی ماڵی کوردیشەوە هەیە، کە ئەنجامەکەی ئەمڕۆ هەموو بەچاوی خۆمان دەیبینین، کە هەموومان لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتووین. یەکێك لە کۆنفراسە گرنگەکان کۆنفراسی پاریس بوو، کە هەردوولا، وەفدی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشت کران بۆ فەرەنسا، لەوێ ڕێککەوتننامەیەك مۆر کرا، کە یەکێکە لە بنەماکانی، کە ئەمڕۆ لە هەموو ڕێککەوتننامەکانی تری لە هەر کوێ کرا بێت، هەتا ئەوەی واشنتۆنیش جێگای هەیە و، ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی ئەمڕۆ، چونکە جەنابی ( ئێمری دی مۆنتسیکیۆ) یەکەم جار نییە دێتە ئێرە، ئەوە سێیەم جارە دێتە ئێرە و، لە جاری یەکەم کە هات زۆر بە ئاشکرا و زۆر بە بوێرانە هەڵوێستی خۆی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لە تەلەفزیۆنی کوردسات و تەلەفزیۆنی (ktv) دەربڕی و، هەڵوێستی وەرگرت بەرامبەر بەو وڵاتانەی، کە دژی مەسەلەی کوردن و، هەڵوێستی وەرگرت بەرامبەر ئەو لایەنانەی کە هەوڵ دەدەن لە ئایندەی عێراق کورد ڕۆڵی نەبێت، ئەمڕۆ لەپاش کۆبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە کوردستانی عێراق وەزعێکی زۆر حەساس و ئاڵۆز هاتۆتە کایەوە،

راستە ئێمە پشتیوانی نێو دەوڵەتیمان زۆرە، بەلام ئەو ئالۆزییە پێویستی بە قورسایی و، پێویستی بە هاوکاری و ڕێ پیشاندانی ئەوروپا هەیە، کە ئەمڕۆ فەرەنسا یەکێکە لە ولاتە گەورەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، دەتوانێت هاریکاریمان بکات، بۆ خاو کردنەوەی ئەو ناکۆکیانە و، هاوکاریمان بکات لە تەرتیب کردنەوەی وەزعی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئیحتیرامی راکانی خەلکی عێراق بگیرێت لە دەست نیشان کردنی شێوەی حوکمڕانی، کە لە ئایندەدا پێویستیەتی، جەنابی لە کۆتایی قسەکانی گوتی بژی کورد، بژی دیموکراتی، بژی ئازادی، من دلنیای دەکەم کە لەو ناوچەیە، بەتایبەتی لە عێراق ئازادی و دیموکراتی بەیەکەوە لەگەل سەددام حوسێن مومکین نییە، مومکین نابێت، بۆیە ئێمە لە وەزعێك داین، دەتوانین موقارەنەی بکەین لەگەل سالانی چل لە فەرەنسا، تەسەور دەکەم جگە لە تێگەیشتنمان بۆ گرووپی دژی شەڕ و، کلتوری دژی شەڕ، کە شتێکی زۆر باشە و، ئەو مەجموعاتانە زۆر کۆمەکی ئێمەشیان کردووە لە ڕابردوودا، پێمان خۆشە بشمینێن، بەلام دەبێت پیاو تەعریف بکات، کە شەڕ دژی کێ؟

نەهێشتنی ڕژێمی سەددام حوسێن، نەهێشتنی هۆیەکانی شەڕە، سەپاندنی ئاشتی بۆ یەك جارەکی و، نەهێشتنی تەشەنوجە لە ناوچەکە، بۆیە هیواداریـن پیاچوونەوەیەك هەبێت، بەلای کەمی ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەیە، جارێکی تریش زۆر زۆر سوپاسی دەکەین، هیواداریـن سەرمان لێ نەبڕن و، ئومێدەواریـن لەو هەلومەرجە نائاساییەی ئەمڕۆ کە لە مەنتیقەدایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەیە، هاوکاریمان بکەن، تا بتوانین لەم قۆناغەشدا دەربازمان ببێت، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعدی، فەرموو کاك یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز ( ئێمری دی مۆنتسیکیۆ) سێناتوری فەرەنسی دەکەین، زۆر زۆر سوپاسیان دەکەین، کە لەم هەومەرجە سەختەدا، لەم زرووفە ناسکەی ولات بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، کە ئەو زەحمەتەی کێشاوە هاتۆتە لای ئێمە، وتاری جەنابی سەرۆکی (سێناتوری) ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسامان بۆ بێنێ، برادەران پێش من هەموو ئەو شتانەیان باس کرد، کە ئەو دەوری ئیجابی فەرەنسی لەم دوانزە سالەی ئەخیری، بەتایبەتی بۆ پشتگیری کردن لە میللەتی عێراق و، بۆ پشتگیریی کردن لە هەموومانەوە، لە کوردستانی عێراقەوە، لە هەموو عێراقیشەوە، ئەمڕۆ ئێمە لە مونعەتەفێکین، یان لە قۆناغێکین، کە زۆر گرنگ و حەساسە، هەر چەند فەرەنسا هەمیشە پەیگای ئازادی و دیموکراسی بووە و، کەلچەری دیموکراسیەت، تەقریبەن کلتوری دیموکراسیەت لەوێوە زیاتر بەرەو ئەورووپاو هەموو دنیاش بلاو بووە، ئەمڕۆ موحتاجین فەرەنسا ئیدامە بدات بەو هەلوێستە باشانەی کە تا ئێستا هەیبوو و، ئەم هەلوێستی ئەمڕۆ کە لەبەرچاوە، تەمەننا دەکەین خەلت نەکرێت، لەگەل پشتگیریی کردن لە ڕژێمەوە، یەعنی ئەو حرسی فەرەنسی بۆ حەل بەڕێگای ئاشتی، وا خەلت نەکرێت، چ بۆ رای

گشتی، چ بۆ خەڵکی عێراق، کە ئەوە دیفاعە لە رژێمی سەددام، ئێمە موتمەئینین ئەوە نییە، بەڵام تەفاهوم دەکەین لە دەوری فەرەنسی و، ئیستیقلالی سیاسەتی فەرەنسی لە ئەوروپا و لە دنیا، بەڵام دیسان هەر پێویستە ئیعادەی نەزەر بکرێت، کە ئەم میزاجەی خەڵکی ئێرە، کە دوێنێ لە کۆنفراسی یان لە ئیجتیماعاتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش، لە لایەن بەڕێز سێناتۆرەوە گوترا، ئەو پەیغامە ببێت بۆ فەرەنسا، کە ئێمە چاوەڕوانین، پشتگیریی ئەوە بکرێتەوە، کە لە بەرژەوەندی خەڵکی میللەتی عێراق بێت و، هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتیش خۆمان لە هەرێمی کوردستان، چ لە تەهدیداتی ئەمڕۆ، چ لە ئایندەی عێراقەوە، زۆر زۆر بەخێرهاتنی گەرمی دەکەین بەناوی لیستی مۆر، لیستی ئاشووری لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ئومێدەوارین کە ئەو رۆژە بێ کە لە پەرلەمانی بەغداش ئیستیقبالی بکەینەوە، بەڵام بەغدایەکی بەبێ سەددام و بەبێ رژێمی دیکتاتۆری، کە هەموو خەڵکی عێراق ئەزیەتی کێشاوە، زۆر زۆر بەخێر بێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، زۆر سوپاس بۆ کاك یۆنادم، بەم شێوەیە ئێمە کۆتایی بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دەهێنین، لەبارەی کۆبوونەوەی داهاتوودا، لەکاتی خۆیدا ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس تا جارێکی تر.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەرەش محمد نقشبندی** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** |
| **سکرتێری کاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

یەك شەممە رێکەوتی ١٦\٣\٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٠٣/٣/١٦

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٠٣/٣/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژمارە(١٩)ی خولی گواستنەوەی، سالّی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی سالّی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٩) ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٠٣/٣/١٦ دا بەم شێوەیە بێت:

١- تەسریحاتی بەڕێز (جۆرج بۆش)ی سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە رۆژی ٣/٦ سەبارەت بە سیستەمی فیدرالییەت بۆ عێراقی داهاتوو.

٢- بەبیر هێنانەوەو گفتوگۆ لەبارەی تاوانی كیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەكانی تری كوردستان، لەلایەن رژێمی دیكتاتۆری عێراقەوە، بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (١٥) ساڵ بەسەر ئەم تاوانەدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمرۆمان دوو خاڵە:

یەكەم: تەسریحاتی بەڕێز (جۆرج بۆش)ی سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە رۆژی ٣/٦ سەبارەت بە سیستەمی فیدرالییەت بۆ عێراقی داهاتوو.

دووەم: بەبیر هێنانەوەو گفتوگۆ لەبارەی تاوانی كیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەكانی تری كوردستان، لەلایەن رژێمی دیكتاتۆری عێراقەوە، بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (١٥) ساڵ بەسەر ئەم تاوانەوە.

وەكو دەزانن بەڕێز (جۆرج بۆش) سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لە ٣/٦ تەسریحاتی لە كۆشكی سپی دا، لەو تەسریحاتە ئیشارەتی بەوە كرد كە عێراقی ئایندە، چارەسەری فیدرالی بۆ عێراقی ئایندە چارەسەرێكی چاكە و، عێراقی ئایندە بە چارەسەرێكی دیموكراتی و فیدرالی كێشەكانی گەلی عێراق بەگشتی چارەسەر دەكرێ، بۆ ئەو مەبەستە تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە

دەکەم کە دەیانەوێت لە بارەیەوە قسە بکەن، دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووسیان بکەین؟ بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، سوپاسی ئەو ڕاگەیاندنە ڕەسمیەی بەڕێز (جۆرج بۆش)ی سەرۆك کۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، بۆ پەسەند کردنی سیستەمی فیدرالیەت بۆ عێراقی داهاتوو، بەتایبەتی سوپاسی ڕاگەیاندنەکەی دەکەین کەوا لە رۆژێکی وادا ئەو ڕاگەیاندنەی کردووە رۆژی (٦)ی ئاداری ئەمساڵ، کە (٦)ی ئادار بیرەوەری ئەو ڕێککەوتننامە شومەیە کە ڕژێمی بەغداد لەگەڵ ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی پاشایەتی ئێران، بە پشتیوانی ئەو سەردەمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاتە ئاراوە، کە گەلی کوردستان شۆڕشە مەزنەکەی بە سەرۆکایەتی (بارزانی نەمر) تووشی نەکسەیەکی گەورە بوو، ئەو هەڵوێستەی ئەمڕۆیان لە (٦)ی ئاداردا بێگومان جێگای سوپاس و پێزانینە، چونکە ئەو هەڵوێستەیان، نواندنی ئەو هەڵوێستە بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و عێراقە لەسەر بنەمای دیموکراتیەت، لەسەر بنەمای فیدرالیەت، کە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا گەلی کوردمان، گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد ببێتەوە لەسەر بنەمای فیدرالیەت، ئەمەش یەکەم جارە سەرۆکی ولاتێکی زلهێز، ولاتێکی خاوەن دەسەلات و پێشەنگی پەیڕەوانی جێبەجێ کردنی سیستەمی نوێی جیهان، نەك هەر بەڕاشکاوانە بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستان دەکات، بەڵکو ئامادەیە دان بە ئەزموونی ئەمڕۆی گەلەکەمان دابنێ و وەکو نموونەیەکی گەشاوەی سەرکەوتوو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیکدا، ئاماژەی پێ بکات و باسی لێوە بکات، بێگومان ئەو پێشنیارەی بەڕێزی بۆ ئەوەیە کە لە دوای نەمانی ڕژێمی فاشست و ڕەگەز پەرستی بەغداد، کە لەدوا ساتی مەرگی دایە، ئەو مافە ڕەوایە بۆ گەلی کوردستان و عێراق بێتە دی، ئەمە سەرباری ئەوەی بە نامەیەکی ڕەسمی جەنابی سەرۆك کۆماری ئەمریکا (جۆرج بۆش)، بەنامەیەکی ڕەسمی ئاگاداری تورکیای کردۆتەوە، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك سنووری کوردستانی عێراق ببەزێنێ و لەشکر کێشی بۆ بکات، ئەمەش بۆخۆی پشتیوانییەکە لە کێشە ڕەواکەمان، بۆیە ئێمە پشتگیری لەو هەڵوێستە دەکەین، داوا لە ولاتانی تری زلهێز دەکەین کە هەمان هەڵوێستیان هەبێت، بۆ پشتگیریی کردنی داوا ڕەواکەی گەلەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ناصح سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەڕێز کاك سعدی احمد پیرە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵە بەحەق لەسەر بەرنامەی کۆبوونەوەکەمان دانرا، بەتایبەتی دروشمی فیدرالی کە ئێستا خەریکە، دروشمی فیدرالی کە لە ساڵی ١٩٩٢ لەم هۆڵە بەتێکڕای دەنگ بوو بە داخوازیەکی

یەکگرتووی کورد، خەریکە پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا دەبێت، ئاخیریشیان ئەو پشتیوانەی بەڕێز سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٣/٦، لە ڕاستیدا سەرۆکی کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان (جۆرج بۆش) تەنها لە ٣/٦ نییە باسی لەبەرچاو گرتنی ماڧ گەلی کورد و شیعە و ئەو کەمایەتییە نەتەوایەتیانەی کە لە عێراق بە درێژایی حوکومڕانی ڕژێمی بەعس ئازاریان دیوە، تەنانەت وتە بەنرخەکەی بەردەم جەمعییەی گشتی لە واشنتۆن لە (٩/١٢)ش کە پێم وایە زۆر لایەنی ئەزمە و کێشەو ناخۆشییەکانی گەلی عێراقی خستەڕوو و، یەکەم جار بوو کە ئێمە نەمان دەتوانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگەیێنین، کە کورد چ جینایەتێکی دەرحەق کراوە، چۆن جینۆسایت بەرامبەر بەکورد کراوە، چ زەمانەتێك ئەبێت بدرێت بە کورد بۆ ئەوەی ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە، ئەو لەبەردەم هەموو مەلیك و سەرۆك و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دنیا، لەبەردەم جەمعیەی گشتی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد داهاتووە دوو پاتی کردەوە و، وەکو بەڵگەیەك خستییەڕوو بۆ گۆڕانی ڕژێم لە عێراق و، لە خاڵی کۆتایی باسی ئەوە دەکات کە پێویستە حکومەتێکی ئەزیر لە عێراق بێتە سەر کار لە ژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ماڧ کورد و شیعە و کەمایەتیەکانی تری کە لەلای ڕژێمی عێراقەوە ڕاوەدوو نراوان، ئەزیەت دراون، قەلاچۆ کراون، جینۆسایت کراون بەنەزەر بگرێت، خۆش بەختانە دیارە لە شەشی ئادار، لە شەشی ئەم مانگە زۆر بە وازحی باسی ئەوە دەکات کە عێراق دەبێت ببێتە وڵاتێکی فیدرالی و، بەپێی ئەو خاریتەی کەمایەتی نەتەوایەتی یان عرقییاتی کە لە عێراقدا هەیە، بەبێ هەبوونی سیستەمێکی فدرالی مومکینە چارەسەر نەکرێت، من پێم وایە بابەتی فیدرالی زۆر جار بە هەڵە باس دەکرێت، تەنها وەکو مەسەلەیەك تەنها کێشەی کورد چارەسەر بکات، نەخێر ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە هەموو گەلانی عێراقەوە هەیە، چونکە هەموو ڕژێمە یەك لەدووا یەکەکانی عێراق تا ئێستا نەیان توانیوە کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی عێراق جێبەجێ بکەن، بەتایبەتی ڕژێمی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە زیاتر لە سێ ملیۆنونیو تا چوار ملیۆن خەڵکی عێراقی ئاوارەمان هەیە لە دەرەوە، هیچ ماڵێك نییە لە عێراق کوڕێك یان دوو کوڕی لە دەست نەدابێت، بەهیچ شێوەیەك ماڧ مرۆڤ و ئازادییە دیموکراتییەکان بە نەزەر وەرنەگیراون و، بەردەوام پێشێل کراون، عێراق ئەمڕۆ زیاتر لە (١٥٠٠) ملیار دۆلار قەرزارە، کە چل جیلی داهاتوو دەبێت قەرزەکانی سەدام حوسێن بداتەوە و، زۆر زیاتریش لەوە (٨٠) ساڵە ئەو ڕژێمە یەك لەدوای یەکانە نەیان توانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بۆیە دەبێت خەلەلێك لە سیستەمەکە هەبێت، من پێم وایە گۆڕینی سیستەم داخوازی هەموو عێراقییەکە، داخوازیەکە کە کێشەی هەموو گەلانی عێراق چارەسەر دەکات، داخوازیەکە کە جێبەجێ کراوە لە دنیا، تاقی کراوەتەوە بۆتە هۆی پتەوترکردنی یەکێتی خاکی ئەو وڵاتانە، بەرەو پێش بردن لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە، بۆیە من پێم وایە ئەگەر لەوێ و لەوێ، بەپێی بۆچوونێکی شۆڤێنی دژ بە گەلانی عێراق خەڵك دژی بێت، هیچ مەنتقێکی تێدا نییە، چونکە ئەم تەجروبەیە لە هەموو وڵاتانی فرە نەتەوە و یەك نەتەوە جێبەجێ کراوە، کە بۆتە هۆی پێشخستن و پێشکەوتنی هەموو ئەو وڵاتانە و، هیچ زیرەکیەکی تێدا نییە ئێمە سیستەمێکی فاشل، (٨٠) ساڵە فاشیلە بەردەوام بین لەسەر بەڕێوە بردنی و، ئامادە نەبین سیستەمێك تەبەنی

بکەین، کە لە هەموو دنیا لە هەموو تاقیکردنەوەکانی بەسەرکەوتووی دەرچووە. بۆیە پشتیوانی لەو تەسریحەی سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین و، پێم وایە یەکەم جارە داخوازیەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئیتجاهی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەك دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

پێش ئەوەی کە قسەکانیم تەواو بکەم لە بیرم چوو شتێك باس بکەم، من حەز دەکەم لەو کۆبوونەوەش باسی ئەوە بکەم، چونکە ئەمڕۆ دەستان پێکرد، بەناوی فراکسیۆنی خۆمان و ڕەنگە بەناوی هەموو برادەران زۆر سوپاسی کاك د.گەمال و کاك د.ڕۆژ دەکەم، بەتایبەتی لەو تەناوبە ئەوەند بەگیانێکی لەخۆبوردوو سپۆرت دەیکەن، هیوادارم ئەوە ببێتە نموونەیەك بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان، ببێتە نموونەیەکیش بۆ هەموو ئیشە هاوبەشەکانمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك سعدی، بەڕێز گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەرەنجامی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر میللەتی کورد داهاتبوون، چ لە ئەنفال و چ لە کیمیا باران و چ ئەو کارەساتانەی کە هەر هەموو ئێمە ئاشنایین پێیان، دیار بوو دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، چ قیادەی کوردی، چ قیادەی کوردستان فیدرالیەتی بە باشترین نیزام و سیستەم بۆ هەرێمی کوردستان دانا، ئەو سیستەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو وڵاتانەیە کە فرە نەتەوەن، شتێکی باش و زۆریش پەسەندە و، لە هەمان کاتیشدا دیاری کردنی پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی بە فیدرالییەت دەکرێت، لە کاتێکدا کە هەموو میللەتانی دنیا داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، یان داوای مافی جیا بوونەوە دەکەن و، بنیات نانی دەوڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆ، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان داوای فیدرالییەتمان کرد، لەکاتێکدا کە خەڵك ڕەنگە زۆربەی وڵاتان ئەو شتەیان بە ئێمە ڕەوا نەدەبینی و، ڕەنگە باسکردنیشی شتێکی بقە بووایە، لەو کاتەیا کە ئەو شتانەی کراوە یەکێکی وەکو سەرۆك بۆش بێت و پشتیوانی لە فیدرالییەکەی ئێمە بکات، ئێمەش لەبەر ئەوەی لەو پەرلەمانە باسی فیدرالییەت کراوە و، ئەو شتەمان بۆ میللەتی کورد هەڵبژاردووە، من دەست خۆشی لەوە دەکەم، پێشنیارێکیش دەکەم کە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسێکی سەرۆك بۆش بکەین بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بەکورد و ئەو ئیهتمامەی کە بە میللەتی کورد دەدات، لە هەمان کاتیشدا پەسەند کردنی فیدرالییەت خۆی بۆ خۆی دانانی بەردی بناغەی دیموکراسییەتە لە ئایندەی عێراقدا، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز گەلاوێژ خان، بەڕێز کاك شمایل ننۆ نوێنەری لیستی ئاشوری فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوگني الكوردستاني المحترم.**

الزملاء أعضاء البرلمان.

تصريح الرئيس الأمريكي بوش، يعد الإشارة الأولى من نوعها، لتصدر من الإدارة الأمريكية، كطرف في المعادلة العراقية من خلال لقائاتنا العديدة مع أطراف في الإدارة لم نسمع هكذا اشارة، قد يجوز بعض الأعضاء في كونگريس أو مجلس الشيوخ، ولكن كإدارة هذه أول الاشارة، وفي الوقت كالوقت الذي نعيشه حالياً هذا برأي يعد تطور يتناسب مع مطلب الحركة ألكوردية، خصوصاً بعد أن رفع هذا الشعار في عام ١٩٩٢، وبإسم حركتنا و بإسم شعبنا هنيئاً للأشقاء ألكورد بهذا التطور، نحن كشعب و كفصيل مثلنا هذا الشعب في هذا البرلمان، بنفس الشرعية التي حصل عليها الديموقراطي و الاتحاد الوطني، كانت موقفنا رسمياً مسانداً لهذا المطلب منذ عام ١٩٩٢، وفي كافة المحطات التي تلتها كان موقفنا بالمثل أيضاً وخصوصاً في المحطات، في اجتماعات المعارضة العراقية، كنا نأمل أن نقابل موقفنا هذا، الموقف ذاته من الاشقاء ألكورد تحديداً، نحن عليهم أكثر من كورد كثيراً، دائماً أشرنا إلى هذا الشيء منذ عام ١٩٦١ إختلطت الاوراق بالذات، ولكن كحركة سياسية إخطلتت دمائنا ببعضنا البعض وساهمنا بشكل أو بأخر فيما نشهده اليوم، أقولها صراحتاً لسنا مقنعتين بما يحصل لنا، أو بما نحقق في هذه الفترة خصوصاً، كان لنا ملاحظات جوهرية حول موضوع الفدرالية الذي قدمت في البرلمان وفي وقتها ناقشنا الموضوع وشكراً لله انه الفرصة متاحة فعلاً لكي نناقش بحرية و بديموقراطية و نعبر عما نريد، في هكذا مجلس رسمي، وهكذا أيضاً في اجتماع المعارضة العراقية الأخيرة، آيها الأشقاء، آيها الزملاء نحن نعيش نتطلع أن نعيش مرحلة جديدة في العراق، نأمل أن نتخلص من المسألة الأقلية، نتكلم كثيراً لا أقلية مهما كانت حجم، فهذا شعب لها حقوق، ولكن مع كل أسف عند التطبيق يأتي قومية كبيرة و قومية صغيرة و قومية رئيسية و قومية ثانوية، أملنا كبير بأشقائنا ألكورد حقيقة، خصوصاً الأشقاء ألكورد أن يكونوا سند وعون لنا في المعارضة العراقية وفي المشروع الوطني الذي يعد لكي يحل محل الديكتاتورية البغيضة التي عانت منها أبناء العراق جميعاً، ختاماً نقول مبروك ثانية ونتمن أن يكون النظام الفدرالي ذلك النظام الذي تحقق طموحات جميع أبناء العراق وعلى رأسها الشعب ألكوردي، ويحقق ويصون وحدة العراق ويؤدي إلى قيام العراق الجديد يبني علاقات اخاء وسلام واستقرار وتبادل المصالح مع دول الجيران ويأمن المساواة لأبناء العراق، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك شمایل، بەڕێز كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەز دەكەم ڕێ بدەن بە من، پێشەكی وەكو پێشمەرگەیەك (١٠٠) ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی لە گەلی كوردستان و هەموو خەباتكەری جیهان پیرۆز بكەم، چەندین ساڵە گەلی كورد هەمی لەژێر زوڵم و زۆرداری، و ماف لێ خواردنێ دەژی، سەرەڕای كە لە عونصری ئاشتی بووەو عونصری ئاوەدان كردن بووەو هەردەم داخوازیكەری ژیانی شارستانی و برایەتی بووەو لەگەڵ هەموو گەلانی تر، بگەر لە تەشكیلی گەلی عێراق لە (١٩٢١) و هەتا قۆناغی كۆماری و پاشی قۆناغی كۆماری چ جینۆسایت و چ تاوان و چ كارەساتێك بەسەر گەلی ئێمە هاتووە، هەروەها سەرباری مرۆڤایەتی پرۆڤەتكرد كە تەركیزێ دەسەڵاتێ ببێتە سەبەبی نائیستقراری، لەبەر

هەندێ مرۆڤایەتی ڕێکی پەیداکردن بۆ چارەسەر کردنی فی گرفتارێ ئەویش سیستەمێکی فیدرالییە، کە سیستەمێکی شارستانی و مرۆڤایەتییە، ئەمڕۆکە گەلێك گەلی جیهانێ بەکاری دەهێنن و، فعلەن عنصری هاریکاری برایەتی و ئیستقراریە، فیدرالییەت کە ئەو سیغەیە پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢/١٠/٤ هەڵیبژاردووە بۆ یەکخستن و تێکەڵبوونی گەلی کورد لەگەڵ سیستەمی مەرکەزی یان گەلی عێراق هەمیێ، ناگەینە قەناعەتێ کە ئێمە زێدەتر حەقی خۆمان داخواز کردووە و، فعلەن ئیستعاب هاتۆتە کردنێ و خەڵکێك تێگەیشتووە، هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقێ تەقریبەن هاتۆتە چەسپاندن، لە ئاخیری کۆنگرە لە سەلاحەددین کە ئێمە دیمان بە چاوی خۆمان بە چ شێوەیەك هاتە قبولێ کردن ئەو سیغانە. تەسریحاتی ئیدارەی ئەمریکی کە جێی ڕێزو تەقدیرینە، تەسریحاتی سەرۆکی ئەمریکی کە یەکەم جارە سەرۆکی ئەمریکی، هەر چەندە بەرپرسی ئەمریکی بەری هەنوکە وەکو ڕێزدار (سەرۆك بارزانی) لە دەرەوە گوتی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ئەم ڕەئیەی دەربڕی، بەڵام ئەوە یەکەم جارە و، موناسەبەشە کە شەشی ئادارێ کە ڕێککەوتنی خیانەتی شەشی ئاداری کە بییەنسکۆ ١٩٧٥، تەبیعی ئەوە گرینگی خۆی هەیە، جێی ڕێز و تەقدیری گەلی ئێمەیە فعلەن مورالی گەلی ئێمەی بڵند کرد، خاصەتەن ئێمە لە زروفێك دەژییێین کە گەفوگوڕ لەسەر ئێمەیە، من لەو قەناعەتەم ئەو تەسریحاتانەی هەنە ئەو پشتیوانییەی هەنە، ئیتمیئنانێکی تەواوی خستە کوردستان و، ورەی وڵاتی ئێمەی هەموو بڵند کردو و، سیغەیەکی فعلەن مەقبوولە و ئایندەی عێراق دەبێ بێتە ئیستقرار کردن، ئەوەی فعلەن بشن گەلی عێراق، عێراقێکی یەکگرتوو برایەتی بچەسپێنێت، فعلەن ژیانی خۆی ببەنە سەرێ، بەناوی گەلی کوردستانیش سوپاسی ئیدارەی ئەمریکی دەکەین، سوپاسی سەرۆکی ئەمریکی دەکەین، گەلی ئەمریکی دەکەین، گەلی ئەورووپی دەکەین، کە ئێمەیان پاراستووە ئەوە چەندین ساڵە لە زوڵم و زۆرداری، ئەگەر ئێستا ئەو وەزعە نەبووایە، زۆر سوپاسی جەنابی ئێوەش دەکەین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەو خاڵەی خستۆتە ناو پرۆگرام بۆ گفتوگۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.رزگار، بەڕێزان هەر چەندە خاڵی دووەمە کە باسی دەکەین، بەڵام تکا دەکەم ئێستا ئەو کاتەیە کە پێش (١٥) ساڵ شاری هەڵەبجە بۆمبا باران کرا بە کیمیاوی، دەقەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە. زۆر سوپاس فەرموون، بەڕێز کاك مەلا بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، منش وەکو هەڤالانم، زۆر خۆشحاڵم کە سەرۆکی گەورەترین و باڵادەسترین وڵاتی دنیا سەلماندی کە چارەسەری گەلی عێراق فیدراله بۆ گەلی کورد و، بۆ باقی ناوچەکانی تری عێراق بە شیعەو سونەشەوە، ئەگەر ئەمە یەکەم جار نییە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دان بە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و، گەلی تریش دەنێ، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و سەردەمی عوسبەتولئومەمیش (ولسن)ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا لە (١٤) خاڵی پێشنیار کراوی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی گەلی کوردی وەکو یەکێك لە کێشە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حساب کرد و، دانی پیا نابوو کە دەبێت مافی چارەنووسیان بدرێت، ئینجا ئەم کێشانە لە ڕۆژهەڵات چارەسەر دەکرێت، بەداخەوە ئەو کاتە ئەمریکا مەوقعێکی سیاسی عەسکەری ئیقتصادییەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ ڕەوتی مێژووی بەشێوەیەك بچێتە پێشەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە و، پێشنیاری سەرۆکەکەی جێبەجێ بکرێت و، هەر ئەو کاتە فەرەنسا و بەریتانیا زۆر بەرپێچی ئەو پێشنیارەیان دایەوە و، نەیان هێشت ئەو کارە بکرێت، مێژوو ئەم جارەیان بەشێوەیکی تر هەڵگەڕایەوە، ئێستا ئەمریکا وڵاتی باڵا دەستە و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وردە وردە کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئەمریکا و، ئەمریکا بڕیار دەدات کە کێشە سیاسییەکان لە ئەفغانستان لە عێراق لە کوردستان لە هەندێك ناوچەی تر چۆن چارەسەر دەکرێت، بە کێشەی فەلەستینەوەش کە پێشنیارێکی زۆر بەجێ کراوە بۆ چارەسەر کردنی، بەداخەوە ئەم جارەیان فەرەنسا و، هەندێك وڵاتی تر ڕازی نەبوون بە شێوەیەکی ئەوتۆ بوونەتە کۆسپ بۆ بەردەم حاڵەتێکی گۆڕانکاری کە زۆر لە قازانجی گەلانی عێراق و ناوچەکەیە، کە مێژوو جارێکی تر بە شێوەیەکی تر دەیەوێت بە هۆی ئەو سیاسەتانەوە زەرەرمان پێ بگەیەنێ، من لەگەڵ پشتیوانیم بۆ هەموو ئەو قسانە کە خۆشحاڵی دەربڕینە بەرامبەر ئەو ئاخاوتنەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەری بڕیوە، لە هەمان کاتدا دەڵێم ئاخاوتن بەس نییە بەتاقی تەنها، تەسریح بەس نییە بەتاقی تەنها، ئێمە ئێستا لە ئاستانەی گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەین، ڕەنگە حەفتەیەك، دە ڕۆژ، مانگێکی تر ئەو گۆڕانکارییە بێتە دی، شەڕ ببێت، ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەو وڵاتە بێتە دی، ئێمە ئێستا پێویستیمان بەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو قسەیەی لەناو موعارەزەی عێراقی و، لەناو پرۆسەی گۆڕانکارییەکە و، لەناو دەوڵەتانی ئیقلیمی، ئەو قسەیە ئەو پرنسیپە کە دیموکراسیانەیە، کە ڕاستە، کە ڕەوایە وردە وردە بباتە پێشەوە بە پراکتیك، ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکی عێراق زەمانەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ئێمە دروست ببێ بەڕاستی بخولقێ، یەعنی مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەترە تەسریحێکی جوانی وا دراوە، جوانتر لەو تەسریحە، زەمانەتی تەتبیقی ئەو تەسریحەیە، لەناو ئەو گۆڵمەزو ئاڵۆزییەی کە لە ناوچەکە هەیە، لەناو ئەو سیاسەتە جیاوازیانەی کە دەوڵەتانی ئیقلیمی هەیانە و، لەناو ئەو دڵە ڕاوکێیەی کە گەلی کوردی ئێمە هەمانە، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم سەرەڕای ئەوەی کە پێشنیارەکەم، ئەو پێشنیارەی گەلاوێژ خانمم قبوڵە کە پیرۆزبایی بکەین، خۆشحاڵی دەربڕین بەرامبەر بە تەسریحەکە، بەڕاستی سەرنجی بەڕێز سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و، هەموو ئەو لایەنانەی کە ئێستا دۆستی گەلی ئێمەن، گەلی عێراقن، چارەسەری کێشەکانن، سەرنجی ئەوانیش ڕابکێشین کە بەڕاستی ئەو جارەیان میللەتی ئێمە جگە لەوەی ئەو تەسریحانە و، پێویستییەکانی ئەرکی سیاسی سەر شان لەمەودوا بە باشتر جێبەجێ بکرێن، بەڕاستی تەحەمولی گۆڕینی سیاسی و تەحەمولی قبوڵ کردنی فشارێکی ئیقلیمی بۆ ئەوەی ئەو شتانە پاشە کشە بکات و، ئاڵوگۆڕێکی خراپ بکات، گەلی ئێمە بەتایبەتی ئێستا لە یادی هەڵەبجەین کە کارەساتی وا گەورەو جۆرەها کارەسات بەسەرماندا هاتووە، گەلی ئێمە تەحەمولی ئەوە ناکات، پڕ بەدڵ هیوادارین ئەو بڕیارانە، ئەو بۆچوونانە کە

سەرەنجامی سوربوونی گەلی خۆمانە لەسەر مافەکەی خۆی، مانای لە خۆیەوە نەهاتووە هەتا ئەو تەسریحە نەدراوە زۆر کەم لە مەسئولەکانی ئەمریکا و لە مەسئولەکانی غەرب ئەصلەن نەیان دەگوت کوردستان، هەر بە شیمالی عێراق ناو دەبراین، سەرەنجامی سوربوونی خۆمان لەسەر مافەکانمان و، سیاسەتی عاقلانە و مەنتقی خۆمان لەو ماوەیە کە مالی کوردمان یەك خستووە، سەرنجی ولاتە یەکگرتووەکان و هەندێك دەولەتی تری ئەوروپای بەبەریتانیەوەش ڕاکێشاوە، هیوادارین کە ئەو هەلومەرجە کەمە و، ئەو ئالوگۆڕە کەمەی کە زۆر ماوەیەکی کەممان لەبەر دەمدا ماوە، بە تەحەولاتێکی زۆر وشیارانە و مەسئولانە ببەینە پێشەوە و، فعلەن ببینین ئایندەی عێراق، ئایندەی جێبەجێ کردنی ئەو پێشنیارە بێت و، هەموو پێویستیەکانی گۆڕانکاری دیموکراسی لە عێراق بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی کاك مەلا بەختیار، بەڕێز احمد شریف فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاگەیاندنەکەی سەرۆك بۆش لە ڕۆژی ٣\٦، گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە، بەنیسبەت گەلی عێراق بەگشتی و، کوردستان بەتایبەتی، دیارە سیستەمی فیدڕالی لە زۆر ولاتی زۆر نەتەوە، زۆر ئایین، زۆر مەزهەب، جێبەجێ کراوە و، سەرکەوتووش بووە تێیدا، بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سویسرا، کەندا، ئەلمانیا و زۆر ولاتی تر، کە هەندێکیان هەر یەك نەتەوەشن، سیستەمی فیدڕالی تێیدا سەرکەوتوو بووە، ڕژێمی عێراق لەماوەی هەشتا سالی رابردوودا، کە حوکمی مەرکەزی پەیڕەو کردووە، دەرکەوتووە کە ئەم سیستەمە حوکمە مەرکەزییە، سیستەمێکی فاشیلە، بەتایبەتی لە ولاتێکی وەکو عێراقدا، کە چەندین نەتەوەی تێدا هەیە، کوردە، عەرەبە، تورکە، ئاسورییە، ئەرمەنییە، سائیبەیە، سوننەیە، شیعەیە، بە هەموو مەزهەبەکانەوە، ئەم سیستەمی حوکمە مەرکەزییە، دەرکەوت کە سەرکەوتوو نییە، گەلی ئێمەش گەلی کورد لەماوەی ئەم هەشتا سالەدا خەباتی کردووە، بۆ ئەوەی بە مافی چارەنووسی خۆی شاد ببێت، خەباتێکی یەکجار زۆری کردووە و تەزحییاتێکی یەکجار زۆری داوە، شەهیدێکی یەکجار زۆری داوە، تا ئەوە بوو ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، ئینجا پەرلەمانی کوردستانی دانا، پەرلەمانی کوردستانیش پێشنیاری ئەوەی دانا کە حوکمی عێراقی لەمەولا دەبێت فیدڕالی بێت، خەلکی کوردستان دەبێت لە ژێر حوکمی فیدڕالیدا بژیت، ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆك بۆش لە ٣\٦، ڕاگەیاندنی بلاوکردەوە دلی هەموو گەلی کوردی پێخۆش بوو، گەلی عێراق هەموو بە کورد و عەرەبەوە بەو وتارەی سەرۆك بۆش دلشاد بوون، ئێمە پێمان وایە کە پەرلەمانی کوردستان بروسکەیەکی بۆ بکات، بەناوی پەرلەمانەوە سوپاسی بکرێت، پیرۆزبایی ئەو ڕاگەیاندنەی لێ بکات، داواشی لێبکات ئەو ڕاگەیاندنە بە کردەوە پەیڕەو بکرێت، دوای ئەوەی کە حوکمی عێراقی دەگۆڕێت، چونکە ئەو بروسکەیە ئەهمیەت و گرنگی خۆی هەیە، کە بلاو بکرێتەوە لەڕاگەیاندنەکانی کوردی و لەسەرتاسەری دنیا، پێویستە لەسەر ئێمە گرنگی بەو ڕاگەیاندنە بدەین، ئیبرازی بکەین و، نیشانی بدەین کە سەرۆکی گەورەترین ولات لە جیهاندا، دانی ناوە،

چارەسەری کێشەی عێراق بە رژێمێکی دیکتاتۆری بگۆڕێتەوە، بەرژێمێکی فیدڕالی، فرە حزبی، پەرلەمانی، هەموو نەتەوەکانی عێراقی تێیدا بە ئاشتی بژین، بۆیە جگە لەوەی داوا لە بەڕێزتان دەکەین، وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بروسکەیەك بکەن، بۆ ئەوەی سوپاسی سەرۆك بۆش بکەن، بلاویش بکرێتەوە ئەو سوپاس نامەیە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك احمد شەریف، بەڕێز پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی رسول، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەك پێش ئەوەی کە هێشتا کورد لە ناو شاخەکاندا بوو، ئەو دروشمی ئۆتۆنۆمییە یان ئەو حوکمی زاتییە کرا بە دروشمی فیدڕالی، ئینجا وای لێهات ئێمە لەم رۆڵە هەموو بەیەك دەنگ، دەنگمان بۆ پرۆژەی فیدڕالییەت، جاری دووەم کە کۆبووینەوە بەم دواییە دەستوری ئەو فیدڕالیەش دانرا، هەڵبەتە ئێمە بە خۆمان دەزانین ئەو دروشمەمان بۆ گۆڕی، یەکێك لە هۆیەکانی گۆڕینی ئەو دروشمە، کاتێك کە رژێمی فاشستی بەغدا، ناوی ئۆتۆنۆمی یان حوکمی زاتی وا شێواند، کردی بە شتێك کە میللەتی کورد بە سووکی تەماشای بکات، شتێکی بەناوی حوکمی زاتی دروست کرد، کە دروست نەکرابا باشتر بوو، پێشتر باری کورد چاکتر بوو کە ئەو دەزگایانەی حوکمی زاتی هەبوو لێرە، لەبەر ئەوە، ئەوە یەکێك لەو هۆیانە بوو کە ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین کە بڕیاری فیدڕالی بدەین، کە هەنگاوێکی پێشترە بۆ نەتەوەی کورد، بۆ چوونە پێشەوە بەرەو هەموو مافە رەواکانی خۆی، ئەو مافانەی کە هەیەتی و کە مێژوو داویەتێ و ئەبێ بیداتێ، لە سەرەتا کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدڕالی دا بەتەواوی، لەم لاو ئەو لا، بەتایبەتی لە هەندێ دەستەی موعارەزەی عێراقی، کۆمەڵێك عەرەبی کە بە خۆشیان نەڵێن شۆڤێنی، بەلام کارەکانیان هەر شۆڤێنییە، دەنگ بەرز بۆوە کە ئەوە کاری داهاتووی پەرلەمانی عێراقە، وا ئەزانن لە مەسەلەی کوردا، کار کاری کوردە، کورد خۆی بڕیاری چۆنیەتی رەفتاری و، یەکگرتنی لە عێراقی ئێستا و عێراقی داهاتوودا، چونکە ئەگەر شتێك بدرێتە دەست هەموو پەرلەمانی عێراقی، ئەوە زۆربەی پەرلەمانی عێراقی کورد نییە، شتێك بووترێت بە پێی ئارەزوو میللەتی کورد، بە پێی بەرژەوەندی میللەتی کورد نەبێت، لەبەر ئەوە ئەمە کاری ئێمەیە و، ئێمەش بڕیاری لەسەر ئەدەین، پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چۆن دەبێت؟ بڕیاریشمان داوە، جا ئەگەر هەندێك بە جیابوونەوەیان دانا، ئەوە هاوارمان کردو هەزار جاریش لە هەموو کەناڵێکەوە بە هەموو جۆرێك کە ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت، نەك لەبەر ئەوە کە هەقی ئێمە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە نامانەوێت جیابینەوە، ئێستا زۆر جێی شادمانییە کە بەرە بەرە لەناو موعارەزەی عێراقیدا، لەناو دەزگا عەرەبەکانە چ عەرەبی عێراق بێت، چ عەرەبی دەرەوە بێت، خەڵکێك پەیدابووە کە دان بەو فیدڕالییەوە دەنێن، رێز لە بڕیاری میللەتی کورد دەگرن، کە بڕیاری پەرلەمانە بۆ فیدڕالییەت، ئەمە وردە وردە وای لێهات کە لەناو دەوڵەتانیشدا ئەم جۆرە پشتگیرییە، پەیدا ببێت، دواشتیان ئەوەیە کە ئێستا ئەمڕۆ باسی دەکەین، کە سەرۆك بۆش، کە سەرۆکی گەورەترین ولاتە لە جیهان، روو بەڕووی رژێمی فاشستی بەغدا وەستاوە بۆ

لەناو بردنی، کە دەبێت رژێمی داهاتووی عێراق دەبێت فیدرالی بێت، ئەمە وەکو برایان و خوشکان وتیان جێی سوپاسە، لە جێی خۆیەتی کە سوپاسی سەرۆکی گەورەترین دەوڵەتی جیهان بکەین، دان بەو کارانە دابنێت کە پەرلەمانی کوردستان دایناوە، بەلاَم دیسان ئەوە لەوە بچێتە دەرەوە، ئەگەر هەوڵ بدەین، کۆششی دبلۆماسی بنوێنین، بۆ ئەوەی ببێت بە بەڵگەنامەیەك یان دیکیۆمێنتێك، بچێتە پاڵ رێکەوتننامەی(سیڤرو، ریکگەوتننامەی١١ئازارەوە)، کە رێککەوتنامەی یازدەی ئازاریش، یەکەم جارە دەوڵەتێکی ناوچەکە دان بەوە بنێت، کە کورد هەیە و، مافێکی هەیە، ئەگەر ئەو مافەی هەرچ بێت، هەرچ بێت لێی پەشیمان بوونەوە و، ئەنجامی دان پێدانەوەکەیان ئەنفال و کیمیاوی بوو، بەلاَم ئەوەی سەرۆك بۆش بە سوپاسەوە بیکەین بە دیکیۆمینتێك، بچێتە پاڵ ئەو دیکیۆمێنتانەی پێشوو، ئەمە دیسان مانایەکی تر ئەگەیەنێت بەلای ئێمەوە، کە دەبێت شادبین پێی، بە خەڵکی رابگەیەنین کە لە زۆر شوێنەوە بە داخەوە دەنگ تێکەڵ بووە، دەنگی پاك و ساغ هەیە لەگەڵ دەنگی ناپاك و ناساغدا، دەنگی خەڵکی وشیار لەگەڵ دەنگی خەڵکی ناوشیار، کە هەڵساون بەناوی دوژمنایەتی جەنگەوە، بەرگری لە رژێمی فاشستی بەغدا دەکەن، نەخێر ئێمە دەبێت بڵێین نەبوونی جەنگ بە نەمانی رژێمی بەغدا دەبێت، چونکە ئەگەر ئەو رژێمە نەبێت وابزانم کە ئەم جەنگەش نابێت، بەلاَم ئەو رژێمە تا مابێت بەم جۆرە نەبێت وابزانم بۆ ئێمە زۆر زەحمەتە لەناو بچێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت میللەتیش ئاگادار بکەین، کە کەس نازانێ عێراقی پاش سەدام چۆن دەبێت؟ ئێمە دڵنیاین کە عێراقی پاش سەدام هەر کێ بێت و هەر چۆن بێت لە رژێمی فاشستی بەغدا باشتر دەبێت، نالێم پیاوی خراپ لەعێراق لێدەبێتەوە، بەلاَم ئێمە دڵنیاین کە هەر کەسێك بێت چاکتر دەبێت، ئەگەر بەم جۆرە بێت، دان بدرێت بە فیدرالی ئێمە، ئەمە یەکەم شتە بۆ عێراقی دوای سەدام، ئێمە هەوڵ بدەین بیکەین بە نامەیەکی رەسمی یان بە شتێکی رەسمی و کە دڵنیاشم هەر دێتە دی، چونکە خۆی کورد رۆلی دەبێت لە داهاتووی عێراقدا، دەمەوێت شتێك بە کاك شمایل بڵێم، کاك شمایل دەزانێ من هەموو کاتێك لەگەڵ ماف رەوای نەتەوەی ئاشووریدا بووم، ئەم دەسکەوتانەی فیدرالیەت دەسکەوتی تەنها نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو دەسکەوتی هەموو خەڵکی کوردستانە، چونکە کە فیدرالیەتمان بوو، دیموکراتیەتمان بوو لە کوردستاندا، ئەمە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە، هەرکەسە بە پێی توانای خۆی و ئەو مافەی کە دەتوانێ بەجێی بهێنێ، لە ئاشورییەوە بۆ تورکمان و بۆ خەڵکی تر، لەبەر ئەوە ئەوانیش دەبێت دڵنیا بن، سوپاسی پیرۆزباییەکەی دەکەین، بەلاَم من پێشتر پیرۆزبایی لە خۆی دەکەم و لە برایانی ئاشووری دەکەم، بەو دانان بەو فیدرالییەتە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید، فەرمووو.

**بەڕێزابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تەسریحاتی سەرۆکی ئەمەریکی، زۆر بەڕێز جۆرج بۆش لەم کاتە ناسکەدا، ئیعتیباری دەکەم بە رێزلێنانەك، تەقدرێك بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە لەرۆژی ١٩٩٢\٤\١٠ئیعلانی

فیدرالیەتی کرد، هەموومان دەزانین کە ئومەمی موتەحیدە یان کە هەندێك کەس ئێستا پێی دەڵێن ئومەمی ناموتەحیدە، مونەزەمەکی لاوازە، ناتوانی بڕیاری دراماتیکی یان بڕیاری بەهێز دەربکات، چونکە بەخۆی مونەزەمەکی لاوازە، ئێستا بڕیار بڕیاری دەوڵەتی بەهێزن، بەتایبەتی بڕیار بڕیاری دەوڵەتی ئەمەریکییە، ئەکیدەن تەسریحاتی جەنابی بۆشێ، زەمانێکە بۆ ئایندەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی، تەسریحاتی مەسئولەکانی ئەمەریکی هەموویان موسداقیەتیان هەیە، کە دەڵێن شەڕ دژی عێراق شەڕێکی ئەخلاقییە، موسداقیەت لە قسەکانیاندا هەیە، ئەیانەوێت کە نیهایەتێك بۆ زوڵم و زۆرداری بۆ ڕژێمی بەغدا دابنێت، خوێن مێژی بەغدا، تەئریخ شاهیدە، کە جەیشی ئەمەریکی کۆنتڕۆڵی چ جێگایەکیان کردبێت و ماوەیەکی لێ مابێت، بەڵام بەشەرتەك خەڵکی ئەو ناوچەیە تەعاونیان لەگەڵ کردبێت، بە شێوەیەکی دیموکراتی کاریان کردبێت، دەساتیر و قەوانینیان بەجێ هێشتووە، وەڵاتی پێشکەفتینە پێگەفتێ، بۆ نموونەش یابان و ئەڵمانیا، هەردووك دژیان بوون، بەڵام کە چوونە ئەوێ دەستوریان بە جێ هێشتن و دیکتاتۆرییەتیان لادا، ئەکیدەن تەسریحاتێت سەرۆك بۆشێ و هاتنا جەیشێ ئەمەریکی بۆ عێراقێ دگهۆڕانکارییەکی دینامیکی ئەبێت لە مەسەڵەحەتێ میللەتێ عێراقا، ئاخافتنێ سەرۆك بۆش، بەراستی من ئیعتیباری دەکەم، کە ئینگلیزی پێی دەڵێن(وێلز ئۆف کۆنزلێیشن)، بەعەرەبی پێی دەڵێن(کلمات مواساة)، لە ١٩٧٥\٣\٦ئەو خەیانەتکارییەی کە لە میللەتی کورد کرا، من ئیعتیبار دەکەم بە(وێلز ئۆف کۆنزلێیشن)، بۆ میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك ابراهیم سعید، بەڕێز مصطفی چاوڕەش، فەرموو.

**بەڕێز مصطفی قادر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لە خاڵی دووەم لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە قسە بکەم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان، لە وتەکاندا دەرکەوت کە گرنگی ئەو تەسریحە چەند زۆرە، زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، زۆر بە ڕێزەوە ئەو هەڵسگاندنەی بەڕێز سەرۆکی ئەمەریکا دەنرخێنن، هەروەها سوپاسیشی دەکەم، داواش ئەکەم کە هەر قسە نەبێت، بەڵکو بەکار وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە گەلی کوردستان بکات، بە گەیشتن بەم ئامانجە، بۆیە ئێمە بە پەسەندی دەزانین کە بەناوی پەرلەمانەوە بروسکەیەکی بۆ بنێرین، بۆ سەرۆك بۆش، سوپاسی بکەین، ئەو مەوقیفانەی کە تێدا ئاشکرا ببێت، بەتایبەتیش سوپاس بکرێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن، بروسکەیەك بۆ سەرۆك بۆش بنێرین تێیدا سوپاسی بکەین، دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا کە بروسکەیەکی سوپاس و تەقدیر بۆ بەڕێز سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش بنێردرێت.

بەڕێزان شاری هەڵەبجەی شەهید هەروەك چۆن کانگای شاعیران پێشەنگی ڕۆشنبیری و، شارستانیەتی گەلەکەمان بووە، هەر ئەوهاش شاری کوردایەتی وسەنگەرو، پێشمەرگە و ڕاپەڕین

و قوربانیدان بووه، دوژمنان و ناحەزانی کوردیش بەر لە زۆر ناوچەی کوردستان لە هەوڵی کاوڵ کاری و قڕ کردن و سەرکوت کردنی ئەو شارەدا دەست پێشخەر بووە، ئەمانەو گەلێك تایبەتمەندی و رەسەنایەتی تری ئەم شارە وای کردووە کە هەردەم جێی مەترسی و رژێمە رەگەزپەرستەکانی بەغداو هەردەم زۆرترین زیان و زۆرترین قوربانی بەر ئەم شارە خۆراگرە بکەوێ و، خەڵکی ئەم شارە زیاتر قاڵ تر و، زیاتر ئازادی خواز و، زیاترئاشتی پەروەرتر بکات، تینووی ئاسوودەیی و ئارامی بێت، هەر بۆیە رژێمی رەگەزپەرستی بەغداو وێرای سیاسەتی بە عەرەب کردن و راگوێزان و بە بەعسی کردن و، دەرپەراندن و ئەنفال و بۆمباران و سووتاندن و کاولکاری و، رەشبگیری و سێدارەو زیندان، بەمانەشەوە نەوەستا بۆ نەهێشتنی ئاسەواری نەتەوایەتیمان، پەنای بردە بەر کیمیاوی بارانی ئەم شارە، نزیکەی ٥٠٠٠ مرۆڤی بێ تاوانی کوردی بە گازی خەردەل و سەیانید خنکاند و شەهید کردن، سەدان هەزاران خێزانی ئاوارەی ئەم لاو ئەولا کرد، لە خاکی باب و باپیرانی دابرین، ئەمرۆش ٢٠٠٣\٣\١٦پانزە ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەم مەرگە ساتەدا، پانزە ساڵ بەسەر زامێکی قووڵی مرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردی بێتاواندا تێدەپەرێت، تا لەو دەمەی رژێمی رەگەزپەرست و تاوانباری بەغدا، گەلانی عێراقی دووچاری جەنگی عێراق و ئێران کرد بوو، بەسەدان هەزار رۆڵەی عێراقی لەو زوڵمە کاولکارییەدا بە هەدەرداو رەنجی دەیان ساڵی داهاتی عێراقی تێدا بە فیرۆ چوو، بەڵام چونکە ئەوسا بەرژەوەندی زۆربەی وڵاتانی جیهان لە پشتیوانی سەرکەوتنی عێراقدا بوو، هەر زووبەزوو ئەم تاوانە پەردەپۆش کراو، زوڵم و زەبروزەنگی رژێمی بەغدایان شاردەوە، کە ئاشکرایە تەنها پشت و پەنای گەلەکەمان پێشمەرگە و چیاکانمان بوو، رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا بۆ بەرگرتن لەو هەرەسە ئابووری و قەرزوقۆڵەی کە لە تەکنەلۆجیایی چەك سازی و گرەودانی لە چەکی کۆکووژ دووچاری ببوو، پەنای بردە بەر کوێت و داگیری کرد، هەر ئەو وڵاتە عەرەبی و دڵسۆزانەی کە بە قائیدی ئوممە و پارێزەری سنووری وڵاتانی عەرەب ناوی سەرۆکی رژێمیان دەبرد، دڵنیا بوون، نەخێر سەرانی رژێمی بەغدا نەنیازی داگیر کردن و تالان کردن و، کۆێخادەمی وڵاتە عەرەبییەکانە، ستراتیژییەتی ئەم رژێمە مەترسییەکی گەلێك گەورەیە بۆ ناوچەکە و بەرژەوەندی زۆربەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ رژێمی بەغدا ئاوەژوو بووەوە، ئینجا کەوتنە سەرو پۆلاکی رژێم و، جارجارەش باسیان لە مەزلومییەتی کورد و گەلانی عێراق و کاولکاری و رەشەکوژی رژێم دەکرد، تا سوپای عێراقیان لە کوێت دەرپەراند و چۆکیان بە سوپاکەی دادا و، زۆربەی کەرەستە سەربازییەکانیان لەناو برد و، نرکاوی راپەرین عێراقی بەگشتی و کوردستانی بە تایبەتی گرتەوە، گەلێك شارو شارۆچکە و کەرکووکیشی گرتەوە، بەڵام دیار بوو بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە مانەوەی رژێمدا بوو، جارێکی تریش گەلانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کەوتەوە بەر شاڵاوی کوشتن و کوشتار، لە کوردستاندا بەناچاری کۆرەوە میللیەکەی کورد دەستی پێکرد، بەڵام زۆری نەبرد بەبریاری هاوپەیمانان، ناوچەی ئارام و دژە فرین دامەزرا، گەلەکەشمان توانی زۆر لەخۆبردووانە بە پشتیوانی لایەنە سیاسییە کوردستانیەکان لە رێگای یەکەم هەڵبژاردنی ئازادا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دابمەزرێنێ و، ئاوەدانی و گەشەکردن و بوژاندنەوە وئارامی و ئاسایش و بە شێوازێکی دیموکراسیانە بنیات بنێت، بە پشتیوانی بریاری

٩٨٦ی نێو نەتەوەیی ژێرخانی ئابووری کوردستان تا رادەیەك ببوژێنێتەوە، ئێستاش کە بە پێی بڕیاری(١٤٤١)ی نێو نەتەوەیی کە بڕیارە رژێمی عێراق لە گشت چەکە کۆکوژەکانی و دوور هاوێژەکانی دابماڵدرێ و، ئەگەری گۆڕانی رژێم و هاتنە کایەی رژێمێکی فیدراڵی فرە لایەنی لە ئارادایە و لەو قۆناغەدا گەلەکەمان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە یەك ریزی و یەك بڕیاری سیاسیانە هەیە، کە خۆشبەختانە گەلەکەمان بە یەك دەنگی لە گشت کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و، لەلای ولاّتانی جیهان ئەوە بسەلمێنین، هیوامان زۆرە لە ئایندەی نزیك و گەشی ئەم ولاّتەدا فریای سارێژی یەکجارەکی برینی کارەسات و مەرگەساتەکانمان بکەوین و، وەکو پێویست لە هەولی ئاوەدان کردنەوە و گەشەکردن و بوژاندنەوەی هەڵەبجەو گشت شارو شارۆچکەکانی کوردستان و بژێوی و خۆش گوزەرانی بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیان و زیان پێکەوتووەکانمان دابین بکەین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کوردستان بەهەشتی پێکەوە ژیانی گشت جیاوازی سیاسی و ئاینی و نەتەوەییەکانە، خوازیارین بتوانین پێکەوە ژیانێکی عادیلانە و برایانە و ئاشتییانە زامن بکەین، بۆ ئەمەش هەروەك چۆن جەماوەری خۆڕاگری کوردستان پشت و پەنامان بوون، لەسەرخستنی پرۆسە دیموکراسییەکەمان، خوازیارین هەر بەهەمان گڕوتین، هاندەرو بنیاتنەری گەیشتنمان بەو ئامانجە سەرەکییانە بن، کەدیارە بەوەش هەڵەبجە دەبێتە بووکی کوردستان و، هەموو ساڵێك لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا ساڵیادی کارەساتەکەی بە رۆژێکی جیهانی ناودەبرێ و، هەڵەبجەش هەر وەك پێناسە بۆ خەباتی رەوامان بە شکۆداری دەژی.

بەڕێزان، ئەم وتەیەم بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە پێشکەش کردن، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لەم بارەیەوە وتاریان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، ناوی ئەو بەڕێزانە نووسراوە، ناوەکان ئەخوێنمەوە تکاشم وایە ئەوانەی کە قسەکانیان ئەگەر بکرێ، پێویست ناکات ئەوانی تر بیڵێن، چونکە ناوەکان زۆرن، زۆریش پێخۆشحاڵ دەبین کە هەندێك لەو بەڕێزانە ناوەکانی خۆیان بسڕنەوە، ناوەکانیش ئەم بەڕێزانەن،

بەڕێز سعدی احمد پیرە

بەڕێز د. ناسح غفور

بەڕێز مصطفی قادر محمود

بەڕێز شمایل ننۆ

بەڕێز شێخ عفان نقشبندی

بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا

بەڕێز شێخ جعفر علی عبدالعزیز

بەڕێز د. رزگار

بەڕێز ابراهیم سعید

بەڕێز سعید یعقوبی

بەڕێز شێخ محسن

بەڕێز مەلا شاخی

بەڕێز حاکم سەفەر

بەڕێز مامۆستا ڕەئوف

بەڕێزامین مولود

بەڕێزان ئەیخەمە بیرتان کە ئەمانە حەڤدە ناون، دوای ئەوەش دانیشتنێکی ترمان هەیە، لە هۆڵی پەناگیری کە میوانەکانی هەڵەبجە لەوێ قسەمان بۆ دەکەن، ئەمەش بە فرسەت دەزانم کە بەخێرهاتنێکی گەرمیان بکەم، کە ئیمرۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەن، هەندێکیان زەحمەتیان کێشاوە هاتوون بۆ ئێرە، هەندێکیشیان لێرەن، جارێکی تر بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەم، بەڕێز کاك امین مولود ناوی دەسرمەوە لەگەڵ کاك سعید یعقوبی، زۆر سوپاس، ئێستاش کاك سعدی پیرە، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ پانزە ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەی کە دەرهەق خەلکی بێ تاوانی هەڵەبجە کرا، تاوانێکە کە بێ وێنەیە لە جیهان، بۆ یەکەم جار رژێمێك بە چەکی کیمیاوی کە ئەو کات ناو دەبرا بە چەکی ئەتۆمی پیاوی بچوك، یا وڵاتی بچوك، میللەتی خۆی قڕ بکات و، یان میللەتی خۆی بۆردوومان بکات، زۆر لایەن هەبوو، کە وەکو لە وتەکەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش هەبوو، کە هەوڵی دەدا پەردەی بێ دەنگی، دیواری بێ دەنگی لە دەوری ئەو تاوانەی رژێمی عێراق بکێشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانەکە ئەوەندە گەورە بوو، لەبەر ئەوەی تاوانێکی ئەوەندە ویژدانی هەموو کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی، ویژدانی رای گشتی جیهانی هەژاند، توانی وەربچەرخێنێ، ببێت بە یەکێك لە هاوتای هەردوو شارەکەی تری کە بە (ه)دەست پێدەکات هێرۆشیماو هانۆڤەر، هەڵەبجە تەقریبەن بوو بە هیمای گەلی کوردستان و، مەسەلەی کوردی زۆر زیاتر، بە جیهان ناساند و، بوو بەهەنگاوی یەکەمی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی کە خەتەری رژێمی عێراق دەرەك بکات، کە تا چ رادەیەك ئەم رژێمە ئامادەیە بڕوا لە هیچ شێوەیەك لە چەکەکانی قەدەغە کراو لە نێو نەتەوەییدا ناسەلێتەوە وبەکاری دەهێنێت، ئێمە جگە لەوەی بەناوی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، فراکسیۆنی سەوز، هاوخەم و هاوکار دەبین و، شەریکی غەم دەبین لەگەڵ کەس و کاری قوربانیانی هەڵەبجە ئەوەی لە توانامان بووە، وەکو لە داهاتووشدا هەروەها دەیکەین، هەوڵ دەدەین بۆ کەم کردنەوە خەمیان و، لەبیر بردنەوەی بەشێك لە ئازارەکانیان، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە ئەمڕۆ مەوقیعی هەڵەبجە لە دنیا، مەوقیعی هەڵەبجە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، مەوقیعی شەهیدەکانیان لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەی، کێ هەیە لە دنیا عومەری خاوەر نەناسێ؟ کێ هەیە ئەم رسمەی هەڵەبجەی نەدیبێ کە ئێستا پێش کەمێك لەم شاشەیە نیشان درا، دڵنیا بن کە بە تەحەملی ئازاری خۆیان توانیویانە مەسەلەی کورد و قوربانیەکانیان، بە گیانی خۆیان توانیویانە مەسەلەی کورد ببەن بەرەو قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو تر، بۆیە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە هەموو کۆڕەو کۆبوونەوەکانی پەیوەندی بە گۆڕینی رژێمی عێراق هەیە، مەسەلەی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، وەکو یەکێك لە بەڵگە زیندووەکان دەهێندرێتەوە، کە ئەم رژێمە لەلایەن کۆمەڵگەی نێو نەتەوەییەوە قابیلی تەحەمول نییە،

پێویستی بە گۆڕانە، دەبێت زەمانەتێك بۆ گەلی كورد لە كوردستانی عێراقدا بكرێت، چونكە كارەساتی وا مومكینە دووبارە ببێتەوە، دەبێت سیستەمی فیدراڵی لە عێراق بەگشتی و، یەكێك لەو فیدراڵیە بۆ گەلی كوردستان بێت، چونكە دەبێت دەستەڵاتی حكومەتی مەركەزی كز بكرێت، بۆ ئەوەی هیچ حكومەتێكی تر نەیەت لە ئایندەدا، توانای بەكار هێنانی چەكی كیمیاوی هەبێت و، توانای بڕیاری لەو بابەتەی هەبێت، كە بڕیارێكی قەدەغە كراوی محكوم كراوە لە دنیادا، چەك لەو بابەتە بەكار بهێنرێن لە دژی میللەتی خۆیان، بۆ ئەوەی كاتی بڕادەرانی تر نەگرم، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، داوا بكات بە ئیسرارەوە، كە لیژنەیەكی پشكنین بەكار بهێندرێت، لە چوارچێوەیەك، چ لە ئیتیحادی ئەورووپی، چ لە نەتەوە یەكگرتووەكان، بۆ لێكۆڵینەوە لە هەموو ئەو لایەنانەی كە هاوكار بوون لە بۆردومان كردنی هەڵەبجە، لە بەرهەم هێنانی كەرەستەی خاو، لە ئامادە كردنی كۆكتێلەكەی نێردرا بۆ هەڵەبجە و، لەو كەسانەی كە جێ بەجێیان كردووەو، ئەو كەسانەی كە بڕیاریاندا جێ بەجێ بكرێت و، من پێم وایە ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە، كە داكۆكی لەوە بكرێت، ئەو وڵاتانە هەڵوێستی سیاسی وەرگرن و، ئەو لایەنانەی، چ كۆمپانیا پرایڤە، چ شەخس، كە بەشدارن لەو ئیشە بدرێنە دادگا و، سزا بدرێن، چونكە ئەوە نەك تەنها دژی شارێكی بچووك و بێ تاوانی وەك هەڵەبجە بووە، بەڵكو دژی میللەتی خۆشیان بووە، چونكە ناوی میللەتی خۆیان دەزڕێنن و، ناكۆكی و لاپەڕەیەكی ڕەش لە پەیوەندی نێوان گەلی كوردستان و ئەو میللەتانە تۆمار دەكرێت، كە گەلی كورد خۆی نەیویستووە شتی وا بكرێت، جگە لەوەش من حەز دەكەم كەسوكاری شەهیدانی هەڵەبجە و، جەماوەری قارەمانی هەڵەبجە لەوە دڵنیا بكەمەوە، كە سەركردایەتی سیاسی كوردستان، بەهیچ شێوەیەك شاری هەڵەبجەی لە بیر نەكردووە، تەنانەت لە بەیانی سیاسی كۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش یەكێك لە خاڵەكانی مەسەلەی تاوتوێ كردن، مەسەلەی هەڵەبجەیە و، ڕەنگە كۆمیتەیەك یان سەركۆمیتەیەكی تایبەتی بۆ دابنرێت، كە لەو مەوزوعە بكۆڵێتەوە و، لێكۆڵینەوەی ئەو مەوزوعە پەیوەندی هەیە بەو خاڵەی یەكەمی كە ئێستا باسم كرد و، خاڵی دووەمیشی: چۆن دەتوانرێت قەرە بوو بكرێتەوە، ئاوەدان بكرێتەوە.

من ئەوە دەسەلمێنم كە هەڵەبجە بە حوكمی وەزعی تایبەتی خۆی و بە حوكمی ئەو نائارامیەی كە لە هەڵەبجەیە، كە لە چەند ساڵانی ڕابردوو هەبووەو، نەتوانراوە وەكو پێویست خزمەت بكرێت و، داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت، كە بودجەی تایبەتی لە ئایندەدا بۆ دابنرێت، هەروەها داوا لە هەر گۆڕانكاریەكی لە حكومەتی مەركەزی بكرێت، كە هەڵەبجە ئەو ڕێزەی لێ بگیرێت كە موستەحەقیەتی، كە ئەویش یەكێكە لە خاڵە هەرە گرنگەكانی، كە ئەمڕۆ كورد لە ڕێگای هەڵەبجەوە، لە ڕێگای بەكارهێنانی كیمیاویەوە، بەشی زۆری داخوازیەكانی خۆی دەچەسپێنێ و، كۆمەڵگای نەتەوەیش بووە بە بەڵگەیەكی زیندوو، بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق، جارێكی تر سوپاس، هەوروەها سوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمان و خۆمان دەكەین، كە توانیمان لەم ڕۆژەدا یادی (١٥)مین ساڵی بیرەوەری شاری هەڵەبجە بكەین بە خاڵێكی ئەم كۆبوونەوەیەمان، بە چاودێری ژمارەیەكی زۆر لە هۆیەكانی ڕاگەیاندنی جیهانی، كە لە شەڕی عێراق و ئەمریكا هاتونەتە ئێرە، هیوادارین كە بەشێك لە ئازاری كەسوكاری شەهیدان كەم بكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعدی پیرە، بەڕێز د. ناصح غفور.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگە بدەن پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنی کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە و نوێنەرانی شاری هەڵەبجە بکەین، کە ئەمڕۆ لەگەڵماندا لەم کۆبوونەوەیە ئامادەن، جارێکی تر بەبۆنەی تاوانە گەورەکەی هەڵەبجە، کە بوو بەهۆی ئەو کارەساتە گەورەیەی کە لە هەڵەبجەدا ڕوویدا، ئەو تاوانە گەورەیە تاوانبار و ریسوا بکەین و، داوای سزا دانی تاوانباران بکەین و، هەروەها هاوبەشی خۆمان بۆ خەم و پەژارەی خەڵکی هەڵەبجە و کەسوکاری شەهیدان دووپات بکەینەوە، بەڵێنیان پێ بدەین، ئەوەی لە توانماندا بێت، بۆ خزمەت کردنی هەڵەبجەی شەهید و کەسوکاری شەهیدان و دانیشتوانە سەر بەرزەکەیان، ئینشائەڵلا درێغی نەکەین، چونکە هەڵەبجە زامێکی قووڵە لە جەستەی کورد و کوردستاندا، وا بە ئاسانیش سارێژ نابێتەوە، ئەم کارەساتە گەورەیە، کە لە ئەنجامی پیادە کردنی سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆریی فاشیست و ڕەگەز پەرست بەسەر گەلەکەماندا دروست بوو، پێنج هەزار شەهیدی لێ کەوتەوە، بێ لەوەی کە چەندها پەککەوتەو بریندار و زیان پێ گەیشتوو هەبوو، یەکەم جار بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕژێمێك دژی دانیشتوانەکەی خۆی ئەوها دڕندانە چەکی کۆ کوژی کیمیاوی بەکار بهێنێت و گەلێك قڕ بکات، بێگومان ئەگەر ئەو کاتە وڵاتان و (UN) و وڵاتە زل هێزەکان لە بەکارهێنانی ئەو چەکە کۆ کوژە و لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە بە جواب بهاتبانایە، ڕژێمی بەغدا بەردەوام نەدەبوو لەسەر ئەو سیاسەتە ناڕەوایەی، کە بوو بەهۆی (١٨٢) هەزار بێ تاوانی تری لە گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان ئەنفال بکرێن، ئەو هەموو کارەساتانەی تری کە لەدوای خۆی، چ لە عێراق، چ لە ناوچەکە دروست کرد، کە ئێستاش سوورە لەسەر دروست کردن و عەمبار کردنی چەکی کۆ کوژ و کیمیاوی و بایەلۆژی و ڕووکێتی دوور هاوێژ بۆمبای هەمەجۆر، بۆ ئەوەی بەکاری بێنێت، دژی گەلەکەی و گەلانی دراوسێ، بێگومان هەڵوێستی ئەمڕۆی بەریتانیا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرامبەر بەم ڕژێمە دڕندەیە، بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری (١٤٤١) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و داماڵینی ڕژێمی ناوبراو لەو چەکە کۆ کوژانەو، تەنانەت تا ئاستی ئەوەی لەناو بردنی ئەم ڕژێمە و نەهێڵانی و دادگایی کردنی سەرکردە تاوانبارەکانی، جێی سوپاس و پێزانینی هەموو گەلی کوردە، بەتایبەتی خەڵکی سەربەرزی هەڵەبجە، خەڵکی سەربەرزی شاری هەڵەبجەی شەهید، بۆیە ئێمەی کورد داوا لە وڵاتانی تری زل هێز، بەتایبەتی فەرەنسا و ڕوسیا و ئەڵمانیا دەکەین، کە ئەوانیش هەڵوێستیان یەك بخەن لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا، بڕوا بە تاکتیك و فروفێڵی سەددامی دیکتاتۆر نەکەن، هەرچی زووترە بەو هەڵوێستەیان بتوانن گەلی عێراق لەو دێوە زەمەیە، گەلی ناوچەکە لەو دێوە زەمەیە ڕزگار بکەن و، گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و میللەتانی تری عێراقەوە ڕزگاریان بێت و دەورو دراوسێش و، هەروەها بەرژەوەندیەکانی خۆشیان لە ئەنجامی نەمانی ئەم ڕژێمە پارێزراو دەبێت، بۆیە جارێکی تر کارەساتی هەڵەبجە، تاوانبارانی

کارەساتی هەڵەبجە، تاوانبار دەکەین و، خەم و پەژارەی خۆمان دووبارە دەکەینەوە، بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و کەسوکاری هەڵەبجەی شەهید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. ناصح، لەجیاتی لیستی بزووتنەوەی ئاشووریەوە کاك شەمائیل نەنۆ.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

في البداية لا يسعنا إلا أن ننحني إجلالاً لأرواح شهداء حلبجة، ولأرواح شهداء الحرية في كل مكان، هذا اليوم هو يوم تأريخي حقيقة، فبرغم الآلام هذا اليوم يعد نقطة ساطعة في النضال الطويل والدامي لشعب الكورد الشقيق من أجل الحياة، ومن أجل الحرية، ومن أجل الحقوق، هناك محطات كثيرة في تأريخ الشعب الكوردي، الشعب الكوردي المعطاء، ولم يبخل بالتضحيات من أجل حقوقه، ولكن هذا اليوم، هذا الحدث الكارثة سلطَ الأضواء بشكل مركز على هذه المسيرة، مسيرة الشعب الكوردي ونضاله، ومعاناته، ومعها كشف أيضاً معاناة العراقيين جميعاً، من جانب آخر، هذا الحدث المأساوي، كشف الوجه الحقيقي البغيض للنظام الدكتاتوري، فلم يحصل أن أستخدم نظام في العالم أسلحة الدمار الشامل تجاه مواطنيه، فكان هذا خير دليل لكشف النظام وفضائع النظام، ولحد اليوم إذ تتجه الإشارة الى سلوك هذا النظام، تأتي حلبجة على رأس الاحداث التي تذكر، ككارثة وكفعل إجرامي بحق أبناء الشعب العراقي، وأبناء الشعب الكوردي خصوصاً، ويوم أمس كدليل على هذا استمعنا الى الرئيس بوش أيضاً وأشار الى هذا اليوم، في الحقيقة هناك الكثير مما يمكن أن يقال في هذا اليوم، وأنا أذكر في سنوات سابقة قبل أن يلتم شمل كلنا في هذه المناسبة نناشد الاخوة، أنه خير وفاء لأرواح حلبجة ولكافة التضحيات ووحدة الصف، الحمد لله اليوم تكتحل العيون بوحدة الصف و وحدة الموقف، نتمنى أن يستمر هذا ويتصاعد من أجل تحقيق طموحات من أختار الموت من أجل أن يعطي الحياة لأجل الاخرين، المجد والخلود لأرواح شهداء الحلبجة، والخزي والعار لصدام والقتلة في بغداد، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شمائل ننۆ، بەڕێز کاك مستەفا چاوڕەش.

**بەڕێز مصطفى قادر محمود (چاوڕەش):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پرسەو سەرە خۆشی لە هەموو کەسوکاری قوربانیەکانی هەڵەبجە دەکەم، هەڵەبجەش زامەکەی ئەوەندە گەورەیە، کە کەس ناتوانێت خۆی لەبەر دەمیدا رابگرێت و، وەکو برادەران باسیان کرد، قەزیەکەی ئێمەشی گەورە کرد و، هەر لێرەشەوە بەخێرهاتنی ئەو میوانانە دەکەم کە لە هەڵەبجەوە هاتوون، دیارە من حەز دەکەم شتێکی پێش ئەوە، دیارە گەورەیی هەڵەبجە پێشەکی وەك باسم کرد، ئەوەندە گەورەیە، کە کەس ناتوانێت ئەوە لەبیر بکات، بەڵام رژێمی دیکتاتۆری بەرامبەر بە میللەتەکەمان پێش هەڵەبجەش شتی زۆر کردووە، یەکێ لەو شتانە، رەنگە من خۆشم حەزم نەدەکرد، بۆ ئێوەی باس بکەم، هەر لە بنەماڵەی خێزانی خۆم دوو

خوشك و دوو برایی لەخۆمان، لە شۆڕشی ئەیلولدا لە ساڵی ١٩٧٤ نزاری برام بەبەر فسفۆر کەوت لەگەڵ کاك نەبەزدا، کە ئێستا لە لقی چوارە، ئەوانە ئێستاش وا دەناڵێن بە دەست برایی و گوێ براوی، حکومەتی رژێمی دیکتاتۆری بوو لە ساڵی (١٩٧٤)کە فسفۆری بەکار هێناوە، لە زۆر شوێنی تریش بەکاری هێناوە، لە پێش هەڵەبجەش لە ١٩٧٨/١١/٢٤ ئێمە کۆمەڵێك خەڵك کە مەقەڕمان لە دەرەوە بوو بە ژەهری سالیۆم کە هەموومان دەرمان خوارد کراین، کۆمەڵێك خەڵکمان بەرکەوتن، من دایکم شەهید بوو، بێستونی مەلا عومەر شەهید بوو، سەریعەی مەلا موحەڕەم شەهید بوو بە ژەهری سالیۆم، ئەوانەی کە سەقەت بوون و، هەندێکی بە پەلە گەیاندران، دکتۆر محمود عوسمان، عەدنان موفتی، سامی شۆڕش، کۆمەڵێك لەوانەی کە بە شەل و سەقەتی بوون، من خۆم و تریفەی خوشکەزام و، شەهید عوسمانی قالە منەوە، جەلالی مینە بەگ، ئاوات، ئەمانە کۆمەڵێك خەڵك بوون، ئینجا مەبەستی من لەو مەسەلەیە، عێراق هەرچیەکی بۆ کرا بێت بەرامبەر بە میللەتەکەی ئێمە، بێجگە لە هەڵەبجە، بە فسفۆر بە سالیۆم بەکاری هێناوە، شاری سەردەشتی قارەمان، ئەویش شارێکە لە کوردستان کۆمەڵێك خەڵکی بەرکەوت هەمووی شەهید کران بە بۆمبی کیمیاوی، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە تاوانێکی گەورەیە و، هەقە ئێمە دائیم داوا بکەین و، دیکیۆمەنتی ئەساسییمان هەبێت کۆ بکرێتەوە، رژێمی دیکتاتۆرو سەددام سەری لە کوێ و قەلبی لە کوێ و، چەند رۆژێکی ماوە، هیوادارم ئێمە هەموومان داوا بکەین، بڵێین ئەگەر رزگاریشی بوو، بدرێت بە دادگاو لە کۆڵ ئەو تاوانانە نەجاتیان بێت، جارێکی تریش سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی هەڵەبجە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك مستەفا، بەڕێز کاك حمە عەلی تۆفیق فەرمووو.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ ٢٠٠٣/٣/١٦ یادی رۆژێکی رەش و تاڵ و پڕ مەترسی و کارەساتی شەهید بوونی پێنج هەزار کوردی شاری هەڵەبجەی شەهید پەروەر دەکەینەوە، لەم رۆژەدا لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی رق و کینەی دوژمنانی گەلی کوردەوە ئەنجام درا.

بەڕێزان: هەر کە ئەم رۆژە ناهەموارانەی ساڵانە دێتەوە، ئیتر ئێمەی هەڵەبجەیی دەچینەوە ئەو سات و کاتانەی، کە ئەو تاوانەی بەرامبەر شارەکەمان و دانیشتووە هەژار و دێیە بەرگریەکەی کرا، بەڕاستی نازانم بڵێم ئەمە نە ویژدان و نە هیچ ئادەمیزادێك لەسەر رووی ئەم زەمینە ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، جگە لەو خوێن مژو دڵ رەقانە نەبێت، کە بەم کارانە هەستان و هیچ کاتێك نەبیستراوە و نەبینراوە، کە دەستەڵاتداری وڵات بەم شێوازە بکەوێتە گیانی هاووڵاتیانی خۆی، کە رەش و سپی لە یەك جیا نەکاتەوە و، بە ژەهری کیمیاوی هەوڵی کوشتنی و خەنکاندنی بدات، شارێك نزیکەی (٧٥) هەزار هاووڵاتی خۆی لەناو بەرێت.

بەڕێزان: من ناچمە ناو درێژەی چۆنیەتی ئەو کارە پڕ لە شارمەزارییەی رژێمی عێراق، کە چۆن و چۆنی ئەنجامدا، چونکە زۆری لەسەر گوتراوە و زۆر لە وردەکاریەکانی ئەو کارەساتە گێڕاوەتەوە، تەنها من ئەوەندە دەڵێم کە لەو کاتەدا ویژدانی مرۆڤی هەستان، بەتایبەتی بەرامبەر

گەلی کوردی هەژار و بێ دەسەڵات و بێ پشت و پەنا کەم بوو، تەنها کۆماری ئیسلامی ئێرانی توانی یارمەتی دانیشتوانی ئەو شارە بدات بەگواستنەوە و تیمار کردنی بریندارەکان و، حەوانەوەیان و، هاوکاری کردنی لە شاردنەوەی تەرمی شەهیدەکان و، گواستنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە نەجاتیان ببوو لەو مەرگەساتە، کە هەمیشە جێگای سوپاسن، پێش ئەم کارەساتەش رژێمی عێراق چەندین تاوانی دەرهەق ئەم شارە ئەنجام داوە، لەوانە تاقی کردنەوەی چەکی قەدەغە کراوی ناپاڵم، کە لەساڵی ١٩٧٤ دا بەکاری هێنا، هەروەها تاوانی زیندە بەچاڵ کردنی دەیان کەسی بێ گوناه، ئەمانەش هەمووی لەبەر ئەوە بوو، کە ئەم شارە شارێکی نیشتمان پەروەر و شارێکی رۆشنبیران و وشیار و راپەرین بوو، هەمیشە پشتیوانی لە شۆڕشەکانی گەلی کورد کردووە، بەڕێزان، ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ بوترێت، کە خۆش بەختانە لە پاش چەند ساڵێك لەو تاوانە گەورەیە لە هەڵەبجە و چەندین شوێنی تری کوردستان، وەکو بالیسان و شێخ وەسان و قەرەداغ و بادینان، کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی هەستی پێ کرد، کە ئەم چەکە کۆکوژیە لەلای رژێمی عێراق هەبووەو، مەترسیدارە، بۆیە رایەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان دروست بوو، بۆ لەناو بردنی ئەم چەکە خەتەرناکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتێکڕای دەنگ، بۆ لەناوبردنی ئەم جۆرە چەکانەی رژێمی عێراق، بڕیاری ١٤٤١ی دەرکرد و، دەست بەکار بوون، تا ئەم رۆژەش ململانێی زۆر هەیە لەسەر پاك کردنەوەی یەکجارەکی چەکەکان، کە ئێمە دڵنیاین رژێمی عێراق ئەو چەکەی هەیە و ماوەیەتی، پێویستە لەناو ببرێدرێت، هەر بۆیە ئێمەی خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری، کە پاشماوەی کارەساتی زیانی ئەم چەکەین، هەمیشە داوامان لە هەموو دۆستانی کورد و خێرخوازان و دەسەڵاتدارانی جیهان، بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە کردووە، کە هەوڵی لەناو بردنی بدەن لەناو عێراقدا و، ئێستاش ئومێدەوارین ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی باش بێتە جێ بەجێ کردن و رژێمی عێراق ناچار و مل کەچ بکەن بۆ لەناو بردنی و، هیچ فرتو فێڵێکی لێ قەبول نەکرێت، کە ببێتە هۆی مانەوەی یان شاردنەوەی و، پاشانیش تاوانکاران بدرێنە دادگای نێو دەوڵەتی، بۆ ئەوەی ببنە نموونە، بۆ گشت ئەوانەی تر کە بەنیازی کۆ کردنەوەو حەشاردان و بەکارهێنانی ئەم چەکە ترسناکەن.

بەڕێزان: بە پێویستی دەزانم بەناوی شاری هەڵەبجەی شەهید پەروەرەوە سوپاسی ئەم هەموو کەسایەتی و لایەن و رێکخراو و مرۆڤ دۆستانە و ئەو وڵاتانە بکەم، کە پشتگیریی و هەوڵ و کۆشش دەدەن، بۆ لەناو بردنی ئەو چەکە کۆکوژەو، گەلی کورد و گەلانی عێراق لەدەستی رزگار دەکەن.

بەڕێزان، لەسەر ئاستی ئاوڕ دانەوەیەك لە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری، دەمەوێ بڵێم لە پاش راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا بەو شێوەیە نەبووە، کە جێگای رەزامەندی ئەو خەڵکە غەدر لێ کراوە بوو بێت، رەنگە هەندێ شتی بچووك بچووك کرا بێت، کە جێگای سوپاسە، بەڵام ئەو شتانە، چ لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو هاوکاری و قەرە بووی زەرەرو زیانەوە هیچ نەکراوە، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر شایستە ترە، کە دەنگی زوڵاڵی و غەدر لێ کراوانی هەڵەبجە لەم مینبەرەدا، بە ئێوەی بەڕێز و گشت خاوەن ویژدان و دۆستانی گەلی کورد رابگەیێنم بەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم: داوا لەو کەسایەتی و لایەن و وڵاتانە دەکەین، کە ئێستا هەوڵی پشتگیریی کردن لەو ڕژێمە دەکەن، با چاوێك بەو تاوانە گەورەیەدا بخشێننەوەو ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر و، هەندێك بەزەیی بە گەلی کورد و گەلانی عێراق بێتەوەو، لەو مەترسیانە ڕزگاریان بێت.

دووەم: داوا لە دەستەڵاتدارانی جیهان و، بەتایبەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، کە لایەك بە تەواوەتی لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بکەنەوەو، شارەکە ئاوەدان بکەنەوەو، زەرەر و زیانی ئەو خەڵکە لێ قەوماوە قەرەبوو بکەنەوە، کە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە.

سێیەم: داوا لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەرنامەیەکی هەبێت بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق، بۆ تەرخان کردنی مەبلەغێك، بۆ بژاردنی زیان و زەرەری هاووڵاتیانی ئەو شارە، کە بەڕاستی زەرەرمەند بوون و، هەموو سەروەت و سامانیان لەو کارەساتەدا لەدەست داوە، هەروەها داواکارین بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری مانگانە بۆ گشت ئەو شەهیدانە ببڕدرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانە شەهیدێکی غەدر لێ کراو بوون و کەسوکاریان هەژارن، لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی ئەو شەهیدە سەربەرزانەو کەسوکاریان و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەنێرین و، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك حمە عەلی تۆفیق، بەڕێز کاك بەکر حاجی سەفەر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر حاجی سفر غلام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زامەکانی هەڵەبجە هەرچەندی لەسەر بڵێی تەواو نابێ کۆتایی نایێت، هەڵەبجەی ئێمە خوالێخۆش بوو حەسیب قەرەداغی باشی بۆ چوو بوو، کە یەکەم جار ئەو دەستەواژەی بەکار هێنا، زامێکی قووڵە و، یەکێکە لەو تاوانانەی لەو سەردەمە باوەڕ نەدەکرا بکرێت، ئەگەر باسی ناکازاکی و هێرۆشیما و مەزەب و تۆڵ بکەین، ئەوانە دیارە تاوانەکانیان زۆر زۆر گەورە بوو، بەڵام لە شەڕێکی گەورەدا بوو، زامەکەی هەڵەبجە، تاوانەکەی هەڵەبجە تاوانێك بوو بەرامبەر بە میللەتێکی مەزلوم، بەرامبەر بە میللەتێك کە مستەهەقی نەك هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو مستەهەقی خزمەت کردن بوو، لە کاتێك کە کورد دووچاری شەڕی ئێران و عێراق ببوو، لە کاتێك کە کورد دووچاری ئەنفالی یەك ببوو، ئا لەو کاتە داخی بەعسییەکان، داخی فاشیستەکان ئەوەندە زۆر بوو، چەندیان بتوانی بوایە، چەند بۆیان بکرا بوایە، بزووتنەوەی ئازادی و دیموکراتی خەڵکی کوردستانیان پێ شێل دەکرد، هەڵەبجە کە لانکەی شاعیران بوو، هەڵەبجەی ئەحمەدئاوەو زەڵم و شنرۆتێ و شرام، هەڵەبجەی زەلەکێو و گوڵان و هەموو سەیرانگاکانی تری، لە کاتێکدا شەهید کرا، کە خەڵك چاوەڕێی ئەوە بوو سەیرانی تیادا بکات، خەڵك چاوەڕێی ئەوە بوو بەخۆشی ئارامی تیا بگرێت، هەڵەبجە یەکێکە لەو شوێنانەی کە لە مانگی چواردا، دەبێتە جێگەیەك بۆ سەیر کردنی هەموو کەسێك بۆ خۆشی، جێگەی حەوانەوەی خەڵك، بەڵام ئا لەم وەختە زەفەری پێ برد و هەڵەبجەی شەهید کرد، هەڵەبجە کە لە دێر زەمانەوە هەر جێگەی عیلم و فەن و شیعر نەبووە، بەڵکو جێگە و پەنای تێکۆشەران و، ئەو کەسانەش بووە، کە لەدەستی زوڵم هەڵاتوون و لە هەڵەبجە ئارامیان گرتووە، لە هەڵەبجە درێژەیان بە خەباتی خۆیان

داوه، هەڵەبجەییەکان ئەو ڕاستیانە باش دەزانن، کە خەڵکی تێکۆشەری وەکو کاکەی فەلاح و ئەحمەد حەلاق و شەهید برای مەحمەی و چەندین کەسی تر لە هەڵەبجە چۆن درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە، چۆن تێکەڵی جەماوەری هەڵەبجە بوون و، چۆن ڕێگەیان بۆ خۆش کراوە، کە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، یەکەم کۆبوونەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە مەنتیقەکانی ئێمە، لە دێیەکانی هەڵەبجە و باشتر بڵێین لە تەپلی سەفاوە سەرچاوەی گرت، کۆمەڵانی خەڵکی هەڵەبجە، هەمیشە لەو کۆمەڵانە بوون، کە ئازارەکانی کوردیان دەزانی، لەو کەسانە بوون کە هەموو جارێ دژی زوڵم و چەوسانەوە خەباتیان کردووە، ئەگەر شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف و بێسارانی و گۆرانی نەمر و صالح هەژار و عەین شەونم بخوێنینەوە، هەموو بوارەکانی ژیانی تیادا هەیە، هەموو بوارەکانی ژیان لە هەڵەبجەوە هەڵقووڵاوە لەلای ئەوان، ئەو هەڵەبجەیە کە پێویستی بەوە بوو کتێبخانەکانی ئاوەدان بکرێنەوە، کە پێویستی بەوە بوو مزگەوتەکانی لە جاران پۆشتە تر بکرێنەوە، کە پێویستی بەوە بوو خەڵکەکەی باشتر هاوکاری بکرێن، ئەو هەڵەبجەیەی کە لە ڕاپەڕینەکانی دژایەتی کردنی دوژمندا دائیمە لە پێشەوەی پێشەوە بوون، ئەو هەڵەبجەیە موستەهەقی ئەوە نەبوو، کە فاشیەکی وەکو سەددام حوسێن و حزبێکی کۆنەپەرست و شت تێ نەگەیشتووی وەکو حزبی بەعس تاقی کردنەوەکانی خۆیان لێیەوە ئەنجام بدات، زوڵم و زۆرداری ئەو ڕژێمە گەیشتبووە ئەو پلەیەی کە بینیان لە دوای ئەو کارەساتەی لە هەڵەبجە کردیان دەنگی داوەتەوە، لە دنیادا دەیانەوێ وەکو کورد دەڵێ دیزە بەدرخۆنەی بکەن، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە عەینی شتیان لە شاناکسی دووبارە کردەوە، کە زیاتر لە (٤٥٠) پێشمەرگە، یەعنی هەرچی تیا بوو هەمووی بەرکەوتن، زیاتر لە (٥٠) کەسیان لە پێشمەرگە شەهید بوو ئەوانەی تریان هەر هەموویان بریندار بوون، ئەوانەی ماونەتەوە برینەکەیان تاکو ئێستا تەئسیری لەسەر هەندێکیان هەر ماوە، هەندێکیان کوێر بوون و، هەندێکیان شەل بوون و، هەندێکیان دەکۆکن، هەندێکیان هەر معەوەق بوون و، ئێستا هەر لەماڵەوە کەوتوون، هەندێکیان گەیشتوونەتە ئەوروپا لەوێ چارەسەر دەکرێن، ڕژێمێکی ئاوا کە هەرگیز بیر لە بەزەیی ناکاتەوە، ڕژێمێکی ئاوا ئەوەی کە بە ئێمەی کردووە، بە ڕەفیقەکانی خۆشی کردووە، لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا خەڵك هەڵدەستێنن و لە ژوورەکەی تردا ڕەمی دەکەن، ڕژێمێکی ئاوا هی دۆستایەتی کردن نییە، ڕژێمێکی ئاوا هەموو توانایەك و هەوڵێکی بۆ ئەوەیە پارێزگاری لەم چەکانەی بکات و چەکی تریش لەوانە پێشکەوتووتر پەیدا بکات، لەبەر ئەوە گوێ گرتن لە ڕژێمێکی ئاوا لە مایە پووچی بەولاوە هیچ شتێکی تری تیا نییە، ئێستاش سەیری دنیا دەکەن، ئەوەتا ئەو ناکۆکیانە لەناو مەجلیسی ئەمندا لەسەر ئەو پەیدا بووە، ئێستاش سەددام خۆی بەوە هەڵدەکێشێ، کە خەڵك دژی شەڕە، هەموو کەس دژی شەڕە، دەڵێ ئەوە لە خۆشەویستی سەددامە ئەوە دەکەن، ئێمە پێشنیارەکانمان ئەوەیە، کە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ، هێشتا خەتەری سەددام ماوە، لەم گۆڕانکاریە هەرە گەورەیەی کە ئێستا بە ڕێگەوەیە، خەڵك ئێستا چاوەڕێی ژیانێکی خۆش دەکات، خەڵك چاوەڕێی ئەوە دەکات لە هەڵەبجە نیتر سەیران بکات، هەڵەبجەییەکان و خەڵکی تر چاوەڕێ دەکەن بۆ خۆشی لەمەودوا بچینە هەڵەبجە، بۆ تەعزییە نەچینە هەڵەبجە، ئەوانە پێویستیان بە هەندێ شت هەیە، کە پێویستە بکرێت، لەو هەڵەبجە کە ئەو هەموو کارەساتەی تیا بووە، ئێستا هەر هەڵەبجە موهەددە،

که لەناو هەڵەبجە تەقینەوە بکرێت، لە هەڵەبجە خەڵك دەتەقێننەوە لە هەڵەبجە موئامەرە دەکرێت، لە هەڵەبجە لەو شوێنانەی خەڵك دەیەوێ بچێت بۆ سەیران ئەنواع و ئەشکال شت دەکرێت، کە خەڵکی هەر هەڵەبجە و شارەزوور نا لە سلێمانیش خەڵك ناثارامە، خەڵك لە هەموو کوردستان ناثارامە جروجانەوەرێك لەوێ دروست بوون، کە شتەکانی سەددام و ئەوانەی کە حزبی بەعس دەیان کرد، ئێستا بەهۆی خەڵکی وەکو عەقید وائیلەوە دەیکەن، کە یەکێکە لە زابتە ئیستخباراتەکانی عێراق و رەفیقەکانی ئیعتیراقی لەسەر دەکەن لەوێ سەرکردایەتیان دەکات و رێ نوێنیان دەکات و بۆ شەڕ کردن و، بۆ تەقینەوە و، بۆ هێرش بردن بۆ سەر خەڵکە تێکۆشەرەکانمان لەو ناوچانە، لەبەر ئەوە هەڵەبجە پێویستە تەگبیرێکی باشی بۆ بکرێت. هەڵەبجە تەنیا بە کیمیاویەکەیەوە نەجات بوو رۆیشت و، ئەوخەڵکانە شەهید بوون، هەڵەبجە بوو بە ناسنامەیەکی گەورە بۆ کورد، بەڵام ئێستاش هەڵەبجە وەکو باسم کرد، لەوە دایە کە لەجاران باشتر بیری لێ بکرێتەوە، ئێستاش هەڵەبجە بەدەستی کۆمەڵێك خەڵکەوە گیریان خواردووە، وەکو چۆن سەددام بەهۆی هێز و توانای خۆیەوە لە هیچ شتێك تێ ناگات، ئەوانەش بەهۆی ئەو مێشك و کەللە رەقیەی خۆیانەوە، بەهۆی دووره پەرێزی خۆیانەوە لە هیچ شتێك تێ ناگەن، لەبەر ئەوە چەند گرنگی بە هەڵەبجە بدرێت هێشتا هەر کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك بەکر حاجی، بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیادی پانزەهەمین ساڵی هەڵەبجەی بووکی کوردستان، پێم باشە بە ئایەتێکی پیرۆزی قورئان دەست پێ بکەم (ولا تحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله أمواتاً بل احیاء عند ربهم یرزقون) کارەساتی هەڵەبجە بووە مایەی بەرپابوونی کارەساتێکی ئەبەدی ئەوە لە دوای ئەوە لە هەموو یادێکدا ئەم پرسەیە نوێ دەبێتەوە، زامی هەڵەبجە بووە بە پەڵەیەکی ڕەش بە ناو چەوانی دیکتاتۆرو دیکتاتۆرەکانی جیهانەوە، کارەساتی هەڵەبجە بوو، ناسنامەیەك و بەسنگی هەموو کوردێکەوەیە، سەرەڕای ئەو کۆستە گەورەیە مایەی شانازیە بۆ هەموو کوردێك کە هەڵەبجە وەك چۆن لە هەموو کاتێکدا دەوری مەردانەی هەبووە لە فیداکاری و تێکۆشان، ئەمجارەش پێنج هەزار ڕۆحی پاکی ڕۆڵەکانی کرد بەنیشانەی سەربەرزی و تێکۆشان وکردی بەسینگی هەموو رۆلەیەکی کوردەوە، بۆیە دەبێت ئەم ئەم رووداوە بەکارەساتێکی شەڕ دانەنرێت، بەڵکو بەخاڵی گۆڕان لەدۆر دۆزی کوردی ناو بنرێت، وە لێرەدا من دەپرسم بەرێزان دەڵێم کوروژی سیاسی هەیە، کەلەناوچەکانی هەلەبجەو شارەزوورو هەورامان دا داڵدە نەدراو نەحەوابێتەوە، وە لەنامێز نەگیرابێت، کام شۆرشی کورد هەیە بەر پابوو بێت بەبێ بەشداربوونی خەڵکی دەڤەری هەڵەبجەو شاربازێر و هەورامان، بەتایبەتی شۆرشی پیرۆزی ئەیلوولی و گوڵان و هەموو شۆرشە ئازادیخوازەکانی ترو وە هەروەها شۆرشی شێخی نەمر، کەسێ جار سەردانی ئەم ناوچەیەی کردووە لەکاتی خۆیا، کام زانای ئاینی و رۆشنبیری هەیە، وانەیەکی عیلمی و موعریفی لەو

نامەچەیە وەرنەگرتبێت، لەسەر تاسەری ئیسلام دا کام رۆڵەی تێکۆشەری کوردی هەر چوار پارچەی ئازیز پەنایان نەبردبێتە ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی تێکۆشەرانی گیان رۆڵەنی ساڵی پەنجادا و رەزاو پێش چ رۆلەکانی ئەو ناوچەیە لەوێ حەوابێنەوە، کام دەسەلاتداری عێراق هەیە لەبەر ناو داری و گرینگی ئەو ناوچەیە سەردانی ئەو ناوچەیەی نەکردبێت؟ لەبەر گرینگی هەرلە دوای روودانی کارەساتی شەهید بوونی هەڵەبجە، تا ئەم رۆمان هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەڵەبجە بەتایبەتی بەچەند بارودۆخێکی ناهەموارتێپەریوە، کە بواری وایان نەداوە مافی تەواو بە دەڤەرو بە کەسوکاری قوربانیەکان بدرێت، ئەو کارەساتەی کورد بەگشتی خۆم وەك نوێنەری خەڵکی ئەم ناوچەیە، خاوەن دەیان شەهیدی کیمیاویم و خۆم بەڤەرزاری ناوچەی هەڵەبجەو شارەزورو هەورامان دەزانم، لەیادی پانزەمین ساڵی کارەساتەکەدا بارودۆخی ئێستا جیاوازی هەیە، لەساڵانی تری، چونکە لەکاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە پرۆسەی ئاشتی بەرقەرار بووە، پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەندامە گرتۆتە ئامێز، دڵنیام ئەم بارودۆخە توانیویەتی هەندێ لەئازارو برینی هەڵەبجە کەم بکاتەوە، ئەو برایەتییە و ئاشتیە و یەك بوونە بۆ هەموو کورد دڵخۆشکەرەو ئازار شکێنە، بەتایبەتی بۆخەڵکی ئەو ناوچەیە، کەبەهۆی ناهەمواری بارودۆخی کوردستانەوە هەموو کۆچەو برینەکانی زیاتر بریندار دەکاتەوە، بەرێزان. هەروەها لەیادی ئەم ساڵ هەموو دونیا دەروانێتە دواساتەکان و سەرەمەرگی دیکتاتۆر ئەنجام دەدرێت، ئێمەی کوردیش بەپەرۆشەوە چاوەرێی ئەو رۆژەین، پەنا بەخوا لەداهاتوویەکی نزیك دا زۆر نزیك دا بەلەناو چوونی دیکتاتۆری سەدەی بیستەم، گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی هەلەبجە ئاسوودە دەبێت، رێزداران تا ساڵی پار ئێمە وەك ئێمەی کورد چاوەرێی هەواڵنێرێکی رووناکی رۆژنامەیەکی بیانی بووین، یان دەسەلاتدارێك بووین لە وڵاتێکی عەرەبی یان ئەوروپییەوە، بە وژدانێکی مرۆڤایەتییەوە باس لە ئەو جینۆسایدەو ڤرکردن و قەلاچۆکردنە بکات، کە دەرحەق بە میللەتەکەمان کرا لە لایەن حکومەتی دیکتاتۆری بەغداوە، بەلام کاتێ دەبینین لە یادی ئەم ساڵدا دوێنێ (٣/١٥) سەرۆك (جۆرج بۆش) لە کۆشکی سپی پێشوازی کرد لە کۆمەڵێك کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە، ئەویش (ئیدریس هاواری و لەیلا جاف) بوون، کە ئەمە بەراستی دەورێکی گرینگی هەیە، پێخۆشحاڵییەکی تەواوی هەیە بۆ کەسوکاری قوربانیان و بۆ دانیشتوانی کوردستان، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە لە دۆزی کوردا رویداوەو لە ئاستی جیهان، جا بۆیە دەبێت ئێمەی کورد ئەو هەوڵە پیرۆزە بقۆزینەوە، لە رێی یەکبوونمانەوە بەیەکخستنەوەی خیتابی سیاسی کوردو بۆ زیاتر سەرخستنی قەزیەکەمان، بۆ دابین کردنی مافە رەواکەی گەلەکەمان، بەلام نابێت ئەوە لە یاد بکەین، لەم یادەدا ساتێك بوەستین بزانین ئێمە چیمان کردووە بۆ ئەو دەڤەرەی هەڵەبجە و دەبێت چی بۆ بکرێت؟ بۆیە من لەو سەکۆیە شەرعییە پیرۆزەی پەرلەماندا دەڵێم، داواکانم بە خۆزگەیە، خۆزگە هەوڵدەدرا بۆ قەرەبووکردنی قوربانیان لە دیکتاتۆری بەغدا یان لە رێگای بڕیاری (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، وەکو ئەو قوربانیانەی لۆکەربی کە لە ئەسکەندەر دەرکران و ئێستا قوربانیەکانیان پاداشت دەدرێنەوە، خۆزگە وەك پاداشتێك بۆ خەڵکی ناوچەی شارەزوور و هەورامان بڕیاری پارێزگا بوونی هەڵەبجە بە جیددی کاری بۆ دەکرا، خۆزگە ساڵێکی تر لە کوردستانێکی ئازادو

فیدراڵدا لە دەڤەرێکی هەڵەبجەی ئارامدا، لەناو شاری هەڵەبجە لەسەر مەزاری شەهیدان ئەو کارەساتە بە خۆشەویستی یادی ئەو ڕۆژە دەکرایەوە، خۆزگە ئەو ڕاستیەمان لە یاد نەدەچوو کارەساتی هەڵەبجە ئاکامی شەڕ بوو، بۆیە دەبێت شەڕ و شەڕخوازان لە هەڵەبجە بەدوور بخەین، خۆزگە هەڵوێستی وڵاتانی فەرەنساو ئەڵمانیا بەو جۆرە نەبووایە، هەر وەکو پێشوو بووایە کە فەرەنسا دۆستی هەمیشەی گەلی کورد بوو، خۆزگە بە هەموو لایەك هەوڵ دەدرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوور، چێنشین کردنی خەڵکە ڕاستەقینەکەی خۆی، پاکردنەوەی لە گروپی شەڕەنگێز و خۆفرۆش و بێ بڕوا، کە بەناوی دژ بە ئیسلامەوە هاتوونەتە ئەو دەڤەرە گوایە ئیسلامەتی بڵاو دەکەنەوە، لە کاتێکدا دەڤەری شارەزوورو هەورامان خۆی کانگای بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە، لەڕێی خانەقاوە خانەوادەی سەربەرزو دینیەکانی شێخانی نەقشبەندییەوە لەم دەڤەرەدا، بەڵام بەداخەوە ئەو گروپە شەڕەنگێزە دژ بە ئیسلامە یەکەم جاریان لەو دەڤەرە وەك دەستە دیارییێك بۆ گەورەکانیان هەڵسان بە هەڵکەندنی مەزاری ئەو شێخانە کە لەو دەڤەرەیە، ئەو مەزارە بە رەمزی ئیسلامیەت دادەنرا، خۆزگە بە هەموومانەوە دەمانتوانی جارێکی تر ژیان بە هەموو مایەکەوە بگێڕینەوە بۆ ئەو دەڤەرە ئازیزە، گرینگی بدەین بەهەموو لایەنەکان، ئەو دەڤەرە خاوەنی مێژوویەکی پڕ بەرخودان و ڕۆشنبیری و بەرخودان بووە، خۆزگە ئەنجامدەری ئەم کارە لەبەر چاوی هەموو دونیاوە دادگایی دەکرا، لە دێر زەمانەوە دەڤەری شارەزورو هەورامان و هەڵەبجە کانگای ڕۆشنبیری بووە، خەڵکەکەی حەزیان لە خوێندن و خوێندەواری بووە، ئەوەتا تەنها لە کتێبخانەکانی ئەو دەڤەرە لە بیارەی پیرۆز لە زەمانێکا زیاتر لە دەیان هەزار کتێب چاپکراو و ٣٥٠٠ کتێبی دەست نووسی تیا بووە، یەکەمین جار لە شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٢٢ قوتابخانە کراوەتەوە، بۆ یەکەم جار شەڵەبجە لەگەڵ وڵاتی کوێت کراوە بە قەزا، لە زەمانی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٩٨ و، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری هەڵەبجە کتێبخانەی گشتی کراوەتەوە، کە لەو دواییەدا دەیان هەزار کتێبی تیا بوو، دەڤەری هەڵەبجە دەیان شاعیر و نووسەر و ڕوناکبیری هێناوەتە دونیاوە، فکری ڕۆشنبیری وەك مەولەوی و نالی و ئەحمەد موختارو گۆران و شێخ سەلام و تاهیر بەگ و شارەزووری، ئەو شارە جێگای هەڵقوڵانی چەندەها ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بووە، دژی دیکتاتۆریەت بووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٧ کاتێك کە حوکمی دیکتاتۆریەت گەیشتبووە لوتکە، خەڵکی هەڵەبجە بوێرانە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە لە شاری هەڵەبجە ڕاپەڕین و بە سازدانی خۆ پیشاندانێکی گەورە کە ڕژێمی بەعس بۆ تۆڵە سەندنەوە لە نەتەوایەتی، هەڵسا بە خاپوورکردنی دوو گەڕەکی ئەو شارە و، گرتنی سەدان کەس و زیندە بەچاڵ کردنیان و، دەیان کەس دوای ڕاپەڕین دۆزرانەوە کە کرابوون بە ژێر خۆڵەوە، ئافرەتی هەشتا ساڵەو منداڵی حەوت ساڵی تێدا بوو، بۆیە زیندوو کردنەوەی ئەو دەڤەرە مانای زیندوو کردنەوەی ڕوحی نەتەوایەتییە لەو دەڤەرەدا، کە هیچ خۆفرۆش و دیکتاتۆرێك قبوڵی ناکات، لە دوا ساتدا سەری ڕێز و نەوازش دانەنوێنم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجەو ( ٢٤) مامۆستای شەهیدی کیمیا بارانی هەڵەبجەو بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان و، ئەڵێم بژی کورد، بژی کوردستان و، بەو ئایەتەش وتارەکەم کۆتایی پێ دێنم (ومن المؤمنين رجال صدقوا عليه وماعاهدوا الله منهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا شێخ عفان نەقشبەندی، بەڕێز نهلە محمد سعداللە فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەبجە بوویتە ڕەمزێکی قەومی، لەبەر وەزعی سیاسی و ئاڵۆزی ناوچەکە بە پێی پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە، بۆیە ئێستا بوونی حکومەتێکی یەکگرتوو لە کوردستان بەڕاستی بەزەروورییەتێکی قەومی لە قەڵەم دەدرێت، دەکرێ یەکەم هەنگاوی ئەو تەوحیدە لە هەڵەبجە دەست پێ بکرێت و، یەکەم هەنگاوی دروست کردنی هێزەکانی کوردستان هەر لە هەڵەبجە دروست بکرێت، ئەو کاتە ئەو لایەنە سیاسیانە کە ئیستفادەیان لە ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی وەرگرتووە، بتوانین ڕووبەڕووی ئەو سوود وەرگرتنە ناشەرعییە تەسك بکرێتەوە، ئەوە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم: بەنیسبەت ئەو نەوعە ڕەمزانە بەڕێگای فیلم و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دۆکیومێنت تەوحید بکرێت لە کوردستان، کە شایستەی ئەو ڕووداوە بێت، مانای کتێبی تایبەت بە هەڵەبجە، دۆکیومێنت بە وێنە،فیلمی تایبەت بە هەڵەبجە بەکوردی تەرجومە کرابێت بۆ عەرەبی و ئینگلیزی، ئەو وەسایقانە بە تەوحیدی لە لایەن وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دابنرێت، هەر وەفدێکی بیانی دێتە کوردستان نوسخەك لەو وەسایقانەیان بدرێتێ، ئێستا بەڕاستی هەر شتێك کرابێت لەو ناوچەیە، یەعنی وەك ئەوەیە کە ئاو برژێنییە ناو لم، دیار نییە، بۆیە دەکرێ پێش هەموو شتێك حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکا، هەڵەبجەو ناوچەکانی تر، تا بتوانێ ئاوەدانی بکاتەوە، ڕێگا و بانی بۆ بچێت و، لە ناحیەی مەعنەویەوەش دەتوانێ ئیستفادەی لێ بکات و، خاڵی تریشم هەبوو وەکو برادەران باسیان کرد، تەعویز کردنی خەڵکی هەڵەبجە، هەر وەکو بۆ نموونە ڕووداوی لۆکەربی لە ساڵی ١٩٨٨، وڵاتێکی زل هێزی وەکو ئەمەریکا داوای قەرەبوو بۆ کەسوکاری سەرنشینی تەیارە دەکات، بۆ ئێمە داوای قەرەبوو کردن نەکەین بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی درێژ خایەن بوونە؟ یان تووشی مەعەوەق بوونە، لە ئەنجامی کارەساتی هەڵەبجە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز نهلە خان، بەڕێز شەفیقە فەقێ عبداللە فەرموو.

**بەڕێز شفیقە فقێ عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

لێرەوە سەرە خۆشی لە هەموو کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شاری هەڵەبجە دەکەم بەتایبەتی و، هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی کە لەو کات و ساتە دابوو، لەو ڕۆژە ڕەشە دابوو پەڵەیەکی هەوری ڕەش بەسەر شاری هەڵەبجە کشا و، هەروەها خەم و خامۆشی هەموو کوردستانی گرتەوە، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم وەکو ئافرەتێکی کورد کە بێن بە دەم ئەو ئافرەتانەی کە تا ئێستا تووشی چەندەها نەخۆشی بوون، نەخۆشی نەزۆکی و لەبارچوون و، هەروەها شێتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێت و، ئەوانەی کە کەم ئەندامن و دەست و قاچیان نییە، ئەمە دەبێت حکومەتی هەرێم بە

هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و، هەروەها لەسەر قەراری (٩٨٦) ئەمانە قەرەبوو بکرێن بەڕاستی، چونکە ئێمە بەدەست و قاچەوە ناتوانین بژێوی ژیانی خۆمان بەجێ بێنین، ئەی ئەوانە کە بوونەتە علەو ئاهە بەسەر کەسوکاریانەوە؟ بۆیە داواکەم لێرە ئەوەیە وەزۆر بە رجاش بە واخوازیاریش دەیکەم، کە بیر لەوانە بکرێتەوە و، هەروەها داواکارم لە هەموو جیهان کە ئەوانەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکەن، بێن بەدەنگی کوردستانەوەو دەنگی گەلی کوردستانەوە، تا هیچی ترقرمان تێ نەکرێت و، هیچی تر لەناو نەچین و، هەروەها کە حکومەتی ئەمریکا خۆشی لەو بابەتەوە هەر بە چەکی کۆکوژو ئەو چەکانە بوو، ئەگەر تی ئێن تی نەبێت شت ناتەقێندرێتەوە، کە ئەویش باجێکی گەورەیدا، ئەوەبوو لە ئەیلوولی ڕابردوودا، بۆیە ئیتر داوا دەکەم کە ئیتر ئەو چەکە کۆکوژانە بە هەموو شێوەیەکەوە قەدەغە بکرێت لە جیهاندا و، هەر وڵاتێك کە دروستی ئەکات بدرێتە دادگای نێو دەوڵەتی ،ئەمەی کە ئێستا بیری لێئەکە ینەوە پشتگیرییەکی گەورەیە بۆ بەڕێز جۆرج بۆش کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و، بۆ هەموو هاوشانەکانی کە بیریان لە گۆڕینی ڕژێمی عێراق کردۆتەوە، بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی لە ئایندەی عێراقدا و، خوازیارم کە پەنا بەخوا بە زووترین کات بێتە دی و، سوپاس ورێزی خۆشم ئاراستەی هەموو ئەو وڵاتانە دەکەم بەتایبەتی جمهوری ئێرانی ئیسلامی، بە ڕاستی لەو کاتەدا ئێران بەدەنگی کوردەوە هاتوون کە ئێمە زمانمان بڕا بوو و، چاویشمان کوێرکرابوو، دەممان نە ئەگەیشتە هیچ وڵاتێك کە باسی هەڵەبجە بکرێت و، باسی شەهیدەکانی هەڵەبجە بکرێت و، هەروەها چارەسەرکردنی ئەوان خۆ نەئەتوانرا بەرەو سنووری کوردستانەوە بێن، ئەبوایە بەرەو ئێران بەڕێ بکرێن و، لەوێ ئەوان هیلاکیەکی زۆر زۆریان بینی، زۆریان بۆ چاك کردینەوە و، زۆریشیان هەتا ئێستابەو دەردەوە ئەناڵن و، داواکارم لە خوای گەورە کەجارێکی تر نە کوردستان نە هیچ گەلێکی ژێر دەستە لەو جۆرە مەئساتە نەبینن و، هیچ کەسێکیش لەو حاکمەی ئێمەی نەبێت، کەبەدەستی خۆی منالی خۆی سەر ئەبڕێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز شەفیقە خان، بەڕێزان. لەبەر ئەوەی بەرنامەی ترمان هەیە، تەنها ڕێگا ئەدەین بە دوو بەڕێزی تر قسە بکەن، لەوانی تر داوای لێ بووردن دەکەم، یەکەمیان مامۆستا رەئوف بابفەرمووێت.

**بەڕێز رەئوف فەرەج محمد:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پەرلەمانتاران من وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی ناوچەی هەڵەبجە ئەتوانم بڵێم بە ناوی هەموو ئەندامەکانی ناوچەی هەڵەبجە زۆر زۆر سوپاسی هەستی بەڕێزتان بکەین بۆ ئەو هەستەتان کەدەرتان بڕی بەبۆنەی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، کە ئەمرۆ پانزە ساڵ، بەسەردا تێ دەپەڕێت، برایان و هاوڕێیان زۆر باسیان لەسەر هەڵەبجە کرد، من نامەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەم، دیارە شاری هەڵەبجە شاری شاعیران و هونەرمەندان و پیاو چاکان و قارەمانان بووە، ئەو شارە بووە لە هەموو شۆڕشەکاندا هەمیشە پێشەنگ بووە، ئەمە شاهیدی حاڵە لە هەموو

ڕوویەکەوە شاری ئێمە هەر لە دروست بوونی شۆڕشەکانەوە، ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عیراق، هەموو کاتێك دەستی چەپەڵ و زۆرداری خۆی بەسەردا چەسپاندووە، پێشتر باس ناکەم شاری ئێمە هەرلە ١٩٨٧/٥/١٣ەوە حکومەتی عیراقی وەك چۆن دێهاتەکانی ڕاگوێز کرد، ویستی لەو ڕۆژەدا کە جەماوەری شاری هەڵەبجە کەهاتنە سەر جادەو بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس هەستی خۆیان دەربڕی، گەڕەکی کانی عاشقان شاهیدی ئەو ڕۆژەیە کە بەدڕندانەترین شێوە، هەموو خەڵکەکەی لەگەڵ خاك وناوی شوێنەکەیا تێکەڵاو کردن، چەندەها کەسی تریشی بەزیندوویی زیندە بە چاڵ کرد پاش ئەوە دڕندەیی خۆی واز لێ نەهێنا هەتا لە ١٩٨٨/٣/١٦ ئەو دڕندەیە وەکو برادەران ئاماژەیان پێ کرد هیچ وڵاتێك، هیچ حکومەتێك بەسەر میللەتی خۆیا نەکردووە، زۆر باس کرا لەوە هەموومان دەزانین کەشاری هەڵەبجە بووە پێناسەیەك بەناساندنی میللەتەکەمان، بەهەموو دنیا کوا ساڵانی پێشووتر چەند ساڵ میللەتی کوردمان لەشۆڕشا بووە چ وڵاتێك لەو وڵاتانە کەتۆ بابڵێین لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە کەزیاتر لەمیللەتان ڕزگاری بووە، لەدوای حەربی عالەمی یەکەمەوە کەمیللەتان ڕزگاریان بووە، کێباسی ئێمەی ئەکرد ؟کێگوێی لەدەنگی ئێمە بوو؟ ئێمە شانازی بەوە ئەکەین وەك جەماوەری هەڵەبجە، وەك کوردی کوردستانی عێراق، شانازی بەوە ئەکەین کەتوانیمان نەتەوەکەمان بناسێنین بەگەلانی دنیا، ئەوەتا گەلانی دنیا شانازی بە ئێمەوە ئەکەن، کەبەو بەرخودانیەو بەو بەردەوامیە داوای مافی خۆمان ئەکەین، توانی هەموو مافپەروەران و هەموو دیموکراتخوازان بهەژێنێت بیر لەنەتەوەی ئێمە بکاتەوە، بیر لەگەلی کوردستان بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە مافەکانی بۆ دابین بکرێت، ئینشائەڵا بەحەول و قووەتی خوا زۆر زۆر نزیکە کە میللەتەکەمان بگات بە ئاوات و ئامانجی خۆی، لەسەر بەشەکانیکە ناڕۆم هاوڕێیان زۆر زۆر باسیان کرد، بەڵام تەنها ئەوەیە کە داخوازی جەماوەری هەڵەبجە جەماوەری ئەو شەهیدانە کەسوکاری ئەو شەهیدانەن، نموونەمان زۆر ماوە برایانی بەڕێز، خوشکانی بەڕێز، ئێستا یەکێك لەو نموونانە من حەزناکەم باسی بکەم، ئەوەتا خوشکێك کە لەسەرەوە دانیشتووە ئەتوانم لەناو بینایەکا کە تەنها ئەو لەناو (٧٦)کەسدا دەرچووە، یەکێك لەسەرەوە دانیشتووە لە ناو ٧٦ کەسدا تەنها ئەوماوەتەوە، نموونەیتر زۆر زۆرە لەوانە ئەونموونانە گەیشتووە بە هەموو دنیا، داوای جەماوەری بەهەڵەبجە لەمێژەوە داوا ئەکەن بە ڕێکخستنی ریزەکانی هەموو گەلی کوردستان، بە یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بەتەواوی یاسا بچەسپێت لەناو میللەتەکەماندا، بۆ ئەوەی ئاوات و ئامانجی میللەتەکەمان بێتەدی، تەنها ئەو یەکخستنەیە ئەتوانێ خۆمان بۆ خۆمان بگەین بەئامانج، ئەوەتا لەم شوێنە پیرۆزە هەرچی هاتووە وتەی بۆ ئێمە ئاماژە کردووە، داوای یەکخستنی لە ئێمە کردووە، ئەگەر خۆمان یەکبین ئامانجمان زۆر زۆر نزیکە حکومەتی هەرێم لەم چەند ساڵانەیا ئینسان بە شاهید بڵێت لای کردۆتەوە لە خەڵکی هەڵەبجە، بەڵام بە پێی ئەوەنا کە زامەکان بەتەواوی سارێژبێت، هەرچەندە ئەو زامە هەرگیز سارێژنابێت ئەوە شتێکی ئاشکرایە، بەڵام مومکینە ساڵ بەساڵ ئەگەر بەتەواوی لای لێ بکرێتەوە ئەو زامانە وردە وردە سارێژ ئەکرێت، وردە وردە بەرەوچاکی ئەڕوات، سەیری ئەوە مەکە هەندێ کەلاوە چاك کراوەتەوە هەندێ ڕێگاوبان مومکینە چاك کرابێتەوە، بەڵام براینە، بەڕێزان ئێمە میللەتەکەمان هێشتا مێشکی نەگۆڕاوە،خەڵکەکەی هێشتا وەکو خۆی ماوە

چی بکەین باشە بتوانین مێشکی وەکو خۆی لێبکەینەوە وەکو مامۆستا ئاماژەی پێکردشاری ئێمە، شاری هەڵەبجە ئەتوانم بڵێم چوار سەد ساڵ لەمەو بەر دروست بووە، لەگەڵ یەکێك لەقەزاکاندا کە ئەویش دیارە جەنابتان بەرێزن، یەکێکە لە دێرینترین قەزاکان کە لە حکومەتی عێراقیدا لەزەمانی عوسمانییەکان، وەکو مامۆستا ئاماژەی پێ کرد پێش سەدەی بیست دروست بووە، چ کارێك بکرێت بۆ هەڵەبجە ئەو میللەتە بیر لەوە بکاتەوە ژیانەکانی جاری جاران زۆر لە پیاو چاکانی وڵاتەکەمان شایەدی حاڵە لەجنوبی عیراقیشەوە ڕوویان کردبێتە هەڵەبجە، هەڵەبجەیان بەجێ نەهێشتوەو ئەوەنە پێی گەش بوونەتەوە پێی خۆش بوو غەریبێك لەو شارەی ئێمە هاتبێتە ناو هەڵەبجە هەر کەسێك بۆ خۆی باڵی گرتووەو بردوویەتیە ماڵی خۆی، مامۆستا نەك هەڵەبجە خۆی، دەورو پشتەکەشی لە هەموو شارەزوورو هەورامان و شوێنەکانی تریش لایەك بکرێتەوە،لە هەڵەبجە لەڕووی پرۆژەی ئاوەوە هەمووتان ئاگاتان لێیە ئێستا هەڵەبجەی ئێمە هێشتا لەسەر پرۆژە کۆنەکانە شتی بۆ کراوە بەڵام زۆر کەم، لەسەر پرۆژە کۆنەکانی کە ئەو ژەهرەی بەسەردا ڕژاوە، هێشتا ماون. پرۆژەیەکە پێم وایە پێشتر شەهیدی نەمر کاك شەوکەت، پێم وایە لە ناخیا بوو خۆزگە ئێستا بمابایە و بیوتایەو دووبارەی بکردبایەوە، جەنابتان ئاگادارن کە ئاوی ئەحمەداوەی بۆ ڕاکێشا، بەڵام بەهۆی زرووفی تایبەتی و بەهۆی ئەو جوتیارانەوە ئەو ئاوە هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە و نەبووە، بەڵام باشترین پرۆژەی ئاو هەبێت، نەك هەڵەبجە، سیروان و دەوروپشتی هەموو هەڵەبجە رزگاری بێت، ئاوی زمکانە کە بۆی بهێنێتەوە و، إنشاالله لە رزگار بوونی میللەتەکەمان دەست بکرێت بەوە، ئەبێت بە حەوانەوەی هەموو ناوچەکە. بەزیادکردنی قوتابخانە شەرتی سەرەکییە، هێشتا لەو قوتابخانانەی کە قوتابیان تێیدا دەوام دەکەن من ناڵێم تەنها هەڵەبجەیە شوێنەکانی تری کوردستانیش هەر وایە سێ دەوام لە قوتابخانەیەکا دەوام بکات، قوتابی چی فێر دەبێت لەپۆلا؟هەمانە لە هەڵەبجەو لە شوێنەکانی تریش لەسلێمانی و لەهەولێریش وایە پۆلێك لەوڵاتان ناگاتە هەژدە قوتابی، ئەگەر بیست و پێنج بێت، بەڵام پۆلمان هەیە شەست قوتابی تێدایە، ئەم ڕووداوانە بۆتە هۆی نزم بوونی ئاستی خوێندەواری با بیر لەوە بکەینەوە هەتا ئاستی خوێندەواری بەرز بێتەوە میللەتەکەمان زیاتر بەرەوپێشتر ئەڕوات، ڕێگاوبانەکانی بۆی کراوە لەناوی، بەڵام هێشتا هەر ماویەتی هێشتا ڕێگای بەینی سلێمانی وهەڵەبجە، بەڕاستی زۆر زۆر پێویستی بە چاککردن هەیە و لەوانەیە لە شوێنەکانی تریشا وایە، بەڵام هیچ شوێنێك وەکو ئەو شوێنەیان کە ڕووداوی دڵتەزێنی زۆر تیا ڕوو ئەدات، هەمووشی خەڵکی ئەو هەڵەبجەیەو، ئەو دەڤەرەیە لەشوێنەکانی ترەوە لەبەر ئەوە داوا لە بەرێزتان ئەکەم، بەچاوێکی گەشەوە بیر لەمیللەتی هەڵەبجە بکەنەوە، بیر لە کەسوکاری شەهیدان بکەنەوە، زیاترو زیاتر بۆ ئەوەی ئەو زامە بەتەواوی سارێژببێت، دووبارە بەناوی جەماوەری هەڵەبجەوە سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاڕاستە ئەکەین و سوپاسی هەموو گەلی کوردستان ئەکەین، بە هەموو نەتەوەکانیەوە بۆ ئەو هەستەی کەدەری ئەبڕێت بەرامبەرمان و، سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەتانە ئەکەین بەتایبەتی دەوڵەتی ئێستای کە گەورەترین دەوڵەتە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانە (USA) یە کەبیر لەئێمە ئەکاتەوە، پێشەکی کە ئێمە بگەین بە ئاوات و ئامانجی خۆمان و، دووبارە سوپاس و هەستم بۆ هەموو لایەك و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

،سوپاس بۆ مامۆستا ڕەئوف دوا وتار بۆ بەڕێز شێخ موحسین موفتی.

بەڕێز شێخ محسن مفتی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خوای گەورە دیاری کردووە کەئەفەرموێت ئەوەی کە یەك کەس بەناهەق بکوژێت وەکو ئەوە وایە کەهەموو ئادەمیزادی قەلاَچۆ کردبێت، بسم الله الرحمن الرحیم (من قتل نفساً بغیر نفس او فساد فی الارج فکأنما قتل الناس جمیعاً) ئەگەر کەسێك پێنج هەزار کەس شەهید بکات ،سی هەزار کەس بریندار بکات، دەیان هەزار کەس دەر بەدەرو ماڵ وێران بکات، ئەبێت ئەو کەسە چ ڕەحمیەتێك لەدڵیا هەبێت؟ ئەبێت چ گورکێك بێت و لەبەرگی مرۆڤا خۆی نیشانی خەڵکی بدات، بۆیە بەپێویستی ئەزانین بڵێین هەڵەبجە سونبوڵی خەباتی نەتەوەی کوردە ،هەڵەبجە کە ناسنامەی ئەم میللەتەیە ،هەڵەبجە بۆیە دژایەتی کرا چونکە خاوەنی ئیمان و بڕوا بوو،خاوەنی زانایان بوو، خاوەنی پێشمەرگەی ڕاستەقینە بوو،خاوەنی شاعیران بوو، خاوەنی پیرانی تەریقەت و تەریقەتی نەقشبەندی بوو، سەرچاوەیەکی ڕۆشنایی بوو بۆ سەرجەم ڕۆڵەکانی کورد بۆ سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیش ،کە خەڵك لەدەڤەری هەڵەبجە سوودیان وەردەگرت، بۆیە هەڵەبجەی خاوەن بڕواو خاوەن ئیمان کە سێکی بێبڕواو بێ ئیمان ڕقی لێئەبێتەوە (ومانقموا منهم الا ان یؤمن بالله العزیزالحمید) بۆیە هەڵەبجە نیشتمانپەروەر بوو، یەك کارەسات ، یەك قسە بەبیری بەڕێزان دەهێنمەوە، کە پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی، بەرامبەر کۆمەڵێك لە زانایانی ئاینی و خەڵکی تر، وتی: قسەیەکی کرد تەعبیر لە دڵی ڕەشی ڕژێمەکەی خۆیانی ئەدایەوە کە وتی: ئێمە چۆن هەڵەبجە وێران ناکەین، لە شارێك کە دەنگی (بڕوخێ ڕژێمی بەغدای) تیا بەرز بۆتەوە لەو شارەدا، پێویستە ئەو شارە نەمێنێت و، کیمیا بارانی بەسەردا بڕژێت، ئەگەر قومبلەی زەریشمان هەبووایە ئێمە بەسەر ئەو شارەمان دادەرژاند، چونکە دەنگێکی تیا بەرز بۆتەوە کە (بڕوخێ ڕژێمی بەغدا)، لەبەر ئەوە پێویستە هەڵەبجە حسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت، بەقەدەر ئەوەی خزمەتی بەگەلی کوردی کردووە، لەهەموو ڕوویێکەوە هەوڵی پێشخستنی بدرێت، بەقەدەر ئەوەش کە ئێستاش دەست تێوەردانی نیجابی دەوڵەتانی زلهێزو دەرەوە کە بیانەوێ دەست تێوەردانی ئیجابی لە ناو ڕژێمی بەغدا بکەن، یەکێك لە هۆکارە گرینگەکان کە بە دەستیانەوە بێت، قەزیەی هەڵەبجەیەو کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە، ئەو کیمیابارانەیە کە بە شوێنەکانی کوردستانی تریشا بڵاویان کردەوەو ڕژاندییان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان هاودەنگی خۆمان لەگەڵ میللەتی ڕەش و ڕووتی هەڵەبجە بەیەك دەنگی و بەیەك ڕیزی ، بەیەك هەنگاوی هەوڵ بدەین هەڵەبجەببێتە شاری ئاشتی،شاریهێمنی، شاری ا ستقرار، شاری دوور لەچەك وچەکخوازی ، شاری ئەوانەی کە دوور لە تیرۆرو ئیرهاب و تۆقاندنن، شارێك کە ببێتە ئەوەی کە ناسنامەی میللەتی کورد بووە، چۆن دژواری و ژەهری کوشندەی بەسەردا ڕژێندرا، هەرواش ببێتە مایەی ئاسوودەیی و هێمنی و ئاسایش ڕووی تێ بکاتەوە لە خۆی و چوار دەورەکەی، لە سنوورەکانی، لە هەورامانی سەرکەشا، لە هەموو حەوزی شارەزوورا، بۆ ئەوەی بتوانین هەڵەبجە لە هەموو لایەکەوە خەڵك ڕووی تێ بکات، ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بەڕاستی وەکو هەڵەبجەیەك

سوپاسی ئەوانە دەكەین كە بە دڵ و گیانەوە لە هەڵەبجەییەكان گەرمتر لەگەڵ ئێش و ئازار و موعاناتی خەڵكی هەڵەبجەیی ژیانیان بەسەر بردووە، هەست و تەعبیری خۆیان دەربڕیوە و، حەزیشیان دەكرد لە پەرلەمانی كوردستان و لە شوێنەكانی تریشا ئەو هەستەتە پڕ لە ئیمان و ویژدانییە قوڵە دەربڕن، بەڵام دیارە كە مەجالی ئەوە نەبووە كە بەو شێوەیە باسی بكرێ، پەرلەمانی بەڕێزی خۆمان هەوڵی داو بڕیاری دا كەوا هەڵەبجە بكاتە پارێزگا، بۆ ئەوەی كە ئێمە خواست و ئاواتی میللەتەكەمان جێبەجێ بكەین، داوا دەكەین لە یەك ڕیزی هەردوو ئیدارەی حكومەتی هەرێم، كە قوەتێكی یەكگرتووی بەهێزی لێ پێك بێت، كە بتوانێ خزمەتی هەموو كوردستان و بەتایبەتی هەڵەبجە بكات، ئەوە لەلایەكەوە لە لایەكی تریشەوە وەكو باس كرا و، برایانی بەڕێزم باسیان كرد كە كۆنترین قەزا ئەتوانین بڵێین لە عێراق و گەلێ شوێنی ترا شاری هەڵەبجەیە، ئەو گرینگییەی پێ بدرێت كە ببێت بە پارێزگا، مانای باقی خەدەماتەكانی تری بۆ دەكرێت، قەرەبووی ئازار و ئەشكەنجەو ئەو هەموو نارەحەتیانەی كە خەڵكی فەقیرو هەژار و بێ دەست و بێ لاقی ناو شاری هەڵەبجە هەیان بووە، قەرەبووی هەموو وەزعەكەیان بۆ بكرێتەوە، ئومێدەوارین كە بزانن دەنگی زوڵاڵی كوردایەتی و نیشتمان پەروەری لە زانایان و شاعیرانی كوردی دەڤەری هەڵەبجە لە حەفتا ساڵ لەمەوبەر بەرز بوویەوە، مەلایەكی كورد (شێخ بابە ڕەسولی بێدەنی) دەفەرمووێ (كەعبە كەچ نابێ بە كوردی ناوی كوردستان ئەبەم، پێی بڵێن واعیز بە توركی بۆچی من تەكفیر دەكات، بۆ نیشاندانی میثالی پاڵەوانی قەومی كورد ناوی كوردستانە عەكسی نار تەصویر دەكات) زۆر بە درێژی باسی ئەو بابەتە دەكات، كە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لێی دەترسێین و حسابی بۆ دەكەین، كە ڕژێمە مل هوڕەكانی یەك لەدوای یەكی بەغداو، ڕژێمە چاودێرەكانی برسی بە وەزعی ئاسودەیی میللەتی ئێمە كە ئیمان تێك بدەن لە چوار دەورەمان، كە بیانەوێت خوا نەخواستە بێن وەزعی میللەتی ئێمە بشێوێنن، بزانن كە كوردو زانای كورد و شاعیری كورد و پیرانی تەریقەت، لەو وڵاتە تەحزیری هەموو كوردیان كردۆتەوە كە كەسانێك هەیە، نایانەوێت كورد و كوردستان تەنانەت ناویشی ببرێت، نەك بە ئاسودەیی بژێت، بۆیە حەق وایە یادی هەڵەبجە بكەینە یادی سەروەرەكانمان و، بیكەینە یادی یەك ڕیزی و صەفا بەخشی بۆ دڵ و دەرونی هەموو هاووڵاتیانمان، سوپاستان دەكەین بۆ ئەو ڕێگا پێدانە، خوای گەورە دڵ و دەرونی هەموو میللەتی كورد و میللەتی هەڵەبجەمان سارێژ بكات و داواشم وایە پەرلەمانی كوردستان لەو ئاخیر فرسەتە كە ڕۆژی (٣/١٦)یە، بەیان نامەیەك ئاراستەی هەموو دەزگاكانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بكات و دەزگاكانی دوەلی بكات، كە ئەوەی توانی لە (١٩٨٨/٣/١٦) كیمیا باران بەسەر هەڵەبجە بڕژێنێ بەیانی (٢٠٠٣/٣/١٧)یە ڕۆژێكیان بەیەنە، لەوانەیە هەمان دڕندەیی و پیاو خراپی و ناهەمواری لەدەستی ببێتەوە، ئەگەر پێی بكرێت، إنشاالله خوای گەورە پێ بەمار نادات و هەرگیزاو و هەرگیز توانای ئەوەی نابێت كە بەو شێوەیە لەگەڵماندا بجوڵتەوە، وەسسەلام و عەلەیكوم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا شێخ محسن، بەڕێزان. ئەو بەڕێزانەش ماون كە دەرفەتیان پێ بدرێت كە وتاری خۆیان بڵێن، بەڵام بەداخەوە كاتەكەمان لێرەدا تەواو دەبێت، بۆیە داوای

لێبوردن لە بەڕێزان جەعفەر شێخ عەلی و کاک سەعید یەعقوبی و کاک مەلا شاخی دەکەم، إنشاالله بۆ جارێکی تر لە دەرفەتێکی تری ئەوها لە موناسەبەیەکی ترا ڕێگایان پێ دەدەین قسەی خۆیان بکەن، تکا لە بەڕێزان دەکەم دوای تەواو بوونی ئەو دانیشتنە بفەرموونە هۆڵی پەناگیرەکان، لەوێدا میوانەکانمان، ئەوانەی شاری هەڵەبجەوە هاتوون چەند وتارێکیان هەیە پێشکەشتانی دەکەن، بەنیسبەت ئەو دانیشتنەوەش دەستەی سەرۆکایەتی بەیاننامەیەك ئامادە دەکات، بەموناسەبەتی هەڵەبجە کە سوود لە هەموو ڕاو بۆچونەکان کە لێرە باس کراوە، ئەو بەیاننامەیەش ئاراستەی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار دەکرێت، بۆیە داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو داوایە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بەیان نامەیەك دەربارەی هەڵەبجە دەردەچێت، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەڕەش محمد نقشبندی | د.ڕۆژ نوری شاویس | د.کمال عبدالکریم فؤاد |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەوەکالەت | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠)

چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩\٣\٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال عبدالكريم فؤاد سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی گواستنەوەی، سالی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٠) ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بڕیاردانی باری لە ناکاو (حالة الطوارىء) ی هەرێمی کوردستان، کاتی دەست پێ کردنی شەڕی عێراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە یەك خاڵ پێکهاتووە، ئەویش بڕیاردانی باری لە ناکاو (حالة الطوارىء) لە هەرێمی کوردستان، کاتی دەست پێ کردنی شەڕی عێراق. ئەمە بەرنامەی کارمانە و، بەڕێزان لە دەزگا ئیداریەکانی هەردوولا ئامادە بوون لێرە کە باسێکی حالەتی تەواری و وەزعی تایبەتی بکەن، کەچی پێویستە بکرێ و چی کراوە؟ پاش بڕیاردانی ئەو بڕیارە، مومکینە بەڕێزان بفەرموونە سەر سەکۆو باسی ئەو وەزعەمان بۆ بکەن، لە هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، بۆ ئەوەی دەست بە خاڵی یەکەم بکەین، تکا لە ئەندامێکی لێژنەی یاسایی دەکەم بفەرمووێتە سەر سەکۆیەکە، ئەندامێکی بەڕێزی لێژنەی ناوخۆش بفەرمووێت، تەوزیحێك لەسەر مەسەلەکە بدەن. تەبیعی لەو بارودۆخەدا کە مومکینە لەهەر لەحزەیەك شەڕ بقەومێ وەزعەکە لە وەزعێکی تەبیعیەوە بگۆڕێ بۆ وەزعێکی نائاسایی، پێویست دەکات بە بەعزێك ئیجرائاتی یاسایی دەکات، کە لە ڕێگای ئەو ئیجرائاتە یاسایانەوە بتوانین باری ئەمنی باشتر موحافەزە بکەین و سەروماڵی هاووڵاتیان بەو هۆیەوە باشتر بپارێزرێت، بۆیە دە ئەندامی بەڕێزی ئەنجومەن پێشنیاریان تەقدیم کردووە، دە ئەندامی بەڕێزی هەردوو کوتلە پێشنیاریان تەقدیم کردووە کە لەکاتی دەست پێ کردنی شەڕ، یان لە ئەمڕۆوە بۆ نموونە ئیعلانی حالەتی تەواری بکرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق، جا تکایە کاك شێروان ئەگەر زەحمەت نەبێت پرۆژەی بڕیارەکە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءًا على ما عرضة العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ إصدار القرار الآتي:

أولاً: يعتبر إقليم كوردستان العراق في حالة طوارئ وحتى إشعار آخر.

ثانياً: تعتبر الجرائم التي تقع على الأشخاص والأموال خلال تلك الفترة ظرفاً مشدداً لمرتكبيها.

ثالثاً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من ٢٠٠٣/٣/١٩ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە؟ ئەتوانن پاش ئەوەی بڕگەی یەکەم خوێندرایەوە، لەسەر بڕگە بڕگە هەر کەسێك تێبینی هەبێت دەستی بەرزکاتەوە، ئەو کاتە ناو نووسیان دەکەین و دەرفەتی قسەیان پێ دەدەین، تکایە دیباجەکەو بڕگەی یەکەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءًا على ما عرضة العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ إصدار القرار الآتي:

أولاً: يعتبر إقليم كوردستان العراق في حالة طوارئ وحتى إشعار آخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووسیان بکەین، تکایە تێبینیەکان لەسەر خاڵی یەکەمە، ناوی ئەو بەڕێزانەم نووسیوە: کاك سەعدی، کاك ناصح، کاك فلك الدين، کاك حەمە عەلی تۆفیق، کاك مەلا هادی، کاك شێخ احمد. کەسی تر هەیە تێبینی هەبێت؟ دیارە نییە، دەست پێ دەکەین، بەڕێز کاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

زانراوە لەو چەند رۆژەی ڕابردوو، بەتایبەتی لەپاش هەڵچوونی پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و کۆمەڵگای نەتەوەیی و، ئەو بابەتە بووە مەوزوعی دڵە ڕاوکێ لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لەبەر تەجروبەی خراپی ئەو ناوچەیەو گەلی کوردستان، لەگەڵ ئەو رژێمە ڕێگای دەرەوەی شاری گرتە بەر و، بەشێك لە مومتەلەکاتی لێرە جێ ماوە، ئەکید قانونێك لەو بابەتە، حاڵەتێك لەو بابەتە پێویستە، لەو جێگایانەی کە پێویستە مشوری بەرژەوەندیەکانی هاولاتی بخوا، داوا لە جیهازی تەنفیزی بکات کە هەموو کەس ژیان و مومتەلەکاتی پارێزراو بێت، ئەبێ پەرلەمان بێ، چونکە ئەو نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، تەنها ئەوەی کە من تکام وایە لە لێژنەی قانونی، پرۆسەی موحاسەبەکردنی ئەوانەی هەڵسن بەو کارە چی دەبێت، مەحکەمەیەکی سوەری کورت دەبێت یان مەجالی ئەوە دەبێت کە ئەدیلە و صموو، چونکە ئیحتمالی سوء ئیستیفادە هەیە لەو قانونە، ئەوە لەو حاڵەتە بووە لە وڵاتانی تر بووە بەتایبەتی لایەنی سیاسی تێنەکەوێت، ئەگەر تەوزیحێك لەو بابەتە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەعدی، وەڵامەکان هەمووی لە دوایە بدەنەوە. بەڕێز کاك فلك الدين کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين صابر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پیرۆزبایم بۆ یادی ڕاپەڕینی کەرکووك، ڕاپەڕینی مەزنی ١٩٩١ و، پیرۆزبایی بۆ جەژنی نەوروز بکەین، ئومێدەوارین ببێتە نەورۆزێکی شادتر بۆ کوردستان و، هەموو خەڵکی کوردستان هەمیشە لە نەورۆزدا بژیێت، بێگومان ئەو ڕاگەیاندنە زۆر پێویستە لەبەر ئەو هەلومەرجەی کە لە دونیادا هەیە، بەتایبەتی لە عێراقدا ئێمەش بەشێکین لە عێراق و، گۆڕەپانێکین لەو ململانێیە، ڕاگەیاندنی ئەو حاڵەتی تەواری زۆر پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین، ئێمە بە

هاوولاتیانی خۆمان ڕابگەیەنین، لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆی سلێمانی و هەولێر ئیجرائاتی باشیان وەرگرتووە، خۆشیان ئازاد بن لە وەرگرتنی هەر ئیحتیاتاتێك بۆ پاراستنی خۆیان، ئەوانیش حەقی خۆیانە، بەتایبەتی تا ئێستاش دەوڵەتەکانی گەورە، بەتایبەتی ئەمریکا، چەند بەڵێنێکیان داوە، هیچ پێویستیەکی پێشەکی، یان دەرمان و عیلاجیان بۆ ئەو خەڵکە نەناردووە لە کاتێکدا لە شەڕاین، لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێت نیگەران مەبن، دڵنیا بن مەسەلەکەمان سەر دەکەوێت و، ئومێدەوارین هیچ زیانێك بەر کورد و کوردستان نەکەوێت، کوردستان بەسەلامەتی ڕزگاری بێت، بەڵام ئیحتیات وەرگرتن چ لەلایەنی حکومەتەوە و، چ لەلایەنی خەڵکەوە پێویستە، لەبەر ئەوەی دوژمنەکەی خۆیان دەناسن، بەڵام لەهەمان کاتدا من دڵنیام کە کوردستان زیانێکی کەمی بەردەکەوێت یان هەر بەری ناکەوێت و، ئومێدەوارین کەوا هەموو خەڵکی عێراق لەو ڕۆژانە کە تووشی ئەو شەڕە دەبن، بەسەلامەتی یان بە کەمترین زیان بۆ هاوولاتیانی ئێمە لە بەغداد، لە موسل، لە بەسرا، لە کەرکووك، هەروەها لە هەموو شارەکانی تر بە کەمترین زیان لەو وەزعە دەرباز بن، ئەوانیش هەموو هاوولاتی ئێمەن وەزعێکی زۆر نالەبارە. ئەو وەزعە بەڕاستی ئەزموونێکە بۆ ئیدارەی هەردوولا، ئەمە زۆر گرینگە کە چەند دەتوانن ماڵی خەڵك بپارێزن، ئێمە ئەگەر وەکو تاقی کردنەوەیەك ئیدارەی هەردوولا هەوڵ بدەین ئێمەش لەگەڵیان، دامودەزگا سیاسیەکانیش لەگەڵیان، دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵیان، کەمترین زیان بەر هاوولاتیان بکەوێت، لەلایەنی گیانی و لەلایەنی ماڵی، بێگومان لەهەلومەرجی وادا لەوانەیە هەندێك شت ڕوو بدات، بەڵام چەند کەمتر بێت یان هەر هیچ نەبێت باشترە، ئەوە ئەزموونێکە کە ئێمە چەند باوەڕمان داوە بە میللەت، بەڵێنمان پێ داون و، یاسامان داناوە و، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك سەعدی کە دەبێت ئەوە دیار بکرێت، خەڵك بزانێت ئەوە چییە ئەو سزا توندە کە دانراوە، سزایەکە تونتر دەبێت چییە؟ من دەڵێم یان هەندێك دادگای ئەمنی دابنرێت، من ناڵێم یەکسەر بکوژرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك دادگای ئەمنی پێویستە، ئەوە لە هەموو دونیا دەکرێت، ئەمەریکا دەوڵەتێکی گەورەیە بۆ خۆی دەیکات، عێراق دەیکات، هەموو وڵاتێك کە تووشی حاڵەتی وا دەبێت ئەو شتە دەکات، من دەڵێم زیاتر تونتر بێت، زیاتر موحەدەدتر بێت، بۆ ئەوەی خەڵکیش بزانێت و دامودەزگاکانیش دەستیان بکرێتەوە ئیجرائات بکەن، ماڵ و گیانی خەڵك بپارێزن، ئێمە لێرەدا سوپاسی ئەو خەڵکە دەکەین، خەڵکی دونیا کە پشتگیریان لە کورد کرد، زۆر خەڵك ودەوڵەتان ومیللەتان پشتگیری کوردیان کرد، کە تەدەخولی ئیقلیمی نەکرێت لە کوردستان، بەڕاستی ئەوە جێگای زۆر سوپاسە، پەنا بەخوا ئێستا ئەو خەتەریەی تەدەخولی ئیقلیمی زۆر کەم بۆتەوە، یان هەر زۆر کەم بۆتەوە یان هەر نەماوە، بەو بۆنەیەوە سوپاسی ئەو خەڵکە دەکەین کە پشتگیری ئێمەیان کرد، ئێمە هەروەها لێرەوە بەباشی دەزانین کەوا سڵاو بنێرین بۆ هەموو هاوولاتیانی عێراقی، وەزعی زۆر ناسکە، بۆ هەموو خێزانێك، بۆ هەموو هاوولاتیێك چ کورد چ عەرەب بن، لە هەموو شارەکانی عێراق لە بەغداوە بگرە تا بەسرا، تا موسل تا کەرکووك، هاوولاتیانی کوردی خۆمان لەژێر دەستی ڕژێمن و، ئەوانیش بە کەمترین زیان لەو وەزعە دەرباز بن و، بۆ هاوولاتیانی خۆشمان لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستان لە هەولێر لە سلێمانی لە دهۆك، ئەوانەی کە بەهەر شێوەیەك خۆیان

دەپارێزن، دڵنیایان بکەین، کە زۆر بە دڵنیایی و ئارامی خۆیان ڕابگرن، إنشاالله هیچ نابێت و، ئەوە شەڕیشە، شەڕێکی مەزنە ئەگەر ببێتن، بەڵام شەڕەکە زیاتر تووشی ڕژێمێك دەبێتەوە و، ئەوەش کە بۆش ڕایگەیاند کە دژی دەسەڵاتێکە، ئومێدەوارین هەمووی لەسەر دەسەڵاتەکە تەواو بێت نەك لەسەر خەڵکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فلك الدين کاکەیی، بەڕێز کاك شێخ أحمد فەرموو.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئەو بڕیارە بڕیارێکی زۆر پەسەندە بەڕاستی، دوایی وشیار کردنەوەی جەماوەری خۆمانە لەسەرتاسەری هەرێم، کە ئەو بڕیارە دەردەچێت بەڕاستی دەعمە بۆ ئەو وەزعەی کە ئێستا لە بارودۆخێکی ناسکداین، ئەگەر ئێستا ئەو بڕیارە وەرنەگرین لە چ کاتێك وەری بگرین، من لەو قەناعەتەم ئەوانەی کە دەست درێژ دەکەن بۆ ماڵی خەڵکی یان تاڵان، هەر وەکو تەجروبەمان هەیە لە کۆ ڕەوکە بەحەقیقەت، خەڵکانێکی زۆر ماڵی ڕۆیشت، دەست درێژیان بۆ کرا، بەڵام ئەو کاتە ئەو حکومەتەو ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا ئێمە شانازی پێ دەکەین، ئەو کاتە وجودی نەبوو، بەڵام ئێستا بەڕاستی گلەیمان دێتە سەرێ، ڕەخنەشمان دێتە سەرێ، ئەگەر بێت و ئێمە کەم تەرخەمی بکەین لەبارەی ئەمنی، چونکە عیبرەت لە تەنفیزە بەحەقیقەت، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان. ئەمڕۆکە ئێمە ئەوە بڕیارە دەدەین، ئەو بڕیارەش بۆ سەرتاسەری هەرێمە، بەڵام عیبرەت لە تەنفیزە، تەنفیزێکی تەواو بکرێ، ناحیەی ئەمنی خەڵکەکە ئازاد بێ و ئاسایی بێ لە وەزعی خۆی ولە ژیانی، شەو دەنوێ یا بە ئیسراحەت بنوێ، ئەوانەی ڕۆیشتوونە یا بڵێین (٢٠٪ - ٣٠٪) شاریان بەجێ هێشتووەو ڕۆیشتوونە، بەڵام ئەگەر ئەو بڕیارە ئیعلان بکرێ، لە ئیعلام بەتەواوی تەعمیم بکرێ بەتەواوی، لەو باوەڕەدام ئەوەی چووشە دێتەوە ناو شار، هەمووی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو بڕیارە بڕیارێکی زۆر پەسەندە لەو کاتە ناسکە، نەفەرێك ئەمڕۆ هەڵواسرێ لەسەر دەست درێژی و تاڵان کردنی خەڵك، خوا عالەم چاو شکانە بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە پێمان دەگوتن ئاڕ ئاڕ، جەماعەتی ئاڕ ئاڕ نامانەوێ دووبارە ببنەوە، دیسان شار تاڵان بکەن و بەناو خەڵك بکەون، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەم زۆر پێ پەسەندە و هیوادارەم سەر بکەوێ و، إنشاالله هەر سەرکەوتووین و، ئومێد دەکەین کە بەتەواوی تەرکیز بکرێ و جێبەجێ بێت، زۆر سوپاس،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك شێخ احمد، بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆنەی ئەوەی کە ئەمڕۆ یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی شاری کەرکووکە، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە گەرمترین پیرۆزبایی لە جەماوەری شاری کەرکوکی خۆڕاگر بکەم، بەبۆنەی ئەو بیرەوەرییەوە،

کە لوتکەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکانی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بوو، کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزو ئازاد کردنی شاری کەرکووك گەلی کوردستان لەو ڕۆژەوە بە ئاشتی و ئازادی شاد بۆوە. بەنیسبەت ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، برایانی پێش من زۆر لەسەر ئەو بابەتە دوان، ئەوەندەی کە من بە پێویستی دەزانم، ئەوە شتێکی زۆر زۆر پێویستە لەو بارودۆخەدا، چونکە لەو بارودۆخە نائاساییەی کە هاتۆتە دونیاوە، هەوڵە دیبلۆماسیەکان نەگەیشتنە ئامانج بۆ داماڵینی چەکی کۆ کوژی ڕژێمی بەغداد، دیارە شەڕ لەبەر دەرگایە، هەر چەندە هەڵوێست وەرگیراوە لەلایەن هەردوو ئیدارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وا نییە لێرەدا پێویست بکات، ئێمە ئاماژە بەوە بکەین کە هەردوو ئیدارە چ بکات و چ نەکات، خۆی وازیحە بڕیارەکە، بەڵام بەتەئکید پێویست بە تەعلیمات دەکات، هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەعلیمات دەربکەن بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی، یان لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە وەزارەتەکان یان لە تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ بڵاوبکرێتەوە، لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە یان ئەو بارە نائاساییە ڕوون بکەنەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم ئەو بڕیارەی کە ئێستا هاتووە لە جێی خۆیەتی، بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوەش زۆر بەرێکوپێکی هاتووە، حاڵەتی تەواری مانای خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ناصح، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرکردنی ئەو بڕیارە شتێکی زۆر باشە و زۆر چاکە، هەر چەندە کاتەکەی درەنگە دەبووایە زوتر بووایە، چونکە یەکەمین دڵنیا کردنەوەی هاووڵاتیانە، کەوا سەروماڵیان دەپارێزرێت بە شێوەیەکی قانونی، دوو ڕادیعێکە بۆ ئەوانەی کە جەریمە دەکەن، بەڵام ڕادیعەکە پێویست بوو لە بڕگەی یەکەم هەندێك شتی تر زیاد بکەین، زیاتر تەوزیح بکرێ و، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە جەریمەی گەورە ئەنجام دەدەن، وەکو جەرائیمی تێکدانی کارەبا یان مەشاریعی ئاو، ئەگەر نا بەڕێزان پارێزگارەکان کە ئێستا مەوجودن تەعلیمات وەربگرن لە سەرووی خۆیانەوە، ئەوەی زۆر بەڕوون و ئاشکرایی بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە، چەند جارێك لە تەلەفزیۆن و ئیزاعەکان بڵاوی بکەنەوە، بەڕای من وایە کاتەکە درەنگە ئەگەر (على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.) هەتا ئەنجومەنی وەزیران تەعلیمات دەدات، ئەگەر ئەمڕۆ وەزیرەکان لێرە ئامادە بوونایە، زیاتر بۆیان ڕوون بکراباوە دەست بەجێ دەبوو، کاتەکە ئەوەندە نەماوە و، إنشاالله ئەنجامی باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا هادی، بەڕێز کاك حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرۆژەیە لە جێگای خۆیەتی، بەڵام من کەموکوورییەك بەخاڵی یەکەمەوە دەبینم، ناوی ئەسبابی ئەو حاڵەتی تەوارییە کە دەدرێت، ناوی نەهێنراوە سەبەبەکەی چییە؟ باش بوو شتێك بگوترێ چونکە ئەوە دەچێتە مێژووە، کە ئەو ڕۆژە بۆ ئەو حاڵەتە تەوارییە دیاری کراوە، جا من پێشنریارێکم هەیە کە بڕگەی یەك بەم شێوەیە بێت (یعلن حالة الطوارئ في إقليم كوردستان العراق في حالة نشوب الحرب وحتى إشعار آخر) ئەگەر شتێکی وا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی تکایە وەڵامی پرسیارەکان ئەگەر هەبێت.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم دەڵێ ئەگەر سەرپێچی ئەو بڕگەیە کرا کوا مەحاکم ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکات؟ بەحەقیقەت ئێمە مەحاکمی ئیستسنائیمان لە هەرێمی کوردستان نییە، ئەو مەحاکیمەی کە تەمەشای ئەو مەسەلانە دەکات مەحاکیمی ئاسایی خۆمانن. کاك فلك الدين وکاك شێخ احمد باسی ئەوە دەکەن ئایا چۆن دەتوانین ئێمە ئەو بڕگەیە جێبەجێ بکەین؟ بەڕاستی ئەو بڕگەیە دوو مەسەلە لەخۆ دەگرێت، یەك: ئیعلانی حاڵەی تەواری خۆی لە خۆیدا زەرفێکی موشەددەدە، هەندی مەسائیل هەیە لە حاڵەتی تەواری، ئەگەر ئێمە ئیعلانی حاڵەتی تەواری نەکەین، سوڵتاتی تەنفیزی ناتوانێ هەندێ ئیجرائات بکات، هەندێ تەعلیمات دەربکات، هەندێ بەیانات دەربکات، بەڵام کە ئیعلانی حاڵەتی تەواریمان کرد ئەوا سوڵتاتی تەنفیزی دەست کراوە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو قەراراتانە جێبەجێ بکات، جا چ بە بەیانات بێت چ بە تەعلیمات بێت چ بە ئیجرائات بێت، بۆ نموونە بەیانی سوڵتەی تەنفیزی دەیەوێت بۆ ماوەی دە سەعات یان ماوەی ڕۆژێك مەنع تەجەول بکەن، ئەگەر ئێمە ئیعلانی حاڵەی تەواری نەکەین، سوڵتەی تەنفیزی بە چ دەسەڵاتێك ئیعلانی حاڵەی مەنعی تەجەول دەکات؟ ئەوە بۆ نموونە هێنامەوە. بەنیسبەت بڕگەکانی تر کە ماددەی عیقابی تێدایە، دیسان لە قەوانینی نافیز ئەو دەسەڵاتە دراوە بە سوڵتاتی تەنفیزی کە بتوانن هەندێ ئیجرائات بکەن، ئیستسنائەن لە قەوانینی نافیز، ئەوە لە قانونی تەواری عێراقی هەیە و، دەتوانن کە ئێمە ئیعلانی حاڵەی تەواریمان کرد لەو حالەتە ئەوان ئەو مەسائیلانە جێبەجێ بکەن. بەنیسبەت د.ناصح دەڵێ پێویستە تەعلیمات دەربچێ، تەبیعی ئەو قەرارە کە ئەمڕۆ ئیقرار کرا لە پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە تەعلیمات دەربکات لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی. بەڕێز کاك مەلا هادی باسی جەرائیمی تەخریب دەکات، ئەوە لە بڕگە دوو ئەو بابەتە چارەسەر کرایە، کەی هاتینە سەر بڕگە دوو ئەو کاتە وەڵامی دەدەینەوە. کاك حەمە علی دەڵێ دەبێت حاڵەتی تەواری دیار بکرێت، حاڵەتی تەواری لە قەوانینی نافیز دیاری کراوە، یەك لەو حاڵەتانە شەڕە، جا شەرت نییە ئێمە لێرە دەست نیشانی بکەین، ئێمە لێرە دەست نیشانی بدایەتی دەست پێکردن بە حالەتی تەواری دەکەین، کەی کۆتایی بە شەڕیش

هات، لەو حاڵەتە سوڵتاتی تەنفیزی یان ئێمە دەتوانین بەیانێك دەربكەین بە كۆتایی هاتنی حاڵەتی تەواری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاكەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو هەموو فەرموودانەی كە كاك شێروان فەرمووی، هەمووی لە جێگای خۆیەتی بەڵام هەندێك شت هەیە دەبێت بگۆترێت، ئێستا تەبعەن برادەران هەموویان فەرموویان لەوانەیە خەڵك هەندێك ماڵی بەجێ هیشتبێ، یان وەزعێكی نائاسایی ڕوویدا، ئەگەر دەست پێ بكەین بڵێین (في حالة نشوب الحرب) مانای وایە پێشی شەڕ، هەتا شەڕ دەست پێ نەكات هەرچی كراوە مانای وایە بە زروفێكی موشەدەد حساب ناكرێ و، كابرا دەبێ بڵێین گەردەنی ئازا بێ و ماڵەكەی برد خوا حافیزی بێت، ئەوە ناكرێ، بۆیە لە تاریخی ئەمڕۆوە لە (١٩)ی مانگەوە حاڵەتی تەواریە، مانای ماڵ بەجێ ماوە، هەر كەسێ دەست درێژی بكات و تەسەروف بەماڵەكە بكات، ئەوا ئیجرائاتی بەرامبەر دەكرێ، زەرفە موشەدەدەكەش تەنها ئەوەیە مەواد هەیە لە قانونی عقوبات ( ٤٤٣) بەتایبەتی و، (٤٤٦) بابەتی دزییە، ئەگەر زەرفێكی موشەدەدی تێدا بێت جاری واهەیە هەتا دەگاتە مستەوای ئیعدام، بەڵام ئەگەر زەرفی موشەدەدی تێدا نەبێ، لەوانەیە زۆر ئاسایی بێت و، زكریشمان نەكرد لەبەر ئەوەی وشەی ئیعدام هەندێك زەقە و مەنبوزە دەولییەن، دەنا بچێتە مەحاكم خۆی بە ئاسایی ئەو جۆرە ئیجرائاتانە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببوورە، پرسیارێك، مانای پێویست بە مەعلوماتی موحەدەد دەكات یان ئەمە كفایەتە؟

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە ئێمە داوا دەكەین (على مجلس الوزراء تنفیذ أحكام هذا القرار) ئەو قەرارە بە چ شێوەیەك سوڵتەی تەنفیزی پێی پەسەند بووە، لەوانەیە بە بەیانێك دەری بكات، لەوانەیە بە تەعلیمات دەری بكات، بەپێی پێویست، چونكە دەست كراوەیە، ئێستا هەر ئیجرائاتێك سوڵتەی تەنفیزی دەتوانێ بیكات، دەتوانێ ئێستا بەیانێك دەربكات بڵێت بڕیارم دا قوتابخانەكان هەموو داخەم، ئیشارەت بەو قەرارە بدات، هەتا ئیشعارێكی تر، وەكو كاك شێروان فەرمووی مەنع تەجەولە، هەتا كۆتایی ئەو ئیجرائاتانە خۆی دەتوانێ بیكات، بەبەیان دەیكات بەو شێوەی كە پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەوزیحی زیاتر بۆیە پرسیارەكان دەكەم، بۆ ئەوەی وازیح بێت شتەكان، مانای دەستی حكومەتی هەرێم دەكرێتەوە كە ئیجرائاتێك وەر بگرێت كە بە پێویستی بزانێت و، شەرتیش نییە ئیجرائاتەكان هەمووی پێكەوە بێت، هەر كاتێك شتێك پێویست بوو دەتوانێ بیكات، ئەوە قانونی عقوباتیشی تێدایە لە هەمان كاتدا، زۆر سوپاس.

پرسیارێکی تـرم هەیـە لـە لـێژنەی یاسـایی، ناکـرێ لـە دیـباجەکە بڵێین (نظـراً لأحـتمال نشـوب الحرب)؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڵێ ئەوەش دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە یەکەم بخوێنەوە لەگەڵ تەعدیلەکە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەکە دەخوێنمەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە هاتە سەری:

أولاً: نظراً لأحتمال وقوع الحرب يعتبر إقليم كوردستان العراق في حالة طوارئ وحتى إشعار آخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك فلك الدين کاکەیی.

**بەڕێز فلك الدين صابر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای (حالة الطوارىء منذ اليوم) بۆ ئەوەی تاریخەکەی گرفتی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لـەو ئەندامـە بەڕێـزانە دەکـەم کـە مـاددەی یەکـەم بـەو تەعدیلـەوە کە بۆی کراوە، پەسەندی دەکـەن دەسـت بەرزبکەنـەوە، زۆر سـوپاس. ئـەو ئەندامـە بەڕێـزانەی پەسـەندی ناکـەن دەسـتیان بەرزکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە خاڵی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیاً: تعتبر الجرائم التي تقع على الأشخاص والأموال خلال تلك الفترة ظرفاً مشدداً لمرتكبيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەو ئەندامـە بەڕێـزانەی کـە تێبینـیان هەیـە یـان پرسیاریان هەیـە دەستیان بەرزکەنەوە تکایە؟ تکایـە دەسـتتان ئـەوەندە بەرزکەنـەوە تـا ناوتـان دەنووسـین، ئەگـەر وانـەبێ نـاتوانین ناوەکـان بنووسـین وا بـە پەلـە نـاوی ئـەم بەڕێـزانە نووسراوە، بەڕێز کاك گارق، بەڕێز شێخ لەتیف، بەڕێز جمـیل عـبدی سـندی، بەڕێـز رجـب شـعبان، بەڕێـز د. ادریـس، بەڕێـز د. رزگـار، بەڕێز کاك گارق، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، لە فەقەرەی دووەدا هاتووە(ظروف مشددة)، ئەو فەقەرەیە پاڵپشتی دوو یاسایە، یاسایەك ژمارە چواری شەست و پێنج، قانون السلامە الوطنیة، دووەم (قانون العقوبات)، زۆر برادەر هەیە مومکینە دەپرسن، پاڵپشت بە چ دەکەن؟ دەتوانن ئەو کاتەی کە سلاّحیەت درا بە ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن پاڵپشت بەو دوو شتە بکەن، من پێم باشە ئەگەر ئەو فەقەرەیە

شێوەیەکی تری بدرێتێ سیاغە بکرێتەوە، بەم شێوەیە بڕوا بکەم مانایەکی تر دەبەخشێ،(تعتبر الحالة (حالة الطوارىء) ظرفاً مشددا بالنسبة الجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال الخاصة والعامة خلال فترة اعلان حالة الطوارىء)، چونکە لێرەدا کە باس دەکات، (مرتكبيها)، ئەموالەکە هەردووکی دەگرێتەوە زمنیەن، بەڵام ئەگەر بێتو هەردووکی باس بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك طارق، بەڕێز کاك مەلا محمود دێرشەوی، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

حەقیقەت وتەکی گەلەك نازك و نازدارە، بۆ دەرکرنا قانونەکی ئەوها، چونکی بەراستی ئەگەر تەماشای دینی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامی بکەین، بەرێ خۆ بدەینێ، شەریعەتی ئیسلامی بۆ سێ شت هاتیە، پاراستنا دین، پاراستنا نەفس، پاراستنا مال، مالی ئینسانێ سەمیمی سوڵتەی کار بەدەستە، بۆیە بەراستی جێ شانازییە، جێ سەربلندییە کو ئەم ببینین پەرلەمانی کوردستانی شعورێت بکات، بەراستی هەروەکو دبێژن خیلالی ئەو رۆژانەدا، ئەم پێ دحەسین کاری شەڕی پەیدا بینە سەر دەست درێژکرنا لەسەر مالێ خەلکی، ئەوەندە ئیقتراحێك دکەم، ئیزافا گوتنێ بێتە کرن، (تعتبر الجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال الخاصة والعامة) یەعنی هەتا مالێ دەولەتێ، ئەگەر شتی عام بن ئەو ژی ئیزافە بێتە کرن، دوو جارا مە گوت ئەگەر حکومەت پڕ ناحیا سیاسی یان میللەتی کورد ئیجتماعی بەر پرسا ژ حەمیا حەتا ئەڤ ژشیا تێدا گرنگی وەکو ئیدارە ئاگها لێ هەبت موحاسەبەوان کەس بێتە کرن، ئەوێ کو ئیهمالا واجبێ خۆدا بکەن، هەتا ئەڤ جەریمانە بێتە کرن، کا چاوا هەر مەنتیقەکی حەتمەن وەکو ئیدارە ئیحتمالا پێش چاڤێ جەنابێ وەلیژێ بێتە کرن، وەختێ بخرێتە بەر مەسئولیەتی ئەوی، یەعنی هەر موقاتەعەکی، هەر مەنتیقەکی کەسانەکی بەرپرس ژێ ئەو کەسانە ئەگەر تەواجودا دێ تە ژ جێ نەبیتن، وەکی بێژن دز پشت راست بیتن خودانێ مالیش نزیك شان تەبعەن هەندێ دلا خۆ بێت و بچت، بۆیە ئینشائەللاً ئومێدەوارین سەرکەفت بیتن و هەمی قووەتا ژێ پشتەڤانی ئەڤ مەشروعێ دکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی، بەڕێز کاك شێخ لەتیف.

**بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەربارەی فەقەرەی دووەم، ثانياً (تعتبرالجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال خلال الفترة ظرفاً مشدداً لمرتكبيها)، بۆیە لەو کاتە ناسکانەدا خەڵك هەیە لە هەموو جیهاندا یان لە هەموو دنیادا، خەڵکی نەفس نزم هەیە و خەڵکی بە ئەخلاق و بە رەوشتیش هەیە، زۆر خەڵك هەیە بڵێین شتی وا دەکات، کە لە یاساو قانون بە جەریمە حیساب ناکرێت، بەڵام شتەکان وردەکارییە، سەر ئەکێشن بۆ جەریمە و خەڵکێکی دیکە چاویان لێدەکات،

وشەی (الجرائم، تعبتر الجرائم) من پێم باش بوو فراوان تریش بێت، یەعنی ئەوەش بگرێتەوە کە شیبهی جەریمەیە، وەکو جەریمەش، ئەوانیش نەك هەر بەس جەرائیم، چونکە لە یاسای شەرع و قانون جەریمە پێناسەی خۆی هەیە، کە جەرائیم کۆی جەریمەیە، شت هەیە لەیاسا و قانون بە جەریمە دانانرێت، بەلاَم سەرەیان دەکات، شت لە بچوکەوە بۆ گەورە دەڕوات، من پێم باش بوو شتێکی وا هەبوایە، کە ئەوەش بگرێتەوە، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمیل عبدی سندی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤێرێ هاتیە (تعتبرالجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال)، یەعنی تەحدیدی کرد بەس جەرائیم لەسەر شت بکەن، حالەتا تەواری بەها بیتن، دەبیتن موکەڕەر نەبیتن، دەزگاهێت حکومەتا بکەن(مصادر حکومی) خاصە سجلات تسجیل عقاری، سجلاتی ئەموالی مەدەنییە، قەراراتی مەحاکمان، ڤێرە بەس هاتیە (الاشخاص والاموال) با فراوان تر بیتن وممتلکات و موستەمسەکاتی لەزیمنی مومتەلەکاتە ڤێرێ بێتە ئیزافە کردن، با شامل تر بیتن یاژی بەشەکلەکی عام ئەشخاس هەمی بێنە حزف کردن هیچی نێنە خاندن، (تعتبرالجرائم التي تقع خلال تلك الفترة ظرفا مشدداً لمرتكبيها)، چونکە ڤێرێ دەڵێ ئەشخاس والاموال بێ تەحدید کرن، ئەموالیش تەبعەن مەنقول و غیر مەنقولە، موستەمسەکات و مومتەلەکات ڤێرێ شامل نینە، بێ فراوان تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك جمیل، بەڕێز کاك نیعمەت، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قانونە رەنگە یەکەم جارە دابنرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆیە پێویستە بە وریایی بە تێبینی زۆر باش هەوڵی بۆ بدرێت کە جێ بەجێ بکرێت، ئەو قانونی تەواری کە دانراوە، رەنگە مەبەستی شتی تر بوو کە باس کرا بوو، لەسەر مەسەلەی دزی و، تەعدا کردن لەو زروفە ناخۆشە، بۆیە لەفەقەرەی دوو، بە شمولی باسی جەرائیم دەکات، یەعنی لەوانەیە هەندێ شت روو بدات، لە کاتی حاڵەی تەواری پەیوەندی نەبێت بەم جۆرە شتانە، بەلاَم تۆ بچی حاکم عەینی زەرفی موشەدەدی لەسەر بکات، یەعنی ئەوە پێویستە وریایی لەسەر بێت، بەراستی خۆتان دەزانن قانون دوورو قووڵە، یەعنی کابرایەك لە کاتی حاڵەتی تەواری بچێت دوژمنی خۆی بکوژێت، یاخود شتێکی تر بکات، یەعنی ئەوە پێویستە تێبینی لەسەر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك نعمت، بەڕێز کاك د. ئیدریس، فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەنيسبەت خاڵى دووەم هەدەف لەو بڕيارە، ئەو قەرارە ياسا نييە، دەبێت ئەو خاڵى دروەمە زۆر وازيح بێت، يەعنى ئەگەر ياسا بێت دواى نيزامەك تەفسيرى بۆ دابنرێت، بەلأم لەو كاتەدا خەڵك ئەمڕۆ پێويستيەتى كە ئيعلان دەكرێت بۆ خەڵك زۆر بە وازيحى تێى بگات كە ئێمە مەبەستمان چييە؟ خەڵكەك ماڵى خۆى ئێستا بە جێ هێشتووە، ئەو شتانەى كە روودەدەن زۆربەى دزييە يان جەردەييە، يەعنى دەبێت بە وازيحى ئەو جەريمەيە بنووسرێت، كە دزى و جەردەييە، يەعنى (سرقة وسطو)، ئەوە يەك، دووش يەعنى زۆر بە مطاطى هاتووە، يەعنى (دللى مرتكبيها)، شەڕەكە يەعنى شەڕەكى تەقليدى نييە لە عێراق، لەوانە قومبەلەكە يان قەسفەكە، كە لە ماڵەكى دەدرێت خەڵكەك دەكوژرێت، يان ماڵى دەڕوات ئەى ئەوە كێ مەسئولە لێى؟ تۆ دەبێت تەحديدى بكەى لێرە ئەو كەسانەى هەڵدەستن بە عەمليەى دزى و جەردەيى، ئەوانە موحاسەبە بكرێن، يەعنى زۆر وازيح بێت قەسدم ئەوەيە، چونكە ئەوە بڕيارە، ئەمڕۆ بلأودەكرێتەوە، هەتا حكومەت تەفسيرى بۆ دادەنێت، تەوزيحى دەكات، لەوانەيە درەنگ بێت، جا بەم شێوە (مطاطية) نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك د. ئيدريس، بەڕێز كاك شێخ احمد، فەرموو.

**بەڕێز احمد طاهر نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئەو فەقەرەيە بەراستى من وەكو دەيبينم، زۆر روون نييە، يەعنى بەراستى داڕشتنەكى باشترى دەوێت لەلايەن ليژنەى قانونييەوە، ئەوە ئەگەر بلأوبكرێتەوە لە تەلەفزيۆن بەراستى زۆر باش روون نييە، ئەگەر بەباشى روون نەبێت خەڵكەكەى تريش بەباشى لەلاى روون نابێت، پێمان باشە پێداچوونەوەك، سياغەكى روون ترو باشترو ئاشكرا تر بێت بۆ ئەوەى خەڵكەكە بەباشى تێى بگات، ئەو جەرائيمانە شموليية، تەبعەن ئەو جەرائيمە هەمووى دەگرێتەوە، لەوانەيە كابرايەك ئيستغلال بكات ئەو زەرفە ناسكە، بە ئارەزووى خۆى ئيستغلالى دەكات تاوانێك دەكات، جا لەبەر ئەوەى بە قەناعەتى من هەندێك شت هەيە لەناو ئەو رستەيە بەكاملى پێداچوونەوەى دەوێت و، داڕشتنێكى تازەى دەوێت، بۆ ئەوەى لەلاى خەڵكەكە روون بێتن مەبەستمان چييە؟ وەكو پەرلەمان لەو فەقەرەيە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ كاك احمد، بەڕێز كاك د. رزگا، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

زۆر راستە هەردوو ئيدارەى ئێمە ئەڤرۆكە بەرامبەر تاقيكردنەوەكن بۆ پاراستنا سامان و گيانى خەڵكى، هەرچەندە ئەركەكى گرانە، لێ پيرۆزە، ڤێرێ من وەكى برادەرەكى بەحس كرى، ئەڤ ژێ

فەقەرانە ئەسڵەن زێدەیە، چونکە حاڵەتی تەواری کاك تارق ئیشارەتی بۆ کرد، شەملی دوو قانونا دەکات، ئەگەر ئەڤ فەقەرانەی تێدا نەبێت، چونکە حاڵەتی تەواری مەعنای وایە ئەحکامێ خۆ و ئوسولێت خۆ هەنە، من پێشنیار دکەم، ئەسڵەن ئەڤ فەقەرەیە نەمێنێت، هەر فەقەرەیە ئەوەلی کافیە، چونکە حاڵەتی تەواری وازیحە ئسولی مەحجودە هەر پێویستە ڤێ جەدەلی مومتەلەکاتی دانێین ئەموال دانێین، ئەشخاس دانێین، قانون مەوجودە، قەواعید ئەڤ قانونێت مەوجودە، حالەتی تەواری چ موعالەجەتێ کردە مەوجودە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز د. رزگار، بەڕێز حاکم سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کاك جمیل ئیشارەتێت پێدا بەنیسبەت پێشنیارا من، پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی هەگەر مومتەلەکات ئیزافە بکەن دێ (الجرائم التی تقع علی الاشخاص والاموال والمستلکات) چ زەرەر نینە؟ وابزانم دگەل رەموزا رێککەوتن ئیحتیمالە هەی کە شتەك خەلك تشتەکی بباتن لیژنە ببینن جا پێشنیار دکەم مومتەلەکاتیش بێتن دی ئەموالا دگەل رێزو سوپاسم، هەگەر زەرەری تێدا نەبیتن لەناحیەی قانونی، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی، فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە ئەو فەقەرەیە کافییە، بۆ ئەوەی ئەو ئیقتیباسانە حەلّ بێت، ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵی تەعلیمات دەربکات، دەتوانن بەیانیش دەربکات خوتەی تەواری یەعنی چی؟ ئەو جەرائیمانە یەعنی چی؟ دەتوانێ هەمووی شەمل بکات، (الاموال الخاصة والعامة)، ئەگەر لێرە حیساب بکرێت (الاموال العامة والاموال الخاصة) خراپ نییە، بەڵام بەلای من ئەمانە هەمووی مادام حالەی تەوارییە، حالەی تەواری یەك مانای هەیە، ئەوە باشە ئەنجومەنی وەزیران مانای ئەو جەرائیمانە دیاری بکات کە چی دەگرێتەوە، برادەران باسی ئەوە ناکەن یەعنی کە ئافرەتێك تووڕە بێت، تاوەیەك بووەشێنێت، سەری پیاوەکەی بشکێنێت، ئەوە جیایە لەگەڵ حاڵەتی تەواری، بەڵام ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بتوانێت ئەوەش روون بکاتەوە، ئیبادەش بکات، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تەواری سەر شکاندن، فەرموو.

**بەڕێز احمد علی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە باش دەزانم، (تعتبرالجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال)، ئەو ئەمواله روون بکرێتەوە، ئەموال عامە هەیە و ئەموالی خاسە هەیە، نەك ئەموال و بەس، (على اموال خاصە) یەعنی دەبێت هی حکومەت تەوزیح بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموو وەلامیان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

بەنیسبەت کاك تاریق کە دەڵێت وای لێ بکەین کە حاڵەی تەواری دەبێت زەرفەکی موشەدد بێت، لە بڕیارەکە، خۆی ئیعلانی حاڵەی تەواری پێشتریش وتم خۆی لە خۆیدا مانای وایە زروفی موشەددە دێتە پێشێ، هیچ پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی حاڵەی تەواری لە فەترەیەکی ئینتقالی موحەددەدە، ئیلغا دەکرێت، پێویست ناکات رەئسەن ئێمە لە ئێستاکەوە بڵێین حالاتی تەواری ئیعتیبار دەکرێت بە زروفی موشەددەد، بەتایبەتی زروفی موشەددەدی عام لە قانونی عقوباتی خۆمان هاتووە، ئەوە یەك، زۆربەی زۆری پرسیارەکان لەسەر ئەموال عامە و ئەموال خاسەیە، تەبیعی کە ئەموال هاتیە لە فەقەرەکە، ئەموال عامیش دەگرێتەوە، ئەموال خاسیش دەگرێتەوە، ئێمە بۆیە بە موتلەقیمان هێناوە، کە هەردووکی بگرێتەوە، ئەشخاس هاتووە، ئەشخاسی مەعنەویش بگرێتەوە، ئەشخاسی تەبیعیش بگرێتەوە، ئێمە بە موتڵەقی ناومان هێناوە، بۆیە لێرە دەستکاریمان نەکردووە، ئەو جەرائیمانەی کە لە قانونی عقوبات هاتووە، کاك جمیل سندی ئیشارەتی پێدا، (الجرائم الواقعة على الاموال والجرائم الواقعة على الاشخاص)، هەردوو بەبابی موحەددەد هاتووە کە ئەو جەرائیمانە چین، لەوێ تیعداد کرایە، مەسەلەن لەوێ الجرائم الواقعە على الاموال سەریقە دەبێت بە ئەنواعی هەیە، مەسەلەن سەریقە دەبێت لەیلەن، سەریقەت سەیارات، (سرقە في طريق عام، سطو، سرقە في طريق عام)، هەمووی لەوێدا هاتووە، بەنیسبەت (الجرائم الاشخاص)یش، دیسان هاتووە و، ئێمە ئەگەر هاتوو هەتا ئەوەی کاك د. رزگاریش ئیشارەتی پێدا، ئەگەر نەسیشمان نەکردووە تێدا، ئەو جەرائیمانە ئەسڵەن پێویستی نەدەکرد جەریمەکەش دابنێین، بەلام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو زروفەی کە پێدا دەچین، پێویستی بە هەندێك تەوعییە هەیە، خەڵك بزانێ، هەندێك برادەر هەیە دەڵێت زروف موشەددەد نازانێت چییە؟ ئێستا ئێمە بەو فەقەرەیە دەزانین زروف موشەددەد چییە؟ زروف موشەددەد ئەوەیە، ئەگەر هاتوو جەریمەیەك عقوبەکەی موئەبەد بێت، حەدی ئەقسای جەریمەکە موئەبەد بێت، بۆی هەیە ئەگەر زروفی موشەددەدی تێدا هەبێت، ببێتە ئیعدام، ئەگەر سجنی موئەقەت بوو بۆی هەیە ببێتە موئەبەد، بەم شێوەیە بابەتەکە، بۆیە بە رەئی ئێمە نەسەکە لە جێی خۆیدا هاتووە، هیچ قسوری نییە و، ئێمە لەگەڵ نەسەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، دیارە نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكایە جارێكی تر بخوێنرێتەوە، فەقەرەی دووەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ثانیاً:**

**(تعتبرالجرائم التي تقع على الاشخاص والاموال خلال تلك الفترة ظرفاً مشدداً لمرتكبيها).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم، دووەم كە بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەكات، دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ دووەم وەرگیرا، تكایە سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ثالثاً:**

**لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم، كە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە، تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە سێیەم پەسەند دەكەن، دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ سێیەم وەرگیرا، تكایە چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رابعاً:**

**على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم، كە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە، تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە چوارەم پەسەند دەكەن، دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ چوارەم وەرگیرا، تكایە پێنجەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خامساً:**

**ينفذ هذا القرار اعتباراً من ١٩\٣\٢٠٠٣، وينشر في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم، کە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز کەنەوە، کاك جمیل، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرقا هەیە، لە بەینێ ئیقرار ما بەینا ئیصدارێ، ڤێرێدا هاتیە اعتبارا من تاریخ اقرارە، وەختێ ئیقرار درەنگ هاتیە اصدار پێشی هەنگێ اصدارا هەی، سلاحیەتا جەنابێتەیە، پەرلەمان ئیقرارکی بیتن، رایا جەنابێتە سەرئەم تێبینیە، دیسان بگەڕینێ بۆ پەرلەمان بۆ موناقەشە بۆ وان، لەبەر هەندێ گوتم چیترو ساناترە،(اعتباراً من تاریخ اصدارە فی جریدە وقائع کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر بە دەستی من بێت، من ئەو سلاحیەتە دەدەم بە لیژنەی قانونی، چونکە زەرفەکە موشەدەدە، لە دوێنێوە موشەدەدە نەك لە ئەمڕۆوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەکە مەشمولە بەو قەرارە، هەر لەبەر هەندێیە، لە قەرارەکانی تر رەنگە بەیانمان نەکردیە، بەلام لێرە بە پێویستمان زانی بە زەقی بینووسین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێنجەم ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێنجەم پەسەند دەکەن، دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ پێنجەم وەرگیرا، هەموو بڕیارەکە ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو بڕیارەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، هەموو بڕیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم.
تەعلیقێکی باشمان بۆ هاتووە لە بەڕێزان سەرۆکی هەردوو کوتلە، بۆتانی ئەخوێنمەوە، تەعلیقەکە دەڵێت( دز خۆی دەزانێ زروف موشەدەدە یەعنی چی؟)، فەرموو کاك فەلەکەدین.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز، هەڤالان، ئەمە یەکەم جارە میللەتی کورد بەخۆی حاڵەتی تەورای بۆ خۆی ئیعلان دەکات، ئەمە شتێکی زۆر گرنگە، ئێمە ئاخیر میللەتین کە حاڵەتی تەواری رادەگەینێ، لەم زروفەی کە هەموو دنیا، لە هەموو جێگەیەك حاڵەتی تەواری هەیە، دوورترین هەتا لە ئەمەریکا کەوا چەند هەزار کیلۆمەتر لێرە دوورە، تابگاتە ئەندەنوسیا، ئێمە ئاخیر میللەتین و ئەویش دیارە، چەند دڵنیاین لە خۆمان، بڕوامان بەخۆمان هەیە، ئومێدەوارین سەرکەوتووبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز كاك فەلەكەدین، جارێكی تر بەخێرهاتنی بەڕێزان وەكیلی وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێر و، وەزیری تەندروستی ئیدارەی هەولێر دەكەین، هەروەها بەڕێزی وەزیری ناوخۆی پارێزگاری سلێمانیش، ئەگەر بفەرموون بۆ سەر مەنەسەكە باسێكی ئیجرائاتی ئەمنیمان بۆ بكەن، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان كرد، وەڵامی پرسیارەكانیان بدەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خۆشحاڵین ئەمڕۆ لەبەردەم ئێوە ئامادەبین، سوپاستان دەكەین، بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە، بۆ ئەوەی باس لەم هەنگاوانە بكەین، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان پێی هەڵساوە، بۆ خۆ ئامادە كردن بۆ ئەم بارودۆخە ناسكەی عێراق و كوردستان، بەڕێزان وابزانم زۆربەی وەزیرە بەڕێزەكانی حكومەتەكانی هەرێمی كوردستان بانگهێشت كراون، بۆ ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە، كاری وەزارەتەكانی خۆیان باس كردووە، لەگەڵ ئێوەی بەڕێز، بۆیە پێم وایە تا رادەیەكی باش بەڕێزتان ئاگادارن لە چالاكییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەموو بوارەكانیدا، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا پاش ئەوەی چاوەڕوانی گۆڕانكاری لەعێراق و كوردستان دەكرا، حكومەتی هەرێمی كوردستان هەر زوو دەستی بە خۆ ئامادەكردن كرد، بەپێی رێنماییەكانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەتایبەتی سەرۆكی ئەنجومەن، هەر وەزارەتێكیش بەپێی پسپۆڕی خۆی دەست بەكار بوو، سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەم بوارەدا ئەوە بوو، كە دەبێت ئێمە رۆڵی تەواوی خۆمان ببینین، ئیسپات بكەین بۆ هەموو لایەنێك كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئاستی ئەوە دایە، كە بتوانێ خزمەتی هاوڵاتیانی كوردستان بكات، لە هەموو كاتێكدا بەتایبەتی لەم كاتە ناسكەدا، هیچ موبەررێك نەدرێت تەنها یەك كەسیش ئاوارەی سنووری كوردستان بێت، چونكە ئەو تەجروبە تاڵەی كە پێشان رووبەرووی میللەتەكەمان بوو، نامانەوێت بە هیچ شێوەیەك دووبارە ببێتەوە، بەڵكو تەنانەت كاری وا بكرێت، كە كوردستان ببێتە جێگای ئارام و ئەمین بۆ خەڵكی تر ئەگەر ناچار بوون بێنە كوردستان، نەك كوردستان جێ بهێڵێ، بۆیە هەموو وەزارەتەكان رووبەرووی ئەو ئەركە بوونەوە كە هەموو خزمەتگوزارییەك دەبێت دابین بكرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوەی خزمەتی میللەتەكەمان بكەین، هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە دامەزراندنی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی كارەسات بە سەرۆكایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و ئەندامێتی وەزیری تەندروستی و بریكاری هەموو وەزارەتە پەیوەندی دارەكان، بەسەر پەرشتی شەخسی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لە هەمان كاتدا لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك هەمان لیژنە دامەزرا لە ئاستی پارێزگا، بەسەرۆكایەتی بەڕێز پارێزگا و ئەندامێتی هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەكانی دەزگا فەرعییەكانی حكومەت لەهەر پارێزگایەك، لە هەر وەزارەتێكیش لیژنەیەكی تەواوی دامەزرا، لە هەر دەزگایەكیش لیژنەیەكی تەواوی دامەزرا بۆ پێداچوونەوە بۆ كارەكانیان بە زووترین كات، لێرە ئەگەر رێگامان بدەنێ بە كورتی ئەو كارانەی كە ئەنجام دراوە بۆ ئێوەی بەڕێز باس بكەین، هەر تەفاسیلێكیش ئەگەر

هەبێت، بەڕێز پارێزگاری هەولێر لێرەیە، هەر تەفاسیلێك ئەگەر پێتان باش بوو، هەر چەندە من ئیحتیماله باس لە هەولێر و دهۆك بکەم، بەڵام بە پێی زانیاری من، بەپێی ئەو تەنسیقەو ئەو هاوکارییەی کە هەیە، لە نێوان هەردوو لا، وابزانم هەمان ئیجرائات لە سلێمانی کراوە، لەوانەیە برادەران زیاتر باس بکەن، لەبواری ئاسایشەوە پلانی ئەمنی دانراوە، بۆ کۆنترۆڵی باری ئەمنی شارەکان بۆ پاراستنی مولك و سامانی گشتی و تایبەتییەکان، ڕێگانەدان بە هیچ جۆرە گێرەشێوێنی و کاری تێکدەرانە، لەوەشدا دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و نەهێشتنی تاوان هاوبەشن لە جێبەجێ کردنیدا، دوو: زامنی پاراستنی هەمبارەکانی سووتەمەنی مەزخەرو دامودەزگاکان و شوێنە گشتییەکان و بارەگاکانی ئاژانس و ڕێکخراوەکان کراوە، لە بواری تەندروستی، بە ڕاستی هەموو نەخۆشخانەکان ئامادە کراون، چ نەخۆشخانەکانی ناو شار چ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی شار، لە هەموو بوارێکەوە لە کارمەند لە ئامێر لە پێداویستی ئامێری پزیشکی، لە پێداویستیەکانی دەرمان و، کۆگای دەرمان هەمووی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دابین کراوە، جەدوەلی خەفارات، تەواری هەمووی دابین کراوە، ئوتۆمبیلی فریاکەوتن لەهەموو نەخۆشخانەکان ئامادەن بەو ئیمکاناتەی کە لە کوردستان دابین کراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی(UN) و، هەندێ ڕێکخراوی(NGO)، لە بواری کارەبا پلانی تەواو دانراوە، بۆ دابەش کردنی کارەبا، بەرەچاوکردنی هەر بارێك لە هەبوونی کارەبای گشتی، وپچڕانی کارەبای گشتی، وێستگەکانی بەرهەمهێنان و مولیدەی کارەبا، هەروەها ستاف کارەبا لە سیانەو کۆنترۆل و دانانی تۆڕی تازە لە کەمپەکان ئامادەن، بەرنامە لە کاری تازە بۆ دروست بوونی و دەستبەکار بوونی مولیدەی ئەهلی دانراوە، بڕی پێویست لە گاز بۆ هەموو بوارێك ئامادە کراوە، بەتایبەتی بۆ کاری ئەو پڕۆژەگرنگانە بەتایبەتی ئاوو نەخۆشخانەکان، ئاوی خواردنەوە پلانی تەواو دانراوە، بۆ بەردەوام بوونی دابین کردنی ئاوی خواردنەوە، سەرچاوەی بەدیل بۆ هەر بارێکی ناکاو دەست نیشان کراوە، لەکاتی پچڕانی کارەبا چ لە ڕێگەی ویستگەکانی بەرهەم هێنان چ لە ڕێگای مولیدەی گەڕۆك و، مولیدەی بچووك و تانکەری ئاو، ئاوی خواردنەوە دابین دەکرێت، بڕی پێویست لە کلۆرو مەوادی پاك کردنەوە دابین کراوە، لە کەمپەکانیش بەهەمان شێوە سەرچاوەی ئاو دابین دەکرێت، شارەوانی لە هەر بارێکدا بێت ڕەوشی خزمەتگوزاری شارەوانی بەردەوام دەبێت، لە کەمپەکانیش و سەرجەم قەزاو ناحیەکانیشدا شارەوانی دەوری خۆی دەگێڕێت، بەشداری لە کارەکانی فریاگوزاری دەکەن، بەرگری شارستانی، شارەکان بە گوێرەی پلان و بەرنامەی گونجاو دابەشی چەند کەرتێك کراوە، کارمەند و پێداویستی و ئامێر ئامادە کراون و دەست نیشانی پەناگاکان کراون و تیمی،خۆبەخشان (متطوعين) بۆ هاوکاری تیمەکانی بەرگری شارستانی پێك هاتوون، لەرووی ئوتومبێل و تانکەرەوە، لەهەر لیژنەیەکی پارێزگادا، ئاماری پێویست کراوە، دەست نیشانی ئوتومبێل و ئامێرەکان کراوە، بۆ بەکار هێنانیان لە کاتی پێویستدا، کاری لەناکاو خۆراك و کۆمەك، خۆراك بۆ سێ مانگ پێشینە دابەش کراوە و، هەماهەنگی و تەنسیق لەگەڵ ڕێکخراوی (WFP)ی بەردەوامە بۆ ئەم مەبەستە، کەشفی پێویست کراوە بۆ دانانی شوێن، بۆ هەمبار کردنی خۆراك و کۆمەك، بۆ ئاوارەکان و پەناهەندەکان و، دەست نیشانی ئاش و فرن و

نانەخاوانەکان کراوە، بۆ بەکارخستنیان لەکاتی پێویست، لەڕووی کۆمەکەوە ئاژانسەکانی (UN)
و
(NGO) یەکان بەرنامەیان داناوە هەماهەنگی پێویستیان هەیە و، ئومێد وایە کۆمەکی پێویست دەستەبەر بکرێت.

سووتەمەنی: بەرنامەی دابین کردنی سووتەمەنی بەرێکی بەڕێوە چووەو، بڕی پێویست لە هەمباری ستیراتیجی لە شوێنی پێویست دوور لە مەترسی دابین کراوە، چ بۆ کاری فریاگوزاری و، چ بۆ دابین کردنی گاز، بۆ بەکارخستنی وێستگە و مۆەلیدەکان و، چ بۆ بیرەکانی ئاوی خواردنەوە بێت.

بەحەقیقەت ئەم هەموو کارانە جێ بەجێ کراون، بە ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بەهاوکاری رێکخراوەکان، چ رێکخراوی (UN) بێت، چ بە رێکخراوەکانی (NGO) بێت، هەندێك لەو هاوکاریانە بەدەستی حکومەتی هەرێم گەیشتووە، بەلاّم هەندێکی تر بە حەقیقەت تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخراوانە، رێکخراوەکانی (UN) و (NGO)یەکان پلان و سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێکیان بە حەقیقەت تەعامول لەگەلّ عێراق دەکەن، وەکو دەولەتێك لەبەر ئەوە هەموو ئامادەکاریەکانیان لە دەرەوەی سنووری عێراق داناوە و، هەندێ جار هەتا بە تەفاصیلیش ئەو ئیجرائاتانەیان کردووە بە ئێمەی نالێن، بەلاّم خۆیان ئامادە کردووە لە دەرەوەی سنوور و، هەندێك رێکخراوی تر بەپێی سیستەمی خۆیان ئامادە نین هیچ هاوکاریەك بکەن، هەتا شەڕ و کارەساتەکە دەست پێ نەکات و، بە حەقیقەت ئێمە ناتوانین زیاتر تەدەخولی تەفاصیل و نیزام و سیستەمی ئەوان بکەین و، هیوادارین وەکو چۆن وەعدیان داوە، لەو کاتەی کە پێویستیمان بە هاوکاری بێت، ئەو کاتە ئەوان وەعدی خۆیان بەجێ بێنن، بۆ ئەوەی کە بتوانین حکومەتیش بە باشترین شێوە خزمەتی هاوولاّتیان بکات، دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم، بە حەقیقەت هەموو لایەکمان دەزانین، کە حکومەت بە تەنها ناتوانێت بەشێوەیەکی باش خزمەتی هاوولاّتیان بکات، چونکە بە حەقیقەت ئێمە پێویستیمان بە هاوکاری هاوولاّتیانیش هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە، وەکو گوتم لە سەرەتاوە خۆمان وا پیشان بدەین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگایەکی هێمن و ئامنە و، هەموو میللەتی خۆمان بەرێکوپێکی بتوانن تیا بژین و، هەموو ئەو خزمەت گوزاریانەی پێویستن بۆیان دابین بکرێت و، هاوکاری هاوولاّتیان لەم بوارەوە زۆر زۆر پێویستە و، لە هەمان کاتدا تەبیعی پشتگیری پەرلەمان و ئێوەی بەرێز زۆر زۆر پێویستن، ئەو هەماهەنگی و پشتگیرییە هەر هەبووە و، بڕیاری ئەمڕۆی ئێوە باشترین بەلگە و پشتگیریە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ئاسانتر و باشتر ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات، هیوادارین هەموو لایەکمان سەرکەوتووتر بین، بەسەرکەوتووانە لەم کاتە ناسکە دەرباز بین و، سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د. جەمال، بەڕێز مامۆستا بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێبوردن دەکەم، بەهۆی نەگەیشتنی بروسکە و ئاگادار کردنەوەی ئەو برادەرانەی کە پێویست بوو بێن لێرە ئامادە بن، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی نەبووە، بەڵام من بەهۆی ئەوەی لە بەشی زۆری ئەو کۆبوونەوەی کەوا لەسەر وەزعی ئێستا کراوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی بەشدار بووم و ئاگادار بوومە، ئەو ئیشوکار و ئەو ئامادەکارەیەی کراوە، ببوورن بۆتان باس دەکەم، سەرەتا کە روون بۆوە، بۆی هەیە شەڕ دروست ببێت لەنێوان عێراق و ئەمریکا بەتایبەت، کە واشی لێهات، یاخود دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی لیژنەیەکی دانا، لیژنەی باڵای فریاگوزاری بە سەرپەرشتی راستەخۆی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئیدارەی سلێمانی و، بە بەشداری هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزە پەیوەندارانەی، کەوا پێویست دەکات بەشدار بن لەو لیژنەیە، چەندین کۆبوونەوە کرا و، پاشان راستەوخۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیار کرا لەوەی ئیشوکارەکان جێ بەجێ بکات، لەو کۆبوونەوانەش من ئاگادار بووم و بەشداریم کردووە، بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – سلێمانی چەند کۆبوونەوە کراوە لەگەڵ هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کەوا بەشدار بوونە، بەتایبەتی وەزیری تەندروستی و، وەزیری زراعە و، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو، وەزیری شارەوانی، ئەوانەی کەوا هەریەك بە ئیشوکاری خۆیان هەڵ بستن و لە کاتی پێویست چیان لەسەرە جێ بەجێی بکەن، دیارە ئەوە خورد دەبێتەوە دێتە خوارەوە لە هەموو موحافەزەکان، یاخود لە هەموو قەزا و ناحیەکانیش، سەرۆکی وەحدەی ئیداری، چ موحافز، چ قائیمقام، چ مودیری ناحیە سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکات و، هەموو ئەو بەڕێوەبەرانەی کەوا لە سنوورەکەیدا هەنە، بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری تەندروستی و، بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوە و، بەڕێوەبەری شارەوانی و، بەڕێوەبەری دیفاع مەدەنی، پۆلیسی ئاسایش، ئەوانە هەموو بەشدار دەبن و، لە ژێر چاودێری و فەرمانی سەرۆکی وەحدەی ئیدارەی دەبن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خزمەتی هاووڵاتیان بکەن و، بە فریای هاووڵاتیان بێن لەکاتی پێویست، ئەوەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی و سنوورەکەی کراوە، بەتایبەتی لەڕووی ئاسایشەوە، ئاسایش وا کراوە کە هەموو شارو شارۆچکەکان دابەش بکرێن بەسەر چەند بەشێکەوە، یاخود لەڕووی جوگرافیەوە دابەش کراوە ئەو شارانە و، ژمارەی پێویست لە ئاسایش بۆی دانراوە، بۆ ئەوەی بە شەو و رۆژ بسووڕێنەوە، واجیبیان بێتن، سەرو سامانی ئەو خەڵکە لەو سنوورەی یان ئەو بەشەی، ئەو لیژنەیە، یاخود ئەو چەند کەسەی ئاسایش لێی بەشدارن دیار بێت، کە شتێك دەقەومێ، یان شتێك دەبێت، چی دەکەن و، چی دەبێت و، ئیجرائاتی پێویست بکەن، ئەوە لە هەموو شارو شارۆچکەکان کراوە، هەم دابەشی جوگرافی کراوە، هەم لە لایەکیش ئەم ژمارەیەی کە هەیە لە ئاسایش دابەش کراوە بەسەر شوێنە جوگرافیەکانی کە باسمان کردن.

پۆلیس، لەڕووی پۆلیسەوە دیارە خرایتە، وەك دەڵێین ئینزارەوە، ئەمڕۆ ئێمە باسی دەکەین، لە چەند رۆژی داهاتوودا، یاخود ماوەیەکی تەواوە، تەقریبەن لە حاڵەتێکی ئامادە باشی دانە، بۆ

ئەوەی بتوانن لەکاتی پێویست، یان لەکاتی روودانی هەر کارەساتێکی ناخۆش خوانەخواستە، بتوانن هاوکاری باشی هاوولاَتیان بکەن و، ئەویش بە هەمان شێوە لەرووی جوگرافیەوە، شارە گەورەکان و، هەتا قەزایەکانیش دابەش کراوە و، خەلَکی تایبەتی خۆی بۆی دیاری کراوە و، شەو و رۆژ موراقەبە و موتابعە دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر سەرو سامانی خەلَك بپارێزن.
تەندروستی، لەرووی تەندروستیەوە، ئامادە باشی باش کراوە، ئەوەندەی دەرمان لە (UN) وەرگیراوە هەبووە، ئەوەندەی تریش، کە بە پێویست زانراوە کراوە، چ لە رێکخراوە (NGO)یەکان، یاخود لەو شوێنانەی کەوا بەدەست کەوتووە و، کڕاوەو، دابین کراوە و، ئامادە کراوە و، صالَەی عەمەلیات لە هەموو شوێنەکان حازر و ئامادە باشە و، دکتۆر و کارمەندەکان هەموویان بەگشتی خراینە ئامادە باشییەوە، کەوا نابێت نەخۆشخانە بەجێ بهێلَن، دەبێت لەکاتی پێویست لە نەخۆشخانەکان بن، هەتا شوێنی بەدیلیشیان بۆ دانراوە، ئەگەر لەناو شارەکان نەتوانرا ئەو ئیشە بکرێت، شوێنی بەدیل، یاخود ئیسعافی سەیار، یاخود شوێنی غورفەی عەمەلیاتی پێویست، کەوا ئەگەر لە حالَەتێکی بیدائی و سادەش بێت دانراوە و جێ بەجێ کراوە.
لە مەسەلەی خەدەمات، خەدەمات دیارە زۆر گرنگی پێ دراوە، مەسەلەی ئاو و، کارەبا و، تەلەفۆنات، ئەوانە کەوا خەفاراتی تەواو و، زیاتر لە جاران و، زیاتر ئامادە باشی بن، چونکە خۆی لە خۆیدا، ئەگەر کارەبا نەبوو، یاخود تەلەفۆن نەبوو، مشەوەشی دەکەوێتە ناو خەلَك، بۆیە ئەو فیرقانە زۆر تەئکیدیان لەسەر کراوەتەوە، کەوا ئامادە باش بن، ئەگەر خەلەلێکیش بوو بەزووترین کات بتوانن چارەسەری بکەن و، هەروەها لە مەسەلەی ئەو خەدەماتانەی کەوا پەیوەندییان بە ژیانی خەلَکەوە هەیە، وەکو فڕن و، مەواد غیزائی و، نان و ئەوانە، نەوەك تەلاعوب بە سیعر بکرێت، یاخود شت بشاردرێتەوە، ئەوەش حیسابی بۆ کراوەو، بڕیاری لەسەر دراوەو، مەسەلەی گازوایل و بەنزین، ئەو شتانەی کەوا زۆر پێویست دەکات بۆ هاتوچۆ، ئیحتیات دانراوە، هەم بۆ ئەو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە خەدەماتیانە، هەم بۆ حالَەتی تری پێویست.
لیژنەی فریاگوزاری، یاخود دیفاع مەدەنی لە هەموو شار و شارۆچکەکان، وەکو گوتم دانراوە، هەموو ئەو بەڕێوەبەرانە، یاخود هەموو ئەو پەیوەندارانە تێدا ئەندامن و، سەرۆکی وەحدەی ئیداری لێی مەسئوول دەبێتن و، هەموو ئەو کەلوپەل و مەکائینەی هەنە لە شارەکە، ئینجا چ قەزا بێت، یان چ پارێزگا بێت، لە ژێر دەستی ئەو لیژنەیە دەبێت لەکاتی پێویست، کەوا ئیستیفادەی لێ بکات، کەس بۆی نییە، بەکاری بێنێت بۆ مەسەلەی شەخسیی، یان بەولاو بەولایدا ببات، هەمووی لە بەیانییەوە ئیعلان کراوە، کەوا دەبێت لە شوێنێکی تایبەت لەبەر دەستی ئەو لیژنەیە بن، ئەو لیژنەیەش ئەوەندی من ئاگادار بم، لە هەموو شارەکان دوو شوێنی بۆ دانراوە، شوێنێك لەناو شار بۆ کاتی ئیعتیادی جارێ هیچ نەبووە، بەلاَم لە حالَەتێك، یان لە شارێك، یان لە شوێنێك، یان لە شارۆچکەیەك حالَەتێکی ناخۆش هاتە پێش، شوێنی بەدیلی لە نزیك شار بۆ دانراوە، خۆیان و مەکائین و، ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەستیاندا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەزووترین کات بە فریای خەلَکەوە بێن، دیارە پۆلیس و ئاسایش، یاخود لیژنەکە صەلاَحیەتی باشی دراوەتێ لە وەزارەتی ناوخۆ، کەوا ئیجرائاتی پێویست لەگەلَ ئەو خەلَکانە بکات، کەوا دەیانەوێ دەست درێژی بکەنە سەر مولَك و مالَی خەلَك، یان ژیانی خەلَك و، ئەو بڕیارەی

ئەمڕۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دەبێتە هاندەرێکی باشتر و بەقووەتر و بەهێزتر، چونکە بڕیارێکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بڕیار هەبوو، کە سزای توند دەدرێت، یاخود ئەو کەسەی کەوا دەست درێژی دەکات، یاخود دزی دەکات، یاخود شتێك دەکات، ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام بڕیارێکی سابت نەبوو، کەچی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەو بڕیارەی ئەمڕۆی پەرلەمان صەلاحیاتی ئەو لیژنانە بەقووەتر و بەهێزتر و دیارتر دەکات، وابزانم ئەوانەی چاویان لە خراپی و دزی و ئەولاو ئەولا هەیە، زیاتر پێ دەترسێن، ئەوە شتێکی زۆر چاك و پیرۆز بوو، یاخود دەتوانم بڵێم کەموکورتیەك بوو، کە تا ئێستا هەبوو لەلایەن ئەو لیژنانە، لەلایەن ئەو سەرۆکی وەحدە ئیداریانە، کە نەیاندەزانی و لەبەر چاویان ڕوون نەبوو ئیش و کارەکانی خۆیان، ئەوە دەستخۆشی لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و هەموو ئەندامەکانی پەرلەمان دەکەم، کە لەکاتی پێویست ئەو بڕیارەیاندا، دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود وەزارەتی ناوخۆ، کە بەو کارانە هەڵدەستێت، ناتوانێت بە تەنیا ئەو ئیشانە بکات، پێویستە لەسەر هەموو حزبە کوردستانیەکان، کە لە کوردستان دادەنیشن هاوکاری تەواو بن، چونکە بەڕاستی ئەوەندەی ئێمە بیزانین، ئەگەر هاتوو مەسئوولینی حزبەکان، کەوادیری حزبەکان هاوکاری باشی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەوە ئیشوکارەکانی حکومەت لە فریاگوزاری و، لە خزمەت کردنی خەڵك ئاسانتر و باشتر لە جێی خۆی باشتر دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کادیری حزبەکان و مەسئوولەکان پشتیان لە حکومەت کرد، بە تەنها کەوادیری حکومەت و، بەتەنها ئەو لیژنانەی کە باسمان کردن، مومکینە ئیش و ئەرکەکانیان گرانتر بێت، یاخود نەتوانن وەکو پێویست خزمەت بکەن، بۆیە حەقە داوا لە هەموو حزبە کوردستانیەکان بکرێت، کە لە کوردستان دادەنیشن ئاگاداری ئەندام و کادیرەکانی خۆیان بکەن، یاخود مەسئوولە یەکەمەکانیان بەتایبەتی، لە هەر شارو شارۆچکەیەك، کەوا هاوکار بن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکار بن لەگەڵ ئەو لیژنانەی کەوا دانراون، بەتایبەتی مانەوەی مەسئوولینی هەموو حزبەکان و، مانەوەی مەسئوولینی ئیداری هەردوو ئیدارەکە، چ سلێمانی، چ هەولێر لە شوێنی خۆیان لەناو خەڵك، لە شوێنی بەرچاو، وابزانم ورد بەرزییەکی زۆر دەداتە خەڵك، بۆ ئەوەی بە یەکجاری شارەکان چۆڵ نەکەن، کەوا هیچ نەبووە، هەرچەندە چۆڵ کردنی شارەکان مەنع نەکراوە لە کەس، ڕێگا کراوەیە، بەڵام دەکرێت هەندێك وا بکەین، ئەو خەڵکە بە جارێك شار چۆڵ نەکات، چونکە وەکو هەموو لایەك باسی دەکەن، وەکو گوێمان لە وەسائیلی ئیعلام و ڕاگەیاندنی دنیا دەبێت، لەوانەیە زەرەر بە کوردستان نەگات، یاخود ئەگەر بش بێت زەرەرێکی زۆر کەم بێت، بۆیە گواستنەوەو چۆڵ کردنی هەموو شارەکان شتێکی باش نییە و، شتێکی خراپە، حەقە مەسئوولیین لەناو خەڵکدا بمێننەوە، شار چۆڵ نەکەن و، هاوکار بن لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت، بەتایبەتی ئەو لیژنە فریاگوزاری و دیفاع مەدەنیانەی، کەوا لە شارەکان دانراون، ئەوە داوایەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود لە لیژنە فریاگوزارییەکان، کە لە هەموو خەڵك دەکرێت، هاوکاری حزبەکان، هاوکاری مەسئوولی ئیداری و سیاسییەکان لەناو خەڵکدا، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر خزمەتی خەڵك بکەین، دیارە تەفاصیلی تریش هەنە زۆر بە وردی، بەڵام من مومکینە ئەوە بە شوێن دێن بە دەقیقی باش ئاگادار نەبم، بەڵام چەندین معەسکەر دانراوە لە سنووری حکومەتی هەرێمی

کوردستان ئیدارەی سلێمانی، بۆ کاتی ئەوەی کە ئەو خەڵکەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق را دەکات و دێتە سنوورەکەمان، بتوانین خزمەتیان بکەین، بتوانین خەدەمات و، شوێنی حەوانەوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت، ئەو شوێنانە لە چەند جێگایەك دیاری کراوە، موەلیدەی کارەبا و خۆش کردنی شوێن و ئاسان کردنی ڕێگا و بان و ئەوانەی هەمووی بۆ کراوە، لە شوێنی ئەمینیشن، بەلام ئەو خەدەماتانەی کەوا پێویست بوو (UN) بەتایبەتی بیگەیەنێت، تاکو ئێستا وەکو پێویست نەگەیشتووە، یاخود بەشێکی زۆر کەم بووە، چ لە (UN)، چ لە ڕێکخراوە (NGO)یەکان، ئەوەی بووشە شتێکی کەمە، شتێکی وا نییە، ئەوان هەروەکو برای بەڕێز باسی کرد، باسی ئەوە دەکات، کە کەی شەڕ روویدا، ئەو کاتە بۆتان دەهێنین، بەلام پێمان وایە، لەو کاتی زۆر بە زەحمەت دەگاتە دەستمان و جێگای خۆی دەکاتەوە، ئەگەر ببووایە پێشی شەڕ، پێشی قەومانی شەڕ، ئەو موخەیەمانە هەڵبدرابوان، ئەو پێویستیانە دابین کرا بانە لە شوێنەکان زۆر ئاسانتر دەبوو و، هەموو لایەکتان دەزانن هەر لە ئێستاوە لە کەرکوك بە ژمارەی زۆر خەڵك دێت، ئێستا ئەوەی من ئاگادارم هەر دوێنێ لە تەق تەق بە سەدان کەس هاتبوو، چ بە خێزان، چ بە سەڵتی، لە سلێمانی و لە گەرمیان و، لەو شوێنانەی تر، وەکو چەمچەماڵ و کفری و کەلار و دەربەندیخان خەڵکێکی زۆر هاتوون، بەشێکی راستە مومکینە لە ترسی گرتن و ترس و تۆقانی حکومەتی عێراقەوە و، بەشێکیشی دەرکراوە هاتووە، ئەوە پێویست دەکات زەخت بکرێت لە (UN) بەزووترین کات ئەو وەعدانەی کە داویانە جێ بەجێی بکات، ئەگەر باسی شەڕ و قەومانیش دەکەن، من لام وایە ئەوە قەومان و شەڕە، کە خەڵك جێگاو ڕێگای نییە، خەڵك دێت جێگا و ڕێگای نییە، هەندێك مومکینە جێی ببێتەوە لەناو کەسوکار و خزمی خۆی، یاخود خێرەومەند، یان لە مزگەوت و شوێنەکانی تر جێگای ببێتەوە، بەلام بەشەکەی تری بۆ کوێ بڕوات، چونکە رۆژ بە رۆژ ئەوە زیاد دەبێت، ئەوەی دوێنێ بووە، وابزانم ئەمڕۆ زیاتر دەبێت و، سبە و دوو سبەیش زیاتر دەبێت، ئێمە لە سنوورەکەی خۆمان شتێکی تریشمان کردووە، لەسەر تەجروبەی ساڵی ١٩٩١ زۆر لە بەڕێزان باسیان کرد، کە راو رووت و دزی دەستی پێ کرد، لە دامودەزگاکانی حکومەت، بەشی زۆری لە مەسئوولی یەکەمی دامودەزگاکانەوە ئیهمالی هەبوو، یاخود دەست درێژی هەبوو، بۆ نموونە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك یان خوێندنگایەك خۆی چاوو تەماحی لە شتێکدا هەبوو، شتێکی برد، یاخود پەنای دا، ئیتر دەرکەشی ئاواڵە کرد لەسەر قوتابخانە و خوێندنگاکەی خۆی، یان لەسەر مدیریاتەکەی خۆی، یان لەسەر دائیرەکەی خۆی، بووە هۆی ئەوەی کەوا دزی زیاتر بکرێت، هەندێ جارانیش سووتا، ئێمە خۆمان لە ساڵی ١٩٩١ لێرە بووین، دەزانین بەشی زۆری ئەو دزی و راو رووتیەی لە دائیرەکان، یاخود لە قوتابخانەکان و خوێندنگاکان کران، هی ئەوە نەبوو خەڵك راستەوخۆ چوو بێتن ئەو دزییەی کرد بێت، بەڵکو لەناوخۆ وەکو دەڵێن دز و ساحێب ماڵ یەك بێت هەموو شتێك دەکاتن و کراوە، بۆیە ئێمە ئەو مەسئوولیەتەمان بە کۆبوونەوەیە بۆ سەرتانسەری هەموو بەڕێوەبەرەکان کراوە، بۆ هەموو بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگاکان کراوە، بە روونی و بە وازیحی بۆیان باس کراوە، ئەگەر هەر کەموکورتیەك و دزی لە خوێندنگاکەت، لە قوتابخانەکەت، لە دائیرەکەت، لە وەزارەتەکەت بکرێت، مەسئوولی یەکەم راستەوخۆ مەسئوولە و، سزاکەشی زۆر قورسە، وەکو سزای ئەوەیە،

کەوا خۆی دەست درێژی و دزیەکەی کرد بێت، ئەوەش لام وایە شتێکی باشە، دەبێتە قازانجێکی چاك، بۆ ئەوەی کەوا بەرێوەبەر و مەسئوولی دائیرە و قوتابخانەکان و خوێندگاکان دوور نەکەونەوەو نەرۆن، لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە، چاودێری دوور و نزیکی شوێنەکانی خۆیان و، مومتەلەکاتی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، کە لەو چەند ساڵەی رابردوو، چ بەهۆی حکومەتی هەرێمی خۆیەوە، یاخود چ بەهۆی بریاری ٩٨٦، بە ماندوو بوونێکی زۆر پێکهێنراوە و رێکخراوە، ئیتر ئەو ئیجرائاتانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی کراوە، بەکورتی ئەوانە بوون و، هیواداریں کە هاوولاتیان و لایەن و حزبە ساسییەکان و، هێزی پێشمەرگەش هاوکاری لیژنەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لەکاتی پێویست، ئیتر من سوپاستان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا بەکر، بەرێز کاك ئەکرەم هیچ تێبینی و شتت هەیە بیڵێی، یان جارێ پرسیار دەکەی؟ فەرموو، ئێمەش پێمان خۆشە، فەرموو.

**بەرێز اکرم مەنتك/ پارێزگاری هەولێر:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆشحاڵین ئەمرۆ لە خزمەت ئێوەین، چەند روونکردنەوەیەك دەربارەی وەزعی ئێستای هەولێر باس بکەین، بۆ روو بەروو بوونەوەی بارودۆخی ئێستا و ئەگەر و پێش هاتەکانی روودانی شەری نێوان عێراق و ئەمریکا، بەگوێرەی ئەو زەرووراتەی کە دەخوازێ، وەکو گەلێکی هوشیار و ئەزموونێکی دیموکرات و شارستانی سەودا و خۆپاراستن و هەڵسوکەوتی دەرهەق بکەین و لەسەر راسپاردەی سەرکردایەتی ئەنجومەنی بەرێز، لیژنەی بەرەنگار بوونەوەی کارەسات لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بە سەرپەرشتی ئێمە و ئەندامیەتی چەندین لایەنی پەیوەندیدار پێك هات، بۆ خۆسازدان و بۆ رووبەرووو بوونەوەی هەر پێش هات و بارێکی ناکاو، ژووری عەمەلیات لە تەلاری پارێزگای هەولێر دامەزرا، لەم پێناوەدا لیژنەکەمان تا ئێستا چەندها کۆبوونەوەی رەسمی و، چەندها دیداری لابەلای کردووەو، یەکەم کۆبوونەوەی لە رۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٠ و، کۆبوونەوەکانی تر بەپێی ئەم بەروارانەی کە هەنە، لەم کۆبوونەوەیەدا باس و گفتوگۆ و بەرنامەرێژی بۆ ئامادەکاری و پێویستیەکانی رووبەرەوو بوونەوەی هەر ئەگەر و بارودۆخێك کرا و، بەگوێرەی پێویست و توانا مادی و مرۆیەکان خراوەنەتە بەردەست، بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری لابەلا و راستەوخۆی ئەم شەرە چاوەروان کراوە بەسەر خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری و وەرگرتنی هەڵسوکەوتی خۆپارێزی و، پارێزگاری کردن لە سەروەت و سامانی گشتی و، سەرو ماڵی خەڵك و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و، رێگە گرتن لە کاری تێکدەرانە و گێرەشێوێن و، ئەم هەوڵانەی تا ئێستا لە هەموو بوارەکان دراون، بەدوا داچوون و جەخت کردنەوەو وردبینی زۆری خواستووە و، مەشوەرەت و گفتوگۆ و را گۆرینەوەی تێدا کراون و، بە پشتیوانی خوا هەوڵەکانمان بەردەگرن و، بە ئەنجام دەگەن و، لەرووی واقیعەوە پیادەو جێ بەجێ دەکرێن و، ئامادەکاری بەرنامەکان لە چەند تەوەر و بوارێکدا خۆ دەنوێنن.

**یەکەم/ لە بواری ئاسایشەوە:**

ئامادەکاری پێویست کراوە بە بەشداری لایەنەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و پلانی ئەمنی ڕێکوپێك لە ئارادان، بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە و ڕێگە گرتن لە هەر دیاردەیەکی دزێوی ناشارستانی و تێکدەر، ئەرکی هەر لایەك لەم بوارەدا دەست نیشان کراوە، لەڕووی پاراستنی ئەمن و، پاراستنی دامودەزگا حکومیەکان و شوێنە گشتییەکان و، بارەگای ئاژانس و ڕێکخراوەکان و سەرو ماڵی نووسەر و سامانی خەڵك و، ئەرکی پێشینی و پاراستنی دامودەزگاکانیش بە بەرپرسی یەکەمی دائیرەکان سپێردراوە، کە دەبێت ئامادەبوونی بەردەوامیان لە دائیرەکاندا هەبێت، لیستی هەبووەکانیان وەرگیراوە.

**دووەم/ لە بواری تەندروستیدا:**

ئامادەباشی پێویست بەگوێرەی توانا وەرگیراوەو، ژووری ئامادەباشی تەندروستی لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکردن بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری گشتی و فەرمانگەی تەندروستی هەولێر دامەزراوە، پانزدە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن و بیست ئۆتۆمبیلی لاندکرۆزەری میحوەر ڕێکخراوە، بۆ کاری فریاکەوتن و تەندروستی بە تەواوی تیمی پزیشکان و پێداویستی ئامادە کراوە و، بڕی پێویست لە داو و دەرمان و کەرەستەی نەشتەرگەری فریاکەوتن دەست بەجێ ئامادە کراون و، خشتەی ئێشکگری بەردەوام بە نۆرە دانراوە، لە چەند نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی تریش، بەگوێرەی پلانی دابەش کردن بەسەر کەرتەکان ئامادەکاری تەواو وەرگیراوە، نزیکەی سەد هەزار دەرزی ئەترۆبین، بۆ ئامادەباشی لێدانی ئەگەری کیمیاوی ئامادە کراوە و، نەخۆشخانەی بەدیل لە شەقڵاوە و سۆران ئامادە کراوەو، تا ڕادەیەك پێداویستی کارەکان و کادیریان بۆ دابین کراوە، بۆ کەمپەکانیش بەهەمان شێوە بنکەی تەندروستی و تیمی پزیشکان ئامادە کراون و، بڕی پێویستی گاز و ئازووقەش بۆ نەخۆشخانەکان دابین کراوە.

**سێیەم/ لە بواری کارەباوە:**

ئومێد دەکەین کارەبایەکەمان بە بەردەوامی هەبێت، دووچاری هیچ گرفتێکی لابەلامان نەکات، سەرەڕای ئەوەش پلانی تەواو دانراوە، بۆ بەردەوام بوونی کارەبا، لە ڕێگەی وێستگەی بەرهەم هێنانی (٢٩) مێگەواتی، وارسێداکان و، مۆلیدە بچووکەکانەوە بۆ شوێنە پێویستیەکان، دابین کردنی ئاوی خواردنەوەو بڕی پێویستی لە گاز بۆ ئەم مەبەستەش ئەمبار کراون و، ژمارەیەك لە مۆلیدەی بچووك لە وێستگەی (٢٩) مێگەواتی، لە دەرەوەی شاری هەولێر دابین کراون و، بۆ باری ناکاو پێنج مۆلیدەی گەورە و، بۆ بەکارخستنی بیرەکانی ئاوی ناو شار ئامادە کراون و، بەرنامە دانراوە بۆ گەڕانەوە، بۆ مۆلیدە ئەهلییەکان لە هەر بارێکی کە بخوازێ دەست بەکار ببنەوە.

**چوارەم/ لە بواری هاتوچۆ:**

ئامادەکاری وەرگیراوەو، پلانی هاتوچۆ دانراوە و، لەناو شاری هەولێر پێنج گەراج دەست نیشان کراون، بۆ داڵدەدانی ئامێر و ڕیم و کۆستەر و ئۆتۆمبیل و سالۆن، بۆ بەکار هێنانیان، بۆ کارەکانی فریاگوزاری و ڕاگواستن و خزمەتگوزاری و ئەفسەر و کارمەندی پێویست بۆ هەر لایەنێکی پلانەکە دەست نیشان کراوە.

**پێنجەم/ لە بواری ئاوی خواردنەوە:**

هەردوو هێلی ئیفراز لە(٥٠٪)ی پێداویستی هەولێر دەستەبەر دەکەن و، کارەبای فولیان هەیەو، لە حاڵەتی بڕینی کارەبا، پێنج موەلیدەی یەدەگ لە پرۆژەکەدا هەن، چوار موەلیدەی یەك مێگا، یەکێکیان دوو مێگا و نیوەو، دەست بەکار دەبین بۆ بەردەوامی دەستەبەر کردنی ئاوی خواردنەوە، لە حاڵەتی ڕاگرتنی پرۆژەکە بەهەر هۆیەك بێت لە ڕێگای پلانی باری ناکاو، لە ڕێگەی پتر لە بیست تانکی ئاو، ئاو بە گەڕەکەکان بدرێن، کە پشت بەهێڵی ئیفراز دەبەستن، (٥٠ ٪)ی تری دانیشتوانی هەولێر لە ڕێگەی (٢٧٠) بیر ئاویان بۆ دابین دەکرێت، چ لە ڕێگەی کارەبای سەرەکی و، چ لە ڕێگەی کارەبای (٢٩) مێگەواتی، چ لە ڕێگەی موەلیدەی گەڕۆك بەکار دەخرێن، پێداویستی مەوادی پاك کردنەوە بۆ هەموویان دەستەبەر کراوە، ، بۆ کەمپەکانیش لە ڕێگەی کارەبای سەرەکی و موەلیدەی یەدەگی ئاو دابین دەکرێت و، سەرچاوەی ئاو دەست نیشان کراون و، کارەکانی ڕاکێشانی تۆڕی ئاو و، دانانی تانکی بەردەوامن و ژمارەیەك تانکی ئاو وەکو یەدەگ ئامادە کراون لە سۆران و هەریر.

**شەشەم/ لە بواری شارەوانییەوە:**

جەخت کراوە لەسەر بەردەوام بوونی ڕەوشی خزمەتگوزاری شارەوانی، چ لەناو هەولێر و، چ لە دەرەوەش، تەواوی ئامێر و ماشین و (١٨٥) کارمەندی خزمەتگوزاری شارەزا لە کاری فریاگوزاری ئامادە کراون و، ستافەکانی شارەوانی لە قەزا و ناحیەکان ئامادەن و، بۆ باری لەناکاویش بەرنامەیان بۆ دانراوە، کارمەندانی تری خزمەتگوزاری بەکاری ڕۆژانەیان هەڵدەستن و لە ڕێگەی بەشەکانی شارەوانی دابەش کراون و، تەواوی ئامێرەکانی شارەوانی ئامار کراون و، بۆ باری ناکاو ئامادەن.

**حەوتەم/ لە بواری ئامادە کردنی ئامێر و ستافی ئامادە باشی:**

(٢٧) ئامێر لە شارەوانیەکانی هەولێر ئامادەن بۆ باری لەناکاو و، لە کۆی (١٢٤) ئامێر، کە دەتوانرێت بەکار بهێندرێن، (٢١) ئامێر و (٥) تیم لە تیمەکانی ڕامالینی بەفر بەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان ئامادە بوونە، (٧) ئامێرو ستافی تایبەتی لە تیمەکانی ئەشغالی هەولێر ئامادەن، (١١) پیکاب و (٢٧) تراکتۆر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ ئامادە کراون، (٧٥ تا ٨٠) ئامێری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ئامادە کراون و، لەگەڵ (١٨٥) کارمەندی شارەزای فریاگوزاری، ئەمانە کۆمەڵە شتێکن نامەوێ بە تەفصیلی باسیان بکەم، چونکە زۆرن بە حەقیقەت، لە هەر دائیرەیەك و لە هەر دەزگایەك، ئەوانەی کە هەنە تەحدید کراون و، مەسئوولی ڕاستەوخۆیان بۆ دانراوە لەکاتی پێویست، ئێستا ئەوان لە ئینزار دانە، لەبەر ئەوەی زۆرە، من نامەوێ بە تەفصیلی بچمە ناوی و، مەشغولتان بکەم.

**هەشتەم/ بەرگری شارستانی:**

پتر لە (١٨٠) پەناگە دەست نیشان کراون و، دوو تیمی سەرەکی و تیمی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی، مەبەستمان لە پەناگان: ئەو ژێر زەمینانەیە، کە کاتی خۆی دروست کراون، هەمووی لەژێر عیمارەکان دان، ئەمانە هەموویان پاك کراونەتەوەو، هەموویان ئیستیلام کراون، لەکاتی پێویستیدا، خوانەخواستە ئەگەر بگاتە ئەو ڕادەیە، خەڵکی خۆمان بچن، بۆ ئەو پەناگایانە

خۆیان حەشار بدەن، وەکو مەلجەء و، تیمی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی بە تەواوی ئامێر و پێداویستی ستافەکان ئامادەن، لە ڕێگەی لقی دووی بەڕێز سەرپەرشتی پێکهێنانی چەند تیمێکی خۆبەخشان کردووە، بۆ هاوکاری تیمەکانی بەرگری شارستانی، چەندین کارمەند لە دەرچووی خولەکانی بەرگری شارستانی دەست نیشان کراون، بۆ بەشدار بوون لە کارەکانی فریاگوزاری.

**نۆیەم/ خۆراك و کۆمەك:**

بەگوێرەی مەزەندە خۆراك بۆ یەك ملیۆن کەس پێویستە، وێرای ئەوەش سێ مانگ پێشینە خۆراك بەگوێرەی بەرنامەی نەوت بە خۆراك دابەش کراوە، تەنها ئارد نەبێت، کە گرفتی لە بەرنامەکەدا هەبووەو، نەهاتووە، واتا تەنها هەردوو مانگی کانوونی دووەم و شوبات دابەش کراون، کەشفی کۆگا و شوێنە گونجاوەکان کراوە، لە دەرەوەی شاری هەولێر لە قەزا و ناحیەکان، بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئەمبار کردنی کۆمەکی خۆراك بۆ باری ناکاو، لە کۆمەکی خۆراك و ئازووقە و چاوەڕوانی هەڵمەتی فریاگوزاری ئاژانسەکان دەکەین، کە هەماهەنگی و بەرنامەی هاوبەشمان هەیە، لەوانەش یۆنۆپس بۆ ئاوەڕۆیەکان و خاچی سوور و مانگی سوور و قەندیل، منداڵ پارێزی بەریتانی و یونیسێف، کە ئومێد وایە لەڕێگەی لیژنەکانی خاچی سوور لە سنووری ئێرانەوە ئەم کۆمەکانە بە زووترین کات بگەن، سەرەڕای ئەوەش بڕی پێویست بە قۆناغی یەکەم ئامادە کراوە، سێ کەمپی سەرەکی بۆ پێشوازی پەنابەران دامەزراوە، دوویان لە سۆران، کە یەکەمیان (٦٠٠٠) خێوەت و، دووەمیان (٢٠٠٠) خێوەت دەگرێتەخۆ، کارەکانی ڕێکخستنی کەمپەکان و ئامادە کردنی بەردەوامە، کەمپێکیش لە مێرگەسۆر و ئەشکەوتان هەیە، کە (١٧٥٠) خێوەتە، ئەویش کاری تێدا بەردەوامە و، بە دووری پتر لە یەك کیلۆمەتر دەوروبەری کەمپەکان لە مین پاك کراونەتەوەو، پشکنینی تازەیان تێدا کراوە، بۆ دڵنیا بوون، چاوەڕوانی کۆمەکی پتری خێوەتین، کە تا ئێستا ژمارەیەکی ئەوتۆ ئامادە نەکراوە. . پێشوازیش لە کۆڕەوەکانی پەنابەران لە سنوورەکانی پەرێزگا، لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، لیژنەی پێشوازی پێك هاتووە لە پێداویستیەکان ئامادەکراون.

دەیەم/ سووتەمەنی:

پلانی عەمبار کردنی بڕی ستراتیژی سووتەمەنی دانراوە، و هەڵسوکەوتی پاراستنی ئەمنیەتی کۆگا و عەمبارەکانی سووتەمەنی وەرگیراو سەرجەم عەمبارەکانی دەوروبەری شار سوودیان لێ وەرگیراوەو، عەمباری ستراتیژی سووتەمەنی بۆ باری ناکاو ئامادەکراوە، کە لە ڕێگەی ڕەزامەندی لیژنەی باڵاو لیژنەی پارێزگا بو کاتی پێویست بەکار دێت. عەمباری سووتەمەنی (٢٥) میگاواتی پڕ کراوە، گاز بۆ تەواوی موەلیدەکانی کارەبا و پرۆژە گرنگەکانی کارەبا و باری ناکاو ئامادە کراوەو بە گوێرەی بەرنامە بڕی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کراوەو گرفتی سووتەمەنی تا ڕادەیەك لە ئارادا نییە.

پلانی چۆڵ کردن و نیشتەجێ کردن:

بەگوێرەی ئەو پلانەی کە دانراوە و دەست نیشانی سنووری کەرتەکان کراوە و، کارو بەرنامەی هەر لایەنێك بۆ باری ناکاو دەست نیشان کراوەو، بنکەکانی ئاسایش پارێزی و تەندروستی و

بەرگری شارستانی و هاوکاری تێدا دەست نیشان کراوە، بەرپرسیاریەتی هەر لایەنێك لەسەر بارودۆخەکە لەلایەن لیژنەی بەرەنگار بوونەوەی کارەسات و زووری عەمەلیات بەندە. تەواوی پلانەکە دراوەتە لیژنەی باڵاو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکان:

بۆ هەماهەنگی کردنیش لەگەڵ ئاژانسەکانی (un) و رێکخراوە خێرخوازەکانی تر، سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی کارەسات دامەزراوە لە تەلاری پارێزگای هەولێر دەست بەکارن و ئاراستەی کارەکانی فریاگوزاری و پەیوەندی بە رێکخراوو ئاژانسەکان دەکات و، راستەخۆ لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتیش پەیوەندیان هەیە، هیوادارین ئەم تەنگژەیە و کەش و رووناك زوو هەڵبێت و عێراقێکی دیموکراتی و تەعەدودی و فیدراڵی دروست ببێت، بۆ وردە کارییەکانیش هەموو بەرنامەکان لای ئێمەیە و بە تەفاصیلەوە لەهەر بوارێکدا ئەگەر پرسیارێك هەبێت، بۆ ئەوەی تەوزیخاتتان زیاتر بدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك اکرم مەنتك، ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان هەیە با دەستیان بەرزبکەنەوە، هەر یەك جاریش ناو دەنووسین، چونکە بۆ ئەو دانیشتنە کاتێکی زۆرمان بردە سەر، بارەکەش ناتەواوە بەبڕیاری خۆمان، ئەوانەی کە ناویان نووسراوە، کاك فازل رەئوف، کاك سعدی، کاك شاخەوان، کاك مەلا هادی، کاك د.ئیدریس، و شەفیقە خان، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقێ عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی میوانان دەکەم، پرسیارەکەی من هەرچەندە ئیختصاصی جەنابی موحافیز نییە، بەڵام وەکو ئەو کە سەرۆکی دەستەی ئیداری شاری هەولێرە لێرە شاری پایتەخت، بۆیە لەگەڵ ئەوە پرسیارم هەیە، یەکێك لەو شتە ئەساسیانەی کە ئێمە ئەیگەینێ بەیەکتری لەکاتی روودانی هەندێ شتدا بەڕاستی هێڵی تەلەفۆنە، جاری وا هەیە کە تەلەفۆن دەپچڕێ خۆ چاك بوونەوەی نییە، بەم لا ئیتصاڵ بکە، بەو لا ئیتصاڵ بکە هەر سوودی نییە و ئیستفادەی نییە، لەگەڵ رێزمدا دەبێ چارەسەری زوو بکرێت و زۆر بە ئاسانی و زۆر بە سەریعی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من پرسیارەکان هەمووی بەجارێك وەڵام بدرێتەوە، تێبینییەکان بنووسن، بەڕێز کاك سعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئێمە لە دەستپێکیشدا ئێمە هەردوو وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراقمان بە هەردوو ئیدارەوە بانگ کرد، لە وردەکاری و تەفاصیلەکانی کە هەبووە ئاگاداریان کردینەوە، جگە لەوەی ئەو چەند رۆژەی بە چاوی خۆمان دەبینین خەڵك بە حەق دڵەڕاوکێیەکی هەیە کە تێی دەگەین، بەڵام ئەو ئیتمیئنانەی کە ئێستا دراوە حەقیقەتیشە کە خەڵك رەنگە هۆی کەم بێ بۆ

ڕاکردن، ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە ئێمە هیچ بە هانە نەدەین، چونکە بڕیارێکی ترمان هەیە پێشتر کە وڵاتە ناوچەییەکان دەستکاری یان تەدەخول لە کاری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق نەکەن و لەژێر هیچ کۆشش و پەردەیەکدا، ئەوەی کە جێگەی سوپاسە بۆ لێژنەی فریاگوزاری یان حاڵەتی تەواری هەردوو ئیدارەکە پێم باشە ئەگەر وەکو یەکتر ئیش بکەن واش دیار بوو لە کۆبوونەوەی رابردوو کە هیچ هۆیەك نەهێڵن لەبەردەم هاووڵاتی کە بەرەو سنوورەکان بڕوا و، ئەو بەڵگەیەش بدا بە دەست وڵاتە دراوسکان بۆ تەدەخول لە شئوونی داخلی، بەدرێژی باسی ئەو مەوزوعە کرا، پێم وایە ئێستا چەند سەعاتێك ماوە بۆ چواری بەیانی کە چل و هەشت سەعاتەکە تێدەپەڕێ، حەق وایە لەوە زیاتر دەست بەکاربین و هەوڵ بدەین خوشك و برایانی پەرلەمان کە پرسیاریان هەیە لە لێپرسراونی بەڕێز هەوڵ بدەین کورت بێ پرسیارەکان بۆ ئەوەی فریای ئیش و کارەکانمان بکەوین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فازڵ رەئوف فەرموو.

**بەڕێز فازڵ رئووف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێزان دەکەین کە روونکردنەوەیان کرد لەسەر ئەو مەترسییانەی کە لەبەردەمدایە، بەلام من پرسیارێکم هەیە لەگەڵ چەند تێبینیەك، پرسیارەکەم ئەوەیە کە بەڕێزیان دیارە ئیشی باشییان بۆ کراوە لە هەردوو ئیدارە، بەلام وەکو کاك سعدی ئیشارەتی پێدا نزیك بوونەتەوە لەو مەترسییە، حەق وایە ئیتر دەست بەکار بن لەو پێویستیانە و لەو ئیحتیاتانەی کە کراوە، تێبینیشم هەیە لەسەر ئەو قوە تەواری کە دانراوە، ئەو هێزەی کە هەیە و بلاوبۆتەوە کەمە، ئەگەر هێزەکان زیاتر بکرێت باشترە بۆ ئەوەی زیاتر ئەمنیەتەکە و ژیان و ماڵی ئەو خەڵکە زیاتر بپارێزرێ و، ئەو هێزانەش کە هەیە زیاتر لەسەر فلکەکان دەبینرێن، ئەگەر ئەو هێزانە بکەوێتە ناو کوچە و کۆڵانەکان زیاتر بێ باشترە، چونکە زیاتر موشکیلە لە کوچەو کۆڵانەکان دەبێت و ئەو هێزانا تاکو ئێستاش هەر بە ڕۆژ دەبینرێن، بەلام ئیتر لەمەولا هێزەکان لە جێی خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە مەترسی نەبێت، باشترە ئەو هێزانە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك فازڵ، کاك شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من هەر ئەوەیە ئیهتمامی ئیعلامی بدرێتە ئەو جەلسەیە چ قەراری ئیعلانی حاڵەتی تەواری، چ ئەو روونکردنەوانەی برادەران بەڕێزان کە ئێستا بۆمانیان کرد شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەڕاستیدا پێشنیارەکەت زۆر بەجێیە، بەڕێ. کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش خاڵی یەكەمم هەر ئیعلام بوو، بەڕاستی لە ڕووی ئیعلامییەوە ئەو بڕیارە گرنگی پێ بدرێت، لە ڕۆژنامە، لە تەلەفزیۆن، لە رادیۆ، و ئەوانەی كە ئەو بڕیارە پێشێل دەكەن سەرەنجامەكەی چی دەبێت و چی نابێت، ئەوە زۆر بەروونی باس بكرێت، چونكە مەسەلەی ئیعلام بۆ ئەوەی كەوا زەمینە خۆش بكرێت هەر بڕیارێك دەربچێت لە ڕووی ئیعلامیەوە گرنگی پێ بدرێت زۆر زۆر گرنگە، لەوە برادەرانی ئیدارە وردەكارییەكانیان زۆر باس كرد، بەڵام لە ڕووی بڕیارەوە موهیم و ئەهەم هەیە، ئەوانەی كە ئەهەمن مەسەلەی نەخۆشخانەیە، كە پێویستە ژمارەی تەلەفۆنەكانی نەخۆشخانە لەسەر تەلەفزیۆنەكان باس بكرێت، تیمەكان تیمی ئاسایش و پۆلیس هەردووكیان پێكەوە بن و ژمارەی تەلەفۆنەكانیان لە رادیۆكان باس بكرێت، مەسەلەی مواصەلات و تەلەفۆن زۆر گرنگە تیمەكانی تەلەفۆن لەو حاڵەتەدا هی نەخۆشخانەكان، هی لێژنە ئەمنییەكان، مەخفەرەكان، پۆلیس و ئەوانە تەلەفۆنەكانیان نەپچڕێت و، لەسەر مەسەلەی نان و فڕنییەكان زۆر گرنگی پێ بدرێت بە فڕنییەكان، چونكە ئەوەی مولاحەزەم كرد دوێنێكە هەندێك فڕنی لە هەولێر ڕایان كردبوو و ڕۆیشتبوون، مەسەلەی فڕنی گرنگە، لەسەر مەسەلەی مرۆڤایەتی ئەوە لە ئەستۆی تەندروستییە وەكو ئەوەی باسمان كرد، مەسەلەی ئاسایی، مەسەلەی لێژنەی مەلجەء، كاك اكرەم باسی مەلجەئی كرد، هەموو بۆچوونەكان ئەوەیە كە شەڕ ئەو ناوچەیە ناگرێتەوە، كەمتر ئێرە دەگرێەوە، بەڵام ئەگەر گرتییەوە ئەوە شەڕی ڕووبەڕوو نییە، شەڕی تەیارە نییە، شەڕی مەسەلەی كیمیاوی و ئەوانە بێت، مەسەلەی مەلجەء كارێكی خراپە كە ئامادەی بكەین، چونكە ئێمە تەجروبەمان هەیە لە شەڕی هەڵەبجە، لەوێندەر بەڕاستی كارەساتی گەورە لە مەلجەئەكان دروست بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك شاخەوان، فەرموو كاك مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خدر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەكی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەكیلی وەزیری ناوخۆی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دەكەین، دەربارەی ئەو ئیش و كارانەی كردیان بۆ پێك هێنانی لێژنە ئەمنییەكان لە گەڕەكەكان، من پێشنیاردەكەم وەكو كاك فازڵ ئیشارەی پێكرد، ئەو هێزەی كە هەیە كفایەت ناكات خەڵكێكی تر داوا بكرێن هەتاكو لە حزبەكات نوێنەریان لە هەر گەڕەكێك با بەشدار بن ، لیژنە با پێك بێت بۆ سەرپەرشتی و بەدواداچوونی ئەو ئیشانە بكەن كەوا هێزی سوپایی وئاسایش ، یاخود لیوای تایبەتی كەوا دەگەڕێن لە كۆڵانەكاندا ئەوانیش لەگەڵیاندا موتابەعە بكرێن ، دووەم : داوا دەكەم گرنگی بە خەدەمات بدەن بەتایبەتی كارەبا و تەلەفۆنات ، داوا لە ئیدارەی سلێمانی دەكەین كە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە چەند میگاواتێكی تر ئیزافە بە هەولێر بدەن، بۆ ئەوەی هەموو گوندو شار ئاگادار بێ لە شەڕ، چونكە ئەگەر كارەبا نەبێت خەڵك مەعلوماتی نابێ ،

دەربارەی دانیشتوانی گەڕەکەکان هەندێك گلەییان هەیە لە فڕنەکان وبیری ئاوەکان کە گرنگیان پێ بدرێت ، وئاگادار یکرێ کە کەسەی کە وەزیفەی خۆی بەجێ دێڵێ سزا بدرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك مەلا هادی، بەڕێز کاك د. جەمال فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبد الحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت شەفیقە خان باسی تەلەفۆنی کرد، وابزانم برادەرانی تریش باس تەلەفۆنیان کرد، من چەند خاڵێك دەڵێم بەنیسبەت تەلەفۆنەوە گرنگە وپێویستە، بەلآم بە پێی مەعلوماتی ئێمە ئەگەر بەپێی ئەو تەکنەلۆجییە تازەو ئەو شتانە ئەگەر دەست پێ بکات، ئەو تەلەفۆنانە هەمووی بێ سوود دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی ودەزگاکانی تریش کە زۆر پێویستە پەیوەندی ومحاوەلاتی بەدائیلمان کرد وبە دائیلەکانیش بەحەقیقەت دەبێت زیاتر ئیعتیماد لەسەر ئەوە بکەین کە کارمەندانی ئێمە لەجێی مەبەست بن وئەوانەی پێویستن جێ وڕێیان پێ بزانین، عینوانیان بزانین، ئۆتۆمبیل بیانهێنێ، ئەمە باشترین عەمەلییەیە ولەهەمان کاتیشدا هەندێ ئامێری ( VHF) هەیە، ئەو جیهازانەی کە ئێمە بەکارمان هێناوە بۆ ئەو جێگایانە زۆر پێویستە، لێرە بەڕاستی مەحەك زەمیرەکەیەو، مەحەك ئەوەیە کە هەموومان دڵسۆز بین وئامادە بین لەو جێگایانە، بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە زۆر پێویستن، یانی دکتۆرێکی جەراح یان دکتۆرێکی موخەدیر ئەگەر لەجێی خۆی ئامادە نەبێت بەحەقیقەت لەرۆژێکی وەها شتێکی زۆر زۆر کارەساتە، لەبەر ئەوە تەلەفۆن پێویستە، بەلآم پشت بە تەلەفۆنیش نەبەسترێ ، ئەمە بەنیسبەت تەلەفۆنەوە. بەنیسبەت ئەو خاڵەی کە کاك سعدی باسی کرد، کە ئەمە وازیحە ومن لە سەرەتای قسەکەشم باسم کرد کە مەبەستی ئێمە ئەوەیە خەڵکی ئێمە لە گوردستان بێت وکوردستان جێ نەهێڵن، بەلآم لەناو کوردستاندا حوریەتێکیش دراوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بە حەقیقەت نازنین بیزەبت کوێ ئەمینە، لەوانەیە ئێمە بڵێین فلآن شوێن ئەمینە لێرە، لەبەر ئەوە خەڵك حوریەتێکی پێدراوە کە خۆی بڕیاری خۆی بدات لەناو کوردستاندا، بەلآم دەرچوون بۆ دەرەوەی کوردستان ئێمە وەکو حکومەت ئەبێ هیچ موبەریرێك نەدەین بڵێین لەبەر ئەوە من کوردستانم جێ هێشت ، چونکە خەدەماتی تەندروستی نییە یان کارەبا نییە یان نییە، ئێمە وەکو حکومەت ئەبێ ئەو هەموو شتانە دابین بکەین کە ئێمە لێپرسراو نەبین، موبەریر نەدەین کە کوردستان جێ بێڵن، لەبەر ئەوە حوریەت دراوە دەبێ خۆت هاوکار بیت، ولەهەمان کاتیشدا جانبی ئیجابی هەیە ئەو کارمەندانەی کە پێویستن ئیش بکەن، ئەبێ فکریشیان ساف بێت، ئەگەر دڵنیا بێت وبەدڵ ئەمینیەوە ئینجاج دکتۆر بێت وچ خەڵکی تر، لەبەر ئەوە حوریەتێك هەیە لە حەرەکەت، بەلآم وەکو وتمان دەبێ موبەریرێك نەدەین کوردستان جێ بێڵن، بەنیسبەت هەندێك پرسیار هەیە جەماعەت وەلآمی دەدەنەوە، بەنیسبەت ئیعلامەوە، من لەگەڵ ئەوەم ئیعلام زۆر پێویستە وئەم مەوزوعە تەغتییەیەکی باش بکرێت، بەلآم ئەو خالآنەی کە باسی کیمیاوی وشت دەکات بەحەقیقەت ئێمە لە سەرەتاوەش وتومانە ئیعلام سلاحی (ذو الحدین) وەکو دەڵێن، ئەبێ زۆر بە شتێکی مەدروس لە قیادەی هەردوولا وئەو جیهاتانەی کە

بەرپرسن دەبێ زۆر بەرێك وپێكی بە مەدروس بگاتە خەڵك، دووش جانبی ئیجابیش هەیە تەعلیمات بدەینە خەڵك بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لەمە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ترس وفەوزا دروست نەبێت وئەوە دەبێتە پێچەوانەی ئەوە کە وتمان وای لێ دەکەین ولەوانەیە لە سنووریش دەرباز بێت، ئەبێ تەعامول زۆر بە زیرەکانە بکرێت، بەنیسبەت مەلجەئو ئەوانەی کە جەنابت باست کرد، بەحەقیقەت ئێمە نازانین ئەسلیحەی تەقلیدی هەیە، ئەگەر بۆ ئەسلیحەی تەقلیدی بێ ئەوە مەلجەو زۆر باشە، ئەگەر ئەسلیحەی کیمیاویە ئەبێ بچییە سەرێ ئەوە مەعلومە، بەڵام ئەوە بۆ هەردوولای پێویستە، ئەو پێویستە وئەویش پێویستە، کاك مەلا هادی باسی خەدەمات وئەوانەی کرد، ئەوانە جەماعەت دەتوانن زیاتر باسی بکەن، بەنیسبەت د. ادریسەوە ئەو پرسیارەی کە جەنابت کردت تەبیعی لە پلانی رێکخراوەکانی(nu) بڕیاریان ئەوەیە وئەو بڕیارە لەسەرێ بە مراحلیش ئەوان جێیان هێشت بە سێ مەرحەلە کارمەندەکانی خۆیان ئەوانەی ئینتەرناشینالین، ئەوانەی عالەمین، هەموویان جێهێشتووە بەپێی بڕیار، مەسئولیەتیان تەسلیمی کارمەندانی ئێرە کردووە وبەپێی ئەو مەعلوماتانەی کە بە ئێمەیان داوە صەلاحیاتی تەواویان هەیە کاربکەن، بەڵام من نازانم تا چ رادەیەك، چونکە کوفی عەنان دەرچوو گوتی ئەو بڕیارە راوەستا، کە بڕیار راوەستێ نازانم چی دەبێ پاش ئەوە بەپێی ئەو زرووفە چ بڕیارێك دەردەچێ، بەڵام ئەوبە عەلەنی وتی بڕیاری ٩٨٦ ڕاگیرا، یانی ئەوە وازیحە و، تەنسیق هەیە لە هەردوو لیژنەی باڵا، بەڵام نازانم لەوانەیە هەر زرووفی پارێزگایەك پێویستی بە مەعلوماتی تایبەت بێ، نازانم دەتواندرێ ئەوەش باس بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەعقیبتان هەیە؟، کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك رەئوف باسی هێزی فریاگوزاری کرد، کە هەر لەسەر جادەکان دەبینرێن ولەشوێنەکانی تر نینە، فیعلەن ئەوە راستە دەبێ هێزی فریاگوزاری پۆلیس وئاسایش هەر لەسەر جادان نەبن، جادە ئەوە شوێنی مرور وئەوانەی هاتوچۆ تەنزیم دەکەن، ئیشی ئەوانە بەڵام بە حەقیقەت دەبێ لە کۆڵانەکان بێت لەراپۆرتەکەی خۆم ئەوەم باس کرد کە لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی دابەش کراوە شارەکان و شارۆچکەکان، هەموو شوێنەکان وگەڕەکەکان، لە دابەش کردنەکەی پۆلیس وئاسایش بۆ دانراوە، وادەزانم هەر لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەولێریش بە هەمان شێوە کراوە، بۆیە لەمەودوا تاکو ئێشتا چ نەبووە، بەڵام لەمەودوا حەتمەن پۆلیسی و ئاسایش دەچنە ناو کوچەو کۆڵانەکان و ئاگاداری ئەو خانووە وملانە دەبن کەوا چۆڵ کرانە، ئەوەی کاك مەلاهادی باسی کرد مەسەلەی کارەبا، داوا لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی سلێمانی دەکات کەوا کارەبا زیاد بکرێت، وادەزانم تەنسیقێکی تەواو لە بەینی هەردوو ئیدارەکە یاخود لەبەینی هەردوو حزبەکەش هەبووەو، لەو ماوەیە و فەنییە هەردوولا دانیشتوونە و ئەو قوەتە کارەباش کە هەشە شتێکی دیارە یانی مەحدودە ئەوەنییە کەدەڵێین چەندی بتەوێ بەکاری بێنی، ئاوا وانییە، ئەو نسبەتەی

کەدیاریش کراوە ئەگەر بەرێکوپێکی بێت و نەبڕێت هەوڵ بدرێ خەلەلی تێ نەکەوێ، وابزانم بەشی شاری هەولێر دەکات و، ئەو داوایەش دەگەیەنینە جێی پەیوەندیدار ئەگەر بکرێ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا بکر، بەڕێز کاك اکرم فەرموو.

**بەڕێز اکرم منتك/ پارێزگای هەولێر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپرسیارەکەی مامۆستا مەلا هادی، کە لەکوچەو کۆلآندا و پرسیارەکەی کاك فازلیش بەهەمان شێوە، بە حەقیقەت ئێمە هەولێرمان دابەش کردووە بەشێوەیەکی رێك و پێك تەرتیبیشمان کردووە، لەو ماوەیەدا سێ جار تەجروبەمان لەسەرکردووە، بەگشتی کۆنترۆڵی شاری هەولێر کراوە، و ئیستاش بە بەردەوامی و ئەمشەو ئیمکانە بەهەمان شێوە ئەو بەرنامەیە جێ بەجێ دەکەین، لەبەر ئەوە هیچ نیگەرانیەك نییە لە هیچ کوچەو کۆلآنێك بۆ زانیاری جەنابتان، ئەگەر برادەران حەزیان لێیە با شەوێك موشارەکەمان بکەن پێمان بکەن پێمان خۆشە بەڕاستی، زۆر سوپاسیشیان دەکەین، بەتایبەتی ئەمشەو ئەوەی حەزی لێیە بێت موشارەکەمان بکات، ئێمە مەمنونیان دەبین لە نزیکەوە بەرنامەکان ببینێت و، ناشمەوێ داخلی تەفاصیل بم، بنستەت تەلەفۆنات بەڕاستی موشکیلەی تەلەفۆناتمان هەیە، پێمان خۆشە بێن، پێمان ناخۆش بێت، گۆرانێك بووە لە سیستەمی تەلەفۆناتی هەولێر، ئەوەی کۆنە باش، بەلآم ئەم زیاد بوونەی شوێنەکان لەگەڵ تەنسیق کردن تا حەدێك وەکو پێویست نییە، لایزال خەلەل هەیە، پچرانی هەیە، یەك ئەسبابی باران، ئەمساڵ بارانەکان زۆر بوون، و کە کراش بۆئەوەی خزمەت گوزاریەکان بگاتە خەڵك و دانیشتوان پەلەی تێدا کرا، کە پەلەشی تێدا کرا بارانەکانیش مەجالی نەدەدا، خۆشتان لەناو وەزعەکە دانە، خەلەلێك هەیە برادەران خەریکن وردە وردە، ئێمەش بچینەوە تەئکید دەکەینەوە و بەردەوامیشن لە چاککردنەوەی، برادەران مەسئولن و صەلاحەتیان دراوەتێ، حەقە کۆببنەوە بە حزوری مستر مارۆن لەگەڵ جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، دەورو تەسلیم کرا و درا بە ستافی میحلیین، بۆ هەر رێکخراوێك ئێستا مەسئولێك هەیە تەعامول لەگەڵ ئێمەش دەکات لە نزیکەوە، صەلاحیەتەکانیش لەوانەیە هەندێك پێویست داوایانەتێ و هەندێکیش پێویستی بەموافەقات هەیە و تەنسیقی خۆیان هەیە، ئەگەر پێویست بێ دەیکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك اکرم د.جمال فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدلحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بەحقیقەت تەنها ویستم باسی خاڵی تر بکەم، ئەو خاڵەی کە ئێمە زۆر تەرکیزمان لەسەرکرد، کە میللەتەکەی ئێمە دەربازی سنووری نەبن، هەندێ خەڵکی خۆمان و، هەندی ئەوانەی کە حەزیان لێیە ئێمە بچینە ئەوبەری سنوور، باسی ساڵی ١٩٩١ دەکەن، بەحەقیقەت فەرقێکی زۆری هەیە لەساڵی ئەو ساڵدا جەیشێك هەبوو لە دووی ئێمە بوو هێرشی هێنا، ئێستا ئەو حاڵەتە نییە، لەو

کاتـەدا دێـیەکان، هـەموو دێ نـەبوو، یـانی لەهەولـێرەوە تـاکو سـنوور هـیچ دێـیەك نـەبوو، ئێـستا هـەموو دێـیەکان شـوکر بـۆ خـوا ئـاوەدان کـراونەتەوە، بەحەقـیقەت ئـەم خاڵانـە زۆر گـرنگە، ئەو وەخـتە حکومـەتی هـەرێم نەبوو،حکومەتێك نەبوو کە بتوانێ ئەو خزمەتەی کە ئێستا پێشکەش بـەو خەڵکـە دەکرێـت، پێشکەشـی بکـات، ئێـستا حکومەتـێکمان کـە ئامادەیـە هـەموو دەزگاکـانی ئامادەیـە بـۆ خـزمەت کـردنی ئـەو هاوڵاتـیانە، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەو تەجروبە تاڵەی کە خەڵکی خۆمـان بـینی لـەو بـەری سـنوور وابـزانم پێویست دەکات، ئـێمە چەند رابگـرین لـەناو کوردستان بمێنینەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس بـۆ بەڕێـزان بـۆ تەفصیلات و وەڵام دانـەوەی پرسـیار، سوپاسـی ئەندامانی بەڕێزیش دەکەم، بۆ وەرگرتنی بڕیار یەکەممان کە بڕیارێکی زۆر گرنگ بوو، بەڕاستی وەکو کاك فەلەکەدین باسـی کـرد، یەکـەمجارە کـورد ئـیعلانی حاڵـەتی تـەواری بکـات، و لـەم زرووفـەی ئێستاشـدا ولـە دەوروپشـتمان و لـەوڵاتانی دوریـش ئاخـر کەسین کە ئێمە ئیعلانی حاڵەتی تەوارێ بکەین، ئەوەی گـرنگە بەنیسبەت ئـێمەوە ئەوەیـە کـە کورتـیەکەی بڵێـنەوە و ئـەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەمان کە ئـێمە نـاتوانین بـە هاوڵاتـیان بڵێین مەڕۆن یان ماڵ و منداڵتان رزگار مەکەن، بەڵام ئێمە دەتوانین هـەوڵ بدەیـن کـە مـاڵ و گیانی هاوڵاتـیان بـپارێزین، دەتوانـین هـەوڵ بدەین ئەو رۆیشتن و رزگار کـردنە بـە شـێوەیەکی رێـك و پـێك بێـت، ئـەتوانین هـەوڵ بدەیـن لـە هـەمان کـاتدا بەپـێی توانـا هاوکاریـیان بکـەین، رێنمایـیان بکـەین لـە عـەینی کاتیشـدا لە ناحیەی سیاسییەوە ئەوەیان بخەینە بەچاو کـە چـوونە دەرەوەی وڵات و گەیشـتن بە سنوورەکان کارێکی زۆر زۆر زەرەرمەندە و جارێ شـوێنەکە زۆر دوورە پێویسـت ناکـات بـڕۆن، دووەمـیش دەبێـتە هـۆی ئـەوەی کـە وڵاتانی ئیقلیمی ئەوە بکەن بەبیانوو بۆ تەدخول کردن بۆ وڵاتەکەی ئێمە، ئەم شتانە لەحەقیقەتدا مەسەلەی زۆر گـرنگن، دەمێنێـتەوە مەسائیلی صیحی و حیمایە و تەوعیـە، ئەوانـیش ئـەرکی حکومەتن لەسەر شانیەتی، ئـەو ئەرکـە بـە رێکـو پـێکی پـێی هەڵسن، چ لە سلێمانی و، چ لە هەولێرو، چ لە دهۆك، جارێکی تر سوپاستان دەکەین، لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنەکەمان.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەڕەش محمد نقشبندی | د.ڕۆژ نوری شاویس | د.کمال عبدالکریم فؤاد |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |
| بەوەکالەت | | |